ئەنفالستان بۆ خوێندنەوە نیە

ئەنفالستان

ژمارە 13

سالنامەیەکی تایبەتە بەئەنفال و جینۆساید

کۆتایی ساڵی ٢٠١٧



ڕێزگرتنی ڕاستەقینە لەشەهیدان و ئەنفالکراوان پاراستنی شکۆی زیندووەکانە

ئەنفالستان

ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال وجینۆساید

کۆتایی ساڵی ٢٠١٧

ژمارە (13)

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر

عومەر محەمەد قادر

@yahoo.om٠٢٨٧E– omer_m

Anfalistan@yahoo.com

٠٧٥٠١٢٢٣٤٢١ – ٠٧٧٠١٥٢٠٢٨٧

جێگری سەرنوسەر

سمکۆ سابیر شەریف

هێمن عەبدوڵا گۆپتەپەیی

دیزاینی بەرگ : زانیار نەجمەدین

فۆتۆ: ئەنفالستان

چاپخانە.....

وێنەی بەرگ – پێشەوە:

ئەفرۆس ڕەفیق و کوڕەکەی (عەلی کەریم) گوندی جەلەمۆرد بەداخەوە عەلی ئەنفالکراوە .

وێنەی بەرگ– پشتەوە:

دایکەکەو هەردوک منداڵەکە ئەنفالکراون و خەڵکی گوندی گۆپتەپەن.

هەردوک وێنەکە لەئەرشیڤی هێمن عەبدوڵا وەرگیراون .

تیراژ : ٢٠٠٠ دا

لەم ژمارەیدا

بابەت	لاپەرە
ئەنفالنامە	لاپەرە ٧
کچێکی کورد بە شەرع بەبری ١٥٠٠ دۆلار فرۆشرا	لاپەرە ٨
چیرۆکەکانی دوای تەمومژ	لاپەرە ١٢
نفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوک	لاپەرە ١٤
چیرۆکی بوخچەکان	لاپەرە ٢٤
یادەوەرییە تاڵەکان	لاپەرە ٢٧
دیدار لەگەڵ تاقانەی ئەنفال – کازم سالّح	لاپەرە ٢٩
پێیان وتین، ئێوە هاوڵاتی نین	لاپەرە ٣٣
کە سەربازبووم، مۆڵەتم وەرنەدەگرت و نەدەهاتمەوە، چونکە نەکەسم مابوو، نەماڵ	لاپەرە ٣٦
ئەوکچە ناوی فەرمان بوو	لاپەرە ٣٩
دیدار لەگەڵ (رەمەزان) دەربازبووی گۆری بەکۆمەڵی بیابانی رومادی	لاپەرە ٤٤
هەتا لە ژیاندابم تەقە لەهیچ زیندەوەرێک ناکەم ئەوە ڕێزێکە بۆ کەسوکارە ئەنفالکراوەکەم	لاپەرە ٦٦
سەفەری ئەنفال و دەلالی سەفەر	لاپەرە ٧٧
ئەوشەهیدەی بەپێی خۆی گەرایەوە بۆ نیشتمان نادیارە	لاپەرە ٧٨
ئاسکە کەریم دیدار	لاپەرە ٩٠
مافی خاوەندارێتی	لاپەرە ١٠٦
دیدار لەگەڵ پارتیزان و بریندارێ چەکی کیمیایی سەید ئەحمەد حمەلاو	لاپەرە ١١٣
زەنگی تەلەفۆنەکەی تەلەفۆنەکەی دایکم	لاپەرە ١٤٦

بێ مافی، ڕزگاربوانی گۆڕی بەکۆمەڵ، لە یاسای ماف و ئیمتیازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراواندا.	لاپەرە ١٤٧
پاکیزەکانی بیابان	لاپەرە ١٨١
دیدار لەگەڵ تاقانەی ئەنفال ئازاد عەتا حەمەجان	لاپەرە ١٨٣
ویستی کوردانی عێراق لە دەوڵەتانی دونیا	لاپەرە ١٨٧
ئامێزی جەلادو ترسی ویسام	لاپەرە ١٩١
جیاوازی نێوان کوردوجو	لاپەرە ١٩٤
دادوەرەکە لێمان تێنەگەیشتبوو، گوتی ئەگەر وابێت دایکی تاوانی کردووە دەبێت سزابدرێت	لاپەرە ١٩٦
هەڵوەستەیەک لە گوندی قەیتول، زانست و خوێندن بەر لە ئەنفال	لاپەرە ٢٠٥
وێنە و یادگاریی ئەنفالکراوان	لاپەرە ٢٠٧
زوڵم لەتاقانەیەکی ئەنفال	لاپەرە ٢١٢
داعش چەکی کیمیایی بەکارهێناوە	لاپەرە ٢١٣
ئاماری ئەنفالکراوەکانی گوندی تەپەسپی–ناوچەی گەرمیان	لاپەرە ٢١٤
لە جەژنەکاندا زۆر بێتاقەت دەبم	لاپەرە ٢٢٠
دەوڵەتیان دەوێ، بەڵام باسی جینۆساید ناکەن !	لاپەرە ٢٢٤
ئەنفال و یادەوەری روخاندنی گوندەکەمان	لاپەرە ٢٢٧
تێرامان لە ئەنفال مەرگی حەمە ئامۆزا	لاپەرە ٢٣٢
مەرگی تاقانەیەک	لاپەرە ٢٣٣
یادی ئەنفال تەواو بوو، بەڵام من قسەم ماوە	لاپەرە ٢٣٤
ئەنفالی خورماتوو	لاپەرە ٢٣٥
چواردە ساڵی ڕەبەق چاوەڕوانی و تەنیایی	لاپەرە ٢٣٦
ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی توکن	لاپەرە ٢٣٩

راپۆرتی ڕێکخراوی D.H.R.D دەربارەی ئاوارەکانی خورماتوو	لاپەرە ٢٥١
ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان – دادپەروەری بنەمایەکی سەرەکییە بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی تۆندووتیژیی سێکسی دەست داعش بەمەبەستی بنیاتنانەوەی ژیانیان	لاپەرە ٢٥٨
ڕاپـــۆرت : نەتەوە یەکگرتووەکـــان دەربـــارەی دۆخـــی خورمـــاتوو بەغـــدای ئاگادارکردەوە	لاپەرە ٢٦٠
بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان	لاپەرە ٢٦١
بریارەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەربارەی ئێزدییەکان .. د رەفیق سابیر	لاپەرە ٢٦٧
دایکێک تەرمی کورەکەی دەشوات	لاپەرە ٢٧٠
نەتەوەیەکگرتووەکان، دەڵێت تاوانی جینۆسایدە ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت: پێشکەوتنە	لاپەرە ٢٧١
لەیادی دوابریاری دادگای باڵای تاوانەکاندا لە دۆسێی ئەنفال	لاپەرە ٢٧٤
هەڵەبجە دوای بیست ساڵان : کوردستان وەک مەڵبەندی جێنۆساید	لاپەرە ٢٧٥
وێنەکانی عەجاج جەللادە تۆقێنەرەکەی نوگرەسەلمان	لاپەرە ٢٨١
کوردو ئەنفال وئەفراندن	لاپەرە ٢٨٤
پرسیار لەدڵشاد گەرمیانی	لاپەرە ٢٨٦
وەرگرین یان ببەخشین	لاپەرە ٢٨٧
ئەمسالێش یادی هەڵەبجە ناکرێتەوە	لاپەرە ٢٨٨
شالاوەکانی ئەنفالی هەشتەم (ئەنفالی کۆتایی) (خاتمة الانفال)	لاپەرە ٢٨٩
دواماچی نازم	لاپەرە ٢٩٦
لەیادی ئەنفالدا شەرمەزاریيەکانمان دەچنینەوە	لاپەرە ٢٩٧
کورەزاکەی زیتۆ	لاپەرە ٢٩٨
سێ چیرۆکی نەبیستراوی ئەنفال	لاپەرە ٣٠١
پێنج کوڕو دوو کچم ئەنفالکراون،ناوێرم باسی تۆمەتبارانی ئەنفال بکەم	لاپەرە ٣٠٤

ئەنفالی گوندی گەرمک، ئامارو چیرۆکی قوربانی	لاپەرە ٣٠٨
گەشتێک بۆ گوندی وارانی خواروو	لاپەرە ٣١٨
ئەنفال و یادەوەریی- تۆیژینەوە	لاپەرە ٣٢٤
دوای ئەنفالکردنی ژنو منالّەکانم، سێ ساڵ بەنهێنی لە قوتابخانەیەک ژیانم بردەسەر.	لاپەرە ٣٣٨
چۆن ئەنفال نەکرام	لاپەرە ٣٤٦
هاوڕێکانی منداڵیم هەمووی ئەنفالکراون	لاپەرە ٣٥١
قوربانی گازباران و پیاوێکی ژینگەپارێز	لاپەرە ٣٥٥
چوار برای شەهیدوئەنفال ولەخانوی کرێدایە	لاپەرە ٣٥٩
نوێترین وێنەی کەیوان هەڵەبجەیی	لاپەرە ٣٦٠
نادادپەروەری میدیا لە رومالّی قوربانیانی ئەنفالدا	لاپەرە ٣٦٢
شێواندی میژووی ئەنفال وستەم لەقوربانی وشایەتحاڵەکانی	لاپەرە ٣٦٩
ڕاستکردنەوەی شێواندنی ناوی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال	لاپەرە ٣٨٨
کەندێناوە سەرەتای تەعریب و سەرەتای دەستپێکردنەوەشی	لاپەرە ٣٩٢
چیرۆکی وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال	لاپەرە ٣٩٥
کە بێدەنگین، بێ هەست نین	لاپەرە
گریمان هەڵەبجەیی نەبوو خۆ مرۆڤە	لاپەرە ٤٠٤
شوێنەوارێکی میژووی ئەنفالیشتان کرد بەزبڵ خانەیە !	لاپەرە ٤٠٥
چالاکیەکانی گروپی ئەنفالستان	٤٠٦ لاپەرە
میوانی ژمارە	لاپەرە ٤١٧

ئەنفالنامە

بۆچی ئەم ژمارەیە بە ئەلیکترۆنی دەرچوو

خوێنەری خۆشەویست

ساڵی (٢٠٠٤) یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەچاپ دەرچوو، هەرچەندە ئەوسا حکومەتی هەرێم پارەوپولێکی زۆری لەبەردەستدابوو، بەڵام سەرباری ئەوەی پارەیەکی زۆریش بەهەدەردا بەڵام ئامادە نەبوون ژمارە (٢) دەربکەن، بێگومان ئەوەش ئاماژەی ئەوەیە دۆسێی ئەنفالیان بەلاوە گرنگ نیە، دەنا ئەگەر گۆڤاری ئەنفالستانیشیان بەلاوە پەسەند نەبوایە خۆدەبوو گۆڤارێکی لەوە باشتریان دەربچواندایە.

بەڵام ئەم کەمتەرخەمییەی حکومەت نەبووە مایەی سارد‌بوونەوەی ئێمە و وەک دەزانن هەموو ساڵێک ژمارەیەکی گۆڤارەکە وەک ساڵنامەیەک لە چاپ دەرچووەو وەک بەژمارەکانیەوە دیارە ساڵ بەساڵ گەشەی کردووەو دەستی بەناوچە دورە دەستەکانیش گەیشتووە، نەک هەر ناوچەیی نەبووە، بەڵکو بەسنوری هەرێمی کوردستانیشەوە نەوەستاوەتەوەو ئاوری لە جینۆسایدی ولاتانی ترو کیمیابارانی سەردەشت وکۆمەڵکوژی دەرسیمیش داوەتەوەو بەتیراژی زۆر بەدیزاین و بەرگی تایبەتی خۆیەوە گەیشتووتە دەستی خوێنەرانی و بەتایبەتیش لەناوچە کیمیابارانکراوو ئەنفالکراوەکاندا بەخۆرایی وبەبێ بەرانبەر دابەشکراوە.

ئەمڕۆش کە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابوری قورسدایەو هەرێمی کوردستان لەدۆخێکی سیاسی ئاڵۆزدایە، کاریگەری بۆ خاوکردنەوەی ئێمە نەبووەو هەر بەردەوام بووین و بەبەردەوامیش دەمێنینەوە . نەک هەر ستافەکە بەڵکو سەرباری بڕینی موچەی فەرمانبەران هێشتا دڵسۆزی زۆر هەن کە بڕێک لە داهاتی خۆیان دەخشنە دەرچوونی ئەم گۆڤارە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆری کۆمەک بەخشان لەکەسوکاری ئەنفالکراوانن و بەزۆریش دانیشتووی، کەلارو کفری و خورماتوون، بۆیە بەباشمان زانی لەبری بەخشینی بڕێک پارە بە دەرچوونی گۆڤارەکە کۆمەکەکەیان ببەخشنە هەرکەسێک کە پێویستی پێیەتی، یاخود خۆیان بە بەباشی دەزانن کۆمەکی بکەن . چونکە بەراشکاوی و بە ئازایەتیەوە دەیڵێین بەلامانەوە گرنگترە منداڵێک بێ شیروخۆراک نەبێت نەک بڕی ٦ هەتا ٧ ملیۆن دینار بدەین بە کاغەزی چاپخانە، ئێمە دەتوانین بەشێوەی (P.D.F) و ئۆنلاین بڵاوبکەینەوە بەڵام ناتوانین چاو لەبرسی بوونی منداڵانی ئاوارەی خورماتوو بنوقێنین .

بەهیواین ئەم قەیرانە دڕێژە نەکێشێ و قوڵتر نەبێتەوەو ژیان و شکۆ بگەڕێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان و کۆمەک بەخشە دڵسۆزەکانی ئەنفالیستانیش بە شەوقێکی زیاترەوە بێنەوە پێشێ و گۆڤاری ئەنفالستانیش هەم لەچاپخانەو هەم بەشێوەی ئۆنلاین بە تیراژێکی زۆرتر و دیزاینێکی جوانتر بێتەوە بەردیدەتان .

ئێمە بەبەردەوامی دەمێنینەوەو ئێوەش خوێنەرو دۆست وهاوکارمان بن .

گۆڤاری ئەنفالستان

٢٠١٧/١٢/٢٧ —سلێمانی

بەرەو زمانی بالآ

لەم ژمارەیەشدا، دیسان جەخت دەکەینەوە کە تاوانی ئەنفال وەک خۆی چۆنە ئاوا باس بکرێت و کەسوکاری ئەنفالکراوانیش پێویستیان شکۆیە بۆیە کۆی دۆسێکەش پێویستی بەزمانێکی بالآ هەیە بۆئەوەی هەم لەقەوارەی تاوانەکە کەم نەبێتەوەو هەم کەسوکاری ئەنفالکراوانیش هەست بەوە بکەن کەوا بەزمانێکی شایان لەگەڵیاندا دەدوێین. بەداخەوە سەرباری ئەوەی لە چەندین دیداری ڕۆژنامەوانی نوسراووبیستراو، یاخود لەسیمنارو کۆنفرانسەکاند جەختمان لێکردووتەوە، کەچی هێشتا بێسودە و ئێمەش هەر جەخت دەکرینەوە. بۆئەوەی ڕونتر بدوێین و بزانن مەبەستمان لە زمانی بالآچیەو بەچ زمانێکی هەژار لەبارەی تاوان و قوربانیەکانەوە دەدوێین. لێرەدا تەنها دوو نمونە دەخەینە بەردیدە.

پاشماوەی ئەنفال :

(پاشماوەی ئەنفالەکان) کە لەسەر ڕیتمی زاراوەکانی(پاشەڕۆ، پاشماوە، بەرماوە ... تاد) سازێنراوەو لەدوای تاوانی ئەنفالەوە بە ناچاری هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوەو بەشێوەی زارەکی ونوسراو بەکاردەهێندرێت، پاشماوە بەوکەسانە دەوترێت کە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا گیراون و لەزیندانەکانی نوگرەسەلمان و دوبس قەڵای نزارکێ گەڕاوەنەتەوە، یاخود بەکەسوکاری ئەوانە دەوترێت کە لەپرۆسەکانی ئەنفالدا گیراون و ئیدی ئەنفالکراون و جارێکی تر نەبینراونەتەوە، ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا تەواو نالۆژیکییانەیە بەداخەوە بەسەر ئەو کەسانەدا سەپێنراوە کە ئەنفالکراون، ئەمە گوایە سۆزو ڕێزێکە بەرانبەر کەسانێکی دیاریکراوی کورد کە ئەنفالکراون. بەڵام نەخێر ! هەرگیز ئەو زمانە هەژارە ڕێزو شکۆی تێدانیە، گومانی تێدانیە مەبەست لەو دەربرینە ڕێزە، بەڵام ڕێزیش پێداویستی خۆی هەیەو پێویستی بە ئاستێکی بالای زمان و دەربرین هەیە، بۆیە ئەگەر بە سەلیقەیەکی زمانەوانیانەی بالاوە لەم زاراوەیە (پاشماوەی ئەنفالەکان) وردبینەوە، دەبینین پڕە لە سوکایەتی و شکاندنی شکۆی قوربانیانی ئەنفال ! پڕە لەسوکایەتی بەمرۆڤ، بەڵێ جەخت دەکەینەوە کە هەرگیز وەها گوزارشت لێکردنێک گونجاو و ئەرێنی نییە بۆ ڕێزو شکۆی ئینسان، چ جای ئەو ئینسانانە قوربانیەکی زۆریان دابێ و پێویستیان بە سۆزو ڕێزو گەڕانەوەی شکۆبێت، پاشماوەی ئەنفالەکان واتایەکی زۆر نابەجێی لێدەکەوێتەوە. تیایدا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەست بەکەمی و سوکی و زەلیلی خۆیان دەکەن نەک ڕیز. تکایە ئەو کەسانە (پاشماوە نین) و (ئینسانی بەڕێزن) یان (دەشێت مەبەستبارو دەردەداربن بەڵام بەڕێزن) .

کارەساتی ئەنفال :

ووشەی کارەسات لە بڕی تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بەکار نەهێنرێ، چونکە لە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و شوێنانی تردا تاوان ڕوویداوە، بۆیە کارەسات واتایەکی ناتەواو دەبەخشێتە تاوانەکە، چونکە کارەسات دەشێت بە هۆی ڕوداوێکی سروشتیشەوە ببێت .

لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بزانین گازبارانو ئەنفالو کۆی تاوانە جینۆسایدیەکانی تر تاوانی ئاسایی نین بەڵکو کۆمەڵکوژی "جینۆسایدن" تاوانی ئەنفال و گازبارانی هەڵەبجە بکەریان هەیە، جەلادو قوربانیان هەیە، هەموو کارەساتێک قوربانی هەیە، بەڵام مەرج نیە هەموو کارەساتێک کۆمەڵکوژیی بخاتەوە و جەلادی هەبێ . ڕونتر بڵێین : ئەو زەمین لەرزەیەی لە شاری (وان)ی باکوری کوردستان ڕویداو کۆمەڵکوژیو زیانی مالی زۆری خستەوە یاخود ئەو تسیونامیەی لە وڵاتی (ژاپۆن) ڕویدا هەردوکیان کارەسات بوون، بەڵام ئایا کێ لە سەر ئەو کارەساتە سروشتیانە دادگایی دەکرێن ؟ هەڵبەت قوربانیەکانی دیارن بۆیە پرسیاری لۆژیکی ئەوەیە کێن جەلادەکانی ؟ بە کورتی هەموو تاوانێک کارەساتی لێدەکەوێتەوە بەڵام مەرج نیە هەموو کارەساتێک تاوان بێت.

کچە کوردێك بەپێی شەرع ١٠جار بە موجاهیدەکان. فرۆشراوە

ئەنفالستان : (نەجمەسەعد ئیسماعیل)ی تەمەن ٢٠ ساڵ، لە پەلامارێکی چەکدارانی داعش بۆسەرشەنگال لە ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ لەتەل قەسب لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەی لەلایەن چەکدارانی داعش دەستگیرکران. سەعید ئیسماعیل عەلی باوکی نەجمە سەرۆکی خانەوادەیەک بوو کە پێکهاتبوون لە خۆی وهاوژینەکەی و (حەوت کچ و سێ کوڕ) لەو پەلامارەدا کەوتنە دەست داعش وهەموویان گیران.

هادی بابەشێخ کوڕی شێخی ئێزدیان هەواڵی ئازادبوونی بەئەنفالستانی راگەیاندووەو لەگەڵ هەندێک زانیاریدا چەند بەڵگەیەکیشی ڕەوانە کردووە، نەجمە یەکێکە لەو ئافرەتە ئێزدیانەی کە داعش بەپێی شەرعی ئیسلام و بەیاسای خۆیان وەک دیلی جەنگ و کەنیزەک مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، هەروەک پێشتریش هەندێک بەڵگە بەردەستکەوتوون ومیدیاکان بڵاویان کردووەتەوە کە داعش نرخیان بۆ کچ و ژنانی ئێزیدی داناوەوەو لەبازارەکانی موسڵ ورەقە دەیانفرۆشن. مالپەڕی روداو نوسیوێتی داعش بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەرسێ پۆلدا دابەشی کردوون.

أ- ئەو کچانەن کە ڕوخساریان جوانە، واتا گرووپی (آ) زیاتر بۆواڵییەکان هەڵبژێردراون.

ب- ئەو کچانەن کە بۆ ئەمیرەکان دەستنیشان کراون.

ج- ئەو کچانەی کە بۆچەکدارەکان دانراون.

بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی داعش (نەجمە) کەوتووەتە گرووپی (أ)ەوەو خۆشی دانی بەوەداناوە کە سێجار لەلایەن والییەکانەوە کراوە بە دیاری و فرۆشراوەتەوە.

نەجمە سەعید بەمجۆرە چیرۆکی خۆی بۆ شێخی ئێزدیان گێڕاوەتەوە : (سەرەتا چەکدارانی داعش لەگەڵ خێزانەکەمان دەستگیری کردین دوایی جیاییان کردینەوەومنیان فراندە بارەگایەکی خۆیان، لەوێ دوو کچی تری هاودین ئێزدی





لێبوون بەناوەکانی (ڤیان وهەدیا) (ئەبو ئەلعز) بەرپرسێکی داعش بوو هەرلەوێ منی بۆخۆی هەڵبژارد، ماوەی چوارمانگ لەگەڵیدا بووم، ئەوهەر سێکسی لەمن دەویست، دوایی بردیانم و

دایانم بەدووکەسی ترناویان (ئەبومهتز)و (ئەبوحارس)بوو.

لەناو ئەو بەڵگەنامانەی هادی بابەشێخ ناردوویەتی نوسراوێکی دیوانی دادگای شرعی ولایەتی نینوای داعش هەیە بە ژمارە ٢٢١ لە رۆژی سێشمە ٢٠١٦/٧/١٦ بەپێی بەڵگەنامەیەکە (نەجمە سەعید)ی تەمەن ٢٠ ساڵ بەبڕی ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد دۆلار لەلایەن کەسێک بەناوی (ئەبوزوبێر) کڕدراوە، هەر لە نوسراوەکەدا هاتووە تەمەنی ٢٠ ساڵەو ڕەنگی چاوی هەنگوینی و بالای کورت و لاوازەو ١٣٠ سم . لەخوارەوەش مالکی شرعی و ئەبوزوبیر پەنجەمۆریان لەسەر نوسراوەکە کردووە.



لەبەشی خوارەوەی بەڵگەنامەکەداو لەتەنیشت ناوەکەی پەنجەمۆری فڕۆشیارەکەدا نووسراوە، خاوەنداری شەرعی، ئەبوو (مونعیم) بەشەرعی خاوەنی ئەو ژنەیە کە دەفڕۆشرێتە (ئەبوزوبێر) و لێرە بەدواوە ئەبوو زوبێر دەبێتە خاوەنی شەرعیی ژنەکە.

تێبینی دادوەری شەرعیش لەخوارەوەدا هاتووە "هەردووبرا ئەبوو مونعیم وئەبوو زوبێر لەبەردەمم ئامادەبوون و ڕێککەوتن. ئەبوو مونعیم، نەجمە سەعید (مۆلکی خۆی) تەنیا بە١٥٠٠ دۆلاری ئەمەریکی بە ئەبوو زوبێر فڕۆشت و دەبێتە خاوەنی شەرعی و ئەبوو زوبێر تەواوی پارەکەی داوە، لەبەرامبەریشدا ئەبوو مونعیم، نەجمە سەعید ڕادەستی ئەبوو زوبێر دەکات ."

لە بەڵگەنامەکەدا دوو کەس وەک شایەدحاڵ تۆمارکراون کەناویان ئەبوو تیبە و ئەبووعیزەدینە.

نەجمە چۆن رزگاری بوو ؟

هادی بابەشێخ دەڵێت رۆژی ٢٠١٧/٧/٨ نەجمەمان لە عەمیدێکی فرۆکەوانی وەرگرت بە ئامادەبوونی دکتۆرێکی شیکاری بەناوی ئەیمەن عەلی و چەندشایەتێک، بێجگەلە نەجمە کچێکی تریش بوو، کە رزگاری ببوو، بەڵام ئەومنداڵە، بەعەرەبی قسەی دەکردودەیگوت من کچێکی موسڵمانم و ناوێرم بێمەوە چونکە بابەشێخ دەمکوژێت، ئەوکچە ئێزدی بوو، کرابووە موسڵمان بەڵام دوای ئەوەی وێنەی هاوژینەکەی خۆم پیشانداو پێمگوت تۆ دەبیتە کچی من و ئەم ژنەو کەس ناتکوژێت. بەمە زۆر دڵخۆش بوو، ئەمەو نەجمەمان هێنایەوە. پێشتریش بۆخۆی چەندجارێک هەوڵی هەڵاتنیدابوو، بەڵام هەموجارێک گیراوەتەوەو سەرکەوتوو نەبووە.

پێشتریش مامۆستایەکی ڕوداو هەواڵی ئازاد بوونی نەجمەی بڵاوکردووەتەوە لەو ڕاپۆرتەدا سەعید عیسا ئیسماعیل، ئامۆزای نەجمە قسەی بۆڕوداو کردووەو دەڵێت "نەجمە سێ ڕۆژ لەمەوبەرلە ناوچەی شەهوان لەموسڵی کۆنەوە تەلەفۆنی کردو گوتی ئەو کەسەی منی کڕیوەتەوە کوژراوە، ئەگەر بۆردوومان و تۆپباران نەمکوژێت ئەوە ڕزگارم دەبێت." دەشڵێت: چەکدارێکی داعش پەیوەندی پێوەکردوین کەنەجمە ڕزگاری بوەو لەلای ئەوانە لەمۆتێلی (ئوبلو) لەموسڵ تا بیبەینەوە، ئەوکاتە ئێمەش پەلەمان کردوو چووین لەگەڵ خۆماندا هێنامانەوە.

ئێستا بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆ نەجمە کراوە دەرکەوتوە، زیاتر لە ١٠ جار لەنێوان چەکدارانی

داعشدا کرین و فرۆشتنی پێوەکراوە، ئێستاش باری دەرونی و تەندورستی باش نییە.

خوشک وبرای تریشی رزگار بوون

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لەوەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە(رووداو)ی راگەیاندووە " سێ لە منداڵەکانی سەعید ئیسماعیل رزگارکراون، ئەوانیش بریتین لەدوو کچ بەنێوەکانی غالیە تەمەن ٢٥ساڵ و مەروە ٧ساڵ ٦ لەگەڵ کوڕێکی ٤ ساڵان بەناوی هەیسەم، بەڵام چارەنووسی ئەوانی دیکە نازانرێ."

خێزانە شوێنبزرەکەی نەجمە:

سەعید ئیسماعیل، ٦٣ ساڵ، باوکی نەجمە. سەعید عەمشە لەقبیانە سەعیدعەمشا

دایکی نەجمە، ٦٥ ساڵ.

ڤیان سەعید، ١٧ ساڵ، خوشکی نەجمە

نوری سەعید، ٢٧ ساڵ، برای نەجمە

نەجمە سەعید، تەمەن ٢٢ ساڵ (ئازاد بووە)

نەجوە سەعید، تەمەن ٢١ ساڵ، خوشکی نەجمە دوو ڕۆژ دوای نەجمە ڕزگاری بووە .

نەجلە سەعید، ٢٤ ساڵ، خوشکی نەجمە

عالیە سەعید، ٢٥ ساڵ، خوشکی نەجمە

عەمشە سەعید، ١٢ ساڵ، خوشکی نەجمە.

هەرچەندە خەیری بۆزانی بە ڕوداوی ڕاگەیاندووە کە ژمارەی ئەو خانەوادەیە ١٣ کەس بوون و سیانیان ڕزگار بوون بەڵام، ئەوان ژمارەیان ١٢ کەس بووە، نەک ١٣

لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش پەلاماری شنگال و دەوروبەریداو کوردانی ئەو قەزایەو دەوروبەری کرانە ئامانج و بەهۆیەوە کۆمەڵکوژی لێکەوتەوە، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لەو هێرشەدا نزیکەی ٧٠٠٠ کەس ڕفێنراون و هەتا ئێستا ٤٣٠٠ کەسیان بەشێوەی جۆراوجۆر ئازاد کراون، بەڵام ٢٥٠٠ کەسیان هێشتا شوێنبزرن. داعشیش وەک بەعسیەکان لە تاوانی ئەنفالدا زۆربەی ئەوپیاوانەی ڕفاندبوونی، گوللەباران کردوون. ژنەکانیش وەک دەستکەوتی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون.

ئێستا دەتوانین بڵێین ئەوەی لەشەنگال رویدا ئاوێنەی ڕوداوەکانی ئەنفالە وەک چۆن پیاوەکان کوژراون ژەنکانیشیان لە ناوخۆیاندا بەناوی



"سەبایا" کرین و فرۆشتنیان پێوە کردوون. لەپەلاماری ئەنفالیشدا تەنها بەڵگەنامەیەکی کۆپی بەکەمێک جیاوازییەوە کەوتە بەردەست . لە ساڵی ٢٠٠٣ وە باس وخواسی ١٨ئافرەتی ئەنفالکراوی گەرمیان بووەمایەی پرسو ترسو سەرسوڕمانو تارادەیەکیش بەدواداچوون، ئەمەش بێ بنەما نەبوو، بەڵکو پشتی بەنوسراوی ژمارە ١٦٠١ی ڕێکەوتی ١٩٨٩/١٢/١٠ موخابەراتی کەرکوک بەستبوو. ئەوەش تاکە نوسراوێکی بەردەستە لە بارەی فرۆشتن و چارەنوسی ژنان وکچانی ئەنفال کەوتبێتە بەردەست هەڵبەت تاکە بەڵگەیەک نییە دەربارەی تاوانی ئەنفال بەڵکو تاکە بەڵگەیە لەسەر فرۆشتنی ژنان وکچان، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد دۆسێکەیان دیزە بەدەرخۆنە کردو بەهەموو توانایانەوە هەوڵیاندا باسی ژنانی فرۆشراو بەدرۆبخەنەوەو باسێکی ئاوا دەربارەی ژنان نەکرێت .

چیرۆکەکانی دوای تەموز

عومەر محەمەد

دوو رۆژ لەگەرمیان بووم، لەگەڵ هاوڕێم سمکۆسابیر ئامانجمان گەیاندن و دابەشکردنی ئەو هاوکارییە بوو، کە هاوڕێ مرۆڤدۆستەکانمان (هونەرمەند تریفە ئەنوەر، حەمید هەنجیر، خالید ئەحمەد، هیوا سالح، هاوڕێ ئەحمەد) بەخشیویانەو ئێمەش بەپێی ناسیاویمان لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوان ئەرکی دابەشکردنی هاوکارییەکانیانمان گرتە ئەستۆ.



لەوکارەگرنگەدا لە نزیکەوە شایەتحاڵەکانی خۆرماتووم بینی، ئەوان ئەمجارە باسی ئەنفالیان بۆ نەکردم بەڵکو باسی پەلاماری درندانەی حەشدی شەعبی و بێباکی بەرپرسانی هەرێم دەکەن، چیرۆکی خۆیان بۆ گێڕامەوەو هەندێک وێنەی تاڵانی وسوتاندنی شاری خورماتوو، مااڵی کوردەکانیان پیشاندام، چیرۆکی تراژیدیی خۆیان وهاوشارییەکانیان بۆگیرامەوە، فرمێسکەکانیان ئاوس بوون، بەخەمێکی پەنگخواردوی ٢٦ ساڵ دەسەاڵتی خۆجێیەتی بێباک و نادادپەروەر، ئەوەی بینیم و بۆیان باسکردم، تاوانێکە بەهەموو پێوەرێک دەچێتە خانەی "تاوانی جەنگەوە" کە رەگەزێکی جینۆسایدە.

وایان بۆگێڕامەوە:

حاجی (ئیبراهیم....) پیاوێکی خانەدانی شاری خورماتووە، خاوەنی کارگەو دوکان و سامانێکی زۆر بووە، بۆیان ئەو پیاوە، هەمیشە بەخشندەو دەست ودڵفراوان بووە، یەکێک لەکردەوە جوانەکانی حاجی ئیبراهیم ئەوەبووە، چەند جارێک تەرمی ئەو پێشمەرگە و خەکانەی وەردەگرتەوە کە شەهید دەبوون و تەرمەکەیان دەکەوتە بەردەست سوپاو هێزە عێراقیەکان، هەمیشە خاوەن شەهیدەکان هانایان بۆ دەبرد، هەتا قسەیەکی خێر بکات و تەرمی کورەکانیان چنگ بکەوێتەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی بهێڵێت خاوەن شەهیدەکەان بزانن، ئەم داوایە پارەی دەوێت، دەیگوت بەسەرچاو، ئیدی بەرتیلی دەدایە فەرماندەی سوپاکەو تەرمەکانی دەهێنانەوە، کورت و کرمانج حاجی هەتا پەلامارەکەی ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر پیاوێکی خانە دان و نان بدەبووە.

شەوی لێقەومانەکە بەهەرشێوەیەک بووە خۆی و منداڵەکانی توانیان رزگاریان بێت، هەرچۆنێک بێت شەوو ڕۆژێک خۆیان ڕاگرتووە، بەاڵم دواجار برسێتی تەنگیان پێهەاڵدەچنێ، بۆیە بچوکترین کوڕیان بانگ دەکات و دەنێرێت بۆ لای "عەلی" لە گوندی زینانە و پێدەاڵێت کوڕم بچۆ بە عەلی بڵێ باوکم دەاڵێت لە دوزدەرچوویین بەاڵم (برسی)مانە.

یاران ! بەدور لە چاوی ڕاگەیاندنەکان، خورماتوو زۆ خراپ لێی قەوماوە، زیاد لە پێنج چیرۆکی هاوشێوەیان بۆگێڕامەوە، بۆخۆشم دووەم ڕۆژی ڕوداوەکان لە کەمپی سورداش پیاوێکم بینی بەناوی (کەریم) ئەم پیاوەش یەکێک بووە لە دەوڵەمەندەکانی شاری

خورماتوو، خاوەنی ریزێک دوکان و زیاد لە خانوویەک بوو، هەموو دوکانەکانی تالأنکراون و سوتاون، تەنها خۆی و هاوژینەکەی بە جل وبەرگی بەریانەوە بەسواری پیکابە دەبڵ کابینەکان رزگاریان بووە، لەوەهەموو سەرەوەتەی کەریم تەنها ئەو پیکابەی بۆماوەتەوە کە پێیدەرچون.

وائەمڕۆش بەچاوی خۆم دەیانبینم، کە ئاوارەکانی خورماتوو، لەبن دیوارەکان، لەناو کەلاوەی خانووەکۆنەکان، دەژین کەهەرگیز شایانی ژیان نیە.

پیاوێک لەهەولێرەوە هاتبوو، یەک لۆری گەورە خواردەمەنی وزەخیرەی وشکەی هێنابوو، بەپێی ویست وپێداویستی لێقەوماوان لە گوندی زینانە دابەشی دەکرد، ئەو چاوپۆشی لەوەش دەکرد کەسێک زیاد لەجارێک وەرگرێ، تەنانەت بەمنیشی گووت : با لەسلێمانیشەوە هاتبیت چەندی سەیارەکەت دەگرێ باربکەو لەهەرکوێ خانەوادەیەکت بەرچاوکەوت بیانددەیەو دابەشی بکە، چەند هەولّم دا ناوی سیانی و نازناوی بزانم ، ئەو تەنها ناوی یەکەمی خۆی ئاشکراکردو پێیگوتم : لەوە زیاتر پیویست ناکات کەس بزانێ من کێم .. من کوردم و کوڕی ئەو میللەتەم کە لێی قەوماوە.



تێپەڕبوون بەنێو نێڵەی ئاگردا

لانەواز کوڕێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، لەپەلامـاری ئەنفالدا دەستێکی بریندار ببووەو ئێستاش لەکار کەوتووەو خاوەن پێداویستی تایبەتە، (٩) کەسیان بەرپەمالاری ئەنفال کەوتوون کە بریتی بوون و لە باوکی وبراکانی، شەوی هێرشەکەی حەشدی شەعبی بۆسەر دوز، بەنیازی بەرگری بەتاقە دەستێکەوە لەدوزمابووەوە، بەڵام کە زانی کارلەکارترازاوە بە سەیارەکەی دایکی و منداڵەکان هەلدەگرێ وبەناو ئاگری ئاربیجی وهاوەن ودۆشکادا بەخێرایی تێپەڕ دەبێت، بەڵام چۆن دەربازبوونێک سەیارەکەی بووەتە بێژنگ، دایکی بەسەختی بریندار دەبێ، سەیر لەوەدایە جامی سەیارەکەی پێوە نامێنێ پارچەی هاون بەناویاندا رەت دەبێ و لەدیوی ناوەوە سەقفی سەیارەکەی دەبڕێ و دوای چەند جارێک خولانەوە لە شوێنی خۆی چۆک دانداو جارێکی تر گوردەداتەوە سەیارەکەی و بە نێو نێڵەی ئاگردا تێدەپەڕێ و دایکە بریندارەکەی دەگەیەنێتە کەلار لانەواز هێشتا سەیارەکەی چاک نەکردووەتەوەو خوێنی دایکی لە کوشنی ئۆتۆمبیلەکەی نەکردووەتەوە، بەڵام بە وردیەکی بەرزەوە دەڵێت : ئەنفال کوردی نەفەوتاند حەشدیش ناتوانێ بمانسرێتەوە.

هەڵمەتێکی ئازایەنە و بەهاناوە چوونی باش بەدی دەکرێت، گەنجانی کەلار لەهەولّدان، لەو رۆژەوە ئاو راوەستابێت، سمکۆو عەلی زینانە رانەوەستاون، بەڵام ئەوەی بەدی ناکرێت ڕیکخراوەکانی (ئەنفال)ن، نازانم لەکوێن ؟ ماون یان نا ؟



ئەنفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوک

د. شێرکۆ کرمانج
سەرەتا

هەڵمەتەکانی ئەنفالو جینۆسایدی گەلی کورد لە سەردەمی ڕێژیمی بەعس لە ساڵانی ١٩٨٧–١٩٨٨زادەو هەوێنی نوسینی چەندین کتێبو وتار بووە،جا ئەمانە تۆێژەرو ئەکادیمیستو نوسەرانی کورد بوو بنیان بێگانە. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر تەرکیزیان لەسەرکراوە چەند بابەتێکن لەوانە، داخۆ هەڵمەتەکانی ئەنفال دەکرێنەوەک پرۆسەی جینۆساید تەماشابکرێن، واتە ئایا کردارەکانو نیەتەکانی حکومەتی عێراق لە ئەنفال بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان دەکرێن وەک کردەوەیەکی جینۆساید تەماشابکرێت (Human Rights Watch١٩٩٥). هەندێکی دیکە لە نوسەرانو تۆێژەران زیاتر خۆیان لە قەرەی ئامارەکان داوە، واتە هەوڵی دەستنیشانکردنی ژمارەو قەبارەی زیانە مرۆییو ماددییەکان داوە (عبدالرحمن ١٩٩٥؛ مەلا شاخی ٢٠٠٧ئەلف، ٢٠٠٧باء؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٨)، کە دەتوانم بڵێم بەگشتی سەرکەوتو نەبوون.هەندێک لێکۆڵینەوەو نوسینی دیکە کاریگەرییە سایکۆلۆجیو کۆمەڵایەتییەکانی هەڵمەتەکانی ئەنفالیان لەسەر قوربانییە زیندوەکان کردوە بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکانیان (عەبدول و عەبدوڵا ٢٠٠٤). ئەم بابەتە سەرەڕای بەهەندەوەرگرتنی هەموو ئەم ڕەهەندو پرسانەی ئەنفالبواریکی دیکەی ئەنفالی کردوە بە تەوەری لێکۆڵینەوەکە. ئەویش پەیوەندی هەڵمەتەکانی ئەنفالە بە هەوڵەکانی سڕینەوەی کورد لە کەرکوکو دەوروبەری. بۆ ئەم مەبەستەش تۆێژینەوەکە بە وردی دەڕوانێتە سەر نەخشو جوگرافیای ئەنفالو چەند ئەنجامگیرییەک دەکاتو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە مەبەست لە هەڵمەتەکانی ئەنفال بە ئیزافەی جینۆسایدکردنی کورد هەوڵێکبوون بۆ لەناوبردنو نەهێشتنی کورد لە پارێزگای کەرکوکو دابڕینی ئەو ناوچانە بەیکجاریو لکاندنیان بە عەرەبی عێراقو لادانی"ترسی کورد" لەسەر ئەم پارێزگا ستراتیجییە لە دیدی عەرەبە–بەعسییەکانەوە. تۆێژینەوەکە دەست بۆ هەندێک کاریگەریی ئەنفال دەبات بەتایبەتی لەسەر ئامێزانی کورد (Kurdish integration) لە عێراق. هەروەها دەیەوێت بزانێت داخۆ بۆ ئەمجارە، مەبەست لە ئەنفالەکانە، حکومەتی عێراقی لە هەموو جارەکانی دیکە بێبەزەییانەتر کەوتە گیانی کوردەکان.

ئەنفال: مانا و قۆناغەکان

ئەنفال بە عەرەبی واتە غەنیمە کە لە کوردیدا دەکاتە تاڵانو دەسکەوتەکانی شەڕو بەسەردادان. ناوەکەی لە سورەتی هەشتەمی قورئان کە هەر بەناوی "ئەنفال"ـەوە ناونراوە، وەرگیراوە. سورەتەکە بەم ئایەتە دەستپێدەکات: "یسألونک عن الانفال قل الانفال لله والرسول فاتقوا الله واصلحو ذات بینکم"، واتە لەمەڕ دەسکەوتی جەنگەوە لێتدەپرسن، بێژە: تاڵانی دوژمنان بۆ خوداو بۆ پێغەمبەرە ئەگەر بڕواتان هێناوە، ئێوە ترسو لە خودا بێو لەناو خۆتان پێکوەرن. گوایە ئەم ئایەتە لە ٦٢٤ زایینی، دوای شەڕی بەدر کاتێک موسڵمانەکان، بەتایبەتی موهاجیرو ئەنسارەکان، دبێتە ململانێیان لەسەر دەسکەوتەکانی شەڕەکە، ئایەتەکە دابەزیوە. ئەویش بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی پرسی دابەشکردنی دەسکەوتەکان. لێرە بۆیە ئاماژەبەم

پاشخانە مێژووییەی سورەتەکە کرا چونکە واچاکە خوێنەر بزانێت کە ئەم چەمکە لەکوێوە هاتووە. دواتریشباس لە گرنگی ئەم بابەتە لەمەڕ تێڕوانینی عەرەبە-بەعسییەکانی عێراق بۆ کورد لە چوارچێوەی چەمکی ئەنفالدەکرێت. هەوڵدەدرێت ئەم پرسە بە بەعێراقی دانان یان دانەنانی کوردەکان ببەسترێتەوە.

ئەنفال ناوی ئەو هەڵمەتە سەربازییەشە کە حکومەتی عێراقی کردییە سەر کوردو کوردستان لە ١٩٨٨ دا. هەڵمەتەکانی ئەنفال لەدوای دانانی عەلی حەسەن مەجید (١٩٤١–٢٠١٠)، ئامۆزای سەدام حوسێن (١٩٣٧–٢٠٠٦) سەرۆکی پێشتوتری عێراق، وەک ئەمین سری مەکتەبی شیمالی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، دەستیپێکرد. دانانی ئەو لەو پۆستەدا بەپێی بڕیارێک بوو کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (مجلس قیادە الثورة) دەرچووبوو. بەگوێرەی بڕیارەکە عەلی حەسەن مەجید تەواوی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی لە پارێزگاکانی کوردستانو باکوری عێراق پێدرابوو لەگەڵ خستەژێردەستی هەموو دەزگا کارگێڕییو سەربازییو ئەمنییەکانی ناوچەکە (Human Rights Watch ١٩٩٥: ٢٧٦, ٢٧٧, ٢٩٦, ٢٩٧).

بەگشتی واناسراوە کە هەڵمەتەکانی ئەنفال لە شوباتی ١٩٨٨ دەستیپێکردوە. سەرەڕای ئەمە، لێرە ئەنفال بەسەر دوو ڕووداو (phase) دابەش دەکرێت. ئێمە پێمانوایە ڕووی یەکەمی ئەنفال لە ٢١ نیسانی ١٩٨٧ دەستیپێکردو تا ٢٠ حوزەیرانی ١٩٨٧ درێژەی خایاند. لەم ڕووەدا هێزە ئەمنیو سەربازییەکانی حکومەتی عێراق ٧٠٣ گوندو شارۆچکەیان، لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندابوو، وێرانکرد، بەڵام ژیانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەگشتی پارێزرا (Human Rights Watch ١٩٩٥: ٤٩). بەمانایەکی دیکە، لێرەو لەوێ نەبێت، خەڵکی ئەو ناوچانەی بەر هەڵمەتەکانی ئەنفال لە ڕووی یەکەمدا کەوتن بە سەلامەتی نەجاتیان بوو. بەڵام ناکرێت ئەوە لەبیربکرێت کە زۆرینەی ئەو گوندانەی لە ڕووی یەکەمی ئەنفالدا روخێنران هەر زوو تەعریبیشکران بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هاوتخوببوون لەگەڵ ناوچە بەعەرەبکراوەکانی پێشوتر وەک ناوچەکانی گەرمیانو قەراجو کەندێناوەو شەمامکو شێخانو زمار.

لە دوای ئەنجامدانی ڕووی یەکەمی ئەنفال حکومەتی عێراقی هەموو ئەو ناوچانەی دیکەی کوردستانی کە لە ژێر کۆنترۆڵیدانەبوو بە "ناوچەی قەدەغەکراو" (المناطق المحرمة) لەقەڵەمدا. هاوکات ڕۆژی سەرژمێری گشتی کە دەکەوتە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ وەک دوا ڕۆژ دیاریکرد بۆ خۆبەدەستەوەدانی هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەژیان، بە هاوڵاتیانو پێشمەرگەکانو فیرارەکانەوە. ڕێژیم ناوی لەم پرۆسەیە نابوو "گەڕانەوە بۆ ڕێزی نیشتیمان" (العودة الى الصف الوطنی).

چوار مانگ دوای دواین ڕۆژی دیاریکراو بۆ خۆبەدەستەوەدان ڕووی دووەمی هەڵمەتەکانی ئەنفال دەستیپێکرد. بەپێی ئامارو ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ، هێزەکانی حکومەتی عێراقی ٥٠ تا ١٠٠ هەزار هاوڵاتی مەدەنی کوردیان بێسەروشوێن کرد، کە بەشێکیان ژنو منداڵو پیرو پەککەوتە بوون. ڕووی دووەمی ئەنفال کە لە هەشت قۆناغ پێکهاتبوو لە ٢٢ شوباتی ١٩٨٨ دەستیپێکردو لە ٦ ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتاییپێهات. بەسەریەکەوە لە هەردوو ڕووی ئەنفال نزیکەی ملیۆنو نیوێک هاوڵاتی کورد لە زێدی باوپیرانیان دەرپەڕێنرانو گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان یان شونبزرکران. حکومەتی عێراقی لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو چەکی کیمیاوی بەکارهێنا. ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ دەڵێت لە نیسانی ١٩٨٧ تا ئەیلولی ١٩٨٨ لانیکەم هێزە سەربازییەکانی عێراق لە چل شوێنی جیاجیا چەکی کیمیاویان بەکارهێنا. یەکەمین شوێن کە کیمیا بارانکرا هەردوو گوندی شێخ وەسانو بالیسان، لە دۆڵی بالیسان، بوون کە دەکەوێتە نێوان ڕانیەو خەلیفان (Human Rights Watch ١٩٩٥: ٤٦–٤٧). دوای نزیکەی

ساڵێک هێزە ئاسمانییەکانی عێراق کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیان کرد، کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی. لە هەڵەبجە نزیکەی پێنج هەزار کەس بوون بە قوربانی گازە ژەهراوییەکان. لەبەر گەورەیی زەرەرە گیانیو ماددییەکانو ئەو دەنگۆیەی کە لەنێوخۆو دەرەوە لێیکەوتەوە، کیمیابارانی هەڵەبجە بوو بە سیمبولی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە دژی هاوڵاتییە کوردەکان.

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە قسەکردن نییە لەسەر زەرەرە گیانیو ماددییەکان بەڵکو وەک لە سەرەتا ئاماژەپێکرا ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکی بداتەوە. یەکەم، داخۆ بۆچی ڕێژیمی عێراقی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا بەبەراورد لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کورد ئەمجارە ئەوپەڕی تونددوتیژیو دڕندەیی لەگەڵ هاوڵاتییە کوردەکان بەکارهێنا؟ دووەم، بە وردبوونەوە لە نەخشو جوگرافیای ئەنفال بێجگە لە نیازی جینۆساد هەوڵدەدرێت بزانرێت داخۆچ نیازێکی دیکە لە پشت ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئەنفال خۆیان حەشاردابوو؟

ئەنفال: بۆ؟

شاردراوە نییە کە هەڵمەتەکانی ئەنفال درێژکراوەی سیاسەتەکانی بەعەرەبکردنی کوردستان بوون کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستیانپێکردبوو. سەرەڕای ئەمە بە دڵنیاییەوە دەکرێت بگوترێت کە هۆکارێک بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی تونددوتیژی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ئەمجارە ئەوەبوو کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان چالاکییەکانی پێشمەرگە گەیشتبووە ئاستێکی هێندە بەرز کە لە مێژووی کوردستاندا کەموێنەبوونو تواناکانی ڕێژیم بۆ سنوردارکردنو کۆنترۆڵکردنی نەک هەر چالاکییەکانی پێشمەرگە بەڵکو جەماوەری کوردستان رۆژ بە رۆژ کەمیدەکردو بەرەو داڕمان دەڕۆیشت. ناکرێت هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ئێران، لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراقی لە شەڕێکی سەختدابوو لەگەڵیدا، لە هاوکێشەکە دەربهێنرێت. لە راستیدا بەدووقۆڵی هێرشکردنە سەر دامودەزگا نەوتییەکانی کەرکوکو پاڵپشتی ئێران لە هێزی پێشمەرگە هۆکارێکی دیکە بوون بۆ بەکارهێنانی ئەو پەڕی تونددوتیژی لەگەڵ کورددا. سەرەڕای ئەمە، هۆکاری سەرەکی لە پشت هەڵمەتەکانی ئەنفال لەناوبردنی بزوتنەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان بوو. دواتریش قڕکردنی یان کپکردنی کورد بە گشتی بەتایبەتی بە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان کە وەک وشکردنی ئەو دەریاچەیە وابوو کە پێشمەرگەکان مەلەیان تێدادەکرد. ڕێژیم دەیویست ژێرخانی ئابوری کوردستان، کە دێهاتەکان بوو، تەفروتونا بکات، بەمەش وا لە کوردەکان بکات کە زیاتر پشت بە ناوچەکانی دیکەی عێراق ببەستن.

ئەنفال: بەراوردێک بە مامەڵەکانی پێشوتری حکومەتی عێراق

ئەنفال لە زۆر ڕووەوە لە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی ڕێژیمەکانی عێراق لە دەرپەڕاندنو چۆلکردنو ڕاگواستنو بەعەرەبکردنو بەبەعسیکرنو کۆلۆنیازەکردنی کوردستان تێپەڕاند. ئەنفال لەو سیاسەتە پەیڕەکراوانە جیابوو چونکە ئەمجارە نەک تەنیا خاکو سامانی کوردستان بەڵکو بوونی کوردی وەک نەتەوە کرا بە نیشان. لە ئانوساتی ئەنفالەکان قسەیەک زۆر لەسەر زاری خەڵک دەگێڕدرایەوە. ئەویش ئەوەبوو گوایە عەلی حەسەن مەجید لەو رۆژەی کە وەک سکرتێری گشتی مەکتەبی شیمالی حیزبی بەعس دەستنیشانکرا بە سەدامی سەرۆکی گوتووە "اروح للشمال لو البس سروال لو اخليهم كلهم يلبسون عگل" واتە دەچمە کوردستان یان شەروالی کوردی لە پێ دەکەم یان وایانلێدەکەم هەموویان عەگالی عەرەبی لەسەر بکەن. ئەم قسەیە راست بێت یان نا، ئەوە گرنگ نییە، چونکە لەگەڵ هاتنی عەلی حەسەن مەجید بۆ کوردستان ئەو بە کردارهەوڵیدا پەیامەکەی ناو ئەو دەقە جێبەجێبکات، لەبەرئەوە خەڵکێکی زۆر وەک راستییەک ئەو قسەیەیان وەرگرتبوو. ئەگەر بێتو لە قسەکەی عەلی حەسەن مەجید

وردبینەوە هەندێک لە نیازەکانی ڕێژیمەکەی عێراقمان بۆ دەردەکەوێت کە بە کورتی لەناوبردن یان تواندنەوەی کورد لە مەنجەڵی (بەوتەقەی) عەرەبیدا.

لە راستیدا، بەراوردێک لەنێوان شێوازی مامەڵەکردنو قسەو هەڵوێستەکانی سەرکردە عێراقییەکان لەو شەڕو پێکدادانانەی لە ناوەڕاستی حەفتاکان لەنێوان کوردەکانو هێزە عێراقییەکان ڕوویاندا لەگەڵ ئەوانەی لە کۆتایی هەشتاکان لە ئانوساتی ئەنفالەکان هاتنەپێش بە ڕوونی ئەو جیاوازییە دەردەخەن. لە دوای پێکدادانەکانی ساڵانی ١٩٧٤–١٩٧٥ سەدام حوسێن بە شانازییەوە لە کتێبی *خندقواحد ام خندقان* (سەنگەرێک یان دوو سەنگەر)باس لە بەرخوردی حکومەت لەگەڵ هێزە کوردییەکان دەکات و دەڵێت لە شەڕەکان "هیچ تاڵانێکڕوویندا" و "هیچ ژنێک تەعەدای لێنەکرا" (حسین ١٩٧٦: ٢٦). ئەو قسانەی سەدام ئەگەر تەواو ڕاستیش نەبن بەڵام دەکرێت بگوترێت کە هەم تاڵان هەم تەعداکردن لە ژنان لەو شەڕوپێکدادانەی لە حەفتاکان ڕوویاندا دیاردەیەکی بەربڵاونەبوون کەچی لە هەڵمەتەکانی ئەنفال نەک هەر سەرو سامانی خەڵکە ئەنفالکراوەکە بە تاڵانبردرا بەڵکو سەدان ژنو کچی ئەنفالکراو کوژرانو تەعەدایانلێکرا. ئەمە لەکاتێکدا ڕوویدا کە کەرامەتی ئەو خەڵکە مەدەنییەی لە شەڕەکانی ١٩٧٤–١٩٧٥ گلابوون، وەک سەدام دەڵێت، ڕێزلێگیراو پارێزراوبوو. بەڵام لە ئەنفالەکاندا هێزەکانی حکومەت، کە هەر سەدام سەرۆکایەتی دەکردن، ڕاست پێچەوانەی ئەو وەسفەی سەدام کردویەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکە مەدەنییە بێچەکەکان کرد. سەدام لە کتێبەکەی ئاماژە بە دیدی حکومەت بۆ کورد دەکاتو دەڵێت ئەو کوردانەی لە "سەنگەرەکەی بەرابەردا" شەڕی هێزەکانی ئێمەیان دەکرد ئێمە هەر وەک "عێراقی" تەماشاماندەکردن.

بە وردبوونەوەو شیکردنەوەی قسەکانی سەدامو گەڕانەوە بۆ ماناکانی ئەنفال دەکرێت بەراوردی شێوازی مامەڵەی حکومەتی عێراقی لەگەڵ کوردەکان لە ئەنفالەکاندا لەگەڵ پێکدادانەکانی ١٩٧٤–١٩٧٥چاکتر ڕوونبکەینەوە. ئەنفال زاراوەیەکە واتە تاڵانکردنو دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگ، جا دەستکەوتەکان مرۆیی بن یان ماددی. ئەنفال لە تێگەیشتنی ئایینیی–ئیسلامییەوە زاراوەیەکە بۆ چالاکییەک بەکاردێت کە موسڵمانان لە دژی نا–موسڵمانان پێیهەستابن. لە سیاقی ئەو هەڵمەتانەی کە لە دژی کورد ئەنجامدرانو ناوی "ئەنفال"یان پێوەلکاندوەئەوە مانای ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە حکومەتی عێراقی کوردەکانی بە نا–موسڵمانو نا–عێراقی دەدیتو دانابوو. ئەگەر نا چۆن دەکرێت خۆیانو ماڵو حاڵیان ئەنفال بکرێت. بەواتا سیاسییەکەی کوردەکان لە عێراق لە ئەنفالەکاندا لە هاوڵاتیبوون لە عێراق دامالدران.

ئەنفال: ئامارەکان

هەڵمەتەکانی ئەنفال هەموو خسڵەتەکانی کۆمەڵکوژییو بێسەروشوێنکردنی دەستەجەمعی پێوەدیاربوو. ئامارەکانی هیومان رایتس ووچ باس لە شونبزرکردنی زیاتر لە ١٠٠ خەڵکی مەدەنی دەکەن. سەرچاوە کوردییەکان بەگشتی باس لە ١٨٢ هەزار قوربانی دەکەن. ئەو ژمارەیەی کە کوردەکان بەکاریدێنن مەزەندەیەولەوەدەچێت دروستنەبێت، بەڵام تێهەڵچوونەکەی عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ ئەنداماني وەفدی کوردی لە دانوسانەکانی بەهاری ١٩٩١ گەورەیی قەبارەی تاوانەکە نیشاندەدات. ئەو لەکاتی گفتوگۆکاندا لەوەدەچێت بێزاربووبێت لەوەی کە ئەندامانی وەفدە کوردییەکە هێندە گوتویانە ئێوە ١٨٢ هەزار کەستان ئەنفالکرد، بێسەروشوێنکرد. عەلی حەسەن مەجیدیش لە یەکێک لە دانیشتنەکان تورەدەبێتو دەڵێت ئەوە چیە ئەو زێدەگۆییە، ١٨٢هەزاریچی؟ هەمووی لە ١٠٠ هەزار کەس زیاتر نەدەبوو! (Makiya١٩٩٣ :١٦٨). هەر چۆنێک تەماشای بکەیت حکومەتی عێراقی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا تاوانی جینۆسایدو تاوانی شەڕو تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدا، ئەمە

نەک وەک ئەوەی کوردەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بەڵکو وەک ئەوەی کە هیومان رایتس ووچ لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەبەڵگە سەلماندی‌و دواتریش لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق سەلمێندرایەوەو پەرلەمانی سوێدی‌و بەریتانیش، هەر بۆنمونە، پشتڕاستیانکردەوە.

ئەنفال: کەمەربەندێکی بێ–کورد لە کەرکوک

هەڵمەتەکانی ئەنفال بێجگە لەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەپێکرا، کە لە سەروی هەموویانەوە جینۆسایدی گەلی کورد بوو، کەچی بە وردبوونەوە لە نەخشو جوگرافیای هەڵمەتەکانی ئەنفال هەندێک ئامانجو نیازی ستراتیجی دیکەی ڕێژیمی عێراقی دەردەکەون. مەبەستێکی دیکەی حکومەتی عێراقی لە ئەنفالەکان دروستکردنی کەمەربەندێکی بێ–کورد (no–Kurd buffer zone) لە چواردەوری شاری کەرکوک وەک بەشێک لە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ قرتاندنی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی پارێزگای کەرکوک‌و دەوروبەری.

بۆ سەلماندنی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە هەوڵدەدین نەخش (pattern) و جوگرافیای شونبزرکردن‌و لەناوبردنی ئەو خەڵکە مەدەنیانە بخەینەڕوو کە بەر هەڵمەتەکانی ئەنفال کەوتن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ناوچانەی کە ئەنفالەکانیان تێدا ئەنجامدرا دابەشدەکەین بەسەر چوار حەوز (catchment). حەوزی دهۆک، حەوزی هەولێر، حەوزی سلێمانی‌و حەوزی کەرکوک (تەماشای خشتەی ١– بکە). سەرەڕای ئەو کارە ماندونەناسییەی کە هیومان رایتس ووچ لە پەیوەند بە ئەنفال ئەنجامیانداوە بەڵام لێکدانەوەو ئەنجامگیریان لەمەڕ نەخشو جوگرافیای شونبزرکردن‌و لەناوبردنی خەڵکە مەدەنییەکە کورتیهێناوەو راستییەکان وەدەرناخەن. ڕاپۆرتو کتێبەکەی هیومان رایتس ووچ دەڵێت "شونبزرکردنی بە کۆمەڵی ژنانو منداڵان بەگشتی ڕەنگدانەوەی ئاستی بەرگریی پێشمەرگە بوون" (Human Rights Watch ١٩٩٥: ١٣, ٨٢, ١٩١). بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی هیومان رایتس ووچ بێت لەکاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالەکان لە هەر شوێنێک پێشمەرگە بە سەختی بەرگری کردبێتو شەڕی قورس لە هێرشەکان کەوتبێتەوە ئەوە لەو جێگایانە خەڵکە مەدەنییەکان کە گیراون بێسەروشوێن کراون.

لە راستیدا، وردبوونەوەو شیکردنەوەی ڕووداوەکانو سەختی بەرگری پێشمەرگە لە هەر حەوزێک لە حەوزەکان یان قۆناغەکانی ئەنفال وێنەیەکی دیکەمان نیشاندەدەن. ئەوەی لە وردەکارییەکان دەردەکەوێت ئەوەیە کەشونبزکردنو ڤرکردنی خەڵکە مەدەنییەکان، بەتایبەتی ژنانو منداڵان، زۆر پەیوەندی بەوەوە نییە داخۆ لەو شوێنە پێشمەرگە بە سەختی بەرگریکردوە یان نا، بەڵکو شونبزکردنی خەڵکەکە زیاتر پەیوەندی شوێنی گرتنەکەوە هەیە. بەواتایەکی دیکە داخۆ خەڵکەکە دانیشتوی حەوزی کەرکوکن یان نا.

بۆ پشتڕاستکردنەوەیئەم ئەنجامگیرییە وردتر تەماشای ئامارەکانو ئاستی بەرگری پێشمەرگە بەپێی قۆناغەکانو حەوزەکان دەکەین. لەم تۆێژینەوەیەدا بۆ دیارکردنی ئاستی بەرگری هێزی پێشمەرگە پشت بەو زانیارییانە دەبەستین کە لە کتێبەکەی هیومان رایتس ووچ *Iraq's Crimes of Genocide* (تاوانە کۆمەڵکوژییەکانی عێراق) هاتووە لەگەڵ ئەو ئەزمونەی کە نوسەری ئەم بابەتە لەو بوارەدا هەیەتی. بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کەسانەشکە لە هەر حەوزێک لە حەوزەکان، هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئەنفال، لەناوبراونتوێژینەوەکە سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی کە لە خشتەکە ئاماژەی پێکراوە زیاتر پشتی بەو داتایانە بەستوە کە لە کتێبەکەی زیاد عبدالرحمن تونی *مەرگ دا* هاتووە (عبدالرحمان ١٩٩٥: ١٢٤). ژمارەی ئەنفالکراوەکان بەپێی داتاکانی عبدالرحمان (٢٠٠٧) لەوەدەچێت کەمتر بێت لەوەی کە هەیە بەڵام داتاکانی ئەم نوسەرە لە هەموو ئەو داتایانە وردترو گشتگیرترەو تەرکیزیشی کردۆتە سەر ئەو ناوچانەی کە لە

ڕێژە بەپێی حەوز	ڕێژە بەپێی قۆناغ	ژمارەی ئەنفالکراوان	ژمارەی کوژراو	ژمارەی گوندەکان	ڕێکەوتی قۆناغ (ماوە بە ڕۆژ)	ئاستی بەرگری پێشمەرگە	حەوز و ناوچە		قۆناغی ئەنفال
١٢,٩٥	٠,٠١	٩	٤٦٠	٢٤٠	٣/١٩-٢/٢٣ (٢٧)	بەهێز	سەرگەلو بەرگەلو	حەوزی سلێمانی	یەک
	١٢,٩٥	٨٨٣٥	١٦٨	نەزانراوە	٤/١-٣/٢٢ (١١)	نزم	قەرەداغ		دوو
٧٥,٠٩	٦٤,٥٤	٤٤٠٣٥	٤٣	٥٠٤	٤/٢٠-٤/٧ (١٣)	مامناوەندی	گەرمیان	حەوزی کەرکوک	سێ
	١٠,٥٥	٧٢٠١	٣٠٠	٢٠٠	٥/٨-٥/٣ (٥)	نزم	زێی بچوک		چوار
٠,٢٢	٠,٢٢	١٥٠	٥٥	٥٢	٨/٢٦-٥/١٥ (٩١)	زۆر بەهێز	شەقلاوە ڕەواندوز	حەوزی هەولێر	پێنج، شەش، حەوت
١١,٧٣	١١,٧٣	٨٠٠٠	٣٢١	٣١٠	٩/٦-٨/٢٥ (١٣)	زۆر نزم	بادینان	حەوزی دهۆک	هەشت
١٠٠,٠٠	١٠٠,٠٠	٦٨٢٣٠	١٣٤٧	١٣٠٦					کۆ

هەموو ناوچەکان زیاتر خەڵکی تێدا بێسەروشوێنکراوە. داتاکانی ئەو لە هەموو ئەو داتایانەی تا ئێستا لەبەردەستدان نزیکترن لە ڕاستیو بۆ مەبەستەکەی ئەم تۆێژینەوەیەش زۆر بەکەڵکن چونکە چاکتر لە هەموان نەخشی شونبزکراوەکان بەپێی شوێنی دەستبەسەرکردنیان نیشاندەدات. هەر بۆیەش لێرە پشتیان پێبەستراوە. واچاکە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە ٢٠٠٨دا حکومەتی هەرێمی کوردستانلە کتێبێکدا هەندێک ئاماری لەسەر جینۆسایدی کورد لە عێراق لە تۆێ کتێبێکدا بەناوی *خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد* بڵاوکردۆتەوە. بۆ کۆکردنەوەی ئامارەکانو بەرهەمهێنانی کتێبەکە هەزار کەسێک لەسەر ئەم پرۆژەیە کاریانکردوە (حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٨). بەداخەوە داتاکانی کتێبەکە لە هیچ شوێنێک ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفال نیشاننادەن. جارێ لەسەرێکەوە هەموو هێرشو کۆمەڵکوژییەکان، وەک کیمیابارانی هەڵەبجە، کوشتنی کوردە فەیلییەکان، ئەنفالەکان بە هەموو قۆناغەکانییەو کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، هەر هەمووی تێکەڵکراوەو بە ڕێژە نەک بە ژمارە بەپێی پارێزگاکان خراونەتەڕوو. ئەو هەموو پارەیەی لەو پرۆژە زەبەلاحە سەرفکراوە دەبوو نەک هەر ژمارە بەڵکو ناو و شوێنی تاک بە تاک ئەنفالکراوەکانی یاداشتو بڵاوبکردایەوە. بەهەرحاڵ، مەبەست لێرە ئەوەیە کە هەوڵی گروپێک بەناوەی کۆمیتەی بەرگری لە مافی قوربانیانی ئەنفالەکەکان کە لە تونی مەرگ بڵاوکراوەتەوە زانیاری چاکتر بەدەستەوەدەدەن کە لێرە کەڵکیان لێوەرگیراوەو.

خشتەی -١- ئەوە نیشاندەدات کە لە کۆی ٦٨٢٣٠ لەو کەسانەی لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفالەکان دوای گرتنیان بێسەروشوێنکراون ئەوە ٥١٢٣٦ کەسەیان لە حەوزی کەرکوکن، واتە لە ٧٥% ی ئەنفالکراوەکان لە دوو قۆناغەکەیحەوزی کەرکوکن، قۆناغی سێ و چوار. نابێت ئەوە لەبیربکەین کە لەکاتی تێپەڕبوونی کاروانێک لەو خەڵکەیکە لە حەوزی کەرکوک دەستبەسەرکرابوونبەناو شاری 'چەمچەماڵ' دا ئەوا خەڵکی شارەکە ڕێگریان لە کاروانەکە کردوو توانیان خەڵکێکی ئێجگار زۆر ڕزگاربکەن (Human Rights Watch ١٩٩٥ : ١٠٧). ئەمە نەبا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە حەوزی کەرکوک ئەنفالکران لەوە زیاتر دەبوو کە ئێستا هەیە.هاوکات خشتەکە ئەوەش نیشاندەدات کە شونبزکردنی خەڵکە مەدەنییەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئاستی بەرگری پێشمەرگەو سەختی شەڕەکان لە ئانوساتی هەڵمەتەکانەوە نەبووە. بەپێچەوانەوە وەک لە خشتەکە دەردەکەوێت لەو شوێنانەی کە پێشمەرگەو هاوڵاتیان بەرگرییەکی زیاترو سەختترو دوورودرێژتریان کردوە، وەک قۆناغی یەک، پێنج، شەش و حەوت، ژمارەی خەڵکە ئەنفالکراوەکە زۆر کەمترە لە قۆناغەکانی حەوزی کەرکوک کە بەرگری تێیاندا نزم یان مامناوەندی بوو. ئەوانەی لە قۆناغەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت، واتە لە دەرەوەی حەوزی کەرکوککۆژراون یان شونبزکراون بەدەگمەن ژنو

منـدالّیان تێـدابووە. لەکاتێکـدا بەشـێکی زۆر لەوانەی لە حەوزی کەرکـوک بێسەروشـوێنکران ژنو منداڵ بوون.

خوێندنەوەیەکی وردیراپۆرتەکانی هیومان رایتس ووچو ئەو گێرانەوانەی لە سەرچاوەکانی دیکەی سەر ئەنفال بەرچـاو دەکەون دیـاردەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێشـمان نیشـاندەدەن. ئەویـش چارەنوسـی ئەو کەسـانەیە کە لە کـاتی هەڵمەتەکـانی قۆنـاغی دووەم لە ئەنفالەکـان لە حەوزی سلێمانییەوە رووبان لە حەوزی کەرکوک کـردوە. ژمـارەی ئەو کەسـانەی کە لە قۆنـاغی دووی ئەنفـال شـونبزرکران ٨٨٣٥ کەسـن، کە دەکـاتە نـزیکەی ١٣% ئەو کەسـانەی لە ئەنفالەکانـدا بێسەروشـوێنکران. ئەوەی جـێگەی سـەرنجە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ٨٨٣٥ کەسـە لەو کەسـانەن کە لە قۆنـاغی دوو لە نـاوچەی قەرەداغ بەرەو خـوار ڕوویـان لە گەرمیـان کـرد. ئەو کەسـانەی کە لە هەمـان نـاوچە لەکـاتی هەڵمەتو هێرشـەکان بەرەو عەربەتو سلێمانی بەڕێکەوتـن بەگشـتی بە سـەلامەتی نەجاتیـان بووە. لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە مەدەنییـانە دوای هاتنیـان بـۆ نـاوچەی گەرمیـان، واتە حەوزی کەرکـوک، ئەنفـالکراون بـۆیە دەکرێـت ژمـارەی ئەمـانە لە سـەر حەوزی کەرکـوک نەک سلێمانی هەژماربکرێت، چونکە وەک ئاماژەپێکرا لەوێدا دەستبەرسـکراون. ئەگەری زۆرە ڕیـژیم لەکـاتی گرتنیـان نەیزانیبێـت ئەوانە لە کوێـوە هـاتوون بـۆیە چارەنوسـیان وەک چارەنوسـی خەڵکە مەدەنیـیەکەی کەرکـوک بێسەرشـوێنکردن بـوو. بەمەش ژمـارەی ئەوانەی لە حەوزی کەرکـوک ئەنفـالکراون دەبێـتە ٦٠٠٧١ لە کـۆی ٦٨٢٣٠ ئەنفـالکراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە ٨٨% ی هەمـوو ئەو کەسـانەی لە تەواوی کوردسـتان ئەنفالکراون لە حەوزی کەرکوک بـوون. هەر بـۆ بەرچـاوڕوونی واچـاکە ئاماژەبەوەش بکەیـن کە نـاوچەی قەرەداغ، قۆنـاغی دوو لە ئەنفالەکـان، هاوسنوری ناوچەی گەرمیـانەو دڕێژکراوەیەتـی، بـۆیەش دەکرێـت بڵێـین کە ڕێکەوتنەبـووە کە چارەنوسـی خەڵکـی قەرەداغـیش بە چارەنوسـی خەڵکی حەوزی گەرمیان چوو.

خشتەی –١–

نەخـشـەو ژمـارەی شـونبزرکراوەکان بەپێـی قۆناغەکانی ئەنفال

(بـۆ ئەم خشـتەیە کەڵـک لەم سـەرچاوانە وەرگیـراوە: Human Rights Watch١٩٩٥؛ Makiya١٩٩٣؛ عبدالرحمن ١٩٩٥: ١٢٤؛ مەلا شاخی ٢٠٠٧ئەلف: ١١، ٢٠٠٧باء: ١٢؛ دزەیـی ٢٠٠١: ٨٤–١٥٦)

ئەگەر بە وردی تەماشـای شـێوازی مـامەڵەو نەخشەکێشـانی هێزەکـانی حکـومەت لە قۆناغەکانی ئەنفال بکەینو بەراوردیان بکەیـن بە یەک ئەوە زیـاتر مەرازە پێشـوەختییەکانی حکومەتی عێراق لە پەیوەنـد بە خەڵکی حەوزی کەرکوک دەردەکەون. بەپێچەوانەی قۆناغەکـانی یەک، دوو، پێـنج، شـەش، حەوتو هەشت، کە لە حەوزەکـانی سـلێمانیو هەولێـرو دهـۆک ئەنجامـدران، هێزەکـانی ڕیـژیم لە حەوزی کەرکـوک، واتە قۆنـاغی سـێو چـوار، تەواوی ناوچەکەیان پێش هێرشکردنە

سـەر تەوقکردبـوو ڕێگەیەکیـان بـۆ خەڵـکە مەدەنیـیەکە نەهێشـتبۆوە، بەغەیـرەز خۆبەدەسـتەوەدان. لە هەر دوو قۆنـاغەکەی حەوزی کەرکـوک، هێزەکـانی ڕیـژیم پێشـوەخت زیـلو ئـیڤەو ئوتـۆمبێلی نەفەر هەڵگریـان ئامـادەکردبوو. بەمشـێوەیە دوای دەستگیرکردنی خەڵـکەکە لە چەنـد شـوێنێکی کـاتیی کۆیانکردنەوەو دواتر بۆ تۆپزاوە ڕەوانەیانکردن. لەوێـدا پرۆسـەی هەڵاوێـردنو کوشـتنو شـونبزرکردنو لەنـاوبردن دەسـتیپێکرد. ئەم پرۆسـە ڕێکخـراوە بەدەگـمەن لە قۆناغەکـانی دیـکەی ئەنفـال جێبەجێکـران، قۆنـاغی هەشتی حەوزی دهـۆکی لێـدەرچێت کە تـاڕادەیەک لە مامەڵەی حەوزی کەرکوک دەچوو. سـەرەڕای ئەم قسـەیە، لە حەوزی دهۆکـدا خەڵـکەکەو ناوچەکانیـان بەتەواوی تەوقنەکرابـوون. ئەمەش بوو بە مـایەی ئەوەی نـزیکەی ٨٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناوچەکە نەجاتیـان بێـتو بەرەو تورکیـا

بـــڕۆن چـــونکە ســـنورەکان بەربەرەڵا بـــوون (Human Rights Watch ١٩٩٥: ٢٦٧).
سروشتی گشتگیریو هەمەلایەنیو پلان بۆ دانانو ڕێکخراویی هەڵمەتەکانی ئەنفال ئەوە دەردەخات کە حکومەتی عێراق مکوڕبووە لەسەر نەهێشتنی ئاســـەواری کـــورد لە کەرکـــوکو دەوروبەری، بەتایبەتی ئەو ناوچـانەی کەوتـونەتەو باشوری کەرکـــوکو ســـنورەکانیان پێشـــتریش بەر هەرڵمەتەکـــانی تەعریـــب کەوتبـــوون وەک دەوروبەری قەزای توزخورمـاتوو کەلار. بـێجگە لەو بەڵگەو داتایـانەی تـا ئێستا خستمانەڕوو، راستی ئەم تێگەیشتنە لەوەش دەردەکەوێت کە دوو عەشـــــیرەتە هەر زەرەرمەنـــــدەکەی هەڵمەتەکانی ئەنفال نیشتەجێی ئەو ناوچـانەن، ئەوانیش روغزاییو داودەن.

ئەنفال: بۆ تەرکیز لەسەر کەرکوک

پرسـیاری گرنـگ ئەوەیە باشـە بـۆ حکـومەت تەرکیـزی خـۆی لەسـەر ناوچەکـانی دەوروبەری کەرکـوک کردبـوو بـۆ لەنـاوبردنو قڕکردنـی خەڵـکەکەی. بـۆ وەڵامـی ئەم پرسـیارە دەبێـت بگەڕێیـنەوە بـۆ ئەو هۆکـارانەی کە سـاڵانێکە بـوونەتە مـایەی پێکنەهـاتنی کـوردان لەلایەکـو حکومەتی عێراقـی لەلاکەی دیکە ئەویـش پـرسـو چارەنوسی کەرکوکو ناوچەکانی دەوروبەریەتی. چارەنوسـی ئەم دەڤەرە لەو رۆژەوە کوردسـتانی باشـور بە عێـراقەوە لکێنـراوە گرێکـوڕەی پرسـی کورد لە عێراقپێکدێنێت. کوردەکـان بەردەوام، بە گەڕانەوە بـۆ فـاکتە مێژوویـیو جوگرافییەکـان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کەرکوکـو ناوچەکـانی دەوروبەری بەشـێکی دانەبـڕاوی کوردسـتانن‌و دەبێت بخرێنە سـەر ئەو هەرێـمە ئۆتۆنـۆمە یـان فیدراڵییەی کە لە عێراقـدا بۆیـان دیاریـدەکرێت، ئەوە ئەگەر نەڵێـــــین دەوڵەتە ســـــەربەخۆ خەونپێبینراوەکەیـان. کەچـی لە بەرابەر ئەمەدا، حکومەتەکانی عێراق ترسی ئەوەیـان هەبـووە کە ئەگەر کەرکـوک بخـرێتە سـەر کوردسـتان ئەوە ئەمە دەبێتە فاکتەرێکی بەهێـز بـۆ جیـابوونەوەی کوردەکـان لە عێـراق چـونکە ئەوان پێیـانوایە کە کەرکـوک دەبێـتە زامـنکەری پاڵپشـتی ئـابوری دەوڵەتە جیـابووەوەکە. لە چاوپێکەوتنێکـدا لە کۆتـایی سـاڵانی نەوەتەکـانی سـەدەی ڕابـردوو، تـاریق عەزیـز، کە ئەوکـات وەزیـری دەرەوەی عێراق بوو، گوتی "کەرکوک نابێت بخـرێتە سـەر ناوچەی حوکمی زاتی چونکە خستنەسەری دەبێتە هەنگـاوی یەکەم بـۆ جیـابوونەوەی [کـورد لە عێراق]" (نعنـاع ٢٠٠٠: ١٦٣). ئەمە لە پەیوەنـد بە خـــاکی کەرکـــوکو ناوچەکـــانی دەوروبەری سـەرچاوەکانی ژێـر خـاکەکەی، بەڵام تێڕوانینـی حکـومەتی عێـراق تەنیـا بەوەناوەسـتێت کە ئەم خاکـانە دابـڕێ بەڵکـو بـۆ زامنکردنـی هەتـا هەتـــــایەیی کەرکـــــوکو دەوروبەری ئەوە لەوەدەچێت ئەوان پێیانوابووبێت کە نابێت کورد لەسـەر ئەم خاکـانە بـوونی بمێنێـت. ئەمەش لە قسەیەکی عەلی حەسەن مەجید دەردەکەوێت. ئەو لە دوای هەڵمەتەکـانی ئەنفـال لە ١٩٨٩/٤/١٠ دا بـاس لە ئامـانجە سـەرەکییەکانی ئەنفـال بـۆ کۆمەڵێـک لە ئەنـدامانی حزبـی بەعـس دەکـاتو دەڵێت:

مـن دەمەوێـت بـاس لە دوو خـاڵ بـکەم، یەکەم، تەعریـبو دووەم، خـاکە هاوبەشـەکانی نێـوان ناوچە عەرەبییەکانو ناوچەی حوکمی زاتـی. ئەو خـــاڵەی کە ئـــێمە دەمانەوێـــت باســـی بکەیـــن کەرکـوکە. مـن کە هـاتم، عەرەبو تورکمـان [بە هەردوکیـــان] پەنجـــا لە ســـەدای دانیشـــتوانی کەرکوکیـان پێکنەدەهێنـا. سـەرەڕای هەمـوو ئەم شتانە، مـن شەسـت ملیـۆن دینـارم سـەرفکرد تـا گەیشتینە ئەم حالەتەی ئێستا. ئێستا ئاشکرایە! [بەڵام] بـۆ ئاگاداریتـان ئەو عەرەبـانەی کە ئـێمە هێنامـانن بـۆ کەرکـوک رێژەکەیـان نەگەیانـد بە شەسـت لە سـەدا. بـۆیە ئـێمە ڕێنمـایی دیکەمـان دەرکـرد. مـن قەدەغەم کـرد کـورد لە کەرکـوک کـاربکەن تەنـانەت لە گونـدەکانو دەوروبەریشی (Human Rights Watch ١٩٩٥ Appendix : ١).

لە قسـەو تێڕوانینەکـانی تـاریق عەزیـزو عەلـی حەسـەن مەجیـد ئەوە دەردەکەوێـت کە بـێجگە لە دابڕینی کەرکـوک وەک خـاک، حکـومەتی عێـراق

هەمیشە کاری لەسەر سڕینەوەی ئاسەواری کوردیش کردوە لە کەرکوکو دەوروبەرەکەی. واپێدەچێت کە حکومەتی عێراقی لە سەرژمێرییەکەی ١٩٨٧ دا ئەوەی بۆ دەرکەوتبێت کە ڕێژەی زیادبوونی کورد بە بەراورد لەگەڵ عەرەب لە عێراق زیاتر بووبێتو درکی ئەوەشی کردبێت کە هۆکاری ئەم زیادبوونە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کوردەکان زۆر کەمتر لە عەرەبەکان لە بەرەکانی شەڕی عێراقو ئێران دەکوژران چونکە کوردەکان، سالّی یەکەمی لێدەرچێت، زۆر کەمتر بەشداری شەڕەکانیان کرد. ئەمەش بە هەلّاتنو خۆشاردنەوە بووبێت، بە چوونە ناو ریزەکانی پێشمەرگە بووبێت یان بە دزینەوە وەک جاش لە ئەفواجە خەفیفەکان بووبێت. بۆیە دەکرێت هەلّمەتەکانی ئەنفال بەمەبەستی راستکردنەوەی ئەم ناهاوسەنگییە لە زیادبوونی کوردو کەمبوونی عەرەب دارێژرابێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وای بۆ دەچین کە حکومەت بەئانقەست کوشتنو شونبزرکردنو لەناوبردنی کوردانی کەرکوکو دەوروبەری وەک بەشێک لەم ئامانجە هەلّبژاردبێت. بە سادەیی گوتەنی حکومەت ویستبووی دوو کێشکەی بە یەک بەر بکوژێ، یەکەم: کەمکردنەوەی ڕێژەی زیابووی کورد بەگشتی، دووەم: سڕینەوەی کورد لە دەوروبەری کەرکوک بەتایبەتی.

ئەنجام

ئەوەی بە زەقی وەک ئەنجامێکی سەرەتایی ئەم تۆێژینەوەیە دەردەکەوێت ئەوەیە کە لە ئانوساتی ئەنفالەکانو دواتریش ئیدی حکومەتی عێراقی وەک هاوڵاتی عێراقی تەماشای کوردەکانی نەدەکرد ئەمەش بە زەقی لە ناولێنانی هەلّمەتەکان دەردەکەوت لەگەڵ ئەو درندە نواندییە لەگەڵ خەلّکە بێچەکەکەی کوردستان.هەلّمەتەکانی ئەنفال کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی لەسەر کوردەکانی عێراق دانا. وەک هۆلۆکۆستی جولەکەکان، ئەنفال بۆ کورد بوو بە میتافۆرێکی بەهێز کە نوێنەرایەتی ئەزمونە هاوبەشەکەیان بکات. هاوکات بوو بە مایەی دروستبوونی کۆیادێکی دیکە لەو کۆیادانەی کە ئەندامانی گەلێک لێکنزیکەکاتەوەو هاوشوناسیو هاوچارەنوسی بەهێزدەکاتو خەونی رزگاریو سەربەخۆی بەزیندویی رادەگرێت. کۆیادێکو هاوچارەنوسییەک کە نەوەکانی ئێستاو دواڕۆژ بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەوانەیە دەنگۆی ئەنفال بۆ چەندین سەدە لە گوێی کورد بزرنگێتەوە. دەکرێت بگوترێت کە هیچ ڕووداوێک لە میژووی کوردانی عێراق بە قەت ئەنفال نەبۆتەوە هەوێنی شیعرو پەخشانو لاوانەوە بۆ شاعیرو ڕۆشنبیرو نوسەرانی کورد (بڕوانە خەبار ١٩٩٧: ١١–١٧؛ بێکەس ٢٠٠٦: ٣٣٢–٣٥٦؛ عەلی ٢٠٠٦؛ سیوەیلی ٢٠٠٨: ١٨٣–١٩٢).

بۆ کوردەکانی عێراق دەکرێت بگوترێت کە ئەنفال قۆناغێکی دابڕە لە میژوویاندا. میژووی کوردەکانی عێراق لەم ولّاتەدا دەکرێت بەسەر دوو قۆناغدا دابەشبکرێت: میژووی پێش–ئەنفال (pre–Anfal history)ومیژووی دوای–ئەنفال (post–Anfal history).ئەگەر شانسی ئامێزانی (integration)کوردان لە عێراق پێش ئەنفالەکان بوونێکی هەبووبێت ئەوە ئەنفال ئەو شانسەی ئەگەر نەکوشتبێت ئەوە دەکرێت بگوترێت ئێجگار کەمکردۆتەوە.

سەرچاوە کوردیو عەرەبییەکان

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦) *دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی سێیەم ١٩٧١–١٩٩٣* ، کوردستان: دەزگای چاپ دیارنییە.

حسین، صدام (١٩٧٦) *خندق واحد ام خندقان*، بغداد: دار الثورة.

حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٨) *خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد* ، هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەو ئامار.

خەبار، جەمال (١٩٩٧) *مەنفاکان لێرەوە دەستپێدەکەن*، سلێمانی: چاپخانەی سلێمانی.

دزەیی، یوسف (٢٠٠١) *ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی*، هەولێر: دەزگای موکریانی.

سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٨) *نەتەوە و حیکایەت بەرگی ١–٢* ، هەولێر: دەزگای موکریانی.

عبدالرحمن، زیاد (١٩٩٥) تووني مەرگ: هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگانەمەکانی ڕیژیم دا، تەوریز: دەزگای چاپ دیارنییە.
عەبدول، هێمن باقر وعەبدوڵا، بەرهەم عومەر (٢٠٠٤) ئەنفالی سێو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، کوردستان: چاپخانەی تەوار.
عەلی، بەختیار (٢٠٠٦) شاری مۆسیقارە سپییەکان، سلێمانی: ڕەنج.
مەلا شاخی (٢٠٠٧باء) ئەنفالی خاڵخاڵان، کەرکوک: چاپخانەی کارۆخ.
مەلا شاخی (٢٠٠٧ئەلف) ئەنفالی ڕەش، کەرکوک: چاپخانەی کارۆخ.
نعناع، حميدة (٢٠٠٠) رجل وقضية، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Human Rights Watch.Iraq's Crime of Genocide: the Anfal Campaign against the Kurds. New Haven: Yale University Press, ١٩٩٥.
Makiya, Kanan. Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising and the Arab World. New York: W. W. Norton, ١٩٩٣.

کۆڕێکی تری بەکۆمەڵ لە شەنگاڵ دۆزرایەوە.

ئەنفالستان : ٢٠١٧/١١/٢٣ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەقەزای شەنگال دۆزرایەوە.
لەدوای ڕزگارکردنی شەنگالەوە هەتا ئێستا چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ لەسنوری قەزاکە دۆزراونەتەوە، کە بەدەستی چەکدارانی داعش بەکۆمەڵکوژرابوون، گۆڕێکی دیکەی بەکۆمەڵ لە سنوری قەزای شەنگاڵ لە ڕەمبوسیە دۆزرایەوە کەبەم گۆڕەوە ژمارەی گۆڕە دۆزراوەکان گەیشتنە (٢٥) گۆڕی بەکۆمەڵ . بەڵام تایبەتمەندێتی ئەم گۆڕەبەکۆمەڵە ئەوەیە کە ژن ومنداڵی تیدایەو تەنها قوربانیەکانی پیاونین بەپێچەوانەوە ژمارەی ژنەکان زیاترن لەژمارەی پیاوەکان .
بەپێی قسەی بەڕێوەبەری کاروباری ڕفێنراوەکان لە پاریزگای دهۆک بۆ مالپەڕی خەندان دەڵێ: ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە ٧٥ تەرمی تێدایە و پێکهاتون لە ٢٣ ژن، ٦ منداڵ، ١٣ پیاو جگەلەوەی هەندێکیان ڕەگەزیان یەکلایی نەکراونەتەوە.
ئەگەرچی لە عێراقدا یاسایەک بۆ هەڵدانەوەی گۆری بەکۆمەڵ هەیە، بەڵام وەزارەتی کاروباری شەهیدان و حکومەتی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی ناتوانن سەربەخۆو بەبێ هەماهەنگی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی ئەوکارە بکەن. بۆچارەسەری ئەم کێشەیە بەڕێوەبەری کاروباری بێسەروشوێنکراوەکان بەخەندانی ڕاگەیاندووە : (داوامان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە تیمەکانی سەبە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوانی هەرێمی کوردستان بڕۆنە ئەوێ بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستی گۆڕەکە هەڵبکۆڵن چونکە لە ئێستادا ڕێگای نێوان هەرێم و شەنگال گیراوە).
لەڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٣ چەکدارانی داعش پەلاماری شەنگال وگوندەکانی دەوروبەریانداو هێزەکانی پێشمەرگەش هیچ بەرگرییەکیان لەناوچەکە نەکردو بەهۆیەوە تاوانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی کەوتەوەو بەهەزاران ژن ومنداڵ کەوتنە بن دەستی داعش و بەسەدان پیاویش گیران و کۆمەڵکوژکران .

چیرۆکی بوخچەکان

سمکۆ سابیر شەریف



فەیمەو جلی بوکێنیەکەی هەرلەسەردانەکەماندا بۆ گوندی سپی سەر بەچیرۆکی بوخچەکان گەیشتین، فەیمە رۆستەم مەحمود لە گوندی سپی سەر قسەی بۆکردین و لەبارەی ئەنفال و جلی بوکێنیەکەی دواو وتی: تازە شوم بەحوسێن کردبوو (باوک کوردستان) ئەم جلانەی لەناوچەی زەنگاباد بۆ کرێم لەبان سندوق .ئەو کاتە فیراری عەسکەری بوو کەهاتەوە بۆ مالّەوە بۆ گوندی سپی سەر ئەم جلانەی لەگەڵ خۆیدا بەدیاری بۆ هێنابووم . یەکێک لەجۆرەکانی ئەم جلانە پێیدەڵێین : کرێم ، کەوای تەنووریی ،ئاوریشم ،پەڕۆیەکەی بان چاویشم ماوە،کەلەکاتی بۆکێنی ئەیاندایە سەر دەم و چاوت، بەڵام رەنگەکەی کاڵ بۆتەوە . کەواکەی تریش لەمالّی باوکم بۆیان کڕیبووم ،کاتێک گەنج بووم و هێشتا هاوسەرگیرم نەکردبوو . هەرلەکفری بۆمیان دووری پێیدەڵێن :تولە مار، چونکە ئەم جۆرانە لەو سەردەمەدا مۆدێل بوون . چەند ساڵێک بەر لەئەنفال بوو ، وابزانم سالچی ١٩٨٥ بوو .هەرچەندە هاوسەرەکەم فیرار بوو بەڵام دڵمان بەژیان خۆش بوو . تەنها بۆماوەی چوار ساڵ لەگەڵ پیاوەکەم بووم ئیتر ئەنفال کرا .

فەیمە رۆستەم دەڵێت : من لەساڵی ١٩٦٣لەگوندی فەقێ مستەفا لەدایکبووم و لەتیرەی (زەند)ین . گوندەکەمان نزیکەی نەوەد ماڵ دەبوو.کەوتبووە نێوان دوو چەم ، چەمی ئاوەسپی و چەمی مامران . فەقێ مستەفا یەکێکە لەگوندە جوان و بەسودەکان بەتایبەتی لەچەمی ئاوەسپی نزیکەو خەڵکەکەشی بەکشتوکاڵ خەریکبوو .گوندێکی بەپیت و بەداهات بوو . سەبارەت بەوەی چۆن ژیانی هاسەرگیری پێکهێناوە،فەیمە دەڵێت : پیاوەکەم لەعەسکەری رایکردبوو، مالّی برایەکی لەسپی سەر بوو، ئێمەش ئەوکات لەگوندی فەقێ مستەفا بووین، ئیتر بەهۆی هاوسەرگیرییەوەساڵی ١٩٨٤ قسمەتم رۆیشت بۆ سپی سەر . حسێنی هاوسەرم دوای ئەوەی لەسەربازی ڕیژیم فیراری کرد،ئیتر گەڕایەوە ناوچەی زەنگابادو بەنهێنی پێشمەرگەی دەبرد بۆ ئەو ناوچانە چاوساغی و هاوکاری دەکردن،هەتا ئەنفال بەمشێوەیە مایەوە .ئەو یەکێتی بوو لەلای مام جەلال بووە و پێشمەرگەی ئەویش بووە. خێزانەکەی ئێمە لەشەش خوشک و دووبرا پێکهاتبوو، باوکم لەنوگرە سەلمان گەڕایەوە ، عەجاج لەکاتی ئازادکردنەکە بانگی کردبوو، بەڵام باوکم نەیوێرا وتبووی دمانخەنە بەحرەکەوە بۆ ئەوەی ماسی بمانخوات،بۆیە خۆی شاردبووەوە عەجاجیش لەداخا خستبوویە دووا قافڵەو دوواکەس بوو کەلە نوگرە سەلمان گەڕایەوە .حەوت ساڵ بەر لەئێستا کۆچی دوایی کردووە. باوکم دەیگووت زۆربەی مردووەکانی



نوگرەسەلمان بەدەستی من و هاوڕێکانم دەنێرژران . بەهۆی عەرەبانەیەکی دەستی دەڕۆیشتین لە نزیک قەڵاکە کەمێک لممان بەسەر دادەکردن و تەنها دەمانشاردنەوە . کەسوکاریشم زۆر ئەنفالکراون دوو مامەم بەناوی مەجید و فەتاح بەشەش حەوت سەر خێزانەوە ئەنفالکراون، مامەم مەجید پێنج کوڕو دوو کچ و خێزانەکەشی دوو گیان بوو،مامەکەی تریشم فەتاح پێنج کوڕو دایک و باوکیشی لەنوگرە سەلمان گەڕانەوەو کۆچی دوواییان کردووە، کەس نییە ئەنفالانەشیان بۆ وەربگرێت. سەبارەت بەوەی چۆن تائێستاو دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سی ساڵ ئەم جلانەی پاراستووە و نەیهێشتووە لەناو بچێت،گووتی : من لەخۆشەویستی باوکی کوردستان ئەم جلانەم پاراستووە و دەشیپارێزم . لەگەڵ کوردستانی کچم تەنها ئەم یادگارییەمان ماوە . زۆر زۆر بەنرخەو ئەگەر ساڵی جارێکیش لەبەری بکەم هەر پێیدڵخۆشم و شانازی بەم یادگارییەوە دەکەم . ئەو زۆر حەزی لەڕەنگی سوور بوو، زۆربەی دیارییەکانی ڕەنگی سوور بوون . ئێستا ئەم جلانە دەپارێزم وادەزانم ئەو چاوی لێمەوەیە و هەستی پێدەکات و پێیدەزانێت . زۆر دڵخۆشم بەپاراستنی ئەم بوخچەیە،یادگاری پیاوێکی خۆشەویست و هاوسەرم بوو. زۆر کەم بەیەکەوە ژیاوین . بۆیە لەدوای ئەنفال چەندین جار هاتنە داوام بۆ هاوسەرگیری ، ڕێزم بۆ هەموو پیاوێک هەیە، بەڵام دوای باوک کوردستان ، چاوم هیچ پیاوێکی تری نەبینی . وامزانی ئیتر دونیا تەنها حوسێنی تێدابوو . زیاد لە دە جار هاتوون بۆ داواکردنی من ، هەموو جارێک کە ڕەتمدەکردەوە شوو بکەم ،لەگەڵ ئەوەش زۆر دەگریام ،پیاوەکەم بیر دەکەوتەوە .خۆشەویستی ئەو بۆمن دەهاتەوە بەر چاوم . ئیتر چاوم بەرایی نەدەدا بەخەیاڵیش بیرلەشوکردن بکەمەوە . فەیمە باس لەوەش دەکات زۆر بەکەمی لەخەوما حوسێنی ئەنفالکراو هاتۆتە خەونی .دەڵێت زۆر بەکەمی هاتۆتە خەونم . سەرم لەوە سوور ماوە بۆچی کەم هاتۆتە خەونم .چونکە زۆر لەلای یەکتری خۆشەویست بووین، ڕێزی یەکتریمان زۆر دەگرت، کەچی بەقەدەر ئەو خۆشەویستییە نەهاتۆتە خەونم . سەبارەت بە سەردەمی ئەنفال و چۆنیەتی خۆ ئامادەکرد لەکاتی شاڵاوەکە، دایکی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لەلایەن کادیرێکی سیاسی یەکێتی بەناوی مەلا سەعید کەبەر لە چەند ساڵێک سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بووە و خەڵکی قەزای کفری یە،ئاگادارکراینەوە کە دەبێت لەئاوایی دەربچین ، چونکە مەترسی ئەوە هەیە فڕۆکەکانی عێراق بۆمبابارانی گوندە بکەن و ژیانمان بکەوێتە مەترسییەوە .بۆیە لەئاوایی دەرچووین و بەرەو قادر کەرەم ڕۆیشتین ،خوشکێکم لەگەڵ دابوو، خۆشم دووگیان بووم . دونیا شڵەژیا بووە گۆم زرێبارو بووە ڕۆژی حەشر ،منیش لەچاوەڕوانی منداڵبوون بووم ،لەسات و کاتی خۆمدا بووم ، ئیتر کە دەرچووین کوردستان منداڵ بوو لەباوەشمدا بوو.ئەمناوە هەمووی سوپاو جاش بوو، هەموو خەڵکی ئاوایی بەیەکەوە دەرچووین،ئێمە لەڕێگە مەکینەی خۆمانمان پێبوو،لەو هەردە پەکی کەوت و جێمانهێشت

.کەنزیک بوویٚنەوە لەقادر کەرەم ، ژمارەیەک جاشی تەحسین شاوەیش هاتنە پیریمانەوە،وتیان بێنە لای ئێمە خۆتان تەسلیم بکەنەوە، هەر لەوێ سمایل عەزیز ئاغای زەنگنەش وتی ناوەرن خۆتان لای ئێمە تەسلیم بکەنەوە ،ئەو زەنگنە بوو،پیاوەکەشم زەنگنە بوو، لەلای بیر ئاوەکەی قادر کەرەم بووە شەڕو دەمەقاڵە لەسەر ئێمە هەردوو موستەشار دەیانگووت دەبێت لای ئێمە خۆتان تەسلیم بکەن . ئێمەش خوا خوامانە پیاوەکانمان بەسەلامەتی دەربچن و هیچیان پێنەیەت .ئیتر چووین بۆ ماڵی پیاوێک بەناوی قادر ئەحمەد لەقادر کەرەم .دواتر پیاوەکانیان لێجیاکردینەوە زانیمان کەلەلایەن بارقەوە براون .دواتر پیاوەکەی من و پیاوێ: بەناوی نامیق رۆیشتن بۆ ئەوەی مەکینەکە بهێنەوە و بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە بین .کە گەڕانەوە پیاوەکان برابوون ،کەسیان لەوێ نەمابوون ،ئیتر نامیق تووڕەبوو وتی بۆ بەجێیانهێشتووین و ئێمە بەتەنیا ماینەتەوە ،ئێستا ئێمە روو لەکوێ بکەین .ئیتر حوسێن و نامیق لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی تردا بران . ئیتر ئێمە بەتەنیا ماینەوە ،کەس نەیزانی ئەو پیاوانە چییان لێهات ،ئاو بردونی ، زەوی قووتیدان ، بەناچاری چووین بۆ ناو کەلاوەیەکی شڕ،لەخوار قادر کەرەم کەبەرەو داویە دەڕۆیت، باران بوو،لایەکی رووخابوو، قامیشەکانی سەر خانووەکە هاتبووە خوارەوە . لەنیوەی شەودا ژان گرتمی ، جاش و سوپاش لەمناوە دەهات و دەچوون،میمکێکم کەئەویش هەموو تەمەنی بۆ دوو کوڕەکەی تەرخانکردو دواتر ئەوانیش ئەنفالکران،لەگەڵماندابوو داوام کرد بێت بۆلام ، شوبرایەکیشم لەگەڵ ئێمە مابوویەوە ، ناوی ماو ئەولا بوو، پێموت بڕۆ میمک نەشمیل م بۆ بهێنە، کە میمک نەشمیل هات بۆلام گیانی دەلەرزی ، دوو کوڕی برابوو، هەموو گەنجی خۆی نایە سەر ئەم دوو کوڕەی ، خەتاب و بەبان ، سمایلی عەزیز ئاغا بردیانی ،میمکم وەزعی زۆر خراپ بوو، ئیتر لەو کەلاوەیە منداڵم بوو،کوڕ بوو. بارانیش بەردەوام بوو، میمک نەشمیل وتی ئەم منالە تەواو نییە،منداڵەکەش هەر دەیقیژاندو میمکیشم لەبەر دوو کوڕەکەی ئاگای لەهیچ نەمابوو،وتی من دەڕۆم بۆ لای سمایلی عەزیز ئاغای زەنگنە بەڵکو شتێکم بۆبکات خەتاب و بەبانم بۆ ئازاد بکات ، ئیتر منی بەجێهێشت .ماو ئەولاش هاتە ژورەو منداڵەکەی بردو وتی منداڵەکە مردووە ، ئیتر لێمیان دوورخستەوە . ئیتر دڵنیا نیم منداڵەکەم سەگ خواردی سوپاکەی بارق بردی خۆی مردبوو، بەدڵنیاییەوە نازانم ئەم منداڵەم چی بەسەر هات. هەرچەندە مام ئەولا دەیوت منداڵەکە مردووە بەڵام من قەناعەت ناکەم مردبێت .چونکە من زۆر دەگریام بۆ منداڵەکە ئەویش دەیوت مردووە . میمکم نەشمیل هەتا مردیش هەر پێیدەوتم منداڵەکەت مرد بەڵام من گومانم لێیاندەکرد.کوردستانی کچم هەتا شوشی کرد دەیوت دایە براکەم دێتەوە و لەژیاندایە .من زۆر گومان دەکەم سوپاکەی بارق ئەم منداڵەی منی بردبێت . لەکۆتاییدا فەیمە داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ،منداڵەکانیان بۆ دابمەزرێنن،چونکە ئەوان بەدەردەسەری و بەگوڵە چنەو چنینی دەسکە نۆک و کرێکاری قورس ئەم منداڵانەیان گەورە و بەخاوەن کرد ،کەچی دوای تەواو کردنی خوێندن لەماڵەوە دانیشتوون و دانامەزرێن . بۆکوردستانی کچم گوڵە چنەم بۆ دەکرد بۆ ئەوەی قەڵەم و دەفتەری بۆبکرم .ئێستا پەیمانگەی ژمێریاری لە ٢٠١٣ تەواو کردووە، ئەڵێن بەبێ واسیتە کردن دانامەزرێت، ئێمەش مەگەر واسیتەمان خوا بێت . دایکی کوردستان باسی ئەوەشی کرد کە کاتێ منداڵ بووە لەکاتی نانخواردندا دەیگووت دایە ئەی بەشی باوکم بۆ هەڵناگرێت ، دواتر گەورەبوو تێگەیشت کە ئیتر باوکی ئەنفالکراوەو ئیتر ناگەڕێتەوە .

یادەوەریە تاڵەکان

ئاکۆ سیرینی
٢٠١٦/٢/١٦ سلێمانی

ئەنفالی یەک و جینۆسایدکردنی دۆڵی جافایەتی

حکومەتی عێراقی لە شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ ی شوباتی ١٩٨٨ دا زۆر دڕندانەبە کیمیایی هێرشی کردە سەر دۆڵی جافایەتی و گوندەکانی یاخسەمەر، هەڵەدن، سەرگەڵو، بەرگەڵو، مێرگەپان، چۆخماخ، مالومە، قزڵەرو چاڵاوای بە خەستی بۆردومان کرا.

لەو کاتەدا من تەمەنم ١٥ پانزدە ساڵ بوو، لە بەر دڕندایەتی پیاوانی بەعس و سیستمی تۆتالیتاریانەی حیزبی بەعس لە گەڵ چەند هاوڕێیەکم ڕۆیشتین و لە تیپی پارێزگاری بوبوین بە پێشمەرگە. دڵشاد ئەحمەد شەریف کە کوڕی پوریشمە تەمەنی ١٦ ساڵ بوو، سەلام مارف (سیاگوێزی)یش هەر ١٥ ساڵ بوو، شەهید سۆران عەبە دالار و شەهید ئازاد ١٥ ساڵ بوون وەک من.

هەرکەس دەیەوێت بزانێت و تێبگات بۆ ئێمەی مێرد منداڵ بوبوین بە پێشمەرگە بە بچێت هۆنراوەی (سوتماک)ی گەورە شاعیر(شێرکۆ بێکەس) بخوێنێتەوە.

ئەو شەوە من و هاوڕێم ڕزگار لەبارەگای تیپ مابوینەوە کە لە ناو گوندی یاخسەمەر بوو، ماڵی خانەوادەی شەهید عەبە دالار و سەرتیپەکەمان ڕەحمان سیتەکی و کاک سەربەستی جیهاز و چەند ماڵ و بارەگایەکی تر لە ناو گوندەکە بون و هەندێک ماڵیش لە دەرەوەی گوند لە ترسی تۆپ و تەیارەی ڕژێم پەنایان بردبوو بۆ ناو دارستانەکەی خوار گردەگەورە.

ئەو شەوە سەعات دووی شەو بوو، کە تۆپباران دەستی پێکرد، من لە شیرینی خەودا بوم و ڕاچڵەکیم، دەنگی بۆمبارانەکە ئەوەندە بەهێزو تۆقێنەربوون وەک ئەوە وابوو شاخی ئاسنگەران وسارا بە سەرماندا بڕوخێت، ڕامکردە



هەیوانەکەو سەیری ئاسمانم کرد بینیم وەک ئەوەی ئاگر ببارێتە خوار وابوو. لەگەڵ ڕزگاری هاوڕێم خۆمان خزانە ناو کونە تەیارەکەوە، کە لە ژێر هەیوانەکەماندا بۆ خۆپاراستن دروستکرا بوو.

دوای چەند دەقیقەیەک بۆنێکی سەیر هات کە پێشتر من ئاشنای ئەو بۆنە بووم و زانیم کە کیمیاییە، چونکە ئەوە دوەم جار بوو یاخسەمەر بە چەکی کیمیایی هێرشی بکرێتە سەر.

ئەو بۆنەی کە تا ئێستاش پێی تێک ئەچم وەک بۆنی شێلمی کاڵ بوو. ئەو بۆنەی ژیانمی گۆڕی لە کەسێکی ئاساییەوە بۆ کەسێکی تەنگە نەفەس وکەم تەحەمول بە دوکەڵی هەموو شتێک، ئەو بۆنەی بۆ هەمیشە سنگو چاوی تێک دام. دوای ئەوە ماوەی پێنج شەوو ڕۆژ نەیهێشت بخەوم و هەندێک لە هاوڕێکانم وایاندەزانی شێت بووم.

هەر ئەو شەوە کاک هیوا قلیاسانی کە شۆفێری هەڤاڵ مام جەلال بوو بە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی هەڤاڵ مام جەلال من و ڕزگارو خێزانی ڕەحمان سیتەکی و ماڵی کاک ئەکرەم و کاک سەربەستی جیهازو مهاباد خانی خێزانی گەیاندە نزیک خەستەخانەی بەرگەڵوو، مەخابن لە نزیکی ئەوێ ئۆتۆمبێلەکەمان کەوتە قوڕەوەو چەقی ئەوە بوو کاک کاوەی ئیزاعەو کاک شەهابە

سوور هاتن بە دەنگمانەوەو منالّەکانیان کردە باوەش و دەستی ئێمەشیان گرت بەرەو خەستەخانەکەو تا گەیشتین دنیا ڕوناک بوەوە.



هەر لەوێ هەمومان چارەسەرمان وەرگرتو من دوو دەرزیم لێدرا.

لە گەڵ دەمەو بەیان لە دوای ئێمە شەهید عەبە دالارو خێزانەکەی و منالّەکانی و شەهید جلال عەبەدالار و شەهید کەمال عەبە دالاروشەهید سۆران عەبە دالارو شەهید ئازاد کە زۆر هاوڕێ بوین بە تراکتۆرێک گەیندرانە خەستەخانەکەو تەنها کمال و جلال چارەسەریان بۆ کراو مەخابن دواتر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەردوکیان شەهید بوون.

ئەوەی زۆر کاری تێکردم بینینی مامۆستا علی سۆفی پێنجوێنی بوو بە بریندارى کە هەردوو دەستیان گرتبوو پڕ بە قوڕگی هاواری دەکرد وەک شێرێکی بریندار.

منی پانزدە ساڵ مەحکووم بووم بە بینینی ئەو تراژیدیایەی کە ٢٨ ساڵی بە سەردا ڕویشتوەو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

سوپاسی بێ پایانم بۆ کاک هیوا قلیاسانی و کاک کاوەی ئیزاعە کە ڕزگاریان کردم ونەمردم.

بەڕۆحم قەرزاریانم.

سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان.





كازم فەتاح :
لەدوای ئەنفال پێناسی باری كەسێتیم نەبوو. دایكم و باوكم لە نوس هێشتا هەر كوروكچ بوون. ئەوە بۆمن بووە گرفت وهەتا چاكم كرد زۆری پێچوو.

ناو : كازم فەتاح محەمەد
لە دایكبوی : بە پێناسە ١٩٨٢ بەڵام لەبنەڕەتدا نازانێ
شوێنی نیشتەجێی ساتەوەختی ڕوداو : كوڵەجۆی حاجی حەمە جان
دانیشتووی ئێستا : ڕزگاری – گەڕەكی ئاسودە
دیمانە عومەر محەمەد .
فۆتۆ:سمكۆ سابیر .
كات : ٢٠١٦/١١/٥ /٨:٣٠ی شەو.
شوێن : ڕزگاری ماڵی كازم .

لە ئێوارەیەكی دڕەنگ وەختدا لەگەڵ هاوڕێ وهاوكارم سمكۆسابیر گەیشتینە كۆمەڵگای ڕزگاری، هەرچەندە ئێمە دەبوو زووتر لە وادەی خۆمان بگەیشتینایە، بەڵام بەڵای كەمەوە نیو كاتژمێر دڕەنگتر گەیشتین، چونكە تاقانەی ئەنفال سەباح نەجمەدین پەیوەندیەكەی ڕێكخستبوو ئەو چاوەڕوانمان بوو، كاتژمێر ٨:٣٠ گەیشتین و چووین بۆ ماڵی كازم، هەرچەندە من زۆر ماندوو بووم بە درێژایی ڕۆژ لە دیداری تاقانەكاندا بووم، بەلام بەدیداری ئەم كورە كەوتەمەوە چالاكی و بێتاقەیەكەم نەما،كازم بەواتای وشە قوربانی ئەنفال و سیاسەتی ناعادیلانەی تۆتالیتاریزمە، كەسێكی بەئەدەب و هەژارە، لە گۆشەیەكی ئەم دنیایەدا خۆی و هاوژینەكەی لە خانوویەكی جوان و پاك وتەمیزدا لە كۆمەڵگای ڕزگاری یاخود مەملەكەتی كەسوكاری ئەنفالكراوان سەریان بەیەكەوە ناوەو بێدەنگ لێی دانیشتوون. ئەنفال هێندە كاریگەری بەسەر كازم فەتاحەوە هەیە دەڵێی هێشتا بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ نەگەیشتووە، وەك چۆن دكتاتۆریەتی بەعس ماڵی وێران كردووە، ئازادی و دیموكراسیش روناكییەكی پێنەبەخشیوە.چونكە ئەو هێشتا بەقوڵی بیرناكاتەوەو هەستكردن بە بێكەسی هێندەی تر بێتاقەتی دەكات .

ماڵی باوكی كازمیش وەك هەر گوندنشینێكی كوڵەجۆی حاجی حەمەجان بژێویان لەسەر كشتوكاڵ و ئاژەڵداری بوو، ئەوكاتەی ئەنفال گەیشتە ناوچەكەیان كازم لەگەڵ مامێكی بەناوی برایم لە قلاقۆچاڵی بەدیار ئئاژەڵەوە بوون و ئاگایان لە دنیای جەنجەڵی سیاسەت نەبوو نەخشەی چ پلانێكی خوێناوی و تراژیدیی بۆ دارشتوون.
كازم تەنها ساڵێك چووەتە قوتابخانە و ئیدی ئەنفالی بەسەردا هاتووەو خوێندنەكەشی لەدەست چوو، لێرەوە دەشێت رونتر وێنەی ئەنفال ببینین كەوا هەرگوندی نەروخاندو هەر كۆمەڵكوژی نەخستەوە بەڵكو دەیان گرفتی كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژی و یاسایی بۆكەسوكاری ئەنفالكراوان بەجێهێشت، بەلای كەمەوە ئەو منداڵانەی گوندەكانی لە خوێندن بێبەشكرد،ئەوە ئەگەر بەختی دەربازبوونیان هەبووبێت و نەكوژرابن . ئەنفال بەجۆرێك كازم وهاوتەمەنەكانی هەڵدایە پەراوێزی ژیانەوە نەك خوێندن تەنانەت لەهاوڵاتی بوونیش بێبەشی كربوون،كازم هاوڵاتیەكی مەینەتباری دوای ئەنفالە تەنانەت ڕۆژی لە دایكبوونی خۆشی نازانێ. ئەو بە تەسكەرە لەدایكبوی ساڵی ١٩٨٢ بەڵام دەڵێت بەخوا مەگەر دڕۆت بۆبكەم هێشتا نازانم مولیدی چەندم دایك وباوكم زوو ئەنفالكراون و منیش تەسكەرەم لەوەختی خۆیدا

بۆدەرنەهاتووە، بەلام بەبروای خۆی تەمەنی زیاترە لەوەی بۆی دانراوە. ئەو سەروەختی ئەنفالی بەباشی لەبیر نایات. چونکە ئەو منداڵ بووەو تەنانەت روخساری دایک وباوک و خوشک وبراکانیشی لەبیرنەماوە، پێدەچوو ئەوەی بۆم دەگێڕیتەوە هەرئەوەبێت کە لە دەمی ئەوانی تردوە بیستبێتی، بەلام ئەوەی بیرە لەگەڵ مامێکی بەناوی ئیبراهیم بەلای مەڕەوە بوون و بەهۆی مەڕەکانیانەوە رزگاریان بووەو نزیکەی دوو شەو هەتا سێ شەویان پێچووە هەتا گەیشتبوونە (صمود) ڕزگاری، لەوێ مەڕەکانیان هەرزان فرۆش کردووەو سەرەتا چووەتە مالّی باپیرەی (باوکی دایکی) بەڵام دواتر دەچێتە، مالّی ئامۆزایەکی باوکی کە ناوی جەلال ئەحمەد عەبدولکەریمە خۆی و مامەی (ئیبرایم) ماوەیەک لەوێ دانّدەدراون و لە مالّی ئەوان خۆیان پەناداوە. جەلال چاکەی لەگەڵدا کردوون، هەتا سالی ٢٠٠١ کازمی گرتە خۆی و دواتر هەر لەو ساڵەدا کەنیشکەکەی خۆی پێداوەو بووەتە زاوای . کازم دەڵێت هەتا ماوم قەرزداریانم و ڕۆژانی تەنگانە فریام کەوتن و هەرئەویش کەنیشکەکەی خۆی پێدام و ئێستا هاوسەرمە . سەبارەت بە جارەنوسی مامەی ئیبراهیم گوتی : ئەویش دوایی هاوسەر گیری کردو منداڵی بوو بەڵام بەداخەوە لەساڵی ٢٠٠٩ بەرووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد .

کازم هیچ دەربارەی ئەنفالکردنی کەسوکارەکەی نازانێ ئەوەندە نەبێ کە ڕۆیشتوون بۆ ملەسورەو لەویشەوە جەیش دەورەی گرتوون و بەسواری زیلی عەسکەری و تراکتۆر بردوایانن و ئیتر یەکتریان نەبینیوەتەوە. کازم ژیانی ئۆردوگا نشینی زۆر بەلاوە ناخۆش بووە، لەبەرئەوەی بێکەس ماوەتەوەو تەسکەرەشی بۆ دەرنەهاتووەو نەیوێراوە بگەڕێت،گرفتی ئەمیش وەک بورهان حەمەخان و سالّحی گوندی گلاڵ کەوە بووە، دایک وباوکی لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیریان نەبووەو لە نەفوس هێشتا هەر کوروکچ بوون، بۆیە ئەمیش نەنکی تەسکەرەی بۆ دەرهێناوەو کردووەیەتی بەکوڕی خۆی واتا بە تەسکەرە هویەی باری شارستانی کازم بووەتە کوری نەنکی و برای باوکی ، هەر دەبوو ئەوەشیان بکردایە چونکە ئەوسەروەختە ئەگەر پێناسی بۆ دەرنەهاتبایە لەهەر کوێیەک بگیرایە توشی گرفتی گەورە دەبوو، هەر لەگرتن و زیندانی کردنیەوە هەتا بە سزای لەسێدارەدان دەگات، ژیان لەسایەی بەعسیەکان بەو ئەندازەیە مەترسیدار بوو. لەبەرئەوە هەتا سالّی کازم بەزۆری هەر لەمالّی ئامۆزاکەی باوکی دەمایەوەو کەم دەچووە دەرەوە.

لەبنەی بابەلێ (باپیرە)مان هەژدەکەس ئەنفالکراون :

١٩٩١ کازم زۆربەی خزم وکەسوکارەکەی گیراون وئەنفالکراون لە نەوەی باوەلێی (باپیرە)ی (١٨) کەس گیراون ولە مالّی خۆشیان (٧)کەسیان (دایکی وباوکی و دووبراو سێ خوشک)ی گیراون و تەنها خۆی دەربازی بووە، ئەنفاکراوەکانی مالّی خۆیان بریتین لە باوکی (فەتاح محەمەد عەبدولکەریم و دایکی خانم محەمەد خوشکەکانیشی قادرگوڵناز فەتاح و دڵخوازو سوعاد براکانیشی شێروان و نازم) هاوکات دوو مامەشی بە ناوەکانی سەعید ونوری ئەنفالکراون یەکێکیان خێزانداربوو هاوژینەکەی وسێ منداڵیشی لەگەڵدا ئەنفالکراون،مامێکیشیانی هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو پورەکانیشی بەناوی رازیەو ئاوازو حەییات ئەنفالکراون. بەپێی سالی لەدایکبوونی خوشک وبراکانی بێت پێدەچێت کازم لەدایکبووی سالّی ١٩٨٠ بووبێت چونکە لە نیوان (گوڵناز و سوعاد) دا ماوەیەک هەیە پێدەچێت کازم لەنیوانی هەردکیاندا لە دایک بووبێت . ئەگەرواش بێت ئەوسا لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی هەشت ساڵان بووە .

یادەوەری منداڵی :

هەرچەندە کازم زۆر بەمنداڵی لێی قەوماو شتێکی ئەوتۆی پێش تاوانەکە و کاتی ئەنفالی لەبیرنەماوە، بەڵام ئەوەی لەبیرە کەوا ئەگەر لەگوندەکەیان شایی ببوایە ئەوا ١٥ ڕۆژ خەڵک شاییان دەکردو ژن و پیاو هەڵدەپەرین، ئەم هەماهەنگی خۆشی دەربرینە پێچەوانەکەشی هەر

روابـووە، ئەگەر کەسـێک پرسـەی ببـوایە ئەوا هەموو خەڵکی دێی کۆڵەجۆ بەشداری پرسەکەیان دەکردو هاوکاریان دەکرد . سەبارەت شەڕو یاری و منداڵان و شەوانی گوند دەڵێت هیچم بیرنەماوە نە یـاری و نەشـەڕی کـۆڵانی منـداڵان ئەگەر بووبێتیش ئێستا بیرم نەماوە، لەکۆڵەجۆ مـاڵی تەیمـور عەبـدوڵاو حەسـەن مەحمـود هاوسـێمان بوون هەرئەوانیش هاوڕێی منداڵیم بوون،ئەوسـا بەمنداڵی تەیمور تاقـانە بـوو منـداڵێکی شـەرانی نەبوو، نازانم لەم دواییە بۆ وای پێهـات ، بەڵام ئێستا کەس ڕەفیقم نیە.

گرفتی یاسایی :

گـۆرینی شـوناس و دوبـارە گەڕانەوە بـۆ سـەر بنەرەتی خۆ.

هەر کە نەنکـی لەنوگرەسـەلمان ئـازاد بـوو گەرایەوە بـۆ رزگـاری ، بـۆئەوەی ئەم کورەزایەشی نەفەوتێ فێڵێکی لە حکومەت کرد بۆ ئەوەی تەسکەرە بۆ دەربهێنێ کازمی کرد بەکوری خۆی ، دوای بێنەبەرەیەکی زۆر کازم تەسکەرەی بـۆ دەرهێنـرا، بەڵام بـوو بەبـرای بـاوکە ئەنفـالکراوەکەی ! بەڵام دوای ئەوەی بەعـس ڕوخاو ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفالکراوان هـاتە پێشـەوە ئیـدی ئەوەش گرفتێـک بـوو، بەوپێیـەی کـازم کـراوەتە بـرای بـاوکی و ئیـدی لە هەمـوو ئیمتیـازیکی کەسـوکارەکەی بێبەش دەبێت، ئەو پەرەکەی دەتـوانێ دەتـوانێ وەک بـرای ئەنفالکراوێـک خـۆی بناسـێنێ کەئەویـش لەبنەرەتـدا بـاوکێتی نەک بـرای .. بـۆیە دەبـوو سەرلەنوێ لە ڕێگەی دادگاوە ئەوەی لەسـەردەمی بەعـس نەنکـی کردوویەتـی لەسـەردەمی دوای بەعـس هەڵـی بوەشـێنێتەوە، دایـک وبـاوکی لە فەرمانگەی باری شارستانی (دائیری نفوس) بکات بەژن ومێردو خۆشی بکاتەوە بەکوریان . ئەمەش بێـنەو بەرەو وەرەو بـڕۆو پـارەیەکی زری ویستووە، بەڵام لەوسـەر وەختـەدا پـاریزەرێکی زیـرەک هەبـووە بەنـاوی (محـامیٔ عەزیـز) هەرچەنـدە پـارەی لێسـەندوون، بەڵام لەکیشـەکانیان تێگەیشـتووەو هاوکـاری باشـی کردوون و ئەم جۆرە کەسانەی خستووەتەوە سەر بنەرەتی خۆیـان . لەراستیدا ئەوە یەکیک بـوو لەگـرفتە یاسـاییەکانی ئەم قوربانیـانەو تێنەگەیشتنی دام ودەزگاکـانی حکومەتی کـوردی بەرپرسـان و حاکمەکـان هێنـدەی لەسـەر ڕێگـای قانون دەرۆیشتن هێندە کاریـان بە تێگەیشتن لە کێشەکانیان نەبوو، ئەوان وەک بڵێی کوری ئەم مـیللەتە نەبـن و نەزانـن ئەنفـال تـاوانێکی گشتگیرەو گرفتی ئەنفالکراوان هەموو جومگەکانی ژیانی گرتوونەتەوە،لەوە تێنەدەگەیشتن کە کازم بۆچی تەسکەرەی نەبووە ؟! بـۆچی نەنکێک یـان باپیرەیەک یاخود مامێک ناچـار بـووە کورەزاو برازاکانیـان بکەن بە کـوری خۆیـان ؟! تەنـانەت چاوایان لەوە خورد نەکردەوە ئەم دیاردەیە چیە وا لەم کاتەدا سەری هەڵـداوە ؟ کـازم دەڵێت مـن زیـاتر لەشـەش مانـگ لە رزگـاریەوە بـۆ کەلارو لەوێـوە بـۆ کفـری و دیسـان وەرەوە بەڵام لە گـرفتەکەم تێنەدەگەیشـتن، جـاری وەهـا بـوو شـایەتەکانم دەبـرد بە زمـانی بەرۆژووەوە بەڵام حـاکم نەیـدەبینین و بە هەناسـە سـاردی دەگەڕاینەوەو ئینجا دەبوو سەرلەنوێ رۆژێکی تر دەست پێبکەمەوە، گرفتەکەی من گەورە بوو دایکم و باوکم لە دائیرەی نفوس هەر کوروکچ بـوون. لە راستیشدا ژن و مێرد بـوون و بەمنـەوە شـەش منـداڵیان هەبـوو، لەهەمووشـی ناخۆشـتر هەموویان ئەنفالکرابوون و هەرمن مابووم .

هاوسەرگیری :

کـازم بیـری کـردەوە کەوا مـاڵێک پێکەوە بنـێ و چیتـر لەسـەرمـاڵی خەڵـک نەمێنیـتەوە، یەکەم کەس داوای لە ئـامۆزاکەی بـاوکی کـرد کە بۆئەوەی دابمەزرێت داوای ژنـی بـۆ بکـات، بەڵام ئەویـش کـورد وتەنـی نەیکردبـووە نـامەردی و گوتبـووی ئینجـا مـادام مـن بۆخـۆم کچـم هەیە بۆچی داوای کچی خەڵکت بـۆ بکـەم ؟ دوای پـرس وراوێژ بەکچەکەی هەردولا پێکهـاتبوون و هەمـان ئەو پیاوەی کە لەمـاڵی خۆی حەواندبوویەوە هەر ئەویش دوای ئەوەی ڕەزامەندی کوێستانی کچی وەرگرت هاوسەرگیرییەکەی پێکهێنـاو کویستانی کچـی لەگەڵ کـازم هاوسـەرگیریان کـردو پـێکەوە

مالێکیان پێکەوە ناو هەتا ئێستا بە ئاسودەیی پیکەوە دەژین .

جەژن وەک پرسەیە لەمالّماندا :

لە دیمانەکەماندا ئەم تاقانەیەی ئەنفالیش رۆژانی جەژن بە ئاسودەیی بەرێناکات بە پێچەوانەوە زۆر بە هاتنی جەژنەکان زۆر بێتاقەتە و حەزناکات رۆژانی جەژن بێنە پێشەوە چونکە کەسوکاری نەماون، هەتا سەردانیان بکات یاخود ئەوان سەردانی بکەن، ئەمەو رۆژانی سالّانی ڕابووردووی جەژن لەیادەوەریدا رۆژانی تالّن بۆیە ئارەزووی هاتنی ئەو جەژنانە ناکات، لەو بارەیە دەلّێت بۆیە بێتاقەتم مالّی باوک نیەو مالّ و خوشک و برانیەو هەمووی هەر ئەنفالکراوە ئەی جەژن بۆمن کوا ؟ حەزدەکات بەردەوام یادی ئەنفالبکرێتەوەو رێز لەکەسوکاری ئەنفلکراوان بگیرێت گللەیی ئەوەی لەبەرپرسان هەیە کە ناچنە یادی ئەنفال و سەردانی کەسوکاری ئەنفالکراوان ناکەن .

ناچمە پرسەیان :

سەبارەت بەجاش وموستەشارەکانیش دەلّێت : هەقە هەموویان سزای خۆیان وەربگرن . پێم ناخۆشە کەسوکاری ئەنفالکراوان دەچنە پرسەی جاش وموستەشارەکان من هەرگیز نەچوومە پرسەیان و لەداهاتوشدا ناچمە پرسەیان . هەقە ئەوەی کەسوکاری ئەنفالیش بێت نەچێتە پرسەیان، لەراستیدا ئەمە سزادانێکی کۆمەلّایەتی و بەرپەرچدانەوەیەکی ئەخلاقی گرنگە هەم بۆئەوانەی بەشداری تاوانی ئەنفالیان کردووەو هەم بۆ ئەو بەرپرسانەش کە دالّدەیان داون .

سەبارەت بەرێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال وریکخراوەکانی کۆمەلّگەی مەدەنی وتی : هەرچەندە هەتا ئێستا هیچی ئەوتۆیان بۆ کەسوکاری ئەنفال نەکردووە، بەلام بەهیوام لەداهاتوودابیکەن و لەکێشەکانمان تێبگەن. هەقوایە بزانن کیشەی ئێمە چیە .

ئەنفالکروانی ئەم خانەوادەیە بریتی بوون لە :

1. فەتاح محەمەد عەبدولکەریم لەدایکبووی ١٩
2. خانم محەمەد قادر ١٩
3. گوڵناز لە دایکبووی ١٩٧٨
4. سوعاد لە دایکبووی ١٩٨٢
5. دڵخواز لە دایکبووی ١٩٨٤
6. نازم لەدایکبووی ١٩٨٦
7. شیروان لە دایکبووی ١٩٨٨



تاقانەیەکی دی کۆچی دوایی کرد

حەسەن حوسێن تاوگۆزی، تاقانەی ئەنفال کۆچی دوایی کرد.

کۆچکردوو، لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٨ بوو، باوکی سێ کچ و کوڕێکە، لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا رۆژی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ (٩) کەس لە خانەواکەی بەگازی کیمیایی گیانیان لە دەستدا، ماوەیەکی زۆر بەتەنیایی ژیانی بەسەر برد، ئەفسوس شەوی ٢٠١٦/١٢/٢٣/٢٢ کۆچی دوایی کرد. جێگەی سەرسوڕمانە ئەم تاقانەیە ناوی لەناو هیچ لیستێک لەو ناوانەدا نەبوو، کە بۆ تاقانەی ئەنفال و کیمیاباران ئامادەکراون.

پێیان وتین، ئێوە هاوڵاتی نین





عومەر محەمەد
٢٢ی ئایاری ٢٠١٧
دووشەممە – سلێمانی

سەرلەبەیانیەکی درەنگی ڕۆژی ٢٢ی ئایار بەرێکەوت دوو ژنی بااڵبەرزی جوانم ناسی، ئەوانیش چیرۆکی خۆیان هەیە، ئەوانیش کوردن بەاڵم تەنها (زمانی فارسی و عەرەبی) دەزانن ماوەی نیوکاتژمێرێک بەزمانی عەرەبی بۆم دوان، بەاڵم مەینەتی سەدەیەکیان بۆگێڕامەوە (دونیاو سەمیرە) کچی پیاوێکی کاسب بوون بەناوی عەلی فەرهاد و نیشتەجێی گەرەکی گیارەی شاری بەغدابوون و شۆفێری تەکسی بوو، ئەم دوو خوشکە ئێستا لە ئێران دەژین و دانیشتووی شاری چیرۆکێکی تراژیدی کوردانی فەیلیان لەناخدا هەتا سەرەتای هەشتای سەدەی رابوردو ماڵیان لەگەرەکی ڕەسافەی شاری بەغداد بووە. سەرلەبەیانیەک سەرباز لەدەرگایان داوەو داوای ڕەگەزنامەی عێراقیان لێ کردوون وپێیانداون، بەاڵم سێ ڕۆژ دوای ئەوە کۆمەاڵێک سەرباز چوونەتەوە سەریان و ڕاپێچی هۆاڵێکی گەورەی ناوشاری بەغدایان کردوون، دوای چەند ڕۆژێک بە پاسی درێژ ڕەوانەی سەر سنوریان کردون و لەسەرپێاڵی زەهاو داینبەزاندون و ڕوو ئێران پاڵیان پێوەناون و پێیان گووتوون بڕۆن بۆ وڵاتی خۆتان (ئێران) .

دوخوشکەکە بەڵگەی مردنی برکانیان پێدام، بەناوەکانی سلمان و حسێن، مەرگی ئەم دوبرایە و ی=ئەوانەی تریش کەلەگەاڵیاندا بوون، زۆر جیگەی تێرامانە، حسین تارانن، باوکیان لە ئێران مردووەو دایکیان بەناوی (کوی بساط) تەمەنی هەڵکشاوەوە هێشتا لەگەاڵیاندا دەژی، بەاڵم چاوەڕوانی ساڵانێکی زۆری کوڕەکانی ودواتریش هەواڵی گوللەبارانکردنیان تەواو ماندوی کردووەو بە شەکەتی بەدیار کچەکانیەوە دانیشتووە.

لەسەرەتای جەنگی ئێران عێراق سەربازی فەیلەقی یەک لیوای ٤٨ بووە، بەاڵم بەبێ ئەوەی وەختی (تسریح) کردنی هاتبێ لە سوپا تسریحیان کردووە، ئەمەش بۆئەوەی ڕەوایەتی بدەن بەکوشتنی چونکە لەباری یاساییەوە ڕێگە پێدراونیە سەربازێکی عێراقی بەتۆمەتی ئەوەی بێگانەیە بکوژرێت . واتا ئەگەر ئێرانی یان بیانی بووە چۆن سەربازبووەو لەسەر چ بنەمایەک سەرباز بووە ؟ دوای ئەوەی کوردانی فەیلی لەماڵەکانیان دەرکران و بەپاسی منشئە ڕەوانەی سەرسنوریان کردبوون، براکانی ئەم دووکچەش بەناوەکانی (حسین و سەلمان ئەگەرچی حسین تەمەنی نەزانراوە بەاڵم لەسەلمان گەورەتر بووە لە دایکبوی ١٩٦٤) گیرابوون و لە نوگرەسەلمان زیندانی کرابوون، بەاڵم سەیرە هەتا ساڵی ١٩٨٨

لەزیندان هیشتوویانناتەوەو دوایی گوللە باران کرابوون . بەڵگەش بۆ زیندووماناوەیان هەتا ئەوکاتە پوریکیان بەناوی رەباب بساط وەک لەوێنەکەدا دیارە سەردانی کردوون، کەچی بەڵگەی مردنیان لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٨٢ بۆکراوە !

ئەگەرچی ئەوکاتە (سەمیرەو دونیا) منداڵ بوون بەڵام ئەوەی بەبیریان داهات و ئەوەی باوک ودایکیان بۆیان گێرابوونەوە بۆیان باسکردم کە خانەوادەکەیان و نزیکی سێ هەزارکەسی تری فەیلی چییان بەسەرهاتووە، چۆن لە بەغداد کۆکراونەتەوەو چۆن دەرکراون و دوای ئەوەی هەموو سەرەوەت وسامانیان دەستی بەسەردا گیراوە، (سامانی گواستراوەو نەگواستراوە) لەخانوو سەیارەو زەوی تەنانەت چیشتخانەو کارگەی بچوک هەمووی دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتووە، دوای چەند رۆژێک لە ناو هۆڵێکی گەورەدا کە هەموو ئەوخەڵکەی تێدا کۆکرابووەوە بەلای کەمەوە ئەو هۆڵەی مالی سەمیرەو دونیای تێدا بووە رەوانەی سەر سنورکراون، هەتا ئێستا سەمیرەو دونیا ترس و کاریگەری چیرۆک ودیمەنی مردنی مرۆڤەکانیان بەسەرەوە ماوە کە لە رێگادا مردوون، سەمیرە دەڵێت : بەشاخێکدا هەڵگەراین زۆر سەخت و مەترسیدار بوو، ئەڵغام هەبوو، باوکم لە نیوەی رێگاکە پەکی کەوت و لول بوو، چونکە ئەو پێشتر نەخۆشی فقرات (بڕبڕەی پشتی هەبوو) زۆر بەزحمەت رێگای دەبڕی و ئازارێکی زۆری هەبوو، خەڵک زۆر مردن بەتایبەتی پیرەمێردو پیرەژن ومنداڵ لە تینوان خنکان، دونیا گوتی باش بیرم دێت خەڵکەکە شڵەژان گوتیان حکومەت ئاوی بەرداوەتەوە نازانم کوێ بوو، خەڵک زۆر ئاوبردنی پرۆێکم بەدەم شەپۆلی ئاوەوە رۆیشت وکەوتە گێژەنێکەوە زۆر بەزەحمەت دەریان هێنایەوە، ئەم ئاوە بۆ ئەوە بوو خەڵکەکە بمرن، بۆ ئەوەی لە ئاودا بخنکێن، سەمیرە گوتی ئەرێ بەخوا خەڵک هەبوو لەتیناوان خنکاو خەڵکیش هەبوو لە ئاودا خنکا ؟ جا تۆ بیهێنەرە پێشچاوی خۆت ؟

سەمیرەو دونیا هەردووکیان بەیەکەوە قسەیان دەکرد، بۆیەناچار بووم داوایان لێبکەم یەک یەک قسەم بۆ بکەن بەڵام هەردوکیان پڕبوون لەقسە



دیاربوو لەمێژبوو کەس گوێی بۆ نەگرتبوون، بەتایبەتی کەزانیان ریکۆردی دەکەم و قسەکانیان لە رۆژنامەدا بڵاودەکەمەوە سەمیرە گوتی : " من ئەوەم بیرنایە بەعسیەک یان مەسئولێک گوتبێتی بەڵام رۆحی شادبێت باوکم هەموو جارێک دەیگێرایەوە و ئێتاش دایکم دەیگێریتەوە کە بەعسیەکان هەر لەناو هۆڵەکەوە پێیانگوتوون ئێوە (تبعیەن) و برۆن بۆ وڵاتی خۆتان ئێوە عێراقی نین" بەڵام وڵاتی خۆیان کوێیە جگە لە کوردستان ؟! کەچی لە ئێرانیش پێیان گوتوون ئێوە ئێرانی نین بۆیە ئێستا بێ شوناس ماونەتەوە . سەیر لەوەدایە ئەم مرۆڤانە سەرباری ئەوەی شانازی و داکۆکی لە کوردبوونی خۆیان دەکەن، بەخەیاڵی خۆیان زۆر دڵیان بەحکومەتی هەرێم خۆشە، بەڵام لە هەرێمی کوردستانیش هێشتا هەر هاونیشتمانی نین ! تەنانەت نەعێراق و نە هەرێم جگەلەموچەی برا شەهیدەکانیان سوکە قەرەبوویەکیان نەکردوونەتەوە ! موچەکەشیان ماوەیەکی زۆرە راگیراوە، هەرێم دەڵێت عێراق دەیدات وعێراق دەڵێت هەریم دەیدات . لەو نێوانەدا ڕاگیراوە ئەو ماڵ وسامانە دەست بەسەرداگیراوەشیان بۆ نەگێراونەتەوە کە بەعس وبەعسیەکان دەستیان بەسەردا گرتوون.



23

ئەدیب ئەحمەد رۆستەم

کاتێک سەربازبووم، ئەگەرمۆڵەتیشم وەربگرتایە نەدەهاتمەوە، چونکە نەکەسم مابوو، نەماڵم هەبوو بێمەوە بۆلایان، هەرهیچ نەبێ لەوێ جێگەی خەوم هەبوو .



دیمانە لەگەڵداکراو : ئەدیب ئەحمەد ڕۆستەم

دیمانەساز : عومەر محەمەد

ڕۆژی دیمانە : ٢٣ی ئازاری ٢٠٠٦

شوێنی : دیمانە خان ڕۆستەم ئاغا .

کات ٣ی پاشنیوەڕۆ

لەدایکبووی : ١٩٦٩

شوێنی نیشتەجێی پێش روداو : خان ڕۆستەم ئاغا

شوێنی نیشتەجێی ئێستا : ڕزگاری – ئاوباریک

بۆ یەکەمجار کە ئەدیب ئەحمدم لە خان ڕۆستەم ئاغابینی ٢٣ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ بوو، لەمیانەی گەشتێکماندابوو بۆ گەرمیان لەگەڵ مامۆستا نەجیب گەرمیانی و لەتیف فاتح فەرەج بوو .

هێشتا سەرانی بەعس دادگایی نەکرابوون، بەڵام لەبەردەستی دادگادا بوون، ئەو گەشتەمان بۆ گەرمیان لەگەڵ مامۆستا نەجیب گەرمیانی و لەتیف فاتح فەرەجدا بوو، لە سەنگاوەوە دەستمان پێکردو لە خورماتوو کۆتایمان پێهێنا، ئامانجمان مانەوە نەبوو لە هیچ یەکێک لەو گوندانە بۆیە کارێکی خراپ نەدەبوو کە ئەو شەوە لە خان بماینایەتەوەو زیاتر گوێمان لەخەمی کەسوکاری ئەفالکراوان بگرتایە .

هەرکە گەیشتینە ناو گوندی خان ڕۆستەم ئاغا (کە تازەکرابووە ناحیە) یەکەم کەس کە چاومان پێکەوتوو پرسیارمان لێکرد ئەدیبی تقانەی ئەنفال وو، ئێمە لە ئەزمەی بەنزیندا بووین، هێندە شپرزە بووین هەموو هیوامان ئەوە بوو بگەینە ئاوەدانیەک ئێستا پۆلیسخانە دەبینین زۆر دلخۆش بووین بۆیە پەنامان بردە بەر بنکەی پۆلیسەکەی خان ڕۆستەم ئاغا، هەتا هاوکاریمان بکەن بە پێدانی تەنها ٥ لیتر بەنزین بەلام پۆلیسەکان وتیان دەواممان نیەو ئێمەش هیچ دەسەلاتێکمان نیەو ناتوانین بەنزین لە ئۆتۆمبیلەکانی حکومەت دەربکەین چونکە بەرپرسیار دەبین .

ئەوکاتە ئەدیب و پیاوێکی تر بەناوی محەمەد بەدیارمانەوە بێ ئەوەی دەسەڵاتیکیان هەبێت ڕاوەستابوون، بەڵام خولقێکی گەرمیان کردین بۆ پشودان وچاخواردنەوە، ئینجا بەسەرسورمانەوە پرسیان لەکوێوە دێن و چۆنە وا بەم قەمەرەیە (ئۆپلەکەی ئەنفالستان) ڕێتان کەوتووەتە ئێرە ؟! مامۆستا نەجیب وەڵامی دانەوە ئێمە دەمانەوێ چیرۆکەکانی ئەنفال بنوسینەوە ئایا کەسێک هەیە لێرە قسەمان بۆ بکات ؟ سەیر بوو ئەدیب کە هەر لەمندااڵییەوە باوکی لە ژیاندا نەمابوو، لە ئەنفالیشدا ئەوەی مابووی لەدەستی دابوو، لەدوای ئەنفال هیچ کەسێکی نزیکی نەمابوو تەنها خۆی بە تاقانە مابووەوە، کەچی باسی خۆی نەکرد بەڵکو لەگەڵ ئەو کاک محەمەدە کە

ئەنجـــوومەن بـــوو پێشـــمان کەوت بـــۆ مـــاڵی پیرەژنێک بەناوی میمکە زینەت .
لەوماڵە قوڕینەدا بەدەم چاخواردنەوە دیدارێکی درێژمان لەگەڵ (زینەت محەمەد کەرەم ئەنجامدا، بەڵام هەرگیـــز ئەدیـــب نەیگـــوت مـــن بەتەنهـــا دەربازبووم وبرینم لە پـورە زینـەت سەختترە ! ئەو رۆژە جلێکـی نەریتـی کەتـافی رەنـگ خـاکی پێشـمەرگەی پۆشـیبوو، دەمـانچەیەکی چـواردە خـۆری بەلاکەلەکەیەوە بەستبوو، بە بێدەنگی و مـــاتی بە ئەدەب و ڕێزێکـــی زۆرەوە لەلامـــان دانیشتبوو، سەرەتا مـن و کـاک محـەمەد لەسـەر حزبـــایەتی وکەمتەرخەمیـــان کەوتیـــنە بەریەک خەریـک بـوو کاردەگەیشـتە تونـدبوونەوە، ئەو پێیوابـــوو کەس بـــێ لایەن نـــیەو هەمـــوو کەس سـەربەحزبێکەو کەسـیش خەمـی ئەنفـالی نـیەو هەریەکەو بـۆ مەرامێکـی حزبـی دێـت و باسـی ئەنفـال دەکـات و کـاری بـۆ دەکـات . ئـێمەش بەپـــارەی خۆمـــان شـــانمان دابـــووە بەرو لە بێبەنزینیدا هانمان بۆ ئێـرە هێنـابوو، بەڵام ئەو ئاگـــای لە دەردی ئـــێمە نەبـــوو، لەراســـتیدا ناهەقیشـی نەبـوو، چـونکە خەڵکـیش هەبـوون لەپێناوی خۆیاندا ئامادەی هەموو فێڵ و درۆیەک بـــوون، ئەویـش هەر بەو تێگەیشـتنەیەوە بـــوو دەیگـوت کەسـیش نابێـت بەبێپرسـی مـن بێـت و بەکەیفـی خـۆی لێـرە چـی بوێـت بیکـات، وەک ئەنجومەنی گوندو راسپێردراوی حـزب وحکـومەت ئەو مافەم پێدراوە ئاگاداری هەرکەسێک بـم بێتـە ئەم گوونـدە . بەڵام ئەدیـب بێـدەنگ بـوو مـن وامـــــدەزانی کە ئەم بێـــــدەنگیە لە رقێکـــــی حزبیانەوەیەو هاکا بەسەرماندا تەقیـیەوە. بەلام هەرگیـــز وا نەبـــوو، مـــن بەهەڵەدا چووبـــووم. هەرچەندە زۆر خولقیانکردین کەشەو بمێنینەوە، بەڵام ئێمە هەردەبوو برۆیشتبنایە بۆ کفری ئیدی کە بەرێکەوتین ئەدیب داوای کرد لەگەڵ خۆماندا هەڵی بگرین و هەتا سەرقەڵای بگەیەنین، ئێمەش بۆ چاوساغی پێمانخۆش بوو، ئەدیب هەرچەندە نیازپـاکی ئـێمە تێگەیشـتبوو خۆشـحاڵی خـۆی دەربـڕی کەوا هەر دەبێـت کەسـانێک هەبـن بە دڵسـۆزی کـار بـۆئەو دۆسـێیە بـکەن، بە زمـانە سادەو ساکارەکەی وتـی : پەنـجەی دەست وەک یەک نـین و لەهەمـوو شـوێنێک بـاش وخـراپ هەیە، بەڵام هەر بێدەنگ و مات بوو . دەبێت دان بەو راستیەشـدا بنـێم کەوا هـیچ کـام لە ئـێمە هەرگیز پەیمان بەوە نەبرد ئەو مـاتی وبێدەنگیە چیـــیە ! جاربەجـــار پرســـیارمان لەبـــارەی ئەوگوندانە لێدەکرد کە بەلایدا تێدەپەڕین ئەویش ڕوونکـردنەوەی دەداینـــێ ، هەتـــا گەیشـــتینە هەزارکـانی زێـدی شـێخ حوسـێنی شـێخ کـاکە حەمەی هەزار کـانی وتـی ئەوەش هەزارکـانیە لەوێ لامانـدایە هەزارکـانی کە تەنهـا دارەکـان وحەوزەکەی مـابوو، لەوێ گـوتی مـن هەر خـۆم مـاوم، بـاوکم هەر زوو لەسـاڵی ١٩٧٢ مـردووە ئەوسـا مـن هەروا دوسـاڵان بـووم ، ئیتـر دایکـم بەخێوی کردوین و کەسوکاریشم دایکم و براکـانم ئەنفـــالکراون . ئەوانەی مـــاڵی خۆمـــان کە ئەنفـالکراون بریتـی بـوون لە دایکـم و براکـانم بەناوەکـانی (رابـیعە ئەحـمەد مـحەمەد دایکـم و حەسیب و غەریبی برام)
ئەوکاتەی ئەنفال گەیشتبووە خـان ئەدیـب لەوێ نەبووە، چـونکە پێشمەرگە بـووە لە کەرتـی ٣ی تیپـی ٥١ی گەرمیـان، داخـی ئەوەی دەخـوارد کە بەهۆی پێشمەرگایەتی ودوری لەماڵەوەیان چەند مانگێـک بـووە دایـک و براکـانی نەدیـووە،ئەو ســـاڵی ١٩٨٦ بـــووەتە پێشـــمەرگەو بەهـــۆی پیشـمەرگایەتیەوە هەمیشـە لەمـاڵەوە دوربـووە. ئیتـر ئەنفالیشـی هـات بەسـەرداو هەرگیـز نەیبینیبوونەوە، ئەوە داخێک بوو ئەدیبی داغـان کردبوو . بێجگە لە ئەندامانی خێزانەکەی ئەدیب بـــۆ هـــاوڕێ ئەنفالکراوەکانیشـــی داخـــدارە، (لەبەرئەوەی بەکاسـێت تۆمـارکراوەو کاسـێتەکە تێـــک چـــووە ناوەکـــان ڕوون نـــین) بەڵام لە پەیوەنـدیەکی تەلەفۆنیـدا جـارێکی تـر باسـی هـاوڕێ ئەنفالکراوەکـانی بـۆکردمەوە کە ئەنفـال وەک دایـک وبراکـانی بـردووە هاوڕێکانیشـی لێســـەندووە، ئەدیـب لە کتێبـی تاقانەکـانی جینۆسایدیشدا باسی دووان لەهاوڕێکانی دەکـات ئەوانیش (حەسەن حوسێن و نەجمەدین شوکور) ن. بەڵام لەپەیوەنـدیە تەلەفۆنیەکەمانـدا باسـی

ئەم ناوانەشی کرد (ڕەشید عەلی و کاک ناسیح و حەسەن) . هەر لەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەماندا پرسیاری ئەوەم لێکرد ئاخۆ تۆسەر بەعەشیرەتی جافی یان زەنگنە ئەو وەڵامێکی قایلکارو دڵخۆشکەری دامەوە، کە ئینسان ئەوە نەکاتە کیشە باشە کێ باشە ئینسان سەربەوڵایە بێت من بۆ وەڵامی پرسیارەکەت ئێژم زەنگنە بەڵام ئەوە مەسەلەیەک نیە لەلام .

لەوەڵامی پرسیارێکدا کە بەدەم ڕێگاوە لەبارەی جاشەکانەوە مامۆستا نەجیب گەرمیانی ئاراستەی کرد، وتی ئەوەی جاشەکان کردیان ئەوپەڕی نامەردی بوو، ئەگەر ئەوان نەبوایە سەربازی عەرەب شارەزای کوێ بوون، ئەوان نەبوونایە خەلکیش ئەوەندە نەدەگیران وئاوا ئەنفال نەدەکران و ژن ومنداڵمانیان دایە دەست بەعسەوە هەقە ئەوانەی خراپەیان کردووە بەتوندی سزا بدرێن . بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کەوا جاش هەبووە چاکەشی بووە من بۆخۆم ماوەیەکی زۆر جاش پەنای دام هەرخۆشم نەبووم بەتەنیا نزیکەی ٢٠٠ کەس دەبووین هەموشمان پێشمەرگەو سەربازی هەڵاتوو بووین سمایلی عەزیزاغا داڵدەی داین و ماوەیەکی زۆر لەگڵەزەردە شاردینیەوە، دوایی لەلێبوردنەکەدا هەموومان خۆمان تسلیم کردەوەو بووین بەسەرباز.

ئەدیب ئەحمەد ڕۆستەمیش وەک حەسەنی عەلی حاجی فەرەج دەڵێت کە گیرام بەسەرباز ئەگەر سەرەی مۆڵەتیشم بوایە نەدەهاتمەوە لەبەرئەوەی کەسم نەمابوو بۆکوێ بهاتمایەوە، من نەمانم هەبوو نەکەسم مابوو، هەر هیچ نەبێ لە یەکەی سەربازییەکەم جێگەی خەوم هەبوو، ئەمە دیاردەیەکی زەقە لە ژیانی رابوردوی تاقانەکانی ئەنفالدا ئەوان هەتا سەربازبوون لە یەکەکانیان وهەتا پێشمەرگەش بوون لە بارەگاکانیاندا دەخەوتن .

ئەدیب دوای تاوانی ئەنفال گەرمیانی بەجێ هێشتوو جووە ماڵی خزمێکی خۆیان لە چەمچەماڵ هەتا لێبوردنە گشتیەکە لەماڵی ئەوان خۆی پەناداو لەلێبوردنەکەشدا خۆی رادەستی حکومەت کردەوەو کرایە سەرباز سەرەتا لە (سەربازگەی سەلام بووە لەسلێمانی و دواتریش ڕەوانەی سەربازگەی زیقار کراوە لەموصلل) دوای ماوەیەک تصریح بوون و ئینجا بانگکراونەتەوە بۆ خزمەتی سەربازی لە فائیدەو هەمیشە چاوەروانی گەڕانەوەی دایک وبراکانی بوو، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٩٨ هەر تەنیابڵ و بێکەس مایەوە، ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ لەیلا مەجید نەریمان کە خزمیان بوو هاوسەرگیریان کردو ماڵێکیان بۆخۆیان پێکەوەناو ئێستا دایک وباوکی چوار منداڵن . بەناوەکانی (گۆران، لانە، چاوان، غەریب) دوایین منداڵی بەناوی غەریبی برایەوە ناوناوەتەوە .

ئێستا ئەدیب ڕۆستەم لەناو هێزەکانی ناوخۆدا پۆلیسەو پلەی سەربازییەکەی (ڕەیس عروفا)یە، بەڵام داواکارە حکومەت چاوی لە تاقانەکانەوە بێت و بەکردەوە نەک بەقسە دەرفەتیان بدات بۆئەوەی خۆیان و منداڵیان بنیات بنێنەوە. لە ئەرک وفەرمانەکانیاندا تاقانەییان لەبەرچاوبگرن . لەراستیدا ئەم داوایەی ئەدیب زۆر ڕەوایە و هەقە بۆ پاراستنی ڕەچەڵەکی ئەو تاقانانە و ڕێزگرتن لەوانەی ئەنفالکراون و بەر پەرچدانەوەی تاوانی ئەنفال کۆمەڵگەی کوردی و ئەوانەی خۆیان بەبەر پرسیاری ئایندەی کورد دەزانن ئەم داوایە بەهەند بگرن.



ئەنفالکراو :
عەبدوڵا عەبدولڕەحمان عەلی خەلکی گوندی جەلەمۆرد، خۆی و هاوژینی بەناوی زێرین کاکە ئەمین و دووکچی بەناوەکانی هەورین و هاوژین، لەساڵی ١٩٨٨ لە قۆناغی جوارەمی ئەنفالدا گیران و هەموویان ئەنفالکراون.
وێنەی یەکەم عەبدوڵایەو وێنەی دووەم زێرین و هاوژینن لە گوندی جەلەمۆرد بێش ئەنفال جرکاوە و بەسوپاسەوە لەلایەن هیوا جەلەمۆردییەوە نێردراوە.



کچەکە ناوی ئەنفال بوو !

عومەر محەمەد

٢٠١٦/١٢/٢٣ – سلێمانی

لە ڕاپۆرتە بایەخدارەکەیاندا ڕێکخراوی میدیل ئێست وۆچ لە بەشی بەڵگەی پزیشکی دادوەریدا لە دوای هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی برجینی و کوریمێ، دێتە سەر باسی هەولێر، لەوێد نوسیویانە : (تیمەکە لە گۆڕستانی کۆمەڵگایەک، کە دەربازبوانی ئەنفالی بۆ ڕاگوێزرابوو، کەوتە گۆڕ هەڵدانەوەو پشکنینیان. گۆڕستانەکە لە لایەن پسپۆرانی ئارکیۆلۆجیەوە ڕووبێو کرا بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی گۆڕی منداڵو گەورە.زاناکانی پزیشکیی عەدلیش گۆڕی سێ منداڵیان هەڵدایەوە، کە یەکێک لەوانە وەک باسەکرا لە لایەن دەربازبوویەکی گوندی کوریمێ وە هەڵکەندرابوو و لاشەی خوشکە ساواکەی تێخستبوو. پشکنینی گۆڕەکەش پشتگیریی باسەکەی دەکردو پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو و نیشانەی بەدخۆراکیشی پێوە دیار بوو.) **بروانە میدیل ئیست وۆچ – جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد، چاپی سێیەم ٢٠١٣ چاپخانەی کەمال– وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حمەسالح توفیق – ل ٥١)** لەگەشتێکمدا بۆ کوریمێ بە ڕێکەوت چاوم بە برایەکی ئەو منداڵە کەوت کەوا تیمەکە هەڵیانداوەتەوە، هەر لەگەڵ بیستنی چیرۆکەکەیان یەکسەر ئەم باسەی میدڵ ئێست وۆچم بیرکەوتەوە، فاخر تاهیر دڵنیایی کردم ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ دا ناوی هاتووە خوشکەکەی ئەوە و خەڵکی کوریمێ یەو ناوی (ئەنفال) بووە ! کەچی سەیرە..! چیرۆکی ئەو کچەو خانەوادەکەی نەبوونە جێگە بایەخی میدل ئێست وۆچ ؟!

گەشت بۆ کوریمێ و ڕێکەوتێکی گرنگ :

ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٢٨ سەردانی گوندی کوریمێم کرد لەناوچەی بادینان،ئەو ڕۆژە یادی کۆمەڵکوژی پیاوان و گەنجانی گوندەکەیان بوو، کە



لەقۆناغی هەشتی ئەنفالدا دوای ئەوەی خەڵکی گوندی کوریمێ و هەندێک کەسی گوندی چەلکێ بە ژن و پیاوەوە خۆیان ڕادەستی یەکەیەکی سوپا کرد، زۆری نەبرد کە دوو ئەفسەر ٣٣ پیاویان لە ژن و منداڵەکان جیاکردەوەو ٢٠٠ مەترێک خوارتر لە زێدی خۆیاندا گوللەبارانیان کردن. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە نوسراوەکانی بەعسدا بەردەستم کەوتوون، ئەو یەکە سەربازیە سەربە تیپی ٢٩ی سوپای عێراق بوون و سەربازی ئەو تیپە تاوانەکەی ئەنجامداوە.

یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەو سەردانەم بۆ ناوچەی بادینان بەدەستهێنانی زانیاری بوو لەسەر ئەو کچەی کە لەبەحرکە مردبوو، لەڕاپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچدا ئاماژەی پێکراوە، کچەکە دوو مانگ پیش ئەوەی ئەنفال بگاتە بادینان لە دایک ببوو، باوکی کچە (تاهیر مستەفا) کە لەئەنفالدا گیراو لە قەڵای نزارکێ بە پێشچاوی خەڵکەوە بەعسیەکان بەبلۆک کوشتیان، وەک بزانێت ئیدی چاوی پێیان ناکەوێتەوە، وەسێتی بۆ هاوژینی کرد و گوتی : من ناوێرم خۆم ڕادەستی حکومەت بکەمەوە دەڕۆم بۆ ئێران بەڵام ئەگەر نەم بینیەوە ناوی ئەم کچەمان بگۆڕە بۆ ئەنفال، فاخر دەڵێت بابم جەختی کردەوە ناوی بنێن (ئەنفال) ! کە پێشتر ناوی (فرمان) بوو، تاهیر مستەفا لەبەرئەوەی نەیدەویست بکەوێتە دەست سوپا ڕۆیشت و ژن ومنداڵەکانیشی لە کوریمێ گیران و لەگەڵ

خەڵکەکەی ڕەوانەی قەڵای نزارکێ و دوای ئەویش ڕەوانەی سەربازگەی سەلامێ کران، ئەوسا سەلامیە بنکەیەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینان بوو، لەوێ (ئەنفال- فەرمان) توشی بەدخۆراکی بوو، لەبرسان و لەگەرما حاڵی گەیشتبووە گیانەڵا، چەند ڕۆژێک دوای لێبوردنە گشتیەکەی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ ڕێژێک سەیارەیان هێناو ژن و منداڵەکانی سەلامێیان فرێدایە ناوی و ڕەوانەی کۆمەڵگەی بەحرکەیان کردن، بەڵام (ئەنفال) زۆرنەژیاو مرد، براکانی لەگۆڕێکی بچکۆلەدا لە گۆرستانێکی بەحرکەدا ئەسپەردەی خاکیان کرد. لە ئایارو حوزێرانی ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوی میدڵ ئیست ووچ و پزیشکانی مافی مرۆڤ، تیمێکی تۆیژەری پزیشکیی دادوەرییان نارد بۆ کوردستان. تیمەکە پێکهاتبوون لەو لێکۆڵەرەوانەی کە ڕاهێنرابوون لە سەر ئەنتڕۆپۆلۆجیای پزیشکی دادوەری و ئارکیۆلۆجیا و یاسا. لە سێ شوێنی کوردستان گۆڕیان هەڵدایەوە، یەکێک لەوانە گۆڕی ئەو منداڵە ساوایە بوو کە ناوی (ئەنفال)ەو ئێستا جێگەی باسەکەمانە، تیمەکە پێشتریش بە ستانداردی جیهانی پزیشکی دادوەری لە گوندی کوریمێ و گوندی برجینێ گۆڕیان هەڵدابووەوە، دواتریش لە بەحرکە گۆڕی ئەم کچەو دوانی تریان هەڵدایەوە لەڕاپۆرتەکەیاندا میدڵ ئیست وچ بەشێوەیەکی لاوەکی باسی هەڵدانەوەی گۆڕی ئەم کچەو دوو منداڵەکەی تر لەبەحرکە دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی چیرۆکی خانەوادەکەی و چارەنوسی باوکیانەوە بنوسن لەکاتێکدا لەناو ئەو سەدان چیرۆکەی لە ڕاپۆرتەکەیاندا یاداشتیان کردووە، ئەگەر نەڵێم چیرۆکی ئەم خانەوادەیە لەهەموویان کارگەرترە ئەوا دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم لە دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی ئەنفالکراوانی بادینان لە قەلای نزارکێ و کەمپی سەلامێ تراژیدی ترو کاریگەرترە، بەڵای کەمەوە لەلای من بەسەرهاتی ئەم کچەو خانەوادەکەی و باوکیان زۆر بە ئازارن !

چۆن دەستم بەم زانیاریە گەیشت ؟

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٩ی ئابی ٢٠١٣ بەنیازی وێنەگرتنی شوێنی تاوانەکەو شوێنی ئەو چاڵانەی تەرمەکانی کۆمەڵکوژی پیاوەکانی چەلکێ و کوریمێی تێدا شاردرابوونەوە، لە کوریمێ وە شۆڕبووینەوە، بەرلەوەی بگەینە شوێنەکە بەڕێکەوت چاوم بە فاخرتاهیر مستەفا کەوت، ئێمە لەگەڵ کاک سمکۆ سابیر و کاک هاشم محەمەد ڕەشید کە یەکێک بوو لەدەربازبوانی کۆمەڵکوژیەکەو حاجی عوسمان کوریمەیی بەنیازی وێنەگرتنی شوێنی ڕوداوەکە بووین، کامێرای ڤیدیۆکەم بەدەستەوە بوو، لە دامێنی گوندی کوریمێ چاوم بەفاخرتاهیر مستەفا کەوت، ڕێکەوتێکی زۆر گرنگ و بایەخدار بوو، هەروەک خۆشی لەدوای گفتوگۆکەمان گوتی من بەڕێکەوت هاتمە ئێرە، بەڵام زۆر ڕێکەوتێکی باش بوو، بەهیوام ئەم قسانەم بڵاو ببنەوە، من کە بۆ خۆشم نازانم چۆن بەخەیاڵمدا هات پرسیاری لێبکەم ! ڕوی کامێرام تێکردو داوام لێکرد چی دەزانێت دەربارەی ئەنفالی گوندەکەیان بۆم باس بکات، کەچی زانیاری زۆر گرنگی دەربارەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی کوریمێ و هەڵدانەوەی روفاتی خوشکەکەی لە بەحرکە پێدام.

دوای ئەوەی سڵاوم لێکرد ئەو بەشەرمێکەوە وەڵامی دامەوە، پرسیارم لێکرد ئایا تۆش کەسوکارت لەو کۆمەڵکوژیەدا هەیە؟ لەوەڵامدا گوتی بەڵێ مام و ئامۆزام هەیە بەڵام بۆخۆشم بە ڕێکەوت رزگارم بوو ! دەرفەتی نەهێشتەوە لێی بپرسم چۆن ڕزگارت بوو، ئەو گوتی بریا بابیشم هەرلێرە بکوژرایە هەر هیچ نەبێ ئێستا دەمانزانی تەرمەکەی کامەیە، لەقسەکانی بەردەوام بوو، گوتی بۆیە وادەڵێم چونکە بابی من لەقەلای نزارکێ کوژراو ئێستاش نازانین تەرمەکەی لە کوێیە. پرسیم : چۆن دەزانن باوکیان لەقەلای نزارکێ کوژراوە؟ فاخر گوتی حاجی موسا پیرەمێردێکی خەڵکی کوریمێ یەو هەر خزمی خۆشمانە ئەو بەچاوی خۆی دی بووی ئەو گوتی فاتیحای بۆ بخوێنن و بەتەمای

مەبەستی چۆنکە من بەچاوی خۆم دیومە کە بەعسیەکان بەبلۆک کوشتیان . هەلبەتە تاهیر مستەفا تەنیا کەس نەبووە کە لە نزارکێ بە ئەشکەنجە کوژرابێ، زۆر شایەتحاڵ قسەیان بۆ کردووم لەبارەی ئەو دیمەنانەوە، حاجی حەکێم خەڵکی گوندی چەلکێ بۆی گێرامەوە کە لە پەنجەرەیەکەوە خوشکەزاکەی خۆی بینیوە لە ناوحەوشەی قەڵای نزارکێ بە بلۆک کوشتوویانە، خوشکەزاکەی حاجی حەکیم (فەتاح عەبدولقادر)ە کە یەکێک بوو لە دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژیەکەی کوردیمی، ئەو بەبریندارای دەربازی بوو بەڵام دوایی لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراو ڕەوانەی قەڵای نزارکێ کرابوو. کەریم نایف یەکێکە لەو شایەتحاڵانەی باسی قەلای نزارکێی بۆ گێڕامەوە دەڵێت: لەوێ ئەوەی زۆر تۆقێنەر بوو ئەو بلۆکە خوێناویانە بوون کە خەڵکیان پێ کوشتبوون .

فاخر ماوەیەکی باش ڕایگرتم و هەر بەسەر پێیانەوە دیدارێکمان سازکرد، کاک هاشم و ئەوان کە هەر بە دیارمەوە ڕاوەستابوون، لە چاویاندا دەمخوێندەوە وەک بڵێی داوام لێبکەن پەلە بکەم بۆئەوەی زوو بچینە خوارەوە بۆ شوێنی کۆمەڵکوژییەکە، بەڵام زانیاریەکانی فاخر بۆمن زۆر گرنگ وبایەخدار بوون، فاخر گوتی ئەو مندڵە خوشکی من بوو (ناوی فەرمان بوو بەڵام بابم گوتی ناوی بگۆڕن بە ئەنفال) ! .

ئەگەرچی من لەکاری مەیدانی خۆمدا زۆر گرنگی بە گێرانەوەی چیرۆکەکان دەدەم بەڵام ڕێکەوتی بینینی فاخر گەیاندمیە ئەو بڕوایەی هەموو شایەتحاڵێکی ناوچە ئەنفالکراوەکان زانیاری گرنگیان لەلایە بۆیە هەقە گرنگیان پێبدرێت، جێگەی هەڵوەستەیە لە دوجار سەردانماندا بۆ کوردیمێ کەهیچ کەسێک بۆی باس نەکردبووم کە فاخرتاهیر وخانەوادەکەی زانیاریان دەربارەی ئەنفال لەلایە باش بوو بەڕێکەوت توشم بوو، کەچی هەندێک زانیاری زۆر گرنگی پێدام گرنگترینیان ئەم زانیاریانە بوون :

یەکەم : دەربارەی چارەنوسی خۆی بوو، ئەم کوڕە، سێ جار خراوەتە ناو پیاوەکانەوەو هێناویانەتەوە ناو ژن ومندااڵەکان دەنا ئەویش دەبوو یەکێک بێت لەو کەسانەی کە لە کوردیمێ بەردەستریژی گوللەدران وکوژران، فاخر تاهیرو خەڵات خەلیل لەو منداڵانە بوون لە ڕۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان مەرگ و ژیاندا ڕاگیرابوون، ئەگەرچی تەمەنیان منداڵ بووە، بەڵام لەبەرئەوەی باڵایان هەبووە لە جیاکردنەوەو پۆلێنکاریدا ئەفسەرێک لە دوو ئەفسەرەکە، کە دوو ملازم بوون بەناوی (ملازم عەباس وملازم محەمەد) ئەفسەرێکیان (ملازم محەمەد) سێ جار قۆڵی گرتوون و بردبوونیە ناو ریزی پیاوو گەنجەکانەوە، بەڵام ملازم عەباس دەیهێنانەوە ناو ژنەکان، سەرئەنجام ژنەکان توانیان لەبن باڵی خۆیان بیانهێڵنەوەو لەمەرگی دەستەجەمعی ڕزگاریان بکەن. ئێستا فاخرو خەڵات هەردوکیان گەنجن و لە ناحێی مانگیش دژین.

دووەم: هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵکەی گوندی کوردیمێ بوو، ئەو چاڵانەی کە ڕوفاتی پیاوە بەکۆمەڵکوژراوەکانی کوردیمێی تێدا بوو. فاخر دەیگوت تیمەکە بیانی بوون، زۆر بەوردی بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕان، پێشتر لەگەڵ خەڵکی گوندەکە قسەیان کرد،ڕوداوەکە چۆن بووە؟ ئینجا دەیانپرسی ئەوانەی کوژراون کێ بوون، ناویان چی بووە نێر بوون یان مێ بوون ؟ ئەوەی زۆر مایەی سەرسامی فاخرو خەڵکی کوردیمێ بووە، پرسیویانە کورەکەتان یان پیاوەکەتان کە لەو گۆڕەدایە جگەرە کێشی بووە؟ پێشتر نەشتەرگەری بۆ کراوە دانی هەڵکێشراوە یان نا؟ لێرەدا وەک سوپاسگوزارییەک بۆ تیمەکە بەسەر سوڕمانەوە چیرۆکی هەڵدانەوەی ڕوفاتەکانی گێرایەوەو گوتی پیاوێک هەبوو پێشتر لەکاری لەحیمکاریدا پەنجەیەکی برابووەوە لەهەڵدانەوەکەدا ئەمە بۆ تیمەکە بووە کێشە، هەر مشتومڕیان بوو ئێمە نەماندەزانی گرفتیان چیە، بەڵام ڕوفاتەکە بەهۆی جلوبەرگەکەیەوە ناسرابووەوە ئینجا لەگەڵ هاوژینەکەی گفتوگۆیان کرد، ژنەکەی گوتی مێردەکەم پەنجەیەکی نەبووە چەند ساڵێک پێش

کۆمەڵکوژییەکە لەکاردا پەنجەیەکی قرتاوە . ئینجا تیمەکە گوتیان تەواوە ئێمە دوو رۆژە بەدوایئ ئەو پەنجەیەدا دەگەڕێین !

سێهەم : هەڵدانەوەی گۆڕی خوشکە بچکۆلەکەیان بوو کە لەسەر وەسێتی باوکیان ناونرابوو ئەنفال و لە کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکەدا مردبوو، پێی ڕاگەیاندم کەوا ڕێکخراوەکە هاتن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی ئێرە (کوریمئ) لەو کاتەدا چیرۆکی مردنی خوشکەکەمان بۆ گێرانەوە، دوایی ئەوانیش ئێمەیان بردو چون گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، دوای ئەوەی شیکاریان بۆ کرد ئینجا گوتیان ئێوە ڕاست دەکەن لەبەرکەم خۆراکی مردووە) خوێنەری بەڕێز دەتوانئ تیبینی ئەوە بکات کە پەرەگرافی یەکەمی ئەم نوسینە لە ڕاپۆرتەکەی میدل ئیست ۆچ هەڵگوازراوە ومن کردومەتە دەستپێک کتومت لەگەڵ قسەکانی فاخر یەکتری پشتڕاست دەکەنەوە. بەتایبەتی ئەم دوو دێرەی کۆتایی : (پشکنینی گۆڕەکە پشتگیریی باسەکەی دەکردو پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو ونیشانەی بەدخۆراکیشی پێوە دیار بوو.) جێگەی ئاماژەیە کەوا ڕاپۆرتەکەی میدیل ئیست ۆچ هەر لەو بەشەدا بەدرێژی باسی هەڵدانەوەی گۆڕەکان و تیمەکانی گوللەبارن و بارودۆخی گیراوەکانی سەلامئ و نزارکئ دەکات، بەتایبەتی لە سەر میتۆدۆلۆجی و ڕێبازی کارکردن لە سەر دۆکیومێنت و شایەت و بەڵگەی پزیشکیی دادوەری لەبارەی هەڵدانەوەی گۆڕەکانی برجینی و کوریمئ لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون و تایبەتن بەم باسە.

یادەوەری فاخر لەقەڵای نزارکئ و سەلامیە.

ئەوەی هەتا ئێستا لەیادەوەری فاخردایە ئەو بارودۆخە دۆزەخییەی ناو قەڵای نزارکێی و سەربازگەی سەلامێیە، فاخر دەڵێت: بەچاوی خۆم بینیم کە کە لەناو حەوشە گەورەکەی قەڵای نزارکئ دا منداڵیان خستە ناو بەرمیلی ئاگرەوەو سوتاندیان، من لەقاتی سەرەوە بووم، چاوم لێبوو کەوا سەربازەکان کورد دەکوژن، زۆرن ئەو منداڵانەی کوشتنی باوک و خزمەکانیان بەچاوی خۆیان لە نزارکئ بینیوە، فاخریش یەکێک بوو لەو منداڵانەی تاهیری باوکی لە نزارکئ بەبلۆک کوشتویانەو سەریان تەقاندووە، بەڵام لەوەدا بەختی هەبووە کە دیمەنی کوشتنی باوکی بەچاوی خۆی نەدیوە دەنا زۆر ژن ومنداڵ دیمەنی باوک و براو هاوسەرەکانیان بەچاوی خۆیان دیووە.

فاخر گوتی رۆژێک گوتیان کۆببنەوە دەتانبیەن بۆ شوێنێکی خۆش لەوئ ئۆتۆمبیل چاوەڕێی دەکردین بمانگوازنەوە، بەڵام نەماندەزانی بۆکوێیە، شوێنە خۆشەکە! سەربازگەی سەلامئ بوو لەلای موسڵ کە زۆر ژن ومنداڵ تیایدا مردن، دەڵێت: خوشکەکەم لە سەلامئ زۆری برسی بوو دایکم شیرین نەبوو بیداتئ براکەم ناوی مستەفایە چوو لەسەر بازێک پارایەوە هەندێک ماستی بداتئ بۆ خوشکە برسیەکەمان بەڵام سەربازەکە ئەوەندەی لێدا خەریک بوو مستەفاش بمرئ .

ئەو ئۆتۆمبیلانەی ئەمانیان پێگوازرایەوە بۆ سەلامیە زۆرجاری تر بینیبوونی کە خەڵکیان پێگواستووەتەوە فاخر دەیگوت ئەوانە جۆرێک بوون پاسیش بوون و پاسیش نەبوون وەک پاس وابوون، بەڵام دەرگاو پەنجەریان نەبوو داخراو بوون و تەنها یەک پەنجەرەی بچووکیان لە پشتەوە هەبوو. هەندئ جاریش پاسی کۆستەری ئەهلی بوون کە بە سوغرە دەیانگرتن و جاری واش بووە ئیڤای سەربازی بوون. دوا وێنەی نزارکئ لە مێشکی فاخرو ئەو ئافرەتانەی بادینانداکەمن دیوومن، بەردەوامیی ئەو دەردو ئازارەیە کە لە نزارکئ بینیویانە، نزارکئ شوێنێک بوو کەرامەتی مرۆڤی تێدا ژێر پێدەنرا، دەربازبوانی ئەو گرتووخانەیە زۆر مەیلی گێرانەوەی بەسەرهاتەکانیان ناکەن، هەندێکیان شەرم لە گێڕانەوەی دەکەن و هەندێکیشیان لە سۆنگەی ئەو ئەشکنجەدانەی پیاوەکانیانەوە دەری دەبرن و دەگرین و فرمێسکی گەرم دەڕێژن و هەتا ئێستا پێوەی دەتلێنەوە،

هەرلەبارەی مامەڵەی دڵڕەقانەی سەربازو پیاوانی ڕێژیم میدیل ئێست ڤچ نوسێوێتی : ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژن و منداڵەکانیان هەڵگرتبوو بەرە و باشوور بۆ لای مووسڵ ڕۆیشتن و پاشان بایاندایەوە سەر ڕێگای بەغدا. لە ئۆتۆمبیلێکیاندا ژنێکی دووگیانی خەڵکی ناوچەی ئامێدی ژان گرتی، ژنەکانی تر هاواریان لە شۆفێرەکە کرد بوەستێ، بەڵام کابرای شۆفێر ملی نەداو سەربازێکی جەنگاوەریش شەقێکی بۆ ژنە دووگیانەکە داهێنایەوە. پاشان هەر بە دەم ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلە پڕلە خەڵکەکەو هەڵبەزو دابەزیەوە بە ڕێگادا ژنە منداڵەکەی بوو. منداڵ ماو ناویان نا هاوار. بروانە میدل ئیست ڤچ هەمان سەرچاوە ل٣٧٩

فاخر دەڵێت: سەلامیە ڕۆژی حەشربوو دەڵێن دۆزەخ هەردوکیان نزارکێ و سەلامێ دۆزەخی کوردان بوون، کەگوتیان دەتانبەین بۆ بەحرکە وامانزانی دەمانبەن دەمانخەنە ناو بەحرەوە، ئێمە نەماندەزانی بەحرکە لەنزیک هەولێرە، وامانداەزانی بەحرە، ئەمەش تەنها تێگەیشتنی فاخر نەبووە بەڵکو زۆر لە دەربازبوانی نزارکێ بۆیان گێڕاومەتەوەو تێگەیشتنیان وابووە، هەریەک لە ئەبابەکر عەلی و قەهار خەلیل و کەریم نایف کەماوەیەک لەنزرکێ دەستەبەسەر بوون، قسەیان بۆکردووم و بە ڤیدیۆ دیدارەکانیانم تۆمارکردووە هەر وا دەڵێن : وامانزانی دواجار دەمانبەن دەمانخەنە ناو بەحرەوەو دەمانکەن بەخۆراکی ماسی.

پڕۆفایل



وەهاب ڕەشید محێدین

لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٨

دانیشتووی گوندی ڕەزای ناوچەی داوێ.

پلەی خوێندەواری : پۆلی یەکەمی ناوەندی.

گەرمیان لەسێ عەشیرەتی گەورە پێکهاتووە (جاف، زەنگنە،داوێ) بۆیە گوندەکانیشیان زیاتر بەناوچەی عەشیرەتەکان دەناسرێنەوە.

لەقۆناغی سێهەمی پەلاماری ئەنفالدا کەلە ٧ی نیساندا دەستی پێکردو لە ٢٠ی نیسان کۆتایی هات، هەموو گەرمیانی گرتەوە بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆری ئەو گوندانە ئەنفالکران و گوندنشینەکان زەرەری گیانی زۆریان بەرکەوت، گوندی واهەیە نزیکەی ٣٠٠ کەسیان ئەنفالکراون.

لەوپەلامارەدا گوندەکانی ناوچەی داوێ پێدەچێت ژمارەی ئەنفالکراوەکانی ئەم عەشیرەتە لەهەردووک عەشیرەتی جاف وزەنگنە زیاتربن .

وەهاب ڕەشید کەلەوێنەکەدا دیارە لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو، ئەوتەنها گەنجێکی سڤیل و لادێ نشین و کاسبی ماڵی خۆی بوو،ئەو چەکەی لەوێنەکەدا بەسەرشانیەوەیەتی تەنها بۆیادەوەری بووەو ئەو وێنەیەی پێوەگرتووە لەبەرئەوەی وەک هەرگەنجێکی لادێ نشین زۆر ئارەزوی لەچەک هەڵگرتن بووە،دەنا چەکەکە کەجۆری ژێرسێی ئێرانیە هی خۆی نەبووە، بەڵکو هی کوردێکی ئامۆزای بووە بەناوی (محەمەد خورشید محێدین) بەداخەوە ئەویش ئەنفالکراوەو سێ منداڵی لەدوا بەجێماوە.

وەهاب ڕەشید هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو،لە ناوەراستی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ خەڵکی گەرمیاندا گیران و ئەنفالکران لەناویاندا برایەکی بەناوی یاسین و (٣٥) کەس لەخزمەکانی گیران و ئەنفالکران کە زۆربەیان ژن ومنداڵ وئامۆزاومیمزای بوون .

سەرچاوەی زانیاری هاوڕێ پێشرەو برای ئەنفالکراو

ڕەمەزان عەلی سلێمان :



کەلە کۆمەڵکوژییەکە رزگارم بوو چووم بۆڵای خزمەکانم لەو هەردانەی گەرمیان مامەوە.

دیمانە : عومەرمحەمەد

شوێن : سلێمانی

ڕۆژی : ٢٠١٣/٨/٦

ڕەمەزان عەلی سلێمان ئەحمەد یەکێکە لەدەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵی بیابان لە نیسانی ١٩٨٨ لە بیابانی پارێزگای رومادی لەکۆمەڵکوژییەکی ئەنفال رزگاری بووە، پیاوێکی ڕوخۆشە لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٥([1]) خەڵکی گوندی (جافان)ی سەربە ناوچەی قەرەحەسەنە.

لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ داو لە قۆناغی سێیەمی ئەنفال کە ناوچەی گەرمیانی گرتەوە، لەگوندی خدر ڕێحانی ناوچەی قادرکەرەم خۆی ڕادەستی کۆمەڵێک جاش کردووە، دوای ئەوە دەبڕێتە بنکەی پۆلیسی قادرکەرەم کە بەشێوەیەکی کاتی کرابووە شوێنی کۆکردنەوەی ئەوکەسانەی لە ئەنفالدا دەگیران .

پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ لیوای چەچەمامڵ، لەوێوە دەبڕێتە بنکەی کۆکردنەوەو پۆلێنکردن لە سەربازگەی تۆپزاوای خوارپارێزگای کەرکوک، پاش ئەوەی لە تۆپزاوا ناونوس دەکرێن دوای دوو شەو مانەوەیان لە هۆڵێکدا بەیانیەکی زوو، بەکاروانێک پاصی بێپەنجەرە کە شێوەیان بە ئیسعافی گواستنەوەی نەخۆش دەچوو، بۆ بیابانەکانی ڕومادی دەگوازرێنەوەو لەوێ هەموو سەرنشینەکانی ناو پاصەکان گوللەباران دەکرێن.

خۆشبەختانە ڕەمەزان و چوارکەسی تر لەو کۆمەڵکوژییە دەرباز بوون. لەناو ئەو سەیارە سەر داپۆشراوەی پێی گوێزرابوونەوە بۆ چاڵەکانی مەرگ، لەنزیک شوێنی کۆمەڵکوژییەکە پاسەکە لەلمدا دەچەقێت، دوای ئەوەی دەزانن دەکوژرێن، هەوڵدەدەن بەرەنگاری بکەن تەکبیرێک لە حاڵی خۆیان بکەن و دەڵێن : ئەگەر لەم کۆمەڵە کەسە تەنها یەک کەسیشمان ڕزگاربێت هەرباشە، لە دیارئەو چاڵانەی بۆ بە کۆمەڵکوشتنیان ئامادەکرابوون، دوای ئەوەی سەربازێک دێتە ناوسەیارەکە بۆ داگرتنیان و بردنیان بۆکوشتن، پەلاماری ئەو تیمی سەربازانە دەدەن کە خەریکی بە کۆمەڵکوشتنی ئەنفالەکراوەکانن. بەهۆی ئەو بەرەنگاربونەوەیان، بەهۆی ئەوەی ڕەمەزان لەلای دەرگاکەوە دەبێت و شانسی چوونە دەرەوەی زیاتر دەبێت، دەبێتە یەکەم ڕزگاربووی ناو ئەو پاسەو گۆڕی بەکۆمەڵی گەنجەکان و دەگەڕێتەوە کوردستان .

دەمەو نیوەڕۆیەکی درەنگی ڕۆژی ٦ی ئابی ٢٠١٣ کاتێک زەنگی تەلەفۆنەکەم بە ژمارەیەکی نەناسراو لێیدا من لەوپەری سەرقاڵیدا بووم، کە وەڵامم دایەوە گوێم لە دەنگی پیاوێک بوو پێی نامۆ نەبووم، کە قسەی زیاتری لەگەڵ کردم سەرەتا بە سوعبەت دەستی پێکرد، بەڵام من زۆر سەرقاڵ بووم ودەرفەتی سوعبەت کردنم نەبوو، بۆیە ئەویش زوو تێگەیشت لەوەی کە کاتم لەبارنیە بۆیە یەکسەر ووتی: من ڕەمەزانم ئەها تەلەفۆنت بۆ کردم بۆ ئەمریکا.؟ بۆیە یەکسەر ناسیمەوە ڕەمەزان عەلی سەعید دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵ .

1 لەدیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانی دەڵێت ئەوە جنسێکەمە و بەتەسکەرە موالدی 1966 م بەڵام لەدیدارەکەیدا لەگەڵ من دەڵێ موالیدی 1965 م لەراستیدا من پێناسەکەیم وەرنەگرتووە بۆیە پێدەچێت لەدایکبووی 1965 بێت نەک 1966.

پیاوێک کە دەبێت هەمومان لە حزوریدا بە ئەمانەتەوە بوەستین، چونکە ئەویان هەریەکێک لەوانەی لەکۆمەڵکوژی ئەنفال گەڕانەوە، خاوەنی چیرۆکی زۆر گرنگ و هەڵگری رازی دەیان کەسی ئەنفاکراون لە بیابانەکانی عێراق.

پێشتر لەهاتنەوەی ڕەمەزان ئاگاداربووم، بەڵام بڕوام نەدەکرد بەو زوویی بگاتەوە ئێرە. وتی من هاتووم بۆلات دەمەوێ چاوم پێت بکەوێ، وەی بەچاوان هەر بەپەلە مۆڵەتێکی کاتی دوکاتژمێریم لە بەرێوەبەری فەرمانگە وەرگرت، دوای ئەوە بەپەلە لە فەرمانگە هاتمە دەرەوەو هەر بەپیادە دەرچووم و نەگەڕامەوە لای ئۆتۆمبیلەکەم، بەرلەوەی بگەمە لایان تەلەفۆنم کرد بۆ کاک فازل مورادی کە ئەویش ماوەیەک بوو میوانم بوو، هاتبوو بۆ هەرێمی کوردستان،ئەویش لێرە بە دوای کۆکردنەوەی زانیاریدا دەگەڕا بۆ ئەوەی نامەی دکتۆراکەی لەسەر تاوانی ئەنفال وجینۆسایدکردنی گەلی کوردستان بنوسێت.

من بەلامەوە گرنگ بوو موراديش لەوديارەدا ئامادەبێت باش بوو زۆری نەبرد ئەویش ئامادەبوو، زۆری نەبرد کاک ڕەمەزانم لەگەڵ دووخزمی خۆی کە هاوسەفەری بوون لە نزیک مالّی خۆمان دۆزیەوەو رۆیشتینەوە بۆمالّی خۆمان، هەر لەو میواندارییەدا سەرباری تەنگژەی نەبوونی کارەباو تاریکی شوێنەکەمان بەکامێرایەکی هاکەزایی سۆنی جۆری چینی بەشێکی گرنگی ئەم دیدارەمان ئەنجامداو بەشەکەی تریشی گەوتە ١٠ ڕۆژ دوای دیداری یەکەم کاتێک ڕەمەزان و نیشتمانی هاوسەری بانگهێشتێکی ئێوارە خوانێکیان کردین بۆ بانی مەقان و لەوێش بەشی دووهەمیمیان تەواو کرد.

ڕەمەزان بری ٦٠٠ دیناری پێبووە بەڵام تەنها ١٥ دینار لە گیرفانی کراسەکەیدا بەجیماوەو ئەوەی تری لەکاتی پشکنیندا لەگەڵ دەفتەری خزمەتی سەربازیەکەی لێدەستێنن، دوای ئەوەی لەشوینی کۆمەڵکوژیەکە دوردەکەوێتەوە ئەو شەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە بەبێ وەستان ڕێگا دەبڕێت، بۆ بەیانی دەگاتە ئاوەدانیەک کەخۆی نازانێت کوێیە، بەڵام وەختێک دەپرسێت ئێرە کوێیە عەرەبێک وەک گاڵتەی بکات پێی دەڵێت (بەغداد جدیدەیە) ئیتر سواری تەکسیەک دەبێت بۆ بەغدا لەوێ هەرچەندە خزمی زۆر دەبێت بەڵام مالّی کەسیان پێنازانێ بۆیە کەدەچێتە گەراج یەکێک لەوشۆفێری تەکسیانە دەخاتە دڵی خۆیەوەو پێی دەڵێت من حاڵێکی خراپم هەیەو دەمەوێت بمبەیتەوە بۆکەرکوک.. شۆفێرەکە دەڵێت مادام تۆ وەزعەکەت ئاوایە دەتبەمەوە. ئەویش لەبەغداوە کەسواری تەکسیەک ببوو بۆ کەرکوک، لەوکاتەدا ڕێکەوتێکی سەیردروست ببوو، ئەوەبوو کە شۆفێرەکە خاڵۆی عوزێربوو کەلەخەتی بەغدا ئیشی تەکسی دەکرد، لەڕێگە ڕەمەزان هەموو ڕوداوەکەی بۆ گێڕابووەوە، خاڵۆی عوزێرپرسیاری لێئەکات ئەڵێ باشە کورێک ئەناسم ناوی عوزێرە بلێی ئەویش گیرابێ، بەڵام نەیوتبوو من خاڵۆی ئەوم، ڕەمەزان سوێندی بۆ خواردبوو، ووتبووی کەلەناو یەک سەیارەدا بووین و ئەویش کوژرا)

پێدەچێت ڕەمەزانیش چوبێتە هەمان ئەو خانوانەی نزیک کەمپی ئاڵتاش کەکوردانی ڕۆژهەڵاتی لێنیشتەجێکرابوون بە ئۆردوگای کورد ئێرانیەکان ناسرابوو، کە هەندێک خانووی تاک و تەرای لێیە و مالّی عەرەبی لێنیشتەجێیە، واحید حەمە سەعید عەبدول ڕێی کەوتووەتە یەکێک لەمالّە عەرەبەکان و هاوکارییان کردبوو، فەرەجو عوزێریش چووبوونە مالّە کوردەکان، بەڵام بەختی ڕەمەزان نەیهێنابوو، چونکە کە پرسیاری لە مێرد منداڵێک کردووە ئێرە کوێیە پێی وتبوو ئێرە بەغداد جەدیدەیە بەڵام بەغداد جدیدە گەرەکێکی بەغدایەو پایتەختە، پێدەچێت ئەوگەنجە گاڵتەی پێکردبێت یان شوێنێکی جیاوازبێت و شوێنەکە ناوی جەدیدە بێت . هەرچۆنێک بووە ڕەمەزانیش خۆی گەیاندبووە بەغداو لەوێ شۆفێرێکی تەکسی هێڵی بەغدا بەناوی فەتاح کە خاڵی عوزێر بووە گەیاندبوویەوە دوزخورماتوو، پاشئەوە خۆی گەیاندبووەوە بۆلای چەند خزمێکی خۆی لەسەرچەمی ئاوەسپیو تا لێبوردنەگشتیەکە لەوێ خۆی شارد بووەوە .

رەمەزانیش ئێستا لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی .

کاک ڕەمەزان بەخێربێیت

خێراندار بیت سوپاس

ئەگەر ناوی سیانی خۆتم پێبڵێیت ؟

ناوم ڕەمەزان عەلی سلێمان

من لە ئاسمان بۆت دەگەڕام کەچی خۆشبەختانە لەسەر زەوی و ماڵی خۆمان دەتبینم

ماڵتان ئاوەدان بێت و ئێمە زۆرتۆمان ماندووکردووە بۆیە سەردانکردنی تۆئەرکی سەرشانمانە، پێش ئەوە سڵاوی کاک فەرەج و کاک عەزیز و کاک واحیدت پێدەگەیەنم.

سوپاس بۆ تۆش و بۆ ئەوانیش من تەنها بەئەرکی خۆم هەستاوم،کاک ڕەمەزان تۆ لەدایکبووی ساڵی چەندیت و لەبنەڕەتەوە خەڵکی چ گوندێکیت ؟

من بەجنسیە لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٥م

ئەی موالیدی ڕاستەقینەت چەندە ؟

کورە وەڵا ڕاستیەکەی نازانم چونکە کێ لەلادێ موالید خۆی دەزانێ ئەوسا خوێندەواری و شت نەبووە و خەڵک وەک ئێستا نەبووە . تو موالید ڕاستی خۆت دەزانی ؟

من بەڵێ بەتەسکەرە ١٩٦٨م و بەڕاستیش ١٩٦٧ .

دەی بەخوا منیش وەک توم.

بەڵام بە عارف قوربانیت ووتووە لە دایکبووی ساڵی شەست وشەشم ؟

جا حەزدەکەی با لەلای تۆش هەر شەست وشەش بم (بەپێکەنینەوە) بەکەیفی خۆت .

نانا چۆن دەبێت بەکەیفی خۆم بێت؟ ئەی لەبنەڕەتەوە واتا موالیدی ڕاستەقینەت چەندە ؟

کورە وەڵا ڕاستیەکەی نازانم، چونکە کێ لەلادێ دەپیەڕژایە سەر ئەوشتانەو کەس موالید خۆی بەڕاستی نەدەزانی ئەوسا خوێندەواری و شت نەبووە و خەڵک وەک ئێستا نەبووە.

لەبنەڕەتەوە خەڵکی کوێیت ؟

بن وبنەچەمان گوندی (جافان)ە هەرلەوێ بووین و هەرلەوێش لە دایکبووم و باو باپیرانیشم هەر خەڵکی جافان بوون. هەرلەوێ بووم هەتا ڕوخاندیان و ئینجا چوینە خدر ڕێحان .

جافان لەکوێیە ؟ سەربەکام پارێزگایە ؟

جافان لەوگەرمیانەیە، سەربە قەرەحەسەنە پارێزگای کەرکوک، هەروا لەودیو بان مەقانە زۆر دورنیە.

ئەی ئێوە سەربە ناحیێ قادر کەرەم نین ؟

کورە بەخوا خۆشمان نازانین زوو سەربە قەرەحەسەن بووین لەیلانیشی پێدەڵێن دوایی خرایە سەر قەرەهەنجیر .

ئیستا نازانم سەر بەقادرکەرەمین، یان قەرە هەنجیر، بەڵام زوو زوو پێشتر سەر قەرەحەسەن بووە چونکە ئەویش ناحێ بووە .

جافان لە کامیانەوە نزیکە لە قەرەهەنجیر یان لە قادرکەرەم ؟

پێموایە لەقەرە هەنجیرەوە نزیکترە، کورە لەبان مەقانەوە بۆی دەڕۆی لەلای (مطعم)ەکەوە ئەوەی وائێوارەکە نانمان لێخوارد، ئەوسا مطعم نەبوو، هەر ئەو ڕێگایە دەروا بۆ جەباری .

کەواتە لەلای جەبارییەوەوەیە ؟

بەڵێ بەڵێ ئەی چۆن .

چەندێک لەبان مەقانەوە دورە ؟

وەڵا نازانم معین زۆردورنەبێ، ڕەنگە هەردە دەقە ڕێگابێت .

ڕیگاکەی قیرە یان خۆڵ ؟

قیرە هەربەلای جافاندا دەروات، بەس ناودێکە قیرنیە .

ئێوە سەربەچ عەشیرەتێکن ؟

ئێمە سەربە عەشیرەتی جافین.

هەموو خەڵکی دێکە سەربەعەشیرەتی جافن ؟

ئەی چۆن؟ ئێمە هەمووان خزم وقەوم یەکتری بووین،نەوەڵا هیچ بێگانەیەک لەناواماندا نەبوو، هەموو یەک عەشیرەتین.

گوندەکەتان چەند ماڵ بوون ؟

وەڵا نزیکەی ٢٠ –٣٠ ماڵێک دەبووین.

لە جافان بەچییەوە سەرقاڵ بوون ؟

وەڵا وەک خۆم خەریک هیچ نەبووم سەرباز هەڵاتوو بووم .

ببورە مەبەستم ئەوەبوو بەچی ژیانی خۆتان دابین دەکرد ؟

بەکشتوکاڵ وئاژەڵداری هەبوو کاسبی تری ئەکرد

وەکوچی ؟ کاسبی چی تر هەبوو لەلادێ ؟

هەبوو دوکانداربوو، بەزۆریش مەروماڵاتیان بەخێودەکرد، هەبوو سەیارەی هەبوو دەچوو بۆشار ئیشی پێدەکرد، هەبوو دەچوو بۆکرێکاری بۆشارەکان بەزۆری دەچوون بۆ کەرکوک و بەغداو تکریت.

ئەی ماڵی خۆتان ؟

ئێمە مەڕومااڵت و زەوی و زارمان زۆر بوو، تەرەکتەریشمان هەبوو، ئیتر هەریەکەو خەریکی کارێک بووین.

ژیانتان خۆش بوو ؟ مەبەستم ئەوەیە خۆشگوزەران بوون ؟

ئەڕێوەڵ ئەگەر لێگەڕابان وشەرنەبوایە عەیبمان چی بوو؟ هەموومان کارو کاسبی خۆمان دەکردو پێکەوە بووین و ژیانمان بە باشی دەچووە ڕێوە ئیتر ئەگەر ئەم شەڕە نەبوایە عەیبمان نەبوو.

کام شەرە ؟

کورە شەری سەدام، شەری ئێران و سەدام شەری پێشمەرگەو حکومەت.

تۆبۆخۆت چ کارێکت دەکرد ؟

وەڵ هەموو لەهیچ کارێک نەدەگەرامەوە هەموشتم دەکرد، کە هەراش بووم بەرخەوانی و شوانی و کە تراکتەریشمان کری سایەق تەرەکتەریشم کردووە، کورە هیچ کارێک نەبوە من نەمکردبێت، چەندە هیلاکیش دەبووین بەڵام بەخوا ئەوکاتە زۆر لە ئێستا خۆشتر بوو.

لە ئەمریکاش خۆشتر بوو ؟

کورە نەوەڵ باسی ئەوسا دەکەم .

وتت جافان پێش ئەنفال روخاوە بۆچی روخا ؟

ئەی حکومەت ئەرزی محەرەمەی دەروخاند جافانیشی روخاند، گوتیان ئەرزی محەرەمەیە.

جا گوندەکەتان لە ئەرزی محەرەمەدابوو ؟

ئەی چۆن ؟ گوند هەبوو موحەرەمە نەبێت ؟

ئەی تۆ ناڵێی نزیکە لەلای بان مەقان ؟

با بەڵام ئەوەندەش نزیک نەبوو.

ئەی کەحکومەت روخاندی ئێوە چیتان کرد؟ دروستتان کردەوە یان چون بۆمجمع ؟

کورە نەوەڵ مجمعی چی ؟ نەچوین بۆمجمع، ناچار چوین بۆخدر ڕێحان لەوێ بنەمان دانا چونکە من سەربازی هەڵاتوو بووم نەمدەتوانی بچمەوە بن دەستی حکومەت .

خدر ڕێحان دێیەکی دورتر بوو ؟

ئائا لە جافانەوە دوربوو

ئینجا لەوێ چیتان دەکرد ؟

لەوێش هەر خەریکی ئاژەڵەکانمان بووین هیچی تر نەبوو بیکەین منیش سەربازی هەڵاتوو بووم .

تۆ لەکوێ گیرایت ؟

من نەگیرام خۆم ڕادەستی جاش کرد، لەخدر ڕێحان بووم کە جەیش وجاش هاتن.

پێشئەوەی ڕۆبچینە ناو پرسیارو وەڵامەکانمانەوە تۆ پێش ئەو تاوانەی دەرهەق خەڵکی کوردستان بەگشتی بەرامبەر بە ئێوە بەتایبەتی کرا قەت ناوی ئەنفالت بیستبوو ؟

قەت نەمبیستبوو، نەبەخوا قەت گوێم لەو ئەنفالە نەبووە، هەتا هاتیشینەوە نەماندەزانی ئەنفال چییە ؟ دوایی لێرە پێیان دەگوتین ئەنفال خەڵک پێی گوتم ئێوە پێتان دەڵێن ئەنفال ئێستا خۆم هەڵبکێشم و بڵێم هەموشتێک دەزانم وەڵامن لەوانە نیم بۆیە هەرچیم لێبپرسیت چی راستە هەرئەوەت پێدەڵێم، بەخوا بشمکوژن درۆناکەم نەبەخوا هەرنەمدەزانی ئەنفال چییە، دوایی زانیمان ئێمە پێیان وتووین ئەنفال .

کە دەڵێین پرۆسەی ئەنفال تۆ چ تەفسیرێکت بۆی هەیە ؟ چۆن سەیری ئەوە تاوانە دەکەی ؟

وەڵ نازانم چۆن.

گوندەکەتان چەند ماڵ بوون ؟

نزیکەی ٢٥ ماڵ دەبوو

کەی ئەنفال گەیشتە سەرگوندەکەی ئێوە ؟

بەخوا بەڕێکی نازانم بەڵام ئەوە دەزانم بەهار بوو . بەڵام ئێمە لە عان ئەنفالەکە لەجافان نەبووین ساڵێک دەبوو لە خدر ڕێحان بووین .

چەند کەست لە ئەنفال گیراون ؟

خزم وکەسم زۆر ئەنفالکراون.

مەبەستم لەکەسە نزیکەکانتە؟ باوک و براکانت و خوشکەکانت.

نا، شوکر باوکم و براکانم، کەسیان ئەنفال نەکراون هەرخۆم بووم، خۆمیش ئەوەتا هام لێرەو خۆشت دەزیزانی کە دەربازبووم . بەڵام خزمە دورەکانم زۆر ئەنفالکراون.

لەماڵەوە چەند سەر خێزان بوون ؟

باوکم و دایکم برایەکم لە خۆم گەورە ترە ناوی (محەمەد)ە، ئەوە خۆشت دیوتەو دەیناسی، من دوای ئەو لە دایکبووم ودوای منیش (لوقمان) دوای ئەویش خوشکەکەم دێت ناوی (سەرگوڵ)ە.

دایکت و باوکت هەرنەگیران ؟ مەبەستم ئەوەیە ئەنفال نەکراون واتا نەبران بۆ نوگرەسەلمان ؟

نا شوکر کەسیان نەگیرابوون.

ئەی لە ژیاندا ماون ؟

نا، وەفتایان کردووە.

کەی وەفاتیان کردووە سالّی چەند ؟

دایکم لە سالّی ٢٠٠٨ لە هەولێر وەفاتی کرد، دوای ئەویش باوکم، لە سالّی ٢٠١١ شوکور بۆخوا ئەوانی تر لەژیاندا ماون.

بۆچی لەهەولێر ؟

ئەی لە کاتی ئەنفالەکە تەرحیلکراین بۆهەولێرو ئیتر هەرلەوێ بوون نەگەڕابوونەوە ناوچەکەی خۆمان. ئێستاش ئەوان گۆڕەکانیان هەر لە هەولێرە لەوێ بەخاک سپێردراون و نەمانهێناونەتەوە بۆ جافان.

لە ناو شاری هەولێر، یان لە کۆمەڵگاکانی لای هەولێر ؟

نا، نا لە بنەسڵاوە، چونکە کاتی خۆی تەرحیلکرابوون بۆ ئەو مجمەعە ناوی بنەسڵاوەیەو هەرلەوێ مردن ولەوێش نێژراون .

پێش ئەنفال چەند جار گوندەکەتان سوتاوە یان روخاوەو دروستتان کردووەتەوە ؟

پێش ئەمجارەی کە ئەنفالکراین ؟

بەڵی بەڵی پێش ئەنفال ؟

ئەی مەگەر نەمگووت سالّی ١٩٨٧ روخاندویانەو چوین بۆخدر ڕێحان . ؟

پێشتر مەبەستتمە ئەوکاتانەی تۆمندالّ بوویت ؟

بەخوا معین دووسێجاری ترگوندەکەمان سوتاوە، وەک ئەیگیرنەوە لە سالّ بەعسیەکەیان بووە وابزانم ئەوەیان لەسالّی ١٩٦٣ بووە، زۆرجار ئەیانگێڕایەوە عارەب داوێتیە سەرناوچەکەیا و گوندەکانیان تالّانکردووە و هەموویان سوتاندوە، ئەوجارە (جافان)یش سوتاوەو هەمو ماڵەکانی تالّان کراوەو هەرچی مەڕومالّات هەبووە تالّانچی عارەب هەمووی بردووە،ئەوەیان بەبیرەوەری من نیە هێشتا من لە دایک نەبووم کە ئەوانە بوون.

دەزانم بۆیان گێڕاویتەوە، منیش زۆریان لەو چیرۆکانە بۆ گێڕاومەتەوە، بەڵام دایکت و باوکت و باپیرەت چۆن بۆتۆیان گێڕاوەتەوە ؟

دەیانگووت حەرەس قەومی هاتوون، ئاگریان لە خانووەکان بەرداوە ماڵەکانیشیان تالّان کردووە. ماڵێک خزمان هەیە،بە (حاجی شەریف) بەناوبانگبووە، ئەوان مەڕیان زۆرهەبووە هەتا ئەم سالّانەی دوایش هەر باسیان دەکردو وەک نموونە دەینگوت، ئەو سالّەی وا مێگەلە مەڕەکەی مالّ حاجی شەریفیان بەتالّان برد.

ئیتر ئەم میللەتە هەر ئەوە بەشی بووە، لەوکاتەوە من زانیم ئەم کوردە داماوە بەشی هەر مالّوێرانی بووە، بەڵام بەزۆری لە سالّی ٦٣ تالّان و بڕۆی عەرەب زۆر بووە.

لە سالّی ١٩٧٤ جارێکی تر گوندەکان سووتان مالّ ئێمەیش سوتا ئەوەیانم لەبیرە لەسەردەمی مەلامستەفادا بوو، کە شەڕەکە دەستیپێکردەوە لەگەڵ حکومەت،خەڵکی ئەوگوندانەی ناوچەکەمان هەمووی سوتان خۆمانیش دەربەدەر بووین چەند مانگێ دوای ئەوەگەڕاینەوە وسەرلەنوێ خانووماڵمان دروستکردەوە.

لە چ وەختێک ئەنفال گەیشتە سەرتان ؟

بە خوا وەک رۆژەکەی ئەوەیان نازانم چ رۆژێک بوو معین بەهاربوو، گیا هەراش بوو، ئەوسا ئێمە سالّ و وەختێک بوو، لە خدر ڕێحان بووین وەک گوتم پێشتر گوندەکەمان روخابوو.

کە روخا چوونە خدر ڕێحان ئێوە بۆچی ئەوگوندەتان هەڵبژارد ؟

لەبەرئەوەی دورەدەســت بــوو، مــاڵی کــاک سالاریش دۆست وناسیاومان بوون لەبەرئەوە باوکم گوتی بچینە ئەوێ بۆخۆمان سەلامەتترە.

خدر ڕێحان چەند ماڵ بوو؟

ئەوێ نـزیکەی ٣٠ –٤٠ ماڵێک دەبـوو. لەجافـان زۆرتر بوو.

کاک عوزێریش هەر لەوگوندەی ئێوە بوو؟

ئەی ئەویــش هەر لە جافــان بــوو، کە ئەوێ ڕوخا، هات بۆخدر ڕێحـان وهەرلەوێ نیشتەجێ ببوو هەتا ئەنفالەکە.

بە ئیرادەی ئەوخوایە لە ڕومادیش هەر بەیەکەوە بـووین، کەگولەبارانمانیـان کـرد. هەر بەیەکەوە بووین.

ئەی ئێستاش وا لەئەمریکا هەر بەیەکەوەن ؟

بەڵێ وایە هەربەیەکەوەین.

وتت سـەربازی هەلاتـوو بـووم پـێش ئەوەی لەخزمەتــی ســەربازی هەڵبێیــت لەکــوێ سەرباز بووێت ؟

مــــن هەرنەچـــوومە پێشـــەوە (نەبـــووم بەسەربازی حکومەت، لەبەرئەوەی ئەوکاتە شەڕی ئێران وعێراق بوو منیش مـاڵم لەلادی بوو ئەوسا ئەوەی لەلادێ بوایە نەدەچوو بـۆ سەربازی ئەوەی لەشاربوایە ئەگەر خزمێک ناسیارێکی لەلادێ هەبوایە هەرنەدەچـوو بـۆ سەربازی ودەچـووە ئەو مـاڵەخزمەی لەلادێ من کە ناوم هاتەوە ئیترهەر لە جافـان بـووم هاتووچۆی شارم نەدەکرد.

ئەگەر شـەڕ نەبـوایە دەچوویـت بـۆخزمەتی سەربازی ؟

ئەی چۆن کە دنیـا خـۆش بـوایە هەمـووکەس دەچــوو ئەوســا ئەوەنە فیرارنەبــوو . کەس نەیــدەوێرا نەچێـت حکـومەت بەهێـز بــوو نەچوویتایە دەتیان گرت .

ساڵەکەی چەند بوو لەسەربازی هەڵاتی ؟

ئەی نەمگــووت هەرنەچــووم؟ هەرنەچــومە پێشەوە بۆ تەجنید.

ساڵی چەند ناوت هاتەوە ؟

وەڵاهی وابزانم ساڵ ٨٤ ئەی ٨٥ بوو .

کەواتە گەرمەی جەنگ بووە .؟

ئائا دەمێک بوو (حرب)شەڕەکە دەستی پێکـرد بــوو. عــاڵەم هەمــووی فیــرار بــوو هەرمــن نەبووم بەخوا وابزانم چـوار ئەی پێـنج ساڵ بوو شەڕبوو شـەڕێ پـیس و مەترسیدار بـوو عاڵەم هەمووی فەوتا.

بەم زمانی بەرۆژەوەوە بازۆر ماندوت نەکەم ئینجا بابێینە سەرباسی ئەنفال.

بەڵێ باشە.

تۆ لەکاتی ئەنفال لەکوێ بوویت ؟

لە دۆڵێکدابووین لەنزیک خدر ڕەیحان. تازە تەق وتـۆق دەسـتی پێکردبـوو، لە گونـدەکە دەرچووبـــــووین لە چەمەکەدا دانیشـــــتین دەترساین تۆپبارانی گوندەکە دەست پێبکات، کۆپتەر بەسەرماندا دەسورایەوەو گونـدەکانی قەسف دەکرد.

کێت لەگەڵدا بوو ؟

وەڵاخەڵکێکـــی زۆر لەچەمەکەدا بـــوو، بەڵام ئێمە من بووم کـاک عەزیـزو کـاک حەسیب .

کاک عەزیز مەبەستت عوزێرە ؟

بەڵێ، ئەوکـاتە وتـی بچـۆرە سـەر ئەو یـاڵە بزانە جەیش و جاش دیارنین ؟

ئیترتۆپ هات لەنزیکمانەوە ئەتەقی، ئێمەش بەپەلە دەرچووین .

ئینجا بۆکوێ چوون ؟

هاتینە خوارترەوە، لەوێ چەمێکی زۆر چڕی لێیە چوێنە ئەوێ. بەڵام لەگەڵ کاک عەبـاس وکاک عەزیز جیابووێنەوە .

تۆ لەکوێ گیرایت ئەوکاتەی هاتنە خوارەوە ؟

من نەگیرام بەپێی خۆم چووم خۆم تەسلیم کرد کرد.

لەکوێ لە خدر ڕێحان ؟

نەوەلا لەقادرکەرەم، لەوکـاتەدا بـاوکم هـات بەدوامــدا وتــی: وەزعەکە خــراپەو دەڵــێن

عـافوات هەیەو گـوێم لێبـووە بانگەوازیـان دەکرد عافواتە، کاک عەزیز نەهات بەڵام من لەسـەر قسـەکەی بـاوکم هـاتمەوە، ئەویش ناهەقی نەبوو چوزانێ حکومەت درۆ دەکـات، پـێکەوە لەگەڵ باوکمـدا هـاتینەوە بـۆ نـاو قادرکـــەرەم بـــاوکم هەتـــا نزیـــک مەرکەزەکەهـــات، ئیتـــر مـــن خواحـــافیزیم لێکـــردوو، چـــووم خـــۆم تەســـلیم کـــرد، نـابەدڵیش بـووم بەڵام کە بـاوکم وتـی بـرۆ خـۆت تەسـلیم بـکەرەوە قسـەیم نەشـکاندو لەگەڵیدا رۆیشتم.

تۆ چۆن خۆت تەسلیم کرد ؟

چووم بۆناومەرکەزەکەی قادرکەرەم و سەرەم گرت و تەسلیم بوومەوە .

بۆچی بەسەرەبوو ؟

ئائـا خەڵـک زۆربـوو کەهـاتبوون تەسـلیم ببنەوە، هەشبوو جاش وجەیش گرتبویـانن، منـیش چـومە نـاو ئەو ریـزەوە وا ناویـان دەنوسـی راوەسـتام هەتـا سـەرەم گەیشـتێ ئینجا چومە پێشەوەو ناوی منیشیان نوسی ووتیان بچۆرە ژورەوە.

ئەی هیچیان لێت نەپرسی ؟

بابا چۆن وتیان ناوی سیانیت چییە پێمـوتن ئینجا وتیان پێشمەرگەیت وتـم نـا سـەربازی هەڵاتـووم وتیـان چەکەکەت وتـم چەکـم نـیە. ئیتر تەفتیشیانکردم و چوومە ژورەوە.

کەچویتە ژورەوە چیت بینی؟

خەڵکێکـــی زۆرم بینـــی، نـــاو ژورەکـــان و حەوشـەکەش هەر پربـوو جێگەنەمـابوو بەڵام خەڵکیشیان هەر بۆ دەهێنا.

کەی بـوو ئەوکـاتەی کە جەیـش گەیشـتە خـدر ڕێحان ؟

بەیـانی ڕۆژبەبـانەوە بـوو تەواو هەڵکشـابوو، ئێمە لەو هەردانە خۆمان شاردبووەوە لەگوندەکە نەمـــابووین . چامـــان لێنابوو، خەریـــک چاخواردنەوە بووین.

چ مانگێک بوو ؟

ئەی نەمگـوت بەهـار بوو، بەهـار ناکـاتە مـانگی چوار. مـانگی چواربـوو. لەپێشـەوە دەنگی تـۆپ دەهات و دوایی تۆپەکان دەنگیان نـزیکەوە بـوو، هەتـا ئەوکـاتە ئـێمە نەجەیـش ونەجاشـمان نەدیبوو.

لەپێشەوە کامیان هاتنە ناو گوندەکە ؟

بابڵێین کێ گرتی جاش یان جەیش ؟

ئێمە لەناو گوندەکە نەبووین دۆلێک بـوو لەنـاو جەوەڵەکاندا ئێمە لەوێ بووین، نـاودێکە کەسـی تێـدا نەمـابوو. هەمـووی لەترسـی هـاتە هـات چۆڵیان کردبوو .

ئاخر دەزانم بەڵام کامیان لە پێشەوە هاتن ؟

جاش بوون، بەڵام ئێمە نەگیراین نەگەیشتنە لای ئـێمە، ئـێمە خۆمـان چـوین بەرەو قـادرکەرەم و لەرێگـا توشـیان بـووین بەڵام هیچیـان نەگـوت.

جاشەکان ناسیاوبوون ؟

وەڵا ناسیاونەبوون . وابزانم هی قاسماغا بوون.

ئەی چییان لێتان کرد ؟

هیچ قسەیەکی ناخۆشیان پێمـان نەکـرد، ئێمەش دەڕۆیشتین بۆناو قادرکەرەم.

کە خۆت تەسلیم کردچەند لەوێ مانەوە ؟

بەخوا ڕۆژێک بوو ئەی دوو ڕۆژ بوو بیرم نەماوە

ئەی لەوێ چییان لیتان کرد ؟

جا چییان لیمان نەکرد؟ زۆر ناخۆش بوو.

مەبەستم ئەوەیە ئەشکەنجەیان دان ؟

نەوەڵا لیـــدانمان لەســـەر نەبـــوو، بەڵام زۆر ناخۆش بوو ناومەرکەزەکە هەمووی خەڵکی وەک ئێمە وا بوو؟ ئەو هەمـوو خەڵـکەی ئەو دیهاتـانە هەمـووی وەک ئـێمە گیرابـوون، نـاو مەرکەزەکە جێگە نەبوو .

ئەو ڕۆژە کەس لە بەرپرسەکان هاتن بۆ لاتـان لە ناو مەرکەزەکە وێنەتان بگرێت ؟

بەخوا ئەوەیان نازانم بیرم نەماوە.

کاک عوزێر دەڵێت عەلی حەسەن مەجید هاتووەو وێنەی گرتووین و دوایـی لە تەلەفزیـۆن خـۆمم دیوەتەوە ؟

بەخوا من بیرم نیە بۆچی درۆبکەم ؟

ئەی تۆ ئەو وێنەیەی ئەنفالکراوەکانت نەدیت کە لەتەلەفزیۆن نیشانی دەدان ؟

کورە باڵێ تەلەفزیونی چی بۆ ئێمە نان هەبوو بیخۆین هەتا تەلەفزیۆنمان نیشان بدەن ؟

لەوێ نالێم دوای ئەوەی رزگارت بوو؟

نەبەخوا شت وام بیرنایات دیبێتم .

دوای ئەوە لەمەرکەزەکە چییان لێکردن ؟

دوایی ئەو ماوەیە بانگمانیان کرد، ناومانیان نوسی و بردیانین بۆ چەمچەماڵ.

بەچی بردیانن بۆ چەمچەمال ؟

بە پاسی کۆستەر، هی خەڵک بوو بەسوغرە هێنابویان

بردیانن بۆکوێی چەمچەماڵ بۆ لیواکە یان بۆ قایمقامیەت ؟

بەخوا باش بیرم نیە وابزانم لێواکە بوو، سەربازگە بوو، معین لەوێش ناومانیان نوسی، ئاخر ئەگەر بزانی ئەو رۆژە لە چەمچەماڵیش هەراوەزاهەرەیەک بوو. لەبەر ئەوە زۆر نەیانهێڵاینەوە، زوو بردمانیان بۆ کەرکوک

ئەی خۆلەوخۆپیشاندانەدا خەڵک زۆر خۆیان رزگارکرد، ئێوە نەتانەتوانی خۆتان رزگار بکەن ؟

نەوەڵا نەماندەتوانی هەرچواردەورمان سەربازبوو، بۆکوێ بچوینایە؟ ئاخر خۆئێمە نەماندەزانی بۆکوێمان دەبەن و چیمان لێدەکەن

کە بردیانن بۆکەرکوک یەکەمجار بردیانن بۆ کوێ؟

بردمانیان بۆتۆپزاوا .

باسی تۆپزاوام بۆ بکە لەوێ چۆن بوو، چەند رۆژمانەوە ؟

هەر کەگەیشتین و چوینە ناو تۆپزاوا، معسکەرێکی گەورەبوو، یەکسەر عەسکەر پەلامارمانیان داو جیایان کردینەوە ناویان نوسین و کردیانینە ناو قاعەوە.

هەریەکسەر دایانگرتن و ناویان نوسین و کردیانە ناو قاعەکانەوە ؟

نا دەزانی چۆن بوو.؟

چۆن بوو دەمەوێ بزانم ؟

کۆمەڵێ قاعەی زۆری بوون، هەموویان تەنیشت یەکەوە دروستکرابوون. لەبەردەمی هەموو قاعەکان لە دەلاوە خەریکی تەفتیش وناونوسین بوون. هەرقاعەیەکیش نزیکەی ٥٠٠ کەسێک زیاتر یان کەمتری دەگرت، لەوکاتەی ناومانیان دەنوسی بەژمارە دابەشمانیان نەدەکردە سەر قاعەکانا هەرکەناوەکەی دەنوسی دەیگوت بچۆرە ژورەوە. ئیتر هەرخەڵکیان تێدەکرد عانێکم زانی خڕدەرگاکەیان داخست. بەخوا ئەو عاعەی ئێمەی تێدابووین نزیکەی ٥٠٠ کەسی تێدابوو.

خەڵکی تری لێبوو کە ئێوەیان برد ؟

ئەی ماڵت نەرمێ خەڵک؟ بەخوا وامانزانی هەموو کوردیان هێناوە، من بۆخۆم وافکرم لێدەکردەوە هەموو کوردیانهێناوە بۆ ئێرە، وتم یەک کەس نەماوە هەموویان هێناوە بۆ ئێرە.

ئەی لە تۆپزاوا ؟ ناخۆشیەکانی ئەوێ چیت بیرماوە ؟

هەرباس ناکرێ ئەوەندە ناخۆش بوو. بەڵام کە ئەو خەڵکە زۆرەشم بینی کەمێک فەراحیم بۆهات وتم ئەم هەموو خەڵکە لێرەن رەنگە لێرە بەرەڵامان بکەن، دوایی کە کردیانینە ناو هۆڵەکان فکرم گۆری و گوتم بەخوا چاومان بەدنیای فانی ناکەوێتەوە.

ئەمەت هەر لەدڵی خۆتدا دەگوت یان لەگەڵ کەسی تریش وتت ؟

ناوەڵا هەر لەفکر خۆمدا کورە کەس تاقەتی قسەی نەبوو، هەموومان وەک مردوومان لێهاتبوو.

بەچیدا ئەو فکرەت کردەوە ؟ بەتورەبوونی سەربازەکان یان شتێکی تر هەبوو ؟

نەوەڵا هەرلەخۆمەوە دڵم باشی نەدەخوێندەوە.

ئەی لەوێ سەربازەکان چۆن بوون لەگەڵتان لێیان نەدان ؟

نا، لێیان نەداین، بەڵام تۆپزاوا هەرسەعاتێکی بەسەاڵێک دەرۆیی ئەوێ مردن بوو.

چۆن بۆم باس بکە چۆن وەک مردن وابوو ؟

ئەی کاکە ترسمان لەسەربوو، برسیمان بوو بەخوا ٥٠٠ کەس دەبووین خرابووینە قاعەیەکەوە

شوینی دانیشتن نەبوو، بۆن هەڵاو خەریکبوو دەخنکاین، نازانم چۆن بوو لەوقاعەیە نەمردین

ماوەی چەند رۆژ لەوێ مانەوە ؟

بەخوا معین دوو شەو لەوێ ماینەوە.

لەوێ هیچیان پێدان بێخۆن ؟

کورە باڵێ خواردنی چی ؟ بەخوا وتیان بڕێک سەمونی کەمیان هەڵداوەتە ناو قەعەکەوە، بەڵام من هیچم نەبینی، جا برا خۆخواردنیشیان پێبدایانایە، کی خواردنی پێدەخورا، ئێمە رۆژێکی خراپ تێکەوتبووین و چاوەروانی شتی باشمان نەدەکرد. ئەوەی ئەنفالی نەدیبێ نازانێ وەزعەکە چۆن بووە، بەخوا دەڵێن رۆژی حەشر رێک ئاوا بوو.

زیاترم بۆباسبکە

ئەو هەموو خەڵکەیان کۆکردبووە و هیچ ڕەحم لە دلیاندا نەبوو.

چیتر ؟

ئیتر نازانم چیترت بۆ باسبکەم، بەیانیەکەی هاتن وەجبە وەجبە کردمانیانە دەرەوە وتیان برۆن سواری ئەو پاسانە بن.

چۆن وتیان ؟ ناویان دەخوێندنەوە یان ئێوەش یەکسەر چوونە ناو پاسەکان ؟

بەخوا بیرم نەماوە چۆن بوو، نازانم بەناو خوێندنەوە بوو یان هەروا چووینە ناو پاسەکانەوە.

چۆن بوو هەروا رۆیشتن یان ئەوان فەرمانیان پێکردن چۆن برۆن ؟

نانا فەرمانیان پێکردین کێ دەیتوانی لەخۆیەوە بروات ؟

ئاخر وتیان برۆنە ناوپاسەکانەوە یان وتیان بەریز برۆن؟

نەوەڵا بەریز بۆت نەبوو سەر بەرزەوەکەی.

دەست وچاویان نەبەستبوون ؟

نا، نا دەست وچاومان نەبەسترابووە .

سەیارەکان چۆن بوون ؟

سپی و سەوزو شین بوون بەخوانازانم رەنگی تریشیان بوو بەڵام من هەرئەوەندەم لەبیرە .

چ جۆرە سەیارەیەک بوون ؟

باسێک بوون وەک ئیسعافی نەخۆش وابوون پەنجەرەیان نەبوو . موبربوو یەک کونێکی بچوکیان تێدابوو ئەویش تەلبەند کرابوو.

کەسوارەبوون چییان کرد رۆیشتن یان هەر وەستان هەتا بەیەکەوە کەوتنە ڕێ ؟

نا کە تەواو پڕبوو ئینجا کەمێک جوڵاو ئنجا وەستان .

چەندێک وەستان ؟

وەڵا نازانم بەینێکی باش راوەستان ئینجا کەوتەڕێ .

ئەو کاتە پاسەوانیان بۆ دانان ؟

لەدەرەوە نازانم بەڵام لەنیوان ئێمەو سایەقەکە بۆشاییەک هەبوو بە دریژایی رێگەکە کەسێک بەچەکەوە پاسەوانمان بوو.

کەسەکەچی بوو ؟

پیاوی حکومەت بوو .

بەدڵنیایی پیاوی حکومەت بوو بەڵام سەربازبوو، ئەمن بوو، پۆلیس بوو ؟

ئائا جلی سەربازی لەبەردابوو.

چی چەکێکی پێ بوو ؟

کڵاشینکۆفی بەدەستەوە بوو .

سەعات چەند لەکەرکوکەوە دەرچون و کەی گەیشتنە شوێنی روداوەکە ؟

بەیانی رۆژ هەڵکشابوو، نازانم سەعات چەند بوو، معین دەوری ٨:٥ بۆ ٩ ئاوابوو، بەڵام ئێوارە گەیشتینە شوێنی کوشتنەکە. هێشتا روناک بوو بەڵام ئێوارە بوو.

لەڕێگا باسی چیتان دەکرد ؟

وەڵا بیرم نەماوە من هیچم نەدەگوت هەبوو دەیگوت بەخوا دەمانبەن دەمانکوژن وهەبوو شایەتمانی دەهێنا بەڵام سەرەتا کە جولاین هەموو دەنگمان بەرزبووەوە گوتمان ئەوە رۆژمان تەواو بوو، بۆ مردن بەڕێمان دەکەن هەشبوو دەیگوت خواگەورەیەو هەبوو دەگریاو عالەمەکە گشتی وەک مردوی لێهاتبوو.

ئەی کەس نەبوو شارەزابێت و بڵێت دەمانبەن بۆکوشتن یان بۆ بەردان ؟

نەوەڵا بەس هەر لەسەیارەکاندا دڵمان ختورەی کرد، زانیمان حکومەت نیازی خراپە، خوایە

تـــۆبە پرســـیارت کردکەســـی شـــارەزا کـــاک ئەنوەرێکمـــان لەگەڵ بـــوو، ئەو شـــارەزابوو، جارجـار لەوکـونەوە تەماشـای دەرەوەی دەکـردو دەیگـوت دەمـانبەن بەرەوخـوار. لە دۆخێکـی زۆر خراپـدابووین خەریـک بـوو بخنکێـین لەتینوانـدا زۆر گەرم بوو،هیچ پەنجەرەیەک نەبوو بـۆ هەوا گۆری .

هیچ جارێک لەرێگا نەوەستان ؟

نـا، تەنهـا جارێـک راوەسـتاین گوتیـان ئەمە فەلوجەیە.

یەکەمجـار کە تەلەفـۆنم بـۆت کـرد ەئەمریکـا هەرئەم پرسیارەم لێکردیت، وتـت لەفەلـوجەوە بردمانیـــان و شـــوێنی کۆمەڵکـــوژییەکە خـــوار رومادی بووە .

بەڵـــــێ وابـــــوو،وابزانم لەوێ حەرەس و ســـایەقەکانیان گـــۆڕی. ئینجـــا بەرەو رومـــادی بردمانیان.

ئەی هـــیچ ســـەیارەو شـــۆفڵ و شـــتی وا کەوتە تەکتان ؟

بەخوا وادەڵێن بەڵام من هیچم نەبینی.

ئەی دوای ئەوە ؟

ئیتـر کەوتیـنە ڕێ ئەوسـا ئـێمە زۆرمـان گەرمـا بوو، ڕۆیشتنەکە باشتر بوو، بۆیە کە سەیارەکە کەوتە ڕێ پێمـــانخۆش بـــوو، ئیتـــر نـــزیکەی نیوسەعات سێ چـارەک بەرێگـای قیـردا ڕۆیشت ولایدایە سەرخۆڵ ئیجا، ترسەکەمان زیادی کردو وەک بڵێـی زانیمـان بۆکوشـتنە هەمـوو کەوتـنە هـاوارو دوعـاو گەردن ئـازایی لەیەکتـر دەڵمـان پڕبوو لەگریان .

چۆن زانیتان بۆ کوشتنە؟

کەلایـدایە سـەرخۆڵ ؟ زۆری نەبـرد سـەیارەکە چەقـی و بەشـۆفڵ خەریکـی دەرکردنـی بـوون، گوێمـان لەتەقەش بـوو، بەوەدا زانیمـان . ئەو کاک ئەنوەرە گوتی : دەمانکوژن با بیرێک لە حاڵی خۆمان بکەینەوە.

دوایـی سـەیارەکەیان دەرکـرد ئێمەشـی هەرتیـدا بووین کە ئیتر سەیارەکە وەستا گوێمـان لەتەقە دەبوو، جار جار بوو، ئیتر کـاک ئەنـوەر گـوتی ئەوە لەدەرەوە خەڵک دەکوژن.

ئەی ئێوە هاورابوون لەگەڵیدا ؟

ڕاستی نازانم هەمـوو چـی لەدڵیانـدا بـوو، بەڵام یەکەمجار کاک ئەنوەر ئەمەی ووت .

وتی چی ؟

وتی باتەکبیرێک بکەین، کاتێک هـاتن دامـانگرنە خـــوارەوە بەهەموومـــان پەلامـــاری کەســـێکیان بـــدەین، بەڵام کـــوڕێکی تربـــوو (کـــاک ســـەلام)ی ناوبوو ئەو ووتی من ئامادەم هەرکە دەرگاکەیـان کـردەوە مـن پەلامـاری دەدەم. ئیتـر زۆری نەبـرد یەکێکیـان هـاتە ژورەوە پەلـی یەکێکـی گـرت بۆخـوارەوەی بەرێـت کـاک سـەلام پەلامـاری داو بۆکسـێکی بـۆ داوەشـاند بەڵام هەرزوو تەقەیـان لەوکـردو لەوێ شـەهیدیان کـرد، عەسـکەرەکەش بەپەلە چـــووە دەرەوەو دەرگـــاکەی داخســـتەوە، دەرگاکە سکە بوو. ئیتر جـاری دووەم کەهـاتنەوە کاک ئەنوەر گوتی من پەلاماری تفەنگەکەی دەدەم بەڵام یەکێک خۆی بخـاتە بەردەرگـاکەو نەهێڵێـت دایـبخەنەوە، کەهـاتنە نـاوەوە بـووە پەلامـارو مـرخێش مـرخێش مـن لەنێـوان دەرگـاکە دابـوو، عـــانێکم زانـــی بـــووە تەقە مـــن خـــۆم خســـتە خوارەوەوچوومە ژێر پاسەکەوە .

کاک عوزێر لەدیدارەکەیـدا کەلەگەڵیـدا کـردوومە دەڵێـت کـاک ڕەمەزان گـوتی مـن خـۆم دەخەمە بەردەرگاکە .

مانّی ئاوابێت سوپاسی دەکەم .

دوای ئەوەچی رویدا ؟

ئێ وەڵا ئیتر بـووە تەقەو هۆسـەو ئەوخەڵکەیـان هەمـــووی کوشـــت وئـــێمەش خوایارمەتیـــداین دەربازمـان بـوو، خـۆ مـن لەپێشـەوە نەمـدەزانی کەسی تر دەرچووە، هەروام دەزانـی خـۆمم بـاش بوو سێ کەسی تر دەرچووبوون .

تۆ بریندار نەبووی ؟

نـامن هـیچ گـوللەیەکم بەرنەکەوت لەبەرئەوەی لەنێـوان دەرگـاکەدابووم وخـۆم خسـتە ژێـر سەیارەکەوەو ئەوانیش تەقەیان لەناو سەیارەکە دەکرد. بەڵام زۆر ناخۆش بوو.

هەتا کەی لەژێر سەیارەکەدا مایتەوە ؟

هەتـا تەقە نەمـاو قەدەرێـک هەر لەشـوێنی خـۆم بووم، کەزانیم هیچ هەست وخوست نـیە لە ژێـر

سەیارەکە هاتمە دەرەوەو دەستم کرد بەرۆیشتن، سەرەتا زۆر بەترسەوە هەنگاوم دەنا دوایی کەوتمە چۆلایی و بەترس و لەرز رۆیشتم.

تۆ هیچ گۆری ترت نەبینی ؟ وەک کاک عوزێر بەسەر گۆری تردا نەکەوتی ؟

نا من هیچم نەبینی .

ئیتر چۆن رۆیشتی و گەیشتیتە کوێ ؟

شەوەکەی هەر بەرێگاوە بووم، لەبەرەبەیاندا خۆم کرد بە ئاوەدانیەکدا، وەک شارۆچکەیەک وابوو شارنەبوو دێهاتیش نەبوو، نەمدەزانی کوێیە گوتیان ئێرە جەدیدەیە .

ببورە کاک رەمەزان پەلەمەکە

کێ وتی جەدیدەیە ؟

کەسێک بوو لێم پرسی ئێرە کوێیە ؟ وتی ئێرە جەدیدەیە .

تۆ عەرەبیت دەزانی ؟

بەشی ئەوەم دەزانی .

ئیتر ناوی خوام لێهێناو لەدەرگای ماڵێکمدا باش بوو جێگەیان کردمەوەو لەوێ ئیسراحەتم کرد، بەخوا معین هەتا نزیکەی نیوەرۆ خەوتم، چونکە زۆرماندوو بووم ئەوانیش ماڵیان ئاوابێ لەخەویان نەکردبووم.

ماڵەکە عەرەب بوون ؟

ئائا کورد لەوعەربسانە کوا ؟

بۆیە پرسیم گوتم رەنگە تۆش وەک کاک عوزێرو کاک فەرەج چوبیتە کەمپی ئالتاش ئەوکەمپە کوردی رۆژهەلاتی لێبوون ؟ ساڵی ٢٠٠٨یش بەتەلەفۆن هەمان پرسیارم لێت کرد، کە تەلەفۆنم بۆکردیت بۆئەمریکا لێمپرسیت ئایا تۆش هەرچوویتە ئۆردوگای ئێرانیەکان؟ وتت نازانم، بەڵام چومە شوێنێک وەک مجمع وابوو، لەوێ لەکەسێکت پرسیوە ئێرە کوێیە وتوویەتی ئێرە بەغداد جدیدەیە

وابوو بیرمە بەڵام بەخوا ئێستاش نازانم ئەو شوێنە کوێ بوو، بەلام کورەکە وتی ئێرە بەغداد جدیدەیە.

من ئێستاش واهەست دەکەم تۆچویتە کەمپی ئەلتاش لەوێش هەندێک ماڵی عەرەبی لێن کاک واحیدیش هەرچووبووە ماڵە عەرەبێک.

بەخوا ئیتر نازانم کوێ بوو.

ئەی ماڵە عەرەبەکە پرسیاریان نەکرد تۆچکارەی چیت بەسەرهاتووە ؟

بەریوەڵا بەڵام من عەرەبیم باش نەدەزانی و زۆر جوابم نەدەدانەوە جارەنگە ئەوەش بەخێر بۆم گەرابێت، خۆئەگەر بهاتایەو عەرەبیم باش بزانیایە چیم بەسەرهاتبوو هەموویم دەگێرایەوە، خۆت دەزانی ئەوساکە حکومەت زۆر بەسام بوو، رەنگە ماڵەکە خراپیش نەبونایەو نەیاندامایە دەستەوە بەڵام جێگەیان نەکردمایەوە.

دوای ئەوەی لەخەو هەستایت چیت کرد ؟

پێش نیوەرۆ لەماڵە عەرەبەکە دەرچووم و مسافەیەک بەپێ رۆیشتم تەکسیەک هات بۆمی راگرت، وتم دەچم بۆبەغداد وتی وەرە سەرکەوە، منیش سواربووم.

ئەی نەترسای هەریەکسەر وتت دەچم بۆ بەغدا؟

بەڕێوەڵا چۆن نەترسام کابرای سایەق سمێڵێکی زلی هەبوو لە پیاوی ئەمن وئیستخبارات دەچوو، بۆیە یەکسەر چوومە دواوە.

ئینجا پارەت پێبو، یان لەماڵە عەرەبەکە وەرتگرت ؟

من ٦٠٠ دینارم پێبوو، بەڵام لە تەفتیشەکەی تۆپزاوا لێمیان سەند، باش بوو، دەپانزە هەزارێکم پێمابوو.

ئەی لەڕێگە سیتەرەکان گرفتیان بۆ دروست نەکردیت؟

ناوەڵا باش بوو، هەتا بەغدا لێمیان نەپرسی، لەناو بەغداش هەر ئەو تەکسیە بردمیە گەراج، بەس کە لەگەراج نەهزە دامی بەزاند زۆر ترسام کەچاوم بەوهەموو ئەسکەرو ئینزباتە کەوت خەریک بوو، زیرە بکەم نەمدەزانی چۆن رێگە بکەم، وامدەزانی ئەوانە بۆگرتنەوەی من هاتوونەتە ناوگەراجەکە. دەمگوت بەخوا چوون مەیتەکانیان ژماردووەو زانیویانە یەکێکیان کەمەو هاتوونەتە ئێرە بۆئەوەی بمگرن، دوایش دڵی خۆمم دەدایەوە ئەگەر بیانزانیایە هەر لەنزیک ئەوشوێنە کەمین وسەیتەرەیان دادەنا، یان سەیتەرەکانیان ئاگادار دەکردو

دەیانگرتمەوە،گیانم بەوە بوو ناو گەراجەکە زۆر گەورەو قەرەبالّغ بوو، بەجارێک ٢٠ سەیارە نەفەری بارەدەکردو بیست دەردەچوو، هەراوهۆسەیەک بوو، من بەو ترس ولەرزەوە بەناو ئەوخەلّکەدا دەرۆیشتم گوێم لێبوو، بەکوردی هاواری دەکرد کەرکوک،کەرکوک هەرلەخۆمەوە رۆشناییەک بەدلّماهات، ئیترچووم بۆلای سەیارەکان کەرکوک.

چوویت بۆلای پاسەکان یان تەکسیەکان ؟

خۆی هەردوکی هەبوو پاسی کۆستەریش هەبوو تەکسیش هەبوو، بەلّام من چوم بۆلای ئەو دەنگەی واهاواری دەکرد تەکسیەکان بوون، بە زۆری لەو کراونانە بوون کەکاتی خۆی خەلّک زۆر دەیکری بۆ ئیشی خەتەکان. ئیتر ئومێدێک لەدلّم گەرا، چووم بۆلای کابرایەک جلی کوردی لەبەردابوو، جامادانێکەی سەرنجی راکێشام کە وەک لای خۆمان لەسەری بەستابوو، جلی کوردی لەبەردابوو، هەرلەخۆمەوە دلّم پێی دەکرایەوە، چوومەلایەوەو سلامم لێکردو سەلامەکەی سەندمەوەو ئینجا بەسرتە پێمگوت : خالّە من لێم قەوماوەو پارەو هویەم پێ نیە دەتوانی هاوکاریم بکەی ؟ مالّی ئاوابێ کاک فەتاح زۆر پیاوانە هاتە دەنگمەوەو وتی وەرئەملاوە بردمیە تەنیشت سەیارەکەوەو دانیشت وتی باکەس گوێی لێمان نەبێت قسەم بۆبکە، منیش هەرچیم توانی بۆم باسکرد، وتی تۆخەریک ئەو تایەیە بە، بەنەفەرەکانی گوت کاکە بچنە ئەوسەیارەیەوە من پەنچەرم دوای ئەوەی نەفەرەکان دابەزین و چوونە سەیارەکەی تەرەوە وا ئەم ئیشارەتی بۆکرد، جەگی سەیارەکەی دەرکردو خستیە ژێرەوە، بەمنی گوت تۆهەقت نەبێت، تۆجارێ هەر خەریک تایەی سەیارەکەبە، زۆری نەبرد، جەگەکەی خستەوە ناوسەیارەکەو وتی وەرە سەرکەوە، بەتەمای خوا، منیش سواربووم و لە نەهزە دەرچوین . لەرێگا ئیتر هەرئەو باسەمان بوو، وردودرشتیم بۆگێرایەوە.

من دەزانم کاک فەتاح خالّی کاک عوزێر بووە، بەلّام پێمخۆشە خۆت ئەوەشم بۆ بگێڕیتەوە.

ئا بەلّام خۆمن سەرەتا نەمدەزانی کابرا کێیەو چیەو چی نیە، هەرناویشیم نەدەزانی، دوایی درەنگانێک زانیم ئەو کاک فەتاحە خالّی کاک عوزێر بووە.

درەنگانێک کەی سالّێک دوو سالّ دوای ئەوە زانیت یان ئەو بەکاک عوزێری وتبوو ؟

کورە بالّێ معین سالّی ١٩٩٢ بوو، کوردستان ئازادببوو.

ئاخر دوایی باسی ئەوە دەکەین بەلّام ئێستا ئەوەم بۆباس بکە لەکاتی گێرانەوەکەتدا باسی ئەوەت بۆکردبوو کەعوزێرت بینیوەو بەپێشچاوی خۆتەوە کوژراوە ؟

لەرێگە ئەو پرسیاری کرد تۆ کێیت وخەلّکی کوێی کە وتم من خەلّک جافانم و دوایی بارم کردووە بۆ خدر رێحان دیارە زانیوێتی کاک عوزێریش هەرلەو گوندانە بووە، ئینجا کاک فەتاح زۆرخەلّکی جافانی دەناسی، وتی کورێک لە جافان بوو ناوی عەزیزە و دوایی چووەتە خدر رێحان نایناسی ؟ ئاخر کاک عوزێر نازانم بۆچی وای پێدەلّێن خۆی ناوی عەزیزە، ئەو وتی عەزیز منیش وتم بەرێوەلا دەیناسم فەقیرە لەگەلّ خۆماندابوو بەخوا لەوێ کوژرا، هەتا وتیشم پێی خزمتە ئەو کاک عەزیزە چی تۆ دەبێت ؟ وتی وەلا هەر ناسیاوە خزمم نیە خۆ ئەو هەرلەوێ پێینەگوتم ئەو کورەی تۆ باسی دەکەیت کورخوشکمە نەوەلاهیچی نەگوت .

ئەی کە وتت بینیومە کوژراوە تێکنەچوو ؟

بەرێوەلا زۆری پێناخۆش بوو، بەلّام پیاو هەق بلّێ زۆرخۆراگربوو هیچ قسەیەک یان حەرەکاتێکی وای نەکرد من هەست بکەم کە خوشکەزایەتی ومنیش چیم دی بوو ئەوەم باسکرد. ئەی خۆ درۆم نەکرد هەموویان بەپێشچاومەوە گوللەبارانکران .

ئەی هیچ ترسێکت نەبوو ئەم نهێنیەلای ئەو پیاوە بدرکێنی و لای حکومەت قسەبکات یان ئەمن وئیستخبارات بێت ؟

بەعەمروئیرادەی ئەو خوایە هەرچی لەدلّمدا بوو بێ ترس و دلّەراوکێ بۆمگێڕایەوە، نەوەلا پیاو راست بلّێت باشە هەموویم بۆباسکردو نەترسام.

ئینجا ئەو خۆی نەسیحەتی ئەوەی کردم کە لەلای کەس ئەم نهێنیە باس نەکەم بۆخۆم باش نیەو حکومەت پێبزانێت دەتگرن و دەتکوژن. راستیشی دەکرد.[2]

لەرێگا سیتەرەکان پرسیاریان نەکرد؟

ناوەڵا هەر رایان نەگرتین، کەلەبەغدا دەرچوین، کاک فەتاح راوەستاو سەلامی کرد ئیتر سەربازەکە هەربەدەست ئیشارەتی کرد بروات. بەڵام کاک فەتاح زۆر دڵێ دەدامەوە و دەیگوت خواپشتیوانمان بێت دەتگەیەنمەوە کەرکوک.ئیتر مالّی ئاوابێت لەگەڵ تۆدا، خودا پشتیوانمان بوو نەجاتیدام.[3]

کاک فەتاح لە ژیاندا ماوە ؟

نەوەڵا بەداخەوە مردووە.

پێش ئەوەی بمرێت پەیوەندیتان باش بوو ؟

ئائا شوکر پەیوەندیمان باش بوو.

کە لە ئەمریکا دەهاتیتەوە دەچویت بۆلای سەردانت دەکرد؟

ئەی چۆن.

کەی گەیشتنەوە کەرکوک ؟

معین ئێوارە درەنگانێک گەیشتینەوە کەرکوک.

جا تۆکەسوکارت لەکەرکوک هەبوو یان چویتە مالّی سایەقەکە ؟

نانا هەمانبوو خزمم هەبوو ئامۆزام هەبوو، کاک فەتاحیش وتی : ئەگەر کەست لێرەنیە وەرەوە ئەمشەو لەمالّی خۆمانبە. گوتم نەوەڵا مەمنونم دەچمە مالّی ئامۆزایەکی باوکم، شک دەکەم باوکم وئەوانیش هەرلەوێ بن، وتی مالّی کێیەو لەکوێ دادەنیشن ؟ گوتم مالّی حاجی محەمەدو مالّیان لە شۆڕجەیە، ئەویش بردمیە سەرکۆڵانەکەو منیش دوعاخوازیم لێکردو دابەزیم و چوومە مالّ ئامۆزاکەی باوکم. کەدابەزیم ومالّە کوردەکانم بینی زۆر دڵمخۆش بوو، چونکە کە لەتۆپزاوا ئەو هەموو خەڵکەم بینی گیرابوون ودوایی بردیانین ئاوایان لێمانکرد گوتم رەنگە هیچ کوردێک نەمابێ. هەرچەندە مام فەتاح لەڕێگا پێمی گوت ناوشارەکان و مجەمەعەکان سەلامەتن وهیچیان بۆنەبووە.

کەگەیشتیتە مالّی ئامۆزاکەی باوکت باوکت وئەوان لەوێ بوون ؟

نا لەوێ نەبوون، دوایی چون بەدوایاندا ئەوانیش هاتن بۆئەوێ .

کەئەوان هاتن ئینجا زانیان کەتۆ گیراویت ؟

نانا ئەی بۆتم باسنەکرد کەباوکم هەتا نزیکی مەرکەزەی قادرکەرەم لەگەڵمداهات ئەو دەیزانی من گیراوم .

باوکت نالّێم مالّی حاجی محەمەد دەڵێم ؟

---

[22] لە دیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانی کاک رەمەزان زیاتر و ریایی ئەم کاک فەتاحە دەخاتە روو بەم شێوەیە باسی دەکات (ئەو پێمی ووت لای هەموو کەس ئەو قسانە مەکە، پێم سەیر بوو، لێم پرسی بۆچی ؟ تۆ بڵێی خەڵک هەبێت ئەوەندە بێ ویژدان بێت بچێت خەبەرم لێبدات؟ ئەوەنیە من تۆم باسکردو خۆم داوەتە دەستی تۆوخوا، ئەوەنیە تۆ دەمبەیتەوە بۆ ناو کەسوکارم، مام فەتاح ووتی: لەبەر ئەوەم نیە، دەڵێم ئەگەر خەڵک بزانن تۆ لەوێوە هاتویتەوە هەرچی کەسێک منالّی دەستگیرکرابێت دێن بۆ هەوالّی منالّەکانیان پرسیارت لێدەکەن. بە هۆیەوە حکومەت دەزانێت، منیش باوەڕم بەقسەکەی کرد و ئیتر تێگەیشتم خراپە خەڵک بزانێت من هاتوومەتەوەو زانیاریم لایە کە گەنجەکان چیان بەسەر هاتووە.)

[3] لەدیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانی کاک رەمەزان بەم شێوەیە باسی سەیتەرەکان دەگێڕێتەوە (هەرکە گەیشتینە بەردەمی مام فەتاح سلاوێکی لێی کرد، بەخوا وابزانم سلاوەکەشی نەسەندەوەو بەنوکی پەنجە ئیشارەتی بۆکردین کەبڕۆین. ئیتر وەک ئەوەی لەژێر بەحر دەرم بەێنن، ئاوا هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو نەجاتمان بوو. هەستمکرد هەرلەیەکەم سەیتەرە ئاواترسام، بەهۆی ئەوەی بە ئاسانی لەوەیان دەرچووین لەوانی تر باشتر بووم وترسەکەم کەمتر بوو، مام فەتاحیش وتی لەبەرئەوەی هەرهەردووکمانین وائەزانن تۆمقاولی ومنت بە خسوسی گرتووە، ئیشالّا بە سەلامەتی دەگەینەوە ناوکەسوکارت، لە خوا بەزیاد بێت بەسەلامەتی گەیشتینەوە ناوکەرکوک.)

ئەوانیش هەر زانیبوویان و خزمەکان تریشمان زانیبویان من گیراوم، ئیتر دوایی هەموو خزمان هاتن.

ئیتر ئەوەی بەسەرت هاتبوو بۆت گێڕانەوە؟

ئەڕێوەڵا هەموویم گێڕایەوە.

ئەی نەترسای بدەن لەهاواروگریان وخەڵک پێبزانێت ؟

نەوەڵا نەترسام هەرچیم بینیبوو هەموویم بۆباسکردن، بەڵام دایکم زۆر نارەحەت بوو. هەردەگریاو لەخۆی دەدا.

ئیتر تۆ هەرلەوێ خۆت شاردەوە یان رۆیشتیت بۆ شوێنێکی تر؟

نانا لەوێ نەمامەوە، کە بۆم باسکردن، ئەوان گوتیان نابێت لێرەبیت،حکومەت دەتدۆزێتەوە دەتگرن ودەتکوژن. وتیان دەبێت بچیتەوە بۆجافان .

ئینجا جافان نەروخابوو ؟

با بەڕێوەڵا چۆن،ئەی مەگەر بۆتم باس نەکرد کە ئەو ساڵێک پێش ئەنفالیش روخابوو، بەڵام هەندێک خزم وقەوم خۆمان چوبوونەوە لەو هەردوجەوەڵانەی نزیک جافان خۆیان شاردبووەوەو وتیان وەزعی ئێرە زۆرخراپە، هەتا دنیا تۆزێک باش دەبێت تۆش دەبێت بچیت بۆلای ئەوان منیش وتم ئێوەچۆنتان پێباشە وادەکەم.

چەند لەکەرکوک مایتەوە ؟

معین دوشەوبووئەی سێ شەومامەوە.

ئەی دوای ئەوە رۆیشتیتەوە بۆجافان ؟

ئا رۆیشتم بۆئەوێ بۆلای خزمەکانم .

خزمەکانت کێ بوون؟ چۆن دەتتوانی بیاندۆزیتەوە ؟

لەگەڵ باوکم رۆیشتین دیاربوو، ئەو شوێنەکەیانی دەزانی.

خزمەکانت کێ بوون لەوێ کەوا خۆیان شاردبووەوە ؟

ئەرکان بوو،بەرزان بوو،ئازادبوو، نەوزادوعەباس بوون ئەوان لەوێ شوێنیان چاککردبوو خۆیان پەنادابوو.

چۆن رۆیشتن خۆئەوێ ناوچەی قەدەغەکراوبوو، هاتووچۆتیایدا ئاسان نەبوو. ؟!

هەردەبوو بەپێ بڕۆن وایە ؟

بەڵێ عەسرێکی درەنگ، هەربەپێ لەگەڵ باوکم رۆیشتینەوە بۆ هەردەوهەڵەتەکانی جافان.

جارێگەیەک هەبوو لەکەرکوکەوە بەبێ ترس لێوەی دەرچن ؟

نەوەڵا هیچ شوێنێک بێ ترس نەبوو، بەڵام ئێمە لەلای لەیلانەوە ڕۆیشتین و ئێوارە گەیشتینە نزیک جافان و لەو هەردانە خزمەکانمان دۆزیەوە، ئەوشەوە باوکیشم لەگەڵماندا مایەوەو بەیانی تاریک ورون باوکم خواحافیزی لێمانکردو من لەگەڵ خزمەکانم مامەوە.

لەوێ چۆن دەژیان ؟ خواردن وشوێنی حەوانەوەتان چۆن بوو ؟

زۆر ناخۆش بوو، نەدەبوو زۆر جولە بکەین، کۆپتەردەهاتو بەسەرماندا دەسوڕایەوە، خواردنیش هەرئەوە بوو کە پێشتر خزمەکان دابینیان کردبوو، بەزۆریش هەرنان وچابوو.

چەندێک مایتەوە هەتا لێبوردنە گشتیەکە؟

نەوەڵا زۆر نەماینەوە هەروا دەپانزە رۆژێک لەوێ بووم، کورەکان گوتیان بەخوا ئاوا ئیدارە ناکەین، ئەوان ڕۆیشتن، بەرەو ناوچەی شوان و ئەولاتر، منیش چووم بۆلای جاشێک و لەوێ مامەوە .

بەداخەوە بوویتە جاش ؟

نەوەڵا دەزانی چۆن بوو، خزمەکانم لەهەولێر تەکلیفیان لەجاشێک کردبوو، بمابەتە مالّی خۆیان، ئەویش گوتبووی

بەسەرچاو ئیتر بردیانم بۆ هەولێر، بۆماڵی ئەوجاشە، شەوێک لەوێ بووین و بۆسبەی لەگەڵ برایەکی خۆی ناردمی بۆ رەواندوز لەوێ رەبایەیان هەبوو، منیان نارد لەو رەبایەدا خۆم شاردەوە.

جاشەکە کێ بوو؟ ناوی چی بوو.؟

موستەشارەکە ناوی رەشۆ بوو براکەشی برایمی ناوبوو، کەبردمی بۆ رەواندوز خواهەڵناگرێ پیاوەتیان لەگەڵداکردم .

ماوەی چەند لەلای ئەوبووی ؟

هەتا لێبوردنە گشتیەکە هەرلەوێ بووم بەخوا نازانم چەند مانگێک بووهەرلەلایان بووم .

ئەو ماوەیە هەر لەرەبایەدا بوویت ؟ نەتدەتوانی دابەزیت ؟

بایەکجارێک بۆماوەی ١٥ رۆژ وەرەقەیان بۆمکرد چوومەوە بۆماڵەوە لە بنەسڵاوە.

ئەی ئەم چیرکەت بۆ جاشەکان نەگێرایەوە ؟

کام چیرۆکە ؟

ئەوەی بەسەر خۆت وهاوسەفەرەکانت هات؟

من بۆم نەگێڕایەوە بەڵام خزمەکانم کەتەکلیفیان لێکردبوو، پێیانگوتبوو حاڵەکەی ئاوایە ئەویش گوتبووی بیهێنن من دەیپارێزم.

باشبوو خۆت باسی ئەوت کرد، من مەبەستم رەشۆوبراکەی نەبوو، مەبەستم ئەوەبوو بۆجاشەکانی ناو رەبایەکەت نەگێرایەوە ؟

نانا نەمویرا لای ئەوان باسی بکەم.

ئنجا کەلێبوردن بوو خۆت تەسلیم کردەوە ؟

ئا ئەی چیم بکردایە ؟ هەردەبوو خۆم تەسلیم بکەمەوە. هیچ چارێکی ترنەبوو، خۆئەوسا دنیاوەک ئێستا نەبوو.هەرچی بێ ئەمری حکومەتی بکردایە دەگیراو دەکوژرا.

کە خۆت تەسلیم کردەوە چویت بۆسەربارزی ؟

بەڵی ئاخر من دوسێ جار چووم بۆسەربازی ساڵی ١٩٨٨ یش چوومەوە بۆ سەرباز.

چۆن ئەی تەسریح نەبووی ؟

با کەچوێنەوە زۆر نەماینەوە تەسریحیان کردین، بەڵام دوایی گیراینەوەو کراینەوە بەسەرباز.

لەکوێ سەرباز بووی ؟

بەخوامن تۆزێک زوو شتم لە فکرەوە دەچێت.

بیرت نیە لەکوێ سەربازبووی ؟

لە سەربازگەی سەلام و دوایش لە عەین زالە.

کەواتە نەچووی بەرەو رومادی و ئەو شوێنانە ؟

نانەچووم.

حەزت نەدەکرد جارێکی تر بچیتەوە ئەو شوێنەی وا لێی کۆمەڵکوژکراون ؟

نەچووم.

ئارەزوو ناکەیت بچیتەوە ؟

نا حەزناکەم

هەستت چۆن بوو کە چویتەوە بۆ سەربازی ؟

هەرچۆنێک بڵێیت ناخۆش بوو، باس ناکرێت.

بۆچی زۆر بەلاتەوە ناخۆش بوو ؟ دەترسای یان بیرت لە کاتی ئەنفال دەکردەوە ؟

بەڵێ زۆریش دەترسام کە بانگیان دەکردم دەیانگووت فەرماندە تۆی دەوێ (امر یریدک) یان فلان ئەفسەر بانگت دەکات زۆر دەترسام، وام دەزانی دەمگرن و دەمکوژن ووتم رەنگە دەفتەر خدمەکەمیان دۆزیبێتەوەو بۆئەوە بانگم بکەن . تەزوویەک بەناودڵمدا دەهات.

دەترسای ؟

بەڵێ، بەڵام خۆم نەدەدا بەدەستەوەو واخۆم پیشانبدەم و بڵێم دەترسم وهەستم پێبکەن بەڵام لەلای خۆمەوە زۆر دەترسام .

کەواتە تۆ هەمیشە لە چاوەروانی ئەوەدابووی کە رۆژێک بانگت بکەن و بڵێن وەرە دەفتەرخدمەکەتمان دۆزیوەتەوەو بتگرن ؟

لەو بروایەدایت شتی وارویدابێ کەسێک هەبووبێ و رزگاری بووبێ و بەشێوەیە یان بەشێوەیەکی تر دۆزیبێتیانەوەو گیرابێ ؟

نازانم بۆشی هەیە ئەوەش بووبێ هەموشتێک رێی تێدەچێت .

ببورە دەبوو زوتر ئەو پرسیارەم لێت بکردایە، تۆ بۆچی لە دەفتەرخدمەکەت دەترسای لێیان سەندبووی ؟

ئا لەناو پاسەکە بەجێما کەوا تیایدا گوللەباران کراین.

تۆش چویت بۆشایەتی دان لەسەر سەدام و عەلی حەسەن مەجید ؟

بەڵی چووم .

کێ تۆی برد بۆ دادگا ؟

من لەئەمریکا بووم لەوێوە هێنامانیانەوە هەرمن نەبووم کاک فەرەج و کاک عەزیزو ئەوانی تریش بوون.

ئەوکاتەی بینیت تۆ وا شایەتی بەسەر تاوانەکانی عەلی حەسەن مەجیدەوە تۆ هەستت چۆن بوو هەستت بەچی دەکرد ؟

وەڵا زۆر خۆش بوو شتی وانابێتەوە . ئەو لە خوار ئێمەوە دادەنیشت و ئێمە لەسەرو ئەوانەوە بووین ئەی چۆن خۆش نیە ؟

چەند لەوێ مانەوە ؟

وەڵا معین سێ هەفتە ماینەوە، بەڵام نازانم لەکەیەوە بۆکەی بوو بەخوا ئەوەیان نازانم بەڵام لەسەروی سێ هەفتەوە ئەوەندە دەبوو.

سێ هەفتە ئێوە لەدادگاکە بوون ؟

بەڵێ هەفتەی یەکەم بەس ئیسراحەتمان کرد.

نەتزانی دانیشتنی چەندەم بوو ؟

نەبەخوا ئەوەیانم بیرنیە .ئەوە نازانم .

بەبروای تۆ دوای سەدام و عەلی حەسەن مەجید کێی ترماوە دەبێ دادگایی بکرێت ؟

ئەوەڵا هەرئەوان تاوانبارن هەموو شتێکیان لێبکرێت باشە . هەیە دەڵێن رەنگە سەدام ئاگای لەوتاوانە نەبووبێ،بەڵام من لەوبروایەدا نیم ئەو ئاگای لێنەبووە . چۆن ئاگای لێ نەبووە ؟

باشە بەڵام خۆ هەموو ئەنفالکراوەکان هەرعەلی حەسەن مەجیدوسەدام نەیانکوشتن .؟

هەرچی دەستی لەو تاوانەدا هەبووە، بەجاش وهەموویەوە،هەرچەندە من نەڵێم هەموو جاشەکان خراپ بوون ئەو شایەتیەم پێنادرێت . بەڵام من دەڵێم هەموو بریارەکان لەلایەن سەدام و عەلی حەسەن مەجیدەوە دەرچوون هەرئەوان تاوانبارن.

ئێستا کە دەبینی تۆمەتبارانی ئەنفال ئازادن تۆ رات چییە ؟

وەڵا ئینجا بڵێین چی ڕەنگە ئەوانیش هەر نەیانزانیبێ کەحکومەت بەتەمای ئەم شتەیە نازانم بڵێم چی ؟ ڕەنگە زانیبیتیشیان . من ئێستا دوو بۆچونم هەیە دەڵێم هەندێک کەس هەیە لە سەدام تاوانبارترە هەندێکیش هەیە باش بووە ئەی جاشەکان لە ڕەوانەدوز دەبابەکانیان نەسوتاند هەیە لەپێشمەرگەش پێشمەرگە تڕە، هەشە تاوانبارە.

تۆ دەتەوێ چۆن یادی ئەنفال بکەینەوە ؟ ئایا هەموو ساڵێک یاد بکەینەوە یاخود ئەنفال لەبیربکەین ؟

من راستی دەڵێم هەموو کات نایهێنمە مێشکی خۆمەوە، دایمە لە بیرم نیە،بەڵام نابێت ئەنفال لە بیر بکەین.

هەتا ئێستا حکومەت و ڕێکخراوەکان تاچەندە بەتەنگ ئێوەوە هاتووە ؟

وەڵا بەس مقابلەکراوین و ڕۆژنامەنوس هاتووە، بەڵام حکومەت هیچ بەدەنگمانەوە نەهاتووە .

هیچ سودێکتان لەو مقابەلانە بینیوە ؟

وەڵا ڕاستی حکومەت نا بەڵام با هەموو شتەکانیش ڕەش نەبینین کاک عومەری سەید عەلی ئەوکاتە یەکی پارچەیەک زەوی پێداین .

لەبەرچی پێیداین ؟

ووتی ئێوە شایانی ئەوەن هاوکاری بکرێن، خۆی بۆی کردین.

ئەو کاتە ئێوە لێرە بوون یان لە ئەمریکا بوون ؟

ئەوکاتە ئێمە لەئەمریکابووین وەکالەتمان کردەوەو هەموو ئیشەکان خۆی بۆی کردین ڕاستی ئەگەر ئەو نەبوایە ڕەنگە هیچمان بۆنەکرایە و هیچیان پێمان نەدایە .

ئەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ؟ لە ئێوەی نەپرسیوەتەوە ؟

نەبەخوا هیچ لێی نەپرسیوین،تەنانەت تەلەفۆنێکیشیان بۆمان نەکردووە.

ئەی خۆتان نەچوون بۆ وەزارەتی شەهیدان ؟ کەس ناناسن ؟

وەلا تەنها لەتەلەفزیوندا دەیانبینین، دوای پێکەنێک (من هەقیقەتت پێدەلێم) بەلام رەنگە خۆشمان کەم تەرخەم بووبین.

جارێکیان تەلەفۆنم بۆکردیت لە ئەمریکا واتزانی من کاربەدەستێکی حکومەتم بەنیگەرانیەوە قسەت لەگەڵ کردم ؟ تۆ رەخنەوگلەیت لەحکومەت بێت من گوناهم چیە ؟

وەلاهیچ گوناحت نیە، ئاخرمن نەمزانی و تۆم نەدەناسی، بیرمە باسی چیمانکرد راست دەکەی ئەوە باسی کورێکم کرد، وابزانم نورەدینی ناوە لەکەرکوک هەرنەیهێشت ببینین لەقسورم عافوبکە، مەبەستم ئەو کورە بوو. هەرنەیهێشت قسەی لەگەڵدا بکەین و ئامادەنەبوو گوێمان لێبگرێت، بزانێت ئێمە مشکیلەمان چیە؟ نازانم بەرپرس چۆن دەبێت وابێت ؟ منیش لەسەر ئەوە وازم هێناو لێیان ناپرسمەوە. خۆهەر ئەوکاتەش لە تەلەفۆنەکەدا وتت من هەقم بەسەر حکومەتەوە نیە، منیش وتم گللەیی لەتۆناکەم هەقە ئەوان بێن خۆیان یەخەمان بگرن و بڵێن موشکیلەتان چیە، نەک کەسێکی وەک تۆ مشورمان بخوات وگوێشت لێنەگرن .

ئەو نورەدینە چ کارەیە بەرپرسی چییە ؟

بەخوا وتیان هین شەهیدان وئەنفالە شتێکی ئاوایە.

ئەی رێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال چییان بۆتان کردووە ؟

وەلا هیچ رەنگە کردبێتیشیان بەلام من خۆم نازانم ئاگام لێی نیە .

ئێستا تۆ دەتەوێ چیتان بۆ بکرێت ؟

وەلا دەمەوێ ژیانێکی خۆشمان بۆ دابین بکەن و موچەیەکمان بۆخەرج بکەن ئیتر چیترمان دەوێ ؟

تەنها ئەوەندە؟ موچەوبەس؟ تەنها بەموچەیەک رازی دەبیت ؟

من تەماحم نیەو چاوم لەهیچی ترەوە نیە کوردستانەکەم ئازادبێ و خەڵک بە ئاسودەیی بژی . یەکریزی کوردم لەهەموو شتێک بەلاوە گرنگترە.

بۆچی دەبێ ئەو موچەیەت پێبدەن ؟

بۆئەوەی ژیانمان خۆش بێت و کەمێک ئیسراحەت بکەین.

کێ دەبێ ئەو موچەیەتان پێبدات ؟

وەلا لەسەر حکومەتە.

کام حکومەت ؟

حکومەتی کوردستان .

بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ؟

لەبەرئەوەی ئەو مەسئولمانەو دەبێ ئەو پێمانبدات .

ئەوموچەی دەبێت پێتان بدات چەند بێت باشە ؟

وەلا نازانم خۆیان دەزانن چەندێک بێت. من ناتوانم بیلێم.

ئەی ئەگەرحکومەتی هەرێم ووتی ئەوە ٣٠٠ سێسەدهەزار دینار ؟

کورە نەوەلا سێسەد هەزار زۆر کەمە .

بۆچی کەمە ؟

وەلاهیچ نیە، پێی رازنیم، جاشەکان شەشسەد هەزار وەردەگرن.

بۆچی جاشەکان ئەوەندە وەردەگرن ؟

(بە پێکەنینەوە) لەبەرئەوەی خەباتیان کردووە

تۆدەزانی جاشەکان ئەوەندە وەردەگرن ؟

ئەرێوەلا هەیە کوردی کوشتووە و ئێستا موچەی هەیە.

تۆ دەیانناسی ؟

ئەرێوەلا هەیە من دەست بۆکەس راناکێشم بەلام هەیەو ئەوەش شاراوەنیە . هەیە خراپترین کەس بووەوئەو ئێستا موچەی هەیەو ئێمە نیمانە، حەزدەکەم ئەوە بزانم ئەو بۆهەیەتی و ئێمە نیمانە ؟ ئەوە بۆچونی منە ئەگەر ئێوەش بۆچونی ترتان هەیە بەشکم من نەیزانم .

ئەگەر تۆ مانگی یەک ملیون دینارت پێبدەن پێتوایە ئەوە بەسە لەبەرامبەر ئەوەی بەسەرت هاتووە ؟

نەوەلا بەس نیە، بەلام باشە ئیدارەی پێبکەم . بۆنمونە دەتوانم ساڵی دووجار سەردانی کوردستان بکەمەوە، بەلام بە سێسەد هەزار ناتوانم ئەوە بکەم، ئەگەر ملیونێک بێت دەتوانم خانووەکەمی پێبکەم بەلام وانەبێ ناتوانم ئەوە

بکەم . من ئێستا کە رۆیشتمەوە بۆ ئەمریکا هەتا سێ چوارساڵی تر ناتوانم بگەڕێمەوە ئەگەر هەموو یەکشەممانیش دەوام بکەم هەرناتوانم بێمەوە.

بۆچی هەتا ئێستا ئەوموچەیەتان بۆنەکراوە ؟

وەڵا نازانم بەڵام ڕەش بینیش نەبووم، هەمیشە ووتوومە شتێکمان هەر بۆدەکەن، بەڵام درەنگ و زووکەوتووە، لەلای عوزێرو فەرەج و ئەوانیش ووتووومە لەلای خێزانەکەشم وتووومە هەرشتێکمان بۆدەکەن بەڵام درەنگ و زووکەوتووە .

بەڵام هیچ ئیشێک هەیە بەبێ هیلاک بوون بکرێت ؟پاروویەک نان هەتا پێیەوە هیلاک نەبیت دەتوانی بیخۆیت ؟

نەوەڵا ناتوانی .

ئەی بۆ نەتان کردووە ؟

ئێ کاکە ئێمە دورین بۆیەنەمانکردووە. ئێمەش کەم دەرفەتین لەوێ ئیشکردن و ژیان زۆر زەحمەتە

بەڵام کاک ڕەمەزان لێرەدا کێشەو دۆسێی ئێوە زۆر لەموچە گرنگترە من کەدەڵێم ئێوە خۆشتان کەم تەرخەم بوون مەبەستم هەموو لایەنەکانی دۆسێی خۆتانە بۆنمونە لەیادی ئەنفالدا هەر لە ئەمریکا دەتانتوانی بە پەیامێک یادێکی وابکەنەوە سەرنجی حکومەت و تەنانەت دنیاش رابکێشن . بۆنمونە پەیامەکەتان ئاراستەی دنیا دەکەن و دەڵێن ئێمە چەند کەسێکین کە لە کۆمەڵکوژی ئەنفال دەربازبووین دەمانەوێت ئەم تاوانەی دەرهەقمان کراوە بە هەموو دنیای بناسێنین، پەیامێک دەدەین بە دنیا کۆمەڵکوژی و جینۆساید کۆتایی بێت . ئەمە بۆ خۆشتان و بۆ کوردیش گرنگە چونکە ئەوسا تۆ داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەیت هاوکاریت بکات.

وایە نەمان کردووە.

بەڵام دەتوانن لەمەولابیکەن .؟

وایە دەتوانین بەڵام کردووشمانە وەنەبی هەرهیچمان نەکردبێت.

چیتان کردووە وەک چی ؟

لە ئەمریکا چووین بۆیادی هەلەبجە.

من دڵنیام تۆ بۆیەکەمجار واتزانیوە تەنها خۆت دەربازبوویت ڕەنگە ماوەیەکی دوورودرێژ واتزانیبێت هەر خۆتی لەو کۆمەڵکوژییە ڕزگارت بووە، بەڵام دوایی زانیت عوزێریش دەربازبووە، دواتر زانیت کەسێکی تریش دەربازبووە بەناوی فەرەج و ئیندجا تەیمور پێشتر دەتزانی .؟

قسەکەت تەواو نەوەڵا نەمدەزانی ؟ یەکەمجار وامزانی بەس خۆم، دوایی زانیم کاک فەرەج وئەوانیش ڕزگار بوون .

ئایا پێتخۆش نیە ئەوانی تریش بناسیت ؟

ئەی قەیدی چیە بۆنا با پێمخۆشە .

پێتخۆشە هەمووتان کۆببنەوەو یەکتری بناسن و هەمووشتان شوێنێکتان هەبێ وەک بنکەی سەرەکی ئێوە بێت ؟

وەڵا شتێکی زۆر خۆشە ئەی بۆ نا ؟

حەزدەکەی هەوڵبدەین بەهەمووماڵ کارێکی وابکەین ؟

ئائا من وانیم هەربڵێم بۆخۆم بۆخۆم،ئەوانەی تریش پێمخۆشە شتیان بۆبکرێت.

مەبەستم یەکتر ناسینتانە نەک ئیمتیاز.

بێدەنگی بێ وەڵام

پێتخۆشە لێرە بژیت ؟

بە خوا ڕاستیت دەوێ جارێ نا.

بۆچی ؟

حەزدەکەم منداڵەکانم بخوێنن و خوێندنەکەیان تەواو بکەن . بۆخۆم گرفتم نیە ئێستا لێرە دەتوانم دەستبکەمەوە بەژیان دەتوانم لێرە بژیم بەڵام ڕاستی ژیانەکەی ئەوێم خۆشترە.

خۆشییەکەی لە چیدایە ؟

وەڵا بچیت بۆهەرچییەک لەبەردەستدایەوحازرە . هەموو شتێک هەیە، ژیانیش هەرئەوەیە.

چی شتێک لە قێرجینیا هەیەو لە سلێمانی نیە .؟ گۆرانکارییەک هەیە تۆ لەوێ کارێکت هەبێ زوو دەتوانی تەواوی بکەیت هەمووی سەعاتێکت پێناچێت، ژمارەکەت لەشاشە پیشاندرا کورم دەوێ نۆرەبریت لێبکاتو پێشت بکەوێ بەڵام لێرە واسیتەت نەبێ هیچ ئیشێکت نارِوا، سەرەت گرتووە یەکێک دێت بەدەمانچەوە خۆی پێدا

دەکـاتو دەکەس لە پێشـییەوە بێـت نـۆرە بریـت لێدەکات و دەچێتە. ئەوجیاوازییە هەیە، ئەوەش زۆر ناخۆشە. حەزدەکەم کوردستانیش وابـێ خـۆ ئێمەش هیچمان لەوان کەمترنیە دەتوانین وابـین. هەرچەنـــدە لە ئەمریکـــا هەرچیـــت بوێـــت هەیە بەتایبەت بۆ گەنج . من لەرێـی ئەوانەدا نەمـاوم بەڵام ژیان لەوێ جۆرێکی تـرە مـن لێـرە دەتـوانم بژیم بەڵام منداڵەکانم ناتوانن لێرە بژین .

زۆر کەسی تر لە ئەنفال دەربازبوون جیاوازی تۆ لەوانەش جیـاوازتری . تـۆ پێتخۆشـە پێت بڵـێن چی چی ناوێکت هەبێ باشە جگەلەناوەکەی خۆت ؟ بۆنمونە بەکەسوکاری ئەنفال دەڵێن پاشماوەی ئەنفال ؟

وەڵا پێمخۆشـــە ئەی بڵـــێن چـــی ئـــێمە ئەنفـــالین پاشماوەی ئەنفالین ؟

ئێستا تۆ بەرۆژوویت، پێش ئەنفـال بە رۆژوو دەبووییت ونوێژت دەکرد ؟

نەخێر.

ئەی پـێش ئەنفـال ووشـەی ئەنفالـت بیسـتبوو دەتزانی ئایەتێک هەیە بەناوی ئەنفال ؟

نا نەمبیستبوو . پیاو راست بڵێت نەمبیستووە.

ئێسـتا گرنگتـرین شـتێک بۆتـۆ کە چیرۆکێکـی تایبەتـــت هەیەو لەمەرگـــی دەســـتەجەمعی گەراویتەوە چیە ؟

وەڵا دەبـێ چـی بیـت بـژین و ژیـانێکی سـادەو ژیانێکی سادەوساکاروئاساییمان بۆدابینبکرێت .

تۆ هەستت بەگرنگی خـۆت کـردووە کە خـاوەنی چیرۆکێکی زۆر گرنگیت ؟

من خۆم بەگەورە نازانم .

لەبەرئەوەی تۆکەسـایەتیەکی تـایبەتی شـایەتی بەســـەر کوشـــتنی هەزاران کەســـەوە لەبیابـــان ئەوانەی لە ئەنفـــال هاوســـەفەری تـــۆ بـــوون، نەگەڕانەوەو ئێســـتا تەرمەکانیـــان لەبیابـــان بەجێماوە ..گرنگ نیە کە هەریەکێک لە ئێوە (تۆ کـاک فەرەج، کـاک واحیـد، عـوزێر، تەیمـور، صدقی لە سوید) کە دێنەوە بـۆ کوردسـتان لە فرۆکەخانە پێشوازییەکی شایستەتان لێبکرێت ؟

وەڵا سوپاسـتان دەکەم کە بکرێـت خۆشـە بەڵام کەنەشـکرێت دەســـەڵات نـــیەو هەر سوپاســتان دەکەین .

راستە قسەکەت شەکرە

بەڵام گرنگە ئەوە وەبکرێت .

وەڵا خۆشـــە بەڵام نەشـــهاتوون هەرهـــاتوون کەسوکار زۆرە شوکور .

بێجگە لە کەسوکار گرنـگ نـیە ئەگەر هەریەکێک لە ئێوە هـاتنەوە لەگەڵ وئەوان پارێزگـاری شـار لەفـرۆکە خـانە پێشـوزایتان بکـات و سـەرنجی قونسڵی ئەمریکا رابکێشێت ؟

بەرێوەڵا چۆن پێمخۆشنیە.

ووتت رێکخراوەکان هیچیان بۆنەکردوون ؟

نەوەڵا هیچم نەبیستووە .

تـــۆ لەوبروایەدانیـــت کە خەڵـــک هەیە بەردەوام لەهەوڵدایەو بەردەوام لەخەیاڵی ئێوەدایە ؟

با هەیە.

تۆ کەس پێدەزانیت ؟

وەکو کاک عومەر (بەپێکەنینەوە).

نا باباسی خۆمی تێدا نەبێ . کێی تر

وەڵاهی کاک عومەر تۆ برا گەورەمانی تـۆ ئیشت بۆ ئێمە زۆر کردووە

ئێوە یادی ئەنفال دەکەنەوە لە ئەمریکا ؟

نەوەڵا یادی کیمیاباران دەکەینەوە.

کیمیابـارانیش هەرجینۆسـایدەو تـاوانێکی تـرە دەرهەق بەکوردومیللەتەکەتـــان کـــراوە بەڵام دەمەوێ بزانم بـۆچی یـادی کیمیابـاران دەکەنەوە هی ئەنفال ناکەنەوە.

ئێ ئەوە حکومەت لەوێ دەیکات و ئـێمەش بانـگ دەکەن.

بەڵام ئەگەر بیرت بێت جارێکیان من تەلەفۆنم بۆ کردیت لە ئەمریکابووییت ووتم پێشنیارێکی وامان هەیە لە رۆژی ١٤/٤ هـــــیچ پەلەوەرێـــــک ســـەرنەربرێت و گۆشـــتیش نەخورێـــت ئێـــوە پشتیوانمان دەبن ووتت بەڵـی پشـتیوانین و ئەوە لەئێستاوە بریارماندا لەو رۆژە گۆشت لەخۆمـان حەرام دەکەین . خۆئەوەش یـادکردنەوەیە ڕەنگە جوانترین یادکردنەوەش بێت .

وابوو بەڵێ.



مەبەستەکەم ئەوەیە با کەسیش بانگت نەکاو کەسیش پێت نەڵێ هەر لەماڵو خانەوادەکەی خۆت دەتوانی یادیان بکەیتەوە.

هەرواشمان کردووە.

جارێک بانگهێشتکرابووم بۆ بۆکۆنفرانسێک لە هەولێر ،ئەوەبوو منیش تۆم بانگهێشتکردو پێکەوە چوین .

بەڵێ ئەوەی حاکمەکەی ئەنفالی لێبوو(**لێرەدا مەبەستی لە دادوەر محەمەد عورێبی**)یە.

بەڵێ مەبەستم ئەوە بوو پێتخۆشە بۆ هەموو کۆنفرانسێک بانگهێشت بکرێیت ؟.

بەڵێ زۆرم پێخۆشە بەڵام زۆر ساردو سر بوون لەگەڵمدا ئەگەر تۆ نەبویتایە جێیان نەدەکردمەوە داش بنیشین .

ئاخر رەنگە ئەوان تۆیان نەناسیبێ ؟

ئەی خۆ تۆ بە وەزیریشت ووت ئەوە رەمەزانە دەربازبووی گۆری بەکۆمەڵەو لە ئەمریکا هاتووەتەوە.

بەڵام خۆ وەزیر لە نزیک شوێنی خۆیەوە جێگەی بۆکردیتەوە.

وابوو بەڵام ئەگەر تۆ نەتوتایە هەرنەشی نەدەناسیم و رەنگە هەر نەشیان هێشتایە بچمە ژورەوە .

سەرنج

ریکەوتی (٢٠١٣/٨/٢٠) لە هەولێر کۆنفرانسێک بەسەرپەرشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کرا کە رێکخراوی تازە دامەزراوی (کوردستان بێ جینۆساید) و وەزارەتی کاروباری شەهیدان پێکەوە پێی هەستا بوون و بەرێوەیان دەبرد، پاشئەوەی کارتی بانگهێشتکردنەکەم پێگەیشت سەرباری ئەوەی بەتەلەفۆن پێمراگەیاندبوون کە من هاوکات (رەمەزان عەلی سلیمان) کە یەکێکە لە دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ لەگەڵ خۆمدا دەهێنم، بەڵام کەچوێنە هۆڵی کۆبوونەوەکە هێندەی نەمابوو کۆنفرانسەکە دەستپێبکات، من وای بۆ دەچووم پێشوەخت جێگەی تایبەتییان بۆ کاک رەمەزان ئامادەکردبێت، چونکە لە دیدارێکدا لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت بە ئامادەبوونی وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان و ٦ کەس لەدەربازبووان لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئەوەمان براندبووەوە کەوا لەهەموو بۆنەو کۆنفرانسێکدا ئەم دەربازبووانە بانگهێشتبکرێنو جێگەو رێگەی تایبەتیان هەبێت . بەڵام کە چوینە هۆڵی کۆنفرانسەکەوە و بینیم شوێنی دانیشتن بۆ ئێمە نیە کاک رەمەزانم بەوەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان ناساندو داوام کرد شوێنی بۆ بکەنەوە، وەزیری شەهیدان داواکەمی بەهەند گرت و لەسەر کورسییەک شوێنی بۆکردەوە، بەڵام سەیر بوو ! یەکێک لە بەرێوەبەرانی کۆنفرانسەکە کە نەمدەناسی هەڵسوکەوتێکی نامۆو دزێوی نواند، هات بە شێوەیەکی ناشرین بەکاک ڕەمەزانی گووت کاکە بێزەحمەت لەوشوێنە هەستە ئەوە شوێنی تۆ نیە، بچۆ شوێنێکی تر بۆخۆت بدۆزەرەوە چونکە ئەوە شوێنی حاکمەکانە بەڵام من رێگەم نەداو پێمووت ئەو پیاوە بەوەنیە جلی نەریتی گوندی لەبەردایە دەبێ شوێنی ئەو لەهی وەزیرو حاکمەکان گرنگتر بێت .. کارمەندەکە بەخێسەیەکەوە سەیری کردم ووتی : بۆچی ئەوچیە ؟ کە زانیم کابرا تورەیە ووتم لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە دەربازبوویەکی گۆری بەکۆمەڵە بۆیە وامپێگوت بۆئەوەی کەمێک بەخۆیدا بچێتەوەو تورەییەکەی کەم ببێتەوە، بەڵام ئەمجارە خراپتر وەڵامی دامەوەو وتی: ئینجا چیە خۆ خوا نیە .

تاوانەکانی حەشدی شەعبی لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافیدا.

ئەنفسالستان – سلێمانی

ئەنفسالستان – سلێمانی رۆژی ٢٠١٧/١١/٢٧ کۆمەڵێک کەسایەتی شاری خورماتووەوە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ وێرانکارییەکانی شاری خورماتوو کرایەوە، لە پێشانگاکەدا چەند فۆتۆیەک لە روخاندن و تەقاندنەوەو سوتاندنی ماڵە کوردەکان و وێنەی چەند ٧ شەهیدیش وەک بەڵگەی لە مۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنە سورەکە) نمایشکران. ئارام هاشم ئەندامی تیمی کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکان بە ئەنفالستانی راگەیاند: ئامانجیان خستنە ڕووی ئەوتاوانانەیە کە لە خورماتوو ڕوویانداوە، ئەم پێشانگایەش هەنگاوی یەکەمە لەپێناوی ئەوەی دۆسیەکە ئامادەبکەین بۆ ئەو کاتەی دۆسێیەک بۆ ئەم تاوانە لە دادگا دەکرێتەوە .



تیمی کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکان، کە لە ژمارەیەک گەنجی خورماتوو پێکهاتووە، دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر خورماتوو بە شێوەیەکی مەترسیدار کەوتە بەرپەلاماری هێزەکانی حەشدی شەعبی و تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ لەو شارە ڕوویاندا.

ئارام هاشم ئەندامی تیمی بەڵگەکانی تاوان لە خورماتوو، بە ئەنفالستانی ڕاگەیاند:"چالاکییەکەمان هەر لەم پێشانگەیەدا کورت نەکردووەتەوە بەڵکو بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکی فۆتۆیی و پیشاندانی وێنەی کاولکارییەکانی ناو خورماتووشمان لە ئەستۆ گرتووە، بۆ داهاتووش هەر وێنەو بەڵگەیەکمان چنگ بکەوێ کە لەکاتی هێرشەکانی حەشدی شەعبی، ڕویانداوە ئێمە وەریدەگرین و دۆکیومێنتی دەکەین بە ئامانجی دروستکرن و کردنەوەی دۆسێیەک بۆ ئەو تاوانانەی لە خورماتوو ڕویانداوە .

هێشتا زۆر لە ژنانی ئێزدی چارەنوسیان نادیارە



ئەنفالستان : سەرۆکی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ ئاشکرای کرد، لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، لیژنەیەک پێکهێندرا بۆ دۆزینەوەی کچ و ژنانی ئێزدی لەدوای رزگارکردنی موسڵ، بۆ ئەو مەبەستەش هەماهەنگی لەگەڵ موختار و بەرپرسی کەمپەکانی موسڵ دەکرێت.

رۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/٧/١٢ ، سەیدۆ چەتۆ سەرۆکی لیستی برایەتی وپێکەوە ژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بە ماڵپەڕی "وشە"ی راگەیاندبوو، ئەنجومەنەکەیان لە پارێزگای موسڵ کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا و تێیدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەک درا بۆ گەران بەدوای چارەنوسی (کچ و ژنانی) ئێزدی لەناو خێزانەکانی سنووری موسڵدا.

سەرۆکی لیژنەکە دەڵێت : ئەندامانی ئەنجوومەن، سەردانی موختاری گەڕەک وبەرپرسی کەمپی ئاوارەکان دەکەن و هەماهەنگییان لەگەڵ دەکەن ئەگەر لەهەرخێزانێکدا کچ یاخود ژنێکی ئێزدی هەبێت رادەستی ئەوانی بکەن تا بە کەسوکاری خۆیان شاد بکرێنەوە. دەشڵێت : زانیاریمان هەیە ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنانی ئێزدی لای خەڵکی موسڵ ماون. بەپێی دوا ئاماری رزگاربوانی دەستی داعش تاوەکو ئێستا نزیکەی سێ هەزار و ٦٠ کەس رزگارکراون بەڵام هێشتا دوای رزگارکردنی موسڵ ورەقەش ژمارەیەکی زۆری ژنان ومنداڵانی ئێزدی چارەنوسیان نادیارە !

رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٣ چەکدارانی داعش پەلاماری شاری شەنگال وگوندەکانی دەوروبەریان دا، جگەلە لکۆمەڵکوژی پیاوەکانیان نزیکە ٥٠٠٠ ژن ومنداڵی ئیزدیان فراندو دواتر فەتوای حەڵال بوونیان بۆدان کە ببنە ژن وکەنیزەکی جەنگاوەران . تەنانەت چەند بەڵگەیەکیش بڵاوکرانەوە کە نرخیان بۆ کرین و فرۆشتنی ئەوژنانە دیاری کردبوو.

دەربارەی ئەم وێنەیە



ئەم وێنەیە لەلایەن کاک شاسوار هەرشەمییەوە گەیشتووەتە گۆڤاری ئەنفالستان، لەبارەیەوە نوسیوێتی : (لەسەر پشتی وێنەکە نوسراوە هەڵمەت. هەروەک لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٣/٢٥ بۆمنی ناردووە، نوسیویەتی ئەوە دیمەنێکی بچوکی شەهیدانی هەڵەبجەم بۆ ڕەوان کردی. کە لە ١٩٨٨/٣/١٦ شەهید کراون. پێشمەرگە وێنەگرەکە دانیشتوی هەولێرە. بەداخەوە لە ناوی ڕاستەقینەی دڵنیا نیم)

سالّح رۆستەم نامیق :

هەتا لە ژیاندابم تەقە لەهیچ زیندەوەرێک ناکەم ئەوە رێزێکە بۆ کەسوکارە ئەنفالکراوەکەم . بەڵام ئەوجاشەی تەقەی لەمن کرد، ئێستا موچەکەی یەک ملیون دینارە



سالّح رۆستەم نامیق
لەدایکبووی : ١٩٧٣
نیشتەجێی پێش ڕوداو : گوندی گلّاڵ کەوەی حاجی نامیق – کەلار
نیشتەجێی ئێستا: رزگاری – ئاسودە
دیمانە : عومەر محەمەد
شوێنی دیمانە : کەلار
ڕێکەوتی : ٢٠١٦/١١/٤ کات ١١ی شەو .

سالّح بۆمن چەندەی هەڵوەستە بوو، دوو هێندە گرنگە کەسێک کە ڕۆژگار ستەمی گەرەی لێکردووەو ئەو بەمیهرەبانی ماوەتەوە، سالّح پیاوێکی نەخوێندەوارە بەڵام هێندەی بیریارێک خاونی بیروڕاو ئیرادەیە بەرلەوەی بچینە ناودیدارەکەمانەوە هەندێک قسەمان کرد، بەلامەوە زۆر سەرنج ڕاکیش بوون، کە سالّح رۆستەم گوتی: ئێمەی کەسوکاری ئەنفال دەبێت رێز لە ژیانی زیندەوەرانیش بگرین، دەیانجار لەو پێدەشت و جەوەڵانەی گەرمیان ئاسکم بینیوە خەوتووە، بە هێواشی گەراومەتە دواوەو لەخەوم نەکردووە، بەداخەوە خەڵکیش هەیە دەچێت ڕاویان دەکات. بەدەم ئەم قسانەوە وردەردە چوێنە ناو دیدارەکەمانەوە .

کاک سالّح ئەگەر خۆت بناسێنێ ؟

من سالّح رۆستەم نامیق

خەڵکی چ گوندێک بوون ؟

خەڵکی گوندی گلّاڵ کەوە، گلّاڵ کەوەی حاجی نامیق بەناو بانگە .

تەمەنت چەندە ؟

لەدایکبوی ١٩٧٣ . جابزانە چەند دەکات

ئەوسا پێش ئەنفال گوندەکەتان چەند مالّ بوون ؟ بەچیەوە سەرقالّ بوون ؟

پێش ئەنفالەکە شەش مالّ بووین .

بەکشتوکالّ وئاژەلداری وکەسابەتی مالّی خۆمان دەکرد، هەرچەندە باوکم هێزی پشتگیری بوو، بەڵام خەریکی کاسبی خۆمان بووین گەنم وجۆمان دادەچاندو ژیانمان پێ بەڕێوەدەبرد.

پیش ئەنفال هیچ جاری تر گوندەکەتان سوتاوە باسی ڕۆژگاریکی زۆر پێشتر دەکەم بەتایبەتی لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە ؟

باوەرناکەم شتی وا ڕویدابێ لەگوندەکەمان ئەوەم بەرگوێ نەکەوتووە.

کەواتە دەتوانین بڵێین بۆیەکمجار گوندی گلّاڵ کەوە لە ئەنفالدا سوتاوە ؟

لەکاتی ئەنفالدا کۆپتەر هات بۆمبارانیان کردو سوتاندیان، لەبەرئەوەی ڕێگەی سەیارەی نەبوو، هەتا کۆپتەرەکە هات لەگوندەکە نیشتەوەو سوتاندیان و ڕۆیشتن.

لەگوندەکەتان چەند کەس ئەنفالکراون ؟

تەنها مالّی ئێمە ئەنفالکراون، ئەوانی تر سەلامەت بوون.

مالّی خۆشتان تەنها خۆت دەربازبووی وایە ؟

بەڵێ تەنها خۆم دەرچووم، دایکم وباوکم و پێنج براوخوشکێکم ئەنفالکراوە. بەهەمووی هەشت کەسمان ئەنفالکراون .

ئەگەر ئەزیەت نەبێت ناوەکانیانم پێ بڵێی ؟

ناوەکانیان (رۆستەم نامیق برزۆ ، غەزنە محمود عەوبدولکەریم ، ئەوە دایک وباوکم ، براکانیشم تەهاو محەمەدو ئەحمەدومستەفا ، خوشکەکەشم ناوی سەبریە) بوو.

باوکت گەنج بوو ؟

باوکم موالیدی ١٩٥٠ بوو دایکیشم موالیدی ١٩٤٧ بوو.

تۆ براگەورەیان بووی ؟

بەڵێ تەها موالیدی ١٩٧٢ بوو محەمەد ٧٥ بوو ، ئەحمەد ٧٧ بوو ، سەفا ٧٩ بوو ، مستەفا ٨١ بوو خوشکەشمان موالیدی ١٩٧٣ بوو.

جاشگرتنی یان سوپا ؟

ئێمە لەکوڵەجۆ ئەنفالکریاین ، کوڵەجۆی حاجی حەمەجان.

مەبەستت ئەوەیە پێشتر چووبوونە ئەوگوندە ؟

ئەوشەوەی لە گەلاڵ کەوە دەرچووین چوێنە گوندی کوڵەجۆ بۆبەیانیەکەی ئەنفالکراین . جاشوجەیش دەورەی گرتین باوکم ئەسپی هەبوو ئێمە منداڵ بووین بەدیار ئاژەلەکانەوە بووین ، باوکم ئەسپەکەی بەستبووەوە ئیتر گرتیانین و سواری سەیارەیان کردین بردمانیان ، لەوێ جەوڵێک هەیە بانە بۆری پێدەڵێن لەناو سەیارەکەدا چاوم لێ بوو ئەسپەکەی باوکم بەدەوری خۆیدا خولی دەخوارد بە پەتێک بەسترابووەوە ، بەباوکم گوت : بەخوا باوکە من ئاژەلەکان و ئەسپەکە جێ ناهێڵم باوکم وتی کورم تازە تەواو ئێمە گیراوین ئاژەڵی چی وئەسپی چی ؟ وتم بەخوا باوە من ئاژەلەکان جێ ناهێڵم وتمە باوکم وخۆم هەڵدایە خوارەوە ، جاش لەتەکەماندا بوو ، جاشێک تەقەی لێم کردو منیش رامکرد ، ئەمە لەبانە بۆر لەناوقەدی رێگەکە ، ئیڤاکەش دەڕۆی ، لەو چەمەی ماڵ حاجی حەمەجان باخێک بوو ، من بەرەوئەوێ رامکرد جاشێک ئێستاش دەیناسمەوە موچەکەی دوو ملیون دینارە چوار پێنج فیشەکی پێمەوە نا بەڵام من نەوەستام و رامکرد فیشەکەکان لەملاوئەولام دەکەوتن. هیچم بەرنەکەوت بەڵام تەلی دەوری باخەکە هەموو گیانی بڕی بووم وخوێنم لێدەهات ، هەرچۆن بوو خۆم شاردەوە. نزیکەی دووسێ سەعاتێک خۆم مات دا ، ئیتر خەڵکەکەیان بردو کەس نەما ، دوایی رۆیشتم ئەسپەکەی باوکم مەرەخەس (بەرەڵا)کرد ، ئاژەڵەکانم پێش خۆمدا هاتم بۆ ملەسورە ، ئەوە بوو ١٩٨٨/٤/١٤ خەڵکەکەی ملەسورەشیان بردو ئەنفالیانکردن و بردیانن بەرەو قۆرەتوو ، نەوەڵا لە ١٩٨٨/٤/١٨ .

وتا ئەگەر خۆت فرێ نەدایەو راتنەکردایە ئێستا تۆش ئەنفالکرابووی و مانی ئێوە کۆتاییان دەهات ؟

بەڵێ بێگومان بەلام بۆ زانیاریت ئەوجاشەی تەقەی لەمن کرد ئێستا موچەکەی یەک ملیون دیناڕە ! لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی ناوی ناهێنم ، کاکە گیان ئێمە دوژمنمان زۆرەو نامانەوێ دوژمنەکانمان زیاد بکەین دەبێت هەوڵ بدەین دۆستەکانمان زیاد بکەین .

کەواتە تۆ دیمەنی ئەسپەکەی باوکت و بێ شوان مانەوەی ئاژەڵەکان وای لێکردیت ، لە ئیڤاکە خۆت هەڵبدەیتەخوارەوەو ژیانت بخەیتە مەترسییەوە ؟

زۆر راستە زۆر ئەو دیمەنە وای لێکردم ، چونکە لەوکاتەدا قسەیەکی دایکم بیرکەوتەوە کەهەمیشە بەگوێی خۆم و براکانمیدادەدا و دەیگوت : ڕۆڵە ئاگات لەمەڕەکان بێت ئەوان نەبن ئێمە دەفەوتێین. ئەو قسەیەی دایکم لە مێشکمدا خەزن بوو ، دەیگوت خزمەت مەرەکان بکەن .. ئەوە وای لەمن کرد خۆم فرێ بدەم و بچمەوە بەلای مەرەکانەوە .

جاشەکان کە دەوریان گرتبوون کێ بوون مەبەستم فەوجەکەیە ؟

جاشی فەتاح بەگ بوون .

دوای ئەوەی کە ئەسپەکەت مەرەخەست کرد تۆ بەرەڵاتکرد بۆئەوەی بروات ؟

بەرەڵامکرد وتم بابروات . سەرکەلەکەیم دامالّی پەتەکەی دامالّێ وتم بابروت نەفەوتێت .

مەرەکانت چی لێکرد ؟

مەرەکانم پێش خۆمداو هاتم بۆ ملەسورە منداڵ بووم هێشتا خەڵک زۆر لەوێ بوو ، مەرەکانم کردە حەوشێکەوە کۆمەڵێک خەڵکم بینی وتیان چی دەکەی لێرە ؟ وتم وەڵاهی کۆمەڵێک مەروماڵاتم پییەو کەسوکارم هەمووی کرانە زیلی عەسکەریەوەو نازانم بۆکوێیان بردن کابرا وتی کەسوکارەکانمان ئەنفالکران ، وتم ئەنفال چیە ؟ من نەمدەزانی ئەنفال چییە ، ئەوکەسە حاجی عەلی بوو ئێستەیش ماوە ، وتی ئەنفال سجنە ئەنفال مردنە . منیش ئەوندە گریام خەوم لێکەوت ، خەوم لێکەوتبوو کاتێک بەشەق بەخەبەریان هێنام چوار جاش بەدیارمەوە بوون

وتیان ئەوە چیدەکەی لێرە ؟ وتم لای مەڕم وتیان چەکت پێیە ؟ وتم نا پێم نیە، وتم ئێوە پێشمەرگەن وتیان جاشین پێشمەرگە نەما تەواوبوون . ئیتر ئەوان رۆیشتن ومنیان بەجێهێشت بەیانی ئاژەڵەکانم دەرکردو بردمنەوە بۆ دەشتەکە، حەوت رۆژ من بەبێ نان بەتاقی تەنیا لەو جەوەڵە مامەوە، ئیتر گریان و داماویی و بەد بەختی ئیتر کوڕێکم دۆزیەوە خزممان بوو قەراخی بوو، حسێن غەریب ئەویش هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالکرابوون زۆر گریاین حەوت رۆژ لەو جەوەڵانەدا پێکەوە ماینەوە ئیتر ئەو هاتن بەدوایدا هەندێک خزمی هەبوو جاش و ئیستخبارات بوون هاتن دۆزیانەوەو منیشیان لەگەڵ ئەودا برد. ئەوان خەڵکی دێ گولان بوون گوندێکە بەرانبەری دەربەندیخان، ئەوان هەموو کەسوکاریان جاش بوون، ئیستخباراتیان بوو، ئەمنیان هەبوو هەموشتێکیان هەبوو، دوای ئەوەی حەوت رۆژ پێکەوە لەوکەژە ماینەوە ئیتر کەسوکارەکەی حوسێن هاتن بەدوای ئەودا دەگەڕان کە دۆزیانەوە ئەوکاتە ئێمە لەبان جادەکەی تیلەکۆبووین لای تەقویەکی ئێستا، هاتن بۆلامان وتیان ئەوە تۆلەکوێی ئێمە دنیا بەدوای تۆدا دەگەڕێین، ئیتر منیش لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشتم، لەوێوە بەپێ ڕۆیشتین بۆ (مجمعی نەسر)[4]، من لەڕێگا (قوە تەواری)[5] گرتیانم بەڵام ئەو جەماعەتەیان دەناسی کەمن لەتەکیاندا رۆیشتم و ئەوان فریام کەوتن و نەیانهێشت بمگرن، وتیان ئەمانە عایدی ئێمەن بەریاندراین و وتیان هیچ مەترسن کەگەیشتینە نەسر لەوێ هەموو مەروماڵاتەکەیان بۆفرۆشتین، ئەوان دەستیان دەڕۆیشت ئیتر ترسی گرتنمان نەما. لەوێ ماڵی پورە ئامینم هەبوو چومەماڵی ئەوان.

ببورە بەچەند ڕۆژ گەیشتنە نەسر چونکە ماوەی نێوان تیلەکۆو نەسر زۆرە ؟

بەچوارە ڕۆژ ئینجا گەیشتینە نەسر، ئاخر دەبوو بەپێی مەڕەکانمان بڕۆیشتینایە. زۆریش ماندوو بووین برسی بووین، نزیکەی ٥ هەتا ٦ مانگ لەماڵی پورم مامەوە، ئینجا ڕۆیشتمەوە بۆ کەلار ماڵی پورم وتیان بڕۆ سۆراخێک بکە بزانە دەتوانین تەسکەرەت بۆ دەربکەین؟ چونکە من هیچم نەبوو، تەسکەرەم بۆ دەرنەهاتبوو. کە ڕۆژیشتمەوە بۆ کەلار نفوسمان لە باوەنور بوو، ڕۆیشتم بۆ نفوس سەیردەکەم باوکم هێشتا کوڕەو ژنی نەهاوردووەو دایکم هیشتا کچەو شوی نەکردووەو ئەوانیش نین لێرەو گیراون ! کاتب نفوسەکە ناوی فازل بوو وتی : ئەوکەسەی تۆ داوای دەکەیت هێشتا ژنی نەهێناوە، منیش قوڕوقەپم لێکردو سەری خۆمم کزکردوهاتمە دواوە. ئیتر وەک فیراریک وەک سەربازێکی هەڵاتوو لەکەلار مامەوەو نەمتوانی بچمەوە بۆماڵی پورم لەنەسر. ساڵێک لەکەلار بووم .

ئەوساڵە لەکوێ بوویت ؟

ئەوساڵە کەلە کەلار مامەوە بەزۆری لەماڵ مامەیەکم بووم، بەناوی سدیق نامیق زۆر ئەزیەتیان لەگەڵمدا بینی وخزمەتیان کردم و زۆر سوپاسیان دەکەم، بەلام جار بەجاریش دەڕۆیشتم بۆماڵی ترو جێگۆڕکێم دەکرد، بەڵام راستییەک هەیە دەبێت بیڵێم زۆر لەخزمەکانم حەزیان نەدەکرد بچمە ماڵیان ئەترسان،هەتا ماڵی ئەو مامەیشم ناچاری بوو بۆکوێ بچوومایە. (هەناسەیەکی قوڵ ... بێدەنگی و ماتی) وەزعێکی زۆر سەخت وناڵەباربوون ئەو ڕۆژگارانە بۆمن ڕەنگە هەرگیز نەتوانم هەمووی بگێڕمەوە. دانی پێدا دەنێم ئێمە لەلای کەسوکارەکەی خۆمان بێزراوبووین رقیان لێمان بوو، بارگرانی بووین، بێگومان ئەوانیش دەترسان وهەمووشیان باری داراییان باش نەبوو،بروا بفەرموو هەرکاتێک ئەو ماڵانە نانێکی باشیان بۆخۆیان دەکرد من خۆم لەو نانە دەدزیەوە دەمگوت بابەشی ئەوان نەخۆم . دەچووم لە دوکانێک بسکیت وساردیەکم دەخوارد دەمگوت بابەشی ئەوانە نەخۆم .

چەند کەست پێشک دێت حاڵیان ڕێک وەک ئەوەی تۆ بووبێت ؟

4 کۆمەڵگای نەسر یەکێک بوو لەو کۆمەڵگا زۆرە ملێیانەی بۆ کاروباری ئەنفالکرابووەوە بەزۆری خەڵکی شارباژێڕو پێنجوێن و سەیدسادقی لێکۆکرابووەوە.

5 قوة الطوارء بەکوردی پیان دەگوتن قوە تەواری بەواتای هێزی تایبەت، ئەمانە هێزێکی شەرانگیزو بەدرەفتاربوون و سەربە دائیرەی ئاسایش بوون، بەزۆریش لەو پێشمەرگانە دروست دەکران کەوا خیانەتیان لە هاوسەنگەرەکانیان دەکردو دەهاتنەوە لەناو شارەکان خەراپەکاریان دەکردو بەعس بەریدابوونە گیانی خەڵک و دەست ئاوالابوون لە خراپەکاری و دەسەڵاتی کوشتن وگرتنی خەڵکیان هەبوو.

راستیەکەی واهەست دەکەم کەس حاڵی وەک من نەبوو زۆربەی تاقانەکان نەنکێک یان کەسێکی دڵسۆزیان هەبوو، بەڵام من هەر هیچ هیچم نەمابوو.

بەڵام کاک محەمەد عەلی شەمێرانی رێک ئەم حاڵەتەی تۆی هەبووەو ئەویش دەڵێت: هەر رۆژێک بمزانیبایە ئەو ماڵەی لێی دەمێنمەوە خواردنێکی خۆشیان هەیە من خۆم دەدزیەوەو دەمگوت بابەشەکەی ئەوان نەخۆم ئەم قسەیەی محەمەد پێنج ساڵ پێش ئێستا بڵاوم کردووەتەوە . ئەی بۆئەوەیان وەک تۆ نیە؟

وەڵاهی بروا بفەرموو رێک ئەوە بەرنامەی منیش بووە.

ویستت باسی ئەوە بکەیت کە لەئاسایش (ئەمن) گیراویت ؟

من دەمزانی دەمگرن.

ببورە با ئەو پرسیارە بکەم چۆن دەتزانی دەتگرن ؟

لەبەرئەوەی هیچم نەبوو، نەهەویە نەهیچ مالەوەمان هەمووی ئەنفالکرابوون، چوار پێن رۆژێک بوو کورێکی خزمی خۆمیان گرت تەنها لەبەرئەوەی هویەی نەبوو رێک وەک من بوو گرتیان و گولەبارانیانکرد، لەبەرئەوە دەمزانی رۆژێک منیش دەگرن.

ئەی چۆن گیرایت ؟

ئەوشەوەی گیرام لە مانگی مامەم دانیشتبووم، بەڵام کورێکی خزممان جاش بوو لەو گوندانە هویەکی نفوسی (پێناسی باری شارستانی) دۆزیبووە بۆی هێنام وتی: با ئەم هویەت پێبێت، بۆحاڵی تۆ باشەو ئیشت پێی دەبێت. هویەکە هێشتا موالیدی نەگیرابوو بەسەرباز، ئەوشەوەی گیرام ئێمە لەحەوشەی مانگی مامم دانیشتبووین وتیان ئەمن و تەواری هاتن، لەپەنجەرەکەوە دیاربوون دایان لەمیل منیش یەکسەر ئەو هویەی پێمبوو دەرمکردوو کردمە ژێر دۆشەکەکەوە کەلەسەری دانیشتبووم، یەکسەر ئەوەم بەبیردا هات مادام من گیرام بۆچی خاوەنی ئەو هویەش توشی گرفت بێت، هاتنە ژوورەوە وتیان تۆ ساڵح رۆستەمی وتم بەڵێ، هەرلەوێ دەست وچاویان بەستمەوەو بردمیان ماوەی سێ رۆژ لەئەمنی کەلار بووم، بەقەرەوێڵەیەکەوە بەستبویانمەوە وەزعم زۆر خراپ بوو. حەمەی حاجی ساڵح چێشتخانەی هەبوو لەکەلار ئەوکاتە دەستی دەڕۆی خۆمی نەدەناسی بەڵام باوکم وباپیرەمی دەناسی ودۆست وقەوممان بوو، هەموو رۆژێک دوو شێش کەباب و گۆشتی بۆ دەناردم، ئەمنەکان دەیانگوت (هذا مال محمد حاج صالح) دەیانگوت ئەو بۆی ناردوویت.

قەت لەبیرم ناچێت ئەوە شایانی لەبیرچوون نیە. ئێوارەو نیوەڕۆ هەموو رۆژێک ئەو دوو شیشەی بۆدەناردم قەت لەبیرم ناچێت، کەبەربووم چوم بۆلای وتم تۆچۆن زانیت وتی : نوسراوەکانم بینیوە ئەمنەکان دەهاتن بۆ ئێرەودەیانگوت ئەمڕۆ کێمانگرتووەو کێمان نەگرتووە،من تۆم تێداناسیوە. دوای ئەو سێ رۆژە گواستیانمەوە بۆ ئەمنی سلێمانی ١٨ شەو لەئەمنەسورەکەی سلێمانی بووم،بردمیانە ژورەوە قادرمە بوو دیاربوو زۆر بەرزبوو زۆر بردمیانە خوارەوە کەچوم چی ببینم خەڵک هەمووی سەرو ریشی هاتبوو، وەزعێکی ترسناک وناخۆش هەبوو ١٠ساڵ بوو لەوێ بوو هەبوو شەش مانگ بوو هەرلێیان نەپرسیبووەوە. کورێکیان هێنابوو جاش بوو بەڵام تنظیمی یەکێتی بوو، خەڵکی ئەم کەلارە بوو،ناوی بورهان بوو کوری شێخ تەیب بوو، وتیان لەخوا بەزیادبێت سجنێکمان بۆهات زۆریان پێخۆش بوو، هەبوو ٥ساڵ بوو سجن بوو، کورە هەبوو ١٠ساڵ بوو سجن بوو، گشتیان زۆریان پێخۆش بوو کەیەکێکی تازە دەهات بۆئەوەی هەوالی دەرەوە بزانن. ئەو بورهانە بانگی کردم وتی : تۆلەگەرمیانی دەچیت ؟ وتم بەڵێ ! وتی یەک قسە نەکەیت لێرە ئیستخبارات هەیە، بورهان سێ چوارجار لەکارەبا درابوو، ئەو وەزعەم بینی زۆر سامناک بوو، سێ بەقەد دیوارەکاندا رێی دەکرد هەژدە شەو لەوێ مامەوە، بانگیان کردم وتیان تۆعاید عادل شکوری ؟ وتم نانەخێر،وتیان دەیناسیت ؟ وتم دەیناسم و دیومە بەڵام من هیچ پەیوەندیەکم پێوەی نیە، بەڵام کاتێک بردمیانە دەرەوە لەو قادرمانەی باسم کرد لەوێوە فڕێی دامە خوارەوە زۆر ئازارم پێگەیشت، دام بەدینگەیەکدا، کاتێکم زانی لەبەرانبەر ئەفسەرێک دایانانام، پرسی ناوت چیەو خەڵکی کوێیت وەڵامم دایەوە ئینجا وتی : بۆچی وابێهۆش بوویت وتم کەوتمە خوارەوە، وتی ئەکید بەربوویتەوە ؟ وتم بەڵێ نەمگوت بەریاندامەتەوە. ئیتر هەرئەوەندەی

پرسی نوسراویان بۆکردم بۆ هەڵەبجەی تازە بردیانم بۆ ئەوێ زۆریان لێدام زۆر ئەزیەتیاندام .

ببورە ئەی لەسلێمانی لێیان نەدایت ؟

بابا، بەڵێ، لەوێش لێیاندام، بەڵام وەک ئەوەی ئێرە نەبوو، بەڵام لێرە ئەمنێک بوو، پێموایە ملازم بوو، خەڵکی کفری بوو، لەوێ حەوت ڕۆژ هێڵرامەوە ئەو مولازمە ئێوارانێکیان بانگیان کردم، کەچووم ملازمە کوردەکە بوو، لەسەر قەنەفەیەک دانیشتبوو وتی وەرە لێرە لای خۆم دانیشە، چای بۆتێکردم و وتی لەسەرچی گیراویت حاڵ ومەسەلەی خۆمم بۆگێڕایەوە حەدی نەبێت لەڕووی بەرێزت وەک ئێستا چۆن بۆتۆی دەگێرمەوە بۆم گێڕایەوە، وتی : تۆ ئارەزوودەکەیت چیت لێبکەن، وتم من هیچ ئارەزوویەکم نەماوە ئیعدام بێت و هەرچی بێت وەک یەکە بۆمن، وتی : هەموو ئێوارەیەک وەرە لێرە لەلای من دابنیشەو چابخۆرەوە، ئیتر کەهەموو شتێکم بۆ باسکرد وتی : دەنێرن بۆ عەسکەری وتم ئاخر من تەسکەرەم نیە چۆن دەمنێرن بۆ عەسکەری ؟ وتی حکومەت هەموشتێکت بۆدەکات . دووسێ ڕۆژ دوای ئەوە ئەمنەکانی کەلار هاتن بردمیان بۆ ئەمنی کەلار .

ئەو ملازمەی واخەڵکی کفری بوو کێ بوو ناوی چی بوو ؟

ناوی ئەیاد بوو، ملازم ئەیادیان پێدەگوت خەڵکی کفری بوو. ئیتر کە ئەمنەکانی کەلار هاتن پێیانم وت. سالار بەهەمەن دەناسم، یەکێکیان وتی : سالار بەهەمەن چی تۆیە وتم ئامۆزای باوکمەو خزممە. ئەویش وتی سالاربەهەمەن دەناسم، سالار بەهەمەن ئامر سریەی جاش بوو، ئەمنەکە وتی: مادام سالار بەهەمەن قەومی تۆیە هەموو ئێوارەیەک وەرەلای من دانیشە، وتم قسە دەکەی بۆ سالار بەهەمەن کەوا من لێرەم ؟ وتی نا قسەی بۆناکەم، ئیتر کەهێنایانمەوە لێرە لەکەلار ناردیانمە پۆلیس، ئیتر لەوێ وەزعێکی تربوو، مواجەهەبوو شت هەبوو، خزمەکانم هاتن و داوای کەفیلی ٢٠ هەزاردیناری سویسریان کرد کەمن رانەکەم، ئیتر ناردیانم بۆ تەجنید، لەوێ مەلەفی باوکمیان هەڵدایەوە وتیان باوکت کورە هێشتا ژنی نەهێناوە. نوسراویان بۆکردم بۆ یەکەیەکی سەربازی پێموایە بۆسەربازگەی فایدە. کە هاتینە دەرەوە پیاوێکی زاوامان هەیە محەمەمەدی حاجی برایم بەناوبانگە، محامیەکی دەناسی ناوی جەوهەر بوو، کاتی خۆی پارتی بوو، وتی بابچین بۆلای محامی جەوهەر ئەویش سەیری نوسراوەکەی کرد، گوتی کوڕم تۆ بچیت بۆسەربازی هەردەفەوتێیت، هەر ڕۆژێک بێت حکومەت دەتگرێت وئیعدامت دەکات، تۆ هیچ تۆماڕێکت نیە، ئیتر محامیەکە زۆر بیری کردەوە، وتی تۆ مامەت هەیە ژنی هاوردبێ و جنسیەی دەرنەکردبێ وتم هەمە. وتی : بابڕۆین هەستاین چووین بۆماڵی مامە جەلالم ئەو عریزەی دابوو تەسکەرە بۆمنداڵەکانی دەربهێنێ بەڵام پارەی نەبوو وازی لێهێنابوو،هات منی کردە کوری گەورەی مامەم، کتابەکەی مامەمی سوتاند وتی لە پۆلیسیش بۆت چاک دەکەم، وتی بەیانی وەرە تەسکەرەکان وەرگرەوەو ئەوەی خۆت بخەرە گیرفانت وئەوانەی تریش بدەرەوە بەمامەت. ئیتر هویەم نایە باخەڵم و لەوە نەجاتم بوو ڕۆیشتم بۆ بەغدا ئیتر بەشەو لە ئوتێلێک دەمامەوەو بەرۆژ ئیشم دەکرد.

ئیشی چیت دەکرد ؟

کرێکاریم دەکرد، لەگەڵ وەستای بیناو لەمەیدان کارم دەکرد.

ئیتر نەچویت بۆعەسکەری ورزگارت بوو ؟

نەچووم بۆ عەسکەری وەک وتم ڕۆیشتم بۆ بەغداو لەوێ کرێکاریم دەکرد.

هیچ هەواڵێکی ماڵەوەشتان نیە؟

نەخێر هیچ، تەنها ئەوەنەبێت دوایی پیاوێک هاتەوە بۆی گێڕاینەوە، کەوا لەگەڵ باوکم وئەوان بووە، هەتا جیایان کردوونەوە ژن بەجیاو پیاو بەجیا، باوکمیان کردووەتە ناوگەنجەکانەوەو دوایی بردویانن بۆ گوللەبارانکردن، بەڵام ئەو پیاوەیان ناردبوو بۆ نوگرەسەلمان و دوایی بەربوو.

هەتا کەی لەبەغدا مایتەوە ؟

هەتا نزیکی ڕاپەرین هەر لەوێ بووم چونکە نەمدەتوانی بێمەوە بۆکەلار، کە ڕاپەرین بوو ئینجا بوومە پێشمەرگەو هەر لەبارەگای پێشمەرگە دەمامەوە. لەدوای ئەوەش ئەم تەسکەرە دەرهێنانەم هەم بووەوە بەکێشە کە ببومە کوری مامم. هەر لەسەر ئەساسی ئەو پێناسەیەی کە کرابوومە کوری مام هاوسەرگیریم کردبوو، ئینجا سکاڵام کرد بەمەوە بەکوری باوکی خۆم، زۆر ماندوو بووم هەتا هەموویم

هەلوەشاندەوەو دایکم وباوکم کرد بەژن ومێرد لە تۆماری نفوسدا،بروا بکە دووسێ جار ئەو حاکم ئەحمەد جەلیلە خەریک بوو شەش مانگ زیندانیم بکات. وتی : یەک نوسراوی تر لەبارەی ئەنفالەوە بدەیتە من شەش مانگ سجنت دەکەم، وتم سجنم بکە من لەسەر هەقم ومافی خۆمە.

سەرئەنجام گەیشتیتە کوێ من دەزانم کە زۆر ماندوو بێزارکراویت ؟

زۆر ماندوو بووم، من زۆر درەنگ دەگریم، بەڵام زۆر گریام حاکم ئەحمەد جەلیل زۆر ماندوی کردم، کەسکاڵام کرد ببمەوە بە کوڕی باوکی خۆم سەرەتا هیچم بۆنەکرا، بەڵام عزیزە چیەک بوو خزمی ئەحمەد جەلیل بوو، رۆژێک کەبینی زۆر ماندووم و بێتاقەتم هات بۆلام ماچی کردم و گوتی: کاتی خۆت بەم پیاوەوە مەکوژە ئەمە هیچت بۆناکات، برۆ کفری بۆلای حاکم طارق ئەو پیاوێکی قانونی باشەو عەرەبە محامیەک بگرەو برۆ بۆلای ئەو . هاتم لە محکەمەی کەلار محامیەکم دۆزیەوە و بریارەکەم پیشاندا نوسراوەکانم پێداو سەیری کرد، بۆبەیانی بردمان بۆکفری حاکم سەیری کردو محامیەکەش وتی جەنابی حاکم ئەم کورە سەدام هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالکردووەو حاڵەکەی ئاوایە حاکم وتی سبەی مامەکەتم بۆ بێنە بۆ ئێرە وتم مامەم مردووە، وتی : وەفاتنامەکەی و هاوسەرەکەی واتا ئامۆژنم بهێنە بۆئێرە، لەماوەی سێ رۆژدا هەموو شتێکی براندەوەو بوومەوە بەکوڕی باوکم، کەبردمەوە بۆ نفوس فایل وتی من وەری ناگرم، شتی وانیە چۆن کیشەی دەسالّ بە ٣ رۆژ چارەسەر دەکرێ ودادوەر بڕیاری لەبارەوە دەدات وتی: برۆکاکە شتی واهەرنیە. نەیویرا وەری بگرێت، کاغەزێکی نوسی نازانم ئەو کەسە کێ بوو، وتی ببەرە لای ئەو بزانەئەوچیدەڵێت : کەبردم کابرا وتی کاکە دادوەر بڕیاری داوە، هیچ کێشەیەکی تێدانیە، کەبردمەوە بۆلای حاکم وتی: ئەگەر کاری پێنەکات بۆ شوێنێک نەقڵی دەکەم خۆشی نەزانێت کوێیە تۆ برۆرەوە بۆلای باوئەو نەیکات. ئنجا مامەڵەکەم تەواو بوو .

ئەوە سەرئێشەو کات کوشتن ئەی چەندێک پارەت پێویست بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ناوناسنامەی خۆت ؟

برو بکە ٥٠ وەرەقە ($٥٠٠٠) پێنج هەزار دۆلارم زیاتر خەرج کرد. هەتا گەیشتین بەم ڕۆژە ئازارو مەینەتیەکی زۆرمان چەشت، ئێستا کێشەی یاساییم نەماوە.

دەبوایە یەکێک لەکارە سەرەکیەکانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چارەسەرکردنی کێشەی یاسایی وکۆمەڵایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان و دامەزراندنەوەیان بوایە لەسەر مالّ وحاڵی خۆیان .

کاک عومەر یەکشتت پێدەڵێم، تکات لێدەکەم ئەمە بنوسە بابۆمێژوو هەبێت، حکومەتێک بەو زەبەلاحیە بەقەد (عومەر محەمەد) سودی بۆ ئێمە نەبووەو بەقەد تۆ ڕێنمایی بەئێمە نەداوە،بەقەد عومەر دڵێ بۆ ئێمە نەسوتاوە ئەمە بڵاوبکەرەوە ئەوە لەروی تۆ نالّێم، تۆش لێرەنەبووبی من ئەوەم وتووەو دەیڵێم، چی بۆکردوین حکومەت ؟ بەوخوایە ئەوەشی کردویەتی لەدەستی دەرچووە نازانم چۆن بۆی کردوین. کاکە ئێمە بریندارین ئێشوئازارێکی زۆرمان چەشت، بروا بکە خزمی خۆم بووە وتوویەتی ئەمەشمان لەکۆڵبوایەتەوە باش بوو، خۆم گوێم لەو قسەیە بووە.

کاک سالّح من زۆر سوپاست دەکەم کە بەراشکاوی وئازایانە قسەم بۆدەکەیت، من بەکاک سەباح نەجمەدینم گوت، من مێژوو دەنوسمەوە،من نامەوێ ژمارەی لاپەڕەکانم وکتێبەکانم زیاد بکەم، دەمەوێ لەگەڵ خۆم وميلەتەکەم و نەوەی داهاتوو ڕاستگۆبم وزانیارییان پێبدەم، پێمگوت تۆ خۆت بەدوای هاوسەرگیریدا دەگەڕایت یان خزمەکانت بەزۆر هاوسەرگیریان پێکردیت بۆئەوەی لەسەر سفرەی ئەوان نەمێنیت؟ خەڵک دەناسم بەزۆر ژنیان بۆهێناوە بۆئەوەی لەکۆڵیان ببێتەوە، من ئەم پرسیارەم لەسەباح کرد وەک تاقانەیەکی ئەنفال ؟ من دەمەوێ لەکێشەی تاقانەکان تێبگەم، چونکە کێشەی کەسوکاری ئەنفال و کاریگەریەکانی تاوانی ئەنفال لەنوگرەسەلمان ولەبیابانەکان بەجێنەماوە، هاتووە بۆئێرەو پەڕیوەتەوە بۆ نەوەکانی ئەنفال ئایا مەبەستەکەم ڕونە ؟ ئەم پرسیارەم بۆ هەموتانە ؟ ئەزانم چی دەڵێیت کاکە گیان باش لەتۆ تێگەیشتووم.

ئەوکاتەی لەبەغدا ئیشت دەکرد، هیچت لەبارەی چارەنوسی دایکت وباوکت وخوشک وبراکانتەوە دەزانی ؟

هیچ هەواڵێکیان نەبوو، هەموو شەوانێک دەگریام، زۆر دەگریام زۆر بێتاقەت بووم، بەڵام من هیچ شوێنێک نەبوو ڕوی تێبکەم و ئاسودەییم بداتێ، لەبەغدا هاتمەوە ماوەیەک لە جەلەولا لەکارگەیەک کارم دەکرد، کابرایەک هەبوو ئیستخبارات بوو (بێدەنگی .. ناوەکەیم لەبیرچوو) لای ئەو ئیشم کرد، کابرا زۆر ڕێزی لێگرتم،وتی ئەوە تۆ بۆچی قەت داوای ئیجازە ناکەی ؟ نازانم بۆ ناوەکەیم لەبیرچووەوە ! وتی تۆ بۆچی قەت داوای ئیجازە ناکەیت و هەرلێرەی ئا سەریاس ئەوە ناوەکەی بوو، ناوی سەریاس بوو، ئەو لەبنەرەتەوە خەڵکی کەرکوک بوو، من ئەوسا بەهویە دەگەرام و بەوە چوم بۆ بەغدا کە لەسەر مامەم دەرمهێنابوو، کەپرسیاری کرد بۆ داوای ئیجازە ناکەی دوو کەس لە ژورەکەدا دانیشتبوون وتی هەستن بچنە دەرەوە، دیسان وتیەوە بۆ داوای ئیجازە ناکەی ؟ وتم : کاکە من کەسم نەماوە، حکومەت هەمووی ئەنفالکردووە، وتی چۆن تۆ کەست نەماوە ؟! وتم ناکەسم نەماوە، ئیتر ئەوکابرایە شێت بوو، هەستایە سەرپێ وتێ تۆهەموو کەسوکارت کوژراون وتەنها خۆت ماویت ؟ وتم بەڵێ وتی : گەرەکتە من چی بۆتۆ بکەم ؟ وتم من هیچ بنەرەتێکم نەماوە هەمووی ڕۆی تەنانەت دایکم وباوکم لە تۆماری گشتی هێشتا کوڕوکچن وهەر لەلای مەلا مارەی بڕیوە. سەرەتا زۆر مات بوو، وتی تۆ دەبیتە مایەی موشکیلە بۆمنیش، دوایی بەپێچەوانەوە گوتی: هەتا سەریاس بمێنێ تۆلێرەی هەقی هیچت نەبێ، ئیستخبارات و ئەمن دەهاتنە کارگەکە داوای هویەیان دەکرد، بەڵام هەمووییان دەهاتن لای ئەو دەعوەت دەبوون، ئەوەشی پێگوتم هویەکەی خۆتیان پیشان مەدە، ئەگەر ئەمن ویتسخباراتیش هاتن بڵێ من عایدی سەریاسم هویەیان مەدەرێ. ئەو پیاوە زۆر ڕێزی لێگرتم، دوو مانگ لای ئەو پیاوە مامەوە، ڕۆژێک چووم بۆلای وتم من دەڕۆم، وتی بۆچی دەڕۆی ئەگەر لەوانە دەترسی مەترسە منیش وەک ئەوانە وام، وتم نا لەبەرئەوە نیە، دەرۆمەوە بۆ کەلار، وتی : دەرۆی برۆ، ناوت نابەم و خەمت نەبێ، هەقیقەت ناویشی نەبردم، مانگی ئاوابێ چاکەی لەگەڵ کردم ئیستاش کارگەکەی ماوە لە جەلەولا.

ببورە پێمبڵێ کارگەی چی هە بوو،چی بەرهەمدەهێنا ؟

کارگەی دروستکردنی بلۆکی هەبوو .

دوای ئەوە چیت کرد ؟

چیم کرد دەردوئازارمان زۆر چەشت، بروا بکە لەناچاری داوای ژنم دەکرد پێیان نەدەدام ! مامەیەکی خۆم هەبوو دەیگوت : من کەنیشکم بەچکلێت ونوقڵ گەورەکردووە، چۆن بیدەمێ کەسێک هیچ تەمایەکی خوای نەبێ ؟ واتا بەتەمای ژیانم نەبوون .

وتت لەناچاریدا داوای ژنمان دەکرد ؟ بۆچی لەناچاریدا ؟

ئەی برا ئێمە هیچ سەرپەنایەکمان نەمابوو، دەبوو بەناچاری بەدوای ژندا بگەڕێین، ئەوەش قسەی مامەکەم کە پێتم وت .

بەم قسەیەتدا وادیارە هاوسەرگیریەکەت جیاوازبێت و کچی مام یان خاڵەکانت نەبێت ؟

نا بۆچی جیاوازە ؟

لەبەرئەوەی زۆربەی تاقانەکانی ئەنفال هاوسەرگیریان لەگەڵ خزمە نزیکەکانی خۆیاندا کردووە، یان لەگەڵ ئامۆزایاندا بووە، یان لەگەڵ پورزاو خاڵۆزادا.

نانا ئەوەی من ڕێک بەپێچەوانەوەیە، بڵێ کچی کێبێت باشە ؟

نازانم ؟!

من کچی ئامرسریەیەکی جاش هاوسەرمە !

چۆن ؟!

چاک ئەو فەرماندەی سریەی لە زەڕایەن بوو هات بۆلای خزمەکانم و مامەکانم، وتی کامتان کچەکەی خۆتان دەدەن بەم کوڕە بیدەنێ نایدەن من کچەی خۆمی دەدەمێ با دابمەزرێ، کچەکەی خۆی پێدام بەبێ ئەوەی داوای هیچم لێبکات، ئێستا کچی ئەو فەرماندەی ئامرسریەی جاشە دایک منداڵەکانمە .

خەزورت جاش بوو ؟

ئەمن بوو ئیستخبارات بوو، فەرماندەی سریەی جاشیش بوو لەلای بایز[6]. ئێستا ئەو خەزوری منە .

ئێ، چیرۆکێکی نامۆیە !

کاکە ئەوە راستیە خواخوام بوو یەکێک کچەکەی خۆیم بداتێ بەپارە، کەس لەخزمەکانی خۆم ژنیان نەدەدامێ . دەیانگوت ئەوە تەواو بووە خۆی پێ بەخێونەکرێ و سبەینێ دەگیرێ ودەفەوتێ. بەڵام سالار بەهەمەن هات کچەکەی خۆی پێدما.

ئەمە کەی بوو ؟ پێش ڕاپەرین بوو یان ئەوان هێشتا هەر لە دەسەڵاتدا بوون ؟

کورە ئائا سالّی چەند بوو ڕاپەرینەکە بوو ؟

لە مانگی ئازاری سالّی ١٩٩١ ڕاپەرینەکە بوو .

کەوایە هاوسەرگیریەکەی ئێمە سالّی ١٩٩٠ بوو

ئەی ئێستا خەزورەت لە ژیاندا ماوە؟

بەڵێ لەژیاندا ماوەو پارتیە.

ئەی خۆت چیت یەکێتی یان گۆڕان ؟

لەشەری ناوخۆدا حەمەی مەدحەد لە هەڵەبجەی تازە کوژرا، شەهید بوو، ئەو یەکێتی بوو لەلیوای تایبەت بوو. بەرپرسەکان زۆریان خۆش دەویست،من ئەوکاتە حیمایەی عەدنانی حەمەی مینا بووم،یەکێتی بووم، کەئەو شەهید بوونەهاتنەوە بۆ پرسەکەی من وازم هێنا، ڕۆژێک لەزەرایەن کۆبوونەوە بوو، جەبار فرمان هاتبوو، من لەبەردەرگا بووم، خەڵک بەبن دەستی ئێمەدا دەچوونە ژورەوە، کەسێک هات، ویستی بچێتە ژورەوە وتم بۆکوێ دەچی ؟ وتی هەواڵێکی گرنگم پێیە،وتم هەواڵەکەت چیە ؟ دەبوو خەڵک ئێمە ئیزنی بدەین بچێتە لای بەرپرسەکان، من حیمایەی عەدنانی حەمەی مینابوو،ئەو پێشتریش کادری لای خۆمان بوو، بەکەسەکەم وت ئیشەکەت بەکاک عەدنان وکاک جەبارچیە ؟ وتی سالار بەهەمەن پارتیە بریندارەو وا لەماڵێکدایە، ماڵەکەیان بەرانبەر مەکتەبەکەی زەرایەن بوو یەکەم مەکتەب . وتم سوپاس کاکە بیستومانەو کاک عەدنان مشوری دەخوات ئەو نەیدەزانی من زاوای سالار بەهەمەنم، چووم بۆلای کاک عەدنان و پێمگوت خەزورەم بریندارەو والەماڵی خۆیانە، دەبێت هاوکاریم بکەیت ماڵی ئاوابێت کاک عەدنان هاوکاری کردم، وتی : بەخوا جەبارفرمان بزانێت دەیکوژێت. کاک عەدنان نوسراوی بۆکردم و مۆری کردو وتی: بڕۆ بیبەرەوە بۆماڵی خۆتان بالێرە نەبێت بیبەرەوە بۆکەلار، بەڵام بیبە بۆکۆمیتە سالار بەهەمەن بەرە بۆلای، ئەوسا حەمە چاوجوان بەرپرسی کۆمیتە بوو، بردم وسێ مانگ لەماڵی خۆمان شاردمەوە. ئێستا موچەی خەزورم دوو هێندەی موچەکەی منە (بەپێکەنینەوە) .

تۆشتی زۆر تایبەتت لایە کاک سالّح ؟

تۆ ئەمانە بنوسە بۆمێژوو خەڵک سودی لێدەبینن .

وتت موچەکەی ئەو دوو هێندەی موچەکەی تۆیە ؟

بەڵێ موچەکەی ئەو ٢٠٠٠٠٠٠ دوملیون دینارە هینەکەی من ٩٠٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزارە !

تۆمەبەستت موچەی خۆتە یان هی ئەنفالکراوەکانتان؟

هی هەموو کەسوکارە ئەنفالکراوەکەم ٩٠٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزار دینارە نەک هی خۆم، من هیچ موچەیەکم نیەو کاسبی دەکەم .

ئێستا باوکی چەند منداڵیت ؟

ئێستا شەش منداڵمان هەیە.

ئەگەر بکرێت ناوەکانیانم پێ بڵێ ؟

منداڵەکانی من ؟

بەڵێ ناوی منداڵەکانی خۆتان ؟

نەهرۆ، محەمەد و ئەحمەد و ئارام بچوکەکەمانە. کچەکانیش شنیارو سۆزیار.

باناوی دایکیمان بیر نەچێت هاوسەرت ناوی چییە ؟

ناوی شارایە (شارا سالار بەهەمەن).

هیچ کام لەمنداڵەکانت بەناوی خوشک وبراکانتەوە ناونەناوەتەوە ؟

با محەمەدو ئەحمەدم بەناوی براکانمەوە ناوناوەتەوە، بەڵام دوایی وازم لەوە هێنا چونکە هەرکە ناوم دەهێنان وبانگی منداڵەکانم دەکرد، یادی براکانم دەکردەوەو وەک شریتی سینەمایی بەبەرچاومدا دەهات ودەچوو ڕۆژە ڕەشەکانی ئەنفال و گیرانی ماڵەوەمان، ئیتر کورەکەی ترم ناونا ئارام ، وتم ئیتر وەختی ئارامیە بەسە.

دەستخۆش زۆر ڕاستە، زۆر جوانە.من پرسیارێک دەکەم دەتوانیت وەڵامم بدەیتەوەو داوابکەیت

6 بایز موستەشاری فەوجێکی جاش بوو لە زەرایەن
دادەنیشت، لەدوای ڕاپەرین لەکەلار دادەنیشت ئێستا لای پارتی دیموکراتی کوردستانە

بڵاونەبێتەوە، دەشتوانی وەڵامم نەدەیتەوە، بەڵام من زۆر پێویستم بەم پرسیارەیە ؟

فەرموو .

پەلەمەکە پرسیارەکەم زۆر تایبەتی وکەسیە، بەلام گرنگە بەتایبەتی بەگەڕانەوەمان بۆ بریاری هاوسەرگیری تاقانەکان لەهەلومەرجێکی تایبەتدا، هاوسەرگیری لە رۆژگارێکدا کەپێویستیان بەهەموو هاوکاریەک بووە، بەڵام دوای هاوسەرگیری وگۆرانکاری لەژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا، هەم بەعس روخاو هەم بژێوی تاقانەکان باشتر بوو حکومەت هاوکاری کردن بۆ خانوو کردن و هتد .. پرسیارەکەم ئەوەیە بەختەوەریت لەگەڵ هاوژینت ؟ هاوژینت بۆ ئێستای ژیانتان گونجاوە یان ناچارییەو تازە دایکی منداڵەکانتە ؟

نانا بروا بکە بەراشکاوی پێت دەڵێم گونجاوین و زۆرپش ڕێز لەنیوانماندا هەیە. خێزانەکەم زۆر دڵنەوایی من دەکات و زۆر ئاگای لەدڵی منە بەهۆی ئەو بێتاقەتی و نەهامەتیەی بەسەرماناداتووە، هەمیشە ئەوەی لەبیرە کەمن کەسوکارەکەم ئەنفالکراون.

من لێرەوە ڕێزی زۆرم بۆی هەیە.

ئەوە کچی فەرماندەیەکی جاشیش بووە، ئینجا باشتێکی تریش بڵێم مامۆی خەزورم هەموویان شانازی بەمنەوە دەکەن .

ئەوەندەی من تاقانەکانم دواندووەو دیدارم لەگەڵ کردوون، لەدوای ڕوخانی بەعس و پێش ئەویش کەلێرە ڕاپەڕین کرا، هەتا ئێستاش تاقانەکان هەست بە تەنیایی و بێکەسی دەکەن، ئایا بۆ ئەم هەستکردنە چارەیەک شک دەبەی ؟

من هەرگیز نەکروزاومەتەوە، بەڵام بێکەسی کەهات ئیتر دەبێت چارەی چی بێت ؟

بۆنا ؟ من چارەیەک شک دەبەم ! ئێوە ئێستا نزیکی ٢٠٠ کەس دەبنەوە لەناو ئەو دووسەد کەسەدا ٢٠ کەستان پەیدا نابێت ببن بەپشت وپەنای یەکترو ببن بەخوشک وبرای یەکتر، پێکەوە هەمووتان کۆببنەوەو گەشتێک بکەن وباسی پێکەوەیی و هەماهەنگی وهاوسۆزی یەکتری بکەن ؟

بۆنا بەڵام ئەم زروفە ریگەنادات بەیەکەوە کۆببینەوەو پێکەوە سەیرانێک بکەین .

جامن ناوی گەشتم لێنا، دەنا بابۆگەشت نەبێ و بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێک یان یەکێتیەک بێت تیایدا بریار بدەن، پشتیوانی یەکتری بن ولەخۆشی وناخۆشی یەکتریدا بەشداربن ئەوسا خەڵک برایەکی هەیە، ئێوە بەلای کەمەوە دەتوانن ببنە ٢٠ خوشک وبراو لەهەموو خۆشی وناخۆشییەکی یەکتردا پێکەوە بن و پشتی یەکتری بەرنەدەن .

جوانە من زۆرم بەدڵە. شتێکی تریش بڵێم ئەوە تۆ براگەورەی هەموومانی هی هەموو تاقانەکانی ئەنفال بەڵام لەماڵەوەش پێیاندەڵێم من زۆر ئارامم، پێیاندەڵێم کەس هەست بەبێکەسی نەکات، ئەوەتا ئێمە لەم ماڵەدا ١٠ کەسین ئیتر بۆ تەنیاین ؟ ئەوە تۆش هەر برامانی . کە ئاراممان بوو هەموو منداڵەکانم کۆکردەوە لەگەڵ دایکیان وتم ئەم کورە ناوبنێین چی ؟ هەریەکەیان ناوێکیان گوت من گوتم : ئەم کوڕەمان ناودەنێین ئارام، وتیان کاکە ئەو ناوە زۆرەو کۆنەو باناوێکی تازەی بۆ بدۆزینەوە وتم نا، بائیتر ئارامیەکمان ببێت، من ئەم کورە ناودەنێم ئارام ئیتر وەختی ئارامیە. وتم بائیتر هەست بکەین ئارامین، بەوخوایە لەبەرئەوە ناوم ناوە ئارام . ئەمە ئیتر کۆتایی ناخۆشیەکانمان بێت ئارام . ئارام بژین و ئارام بخەوین وئارام سەرکەوتووبین. هەرچی پێی ئێژم ئارام هیچ لەدڵمدا نامێنێت . من زۆر بەهێزم، بروا بفەرموو ئەوکەسانەی کەوا لەکاتی لێقەومانمدا بەلامدا دەڕۆیشتن ڕویان دەکرد بەو دیودا بۆئەوەی پێم نەڵێت ژەمێک وەرەوە بۆماڵمان تەنانەت ئەو مامەم کەوا پێیگوتبووم : من کچی خۆم نادەم بەکەسێک ژیانی نەبێ هەموویان قەرزداری منن و هاوکاریم کردوون وئێستا قەرزداری ماددی منن .

کەواتە باوەڕت بەلێبوردن ولێبوردەیش هەیە ؟

بێگومان زۆر لێبوردەم، لێبوردنم زۆرە، قەت لێبوردن لەیاد ناکەم ئێمە کوشتەی دەستی لێنەبوردەبین، کەسوکارەکەی ئێمە بۆ وایان بەسەرهات، کورد بۆ وا کۆمەڵکوژکرا، چونکە لێبوردەیی نەبوو، ئەگەر بەعسیەکان وسەدام لێبورده بوونایە خەڵک بۆ ئەنفال دەکرا، بۆیە قەت تەقە لەئاژەلیش ناکەم، چونکە کەسوکارەکەی من بە گوللە کۆمەکوژکران. کاتێک منداڵەکانم لەکۆڵان شەڕ بکەن، لەپێشەوە ئەو منداڵە ماچ دەکەم کە شەڕی لەگەڵ منداڵەکەی من

کردووە،ئەی ئەگەر وانەکەین چۆن فێری لێبوردەیی ببن، بافێری لێی بوردەیی ببن، من خەڵکم خۆش دەوێ چونکە دەزانم خەڵکیش خۆشیان گەرەکم بەوخوایە خەڵک ئەوندە خۆشەویستیم بۆ دەردەبرن زۆر جار بەزەیم بەخۆمادێت . جابێینەوە سەرباسەکەی خۆمان من لێبوردەیی بەباش دەزانم، بەوخوایە کەپەتەکەیان نایە ملی سەدام پێمناخۆش بوو بەوخوایە.

ئەوەیان بۆچی ؟

دەزانی بۆچی، بینیم کەسوکارەکەی خۆم کۆتاییان هات وسەدامیش لەسێدارەدرا ئیتر کۆتاییە، من خۆم بەکەسێکی بەهێز دەزانم، بەڵام گریاویشم زۆرگریاوم، ئاخر سەباح نەجمەدینیش زۆر بەهێزە، بەڵام بەیەکەوە زۆرگریاوین .

تۆو سەباح بەیەکەوە گریاون ؟

بەڵێ من وسەباح هەردوکمان تاقانە بووین زۆربەیەکەوە بووین وزۆریش بەیەکەوە گریاوین .

گریانیش جوانی خۆی هەیە، کاک سالح هەموو پیاوێکیش ناتوانێ بگری ؟

راستە زۆر لەگەڵ ئەو قسەیەم هەموو پیاوێک ناتوانێ بگری ئەوەی لەواتای گریان تێبگات دەزانێ ئینسان بۆچی دەگری .

هەتاکەی چاوەروانی کەسوکارت کرد ؟

هەتا ئێستاش چاوەروانم، هەتا هەتایە هەرچاوەڕوانیانم، هەتا دەمرم هەرچاوەڕوانم . هەرگیز ئەوان لەیاد ناکەم هەتا سالح هەناسەی تێدابێت باوکم لەبیرە کە ئەو رۆژەی رۆیشتین باوکم گەرایەوە خواحافیزی لەگوندەکەمان کرد. وتی گەلاڵ کەوە خوا حافیز من جارێکی تر تۆنابینمەوە.

باوکت ئەوەی کرد گەرایەوەو مالئاوایی لە گوندەکەتان کرد؟

بەڵێ باوکم گەرایەوەو مالئاوایی کرد بۆیە هەرگیز ئەو هەڵوێستەی باوکم لەبیرناچێت، دایکم لەبیرناچیت وخوشک وبراکانم لەبیر ناچێت .

خەویان پیوە دەبینی ؟

بەڵێ هەمیشە وەک بەتایبەتی لەشەواندا وەک فیلمێک دێنەوە بەرچاوم، کەدەخەوم دێنە خەوم بەڵام کەبەیانیش کە لەخەوهەستام ئەوکەسە نیم، ئیتر بەهێزەوە مامەڵەلەگەڵ رۆژگارەکە دەکەم .

کاک سالح دەبوایە لەوبەشەی پەیوەندی بەلێبوردەییەوە هەیە باسم بکردایە یان بمپرسیایە ئایا تۆ **ئاگاداری ئەو بیرۆکەیە هەیت کەیادی ئەنفال بکەین بەرۆژی سەرنەبڕین ؟**

کردومانە، ئەوە بووەتە بەرنامەی خۆمان، لەو رۆژەدا نەک هیچ سەرنابڕین ولەماڵەکانمدا گۆشت نیە، هەرکاسبیش ناکەم ئەو رۆژەم داناوە بۆماتەم و یادکردنەوەی ئەنفالکراوەکان.

بەڵام ئەوە پەیوەندی بەگۆشتخواردنەوە نیە وەک هەندێک راگەیاندن باسی دەکەن، بەرێزت جوانت فەرموو ئەگەرمندالەکانت شەریان بێت لەپێشەوە ئەو منداڵە ماچ دەکەیت کە شەری لەگەڵ منداڵەکەت کردووە، ئەوە رێزگرتنی راستەقینەیە لە ئەنفالکراوان، بیرۆکەکە پابەندە بەژیانەوە نەک بەمردنەوە.

بەڵێ بەڵێ تێگەیشتوین، پەیوەندەی ژیانەوە هەیە. من ئەورۆژە بۆ کاسبی ناکەم ؟ لەبەرئەوەی من ئاژەڵ دەکرم و دەفرۆشم، لەو رۆژەدا کرین وفرۆشتنیان پیوە ناکەم وئەزیەتی ئەو ئاژەڵانەش نادەم کەوا لەبەردەستی منداڵ .

چی رووداوێکی زۆر ناخۆش هەیە کە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە ؟

هەرئەوەی کە باوکم گەرایەوەو مالئاوایی لەگوندەکەمان کرد، قەت لەبیرم ناچێتەوە، باوکم پیاوێکی زۆر تایبەت بوو، نەخوێندەوار بوو، بەڵام کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، ئیماندار بوو، پێشبینینی ڕوداوی دەکرد، زۆر سەیر بوو، پێش بینی ڕوداوی دەکرد، ئەو رۆژە کە گوندەکەمان بەجێهێشت گەڕایەوە دایکم وتی : چی دەکەی بەنیازی چیت ؟ وتی من خواحافیزی لەگەڵ کەوە دەکەم وتی گەلاڵ کەوە خواحافیز من جارێکی تر تۆنابینمەوە. ئەوە یەکێکە لەو ڕوداوانەی هەرگیز لەیادم ناچێتەوە .

چی هەیە هەمیشە شانازی پێوە دەکەیت ؟

پێشمەرگە، چونکە تەنها پێشمەرگە ماوە داکۆکی لە ئێمەو شەرەف وکەرامەتمان دەکات. ئەوەی ترهیچی نەماوەو خۆت لەمن باشتر دەزانی .

کاک سالح باش بوو باسی پێشمەرگەت کرد، وتت کە حەمەی مەدحەد شەهید بوو، ئیتر تۆش وازت هێنا بۆچی وازت هێنا ؟

واهێنانی من لەدوای حەمەی مەدحەد نەبوو، لەدوای بێستون بوو، لە نالپارێز شەهیدبوو بەرپرسەکان زۆریان خۆش دەویست خوشکەزای عەدنانی حەمەی مینابوو، کەشەهید بوو، تەرمەکەیان ناردەوە خۆیان هەرنەهاتنەوە بۆ پرسەکەشی ؟ ئیتر من نەچوومەوە بۆ پێشمەرگایەتی، لەم دواییانە کاک عەدنان جوابی بۆناردبووم تەلەفۆنی بۆکردم وتی : وەرە خانەنشینیت بۆ بکەم، وتم نامەوێ وتی بۆ ناتەوێ ؟ وتم من نە بۆ موچە بوومەتە پێشمەرگەو نە چاوەڕێی موچەش دەکەم، ئەوەشم نەگەرەکە خۆم کاسبی دەکەم، ئیتر نەچوومەوە، ئەی ئەوکورە خۆشەویستی خۆیان بوو نەهاتنەوە بۆ پرسەکەشی !؟

من قسەم لەگەڵ ئێوەدا تەواو نابێت، بەڵام دڵنیام زۆر ماندووم کردویت، بۆیە ئەم دیدارە بەکراوەیی مەر بەرێزت شتێک هەیە من بیرم نەبووبێ بپرسم، خۆت بتەوێ باسی بکەیت ؟

ئێمە ئازارمان زۆرەو قسەمان تەواو نابێت، رەنگە ئێستا ئەوەی دەیڵێم زۆربێت بەڵام لەپڕیکدا شتی تر دێتەوە خەیاڵمان و دەڵێین ئاە بریا ئەوەمان باس بکردایە .

هەرکاتێک ویستت یان شتێکت بیرکەوتەوە دەتوانی تەلەفۆن بکەیت، من ریکۆردی دەکەم و دەیخەمە سەرئەم دیدارە. دەهێڵینەوە، بۆهەر کەلێنێک ئەگەر لە گفتوگۆکەماندا هەبێت یان بەتەلەفۆن یان جارێکی تر دێمەوە خزمەتت و قسەی تازە ئەگەر هەبوو تۆماری دەکەین، بۆیە ئێستا دیدارەکەمان کۆتایی پێدێنین، ئەگەر قسەیەکت مابێ ؟

ئێمە ئازارمان زۆرە، بەڵام لەدوای مردنی کەسوکاریش ژیان ناوەستێ، هەموومان مردنێک قەرزدارین، بەلام گرنگە ئەو مردنە سەربەرزانە بێت .

بێگومان قسەیەکی جوان وپەیامێکی ئازایانەیە.

من دواپرسیارم ئەوەیە ئایا قایلی هەرچی لەم دیدارە وتووتە بڵاو ببێتەوە ؟

بۆنا ؟ بەڵێ با بڵاو ببێتەوە، لەهیچ قسەیەکی پەشیمان نیم و قسەیەکم نەکردووە بۆ بڵاوکردنەوە نەشیا. بەڵام یەک قسەم ماوە بیکەم .

فەرموو ؟

تۆ ئەوەم بۆبنوسە بابڵاوببێتەوە تۆ ڕوناکی دڵی ئێمەیت، هەمیشە لەخزمەتتدا دەبین وهیلاک نابین لەگەڵ بەرێزتدا. بەڵام توخوا ئەم قسەم بۆ بنوسە . ئێمە کاری تۆ دەینین و دڵی تۆدەخوێنینەوە. ئێمە دەمەتەقێ لەگەڵ خەڵک دەکەین و دەزانین چی دەڵێ وچیمان وەڵام دەداتەوە، ڕاستە ڕۆژگار وای لێکردین نەخوێندەواربین بەڵام تێدەگەین . بەس تۆ ئەمانە بنوسە بۆمان ئەمە قسەی کەسوکاری ئەنفالە بۆتۆ، ئەوە لەبەرئەوەنیە کە ئێستا تۆمن مقابلە دەکەیت وبڵاوی دەکەیتەوە نا ئێمە هەمیشە وا تەماشای تۆ دەکەین و دەزانین تۆ جێ دەکەیت و چیت بۆ ئێمە دەوێ .

من شانازیتان پێوە دەکەم و وەهتا ژیان بواربدا کار بۆ ئەم دۆسێیەو ئاسودەیی ئێوە دەکەم، چونکە دەزانم جینۆساید هەتا کوێ ڕۆیشتووە، دەزانم ئێوەش پێویستیتان بە دادپەروەری وشکۆ هەیە.



سەفەری ئەنفال و (دەلال)ی سەفەر !

چیرۆکێک لە ئەنفال و ژانەکانی گوندی جەلەمۆرد

ئەنفالستان

ئەم وێنەیە ژانی چیرۆکێکی بەدوادا هات سەفەری ئەنفال و(دەلال) و(سەفەر) وێنەکە هی رۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری سەفەر کاکە رەش ودەلال حەسۆیە کە سالیک دوای ئاهەنگ ومالّپێکەوە نان ئیدی سەفەری مەرگی دەستەجەمعی گوندنیشینەکانی بەدوادێت هەردوو گوندنشین "سەفەر کاکەڕەش" و "خاتوو دەلال





حەسۆ کاکەئەمین محەمەد.

حەسۆ کاکە مین" ئەم بووک وزاوایە نەک هەر خۆیان تەنانەت کۆی خانەوادەو زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندە کەیان ئەنفالکراون، لەخانەوادەی زاوا واتا خانەوادەی (کاکە رەش)، تەنها یەک خوشکی رزگاری بووە، کە ئەو کات لە نەخۆشخانە بووە لە "تەق تەق"کە ئەوخوشکەشی ناوی خاتوو "ئەدیبە"یە و تاقانە رزگاربووی ئەو خانەوادەیە ماوەو ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. خانەوادەی کاکە ڕەش بریتی بوون لە ١٢ سەرخێزان لە گوندی جەلەمۆردی بناری خاڵخاڵان بە کشتوکال وئاژەڵداری ژیانی خۆیان دابین دەکرد. ئەندامانی خێزانەکە پێکهاتبوون لە :

کاکە رەش .

بەفراو هاوژینی کاکە ڕەش .

شەش کوڕو دووکچ.

سەفەرکاکە ڕەش .

دەلال حەسۆ هاوسەری سەفەر .

نەوەیەکی تری کاکە رەش، کەتەمەنی سێ مانگ بوو.

جگەلە ئەدیبە کاکەرەش سەرجەمی ئەم خانەوادەیە لەچەمی بابەڕوشەی نزیک گوندی جەلەمۆرد ئەنفالکران. ئەدەیبەش بۆیە رزگاری بووە لەبەرئەوەی لەکاتی ئەنفالدا نەخۆش بووەو لەتەقتەق بووە .

خانەوادەی بووک (دەلال)یش بریتی بوون لە:

حەسۆکاکە ئەمین محەمەد.

عائیشە عبدالرحمان علی هاوژینی حەسۆ.

فەلاح حەسۆکاکەئەمین محەمەد

صلاح حەسۆ کاکە ئەمین محەمەد

سەربازحەسۆ کاکەئەمین محەمەد.

دەلال حەسۆ کاکەئەمین محەمەد.

غەزال حەسۆ کاکەئەمین محەمەد.

جوانە حەسۆ کاکەئەمین محەمەد

وێنەکان و زانیاریەکان لەکاک هیوا جەلەمۆردی وەرگیراوە

کەریم موشیر رەزا..!

ئەو شەهیدەی لەلوبنانەوە گەڕایەوە، بەپێی خۆی هات بۆدیداری ئەنفالستان.

ئەو هەمووکارەساتە بەسەرمنو خێزانەکەمدا هات، ئێستاش بەرپرسێک نەیگووت تۆ لەکوێ بوویت؟

دیداری عومەر محەمەد



ئەم دیدارەی کاک کەریم موشیر ڕەزا لە ١١/١٢ /٢٠٠٧ ئەمجامدراوە، بەداخەوە ئەوسا بە کەمووڕییەوە لەژمارە (٥)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاوکرایەوە،بەڵام لەبەر ئەوەی بەنیازی ئەوەبووم جارێکی تر کاک کەریم ببینمەوەو لە هەندێک لایەنی تری ژیانی بکۆڵمەوەو لەکتێبێکدا لەچاپی بدەم بەڵام ئەفسوس ئەو دەرفەتەم هەر بۆ نەرەخسا بۆیە لە ئێستادا جارێکی تر بەشیاوی بڵاوکردنەوەی دەزانم .

ڕۆژێک بەرێکەوت تووشم بوو بەکوڕێکی بالا بەرزو کەڵەگەتەوە،ناوی کازم ساڵەیی بوو، لە میانەی قسەکردنماندا ئەو هەر وا تێرامابوو تەماشای ڕوخساری دەکردم، دواتر ئەویش نۆرەی قسەی هات گوتی من شتێکی سەیرت بۆبگێڕمەوە، دڕێژەی بەقسەدا : خزمێکی من ئەنفال بوو، ماوەی ١٢ ساڵە بێ سەروشوێنەو ئەمسا ڵ لەلوبنانەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئالتون کۆپری، چەندین ساڵە پێناسەی شەهیدانەی بۆ دەرهاتووەو لە بەرێوەبەرایەتی بەشەهیدان ناونوسکراوەو دایکی موچەی شەهیدانەکەی وەردەگرت، هەمووی مانگێک نابێت خۆی و دایکی هاتنە سلێمانی و لە بەرێوبەرایەتی شەهیدان بەکەیف خۆشییەوە هویەی شەهیدانەکەیان هێنایەوەو ووتیان: مالتان ئاوابێ چیتر شەهیدانە وەرناگرین، شوکرکوڕەکەمان ماوە.. کاتێک کارمەندەکە لێی پرسیبوو چۆن؟! شەهیدەکەتان زیندووە ؟ کەریم خۆی هاتبووە قسەو وەڵامی دابووەوە ووتبووی چاک.. بەڵێ شەهیدەکە منم، ئەوەتام لەبەرچاووت. ئیتر دوای سێ مانگ لەم هەواڵە ڕۆژێک هەر کاک کازم ساڵەیی خۆی هات بۆلامو ووتی: حازری ..؟ ووتم بۆچی؟ ووتی: ئەوە کەریمم بۆ هێناوی بە ئارەزووی خۆت دیداری لەگەڵ ساز بکە،هەمووی کاتژمێرێکی نەبرد کەکاک کەریم موشیر ئەو کورەی ١٢ ساڵ ناوی خرابووە ناو لستی شەهیدانەوە بەپێی خۆی هات بۆ لامو دوای بەخێر هێنانی دەستمانکرد بە چاوپێکەوتنەکەمان، ئەو دیدارەی لێ بەرهەمهات کە لە خوارەوە دەیخوێنیتەوە دڵنیام چەندە پێی شاد دەبیت هێندەش نیگەرانیت پێدەبەخشێ .

کاک کەریم بەخێر بێیت

سوپاست دەکەم

بەگرنگی دەزانم بەسادەیی گفتوگۆکەمان بکەین ؟

بەڵێ بە ئارەزووی خۆت .

ناوی سیانیت چییە؟

کەریم موشیر ڕەزا

تەمەنت چەندە ؟

من لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ م .

دایکت ناوی چییە ؟

دایکم ناوی بەدیعە محەمەد ئەسعەدە.

ئێوە چەند خوشک وبرا بوون ؟

تاقە خوشکێک و شەش برا بووین.

ناویان چی بوو ؟

براکانم، (عەبدولا، حەسیب، رەحمان، سەرتیپ، رەقیب، نەجیب)

ئێوە لە کاتی پەلامارەکانی ئەنفالدا لە کوێ دادەنیشتن

هەرلەئاڵتون کۆپری بووین.

ئەی تۆ چۆن ئەنفالکرایت ؟

لەوێ ئەنفال نەکرام، من لە تیپی ٢١ی کەرکوک پێشمەرگە بووم، هەتا ئەوکاتەی لەلایەن کاک ئازاد هەورامییەوە نامەیەکم بۆهات بڕۆین بۆ بادینان، ئەمە ساڵی ١٩٨٦ بوو، دوایی کە چوویە بادینان لەوێ کەوتمە کەمینی حزبێکی کوردستانیەوە ((حەزناکەم ناوەکەیان بڵاوبکەیتەوە) _ گرتیانم، ووتیان بۆکوێ دەچیت؟ ووتم: من پێشمەرگەم..! دەچم بۆ فلان جێ وتیان **پێشمەرگەی کێیت** ؟ گوتم من پێشمەرگەی یەکێتیم. ئیتر گرتیانم بەتۆمەتی ئەوەی کەبەشداری شەری ناوخۆم کردووە .

چۆن دەزانی بەوە تۆمەتباریان کردووە ؟

ووتیان تۆ ساڵی ١٩٨٣ شەری براکوژیت کردووە..

ئەی تۆ چ وەڵامێکت دانەوە ؟

من وتم راستە پێشمەرگەی یەکێتیم بەڵام شەری براکوژیم نەکردووە، هەرلەناوچەی تیپی ٢١ ی کەرکوک بووم و بەشداری شەری براکوژیشم نەکردووە

ئەی دوایی چی بریارێکیان لەبارەتەوە دا ؟

ووتیان تۆ کەریم موشیرنیت؟ ووتم: بەڵێ. وتیان تۆ تاوانباریت چونکە بەشداری شەری براکوژیت کردووە.

بەڵگەیان هەبوو کەوایان دەگووت ؟

دەیانگوت زانیاریمان لایە. ئیتر منیش وەڵامم دانەوە گوتم : بڕوادەکەن یان نا ئازادن من هەر نەهاتووەتە ناوچەی هەولێریش ئیتر، زۆریان لێمدا ئەوەتا شوێنەکانی ئێستاش دیارە ئینجا ووتیان تۆ خزمت هەیە ووتم بەڵێ ووتیان کێیە ووتم فلان کەس خاڵی دایکمە، ئیتر کەسێک هات هەر عەینەن خۆم خەڵکی ئالتوون کۆپری بوو ناوی وریا بوو "حاکم وریا"یان پێدەگوت گوتم: ئەگەر خەبەرێکم بۆ بنێری بۆ سامان، ووتی باشە بەسەرچاو.. ئینجا لێمی پرسی لەسەر چی گیراویت؟ ووتم: واللە هەرلەبەرئەوەی پێشمەرگەی یەکێتیم، دەڵێن تۆ بەشداری شەری براکوژیت کردووەو لەسەردۆشکە بوویتو خەڵکێکی زۆرت کوشتووەو ئەم جۆرە شتانە، ووتی : جا ئەم قسانە راستن؟! ووتم واللە راستو درۆ وام پێدەڵێن، دەنا بەخوا راست نین.

منیش هەمان پرسیارم هەیە ئێستا دۆخەکە جیاوازە ئایا تۆ بەشداربووی لەشەڕی ناوخۆ ؟

بەو برادەرەشم گووت راستە پێشمەرگە بووم بەڵام من هەر لەناوچەی شوانو شێخ بزینی بووم، بەڵێ من لە شەری ئەو ناوچەیە لە هەموویدا بەشداریم کردووە، بەڵام شەری براکوژیم نەکردووە.

بەڵێ ببورە بەردەوامبە لەسەر قسەکانت .

ئیتر وریا ووتی بەڵام معلومات هاتووە دەڵێن تۆ بەشداری شەری ناوخۆت کردووە. بەهەر حاڵ ئەوە چیرۆکێکی درێژەو رەزارەلتێکی زۆرم چەشت بەدەستیانەوە.

وەک چی ئەشکەنجەی جەستەییان دەدایت ؟

شەوێکیان دەوری سەعات سێو چواری بەیانی ئاوا ئەو ئەوکاتانە بوو، بانگیانکردمەوە دەرەوە پێشمەرگەیەکیان هات ناوی ئەرکان بوو زۆر توندو تیژو دڵڕەق بوو، هەربانگی دەکردم دەی گووت دەی جەلالی پەتێکیان کردبووە ملم حاشا حازری وەکو گوڵک رای دەکێشام، ئیتر قازمەو خاکەنازێکیان هێناو بردمیان ووتیان : دەی خۆت گۆڕی خۆت هەڵکەنە، لەناو گەلییەکەوە رۆیشتین، گەیشتینە شوێنێک هەلوەستەیەکیانکرد. دوای ئەوە پێمیان ووت: دەی گۆڕەکەت هەڵکەنە، ووتم هەڵیناکەنم، مەگەر چیم کردووە؟! گۆڕی خۆم هەڵکەنم؟! ووتیان سەگباب هەڵیکەنە.. ووتم: هەڵیناکەنم دەمکوژن فەرموون بمکوژن، بەهەر حاڵ دامیانە بەرگوللە، چوارکەس دامیانە بەر دەستریژ، ئیتر من ئاگام لە خۆم نەما کاتێک وەئاگا هاتمەوە من ماومو لە زیندانێکدام زیندانەکەیان لە ژێر(عەرز) دا بوو.

ئەوان کەتەقەیان لێکردیت بۆکوشتنت بوویان هەربۆ ترساندنت ؟

نازانم مەبەستیان چی بوو، بۆکوشتن بوو یان بۆ ترساندن نازانم دوای سەعاتێک سەعاتو نیوێک، هاتمەوە هۆش خۆم، هەر بۆشەوی دوایی سەعات پێنج بانگمیانکردەوە ووتیان بۆخۆت ئیعتراف کەیت باشترە، یەکێک هەبوو نازانم حاکم کێ ووتم

ئیعترافی چی بکەم پێشمەرگەی یەکێتیم، کەسم لێتان نەکوشتووە، ئەگەر درۆشتان دەوێ ئەوە درۆ ناکەم ئەگەر بشمکوژن.

ووتیان یەعنی ناترسیت؟ ووتم من پێشمەرگەم، دەتانەوێ بەچی بمترسێنن؟ ئەمرۆش نەبێت سبەی دوسبەی هەردەکوژرێم، لێرەبێ یان لە هەرکوێیەکی تربێت گرنگ نیە بەڵامەوە، من لەپێناوی ئەو میللەتەو وڵاتەکەم چەکم هەڵگرتووەو بوومەتە پێشمەرگە ئەگەر ئێوەش لەسەر ئەوە دەمکوژن فەرموون بمکوژن.

ووتیان دەتکوژین، گوایا دەیانەوێت بەو قسانە بمترسێنن.

ئەی کەی ئازاد کرایت و چۆن ئەنفالکرایت؟

سەبرت هەبێ بۆت باس دەکەم، ئەوەبوو من هەر لەگەڵیاندا مامەوە، هەر دیل بووم بەدەستیانەوە ماوەی دوسااڵ لەلایان بووم، ئەوە بوو کیمیاباران لە بادینان دەستی پێکرد، ئەنفال بەسەردا هات ئەوانیش دەرچوون بۆسەرشاخ منیشیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

ئەو شوێنەی کە تیایدا کیمیابارانکران؟ کوێ بوو چ ناوچەیەک بوو؟

لە ناوچەی بادینان لای کانی ماسی بوو. بەرەو ژوور دەرگەلێ بۆ ژووروە لای خابور، چەندەها ژنو منداڵیش دەرۆیشتن، ئێمە چووینە بان چیا ئەوان شارەزا بوون، ئاگرێکی گەورەیان کردەوە لەبان چیا، ئیتر لە کیمیایی دەربازبووین و رۆیشتین.

لەدوای کیمیابارانیش هەردیلی دەستی ئەوان بوویت؟

بەڵێ هەر دیلم، ئیتر بەرێکەوتین نازانم بۆ کوێ دەرۆین کلاشینکۆفێکیان داپێم لەگەڵ تاقمێکدا.

ببورە ئەی تۆدیل نەبووییت؟ چۆن کلاشینکۆفیان داپێت ؟

رەنگە ویستبێتیان تاقیم بکەنەوە، بەڵام من زوو هەستم کرد نە تاقمەکە نەتفەنگەکە فیشەکی تێدانیە.

بەچیدا هەستتکرد ؟

ئەی من پێشمەرگە بووم دەمزانی سوک بوون بەدەستمەوە، بەتاڵ بوون ئەو کاتەی پێشمەرگە بووم جاری واهەبوو ١٢ مەخزنم هەڵدەگرت.

بەڵێ دوای ئەوە چی ڕویدا ؟

ئیتر بەرەو تورکیا ڕۆیشتین.

ئەوان چەند کەس بوون ؟

ئێمە ١٨کەس بووین. دابەزینە ناوچەی ئاراس و ئاشور، چووینە ناو تورکیاوە ئیتر قەرەقولی تورکی هاتن ووتیان ئەمانە جەماعەتی ئەنفالکراوەکانن. بۆهەندێکیان مەمنوع بێنە ژووروە، ئیتر خێوەتیان هێنا، منیش لەگەڵ عائیلەیەکدا دانیشتم لەو خێوەتەدا خاوەن ماڵەکە ناوی "ئەنوەر" بوو، دوایی خۆشم خێمەم وەرگرتوو، ماوەی سێ مانگ بەتەنیا لەوێ دانیشتم لە نیوان سنوری عێراق و تورکیا ناوچەی ئارۆس.. ئیتر ئێمەیان دەرکرد بردیانین بۆناوچەی هەکاریو سلۆپی.

ئەوان چۆن دەستبەردارت بوون ؟

ئەی چووێنە ناو خاکی تورکیا ئیتر ئەوانیش وەک من بوونە ئاوارە . بەڵام لەوێش هەر لێم نەگەران دەیانەویست (ئیخباری)م بکەنو موشکیلەم بۆ دروست بکەن، ووتیان شیوعیەکان دەبەنە سوریا ئەگەر شیوعیت ناوی خۆت بنوسە، زۆر بێزاربووم هوییەکیان بۆم کرد ناوەکەی خۆم گۆڕی، ناوی خۆم کردبووە محەمەد ئیتر لەوێ دەرچووم .

لەکەمپەکان وەزعتان چۆن بوو ؟

خوا هەڵناگرێ ئینکاری ئەوە ناکەم میللەتی کوردی تورکیا زۆر هاوکاریانکردین، لەسڵۆپیاش خێوەتیان هەڵدابوو، لەوێ کوڕێکیان کوشت سەریان تەقاند، ماینەوە بۆماوەی سێ مانگی تر، ڕێمکەوتە ماڵێکەوە کوردبوون ماڵیان ئاوابێ زۆر باش بوون کلیلەکەی خۆی داپێم ووتی: بۆ خۆت لێرەبە، من خۆم لەوێ دەشاردەوە ماڵەکەی هێشتا تەواو نەبووبوو، دراوسێیەکم هەبوو، زۆر پیاوێکی باش بوو، هەموو جارێک کە قەرەقۆلەکان دەهاتن ئەو ئاگاداری دەکردم دەیگووت کەریم هاتن..بە تورکی دەیگوت (گیاندر) منیش خۆمم دەشاردەوە لەحەوشەکەیاندا بیرێک هەبوو دەچومە ناو بیرەکەوە، لەوێ خۆم دەشاردەوە ئیتر کە ئەوانیش دەهاتن دەگڕان لەناو ماڵەکەدا دەگەڕان، تەقەتەقیان دەهاتو جنێویان دەدواو بەزمانی خۆیان دەیانگوت : (کوێپەچ نەرەجێت) واتە ئەوسەگە بۆکوێ ڕۆی؟ (تێگەیشتی تورکی دەزانی؟)

نەخێر نایزانم لە تۆوە تێگەیشتم.

زانیبوویان من لەوماڵەم بانگی خاوەنەکەیان کرد بوو، ووتبویان تۆ کوردێکت شاردووەتەوە، پێشمەرگەی یەکێتیە ئەوەشیان زانیبوو، بەهەرحاڵ

کابرایان ئەزییەتدابوو، مالێکی زۆر باش بوون لەگەڵمدا ووتیان نابێت برۆی. بەراستی مالێکی زۆر باش بوون.

دەتوانی ناویان بێنی مەبەستم ئەومالّەیە؟

ناویاندێنم بەڵام ئەگەر بڵاوی نەکەیتەوە باشترە ناوی کابرا (ئەحمەد) لەقەب نازناوەکەی (....) ە . (ناوی سیانی و نازناوی پاریزراوە.. ئەنفالستان)

لەوێش هەستم کرد دەبمە مایەی ئازار بۆ کەسانی تر، ئیتر لەوێش ڕۆیشتم و لەماڵی ئەحمەد دەرچووم، ناچار پێناسێکی تورکیم بە ٥٠$ بۆخۆم چاککرد.

ئەی کەدەرچوویت چۆن دەژیایت ؟

ئیتر کەلەماڵەکە دەرچووم ئیشم دەکرد.

ئیشی چیت دەکرد ؟

کاری وەرگێڕی (تەرجومان)م دەکرد عەرەبی بۆ تورکی، ئیتر چووم لەئوتێلێک کارم دەکرد، دوایی شەش حەوت مانگ خاوەنی هوتێلەکە پێی زانیم ڕۆژێک بانگی کردم. ووتی: تۆ خەڵکی کوێیت؟ ووتم خەڵکی عێراقم ! ووتی: ئەی خەڵکی عێراقی چیدەکەیت لێرە؟

ووتم واللە راستیت دەوێت،من کوردم لە ئەنفالکراوەکانم، بەرئەنفال کەوتووم و پەریوەمەتە ئێرەو ئێستاش ناتوانم بگەڕێمەوە، ووتی : نابێت لێرەبیت، من موشکیلەم بۆدروست دەبێت، واللە ئەویش دەری کردم، بەڵام ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار لیرەی دامێ و ووتی: دەتوانم ئەوەندە یارمەتیت بدەم برۆ بۆخۆت پێی دەرچۆ. ووتم: ئاخر بۆکوێ دەرچم؟ ووتی من نازانم برۆ بۆخۆت پێی دەرچوو ناتوانم لای خۆم ڕاتگرم. واللە چومە لای برادەرێک، ووتم : دەمەوێت دەرچم، ووتی: بۆ کوێ؟ ووتم بۆ سوریا،ووتی: ئینجا دەتوانی؟

ووتم ئا ناچارم دەربچم. ئیتر ئەو برادەرە (زەلام) کەسێکی بۆم هێنام داوای (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار لیرەی تورکی لێم دەکرد، منیش رازیبووم و ووتم باشە. کاتژمێر یەکی شەو دەرچووین بۆ سەرسنوری سوریا،ووتم کاکە من یەکێتیم لە سوریا مەکتەبمان هەیە خۆ من ناچم لەوێ بسوڕێمەوە، ئەچمە نوسینگەی حزبەکەی خۆمان، وەلا ئیتر بەو ئومیدەوە ڕۆیشتین، گەیشتینە سەرسنوری سوریا لەئاوەکە پەڕینەوە هەموو لەشمان تەڕببوو، ئیتر من ووتم باشە کاکە ئیشم بە تۆ نەما، ڕۆیشتم گەیشتمە نزیکی مالێک چرایەک دەسوتا ووتم دەچمەلای ئەو ماڵە، بەڵام نەگەیشتمە مالەکە تەقە دەستی پێکرد،کەوتمە ناو ئەو قورو چڵپاوەو ئیتر کەوتم،ئەوانیش هاتنە سەرم.

ئەوان مەبەستت کێیە ؟

مەبەستم بەعسیەکانی سوریایە، بەڵام هەستمکرد ئەم قاچەم قورس بووە زانیم بەرکەوتووم، ئیتر هاتن ووتیان هەستە نەمتوانی هەڵیانساندم و ئیتر نەمزانی چی ڕووەدا، سەیری قاچی خۆمم کرد زانیم بریندارم، بەتایبەتی کەتەماشای پانتۆڵەکەم کرد کون ببوو، ئینجا خۆێنم بینی.. ئیتر هەرئەوشەوە بردیانم گەیاندمیانە قامیشلی، لەوێ بۆماوەی هەفتەیەک هەر پرسیاریان لێمدەکرد، تۆ چیت و لەکوێوە هاتوویت؟ منیش حاڵو مەسەلەم بۆ گیرانەوە، یەکەمجار منیان بەموخابەرات میتی تورکی تۆمەتبارکرد، ووتم نەخێر من میتی تورکی نیم و پێشمەرگەی یەکێتیم و جەماعەتی (مام جەلال)م، ووتیان: کێ دەناسیت، ووتم واللە ئەوانەی لێرەن کەسیان ناناسم، من تازە هاتوومەو بەداخەوە بە قاچاغ هاتوومەو نەمزانیوە، ووتی ئاخر دەزانی بەقاچاغ یانی چی؟ ووتم حەق بە ئێوەیە،بەڵام من هیچم پێنەبووە نەچەکم پێبووە نە قومبەلەیەکم پێبووە،من هاتووم خۆم لە مردن ڕزگار بکەم، ئەمەوێ نەمرم ئێستا نازانم دایکم و باوکم و براو خوشکم ماون یان نەماون.. ووتیان ئەو قسانە چین تۆ دەیکەیت؟ کێ دەڵی تۆ جاسوس نیت، ئێمە چوون بزانین، ووتم راستە بەڵام ئێوە لەتەحقیق ولێکۆڵینەوە دەزانن دەتوانن هەموو شتێک بزانن.. بە خوا دادی نەدام و ئیتر بردیانم قەرەوێڵەیەک هەبوو، منیان لەبانی دانا، ئاسنێک بوو لە پشتیەوە پێیان دەبەستیتەوە، ووتیان دانی پێدابنێی بۆخۆت باشترە بەزمانی عەرەبی وتیان : (اعترف احسن لک) ووتم ئێیاشە ئیعترافی چیی بکەم، من دەڵێم پێشمەرگەی یەکێتیم، ئیتر ئەمە نەیخوارد من تا هەفتەیەکیش هەر بەکارەبا ئەشکەنجەیان دەدام (تەعزیبی کارەبا)بووم هەر کارەبایان لێم دەدا. ئینجا دوای هەفتەیەک لە تەعزیبی کارەبا، بردیانم بۆ ماوەی هەفتەیەک تەعزیبیان وەستاندم باش بوو ئیسراحەتم کرد، ئیتر

دوای هەفتەیەک دەستیانکردەوە بەتەعزیبدانم. (لێرەدا زیاتر زمانی خۆی بەکاربهێنم)

ئەمەی باسی دەکەیت سالّی چەندبوو ؟

مـن هەتـا مـانگی دووی سـالّی ١٩٩٠ هەر لە تورکیـا بووم،مـانگی دوو یـان مـانگی سێ بـوو، لە شـەوێکی باراناوید بوو کە مـن لە تورکیـان دەرچـووم، بەبیـرم دێ شـوبات بوویـان ئـازار بـوو چـونکە گـوڵو ئەوانـە دەرچوو بوون.

بەڵێ ئیتر لێرە تاکەی ئەشکەنجە درای ؟

ئیتر دوای پانزە ڕۆژ تەعزیبم ڕاوەستایەوە (تحقیقات) لێکۆڵینەوە تەواو ببوو،لێدانم نـەمابوو بەڵام وەزعـی نەفسیم تەواو نـەبوو دوجـار هەوڵـی خـۆ کوشـتنمدا (محـاولەی ئینتیحـارمکرد)، چـاوەڕوانی ئەنجـامی لێکـۆڵینەوەم دەکـرد،دوای ١٥ ڕۆژ لە شـەودا ئـاوا نـزیکەی کـاتژمێری ٨ی شـەوبوو منیـان دەرکـردە دەرەوە، سەیارەیەکیان هێنا منیان دەرکرد بـۆ شـام، دوو پۆلیسیان لەگەڵ نـاردم، پۆلیسـەکان هەرلەسـەر مـن نانیـان دەخـوارد ئیتـر بێـوێژدانی هەرمەپرسـە، ئەوان بۆ خۆیان خواردنی باشیان دەخوارد، گۆشتیان دەخوارد کەبابیان دەخوارد، منیش فەلافلیان بۆ بانگ دەکردم بە پارەی خۆشم،من پارەم پێبوو.

چۆن؟ پارەت دەست دەکەوت ؟

ئەی مـن لە تورکیـا ئیشـم دەکـردو کـابرای تـورکیش ٥٠٠٠٠٠ لیرەی پێدام. یەک ملیون پارەم پێبوو ئەو کاتە ١٥٠٠$ی دەکرد،ئیتر جانتایەکیشم پێبوو، جانتایـەکی بچـوک بـوو، سـەعات پێنجـی سـبەینێ گەیشـتینە شـام،لەوێ هەشت کەسی تریـان هێنـا زنجیریـان لە دەستیان کردبوون، دوایی بردیـانین بـۆ زیندانی فرع فەلەستین،لەوێ شتێ زۆر سەیرمان بوو بەتوشـەوە، سەتلێک هەبوو پێیان دەگوت : تەرماشە، تەرماشـەش چـی بـوو، سـەتلێک بـوو ئـاوی تێدا بـوو لە ناویـدا قایشێک هەبوو چوپ بوو، ئیتر هەر ئەوەندەم زانی پۆلیسـێک ووتـی: (شـیل ترماشـە) منـیش نەمـدەزانی تەرماشـە چیـە..!! عەسـکەرەکەش هەر دەیگـوت شـیل شـیل تەرماشـە ئەی خوایـە تەرماشـە چیـە؟! ئەمـە تووەمس بۆئەوە بوو چاووت ببەستنەوە بەو قایشە تەرە کە هەڵتـدەگرت و دەتنـا بە چـاوتەوە تونـد لە چاووت چەسپ دەبوو، ماوەیەکی زۆر هیچ هیچـت نـە دەبینـی، تەنهـا دووکـونی بچـوکی هەبـوو، زۆر نارەحەت بوو، ئیتر کابرا تووڕە بوو ووتی: (لک انت اعمی ماتشوف) تۆ کوێری نایبینی؟ ئەمە تەرماشـەیە، ئیتر هەرئەوەندەم خـۆش بـوو هەتـا کردمـە چـاووم، یەکسەر چاومی گوشی، یەعنی وەکو چۆن لەو دیوەوە پاڵیـدەن هەسـتمکرد چـاوم بەشـێکی بەقـەد کـونی لاستیکەکە دەرپەڕیوەتە دەروە، وەکـو بڵێـی پەنـەماوە لە ژووڕەوە بـــۆ دەرەوە، بەخـــوا بردیانمـــە ژوڕەوە،پربـوو لەخەڵـک زینـدانی کرابـوون قاوشـێکی درێـژ بـوو، ئـاوا قاوشـێک بـوو، بەوڵاکەی تریشـەوە قاوشـێکی تربـوو، هەر قاوشـێکی نـزیکەی ٧٠– ٨٠ کەسی تێدایە، کەچوومە ژووڕەوە ووتیان: تۆ عێراقـی ووتـم: بەڵـێ کوردیشی تێدابوو، ئـاخر قـاوش ژنـی تێدابوو ئەویش هەرکوردی لێبوو، ئیتـر هیچیـان لـێم نەپرسی.. واللە سەعات پێنجی بەیـانی بانگیـانکردم، بەدەم (خەفەتێکی زۆرەوە دەکرێ جگەرەیـەک بکێشـم) کە بانگیانکردم چوومە ژووڕەوە، ئیتـر لە قادرەمـەکە دەرئەچـی دیسـان تەماشەکە"قایشـەکە" لەبەردەمـتە ئیترخـۆت فێـر دەبیـت وەکـو مـامری مـالی رادێیـت، بێئەوەی کەس پێم بلێت، قایشەکەم هەڵگرتـوو کردمـە چـاوم، تەماشـە نەعلەتیـەکە، چوومـە لای کەسـێک، ووتـــی : "ئگعـــد" دانیشـــە منـــیش دانیشـــتمو کـــابرا تەماشایەکی کردمو ووتی: لێش ماتعترف؟ ئلەۆن لازم تعترف،انـت بقامیشـلی مـاتعترف بـس لازم هـۆن تعترف، ئینجا ووتی تعرف هـۆن شنو؟ هـۆن جهنم " ئینجـا ووتـی ئەگەر ئعتـراف نـەکەیت لێـرە بەئـاگری جەهەنەم دەسوتێیت" من ووتم یاسیدی انا معندی شی حتـی تعتـرف، انـا پێشـمەرگە اصـدیقائی کـل هـۆن، اصحابی کل هـۆن، ووتـی مـن رئیسکم ، ووتـم سـید جـلال تالبـانی، ووتـی: انـت کـژاب، ووتـم واللـه درۆنـاکەم، جەرسێکی لێداو ووتـی: بیـبەن بـۆ غرفـە عملیات، چوزانم فرفە عملیات چیەو کۆیـە، بردمیانـە ژورێک کورسی تەعزیب فەرەنسی هەیـە کورسییەک بـــوو، تەختەیـــەکی لەســـەر بـــوو تەختەکەیـــان هەڵگرتووە، تەنها دوو ئاسن ماوە، ئینجـا ئەمـە چـی لێـــئەکەن کەســـەکە لەسەرپشـــت رادەکێشـــن، دوو ئاسنەکەش یەکیان بۆ لای شانی ڕاستداو ئەوی تریان بۆلای شانی چەپ، دوایـی بەرزی دەکەنەوە ئەو کـاتە تۆ چیت لێدێت سـەرت بەرەو خـوار دەبێت ئـازارێکی زۆر زۆری هەیە، جـا مـن ئینزلاقیشـم هەبـوو، ئینجـا

تەعزیب دەستی پێدەکرد، ئەمەی وەکو پلایس وایە کەتەر بەوە گۆشتی لەشمیان دەگرتو بایان دەدا، جاربەجار گۆشتیان لەلەشم دەکردەوە، بەدەمی کەتەرەکەوە دەهات، بۆماوەی سێ مانگ بەو ئاسنەو کەتەرەکە (تعذیب) ئەشکەنجەیاندام، هەموو جارێک پێیان دەگوتم (اذا ماتعترف لازم مرنا شغلە پانیە) ئیتر زۆر ئازاریاندام، گۆشتی لەشم بۆگەنی کردبوو، ئیتر بردیانم دایاننام، بۆ ڕۆژیی دوایی بردمیان بۆ لای یەکێکی تر کابرا ووتی : دانیشە، دانیشتنی چی ! هەموولاشم هەلاهەلا ببوو، ووتی: (شو رایک کباب لو دجاج) کابرا وتی چی دەخۆی کەباب یان مریشک، ووتم نە کەبابم دەوێ نەمامرم دەوێ پارچە نانێکم بدەنێ زۆر مەمنونم، بانگی کەسێکی کرد ووتی (طعمو طعموا کباب) بردمیانە ژورێکەوە تایە هەیە تایەی تریلە بردمیانە ناو تایەکەوە پشتت دەچێتە دەرەوە لەو دیوەوە ئاوی ساردیان پیادەکردم و لێیان دەدام، بە کێبڵ و بە دار حەیزەران ئەو حەیزەرانەشیان ڕۆژێک پێش ئەوە دەکردە ئاوەوە، جا لە کوێیان دەدایت لە سەر چۆکەکان تەنها لەو شوێنانەیان دەدا، زۆر ئازارم دەگەیشت هاوارم دەکرد دەپارامەوە دەمگوت خاتر اللە خاتر محمد دەیان گوت: **(مع الاسف مجازین محمد موهون مایفیدک)** هەموو ڕۆژێک ئەو تەعزیبانە بوون لەگەڵ تەعزیبی نەفسی، ئەو ڕۆژانەش ڕۆیشتن ڕۆژێک یەکێکیان هێنا ووتی : **تعال انا اسمی خالد شیل تماشە، شفتنی؟ شیل تماشە** مەچەکی ئەوەندە (بەدست ئاماژە دەکات) دەبوو، ووتی **انا بطل ملاکم سوری** " ووتی : من پاڵەوانی ملاکەمەی سوریم، بۆکسی لێم ئەدا ڕەنگە ئەوەندە فرێی دابم (ئەو ماوەی کەریم بەدەست دیاری کرد ٤ تا ٥ مەتر دەبوو) جا ئاواهی (لەلای ڕومەتەوە) لێیدەدام، بروا بکە یەک بۆکسێکی لێدام هەفتەیەک دەمم بۆنەکرایەوە نەمدەتوانی دەمم بکەمەوە، دەمم کەبس ببوو لایەکی دەرچوو بوو، دوایی وردە وردە دەمم کرایەوە بەڵام ناودەمم بۆگەنی کرد بوو، دانەکانم لە ناوەوە هەمووی هەڵوەریبوون، دوایی ئەوەش هەفتەیەک ئینجا نانم نەخوارد، بە دەرزی سرنج ئاویان دەکردە دەممەوە، ئیتر ماوەیەک وازیان لێم هێنا، هەردەیان گوت لازم تعترف منیش دەمگووت (واللە شنو اعترف) نازانم هیچم نیە هەتا ئیعترافی لەسەر بکەم ئەگەر دەتانەوێ بڵێم هاتووم بۆ خەڵک کوشتن وانیە، ووتی : نامانەوێ ئەوە بڵێیت دەمانەوێت راست بڕۆی بۆچی هاتووی ئەوە بڵێی، ووتم واللە من لە دەست ئەنفال ڕامکردووەو هاتووم بۆ ئێرە نوسینگەمان لێرەیەو من پێشمەرگەی یەکێتیم، ووتی نا تۆ درۆ دەکەیت، ووتم تۆ دەتەوێ بڵێم هاتووم بۆ ئەوە بەدرۆ، ووتی نا پێویستە راستیەکەی بڵێیت، ووتم راستیەکەیم ووتووەو ئیفادەم داوە، هەر ئەوەیە کە پێشتر ووتوومە، ووتی جا کێ زەمانی ئەوە دەکات تۆ راست دەڵێیت؟ ووتم جا ئەوە ئیفادەی منە بروا ناکەن چی بکەم..؟ ئەوە قسەی منە، ئێوەش ڕای خۆتان بڵێن..ووتیان زۆرباشە، کەواتە ناتەوێ ڕاستی بڵێیت..ئیتر هەموو ڕۆژێک ٥ی بەیانی دەیانبردم تا ١١ی بەیانی (تحقیق) لێکۆڵینەوە و لێدان، تحقیق لێدان، بەخوا وەکو (کمال اجسام)م لێهاتبوو هەموو لەشم ئاوسابوو وەکو بڵێی مۆر ئەمانەم (دەستی بۆقۆڵو ناوشانی برد) مۆربووبو، هەمووی پەلکی فڕێدابوو، ڕۆژێک یەکێک هات بردمی بۆ ژورێک ووتی : (نام باللارض) واتا لەسەر زەوی پاڵ بکەوە ئیتر منیش پاڵ کەوتم، نازانم سێ کەس بوون یان چوارکەس لێمیان دەدا، ئاگام لە خۆم نەما بەباتانیەک فرێیاندابوومە ژوورەکەی خۆم، لەوێ زیندانیەکانی تر پەرۆیان تەڕ دەکرد دەیاننا بەبرینەکانمەوە، وەزعم زۆر خراپ بوو، ئەوەندە ئاگام لێبوو کە ووتیان ئیعتراف ناکەیت ئیعدامت دەکەین، ئەگەر دان بەراستیدا نەنێیت لەسێدارەت دەدین، بەخوا ڕۆژی دوایی کە بانگیانکردمەوە هەرئەوەیان پێگووت: مادام ئیعتراف ناکەیت ئیعدامت دەکەین، منیش ووتم : کەیفی خۆتانە بەڵام لەسەرچی ئیعدامم دەکەن ؟ فایلەکەمی دەرکرد ووتی لەسەر ئەو شتانە، منیش ووتم : ئەگەر لەسەر ئەوە ئیعدامم دەکەن بمکەن؟ ئێوە باوەر بە هیچ ناکەن من دەڵێم پێشمەرگەم ئێستا نازانم دایکمو باوکم ئەنفال بوون کیمیایی کوشتوونی چییان لێ بەسەرهاتووە، ئەوە ئیفادەی منە ئەگەر لەسەر ئەوە ئیعدامم دەکەن بمکەن. ووتم من ژیانم تەواو بووە دەمکوژن بمکوژن، من لە مردن ناترسم ئەگەر لەمردن بترسامایە بەرانبەر ڕژیمی سەدام نەدەوستامەوەو بەرهەڵەستیم نەدەکرد، من دەزانم ڕۆژێک هەردەمرم ئیتر لێرەبێت

یان لە شوێنێکی تر، گرنگ ئەوەیە هەر بەسەر بەرزی دەمرم، خۆ لەبەردزی نامکوژن. ووتیان ئێستا باشە دەمانەوێت یارمەتیت بدەین، بەڵام بەمەرجێک، ووتم مەرجی وەکو چی ؟ ووتی: دەزانین تۆ نیازت خەراپ نیە دەمانەوێت یارمەتیت بدەین، بەڵام بەو مەرجەی تۆش یارمەتی ئێمە بدەی؟ ووتم ئاخر یارمەتی وەکو چی چۆن یارمەتیەک ؟ من چیم پێدەکرێت؟ ووتیان : کارمان لەگەڵ بکە دەبیتە موخبیر، چیت دەوێ بۆت دەکەین خانووت دەدەینێ سەیارەت دەدەینێ بەس ئەوەندە لەگەڵماندا ئیش بکە. هاش رایک؟ ووتم لەوەیاندا قسورم عافوبکەن ووتی بۆچی؟ ووتم لەبەر ئەوەی چەند ساڵ بوو، لە عێراق بووم عەسکەریم بۆ حکومەتی عێراق نەکرد بەخوا ئەگەر ئەوەم بکردایە بۆ ووڵاتی خۆم دەکرد، بۆچی بۆ وڵاتی تۆی بکەم، من ئامادە نەبووم ببم بەعسی ووتی بۆچی بەعسی چییەتی؟ ووتم مەبەستم ئێوە نیە مەبەستم حزبی بەعسی عێراقە، ووتم ئەوە بزانە ئەوەی خێر بۆ وڵاتی خۆی نەداتەوە بۆ ئێوەشی ناداتەوە، ببورن ئەوە لە عێراقیش هەبوو دەمانتوانی ئەوە بکەین و ئاوارە نەبین، ووتم باوەر دەکەی سوێندنم خوارد بەرگی عەسکەری لەبەر ناکەم.. لەبەریشم نەکرد، ووتی کەیفی خۆتە تۆ ئیعدام دەکرێی ، ووتم کەی ئیعدام دەکرێم ووتی: نازانم چاوەڕێ بکە.. ئیتر چاوەڕێ بکە چاوەڕێبکە، چاوڕێکە نەمانگێک نەدوو نەسێ من دووساڵ چاوەروانی ئیعدامم دەکرد.. ئیتر ئاگام لەخۆم نەما وەکو مامری مالیم لێهاتبوو.

ئەوە هەر لەهەمان سجن؟

بەڵی هەر لەو سجنە.

دەزانی سجنەکە ناوی چی بوو ؟

بەڵی سجنی فرع فلستین خارجییەکەی بوو، ئیتر تا ساڵی ١٩٩٧ هەرلەوێ بووین دوایی لەوێ دەریانکردین بردیانین بۆ سجنێکی دیکە، ١٧ کەس بووین بردیانین بۆ سجنی دەرعا پێی دەڵێن محافەزەی دەرعا ژێر زەمینێک بوو لە دووتابق لە ژێر عەرد بوو، عەردەکەش نە چیمەنتۆیە نەکاشیە کاعیەکەی وورد بەردە.. نەتدەتوانی دابنیشی .

بۆچی نەتدەتوانی دابنیشی ؟

لەبەرئەوەی بەردەکان زبرو تیژبوون، ئەو سجنانەی لەوێ بوون ووتیان کەس ناتوانێت لێرەدا بژێت، ئەو پەری مانگێک دوومانگ هەرچی هاتووەتە ئێرە نەماوە، ووتم تۆ چەند مانگە لێرەی ووتی: من پازدە ڕۆژە لێرەم ووتم کێشەکەت چیە بۆچی گیراویت ووتی: من سجنی سیاسیم، ووتم یەعنی ئەوەی بیهێننە ئێرە سیاسیە؟ ووتی ئا وایە. ئیتر دانیشتین نەماندەتوانی دابنیشین،چونکە کە بردیانیانینە ژورەوە حاشا لە حازری ناهێڵن هیچت لەبەردا بمێنێ نەپانتۆڵ نە جل هیچ، پیلاووت لەپێدادەکەن و رووتوقوتت دەکەنەوە تەنها شۆرت و فانیەلەکەت لەبەردا دەمێنێ ئیتر ناتوانی دابنیشی، ویستمان عەردەکە خاوین بکەینەوە چەندی ئەو بەردانەت لادەدا هەر وورە بەردی تر دەردەچوون، بەخوا نازانم سیانزە بوو پانزە ڕۆژ لەوێش ماینەوە ئیتر ڕۆژێک هاتن ناومانیان خوێندەوە و بانگیانکردین. بردیانین بۆ (فرع تحقیق) لقی لێکۆڵینەوە لەوێ پیاندەگووت (فرع غسیل) لەوێ حاکم تەحیق هەیە، دووشەو لەوێ مامەوە لەسەر کاشیەکان دەخەوتین لە چاو ئەوبەردە زبرانەدا فەرش بوو، زۆر خۆشبوو، بۆیەکەم ڕۆژنا دووەم ڕۆژ منیان بانگکرد، لەوێ حاکمێک دانیشتبوو ووتی: کورم دەتوانی کێشەکەی خۆتمان بۆباسبکەیت؟ منیش ووتم : بەڵی ئیتر باسم کرد من لە ئەنفالەکاندا ئاوام لێهاتووەو چومە تورکیاو لێرەش بریندار بووم، ئیتر ووتم بەڕێز من لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆردا بووم، ئەو ئازارەی من چەشتوومە لێرە هەر بوونەوەرێکی تربوایە بەرگەی نەدەگرت،بروا بکە من بێگوناهم و هیچ شتێکیان لەسەرم نیە، ئیتر هاتن هەرلەوێ وێنەیان گرتم، ئاوا هی دەمو چاوم لەلاتەنیشتەوە، ئینجا رەقەمیان بۆم دانا، نازانم چۆن بوو نوسرابوو (و. م) ئەی (م.و) شتێکی ئاوا بوو، نازانم ئەوە چیبوو، ئاوا رایدەگری کارتەکە لەوێش پانزە ڕۆژێک مامەوە ئیتر بردمانیانە فرع مجدد، لەوێوە هاتن بردیانمانیانە گومرگ لە گومرگەوە ناومانیان نوسی ئێمە چوارکەس بووین، یەکێکمان نەیجیری بوو ناوی فۆسکابوو، یەکێکیان خەڵکی غانە بوو، ئەوی تریش خەڵکی ئاکرێ بوو، ئاکرێی ئێرەنا ئاکرێی ئەوێ هی غانەو نێجیریا، ووتیان بۆ کوێ ئەتەوێ بڕۆی بۆ لوبنان یان بۆ تورکیا، بەڵام عێراق ممنوع عێراق ساڵی ١٩٩٩ بوو، ووتم من ئیتر وڵاتی عەرەبی تۆبە ووتیان بۆ کوێ

ئەتەوێ برۆیت،ووتم بۆ تورکیا، ئیتر بردیانیانین بۆ تورکیا لەسەر حدودەکە فڕێمانیاندا تورکیا نەیدەهێشت بچینە ژوورەوە،گەراندمانیانەوە بۆ سوریا،سوریاش نەیدەهێشت بچینەوە ژوورەوە لە نێوان دوو گومرگ ماینەوە لەناوچەی حەلەب،لەنیوان دووچیا یەکیان سوریا ئەوی تر تورکیابوو، ووتم بەقاچاغی دەچمە ژوورەوە، هەوڵمدا سوودی نەبوو، تورکەکان هاتن ووتیان کەس لێرەوە بە قاچاغ نەچێتە ژوورەوە ئەوەی بچێتە ژوورەوە ریخەلەکانی لەورگیەوە دەردەکەین،ئەی خوایە ئێمە چیبکەین؟ ئیتر ڕۆژێک مدیری گومرگی سوری هات بۆ ئەو گومرگەی ئێمەی لێبووین، کوردی سوریە بوو، هەوڵم لەگەڵدا پرسیاری لێکردم ووتی: تۆ کوردی ؟ ووتم بەڵێ کوردم حاڵ و مەسەلەکەم ئاوایە ووتی : کرمانجی دزانی ؟ ووتم ئا بەڵێ کرمانجی دزانم.. ووتی تۆ لێرەبە ئەز چادرەکی ددەمە تە، سۆپایەکی نەفتی ددەمەتە،سبەی دوو ڕەفتە نان ددەمە تە هەمی ڕۆژا خواردنێ ددەمە تەو هەڤاڵێت تە. منیش گووتم : ئەز گەلەک مەمنونی تەمە سوپاسیە تەدکەم.. ئیتر چادری بۆهێناین سۆپاو باتانی و خواردنی بۆهێناین ئەو پیاوە خەڵکی قامیشلییە بەڕێوەبەری گومرگی سوریا بوو هی حەلەب. ئێمە بەو حاڵەوە دوومانگ و نیو لەو چادرەدا لە سنور دانیشتین، مانگو نیوێک بوو لەوێ بووین،ڕۆژێک بەڕێوەبەر هات بۆلامان ووتی: چما تە عریزەیەکی نەبنڤیسی بنێری بۆ ئەوەی وەزیری داخلی ئەو کاتە (محمد حلبۆ) بوو ووتم ئەز دنڤیسم بەس چە؟ ووتی ئەز دبێژمە تە، تەبنوسە، ووتم باشە ئەو دەیگووت و منیش دەمنوسی ووتم باشە لەناو ئەم چیایەوە کێ دەیگەیەنێتە وەزیری داخلی ووتی : ئەز دگەیەنم بەریدی بابچێ ئیتر بەناوی هەر چوارمان کە بێکەسین و کەسمان نیە نامەیەکمان نوسی بۆ وەزیری ناوخۆ، نوسیمان دەمانەوێ بگەڕێینەوە سوریاو تورکیا دخولمان ناکات، ئیتر عەریزە ڕۆیی و کێ دەڵی جوابی دێتەوە بەخوا ڕاستیەکەت دەوێ دەستمان بە دەرۆزە کرد (سوالمان دەکرد) سایەقی تورکەکان و سوریەکان دەهاتن کارتۆنیکمان هێناو لەسەرمان نوسیبوو (رمضان کریم) ئەوانەی لە تورکیاوە دەهاتن و ئەوانەی لە سوریاوە دەهاتن بەو مقابەیەوە کە لەسەریمان نوسیبوو (ڕەمەزان کەریم) دەچووینە بەردەمیان ئەوانیش بەزەییان پێماندا دەهاتەوە پارەیان دەداینێ ئەوان دەچوونە بەردەمی ئەجنەبیەکانو منیش عەرەب و تورکەکان . ئیتر تا ڕەمەزان تەواو بوو هەموو ڕۆژ چەندێکمان دەست بکەوتایە ئێوارە لە ناوخۆماندا دابەشمان دەکرد، ئیتر ڕۆژێک ڕەزامەندی هات، ووتی (منویرید یرجع) کێ دەیەوێ بگەڕێتەوە؟ تەنها ناوی دوکەسمان هاتبووەوە منو ئەو کورە مەسیحیەکە ئەوانی تر نەیجیریەکە و ئەوی تر ناویان نەهاتبووەوە ئینجا با ئەوەم لەبیر نەچێت لەو دەرۆزە کردنە یەکی ١٠٠٠ دۆلارمان بەرکەوت، ئیتر دوای ئەوەی ڕەزامەندی هات بردیانین بۆ سجنی گومرگ من و پۆسکێ بووین ئەو کورە غانییەکە لەوێ پێیان ووتین ئێرە سجنی گومرگە ئێ بۆچی ؟ ووتمان چۆن دەبێت لەسجنەوە بۆ سجن؟ ووتیان: شو بعد ساعە تگلعوا علی سجن عزرا ئەوە سجنی مدنیە، واللە چوێنەوە سجن.. لەوێ پێم ووتن باشە ئەوە چۆن دەبێت ئێمە دەرچووین لەسجن؟! ووتیان نا لازمە ئیوە دەربکرێن بۆ لوبنان،ووتم کەی ووتی دوای سێ ڕۆژی تر.. ئێ دەی باشە چارنیە، بەخوا هەروا سێ ڕۆژمان پێنەچوو، بردیانین وتمان ئەی لوبنان نامانکاتە ژوورەوە وەرقەیەک شتێکمان پێبدەن، ووتیان نا لوبنان وولاتی خۆمانە لە پێشەوە سوریا حوکمی کرد بوو ئەو کاتەش بەهی خۆی دەزانی، گەیشتین لەوێ فرێیان داینو ووتیان حەقتان نەبێت بڕۆن.. ئینجا کەسێک هات، ووتمان باشە چۆن بچینە ناو لوبنان ووتی کە سەیارەیەک هات سواربن حەقتان نەبێت، وەستاین سیارەیەک هات سوار بووین من لەدواوە سوار بووم دووژنیشی تیدابوو، ئەو برادەرە ووتی بلێن لوبانیین گەیشتینە سەیتەرەیەک وەستاین هاتن : وێن شباب ئەوان وتیان لوبنانین، سیتەرەکە ووتی : (یاللە فوت) ڕۆیشتین. یەکەمجار گەیشتینە ئاشورە لەوێ دابەزیم ووتم، باشە ئێستە بچمە کوێ؟! کەس ناناسم ئیتر برۆ برۆ شەوم بەسەردا هات، ئیتر کارتۆنێکم لەسەر ڕێگا دۆزیەوە، خەوم دەهات و برسیشمە، ئیتر لەمالەکانەوە دەرچووم چوومە سەر ڕێگایەکی سەرەکی لەوێشەوە دەرچووم چومە بەیروت ئینجا لەوێش شەرو فەرتەنەیە،لەوێ کەسێکم دۆزیەوە

کورد بوو، ناوی عبدوالرحیمە بەس د. شوانی پێدەڵێن ئێستا لە سوێدە. حزبێکیان هەبوو حزبی رزگاریان پێدەگوت، ئەوانە عێراقی بوون بەڵام دەعمیان لەلوبنان وەردەگرت. ووتیان ئێمە بارەگامان هەیە وەرە لای ئێمە ناونیشانی خۆیان دامێ و رۆیشتن سەیارەیان پێبوو چەکیان پێبوو، ووتم باشە بەڵام بەخوا من لێم قەوماوەو سجن بووم، بەسەیارە هێناویانم لێرە فرێیانداوم، دەنا قەت نەدەهاتمە ئێرەش.. ووتیان برا ئێمەش وەکو تۆ وابووین .. بەڵام نەچووم بۆلایان رۆیشتم چوومە ناوچەی حمرا ناوچەیەکی راقیە نەکەس دەناسم نەکەس بە دەرەوەیە، لەویش دەرچووم چوومە ناوچەیەکی شەعبی ووتم،وەلا هەبێ و نەبێ بەدەم ئەم زێیەوە دەرۆم، هەتا دەگەمە جێگەیەک ئیتر نەمتوانی و کەسیشم دەست نەکەوت، لەدەم ئاوەکە خانوویەکم دۆزیەوە رمابوو بەس ژێرەکەی مابوو، چوومە ئەو خانووەوە چووم هەندێک کارتۆنم خڕکردەوە، هێنام رامخستوو لەسەری دانیشتم و داویی پاڵ کەوتم، ٩ ڕۆژ من لەوێ مامەوە و پاڵم لێدایەوە، دوکانێک هەبوو کەمێک نێزیک بوولێیەوە دەچووم پسکت و کێک و شەربەتم دەکری و دەمخوارد ئەوە نۆ ڕۆژ لەوێ دانیشتم، ڕۆژێکیان سەیارەیەک هات عائیلەی تێدا بوو لەگەڵ پیرەمێردێک بیرمە ڕۆژێکی یەک شەممە بوو، منیش ئاوا دانیشتبووم، کێکم دەخوارد (کەریم لێرە دڵی پڕە) ببورە هەقمە گریانم بۆ حاڵی خۆم بێت.

بەڵی هەقی خۆتە،بەڵام هەندێک جار گریانیش پێویستە و یەکێکە لە جوانەکان.

ئا سوپاس زۆر بێزار بووم تەماشای ئەو عائیلەیەم دەکرد دەگریام، بیری ماڵەوەمانم دەکرد بیری دایکم دەکرد، منداڵێکیان هات هەر تەماشای منی دەکرد، منیش ریشم ئەمەندە (بەدەست ئیشارەتی بستێک دەکات) درێژ بوو پرچم درێژبوو، منداڵەکەی تەماشای منی دەکردو کابراش بەدوای منداڵەکە لێم ورد دەبووەو لێشم دەهاتە پێشەوە، منیش کاکیلەکانم خاپببوون وەکو شێتم لێهاتبوو، کاکیلەم لەو لێدانەوە هێزییان تێدانەمابوو، دەبوایە شتێک نەرم بکەمو ووردی بکەم ئینجا بیخۆم، وەلحاڵ کابرا لێم هاتە پێشەوە، ووتی سلامون علیکم : منیش وەڵامم دایەوەو سەلامیم سەندەوە ووتم وەعلیکم سلام ورحمەالله وبرکاتوا) تومەس کابرا منی بەشێت زانیبوو، سەری سورما کە ئاوا جوابیم دایەوە..!! ووتی ابنی لێش گاعد هۆن تەماشایەکی کارتۆنو مارتۆنەکانی کردوو ووتی خەڵکی کوێیت؟ ووتم خەڵکی عێراقم لێم هاتە پێشەوەو دەستی بەسەرمدا هێناو ماچێکی کردم، منیش ئەوەندە دڵم پڕبوو بە زەحمەت وەڵامیم پێدەدرایەوە، ووتی خەڵکی کوێی لەعێراق ووتم خەڵک کوردستانم ئێ ووتی: کوردستانیەکان هەموو گەڕانەوە تۆ بۆ لێرەماوی؟ منیش ئەوەندی توانیم حاڵو بەسەرهاتی خۆم بۆ باسکرد، وتی کورم هیچ خەمت نەبێت هەستە وەرە لەگەڵمن، بردمیە لای خێزانەکەی ووتی ئادەی خواردن بێنن دۆڵمەو خواردنێکی زۆریانکردبوو، سفرەیان راخستو هەلیانرشت لەبانی، ووتی بۆ وا ریشت درێژ بووە، ووتم والله لەسجن بوومەو حاڵو مەسەلەمەی من دورە، ووتی فەرموو بخۆ، کەمن قسەم کرد کابرا



نانی پێنەخوراو ژنەکە لەولاوە هیچی پێنەخورا لەخەفەتی من، منیش زۆرم پێناخۆش بوو ووتم بریا دوای نانخواردن باسی خۆمم بۆتان بکردایە، ووتی نا کورم .. ئینجا ووتی هیچت هەیە لەو خانووە روخاوە ووتم نا تەنها جانتایەک بوو ئەویشیان لێسەندم،

ووتی گوێی مەدەرێ مادام لەشت ساغە هەموو شتێک پەیدا دەبێتەوە، ووتم واللە ئەوەی راستی بێت لەشیشم ساغ نیە هەمووی تێکشکاوە،شانم شکاوە لەتەعزیبی کورسی، ددانەکانم شکاون بەتەعزیب، پشتم شکاوەو ئێستا ئینزلاقم هەیە، ووتی یاللە با بڕۆین، ووتم : مالّتان لەکوێیە ووتی لەجنوبە خەمت نەبێت، لەجێیەکین پرە لەعێراقی کوردیشی لێ یە،واللە باوەرم پێکرد سەیارەیەکی ڕەنجی پێبوو پەمبە بوو، سواربووینو ڕۆیشتین، کە چووینە بەردەم حەوشەکەیان چی هەرچی ئەو خەڵکەی دەرودراوسێیان هەبوو تەماشایان دەکردینو سەریان سورمابوو ئەمە چیە، بروابکە ئەوکاتە شواربم ئەمەندە(نیوبست) درێژ بوو، ڕەسمیم هەیە ئێستا لای کورێکی خاڵۆمە، ووتی یاللە کورم برۆ خۆت بشۆ و وەرەوە نانەکەمان دەخۆینو دوایی هەموو شتێکم بۆ باس بکە، دوای ئەوەی خۆم شۆردو تەراشمکردو نانمان خوارد هەموو شتێکم لەنوکەوە بۆ گێرایەوە، دەزانی چەند ڕۆژ خەوتم ؟

چەند ؟

سێ ڕۆژ خەوتم ! دوای سێ ڕۆژەکە ووتم خاڵۆ گیان زۆر سوپاست دەکەم.. تێر خەوبووم..عەرەبیەکی زۆر باشم دەزانی ووتم پێی (اشکرک خالی واللە انت گلت ملائکە لحالی) ووتی: نا خوا منی بۆتۆ نارد بۆ ئەوەی ڕەزیل نەبێت. تۆش دەتتوانی خراپەکارو نەفس نزم بیتو توشی چەرمە سەری نەبیت.

کابرا ناوی چیە

ناوی حاجی عەلی

نازناو (لقب)یان هەیە ؟

بەڵێ هەیانە لقبیان (حسین حاج علی کوسەرانی)یە. ئەوانەی تورکیا نا لەبەرئەوەی تورکیا خراپەکارییان لەگەڵ نەکات.

ئینجا ڕۆژێک پێم ووت: حاجی ئیتر من دەمەوێت لێرە دەرچم بۆخۆم ئیشێک بکەم، تۆ بۆمن بویتە باوک هەتا ماوم لەبیرت ناکەم، تۆفریشتە بوویت بۆمن, حاجی ووتی: نا کوڕم نارۆیت ئیشیشت بۆ دەدۆزینەوە، سێ کوڕم هەیە، تۆش چوارەمیانی لەبەرئەوەی دڵنیام تۆ لەعائیلەی شەریفی، ئەگەر شەریف نەبویتایە ئاوات بەسەر نەدەهات.

وتی: ئێمە ئیسلامین فەرقی چیە کوردبێت یاخود عەرەب بێت؟ ووتم ئاخر دەمەوێت دەرچم لەبەر ئەوەی نامەوێت بارێکی گرانبم بەسەرتانەوە، با ئەمەندە بەس بێت کورد قسەیەکمان هەیە دەڵێین ئەوەی بەکەم پێنەزانێت بە زۆریش نازانێت.. ووتی نا کورم خۆ بەسەر پشتمەوە نیت ئەوە خانوویەکی گەورەو پرە لە ژوور با یەکێکیان بۆ تۆبێت..کارێکیشت بۆ دەدۆزینەوە کەی ژنت ویست ژنیشت بۆ دەهێنین. من ووتمو ئەو وتی، دوایی گووتی تۆ ئەم شەویش لێرە بمێنەرەوە بەیانی دەتبەم بۆلای برادەرێکم بۆ کارکردن. ووتم باشە. بۆبەیانی ڕۆیشتین چووینە لای برادەرەکەی بەنزینخانەیان هەبوو، لەوێ پێی گووتم لێرە ئیشبکە ئەمەش محەتەی خۆمانە لەگەڵ کورەکەم شەریکە لێرەبەو بێخەم بە.

محەتەی بەنزینەخانەکە ناوی چییە؟

وێستگەی خوارو محەتەی جنوبی پێدەڵێن (محطه الجنوب)لەوێ کارم دەکرد، لەسەرەتاوە مانگی ٢٠٠$ م وەردەگرت (دوو وەرەقە)،دوایی کوڕەکەی ووتی: مادام تۆ لەماڵی باوکم بوویت و لەوێ نانت خواردووەو خەوتوویت، باوکم پێی گووتووم ئەو کوری چوارەممانە مانگی ٣٠٠٠ دۆلارت دەدەمێ، ماوەی پێنج مانگ بۆ شەش مانگێک هەر لەلای ئەومامەوە،ئیتر ڕۆژێک پێم ووت: من لێرە هیچم پێنیە پێیبگەڕێم هەر ڕۆژێک دێت بگەڕێمەوە بۆ ولّاتی خۆم، ووتی ئێباشە لێرە ڕێکخراوی ئومم متحدە هەیە بچۆ بۆلای ئەوان با شتێکت بۆبکەن. ووتم ئەوە زۆر باشە بەڵام چۆن دەبێت، وتی : واللە معلوماتم وەرگرتوو ئەوە هەیە، ئیتر منیش ڕۆیشتم بۆ (ئوم المتحدە) نەتەوەیەکگرتووەکان، بەخوا لەڕێگاگرتیانم، وتیان:

– هویە ؟

– هویەم پێنیە

– بۆ پێت نیە ؟

– وتم حاڵو مەسەلەکەم ئاوایە من سجن بووم و بە سەیارە فرێیانداومەتە ئێرەو لە سوریا ووتویانە ئەوە ولّاتی خۆمانە بچۆ بۆ ئەوێ..!

– ناماقوڵیانکرد، پێمبڵێ تۆ سەربەچ حزبێکی ؟

– سەر بەحزبێکم هەتا ئێوارە بۆت باس بکەم تۆ نایزانی.

– یعنی حزب کوردی؟

– بەڵێ
– بۆ کوێ دەچیت.
– بۆ بارەگای (U.N) یوئێن دەچم دەمەوێت شتێکم بۆبکەن
– یالله برۆ .. بەخوا باشبوو ئیزنی دام ، ئیتر ئەوە بوو چووم، بەنیازبووم بچمە مکتبی یوئین،پرسیار کامە مکتەبی یوئێنە، ووتیان: ئەها ئا ئەوەتا وەڵامنیش رۆیشتم، لەوێ داوای هوێیان لێکردم، تومەس ئەوە ئەمنی عامە بووم یوئێن لەولاترەوە بوو، ووتم هویەم پێنیە، چۆن هوێت پێنیە ووتم پێم نیە، ووتیان ئەوە ئەمنی عامەیەو ئەوەش یوئێنە تۆ هاتوویتە ئەمنی عامەو هویەشت پێنیە؟ وەڵا گرتمیان چۆن هاتویتو لە کوێ بوویت؟ ووتم ئاوا هاتووم لەمالی حاج علی بووم ئێستاش لەگەڵ ئەوان کاردەکەم، ووتیان دەتبەین بۆ ماڵەکە ووتم باشە وەڵا چووین بۆمالی حاج عەلی ووتیان بەڵێ لێرەیەو وەکو کوری خۆمان وایە، ئەوان بوونە کەفیلم، بەڵام پۆلیسەکان (شرطة) بەریان نەدام، بردیانمەوە بۆ سجن بەڵام لەسجن لەگەڵ یەکێکی مەسیحی تەعاروفم کرد ئەرمەنی بوو تورکی و عەرەبی باش دەزانی، پێمووت پیاوەتیەکم لەگەڵ بکە نامەیەک دەنوسم بۆ (U.N) یوئێن, ووتی بینوسە بەسەرچاوو،بەخوا نامەم نوسیو ئەویش زۆر بەشەرەف بوو بردبووی بۆیان، دوای ڕۆژێک هاتن بانگیانکردم ووتیان کەریم موشیر ڕەزا ووتم بەڵێ ؟ ووتیان وەرە ئومەم متحدە (جای یقابلک) دەیەوێ مقابەلەت بکات، کەچووم ژنێک بوو بەئینگلیزی قسەی دەکرد، ووتی ئەگەر هەولت بۆ بدەین دەچیتەوە بۆ عێراق ووتم نانەخێر عێراقی چی یەکسەر دەمکوژن دەتانەوێ بەکوشتم بدەن، یەکسەر ووتیان ئۆکەی ئۆکەی، مقابلەیەکی درێژیان کردمو وەرەقەیەکیان بۆ کردم ووتیان دوای ١٥ ڕۆژی تر وەرەوە، ووتم دوای پانزە ڕۆژ چی بکەم؟ ووتیان دەگەڕێیەوە ئێرەو ددو ڕەسمی خۆشت بهێنە، ووتم ئینشاالله تەواو بووم، دوایی ووتیان دەرچۆ برۆ،ووتم ئەی وەرەقەیەکی ڕێگە پێدانم بدەنێ ووتیان دوای ١٥ ڕۆژی تر سەرمان لێبدەرەوە، واللە بەریاندامو ڕۆیشتمەوە بۆ کارەکەم دوای ١٥ ڕۆژە کەنەمدەزانی چۆن بگەڕێمەوە بۆ یوئێن خواکردی ئەو ڕۆژە حەفلەو هەراوبەزم بوو لەبەیروت، هەرسەیارە بوو دید دیو هۆرن لێدان، لە ڕێگە پێمگووت من هویەم هەڵنەگرتووە سایەقی تەکسیەکە ووتی ئەو عەلەمە هەلگرەو رایوەشێنەو هەقت نەبێت، بەوحاڵە چوومەوە بۆ بۆ یوئێن.لەوێ وێنەکانیان وەرگرتوو هویەیەکیان بۆ کردم.


کەریم موشیرو منداڵەکانی لە لوبنان .

هویەکەت پێنیە ؟

بەڵێ پێمە(دەستی کرد بەگیرفانیداو ئەوهویەی یوئینی دەرکردو پێیدام) ئەوە ساڵی ١٩٩٩ مانگی ئاب دروستکراوە، ئەمەش وێنەی منداڵەکانمە ئەوەش وێنەی خێزانەکەمە دوو کورو کچێکم هەیە، ئەوەش وێنەی ئەو کاتەمە، ئەمەش وەکو هاتمەوە سجن کرام. جارێکی تر هی مدیریەی ئەمنی عامەیە هی لوبنان.

ئەم وێنانەت نەداون بەکەسی تر ؟

نا نا، نەمداون بەکەسی تر، بەڵام میدیاکان و ڕۆژنامەنوس وێنەیان گرتووم.

زۆر باشە (بەشۆخییەوە) لەکاتی دیدارەکەماندا لەو کاتەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن هەوڵبدەین ژنێکی بۆبهێنین کەچی **خۆت هاوژینت هەیە..**

ئا، ئا هەمە، منداڵیشم لەلوبنانن هەیە.

نانا من ژنم هەیە دوای ئەوەی کە هویەم دەرهێنا لەسەر ئەو هوییە نکاحی ژنی خۆمم کرد لەلوبنان.

ئەم خێزانەت لە چ خێزانێکە؟

ئەم ژنە لەو عائیلەیە کەمنیان گرتەخۆ ..ئەو ناوی حسێن عەلی کەوسەرانیە. باوکی ئەم ژنەم ناوی باوکی علی زین کەوسەرانیە.

ئەی ژنەکەت ناوی چیە؟

ناوی خدیجەیە.

ئەی چۆن گەڕایتەوە.

گەڕانەوەکەم چۆن بوو، ئەوەبوو لە سالی ٢٠٠٣ ڕێژیم ڕوخاو هەتا ئەوەبوو، منیش چوومە سەفارەت، ئەوە بوو هەرا بوو هەر عێراقی بوو دەیویست بگەڕێتەوە، لەوێ باوەڕیان نەدەکرد من عێراقی بم، ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە شوناس (هویە)ی لوبنانیم هەبوو، ووتم (واللە بن بن عێراقیم)، من کوردم، سەفیرەکە ناوی تەحسین بوو، ووتی تۆ هیچ ئیسپاتێکت پێنیە، بۆیە کارەکەی بۆ رایی نەدەکردم دەیگووت چۆن دەتوانی بیسەلمێنی کە عێراقی .. منیش تورەبووم ووتم : دەچم لەو بازارە هوییەک تەزویر دەکەم.. ئەوە ئیسپاتەکەی منە، ووتی : نا نابێت شتی وا چۆن دەبێت، ووتم بۆنا بێت ئەوانەی وادەکەن کارەکەیان ماشییەو دەگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەڵام من هەربەراستی عێراقیمو ڕێگە نادەیت، من ئەنفال بووم، ئێمە نەک هویە هەموو شتێکمان وونکرد لە ئەنفالدا تەنانەت دایکوباوکم ئەنفال وونی کردن..

کەواتە تۆ دایکو باوکیشت ئەنفال بوون؟

نا ئەنفال نەبوون بەڵام دایکمو باوکم لەنوگرە سەلمان بوون لەگەڵ باوکی مام جەلال پێکەوە بوون. دوو براشم لەسەرپردەکەی پردێ شەهیدبون، برایەکیشم لەگەڵ کاک ئاسۆ مەسئول مەڵبەند شەهیدبووە لەدبس لەگەڵ سەرباز سالّەیی بون، ووتی تۆ عێراق نیت.. واللە فریاد عبدالنبی لەوێ یە یەکێتیە ووتی: کەریم گیان کەی ئەو شتانەت هێنا من هەموو شتێکت بۆدەکەم.. وەک عەلیش لێرە ئەویش کوردێکی باشە .. عەلی کێ واللە نازانم عەلی کێی پێی دەڵێن کوردێکی گەنجە لەلوبنان دادەنیشێ. کوردێکی ترم لێپەیدا بوو ئەویش هەر کورد بوو خەڵکی لای جەلەولا بوو،داودە بوو ووتی من خزمی ئەوانەم کە دەبگ لێدەدەن، کوڕە فایەق داودە .. صلاح داودە. کوڕەکە ناوی قیس ئەحمد نوریە، خەلکی جەلەولایە ووتم نامەیەکت دەدەمێ ڕەسمی عائیلەت دەدەمێ وتم داوایەکت لێدەکەم یارمەتیم بدەی ئەویش بۆ مرۆڤایەتیوبۆخوا بیکەیت. کوڕەکە منداڵکارەش بوو عومری هەروا ٢٢ تا ٢٤ ساڵ دەبێت ووتم: نامەیەکم بۆبگەیەنیتە مالّی باوکم، ووتی: من دەیبەم ئەگەر کوژرابێتیشم. ووتی بۆناوئاگریش دەیبەم.

منیش ووتم بەڵام نازانم کێم ماوەو کێم مردووە.. ئیتر هاتنەوە بۆ ئێرە دوای ٩ ڕۆژ من ئەوکاتە لەسەرکاربووم گەڕامەوە خێزانەکەم ووتی: کەریم گیان تەلەفۆنت بۆهاتووە ووتم لەکوێیەوە؟ ووتی: لەعێراقەوە سەعات ٨ کردوویانە بەڵام ووتویانە سەعەت ٥ تەلەفۆنی بۆدەکەینەوە، ووتوشیەتی من برای ئەوم. سەعات ٨ی ڕێک تەلەفۆنیانکردەوە ئەوکورەی نامەو شتەکانی بۆ بردبوومەوە لەگەڵ برایەکەم لەکەرکوکەوە تەلەفۆنیان بۆمکرد، ووتی کەریم گیان ئەوە براکەت عبدواللە قسەت لەگەڵ دەگات. ئیتر دەستم کرد بەگریان ووتم عبدواللە گیان کێماوەو کێ نەماوە قسەم بۆبکە.. ووتی: باوکەکەم شوکر هەموویانەماون ووتم : کاکەم حەسیب ووتی ماوە کاکەم ڕەحمن ووتی ماوە ووتم سەتیپ ووتی ماوە، ووتم ڕەقیب ووتی ماوە ..نەجیب ووتی ماوە.. ئەوانە چونکە منداڵبوون، ئیتر ئەوەبوو ڕەقەم تەلە فۆنیان دامێ بەڵام کاکەم هەر دەگریا تاقە خوشکێکمان هەیە ئەویش زۆر زیرەک بوو، لەماوەی ٣ مانگا بایی ١٣٠٠$ قسەمانکرد، ئیتر بەو هەموو خەفەتو قەهرەوە مامەوە هەتا ٢٠٠٧ ، دوایی ئەوە چوومە ڕێکخراوی نێودەولەتی.. ئیتر ئەوانیش ووتیان دەبێت دۆسێکەت بنێرین بۆ جنێف تا ڕەزامەندی ئەوان وەرنەگرین ناتوانین بتنێرینەوە بۆ عێراق چاوەڕوانکە چاوەڕوانکە هەتا مانگی ئازاری ٢٠٠٧ ئینجا بەو حاڵ گەرامەوە ئەوان ٢٠٠٠$ یان داپێم و تکتی فرۆکەیان بۆم کڕی، وەکو دابەزیم لە فرۆکە خانەی هەولێر ئیتر ڕۆژنامەو میدیا هاتبوون، هەتا ناومالّی خۆمان وێنەیانگرتم، دڵم پڕبوو خۆم پێنەگریاو دەستمکرد بەگریان، باوەڕبکە سێ جۆرنوێژم کردووە، مەسیحی ئیسلام ،نوێژی شیعەو سوننەم کرد، خاکەکەم ماچ کرد، ئیتر بردیانم بۆ قەبرستان، ووتم دایە گیان بۆ کوێم دەبەن ؟ وەڵامی دامەوە ووتی: کوڕم دەچین بۆسەر قەبری باوکت، بەڵام کە چووینە ئەوێ قەبری براکانمیان پیشاندام، ئیتر وەزعێکی ناخۆش بوو بیهێنە پێش چاوی خۆت ؟ خۆم لە خۆڵ وەرداو فرمێسکێکی زۆرم ڕشت، من ئەوە وەزعم بوو براکانم هەریەکەو لە شەڕێکدا کوژرابوون و شەهید بوون، من ژیانی خۆشم نەبینی هاتنەوەشم هەرخۆش نەبوو، بروا بکە ئێستاش بەرپرسێک نەیگووت ئەرێ برا تۆ لە کوێ بوویت ؟ تۆ لەسەر ئێمە ئاواتان لێهات، بەداخەوە ڕێزیان نەگرتین.

ئاسکە کەریم عەلی:

منداڵەکان، دەجوڵان و یاریانەدەکرد، بەڵام حەجاج دەهاتە ژورەوەدەیدانە بەرکێبڵ و دەمردن.



ئاسکە کەریم

ناوی دیمانە ساز:عومەرمحەمەد

رۆژ: ٢٠١٤/١٢/٧

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی

شوێن: سلێمانی – کانی کوردە - ماڵی ئاسکە

وێنەگر : ئاوات عەلی شەریف

ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو

لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەوەی روفاتی ٧٣٠ ئەنفالکراوی گەرمیاندا بوو، کە لەمۆنۆمێنتی ئەنفال لە(بانی مەقان)ی نزیک شاری چەمچەماڵ بەخاک دەسپێردرانەوە، من دەبوو ئامادەبم بەڵام لەبەرئەوەی گرفتی پەک کەوتنی ئۆتۆمبێلەکەم هەبوو، لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی سلێمانی جێگەی خۆم کردەوە، کە بەرێوەبەرێک و چەند فەرمانبەرێکی بەرێوەبەرایەتییەکەی تێدابوو، لەناویاندا ژنێکی رەشپۆش وشیک پۆش هەبوو، لە نیوەی رێگادا بووین لەناوقەرەبالغی ریگاکەدا کە بەهۆی مە راسیمەکەوە دروست ببوو، زەنگێک بۆ بەرێوەبەرهات لەمیانەی قسەکانیدا تێگەیشتم کە نارەزایەتی هەیە لەسەر رۆیشتنی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتیان بۆمەراسیمی بەخاکسپاردنەوەکە، داوایان ئەوەبوو کە دەبێت چەند فەرمانبەرێک بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لەناو بەرێوەبەرایەتی گشتی، یەکێک لە داواکراوەکان ژنە ڕەشپۆشە شیک پۆشەکە بوو، بەڵام ئەو هەر زوو نارەزایەتی دەربڕی ووتی من باوکم ئەنفالکراوە و کێ دەڵێت یەکێک لەوتەرمانە باوکی من نییە؟ بەهەرحاڵ ملی بەگەڕانەوە بۆبەرێوەبەرایەتی نەداو لەناوقەرەبالغی ئۆتۆمبیلەکان درێژەمان بە رۆیشتن دا، دوای ئەو تەلەفۆنە پرسیارم لێکرد کەباوکی ناوی چییە وخەڵکی چ گوندێک بوون، ووتی ئێمە خەڵکی ناوچەی گەرمیانین وباوکی من ناوی عەلی خورشیدە و بەمامۆستا عەلی ناسراوە .ئیدی تێگەیشتم باسی کێ دەکات، چونکە گەرمیانییەکان زۆرجار باسی مامۆستاعەلی" باوکی ئەم ژنە ڕەشپۆشە"یان بۆکردبووم، کە پیاوێکی وریاو پێشمەرگەیەکی ئازاوتێکۆشەر بووەو دوای ئەوەی حکومەت خوێندن و قوتابخانەی لەگوندەکان قەدەغەکرد، ئەوپیاوە بەدڵسۆزییەوە وانەی بە قوتابیانی گوندەکانی گەرمیان وتووەتەوە، هەرلەوێدا پێمگووت کەواتە تۆ خۆشکی (بەندی(ت وخۆشت لەگەڵ دایکت وخوشک و براکانت ئەنفالکراویت ؟ وتی بەڵێ من ئەوکاتە منداڵ بووم بەڵام گرتوخانەکانی تۆپزاواو دووبزو نوگرەسەلمانم بینیوە و (بەندی(برام لە دوبز لەدایک بووە، ئیتر هەرلەوێ جارێکی تر بەڵێنەکەمم دوپاتکردەوە کە رۆژێک سەردانیان دەکەم و دیدار لەگەڵ بەندی ودایکیدا دەکەم، دەبێت ئەوەش بڵێم کە ژنە ڕەشپۆشەکە پێنەدەچوو زۆر مەیلی قسەوباسی هەبێت دەربارەی تاوانی ئەنفال و بەسەرهاتی خۆیان بۆیە وەک مافێکی ئەو خۆم لەناو هێنانیشی پاراستووە .

هەرچەندە دیدارەکەمان درەنگ کەوت و ئەو دەرفەتە وەک پێویست نەرەخسا بەڵام خۆشبەختانە رۆژی ٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئاسکە کەریم و شێرکۆی کوریدا سازکرد .رەنگە لەم دیمانەیەدا جۆرە تێکەڵبوونێک هەست پێبکەیت چونکە زۆرجار شێرکۆ لەبری دایکی وەڵام دەداتەوە بەپاساوی ئەوەی دایکی نەخۆشەو یادەوەریەکانی وەک خۆی پێ یاداشت ناکریت، هەرچەندە زۆر هەوڵمدا ئاسکە وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بداتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی شێرکۆ زۆر وریابوو لەکاتی پێویستدا دەهاتەناوقسەوباسەکەمانەوەو قسەی

بەسودی پێبوو، ناچاردەبووین دەرفەتی زیاتری بدەین، بۆیە جیاکردنەوەی قسەوباسەکان کاردەکاتە سەردیمانەکەو رێگەی ئەوە نادات هەریەکەیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ یان وەک بابەتێکی بڵاوبکەینەوە ناچار وەک دیمانەیەک وبەشداری دووکەس بڵای دەکەینەوە . لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی کارەکەی ئێمە دۆکۆمێنتارییە و پاراستنی چیرۆکی ئەم خانەوادەیەمان خستووەتە پێش ئاستی زانستی بوون و رێگاکانی دیمانە سازییەوە چاوپۆشیمان لە کەموکوڕییەکانی شێوازی دیمانە سازیش کردووە .لەسەرەتاوە لەگەڵ ئاسکە کەوتمە گفتوگۆ دواتر شێرکۆش هاتەناوقسەو باسەکەمانەوە وئەم دیدارەی لێکەوتەوە .

ناوی سیانیت ؟

ئاسکە کەریم

ساڵی چەند لە دایکبوویت ؟

ساڵی ١٩٦٥.

لە بنەڕەتدا خەڵکی چ گوندێکیت ؟

خەڵکی دێی وارانیم.

وارانی چییە گوندە یان ناحیێیە ؟

گوندێکی گەرمیانە سەربەناحیێ تیلەکۆیە.

خۆت لەوێ لەدایک بویت ؟

بەڵێ

باوکت بەکێ ناسراوە؟

کەریم هەیبەت

ئەوساکە لەگوندی وارنی بوون ژیانتان بەچی دەگوزەراند؟

بەئاژەڵداری و کشتوکاڵ.

بەزۆری چیتان دەچاند؟

شوتی وبامێی و تەماتەو خەلەودان (مەبەست لەخەلە دان گەنم ودانەوێڵەیە(

بەزۆری چ جۆرە ئاژەڵێکتان بەخێوەدەکرد؟

بەزۆری مەڕ وبزنمان هەبوو.

ئەوکاتە گوندەکەتان چەند ماڵ دەبوون ؟

نزیکەی سەد ماڵێک دەبوین ئەوە لەپێش ئەنفال بوو

قوتابخانەوە مزگەوتی تێدابوو؟

بەڵێ

ئەی نەخۆشخانە؟

نەخێر

کام لە دەستە خوشکەکانت یان بابڵێین هاوڕێکانی کاتی منداڵیت بیرماوە؟

دراوسێکانمان هەموویان ئەنفالکراون، هاورێیەتیم لەگەڵ خەیریە هەبوو، ژنی مامۆستا حەسەنی کۆمیتەی دووزە ئەوزیاتر هاوڕێی منداڵیم بوو.

خەیریە ئەنفالکراوە؟

نەخێر ئەو لەژیاندا ماوە

کێ لەوانەی هاوڕێی زۆر نزیکت بوون ئەنفالکراون ؟

ئەوکاتەی من شوم کرد زۆر منداڵ بووم هاوڕێی وام نەبوو، تەنها چەند ماڵێک هەبوون کە لە یەکترەوە نزیک بووین و بیرەوەریمان پێکەوە هەبێت و هاوسێمان بوون، ئەوانیش ماڵی حەسەن عەلی و مامۆستا قادر وحەمەی ئیسماعیل عەباس بوو، کە لەوارانی بەیەکەوە بووین و بیرەوەری منداڵیم لەگەڵیان بوە.

زۆر بیری کام لە هاوڕێکانت دەکەیت کەئەنفالکرابێت، ؟

تەنها باوکی بەندیە.

ساڵی چەند هاوسەرگیریتان کرد؟

بەبیرم نایات چونکە من زۆر منداڵبووم گەورە بەبچوکمان پێکرابوو ئەوسا من منداڵ بووم لەسەر بێشکەبووم کە باوکم بۆ مامم داومی بەمامۆستا عەلی (باوکی بەندین(.

پاش ئەوەی گەورەبوویت پێشئەوەی بچیتە ماڵ ومێردی خۆت ناڕەزایت دەرنەدەبڕی لەوەی کە بەمندالّی دراویت بەشوو؟

نەخێر، سوپاس بۆخوا باش بووین، باوکی بەندین لە پۆلی شەشی دواناوەندی بوو کە شوم پێکرد بەهۆی کەم دەرامەتی و نەبوونییەوە نەیتوانی خوێندن تەواوبکات، بۆیە خوێندنەکەی خستە خوێندنی شەوان ئەوکات ماڵمان لە ئیمام محەمەد بوو.

بەپێی قسەی تۆبێ دەبێت مامۆستا عەلیش منداڵ بوبێت ئەوکاتەی هاوسەرگیریتان کرد؟

بەڵێ لەپۆلی شەشی ئامادەیی بوو موالیدی هەردوکمان ١٩٦٥ بوو.

پاش ئەوەی هاوسەرگیریتان کرد هەر لەوارانی مانەوە؟

نەخێر چوینە شاری کفری

تا ساڵی چەند لە کفری بوون ؟



بەتەواوی نازانم بەس دەوری سێ بۆ چوار ساڵێک لەوێ ماینەوە هەتا خوێندنی تەواوکرد .

خوێندنی خانەی مامۆستایان (دار المعلمین)ی تەواو کرد؟

بەڵێ بوو بەمامۆستا بەڵام ناوی هاتەوە بۆ خزمەتی سەربازی، ئەویش رۆیشت بۆخزمەتی سەربازی، بەڵام ماوەیەک سەربازی کرد، کە مۆڵەتی وەرگرت و گەڕایەوە ئیتر نەچۆوە بۆ ریزی سوپا، ئێ کەنەچێت بۆ سەربازی ناچار دەبوو بچینە شوێنێک کەحکومەت دەستی پێی نەگات، ئیتر چوینە ناوزەنگنە.

بۆچی چونە ناو زەنگنە ؟

چونکە خۆی زەنگنەیە .

واتا تۆ سەربەعەشیرەتی داودەی و مامۆستا عەلیش زەنگنەیە ؟

بەڵێ

هەرچەندە تۆ بە منداڵی دراویت بەشوو ئەگەر مامۆستا عەلی جاف بوایە تۆ شوت پێدەکرد؟

جیاوازی نیە جاف بێت و دەلۆ بێت ئەوە قسمەت و نسیبە ئیتر نازانم.

ئیتر لە ناوچەی زەنگنە چۆن دەژیان ؟

دەبێت ژیانی هەڵاتوویەک چۆن بێت ؟

دەمەوێت بۆم باس بکەیت رەنگە بەشێک لەخۆشیشی تێدابێت هەرچەندێک دەتوانیت و بۆتۆ گونجاوە خۆشی و ناخۆشیەکانم بۆباس بکە؟

خۆشیەکانی لەوە دابوو پیاوەکان لە مالەوەبوون و دەستبەتاڵ بوون، مامۆستا عەلی ببوە مامۆستای شۆڕش وکادری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ مامۆستا یوسف و مامۆستا حەسەن و مامۆستا ئیکرام ومەردان چاوشین و مەلا ئاواره کە ئامۆزایەتی و لەگەڵ عوسمانی حاجی مەحمود خەریکی کاروباری کۆمەڵایەتی بوون.

ئەو کاتەی چوون بۆ زەنگنە مامۆستا عەلی بەفەرمی پێشمەرگە بوو یان هەر هاوکاری پێشمەرگەی دەکرد ؟

هەرشەرێک لەناوچەکەدا هەبوایە ئەویش چەکی هەڵدەگرت و دەچوو لەگەڵیاندا .

واتا وەک هێزی پشتیوانی بوو؟

بەڵێ

چەکی خۆتان بوو یان شۆڕش پێیدابوو ؟

چەکی شۆڕش بوو، کە بوو بەمامۆستا ئەوچەکەیان پێیدا.

کە قوتابخانەکانیان کێشایە و لەو ناوچانە مامۆستا عەلی بوو بە مامۆستای شۆڕش؟

بەڵێ وابوو

هیچکام لە خوێنکارەکانیت دەناسی یان هیچیانت بیرماوە؟

چوین بۆ باوەکرئەو منداڵانەی ئەوێ کورەکانی جەبارحەسەن سلێمان هەیە، ئەحمەد و محەمەد لەگەڵ کورەکانی مەلا ئاواره چۆمان و پشتیوان،



ئەوان خوێندکاری بون مامۆستا عەلی ئەوانی خۆش دەویست.

لەگەڵ مامۆستا عەلی دا نێوانتان چۆن بوو؟

نێوانمان زۆر باش بوو.

زیاترم بۆ باس بکە نەک لەبەر ئەوەی مامۆستا لە ژیاندا نەماوە هەرچی جوانییە بیدەیتە پاڵی مەبەستمە داب و نەریتی ژن ومێردی گەرمیان لەو بارودۆخە خراپ و گرانییەدا بزانم ؟

خۆئێمە چاومان هەڵهێنا خۆشیمان نەدی هەرلەهەڵاتندا بووین، ماوەیەکی زۆر لە (توکن(بوین پاشان بارمانکرد چوین بۆ (بنەکە(·دوایی چوین بۆ گوندی (باوەکر(لەوێ ماینەوە تا کاتی ئەنفال . مامۆستا عەلیش وەک میوانی مالی خۆی وابوو هەمیشە چەک بەشانیەوە بوو، لەگەڵ پێشمەرگەدا ئەم دێ بۆ ئەودێی دەگەڕان، من وەک میوان دەمبینی لە ماڵدا، بەڵام هەڵسوکەوتێکی زۆر جوان و شۆڕشگێڕانەی هەبوو.

ئەی لەگەڵ تۆدا چۆن بوو ؟ ئەو بەپێیەی مامۆستای شۆڕش و خوێندەوار بوو مافی ئافرەتی چۆن دەبینی ؟

لەگەڵ منیشدا زۆرباش بوو، زۆر ڕێزی لەماڵ ومنداڵەکانی خۆی دەگرت ئەو کوڕی پیاوێکی دیارو ناوداربوو باوکیشی زۆرباش بوو بۆ ژن ومنداڵەکانی، من تا ئەوڕۆژەی لە ژیاندا بمێنم ڕەحمەتی بۆ دەنێرم.

باوکی بەکێ ناسرابوو وا کوڕی پیاوێکی ناودار بوو ؟

حاجی خورشید نەجار بەوە بەناوبانگ بوو.

ئەوکاتەی ئێوە هەڵهاتووبوون و لە گوندبون لە پێش ئەنفال کە ڕێگەکان داخرا بوون، خۆراک و ئازوقە بەئاسانی دەست نەدەکەوت ئێوە ژیانتان چۆن دەگوزەراند ؟

ژیانێکی سەخت بوو، بە زەحمەت پێداویستی دەگەیشتە دەستمان، بەحەزرەت دەنکێک تەماتەوە بوین، کە چوینە گوندی (باوەکر(لە خانوێەکدا بووین خانوی پیاوێک بوو قالە شواربیان پێ دەگوت، خانوەکە لە پێشدا کادان بووە، ئەوکچێکم بەناوی (سروە(لەو خانوەدا لەدایک بوو بەیانی هەستام بچم جلەکان بشۆم کە سەیردەکەم یەک ئەژدیها سەری ناوە بەقوماتەکەوە خەریکە پێوەی بدات.

ئەژدیها ! مەبەستت مارە ؟

بەڵێ مار، هاوارم کرد دراوسێکان هاتن و مارەکەیان کوشت .زۆر داماوبوین هیچ نەبوو بیخۆین

چۆن زەخیرەتان پێدەگەیشت؟

ئەگەر خزمێک بهاتایە بەدزیەوە تۆزێک شتی بهێنایە زۆر بەڵامانەوە سەیر بوو چونکە هیچ نەبوو بیخۆین.

هەموو منداڵەکانت لەوێ لەدایک بوون؟

نەخێر مەریوان لە کەلار لە دایک بوو لە دوای ئەوە هاتینەدەرەوە، ئەوکات ماڵەکەمان لای لیواکەبوو جاشەکانی سەعەی حەمە غەریب ماڵەکەمانیان تاڵان کرد.

تۆ یەکەم کەسیت لەگەرمیان کە بە خراپی باسی سەعەی حەمە غەریب بکەیت !چیان لێکردن؟

ئەوکاتەی ماڵەکەمان جێهێڵا جاشەکان هەمویان تاڵان کرد

سەعەی حەمە غەریب بوو؟

وتیان ئەوان تاڵانیان کردوە

بەڵام خەڵکێکی زۆر باسی دەکەن کە ئەوپیاوە خەڵکێکی زۆری ڕزگارکردوە کاتی ئەنفال لەوانەش هاوڕێکانی مامۆستا عەلی؟

من خۆم لەوێ نەبووم ماڵەکەم جێهێڵابوو بەڵام دوای پێیان گوتم جاشەکانی ئەوبووە.

چەند منداڵت هەیە؟

شەش منداڵ چوار کوڕو دوو کچ

ئەتوانی ناوی منداڵەکانتم پێبڵێیت؟

شێرکۆ لەدایک بووی ١٩٧٨و مەریوان ١٩٨٤و ئاسۆ ١٩٨٢و بەندین ١٩٨٨کچەکانیش نیشتیمان ١٩٨٠ و سروە ١٩٨٢.

دوایی دێینە سەرئەوەی کە بەندین چۆن لە دایک بوو . ئێوە پێشتر دەتانزانی کەحکومەت هێرشتان بۆدەکات ئەوکاتەی کە مامۆستا عەلی مامۆستای شۆڕش بوو؟

پێش ئەوەی شاڵاوی ئەنفال دەست پێبکات ئێمە ساڵێکی ڕێک لەژێر تۆپباران بووین لەمەلجە) کونە تەیارە (دا ژیانمان بەسەر دەبرد لەترسی تەیارەو کۆپتەر نەمان دەهێشت منداڵەکان بێنە دەرەوە.

پێش ئەوەی کەسەرباز بگاتە ناوچەکەتان و ئەنفالتان بکەن، ئێوە دەتانزانی هێرشێکی ئاواتان دەکرێتە سەر؟

نەوەڵا نەماندەزانی کەبەو شێوەیە هێرشدەکەن و گەورەوپچوک ژن و پیرو منداڵ هەمووی تیادەچێت .

پیاوەکانمان خۆیان دەبەست و دەچوون بۆشەڕ شەڕیان لەگەڵ کۆپتەر دەکرد زۆر خۆڕاگربوون.

پاش ئەوەی جەیش هاتە سەر ناوچەکەتان و کار لەکار ترازا؟

لەدایۆوە دەستی پێکرد و هاتینە ناو زەنگنەوە و قەوالّی و لەک و ئەوناوچانە تا گەیشتە لای ئێمە لەباوەکر

یەکەم شوێن کەلە گوندەکەتان دەرچون چون بۆکوێ؟

چوین بۆ قولیجان شەڕو تۆپباران بوو ئەبوفەلاح هەبوو لەوێ ئەو بریندار بوو منیش لەچێکم لەپشت بوو پێچام لەقاچیەوە مامۆستا عەلی ماتۆرێکی پێبوو بەماتۆرەکە ئەبوفەلاحی برد بۆ ملەسورەو خۆی گەڕایەوە، ئێمە باحاڵێکی زۆرناخۆش گەیشتینە ئەوەی من دووگیان بووم بە بەندین و پێنج منداڵەکەی تریشم لەگەڵبوو لێرە دەکەوتم لەوێ هەڵدەستامەوە قوروباران بوو.

دوای ئەوەی گەیشتنە قولیجان بۆکوێ ڕۆیشتن؟

بەپێ چوین بۆ ملەسورە

نێوانیان چەندە یان بابڵێین ملەسورە چەند دورە لە قولیجانەوە؟

بەپێ نزیکەی دوو بۆ سێ کاتژمێر دەبێت

لەڕێ هیچ یەکەیەکی جەیش و جاشتان نەبوو بەتوشەوە؟

تا گەیشتینە ملەسورە نەخێر، بەڵام کەگەیشتینە ئەوێ جاشەکان هاتن بەرەو پیرمانەوە گوتیان وەرن خۆتان بدەن بەدەست جەیشەکەوەو چەکەکانتان دابنێن خانو و کۆمەڵگا (مجەمەع(تان بۆدروست دەکەن، کەس ناتوانێت دەستان بۆبەرێت.(بەگریانێکی زۆرەوە(مامۆستا عەلیش یادی بەخێر (مزەلی(یەکەی بەشانیەوە بوو داینا دەستیکرد بەبانگ و سەڵاو گوتی لەبەرئەوەی چەکەکانمان لەشان داگیراوە تازە هەموومان تیاچووین چەکەکەی دانا ئیتر لەگەڵ ئەوخزمانەی لەگەڵمان بوون بردیانین بۆملەسورە و لەوێ کۆیانکردینەوە جاشەکان هەمومانیان کردە ناو زیلی عەسکەرییەوە.

کێبوون ئەو جاشانە نایان ناسیت؟

نازانم بەڵام تەنها جاشەکان بوون، گوتیان ئێوە چەکەکانتان تەسلیمی ئێمەکەن و خۆتان بەدەست جەیشەکەوە بدەن کەس ناتوانێت دەستان بۆبەرێت.

ئەوڕۆژەی کەگەڕانەوە بۆملەسورە کێ و کێتان لەگەڵ بوو؟

مالّی ئەحمەدی مەلا ڕەشید و عەبدوڵای مەلا ڕەشید نەعیمە و نەزیرەو خوشکەکانی عەبدوڵاو منداڵەکانی خۆم.

کە چونە ملەسورە چیتان بینی ؟

یاخوا ئەوی لە ملەسورە بیننیمان کەس نەبینێت ژیانێکی زۆر تاڵ و ناخۆش بوو

چاوەڕوانی چیتان دەکرد لە ملەسورە ببینن؟

چاوەڕوانی کەسوکارمان بووین لەشارەوە بێن بەرەوپیرمانە و و پێیان شادبینەوە بەڵام جاشەکان دایانین بەدەست حکومەتی بەعسەوە.

ملەسورە تەنها گوندێک بوو خەڵکی چەند گوندی تری تێدا کۆکرابۆوە؟

خەڵکی زەنگنەوداویە زۆر ناوچەی تر.

کەواتە خەڵکێکی زۆری لێبوو، جەیش چی دەکرد لەو خەڵکە؟

دەگەیشتنە هەرخێزانێک فڕێیان دەدایە ناو زیلی عەسکەری من و منداڵەکان لەگەڵ کۆمەڵێک میمزاو میمک و کوڕەکانی خاڵۆم ئەحمەد کەمال و جەماڵ و عەلی و گولیلک هەمومان کراینە ناو زیلی عەسکەری و براین لە بان جادەکە ڕزگاری (صمود(باوکم بینی وهاوارم کرد باوکە بردیانین باوکیشم دەیدا بەسەری خۆیدا، پاشان بردیانین بۆ زیندانەکەی ئەوبەر سیروان

ناوی چی بوو زیندانەکە ؟

زیندانی قۆرەتوو

زیندانێکی چۆن بوو؟

بیناکەی بینای زیندان بوو حەوشەیەکی گەورەی هەبوو

لەپێشتردا بینیوتە؟

نەخێر ئەوکاتەی بەئەنفالی برام بۆ قۆرەتوو بینیم.

دوایی ئەوەی کە کوردستان ڕزگاری بوو، لەهیچ شوێنێک لەو شێوە بینایانەت بینی ؟

بەڵێ دەیی بینم ، بەڵام کەدەیانبینم هەموگیانم موچورکەی پێدادێت

لەکوێ بینیوتە ؟

کەچوم بۆ خانەقین بینیومە و لە هەندێ شوێنی تریش وەک ئەوەی قەڵای سوسێ.

هەتا کوێ مامۆستا عەلی و پیاوەکانی ترتان لەگەڵدا بوو؟

لە قۆرەتوو بەیەکەوە بوین تا سێ شەو سێ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو، بەڵام خەڵکی کەلار نان و ئاویان بۆ دەهێناین ئیتر سەیارەیان هێنا بردیانین بۆ کەرکوک لەوێوە بردمانیان بۆ تۆپزاوا . لەوێ پیاوەکانیان لێ جیاکردینەوە .

بەچی بردیانن ؟

بەسەیارەی قەپات

نزیکەی چەند سەیارە دەبوون؟

زۆر بوون وەک (قافڵە(کاروانی سەربازی وابوو پاسەوانیشمان لەگەڵدا بوو.

سەیارەکان چۆن بوون ؟

هەموویان سەربازی بوون، وەک ئێڤا وابوون دواکەی چادریان لێدابوو هەموو سەیارەکانیان پڕەکرد لەخەڵک.

کە ئێوەیان برد لە قۆرەتوو کەسی تری لێ بوو ؟

بەڵێ لێی بوو.

ئەی کەبردنیان بۆ تۆپزاوا کەسی تری تێدامابوو؟

هەمومانیان بردو خەڵکی تریان بۆدەهێنا .لەوێوە ئێمەیان برد بۆ تۆبزاوا، تۆپزاواش چی وەک ڕۆژی حەشر وابوو

چ کاتێک بوو کە لە قۆرەتووەوە بردیانن بۆ تۆپزاوا ؟

بەیانی زووبوو.

کەی گەیشتنە تۆپزاوا ؟

دەوری سەعات ١٠ ی بەیانی بوو گەیشتینە تۆپزاوا.

لەوێ چیت بینی، چی ڕویدا؟

من وەزعم زۆر خراپ بوو، ئەوکاتە دوگیان بووم، بە بەندینی کوڕمەوە لەوێ جیایان کردینەوەو بە زەبری کێبڵ کردیانینە ژورەوە

بەکێبڵ کردیانینە ژورەوە؟

بەڵێ

ژورەکە چۆن بوو مەبەستم ئەوەیە گەورە بوو یان بچوک بوو ؟

هۆڵی عەسکەری بوو بەکێبڵ لێیان دەداین منیش هەر پێنج منداڵەکەم بە لەچکێک بەستبوو بەخۆمەوە بەدوای خۆمدا ڕامدەکێشان، مامۆستا عەلیان بەلێدان لێ جیاکردینەوەو ئەویش هاواری دەکردو پێی دەگوتم ئامانەتی تۆو منداڵەکان (ئاسکەخان بەگریانێکی زۆرەوە دەیگوت.... ئایی لەو ڕۆژە سەختە کە بەسەرماندا هات) منیش هاوارم کرد توخوا مەیبەن من ناتوانم من دوگیانم .کە ئەوانیان جیاکردەوەو بردیانن، لەئێمەوە دیاربوون ڕوتیان کردنەوە تەنیا شەروالەکەو فانیلەیەکیان لەبەردا هێشتبوونەوە، بەکێبڵ لێیان دەدان، دووایی بەکێبڵ لە ئێمەشیانداو ئەوانیان کردە هۆڵێکەوەو ئێمەشیان کردە هۆڵێکەوە

تۆ چاوت لێبوو کەجلەکانیان داکەندن؟

بەڵێ جلەکانیان و تەسکەرەو شانەو ئاوێنەو تەسبێح و هەرچیان پێبوو لێیان سەندن.

شێوەی تۆپزاوات بیرماوە چۆن بوو؟

دیاربوو کە شوێنی سەربازگەبوو، شوێنەکە شوێنێکی سەربازی بوو

خەڵکی تری زۆرلێبوو؟

بەڵێ خەڵکی دایۆو زەنگنەی زۆر لێ بوو.

بێجگە لەخەڵکی دایۆو زەنگنە هەستت دەکرد خەڵکی تری لێبێت ناوچەکانی تری کوردستان کە شێوە زمانیان جیاوازبێت لەخەڵکی گەرمیان؟

من هەستم نەدەکرد خەڵکی تری لێبێت

دوایی کە کردیانننە ناوهۆڵەکان چیان لێکردن؟

ئێمە خۆمان هیچمان پێنەبوو کردیانینە ناو هۆڵەکان و خواردنیان دایێ.

چێیان پێدان ؟ خواردنەکەتان چی بوو ؟

هەر سەموون بوو ئەیش بچوک وڕەق بوو.

کە کردیانننە ناو هۆڵەکان ناویان نوسین؟

بەڵێ لەپێشەوە ناوی خۆمان و منداڵەکانیان دەنوسی ئینجا کردیانینە هۆڵەکانەوە.

(شێرکۆی کوڕە گەورەکەی ئاسکەخان(وەڵام دەداتەوە و دەڵێت : دایکم بیرەوەری باش نیەو توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە من ئەوکاتە گەورە بووم تەمەنم ١٠ ساڵان بوو هەمویم بە بیردێت ژنی گەنجیان جیاکردەوە لەو ژنانەی منداڵیان پێبوو وەک دایکم.

ئاسکەخان لەوێ توشی نەخۆشی شێرپەنجە بویت یان لێرە ؟

لێرە توش بووم بۆ سێ ساڵ دەچێت من بەهۆی ئەو هەموو داماوی و خەفەتەوە توشبووم ئێستاش بەهۆی چارەسەری کیمیاییەوە زاکیرەم باشنییە، پاش ٢٦ ساڵیش زۆرە بۆ بیرکەوتنەوەی هەموو شتەکان.

بەداخەوە هیوادارم تەندروستیت باش بێت .باجارێ هەر لەسەر تۆپزاوا قسەبکەین.

بەڵێ فەرموو.

کە جیایان کردنەوە لەتۆپزاوا منداڵەکان لەگەڵ خۆتدا بوون؟

بەڵێ هەمویانم بەلەچک بەستبوو بەخۆمەوەو خۆشم دوگیان بووم هەموگیانم ئاوسابوو لەزەنگنەوە بەپێ و بەناو قوڕدا هاتبووم بۆ ملەسورە.

لەتۆپزاوا بەموالید جیایان دەکردنەوە یان بەدەموچاو؟

(شێرکۆ وەڵامی دایەوە(جیاکردنەوەمان بە موالید نەبوو هەروا بەڕوخسار و دەمووچاو بوو تەمەنی گەنج و پیرەکانیان جیا دەکردەوە، ژنی گەنجیان جیادەکردەوە لە پیرەکان وە پیاوی گەنجیشیان لە پیرەکان جیادەکردەوەو هەرکۆمەڵێکیشیان لەلایەک دادەنا پاشان بردیانینە هۆڵێکەوە نزیکەی دووسەد کەسیان تێدەکرد.

کاک شێرکۆ سوپاست دەکەم دڵنیام زانیاریت لەلایە . بەڵام باشترە دایکت وەڵام بداتەوە بێگومان من دوایی پرسیارلە تۆش دەکەم چونکە پرسیارم بۆتۆش هەیە ؟

بەڵێ هەندێک شتی دایکم هەیە ئەبێت ڕاستی بکەمەوە، چونکە ئەو زۆربەی شتەکانی بەووردی بیرنەماوە.

ماوەی چەند لە تۆپزاوا مانەوە ؟

دووشەو لەوێماینەوە

دوای تۆپزاوا بردیانن بۆکوێ ؟

بردیانین بۆ دوبز

بەچی بردیانن؟

بەسەیارەی کەبس بردینیانین هەر وەک سەیارەی (ئیسعاف(وابوو

پێشتر باسی ئەوەت بۆکردم لە تۆپزاوا حاڵتان خراپبووە بەڵام کە چونە دوبز لەوێ حاڵتان باشتربوو، چۆن باشتر بوون؟

لەوێ تۆزێک خواردن هەبوو سەربازەکانیش هەڵسوکەوتیان لەگەڵمان باشتر بوو.

ئەوخواردنانەی لەوێ پێیان دەدان چی بوو؟

تۆزێک پیازیان دەکردە ناو دۆشاوی تەماتەوەو هەندێکجاریش نیسک بوو.

خواردنەکەتان هێندە دەبوو پێی تێر بخۆن ؟

(وەڵام بدرێتەوە کەمێک باسی خواردنی دوبز بەکەن)

چەند لەدوبز مانەوە؟

دوومانگ ونیو بۆ سێ مانگ لەوێ بووین.

باسی ئەوەت کرد کە دوگیان بوویت لەکوێ منداڵەکەت لێ بووەوە ؟

هەرلە دوبز .

(شێرکۆ هاتەوە ناو قسەکانمان(وتی : من باشتر لەبیرمە کەلە دوبز بووین ئێوارەیەک سەرباز هاتن و ناویان نوسین، گوتیان بۆبەردانە ئەو کاتە دایکم هەر لەئێوارەوە ژان گرتبووی، ئێمە سوچێکی هۆڵەکەمان گرتبوو لەوهۆڵەی کە ئێمەی تێدا بوین .لەسەر بەتانیەک دانیشتبووین دایکم تانیوەشەو هەر بەژانەوە بوو، کە بوو بەسەعات پێنجی بەیانی سەربازەکان هاتن کردیان بەهەڵاو دەنگە دەنگ گوتیان کۆببنەوەو ڕیز ببەستن بەو پاسە دەتانبەین بۆبەردان لیستێکیان پێبوو ناوی سەرۆکی خێزانیان دەخوێندەوە لەگەڵ منداڵەکانی و دەیانگوت دەی یالا بڕۆ، ئەوکاتە بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو لەبەرئەوەی دایکم تادەهات حاڵی خراپ دەبوو من و نیشتیمان یەکی سوچێکی بەتانیەکەمان گرتبوو پەنامان بۆ کردبوو بۆ ئەوەی بەپێش چاوی خەڵکەوە منداڵەکەی نەبێت، لە سوچی هۆڵەکەدا بۆئەوەی دایکم لەوێدا لەپەنای ئەو باتانییەدا منداڵەکەی ببێت، ئیتر بەهەر وەزعێکبێت منداڵەکەی لێ بووەوە، میم شەوکەتێک هەبوو ئەومان بانگکرد هاوکاریمان بکات گوتمان دایکمان وەزعی زۆرخراپە، خەڵک هەموی چوونە دەرەوەو سواری پاسەکان بوون کەس بەزەیی پێماندا نەدەهاتەوە، چونکە گوتیان بۆ بەردانە هەمووی هەر دەڕۆیشتن و ئاوڕێیان لە ئێمە نەدەدایەوە .کە بەندین لە دایکبوو بە (تەرانجک(ناوکیان بڕی و تاڵە دەزویان لە چک کردەوەو ناوکیان بەست، هێچ پەڕۆپاتاڵێکیش نەبوو تێوەپێچین، هۆڵەکان پەنجەرەی زۆر تێدا بوو، لە نزیکمانەوە پەنجەرەیەکی لێبوو لەوێ لەسەر تاقی ئەو پەنجەرەیە منداڵەکەمان بە ڕوتی دانا ویستمان جێببهێڵین، ئیتر دایکمان برد بۆناو پاسەکان، بەمن و نیشتیمان وئەو پورە شەوکەتەوە دایکمدان ڕادەکێشا خوێن بەو هۆڵەدا بڵاو ببۆوە بردمان و بەزۆر سەرمانخستە ناو پاسەکەوە لە راستیدا منداڵەکە

(بەندین(مان بیرنەمابوو ڕاستیەکەی وازمان لێهێناو بەجێمان هێشت دوایی بۆیان هێنایەوە، ناهەقیشمان نەبوو وەزعەکەمان زۆر خراپ بوو، نان نەبوو بیخۆین ئێمەش زیاتر خەمی دایکمان بوو.

کەسەر کەوتین ئاخیر کەس بووین چۆن بڵێیت پاسەکە چاوەڕێی ئێمە بوو ئەوەندە دواکەوتین نەمان دەزانی چاوەڕێکردنەکە بۆ بەردان نیەو بۆشوێنێکی خراپترە کە گەیشتینە نوگرەسەلمان دەمانگوت سەد خۆزگە بەدوبز ئەوێ باشتر بوو خواردن هەبوو حەوشەیەکی بچوکی هەبوو دەردەچوێنە دەرەوە بەڵام لەنوگرە سەلمان هیچ نەبوو دۆزەخێک بوو بۆخۆی.

گوتت بەندینمان بەجێهێشت و بۆیان هێنایەوە کێ بۆی هێنایەوە؟

کاتێک کەسەرکەوتین بۆ ناو پاسەکە نزیکەی چارەکە سەعاتێک وەستاین، لەوکاتەدا عەرەبێک هات پیاوێکی بەتەمەن بوو، بیرمدێت ئەو پیاوە حەرەسمان بوو، قاتێکی سەوزی عەسکەری لەبەردابوو شتێکی لەسەری خۆی پێچابوو وەک جامانەی کردی وابوو بەڵام وەک جامانە گوڵ گوڵ و ڕەش وسپی نەبوو، هینەکەی ئەو سپی بوو، ئەوەی لەسەردابوو، هات بەندینی پێبوو گوتی ئەمە منداڵی کێیە فڕێیی داوە ؟ گوتم هی ئێمەیە منداڵەکە هەر روت وقوت بوو، ئەو سەربازە چوو دیسداشەیەکی خۆی هێناو تێوەی پێچاو دایە دەستمەوە .قەدری خانێکمان لەگەڵدا بوو ئەو عەرەبی باش دەزانی وەرگێڕانی بۆ دەکردین، کابرا گوتی ئەو منداڵەتان بۆ فڕێداوە گوتم چی لێبکەین ؟ گوتی بیبەن خوا حەقی دەستێنێت، ئاگام لێبوو ئەو قسەیەی کرد .ئینجا دوای ئەوە پاسەکان کەوتنە ڕێگا.

ناوی ئەو سەربازە نازانیت؟

نەخێر بەداخەوە

چەند سەربازی تری ئاوا دڵنەرمی تێدابوو؟ ئەوانەی دوبز بەگشتی باشتر بوون لەوانەی تۆپزاواو نوگرەسەلمان ؟

ئێمە لەوێ ئەشکەنجەیان نەدەداین و تەعداکردن نەبوو لەوێ بەس یەک شتم بینی کە زۆر ناخۆش بوو، ئەو مەنجەڵە گەورەیەی کە برنجی تێدابوو سەربازەکە قاچی دەکردە مەنجەڵەکەوەو بەپۆستاڵەکەی برنجەکەی کۆدەکردەوە یەک دووجار ئەوەم بینی زۆر ناخۆش بوو.

ئاسکەخان تۆ وەک دایکێک کەبەندینت بەجێهێشت هەستت چۆن بوو؟

ئەگەر دایکێک جگەرگۆشەکەی خۆی جێبهێڵێت ئەبێت چەند ناخۆشبێت.

ئەوکاتەی بەڕاکێشان تۆیان برد بۆناو پاسەکە هیچ هەوڵت نەدا بۆئەوەی منداڵەکەت بەریت؟

ئەوکاتە لەتاو ئازار هیچ ئاگام لەخۆم نەبوو، کاتێکم زانی هێنایان کردیانە باوەشمەوە شەوڕۆژێکمان پێچوو تاگەیشتینە نوگرەسەلمان ئەوەی لەوێ بینیمان یاخوا کەس نەیبینێت....

لە نوگرەسەلمان چیتان بینی؟

هەر کە گەیشتینە ناوحەوشەی نوگرەسەلمان، بەشەق و شلاق و کێبڵ وەک هار تێمان کەوتن و لێیان داین و کردینیانە دوو ژورەوە و دەرگایان لەسەر داخستین، ئێمە سجنی ناو سجنیش بوین، ملازم حەجاجێک هەبوو زۆر درندەو خراپەکار بوو، هەموو ڕۆژێک سێ جار ئەشکەنجەیان دەداین، کە ملازم حەجاج دەهات دەبوایە هەستایناپەتە سەرپێ، ئەویش بەکێبڵ لە دەست و قاچی دەداین، ڕۆژی وابوو سێ سەعات بەتەلبەندەوە دەیان بەستینەوە .ئەوەی گەنج بوو لێدان و ئەشکەنجەی دەخوارد، ڕۆژی سێ جار دەگەڕا ئەوەی خۆی ئارەزوی لێبوایە ئەشکەنجەی دەدا.

تۆچەندجار لێدانت بەدەستی حەجاج خواردووە ؟

ڕۆژێکیان من شیرم دەدا بە منداڵەکەم، مەمکم لەدەمیدا بوو ئەو ملازم حەجاجە هات، کە چاوی کەوت بەمن، کە هاتە ژورەوەو بینی من شیر دەدەم بەمنداڵەکەم هەتا هێزی تێدا بوو کێبڵەکەی چەقاندە مەمکم و دوایی چەقاندیە گۆنای منداڵەکەمەوە سێ چوار ساڵ دوای ئەوەی کەهاتینەوە لەنوگرەسەلمان ئەوشوێن کێبڵە ببو بەبرین لەسەر ڕومەتی، ئاوا ئەشکەنجەیان دەداین و دەبوایە لەسەر یەک قاچ بوەستیت و پێیان دەگوتین پیاوی عەرەبتان دەوێت ئەوان باشن؟ !!! ئێمەش سەرمان دادەخست.

جارێکیشیان منیان بەتەلبەندەکەوە بەستەو، شێرکۆی کوڕم هات بۆلا، بۆمن دەگریانەو زاڵمە شێرکۆی بردە درەوە عەمودێک هەبوو لەبەردەم سجنەکەماندابوو بە عەمودەکەوە بەستیەوەو بەکێبڵ کەوتە لێدانی تا لە

هۆش خۆی چوو ئینجا وازی لێهێنا، بەو گەرمایە بۆماوەی سێ سەعات بەوعەموودەوە بوو.

وتت شیرم دەدا بە منداڵەکەم ئێوە کە خواردنتان نەبوو شیرت تێدا بوو؟

نەخێر مەمکم هیچ شیری تێدا نەبوو، خۆمان برسیمان بوو ڕۆژی یەک سەموونی ڕەقیان دەداینێ لەگەڵ یەک سەتڵی بچوکی ماست ئاویان دەداینێ ئاوێکی سوێرو تاڵ و کوڵاوی بەردەم ئەو گەرمایە . بەخوا ژنێکمان لەگەڵدا بوو ناوی (بەهێ) بوو خەڵکی گوندی تەپەسپی بوو، پێیان دەگوت پورەبەهێ، هەر لە ئێوارەوە نالاندی دەیگوت ئەگەر یەک دەنکە برنج هەبێت ئیتر نامرم ئەوەبوو بۆ بەیانی بەئاواتی دەنکێک برنجەوە مرد .هیچ خواردنێک نەبوو تەنها ئەو سەمونەبچوکە هەبوو کەباسم کرد کە بەندینم هێنایەوە تەنها پەیکری ئێسقانەکەی بوو، گۆشت بەلەشییەوە نەبوو، ڕێک وەک منداڵە ئەفریقیەکان وابوو.

ئەی ئەو منداڵە چۆن ژیا ؟

سەمونە ڕەقەکەم دەکردە دەستمەوەو ئاوم پێدا دەکرد و دەمکرد بە هەویرو دەمدا بە منداڵەکەم بەوجۆرە ئەوکوڕەم بەخێوکرد .

کەست بینیوە بەدەست کێبڵێ حەجاجەوە بمرێت؟

بەڵێ حەمە خولەیەک هەبوو ماڵیان لە عەزیز قایەر بوو پێنج دانە منداڵی بەدەم لێدانی کێبڵەوە گیانیان دەرچوو، حەجاج کەئەهاتە ژورەوە منداڵەکان نەیان دەزانی دەجوڵان و یاریان دەکرد ئەویش دەیدانە بەرکێبڵ ودەمردن

گوتت پرسیاری دەکرد دەیگوت پیاوی عەرەبتان دەوێت !ئەمەی وەک گاڵتەپێکردن دەگوت یان بەڕاست پرسیاری دەکرد؟

ئەوەی دەگوت زیاتر گاڵتەیان پێدەکردین ودەیان پرسی پیاوەکانتان لە کوێیە (مخریب(ە ؟ ئاوا ئیهانەیان دەکردین.

چۆن بیرت لەوە کردەوە (بەندی(بەو ناوەوە ناوبنێیت نەدەترسای ؟

لەوێ ناومان نەنا، ئەوماوەیە هیچ ناوێکی نەبوو، هەتا هاتینەوە بۆ (صمود(رزگاری لەوێ (حاجی عومەر(مامی ناوی لێنا (بەندین(بەڵام ئەو کابرایەی کەلەسجنەکەی دوبز بۆی هێنایەوەو دایەوە دەستمان ووتی :ناوی بنێن حەمودی

بڵێی مەبەستی چی بووبێت؟

نازانم مەبەستی چی بوو.

ئەو خۆی ناوی حەمودی نەبوو؟

نازانم بەڵام ئێمە ئێستا لەخۆشەویستیدا بەحەمەو بە حەمودیش بانگی دەکەین.

ژنێک بەناوی بەسێ خەڵکی گوندی میلقاسمە دیمانەم لەگەڵدا کردووە دەڵێت : کابرایەکی باش هەبوو، پێیان دەگووت مامە نوری، مامە محمودێکیشیان تێدابوو، ئەوان باش بوون یەکدووجاریش بردیانم بۆ خەستەخانەکەی دبس . بەسێ دەڵێت عەسکەرەکان نا بەڵکو جەیش شەعبی و عەشایەری ناو دبس لەگەڵمان باش بوون، وەک ئەوانەی تۆپزاوا بەعسی نەبوون .

بەڵێ تێیاندابوو.

ئەوکاتەی کەبەربوون بەندین تەمەنی چەندبوو؟

شەش مانگ و دەرۆژ دەبوو

کەواتە ئەوماوەی شەش مانگە ئەومنداڵە هیچ ناوێکی نەبوو؟

نەخێر هیچ ناوێکی نەبوو، چونکە ناونوسین نەبوو تەنها لەدوبز ناویان نوسین لەوێش بەندین لە دایک نەببو کاتێک بردیانینە نوگرەسەلمان لەوێ تەنها ناوی سەرۆکی خێزانیان دەخوێندەوە ئیتر لەوێ ناو ئەوندە گرنگ نەبوو.

تۆهاوڕێت هەبوو لە نوگرەسەلمان ؟

هاوڕێکانم هەر ئەوانەبوون کە لەپێشدا باسم کردن، ئەوانەی لە دوبز لەگەڵمانبوون لە نوگرەسەلمانیش هەر ئەوانەبوون، چونکە ئێمە قاعەیەک بووین لە نوگرەسەلمان ناومان زۆر بە خراپی هاتبوو لەبەرئەوەی کاتێک لە دوبز براین ئێمە زۆر بووین نزیکەی شەش بۆحەوت قاعە دەبووین هەرقاعەیەک نزیکەی سەدوبیست بۆ سەدوچل کەسی تێدابوو بەمنداڵ و ژنەوە بەڵام هیچی نەهات بۆنوگرەسەلمان تەنها قاعەکەی ئێمەیان بردە نوگرەسەلمان

بۆچی ناوتان بەخراپی هاتبوو مەبەستت چیە ؟

لەبەرئەوەی وەک کەسوکاری پێشمەرگەناومان ڕۆیشتبوو.

كە پرسیاری هاوڕێكانت لێدەكەم مەبەستم ئەوەیە كەچەند كەس لەگەڵ ئێوە ئەنفال كراون و تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە؟

جگە لەوانەی لە قاعەكەی خۆمان بوون ئەوانی تر نەگەڕاونەتەوە

واتا قاعەكەی ئێوە هەموتان بران بۆنوگرەسەلمان و گەڕانەوە؟

بەڵێ، بەڵام خەڵكەكانی تر كە لەدوبز بوون دیارنین و نازانرێت بۆكوێیان بردوون بە پێچەوانەشەوە ئێمەیان برد بۆ نوگرەسەلمان بەپێی ئەوەی ئێمە ناومان خراپ هاتبوو ژن و منداڵی پێشمەرگەبوون ئێمەیان بۆخراپترین شوێن برد وەک ئەوەی ئەمە ئاخیر ڕۆژمانبێت.

ئێوەچۆن دەتان زانی كەئێوە ناوتان خراپ ڕۆیشتوە؟

بەوەی كەزۆربەی ئەوانەی لەگەڵ ئێمەبوون ژنی گەنج بوون زۆربەشیان خێزان و كەسوكاری پێشمەرگە بوون، كۆكرابونەوە بۆنمونە شتێكی سەیر هەبوو بۆدەبێت ژنی كاك عەبدوڵا لەگەڵ ئێمەدا بێت ئەو مێردەكەی پێشمەرگەیە باوكی من پێشمەرگەیە كوڕەكەی پورە بەهێ پێشمەرگەیە گوڵاڵە خانێك هەبوو لەوێ لەگەڵ حەجاجدا بوو ئەویش مێردەكەی پێشمەرگە بوو هەموو ئەمانە كرابووین بەیەك قاعەدا پێیان دەگوت قاعەی پەنجاو پێنج لە دوبز .

ئەو گوڵاڵە خانە چۆنی لەگەڵ ملازم حەجاجدا بوو؟

ئەو گوڵاڵە خانە كچی ئافرەتێك بوو تۆزێك تەمەنی هەبووخوشكێكی تریشی لەگەڵدا بوو

دایكی ناوی چی بوو؟

دایكی ناوی بەهێ خان بوو خەڵكی بازیان یان تەكیە بوو دەیانگوت خەڵكی ئەولا سلێمانیە

خەڵكی سەنگاو بوو؟

بەڵێ وابوو ئەو هیچ كێشەیەكی نەبوو ملازم حەجاج خۆی دەیبرد دەیگوت بابێ ژورەكەم پاك بكاتەوە، من شایەتی ئەوەی بۆدەدەم كە ئەخلاقیەن هیچ كێشەكی نەبوو من ئێستا نازانم ئەو ماوە یان مردوە دایكی لەنوگرەسەلمان مرد، هەر خۆی و خوشكەكەی مانەوە دوایی ئەوان جیاكرانەوە لە ئێمە ئیتر نازانم چی لێبەسەرهات، ئێمە دوو قاعەی تر هەڵەبجەییمان لەگەڵدا بوو .باس لەوە كرا كە چۆن ملازم حەجاج دەیبرد .ئەو كچە كچێكی جوان بوو حەجاج دەهات دەیبرد دەیگوت وەرە ژورەكەم بۆ پاكبكەرەوە كەبەیانی سەعات نۆ دەیبرد هەتا حەوتی ئێوارە ئینجا دەیهێنایەوە جاری وابوو ئێوارە دەیبرد بەیانی دەیهێنایەوە ئیتر نازانم بۆچی بوو ئەو دەیگوت دەیبەم ژورەكەمی پێ پاك دەكەمەوە

بەڵام لەگەڵ ئەوانەدا ئەو ئافرەتێكی بێدەسەڵات بووە؟

بەڵێ منیش باسی ئەوە دەكەم نەیدەتوانی هیچ بكات , كە دەهاتەوە سەمون و خواردنی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

ئاسكەخان كەست بینی بەدەستی حەجاج بمرێت ناوی بزانیت بێجگەلەوەی كەباستكرد؟

بەبیرمدا نایات ئێستا، كاتێك كەبەربوین وتیان سەیری درگاكە بكە ئەمبەری سفرە نوسرا بوو ئەوبەریشی جەهەندەم، هەركەسێكیش بمردایە تا سێ شەوو سێ رۆژ لەسجنەدا بەتەنیشتمانەوە دەمایەوە هەمووگیانی دەئاوسا نەیان دەبردە دەرەوە دوایی ئەوەش كە دەریان دەكرد دەیان كردە سەربەتانیەك و ڕایان دەكێشا تەقەی سەری دەهات هەتا دەرەوە لە دەرەوەش سەگێكی ڕەش هەبوو ئەوە دەیخوارد منداڵیان گەورە بوایە ئەوان فرێیان دەدایە دەرەوە قەبریشی نەبوو.

من دەزانم نوگرەسەلمان خۆی ناخۆشترین شوێن بوە هیچ خۆشیەكی تێدانەبوە بەڵام ناخۆشترین دیمەن بەلاتەوە چیە كەهەرگیز بیرت ناچێتەوە؟

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم هەرگیز بڕیسێتیەكەی و تەعداو كێبڵەكەی نوگرەسەلمان و كێبڵەكەی لە تۆپزاوا لەكەركوك كەدایان لە عەلی هەرگیز لەبیرم ناچێت.

كەلەتۆپزاوا بردیانن بۆ دوبز ئێوە ئاگاتان لەمامۆستا عەلی نەما؟

بەڵێ ئاگامان لێی نەما كەئێمەیان برد بۆ نوگرەسەلمان خۆشی خۆشی گوتم؛ ئێستا ئەو بەربووە، بەڵام كەهاتمەوە مالەوەو ئێمە بەربووین، سەیردەكەم كەلاوە وێران و ڕەنج بێ وەر پیاو نییە

هیچ سۆراخێكی نییە بۆنمونە كەسێك هاتبێتەوەو بڵێت تائەوێ لەگەڵمان بوە؟

نا نەخێر ئەوەی لەگەڵیدابووە نەماوە

دەكەس لەكۆمەڵكوژی ئەنفال دەربازبوون حەوتیان گەرمیانین هیچ یەكێك لەوان ناوی مامۆستا عەلیان نەهێناوە؟ یان ئەوان هیچیان دەناسن ؟

نا نەخێر نەمان بیستوە ناوی بهێنن .وەکوناسینی ئاواش نایان ناسین تەنها لە ڕاگەیاندنەوە ناومان بیستوون.

بۆنمونە کاک واحید من سێ جار چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوە ناوی هەندێک کەس دەهێنێت کە لەگەڵیدابوون بەڵام ئەو گوتی لەبەر هەستی کەسوکاریان نابێت بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر کەسوکارەکان خۆیان بچن ئەو پێیان دەڵێت.

نا کەسیان لەنزیکەوە ناسین.

باسی گولیلکت کرد گوتت خەڵکی وارانی یە؟

بەڵێ ئەو خەڵکی وارانییەو میمزامەو دایکیشی خوشکی باوکمە

گولیلک خۆی ناوی پیرۆزە؟

ناوی پیرۆز نیە هەر گولیلکی ناوە ئەو ئەنفال بوو ڕۆیشت بەس دەڵێن ناوی لەبەڵگەکانی میصر هاتۆتەوە ئیتر نازانم .براکانیشی لەم دواییەدا سۆراخێکیان کرد تا ئێستاش هیچیان دەست نەکەوتوە ئیتر نازانین

ئێوە تاچەند باوەڕتان بەوە هەیە ژنی کورد برابێت بۆ میصر؟

ئەو حکومەتە هەموشتێکی لە دەست دێت چونکە ئەوەی ئێمە بینیمان لەوە خراپتریشی لەدەست دێت ئەوە هەرهیچ نییە.

کە لەنوگرەسەلمان بەربون بۆکوێیان ناردن؟

بردیانین بۆ سەماوە هەموگیانمان ئەسپێ بوو چڵکن و پیس و برسی و تونی بوین لەوێ وتیان خۆتان بشۆن و خواردنی باشیان پێداین و بۆماوەی هەفتەیەک لەوێ ماینەوە تۆزێک زیندوو بوینەوە دوایی پاسیان بۆهێناین و بەڕێگای سلێمانیەوە بردیانین بۆ سمود.(ناحیەی رزگاری ئێستا(

لەوماوەیەی لەسەماوە بوون لەوێ بەندینت پیشانی دکتۆر نەدا ؟

لەخۆشی ئەوەی کەدەیان گوت بەرتان دەدەین بیری دکتۆر و شتمان نەبوو پاشان ئێمە ئەوەندە برسی و پیس بووین هەرباس ناکرێت جلێک شەش مانگ لەبەردابێت دەبێت چۆن بێت دکتۆر هەر لەخەیاڵماندا نەبوو.

کاک شێرکۆ لەسەماوەوە بۆکوێیان بردن؟

لەنوگرەسەلمانەوە بردیانین بۆ سەماوە ,لەوێ هەفتەیەک ماینەوە لەوماوەیەدا سێ ژەمە خواردنی باشیان دەداینێ جگەلەوە هەموو ڕۆژێک لای بەیانی دەرزیەکی باریکیان لێمان دەدا لەقۆڵمانەوە دەرزی چی بوو نازانم بیناکەش بینایەکی نەخۆشخانەبوو کەئێمەی تێدابوین، لەگەڵ خواردنەکەدا زەڵاتەشیان دەداینێ دوایی هەفتەیەک هێنایانین بۆ کەرکوک دوایی لەوێوە بەچەمچەماڵدا بۆ سلێمانی

لایان نەدان بۆتۆپزاوا ؟

نەخێر هێنایانین بۆ سلێمانی بۆ یاریگای چواربا خ ئێستاش بیرمدێت خەڵک پارەی دەکردە ناو سەمونەوە فڕێیان دەدا بۆمان، خەڵکی سلێمانی خەڵکێکی کورد پەروەربوون دەیان زانی ئێمە ئەنفالکراوەکانین باوەڕیان نەدەکرد کەبەرمان بدەن ئەوکات بیست وپێنج دیناری و دەیی و پێنجی هەبوو دەیانکردە ناو سەمون و هەڵیان دەدا بۆمان.

دوایی پاسیان هێنا بۆمان هەرکەس خەڵکی کوێ بوایە بۆئەوێیان دەبردەوە ئێمەیان بردەوە بۆڕزگاری (سمود(ئێمە نزیکەی بیست پاسی بیست و یەک نەفەریەکان دەبووین

لەوێ هیچ مامەڵەیەکیان بۆکردن بۆپێدانی زەوی؟

نەخێر هەرخۆیان نەکرد بەساحێبمان و کەس لێی نەپرسینەوە، مالّی باپیرم لەوێ بوو ئەو ئێمەی بردەلای خۆی.

(ئاسکەخان لێرەدا گوتی(کاتێک لەرزگاری دایان گرتین باپیری منداڵەکان لەخۆشیدا هات بەرەو ڕومان لەسەر جادەکە قاچی کەوتە ناو مەنهۆڵێکەوەو قاچێکی شکا بەهۆی ئەوەوە لەجێدا کەوت و پاش ماوەیەک مرد

باپیری مەبەستت باوکی باوکێتی ؟

بەڵێ باوکی مامۆستا عەلی

کاک شێرکۆ تاچەند لەڕزگاری مانەوە ؟

ئێمە لەگەڵ مالّی مامم بوین لە مالّی باپیرم نزیکەی دووسالّ لەگەڵ ئەواندا بوین پاشان چوین بۆ کفری لەگەڵ مالّی باوکی دایکم دەژیاین .لەوێش نزیکەی دووسالّ ماینەوە، پاشان لە وان جیابوینەوەو چوینە خانویەکی (ئیدارە محلی(ەوە چونکە دایکم ببو بەکارگوزار لەنەخۆشخانە بە سەد دینار لەوێ

مودیرەکە بەدایکمی گوتبوو ئەو خانوانە بەتاڵە ئەتوانی بچیتە ئەوانەوە ئێمەش چوێنە ئەو خانوەوە.

ئاسکەخان تۆ هیچ ئیشێکی ترت نەدەکرد تەنها بەوسەد دینارە منداڵەکانت بەخێو دەکرد؟

بەداماوی لەگەڵ ئەوەشدا دەچوم جلم بۆ ماڵە دەوڵەمەند دەشوشت، بە تۆزێک ئارد، یان تۆزێک برنج نانیشم بۆ پێشمەرگە دەکرد .ڕۆژی وابوو فەردەیەک ئاردم بۆدەکردن بەنان لەو نانەش نانم دەدا بەمنداڵەکان ئاوا گەورەم کردن.

کە جلت دەشت بۆماڵان تەنها ئاردیان دەدایێ، یان پارەشیان دەدایێ ؟

نەخێر تەنها نیوکیلۆ ئارد یان برنج یان شەکر ئەوەی دەدامێ دەیگوت خوات لەگەڵ.

ماڵی دەوڵەمەند وەکو کێ ؟

من کارم بۆ مودیری نەخۆشخانەکە دەکرد ناوی بورهانی حەمەڕەشید بوو دوایی دەوام، کە لە ولادەبوین لەگەڵ ڕەیحان و سویبە پاشماوەی منداڵبونی ژنانمان پاکدەکردەوە لەگەڵ ئیشی ناو نەخۆشخانەکە تا دەوری سەعات سێ بە سەد دینار پاشان دەیبردینە ماڵەوە ماڵەکەمان بۆ پاکدەکردەوەو جلمان بۆدەشت بە نیو کیلۆ ئارد یان شەکر.

ئێستا ئەوکەسە هەر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیە؟

نازانم ئێستائەوبێت یان نا ئەو لەکفری بوو ئەوکات.

تۆ نانت بۆکۆمیتە دەکرد یان بۆبارەگای پێشمەرگە ؟

بۆکۆمیتەو بۆ بارەگای پێشمەرگە و. ....

ئەوانیش کرێی کارەکەتیان نەدەداو لەبەرانبەردا هەر نانیان پێدەدایت ؟

بەخوا ئیتر نانم بۆیان دەکرد ئەوانیش نانیان پێدەدام لەبەرخاتری منداڵەکانم بۆ ئەوەی نەمرن لە برسا.

من لەوە تێدەگەم کە تۆ لەبەرخاتری منداڵەکانت شانت داوەتە بەر هەموو کارێکی گران . بەڵام

هەقدەستت وەرنەدەگرت هەرنانیان پێدەدایت یان پارەشیان پێدەدایت ؟

ڕاستی هەقدەستیشیان پێدەدام بەڵام کەم بوو . دەیانگوت نانیش گلدەرەوە بۆ منداڵەکانت .

ساڵی چەند هاتن بۆسلێمانی ؟

ئیتر بەو نەگبەتی وداماوییە لە خانوویەکی خراپدا بووین باتانی بەدەمیەوە بوو، داماوبووین، دوای ئەوە ئەوسا وتیان منداڵەکانتان) پێویستی بە تەواو کردنە)

ئەوە کورەکەم بەندین ژنی هاوردووە، هەتا ئێستا یەک بەرپرس نەهاتووەتە ماڵمان پرسیار لەحاڵمان بکات وبزانێت وەزعمان چۆنە، بۆخۆشم سێ دانە ساڵە نەخۆشم و بەدەم دەردی شێرپەنجەوە دەنالێنم، جاری وا هەبوو لە خەستەخانەی هیوا د .هاژە داوای دوو بتڵی کیمیایی دەکرد، پارەمان نەبوو کوڕەکانم قەرزیان دەکردو دەچوون بۆ هەولێر کیمیاییان بە (١٠٠٠ هەتا ١٥٠٠)$دۆلار دەکڕی و دەیانهێناو دەیانکردە گیانمدا، ئێستاش یەک بەرپرس نەهاتووەتەلامان بڵێت بابزانین ئەم ژنی شەهیدە چ دەردێکێتی وچی پێویستە .

هیچ بەرپرسێک نەهاتووە؟

هیچ ، هیچ بەرپرسێک . زۆر نیگەرانم تەنها مامۆستا ئیکرامی بەپرسی مەڵبەندی حەمرین ومامۆستا محەمەد قایمقایمی کۆنی خورماتوو، مامۆستا تالیب ئەوەی لەڕەگەزنامەیە نەبێت. کەس لێی نەپرسیووین .لەدوای ئەم هەموو نەهامەتیەی وا بەسەرمان هات هەموویان هاوڕیی پیاوەکەم بوون کە مامۆستای شۆڕش بوو تێداچوو، خۆم ومنداڵم ئەنفال کراین وبردمانیان بۆ نوگرەسەلمان، نیگەرانم لە هەمووی لە یەکێتی ولە گۆڕان و لەهەمووی . هەیە دوو ڕۆژ زیندانی بووە ئیستا موچەیەکی باشیان بۆ بڕیووەتەوە .

زەویتان وەرنەگرتووە ؟

بەڵێ پارچەیەک زەوییان پێدا لە کفری فرۆشتم بە ٢٠٠٠ دوو هەزار دۆلار، دام بە ئاردو خواردن بۆ منداڵەکانم . ئەوە حاڵی ئێمە بوو .ئەوە هەموو یارمەتیەکەی حکومەت بووە بۆئێمە . (لێرەدا شیرکۆ قسەدەکات دەڵێت کاتی خۆی کاک مەحمود بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیان بوو، فشاری خستە سەرکاک دڵشادی بەڕیوەبەری شارەوانی کفری پارچەیەک زەوی پێداین نابێت ئەوە لەبەرچاونەگرین(

ئەی موچەی مامۆستا عەلی وەرناگرن ؟

بەڵێ مانگی ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینارە.

بۆچی مامۆستا بەشەهیدی سەنگەر تۆمارکراوە وا موچەکەی (٥٠٠٠٠٠(پێنج سەد هەزار دینارە ؟

بەڵێ بەشەهیدی سەنگەر تۆمارکراوە.

بەڵام تۆ وتت مامۆستا عەلی ئەنفالکراوە .؟
راستیەکەی ئەوکاتە کاک عوسمانی حاجی مەحمود بەشەهید تۆماری کرد، راستە پیاوەکەم ئەنفالکراوە بەڵام ئەو پێشمەرگە بوو، ئەوکاتە ئەنفال موچەی نەبوو، کاک عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆبوو، هاوکاری کردین، بەشەهیدی سەنگەر تۆماری کرد .
هەتا ئێستا تۆ گلەیی لە بەرپرسان دەکەیت، من رێز لەگلەییەکانت دەگرم بەڵام هەموو ئەوگلەییانەت لەبەرپرسانی حزب بوو لەبەرئەوەی دەتانناسن وهاوڕیی خەباتی هاوسەرەکەت بوون، من هیچ پەیوەندییەکم بە حزبەکانەوە نیە، ئەی گلەیت لە حکومەت چییە ؟
ئەوانیش هیچیان بۆم نەکردووە ئەشهەدو کە نەخۆش بووم وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون بڕی ٧٠٠٠٠٠ حەوت سەدهەزار دیناریان وەک ژنی شەهیدێک بۆم خەرج کردووەتەوە، مەمنونیانم .
بەڵام ئەوە ڕاست نیە بڵێیت هیچم بۆ نەکراوە، لەقسەکانتدا دەردەکەوێت پارچەیەک زەویت وەرگرتووە، موچەیەکیش وەردەگریت کەواتە تۆشتێکت بۆکراوە، من لێرە پارێزەری حکومەت نیم بەڵام دەبینم کەم وزۆر شتێکت بۆکراوە دەتوانیت بڵێیت زۆر کەمم بۆکراوە بەڵام ڕاست نیە بڵێیت هیچم بۆ نەکراوە !
ئەوەی بۆم کراوە دەبێت بکریت ئەوە خوێنی پیاوەکەمە.
من داکۆکی لەحکومەت ناکەم، من دەمەوێت هەڵەیەک ڕاست بکەمەوە کە دەڵێیت؛ هیچم بۆ نەکراوە، واتای ئەوەیە کەنە موچەت بۆ بڕاوەتەوە، نە زەویت وەرگرتووە .بەڵام دەتوانیت بڵێیت شتێکی کەمم بۆکراوە . ئەوەی وەری دەگرم کەمە لەچاو سامانی گشتی وڵات وئەو قوربانییەی داومانە ؟
بەپێی ڕەنج وماندوبون وئەوەی بەسەرمان هاتووەو مێردم شەهید بووە هیچمان بۆ نەکراوە .**ئەی مامەڵەی زیندانی سیاسیتان کردووە ؟**
بەڵێ کردوومانە . چوێنەتەلای حاکم و سوێندمان خواردووە .بەڵام ئێتر ئەوەش ڕوون نیە چۆن دەبێت وکەی دەبێت؟ .!

ئەی بۆ مامۆستا عەلی ئەو مامەڵەیەی زیندانی سیاسیتان کردووە ؟
نا ئەو شەهیدی سەنگەرە.
بەڵێ ڕاستە ئەو پیاوە شەهیدبووە، بەڵام ئەو زیندانیش کراوە، بەڵەوەی شەهید ببێت ئایا زیندانی نەبووە پێش شەهید بوونی ؟
بەڵێ زیندانی بووە.
کەواتە وەک هەر زیندانییەک دەتوانن مامەڵەی یاسایی بۆبکەن.
بەڵێ سوپاس ڕاستی ئەوەمان نەزانیبوو .
ئاسکەخان من دەزانم ئەگەرسەد کاسێتی ڤیدیۆ بۆ تۆ تەرخان بکەم، گێڕانەوەی مەینەتیەکانتان تەواو نابێت، ئەگەر بەریزتان شتێکی ترتان هەبێت باسی بکەن وئێمە بیرمان نەبووبێت ببرسین ؟
نەهامەتیەکەمان زۆر زۆرەو وەک خۆت وتت تەواو نابێت، دەستتان خۆش بێت، بەڵام برایا زوتربهاتنایە .
بێگومان دەبوو زوتر بهاتبایناید
دوای ٢٦ ساڵ لەوتاوان من چی بڵێم ؟
قسەکەت زۆر ڕاستە ئەم قسەیە بەرۆکی هەموو میدیاکارو نوسەرانی کورد دەگرێتەوە هەموومان لێی بەرپرسین .
ئەی من ژنە مامۆستایەکم ژنە شەهیدێکم ، پێمانخۆشە بێن سەردانمان بکەن، چایەکمان لەگەڵدا بخۆنەوە، منیش پێی دڵخۆش دەبم، منیش ئومێدێکم بۆ دەگەڕیتەوە، ئێستا کە ئەم قسانە دەکەم دڵم غەسب ئەکا لەسەرم کەپێتانی بڵێم، هەقی خۆشمە ئەم قسانە دەکەم و ئەم گلەییانە بکەم .ئەوهەموو قوربانی وهیلاکەتییە هەتا ئێستا کەسێک نەهاتووە بەڵامندا، ئەوەش بڵێم ئەمڕۆ تۆ لەسەر مێزێک دانیشتوویت دەبێت بەواسیتە بێم بۆلای تۆ .
هەموو قسەکانت ڕاست وجوانن بەڵام خالێک هەیە دەمەوێت بۆم ڕون ببێتەوە تۆ بۆچی بەخۆت دەڵێیت پاشماوەی ئەنفال ؟
ئەی ئێمە پاشماوەی ئەنفال نین ؟
نەخێر ئێوە پاشماوە نین ئێوە مرۆڤی مرۆڤی بەڕێزیشن.
بەخوا پاشماوەین ئەی ئەگەر پاشماوە نەبین ئاوا پشتگوێمان ناخەن.

ئاخر ئێوە پاشماوەنین، (پاشماوە، بەرماوە، پاشەرۆ)ئەو دەستەواژە نزمانە شایانی مرۆف نین .هەموو مرۆڤێک رێزی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە بەزمانێکی بەرز مامەڵەی لەتەکدا بکرێت چ جای ئەوەی مرۆڤێک ئەوهەموو قوربانییەی دابێت چۆن دەبێت بە پاشماوە بیناسین ؟

قسەکەی تۆش ڕاستە وایە.

مادام ڕاستە ئەگەر منیش یان هەرکەسێکی تریش واتان پێبڵێت دەبێت ئیوە ڕێگەی پێنەدەن بەو شێوەیە بێحورمەتیتان پێبکرێت . چ جای ئەوەی ئەو وشە نزمە لە خودی کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە بێت بۆخۆیان ؟

وایە ڕاستە

باپرسیارێکی تربکەم

بەڵێ فەرموو

پرسیارەکەم بەتەنیا بۆ تۆ نیە لەهەموتانە تۆ و منداڵەکانت و هەموو ئەنفالکراوان مەینەتی وبرسێتی زیندانی دوبزو نوگرەسەلمانتان بینیوە،خەڵکێکی زۆر کۆمەڵکوژکراوە یەکێک لەو سەدان هەزار کەسەی کوژران مێردەکەی تۆو باوکی منداڵەکانتە، پێتان چۆنە لە یادی ئەنفالدا تەنها ڕۆژێک خۆئەگەر بکرێت چەندین ڕۆژێک هیچ پەلەوەرو ئاژەڵێک سەرنەبڕدرێت، تەنانەت لە ماڵان و لە چێشتخانەکاندا ئەو ڕۆژە گۆشت نەخورێت، ئەمە وەک ڕێزگرتن لە هەموو زیندەوەرێک وەک پەرچەکرداری ئەوهەموو خوێنەی لەبەر کورد ڕۆیی وەک یادکردنەوەی ئەو برسێتیەی ئەنفالکراوەکان بینیان ؟

(هەموو پێکەوە) زۆر زۆر جوانە .

ئاسکە خان تۆ دەتوانیت بەڵێنی ئەوەم بدەیتێ کە لە ڕۆژی ١٤/٤ ئەگەر میوانیشت هات گۆشی بۆلێنەنێیت ؟

بەڵێ، بەڵێن بێت، من ڕۆژی چواردەی چوار هەرنیم من ئەو ڕۆژە پرسەمە، ئێمە بۆخۆمان لەیادی ئەنفالدا ئەو ڕۆژانە ئالای ڕەش بەسەرماڵماندا هەڵدەکەین، بەڵێ ئەو ڕۆژانە گۆشت ناکەین، بەڵێن بێت ئەو ڕۆژە خۆشەویسترین میوانیشم هەبێت گۆشتی بۆنەکەین.

کاک شێرکۆ ئەی بەریزتان هیچتان هەیە باسی بکەن ؟ جاربەجار قسەیەکتان کردووە لەم دیدارەدا چیت هەیە **بۆ ئەوەی کاتێک بۆ تۆ تەرخان بکەم ؟**

دەستتان خۆش بێت ڕاستیەکەی زۆرشتمان باسکرد، منیش هیچی وام نیە باسی بکەم هەرئەوەبوو کەوتمان.

دواپرسیارم ئەوەیە ڕاستە ئێمە ئەم دیدارە بۆ تەلەفزیون و ڕۆژنامە ئەنجام نادەین تەنها بۆ دۆکۆمێنت کردنە، بەڵام ئەگەر وا پێویست بوو بڵاوبکرێتەوە یان کەناڵێک داوای کرد چەند قسەیەک لەم دیدارە وەربگرێت؟ ئایا ئێوە قایلن بەوەی ئەم دیدارە یان گرتەیەک لەم دیدارەتان بڵاوببێتەوە ؟

هەموویان) ئاسکە، بەندین شیرکۆ(بەڵێ قایلین وبگرە پێشمان خۆشە .

دیدار لەگەڵ شێرکۆ

دوای ئەوەیی دیدارەکەمان لەگەڵ ئاسکە کەریم تەواو بوو، بەباشم زانی لەگەڵ شێرکۆی کوری قسەبکەم کە جارجار خۆی دەهاویشتە ناوقسەکانمانەوە،



لەیەکێک لە مداخەلەکانی باسی ئەوەی کرد کە چووەتەوە بۆ تۆبزاواو منیش ئەوەم بەڵاوە گرنگ بوو بۆیە یەکەم پرسیاریشیم هەر لەوبارەیەوە بوو: کاک شێرکۆ سەردانی تۆپزاوات کردۆتەوە ؟

بەڵێ سەردانمکردۆتەوە بەڵام نەمتوانیەوە یەتەواوی بچمە هەموو شوێنەکان،دەمەوێت سەردانی نوگرەسەلمانیش بکەم ئەگەر بارودۆخی ئەمنی

باشبێت لەڕاستیدا دەمەوێت لەگەڵ کەناڵێک یان کامێرامانێکدا بچم بۆئەوەی شوێنەکان وێنە بگرم .

هەرخۆت دەچیت یان دایکیشت دەبەیت ؟

حەزدەکەم ئەویش بەرم لەگەڵ خۆم .

چەند ڕۆژ لەتۆپزاوا مانەوە؟

دووشەو لەوێمایندوە

دوای تۆپزاوا بردیانن بۆکوێ ؟

بردیانین بۆ دوبز

بەچی بردیانن؟

بەسەیارەوەی کەبس بردینیانین هەر وەک سەیارەی (ئیسعاف) فریاکەوتنی تەندروستی وابوو

نەتزانی چ جۆرێک بوو؟ تۆیۆتا بوو یان شۆفرۆلێت ؟

نەخێر ئەوەیان نازانم.

ڕەنگیان چۆن بوو ؟

زۆربەیان سپی و سەوز بوون.

لەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعس لەوجۆرە سەیارانەت بینیوەتەوە؟

لەوشێوەو ڕەنگەم بەرچاوکەوتۆتەوە.

زۆر لەوکەسانەی کەبەو سەیارانە براون دەڵێن نەمان بینیوەتەوە، ئەگەر بینیتەوە ئەتوانیت وێنەی بگریت؟

بەڵێ بەس ئەو سەیارانە مۆدێلیان کۆنە بڕواناکەم ئێستا مابن، وەک ئەو سەیارانەی مۆتاو ساردەمەنی دەگوازنەوەو سەلاجەن ئاوا قەپات بوو تەنها دوو پەنجەڕەی بچوکی هەبوو یەکێک لەدواوە یەکێک لە پێشەوە دەتوانی شۆفێرەکە ببینیت دڵنیام تایبەتبوو بەسجن جا بۆئێمە بێت یان بۆ سجنی تر

جێگەی چەند کەس دەبۆو؟

خۆی جێگەی شەش بۆ حەوت کەس دەبۆوە بەڵام ئەوان بیست کەسیان تێدەکرد، ئەوان دەرگای دواوەی سەیارەکەیان دەنا بەدرگایی هۆڵەکەوە پڕیان دەکرد لەخەڵک بەبێ گوێدانە ئەوەی منداڵ بەجێدەمێنێت یان دایک، پڕیان دەکردو دەڕۆیشت لەبەر ئەوەی ئێمە لەیەک وون نەبین دایکم بەلەچکەکەی خۆی هەمومانی بەستبوو بەیەکەوە ڕایدەکێشاین.

لە تۆپزاوا پێیان گوتن دەتان بەن بۆکوێ وتیان دەتانبەین بۆ دوبز ؟

نەخێر ئەوان دەیان گوت بۆبەردانە هەرکاتێک بیان بردینایە، بۆ جێگایەک دەیانگوت ئۆردوگایەکمان (مجەمەع(بۆکردونەتەوە دەتانبەین بۆئەوێ.

کاک شێرکۆ چ دیمەنێکی تۆپزاوات قەت لەبیر ناچێتەوە؟

(بەگریانێکی زۆرەوە(ئەوکات تەمەنم دەسالان بوو باوکم بیرناچێتەوە ئێستاش هەر لە بەرچاومە کراسێکی شین وشڕوالێکی خاکی لەبەردابوو کەهاتن سەربازەکان بیبەن پێی گوتن یەک دەقە بۆستن هات بۆلای دایکم ٣٧٠ دیناری سویسری لەگیرفاندا بوو ٧٠ دینارەکەی هەڵگرت بۆخۆی و٣٠٠ دینارەکەی دابەدایکم گوتی بائەوەبەتۆ بێت ئاگات لەمندالەکان بێت . ئەودیمەنەم بەلاوە زۆرناخۆش بوو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە دوایی بردیان ئێستاش لەبەرچاومە خێرا خێرا ئاوڕی دەدایەوە بۆئێمە، هەمووگەنجەکانیان کۆکردەوەو بەچیچکانەوە دایاندەنیشاندن، هەرشتێکیان لەگیرفان بوایە دەریان دەکرد جگە لەپارەو تەسکەرەکە.

ئەو شتانەیان چی لێدەکرد ؟ کەلوپەلی هەموو ئەو خەڵکانەیان لەیەک شوێن کۆدەکردەوە؟

بەڵێ ساحەیەکی زۆر گەورە بوو

چەند گەورەبوو دەتوانیت بڵێیت وەک و چ شوێنێک دەبوو؟

بەقەدەر گەورەیی یاریگایی چواربااخ دەبوو بە (موکەبەرە(بڵندگۆی دەستی قسەیان دەکرد ئەو بڵند گۆیانە بەپیل کاردەکەن بەکوردیش قسەیان دەکرد چونکە دەیان زانی هەموی کوردەو زۆربەی عەرەبی نازانێت .بێگومان کوردیشیان لەگەڵدابوو، دەیانگوت پیاوەکان دەبەین دوو سەعاتێک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین و دای ئەوە ئازادیان دەکەین حکومەت باوکی میللەتەو ئێمە ئۆردوگامان کردۆتەوە بۆتان ,ئێمەشە لەلایەکەوە زۆردەترسین کە دەمانبینی گەنجەکان جیا دەکەنەوەو لەلایەکی تریشەو دەمانگوت ناکرێت ئەو هەمووکەسە بکوژن دەمانگوت لەوانەیە ڕاست بکەن.

منداڵی هاوتەمەنی خۆت کێت لەگەڵدابوو؟

کاروانی کوڕی کاک عەبدوڵام لەگەڵ بوو ئامۆزای باوکموهاوتەمەنی خۆم بوو، مالی مامە ئەحمەدی مەلاڕەشیدمان لەگەڵدا بوو، کوڕو کچەکانی ئەوانیش هاوتەمەنی من بوون.

کام لەمانە ئەنفالکراوەو نەهاتۆتەوە؟

ئەمانە هەمویان هاتونەتەوە، بەڵام هەیشە نەهاتووەتەوە، بەس ڕاستی بڵێم من نایان ناسم.

ئەنفال هەموو خەڵکی گرتووەتەوە، ئەوەی نەیدیبێ نازانێ چۆن بووە .

کەس هەیە لەسجن بوبێت بەهاوڕێت و ئێستا پەیوەندیتان پێکەوە مابێت مەبەستم هەر خزم و کەسە نزیکەکانی خۆت نییە، هەرکەسێکی تر جا گەرمیانی بوبێتیان خەڵکی شوێنێکی تر؟

ئێمە باسی تۆبزاوا بۆ دوبزمان کرد لەوێ هەر ئەوخێزانانەمان لەگەڵبووو. هەرپێکەوەبووین وزۆربەشمان یەکتریمان دەناسی، هێندە زەلیلکرابووین، هۆشمان بەهیچەوە نەمابوو، ئەوانەی پێکەوە بووین لەنوگرەسەلمانیش هەرپێکەوە بووین .

سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە

سوپاس بۆ ئێوەش کە هاتن و خۆشحاڵتان کردین .



مافی خاوەندارێتی

لەوەتای دەستم کردووە بەنوسینەوەی چیرۆکەکانی ئەنفال وهەڵسوڕانم لەم مەیدانە پێویست وگرنگەدا توشی زۆر تەنگژەو تەنگانە بووم، گێچەڵی لابەلاشم زۆر بۆدروست بوون، بەناهەق تۆمەتی بێبنەمام خراوەتە پاڵ، هەموویان ئازاریان داوم،بەڵام هیچ کام لەوانە هێندەی دزینی رەنج و ماندوبوون و بردنی ئایدیاو بیرۆکەکانم ئازاریان نەداوم، هەربۆیەش بەرانبەر زۆربەی زۆری ئەو ستەمکاریانە تارادەیەک بێدەنگ بووم بەڵام لەبەرانبەر دزەکانی وشە نا . کازیوە سالّح کە هەمیشە وەک مرۆڤێک رێزم گرتووە نەک وەک ژنێک ! دوای ئەوەی دەستی بۆ بردنی ئایادیاو بیرۆکەکانم برد، بەوتارێک بە ناراستەوخۆ ئاگادارم کردەوە کە ئەوەی نوسیوتە، هەڵەیە ویستم پێی بڵێم ئاگادارم کە هاتوویتە ناوباخەکەمەوە بەڵام دیار بوو ئەو تێنەگەیشت، بەڵکو هێندە ترسنۆکانە وەڵامی دامەوە شایانی بەزەیی بوو، وەڵامەکەی بەشێوەیەک بوو گوایە لەبەرئەوەی ژنە! من لەسەرم نوسیووە نەک لەبەرئەوەی دزە ! بۆیە لەوتاری دووەمدا وەڵامی باشتری لای منەوە وەرگرتەوە .

وتاری یەکەم

ئەفسوس .. تۆش بەهەڵەچویت

سەرنج و تێبینی لە مەڕ سەرنجەکانی کازیوە سالّح

عومەر محەمەد

٢٠١٥/٩/١٤ – سلێمانی

بەناونیشانی کۆنسێپتی 'ئەنفال' لە کۆنەستدا،[7] کازیوەصالّح کە ئێستا باسی دکتۆراکەی دەربارەی ئەنفالە بابەتێکی نوسیوە، سەرباری تێبینیەکانی دەستەواژەی واتاو ناوهێنانی ئەنفالی وەک کارەسات و هەروەها جینۆسایدی بارزانیەکانیشی بە ئەنفالی بارزانیەکان رەخنە کردووە.

زۆرم پێخۆش دەبوو کازیوەخان بە دیقەتتر بوایە و لە مێژووی تاوانەکاندا بەهەڵەدا نەچوایە و هەوڵو دنیابینی کەسانی تریشی نادیدە نەگرتایە، بەڵام بۆ نەیکردووە هێشتا ڕوون نیە، ئەو کە نوسێوێتی) **بۆ نموونە جینۆسایدی بارزانیەکان سێ (٣) سالّ بەر لە جینۆسایدی ئەنفال ئەنجامدراوە و پرۆسەکەش ناوی ئەنفال نەبووە، عەرەبەکان بەزمانی عەرەبی بە' آبادە' واتە پاکتاوکردنی بارزانیەکان ناویان هێناوە** (.بەهەڵەدا چووە، لەڕاستیدا جینۆسایدی بارزانیەکانیش زۆرلەجێی خۆیدا نیە، بۆچی ؟ چونکە بارزانیەکان وەک گروپێکی دەستنیشانکراو کەخەسڵەتێکی گرنگی جینۆسایدە، بەشێوەیەکی سیستماتیک مامەڵەیان لەتەکدا کراوە "کۆمەڵکوژییەکە تەنها پیاوان" یاخود نێرینەی لەتەمەنی ١٢ سالّییەوە بۆ ٧٠ سالّی گرتووەتەوە، دەنا نەژن ونەمندالّ وەک ئەنفال بەر هەڵمەتی کۆمەڵکوژییەکە نەکەوتن، بۆیە دروست کۆمەڵکوژی (پیاوانی بارزانی) لەجێگەی خۆیەتی نەک کۆمەڵکوژی بارزانیەکان.

تێبینی لەوە گرنگتر مێژووی تاوانەکەیە کە کازیوە تیایدا بەهەڵە چووە، چونکە کۆمەڵکوژی پیاوانی بارزانی ٥ سالّ پێش تاوانی ئەنفال بووە، بەدیاریکراویش لە کۆتایی مانگی تەموزو سەرەتای

7 بروانە هەردوو ماڵپەری پێنوسەکان و ماڵپەڕی جینۆساید کورد – ڕۆژی دووشەممە ١٤ی ئەیلول – ٢٠١٥

مانگی ئابی ١٩٨٣ بووە .[8] نەک (٣) ساڵ وەک کازیوە ساڵح نوسیوێتی !

بەداخەوە بێئەوەی ئاگاداری هەوڵی ئەوانی دی بێت دادوەری ئەوەی کردووە کە (هەموو) نەک (زۆربە) بێ ئاگان لەوەی کۆنسێپتی (ئەنفال) بەشێوەی بەجێ بەکاربهێنن، بەگشتی لەدیدی ئەودا هەموو لەسەر ئاستی فەرمی ونافەرمی وپرۆفیشنالدا تەنانەت لەلای تاکە کاراکانی بواری جینۆسایدیش، لەو بوارەدا نەشارەزاو نەزانن ! لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا نوسێوێتی : (**ئەوەی لەم وتارەدا هەڵمبژاردووە لە سەری بدوێم بەکارهێنانی کۆنسێپتی' ئەنفال' ە بە شێوەی نابەجێ لە هەردوو ئاستی فەرمی و پرۆفیشنالدا. وەکو بەکارهێنانی کۆنسێپتی ئەنفال بۆجینۆسایدی بارزانیەکان لە وتاری لایەنە سیایسەکان وتاکە کاراکانی بواری جینۆسایددا، هەتا دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵە لە لایەن دەزگا فەرمیەکانی تایبەت بە جینۆساید و کەسانی نووسەر و قوربانی...**)[9]بەراستی ئەوە ناهەقیە بەرانبەر کەمینەیەک لەناو ئەو هەمووەی باسی کردون وئاماژەی پێکردوون، ئەوەی بەڕێزی باسیدەکات و بەهەڵەی کوشندەی دەزانێت " کۆمەڵکوژی پیاوانی بارزانی بە (ئەنفالی بارزانیەکان)" بەشبەحاڵی خۆم زۆر دەمێکە ڕەخنەم کردووە (کۆمەڵکوژی بارزانیەکان قۆناغیک بەرلە ئەنفال) تازەترین کتێبی منە کە ئەمساڵ بڵاوکراوەتەوە . ئەم کتێبە وتارێکی درێژی من بوو کە ساڵی ٢٠١١ بە دوو بەش لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارەکانی (٧٥٦ و ٧٥٧) ڕێکەوتی ١٠ ی ئابی ٢٠١١و ڕۆژی دواتر (بەناو نیشانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بە ئەنفال ناوبەرین یان بەجینۆساید) بڵاوکراوەتەوە. بەداخەوە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەڵگەکان و ناوی قوربانییەکانی بە پاساوی ئەوەی بابەتەکە زۆر درێژە، بڵاونەکردبووە، بەڵام هەمان بابەت بەهەمان ناونیشانەکەی سەرەوە لە ساڵنامەی ئەنفالستان ژمارە (١٠) ناوی قوربانییەکان و بەڵگەکانیشیان جارێکی تر وەکو لێکۆلینەوەیەک بڵاوکراوەتەوە.

سەیر لەوەدایە کازیوەساڵح ساڵی(١٩٩٦ – ١٩٨٩) بەساڵی جینۆساید دەزانێ هەروەک نوسیوێتی : (**بۆیە هەمان نیاز و دەستکەوت بەر لە جینۆسایدی کورد کە بە ناوی ئەنفالەوە جێ بە جێ کرا لە نێوان ١٩٩٦–١٩٨٩لە لایەن سەدامەوە خرایە بەردەست شەڕکەرانی**) ئەگەر ساڵی ١٩٩٦ بەهەڵەی چاپ حساب بکەین و بەساڵی ١٩٨٦ بۆی حساب بکەین، ئەوا هەر هەڵەیە چونکە دەستپێکی تاوانی ئەنفال لەدوای مانگی ئازاری (١٩٨٧)ە و پەلاماری سەربازیەکانیشی لە ٢٢ی شوباتی ساڵی (١٩٨٨)وە بوون، وەک پێشتر ڕونم کردەوە کۆمەڵکوژی بارزانیەکان (٣)ساڵ پێش ئەنفال نەبووە ! بەڵکو (٥)ساڵ پێش ئەنفال ڕویداوە .

سەبارەت بە وشەی کارەساتیش بەدڵنیاییەوە کازیوەخان دەستپێشخەرنیە، بەڵکو لەپێش بەڕێزیانەوە و چەند ساڵێک پێش ئێستا وروژێندراوە، ئەگەر پێویستیش بکات زیاتر ڕوونی دەکەمەوە بۆیەکەمجار وەک بابەتێکی پیویست وگرنگ چۆن وکێ وروژاندوویەتی، زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەگەر ئەرشیڤیشیان نەمابێت ئەوا بیریانە. هەروەها لاپەرە ٤٤ی (دیدیکی نوێ بۆیادەکانی تاوانەکانی جینۆساید) ناونیشانی نامیلکەیەکی منەو ساڵی ٢٠١٤ چاپکراوە، لەو نامیلکەیەدا ڕونکردنەوەی زیاتری تێدایە، ئەوە جگەلەوەی بەشبەحاڵی خۆم ئەم بابەتە لەچەندین سیمناردا لەسلێمانی، چەمچەماڵ کەرکوک، گەرمیان، هەروەها لەبەرنامەکانی ڕادیۆو تیڤی باسم کردوون . زۆریش لە نوسەران وچالاکوانان پشتیوانم بوون و پەیرەویان کردووە، ئەمانەو لە ماڵپەڕی ئەنفالستان و گۆڤاری ئەنفالستان ڕامان گەیاندووە کە دەستەواژەکانی (کارەساتی ئەنفال وپاشماوەی ئەنفال) لە ئەنفالستاندا بڵاو ناکرێنەوە. [10]هەموو ئەم بابەتانە بەلگەن بۆ ئەوەی زۆر دەمێکە ئەم هەڵە کوشندەیە لە پێشتر ڕەخنەکراوە. بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە

8 بڕوانە کۆمەڵکوژی بارزانیەکان قۆناغێک بەرلە ئەنفال- عومەر محەمەد- ٢٠١٥

9 بروانە ماڵپەڕی جینۆساید کورد- کازیوە ساڵح کۆنسێپتی (ئەنفال) لە نەستدا

10 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ماڵپەڕی ئەنفالستان بەشی ئاگاداریەکان یان سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکە http://www.anfalistan.com/?page_id=294

جارێکێیان کە ئەم بابەتەی لە پێگەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک ڕەخنەکرد بوو، بەکۆمێنتێک بۆم نوسیبوو کەوا تۆمەتبارکردنی (هەمووان) بۆئەو بێدیقەتیە (لەجێی خۆی نیە) ئیدی کە کۆمێنتەکەمی بەهەند نەگرتووە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە بەڕیزیانەوە هەیەو بەهیوام بەو هەستەوە نەنوسرابێت کە بیروراو قسەی ئەوانی دی بەهەند نەگیرێن، هیوادارم کازیوە سالح بەو لۆژیکە نێر سالاریە نەینوسیبێت (مادام من هەم ئەوی دی کێیە) .

ووتارەی دووەم

کۆنسێپتەکەت بۆخۆت و مافی خۆم بۆ خۆم

عومەر محەمەد

٢٩ی ئەیلول ٢٠١٥ سلێمانی

خۆزگە مرۆڤ قسەی نزمی لێنەوەشایەتەوە! ئەوانەی خۆیان باڵا دەبینن، دەبوو ئاگاداری زمان و ڕەفتاریان بن، بەڵام کورد دەڵێت: (داری خۆزگە ڕواوە، بەڵام بەری نەگرتووە). عەیبە کەسێک خوێندکاری دکتۆرا بێت، دەربارەی جینۆساید، بەڵام ئینسانی لەلا بێبەها بێت! دان بەو هەڵەیەمدا دەنێم کە کازیووە شایانی ئەوە نەبوو ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێببگرم، بەڵام هەڵەم نەکردووە کە ناویم وەک ئینسانێک نەک وەک ژنێک خستووەتە تایتڵەوە، وەک بینیمان ڕەخنەلێگیراو بەهەڵەدا چووە، خۆی وەک جەستە بینیوە، نەک وەک ئینسانێک ! یاخود وەک کارەکتەرێکی ئەکتیڤ. (هەر کەس و شتێکی هات بە مێشکدا و بە دوای تێبیندا گەڕا ناوی ژنێک ئەخاتە تایتڵەوە و شتێک دەنووسێت) ئەوەی ناوکەوانەکە تێگەیشتنی باوێکی چەقبەستوو نیە بەڵکو هی کازیوە سالحی خوێندکاری دکتۆرایە، کە لەژێر ناونیشانی (ئەفسوس کە کۆمێنتی فەیسبووکیشت لێ ئەبێت بە وتار) [11] لە ماڵپەڕی پێنووسەکاندا ڕۆژی ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٥ بڵاوی کردووەتەوە.

نیشانەی فشۆڵی

کازیوە سالح، کە خۆی لەلابالاو خەڵکیشی لەلابچوکە، قیت وقنج هەستاوە بیرۆکەو تێکست و نوسینی منی دزیووەو هێشتا دەیەوێ قەرزداریشمان بکاتەوە، ئاخر ئەگەر ئەو نایزانێ زۆر کەس باش دەزانن، کەئەوەی ئەو باسی دەکات پێشتر من نەک هەرباسم کردووە، بەڵکو میدیای کوردیم بێزارکردووە کە هێندەی بڵێمەوە، لەمێژە نوسیومەو لە رادیۆو تیڤیەکان و سیمنارەکاندا دەڵێم هەموو نوسەران میدیا کاران، دادوەرو پارێزەرو چالاکانی بواری ئەنفال و جینۆساید و مافی مرۆڤ هەموو پێکەوە بەیەک نەغمە بە تاوانی ئەنفال دەڵێن " کارەسات و بە قوربانیانی ئەنفال دەڵێن " پاشماوەی ئەنفال" بەڵێ ئەمانە ئایدیاو بیرۆکەی منن و پێش من کەس باسی یاساغ کردن و بەکارنەهێنانی نەکردوون، ئێستاش کە کازیوە هاتووە، هەمووی پێچاوەتەوەو وەک ئایدیاوبیرۆکەی خۆی بەکاریان دەهێنێ و بەخەڵکیان دەفرۆشێتەوەو دەڵێت هەتا ئێستا کەس عەقڵی بەوە ناشکێ تاوان و کارەساتی سروشتی لەیەک جیابکاتەوە، ئەوە بەڕێزیشی عەقڵی پێی نەشکاوەو لەمنەوە فێربووە. سەیرە ! ناشڵێ جگەلە لەکەمینەیەک دەڵێت هەمووی ! کاتێک هەندێک سەرنجم لەسەری داوە هاتووە دەڵێت من بابەتی تۆم نەدیووە، بەڵام منیش دەڵێم راست ناکەیت چونکە پێشتر نوسیوتە (قسەو نوسینی هەموان) ئەی ئەگەر قسەو بابەتی هەمواننت گوێ لێ نەبووەو نەتخوێندووەتەوە چۆن حوکمت بەسەر هەموانداوە.

11 بڕوانە وتارەکەی کازیوە سالح http://www.penusakan.com/gshty/babaty-halbzharda/31165-2015-09-27-14-33-22.html

؟ چۆنت زانیوە کەهەموان نەزانن ؟ تکایە وەک مالّی خەلّک دەدزی بەگێلیشمان مەزانە .
کورت وکرمانج لە وەلّامی وتارەکەمدا خراپ شلّەژاوە، نەتوانیویەتی ڕێز لە ئینسان بگرێت، نەتوانییەتی داکۆکی لە خۆشی بکات. کەسێک، نامەی دکتۆرا هێندە گەورەیی پێنەبەخشێت خالّی بکاتەوە لەقسەی نزم، شایان نییە قسەی لەبارەوە بکەیت، دەنا کوا ڕەوایە ڕێزلێگیراو، جنێو ببەخشیتەوە! کەسێک هەلّە ڕاستکردنەوەی پێ جنێو بێت، هەر جنێویشی لێدەوەشێتەوە؟! بۆیە چەندی هەولّمدا بەزمانێک بنوسم لە ئاستی زمانی نوسینی ئەودابێت بۆئەوەی لێمتێبگات، بەلّام لەمەندە زیاتر نەمتوانی.
سەیرە هەتا توانیویەتی بە خۆپەرستی و خۆنواندنێکی زۆرەوە، هەولّی بچوککردنەوەی ئەوانی دی داوە! نازانم ئەم هەموو دلّڕەقی و خۆنواندنە بۆچی؟ بەلّام هۆی ترس و شلّەژانەکەی ڕوونە . هەژاری لەوە زیاتر چییە، خۆت بخەیتە لیستی پسپۆڕانی جینۆسایدەوە، کەچی لینکی بەلّگەکانت لێببێتە سیڤی! وتار وەک کۆمێنتی فەیسبوک ببینیت! وەک بلّێیت کۆمێنتی فەیسبوک، ئینسان نەینوسێت و شایانی بێڕێزی بێت! لە وتاری پێشوومدا، بەڕێزەوە، پێمگوتووە لە مێژووی ئەنفالدا هەلّەت کردووە، لەبەر ڕێزی خۆم، پێمنەگوتووە (دز)ی کردووە، بەلّکوو بەئاگام هێناوەتەوە کە دەستی بۆ مالّی خەلّک بردووە، کەچی خۆی لە وەلّامدانەوەم لاداوەو دەپرسێت: "کەی کورد فێردەبێت لەکاتی نووسیندا ماسولکەکانی نیشان نەدات؟" ئاخر سەلامەت بیت ئەوەی وتارەکەی من و وەلّامەکەی تۆ بخوێنێتەوە، دەبینێت کێ ماسولکەکانی نیشانداوە! کەس بەو زمانە نەیتوانیوە پەلکێشی شەڕەجنێوم بکات، چونکە لە مێژە تۆندڕەفتاریم تۆڕداوە، ڕۆژگار هیچی فێرنەکردبم، ئەوەی فێرکردووم ڕەفتاربەعسی نەبم و ڕێز لە ئینسان بگرم، پێموایە ئەمە سەرەتاییترین پرەنسیپە بۆ هەر کەسێک لە بواری جینۆسایددا کار بکات، (ئەمەش لە زانکۆ فێرنەبووم، لەناو ئەنفالکرواندا فێربووم) خۆ هیچمان لەدەست نەیەت بۆ قوربانیانی ئەنفال، لەدەستمان دێت ئینسانی دلّڕەق نەبین و یەکتریمان خۆشبوێت، هەر هیچ نەبێت ڕقمان لەیەکتری نەبێت، بۆیە هەمیشە ئەوانەی گێچەلّیان پێکردووم دۆڕاون، چونکە ناتوانم هەلّگری ڕق بم، ئەوەیە دنیابینی من، بۆیە ژنێک وپیاوێک، بڕوانامەداڕێکی دکتۆراو دەرچوویەکی (دووی سەرەتایی) لەکن من ڕێزلێگیراون، بەپێی ئاستی خوێندنیان نرخیان بۆ دانانێم.
بەکەم گرتنی کەسێک کە (دووی سەرەتای) خوێندبێت چ نەگبەتییەکە؟ قانعی شاعیر بە بڕوانامەی بلّند نەبووەتە شاعیرێکی گرنگ. مامەڕیشە لادێیەکی نەخوێندەواربوو، بە ئیرادەی خۆی چووە مێژووەوە، بەلّام خزمەتکارەکەی لیوا رکن (بارق حاج حنطە)ی ئەنفالچی، بڕوانامەی دکتۆرای هەبوو! سالّح بێچاری شاعیر، یەک ڕۆژ نەچووەتە قوتابخانە، بەلّام زۆرن ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆراو ماستەریان لەبەرکێدایەو بەقەد نیوەدێڕێکی ئەو، ڕوونناکی بە ئینسان نابەخشن، کەم نین ئەو ژنە ئەندازیارو مودەریسانەی بە بڕوانامەکانیانەوە بوونە کابانی مالّی موستەشارە نەخوێندەوارەکان! کەمیش نەبوون ئەو ژنە ڕۆشنبیرانەی زمانیان لە پرچیان درێژتر بوو، کەچی سەربەهەوێ هاوسەرگیریان کرد، بەلّام دەیان کچە گەریلا خوێندنیان تەواو نەکردووەو فەرماندەو ڕێپێشاندەرن.
هەق نەبوو پرکێشی ئەوە بکات دەرسم دابدات گوایە من نازانم جینۆساید چییە! چونکە دەزانێت، ئەگەر لەو شارەزاتر نەبوومایە شوێن پێی منی هەلّنەدەگرت، لەمنەوە فێرنەدەبوو کارەسات و تاوان لێک جودا بکاتەوە؟ ئەمە هیچ عەیب نییە، عەیب ئەوەیە نکۆلّی بکەیت، نەشارەزا ناتوانێت هەلّەی کەس ڕاستبکاتەوە. ئەو، کە ئایدیاو بیرۆکەکانی منی لەناو کتێب و نووسینەکانم دەرهێناوەو بۆ خۆی بردووەو بە زاراوەی ئینگلیزی قەبەو بە ئارایشتەوە، خستوویەتییە سەر ڕووپەری ڕۆژنامەو مالّپەڕەکان، بەلّگەی ئاستی شارەزایی هەردووکمانن. (بڕوانە کۆمێنتەکان ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٥ کاتژمێر ١٠ی شەو)
ئەو خاتوونە ئەگەر ڕێزی قسەی بزانیبایە ئاوا نەدەکەوتەهەلّەوە "لەبەرئەوەی کۆمەلّکوژی پیاوانی بارزانی ژن ومندالّیان لەگەلّدا نەبووە، ناچنە خانەی جینۆسایدەوە" (گوایە ئەمە تێگەیشتنی منە؟!) لەناو قسەناخۆشەکانیدا ئەمەیانی بۆ پێکەنین خراپ نەبوو، بەدحالّیبوونیش هەتا ئەو ئاستە! ئاخر

کەسێک شارەزابێت چۆن لەو ڕستەیەم تێناگات کە نووسیومە (چونکە بارزانییەکان وەک گروپێکی دەستنیشانکراو، کە خەسڵەتێکی گرنگی جینۆسایدە، بەشێوەیەکی سیستماتیک مامەڵەیان لەتەکدا کراوە).12

سەیرە! من بۆیە لینکی نووسینەکانی سااڵنی پێشوتری خۆم بۆداناوە بۆ ئەوەی تێبگات، کەچی ئەو لەبری ئەوەی پەنجەی خۆی بگەزێت، بەڵگەکانی لێ بووەتە (سیڤی خۆم!!) لە کاتێکدا ئەوانە بەڵگەن لەسەر بردنی نووسین و ئایدیاکانی من کە لە بەرچاوی خەڵک نکۆڵی لێکردووە، وا خۆی نواندووە کەسی تر هەستی بەم ڕاستیە نەکردووە، بەمەرجێک پێشتر من وخەڵکی تریش ئاگاداریان کردووەتەوە! (13) ئەم خەڵک (بە نەخوێندەوارو ئینشانووس) زانیە، کەسانێک پێشتر تاقییانکردەوەو خۆشبەختانە شکستیان هێنا، چونکە ئەوان هێندە لەنەرجسیەتی خۆیاندا ڕۆچووبوون، نەیاندەبینی خەڵکێکی خوێندەواری پەراوێزخراو لەپێشیانەوەن، بەبڕوانامەی بەرز ئەو کاتە بەهادارە کەخاوەنەکەی ڕێزی سااڵنی خوێندنی خۆی و ڕەنجی هاونیشتمانییەکانی بگرێت، نەک بیرۆکەو نووسینی خەڵک بەریت، کەچی لەکاتی ئاشکرابووندا لەبری بەخۆداچوونەوە بڕوانامەکەت بەرز بکەیتەوە (ئەگەر نکۆڵی بکات کۆمێتەکانی فەیسبوکی ڕابردوومان لەبەردەستن و بۆ مێژوو پارێستومن،14دەبوو وەڵامی ئەمەیانت بدایەتەوە، نەک شتێک کەپێویستم نییە.

بابزانین مەبەستی لەسیڤیەکەم چییە؟ (کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، بە ئەنفال ناوبەرین یان بە جینۆساید؟) ئەمە ناونیشانی بابەتێکی منە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ساڵی ٢٠١١ نووسیومە، ئەو کاتە ڕوونمکردووەتەوە کە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لەناو پڕۆسەی ئەنفالدا نەبووە، بەڵکو دۆسسییەکی جیاوازەو جینۆسایدێکی تر)، ئێدی خێرە لە ساڵی ٢٠١٥ دەڵێم بارزانییەکان جینۆساید نین؟ ئەمە بەڵگەیە کەچی لەبری بەخۆداچوونەوە هاتووە نوسیویەتی (پاشان کورد کەی فێر ئەبێت لە ژێر ناوی نووسین لە سەر کەسێکی دی، ماسولەکەکانی خۆی پیشان نەدات، ئەوەی لەم نووسینەدا بڵاوت کردوەتەوە سیڤی خۆتە، پەیوەندی بە من و نووسینەکەی منەوە چییە، من باسی کۆنسێپتم کردووە شتێکت لە سەر کۆنسێپتەکە هەیە، وەکو ئەوەی بە هەڵەی پێناسەت کردووە بیڵێ. نیشتە، سیڤی خۆت لە ژێر هیچ ناونیشانێکی نابەجێدا بڵاومەکەرەوە.) عەجایەب داوام لێ دەکات لەکۆنسێپتەکەی تێبگەم کەچی خۆی خوێندکاری دکتۆرایەو هێشتا ڕەخنەو جنێونامە، لینکی نووسین وسیڤی کەسی، وتارو کۆمێنتی فەیسبووک لێک جیاناکەتەوە.

شارەزاکە نوسیویەتی (باشە ئەگەر کەسێک خۆی چالاکەوانە ئەوەندە لە پێناسەی جینۆساید بزانێت من چیت وەڵام بدەمەوە؟) جارێ من چالاکەوان نیم و دەمێکە خۆم لەوانە جیاکردووەتەوە،کە هەموو شتێک دەکەن چالاکی نەبێت، ئەو ناونیشانە تۆ بۆت داتاشیوم، دەنا هێشتا هیچ ناونیشانێکم بۆخۆم دانەناوە. داوام لێنەکردووی وەلامی پێناسەی جینۆسایدم بدەیتەوە، تەنها لەو وتارەمدا ئاگادارم کردوویتەوە دەستبردن بۆ بیرۆکەی خەڵک، بەبێ ناوهێنان بەتایبەتی بۆ خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا عەیبە. نادیدەگرتنی توانای خەڵک و نکۆڵیکردن عەیبترە. مرۆڤ ئەگەر کارەکانی بخاتە ڕوو، چ عەیب و پاڵەوانبازییەکی تێدایە؟ مەگەر بێدەنگی لەناهەقیش بووەتە ئازایەتی؟ کوا عەیب بووە ئینسان لەمافی خۆی بەدەنگ بێت؟ ئەوە عەیبە مافی ئەوی دی پێشلبکەیت و نووسینەکانی بەریت و خۆت بکەیتە کەڕەی شەربەتفرۆش.

کاری من مەیدانیەو لە قوژبنە پەراوێزخراوەکاندا، لەناو قوربانییەکاندا، بەدەستم هێناون. بیرۆکەو ماڵی کەسم نەبردووە، لەهەر کوێیەک خوێندکارانی دکتۆراو ماستەر پێویستیان پێم بووبێت، هاوکاریان بووم، لە هیچ کۆڕو سیمنارێکمدا، نەبوومەتە گاڵتەجاڕو لەبەرقاپی هیچ دەزگاو کۆمپانیایەکیش نەکەوتووم، دەبوو ئەوە مایەی ڕێزو ستایش بێت، وەک کوردێک و وەک ئینسانێک، کە دەیەوێت لە بارەی جینۆسایدەوە لێکۆڵینەوە بکات. نەک

12 بروانە وتاری پێشووی من – ئەفسوس تۆش بەهەڵەچوویت http://www.anfalistan.com/?p=1999

13 بروانە کۆمێنتەکانی نێوانمان لەم لینکەی خوارەوەدا

14 هەمان سەرچاوەی پێشوو کۆمێنتەکانی نێوانمان

لەڕەنجیشی بەریت و نکۆلی لە بوونی بکەیت، ئەمە چیـیە، بڕوانـامەی دکتۆرامـان نیـیە! مەگەر فاشـییەت چیـیە؟ هەر نکـۆلیکردن لەبـوونی ئەوی تـر نیـیە؟ کەسێک ئەو قسانە دەکات کە بە بڕوانـامەی بەرزەوە کەمێک پەڕێـزی دیاربێـت، عەیـبە مـرۆڤ بەدەستی بەتاڵەوە ئاوا قسان بکات؟ ڕوونە، کەسانێک نەرجسی بـڕواننە ئینسـانەکان، بڕوانـامەی دکتـۆرا ناتوانێـت بـاری لاریـان ڕاستبکاتەوە، ئەگەر دکتـۆراو ماستەر بـۆبەرزکردنەوەی لـوت و نزمکردنـی هۆشیاری بێـت، ئەگەر بۆ دەوڵەمەندکردنی گیرفان وهەژاری زمان بێـت نەبـوونی هەزارجـار باشـترە. دکتـۆرا لەبـواری جینۆسـاید، ئەگەر بـۆ شکۆی ئینسـان و گەڕانەوەی شکۆی قوربانی نەبێـت، قسـەو کرداری دەرچـوویەکی دووی سەرەتایی زۆر بایەخدارترە. ڕەخنەگرتن ڕێزە، نەک پلار. بەهەڵەداچوون عەیب نیـیە، عەیـب ئەوەیە خـۆت لەوە گێـل بکەیـت ئەوەی تـۆ باسـیان دەکەیـت پێشتر ڕاسترو باشتر باسکراون، نەک وا پیشـانبدەیت کەس جگە لە تۆ نەیزانیون و باسی نەکردوون.

بەڵـێ، کۆمەڵکـوژی پیـاوانی بـارزانی ٥ سـاڵ پـێش تـاوانی ئەنفـال بـووە، نەک (٣) سـاڵ، بەڵام ئەو کە جەختدەکاتەوەو دەنوسێ : (نەخێر بەڕێـز جەنابت بە هەڵەدا چوویت، چونکە ئێوە سەیری جینۆساید تەنها لە جینۆسایدی فیزیەکیەوە ئەکەن، خەڵکی پسپۆڕیش لە کارابوونی بڕیارەکەوە هەتا کۆتایی هاتنی تەواوی دەژمێرێـت، سـەیری هەمـوو جۆرەکـانی و فۆرمەکـانی جینۆسـاید ئەکـات، مـن باسـی ئەنفـالم ١٩٨٦–١٩٨٩ کـردووە، وە وتـوومە بارزانییەکـان لە (١٩٨٣)دا جینۆساید کراون ونێـوان ٨٣ و ٨٦یـش (٣) سێ سـالە نەک (٥) پێـنج.) بێگومـان دیسـان بەهەڵەدا چـووە چـونکە لەنـاوبردنی فیزیکـی لایەنێکـی جینۆسـایدە، ئەگەر هەموو فۆرمەکانی جینۆساید بێنینـە پێشـەوە، ئەوا جینۆسایدی کوردان لە باشور، دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵی ١٩٦٣ نەک ١٩٨٦، بیـرۆکەو دەسـتپێکی تـاوانی ئەنفال، دەگەڕیتەوە بۆ ٢٩ی ئازاری سـاڵی ١٩٨٧ نەک سـاڵی ١٩٨٦، ئەگەر قسـە لەسـەر خەیـاڵی دەسـەڵاتدارانی دەوڵەت بێـت، ئەوا لەدروست بـوونی دەوڵەتی عێـراقەوە، ڕیشەکێشکردنی کورد خەونێکی لەمێژینەی شۆڤێنیزمی عەرەبییە.

ئەو، کە نکۆلی لەبوون و شارەزایم دەکات، با بزانین چ داوایەکـی لـێم هەیە نوسـیوێتی: (دەپرسـم ئـایە وتارێکـت لە سـەر کۆنسـێپتی "بە کسـیکردنی مێـژوو" دەنووسـی تـۆش وەکـو بێگانەکـان دەتگـووت کە کۆنسێپت وئایدیای نـوێ ئەهێنـتە بـواری لیترچەری جینۆسـایدەوە؟) ئەم دوو دێـرە بەو هەمـوو هەڵە دروستنووسی و ڕێنووسەیەوە جێی بەزەییە، هەر بۆ ئەوەی بڵێیت بـە زمـانێکی بـاڵا دەنووسم، وشـە ڕیـز بکـەیت. ئـەزموون دەریخستووە، هەنـدێک لـەو نـاوە قەبانـەی دەنووسـن، هێنـدە مەبەسـتییانە قەبـە بنووسن، هێندە فیکر و زانیاریان نییە، خەوشی هـیچ پێنـەبوون بـە تێئـاخنینی وشـە و دەستەواژەی بیـانی پڕدەکەنـەوە. وەک ئەوەی لەسـەرەوە نووسـیویەتی، بـۆم ڕوون نیـیە مەبەسـتی "بەکەسـیکردنی مێـژوو"ە، یاخود بە "بەکەیسکردن"؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا، من ئەوە بۆ "خـاوەنی دکتـۆراکە بەجێدەهێڵم، دۆکۆمێنت وکاری مەیدانیش بۆ من.

خۆزگە ڕەخنەلێگیراو بەهێمنـی گفتوگـۆی کردبـا، هەر ئەوەشە (جیاوازی نێوانمان). مـادام ئەو گفتوگۆناکـاو جنێو دەدات، ئیدی قسە بەهـای نابێـت، مـن ئامـانجم گەیانـــدووە کە ئاگـــادارکردنەوەی بـــووە لەو دەستدرێژییە.

بەڵـێ، جەخـت دەکەمەوە (نـاوبردنی بارزانییەکـان بە ئەنفـال و نـاوبردنی تـاوانی جینۆسـاید "ئەنفـال وکیمیابـارن" بەکارەسـات، نـاوبردنی کەسـوکاری ئەنفـال بە پاشـماوە) (اکتشـاف)ی بەرێزیـان نیـیەو ناتوانێت ببێتە خاوەنیان، چونکە پێش ئەو نوسیومن و لینکەکانم وەک بەڵگە بۆ داناوە، گوناهی مـن نیـیە کە بەسیقی خۆم تێگەیشتووە. مـن دەرگـای ئەم باسـە دادەخەم (مەگەر لە ئاسـتێکی بـاڵادا بێـت، یـان زۆر ناچـار بکـرێم)، چـونکە تێگەیشـتنم وایە دڵڕەقـی و شکاندنی بەرانـبەر، هیچـی لێشـین نابێـت نەگبەتـی نەبێت. ئیدی بڕوانامەی دکتۆراو کۆنسیپتی خـۆی بـۆ خۆی و مافی خۆم بۆ خۆم.

ئەمیری حەسەن پور، زمانناسی بەناوبانگی کورد کۆچی دوایی کرد



روناکبیرو زمانناسی گەورەی کورد، ئەمیری حەسەنپوور رۆژی شەممە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٧ لەوڵاتی کەنەدا لەتەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی و کردو بۆهەتاهەتایە دڵەگەورەکەی لەلێدان کەوت .

ئەمیر حەسەنپوور مرۆڤێکی باڵاو کەسایەتیەکی دەگمەنی کورد بوو، دیارترین نووسەر و تیۆریسەنەکانی کوردە لە بواری زمانناسی و مەدەنیەت و ناسیۆنالیزم و جێنۆساید شارەزایەکی بێ وێنە بوو، هەمیشە وەک چەپێکی نەتەوەیی بڕوای وابوو دەبێ ناسیۆنالیزمی کوردی بە دیدێکی رەخنەییەوە پێداچوونەوە بە پێکهاتەی خۆیدا بکات چەندین دیدارو بابەتی گرنگی دەربارەی جینۆساید بەگشتی وئەنفال وهەڵەبجە وەک جینۆساید ئەنجامداوەو نوسیوە. یەکێکە لە تیۆردارپێژەرە هەرە دیارەکانی زمانناسی کە چەندان تێز و نامە و توێژینەوەی لەسەر زمان و چەمکەکانی، نەتەوە و دیموکراسی و مەدەنیەت و جینۆساید نووسیوە.

حەسەن پور لەبنەڕەتەوە خەڵکی شاری مەهابادی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەو ساڵی ١٩٤٣ هەر لە شاری مهاباد لەدایک بووە. بەکالۆریۆسی زمانی ئینگلیزی لەزانکۆی تاران بەدەستهێناوەو لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٦ – ١٩٧٢ هەردووک تێزی ماجستەر و دکتۆرای لەسەر زمانناسی لەهەمان زانکۆ پێشکەشکردوە.

لەساڵی ١٩٨٩دا لە بەشی زمانناسی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هاوچەرخی کەنەدی دکتۆرایەکی تری لەو وڵاتەدا لەژێر ناونیشانی "هۆکاری زمان لە گەشەکردنی نەتەوەدا – ستاندارد کردنی زمانی کوردی" بەدەستهێنا.

لە زانکۆکانی وێندسۆر، کۆنکۆردیا، تۆرنتۆ، ماموستای وانەبێژ بووە و لێکۆڵینەوەی لەسەر جۆرەکانی ڕەخنە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ناسیۆنالیزم و جینۆساید بڵاوکردووەتەوە، هاوکات چەندان وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاشتی، مافەکانی مرۆڤ، ستانداردکردنی زمان نووسیوە و ئەندامی کۆمەڵەی ئاشتی نێودەوڵەتی بوو.

بەمەرگی ئەم بیرمەندە مرۆڤایەتی لێکۆڵیارێکی مەزنی لە بواری مافی مرۆڤ و جێنۆساید لەدەستدا.



ئەنفالستان بخوێنەرەوەو هاوکاری مادی و مەعنەوی بکە

بێ تەعلیق

سەید ئەحمەد سەید حمەلاو :

هەست دەکەم من زاڵبووم بەسەر چەکی کیمیاییدا، من ئەوم تێکشکاندووە. نەمهێشت ئەو تێکم بشکێنی و زەفەرم پێبەرێت.



دیمانە لەگەڵدا کراو: سەید ئەحمەد سەید حمەلاو
دیمانەساز: عومەر محەمەد قادر
رێکەوتی : ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤
کات: ١١ی پێشنیوەڕۆ
شوێن : سلێمانی ماڵی سەید ئەحمەد
وێنەگر : ئاوات عەلی شەریف
هاوکار : ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو

بەرلەوەی بچینە ناودیمانەکەوە ئەوەمان بەکاک سەید ئەحمەدە راگەیاند کە ئەم دیدارە بۆ تەنها بۆکاری دیکۆمێنتاری و هەڵگرتنێتی بۆ مێژوو، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دیمانەلەگەڵ کراو پێشوەخت ئەوەی لەلارون بێت کە خۆی لەبەرانبەر کامێرای کەناڵێکی تیڤی دانەنیشتووە، لەدیدارەکانی ئێمەد هەندێک جوڵەی پێویست قەدەغەنین تەنانەت چاخواردنەوەشی تێدا ئاساییە، ئەمە بۆ هەموو دیمانە لەگەڵ کراوێک ڕوندەکەینەوە، کە ئامانج لەم تۆمارکردنە هێشتنەوەی چیرۆکی تاکە کەسێک و مێژووی میللەتێکە، بەڵام ڕێگریش نین لەوەی سبەینێ کەناڵێکی تەلەفزیونی یان سینەماکارێک یاخود هەرکەسولایەنیک بۆکاری دیکۆمێنتاری سودی لێوەربگرێت، بێگومان ڕەزامەندی خۆشیان وەردەگرین . ئەوەی لەم پێشەکییەدا بەکاک سەید ئەحمەد حەمەلاوم وت : ئەم دیدارە بۆ بەشی دۆکۆمێنتاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی سلێمانیە بەو هیوایەی بتوانین لەلای خۆمان بیپارێزین یاخود ئەگەر سبەی ئەرشیفێکی نەتەوەیی یاخود ئەرشیفێکی نیشتمانی دروست بوو کۆپی کارەکەی خۆمان و تێکۆشان وقوربانیدانی بەرێزت ببەخشینە ئەو ئەرشیفەش، بەو مەبەستەی هەم چیرۆکی تاکەکەسێک وهەم مێژوی میللەتێکیش نەفەوتێ. ئێمە ئەمڕۆ بەرێزتان هەم وەک پێشمەرگەیەک کەلەدژی دەوڵەتی ستەمکار جەنگاویت وهەم وەک بەرکەوتوویەکی چەکی کیماوی دەدوێنین و دەرفەت دەدەینە بەرێزتان چیرۆکی خۆتان بگێڕنەوە لەکۆی دیدارەکەمان بەرێزتان وەک سێ کارەکتەر دەدوێنین یەکیان وەک هاوڵاتییەکی کورد کە پێش تاوانی جینۆساید واتە پێش ئەنفال وکیمیاباران چۆن ژیاون و دوای ئەنفال وکیمیاباران چۆن دەژین، دووەهەم وەک پێشمەرگەیەک وسێهەم وەک کەسێک کە بەرچەکی کیمیایی کەوتویت . دیدارەکەمان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەم سێ تەوەرە دەخولێتەوە.

بەرلەوەی یەکەم پرسیاری دەربارەی ناوی خۆی و خۆناساندنی لێبکەین سەید ئەحمەد بەشەوقەوە سوپاسی کردین، ئەو هەرچەندە پیاوێکە لە ناوەراستی سەدەی رابووردووەوە لە تێکۆشاندابووەو باوکی ٩ منداڵەو ئێستا هەموویان پێگەیشتوون، سەرباری ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانیشی لەئەستۆبووە خۆشبەختانە هەمویانی بەسەرکەوتوویی پێگەیاندووە و ئێستا هەموویان خوێندنیان تەواوکردووەو هەریەکەشیان ئەرکێکی نیشتمانی گرنگی لە ئەستۆیە. سەرباری ماندووبوونیشی هێشتا وەک کادرێکی چالاک وبەئەزموون لە کۆڕی تێکۆشاندا دەردەکەوێ وبە نەغمەیەک قسەی بۆ دەکردین کە هێشتا لە هەڕەتی لاوی خۆیدایە .

پاشئەوەی خۆمان ناساندو پێمان ڕاگەیاند کە لەبەشی دۆکۆمێنتاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازدەکەین کاک سەید ئەحمەد: سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی و گوتی

ئەرکێکی قورستان گرتووەتە ئەستۆ شانازییەکە بۆ بەرێزتان و بۆ ستافەکەتان و بۆ ئەوبەشەش کەکاری تێدادەکەن، هەروەها شانازییە بۆمیللەتەکەشمان. کە ناهێلن مێژووی نەتەوەیەک وخەباتی نەتەوەیەک و مێژوی خەباتی کەسایەتیەکانی نەتەوەیەکیش وونببێت، کەبەدرێژایی چەندین سەدە لەژێر هەڕەشەی لە ناوبردن و کوشتن و نیری چەوسانەوەو زۆرداریدا نالاندویەتی، دەتوانم بڵێم خەباتی ئێوە زۆر قورسترە لەخەباتی ئێمە کە لەپشتی چیاکانەوە کردومانە کە ئەوکاتە ئەم پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایە نەبووە، ئەگەر کەسێکی دڵسۆزی وەک ئێوە نەبێت ئەوەی ئێمەش لەپشتی کێوەکان و لە شاخەکان کردوومانە رۆژێک دێت دەفەوتێ و لەبیر دەچێتەوەو نەوەی داهاتوو هیچی لەبارەوە نازانن . وەک بەرێزتان وتان پێموایە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی کە لەئەرشیفدا بمێنێتەوە ئەوە ئەرکێکی گەورەو مێژوویییەو سوپاسیشتان دەکەم.

سوپاس بۆ بەریزتان کەواتە با دەست پێبکەین و سەرەتاوە لە ناوی سیانی خۆتەوە دەست پێدەکەین .

ناوم ئەحمەد سەید حەمەلاو مستەفا فەقێ ئەحمەد مەلابەکری . بەڵام بەسەید ئەحمەد ناسراوم وئەگەر پێم نەڵێن سەید ئەحمەد هیچ کەسێک نامناسێت . تەنانەت خزمە نزیکەکانی خۆشم.

زیاتریش بە سەید ئەحمەدی ماوەت ناسراویت ؟

بەڵێ راستت فەرموو .

تەمەنت چەندە، مەبەستم ئەوەیە ساڵی چەند لە دایک بوویت ؟

لەدایک بووی ١٩٤٩م .

بە وردی دەزانی یان وەک داب ونەریتێکی لادێ نشین، هەرخەمڵە و دەڵێن کەوا لەوساڵەدا لەدایکبوویت؟

نەخێر ڕێک وتەواو لە ساڵی ١٩٤٩ لەدایک بووم . بەڵام ئەوەیان کە دەڵێن پایز بووە یان زستان زۆر روون نییە دەنا ساڵی لەدایکبوونەکەم تەواوە.

ئەوکاتەی تۆ لەدایک بوویت مانگی باوکت لەکوێ بوون ؟ یان بابڵێم تۆ لەکوێ لەدایک بوویت ؟

لەماوەت .

چەند خوشک وبرات هەبوون ؟

نۆ براو حەوت خوشک بوون .

ئەگەر زەحمەت نییە ناوەکانیانم پێبڵێیت ؟

بەڵێ حاجی سەید حەمەئەمینی برام ئەوە براگەورەمان بوو. شێخ عەبدولڕەحیم، شێخ ئەبوو بەکر، شێخ نوری ، سەید ئەحمەد خۆم، مەلاسەید گوڵ، شێخ تەها، شێخ عەتا، شێخ کەریم. خوشکەکانیش ئایشە، خەدیجە، ڕەحمە، فەیمە، سەبری و نەسرین، سەبرییەک و یەکێکی تریش وەفاتیان کردووە.

وەک گوێم لێ بوو زۆربەی براکانت نازناوی شێخیان پیوەیە بەڵام خۆت سەیدت پێوەیە بوچی براکانت شێخن و خۆت سەید ؟

تێکەڵێن لەبەرئەوەی ئێمە سەجەرەیەکمان هەیە، زۆربەی کەسایەتیەکانی ئاینی ئەو سەجەرەیان مۆرکردووە ئیستا لای کاک شێخ تاهیری برازامە. بەوپێیەی ئەو کۆڕی براگەورەیە. بەپێی ئەوسەجەرەیە ئێمە دەچینەوە سەر پیرخدری شاهۆ، دەڵێن ئێمە سەیدین.

ئەوکاتە ماوەت ناحێ بووە یان هەر گوند بووە ؟

ئەوکاتەی من لەدایک بووم ماوەت ناحێ بووە. ماوەت زۆر پێش لەدایک بوونی من ناحێ بووە، تەنانەت لەپێش بابانییەکانەوە ئیدارەیەکی تێدا بووە کە سەر بەئەمارەتێک بووە کەلەسەردەشت دانیشتووە . لەسەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەوە کەئەمارەتی بابان دروست بووە لە ماوەت بووە کەدواتر نانرا ئەمارەتی بابان مەبەستم ئەوەیە بڵێم پێش ئەوەی پایتەختی ئەمارەتی بابان بچێتە قەڵاچوالان لەماوەت بووە واتا یەکەمجار پایتەختی بابان لەماوەت بووە . حسێن نازم بەگی بابان لەکتێبەکەیدا (مێژووی میرایەتی بابان) دا ئاوا لە ماوەت دەدوێ : (ماوەت لەپێش ساڵی ١٦٦٤ میلادیدا جۆرێک لە حوکمداری تێدابووە، حوکمدار " ئەسکەندەر بەگی کوڕی خان خان ئیسماعیلی سوڵتان" حوکمی ماوەتی کردووە ماوەتیش سەربە حوکمدارێتی بانە بووە) ساڵی ١٦٦٤ – ١٦٦٥ لەلایەن " خان بوداق کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە" کۆتایی

بەدەسەڵاتداریێتی ئەسکەندەر بەگ هێناو ماوەتی کردووە بە جێنشینگای خۆی هەتا ساڵی ١٦٧٠) واتا ماوەت لە ساڵی ١٦٦٤ تا ساڵی ١٦٧٠ پایتەختی ئەمارەتی بابان بووە ولە ساڵی ١٦٧٠ وە گواستراوەتەوە بۆ قەڵاچوالان .

هەرچەندە پرسیارەکەی من هی شوێنی لەدایکبوونت بوو بەڵام باتا زە ئەوپرسیارەش بکەم بەبیری منداڵی تۆ ئەوکاتە ماوەت چەند ماڵ دەبوون ؟

نزیکەی ٢٠٠ ماڵ دەبوون لەوە تێپەڕی نەدەکرد . رۆژنامەی پێشکەوتن لە ژمارە (١٨)ی ١٩٢٠/٨/٢٨ نوسیوێتی فەخری بەگ مامور ماڵییەی ماوەت بووە. کەواتە بەم پێیە دەردەکەوێت کە لە پێش ساڵی ١٩٢٠ وە قوتابخانەی تێدابووەو ناحێش بووە .

خانوەکانی ئەوسای ماوەت چۆن بوون ؟

سەرجەمی خانووەکان دوو نهۆم بوون پێیان دەگوت سەرخان وبن خان، سەرخان ماڵەکانی تێدا بوون وژێرخانیش بۆ ئاژەڵ وزەخیرەو هەندێک جار کادێنیشی تێدابوو.

لە کاتی منداڵی تۆدا چەند ماڵ دەبوون ؟

ئەها کاتی منداڵی من دەڵیی؟ ئەوکاتە نزیکەی ١٢٠ ماڵ دەبوون .

هەرلە ماوەت چویتە قوتابخانە ؟

بەڵێ هەرلەوێ چومە قوتابخانە .

کەواتە لەسەردەمی منداڵی هاوتەمەنی تۆوە، ماوەت قوتابخانەی تێدابووە .

بەڵێ زۆر لەپێش سەردەمی منیشەوە ماوەت خوێندنگای تێدابووە . لەسەروەختی براگەورەکانیشمەوە کە لەدایکبووی ساڵانی ١٩٣٢ و١٩٣٤ بوون چونەتە بەرخوێندن بەڵام بە ڕێکی ناتوانم بڵێم لە چ ساڵێکەوە خوێندنگای تێداکراوەتەوە .

لەسەردەمی منداڵی ئێوەشدا هەر بەشەش ساڵی دەخرانە بەرخوێندن یان زیاتر ؟

نا لەتەمەنی حەوت ساڵیدا دەخرانیە بەرخوێندن .

هەر تۆخرایتە بەر خوێندن یان هەموو خوشک وبراکانیشت چوونە بەرخوێندن .

وەکو ماڵی خۆمان هەموویان چونە بەر خوێندن جگەلە کچەکان.

هۆکاری نەچونی خوشکەکانت بۆ بەرخوێندن چی بوو ؟

لەبەر ئەوەی ئەوکاتە عورفی کۆمەڵایەتی داب ونەریت زۆر ڕێگەی نەدەدات کچ بچیتە بەر خوێندن . ژیان وکاروباری کشتوکاڵیش هۆکار بووە، کاری کشتوکاڵیش هەمەلایەن و گشتگیرە ئیتر ژن وپیاوو منداڵ دەبێت پێیەوە خەریک بن. هۆکارەکەی کاری کشتوکاڵی بووە دەنا براکانم هەموویان چونە بەرخوێندن .

چەندیان بەهۆی خوێندنەوە پێگەیشتوون و بوونە خاوەنی وەزیفەو ناوێکی دیار ؟ بۆنمونە مامۆستایەکی بەناوبانگ یاخود کارمەندێکی بەناوبانگی دەوڵەت ؟

کەسیان بەڵام هەموویان خوێندویانە براگەورەکەم سەید حمەئەمین هەم لە مەکتەب خوێندبووی و هەم لەحوجرە خوێندبووی پێش نویژی دەکرد، بەڵام بەبێ بەرانبەر. پیاوێک بوو لەبواری ئەدەبیاتیشدا زۆر شارەزا بوو، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی حافزو سەعدی و خیام و شاعیرە کلاسیکیەکانی خۆشمان وەکو نالی ومەحوی وپەوانە شارەزاییەکی باشی هەبوو . شێخ ڕەحیمی برام پۆلیس بوو، شێخ بەکری برام کادیرو پیاوێکی شۆڕش گێربوو، بەدرێژایی تەمەنی هەر پێشمەرگە بوو، سالی ١٩٦٧ هەتا ١٩٧٠ لەسەردەمی جەلالییەکاندا بەرپرسی سەندیکای کرێکارانی جگەرەبوو لەکارگەی توتن پاککردنەوە لە سلێمانی. ئێستا کۆچی دوایی کردووەو لەژیاندا نەماوە . براکانی تریشم هەریەکەیان بە ئیشێکەوە سەرقاڵ بوون . مەلاسەی گوڵ ئێستا ئیمامە لەمزگەوتی قازی محەمەدە، ئێ منیش ئەوە دەمناسیت پێشمەرگە بووم.

بێگومان تۆ ناوێکی دیارو پێشمەرگەو خەباتکارێکی دێرینیت ئێمەش قسەمان لەسەر ڕابوردوخەبات وقوربانیدانتە . کاک سەید ئەوسا کەتۆ لەقوتابخانەی ماوەت بویت هەتا شەشی سەرەتایی لەوێ بوویت ؟

بەڵێ

ئەوکاتە ژمارەی خوێندکارەکانی ماوەت چەند دەبوون ؟

بەتەواوی نازانم بەڵام من پۆلی پێنج بەنمونە دەهێنمەوە، باش لەبیرمە ئێمە (٩)قوتابی بووین، بەهەر شەش پۆلەکە رەنگە بگەیشتایەتە شەست قوتابی، تاقەتاقە کچیشمان لەگەڵدا بوو.

زۆرباشە ویستم ئەوپرسیارەت لێبکەم داخۆ کچتان هەر لەگەڵ نەبوون، یان بەس مالّی ئێوەکچیان نەناردووەتە بەرخوێندن، بەڵام بۆخۆت پێشم کەوتیت دەستت خۆش بێت .

ئێ زانیم ئەوپرسیارەم لێدەکەی گوتم باخۆم وەڵامت بدەمەوە.

مامۆستاکانی ئەوکات تاچەند گرنگییان بەباری ڕۆشنبیری خوێندکار دەدا، بەدەر لەورۆشنبیرییەگشتی لەسیستەمی پەروەردەداهەبوو؟ بۆنمونە من هەمیشە خۆم بەقەرزداری مامۆستای کوردیمان مامۆستا (مژدە) دەزانم کەهاندەرم بۆ خوێندنەوەو ئەو وای کرد من بەرچاوڕون بم، تۆ مامۆستایەکت هەیە خۆت بەقەرزداری بزانی ؟

ئەوکاتە ڕۆشنبیری زۆر سنوردار بوو، لەبەرئەوەی چاپخانە کەم بوو کتێب کەم بوو، زیاتر ئەومامۆستایانە ڕۆشنبیریان هەبوو کە شارەزابوون لەزمانی عەرەبیدا، ژمارەیەکی باشیشیان ڕۆشنبیرییان هەبوو بەدەر لەو ڕۆشنبیرییە گشتییەی کەلە سیستەمی پەروەردەوخوێندنداهەبوو، دەبێت ئەوەش بڵێم کە زۆربەی ئەومامۆستایانە خەڵکی شۆرشگێر خەڵکی دڵسۆزی وڵاتی خۆیان بوون.

بێگومانم چ لەکۆنداو ئێستاش مامۆستا بەچاوی ڕێزەوە تەماشاکراوە، بەڵام خۆشەویستترین مامۆستا کەهەتا ئێستا لەیادەوەری تۆداماوەتەوە کامیانە ؟

بروا بەکە هەرهەموویان ناتوانم بڵێم کامیان زیاتر لەکامیان، مامۆستایەکمان هەبوو ناوی مامۆستا ئەبووبەکر بوو، ئەبوبەکری خالّەباس[15] ئێستاش ماوە تەمەنی هەزارسالّ بێت، ئەمەت وەک نمونە بۆ دەگێرمەوە، برادەرێکم هەبوو ئیستا مردووە، لەخواروی عێراقەوە هاتبوونەوە ئەوکوردی باش نەدەزانی، مێژوو جوگرافیاکەی لەبەرمن نوسیبووەوە من چۆن نوسیبووم ئەویش ئاوا نوسیبوویەوە، مامۆستا بەکر سەیری کردبوو گوتبووی ئەوە قۆپێتان[16] کردووە، بانگی کردین یەکی ٤٥ داری لەپشتی دەستماندا. مامۆستا ئەبووبەکر ڕەنگە بڵێم لەهەموان خۆشەویستترە، ڕۆژێک داوەتم کرد ووتم ئەگەر دەستم بکەوی بزانە چت لیدەکەم؟ کەهات ووتی فەرموو بزانە چم لێدەکەی پێم گووت تۆ بەوگەورەییەو من بەم بچوکییە چم لەدەست دێت . مامۆستا قادریشمان هەیە ئەو مودیرمان بوو، زۆرجار بەگژماندا دەهات، بەڵام ئێستاش کەم ڕۆژهەیە نەیبینم و ئەگەر لەگەڵ خۆم نەیبەم بۆماوەت بێتاقەت دەبم . مامۆستا عەباسیشمان هەیە ئەومامۆستای بیرکاریمان بوو، زۆر زرنگ بوو لەبیرکاریدا، زرنگییەکەی لە سنور بەدەر بوو لەبیرکاریدا، خۆشم زیرەک بووم نەڵێم خۆم هەڵدەکێشم هەمیشە لەسەد نەوەدم دەهێناو وەک نمونە دەیهێنامە دەرێ . پێرێ لەگەڵم بوو هات بۆ ماوەت بەو دەستە جوانانەی خۆی مێوی لەگەڵ دەبڕیم .

جوانە پێژانینێکی جوان وهەستێکی بەرزت هەیە، کاک سەید مادام وایە با ئەو پرسیارەش بکەم ئەو مامۆستایەی زۆر لێی دەترسایت لە قۆناغی سەرەتاییدا کامیان بوو ؟

مامۆستا غەفوڕێکمان هەبوو لەبازاڕیش بیبینیمایە لێیدەدام . باوکم پیاوێک بوو ریش سپی ماوەت وهی بنەمالّەکەی خۆشمان و ناوچەکەش بوو، دەچووە هەردائیرەیەک ڕێزیان لێدەگرت، تەنانەت مدیرناحێ کەکەسێکیان دەگرت

15 خالّە باس خالّە عەباس یان خالّە هەباسە .

16 (قۆپی) لە ناوکوردا لە زۆر کۆنەوە بەکاردێت کە بەواتای ساختەکردن دێت بەتایبەتی بۆئەوخۆێندکارانەی زیرەک نین و بەفێڵ وساختەکردن خۆیان لە تاقیکردنەوەکانیان دەربازدەکەن، بەڵام بنەڕەتی وشەکە لە کۆپی (copy) ئینگلیزییەوە هاتووە، بەواتای لەبەرگرتنەوە دێت. کۆپی لەفۆنەتیکی کوردییەکەیدا گۆڕاوە بۆ قۆپی .

لەپێشەوە دەیانگووت بابزانین سەیدحەمەلاو چی دەڵێت، بەڵام ماوەستا غەفور جارێکیان لەچایخانەیەک لەگەڵ باوکم بینیمی بەپێشچاوی ئەوەوە گوێی گرتم بایداو زللەیەکی لێدام.

لە ناو هاو پۆلەکانتدا لەقۆناغی سەرەتاییەوە کامیان هەتا ئێستا بەهاوڕێی ماونەتەوەو لێکدانەبڕاون ؟

ئەوەی لەگەڵم ماوەتەوە غەریبی کوێخا کەریم، هەرچەندە ئەو لەچواری سەرەتایی وازی لە خوێندن هێنا بەڵام مادام تۆباسی سەرەتاییم لێدەپرسی دەبێت باسی بکەم، هەرلەمندالییەوە پێکەوە بووین، خزمیش بووین و دراوسێش بووین، هاوسێ ماڵ بووین، بەشێکی بیرەوەرییەکانم غەریبە ئێستاش لە ژیانداماوە، ئەوانی تریش حەمەرەشید ئەورەحمانە، ئێستا ئەویش خانەنشینە، کاک حمە عەزیزە، عەبدوڵا حاجی فەتاح، عوسمانی عەریف حەسەن ئەوەی کە عەرزم کردی لەبەر دەفتەرەکەی من نوسیبویەوە لێدانم لەسەری خوارد، ئەوانە هاوڕیی منداڵیمن، کاک حمەرەشید ماڵی لەشارە ئەگەر بڕۆین بۆبازار بەیەکەوە نەڕۆین ناڕۆین ئەگەرمن نەڕۆم بۆبازار ئەویش ناڕوات ئەگەر ئەویش نەروات منیش ناڕۆم بەبێ یەک هەڵناکەین . برادەری تریشم زۆرن هەموو خۆشەویست وریزدارن بەڵام ئەوانەی باسم کردن واتێکەڵبووین وەک جومگەیەک کەلەیەک جیانابینەوە، جەلال ماوەتی ومحەمەد ئیسماعیل ماوەتیش بوون ئەوان دوو پێشمەرگەی دیاربوون.

چەند لەو قوتابیانە لەگەڵ تۆدا هاتنە کۆڕی تێکۆشان و بوون بەپێشمەرگەو دەرکەوتن ؟

کەسیان .

باسی ئەوەت کرد باوکت ناسراوی نابنەماڵەکەتان وناسراوی ناوچەکەش بوو، ماڵی باوکت بەکێ ناسرابوون؟

بەحاجی حەمەلاو زادە. شێخ حەمەئەمینی براشم کەنامەی دەنوسی دەبوو بنوسێ شێخ حەمەئەمین حەمەلاوزادە، ئێستاش لە فەیسبوکدا پەیجەکەمان بەناوی حەمەلاوە.

بەڵێ بەچی ژیانتان دابین دەکرد ؟ هەربەکشتوکاڵ وباخداری یان کارێکی تریشتان دەکرد ؟

باوکم لەگەڵ حاجی فەقێ ڕەشیدی قەشان، باپیری کاک بەهرۆزی پارێزگار هەم خزمیش بوون بەهۆی ژن وژن خوازییەوە پێکەوە بازرگانییان دەکرد و بەزۆری ئاڵوگۆڕی توتنیان دەکرد، باوکم لەدەڤەری ئالان وماوەت و تەنانەت لە سەردەشت و بانەش توتنی دەکڕی و حاجی فەقێ ڕەشیدیش لەسلێمانی ساغی دەکردەوە. بۆخۆشمان لەلایەک ئاشمان هەبوو، لەلایەکی تریش زەوی وزارێکی زۆرمان هەبوو، مەروبزن و گاگەلیشمان هەبوو، لەبەرئەوە ئیشەکانمان زۆر بوو لەبەرئەوە هەندێکیمان دەدا بەسەپان[17]، ڕەنجبەریشمان رادەگرت[18] وهەندێکیشی بۆخۆمان دەماندەکردو ڕەنجمان دەدا. چونکە پێڕا نەدەگەیشتین باوکم هەمیشە دوو ژنی هەبوو، بەڵام باوکم پیاوێکی ناسراو بوو یەکەم کەس بووە لەماوەت کەدژی نیزامی دەرەبەگایەتی ڕاپەڕی .

کەواتە ئەو نۆبراو شەش خوشکە لەبەرەی دوو ژن بوون ؟

لەبەرەی سێ ژن بووین، بەڵام باوکم چوار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمیان لەگەڵی نەگونجاوە . لەوەیان منداڵی هەبوو ؟

17 سەپان بەزۆری بەو کەسانە دەوترا کەسەرپەرشتی کاروباری کشتوکاڵیان بۆ ئاغاکان وکۆیخاکان دەکرد یاخود ئەو کەسانەی زەوی وزاریان زۆر بوو خۆیان دەرەقەتی نەدەهاتن سەپانێکیان بۆ دەگرت، بەزۆری بەسەرپەرشتیاری مەرەزە دەگوترا قۆغڵ یان سەپان، ئەوان بەبەردەوامی لەناو زەویيە کشتوکاڵییەکان ڕەنجیان دەکێشا بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەکی ڕۆژانە وەربگرن ئەوپەرییەکەی دەستێک جلیان بۆ دەکردراو نان وشوێنی خەویان بۆ دابین دەکراو لەکۆتایی هەڵگرتنەوەی دانەوێڵەکەشدا بەشێکی زۆر کەمیان دەدایە سەپانەکان،

18 ڕەنجبەر بەوکەسانە دەوترا کە لەماڵی ئاغاکان وکۆیخاو دەسترۆیشتووەکان ڕەنجیان دەداو هەرلەوێش نانیان دەخواردو دەخەوتن، بەڵام هیچ کرێیەکیان لەبەرامبەر ڕەنجەکەیان وەرنەدەگرت تەنها جلوبەرگ وشوێنی حەوانەوەیان بۆدابین دەکرا .

نەخێر لەوەیان منداڵی نەبوو بەڵام ژنی سێهەمیان حاجی حەمەمینی برام وخوشکێکمی لێبووە، ژنی دووهەمی شێخ رەحیمی برام وسێ خوشکی ترمی لێبووە، دایکی منیش حەوت کوڕو سێ کچی لێ بووە.

پەیوەندیشتان ئاساییە ؟

کەس نازانێت کاممان لەچ دایکێکین . هەمیشە نێوانمان باش بووە.

من سەرباری ئەوەی نزیکایەتییەکم هەیە لەگەڵتاندا ئەوەیەکەم جارە بیزانم رەنگە ئەم دیدارەنەبوایە هەرنەمزانیبایە، باپیری منیش ٥ ژنی هەبووە تارادەیەک حاڵەتەکان وەک یەکوان . ئەوەش لەداب ونەریتی ئەوکاتەی کوردەواریدا ئاسایی بووە.

کەواتە ئێوە لەبەرئەوە ڕەنجبەرتان هەبوو کە زەوی وزارو ماڵاتتان زۆر بوو، نەک لەبەرئەوەی سەید بوون و کارتان نەکردووە؟

بەڵێ لەبەرئەوەی زەوی وزارێکی زۆرمان هەبوو لەماڵەوەش وەرگێرکەمان([19]) کەم بوو باوکیشم هەمیشە سەرقاڵ بوو، ناچاربووین رەنجبەر بگرین، رەنجبەر لەماڵەوە هەموو ئیشیک دەکات و ساڵانە بڕێک پارەو جل و پێڵاو هەندێک خواردن و شتیان پێدەداو لەوماڵە دەمایەوە ئێمە رەنجبەرێکمان هەبوو حەمە شابانیان پێدەگوت، هەموو جارێک بەباوکمی دەگووت من گەورەی ئەم ماڵەم . باوکم پیاوێکی زۆر هێمن ولەسەرخۆبوو، قەت تورە نەدەبوو. حەمەشابان پیاوێکی شێتۆکە بوو بە باوکمی نە دەگووت حاجی حەمەلاو هەر دەیگوت حەمەلاو، دەیگوت (ئەگەر حەمەلاو لێرەنەبێ منم) واتا من گەورەو پیاوی ئەم ماڵەم . کەمیوانمان هەبوایە دەبوایە لەپێش هەرهەمووانەوە قاپەکە بۆ ئەو پڕبێت، جاقاپێکی زۆر گەورەی هەبوو، دەیگوت پیاوی گەورە ئەگەر میوانی هەبێت نابێت بۆخۆی نان بخوات هەتا ئەخیر کەس، نەیدەخوارد هەتا هەموو میوانەکان نانیان نەخواردایە، ئەو نەیدەخوارد، کە میوان تەواو دەبوون ئینجا ئەونانەکەی دەخوارد بەڵام هەرکەسێک دەستی بۆ قاپەکەی ببردایە دەیکرد بەفەرتەنە . دۆودۆشاوی تێکەڵ دەکرد.

ماوەت بەچ کشتوکاڵێک بەناوبانگ بوو بەرەزوباخ یان بنێشت ؟

خەڵکی ماوەت بەزۆری بەتوتنەوە سەرقاڵ بوون .

هەرماوەت توتنی دەکرد یان دەوروبەریشی ؟

ناوچەی شینکایەتی بەئاژەڵداری و ترش وڕەزو ئاڵوگۆڕ، لەبەرئەوەی ناوچەی شینکایەتی ئەرزوئاویان کەم بوو، لەبەرئەوە تێ ودۆشاویان دەبردبۆ گەرمیان و دەیانگۆڕییەوە بەگەنم . هەرلەم ئاڵوگۆڕەشەوە فێری ئاڵوگۆڕی چەک وئەسڵەحەش بوون بۆیە ئیستاش خەڵکی ئەودەڤەرە گەڵاڵەو سەفرەو زەرون و قامیش دەوڵەمەندن، هەرچی ناوچەی ئالانیشە، کەلە گوێزەڵێوە دەچێ بۆ مەروێ و بۆ شاناخسێ لەوێشەوە دەچێتەوە بۆناوچەی سیوەیل ئەوانەش هەموویان بە توتن وگوێزو ئاژەڵداریەوە خەریک بوون . ناوچەی سەرشیو هەروا بە توتن وگوێزو ئاژەڵداریەوە خەریک بوون، ناوچەکەی ئێمەش ماوەت جگەلەتوتن بەکاری هەمە لایەنەوە خەریک بوون، هەندێکم لەبیرەوەرییەکانی خۆمدا نوسیوەتەوە برادەرێکم هەیە ئاوات ئەحمەد سوڵتان، ئەگەر بیناسیت وەرگێرێکی باشە بیرەوەرییەکانمی دیوە زۆر سەرسامە بەنوسینەوەی هەندێک لەوانەی باسم کردوون.

چین ئەوانەی باست کردوون ؟

گوندنشینێک دەبوایە مەڕی هەبوایە، بزنی هەبوایە، گای هەبوایە بۆ جووت کردن وزەوی کێڵان، کەری هەبوایە بۆ بارکردن، لەوللاشەوە دەبوایە زەوییەکەی رەنێوبهێنایە.

پاشئەوەی قۆناغی سەرەتایت لەماوەت بڕی ئیتر بۆ تەواوکردنی خوێندن چویتە کوێ ؟

باجارێ ئەوەت بۆباس بکەم من لەقۆناغی سەرەتایی پێش نیوەڕۆ دەبوو لەمەکتەب بخوێنم دوای نیوەڕۆ دەبوو لە حوجرە بخوێنم، لەبەرئەوەی باوکم بەهیوای ئەوە بوو من ببم

19 مەبەست لە وەرگێرەکە ئەوەیە کە ماڵێک منداڵێکی هەراشیان هەبووبێ چاودێری ئاژەڵەکانیان بکات پێیانگوتووە وەرگێرەکە، بەواتای ئەوەی مەڕومالاتەکانیان بۆ بگێڕێتەوە .

بەمەلایەکی بەناوبانگ، دەیگوت تۆ دەبێت ببیت بەحاجی مەلا سەید ئەحمەد. ببورە باشتێکی ترت بۆباس بکەم .

بەڵێ فەرموو .

مادام باسی ماوت دەکەین با غەدر لەماوەت نەکەین، بنەرەتی ماوەت سێ بنەماڵەی بەناوبانگی تێدا بوون، بنەماڵەیەکیان ئێمەین کە بەمەلابەکری بەناوبانگین، مەلا بەکر شەش کوڕی هەبووە، ئێمە لە کوڕێکیانین، لە کوڕە گچکەکەی مەلابەکرین، هەرچی ملکە زۆرەکانە هی ئێمەیە، تایەفەیەکی تر لەماوەت هەیە پێیاندەڵێن تایەفەی حاجی سالّح، ئەوانیش کەوتوونە ئەوبەری ماوەت وهەندێکیشیان لەخوار ماوەتەوەن، تایەفەیەکی تریش هەن ماڵی وسویان پێدەڵێن، ماڵی حاجی فەتاح ئەوانە زیاتر کەوتوونەتە سەروی ماوەتەوە . بنەرەتی ماوەتیەکان ئەوانن ماڵی وسووەکانن. هەرچی ماڵی حاجی سالّحە زیاتر بازرگانی کردووە، ئەو لەبنەرەتەوە لەکەرکوکەوە هاتووە. پیاوێکی زۆر جوان وپاک وناودار بووە، باپیرە گەورەی ئێمە مەلا بەکر زۆر خۆشی ویستووە. مەلابەکر کچێکی خۆی داوەتێ وتەنانەت ملکەکانیشی هەر مەلا بەکر بۆی کڕیوە. هەرچی ئێمەشین لەبنەرەتەوە لەبەرەبابی مەلاموساین، لە سەقزەوە هاتووین. هەروا بێتەوە چەندین ماڵی تریشی تێدان وەکو بنەماڵەی حسێن خالّەبەکرو حاجی محەمەد زێوکەیی و عەزیزی کاکەلی ماڵی خالّوانم مەلا ئەحمەد .

ببورە کاک سەید ئەوکچەی کەباپیرە گەورەی ئێوە داوێتی بە حاجی سالّح ناوی نازانی ؟

نەبەخوای ناوی نازانم ئەوەهی چەند پشت پێش ئێمە بووە .

بەڵێ فەرموو باسی مەلاموسات دەکرد .

بەڵێ مەلا موسای تەوەکەلی لە سەقزەوە هاتووە، کە ئێستا مەرقەدەکەی لە خوار ماوەتەوەیە، یەکێک بووە لەو کەسە بەناوبانگانەی کە قوتابخانەیەکی عیلمی وفەلسەفی وئایینی هەبووە، دکتۆرێکی عەرەب بەناوی دکتۆر عماد عبدالسلام رؤف[20] لەنامەی دکتۆراکەیدا باسی دەکات بەناوی (مذکرات ثقافیه المغمور فی کوردستان) کە لە عێراقدا شەش حەوزەی عیلمی ئاینی بەناو بانگ هەبوون، یەکێکیان هی مەلاموسای تەوەکەلییە کە ئێستا مەرقەدەکەی لەماوەتە، بەداخەوە ئێستا کتێبەکەیم لەلا نییە لەلای د. عەبدولقادرماوەتییە ئوستازی زانکۆیە لەکۆلیژی ئاداب. ئەو مەلا موسایە نەوەی لێکەوتوونەوە یەکێکیان مەلابەکری باپیرەگەورەی ئێمەیە، لەماوەت جێگیر بووە، یەکێکیان شێخ سمایلی عەوالّانە کەئەو سەروەختە چووەتە عەوالّان([21]) مەلا برایمیش چووەتە ئەزمەک . ئیستا کاتمان نییە دەنا شتی تریشم باس دەکرد.

باسی بکەو کاتمان بۆ بەرێزت کراوەیە.

باسی کەم ؟

بەڵێ بەئارەزووی دڵی خۆت .

باشە لە ماوەت باخێکم کرد، لە ناوباخەکەمدا شوتی گەورە ڕوابوون، مەگەر هەر لەشارەزوور ئەو شوتیانە هەڵبکەون، کوێخا کەریم و عەلی پاشا دوو پیاوی هەڵکەوتووی دەڤەری شارباژێڕن، کوێخا کەریم براگەورەو ریش سپی وئامۆزای گەورەمانە، عەلی پاشاش خەڵکی ئاو کورتێ وپیاوێکی خەباتگێڕە ئەودوو پیاوە لەوەدا

20 مەلا موسای تەوەکەلی – دکتۆر عماد عبدالسلام رؤف– استاذ تاریخ المدارس جامعه بغداد–١٩٩٧ .

21 عەوالّان مەبەست لە گوندی (عەودالان)ە لە ناوچەی سورداش و قەزای دوکان بەزۆری شێخەکانی لێنیشتەجێ بوون و بەشێخەکانی عەودالّان بەناوبانگن، ناوی راستی گوندەکە عەودالانە بەلام زۆر کەس پێی دەڵێن عەوالّان لە بناری چیای گەورەدێ یەو دەکەوێتە ڕۆژئاوای تابین و ڕۆژهەلاتی چەمی ڕەزان. شێخ سمایل وەک شەخسێکی پیرۆز خەڵکی سادەوساکاری گوندە هەژارنشینەکان دەچونە سەرگۆرەکەی و لێی دەپارانەوە بۆئەوەی ئاواتەکانیان بێتە دی، لەمبارەیەوە شیعرێکی میللی هەیە کە لەکاتی شەڕی شێخ مەحمودو ئینگلیزەکاندا وتراوە کاتێک ئینگلیز فرۆکەی جەنگی بەکارهێناوەو کوردیش بەساچمەزەن شەری کردووە، شیعرە فۆلکلۆرییەکە بەم شێوەیە دەڵێت یاشێخ سمایلی عەودالانی لینگم درێژکەی بۆ غاردانێ شەڕم پێناکرێت لەگەڵ ئاسمانێ .

جوانن كە هەرگیز سەریان بۆ ڕژێمی بەعس دانەنەواندووەو هەرچی كێشەیەكیش لە شارباژێردا هەبووبێ چارەسەریان كردووە.[22] كەهاتن بۆ میوانیم شوتیم بۆ قاشكردن و دامنا عەلی پاشا گووتی: سەید ئەحمەد ئەوەچیە ؟ گوتم ئەی نازانی شوتیە ؟ گوتی دەزانم بەڵام ئەم شوتییە هی كوێیە؟ گوتم هی باخەكەی خۆمە، وتی كورە دەلاچۆ كەی لەماوەت شوتی واهەڵدەكەوێ وتم ساوەلا ئەوە سەروشوتیم بۆخۆشتان داناوە بیبەنەوە بۆماڵێ، عەلی پاشا گوتی كورە بزانە لەكوێت هێناوە دەنا لەماوەت كەی شوتی واهەڵدەكەوێ ؟ وتم ئێمە سەیدین شوتی دەڕوێنین و دوعایەكی بەسەردا دەخوێنین ئاوا گەورە دەبێت. گوتی كورە سەیدی چی بەدرۆ سەجرەیەكتان بۆخۆتان پێكەوەناوە دەڵێن سەیدین سەیدی چین وەلاهیچ نین. منیش گوتم دەباشە كەمردین مەیەنە سەرگۆڕەكەمان بۆپارانەوە . پێكەنی وتی وەڵاهی سەید ئەحمەد راست دەكەی. ئینجا بۆخۆی چیرۆكێكی بۆ گێڕامەوە عەلی پاشا گوتی كابرایەكی سەرگەڵوویی ئاژەڵەكەی توشی (تاعون)دەرێک دەبێت و خەریكە هەموو دەمرن، بەیتەریان هێنابووە سەری بێ سود بوو، تەقەیان بەسەردا كردبوون بێسود بوو، چەندی هەوڵیاندا بوو مەڕەكان چاک نەبووبون كابرایەكیش گوتبوو جا بۆنایانبەن بۆسەرمەرقەدی مەلابرایمی[23] ؟ ئێوە بیانبەن هەرچی نەچووە ژورێ ئەوە سەری بڕن و بۆیان بكەن بەخێر، وتی بردیان لە ناویاندا دوو مەڕ بە ئامان وزەمان نەدەچونە ژورێ جیایان كردنەوەو سەریان بڕین . گوتم ئەی دوایی ؟ گوتی وەڵا مەڕەكان عەلەمیان لێبڕاو چاک بوون، منیش پێمگوت چاوت لێیە مااڵت بەقوربێ نەگیرێ ئێمە بەمردویی مەڕی نەخۆش چاكبكەینەوە بەزیندوویی ناتوانین شوتی گەورە كەین . (بەپێكەنینەوە ئەوە هەربۆ خۆشی بوو).

كاک سەید شتێکی گرنگت وروژاند دەتوانی پێم بڵێیت كە ئاژەڵ توشی نەخۆشی بووە بۆچی تەقەیان بەسەردا كردووە ؟

دەڵێن لەهەر شوێنێک كە زەبەندو چرو دارستان بێت، ناوچەكە گورگ ودڕندەی كێوی تێدابێ و ئاژەڵەكان گوێیان لەدەنگی لورەی گورگ و درندەی كێوی بێت لەبەر ئەوەی ڕەدەچڵەكن ئەو ئاژەڵانە كەمتر توشی نەخۆشی دەبن لەوانەی بەدەنگی ترسناک رانەچلەكیوون، بۆیە تەقەیان بەسەردا دەكەن بۆئەوەی رابچڵەكن و بسڵەمنەوە ئەوە وەكو چارەسەرێكی كوردەواری بووە لەوسەردەمەدا. بەڵام بەبروای من مەسەلەكە پەیوەندی بەوەوە هەیە كە ئاژەڵی ناوچە عاسێكان لەژینگەیەكی پاكترو دور لەشار كەمتر توشی نەخۆشی دەبن.

وتت من بێجگەلەوەی قوتابی بووم دوانیوەڕۆیان دەچومە حوجرەش ؟

بەڵێ من لە پۆلی پێنج بووم ئەوكاتە لە حوجرەش بووم بەڵام كە شۆرشی ئەیلول دەستی پێكرد، ئیتر مەكتەب داخراو ئەوساڵەی خوێندنم فەوتا، ساڵی دوایی هاتم لەسلێمانی خوێندم ، بەڵام بۆ شەش هەرلەماوەت مەكتەب دانرایەوە، ئیتر شۆڕشی ئەیلول ئاوابوو ساڵێک گفتوگۆو ساڵێک شەڕبوو، مەكتەبیش دادەخراو دەكرایەوە ئاوا بوو، كەشەش كرایەوە ئیتر داخڵی بەكەلۆری بووم، بائەوەش باس بكەم ئەوانەی لەدەرەوەی شار داخڵی تاقیكردنەوەكانی بەكالۆری ببوون پارێزگاری ئەوسای سلێمانی داوەتیكی بۆكردین لەم نادی فەرمانبەرانەی كە ئێستاش ماوە، یەكەم جارم بوو شتی وابینم، خواردنێكی زۆر دانرابوو، مەریان هێنابوو ناو سكەكەیان دەرهێنابوو پڕیان كردبوو لەبرنج و كردبوویان بە بریانی مەڕەكە بەساغی دانرابوو تەنها ملیان لێكردبووەوە، ئینجا ساردی دانرابوو ئەوسا زۆرمان پێخۆش بوو كە جەنابی پارێزگار ئەو دەعوەتەی بۆ كردبووین.

22 لەدەیدارەكەدا كاک سەید ئەحمەد ئاماژە بەمردنی ئەو دوكەسایەتیە دەكات كە كوێخا كەریم سااڵی ڕابوردوو (٢٠١٣) لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا مردووە . ئەمسالیش عەزیز پاشا مردووە، كە تەمەنی گەیشتبووە سەرووی سەد ساڵ .

23 گۆڕی مەلابرزیمی ئەزمەک ئێستاش لە ئەزمەک ماوە، گۆڕێکی كۆنەو بە وشكەكەڵەک دەورەی گیراوەو پەرژینی بۆكراوە .

ئەودەعوەتە تەنها بۆ خوێندکارانی گوند نشین بوو ؟

بەڵێ تەنها بۆ ئەو خوێندکارانە بوو کە لەلادێکانەوە هاتبووین بۆ تاقیکردنەوەی بەکالۆری .

لەهەموو لادێکانەوە یان تەنها بۆ لادێکانی ناوچەی ماوەت بوو ؟

نانا بۆ هەموو لادێکان بوو ئەو رارەوەی نادی فەرمانبەران مێزی درێژدانرابوو رازاێنرابووەوە پرپربوو.

ببورە بابێینەوە سەرحوجرەکە لەوەیاندا گەیشتیتە کوێ ؟ سەرئەنجام هەرنەبووی بەملا ؟

(بەپێکەنینەوە) نانا نەبووم بەملا . بەڵام قورئانم خەتم کردووە لەسەردەستی مامۆستا ملا حسێن کە مامی دایکم بوو، پیاوێکی خۆش مەشرەف بوو، دەنگ خۆش و پاک وخاوێن، هێدی وهێمن و لەسەرخۆبوو، نەوەیەکی جوانی لێکەوتووەتەوە. مامۆستا ملا عەبدولرەزاق لەشوێنی خۆی بەجێماو ئەو بوو بەمامۆستای ماوەت، لەسەر رەنجی خۆی دەژیا دەچوو ئیشیشی دەکردو دەهات پێشنوێژیشی دەکرد، عالمیش بوو. چەندین فەقێ لەسەر دەستی ئەو بوون بەملا، هەروەها مامۆستا ملا زاهیر ئەویش هەر کوڕی مامۆستا عەبدولرەزاقەو ئێستا دکتۆرا دەخوێنێ لە شەریعەتدا، مامۆستا عەبدول مەجیدی کوڕی مامۆستا ملا حسێن چیرۆکنوسە رۆمانوسە رۆمانێکی هەیە بەناوی گەردەلول، بەداخەوە کۆچی دوایی کرد، مامۆستا حەمیدیشی هەیە. محەمەد عەزیز یەکێک بوو لەهاوڕێکانی سەردەمی حوجرەم هەتا نەڵیی محەمەدی عەزیزی مریەم نایناسن. ئەویش یەکێک بوو لەو تەلەبانەی لەحوجرە بوو دوای نیوەڕوان، ڕۆژێکیان مامۆستا ملا حسێن جامن لەزمانی دایکمەوە هەر پێم دەگوت مامە چونکە مامی دایکم بوو، پێی گوتم سەید گوتم بەڵێ مامە گوتی برۆ بە فاتمێ (بە دایکت) بڵێ گەیشتووینە مریشکە ڕەشەی . کەچومەوە گوتم مامۆستا وای پێگوتووم باوکم یەکسەر تێگەیشت گووتی فاتم دوو مریشکان سەربڕە ئەوە دەڵێ ئێوارێ دێم .

دوای تاقیکردنەوەی بەکالۆری ئینجا ناوەندیشت تەواوکرد ؟

ناوەندیم تەواو نەکرد هەتا سێی ناوەندیم خوێند، دووم تەواوکرد لە پۆلی سێی ناوەندیش خوێندم ئیتر توشی کاری سیاسی بووم، بەوپێیەی شێخ بەکری برام لەگەڵ باڵی جەلالیەکان کاری دەکرد کادری ئەوان بوو، منیش چوومە باڵی جەلالیەکانەوە، بۆ نەگبەتیشم لەبەرئەوەی من لەهەموان زیتەڵەتربووم لێپرسراوی ڕێکخستنی سێ قوتابخانە بووم، قوتابخانەکانی شۆڕش و جموری وئەزمر، لێپرسراوی هەموشمان لەگەڵ شێخ محەمەدی سەرگەڵو یەکێکی تریش بوو فاروقی زەرەنگەر کە ئێستا دوکانی زەرەنگەری هەیە لە جادەی کاوە، ئەو لێپرسراومان بوو، کۆبوونەوەو کاری سیاسی وای لێکردم نەپەڕیژیمە سەر دەرس ووانەکانم و بەو هۆیەوە لەسێی ناوەندی دەرنەچووم، ئەوکاتە وابیرم دەکردەوە کە ئەمە جۆرێکە لەبەرەی دژبەگەل بۆیە وازم لەخوێندن هێنا، بەڵام پەیمانگایەکی مامۆستایان کرابووەوە لە ناوپردان (بەپێکەنینەوە وازم لە جەلالیەکان هێنا چومە ناومەلاییەکانەوەو چومە ئەو پەیمانگای مامۆستایانە) .ئەمە لە ساڵی ١٩٦٨ – ١٩٦٩ ئیتر کە ئەوەم تەواو کرد هاتمەوە بووم بەمامۆستا لەگوندی گەڵاڵێ .

دوای ئەوە بروانامەکەی ئەو پەیمانگایە بەفەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا ؟

دوای ئەوە دەورەی ترکرایەوە دەورەی مامۆستایی و دەورەیەکی تریش کرایەوە ئێمەیان نارد بۆ دەورەیەکی برینپێچی ئاژەڵ لەبەغدا. ئەوە دوای بەیانی ١١ی ئازار بوو، دوای ئەوەی ئەو دەورەیەم تەواوکرد ناردیانم بۆ قەرەداغ لەوێ دامەزرام ماوەی چوار ساڵ لەقەرەداغ بووم. ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ مامۆستا ئەحمەدێک ومامۆستا ئەبوبەکرو مامۆستایەکی تریش بوو عەرەب بوو ناوی نزار بوو، لەگەل مامۆستا حمەئەمین شێخ عەلی ، هەروا بێتەوە مامۆستا سەرچڵ بەرێوەبەری ناوەندییەکەی قەرەداغ بوو، من خانوویەکم هەبوو هەمومان پێکەوە بووین

لەقەرەداغ لەخـــانووەکەی خۆمـــدا جـــێگەم کردبوونەوە لەوێ لەسەردەستی مامۆستا ئەمین پۆلا بووم بەکۆمەڵە، من ئەندامی ڕێکخراوبووم ئەوکـاتە بـاڵی مەلایـی وجەلالییەکـان یەکیـان گرتبـووەوە، کەدەچـوێنەوە سـلێمانی مامۆسـتا حەمەمین کۆبوونەوەی پێدەکردین وەک بەرپرسی ڕێکخستنی کۆمەڵە، کەدەچـوێنەوە قەرداغیش من کۆبـوونەوەم پێـدەکردن وەک بەرپرسـی شـانەی سەرەکی ڕێکخـراوی قەرەداخـی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان.

جائەوە چۆن دەگونجا ؟ ئەگەر ڕونتری بکەیتەوە ؟

ئەوە ڕێکخسـتن لە نـاو ڕێکخسـتن بـوو، زۆر لە ڕێکخســـتنەکانی کـــۆمەڵە لە نـــاو کـــادرو ڕێکخستنەکانی پـارتییەوە واتـا لە ژێـر چەتـری پارتی بووەنەوە گەشەی سەند. چونکە کۆمەڵە لە هەناوی جەلالیەکانەوە سەری هەڵدا .

بێگومـان ڕاسـتە ئەگەر ڕێکەوتننـامەی جەزائیـرو شکسـتی پـارتی نەبـوایە لە سـاڵی ١٩٧٥ ڕەنـگە کۆمەڵە وازوو خۆی ئاشکرا نەکردایە.

ئەو شوێنانەی ڕێکستنی کۆمەڵەم لێکردوون وکارم تێداکردوون لە ئالیاوا، تازەدێ، باخان، لە نـاو قەرەداخیشـدا یەکێـک لەوانەی کە بـەەوێ باسـی بـکەم کـاک کەمـال قەرەداخـیە کـاتی خـۆی مـن ڕێکمخستووە، هەرەها حسێنی مەساح هەرلەسـەر داوای کۆمەڵە کارێکیان کرد کارەکەم بگـوازرێتەوە بـۆ مـاوەت، ئەوکـاتە دکتـۆر خەسـرەو پزیشـکی بەیـتەری بـوو لە ڕێـگەی ئەوەوە وەزیفەکەیـان گواستمەوە بۆ ماوەت ولەوێ هەم فەرمانبەر بووم وهەم کـاری ڕێکخستنیشـم دەکـرد، لەمـاوەتیش کەرتی شەهید ئاشتیمان دروست کردو من بـوومە لێپرسـراوی کەرتـی ڕێکخسـتنی شـەهید ئاشـتی، ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵە زۆر چـاودێری دەکـران بەراسـتیش کـۆمەڵە مەترسـییەکی زۆری لەسـەر حکـومەتی عێراقـی دروسـتکردبوو، پەیوەنـدیەکان بەشێوەیەک ڕێکخرابوون تاک بۆ تاک بوون .([24])

سـەید تـاهیری بـرازام لەمـن بچـوکتر بـوو لە تەمەندا، بەڵام بەحوکمی چالاکییەکانی ئەو لەمن لەپێشتر بوو، ئەو هێڵی پەیوەندی نێوان کەرتـی ڕێکخستنی شەهید ئاشتی و کۆمیتەی هەڵمەت بوو .

سالّی چەند هاوسەر گیریت کرد ؟

ئای بۆ بەمالّێ نەڵێم ؟ (پێکەنین) سالّی ١٩٧٢ .

هەروا قسمەت ونسیب بـوو یـان بەخۆشەویسـتی هاوسەرگیریتان کرد ؟

(پێکەنین جـا بـۆ دەرگـاکەی نـاکەیەوە بـۆ بەپـێچ وپەنا بۆم دێی ؟ من لەژیانمدا دڵداریم نەکردووە، بەراسـتیش حەزم لەنزیـک بـــوونەوەی ژن نەکـــردووە، بەڵام لەگەڵ بـــاجی مەلیحـــدا بەخۆشەویستی بەنسیبی یەکتری بووین.

خزمی خۆتە ؟

بەڵێ خزمە ئامۆزامە .

ببورە ئەگەر ناوی سیانی مەلیحەخانم پێبڵێیت ؟

مەلیحە عەزیزئەحمەد سالّح .

ئەو ئاستی خوێندەواری چۆن بوو ؟

ئەویش هەتا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە.

دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریت دەستی پێکرد، پرۆسەکە نەبووە مایەی ساردبوونەوە یان کۆسپ بۆ کاری سیاسیت دروست بکات ؟

سیاسـەت ئەوەنـدە چووبـووە ژیـانمەوە ئەوەنـدە ببوو بەخولیام نەمدەتوانی دەستبەرداری بـم، مـن دوو شت لەژیانمدا زۆر ئاوێتەم بوون سیاسـەت و ڕاو.

ئیتـر چـی هۆکارێـک بـوو کەوای کـرد کـاری ژێرزەمینی بگوازیتەوە بۆ پێشمەرگایەتی وخەباتی ئاشکرا ؟

من حەزم نەدەکرد ببم بەپێشمەرگە حەزم دەکرد لە هەناوی داگیرکەری وڵاتەکەمدا خەبات بکەم، کاری ڕێکخســـتن بـــکەم چـــونکە هەر ڕێکخســـتنە کەسـەرئەنجام سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنـێ، هەڵـــبەتە ئەوێـــش پێویســـتی بەهەلـــومەرجی

24 – مەبەسـتی دیمـانەلەگەڵ کـراو ئەوەیە کە هەمـوو ڕێکخستنەکان یەکتریان نەدەناسی تەنها بەرپرسی شانە

سـەرەکییەکان و پـۆل وکەرت وکۆمیتەکـان یەکتریـان دەناسی نەک هەموو ئەندامانی ڕێکخستن .

گونجاوی خۆی هەیە، پەیوەندی ناوچەیی ونێودەوڵەتیش ڕۆڵی خۆیان هەیە، قسەیەک هەیە دەڵێت: کەی ویستت بەسەر دوژمنەکەتدا سەربکەویت هەمیشە لێی نزیکبە، ڕێکخستن دەتوانێ لایەنەلاوازەکانی دوژمنت بخاتە بەردەست. بەڵام ساڵی ١٩٨١ ئەوکاتە من لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاشتی بووم، من دوو جۆر ڕێکخستنم ئەنجام دەدا، یەکێکیان ڕێکخراوی شەهید ئاشتی ماوەت بوو وەکو کۆمەڵە ئەوی تریشیان ڕێکخراوی ماوەتمان هەبوو وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شێخ بەکری برام لەدەرەوە پێشمەرگە بوو ئەو هەم ڕێکخستنی کۆمەڵەی لەئەستۆ بوو هەم لێپرسراوی ڕێکخراوی ماوەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بوو، وتم من کۆمەڵەبووم شەهید مامۆستا غەفور ژاژڵەیی لێپرسراوی ڕێکخستنی شۆڕشگیران بوو، ئەوکاتە کاک جەمالی عەلی باپیر ناوبانگی هەبوو ئەویش کۆمەڵە بوو بە ناراستەوخۆ پەیوەندیمان بەویشەوە هەبوو، ئەوکاتەی کە ڕێکخراوی ماوەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان دروست کرد، کاک شێخ بەکر بەرپرسی ڕێکخراوی ماوەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، مامۆستا غەفور جێگری بوو بەوپێیەی کە شۆڕشگێران بوو. من خۆشم کۆمەڵەبووم من وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاری ڕێکخستنم دەکرد، ئەوانەی بەتەمەن بوون بیری ئێمەی کۆمەڵەیان پێ قوتنەدەچوو چونکە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی بوو، بەتەمەنەکانم وەک یەکێتی سەرپەرشتی دەکردو گەنجەکانیش وەک کۆمەڵە، بەکورتیەکەی هەرچی خزمەکانم بوون پیرەکان لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان وگەنجەکانیش لە کۆمەڵەدا کۆم کردبوونەوە.

با زنجیرەی بیرت نەپچڕێ ئەوانەی باسیان دەکەت وەک یەکێتی ڕێکتەدخستن پێیان دەگوتن خەتی گشتی بەزۆریش لاسەنگ بوون بەلای یەکێتی شۆڕشگیران و باڵی مام جەلالدا، ئەوەش داوی ئەوە بەرەوی سەند کە بزوتنەوەی سوسیالست لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابوونەوەو حزبی سوسیالستی کوردستانیان دروست کرد. دوایی خەتی گشتیش ناوی نەماو بوو بەیەکێتی شۆڕشگیڕان .

نا یەکێتی شۆڕشگیڕان هەرهەبوو خەتی گشتی بەهەموویان دەگووت. ئێمە لەماوەت ئاوا ئیشمان دەکرد .ئیتر من ئەوکاتە ساڵێ ١٩٨١ ناوم هاتەوە بۆ خزمەتی سەربازی ڕۆیشتم بووم بەسەرباز لەنەهلە ئیتر ڕێکخستنی ناوشار وتیان بۆچی لەسەربازی بکوژڕێت و تێدابچیت باشترواید ببیت بەپێشمەرگە. منیش لەنەهلە مۆڵەتێکم وەرگرت وهاتمەوە ماڵەکەمم هێنا بۆسلێمانی و خۆشم ڕۆیشتم بووم بەپێشمەرگە.

چوویت بۆ کام گوند ئەوکاتە پێشمەرگە بارەگایان لەکوێ بوو ؟

ڕاستەوخۆ هەتا سەرکردایەتی بەند نەبووم، نەوەستام چومە ناوەندی کۆمەڵە خێمەیەکیان هەبوو، ئەوکاتە فەرەیدون عەبدولقادر لێپرسراوی یەکەمی ناوەندی کۆمەڵە بوو، خێمەکە لەسەرکانییەک بوو لەبن دارگوێزێکدا بەلاپاڵێکەوە بوو، یەکدوو خێمە بوون یەکێکیان هی کۆمەڵە بوو، یەکێکیشیان هی کاک فەرەیدون وماڵەوەیان بوو، ماوەیەک لەوێ بووین دواتر بۆ هاوێنەکەی لە توژەڵێ خانوومان دروست کرد، ئەوسا گەیشتبووینە نزیکە ٧٠ هەتا ٨٠ پێشمەرگە، هەموو ڕۆژێک ١٠ سەعات ئیشمان دەکرد، توانای دارایی شۆڕش لاواز بوو، نانمان کەمبوو بەیانی نانێک و نیوەڕۆ نانێک و ئێوارە نانێکمان هەبوو بەچای شیرینەوە، ئەگەر ئەمڕۆ نیسکێنەمان هەبوایە سبەی نوکاو بوو، ساوەرێکیشمان هەبوو، هەفتەی جارێک برنج و مانگی جارێک گۆشتمان هەبوو، زۆر ماندوو دەبووین سەرباری ئەوە دەورەیەکیشمان هەبوو لە ناوەندی کۆمەڵە ئەوکاتە هۆڵێکی زۆر گەورەمان دروست کرد ١٢ مەتر بە١١ بوو، ناویاننا هۆڵی شەهید شەهاب ئەوهۆڵە بۆ کۆڕوسیمینارو کۆبوونەوە بوو، ریزێک خانوویەکیشمان بۆ پێشمەرگە دروست کرد، خانوو بۆ وڵاخ و سەرتەندورو ئەوانەمان دروست کرد، خانویەکیشمان بۆ دەزگای چاپ و ڕاگەیاندن.

بائەوەشم بیر نەچێت رۆژێک مانمان گرت وتمان ئەگەر نانمان بۆ زیاد نەکەن ئیش ناکەین داوامان کرد رۆژی بۆمان بکەن بەنان ولەتێک . کارمان بۆ نەدەکرا تۆ ڕۆژ هەتا ئێوارە ئیشی قوڕوبەرد بەکەیت بەنانێک چۆن ئیدارە دەکەیت ؟

کێ بەرپرسی نان و ئازوقە بوو ؟

کێ بەرپرس بوو ؟ کاک جەبار یاوەر بەرپرسی (ئیداری) کارگێڕی بوو، با ئەوەش بڵێم، من بەرپرسی کار دابەشکردن بووم، مامۆستا جەمالی حاجی محەمەدی هەڵەبجەیی بەرپرسی باخێکمان هەبوو هی تەماتەو خەیار وئەوانە ئەو بەرپرسی بوو، کەمال شێخە بەرپرسی عەسکەریمان بوو، کاک جەبار یاوەر هات وتی باشە لەگەڵ کاک فەرەیدون قسەدەکەم و بێنەوبەرە ئەمە لەسەر لەتێک نان، دوایی گوتی باشە بۆتان زیاد دەکەم بەڵام بەو مەرجەی هەرکەسێک قەراغەکەی فرێبدات نایدەمێ. جا ئەو دەیگوت ڕۆخەکەی هەرچی رۆخەکەی نەخوات ئەولەتە نانە زیادەی نادەمێ، جا هەرکەسێک بهاتایە دەورەمان بۆ دەکردەوە فێری نانکردنیشمان دەکرد.

جاکەس هەبوو لەو برسێتی و هیلاکەتیەدا رۆخەکەی بهێڵیتەوەو نەیخوات ؟

نا کەس نەبوو بەڵام دەسەلات ئاوایە، هەر دەیویست مەرکەزییەتی خۆی بسەپێنێ.

ئەوکاتە پێشمەرگە هەر خۆی کاری خانوو دروستکردنی دەکرد؟ بۆنمونە دیلتان نەبوو کاری پێبکەن ؟

نانا هەمووی خۆمان دروستمان دەکرد، ئێمە دیلمان نەبوو ئەگەر هەشبووبێت رەنگە لە خوارێ بووبن، ئەوکاتە شۆڕش وەک ئێستا نەبوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیش وەک ئێمە کاری دەکرد، وەک ئێستا نەبوو نەیگەیە، ئێستا کاک ئەحمەدی شێخ ناگاتە لای مەکتەب سیاسییەک، هەمویان نا بەڵکو هەندێکیان من ئەم قسەیە بۆ مێژوو دەکەم، رەنگە هەندێکیان ئاسانتر بیانگەیتێ، ئەوکاتە مەکتەب سیاسی ئاوا بوو، شەڕە کەوچکمان دەکرد پێکەوە تاوڵەمان پێکەوە دەکرد، ئیشیان لەگەڵدا دەکردین .

ئەوانەی ئەوسا لەوێ بوون کێ بوون لەکەسە دیارەکانی ئەمڕۆ ؟

ئەوانەی بیرم مابێ لە کۆمەڵەکان ئاسۆی شێخ نوری بوو، مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد بوو، جەبار یاوەربوو، جەلال جەوهەر بوو، خولە کۆمەڵە بوو ئێستا لەسویدە، منیش. ماوەیەک حەمەسەعید حەسەنیش هات بەڵام زۆر نەمایەوە، ئەم جەلال جەوهەرە هات کاوبۆیەکی لە پێدابوو، ئەوسا لە نێوان پێشمەرگەدا ململانێی نێوان شاروڵادێش هەبوو، لادێیەکان گورج وگۆڵ و شارەزا بوون، گاڵتەیان بە شارییەکان دەکرد . کەجەلال جەهەر هات پانتۆڵێکی کابۆی لە پێدابوو کوڕێکی گەنجی جوان بوو، ئەوەندە بێتاقەتیان کردبوو وای لێهاتبوو بڕوات، بەڵام خۆشی زۆر دەست ڕەنگین بوو، وەستای دیواری دەزانی وگەچکاری دەزانی راهات لەگەڵماندا و بووبە وەستا ئیتر ئەو هانی هانییەی لەسەر نەما، ئەم وەستا شیروانەش هەرلەوێ بوو،وەستایشی دەکرد من لەبەرئەوەی کەبەرپرسی کار دابەش کرن بووم خولە کۆمەڵە لەوێ بەرپرس بوو، وتیان کاری پێبسپێرە، منیش دەستەبەرەیەکم دایە قوڕ بکێشێ زۆر ماندوو دەبوو، بۆخۆشی لەروخساردا زۆر خۆشەویست نەبوو، بەڵام هەتابڵێی پیاوێکی باش بوو، زۆر جار روخسار دەبێتە هۆی ئەوەی زوڵم لەکەسێک بکرێت، خولەهات بۆلام وتی : کورە کاکە مردم ئەمەچیە ئەم ئەشکەنجەیە منیش وتم ئێباشە بچۆ ئەو زەوییە هەڵکەنە، منیش ئەها هەر بەهەوەس وتم قورناکێشی برۆ زەوی هەڵکەنە ؟ فەقیرە بە کلکی پاچ هەموو دەستی تلۆقی کردبوو، دەستی پیشاندام ووتی کورەکاکە ویژدانتان هەبێ کاکە وەڵاهی پیاوی چاکم روم خۆشە ئێوە بەوسمێڵەم تێکەوتوون برامن وانیم کە ئێوە لێم تێگەیشتوون.

کەواتە تۆ هەرلەچونتەوە بۆ پێشمەرگایەتیش سوکە بەرپرسیارێتییەکت وەرگرت، وەک باس دەکەیت بووییت بەسەرکار ؟

بەڵێ بەڵام شتێک ماوە با ئەویش باس بکەم، کە خانووی پێشمەرگەو ناوەندی کۆمەڵەمان دروست کرد، شوێنێکیشمان دیاری کرد بۆ ئەوەی

تەندوری بۆ نانەوا لێدروست بکەین کە ویستمان تەندوور دروست بکەین، بەسۆندە ئاومان ڕاکێشا خستبومانە سەر شوێنەکە بۆ ئەوەی بۆسبەینێ نەرم بێتەوەو بتوانین بەئاسانی هەڵیبکەنین، بەیانی کەدەستمان بەهەڵکەندن کرد، سەرمان سوڕما ئاومان خستووەتە سەر زەویەیەکە پرسیارێکمان لادروست بوو ئێی ئەمشەو هەتا بەیانی ئاومان خستووەتە سەر ئەم زەویەیە ئەم ئاوە بۆکوێ چوو؟ کە دەستمان بەهەڵکەندن کرد لەو شاخە توشی کۆپەیەک بووین، وتم بەوریایی هەڵیبکەنن نابێت ئەم کوپەیە بشکێت، وتم مەکەن ئێوە ئەوە بۆمن بەجێبهێڵن، دەستمان پێکرد چەندە گڵمان لە چواردەوری دەردەدا، ئەوەندەش لە ناوەوەی. ئیتر بەسەلامەتی کۆپەمان دەرهێنا، چوین (ڕەشکە)[25]مان هێنا خستمانە ناو ڕەشکەکەوەو بەشەش حەوت کەس هەڵمانگرت و بردمان لەبەردەم هۆڵی شەهید شەهاب دامانن.

کوپەکە قەبارەی چەند دەبوو ؟

گەورە بوو ڕەنگە جێگەی ٢٠ تەنەکە گەنم دەبووەوە . دانەیەکی تری بچوکتریش بوو، ئەوەیان تەنها یەک چەکوشی مسی تێدابوو، وابزانم چەکوشە مسەکەیان برد بۆلای کاک نەوشیروان بەهەرحاڵ نازانم چی بەسەرهات . بەڵام کە کوپە گەورەکەمان لەبەردەم هۆڵی شەهید شەهاب دانا (بە پێکەنینەوە) بەگەورەیی لێمان نوسی بوو بژی ئاڵای سوری مارکسیزم لینینیزم .

وەڵا کاک سەید من هەر بیرم لەلای ئەو کوپەیە، ئەی دوایی چی بەسەرهات ؟

ئەی ئێمە دوایی سەرکردایەتیمان گواستەوەو بۆ ناوچەی سەرگەڵوبەرگەڵو خانووەکانمان لەوێ بەجێهێشت و کوپەکەش لەوێ بەجێما نازانم چیی بەسەرهات.

ئەی ئێستا؟ دوایی لێتان نەپرسی ؟

جاخانوو داروبەردی ماوە هەتا لەکوپە بپرسین ؟ لەکوپەی چی بپرسین. با شتێکی تریش باس بکەم کاتێک خانووەکانی ناوەندی کۆمەڵەمان دروست دەکرد، من پرسیم باشە ئێمە هۆڵی ١٢ بە١١ مەتر دروست دەکەین (نیرگە)[26] لەکوێ بێنین ؟ وتیان لەشێنێ چوین لەوێ دوو دارمان بڕی نیرگەمان لێدروست کرد ١٣ مەتر درێژ بوو، دوو دار سیانزەمەتر درێژبێت ئەی دەبێت چەند ئەستوربێ؟

بێگومان زۆریش ئەستورە .

(باوەشی کردەوە) وتی ئەوەندە ئەستور بوو، بەدوانزە کەس هەڵمانگرت، جاوەرە لەوێوەبیهێنە بەهەر حاڵ دوانزە کەس چوێنە ژێری و هاتین، لە زەڵێوە بۆ لای ئێمە کە لەتوژەڵەبووین هەورازە، ئێمە کەناوەندی کۆمەڵەبووین لەسەرەوە بووین شۆڕشگێڕانیش لەخورمانەوە بوون، ئەوبارەگایەی شۆڕشگێران جەمال ئاغاو ئەوانی لیبوون، لالۆ ڕەنجەمان لەگەڵ بوو ئەوەی سرود دەڵێت ئەویش کۆمەڵەبوو لەگەڵماندا بوو، لالۆ ڕەنجە گەنجێکی حەماسی بوو دەنگێکی خۆش و زۆڵاڵی هەبوو، وتی من لەم هەورازە سرودی ئەنتەرناسیونالۆ دەڵێم ئێوە کۆرس بن، بەو هەورازە سەختەدا ئێمە لە شێنێوە لەبن نیرگەیدا شەکەت ببووین ئارەقی شین ومۆرمان دەردابوو، دەیگوت بۆ ئەوەی شۆڕشگێران[27] بترسێنین، بڵێن ئەها کۆمەڵە چۆنن، ئەها چینی کرێکارو زەحمەتکێشان چۆنن ؟

---

25 ڕەشکە تۆڕێکی گەورەیە لە مووی بزن دروست دەکرێت، لەشێوەی تۆڕی ماسیدایە و چاوەکانی کەمێک گەورەترە، بەڵام بەشێوەیەکی لولەیی دروستدەکرێت و دەمەکەی نیمچە کراوەیە گوندنشینەکان بۆ گوستنەوەی کابەکاریان هێناوە دوای ئەوەی پڕیان دەکرد لەکا دەیانخستە سەرپشتی کەروهێشترو دەیانبردەوە بۆ ماڵەکانیان و لەسەربانی ماڵەکانیانەوە لەرێگەی کونێکەوە هەڵیاندەڕشتە ژورێکەوە بەو ژورەیان دەگوت کادێن .

26 نیرگە بەو دارە ئەستورو درێژە دەڵێن کە دەخرێتە سەقفی خانووەوە بەتایبەتی بۆ ژوری گەورە وەک هۆڵی مزگەوتەکان، بەزۆری نیرگە لەداری بەڕو یان توو چنار پەیدادەبێت دەخرێتە ناوەراستی سەقفەوەو دارەرای هولەکە دێنەوە سەر ئەونیرگەیە.

27 شۆڕشگێران مەبەستی لە خەتێکی تری ناو یەکێتی بوو بەناوی یەکێتی شۆڕشگیران وئەو سەروەختە مام جەلال سەرپەرشتی دەکردن و جەماعەتی کۆمەڵە بە ئاغاوات و چینی بۆرژوازیان دەزانین .

کەواتە ئەوکاتە لالۆ ڕەنجە لەگەڵ ئێوە پێشمەرگە بوو ؟

بەڵێ هەرلەگەڵماندا بوو، بەڵام کەدوایی دەورەی کادێران کرایەوە من سێ دەورەم بینی، دەورەیەکیان چل شەو بوو بۆ چەک وتەقەمەنی و تەقینەوەکان بوو، دەورەکە بۆ ڕاهێنانی ئەوکەسانە بوو کە دەبیت ئەوەی خەریکی ئەوکارە بێت کەسایەتییەکی هێمن ولەسەرەخۆ بێت ونابێت هەڵەشە بێت. بەڕەحمەت بێت مامۆستا ئەنوەر دەورەکەی پێدەگوتینەوە .

ئەنوەر حەسەن بوو ؟

نازانم .

ئەنوەر حەسەن لەقازان شەهید بوو.

ئائەو نەبوو چونکە ئەوەی من دەیڵێم کۆچی دوایی کرد . پیاوێکی عاقڵ بوو دەیگوت مامەڵەکردن لەگەڵ (متفجرات) یەکەم هەڵە واتە داهەمین هەڵەیە . من هەرسێک دەورەکەم بینی دوای ئەوەی دەورەکانمان تەواو کرد، من بەکادر هاتمە خوارێ، ئیتر لەگەڵ ئەوبرادەرانەش لێکدابراین .

ناوچەکە دور لەئاوەدانی بوو ؟ توژەڵە دوربوو لە ئاوەدانییەوە ؟

توژەڵەو نۆکان وزەڵێ بەدامێنی چیای ماندەوە بوون، بەرنبەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، چەمی قاسمەڕەش ببووە مەرزی نێوان عێراق وئێران، ناوچەکە چۆڵ بوو تەنها بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی و حزبەکانی دیکەی لێبوو (پاسۆک، شیوعی، سۆشیالیست، لیژنەی تەحزیری پارتی گەل، حزبە عێراقیەکان ئۆپزسینی ڕێژیمی عێراق، تەنها گوندی ئاوەدانی کوردستانی باشور کە لێمانەوە نزیک بوو شێنێ بوو، خەڵکێکی قارەمان وخۆڕاگری تێدابوو، لە دیوی کوردستانی ڕۆژ هەڵاتیش گوندی زەردەکانی لێوە نزیک بوو. بەڵام بازاڕی قاچاغچیان لە قاسمە ڕەش ونۆکان هەبوون. بارەگاکان کەلوپەلی پێداویست وخۆراکیان لێ دەکڕین .

کاک فەرەیدون نامەیەکی دابومێ کە ئەندام کەرتی ڕێکخستنی دوکان بم، خولە کۆمەڵە بەرپرسی بێت، بەڵام دوایی بۆڵێک دروست بوو کاک کامەران و کاک نەبەز وێەک دووکەسی تر وتیان بۆ بەهەڵبژاردن نەبێت، من وتم باشە بابە هەڵبژاردن بێت، بەڵام من دەنگم بەخۆم نەدا دوو دەنگم هێنا بەسێ دەنگ دەبوومە ئەندامی کەرت، ئیتر لەوهەڵبژاردنەدا نەبوومە ئەندامی کەرت، لە ساڵی ١٩٨٢ گوازرامەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی شارباژێرو لێپرسراوی پۆلی ماوەت بووم، ئەوەی پێشتر باسم کرد هەربەناوی کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاشتی بوو، کاک ئەسکندەر بەرپرسی بوو، سەرپەرشتی دەکرد، ئەسکەندەر کوڕی هاوڕێ عەلی بوو هاوڕێ عەلی پێشمەرگەیەکی ئەفسانەیی یەکێتی بوو، تەنانەت لە هەرسیشدا تەسلیم نەببوەوە، لەکاریزە ڕێکخستنم دروست کرد، لەسورەقەڵات هەردروستم کرد، لەئالانەومالانەش هەندێک سەربازی هەڵاتووی تێدابوون لە ناو ئەوانەشدا ڕێکم خستبوون، بەڵام دوایی گواستراموەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی چوارتا، لەوێ کە کۆنفرانسی دووەمی محەلی کۆمەڵە ساڵی ١٩٨٣ بەسترا من بوومە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی چوارتا هەتا ساڵی ١٩٨٥ . لەو ساڵەدا بووم بە رابەری سیاسی تیپی ٣٧ی شارباژێر لەوێ بووم هەتا ساڵی ١٩٨٩ پاشئەوەی تیپەکانیان تەشکیلکردەوە بووم بە جێگری غەریب هەڵەدنی کەتیپەکانیان تێکەڵ کردەوە بەتالیۆنی حەوتیان بۆ سلێمانی و بەتالیۆنی شەشیان بۆ هەولێر دروستکردەوە ئەوسا بووم بە فەرماندەی تیپی ٧١ی بەتالیۆنی سلێمانی .

کەواتە پێش ئەنفال وکیمیابارانی لە ڕۆژە سەختەکانی پێش ئەنفال کە پێشمەرگە لە شەڕی سەختدا بوون هێشتا ئەنفال دەستی پێنەکرد بوو بەڵام کیمیاباران هەبوو لەو ڕۆژانەدا تۆ کادری سیاسی بوویت ؟

من کادری سیاسی بووم هەموو جارێک جەنابی مام جەلال دەیگووت : کادری سیاسی نابێت شەڕ بکات وە هەموو فەرماندەیەکی تیپیش نابێت شەڕ بکات، دەیگوت ئەگەر شەڕبکەن ترسنۆکن، دەیگووت هەموو ئەفسەرێک لەسوپادا لەهەموو دنیادا تەنها دەمانچەیەک و دارحەیزەرانێکی پێیە، بۆکادر شەڕ وەک کفر وایە . بەڵام لە ناو پێشمەرگەدا قسەیەک دروست ببوو بەکادریان

دەگووت مریشک خۆر، من لەوبارەیەوە شتێکت بۆ باس دەکەم، قوربانییەکم دا، بۆیە هەمیشە کادرەکان لە ناوشەردا بوون بۆئەوەی پێیان نەوترێت ترسنۆک، لەهەر کوێیەک شەڕبوایە کادر دەچوو شەڕی دەکرد، بەڵام هەموو جارێک جەنابی مام جەلال دەیگووت کادیرەکان نابێت شەڕبکەن دەبێت پارێزراوبن، چونکە دروستکردنی کادرو فەرماندە کاتێکی زۆری پێویستە، پێشمەرگە بەئاسانی دروست دەبێتەوە بەڵام کادرو فەرماندە بەئاسانی دروست نابنەوە.

کەواتە هەر ئەو تێگەیشتنە خراپەش بوو کە وای کرد زۆربەی کادیرە سیاسیەکانی یەکێتی بوون بەفەرماندەی دیاروبەرچاوی سەربازی ؟

بەڵێ بێگومان لەهەموو شەرەکان بەشداریم کردووە، نەک هەرمن هەموو کادرێکی سیاسی وابوو.([28]).

ویستم ئەوەت بیر بخەمەوە کە وتت شتێکت بۆ دەگێڕمەوە؟

بەڵێ ئەوە شەڕێک بوو لە کۆڕەداوێ بەڵام شتێکم بیرکەوتەوە، کەبووم بەئەندامی کەرتی ڕێکخستنی چوارتا ئەوسا ئەندام کەرتەکان من بووم کاک بەکر بوو مام سۆران بوو ئێستا لەژیانداماوە و یاسای تەواوکردوەو کاری پارێزەری دەکات ماوەیەکیش بەڕێوەبەری گشتی بوو، سۆرانێکی ترمان هەبوو ئەو دوای ئەوەی کەهات تەسلیم بۆوە بەهەڵەکوژرا ئەو لە ئێراقیەکان بوو، سەید تایەری برازام بوو لێپسراوی کەرتەکەمان (کەرتی ڕێکخستنی چوارتا) سەردەمێک مامۆستا کاکە ڕەش بوو سەردەمێکیش کاک سەیوان بوو.

لەدوای ئەوەی زیاتر شەڕەکان خەست بۆوە بەتایبەتی لەدوای هەڵوەشانەوەی ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی عێراقی دا هەبوو ڕێکخستنەکان تەقریبەن هەڵوەشێنرایەوەو کادیرەکان دابەشکران بەسەر هێزەکاندا کاک بەکر بوو بەلێپسراوی ڕێکخستنی تیپی ٣٧ شارباژێڕ من بووم بەرابەرسیاسی تیپی ٣٧ شارباژێڕ کاک جوامێر سەرتیپ بوو ئەویان نەقلکردو مامۆستا جەمال یان هێنا کردیان بە جێگری تیپ کاک سەلیم ئاغا کەخەڵکی قەڵادزێ بوو هێنان کردیان بەسەرتیپ، کادرەکانی تریشیان دابەشکرد بەسەر کەرتەکانی تردا هەرکەرتەوە کادرێکیان بۆ دانا کە ڕێکخستنی پێشمەرگەو ڕێکخستنی جەماوەریش بکەن چونکە لەپێشدا ڕێکخستنی پێشمەرگە جیاوازبوو لەڕێکخستنی جەماوەر، لەسەر کاک سەلیم هەڵایەک دروست بوو لەبەر ئەوەی گوایە کاک سەلیم ئاغایەو نابێت لە ناو یەکێتی دا ئاغاهەبێت هەندێک خزمی خۆشی لەگەڵ بوون لەوانیش کاک حەمە هەژار و ملازم مەحمود کەبەداخەوە شەهیدبوو وە سەلیم سەلیمێک هەموو ئەوانی لەگەڵدابوو، تەنها من دژی ئەو نەبووم لەبەرئەوەی ئەو دێت خۆی فیدادەکات و شەڕ دەکات پیاوێکی زۆرئازا و لەسەرخۆ بوو بەداخەوە بەنەخۆشی لەدوای ڕاپەرینەکە کۆچی کرد.

دەمەوێت شتێک باس بکەم لەسەر کادر، لەزەمانی شۆرشی ئەیلولەوە پێشمەرگە بە کادری دەگوت مریشکخۆر دەیانگوت کادر دەزانێت مریشک چەند ئێسقانی تێدایە.

28 بۆ پشتراستکردەنەوەو پشتیوانی قسەکانی کاک سەید ئەحمەد من چیرۆکی چەندین کادری سیاسیم لەلایە کە هەریەکەیان بە جۆرێک لەجۆرەکان بوون بەقوربانی ئەو تێگەیشتنە خراپەی ناو هێزی پێشمەرگە، بۆ نمونە کادرێکی سیاسی هەبوو لە تیپی ٢٣ی سورداش سەرباری ئەوەی پیاوێکی دامەزراو ڕۆشنبیر و لە کاری سیاسی خۆیدا سەرکەوتوو بوو بەڵام پێشمەرگەکانی تیپ زۆر جار لاقرتییان لێدەگرت و قسەی بە تۆپکەلیان پێدەگوت، زۆر جار بۆ پشتیوانی قسەکانیان سوێندیان دەخواردو دەیانگوت بەوکوردستانەی کاک (...) فلان تەقەی تێدا نەکردووە.

هەرەوەها شەهید رزگار جەلال کادرێکی بەرێزو خۆشەویستی ناو خەڵک وپێشمەرگە بوو، کورێکی ڕوح سوک و کادرێکی سیاسی خەمخۆر بوو، کە شەڕی قازان ڕوێدا ئەو لە شەڕەکەوە چەند کیلۆمەترێک دوربوو، بەکاری ڕێکخستن لە گوندی کانی چناری دراوسێیان بوو، بەڵام نەیتوانی ئارام بگرێت و نەگەڕێتەوە بۆ ناو جەرگەی شەرەکە، بەڵکو گەرایەوە بۆ شەڕو هەرئەو ڕۆژە لەچیاکەی پشتی گوندی قازان دوای شەڕێکی قورس شەهید بوو.

ئـێمە ئەوسـا بەپێـی هەلومەرجەکـان لەکـاتی پێویست کادرەکان بەشداری شـەڕەکانمان دەکرد، کەبـووم بەڕابەر سیاسـی حکومەتی عێراقـی هـات پێشـتر بەرنـامەی پێشـوەختی هەبـوو بۆشـەڕی قەیـوان مـاوەت و دەرپەڕانـدنی سـەرکردایەتی یەکێتی لەحەوزی سەرگەڵو هات ویستی ناوچەی کـوڕەداوێ، شاناخسـێ و مەرۆێ و ئەو ناوچـانە بگرێت ئەوکات تیپی ئێمەی لێبـوو من هەفتەیەک دەبـوو ببـوم بەڕابەر سیاسـی پێـنج شـەش ڕۆژ تۆپبارانی بەردەوام هەبـوو یەک مـاڵی تێدا نەمـا هەمووی لەبەر تۆپبارارن ڕۆیشتن هەمـوو ڕۆژێک ئێمە لەڕێکخستنەوە زانیاریمان بۆ دەهات کەچەند جەیـش و جـاش ئامـادە کـراوە بـۆ هێرشکردن و لەکوێ دەدەن ئـێمەش کەرتەکانمـان دابەشکردبوو کەرتێک لە ئامادین بوو کەمالی حەبێ فەرماندەی بـوو کەرتێکمـان لە میـراوا بـوو کەرتێکـیش (لەخوارێ لەسەر کەند بـوو) سەڵاحی کـونجرینی فەرمانـدەی بـوو کـاک مەجیـدی حـاجی عەلـی فەرمانـدەی کەرتێـک بـوو کـاک حەمە هەژار فەرماندەی تیپ بوو ڕەحمان سیتەکی فەرماندەی کەرتـی یەک بـوو هەنـدێکیان لەمیـراوا بـوون وەمەفرەزەیەکیـان کە شـەهید مـحەمەدی حـاجی سەعید کوردێکی گەنج بوو جێگری کەرتبـوو بە نـۆ پێشـمەرگەوە لە نـاو کـونجرین دابـوون مـن ئەو شەوە چوم بۆلای ئەوان تۆپبارانێکی زۆر چڕ بـوو هەموو تۆپەکان ناوکونجرینی دەگرت ئەگەر بڵـێم هەمووی دوکەڵ بوو زیادەڕۆی نـیە ئەوڕۆژە مـن و شەهید محەمەد تاوڵەمان دەکرد من ڕابەرسیاسیم ئەو جێگـری کەرتە مـن لەبەر ئەو هەڵنەدەسـتام بۆیە نەڵێت سـەید ئەحـمەد دەترسێت و تـاوڵەکە بەجێ دێڵێت ئەویش لەبەر من هەڵنەدەستا بـۆیە نەڵـێن فەرمانـدە سـەربازیەکە دەترسـێت پێشمەرگەکانیش دەهاتن و خۆیان بن ئەم (سیلە) دەدا و بن ئەو (سیلە) دەدا خـۆلەگەڵ تۆپبـارانیش هیچت پێناکرێت ! منیش گوتم محەمەد گوتی بەڵێ گوتم ئەم پێشمەرگانە توشی ووڕە ڕوخـان دەبـن باڵەم گوندە دەریان بکەین تاوڵەکەمان پێچایەوەو وتـم تـۆ پێشـیان کەوە بۆسـەر یـاڵی کـونجرین نەوەک هێرشـەکە لەوێـوە بێـت کەرتەکەی کـاک سەڵاحیش لەوێیە ئەو گوتی نا تۆ بچۆ منیش وتم نـا کـاکە تـۆ بچـۆ ئەوەی کە بمێنێتەوەو زیـاتر مەترسـی لەسـەرە شـەهد مـحەمەد دەیویست مـن بڕۆم و شەهید نەبـم منیش دەمویست ئەوشـەهید نەبێـت و بـڕوات. ووتمـان چـی بکەیـن باشـە بـۆ پێشمەرگەکان تا بو بەشەو چوێنەبەشی سەرەوەی کونجرین شەوەکەشی چینـی خەریکی دەرهێنـانی چینـی ژێـرەوەی دیـواری مـزگەوتەکە بـووین بـۆ ئەوەی وەک ژێـرزەمین بـۆ پێشـمەرگەکان بەکـاری بهێنیـنن نیـوە شـەو بـوو خەریکـی ئەوە بـوین کە بروسکەیەکمان بۆهـات لە تیـپەوە دەڵێـت ئێـوە بچـنە بـازەگیر کە دەکەوتە بەینـی کـوڕەداوێ و گۆڕانگـا دەشـتێکە لەبنـاری شـاخی گمـۆیە بـۆ کـاتژمێر چـواری بەیـانی گەیشـتینە ئەوێ سـارد بوو، شاخەکە بەفری پێـوە بـوو مـانگی دوو بـوو ئەونـدەمان زانـی کـاتژمێر ٧,٣٠ جاشـو عەسـکەر هـاتنە خـوارەوە ئـێمە نەوەسـتاین یەکێکمـان ئـاربیجی پێبـوو مانـای ئەوەیە کەئـاربیچیەکە گولەی پێنەما ئیتر تەواو بێ تفەنـگ دەبێت کـاکە حەمە خۆی بە ئاربیجیەکە تەقەی دەکرد، ئەوەندە هێـزەکە زۆر بـوو دەبـوایە دوو دوو و یەک یەک هێـرش بکەیـن کە دەهـاتن ئـێمە لە شەخسـێکدا دامەزرابوین فرۆکەش دەهات بە ساروخی (مۆجەە) لێـی دەدایـن بەڵام ئـێمە چـونکە کەمبـوین یەکێکیشـمان نـاردەوە بـۆ فیشـەک و ئەوەی ئـاربیچیەکەی پێبـوو ئەویـش ڕۆیشتەوە مـاینەوە حەوت کەس دوو دوو پێشـمەرگەکان هێرشـیان دەکـرد منیش ووتـم بـا هێرشێک بکەم بـۆئەوەی نەڵـێن سـەید ئەحـمەد ترسـنۆکە هێـرش ناکـات بەتەنیـا هێرشـم کـرد لەبەر فیشـەک گـوێچکەم دەزرینگـایەوە ترسـانەکەم لەحەد بەدەربـوو ئەوەنـدە ئەو ڕۆحە نەداهـاتە دەرەوە لەهەر هەنگاوێکدا منداڵێکم دەهاتە بەرچاو نیـاز دەهـاتە بەچـاوم نیـان دەهـاتە بەچـاوم ڤیـان داهـاتە بەرچـاوم لەهەر هەنگاوێکدا یەکێک لەمنداڵەکان دەهـاتە بەرچـاوم کەخـۆم بەعەرزادەدا دەیـانگوت ئـاە کوشـتمان هەڵدەسـتامەوە فیشـەک دەهـات تاگەیشـتمە ئەو شـوێنەی کەمەبەسـت بـوو لەوێ بەنیشان هەندێک فیشـەکم تەقاند ئەونـدەم زانـی

پێشمەرگەیەکی بچوک کەیشتەلام کە کاکە حەمە ناردبوی و بەدوامدا هاتبوو منیش ماوەیەکم پێچوو تاگەیشتم پێشمەرگەکە ناوی بەکرە بچکۆل بوو بەداخەوە ئەویش دواتر شەهید بوو بەیەکەوە ئەو قۆڵەمان شکاندوو هاتینەوە حەمەی حاجی سەعید گوتی بەقوربانت بم هەچیم هەیە بەقوربانت بێت لەوەوە سەید ئەحمەد بوو بەمامە سەید ئیتر شەڕی بکردایە و شەڕی نەکردایە لەمریشک خواردن دەرچوبوین و چەند ئێسقانی تێدایە، ئەوەم تەنها بۆ ئەوە ببوو کەئەوە ڕون بکەمەوە نەک باسی ئازایەتی بکەم (بەپێکەنینەوە).

ئێوە وەک ڕابەری سیاسی جگە لەکاری خۆتان کاروباری کۆمەڵایەتیتان لەسەر شان بوو؟

نەخێر کاروباری کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی تری هەبوو زیاتر ئەگەر هەڵەم نەکردبێ لە مەڵبەندی دوو ڕووبەڕوی حاکم قادر دەکرایەوە، پێکهاتەیەکی خۆی هەبوو کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان دەبینی، پەیوەندی بەحاکم قادرو ئەوان هەبوو لە مەڵبەندی دوو، عەلی حاجی سەعید بوو تەسلیم بۆوەو بەنەخۆشی کۆچی کرد دوای ئەو شەهید خالید بوو ئەویش بەکارەساتی سەیارە هەرلەوێ کۆچی کرد پاشان وەستا جەمال بوو ئەوان زیاتر ئیش و کاری کۆمەڵایەتیان دەکرد ئێمە زیاتر کارەکانمان کۆبونەوە کردن بەڕێکخستنەکان و تەوجیهاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرپەرشتی ئەو چەک و تەقەمەنیانەی کە دەست پێشمەرگەدەکەوت یان کەدەهات بۆ پاراستن و ڕیکخستنی .

ئەوکاتەی کەجەنابت کادری سیاسی بوویت و جەولەت دەکرد مالّ و منداڵەکەت لەکوێ بوون ؟

مالّەکەم وەک پشیلەی چاونەپشکوتو هاوینێک لەگاپیلّۆن بوو زستانان دەچوونەوە بۆ سلێمانی لەبەر ئەوەی منالّەکان دەیان خوێند هاوینێک لە دۆلّبێشکی مام خۆشیان بوو کەهەندێک خزمم لەوێ بوون مالّی ئێمەو مالّی شێخ تایەری برازام و ئەو سەربازانەی کە هەڵاتبوون مالّەکانیان دەهێنایە ئەوێ ڕەبایەکیش لەپشتی مالّەکان هەبوو، هاوینێکیش لە کوڕەداوێ دوای شەڕگەی قەیوان ماوەت کەدێهات نەما من منالّەکان ژیلوان و شوان و ژینۆم لەگەڵ خۆم هێنا ماوەیەک لە شاناخسێ بووین هاوینێک هاتینە گەڵاڵەوسەفرە لەگەرمەی شەڕی قەیوان ماوەت بوو دوای ئەوە منداڵەکانم ناردەوە بۆ سلێمانی هەتا شەڕی قەیوان ماوەت کۆتای هات ئەویش ئامۆزایەکم هەیە بەناوی حەمە ماوەتی کە بەدرێژایی تەمەن لەگەڵماندابوو یەکێکە لەپێشمەرگە دانەبڕاوەکان ئەو گوتی من تۆ دەکوژم ئەگەر ئەم منداڵانە نەنێرمەوە بۆسلێمانی ئیتر ئێستڕێکمان هێنا و هەندێک باتانی عەسکەریمان تێپێچا و من و مەلێح منالّەکانمان ژیلوان و ژینۆ بەباوەشەوە بوو لە بەردەوە خانویەکی لێبوو لەوێوە بەردەبانی زوو ناردمن بۆ شار، ملّکێکمان هەیە لەخوار ماوەتەوە بردمن بۆ ئەوێ و لەوێوشەوە بۆ شار. بەکورتی بارەگای تیپەکەمان لەکوێ بوایە مالّی ئێمەو پێشمەرگە خێزانداڕەکانیس لەوێ بوو، بەڵام پاشەکشێی تیپەکەی ئێمە لە گەڵاڵەو سەفرە بارەگامان بردەوە بۆ شاناخسێ، ئیدی شەوێک لە ساڵی ١٩٨٦ دا شەوێکی زستانی مانگی دواتر کە بەفر بەگموڤوە بوو لەگەڵ ئامۆزاو هاوڕێی پێشمەرگایەتیم محەمەد ماوەتی چوێنە سورە قەڵات شەوی دوایی ژن ومندالّی هەردوکمان بەسواری هێستر هێنایە شاناخسێ، ئەوسا تەنها شوان و ژینۆ و ژیلوانم هێنا ئەوانی ترم لە بەر خوێندن لەسلێمانی لەلای دایکم وبراکانم و مالّی خەزورم بەجێمان .. ئامۆزا محەمەدیش هاوسەرەکەی و پێشەواو سەنگەری کوڕی لەگەڵ خۆی هێنا هەتا وەستانی شەڕی ئێران عێراق لەساڵی ١٩٨٨ لە شاناخسێ ماینەوە دواتر چوێنە شاری بانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات .

ئەوەیان کاتێکی تر دێینەوە سەری، هەموو منداڵەکانت لەشاخ لەدایک بوون ؟

هیچیان لەشاخ لەدایک نەبوون هەمویان لەشار لەدایک بوون

مەبەستم کەبویت بە پێشمەرگە چەند منالّت هەبوو ؟

نیازو نیان و قیان و ژیان وشوان لەدایک ببون، کەبوم بەپێشمەرگە ژیلوان و ژینۆ لەدایک ببون

پاشان هێژا لەبانە لەدایک بوو وە هۆنیاش لە سلێمانی دوای ڕاپەڕین.

ئەگەر بکرێت ناوی هەموو منداڵەکانت بڵێت ؟

لە گەورەوە نیاز موالیدی ١٩٧٣ وە نیان موالیدی ١٩٧٤ قیان ١٩٧٦ ژیان ١٩٧٩ شوان ١٩٨٠ ژینۆ ١٩٨٤ وە ژیلوان ١٩٨٥ هێژا ١٩٩٠ هۆنیا ١٩٩٢

من دەزانم کە تۆ بریندارى چەکى کیمیاوىت بەڵام پێش ئەوە هیچ جارێکى تر بریندار بوویت ؟

نەخێر

ئەگەر بێینە سەر ئەوکاتەى کەحکومەتى عێراقى ویستى کۆتایى بەجوڵانەوەى سیاسى کورد بێنێت و عەلى حەسەن مەجیدى کردە بەرپرسى ئەوەى کێشەى کورد چارەسەر بکات بەهەرشێوەیەک بێت، ئەوکاتەى کەهێرش کرایە سەر دۆڵى جافایەتى یەکەم قۆناغى ئەنفال جەنابت بەرپرسیارێت چى بوو؟

ئەوکات من ڕابەر سیاسى تیپى ٣٧ شارباژێڕبووم تا ساڵى ١٩٨٩

من دوو ڕۆمانى جەنابتم خوێنوەتەوە دۆزەخ و باڵندەکانى زەردەشت

سێیەمیش فریشتەکانى بەفر ئامادەیە بۆ چاپ

بەهیوام زوو چاپ بکرێت ، بەو ڕۆمانانەدا من هەستم کرد ئەم نوسەرە زۆر شارەزاى دابونەریتى کۆمەڵایەتى و کارى سیاسى و لەهەمانکاتدا کاروبارى سەربازیشە لەوکاتەدا من نەتۆم بینیبو وەنە لەنزیکەوە دەمناسیت، بەدڵنیاییەوە پێشمەرگایەتى کارێکى سەخت بووەو ڕوبەڕووى حکومەتێکى درندە بوونەتەوە لەهەمان کاتدا ڕۆمان نوسین پێویستى بە بیرکردنەوە و خەیاڵ وکات هەیە ئایا تۆ چۆن توانیوتە پێشمەرگایەتى و کارى نوسین بەیەکەوە بگونجێنیت ؟

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا ئێمە لەبنەماڵەیەکى چاوکراوەو ئەدەب دۆست بوین، ئێستاش لەبنەماڵەکەماندا شێخ تەهاى برام شعرى جوانى هەیەو شێخ تایەرى برازام نوسەرەو اسماعیل حەمەمینى برازام ڕەخنەگرو ڕۆماننوسە وئاودێرى برازام شاعیرەو هێژاى کوڕیشم دەستى نوسینى هەیە، من هەر لەخوێندنگاوە هەوڵى نوسینى شعرم داوە بەڵام سەرکەوتو نەبووم پاشان هەوڵى نوسینى یەکەم ڕۆمانم دا بەناوى کراسێکى سور لەسەر کرێکارێکى کۆمپانیاى نەوت لەکەرکوک دەدوا بەڵام بەداخەوە لەگەڵ هەموو کتێبخانەکەمدا لە ناوچوو

لەکوێ لە ناوچوو؟

لەبەینى کۆچى شارو لادێ بونى ماڵ بەکۆڵەوە لە ناوچوو. یەکەم چیرۆکم لە ساڵى١٩٧٤ لەپاشکۆى برایەتى دا بڵاوکردەوە بەناوى خوێنى سێ ژنەکە دووەم چیرۆکم لەشاخ بڵاوکردەوە لە گۆڤارى ژمارە ١٧ى نوسەرى شاخدا پاشان چەند کورتە چیرۆکێکم بەناوى خاک بڵاوکردەوە، بۆیە من وەک هیوایەت و حەز ئارەزوى نوسینم دەکرد لەگەڵ ئەوەش دا ئارەزوم دەکرد لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگاو دەوروبەر دانەبڕێم چونکە دنیایى شاخ دنیایەکى چەپەکە و دابڕاوە بۆیە حەزم نەکرد لەسەرکردایەتى بمێنمەوەو چومە ناو پێشمەرگەو خەڵکەوە. من خەیاڵم بوو بۆ کەمبۆدیاو ڤێتنام و هەموو ئەو وڵاتانە مێژووى خۆیان کردوە بەڕۆمان فلیمى سینەمایى بەڵام کورد شتێکى وایى نەبێت بامن شتێک بکەم ئەوەندەى بتوانم. بڕیارم دا هەموو قارەمانیەتەکانى قەیوان ماوەت بکەم بەڕۆمان بەناوى دۆزەخ بۆئەمە لەگەڵ کۆڵەپشتەکەم دایم کاخەزو قەڵەمم پێبوو لەهەرشوێنێک پشویەکم بدایە لەبات خەو و خۆمەشغوڵکردن شتم دەنوسى تەنانەت بیرەوەریەکانم ڕۆژ بەڕۆژ هەمووى دەنوسى

لەکاغەزدا یان دەفتەر؟

لەدەفتەردا بەشى یەکەمى ڕۆمانى دۆزەخم نوسى چوم بۆبانە ویستم چاپى بکەم لەکتێبخانەى ناجى خاوەنەکەشى هەر ناوى ناجى بوو کاریشى تێداکرد بەڵام ئیتڵاعاتى ئێرانى ڕێگەیان نەدا چاپى بکرێ مایەوە تا دواى ڕاپەڕین و بەشى یەکەم و دووەمم چاپکرد

پاش چاپکردنى ڕۆمانەکە هیچ یەکێک لەو دیمەنانە نەهاتۆتەوە خەیاڵت بڵێیت خۆزگە ئەمەشم بنوسیایە ؟

بەڵێ زۆریش چونکە من لەئەدەبیاتەکەدا تۆزێک حەزم لەدرێژدادڕیە کەبەو لایەنەدا دەڕۆم هەندێک شتم لەبیردەچێت.

نابەپێچەوانەوە ئەوکارەکتەرانەی ناوڕۆمانەکەت لەلای خوێنەریش جێگا دەگرن وە من نەمزانیەو ئەوانە هەموی کارەکتەری ڕاستین وەک مام عەلی و حەمەی حاجی سەعید

هەموو کارەکتەرەکان کارەکتەری ڕاستەقینەن بەپێچەوانەی نوسەرەکانی تر کەکەسایەتیەکی خەیاڵی و دەرەکی دێنێت چونکە پاش مێژوێەکی تر ئەوانەش دەبنە کەسایەتی خەیاڵی.

بۆ وەسفی جەنگاوەرەکانی بەعس کە پەلاماری پێشمەرگەیانداوەو شەریان لەگەڵکردون تۆ وێنەیەک لای خوێنەر بەجێدێڵیت ئەو وێنە ناشرینەیە کەتۆ چۆن لەگەڵ پێشمەرگە تێکەڵیت دەڵێیت بەهەمان شێوە لەگەڵ بەعسەکانیش تێکەڵبوویت بۆنمونە بەعسیەکان بەشێوەیکی گشتی سمێڵیان زل و قەوی و درێژ بوو تۆ هاتویت بەکەڵەشاخ وەسف کردوە ئایا ئەمانەت لەمەیدانی شەڕدا بینوەو گواستوتەوە بۆناو ڕۆمانەکەت یان هەر خەیاڵی خۆت بووە ؟ دەتوانم بزانم چۆن بوە؟

لەمەیدانی شەڕدا ئەودیمەنانەم نەگواستۆتەوە بەڵام لەژیانی ڕۆژانەی پێش بونم بەپێشمەرگە دەموچاوی ئەوعەرەبانەم بینیوە پەتایبەتی ئەوانەی سەربازو ئەفسەرو پلەداربوون لە حکومەتی بەعس دا ئەوانەم جارێکی تر هێناوەتەوە بەرچاوم و لەڕۆمانەکەمدا نوسیومەتەوە.

نزیکبویتەوە لەوەڵامی پرسیارەکەم بۆ نمونە تۆ لەمەیدانی شەڕدا هیچ کەسێکت بینیوە بەودڵڕەقیە لەسەر ڕەشاشێک تەقە بکات ؟

نا نەمبینیوە بەڵام باسکراوە.

باس لەکەسێک دەکەیت لەڕۆمانەکەتدا کەسێک لەوبەرەوە بەبیکەیسی تەقە لەپێشمەرگەکان دەکات و هەراسانی کردوون وە باس لەوە دەکەیت کە حەمەی حاجی سەعید دوربنەکە دەنێت بەچاویەوەو تەقەی لێدەکات دەڵێت وازی لێبێنە کردت بەسیپاڵ. ئەمە دیمەنێکی ڕاستیە؟

بەڵێ دیمەنێکی ڕاستە ئەوە ئەو شەڕەبوو کەباسم کرد ووتم هجومەکەم کردوە بۆئەوەی ئەوچاوە لەسەر کادر لابچێت لەلای پێشمەرگە، کەئێمە قۆڵی خۆمان تێکشکاند قۆڵی مامۆستا جەمال و مەجیدی حاجی عەلی کەقۆڵی ئەوبەربوو پشتی ماڵی کوڕەداوێ ئەوان پاشەکشەیەکی تاکتیان کرد، جاش و عەسکەر هاتنەخوارەوە گردەکەی لای ماڵەکانیان گرت و شەهیدێکیشیان دابووبەجێ مابووئەوانیش تفەنگەکەیان بردبوو دوو سێ حەربەشیان لە شەهیدەکەدابوو. لەوێوە یەکێک بەڕەشاش تەقەی دەکرد لەخوارێش هەندێک لەخانوی گوندەکانیش گڕیگرتبوو ئیتر لەوەوە ئەو دیمەنە دروست بوو ڕاستی بوو.

بەڵێ دەزانم لەڕێگەی مام عەلیەوە دابونەریتی کوردەواری بەگشتی و ناوچەی شارباژێڕبەتایبەتی دەگوازیتەوە بەڵام نامەوێت زۆر بچمە ئەوباسەوە، ئەوەی من دەمەوێت بیزانم ئەمەیە پێشمەرگەیەک لەشەڕو لەژێر تۆپباراندا بێت چۆن توانیوتە کاتێک بدۆزیتەوە ئەمە بنوسیتەوە ؟

وەک ئەوەی باسم کرد هیچ کاتێکی پشودانم لەدەست نەداوە ماندوبوم پێشمەرگە نوستوە من شتم نوسیوە جگە لەمەش رقێک و تۆڕەییەک لەناخی خۆت بەرامبەر دوژمن وات لێئەکات دەموچاوەکەی بەرامبەرت قێزەون بکەیت یۆنمونە هەرلەوشەڕەدا کەباسمکردو جەنابت ئاماژت پێکرد، ئێمە لای خۆمان مەیتێکمان بەدوژمن بەجێ هێشتوەو شکاندومانن و پێنج شەش پارچە چەک و هاوەنمان پێ بەجێ هێشتون بەیانی چوین بەڕێزەوە مەیتەکەمان هێناوە بەبێ ئەوەی یەک پێشمەرگە دەستی بۆبەرێت دارمان دانا وە پشتێنەکەمان لێکردۆتەوەو مەیتەکەمان خستۆتە سەر پشتێنەکە بەچوار پێشمەرگە لەوشاخەوە هێناومانەتە مقەڕەکەو ناردومانە کەسوکاری بێن بیبەنەوە، بەڵام ئەوان گەیشتونەتە سەر پێشمەرگەیەکی گەنج و جوان شەهید بووە پەنجا حەربەیان لێداوە لەم کاتەدا ئەوە پاڵبەتۆوە دەنێت کەدەموچاوێکی قێزەون بەیت بەنەیارەکانت.

ئەوەشم بەبیرهاتەوە کەهاوڕێ پێشمەرگەکانم کە هاوڕێی خوێندکاری بون بۆئەوەی حەقیان بەمێ کاک جەلال و محەمەدی مام سمایل کە

پێشمەرگەی دانەبڕاوەو دکتۆر عبدولا ماوەیەک پێشمەرگەبوو ئەوانە بۆیەیە باس دەکەم جەنابت پرسیارت کرد دەربارەی ئەو هاوڕێیانەی کاتی خوێندن و کاتی پێشمەرگایەتی لەگەڵم بوون.

دەست خۆش پرسیارێکی کەم ئەوەیە کەتۆ کادری کۆمەڵە بوویت بەڵام لەڕۆمانەکانت دا وادەردەکەوێت کەباوەڕت بەمارکسیەت نیە؟

من لەسەرەتای گەنجیمەوە کەچومە ناو کۆمەڵەوە لەسەر دەستی شەهید حەمەئەمین پۆڵا بوو، ئەو کەسێک بوو زۆر پێی دادەگرت لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی مارکسیەت وەک بۆژانەوەیەک وئاوڕدانەوەیەک لەگوزەرانی زۆرینەی خەڵکی چەوساوە پێموابوو بەرنامەیەکی باشە ئێمەش لەدورەوە ئەم مارکسیزەمان وەرگرتبوو ئیتر بەتەواوی ببوومە مارکسی ئەوەی پێی دەڵێن زێڕی هەژدە عەیارە، بەڵام لەوەو دوا وردە وردە باوەڕم بە مارکسیەت نەما تەنانەت پاش ماوەیەک لەسەر شتێک نامەیەکم بۆکاک نەوشیروان نوسی و پێم گووت من لەمەودوا کۆمەڵەنامێنم ئەگەر قایلن وەک پێشمەرگەیەکی یەکێتی ئەگەرنا، نایکەم داوای ئەوەم کرد کە بێتاقەت بوم لە کاری حزبی حەزم لە ئیشی عەسکەریە. هەردوای سێ ڕۆژ کاک نەوشیروان بروسکەی نارد گوتی سەید ئەحمەد فەرماندەی بەتالیۆنی حەفتاویەکە لەکاتێکدا خەڵکیان بۆدانابوو. وورده وورده باوەڕم بەمارکسیەت نەما پێموابوو داتدەبڕێت لەکۆمەڵگا بەتایبەتی کۆمەڵگای خۆمان، کادرمان هەبوو کەدایکی نوێژی دەکرد بەرمالەکەی فرێدەداو قسەی بەخودا دەگوت، تۆ چۆن ئەم ئەقڵیەتە دەگۆڕیت کۆمەڵگاکەی خۆت دەکەیتە دوژمن!! ئایا گەلی روسیا چەند بە مارکسیزم غەنیبوون ئایا جولانەوەی شوعی لەچین توانی ئەو مەهامە بەدیبهێنێت، ئایا ستالین لە روسیا چی بەخڵک کرد بۆ چەسپاندنی شتێکی تیۆری هەزاران جوتیاری کوشت، ئایا ئەوکوردانەی کەوتونەتە ژێ دەسەلاتی یەکێتی سۆڤێت لەسەردەمی لینین و ستالین لەبچوکترین مافی خۆیان بێبەش نەبوون!! کەواتە بۆمن دوایی ئایدیایەک بکەوم کەبەولاتەکەی من لەڕوی دابونەریتەوە نامۆیە بەڵام لەولاتەی کەدەسەلاتیان پێ بەدەست گرتوە خەڵکە هەژارەکەی کەخەباتیان کردوە هەرزەحمەتکێش و چەوساوە بێت.

پاشان کەهێرش کرا بۆ دۆڵی جافایەتی و قۆناغی ئەنفالی یەک دەستی پێکرد تۆ لە شانخسێ بریندار بویت ؟

کەهاتن کوڕەداوێ یان گردتو ئێمە ئەوشەڕەمان کرد ڕۆژی دوای مام جەلال بروسکەیەکی بۆناردین گوتی ئەو شاخانە بڕۆن ئێوە ناڕۆن زۆر پێیدا هەڵدابوین چونکە ئێمە شەڕێکی گەورەمان کرد هێزێکی زۆرمان تێکشکاندبوو تەنها یەک شەهیدمان هەبوو لەگەڵ دوو بریندار دا بۆ ڕۆژی دوایی جەنابی مام جەلال دوو تیپی بەهاناوە ناردین یەکێکیان بەفەرماندەیی مەحمود سەنگاوی بوو، تیپەکەی تریشیان بەفەرماندەیی تیپەکەی شەهید (عەبدالڕحمن)ی حەمەی فەرج بوو، لەگەڵ دکتۆرێک بەناوی کاک حسن هەڵەبجەی هەرئەوشەوە ئەوهێزە گەیشتە لای ئێمە دوو ڕۆژ لەوێ بوون بەڵام ئەوانمان ناردوە چونکە شوێنەکە تەنگەبەر بوو ڕۆژی دوایی شەڕێکی کەمان کرد هێزەکەمان شکاند بۆ ئێوارە بەماوەتدا پاشەکشەمان کرد بۆ سەفرە بریندارێکمان هەبوو، لەوێ بارەگای کەرتمان دانا بەفەرماندەیی شەهید حەمەی حاجی سەعید و ناردمانە ولاغلو یەکێکی تریشمان نارد گردە ڕەش و کەرتێکی تریش بۆ گوندی کەمالانی سەروو، ئەمە تا سەفرە گیرا لەدوای ئەوە مام جەلال گوتی ئێوە بچن بۆ شاناخسێ لەوێ بارەگایەک بکەنەوە بۆ ئەوەی ببنە هۆکاری پەیوەندی لەگەڵ وولاتی ئێرانداوە پارێزگاری ئەوگومرگە بکەین وەک داهاتێک ئیتر ئێمە تیپەکەمان بردەوە بۆ شاناخسێ لەوێ جێگیر بوین لەوێوە هەرشوێنێک هێزی پێویست بوایە ئێمە بۆمان دەنارد بۆمەڵبەندی سێ وبۆ قەراخ بەڵام من وەک ڕابەری سیاسی کەمتر دەڕۆیشتم ئەوماوەیە لەوێ مامەوە بۆمن دەرفەتێکی باش بوو بۆتەواوکردنی بەشی یەکەم و بەشی دووەمی ڕۆمانەکەم .

ئەوماوەیە چەندمانەوە لەوێ؟

لە ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٨٨ نزیکەی ساڵ و چەند مانگێک بوو.

لە کوێ بریندارببویت ؟

من دووجار بریندار بووم بە چەکی کیمیایی جاری یەکەم لە ١٩٨٨/٢/٢٦ کەهاتم بەدوایی منداڵەکان مەبەستم نیازو نیان و ڤیان و ژیانە کە بۆ خوێندن لە سلێمانی لەلای کەس وکارم بەجێمان هێشتبوون، بۆئەوەی بیان بەم کەزانیم بۆم دەرناچین هاتم بۆ قەراخ شار وهاتمە قزلەر لەوێ گەڕامەوە بۆ شەو چومە یاخسەمەر ئەوشەوە تۆپبارانی یاخسەمەریان کرد بە ساروخ و هاوەن و تۆپی کیمیاوی بارەگای مام جەلالی لێبوو ئەوشەوە ئێمە لەوێ بووین کۆمەڵێک پێشمەرگەم لەگەڵ بوو لەوانە حەمە قەڵاچوالانی بوو حەمە ماوەتی بوو ئازاد عەرەب بوو عبدالرەحمانی حاجی فەقێ ئەو وەک هاوڵاتی هاتبوو بەڵام کوڕەکانی پێشمەرگە بوو لەوێ بریندار بووین من ماوەیەک بوو دڵم ئێشابوو بێیان و دانیشتبووم بەڵام هەر لەشاناخسێ بووم یەک دووجار بروسکەیان بۆکردبووم کاک نەوشیروان و کاک شێخ دارا کە بچم بۆسەرکردایەتی داخۆ بۆ دڵمئێشاوە بەڵام نەچوم، بەڵام کەچوم بەدوای منداڵەکاندا لەوێ چوم سەری کاک نەوشیروانم دا. کە چوم بە بریندارى چوم بۆلای ئەوەش نا کە خۆینم لێبێت بەس ژەهرخوارد کرابوین بە کیمیاویەکە، کاک نەوشیروان گوتی بۆ دڵتئێشاوە ووتم لەبەر ئەوە

هۆیەکەی چی بوو ؟

سەرتیپەکەمان ڕۆیشتبوو بۆ مەڵبەندی سێ من لەوێ ڕابەر سیاسی بووم بەپێی ئسوڵ و قانون ڕابەر سیاسی کاری سەربازی دەکات بەڵام برادەرێکیان دانابوو بە بەرپرسی سەربازی تا ئەو دێتەوە منیش ووتم نایکەم ئەگەر ترسنۆکم ئەگەر شیاونیم، ئەوا قەینا دەبێت من سەرپەرشتی ئەم تیپە بکەم قانون وایە لە نەبونی فەرماندەی تیپ و جێگرەکەی دەبێت ڕابەری سیاسی سەرپەرشتی تیپ بکات لەبەر ئەوە دانیشتبوم پێشمەرگە زۆریان پێناخۆش بوو هەموو کەرتەکان دەهاتن بۆلام. کە لەوێ چوم بۆلای کاک نەوشیروان گوتی هەموو شتێکی تیپی ٣٧ تۆیت و ئێمە هەموشتێک لە تۆوە دەبینین. هەرلەوێ کاک جەبار فەرمان گوتی بابچین بۆماڵی خۆمان لەگەڵ ئەودا بەینمان زۆر خۆشبوو یادی بەخێر جارێکیش لە مردن رزگارم کرد دوایی ئەوەشتان بۆباس دەکەم، گوتی بۆ گەنت لێدێت گوتم بریندارم ، گوتی با سەبێحەی خێزانم نەزانێت دەڵێت دەبێت بمنێریتەوە گوتی بڕۆ خۆت بشۆو جلەکانی سوتاندم پێنج دینار لەگیرفانی جلەکانمدا بوو ئەوەشی سوتاند بوو پاشان جلی پاکی دامێ لەگەڵ کلاوێکی خوری گەرم، ووتم کاکە من پێنج دینارم پێبوە گوتی بزانە چەندی تێدایە ؟ سەیرم کرد پەنجا دیناری تێکردبوو لەوێ گوتی مەڕۆن بەهەلیکۆپتەر دەتان نێرمەوە ئەو کاتە لە ئێرانەوە هەلیکۆپتەر دەهاتن. لەوێ کویستانی دۆڵی شێخ محەمەد و پشتی گەڵاڵە هەمووی لێوان لێوبوو لەبەفر ئەو ڕێگا دورودرێژە ڕۆژانە پێشمەرگەو کاروان چی پاکیان دەکردەوە بەفر بەقەد باڵای زەلام بەرز بوو هەر بەینی دووسەد مەتریک تۆزێک فراوانیان کردبوو بۆئەوەی ئێسترو ولاخ لەیەک نەگیرێن، ئێمە بەهەلیکۆپتەر ڕۆشتین تا گەڵاڵە لەوێ دایبەزاندین شەو لەوێ ماینەوە.

ئەوەی کاک جەبار فەرمان هاتەوە یادم لەشەڕی قەیوان ماوەتدابوو ئەوە باسی خەستی و قورسی شەڕەکەناکرێت من لە گوڵێوە چوم بۆلای کاک جەبار تەقەمەنی و پارە بهێنم کەچووم لەقامیش دانیشتبوو لەدەشتێکدا بەتانیەکی ڕاخستبوو هاوەنیش دەهات شوێنەکە پشتەوەبوو (خلفی) تۆپ و هاوەن بۆئەوێ دەهات گوتم تۆبۆ لێرە دانیشتویت ئەو بەتانیە هەڵبگرەو بچۆرە ئەو پاڵەوە گوتی بۆ ئەوەنیە ئێوە لەوشاخە شەڕدەکەن کوڕی خەڵک لەوێ شەهید دەبێت بامنیش لێرە شەهیدببم ووتم تۆ سەرکردەیت تۆ نابیتەوە باتەنیاکەم هەڵگرت ووتم کاکە هەڵنەسیت هەڵت دەڕێژم خەمی تۆم نیە خەمی خۆمە من هەشت نۆ منداڵم هەیە بۆلێرە شەهیدبم هەستاو سەد مەتر دورکەوتینەوە یەک هاوەن دای لە ناوەڕاستی باتانیەکە لەوکاتەوە هەموجارێک

دەیگـوت سـەید ئەحـمەد ڕزگـاری کـردووم بەڵام کەنەخۆش کەوت دەچـوم بـۆلای دەیگـوت قەرزاری دنیاو قیامەتم بیت ئەگەر تۆنەبویتایە من شـەهید دەبووم ووتم ئاخر منیش شەهید دەبـووم. نـازانم لەکوێدابووم ؟

لەگەڵێ مانەوە



بەڵـی لەوێ لەگەڵ کـاک شـێخ محمـد مـاینەوە هـاوڕێی خوێنـدن بـوین بەیەکەوە ئەو ئەنـدامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو لەوێ نـوێنەری یەکێتی بوو لەگەڵاڵە ئەم گەڵاڵەی لای ماوەت ئەوێ ئێران گرتبووی، ئەوکـاتە ئێرانـی لێبـوو نـاوچەکە. مـن لەگەڵ پێشمەرگەکان دانیشتبوم نەمزانـی کە ئەوی لێـیە بـانگی کـردم وتـی وەرە ئەمـدیو خـێمەکە ئەمدیو ئەودیو بوو گوتی بەیانی لەگەڵ من وەرە بە سـەیارە لەگەڵ ئەو ڕۆیشـتین شـەو لە مـاڵی ئـێمە مـاینەوە لە شاناخسـێ، لە تـرێـی سـور شـەرابێکم دروست کردبـوو کەس نەیـدەزانی ئەمە ویسکیە یـان شـەرابە مریشکیشم هەبـوو مانگـاو بزنیشم هەبـوو بەڵام مانگـاو بـزنەکە دوای بـۆت باسدەکەم کەچۆن هەمبوو، پێم گوت ئەمشەو لای مـن بمێنـەوە لەم کـونەدا دەخەوێـن خۆمـان ژورو هەیوانێکمان هەبوو لەگەڵ کونە تەیارەیەک ئێمە لەوێ نوستین شەو شەرابم دایە گوتی ئەوە چـیە؟ ووتـم (ویسکی) یە گـوتی ئەم ویسکیەت لە کـوێ بوو وتم خۆ مام جەلال ئاگای لێمان نـیە لەم نـاو جەرگەی شەڕو ئاگربارانەی ئێران و عێراقدا بڵێت مەشـروب خـواردنەوە قەدەغەیە، ئـێ لەم کـونە تەیـارەیەدا بە قوربـانی خـوابم قـابیلە ئـێمە بـدۆزێتەوە بڵێـت گوناهبـارن ئەویـش حەزی لە مەشـروب بـوو، ئێسـتاش هەر بەویسـکی خواردویەتیەوە، ئیتر بەیانی لەوێوە ناردیانم بۆ نەخۆشـخانەی ٢٩ بەهـمەن لەتەبرێـز، لە ٣ی ئازارەوە لەوێ بووم تـا ٩ی مـانگی ئـازار، دوایـی هاتمەوە شاناخسێ . شتێکی بـاجی مەلـێح بـاس بکەم ؟

بەڵێ ئەی بۆنا، فەرموو

مـن هەر لەخۆشەویستیدا پێـی دەڵـێم (بـاجی مەلـیح) بێگومـان زۆرقەرزداری ئەوم هەمـوو ئەوهێـزو توانـایەی کەهەمبـوەو توانیـومە لەپێشـمەرگایەتیدا بمێـنمەوە هەمـوو نوسینەکانیشـم بەپشـتیوانی ئەوژنە گەورەیە بـوە ئەمە جـگەلەوەی منداڵەکانیشـی زۆربەجوانی پەروەردەو گەورەکردوە. کەئێران هات لەقۆڵی ئـێمەوە هێرش بکـات قەرار بـوو حەوزی مـاوەت بگیرێـت هەتـا سـورە قەڵات وکـارێزەو بەچیـایی قەیوانیشـەوە بڕیـاربوو لەهێرشـێکی هاوبەشـدا ئەو نـاوچەیە بگیرێـت ، بروسکەیەکمان بۆهـات لە مـام جەلالەوە دەڵێـت ئەوشوێنەی هێزی زۆری ئێمەی لێیە ئـێمە خـاوەن بڕیارین ئەو شوێنەی هێـزی زۆری پاسداری لێـیە ئەوان خـاوەنی بڕیـارن کەواتە تیپـی ٣٧ ئیـوە هەمـاهەنگی و گـوێڕایەڵی ئەوان بـکەن. کەئەوان هاتن پاسداریکی زۆریان هێنا فەرماندەی لەشکری ٥٧ سـوپای پاسـداران هـات ووتیـان ئەو ژن و منداڵانە بۆ لێرەبن بۆ نەیـان نێـرین بـۆ شـوێنێک هەمـوو ژنەکانمـان نـارد بـۆ سەردەشـت لەوێ ئوتێلێکیان بۆگرتن هەمویان لەوێ مانەوە وابزانم مـانگێکی پێچـوو بەڵام لەومـاوەیەدا هەرتۆپێـک دەهـات و پێشـمەرگەیەکی خێزانـداری شـەهید دەکـردین سـێ چـوار پێشـمەرگەی خێزانـدارمان شەهیدبو کەمـاڵ و منداڵەکەی لەوێ بـوون لەبەر ئەوە قەدەغەمانکرد هیچ پێشمەرگەیەک سەردانیان بکـات و نامەیـان بـۆ بنوسـێت تەنـانەت بـۆ هەواڵپرسـینیش بـۆئەوەی ئەو خێزانـانەی کەمێردەکانیان شـەهید بـوە نەزانـن، بەڵام بـاجی مەلـێح گوتبـوی مـن هەر دەڕۆمەوە بـۆلای سـەید ئەحمەد ئەو لەکوێ بێت منیش لەوێ دەبم کـاتێکم

زانـی بـاجی مەلـێح و ژیلـوان و ژینـۆ وشـوان هاتنەوە

واتا بەمنالّەکانەوە هاتەوە

بەڵێ ووتم ئەوە بـۆ هـاتیتەوە گـوتی ئەی بـۆ من لەگەڵ تـۆ نەمـرم، رۆژی ٣/٢٣ ئەوەمـن هێشـتا عیلاجی بریندارى کیمیـاى یەکەمـم تەواو نەکـردوە شەهید محمدى حاجى سەعید لە هاوار شەهید ببو لە هەڵەبـجە هەنـدێک گـوللە سـاروخى فاسـیان دەسـت کەوتبـوو تاقیـانکردبۆوە کە سـاروخێکى فاسى تەقاندبو لە دارگـوێزێکى دابـوو پـارچەکەى بەرکەوتبوو بەوە شەهید بـوو. ئـامۆزایەکى نـاوى بەرزانى حاجى قادرە لە شوێى بانە بـوو ووتمـان ئەچـین بـۆ ئەوێ بـۆ ئەوەى بەشـدارى پرسـەکەى بکەین، بارەگایەکمان هەبـوو لە پشـتى مالّەکـانى خۆمـانەوە لە تەنیشـت ئەوەشـەوە بارەگـایەکى پەیوەنـدیەکان بـوو سـالارى حـاجى دەروێشـى چوارتاى سەرپەرشتى دەکرد نەخۆشخانەیەکى لێ بوو ناویـان نـابوو نەخۆشخانەى فـاتمە زەهـرا، ئێرانیەکـان کردبویـان سـەیارەیەکمان هەبـوو ئێرانیەکان دابویان بە ئێمە سەیارەکەش تایەکەى تەقیبوو دانیشتبووین پێنج شـەش تەیـارە هـاتن ئەوناوەیـان بۆردومـان کـرد ٤٨ مـاڵى پێشمەرگەو خەڵکى شاناخسێى لـێ بـوو شـەهیدو بریندارێکى زۆرى لـێکەوتەوە مـن لەبرینـدارەکان بـووم کە هاتمەوە ماڵەوە مەلیح دەستى کرد بەگریان گوتى تەواو تۆ ئەمریت تۆ هێشتا چاک نەبویتەوە ئەوە جـارێکى تـریش بریـنـداربویتەوە ئەوکـاتە دکتۆرێکیـان بۆهێنـام دکتـۆرى تیـپ بـوو، نـاوى دکتـۆر کـاوە بـوو خـۆى یاریـدەدەرى دکتـۆر بـوو لەڕێگا تورەیان کردبوو وتبویـان تـۆ ترسنۆکیت ڕاتکـردوە ئەویـش مشـتێک گڵـى لاى سـاروخێک هەڵگرتبوو بۆنى پێوەکردبوو، وتبوى خۆ سەرباز نەهاتوە تا من ترسابم ڕامکردبێت.

کە هـاتە لاى مـن دەرزیەکەم لەودا ئەو توشـى تەشەنوجى مل و شێتى بوو. پاشان من خـۆم شت و جلەکـانم شـت ئامادەکـاریم بـۆ ئەوانە کردبـوو مۆرى تیپم دابە مەلیح ووتم هەتا نەگەڕێمەوە ئەم مۆرە نەدەیت بەکەس لیستێکى چەک و سیلاحمان هەبوو ئەوەشم دایە.

واتا حاڵەتەکەت ئەوەندە خراپ بـوو تـا وەسـێت بکەیت؟

نەخێر بەس تادەهات هەستم دەکرد نەوعێک شت بەسەرمادێت هاتن بمبەن بۆ خەستەخانەى فـاتمە زەهرا وتم کەس نەمگرێت خـۆم ئەڕۆم لەوێ ئیتـر نـازانم بورابـومەوە لەهۆشـخۆم چـووم کاتێـک دەزانم لە ئەسفەهانم

ئەو فەترەیەت هیچ بیرنایات ؟

نازانم چۆن و کەى گەیشتومەتە ئەسفەهان لەوێ لەدولاوە مغەزیـم پێـوەیە و هەمووگیـانم سـوتاوە لەلوتم ئیفـرازات دێتـە دەرەوە کوێربـووم، ئەوەى من دەمکرد ئەوە بوو هەموورۆژێک سێ جـار خـۆم دەشـت دواى پـانزە ڕۆژ چـاوێکم کـرایەوەو پـاش ماوەیەک چاوەکەى تـرم کرایەوە بەهەمـووى چـل ڕۆژ لە نەخۆشـخانە بـووم لەنەخۆشـخانەى بیمارسـتانى خورشـیدیان پـێ دەگـوت زۆربەى بریناوەکـانى ئەوێ هەڵەبجەیەکـان بـوون ژن و منـداڵ پیـرو گەنـج دەگریـان و هاواریـان دەکـرد چـونکە ئـازارێکى هێنـد بەسـوێى هەیە بەتـایبەت ئەوجۆرە خەردەلەى کە دەتسوتێنێت منیش لەوێ لەگەڵ ئەوبرینـدارییەى خـۆم دا شـعرێکم بـۆ هەڵەبـجە نوسـى هەرلەوێ کەنوسـیم و پاکسـازم کرد ئیتر لە بەرم کرد دوایى خستمە سـەر کـاغەزو ئێستاش هەرماوە

دوایى پێویستە بۆمان بخوێنیتەوە ؟

زۆرباشە. باسى ئاژەڵم کرد کەوتـم مانگـاو بـزنم هەیە ئێسـتا بـۆت دەگێـڕمەوە چـۆن هەمبـوو، لەسـەرتا کەلەوێ بـوین دکتۆرەکـان مانیـانگرت گوتیان کەس چارە نـاکەین چـونکە کیمیـایى وەک نەخۆشى ساڕى وایە دەیگریتەوە بەڵام من بەپـاکى چوبـــوم لەبەر ئەوەى زۆزو خـــۆم دەشـــت سـوتاوییەکانم چـاک ببـونەوەو پـاک وخـاوێنتر بـــووم، دواى مانگێـــک منیـــان دەرکـــرد بەڵام دکتـۆرەیەکى لێبـوو تایبەتمەنـدیەکەى چـاو بـوو خاڵێک بە ڕومەتیەوە بوو منى لەگەڵ خۆى دەبـرد بـۆ وەرگێـڕان مـن بەهـۆى ئەوەى دەمخـوێنەوە و کتێب و ڕۆژنامەى فارسیم بۆدەهات فێرى جۆرێـک لە فارســـى قســـەکردن و تێگەیشـــتن ببـــوم پاکوخـاوێنیش بـوم هەمورۆژێـک خـۆم دەشـت.

کەدەرچوم پرسیاری لێکردم گوتی تۆ بۆکوێ دەچیت ووتم ئەچمەوە یۆ ئەوشوێنەی لێی بریندار بووم گوتی بۆ ئەچیتەوە تۆ وەزعت زۆر خراپە ووتم ئاخر من ماڵ ومندالەکانم لەوێن گوتی ئەوان لەوێن !! گوتی با پشکنینت بۆبکەم بزانم هیچ برینێکت بەلەشەوە نەماوە ووتم ئاخر تۆ دکتۆری چاویت گوتی کێشە نیە حەزدەکەم تۆ بەباشی بڕۆیتەوە ناشهێڵم بڕۆیتەوە ئەبێت ١٠ ڕۆژی تر لێرەبیت گوتی دەچم ئەو دەرکردنەی تۆ هەڵئەوەشێنەمەوە، کە هات فەحسی کردم بڵقێکی سوتاوی بە قاچمەوە بوو دکتۆرەکان نەیان تەقاندبوو گوتی ئەو برینەت بۆ پاک دەکەمەوە ئەگەر جەراعەتی کرد بێت دەبێت قاچت ببڕینەوە لەبەرئەوەی توشی شێرپەنجە دەبیت، دوایی هات هەموو لەشم بپشکنێت من دەرپێی کورتم لەپێ بوو نەمهێشت وتی دایکەنە شتێکت لە بیر بێت دکتۆرە فریشتەیە، ئێوەش ئامانەتن لە ئەستۆی ئێمە ئاوا هەموو گیانمی جوان پشکنی دەڕۆژیشی بۆتازە کردمەوە برینەکەم بەو ماوەیە چاک بوو. گوتی مادام ئەچیتەوە دەبێت شیرو بەرهەمەکای شیر بخۆیت باشە من بچمەو بۆ شاناخسێ لەکوێ شیرو بەرهەمەکانی پەیداکەم گوتی ئەگەر وانەکەیت دەتکوژێت. کەهاتمەوە وام گوت لەتیپ ئێستریکمان هەبوو بۆیان فرۆشتم بۆیان دام بەمانگایەک، مەلێح نەیدەزانی مانگاکە بدۆشێت لەژیانیدا ئاژەڵی بەخێونەکردوە بەڵام ماڵی ئامۆزایەکم لەگەڵمان بوون ژنەکەشی پورزام بوو ئەو مەلێحی فێر کرد دوای دوو بزنیشم کڕی بەدوو کارەوە لەو ئاگربارانە ئیتر لەوێ دۆو شیرو ماستمان هەبوو.

دوای لە شاناخسێ مانەوە؟

بەڵێ ئێمە هەتا وەستانی شەڕی ئێران و عێراق لەوێ ماینەوەو ئێران لە ناوچەکان دەکشایەوەو پردەکانی دەتەقاندەوەو ناوچەکانی کانیان مینڕێژ دەکرد، منیش بروسکەیەکم بۆ کاک نەوشیروان کرد گوتم شتێکی ئاوایە ئەویش وەڵامی بروسکەکەی دایەوەو نوسیبووی ماڵ ومندالتان بەرن بۆ ئێران و خۆتان لەوێ بمێنەوە. ماڵ ومندالەکانمان نارد، بەڵام من مالەکەی خۆم نەنارد مەلێح گوتی لەگەڵ خۆت نەبێت ناڕۆم دوای دوو سێ ڕۆژی تر بروسکەیەکی ترم کرد پێم گوتن ئێران پردوو ڕێگاکان دەتەقێنەوە ئێمە بەتەنیا دەمێنینەوەو عێراقیش دێت و ڕێگا نامێنێت گوتی بچن بۆ شلێروناوخوان ئەوێ سنوری پێنجوێنە ئێمەش لەوێ گواستمانەوە بۆ عەواڵ لەپشتی ئەو زاویەیەی کەلە پێنجوێنەوە دەچێتە ئێرانەوە بارەگامان بردە ئەوێ و مالەکانمان بردە بانە تا ڕاپەڕینەکە . بارەگامان بردە ئەوێ لەوێش حکومەتی ئێراقی هات بارەگاکەمان گواستەوە بۆ مەڵبەندی سێ لەبناری قەندیل بۆ سورەدێ تا ئەخیر شەڕی کونە کۆترو مۆڵی گەورەو مۆڵی بچوک ئەوی شەهید ئازاد شەهید بوو تا دوایی کشانەوەکە بارەگامان بردە بلەکێ.

تۆ بەو بریندارییەوە توانای جەولەو شەڕت هەبوو ؟

بەوبریندارییەوە بەگۆچان و عەینەک بەسواری ئێستر دەڕۆیشتم لەشم برینیش بوو.

من چاوپێکەوتنم لەگەڵ پیاوێکی ترکردوە بەناوی عومەرئەویش بریندارێ چەکی کیمیایە

بەڵێ عومەر دڕیی ئەو لەگەڵ من بریندارێبوو من باسی بریدارو شەهیدەکانم نەکرد چونکە زۆر بوون، ناوەکانم هەمووی لەلایە شەهیدەکان حەمە ئەمینی خەجێ و مامۆستا حەمە ڕەوف وشێخ عەزیزی شەدەڵە وکاک ئاسۆی شێخ مارف ئەو فەرماندەی کەرتمان بوو هەژار گەڵاڵی و ئامانج و خڵە کەمال بوون.

ئەمان شەهیدی کیمابارانی بوون ؟

بەڵێ کۆمەڵێکی تر کە لە نەخۆشخانە شەهید بوون من ناویان نازانم وە بریندارەکانیش زۆر زۆر بوون.

باسی ئەو نەخۆشخانەیەت کرد فاتمە زەهرا بوو یاخود بەهەشتی زەهرا هەستناکەیت لێت تێکچوبێت ؟

فاتمەزەهرا، مەبەست ئەوەی شاناخسێ بوو ؟

دکتۆرەکە ناوی چی بوو؟

دکتۆرەکە نازانم ناوی چی بوو کۆمەڵێکی لێ بوو ئەوان زیاتر فریا گوزاری بوون لە بەری شەر

کەیەکێک بریندار دەبوو چارەسەرێکی خێرایان بۆدەکردو لەوێوە بەهەلیکۆپتەر ڕەوانەیان دەکرد

پێم وایە ئەو دکتۆرە ناوی سەحەرە بەڵام دڵنیا نیم .

نازانم چونکە من کەبریندارببووم شەهید شێخ عەزیز و شەهید ئاسۆ لەبەردەم منەوە بوون من گڵی ساروخەکەم بەسەرداهات من پاڵ کەوتم ئەگەر منیش بڕۆیشتمایە پارچەی ساروخەکەم بەردەکەوت وەک ئەوان شەهید دەبووم کە تەیارەکە هات زۆر نزم بوو من لەکەندەڵانێکدا بووم خۆم بەزەوی دادا کەساروخەکە هات من نەمزانی ساروخی کیمیی یە هەستام ڕاکەم کەوتم دوبارە هەستامەوە کەوتمەوە شایەتمانێکم هێناو گوتم تازە بۆڕاکەم کەناتوانم دوای گوتم کەئەو پێشمەرگانە دێن من هەڵدەگرنەوە بریندارەبن با دور بکەومەوە کێشام بەسنگی خۆمدا تەماشام کرد دەتوانم تەوازنی خۆم ڕابگرم ڕامکرد خۆمکرد بەنەخۆشخانەکە کەسی تێدانەبوو چونکە شوێنەکەی لەچاڵیدا بوو هەمووی هەڵاتبوون باشترین بەرەنگاری چەکی کیمایی چونە شوێنی بەرزوو ڕاکردنە بە دژی ئاراستی هەواو پاشان چومە ماڵ و لەوێ خۆمشت و ئیتر لەوێوە من بەبێ هۆشی چوم بۆ ئەسفەهان، پێشتریش هیچ پێویستیەکم بەنەخۆشخانە نەبووە تا بزانم کێی لێیە.

وەک بزانیت ئەوشەهیدانەی کەباست کردن وەک شەهیدی کیمیاباران تۆمار کراون؟

دەبێت تۆمار کرابن من بەتەواوەتی ئاگادار نیم.

هیچ مامەڵەیەکت کردوە بۆ تۆمارکردنت وەک بریندارێکی چەکی کیمیایی؟

بەڵێ مامەڵەیەکم کردوە تەنها بۆئەوەی ناوم هەبێت نەک بۆموشە.

ئەگەر ڕێت کەوتە ئێران دەتوانیت ئەو فایلەت بێنیتەوە لەنەخۆشخانەکان وەک دۆکۆمێنت؟

چاوم تەواو نیە تۆزێک لاواز بوون، بەنیازم بچم بۆ ئێران بۆ چارەسەر لەو سەفەرەمدا هەوڵ دەدەم بیهێنمەوە ئەگەر دەست بکەوێت.

دەست دەکەوێت خەڵک هەیە هێناویەتەوە، کاک سەید ئێستا هەست دەکەیت کاریگەری چەکی کیمیایت لەسەر مابێت ؟

من کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆبووم یەکێک بووم لەوانەی کەدەیانگوت قەت تورە نابێت بەڵام لە بریندارێکی کیمیاییەکەمەوە دەزانم جۆرە تورەبوونێکم هەیە و زوو دەمگرێ و بەحەماسەت قسە دەکەم، لەو حاڵەتە زیاترم نیەو هەست دەکەم من کیمیایم تێکشکاندووە. زاڵبووم بەسەریدا، نەمهێشت زەفەرم پێبەرێت .

ئەو ئیرادەیە زۆر گرنگەو بەراستی شایانی ئەوەیە بەچاوی ریزەوە تەماشا بکرێت، ئێستا دەتوانین بەتۆ بڵێین بەرکەوتووی چەکی کیمیایی، نەک بریندارو نەخۆشی چەکی کیمیایی، بەشێوەیەکی تر بڵێم دەبێت بەریزت وەک بەرکەوتووی چەکی کیمیایی حسابت بۆ بکرێت بەڵام وەک بریندارونەخۆشێکی چەکی کیمیایی حسابت بۆنەکرێت.

نەخێر بەهیچ جۆرێک هەست بەو حاڵەتە ناخۆشانە ناکەم، ئەوحاڵەتە دەرونیە نەبیت، وردە وردە وا خەریکە بەسەر ئەوەشدا زاڵ دەبم.

بەهیوام بەسەرئەوەشدا زاڵ بیت. باسی دیمەنێکت کرد، کە زۆر ژن ومنداڵی هەڵەبجەیت لە خەستەخانەکانی ئێراندا بینیوە ؟

بەڵێ ئەوە لە بیمارستان (نەخۆشخانە)ی خورشیدیە سێ قات بوو، هەرچی بریندارێ کیمیاییە هی هەلەبجەو شوێنەکانی تر لەوێ بوو، ئەو دیمەنە زۆر کاری تێکردم بەدەم ئەو ئازارەی خۆمەوە شیعرێکم بۆ هەلەبجە ووت.

بە مەزندەی عەقڵی خۆت ئەوکاتە ئەو خەڵکە بریندارە چەندێک دەبوون، وەڵا زۆربوون رەنگە خۆیان لە پێنج سەد شەش سەدکەس بدایە، تەنها بریندار بوون.

بێجگە لەو خەستەخانەیەش زۆربەخەستەخانەکانی تری ئێران بریندارانی چەکی کیمیاییان تێدابوو؟

بەڵێ بێگومان بەڵام من هەرباسی ژوورەکەی خۆم بکەم ئەمبەر هەشت وئەوبەر هەشت کەسی تێدابوو.

کەواتە هەر ژوریک شانزە کەسی تێدابووە .

بەڵێ ئینجا باشتێکت بۆ خۆشی بۆ بگێرمەوە، کابرایەکی فارس هات پیریش بوو، من حەوسەڵەم نەبوو بریندار بووم ئەویش حەزی لەقسان بوو، وتی : بەچەیە کوجا هەستی، منیش وەڵامم نەدایەوە ئینجا وتی وێن ئەهلەک (وین اهلک) هەر وەڵامم نەدایەوە خەڵکی کوێی، ئینجا بەتورکی دەستی پێکرد، جنێوێکی پێدام (پدر سختێ مادر سوخت). بەزمانی فارسی جنێوی پێدەدام و نەیدەزانی تێدەگەم ودەیگووت (نمیدونم اون پدر سخت بەچەیە کوجا است واتە ئەم سەگبابە لەکوێیەوە هاتووە) .

ئەویش سەرباز بوو ؟

بەڵێ ئەویش لەشاناخسێ بریندار ببوو لە خۆبەشەکانی شەهیدانی نەجەف وکەربەلا بوو، بەڵام ئەو وەزعی باشتر بوو.

یەعنی ئێرانی نەبوو ؟

بابا، ئێرانی بوو . ئەویش پاسدار بوو.

چیتر ماوە کە ئێمە باسمان نەکردبێت ؟

باسی پارتیزانیمان نەکرد.

بەڵێ ڕاست دەفەرموی، دوای ئەوەی جەنگی ئێران عیراق وەستا و ئەنفال سەری گرت و عێراق کۆنترۆڵی ناوچەکانی کردوە، کەی سەرکردایەتی بیری لە مەفرەزە پارتیزانەکان کردەوە. ؟

سەرکردایەتی کە هێزەکانی تەشکیل کردەوە دەنگۆیەک بەناوی سەرکردایەتییەوە بڵاو بووەوە کێ دەمێنێتەوە ئازادە، کێ دەڕوات بۆ دەرەوە بابڕوات، کێ دەڕواتەوە تەسلیم دەبێتەوە ئێمە بەتەسلیم بوونەوە بۆی ئەژمار ناکەین.

ئەوکاتە ئەوەیان گووت ئەوەی تەسلیم بێتەوە بە چۆڵکردنی ریزی خەبات بۆی ئەژمار ناکەین.؟

بەڵێ دەنگۆکە وابوو لەبەرئەوەی کەوتووێنەتە باریکی نائاساییەوەو ئەم هەموو هێزەمان پێ ئیدارە ناکرێت. ئەوانەشی کەماینەوە بەسەر دوو لایەندا دابەشیان کردین، ئەوانەی دەبن بەپارتیزان و ئەوانەی وەک پێشمەرگە دەمێنێنەوە لەبارەگاکاندا، من ئەوکاتە وەک پارتیزان خۆم نەنوسی لەبەرئەوەی مالّ ومندالّم هەبوو. ئەوکاتە دەورەیەکیان بۆ ئەوکەسانە کردەوە کە خۆیان بۆ پارتیزان نوسیبوو، لەوەدا زوڵمێک لەپارتیزانەکان کرا، چونکە ئەوەی دەورەکەی بینیبوو پێیان دەگووت پارتیزان نەشچوایەتە خوارەوە هەر پێیان دەگوت پارتیزان، دوای ڕاپەرینیش مام جەلال مەداليای پارتیزانی پێبەخشین هەمووی گرتەوە. بەلام ئەوانەی لە بەتالیونەکاندا بوون و بە پارتی زانی دابەزین مەداليايان پێنەدرا وەک پارتیزانەکانی تیپی ٧١ کە بەندە فەرماندەی بووم. ئەوکاتەی کەبەتالیونەکانیان دروست کرد بەتالیونی حەوتیان بۆ سلێمانی دانا کە مامۆستا جەمال بەرپرسی بوو، من فەرماندەی تیپی ٧١ی ئەو بەتالیونە بووم، منیش ووتم مادام وایە بۆ دانەبەزین ؟ چوم لەگەڵ کاک نەوشیروان قسەم کرد ئەویش وتی پێمباشە. ئیتر هاتین لە پێشەوە ڕێگاکانمان کردەوە، دوو ڕێگا هەبوون یەکێکیان لە بلەکێوە دەهات، یەکێکیشیان لە شاناخسێوە دەهات،

لە بلەکێوە بۆ کوێ دەهات ؟

ڕێگایەکیان لە بلەکێوە دەچوین بۆ پردی جەلال ولەوێشەوە بۆ چوارتاو مامە خەلان لەوێشەوە لە تەنکە بوارەوە دەهاتینە سیتەک و لەوێشەوە بۆ گۆیژەو ئینجا دەهاتینە سلێمانی. ڕێگاکەی تریشیان لە شاناخسێوە دێتە سەراو میراو لەوێشەوە بۆ کورەداوێ و بەوێشدا دەهاتیتە دۆڵی جەهەننەم و لەوێشەوە بۆ شاخی ئەزمڕو گۆیژەو لەوێشەوە بۆ سلێمانی . ئەو ڕێگایەمان لەئەڵغام پاککردەوە، کاک حمە هەژارو کاک فاروق و کاک مەجیدو ئەوان هەندێکیان هەڵگرتەوەو من و حاجی سەراوی (بەڕەحمەت شەهید[29] بوو، وەستا فاروقیش ڕێگای پردی جەلالی بۆ هەورازی مامە خەلان هەمویمان هەلگرتەوە بێگومان بەس راستە

29 حاجی سەراوی ناوی راستەقینەی محەمەد عەلی مستەفایە خەڵکی گوندی سەراوی شارباژێڕ بوو، فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی ٣٧ ی شارباژێڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێک بووە لەپارتیزانەکانی دوای ئەنفال، لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٢٢ لە چیایی خواکورک لە شەڕێ نێوان یەکێتی وپارتی پەکەکەدا شەهید بوو باوکی دووکچ و کوڕێک بوو.

ڕێگاکانمان پاککردەوە. بەهەرسێک ڕێگادا دووسێ جار دابەزین و سێجاریش بە نیهێنی هاتوومەتە ناوشاری سلێمانی .

لەپێشەوە مەفرەزەیکمان دابەزاندو دواتر کردم بە دوو مەفرەزەو کردم بەسێ لەگەڵ خۆم. مەفرەزەیەکیان شەهید حاجی سەراوی فەرماندەی بوو، مەفرەزەیەکیان وەستا فاروق بوو ئەوەی ئێستا لێپرسراوی پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکانی یەکێتیە، ئەوسا فەرماندەی کەرت بوو، من بۆخۆشم سەرپەرشتی هەردوک مەفرەزەکەو مەفرەزەیەکیشم لەگەڵ بوو، مەفرەزەی ناوچەی (دێگەڵ وگۆڕانگاو وەرازو کەنارو) وەستا فاروق سەرپەرشتی دەکرد. مەفرەزی حاجی سەراویش ناوچەی سەراوومیراو ئەوناوە، خۆشم لە حەوزی ماوەت . لەوێشەوە دراسەیەکی وردی ڕەبایەکانی ئەو ناوچەیەم کرد چەند ڕەبایەی لێیەو چەند فەسیلەو سرییەو فەوجی لێیە، چەند سەربازیان تێدایەو جۆری چەکەکانیان چیەو چۆنە، لەسەر ئەوە نامەیەکم نوسی ونارد بۆ کاک نەوشیروان، ئەوەی کە بۆی گێڕامەوە کاک نەوشیروان وتبووی یەکەم جارە من نامەیەکم بەو وردەکارییەوە بۆبێت. بارەگایەکمان لەسەراودانا هەتاکاتی ڕاپەڕین.

سەراو لەکوێیە ؟

سەراو لەپشتی ماوەتەوەیە بەو گوندانە واتە سەراو، میراواو دارەبەن دەگوترێ سەرشیو.

بێگومان بارەگاکانی ئێوە جۆرێک کراوەترو ئازادتر بوون لەجاو ئەوانەی گەرمیان.

بەڵێ بارەگاکانی ئێمە زۆر فشاری سەربازیمان لەسەر نەبوو، چونکە زنجیرە چیای گەوو هەمووی ڕەبایە بوو، پشتمان کەوتبوو، جادەی چوارتاش کەدەچێت بۆ کەناروێ و باسنێ ئەو جادەیە هەتا دێتەوە بۆ ماوەت لەهەندێک جێگا ڕەبایەی لێبوو، بەردەمیشمان لەماوەتەوە هەتا سلێمانی لەجادەی قیر ڕەبایەی لێبوو، ئیتر ئەوەی تر هەمووی بۆشایی بوو.

گەرمیانیەکان هەم خواردنیان دەست نەدەکەوت هەم ئەوەندە لەژێر فشاردابوون کەدەجوڵان ودەڕۆیشتن دەبوو شوێن پێکانی خۆیان بسڕنەوە. ئێمەش هەروابووین، شوێنی چەپەکمان کردبوو بەڕێگا چوونکە (تمشیت) کێوماڵ هەبوو بەردمان دانابوو دەبوو بەسەر بەردەکاندا بڕۆین بۆ ئەوەی شوێن پێکانمان دیار نەبن و هیچ ئاسەوارێک بەجێ نەمێنێ. ئێمەش بارەگاکانمان لەو شوێنانە کردبوو کە چواردەورمان هەمووی ئەڵغام بوو، پێشمەرگەیەکیشمان شەهید بوو شەهید حەسەن ئامۆزای خۆم بوو، دەستکاری ئەڵغامی کرد بەدەستیەوە تەقییەوە شەهید بوو.

ئەی تەرمەکەی هەر لەوێ ناشتتان ؟

نەخێر تەرمەکەیمان لەسەراوەوە بردە دەڤەری نۆکان لەوێ بەخاکمان سپاردو دوای ڕاپەڕین گواستمانەوە بۆماوەت.

دوایش گەڕانەوە شوێنی خۆتان ؟

بەڵێ هەتا ڕاپەڕین لەوێ ماینەوە بەڵام ئێمە گرفتی خواردنمان نەبوو. هەرکە هاتین خواردنێکی زۆرمان هێناو زەخیرەشمان داگرت، نزیکەی ٥ تا شەش تەن زەخیرەمان هێنا، بەوڵاخ و هەندێکی بەکۆڵ گواستمانەوە لەسەراو دامانناو هەندێکیشمان هێنا لە خەمزە دامانا. چونکە پێشبینیمان بۆ ڕاپەڕین هەبوو، جگەلەو شوێنانە لە پێنج شەش شوێنی ترخواردنمان دانا. بۆئەوەی کەهاتینە خوارێ خواردنمان لێ نەبڕێت. لەبەرئەوەی خەڵکی ناوچەکەش بووین لەوێ گوێزمان کۆکردبووەوەو مێوژمان دروست کردبوو، هەنگوینمان بڕی و ئیتر ئێمە وەزعمان باش بوو، ڕاوچیشمان لەگەڵ بوو ڕاوی بۆ دەکردین.

واتا دەتانتوانی ڕاویش بکەن ؟

بەڵێ بەڵێ، من لەوێ ڕاوە ئاژەڵی کێوێم کردووە.

لەسەرەتای دیدارەکەمانەوە وتت من دوو هیوایەتم هەبوو پێشمەرگایەتی وڕاوکردن؟

لەسەراوەوە هاتین بۆ ماوەت بۆ ڕاوکردن، من بووم حاجی سەراوی وحەمە ماوەتی و خاڵە سەراوی هەروا بێتەوە مامە تەهای ماوەت و جەلال ماوەتی و کاک ئالان و خالد گەڵاڵی (جەلال و ئالان تازە هاتبوونە لامان) هاتین چوین بۆ ئەو شاخەی بەرانبەر بەماوەت .

ئەمە لەسەروەختی پارتیزانی ؟

بەڵێ سەردەمی پارتی زانی، لەساڵی ١٩٩١ پێش ڕاپەڕین، تۆ ماوەتت بینیوە ئەوەی کە ئێستا ماڵەکەی ئێمەی لێیە لە ماوەت ئەو شوێنە سەربازگە بوو، لە سەراوەوە بە چوار سەعات ونێو بەپێ ئینجا دەگەیتە ئەوێ، کە گەیشتین تەها ماوەتی شارەزابوو چوێنە ئەشکەوتێکی ئەوێ، وتم حاجی ووتی: بەڵێ، وتم وەرە بائەمشەو ڕاوەسیخوڕێک بکەین، ئەوە دوای چوار سەعات ونێو ڕۆیشتن بەپێ، حاجی فەرماندەی کەرت بوو ئەویش ڕاوچی بوو، بردمە بەردەم کونە سیخوڕێک ووتم ئەم کونە سیخوڕێکی تێدایە، ئەمە یەک کونێکی تریش لەولایەوە بوو وتم ئەوەش دوو سیخوڕ ئەگەر تەقەت کردو نەتکوشت، ئەوە بڕۆرەوە بۆسەراو، نابێت لێرەبیت، منیش دەچمە ئەولاتر ئەگەر منیش تەقەم کردوونەم کوشت دەڕۆمەوە بۆسەراو لێرەنابم . منیش چوومە ئەشکەوتێکەوە کونە سیخوڕێکی تێدابوو، هێندەی پێنەچوو حاجی تەقەی کرد، گوتم ئاە وەڵاهی حاجی کوشتی، پێم ناخۆش بوو سروشتی ڕاوچی وایە، نەخێر دوای دوسێ دەقەی تر تەقەیەکی تریشی کرد، وتم ئۆخەیش نەیکوشتووە، هانام هاتەوەبەر چونکە بیکوشتایە یەکەم تەقە دەیکوشت، زۆری نەبرد سیخوڕێک بەمشەمش خۆی بە ئەشکەوتەکەدا کرد، منیش وا لەدەمی ئەشکەوتەکە دانیشتووم، تفەنگم ئامادەیە وتم بۆکوێ دەچیت ؟ وردەوردە هاتە پێشەوە هەرلەتاریکی شەودا فیشەکێکم پێوەنا کوشتم، سیخوڕێکی گەورە بوو بەپلەیەکدا بردمەخوارێ چومەوە لای حاجی سەراوی وتم گوناحە بانەڕواتەوە وتم حاجی وەرە مەڕۆرەوە بۆسەراو ئەو سیخورەی بەرەوە بۆلای برادەران، وتی هەڵیناگرم، ئەی سیخورەکەی من کێ هەڵیگرێت؟ وتم بۆتۆش کوشتووتە ؟ وتی بەڵێ منیش بە پێکەنینەوە گوتم ئەک دەستم شکێ. مەبەستم لە هیوایەتەکانی ڕاوچییە، دوای چوار سەعاتونیو ڕۆیشتن دانەنیشتین چوین بۆڕاو، ڕۆژی دوایش چووین سپی دارمان هێناو لەو چەمەی ماوەت پردمان پێدروستکردو لەوشاخە دوو ئاژەڵی کێویمان کوشت و دەستمان کرد بەگۆشت برژاندن، ئەوە مانگی ئازاربوو، لەکۆڵە پشتەکەمدا گۆشتی برژاوی راوم هێنایەوە بۆسلێمانی لەڕاپەڕیندا لەسلێمانی خواردوومە .

گۆشتی برژاوی ڕاوت لە سلێمانی خواردووە ؟

بەڵێ ڕۆژی ٦ی ئازار کە ڕاپەرین بوو لەرانیە ئێمە لە ئەشکەوتەکەی ماوەتدا بووین. کاک ملازم عومەر بروسکەیەکی نارد‌بووم، وتبووی لەسلێمانی ڕاپەڕین دەبێت ئێمەش دێینەوە بەجێمان مەهێڵن، دەبوو بەپەلە بگەینەوە سەراو، کەگەیشتینەوە بۆ ڕۆژی دوایی خەڵکم نارد کە هاتن (شەوکەتی حاجی موشیرو "بەداخەوە تیرۆرستان شەهیدیان کرد" حامیدی حاجی غالی جەبار یاوەرو ؟! ملازم عومەر مام ڕۆستەم وبەتالیونی شەشی کەرکوک) ئەوانە گەیشتن بێین بۆ سلێمانی . ئێمە کەگەیشتینە سلێمانی هێشتا ئەمنەسورەکە نەگیرابوو، بەشداریمان لە گرتنی ئەمنە سورەکەدا کرد.

کەواتە کەهاتن هیچ لەڕێگاتاندا نەمابوو ؟

نەخێر ئەو ڕێگایانەی ڕیگای ماوەت هەمووی گیرابوون . کە هاتین بە پاڕێز وبەماتە مات، وتمان بەشەو دەڕۆین دەچینە سەرشاخی ئەزمر، بەڵام سەیارەمان بینی و بینیمان ڕەبایە دەسوتێ، سەیارەیەکمان بینی تەماشام کرد هەموو خزمی خۆم بوون، یەکێکیان کوڕی کوێخا کەریم بوو کاک ئالان بەڵام من نەمدەناسییەوە هەرپێی دەگوتم ئامۆزا وەرسواربە، وەلا کاک ملازم عومەرو کاک شەوکەت سواری قەمەرەکە بوون ڕۆیشتن، دوایی هەموو هێزەکەمان بەجادەی قیردا ڕەوانەکردو ڕێک هاتینە ناو سلێمانییەوە. ئیتر هاتین بەشداری ئەمنە سورەکەمان کرد.

دوای ڕاپەڕین ئیتر تۆبەرپرسیارێتی ترت وەرگرت ؟

بەڵێ ئیتر من بووم بە فەرماندەی بەتالیونی حەوت، شەڕی کەرکوکیشم کرد، بەشداری داستانی ئەزمڕیشم کرد لەکاتی کۆڕەوەکەدا، ئیتر تاقەتم لەکاروباری سەربازی نەماو بەفەرمی دەستم لە کارکێشایەوەو دەستم کرد بە کاسبی خۆم. سەیارەیەکم پێبوو هاتوچۆی چۆمانم دەکرد بۆئەوەی ئیش بکەم ڕۆژێک چووم خوێم کڕی،

هێنام بۆ بن پردەکە بیفرۆشم، کابرایەک هاتە پێشەوە ووتی تۆمن دەناسیت ووتم نا تۆکێیت ؟ وتی من هاوڕیی قوتابخانەت بووم، ئینجا وتی چیت هێناوە بۆ فرۆشتن ووتم خوێم پێیە، پێکەنی وتی ئینجا خۆ هەمووشی بفرۆشی نیوەی کرێ سەیارەکەشت دەرناهێنێتەوە وتم جاچیبکەم وەلا ساخوێم پێیە، وتی سەیارەت هەیە وتم بەڵێ وتی وەرەلەگەڵ خۆم، وەلا ئیتر لەگەڵیدا ڕۆیشتم بڕوابکە ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵیدا بووم بیست هەزار دیناری سویسری قازانجم لێی دەستکەوت، پارەشم پێنەبوو بەڵام ئەو برادەرەم ووتی تۆ هەقی هیچت نەبێ بەس ئەم سەیارەمان باپێبێت بێخەمبە، لەوەوە فیری هونەری مامەڵەکردنیش بووم، چونکە ئەویش هونەری تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر نەیزانی ناتوانیت هیچت دەست بکەوێت. بەڵام کە دوایی ئیدارەیان پێکهێنایەوە قایمقامیی چوارتا بەر یەکێتی کەوت، بەڕێوەبەری ئاسایشی چوارتا بەر پارتی کەوت یەکێتی بانگیان کردمەوە وتیان دەبێت تۆببیتە جێگری ئاسایشی چوارتا لەبەرئەوەی بەرپرسەکەی پارتییە من وتم هەرنایکەم، بەڵام دوایی وتیان کاک نەوشیروان وتوویەتی دەزانم شوێنەکەی باش نیەو غەدرە بەڵام دەبێت بیکات، ئیتر تێهەڵچوومەوەو نزیکەی حەوت ساڵ بەڕێوەبەری ئاسایش بووم، ئیتر بوومە قایمقایم هەتا خانەنشین بووم .

کەواتە ئێستا تۆ خانەنشین نیت وەک پێشمەرگە یان وەک قایمقام ؟

ئێستا خانەنشینم بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی چونکە قایمقام هەمان پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەیە.

پرسیارێکت لێدەکەم ئاسایی وەریگرە . ئەوکاتەی باڵی ڕیفۆرم لە ناو یەکێتی دروست بوو دوایی ئەم گۆڕانەی ئێستای لێکەوتەوە تۆ هەرلایەنگری باڵی مام جەلال بوویت ؟

من هەمیشە کەسایەتیەکانی خۆمم داوە (بەمام عەلی)[30]. مام عەلی لە شەڕەکانی ناوخۆچەکی دادەنا، هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆبوو، منیش هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆبووم، کاتی خۆشی لەملانێی نێوان کۆمەڵەو شۆڕشگێڕاندا من دژی هەموو تەکەتولاتێک بووم، کە گۆڕانیش جیا بووەوە زۆرم پێناخۆش بوو، چەندین تەکتولات لە ناوێەکێتی هەبوون وهەن من لایەنگری هیچ کەسێکیان نەبووم، تەنها وەک وەفادارییەک بۆ ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵمدا بوون وشەهیدبوون وەک وەفایەک بۆ ئەوان پێمخۆشە وەک سەید ئەحمەد لە ناوێەکێتی ئامادەییەکم بمێنێ . وەک کاک نەوشیروانیش زۆر پێی سەرسامم، زۆرم خۆش دەوێت بەڕاستیش پێشەوایەو یەکێکە لەپێشەوا خاوێنەکان، بەڵام وەک بزوتنەوەی گۆڕان پێموایە غەدرێک بوو لە یەکێتی کرد. ئەگەر کاک نەوشیروان لە ناوێەکێتی بمایە کە ئێستا شەڕە تفەنگە لە ناوێەکێتی. ئەو کێشەیەی ناو یەکێتیش نەدەبوو.

واتا تۆ پێت وایە ئەگەر نەوشیروان لە ناوێەکێتی بمایەتەوە یەکیتی وای لێنەدەهات . ؟

بەڵێ لەو بڕوایەدام وای لێنەدەهات . چونکە کاک نەوشیروان کەسایەتییەکی گەورەیە ئێستاش زۆرێک لەکادرەکانی یەکێتی خۆشیان دەوێت . کاک نەوشیروان خاوەنی مێژوویەکی گەورەیە پیاوێکە دەتوانم بڵێم لە کورددا نمونەی کەمە.

دەبێت بمبوریت چونکە ئێمە کەمتر دەچینە ناوئەو بابەتانەوە کەپەیوەندییان بەحزبەوە هەیە.

ڕاست دەکەی بەڵام منیش لە یەکێتی ڕازینیم زۆریش نارازیم، ئەم ماوەیەش لەمەکتەبی سیاسی کۆبونەوەیوک کرا، زۆر بەتوندی ڕەخنەی خۆم گرت پێموایە بۆیەکەم جارە لە ناومەکتەبی سیاسی بەو شێوەیە مەکتەبی سیاسی سەرزەنشتکربێت من بووم .

من دواپرسیار دەکەم .

فەرموو

من دواپرسیارم ئەوەیە تۆکەسێکی خەباتگێڕبوویت، من باس لە حزبایەتی و یەکێتی وپارتی، وەک کوردێکی تێکۆشەر کە دەستی نوسینت هەبووە بەڵام لە دۆسیی جینۆساید

30 مام عەلی پاڵەوانی ڕۆمانی دۆزەخە کە کاک سەید ئەحمەد نوسەرێتی .

کەمتەرخەم بوویت بۆنمونە ئەو دیمەنەی هەڵەبجە کەباست کرد ؟ دەکرا هەرلەدوای ڕاپەڕینەوە یەکێک لەوبابەتانەی دەبوو دەستت بۆببردایەو بتنوسیبایە ئەو دیمەنە بوایە ؟ ئەمە بۆچی لەلای زۆربەی پارتیزانەکان و پێشمەرگە دێرینەکان ئەم کەم تەرخەمیە هەیە ؟ تەنانەت لەلای حکومەتیش ڕەنگی داوەتەوە !

جینۆساید لەدوو حاڵەتدا دەردەکەوێ، یەکێکیان تەماشاکارەو یەکێکیشیان دەبێت خۆت کارەکتەرێکی چالاک بیت تیایدا، کاتێک کەتۆ تەماشاکاری لەدەرەوە دەبینیت چیرۆک وراوداوەکان دەبیستیت، قسەی خەڵک وەردەگریت ناتوانی وەک پێویست ڕۆڵی خۆت ببینیت و هەردەبێت جۆرێک کەموکوڕی پێوەبێت. کاتێک کەخۆشت تیایدا کارەکتەری لەشوێنێکی سنوردارو دیاریکراودا شتەکان دەبینیت ناتوانیت هەقی خۆی بدەیتێ بەڵام من دەمەوێت لەبەشی سێهەمی ڕۆمانی دۆزەخدا ئەو هەقەی بۆبکەمەوەو ئەو قەرزەبدەمەوە . بەڵام وەک هەڵەبجە وەک پێشتریش باسم کرد، من لەکاتی بریندار بوونی خۆمداشیعرم بۆ هەڵەبجە نوسیوە بەو هیوایەی دەرخستەیەکی لایەنێکی جینۆسایدی پرکردبێتەوە کەبەناوی (شاڵاوە مەرگ)ەوە نوسیومە

دەستخۆش بێت پێشم کەوتیت ویستم پێت بڵێم لەبەشی سێهەمدا ئەنفال و کیمیاباران چ پانتاییەکیان دەبێت. بێگومان جێدەستت دیار دەبێت چونکە لە ڕۆمانی دۆزەخدا وێنەکێشێکی بەتوانایت ئەوە هەربۆ زانیاریت با ئەوەش دۆکۆمێنت بێت من کۆمەڵێک چیرۆکم بەدەستەوەیە، بۆ یەکێک لە چیرۆکەکان دەمەوێت نەک هەر سود لە ڕۆمانەکەی تۆ وەربگرم بەڵکو یەک دوو دیمەنی بەتەواوی لێ بگوازمەوە، هەرچەندە لەشوێنی خۆشی ئاماژە دەکەم بەوەی کە ئەم دیمەنە لە ڕۆمانی دۆزەخی سەید ئەحمەد وەرگیراوە.

لەخزمەتی تۆو هەرکەسێکدایە کە دەیانەوێ خزمەتێک بکەن، بەڵام با ئەوەش بڵێم من بە واقعی وبەگیان لەگەڵ ڕوداوەکان و لەگەڵ ئازاری خەڵک و بریاندارانی چەکی کیمیایدا بووم هەربۆیە ناچارم دەکات بۆنەیەوە هۆنراوەیەکم بۆ هەڵەبجە نوسیووە ئێستا پێشکەشتانی دەکەم.

بێگومان سوپاست دەکەین و پێمانخۆشە گوێمان لێی بێت .

ڕۆژی کیمیاباران شاناخسێ ؟

ژمارە شەهیدەکان و ژمارەی بریندارەکان .

عومەر قامیشی دەڵێت لە نەخۆشخانەی (لباقی نەژاد) بووین لەسەروی تارانەوە سەید ئەحمەد هات بولام . دەڵیت ڕۆژی ٢٣/ی ئازاری ١٩٨٨ من لەگەڵ تیپی ٣٧ی شارباژێڕبووم ئەوانەی بەرپرس بوونو تیپەکەیان بەرێوە دەبرد لە شاناخسێ بووین، بەتەما بووین بچینە پرسەی کاک محەمەدی حاجی سەعید بەداخەوە ئەو پیاوە گیڤارای کوردبوو بەراستی حەیف. ویستمان وەرەقەمان بۆبکەن بچین، کاک سالاری حاجی دەرویش گووتی جاباشە من وەرەقەتان بۆبکەم وهەموتان برۆن ئەی سبەینێ من لەگەڵ کێ بچم بۆ پرسەی ئەوپیاوە.

فەرموون لەگەڵ دەقی شیعرەکەی کاک سەید ئەحمەد

شاڵاوەمەرگ
ڕەشەبای خەم
شادەمارەکانی دڵمی دەسکەنە کرد
سێڵاوی چاو
لەناو بینایی لێڵما، سەر ڕێژی کرد
کاتێک شەپۆلە بۆگەناوێکی نامۆ
مەلە ئەرخەوانیەکانی
لەتاریکایی بێ دەنگا
پەڕوبادکرد
.....
لەترۆپکی ئازارمدا
دیرەگەی بازو ومەچەکم
بە لەرزە .... لەرزە
سەری کاسم، لەنگەر دەگرێ
لەناو چڕەدوکەڵی وەیشومەی بەعسا
نیگای چاوم، بەئاستەمێ

چەپکە تابلۆی
بەسۆز، بەسوێ، وێنە دەگرێ
.....
بارێژەو شنگ
کوزەلّەوپنگ
بن بەردەقی قلّشت و شگێڕ
کاردوی وەردو کاوی هەلّدێر
گوڵاڵەی ناو مێرگ و دۆند دوور
گوڵینکە ماستەی شین، مۆر، سپی، سوور
سمۆرەی جرپن
کەرۆێشکە کێوی گورجۆلّە
کەوی خرپن
کۆترو چۆلەکەو ڕیشۆلّە
پۆڕی شەرمن
قژاوکەو سوێسکەی سرکۆلّە
بەرەو نسێ و ڕنوی لاپاڵ
بەپۆل دەچوون،
تا بخوازن
دلّخوازە سپی پۆشەکەی
ئالّە کۆکەی قژنەو پرچن،
نەگەیشتن
لەبەرنەوای بلوێری شوان
تێر.... تێر، بەزمی
ڕەشبەلّەک و چۆپی بکێشن
کەبەچنگی وەیشومەی ئەنگوستە چاوێ
مۆلّەت نەدران، بتریقێنەوە بۆتاوێ
.....
گەورەم زەردەشت
لەبەرچاوی ئاهومەزدا
کەژەهراویان کردە خۆراکی هەلّەبجە
قیژەو هاواری زارۆلّان
تیسک ڕنین و سنگ کوتان
جێم مەهێلّن ئەی باوەگیان
لەرزاندنی عەرشی کردگار
بەرد هاتە دەنگ، دار هاتە دەنگ
ئاو هاتە دەنگ
بەلّام عوجەیەش، وەک مۆسیقا
بەزمی شەوی پێ جۆش دەدا
.....

بەلّێ مەسح
لەبەرچاوی باوک خۆیدا
کەهەلّەبجە بوو بەسوتماک
بووکە سورەکەی شارەزوور
فاشێتیەتی
وەبیر گەلان هێنایەوە
لەنەنگیا جەنرالّ هیتلەر
جواناوی لێ دەتکایەوە
بەرد هاتە دەنگ، دار هاتە دەنگ
ئاو هاتە دەنگ
بەلّام سەدامەکەی عەرەب
دەستی بردو
کەلەی مرۆڤێکی دیکە
خستە ژێر پێچکەی کورسیەکەی
.....
سەروەرەکەم
ئەی محەمەد
لەبەرچاوی خودا خۆیدا
بەفەرمانی ئەبو لەهەبەکەی تکریت
هەرچی قورئان و حەدیس بوو
لەئاوەڕۆی هەلّەبجەدا،
کردیان بەتریت
بەرد هاتە دەنگ، دارهاتە دەنگ
ئاو هاتە دەنگ
بەلّام عودەیش
دەستی بردو
پێکی تاونێکی دیکەی
کردە شەوچەرەی مێزەکەی
.....
گەورەم نالی، سەر هەلّبڕە
چامەیەکی بەسۆز بەکوڵ
بۆ هەلّەبجە بەدڵ بچڕە
ئێستا هەلّەبجە هەنگێکی قانگ دراوەو
بەرەو زریانێکی سامناک
ڕێی بەستەلّەکی گرتووە
کێ دەزانێ کام نسرم
جێ کورەی بۆ خۆش کردوە؟
ڕەوە پەپولەی ژێر لافاو
ڕێچکەی گرتووە و جمەی دێ



مەنزڵگاکەی ڕێی نەهاتەو
خوا دەزانێ، سبەی شەوێ
لەژێر دەواری ئاسمانی چ شوێنێکدا
مێشکی، جنجاڵ، ڕۆژەکانی
هەفتەو مانگ و ساڵ دەژمێرێ
ڕێچکەی ڕەوی بەرەو قافە
لەوێندەریش، خانەخوێکەی
پیرە دێوێکی زۆر مەستە
تەنانەت مزرە مەزەی مەی
هەر گۆشت و خوێنی ئینسانە
.....
ڕەوی ماندوو، هەنگاوی شل ڕادەکێشێ
جۆلانەی دڵم داخستوەو دەمەوێ
.پەپولە ڕەو، سەرخەوێکی لێ بشکێنێ
تخوا وەرە با ڕاتژەنم
دەڕاژێ، دەڕاژێ، دەڕاژێ
لەناو جۆلانەی دڵمدا
ئازارەکانت هێندە بەسوێن
ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ با
سوێی زامەکانت دامرکێن

سەید ئەحمەدی حەمەلاو
بیمارستانی خورشیدی ئەسفەهان
٥/٤/١٩٨٨

بریندارێکی تری چەکی کیمیایی گیانی لەدەستدا.

ئەنفالستان



مستەفا قادر اسماعیل ، لە دایکبووی ساڵی١٩٥٤و بریندارێکی بۆمبارانی کیمیایی ئێوارەی ٣ی ئایاری ساڵی (١٩٨٨)ی گوندی گۆپتەپەیە، هەر ئەو ئێوارەیە ١٠ کەس لە خانەوادەکەی بەگازی بەعسیان گیانیان لەدەستداو خۆشی بەسەختی بریندارببوو. کەسە نزیکەکانی بریتی بوون لە(٣) براو (٥) خوشک ودایکی‌و نەنکی، هەمان ئێوارە ماڵی مامیشی هەموویان بە چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستدا، مستەفاو پیرەمێردی باوکی و برایەکی بچوکی بەبێ کەسی مانەوە، براکەی لەدوای کیمیابارانەوە ڕۆیشتو بووە شوانی شێخە عەرەبەکانی ناوەراست وهەتا ئێستا لەوێ نیشتەجێیەو دەتوانین بڵێن ناسنامەی نەتەوەیی لەدەستداو بووبە عەرەب لە دوای کیمیابارانەکەی ئێوارەی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ مستەفا مامۆی (٥٠)ڕۆژ تەنگەنەفەسی حاڵی پەرێشانکردبو، کاریگەری ئەو گازە بەتوندی بەسەرجەستەیەوە دیاربوو، دەنگی تێکچووو زوو ماندودەبوو هەمیشە هەناسەی سواربوو، بەتایبەتی لەوەرزی بەهاراندا حاڵی زۆر خراپ دەبوو، لە دوارابۆرتی پزیشکی دا ئەویان پی راگەیاند بووکە لە٥٠% سیەکانی بەهۆی کاریگەری ئەو کیمیاییەوە لەدەست دابوو، هەتا ئەوکاتەی ڕێکخراوی وادی و ڕێکخراوی سپی بەهانایەوە نەچوون لە ماوەی ئەو ٢٥ ساڵەدا هیچ دکتۆرێکی تایبەتی نەبینیبوو سەردانی هەردکتۆرێکی کردبێ نەبووەتە مایەی ئەوەی چارەسەری بکات، لە راستیدا ئەو دکتۆرانەی مستەفا سەردانی کردبوون، تایبەتمەند نەبوونو هیچیان دەربارەی نەخۆشیەکەی ئەونەزانیوە، بەزۆریش سەردانی دکتۆری ناوچەکەی خۆیانی کردووە لە تەکیەو چەمچەماڵ . کەچی بەو حاڵەشەوە مستەفا پێشمەرگە بوو !

کۆچکردوو یەکیک بوولەشایەتحاڵەکانی دۆسێی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق،بەڵام وەک لەدیدارێکدا بەڕۆژنامەنوس هێمن عەبدوڵای ڕاگەیاندووە پاشئەوەی بگاتە نیوهۆڵی دادگا گێراویانەتەوە تەنها لەبەرئەوەی گوتویەتی : لەبەردەمی دادوەر هەمووشتیک لەبارەی ئەوانەوە باس دەکەم کە دەستیان لەئەنفال و کیمیابارانی گۆپتەپەدا هەبووە،دوای وتنی ئەم ڕاستیانە نەیان هیشتووە بچێتە نیوهۆڵی دادگا ئەو خەونەی نەهاتەدی لەبەردەمی دادوەر ڕاستیەکان بڵێت،بۆیە دوای هێشتنەوەی بۆ ماوەی هەفتەیەک لەشاری بەغداد ئینجا ڕەوانەی شاری سلیمانیان کردبووەوە.

ئەفسوس ئەمڕۆ ١٧ی شوباتی ٢٠١٦ کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ گیانی لەدەستداوە.

تیبینی: مامۆستا هێمن عەبدوڵا دیداری ڤیدیویی لەگەڵدا سازکردووەووێنەی گرتووە .

بۆخۆشم دیداری ڤیدیویم لەگەڵدا کردووە لەژمارە ٨ی گۆڤاری ئەنفالستاندا ڕاپۆرتیکی هێمن عەبدوڵا لەبارەیانەوە بڵاوکراوەتەوە.

زەنگی تەلەفۆنەکەی دایکم

مەریوان عەبدولقادر تاقانەی ئەنفال
کۆیە –تەقتەق – ٢٠١٦/٩/٨



بەیانی زوو زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا کە هەڵسام سەیرم کرد نوسرابوو دایکە، ئەو دایکەی کەنازی دایکایەتی نە من بەخشی ئەو سەربازە ونەی کەباسی لێدرکرێت سەربازی ون ئەو شێرە ژنەی کەوا لە ڕۆژە تەنگانەکان نازێکی دایکانەی بە من بەخشی بەڵێ، دایک بەڵێ ئەو دایکە بوو یەکەم کەس بوو جەژنە پیرۆزەی لەمن کردو هەوالی پرسیم

سۆزێکی دایک و کوڕانە لەدڵیدا ڕەگی داکوتاوە، لەساڵی ١٩٨٨وە کە بۆمن بووەتە ساڵی شوم، چونکە هەرلەوساڵەدا دایکم و باوکم و پێنج خوشک و دوو برام گیران و ئەنفال کران، ئەوسا تەمەنی من، هەروا ١٢ بۆ ١٣ ساڵان دەبووم ئەم شێرە ژنە وەک منداڵەکانی خۆی خزمەتێکی زۆری دەکردم بەشۆردنی جل و بەرگەکانم، بە ڕێز گرتن و خۆشەویستی دایکانە ئەو ژنە مەزنە زۆری پێبەخشیم، نازێکی دایکانە بۆ من کەلێنێکی زۆر گەورەی لەژیانمدا پڕکردەوە بۆیە ئێستاش کەوا تەمەنم گەیشتووەتە ٤٠ ساڵ و خێزاندارم و بوومە باوکی چوار کوڕ منەتباری ئەو ژنەم کە لەناخەوە هیچ جیاوازیەک لەگەڵ دایکی ڕاستەقینەدا ناکەم هەمیشە لەلای کوڕەکانیشم وتومە کە ئەمە دایکی دووهەمی منە، لەسەردەمانێک کە من دایکم نەبووە ئەم ژنە مەزنە نازی دایکانەی بە من بەخشیوە و خزمەتی زۆری بە من کردوە بۆیە هەتا ئەو ڕۆژەی لەدوونیادا مابم خزمەتەکانی و خۆشەویستیەکانی لەبەر چاو دەگرم و قەتیش لەبیرم ناچێت. خاڵۆژنم نەسرین عبدوڕەحمان محەمەد ئەمین خەڵکی ئاوایی شێخ باوا سەر بەقەزایی خانەقینە لەساڵی ١٩٧٥ حوکمەتی بەعس بەهۆی کورد بونیانەوە تەرحیلکراون بۆ پارێزگای ڕومادی (ئەو پارێزگایەی لە بیابانەکانیدا زۆر گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوەکانیشمانی لێیە) ئەوانیش وەک ئەنفالکراوەکان ڕەوانەی ئەم پارێزگا بەدناوەکران تەنها جیاوازییەکە ئەوەیە ئەنفالکراوەکان بەمردوویی لەبیابانەکانن و ئەوان بەزیندوویی بەڵام بەدەستبەسەری لە شاری ڕمادی نیشتەجێ کراونەتەوەو لە مولک و سامانی خۆیان بێبەشکراون، بەڵام ئەم ژنە لەساڵی ١٩٨٧ بەهۆی ئەو شتەی پێی دەوترێت قسمەت خزمایەتیەک لەڕێگەی عەشیرەتی پاڵانیەوە جەواد ئیسماعیل مکایل کە دەکاتە خاڵم و ئەویش دوو برا و خوشکێکی بەتەواوەتی خێزانەکانیانەوە ئەنفال کران کە سەرجەمیان ٣١ ئەنفال بوون جێگەی باوکمی بۆ پڕکردەوە، هەڵوێستی ئەم دووکەسایەتیە لە ئەنفالستاندا بەرز دەنرخێنم ئەوان هەتا ئێستاش دڵسۆزن بۆمن. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم خاڵەم لەساڵی ١٩٨١ دا بەدەستی پیاوەکانی ڕژێمی بەعس گیرا بە تۆمەتی ئەوەی سەربە ڕێکخستنەکانی ناو شاربوو، دوای ئازاروئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی زیندانی بەدناوی ئەبوو غرێب کرا و لەلایەن دادوەر بەعسیەکانەوە حوکمی ٧ ساڵ زیندانی بەسەر داسپێندراو پاش ساڵێک بە لێبووردنێکی گشتی کە لەساڵی ١٩٨٢ دەرچوو ئازادکرا.

بێگومان ئەمە سادەترین ڕێزلێنانە کە پێشکەشیان دەکەم، ئەم هەڵوێستەیان شایانی نوسینەوەو لەبیر نەکردنە.



بێ مافی، ڕزگاربوانی گۆڕی بەکۆمەڵ، لە یاسای ماف و ئیمتیازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراواندا .

هەوڵێک بۆ گەڕانەوەی شکۆمەندی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ

عومەر محەمەد

٢٠١٥/١٠/١ – گەرمیان

تەوەرەکان.

یەکەم : ئامانج :

ا – گرنگی یادەوەری تاوانی ئەنفال

ب– گرنگیدان بە شایەتحالە گرنگەکانی تاوانی جینۆساید

دووەم : دەرابازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال

گرتن و کۆکردنەوەو پۆلێنکردن .

گواللەبارانکردن و کۆمەڵکوژی .

چیرۆکی دەربازبوونیان (فەرەج وەک نموانە)

سێیەم : یاسای ماف وئیمتیازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان

گرنگی یاساکە

کەم وکورتی یاساکە، هەموارکردنەوەو بێباکی .

چوارەم : راسپاردەکان .

پێنجەم : فریاد رەسەکان . یاریدەدەرانی دەربازبووان

شەشەم پاشکۆی وێنەکان .

بەرایی

ئەوەی بەردەستت باسێکی زانستی نیە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ زانینی قەوارەی تاوانی ئەنفال لەرێگەی ئەم دەربازبوانەوە کە وەک شایەتحاڵی زیندوو لێرەدا خراونەتە روو، بەلام بێ ماف وبێ ئەرک پەراوێزخراون، ئەم هەوڵە دەرخستنی بێمافی ئەو شایەتحاڵە گرنگانەیە، لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی وەزارەتی کاروباری شەهیداندا، هەروەها بێباکی کۆمەڵگەی کوردیش لە ئاستیاندا کە لەیەکەمین رۆژی کۆنفرانسی ئەنفال وجینۆسایدو ئەنفال لە شاری کەلار بەڕێوە چوو. پێشکەشم کرد.

هەندێک حالەت تەنها لەرێگەی وێنەوە رونم کردوونەتەوەو کە لەرێگەی داتاشۆوە پیشانم داون وقسەم لەبارەوە کردوون .

لە دەستپێکی خوێندنەوەوپیشاندانی باسەکەمدا، دانم پیداناو وتم من هەوڵمنەداوە باسێکی زانستیتان پێشکەش بکەم هێندەی هەوڵمداوەبەڵکو خستنەڕوی بێ مافی ئەو شایەتحاڵە گرنگەکانە و هەوڵێکە بۆ گەراندنەوەی شکۆی ئینسانە پەراوێز خراوەکان.

بەداخەوە کەخەڵکانێک کە پۆستیان هەیە، لەبری ئەوەی بێن بینای ئەم داوایە بکەن و کێشەی ئەم دەربازبوانە چارەسەربکەن، کەوتبوونە قسەی بێبنەما بۆ بێ بەهاکاردنی هەولی من و بێبەهاکردنی مافە رەواکانی ئەم دەربازبوانە، بەوەی گوایە من لە کۆنفرانسەکەدا باسەکەم نازانستی بووە ! بۆیە لێرەدا داوایان لیدەکەم کە بەڕێزیان بفەرموون، بەزانستی هەمان داوا ئاراستەی حکومەت و پەرلەمان بکەن ومافی دەربازبوان مسۆگەربکەن وئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.

ئامانج:

یادەوەری: (ئەوانەی مێژوو لە بیر دەکەن، ئامادەن مێژوو دووبارە بکەنەوە. واتە مێژوو ئەگەر لە یاد نەکرێت دووبارە نابێتەوە.) جۆرج سانتیانا. یادەوەری هیچ بەهایەکی نابێت گەر ئامانج لێی بنیاتنانەوەی گروپە جینۆسایدکراوەکە نەبێت و تیایدا دادپەروەری نەبێت داوای سەرەکی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ماف وکەرامەتی هاوڵاتی و مسۆگەرکردنی سەلامەتی و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی کەشایانی ژیان بێت. کورد نزیکەی سەد جار جینۆساید کراوە. کە گەورەترینیان تاوانی ئەنفال بوو، ئەنفال کۆی ڕەگەزەکانی تاوانی جینۆسایدی لە خۆگرتووە، لە دوای ئەویش تاوانی شەنگال و جینۆسایدی

کوردانی ئێزدی بوو، تەنها کوردی ئێزیدی هەفتاو چوارجار جینۆسایدکراون. بەداخەوە، ئەم نەتەوەیە گرنگی بە مێژوی خۆی نەداوە بۆیە هەتا ئێستاش یادەوەریمان هەتا ئاستی لە بیرچوونەوە لاوازە بۆیە جینۆسایدەکان لەدژی دووبارە دەبنەوە !

پابەندی ئەخلاقی و مافی ئەوان: لەم بەدواداچونە تەنها پابەندی ئەخلاقی بەس نیە، بەڵکو گرنگیدان بە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال، گەرانە بەدوای دادپەروەری و مسۆگەرکردنی سەلامەتی نەتەوەیەکە لەسەرئاستی ناوەوەو دەرەوە، لە رێگەی ناساندن و رێزگرتنیانەوە گرنگیدان بە ژیانی تایبەتیان، بەبێ وەرگرتنی ئەرک وەک کەسایەتی گرنگ هیچ دەستکەوتێکی نابێت دڵنەوایی کردن نەبێت، بەڵام ئامانجەکە گرنگترە لەوەی بەسۆزەوە مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، کەدەڵێن گرنگی بەم دەربازبوانە بدرێت بەو مەبەستەیە گرنگی بەدۆسێی جینۆساید بدرێت و لەناویاندا دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بکرێنە نمونەی کۆمەڵگایەکی نوێ کۆمەلگای دوای ئەنفال و دامالڕاو لەبەعسیزم و بەسوک تەماشا کردنی هاوڵاتی، بۆیە دۆکۆمینتکردن وبەنیشتمانی کردنی یادەوەرییەکانیان، لەبنەرەتدا بۆ دروستکردنی نیشتمانێکی ئازادە بەدور لەو فاشیەتەی چیرۆکی ئەم هاوڵاتیانەیان کردووەتە ئەمری واقع .بەڵای کەمەوە لەهەنگاوی یەکەمدا هەتا لە ژیانداماون هەریەکەیان فیلمێکی دۆکۆمێنتاریان بۆ دروست بکرێت. فیلمێک کە لەتوانایدا هەبێت وێنەی رابوردو بگرێت ونەخشەیەی ژیانێکی نوێ بکاتە رێپیشاندەری هەموان .

پێشەکی

لێرەدا کورتەیەک دەربارەی پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال و دەرئەنجامە ترسناکەکانی بەتایبەتیش ئەوناوچانەی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵی لێگیراون، خراوەتە ڕوو نەک کۆی پرۆسە سەربازییەکەی ئەنفال .

کارمەندانی میدل ئیست ۆچ و رێکخراوی هێومان رایتس ۆچ ئەوەیان ساخ کردووەتەوە کەوا (پرۆسەی ئەنفال لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧–١٩٨٨) کوشتنی بەکۆمەڵ و بێسەروشوێنکردنی دەیان هەزار خەڵکی بێچەک بوو، کە ژمارەی زۆریان لەوانە گەنجەکان بەپلەی یەکەم وژن ومنداڵ بەپلەی دووهەم بووەو بەزۆریش خەڵکی گەرمیان بوون) . ئەم دەربازبوانەی لێرەدا باس دەکرێن بۆچونەکەی مێدڵ ئیست ۆچ، پشتراست دەکەنەوە، کەوا جگەلە ئەنوەر محەمەدرەزا (ئەنوەر تەیار) کە پێشمەرگە بووە، لەکۆی حەوت کەسی گوندەکانی گەرمیان کە لەکۆمەڵکوژیەکە دەربازبوون، پێنج کەسیان خەڵکی مەدەنی و بێچەک بوون و یەکێکیشیان منداڵێکی دوازدە ساڵان بوو .

بێگومان ئەنفال تەنها گوندی نەروخاندو کۆمەڵکوژی نەخستەوە بەڵکو، کێشەی سیاسی وکۆمەڵایەتی وسەدان هەزار چیرۆکی تراژیدی خستووەتەوە . لەمیانیدا جینۆسایدی ئابوری وکلتوری و ئیکۆساید. ئەنجامدراو شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی شیواندو گوندی نەهێشت وشارەکانی کرد بەگوند.

پەلامارەسەربازیەکانی ئەنفال لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستیان پێکردو لە ٦ی ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتاییان هات، بەڵام کۆمەڵکوژی و لە ناوبردن هەر بەردەوام بوون، پرۆسەکانی ئەنفال لە میانەی هەشت قۆناغدا گشتگیرو سەراسەری بوون و کۆی ناوچەکانی کوردستانیان گرتەوە، بەڵام دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال خەڵکی، دوو ناوچەی جیاوازن، گەرمیان وبادینان هەردوو گروپەکە نیشاندەری شێوازی کوشتنی دەستەجەمعی گەنجانی کوردن، بەڵام دەربازبوانی گەرمیان رونتر تەموومژی کۆمەڵکوژییەکە لادەبەن، چونکە لە شوێنی جیاواز دەربازبوون و قوربانی جیاوازو دەستەی چەکداری جیاوازیان بینیوە.

قۆناغی یەکەم : لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ بۆسەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی و شار باژێرو ناوچەی مەرگە، هەتا ١٨ی ئازار دریژەی کێشا. لەم قۆناغەدا ژمارەی قوربانیەکانی ٤٥٢ کەسە

لەوانە تەنها لەگوندی سێدەر ٨٧ کەس و لە هەلەدن ٧٢ کەس ئەنفالکراون . بەلام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت بەهۆی نەشارەزایی وبێباکی و بەد حاڵی بوونی بەرپرس وکارمەندانی حکومەتەوە، زۆر لە قوربانیەکانی ئەنفال بە شەهیدی سەنگەرو هەندێکیشیان بە شەهیدی هاوڵاتی و ژمارەیەکیشیان هەر تۆمارنەکراون بەهۆی نەمانی وارسی یاساییەوە . بۆنمونە لە گوندی هەڵەدن خانەوادەی ئیسماعیل گورون، کە خۆی شەهید بووەو ژن ومندااڵەکانیشی ئەنفالکراون هیچ وارسێکی یاسایی لە ژیاندا نەماوە، ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی زۆریان لە بەفردا رەقبونەوە دیارترینیان ئەو کەسانە بوون کە لەچیای بەفرگرتووی کورکور لە نزیک گوندی کانی تووکەوتنە ژێربەفرو لەناو بەفردا مردن.[31]

قۆناغی دووەم : ٢٣ی ئازار بۆسەر گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ هەتا کۆتایی مانگی ئازارو سەرەتای مانگی نیسان درێژەی کێشا. ئەگەرچی خەڵکی قەرەداغ لەچاو گەرمیان سەریان سەلامەتتر بوو، بەتایبەتی ئەوانەی رووەو سلێمانی رۆیشتن، بەاڵم ئەوانەی بە دیوی گەرمیاندا ڕۆیشتن هەمان چارەنوسی گەرمیانیەکانیان هەبوو، کەمینەیەکیان نەبێت کە لە نوگرە سەلمان گەڕانەوە ئەوانی تر جارێکی تر نەبینرانەوە .

قۆناغی سێیەم : لە ٧ی ئازار بۆ تەواوی ناچەکانی گەرمیان، کە جێگەی مەبەستی باسەکەمانە .هەتا ٢٠ی نیسان درێژەی کێشا.. بەپێی ئاماری نافەرمییەکان ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال لەگەرمیاندا ٢٥٠٠٠ بیست وپێنج هەزار کەسە بەژن ومندااڵەوە . بەاڵم نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە ئامارکردنیش لەگەرمیان ئاسان نیە لەبەرئەوەی هەندێک خانەواده هەن کەسیان لەئەنفال دەرنەچووە و لەوەش مەترسیدار گوند هەیە تەنها دوو کەسی لێ دەرباز بووە بۆنمونە گوندی گۆمەزەرد تەنها دووکەس رزگار بوون ئەوانیش یادەوەرییان باش نیە.

قۆناغی چوارەم : ئیوارەی ٣ی ئایار بە گازبارانی هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر رۆژی دوایش هێرشی پیادە بۆ ناوچەی کۆیەو قەاڵسێوکەو بناری خاڵخاڵان و شوان و شێخ بزێنی هەتا ناوچەی دێگەڵە. لە ١٩ ئایار کۆتایی هات . نمونە: گوندی عەسکەر ١٨٨ کەس وگوندی گۆپتەپە ٤٥٠ کەس و گوندی جەلەمۆرد ٤٧١ و گوندی کلیسە ١٣٦ کەسیان ئەنفالکراوەو لەم گوندانە خاڵی بەرچاوی وێرانکاری بریتین لەم دیاردانە:

١- لە گۆپتەپە ٢٤ ماڵ هیچ کەسێکیان دەرباز نەبووە. ٢. لە جەلەمۆرد هیچ گەنجێک نابینی ؟! ئەوەی هەیە پیرمێردو پیرەژنن !!

٣-. تراژیدی ترین چیرۆک لە ئەنفالی چواردا فرێدانە خوارەوەی سێ کەس بوو کە رۆژی ١٨ی ئابی ١٩٨٨ لە بەرزاییەکی زۆر بەرزەوە لەسەر ئامرییەی شاری کۆیە بەناوەکانی عەبدوالی خەرابەیی و کانەبی ڕەزا عەبدوڵاو حمد رەزا عەبدوڵا" کە هەردوکیان بۆ یەکترنو خەڵکی گوندی شەوگێڕن دەستگیرکراونو دەمەو عەسری هەمان رۆژ لە ئاسمانی فەرماندەیی ئامریەی یەکی کۆیە، بەپێشچاوی خەڵکو جاشەکانەوە فریدراونەتە خوارەوەو دواتر هەرلەو نزیکانە تەرمەکانیان شاردبوونەوە تا ساڵی ١٩٩١ کەبەعەس راوەدونرا بە هۆی شوانێکەوە تەرمەکانیان لەنزیک سەربازگەی هەرمۆتە هەرلەناو ئامریەدا دۆزرایەوەو هەڵدرانەوەو سەرلەنوێ هەریەکەیان بە دابو نەریتی ئاینیو کۆمەڵایەتی خۆیان لە گوندەکانی خۆیاندا بەخاک سپێردرانەوە.

قۆناغی پێنجەم : ناوچەی بێستانەو سماقوڵی هەتا شەقڵاوە . لە ٢٢ی ئایار

قۆناغی شەشەم و حەوتەم: لە ١٧ ئایار ناوچەی رۆژهەاڵتی بێتواتەو هیران و نازەنین هەتا باڵیسان و دۆڵی ئاڵانەی گرتەوە. هەروەها دۆڵی مەلەکان و خەلیفان و بلەو بارزان و چیای کۆڕەک، لەو دیویشەوە ڕەواندزو دۆڵی ئاکۆیان و

31 بڕوانە تراژیدیای بەفروئەنفالی مەرگە – محمود عومەر حەمە -٢٠١١

چیاو دۆڵەکانی بناری قەندیل و وەرتێ وکورتەک و گونـــدەکانی ئەو بنـــارەی گـــرتەوە . لەم ناوچەیەش خەڵکێکی زۆری بلەو بارزان و دۆڵی مەلەکان ئەنفالکران .

قۆناغی هەشتەم: ٢٥ی ئاب بە بۆردومانی چەکی کیمیایی بۆ ناوچەی بادینان بوو . هەتا ٦ی ئەیلول درێژەی کێشا.

فەیلەقی پێنج راپۆرتێکی تێروتەسەلی دەربارەی ئەنفالی بادینان نوسیوە، لیوا رکن یونس محمد ئەلزەرب فەرماندەی فەیلەقی پێنج کە ئەنفالی هەشـــتی نـــاوچەی بادینـــانی ئەنجامـــدا لە راپۆرتەکەیاندا، هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنفـــالی کۆتایی لە ناوچەی بادینـان کردووەو پۆلینکاری تەواوی کردووەو تیایدا هاتووە: ئەو تێکدەرانەی خۆیان بە دەستەوە داوە (٨٠٣) ئەو تێکدەرانەی کەوا گیـــــراون (٧٧١) پیاوەکـــــان (١٤٨٩) ئافرەتەکـــان(٣٣٦٨) منـــدالەکان(٦٤٦٩) کـــۆی گشتی(١٣٩٣٥) بەلام ئەوەی لەراپۆرتەکەدا باسی نەکراوە کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ و گوندی مێرگەتووە !

پرۆسـه سـەربازییەکان کە سـوپای عێـراق وهێزەکـانی ئاسـایش ومیلیشـیای جـاش پێـی هەستان، ئەرکی شەرکردن و شکاندنی پێشمەرگەو کۆکردنەوەی گوندنشینەکانیان لە ئەستۆ بـوو. بەڵام پـۆلێنکردن و لەکۆڵکردنەوەیـان لە دەست ئاسایش و هەواڵگری و رێکخستنی باکوری حزبی بەعسدا بوو بە سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید.

دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال

دەربـازبوانی کۆمەڵکـوژی ئەنفـال ، ئەوەی هەتـا ئێسـتـا پێزانـراون بـریتین لە سـیازدە پیـاوو منـــدالێکی دوازدە ســـاڵان(مەبەســـت تەمەنـــی ئەوسـایەتی)، کە هەریەکەیـان چیرۆکـی تـایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ گریمانەی ژنێک کە پێدەچێت دەربـازبووی کۆمەڵکـوژییەکی نـاوچەی مەهـاری پاریزگـــای دیـــوانیە بێـــت . بەلام بەگشـــتی باسەکەمان دەربارەی ١٤کەسی دەربـازبوون. کە ٧ کەسـیان خەڵکـی گونـدەکانی گەرمیـانن و یەک کەسیان خەڵکی شاری سلێمانی و شەش کەسەکەی تریش خەڵکی گوندی کوریمێ و چەلکێی ئیسلام و گونـدی مێـرگەتین لە نـاوچەی بادینـان. کە بەم شیوەیە پۆلێنیان دەکەین :

یەکەم

دەربازبوانی گەرمیان.

دربازبوانی دەقەری گەرمیان کە لەۆناغی سێهەمی ئەنفالـد گیـراون بـریتین لە حەوت کەس کە چـوار کەسیان خەڵکی گوندەکانی ناحێی قـادرکەرەمن کە دواتـر ناویـان دێنینـین، ئەوان پێـنج کەسـیان لە کۆمەڵکوژییەکی بیابانی رومادی رزگاریان بـووەو دوانەکەی تـــریش خەڵکـــی گونـــدەکانی نـــاحێی سەرقەلاو تیلەکۆی سەر بەقەزای کفرین . ئەوانەی گوندەکانی قادر کەرەم بریتی بوون لە :

عوزێر عەزیز وەهاب خەڵکی گونـدی قەرەحەسـەن و لە گونـــدی خـــدر رێحـــان نیشـــتەجێ بـــووەو هەرلەوێش گیراوەو ئەنفالکراوە.

واحید عەبدول حەمەسەعید – خەڵکی گوندی قـادر کەرەم خۆری رادەستی جاش کردووە.

رەمەزان علـی سـەعید خەڵکـی گونـدی جافـان لە گوندی خدر رێحـان نیشتەجێ بـووەو هەرلەوێـش گیراوەو ئەنفالکراوە.

ئەنـوەر مـحەمەد رەزا ناسـراو بەئەنـوەر تەیـار خەڵکی گوندی چەمسورخاو

ئەم چوارکەسـە هاوسـەفەربوون و هەمووییـان لە پاسێکدا بوون، کاتێک زانییـان ئەوێ دوا شـوێنی ژیانیـانە بەرگرییـان لە خۆیـان کـرد، هەرچەنـدە هەمووییـان دەربـاز نەبـوون بەلام بـێ ئەنجـامیش نەبوو، بەڵکو دوای ئەوەی لەناو پاسەکەدا گوللە بـاران کـران، ئەم چوارکەسـە، دەربـازبوون بەبـێ ئەوەی بەیەکتـری بـزانن هەریەکەیـان بەجۆرێـک خۆیان لە شوێنی کۆمەڵکوژییەکە دورخستەوە.

فەرەج محـــمەد عەزیـــز ناســـراوە (بەفەرەجـــی تۆپخانە) ئەویـش هەر لەوکاروانە دابـووە، بەلام لە پاسـێکی تـرو لە شـوێنێکی تـر کە پێشـبینی دەکرێت ٥ کم لەخواروی ئەم کۆمەڵکوژییەوە بێت .. ئەویش بەخت یاوەری بوو هەمان شەو رزگاری بوو.

دووەم : دەرباز بوانی بادینان:

دربازبوونی ئەنفالی ناوچەی بادینان بریتین : لەحەوت کەس لەوانە ٣ کەسی گوندی کوریمێ کە بریتین لە:

عەبدلقهار خەلیل.

ئەبابکر عەلی سەعید.

عەبدلکریم نایف.

دووکەسیان خەڵکی گوندی چەلکێی ئیسلام)ن بە ناوکانی

صدقی عەبدلقادرفتاح

فتاح عەبدلقادرفتاح

بەناوی هاشم محەمەد رەشید کە خەڵکی شاری سلێمانیە .

بەنگین مستەفا عەندولقادر خەڵکی گوندی مێرگەتی .

ئەمانە شەش کەسیان جگە لە بەنگین مستەفا لەکۆمەڵکوژییەک رزگاریان بوو کە ٣٣ پیاو لەگوندی کوریمێ گوللەباران کران . بەلام بەنگین لەکۆمەکوژییەکەی گوندی مێرگەتووی بناری چیای گارا دەربازی بووەو دواتر بێسەروشوێنکرایەوە .**(لە درێژەدا پرۆفایلی هەریەکێکیان دەخوێنیتەوە)**

سێهەم : گریمانە

چیرۆکی (ڕەحمە خدرعەلی) پێمان دەڵێت هیشتا زووە بریار لەسەر دواڕمارەی دەربازبونی کۆمەڵکوژی ئەنفال بدەین، چونکە ئەگەری دۆزینەوەی کەسانی تر دەشێت دورنەبێت. دۆزینەوەی ڕەحمە، لە گوندێکی پارێزگای نەجەف لە ساڵی ٢٠٠٨ وە جێگەی پرسیارە! کە بۆچی وای لە پەرلەمان ووەزارەتی کاروباری شەهیدان نەکردووە، لە هەموارکردنەوەدا برگەیەک لە یاسای ماف وئیمتیازی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراواندا زیاد بکەن داخۆ چۆن بەدوای ونبواندا دەگەڕێن و کە دۆزرانەوە چۆن مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن ؟ میدیا ژمارە (٢٦٥) ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١١/١٤ چیرۆکی ئەم ژنەی بڵاوکردووەتەوە بەناوی (دایکی عیسا)، کە خەڵکی گوندی (صادقان)ی سەربە پارێزگای هەولێرە میدیا لەسەر زاری ئەحمەد عەبدوڵای بەڕێوەبەری نوسینگەی کوردستانی کۆمەڵەی هیوا وا بڵاوی کردوەتەوە کە ژنەکە باری دەرونی تەواو نیەو ئامادە نیە بێتەوە بۆهەولێر ،چونکە ئەو هێشتا بڕوای نەکردووە سەدام و بەعس لە دەسەلاتدا نەماون ! بەلام دوای ئەوەی بڕوای پێدەهێنن کە سەدام نەماوەو مام جەلال



ئێستا سەرۆکی عێراقە ئامادەیە بێتەوە، بەپێی ئەو چیرۆکەی کە میدیا بڵاوی کردووەتەوەو ژمارەی دواتریشی خاتوو عەدالەت عومەر قسەی لەبارەوە دەکات دەبێت ئەو ژنە لە گۆڕی بەکۆمەڵی مەهاری رزگاری بووبێ، ڕەحمە بۆیە دەڵێت ناچمەوە بۆ هەولێر چونکە هەموو خزم وکەسوکارەکەی لە(مهارب) بەپێشچاوی خۆیەوە کوژران وکەسم نەماوە . بەلام بەڕێوەبەری نوسینگەی کوردستانی کۆمەڵەی هیوای عێراقی کە لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی (نەغم کازم حەمودی) بۆ میدیا دواوە بروا بە چیرۆکەکەی ناکات و پێوایە هیچ شوێنێک نیە بەو ناوەوە ! لەکاتێکدا کۆمەڵکوژی گەورە لەناوچەی مەهاری کراوەو ساڵی ٢٠١٣ لە مەراسیمێکدا ٧٣٠ تەرمی ئەو کۆمەڵکوژیە لە بانی مەقان ئەسپەردەی خاک کرانەوە ! تەنیا تەموومژ لەسەر پاریزگاکانە (نەجەف وسەماوەو دیوانیە) چونکە کۆمەڵکوژی مەهاری لە پارێزگای دیوانیە بووە نەک لە سەماوە یان لەنەجەف ! لەدیدارەکەیدا خاتوو عەدالەت عومەر تیشکی زۆر دەخاتە سەرکەمتەرخەمی حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوەی لە هەولێدا بووە ئەم خۆی بووە وەک جالاکوانێک بەلام بەهۆی گەشت وسەرقاڵیەکانی وەزیرەوە هێنانەوەی دواخراوە، سەئەنجام کە هێنایانەوە بۆکوردستان بەهەر هۆیەکەوە بێت کەسوکارەکەی چیرۆکێکی تریان خستە ڕوو ئەویش ئەوە بوو گوایە ئەم ژنە لەڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ وە ون بووە بەلام ئەمە

راست نیە چونکە ئەم ژنە ساڵی ١٩٩٠ شوانێکی عەرەب هێناوێتی بۆ گوندی (گایم). [32]

پرۆژەو پێشنیارەکان زیاتر لە چوارچار بەفەرمی خراوەتە بەردەستی وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان، لە کۆنگرەی سێهەمی گۆرەبەکۆمەڵەکان تویژینیەوەیەکی تری هاوشێوەی ئەم تویژینەوەیە بەڵام کەمێک درێژتر بە ئامادەبوونی چوارکەس لە دەربازبووەکان و وەزیری کاروباری شەهیدان و بەرپرسانی ئەو وەزارەتەو بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەش کردووەو راسپاردەکانی ئەم تویژینەوەیان وەک پرۆژە بۆ ڕێزلێنانی ئەو دەربازبوانە، خستووەتە ڕو! کەچی نەهیچ بەرپرسێکی حکومەت و نە وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان و نەپەرلەمانی کوردستان هەڵوەستەیەکیان لەبارەیەوە نەکردووەو هەتا ئێستا ئەو دەربازبوانە هەر چاوەڕوانی دەمی حکومەت وپەرلەمان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ئەنفال وجینۆسایدن !

میواندارى نەکران :

لە کۆنگرەی سێهەمی گۆرەبەکۆمەڵەکاندا قایمقایمی هەڵەبجە بەشداربوو لەوێ پێشنیاری ئەوەم بۆ کردو داوام لێکرد کە ئەم دەربازبوانە جارێک وەک میوانی تایبەت و سیمبولی بانگهێشتی هەڵەبجە بکات، بەپێشچاوی خۆیانەوە ڕەزامەندی دەربڕی و داوای لەمن کرد کە بیانهێنم بۆ هەڵەبجە، کەچی لە ١٦ی ئازاری ساڵی ٢٠١٢ دا دەربازبووەکان کە ئەوسا هەریەک لە فەرەج محەمەد وواحیدیش لێرەبوون خۆیان داوایانکرد بچن بۆهەڵەبجە منیش داواکەیانم بەقایمقایم و سەرۆکی شارەوانی وجێگری سەرۆکی شارەوانی ڕاگەیاندو وتم کارێکی باش دەبێت لەیادەکەدا شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابین بکەن و لەبەرچاوان بن، کەچی هەرئەو جارە بوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەڵامی تەلەفۆنیان نەدامەوە !



لەتۆپزاوا گۆرێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە

لەکاتی کارکردندا ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٥ لەنزیک سەربازگەی توبزاوای باشووری شاری کەرکوک گۆرێکی بەکۆمەڵ دوزرایەوە. لەوبارەیەوە پەری نووری، بەڕیوەبەرو سەرپەرشتیاری گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕایگەیاند: قوربانیەکانی گۆڕە بەکۆمەڵەکە هی سەروەختی دەسەڵاتی بەعسن پێدەچێت قوربانیەکان ئەوکەسانەبن کە لە پەلاماری ئەنفالداگیراون یان لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، شوێنی گۆڕەکە نزیکە لە سەربازگەی توبزاوا کە لەکاتی ئەنفالدا بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو جیاکردنەوەی ئەنفالکراوەکان بوو، ئەمە چەندین جار لەدەوروبەری تۆپزاوا گۆڕی بەکۆمەڵ

32 بڕوانە هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٢٦٥ ل ١ هەروەها ل ٣ هەمان ژمارە دیدار لەگەڵ عەدالەت عومەر

دەدۆزرێنەوە، یەکێک لەگرنگترین شایەتحاڵەکان سایەقی ئەو شۆفڵ و حەفارانە بووە کە گۆڕەکانیان هەڵکەندووەو تەرمەکانیان داپۆشیوە بەناوی عەبدوولحەسەن موحان، دەڵێت : لەنێوان تۆپزاواو یایچی گۆریان پێهەڵکەندوین . بیجگەلەوە لە دوای شکستی ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ حزبی بەعس خەڵکێکی زۆری لەو ناوچەیەدا گولەباران کردووە.

سەرپەرشتیاری گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئاماژەی بەوەکرد: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کاری گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی ئەنجام دەدات بەڵام لەبەرئەوەی لە ئیستادا وەزارەتی ناوبراو بەر پرۆسەی جاکسازی سەرۆک وەزیرانی عێراق کەوتووە و هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە پێشنیازی ئەوەمان کرد ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەو دەسەلاتانە بەکار بهێنێت.

هەروەها وتیشی: دوای سەردانکردنمان بۆ لای ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بەلێنی هەموو هاوکارییەکیان پێدراین و لەداهاتوودا دوای تەواوبوونی ڕێکارە یاساییەکان تیمی تایبەتی وەزارەت کاری هەڵدانەوە بۆگۆڕەکان دەکات. پێشتریش لە هەمان شوێندا ڕوفاتی ٣٦ قوربانی دەستی حزبی بەعس لەنزیک سەربازگەی توبزاوا دەرهێنران و دواتر لە هەمان شوێندا بەخاک سپێردرانەتەوە.

یاسای ماف و ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفالکراوان

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٦

ئەم یاسایە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆکراوەو ڕۆژی ٢١/١/٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەی وەقاقیعی کوردستان بلاوکراوەتەوە .

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆکراوەو ڕۆژی ٢١/١/٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەی وەقاقیعی کوردستان بلاوکراوەتەوە .

٢٠٠٧ لە (١٦) مادە و چەندین برگە پێکهاتووە . سەرباری ئەوەی یاساکە سێ جار هەمووار کراوەتەوە، کە دواین هەمووارکردنەوەی لە ٦ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ دا بوو. بەڵام هێشتا کەموکوڕیی زۆری تێدایە، زەقترین کەموکوڕی یاساکە لەبەرچاو نەگرتنی مافی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵە .

یاسای ماف وئیمتیازی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان سەرباری کۆمەڵێک دەستکەوتی باش وگرنگ بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، هەر لەپیدانی موچەو زەویـیەوە هەتا بەدابینکردنی دیاری وسولفەی هاوسەرگیری و پارەی خوێندن، لە کەموکوڕیش بەدەر نیـیە، پێشتر لەپەراوێزی هەموارکردنەوەو چاککردنی یاساکەدا دەربارەی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال وتاقانەکانی ئەنفال، چەند خاڵێکم نوسیوەو جگەلە بڵاوکردنەوەیان، ئارستەی نوسینگەی وەزیری کاروباری شەهیدان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانم کردوون. کە هەڵێنجراوی راسپاردەی تویژینەوەیەکی من بوو دەربارەی ئەو مرۆڤە مەینەتبارانەی ئەنفال زەرەری گیانی ومااڵی ودەرونی پێگەیاندوون .

یەکێک لە زەقترین کەموکوڕییەکانی یاساکە نەبوونی ماف وئیمتیازە بۆ دوو حاڵەت، کە دۆسێ و خەمەکانیان تارادەیەکی زۆر لەهی هەموو ئەنفالکراوان جیاوازترە کە بریتین لە :

یەکەم : دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال، هەڵبەت مەبەست لەو دەرابازبوانە گشتگیرنییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەنفالکراون ودواتر ئازاد بوون یان دااڵدەدراون بەڵکو مەبەست لەکەمینەیەکی زۆرکەمە وژمارەیـیان تەنهـا (١٤) کەس بـوون، بەداخەوە ئێستا تەنها ١٠ کەسیان لەژیاندا ماون. بێگومان لەناو ئەوانیشدا حاڵەتەکان جیاوازن، چ لەڕوی تەمەن وباری خێزان و جگرافیای روداوو باری کۆمەاڵیەتیانەوە، چ لە روی ژیان و بژێوییانەوە لێرەدا هەندێک بەراوردکاری ساکار وەک نمونەبەپێویست دەزانم .

١ تەیمور هەم دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵەوهەم تاقە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی لەتاوانی ئەنفالدا.

٢ بەڵام خۆشبەختانە ڕەمەزان و عوزیرو هاشم، هیچ کەسێک لە خانەوادەکەیان ئەنفال نەکراون.

٣- تەیمور تاقە دەربازبووی ناوژن و منداڵەکانە لەکۆمەڵکوژی ئەنفالدا، بەڵام هەموو ئەوانەی تر کە لەکۆمەڵکوژی ڕاستەوخۆدەربازبوون لە ناو کۆمەڵکوژی گەنجەکانن.

٤- ئەوانەی لە کوردیمێ رزگاریان بوو هیچیان نەبوون بۆبیابان . کۆمەڵکوژی کوردیمێش تایبەتمەندی خۆی هەیە، سدقی و فەتاح بۆ یەکن و کوری خانەوادەیەکن، هەردوکیان لە کۆمەڵکوژیەکە رزگار بوون بەڵام دواتر روداوی ترهاتنە پێشەوەو فەتاح دەستگیرکرایەوە.

٥- عەبدولقەهار خۆی دەرباز بوو بەڵام باوکی لەناو تەرمەکان بەجێما.

٦- فرەج خۆی دەربازی بوو، بەڵام جگەلە سااڵحی ئامۆزای کە بەیەکەوە دەستیان بەسترایەوەو بەیەکەوە گوللە باران کران، پێنج برای تری لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندا بەجێهێشت، سەرباری ئەم وردەکارییانەش هەموویان لە دۆسێیەکدا کۆدبنەوەو دەشیت هەموویان یەک ئیمتیاز بیانگریتەوە .

دووەم : تاقانەکانی ئەنفال (کە تازە پرۆژەیاساکەیان پەسەندکراوەو لێرە جێگەی باسەکەمان نین) بۆیە دەربازابوان مافی خۆیانە لەهەموارکردنەوەی یاسای ماف وئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراواندا لە مادەکانیدا بڕگەیەک بۆ ماف وئیمتیازی ئەم تویژەش دیاری بکرێت لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە :

بۆئەوەی ئەوماوەیەی لەژیاندا ماویانە بەریزو شکۆوە بژین و هەموومان شانازی بەماف و ئیتیازەکانیانەوە بکەین پێی سەربەرزبین، نەک شەرمەزاری بەردەم رۆژگارو میژوویبین وبە پەراوێزخستنیان عەیبداربین.

هەتا ئێستا لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوندا دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ لە هیچ برگەیەکی مادەکانیدا جێگەیان دیارنیە بۆئەوەی چیدی یاساکە بەم کەموکوڕیانە عەیبدارنەمێنێتەوە.

بەدابینکردنی مافەکانیان شکۆیان بۆ دەگەڕێتەوەو هەم ئەوان وەک سوملی تاوانی ئەنفال بە شەوقەوە خۆیان بەدنیای دەرەوە دەناسێنن و ئامادە دەبن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان، هەم حکومەت و کۆمەڵگای کوردستانیش خۆی لەبەردەم ئەرکێکی ئەخلاقی بڵندو شەرافەتمەندانەدا دەبینێتەوەو بەکردەوە بەرپەرچی ڕەفتاری بەعسیزم دەداتەوە.

لە بیرۆکەوە بۆ پرۆژە

دوای ئەوەی لە کۆنگرەی سێیەمی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی عێراقدا ڕۆژی ١٨ی ئایاری ساڵی ٢٠١١ باسێکم دەربارەی ئەم دەربازبوانە پێشکەش کردو پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان، داوای کرد پێشنیارەکانمی پێبدەم بۆئەوەی کاریان بۆ بکات، من وام پێباش بوو ڕاسپاردەکان دەوڵەمەندتر بکەم ولەبری پێشنیار وەک پڕۆژەیەک پێشکەشی وەزارەتی بکەم، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ٢٠١١/٥/٢٦ یەکەمین کۆبوونەوەی ناوەندی چاک وسالنامەی ئەنفالستان بۆ ئەم مەبەستە بەسترا، بەداخەوە ئەوانیش بەکردەوە هاوکار نەبوون و ئەرکەکەیان خستەوە ئەستۆی من . دواتر بیرۆکەکە فراوانترکرد بۆ ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم وسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان . ئیدی مانگێک دوای ئەم کۆنگرەیە ئەم بیرۆکەیە یاخود ئەم پرۆژەیە چوارجار پێشکەش کراون.

پێشکەش کردنی پرۆژەکە

ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/١٧ بەبەرید نێردراوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان .

ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٤ لەڕێگەی پەرلەمانتار ڤیان عەبدالرحیمەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

ڕێکەوتی ٢٠١٢/٤/١٧ بەدەستی دراوەتە کاک فەرەجی تۆپخانە کەموعیدی هەبووە لەگەڵ وەزیری شەهیدان .

دوای مانگێک بەهەمان بەروارو ژمارەوە بەدەستی دراوە بەکاک خەبات عەبدولا ڕاوێژکاری وەزیری شەهیدان .

ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٧ دوای یەکتر بینین وگفتوگۆ جارێکی تر لەڕێگەی پەرلەمانتار سالار محمودەوە ڕادەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەتەوە .

پێشکەشکردنی هەمان پرۆژە بەزمانی عەرەبی بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەرداوای پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا .

پێشوازییەکی شایستە :

ڕۆژی ٦ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ ی ساڵنامەی ئەنفالستان بەهاوکاری و سەنتەری مارگرێت پێشوازییەکی شایستە بۆ دەربازبوان ڕێکخرا، کە ١٢٠ کەسایەتی جیاواز لە سەر ئاستی حکومەت وپەرلەمان و پارت وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخرا، پاشئەوەی تۆیژینەوەیەکم پێشکەشکرد هەندێک لەپەرلەمانتارانی فرکسیونی سەوزی نیگەران کرد، بەلام نیگەرانیەکە بەخێر گەرایەوە چونکە دوای ئەوەی پەیوەندی تەلەفۆنیان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان کردبوو، هەر ئەو ڕۆژە لەسەر داوای خۆیان سەرۆکی پەرلەمان داوای دیداریان لە دەربازبووەکان کرد.

سەردانی پەرلەمان :

ڕۆژی ٥/٧ دەربازبوان سەردانی سەرۆکی پەرلەمانیان کرد، بەداخەوە نکۆلی کردلەوەی هیچ پرۆژەیەکی وەهای بۆ ڕێزگرتن لەو دەربازبوانە بەدەست گەیشتبێ، هەمان ڕۆژ جارێکی ترکۆپی پرۆژەکەمان لەڕێگەی پارلەمانتار سالارمحمودەوە پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان کردەوە، هەرچەندە سەردانەکە لەماڵپەری فەرمی پەرلەمان بڵاوکرایەوە بەڵام دیسان بێ سود بوو.

هێشتا بریاری ڕێزلێنانیان نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە !

چوار ساڵ زیاترە من سەرقاڵی ئەو پرۆژەیەم سەرەتا ساڵنامەی ئەنفالستانو ناوەندی چاک پرۆژەی ڕێزلێنان لە (١٣) کەسی دەربازبووی گۆڕی بە کۆمەڵیان پێشکەش بەوەزارەتی

کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان و پەرلەمانی کوردستان کردووە.

پاشئەوەی کە هەردوو دەربازبوو کاک فەرەج محەمەد وکاک عوزیر لە ولاتەیەکگرتووەکانەوە



هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
فەرمان
عماد احمد
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هاتنەوە بۆ کوردستان بیرۆکەی ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە پێشوازییەکی هاوشێوەی ئەوەیان بۆ بکەین کە بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری گەرمیان لەساڵی ۲۰۱۱ پێی هەستا، ئەوەبوو لەرۆژی ٥ی ئایاری ساڵی ۲۰۱۳ سەنتەری مارگیرێت و گۆڤاری ئەنفالستان پێشوازییەکی ڕێزلێنانیان بۆ دەربازبوان سازکرد، بە ئامادە بوونی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و۱۲پەرلەمانتار لە فراکسیونە جیاوازەکان و کەسایەتی یەکەمی حزبەکان بەکۆی۱۲۰کەسایەتی سیاسی و ڕوناکبیرو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە دۆسێی ئەنفال .

لە ژمارە(۸) ی گۆڤاری ئەنفالستان پرۆژەکەو کورتەیەک لە ژیانو چۆنێتی دەربازبوونیان خراوەتەروو.

لەژمارە (۹)ی هەمان گۆڤاردا جارێکی تر ڕەخنەی (**ناوەندی چاک**)و (**گۆڤاری ئەنفالستان**)، ئاراستەی وەزارەتی ناوبراوکراوە، چونکە پرۆژەیەکەیان خستبووە دەست کەسانێکی ترو ناوەندی چاکو ئەنفالستانیان لێبەدەر کردبوو، دواتر لە سۆنگەی ڕەخنەکەمانەوە نوسینگەی وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان، پەیوەندی کردو جارێکی تر لەسەر پرۆژەکە دانیشتنکراو ڕاستی دەرکەوت کە پرۆژەکە هی ناوەندی چاکو سالنامەی ئەنفالستانە نەک (هی کەسانێکی تر) مامۆستا ئارام " بریاریدا لیژنەیەکی نوێ دەروست بکرێت، هەر ئەو ڕۆژە لیژنەکە پێکهات خاتوو عەدالەت عومەر کرایە سەرۆکی لیژنەو یاساناس نەجمەدین حمەسەعید نوێنەری وەزارەت بوو، منیش وەک نوێنەری ناوەندی چاکو سالنامەی ئەنفالستان بوومە ئەندام لە لیژنەکەدا بەداخەوە سەرباری ئەوەی لیژنەکە هەموو کارەکانی خۆی لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێکردو وێنەیەکی بۆناوەندی چاک هاتەوە .

لە ڕۆژی ۲۰۱۲/۱۱/۲٤ لە کۆنفرانسی سێهەمی ناوەندی چاکدا کەهەم دەربازبووەکانوهەم وەزیری کاروباری شەهیدان ئامادەی بوون، لە میانەی بەرنامەکانی کۆنفرانسدا پرۆژەکەو نوسراوەکەی وەزارەت بە واژۆی وەزیرەوە بە داتاشۆ پیشانی ئامادەبواندرا کە لەیادی بیستو پێنجەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفالدا پرۆژەی ڕێزلێنانی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ جێبەجێ دەکرێ، کەچی ئەفسوس وەزارەت لەکاتی نزیکبوونەوەی یادی ئەنفالدا پێیان ڕاگەیاندین پرۆژەکە جێبەجێ ناکات بێئەوەی هۆکارەکەی ڕونبکەنەوە

. !!

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران :

ڕۆژی ۸ی ئایار لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادە بوونی ۷ کەس لە دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ چاومان جێگری سەرۆکی حکومەت، بە ئامادەبوونی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کەوت، ئەو خاڵانە خرانە بەردەست کە پێویستە بۆ ئەم دەربازبوانە بکرێت .

هەر ئەو ڕۆژە جێگری سەرۆکی حکومەت بەزارەکی بەڵێنی جێبەجێکردنی زۆربەی داواکارییەکانی پێدان، بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە

(٦٠٤٩) لە رۆژی ٢٠١٣/٦/٢٤ دەرچـــــــــووە کە ئاراستەی هەردوو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی دارایی وئابووری کراوەو کە بڕی ٦٠٠٠٠٠ شـــەش ســـەد هەزار دینـــار بـــۆ هەریەکێکیـــان دیـــاریکراوە کە دەبـــوو لە رێکەوتـــی ٢٠١٣/٧/١ بە دوومانگ جارێک بۆیان خەرج بکرایە، بەڵام هەتا ئێســـتا ئەو بریـــارەش هەربەهەڵواســـراوی مـــاوەتەوەو لەنێـــوان وەزارەتـــی کاروبـــاری کـــۆمەڵایەتی و وەزارەتـــی کاروبـــاری شـــەهیدان و


حكومەتی هەرێمی كوردستان- عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی كارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی و غەیدەتی

الاقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين
المديرية العامة للإدارة والمالية
مديرية الادارة و المالية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Martyrs And Anfal Affairs

((فەرمانی وەزاری))

بڕیارماندا بە:

پێکهێنانی لێژنەی پرۆژەی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ لەم بەرێزانەی کە ناوو ناونیشانیان لە خوارەوە دیاری کراوە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانەوە.

ت	ناو	ناونیشان	
١-	عەدالەت عمر رحمان	لێکۆڵەر لە بواری جینۆسایدی کەڵ کوردستان	سەرپەرشتیار
٢-	فؤاد علمان طه	ب. راگەیاندن	ئەندام
٣-	نجم الدين حمه سعيد	مشورەتکاری یاسایی	ئەندام
٤-	عمر محمد قادر	سەرنووسەری ئەنفالستان	ئەندام

صباح احمد محمد
(ماموستا ئارام)
وەزیر

ڕوونووس بۆ/
- ئوفیسەکەی بەڕێز وەزیر... بۆزانین.
- ئاژانسی هەڵسەنگاندن و جینۆسایدکردنی کەڵ کوردستان - چاند کەڵن ڕێزەو.
- ب. چاودێری و پشکنینی دارایی (دیوان).
- خۆیشی ئەکەڵ بەرامبەرکان.
- دۆسیەی کەسی.
- داوەرانوان.
- خۆلاو.

E-mail: diwan@mcmakrg.org

ئەنفالکراوان ڕوون نیە کامیان جێبەجێی دەکەن ! دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ کێن ؟

دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵیش هەر دەربـازبوانی ئەنفالن، بەڵام لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا زۆرکەســـی تـــر دەربـــازبوون، چ ئەوانەی بەشـیوەیەک لە شـیوەکان هەڵاتـوون یـاخود لە شوێنی کۆکردنەوەی کاتی یاخود لە نـاو کـاروانی گواستنەوەکاندا هەڵاتوون و خۆیان دزیوەتەوە. چ ئەوانەی لە کەمپەکانی دوبزو تکریت و سەلامییە، چ ئەوانەی لە قەڵاکـانی نزارکـێ و نوگرەسـەلمان بەلێبوردنێکی گشتی رزگاریـان بـوو بە هەموویـان دەوترێت رزگار بوانی ئەنفال.

دەربـــازبوانی گـــۆڕی بەکـــۆمەڵ لە هەموویـــان جیـــاوازن چیرۆکـــی رزگـــاربوون و ژیـــانی دوای رزگاربوونیان هەمووی جێگەی تێڕامانە .

لە ناو دەربـازبوانی ئەنفالـدا سـەدان ژن و منـداڵ هەن . بەڵام لەناو دەربـازبوانی گـۆڕی بەکۆمەڵـدا هـیچ ژنێـک نـیە، تەنهـا یەک منـدالّی (١٢) سـاڵ هەیە و ئەوانەی تـــر هەموویـــان پیـــاون و هەموشیان گەنجن !

دەربـــازبوانی گـــۆڕی بەکـــۆمەڵ تەنهـــا هـــی دوو ناوچەی جیاوازن (گەرمیان و بادینان) لە کـۆی ٧ کەسـی گەرمیـان ٥ کەسـیان خەڵکـی گونـدەکانی (تۆپخـانە، کـانی قـادر، چەم سـورخاو، خـدر ڕێحـــان) ی ســـەربە نـــاحیێ قـــادرکەرەمن دوو کەسیشیان خەڵکی گوندەکانی عالیان و کۆڵەجۆی ناحیێ تیلەکۆن ! .

لە کۆی حەوت دەربازبووی بادینان ٦ کەسیان لە کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ رزگاریان بـووەو یەک کەسیان لە کۆمەڵکـوژی گونـدی مێرگەتـی بنـاری چیای گارا ! ئەوانەی گوندی کـوریمێ دووکەسـیان خەڵکی گوندی چەلکێ و یەک کەسیشیان خەڵکی شاری سلێمانیە. ئەوانی تر خەڵکی کوریمێن .

کەواتە باســـەکەی ئـــێمە لەســـەر دەربـــازبوونی ئەوکەسانەیە کە لەناو چاڵەکـانی مەرگ و لەژێـر تەرم وخوێن رزگاریان بووە، ئەمانە شـایەتحاڵی تـــایبەتن . بـــۆیە دەبێـــت مـــافی تـــایبەت و ڕیـــزی تایبەت و تیروانینی تایبەتمان هەبێت بۆیان .

پرســـیاری گرنـــگ ئایـــا تیروانیمـــان بـــۆ ئەم شایەتحاڵانە ئینسانی بێت یاخود یاسایی یـاخود هەردوکیان ؟

لێـرەدا وێـنەو پرۆفـایلێکی زۆر کـورتی هەموویـان دەخەیـنە ڕوو بەڵام لەبەرئەوەی کـات هاوکارمـان نابێـت بـۆ وردەکـاری چیرۆکـی هەر ١٤ کەسـەکە بەناچـاری لەوانەی گەرمیـان چیرۆکـی یەکێکیـان (ئەوێـــش فەرەج) وەک مشـــتێک لەخەرواریـــک دەخەینە ڕوو .

شێوازی کۆمەڵکوژیەکەی کوریمێ .

سەر لە بەیانی بەروارى ١٩٨٨/٨/٢٨ وەکو تەواوی ناوچەکە گوندی کوریمێ هێرشی زەمینی کرایە سەر، هەموو خەڵکی ئەو گوندە کە پێشتر لە دۆڵ و چیاکان خۆیان شاردبووەوە لەهەوڵی دەربازبوون ماندوو ببون، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هەتاو کەوتندا ئاڵای سپیان هەڵکردو خۆیان بە دەستەوەدا، بەڵام خۆبەدەستەوەدان هیچی لە هەستی بەعسیەکان نە گۆڕیو ئەفسەرانی سوپا مامەڵەیەکی تۆندیان لەگەڵدا کردن، ئەفسەرێکی موقەدەمی پێشووی سوپای عێراق بە میدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە : "فەرمانمان بۆ هات هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆبەدەستەوە دەدەن. هەروەها ئەو جووتیارە مەدەنیانەش کە لە ناوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بە پێشمەرگە دانرابوون. تەواوی پیاوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان کە تەمەنیان ١٥ــ ٦٠ ساڵ بوو، دەبوو بە تێکدەر دابنرێن و بکوژرێن.

هەر دوای پۆلێنکردنیانو جیاکردنەوەی ژنو منداڵ لەلایەکو پیاوەکانیش لەلایەکی تر، سەرئەنجام ژنو منداڵەکانیان ڕەوانەی ناحیێ مانگێشو قەڵای نزارکێ کردوو ٣٣ پیاویش ڕووەو خواروی گوندەکە بەریز بەرێخرانو هەروا ٢٠٠ مەترێک دور خرانەوە بۆ شوێنێکی نەدیوی خوارگوندی کوریمێ کە شوێن ڕەزی تری و داری چوالەیە، بە هەمووی کاتژمێرێکی نەبرد لەوێ تاوانی کۆمەڵکوژی پیاوانی گوندی کوریمێ بەفەرمانی دوو ئەفسەر دەرچوو، هەر لە شوێنی خۆیان گوللەبارانکران، لەو کۆمەڵکوژییەدا لەکۆی ٣٣ کەس (٦) کەس دەربازبوون. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٤٢٢ ی فەیلەقی پێنجدا هاتوونو لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨) دا نوسراوە دەردەکەوێت کە تاوانی گوندی کوریمێ لەلایەن تیپی ٢٩ی پیادەو یەکێک لە لیواکانی ٤٣٥ ، ٢٣٨، ٨٤ ئەنجامدراوە.33 لەوبارەیەوە ڕێکخراوی میدڵ ئێست وڕچ بەشی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕاپۆرتەگرنگەکەیاندا دەربارەی جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد بەرپرسیارێتی کۆمەڵکوی کوریمی دەخاتە ئەستۆی فیرقەی ٢٩ لەبەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکەی (تحلیل معرکة

لەسەروەختی ئەنفالدا عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل 33 عەبدولحەمید موحسین حەیدەری، فەرماندەی تیپی ٢٩

بوو ئەوسا بارەگاکەی لەمانگیشکی نزیک گوندی کوریمێ جێگیر بوو، ناوبراو بەهۆی بەشداری کردنی لەتاوانی ئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووەولەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق)یشەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆدەرچووەو، لە لستی تۆمەتباراندا ژمارە (٧٤)ە. بەڵام ئەو هەر ساڵی ١٩٩١ گیراوەو بێسەروشوێنە چونکە لەکاتی جەنگی کەنداودا کە فەرماندەی تیپی ٢٠ ی لەکەرتی فەیلەقی چواردا پێسپێردرابوو، تیپەکەی لەدەوروبەری حفر الباطن جێگیر بووەو لەکاتی هێرشەکانی هاوپەیمانان و لەکاتی ڕاپەڕینی شەعبانیەی باشووری عێراقداو لەونائارامیەدا کە لە نزیک کوێتەوە بەپیادە گەیشتبوونەوە ناوچەی ڕومیلەو لەوێشەوە بۆ عەمارە لە کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩١)دا کەوتە ناو بۆسەیەکی هێزێکی ئێرانییەوە، کە لەناو خاکی ئێراق دایان نابوو، لەو بۆسەیەدا گرتیان و لەگەڵ خۆیاندا بردیان تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمیش چارەنووسی هەربە نادیاری مایەوە، لەبارەی ئەوفەرماندە سەربازییەوە عەمید رکن نجیب الصالحی دەنوسێت پاسەوانێکی هەڵی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو کەهەڵبێت وبگاتەوە بارەگای تیپ ئەو هەموو شتێکی باسکردووە، هەروەها دەنوسێت سەرۆکی ئەرکان عەمید رکن عبدالغنی عجیل ئەلئەسەدی) بە بێتەل لەکاتی گیرانیدا قسەی لەگەڵدا کردووە وتوویەتی (هیلاک و ماندوو بووەو داوای لێکردووم کە هیچ فەرمانێک لەبارەی منەوە دەرمەکەو پەیوەندی پچڕاوە)33 (رئيس الأركان العميد الركن "عبد الغني عجيل الاسدي" :فيقول

اتصل بي القائد في لحظة وقوعه في الأسر بواسطة الجهاز) اللاسلكي طالبا مني عدم تنفيذ أي أمر يصدر منه لي بعد هذه اللحظة وكان من خلال صوته الخافت يبدو متعبا (!وسمعته يتألم وانقطع الاتصال

) سەرچاوە: (العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال، ل١٦٢).

خاتمة الانفال) فەرماندەی فەیلەقی پێنجدا (یونس محمد ئەلزەرب) بە ژمارە (ج٢/٢٤٢٢)ی رۆژی (٢٥,١٢,١٩٨٨) نوسیوێتی و ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای کردووە، ناوچەکانی دیاری کردووە، بەپێی ئەو هەلسەنگاندنە بێت تیپی (٢٩) لە زاخۆ بەرەو باتوفە ومانگێش بووە، بارەگای تیپەکەش لە مانگێشک بووە، گوندی (کوریمێ)ش هەروا چوار کیلۆمەترێک دەکەوتە باکووری ناحیێکەوە دەبێت ئەنجامدەرانی تاوانەکە ئەفسەرانی ئەو یەکە سەربازییەی تیپی ٢٩ بووبن.

دوای کۆمەڵکوژییەکە سوپا پاشەکشەی کردوو ئەو شەش کەسەش بەبریندارى و جەستەی خوێناوییەوە لەناوتەرمەکان هەستانەوەو لەو ناوە دورکەوتنەوەو ماوەیەک لەناو شیودۆلەکانی نزیک گوندی کوریمێدا خۆیان شاردەوە، هەرکە لێبوردنی گشتی راگەیەندرا ئەوانیش خۆیان رادەستکردەوە، بەلام دوای هەفتەیەک هێشتنەوەیان لە قەڵای نزارکێ رەوانەی کۆمەڵگای جێژنیکاکران وهەر بەدەست بەسەری مانەوە هەتا راپەرینی سالی ١٩٩١ .

کۆمەڵکوژی بیابان

فەرەج محەمەد عەزیز

لە دایک بووی سالی ١٩٥٠ –گوندی قشلاخە کۆنە دوای روخاندنی چونەتە گوندی تۆپخانە لە ناحیەی قادرکەرەم.

گوندی تۆپخانە ٢٦ کەسیان ئەنفالکراوە .

فەرج جوتیارێکی بێچەک و هەژاری مالی خۆی بووە.

ئەوکاتەی ئەنفالکران باوکی ٩ منداڵ بوو. لەناو دەربازبواندا بەتەمەنترین کەسیانە .

لە رۆژی ٧ی نیساندا پەلاماری ئەنفال گەیشتە گەرمیان خەڵک گەمارۆدرا، لە ١٢ی نیساندا ئەویش وەهەر کەسێک خۆی ڕادەستی موستەشاری جاش «شێخ موعتەسەم بەرزنجی» کردووە. بەلام ڕادەستی سوپای کردن.

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە چەمی عالیاوای نزیک قادرکەرەم لەگەڵ کۆی خەڵکەکە دەستبەسەرکراون.

ڕۆژی ١٤ی نیسان رەوانەی لیوای چەمچەماڵو هەمان رۆژ ڕەوانەی تۆپزاوا کراون .

لە تۆپزاوا جیاکرانەوەو پۆلێنکران و کرانە ناو هۆڵەکانەوە و بۆماوەی دوو رۆژ بەبێ خواردن دەستبەسەرکران.

سەرلە بەیانی رۆژی ١٦ی نیسانی ١٩٨٨ بە پاسی بێپەنجەرەی شێوە ئیسعاف (کەبس) بەرەو بیابانی پارێزگای رومادی (محافظة الانبار). براون ئەوێ شوێنی کۆمەڵکوژی کاروانێک بوو کە بریتی بوون لە ٣٤ پاس وهەر یەکێکیشان ٣٤ کەسی تێدابوو هەموو سەرنشینەکانی گەنج بوون .

دواوێستگەی ژیان :

فەرەج دەڵێت : (کە سەیارەکان وەستان دنیا تاریک ببوو، دەستڕێژی گوللەش دەهاتەگوێ، ئیتر زانیمان ئێرە کۆتایی ژیان و شوێنی کوشتنمانە، زۆری نەبرد کە دوو سەربازهاتن و دەرگای سەیارەکەیان کردەوە، ئینجا دوو دوو پەلکێشکراینە دەرەوە، من لەگەرما پێڵاوەکانم دانابووکە دابەزیم بە پیویستم نەزانی لە پێی بکەمەوە.

لەگەڵ صالحی ئامۆزامدا پێکەوە دایانگرین و بە جامادانێی ساڵح دەستمان بەستراپەوەو بەپشتێنەکەی منیش چاومان) فەرەج بیری لەوەکردووەتەوە نۆرە بری لە داگرتنی دوو کوری گەنجی جواندا بکات بۆ ئەوەی مەرگیان نەبینێ کە دەبوو لەپێش ئەمانەوە دابگیرانایە، کەچی قەدەر وابوو تەرمی ئەوانیش بەسەر ئەمدا فرێدرانەخوارەوە .

گاردەکان کە ئەنفالکراوەکانیان دادەگرتە خوارەوە، بەخێرایی دەیان پشکنین، بەڵام نەیانتوانی ئەو ٢٠٠ دینارە بدۆزنەوە کە فەرەج شاردبوویەوە .

دوای ئەوە بەرەو لێواری چاڵێک پاڵدران، ئینجا فەرمانیان پێکردن شایەتمان بهێننو ڕاکشێن فەرەج لەبەرخۆیەوە ئایەتەلکورسی خوێند: "الله لا اله الا هو الحیو القیوم" فەرماندرا بیانکوژن

لەم ساتەدا جەلادەکەش شتێکی دەخوێند بەلام فەرەج نازانێ ئایەتەلکورسی بووە یان قسەیەک صدام.

گوڕو هووڕی بلدۆزەریش دەهات، هێندەی نەبرد کڵاشینکۆف کەوتەکار لە تەنیشتیەوە هەستی بەنالەیەک کرد، ئەوە دوادەنگ و دوا هەناسەی سالحی ئامۆزای بوو، دەسڕێژەکە وەستاو فەرەجو صالحیان بەنوکە شەقێک هەڵدایە چاڵێکەوە کە پێشتر تەرمی زۆری تێفرێدرابوو.

فەرەج کە زانی نەپێکراوە، هەوڵیدا بەلایەکدا دزە بکات، کە کەوتە جووڵە هەستی کرد هەموو چوار دەوری لاشەیە، ئینجا دەست و چاوی کردەوە، هێندەی پێنەچوو دوو بەندیی تریان هێناو لەسەرچاڵەکەدا پاڵیانخستن و بەگوللە دایانبێژانو ئەوانیشیان فرێدایە خوارەوە، ئەوانە تەرمی دوو گەنجە جوانەکە بوون کە فەرەج نەیدەویست مەرگیان ببینێ .

کورد نەما :

ئەوەی فەرەجی تۆقاندبوو بینینی ئەو هەموو چاڵەی دەوروبەری بوو (بۆیە فەرەج لەدڵی خۆیدا ووتی کورد نەما) فەرەج ڕوانی تاچاو بڕکا چاڵەکە درێژە و پڕ بوو لە تەرم، لەوەدا بوو خۆی بدزێتەوە، بەڵام جەلادێک هاتە ناوچاڵەکەو هەرچی بدیتایە دەجوڵێتەوە دەیدایە بەرگوللە بەخەیالیدا هاتبوو پەلاماری بدات، بەڵام ئەوەی نەکردبوو، وای بەخەیالدا هاتبوو کە ئەو سەربازەش بکوژێت خۆی هەر دەکوژرێت .دورکەوتەوە و بێ وەستان کەوتە ڕاکردن، بەڵام لەو بیابانە ترسناکەدا سەگەل بەبۆنی خوێندا شوێنی کەوتن و لێیانە دەبوونەوەو تەواو سەغڵەتیان کردبوو (ناچار خۆم وەکو جۆرە درندەیەک پیشاندا سەگەکان لێم ترسانو دورکەوتنەوە، ئەو شەوە خۆی لە هەر ڕووناکیەک بەدورگرتو نەیوێراوە نزیکیان بکەوێت، ریگەی کەوتبووە سەر ئاوێک هەرچۆنێک بووە خوێنکەی لە خۆی کردبووە.

شۆفێری شۆڤڵ چاوەڕێی فەرمان بوو بۆداپۆشینی تەرمەکان ماوەی چارەکە سەعاتێک لەشوێنی خۆیدامایەوە گوێی هەڵخستبوو بەڵام تەقەی بچڕبچڕەیان ترساندو نەیدەوێرا بجوڵێ پاش ماوەیەک سودی لەکپیو بێدەنگی وەرگرت، بەرلەوەی شۆڤڵ دایانپۆشێ بەئەسپایی و ترسەوە بەسەر لاشەکاندا تێپەڕێو لەتیمەکانی گوللەباران دوورکەوتەوە.

فەرەج لە چاڵەکانی مەرگ دورکەوتەوە، بەڕێگایەکی خۆڵدا تێپەڕی بەرەو ئاوەدانیەک کە نەیدەزانی کوێیە، ئەو چیرۆکێکی بۆخۆی دارشتبوو، کە لەقەراغ ئاوێک گەیشتبووە شوانێکی پیر پرسیاری لێکردبوو ئێرە کوێیە، شوانەکە لەوەڵامدا وتبووی ئێرە پارێزگای "ڕومادی" یەو ئەوانیش کوردی ئێرانینو لێرە نیشتەجێکراون، شوانەکە مەبەستی بوو بزانێ بۆچی فەرەج پێی پەتییە ؟! لەوەڵامدا ووتبووی: من سایەقم و ئۆتۆمبیلەکەم وەرگەراوەو هەرچی ناسنامەیەکم پێبووە لە ئۆتۆمبیلەکەدا بەجێیماوە، بۆیە خۆم لە خاڵی پشکنین دەپارێزم، شوانەکە ناونیشانێکی دایەو پێی گوت چۆن دزە بکاتە ناو ئۆردوگاکەوە، بەو ناونیشانە گەیشتە ناومالەکان، لە مالێک ژنێک نانێکی دابوویەو پرسیاری لێکرد ئەم شوێنە کوێیە؟ ژنەش وتبووی ئێرە مجمعی ئاڵتاشە و بۆ کوردە ئێرانیەکان دروستکراوە، کە مێردی ژنەکە هاتەوە فەرەج سیناریوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلی بۆئەویش گێڕایەوەو لێیپرسی چۆن بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ووتبووی پاسێک لە کۆمەڵگاکەوە بۆ ڕومادی دەردەچێت و ئامۆژگاریشی کردبوو چۆن لە خاڵی پشکنین دەربازببێت و هەندێ خواردن و جووتێ نەعلیشی پێدابوو. کابرا برازایەکی [34]خۆی لەگەلدا نارد هەتا لەساترەکەوە لەکۆمەڵگاکە دەربازی بکات بەو شێوەیە فەرەج لەمالەکەو لە کەمپی ئاڵتاش دەرچوو .

34 دواتر لە بەدواداچونەکانمدا بۆم دەرکەوت کە برازای خاوەن مالەکە ناوی (کەریم) بوو. ئێستا لە بەریتانیا دەژی .

ڕێکەوتێکی گرنگ بەڵام ترسناک !



فەرەج لەمـاڵەکە دەرچـوو. بەڵام کە پاسـەکە هاتبوو زۆر لەوە ترسابوو جێگەی نەبێ و بۆی نەوەستێ، بۆیە لە خوا پارایەوە هەلیگرێ و لەم مەینەتیە رزگاری بێت، بەڵام بەخت یاوەری بوو پاسەکە وەستاو ئەو بەترس وشڵەژاویەوە سوار بوو، کەسەرنشینێک بانگی کردبوو، (کاک فەرەج بەخێر بێیت) وەرە ئێرە ! هەرچەندە ئەو زۆر ترساو زەندەقی چوو، بەڵام ئەو کەسە لەلای خۆیەوە جێگەی بۆکردبووەوە ئەوکەسەش هەمان چیرۆکی هەبوو عوزێربوو کە شەوی رابوردو لەکۆمەڵکوژییەکی تر بە بریندار رزگاری ببوو. ئێستا فەرەج و عوزێر و رەمەزان و واحید کە هەمان چیرۆکیان هەیە لە ڵاوتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژین .

پرۆفایلی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ

فەرەج محەمەد عەزیز

لە دایک بووی ساڵی ١٩٥٠ –گوندی قشڵاخە کۆنە دوای ڕوخاندنی چونەتە گوندی تۆپخانە لە ناحیەی قادرکەرەم.

گوندی تۆپخانە ٢٦ کەسیان ئەنفالکراوە .

فەرج جوتیارێکی بێچەک و هەژاری مـاڵی خۆی بووە.

ئەوکاتەی ئەنفالکران باوکی ٩ منداڵ بوو. لەناو دەربازبواندا بەتەمەنترین کەسیانە .

لە ڕۆژی ٧ی نیسـاندا پەلامـاری ئەنفـال گەیشـتە گەرمیـان خەڵـک گەمارۆدرا، لە ١٢ی نیساندا ئەویش وەهەر کەسـێک خـۆی ڕادەسـتی موستەشاری جاش «شێخ موعتەسەم بەرزنجی» کردووە. بەلام ڕادەستی سوپای کردن.

بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ لە چەمـی عالیـاوای نزیـک قـادرکەرەم لەگەڵ کۆی خەڵکەکە دەستبەسەرکراون.

ڕۆژی ١٤ی نیسـان ڕەوانەی لیـوای چەمچەمـاڵو هەمـان ڕۆژ ڕەوانەی تۆپزاوا کراون .

لە تـۆپزاوا جیاکرانەوەو پـۆلێنکران و کرانە نـاو هۆڵەکـانەوە و بۆمـاوەی دوو ڕۆژ بەبـێ خـواردن دەستبەسەرکران.

سەرلە بەیانی ڕۆژی ١٦ی نیسانی ١٩٨٨ بە پاسی بێـپەنجەڕەی شـێوە ئیسـعاف (کەبـس) بەرەو بیابانی پاریزگای ڕومادی (محافظة الانبار). براون ئەوێ شوێنی کۆمەڵکوژی کاروانێک بوو کە بریتی بـوون لە ٣٤ پـاس وهەر یەکێکیشـان ٣٤ کەسـی تێدابوو هەموو سەرنشینەکانی گەنج بوون .

دواوێستگەی ژیان :

فەرەج دەڵێـت : (کە سـەیارەکان وەسـتان دنیـا تاریـک ببـوو، دەسترێژی گـوللەش دەهـاتەگوێ، ئیتـر زانیمـان ئێـرە کۆتـایی ژیـان و شـوێنی کوشـتنمانە، زۆری نەبـرد کە دوو سـەربازهاتن و دەرگـای سـەیارەکەیان کـردەوە، ئینجـا دوو دوو پەلکێشکراینە دەرەوە، مـن لەگەرمـا پێڵاوەکـانم دانـابووکە دابەزیـم بە پیویسـتم نەزانـی لە پێـی بکەمەوە.

لەگەڵ صالحی ئامۆزامدا پێکەوە دایـانگرین و بە جامـادانێی سـاڵح دەسـتمان بەسـترایەوەو بەپشـتێنەکەی منـیش چاومـان) فەرەج بیـری لەوەکردووەتەوە نۆرە بری لە داگرتنی دوو کوری گەنجی جواندا بکات بۆ ئەوەی مەرگیان نەبینێ کە دەبوو لەپێش ئەمانەوە دابگیرانایە، کەچـی قەدەر

وابوو تەرمی ئەوانیش بەسەر ئەمدا فڕێدرانەخوارەوە .
گاردەکان کە ئەنفالکراوەکانیان دادەگرتە خوارەوە، بەخێرایی دەیان پشکنین، بەڵام نەیانتوانی ئەو ٢٠٠ دینارە بدۆزنەوە کە فەرەج شاردبوویەوە .
دوای ئەوە بەرەو لێواری چاڵێک پاڵدران، ئینجا فەرمانیان پێکردن شایەتمان بهێنن و ڕاکشێن فەرەج لەبەرخۆیەوە ئایەتەلکورسی خوێند: "الله لا اله الا هو الحيو القيوم" فەرماندرا بیانکوژن لەم ساتەدا جەلادەکەش شتێکی دەخوێند بەلام فەرەج نازانێ ئایەتەلکورسی بووە یان قسەیەکی صدام. دەستی بەبەلەپیکەی کلاشینکۆفەکەیداناو خوێنی ساڵح هاتە ژێری بەڵام خۆی هیچ گوللەیەکی بەرنەکەوت . بەنوکە شەقێک هەڵیاندانە چاڵێکی پڕلە تەرمەوە، پێشئەوەی شۆڤڵ بێت دایانپۆشێت ئەم فرسەتی هێناو خۆی دزییەوە.

عوزێر



ناوی راستەقینەی
(عەزیز وەهاب محەمەد سلێمان) ە

خەڵکی گوندی تەرجیلی ناحیەی لەیلانی پارێزگای کەرکووکەو هەرلەوێ لە دایکبووە.
لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی بیستو پێنج ساڵ بوو، وەکو سەربازێکی هەڵاتوو، لەگوندی (خدر ڕەیحان)ی ناوچەی قادرکەرەم گیرسابووەوە،.
لە ١٠ ی نیساندا ئەنفالکراوە، وەکو هەزاران کەسی ناوچەکە خۆیدا بەدەست جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیەوە هەر دوای چەند سەعاتێک ڕادەستی ئەمنی قادرکەرەم کراو دواتر بەکاروانێک زیلی سەربازی ڕەوانەی لیوای سەربازی چەمچەماڵ کران، لە١٤ ی نیساندا لەگەڵ هەزاران ئەنفالکراوی تردا لەتۆپزاوا خۆیان دیتەوە.

١٩٨٨/٤/١٦ لەتۆپزاواوە بۆ شوێنی کۆمەڵکوژیەکە بەرێخران، لەکاتی بارکردنیاندا عوزیر (٣٧٥) سێسەدو حەفتاوپێنجەمین ناوبووە، هەروەک خۆی دەڵێت : (کە ناوەکانیان دەخوێندەوە یەکە یەکە ئەم ژمارد، سێسەدو حەفتاوچوار ناوی تری پێش من خوێندەوە ! ئیتر نازانم دوای منیش چەنێکیتری خوێندەوە) عوزێر دیقەتی ژمارەی ئەوپاصەشی داوە کەسوارکراوە (شورتەی موسل– ژمارە– (٥٠٣٦یان٥٠٣٧) بوو. تیبینی ئەوەی کردووە کەناوسەیارەکەپاشماوەی خەڵکی تیابووە (لەقەد کوشنەکان بەقەڵەم جاف و بەخەتی شین نوسرابوو: بردمانیان بۆ حدودی ئوردن، بردمانیان بۆ حدودی سعودییە) بەوە زانیویانە پێش ئەوانیش خەڵکیان گواستۆتەوە بۆ شوێنی جیاجیا) لە لۆفەیەکیشدا توانیوێتی لەئاوێنەی سایەقەکەوە ٣٤ سەیارە بژمێرێ (کەوەک دەنکی تەزبیح بەدوای یەکتریەوە بوون (چەند سەیارەیەکی شۆفرلێت لەپاشو پێشەوە ڕەشاشیان لەسەر بووپاریزگاریان دەکردن.. هەمان ڕۆژ لە سەعات ٧:٣٠ ی ئێوارە لە قەراغی گۆڕێکی بیاباندا خۆیان دیتەوەو بینیان وا لە بەر بازنەی ڕۆشنایی لایتی پاصەکەی هاوسەفەریان دوو دوو بەندیەکان دادەگرنو دیانکوژن بۆیە کەوتنە تەکبیرو بەرهەلستی .. سەرئەنجام دوای ئەوەی جەلادەکە دێتە ژوورەوە ئەمان لەسەر ئەو نەخشەیەی داياننابوو پەلاماریاندا، بەڵام دوای دووهەوڵی جیاواز سەرکەوتوونەبوون، ئینجا جەلادەکان هەرلەناو پاصەکەدا گوللەبارانیان

کردن، بەڵام بەهۆی ئەو شلەژانەی جەلادەکانەوە عوزێرو سێ کەسی تر (ئەنوەر تەیار، رەمەزان، واحید) لەم کۆمەڵکوژیە رزگاریان بوو. عوزێر ئێستا لە ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمریکا دەژی‌و بەکاری تاقەت پروکێن بەرێوە دەچێت. رۆژانە بەزەحمەت دەتوانێ بە سەیارەو بەنزینی خۆی سەعاتی بە ٥ دۆلارکاردەکات. ئەمەش بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر زەحمەتە .

رەمەزان



رەمەزان عەلی سلێمان - گوندی جافان-دەربازبووی کۆمەڵکوژی ئەنفال

رەمەزان عەلی سلێمان

لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ خەڵکی (جافان)ی ناوچەی قەرەحەسەن بوو. لەسەروەختی ئەنفال وەکو سەربازێکی هەڵاتوو لەگوندی (خدرریحان) گیرسابووەوەو لە هەردەکان خۆی شاردبووەوەو دوای دوو ڕۆژ خۆی دابووە دەست جاشەکانی قاسم ئاغاوە.

لەقادرکەرەمەوە براون بۆ لیوای چەمچەماڵ لەوێ لەگەڵ عوزێر یەکیانگرتەوە، رۆژی ٤/١٤ پێکەوە بردبوونیان بۆتۆپزاوا. عوزێرو رەمەزانو واحیدو ئەنوەرتەیار لەتۆپزاوا پێکەوە ڕاپێچی ناوپاسێک کران .

شوێنی کۆمەڵکوژی (رەمەزانو عوزیرو فەرەجو واحیدو ئەنوەر تەیار) لەناوچەیەکی سەر بەپارێزگای رومادی بووە نزیک کامپی ئەڵتاش، کەئاوارەی کوردی ئێرانی تێدابوو.

رەمەزان بری ٦٠٠ دیناری پێبووە بەڵام تەنها ١٥ دینار لە گیرفانی کراسەکەیدا بەجیماوەو ئەوەی تری لەکاتی پشکنیندا لەگەڵ دەفتەری خزمەتی سەربازیەکەی لێدەستێنن، دوای ئەوەی لەشوینی کۆمەڵکوژیەکە دوردەکەوێتەوە ئەو شەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە بەبێ وەستان ڕێگا دەبڕێت، بۆ بەیانی دەگاتە ئاوەدانیەک کەخۆی نازانێت کوێیە، بەڵام وەختێک دەپرسێت ئێرە کوێیە عەرەبێک وەک گاڵتەی بکات پێی دەڵێت (بەغداد جدیدەیە) ئیتر سواری تەکسیەک دەبێت بۆ بەغدا لەوێ هەرچەندە خزمی زۆر دەبێت بەڵام مالّی کەسیان پێنازانێ کە دەچێتە گەراج یەکێک لەوشۆفێری تەکسیانە دەخاتە دڵی خۆیەوەو پێی دەڵێت من حاڵێکی خراپم هەیەو دەمەوێت بمبەیتەوە بۆکەرکوک.. شۆفێرەکە دەڵێت مادام تۆ وەزعەکەت ئاوایە دەتبەمەوە. ئەویش لەبەغداوە کەسواری تەکسیەک ببوو بۆ کەرکوک، لەوکاتەدا ڕێکەوتێکی سەیردروست ببوو، ئەوەبوو کە شۆفێرەکە خاڵۆی عوزێربوو کەلەخەتی بەغدا ئیشی تەکسی دەکرد، لەڕێگە رەمەزان هەموو ڕوداوەکەی بۆ گێڕابووەوە،خاڵۆی عوزێرپرسیاری لێئەکات ئەڵا باشە کوڕێک ئەناسم ناوی عوزێرە بلێی ئەویش گیرابێ، بەڵام نەیوتبوو من خاڵۆی ئەوم، رەمەزان سوێندی بۆ خواردبوو، ووتبووی کەلەناو یەک سەیارەدا بووین و ئەویش کوژرا) پێدەچێت ڕەمەزانیش چوبێتە هەمان ئەو ئۆردوگایەی کوردە ئێرانیەکان فەرەج و عوزێری پێدا تێپەرین، هەرچۆنێک بووە خۆی گەیاندبووە کەرکوک و دوزخورماتوو، ئیتر ئەویش خۆی گەیاندبووەوە خورماتوو لەوێوە بۆلای چەند خزمێکی خۆی لەسەرچەمی ئاوەسپی و تا لێبوردنەگشتیەکە لەوێ خۆی شاردبووەوە.

رەمەزانیش ئێستا لە ویلایەتی ڤێرجینیای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی و خەریکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیەتی .

واحید



واحید حەمەسەعید عەبدول خەڵکی گوندی کانی قادری شێخ محەمەدی سەربە ناحیێ قادر کەرەمە.
لە دایکبووی : ساڵی ١٩٦٥/٧/١
ئەو کاتە باوکی دوو منداڵ بوو
کورێکیشی لە بۆمبارانێکی سامناکی فرۆکەکانی بەعسدا زۆر ترسابوو، هەربەو ترسەش گیانی لەدەستدابوو.
لەناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨. لەنزیک قادر کەرەم خۆی داوەتە دەست جاشەکانی قاسماغاوەو دەستگیرکراوە، ئەویش بەبنکەی کۆکردنەوەی قادرکەرەمو چەمچەماڵدا رەتبووەو لە ١٤ نیسان لەگەڵ هەزاران کەسی تردا گەیەنراوەتە بنکەئ کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی تۆپزاوا، لەبەرەبەیانی ١٦ نیساندا بەکاروانێک کە ٣٥ پاصی شێوە ئیسعاف بوون، لەگەڵ عوزێرو رەمەزانو ئەنوەرتەیار بە بەکێک لەوپاصانە کە شێوەیان لە ئیسعاف دەچوو بەرێخراون دوای ١٠ کاتژمێر رێگە برین گەیەنراونەتە بیابانەکانی پارێزگای رومادی .
لەهەمان ئەو کۆمەڵکوژیەی بیابانی پارێزگای رومادیدا لە قەراغ گۆرێکی بەکۆمەڵدا لەگەڵ عوزێرورەمەزانو ئەنوەرتەیاردا گوللەبارانکران، بەڵام ئەویش بەخت یاوەری بوو کە بەبریندارى رزگاری بوو، شەوێک تابەیانی رێگەی بریبوو تا لە ئاوەدانیەک کە خۆی نازانێ کوێیە بۆماوەی دوو رۆژ لەماڵی پیاوێکی عەرەب مابووەوەو هەندێک برینەکەیان بۆ تەداوی کرد بوو.. بەالام جسرێکی تر ئینزبات دەیگرن و دوای کێشەو بێنەو بەرەیەکی زۆرو دوای ماوەی مانگێک لە سجنی ئینزباتخانە رەوانەی تەجنیدیان کردبووەوەو دواجار رەوانەی سەربازی کرابووەوە چونکە حسابی سەربازی هەالتویان بۆکردبوو، دواجار لەوێش هەڵدێ و خۆی گەیاندبووەوە دوزخورماتوو. ماوەیەکی زۆر خۆی شاردبووەوە تا لێبوردنە گشتیەکەی ئەیلولی سالی ١٩٨٨.
ساڵی ١٩٩٢ لەرێگەی هیومان رایتس وۆچەوە براون بۆ ئەمریکاو ئێستا لەوڵاتی ڤێرجینیا دەژی و بۆبژێوی ژیان لەفرۆکەخانە کاری تاقەت پروکێنی شۆفێری دەکات. لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ساڵنامەی ئەنفالستان واحید گووتی: لەراستیدا ئێمە حاڵمان زۆر خراپە، بەوەنیە لە ئەمریکا دەژین، ئەگەر رۆژانە کارنەکەین ناتوانین بژین.

تەیمور



تەیموور عەبدوڵا ئەحمەد لە دایکبووی ١٩٧٨ ی گوندی کوللەجۆی حاجی حەمە جانی سەربەناحیێ تیلەکۆیە، کە ئەنفالکران تەمەنی ١٢ ساڵان بوو.
تاکەمندالی پێزانراوەکە لەکۆمەڵکوژی ئەنفال دەرباز بووبێتو تاقە شایەتیشە کەخۆی قوربانی

بێتو کۆمەڵکوژی ئافرەتو منداڵی بەچاوی خۆی بینیبێت.

خانەوادەی تەیموور بەکشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون، لەپەلاماری ئەنفالی سێدا لەگەڵ باوک و دایکیو هەرسێ خوشکە بچووکەکەی، ئەنفالکرانو بەرەو ملەسورەو قۆرەتووبران، کە ئەنفال گەیشتەلایان ئەوانیش وەکو حەمەعەلی بەهیوای ئەوە بوون بەسواری تراکتۆرەکەیان بگەنە کۆمەڵگای سموود بەڵام نەیانتوانی هەر بە عەرەبانەو تراکتۆرەکانی خۆیان بردیانن بۆ قەڵای قۆرەتوو. پاشان بەکاروانێکی سەربازی گەیەنرانە تۆپزاوا لەوێ باوکیان جیاکردەوەو لەپەنجەرەی هۆڵەکەوە بینیبووی پیاوەکان قۆڵبەستکرانو تەنانەت جلوبەرگیشیان لەبەرداکەندن ئیتر هەرئەوەبوو جارێکیتر چاویان بەیەکتر نەکەوتەوە . لە تۆپزاوا بەرەبەیانێک گاردەکان بەریز ناویان خویندنەوەو ئەنفالکراوەکانیان کردە حەوشەو دواتر بە کاروانێک ئۆتۆمبیل گوازرانەوە بۆ بیابانی پاریزگای سەماوە، لە هەرپاسێکداپەنجا تا شەست ژن و منداڵی تێدا بووە، ئەمانیش تاخۆرئاوا بەسەر ڕێگایەکی قیردا برابوون گەرما شێرزەی کردوون، بێئەوەی قومێک ئاو بیخۆنەوە.

کە سەرباز بەندیەکانیان کردووەتە دەرەوە، تەیموور جگە لەسێ ئۆمبیلی کاروانەکەو بیابانێکی تاریک هیچی نەبینیوە.

پاشئەوەی لەوەستانێکدا چاوی هەریەکەیان بەپەڕۆ بەستوەتەوە، تەیموور توانیبووی پەڕۆکەی سەرچاوی بکاتەوە، کاروانەکە کەوتووەتەوە ڕێو بەهەڵبەزو دابەز پاش نیوسەعاتو ڕێیەک هەر ئۆتۆمبیلێک بەرانبەر چاڵێک وەستاوەو دواتر سەرباز بەزۆر بەندیەکانیان پاڵناوە بۆلێواری چاڵەکانو دەستبەجێ بەکڵاشینکۆف کەوتوونەتەگوللەبارانکردنیان.

تەیموورشانی چەپی پێکراوەو بەدەم گریانەوە هەنگاوی بۆلای ئەو سەربازە هەڵهێناوەتەوە کە تەقەی لێکردبوو، بەڵام کەپەلەقاژەی ئەوەی کەردووە لەچاڵەکەبێتەدەرەوە، دیسانەوە بەرگوللەی داوەتەوە. ئەمجارەشیان گوللەیەک لای ڕاستی تەیموری گرتبوو خستبووی.

پاش ئەوەی سەربازەکان ڕۆیشتوون بەخێرایی خۆی خزاندبووە ناوچاڵێکی تر، هەتا گەیشتە دواین چاڵی پڕ لەتەرم کەلەوانەش هاتە دەرەوە چاڵەکانی تریشی بەبەتاڵی بینیبوو.

لەکپیو بێدەنگیدا، شەشەم کۆمەڵە خۆڵی تێدەپەڕاندولەوشەوە خوێناویەدا دایکوخوشکەکانی لەگۆڕێکی پڕ لەلاشەو بیابانێکی ترسناکدا بەجێهیشت (١٣) بۆخۆشی خوێن لەبرینەکانی دەڕۆی.

تەیمور بەمیدل ئیست ڤچی ڕاگەیاندووەلە هەڵاتنیدا کەوتووەتە ناوبیست چاڵی بەتاڵەوە: (دێتەوە یادی کە وتوویەتی : " گەر بەسەلامەتی ڕزگاربم، پێنج دینار دەکەمە خێر "

لەدوای دووکاتژمێر ڕێگە برین بەبیابانێکی ترسناکدا گەیشتە ماڵێکی دەوارنشین. ماڵەکە زۆر سەرسام بوون کەبینیان وا منداڵێک بەبەرگی کوردییەوە سەرتاپای خوێنە..؟! هەرچەندە نەیانتوانیبوو لەیەکتر تێبگەن، نەئەوان لەکوردی دەگەیشتن ونەتەیموریش عەرەبیی دەزانی، بەڵام بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەخێوەتەکەیدا شاردیەوەو پاشان بەئۆتۆمبیلەکەی خۆی بردبووی بۆ شاری سەماوە.

دووسااڵ (خانەوادەی ال ئعێشم اصفاح) دااڵدەی تەیموریاندا، سەرئەنجام بەهۆی (سااڵح)ی کوڕیانەوە کە سەرباز بووەلەکوردستان، لەگەڵ کوردێک پێکەوەبوون، سااڵح و ئەسعەد حەمە سااڵح متمانەیان بەیەک هەبوو، کەبەنهێنی سۆراخی کەسوکاری تەیموری دەکرد، یەکەم کەس کەلەلای درکاندبووی ئەسعەد بوو، ئەویش پاشئەوەی وردەکاری دەربازبوونی تەیموری بیستبوو باوکی ناردبوو بۆناحێی سەرقەڵا کەماڵی پورێکی تەیموری لێبوو، لەوێ پوری تەیمور ڕاستی برازاکەیو ناونیشانەکەی پشتڕاستکردبووەوەو چووبون بۆکۆمەڵگای صمود کەمامێکی تەیموور بەناوی (ڕەوف)ی لێنیشتەجێ بوو، لەئۆکتۆبەری ١٩٩٠دا تەیموورو

مامەکانی بەیەکتر شادبووتەوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ چیرۆکی تەیموور بەیەکجاری بڵاوبووەوەو بۆ یەکەمجار لەرێگەی تەیمورەوە زانرا کە تاوانی ئەنفال چەند دراندانەو تۆقێنەر بووە .

حەمە عەلی



محمد ئەحمەد عەلی (حەمە عەلی) لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٦ دانیشتووی گوندی عەلیانی تیلەکۆیە. لەناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨ ئەنفالکراوە، ئەوکاتە مێردی دوو ژنو ٧ منداڵ بووە.لەتۆپزاوا لەیەکتری جیاکرانەوە، ئیتر جارێکی تر یەکتریان نەبینیەوە چونکە هیچکامیان نەگەڕانەوە. هەرلە عەلیاواوە بەسواری بەتراکتۆرەکەی خۆی براون بۆ قەڵای قۆرەتووی بارەگای سەرەکی فرقەی ٢١. دوای سێ ڕۆژ دەستبەسەرکردنیان بەزیلی سەربازی براون بۆ تۆپزاواو لەوێ جیاکرانەوەو دوای دوو ڕۆژ براون بۆ بیابانەکانی پارێزگای موسل (شوێنی کۆمەڵکوژی) ئەنفالکراوەکان، لەقەراغ گۆرێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصڵ هەڵاتوو ڕزگاری بووە .

ماوەی شەش کاتژمێری ڕێگا بەسەر ڕێگایەکی قیردا بووەو ماوەی کاتژمێریکیش بەڕێگەیەکی هەڵبەزو دابەزی خۆڵدا بردویانن، لەگەڵ وەستانی کاروانەکەدا ئۆتۆمبیلەکان هێشتا دەنگی مەکینەکانیان دەهات کەگوێی لە دەنگی تەقەبوو، سەربازهاتوونو بەپاڵ جایانگرتوونەتە خوارەوە، هەر کەپشکنین تەواوبوو بەپەتێکی درێژ بەیەک ڕیز دەستی ١٨ کەسیان بەستەوە، پاشان فەرمانیان پێدان لەلێواری چاڵێکی هەڵکەندراو بوەستن، بۆگوللەبارانکردن . لەوەدا بەخت یاوەری بوو کەگرێی پەتەکەی دەستی شل بەسترابوو، پێشئەوەی تەقەیان لێ بکەن حەمەعەلی ڕایکردوە، سەیر لەوەدا بوو کە کەس دوای نەکەوت دیارە جەلادەکان بەگەرمی سەرقاڵی لە کۆڵکردنەوەی ئەوانەی تر بوون هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەهاتووە کەسێک ڕزگاری بێت .

هەر ئەوشەوە لە چاڵەکانی مەرگ دورکەوتەوە، بێ هیچ خواردنێک، چوار ڕۆژ بەترسو شڵەژانەوە لەبیاباندا بەبریندارێ ڕێگەی بریوە، هەتا بەناچاری وترسێکی زۆرەوە خۆی بە گوندێکدا کرد، لەو گوندەدا خەڵکی لێی کۆبوونەوەو بە سەر سورمانەوە تەماشایان کردووەو بەهەموویان لێیانداوەو ئەزیەتیانداوە .

بەسەرهاتی حەمەعەلی وەکو ئەوانی ترلێرە لە گێڕانەوە نایات، بۆیە سەرنجتان ڕاکێشم بۆ ئەو دیدارەی یوست هیڵتەرمان کەلەگەلیدا ئەنجامیداوە و بەشێکی گرنگیشی لەڕاپۆرتەکەی میل ئێست وچ دایە لەژێرناوی بەسەرهاتی محمد. عەرەبەکانی ئەو گوندە بەهانایەوە نەهاتن، بەڵکو لەلایەن خەڵکەکەیەوە گیراوەو لێیانداوەو پاشان دراوەتە دەست پۆلیسو جارێکیتر خراوەتەوە زیندان،پەتپەتێنی زۆری پێکراوەو سەرئەنجام ڕزگاری بووە .

بەختو زیرەکی :

بەختی هەبوو کەگیرایەوە کەوتە دەستی پۆلیس، زیرەکبوو کەچیرۆکەکەی نەگۆڕیبوو، گوایە قصابەو جاشی (فەتاح بەگ)ی کەلارە،پۆلیسی عێراقیش هیچ زانیاریەکیان لەسەرکۆمەڵکوژیی ئەنفال نەبووە. بەڵام ئاسایش کەئەنفالی زۆر بەتوندی گرتبوو بەکێشەکەیان نەزانیبوو.

حەمەعەلی سومبلی کڵۆڵی نەتەوەی کورد چونکە گرنگترین شایەتحاڵی کۆمەڵکوژیی ئەنفال بوو، کەچی پاشئەوەی ڕزگاری بوو، لەشەڕی ناوخۆدا کوژرا..!لەبری ئەوەی وەکو ئەمانەتێکی گرنگ، بەبایەخەوە لەشوێنی ئەمین بپارێزرێت وچاودێری تەندروستیو ژیانێکی شایستەی بۆ

دەستەبەر بکرێت، بەمەش گرنگترین شایەتحاڵی کۆمەڵکوژی لەدەست دادگا چووە.

ئەنوەر تیار



ئەنوەرمحمد ڕەزا (ئەنوەر تەیار)
لە دایکبووی سالی ١٩٥٤ .
بەئەنوەرتەیار ناسراوە، لەبەرئەوەی سایەقێکی تیژڕەو بووە.خەڵکی گوندی چەم سورخاوی قادرکەرەمە.
لەناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٨٨ خۆی داوەتە دەست جاشەکانی قاسم اغا، دواتر تەسلیم کراوە بە ئیستخباراتی قادرکەرەمو بە قۆناغەکانی گرتنو گواستنەوەو پۆلێنکردندا تێپەڕیووە .
١٤ی نیسان گەیەنراوەتە تۆپزاواو لە هەمان ئەو هۆڵەدا زیندانی کرا کەعوزیرو واحیدو ڕەمەزانو سەلام قەشقەی تێدابوو.
١٦ی نیسان بەهەمان پاصی سەرداخراو کە عوزێرو واحیدو ڕەمەزانی تێدا بوو سەر لە بەیانیەک لەتۆپزاوا سوارکراونو ماوەی ١٠ کاتژمێر ڕێگایان بەسەرجادەی قیرداا بریووەو ماوەی سەعاتێکیش بەسەرڕێگایەکی هەڵبەزودابەزی خۆڵدا ڕۆیشتوون.
لەو پاسەدا کە گوللەبارانکرانو عوزیرو ڕەمەزانو واحیدی تێدابووە.
، ئەنوەر ڕۆلێکی بەرچاوی بینیوە لەبەرەنگاری ئەوفسەرەدا ، کە بەندکراوەکان پەلاماریانداوە.
لە گوللەبارانکردنەکەدا دوو فیشەک بەردەستو قاچی کەوتووە، بەڵام خۆی دەربازکردووەو گەیشتووەتە ئۆردوگایەکی عەرەب نشین کە هەندێک خانووی چۆڵی تێدابووەو ماوەی سێ ڕۆژ لەیەکێک لەخانووانەدا خۆی شاردووەتەوە.
چیرۆکێکی بۆخۆی دروستکردووە: گوایە شۆفێری سەیارەیەکی بار هەڵگربووەو چیمەنتۆی بارکردووەو وەرگەڕاوەو بەهۆی ئەو ڕوداوەوە هیچ ناسنامەیەکی پێنەماوە، بەرێکەوت سێ کوردی بینیوە کەلەحاڵی پەرێشانو شپرزەییان پرسیوەو بەکوردی قسەیان کردووە، ئەنوەر تەیار رێکو ڕەوان هەموو چیرۆکی دەربازبوونی خۆی لەبارەی کۆمەڵکوژی ئەنفالەوە بۆ باسکردوون، بەڵام یەکێک لەوان بەخوێن ساردییەوە گوتوویەتی : باشە کە ئەمە بۆ ئێمە باس دەکەیت تۆ دەزانی ئێمە چینو کێین؟ ئێمە هەرسێکمان ئەمنو ئیستخباراتین..؟! ئەویش لەوەڵامدا پێیان دەڵێت هەرچییەک بن ئێوە کوردن، ئەوەش بەوان دەڵێت (کورد نەما) بەڵام یەکێکیان بەسۆزەوە پێی دەڵێت ئەوەی غیرەتی هەبێت دەبێت هاوکاریت بکات، تەنانەت شەروالێکی نیلی دەلینگ کورتی پێدەداو ئەنوەرتەیار لەبەری دەکات، دواتر توشی دەبێت بەپیاوێکی عەربەوەو چیرۆکی وەرگەڕانی سەیارەکەی بۆدەگێرێتەوە،ئەویش نانی پێدابوو ڕێنمایی کردووە کە بەسواری شەمەندەفەر بڕواتەوە بۆ بەغدا سەلامەتترە، ئەویش هەروای کردبوو. دەمەو بەیانێکی زوو دەگاتە شاری ڕومادیو لەوێشەوە بەسواری شەمەندەفەرگەیشتووەتە بەغدا، لەوێ ماوەی مانگێک لەماڵی پوریکی بەناوی (صفیە ئەحمەد محمودو مێردەکەی جمال محێ دین عەلی) دەمێنێتەوە، ئیتر تەدوای بڕینەکەیان بۆکردووەو دواتر بەترسودڵەڕاوکێیەوەگەڕاوەتەوە بۆ چەمچەماڵ، بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەک دیسانەوە بێسەروشوێنکرایەوە..!

کورد نەما

(چۆمانی تاقانە) کوڕی ئەنوەرتەیار کەبرای دوو خوشکە بەناوەکانی بۆتانو تاران، دەربارەی دەربازبوونی باوکی بۆ ئەنفالستان دواو ووتی: پاش ئەوەی لەوکۆمەڵکوژیە ڕزگاری بوو، کە

هاتەوە بۆ چەمچەماڵ دەیگووت: (کورد نەما) بۆیە هەر لەژێر کاریگەری ئەو ترسەی لەکۆمەڵکوژیەکە بینیوێتی ناتوانێ لەچمەچەماڵ بمێنێتەوەو جارێکی تر خۆی دەگەیەنێتەوە گوندەکانی گەرمیانو لەسەر چەمی ئاوەسپی خۆی دەشارێتەوە، (چۆمانی کۆری) دەیگێرایەوە کە باوکی بەبریندارى گەیشتووەتەوەلامان بەنامۆیی تەماشای ئێمەی کردووەو ووتوویەتی (کورد نەما و ئەوەشی ماوە هەرنامێنێ) بۆیە دەرۆمەوە بۆ ئەو هەردەو هەتا صدام لەسەر حوکم بێت نایەمەوە.باگورگ بمخوا باشترە چونکە من مردووم چۆن ئێوەماون..؟ چۆمان بەبیانووی داروپوش هێنانەوە توانیوێتی جاربەجارسەردانی بکات، نانو دەرمانی بۆدەبردووەو بەزۆریش لەناو قەبرستانەکەی هەردوو گوندی (تەپەدێو لەژێر دارەکەی فەیزاوا) هاوکاری باوکی کردووە لەتەداویی کردنی برینەکانیدا کەپاش مانگێک هێشتا بەتەری مابوونەوە .

ئەنوەرتەیار لەبەرئەوەی پیاوێکی بەهیمەت بووە خۆشی توانیوێتی بەهاوکاری چۆمانی کۆری تەدوای خۆی بکات، بەڵام بەداخەوە چیرۆکی بەزیندوومانەوەی لێرەوە کۆتایی دێتو ئیتر لەوناوە دیارنەماو بەیەکجاری وونبوو، هەتا ئێستاش بێسەرو شوێنەو دیارنەمانی چیرۆکێکی ئالۆزە ...!

دەربارەی ئازایەتی ئەنوەرتەیار هەریەکە لە رەمەزانو واحیدو عوزێر بۆ ئەنفالستان دوانو باسیان لەوە کرد،ئەگەر ئەنوەرتەیارنەبوایە کەسمان دەرنەدەچووین.

میدل ئیست ڤچ نوسیوێتی : لەکاروانەکەدا بۆ شوێنی کۆمەڵکوژیەکە ئەنوەر تەیار لەلای پێشەوەی پاسەکەوە دانیشتبوو لەبەر ئەوەی پێشتر شۆفێربووە ڕێگاوبانەکان شارەزابوو، بەندیەکان داوایان لێکردبوو لەدەلاقەکەوە تەماشای دەرەوە بکات، بزانێ ڕوویان لەکوێیە، کەبەدزییەوە تەماشای کرد، یەکەمجار وای بۆچوو کەڕێگای مووسڵیان گرتووە، بۆیە هەموو بەجارێ تۆقین وهەناسەسواربوون، چوونکە " موصل بەناوبانگ بوو بەشوێنی ئیعدامکردنی کوردەکانو زۆربەی پیاو کوژانی حوکوومەتیش خەڵکی مووسڵ بوون (٤)" بۆیە ئەنفالکراوەکان بەجارێک تۆقین . بەڵام کەبەرەو باشورلایاندا وتی: "مژدە ڕزگارمان بوو" رەنگە لەدوای ئەو مژدەیەوە بەندییەکان ڕێگا دوورودرێژەکەیان بۆ بەندیخانەیەکی تر لێکدابووەوە،دەنا ئەگەر بۆکوشتن بێت ١٠ سەعات ڕێگای دوری بۆچیە...؟ کاتێک لەلای پۆلیسخانەیەک وەستان ئاڵوگۆڕیک کرابوو سەربازی بەرگ سەوزو بێریی ڕەش جێیان گرتنەوە،(دیارە دەستەی گوللەبارانکردن بوون) دوولاندکروز دوو بلدۆزەرکەوتنە تەک پاسەکان، بلدۆزەرەکان پێشکەوتن، بەتەنیشت ئاوی فوراتدا بەڕێکەوتن، بەڵام چەند پاسێکیان لێجیابوونەوە.

هاشم



هاشم محمد رەشید. لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری سلیمانی لەگەرەکی سەرکارێزە..

دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.

لە ساڵی ١٩٨١ کە عێراقو ئێران لەجەنگێکی وێرانکەردا بوون، لەخزمەتی سەربازی هەڵاتووەو چووە بۆ گوندی کوریمێ لەبەرئەوەی ماڵی خاڵی

لەوێ بوون، لەناوچەی بادینان، ناحیێ مانگێش سەربەپارێزگای دهۆک.
ماوەیەک بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانوتا ئابی ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگەبووە.
لە پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادینانداپاشئەوەی هیچ چارەیەکیان نەماوە لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کوریمێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی ئەو گوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.
هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنو پیاویان لە یەکتری جیاکردووەتەوە هەرلەجێدا ٢٠٠ مەترخوار گوندی کوریمێ کۆی پیاوەکانیان جیاکردەوە کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو بەریزبردنیان بۆ خواروی گوندەکەو بەکۆمەڵ بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی عەباسو محمەد لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، هەرچەندە بە گوللەی سەربازەکان هاشم هیچ گوللەیەکی بەرنەکەوتبوو، بەڵام پاشئەوەی سەربازێک بەفەرمانی ئەفسەرەکە هاتبووە سەرتەرمەکانو وتبووی یەکیەک گوللەی رەحمەتیان پێوەبنێ هاشم لەوەشدا بەختی هەبوو کە سەری کەوتبووە نیوان هەردوو قاچی سەربازەکەو کە تەقەی لێکردبوو بەرسمتو قاچی کەوتبوو، دواتر بەبریندارێ رزگاری بوو.
پاشئەوەی دەربازبوو ماوەی ٨ رۆژ خۆیان لەچیا شاردبووەوە لە لێبوردنی گشتی هەمان ساڵدا لە بەرواری ٨ی ئەیلول بەربریندارێ خۆی دایەدەستەوە، هەرچەندە بردبویانن بۆ قەڵای نزارکێ بەڵام دواتر رەوانەی ئۆردوگایانکردبوونو تائازاری ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگای جێژنیکان دەستبەسەربووە.
ئێستا هاوسەر گیری کردووەو باوکی سێ منداڵەو نیشتەجێی شاری سلێمانیە.
هاوڵاتیەکی دڵسۆزو فەرمانبەرێکی موچە نزمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەرلەبارەی دەربازبوونو کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ لەم ژمارەیەی ئەنفالستادا بەسەرهاتی هاشم بخوێنەرەوە.

عەبدالقەهار



عەبدولقەهار خەلیل.
لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی کوریمێی سەربەناحیێ مانگێشی پارێزگای دهۆکە.
لە ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کوریمێ بووە.
ئەوسەروەختە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبووە تا ئابی ساڵی ١٩٨٨
لە پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادینانداپاشئەوەی هیچ چارەیەکیان نەماوە لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کوریمێ لەگەڵ تەواوی خانەوادەکەیو منداڵەکانیو خەڵکی گوندی کوریمێ خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.
هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنوپیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوە، عەبدوالقهارو مام خەلیلی باوکیان لەمنداڵەکانیان جیاکردەوەو تێکەڵ بەو ٣٣ پیاوەکرد کە دواتر هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کوریمێ بەفەرمانی دوو ئەفسەرەکەی بریاربەدەست بوون، لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، لەوکۆمەڵکوژیەدا عەبدالقهار بەبریندارێ رزگاری بوو. هەرچەندە دوو فیشەک بەر پشتی کەوتبوو بەڵام توانی لەناو تەرمەکان هەستێتەوەو دەربازی بێت، بەڵام باوکی بەناوی خەلیل محمد لەهەمان کۆمەڵکوژیدا کوژراو ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن تیمێکی پزیشکی داوەری بەسەرپەرشتی (سۆنی ترامبل) تەرمی ئەوقوربانیانە دەرهێنایەوەو یەکێک لەوانە خەلیل باوکی عەبداقهاربوو.

پاشئەوەی لە لێبوردنی گشتی هەمان ساڵدا لە بەرواری ٨ی ئەیلوول بەربرینداری خۆی دایەدەستەوە، تا ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگای جێژنیکان لەگەڵ هاشم محمدی پورزای دەستبەسەربووە.

هەرئەوسەروەختە باوکی سێ منداڵ بووەو تەواوی خانەوادەکەی ئەنفالکراونو دواتر لە ئەمنی مانگەشت کەسێ:ی خزمیان توانیبووی بیاندزێتەوەو خۆیان دەربازکردبوو، ئێستا نیشتەجێی مانگێشک شاری دهۆکە.

شایانی باسە عەبدولقهاریش لەگەڵ عەبدولکەریمو ئەبابەکر ساڵی ٢٠٠٦ وەکو شایەتحاڵیکی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ ئامادەی دادگای باڵای تاوانەکان بوو، روبەرووی صدام عەلی حەسەن مەجید بووەوە لەبەردەمی دادوەر برینەکەی پیشانی تۆمەتبارانی ئەنفالدا.

ئێستا لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆک دەوام دەکات.

عەبدالکریم نایف



عەبدالکریم نایف حەسەن لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی کوریمێی، سەربەناحێی مانگێشی پارێزگای دهۆکە.دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.

لە ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کوریمێ بووە.

ئەو سەروەختە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبووە تا ئابی ساڵی ١٩٨٨

لە پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادینانداپاشئەوەی هیچ چارەیەکیان نەماوە لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی

کوریمێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی ئەوگوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.

هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنوپیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کوریمێ کۆی پیاوەکان کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی عەباسومحمەد لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، لەو کۆمەڵکوژیەدا عەبدالکریم گوللەیەک بەرشانی کەوتبوو، بەڵام بەبریندارى رزگاری بوو.

باوکی بەناوی حاجی نایف ئەنفالکراو بران بۆکەمپی سەلامیەو دواتر رەوانەی بەحرکەکراون.

پاشئەوەی لە لێبوردنی گشتی هەمان ساڵدا لەبەرواری ٨ی ئەیلوول بەربرینداری خۆی دایەدەستەوە، تا ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگای جێژنیکان لەگەڵ هاشم محمدی پورزای دەستبەسەربووە.

هەرئەو سەروەختە تەواوی خانەوادەکەی ئەنفالکراونوبراوان بۆ کەمپی سەلامیەو دواتر براون بۆ بەحرکە. عەبدولکەریم لەجێژنیکا هاوسەرگیری کردووەو ئێستا نیشتەجێی شاری دهۆکە .

عەبدولکەریم ساڵی ٢٠٠٦ وەکو شایەتحاڵیکی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ ئامادەی دادگای باڵای تاوانەکان بوو، روبەرووی صدام عەلی حەسەن مەجید بووەوە.

باوکی پێنج منداڵەو خەریکی تەواوکردنی خویندنەو لەشەشەمی وێژەیی

هاوڵاتیەکی دڵشکاوەو لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆک دەوام دەکات.

ئەبابەکر



ئەبابەکر عەلی سەعید

لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی کوریمێی سەربەناحێی مانگێشی پارێزگای دهۆکە.
لە ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کوریمێ بووە.
کە پەلامارەکانی قۆناغیە هەشتەمی بادینان دەستیان پێکرد ئەبابکر پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبو، تا رۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ بەناچاری لەگەڵ خەڵکێ:ی زۆر خۆیان رادەستی سوپای ڕیژیمی بەعس کرد، لەهەمان رۆژدا پاشئەوەیچەکەکانیان تەسلیم کرد، ژنو پیاویان لە یەکتری جیاکردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کوریمێ کۆی پیاوەکان کەژمارەیان ٣٣ کەس بوو لەلایەن دوو ئەفسەری ڕەزاگرانەوە کەناوەکانیان عەباسو محمەدبو بەفەرمانی ئەوان ١٠ سەربازی سوپا، گوندنشینەکانیان ریزکردبوو دواتر گوللەباران کران، لەو کۆمەڵکوژیەدا ئەبابکر بەرلەوەی گوللەباران دەستپێبکات،پرکێشی کردبوو توانیبوی لەریزەکە، بێتە دەروەورابکات، بەڵام هەروا ١٠٠ مەتریک رای کردبوو کە جەلادەکان دایانگرتووەتەوەوگوللە قاچەکانیان پێکاوەو کەوتووە، ئەبابەکر باشئەوەی بیرماوە کە لەدورەوە سێجار بە ڕەشاش تەقەیان لێکردووە، بەڵام سەربازەکان بە حسابی مردوو بەحێیانهێشتبوو، ئەوشەوە تابەیانی لە نزیک تەرمی قوربانیەکان بە بریندای ماوەتەوە بەڵام کە رۆژبووەتەوە کەوتووەتە دەست کۆمەڵێک جاشو بردبویان بۆ مانگێش کەچی لەوێ هەمان ئەو ئەفسەرەی بینیبوو کە فەرمانی ڕەمی کردنەکەی دابوو، ئەفسەرەکەش کە ناسیبوویەوە بە پۆستاڵ قاچەبریندارەکانی شێلابوو بەجۆرێک ئازاری ئەبابەکری دابوو هەتا ئێستاش شوینی لێدانەکانی پێوەدیارە کەچی سەیرلەوەدابوو، بریاری کوشتنی نەدابوو، رادەستی قەلای نزارکێی کردبوو، وبەڕێکەوت لەوکاتە بریاری لێبوردنی گشتی دەرچووەوبەهۆیەوە رزگاری بوو.
ئەو سەروەختە باوکی سێ منداڵ بوو، ئەوان ئەنفالکرانو بران بۆکەمپی سەلامییە، برایەکی بەناوی سەعید لەو کۆمەڵکوژیەدا کوژراو برایەکی تریشی بەناوی کامەران شەهید بوو.ئێستا نیشتەجێی شاری دهۆکە.هێشتا پێشمەرگەیەو دەوام دەکات.

صدقی عبدوالقادر فتاح



لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی گوندی چەلکێی سەربەناحێی مانگێشی پارێزگای دهۆکە.
کە لەگەڵ کوریمێ دراوسێ گوند بوون,
دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.
لە ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی چەلکێ نزیکی کوریمێ بووە.

ئەو سەروەختە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبووە تا ئابی ساڵی ١٩٨٨
لە پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادینانـدا لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کوریمێ لەگەڵ فەتاحی برایو تەواوی خەڵکی ئەوگوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.
هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنو پیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کوریمێ لەگەڵ کۆی پیاوەکان کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی عەباسو محمەد لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، لەو کۆمەڵکوژیەدا صدقی تەنها گوللەیەکی بەرکەوتبوو ئەویش پەنجەیەکی پێکاوە، پاشئەوەی لە ناوتەرمەکان هەستاوەتەوەو دورکەوتووەتەوە توشی بە کەریمو عەبدالقەهاروهاشمەوە بووەو لە چیا خۆیان شاردووەتەوە، هەرلەوکاتەدا عەبدولقەهارو هاوڕێکانی بەبێ بەنج بەچەقۆیەک پەنجە بریندارەکەیان بۆ بریوەتەوە.
لە لێبوردنی گشتی، رۆژی ٨ی ئەیلول خۆی داوەتە دەستەوەو بەلێبوردنەکە رزگاری بوو.
برایەکی تریشی بەناوی فەتاخ لەهەمان کۆمەڵکوژیدا دەربازبووە، بەڵام فتاح هەریەکجار بینراوەو واتر بێسەروشوێنکرایەوەو هەتا ئێستاش بێسەروشوێنە.
ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن تیمێکی پزیشکی داوەری بەسەرپەرشتی (سۆنی ترامبل) تەرمی ئەو قوربانیانەیان دەرهێنایەوە کە لەوکۆمەلکوژیەدا شەهید بوون.
صدقی ئێستا هاوسەرگیری کردووەو باوکی دوو منداڵە
لەدوای ساڵی ١٩٩١ کوردستانی بەجێهێشتووەو بەهەولو توانای خۆی گەیشتووەتە هەندەران، ئێستا هاوڵاتیەکی دڵشکاوەو بەناهەندەیی لەوڵاتی سوید دەژی .

فەتاح



فەتاح عەبدولقادر فەتاح.

لە دایکبووی سالی ١٩٥٢ ی گوندی چەلکی ناحی کانی ماسی بەرواری بالایە
خێزاندار بووەو باوکی (٧) منداڵ بوو.
ساڵی ١٩٨١ بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان .
ساڵی ١٩٨٨ پاشئەوەی لەکۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێ رزگاری بوو، جارێکی تر دەستگیرکرایەوەو لەقەڵای نزارکێ شەهیدکرا.
چیرۆکی فەتاح زۆر تراژیدیە ساڵی ١٩٨٨ لەپەلامـاری ئەنفالی ناوچەی بادینان پاشئەوەی خۆیان ڕادەستی سوپای عێراق کرد لە کۆمەڵکوژیەکەی گوندی کوریمی لەناحێی ددۆسکی "مانگێش" لەگەڵ ٣٣ پیاو کەهەموویان خەڵکی گوندی کوریمیو گوندی چەلکی بوون، لەژنو منداڵیان جیاکردنەوەو ٢٠٠ م لەخوار گوندی کوریمێ لەلایەن دەستەیەک سەربازەوە بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی (عەباس و محمەد) گولەبارانکران . جێگەی ئاماژەیە لەو کۆمەڵکوژیەی گوندی کوریمیدا ٩ کەسیان خەڵکی گوندی چەلکی بوون، بەڵام کە ٦ کەس رزگاریان بوو، دوان لەوان فەتاح

وصدقی برای بوون، بەڵام بەداخەوە فەتاح جارێکی تر لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراو ڕەوانەی قەلای نزارکێ کراو لەوێ بەپێشچاوی کچەکەی "فایزە" و ژنەکەی "سەبریە" یەوە بەبلۆک لەگەڵ کۆمەلێک پیاوی تر کوشتبویانن .

فەتاح باوکی ٧ منداڵی تربووە . ناوی ژنو منداڵەکانی فەتاح ئەمانەن : (خەزان (مردووە) فائزە، ناسیح، ئیحسان. ڕۆناهی. عەزیزە گۆڤان. هەرمان)

بەنگین مستەفا عبدالقادر

(بەداخەوە وێنەی بەنگین دەستنەکەوت)

لە دایکبووی ١٩٦٦

لەکۆمەڵکوژییەکی ٨ کەسی گوندی مێرگەتی رزگاری بوو، بەلام دواتر خزمەکانی ڕادەستی ئەمنیان کردەوەو ئیدی بێسەروشوێنکرا.

چیرۆکی بەنگین پشتی بە شایەتیی خزمانی یەکێک لەو هەشت پیاوە بەستووە، کەوا لەکاتی گوللە بارانەکەی گوندی مێرگەتیدا بریندار بووەو دواجارخۆی گەیاندووەتە بارەگایەکی جاش, لەکۆمەڵگای قەدش. سەرجاوەی زانیاریی ئەمباسە تراژیدییەی گوندی مێرگەتووی لە(The Destruction of Koreme)لە لاپەڕە ٥٠ دا هاتووە..

کۆمەلکوژیەکەی گوندی مێرگەتووی حەوت کەس بوون کە لە ناویاندا یەکێک ناوی نادیارە، ئەوانیش کە گوللەبارانکران ئەم کەسانە بوون:

١. محمد صالح عبدالقادر (لە دایکبووی ١٩٣٨).
٢. مصطفی عبدالقادر مصطفی (لە دایکبووی ١٩٢٦ یان ١٩٢٧).
٣. سلێمان شعبان چچۆ (لە دایکبووی ١٩٥٦).
٤. عادل محمد خالد (لە دایکبووی ١٩٦١).
٥. ڕەمەزان أحمد حمو (لە دایکبووی ١٩٦٨).
٦. حمید أحمد حمو (مێژووی لە دایکبوونی نەزانراوە).
٧. بەنگین مستەفا عبدالقادر بوو (کە دەربازی بوو)

ڕاسپاردەکان :

ئەودەربازبووانە پێویستە لە وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ دەربهێندرێن. کە ئێستا سێ کەسیان لە ریزەکانی سوپاو ئاسایشدان . چونکە دورنیە بەهۆی جەک هەڵگرتنەوە لەچرکە ساتێکدا بگەڕێنەوە بۆ یادەوەری تاوانی کۆمەڵکوژییەکەو تاوانێک ئەنجام بدەن.

لەیادی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا، لە کاتێکی جیاوازدا مەراسیمێکی ڕێزلێنانی شایستەیان لەسەرئاستی هەرێم بۆسازبدرێت .

لە هەرکوێیەک کە گونجاو بێت ئۆفیسێکی تایبەت بەو ١٠ کەسە بکرێتەوەو ناوبندرێت (مالّی ئازادی یان هەرناوێکی گونجاوتر) و سەربە یەکێک لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت ، یان سەنتەرێکی تایبەتوسەربەخۆ بێت، بۆ ئەوەی لەسەرئاستی ناوخۆودەرەوە ببێتە شوێنی بینینی ئەوکەسایەتیانەو لەلایەن لێکۆلیارورۆژنامەنوسانوکەسایەتی چالاک لەبواری مافی مرۆڤ کە بۆلێکۆلینەوە لەسەر جینۆسایدکردنی کورد، دێنە کوردستان بتوانن، سەردانیان بکەنوزانیاریان لێوەربگرن.

لەمەراسیمی ڕێزلێنانیاندا (وسامی شەرف) یان مەدالیای ڕێزلێنانیان پێببەخشرێو ئەوانەشی لە ژیاندا نەماون هەمان مەدالیاو ئیمتیازات بدرێتە نزیکترین کەسیان. چونکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە چوار کەسیان لە ژیاندا نەماون.

ئەوانەی لەژیاندا نەماون، لە نزیکترین شارکە لە شوێنی نیشتە جێیانەوە نزیکە پەیکەری سومبلیان بۆدروست بکرێت . (ئەنوەر تەیار – لەشاری چەمچەماڵو حەمەعەلی عالیان لە شاری کەلارو فەتاح کوریمێی لە شاری دهۆک، بەنگین مستەفا عبدالقادر لەقەزای ئامێدی) .

ئەوانەی ئێستا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ووڵاتی سوید دەژین، بانگهێشتبکرێنەوە

بۆنیشتمانو ئەگەر بخوازن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە کوردستان بژین.
ژیانی تایبەتیان بۆدابین بکرێت، لەروی تەندروستیو ئەمنیەوە پارێزراوبن و موچەیەکی شایستەیان بەپێی ژمارەی خێزان و تایبەتمەندێتی خۆیان بۆ ببڕدرێتەوە .
کەنالی تایبەتو گشتییان بەڕووی جیهاندا بۆبکرێتەوە، چونکە ئەومرۆڤانە ناسنامەی جینۆسایدی نەتەوەیەکنو دەشێت سودێکی زۆر بەدواڕۆژی گەلی کوردستان بگەیەنن.
لەکۆروکۆبوونەوەومەرسیمەکانی تایبەت بەئەنفال وجینۆسایددا ئەم دەربازبوانە بەفەرمی بانگهێشت بکرین وشوێنی تایبەت بەدانیشتنیان هەبێت.
بۆکۆنگرەو کۆنفرانسەکانی دەرەوەی ولات بەشداریپیان پێبکریت و بناسێندرێن .
هەموو ئەمانە کە ئێستا سەرقالکراون بەمامەڵەی زیندانیانی سیاسییەوە لەو خانەیە دەربهێندرێن چونکە ئەوان زیندانی سیاسی نەبوون بەڵکو لەکۆمەڵکوژی دربازیان بووە.
بەدەر لەدەربازبووەکانی ئەنفال دەربازبووەکانی ئێزدییەکان هەمان ئیمتیازەکانی سەرەوە بیانگریتەوەو دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت بۆ چونەدەرەوەی ولات بەمەبەستی گێڕانەوەی چۆنێتی کۆمەڵکوژییەکەو دەربازبونیان .
بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر دەبێت بزانین ئەو شایەتحاڵانە چۆن دەژین ؟
بەشێوەیەکی گشتی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال کەدەبوو زۆر گرنگیان پێبدرایە بەپێچەوانەوە لەژیانێکی خراپدا دەژین، لەناوخۆشیاندا جیاوازی لە ژیان و گوزەرانیاندا هەیە واتا یەک لەوی تر حاڵی خراپتر، بەداخەوە هەریەک لە (عوزێرو واحیدو ڕەمەزان) لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو (هاشم) لە هەرێمی کوردستان لە ژیانێکی زۆرخراپدا دەژین، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو ژمارە کەمە لە دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ لە تواندا بوو کۆمەڵگای کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو بیلبیلەی چاوی خۆی بیان پارێزێ، دەبوایە ماڵی ئەوان لەماڵی سەرۆکەکان و لەماڵی پەرلەمان وپەرلەمانتاران پۆشتەتر وسەلامەت تربوایە وەلی ئەفسووس .. من لەنزیکەوە ژیانو گوزەرانیان ئاشنام، لەناویاندا ژیانی عوزێرو ئەبابکرو هاشم حەقیقەتێکی زۆرتاڵو شەرمهێنەرە. فەرەجی تۆپخانە بۆی گێڕامەوە ووتی: هەر چۆنێک بێت ئێمە دەژینورای دەکێشین بەڵام ئەوەی زۆر مەغدورە کاک عوزێرە هەڵوەستەیەکی کردوو ووتی: عوزێر لەوێ پیتزا بەسەرمالاندا دەگێڕێت، بەکرییەکی کەم و بەسەیارەو بەنزینی خۆی، شەوێکیان سەیارەکەی لەبەفردا چەقی بوو، چەندی کردبوو کۆشابوو بۆی دەرنەچووبووکەسیش هاوکاری نەکرد یوو، بۆیە ئەویش بەناچاری هەمووجلەکانی داکەندبوو خستبوویە ژێر تایەی سەیارەکەی تادەری کردبوو کە گەیشتبووەوە ماڵەوە بەتەواوی کەسیرە ببوو) ئەمە حاڵی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵە..!! کەچی لەملاشەوە هەربابایەوبەناوی ئەنفالو لەسەر ئێسکو پرسکو چیرۆکە قورسەکانی ئەنفال خەریکی سەفەروگەشتو گوزارە، بێئەوەی هەرگیز بیریان بەلای ئەوەدابچێت کەهەتا ئەوەدربازبووانە وەستابن قسەکردن بۆ ئەوان نەهاتووە .
وردبوونەوەو تێڕامان لە وێنەی هەریەکێک لەدەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بەسە بۆ ئەوەی لە روخساریاندا هەموو مەینەتیەکی ئەم قوربانیانەو نەتەوەکەیان لەلایەکو نادادپەروەری و بێباکی حکومەت لەلایەکی تر بخوێنینەوە. هەموومان هەست بە شەرمەزاری دەکەین کە تۆمەتبارانی ئەنفال بە موچەوپلەوپایەی بەرزەوە لەهەرێمی کوردستان بن و دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لەمەینەتیدا بژین ؟!
جێگەی خۆیەتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان و پەرلەمانی کوردستان ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرن و سود لە راسپاردەکان وەربگرن کەوا ماوەی چەند ساڵێکە سەرقالم پێیانەوە .

پاشکۆی وێنەکان

شێوەیەک لە کاری جیاکردنەوەو پۆلێنکاری ئەنفال





تۆپزاوا شوێنی دەستەبەسەرکردن و پۆلینکاری

فریشتەکان : هاوکاران و ئەوانەی بەهانای دەربازبوانەوە چوون .



ئەسعەد حمە سالّح : ئەو سەربازە کوردەی خۆی وباوکی هاوکاری هێنانەوەی تەیمور عەبدولا بوون .



یەدولا عەلی موراد– دانیشتووی کەمپی ئالّتاش – ١٩٨٨ هاکاری ئەنوەر محەمەد رەزا (ئەنوەر تەیار)ی کردووە



فاتمە فەتحولاّ دانیشتووی کەمپی ئالّتاش ١٩٨٨
ئەوژنەی یەکەم نانی گەرمی خستە بەردەم فەرەج تۆپخانە، دوای دۆزینەوەی لەگەلّ حاجی فەرەج سەردانمان کردوو جارێکی تر یەکتریان بینیەوە .

فیلمی هەزارویەک سێو :



دوای ئەوەی لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو تەهاکەریمی باسی ئەم دۆسێیەم کردو بیرۆکەکەم خستە بەردەمی سەرئەنجام فیلمی هەزارویەک سێوی لێ بەرهەمهات.



گەشتی ئەنفالستان لەگەڵ دەربازبووان



دوا پرسیار ئایا بۆچی تاکەکەس دەتوانێ دەربازبوان کۆبکاتەوەو بەیەکتریان بناسێنێت وگەشتیان پێبکات ؟ بەلام حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ ؟

سەرچاوەکان :

کتێبەکان .

بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە جگەلە بەدوادوچوونی مەیدانی خۆم سودم لەم کتێب و گۆڤارانەش وەرگرتووە .

1. جینۆساید لەگێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد چاپی دووەم ٢٠٠٤ وەرگێرانی محەمەد حەمە ساڵح توفیق.
2. عارف قوربانی لە تۆپخانەوە بۆ عەرعەر دیدار لەگەڵ فەرەج . عوزێر. رەمەزان
3. دیدارەکانم لەگەڵ واحید . فەرەج ، عوزیر ، رەمەزان ، هاشم.
4. دیدارلەگەڵ یەدوڵا عەلی موراد
5. دیدار لەگەڵ فاتمە فتح اللە.
6. دیدار لەگەڵ ئەسعەد حەمە ساڵح.
7. تراژیدیای بەفرۆئەنفالی مەرگە– محمود عومەر– ٢٠١١ .

گۆڤارو ڕۆژنامەو مالپەرەکان

1. ئەنفالستان ژمارە (٥) ژمارە (٨) ژمارە (١٠) . ژمارە (١١ و ١٢)
2. ڕۆژنامە (هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٢٦٥ –٢٦٦ .
3. مالپەری سبەی.
4. مالپەری ئەنفالستان
5. مالپەری پەرلەمانی کوردستان .
6. مالپەری وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان .

فۆتۆکان :

هەندێکیان نەناسراون لە وانە وێنەی ڕحمە لە هەفتەنامەی میدیا وەرگیراوە، وێنەی حەمە عەلی عالیان لە گۆگڵی وەرگیراوە .

وێنەی کۆمەڵکوژی کوریمێ

وێنەکانی گۆڤاری ئەنفالستان .

وێنەکانی هێمن عەبدولا.

وێنەکانی سمکۆ سابیرن



پاکیزەکانی بیابان

عومەر محەمەد

پاکیزەکانی بیابان چاپی دووەمی رۆمانێکی نوسەر عەبدولقادر سەعیدە.

لەم رۆمانەدا نوسەر رۆچووەتە ناو وردەکاری وێنە گەورەکەی تاوانی ئەنفالەوە، ئەم تێگەیشتنە لە بینینی تاوانێکی جینۆسایدە، بەلای کەمەوە بۆمن دڵخۆشکەرە کە بەداخەوە کورد بەتایبەتیش میدیای کوردی لەدوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١ هەرهێندەی بەباش زانیوە درشت لێی بڕوانێت و بەدوای پارچەکانی تری وێنەکە نەکەوێ بە دوای گۆترەکاری و قسەی سواوی سیاسیەکان بکەوێت. رەنگە ئەوەش هەر لەشوێنی خویدا نەبێت چونکە سیاسیەکانی کوردستانی باشور قسەو گوتاریان نەبووە. ئەگەر هەشیان بووبێت ئەوا دیسان لەمەڕ ئەنفال بێ قسەوگوتار ماونەتەوە.



بەرلەوەی شۆربینەوە بەناو رۆمانەکەدا هەر لەدەروازەدا بەپەیامی نوسەر دەگەین، کە بۆ داپیرەکانی نوسیوەو دەڵێت: من نامەوێ بریندەکانتان بهێنمەوە سوێ هێندەی دەمەوێ سارێژیان بکەم. ئەم تێگەیشتنە زۆرگرنگە ئەمە بەپێچەوانەی دنیابینی کوردەوەیە کەهەمیشە قەتماغەی بریندەکان بۆ جۆشدان و شۆڕش هەڵدەداتەوەو هەموو دەرگایەکی ئارام بوون وخۆشگوزەرانی دادەخات.

ئەگەرچی لەدەربریندا کێشەم لەگەڵیدا هەیە بەڵام لە دیوی ناوەوەی کورد وتەنی لەنیازەکەی تێدەگەم کاتێک دەنوسێت (کاری من لەم ڕۆمانەدا کولانەوەی بریندەکانی ئێوە نیە، بەقەدەر ئەوەی لەبەرگریتان ئەدوێم . کاری من مەرگ دۆستی نیە ،بەڵکو هەوڵی گەرانەوەتانە لە دۆزەخەوە بۆسەرزەوی) وەک بڵێی من نامەوێ لە دۆزەخدا بتانهێڵمەوە بەڵکو دەمەوێ بتانهێنمەوە سەرزەوی، بەڵام خۆ دۆزەخێک ئەگەر هەبێت لەسەر زەوی یەو خودی مرۆڤ بەبیانووی جیاواز بۆ مرۆڤی دروستکردووە. مەگەر ئەنفال بۆخۆی دۆزەخێک نەبوو لەسەر زەوی ؟ بەڵام هەرلە دێری یەکەمەوە تێدەگەم نوسەر دەیەوێ چ بڵێت : نامەوێ بریندەکانتان بکولێنمەوە) ئەمەیە کە هاوڕاییەک لەنێوانمان دروست دەکات.

نوسەر کارێکی زۆرباشی کردووە کە کارەکتەری ناو ڕووداوەکان ناخولقێنێت بەڵکو ڕۆمانێک دەنوسێت بۆئەوەی کارەکتەرەکان بەرەنگاری روداوەکان ببنەوە بۆئەوەی لەشکستدا نەمێننەوەو بخوازن دنیا بەمەزڵم بیاننناسێت چونکە ئیدی لەوە تێگەیشتین کە گێڕانەوەی چیرۆکی بەکۆمەڵکوشتن وئەتککردنمان بۆ دنیا هیچمان پێ نابەخشێ بەڵکو زیاتر فریمان دەداتە پەراوێزی ژیانەوە . (ڕێبورانی ئازادی و سەربەستی هەر دەناسرینەوە،ئەرکیان رزگاری مرۆڤایەتیە لە تاریکی و نەزانی) پەرچەکرداری ئەو تەسلیمبوونەیە کە بەجل وبەرگی کوردی و بەزمانی کوردی حوکمرانی وڵات دەکات بەڵام نازانێ و نایەوێ ڕێز لەو مرۆڤانە بگرێ کە ئەنفال بوون نایەوێ ڕێز لەو ژنانە بگرێ کە لەسەردەمی ئەنفالدا فرۆشراون و ئەم نایەوێت ئەم ڕاستیە ببیستێ ؟! لەم سەردەمەشدا ریبوارانی ئازادی هەر لەئەرکی خۆیاندان . نوسەر لە ناوی ڕۆمانەکەیەوە دیارە دەیەوێت بڵێت : هەموو دکتاتۆرەکانی دنیا ناتوانن کچانی نیشتمانەکەم لەکەدار بکەن (**هەموو ڕەشایەکانی جیهان لەکەیە لە گیان و زەبری لە کەرامەتی مرۆڤایەتی گوڵچین و کچەکان و ئەنفالەکانمان نادەن**)

خاڵی جوان وجەوهەری لە ڕۆمانەکەی کاک عەبدولقادردا ئەوەیە کە (بەدوای فۆرمێکدا ناگەڕێ کە فرمێسکی تیمساحی بۆ قوربانیەکان بڕێژی، بەڵکو دەیەوێت ئەوەی فیلمسازو هونەرمەندان نەیانکردووەو دەیانتوانی بیکەن ئەم بیکات، گەیاندنی ئەو هاوارانەیە کە مرۆڤایەتی لە تاوانی گەورە ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام وەک لەسەرەتاوە وتم واهەموو مرۆڤ لەهاواری ئێمە ئاگاداربوونەوە چ دەبێ ئەگەر بۆخۆمان هیچمان لەباردانەبوو ؟

بەڵام لەم قەیرانی فیکرو ئەخلاقەدا، لەم ژیانە جەنجاڵ وخێڵەکیەدا، کە مەرگدۆست و ژینگە پیسکەرە، هاواری بەرەنگاری و پشتکردنە مەرگ و ڕوکردنە ژیان، ناشێت نادیدە بگرین ڕاستە ئەوە ئەرکی نوسەرە بەڵام تیفکرینەکە بەم ئاقارەدا جێگەی ڕێزە. گرنگە کە تۆوی ئومێد لەم ڕۆمانەدا چێنراوەو ئەوەی دەخوێنینەوە وزەبەخشە نەک ژیانکوژ، چونکە بەتەنگ ژیانەوەیە نەک مەرگ، ئاخر لێرە دیدێکی مەرگدۆستانە کۆمەڵگای داغانکردووە، کە شین بۆمردوەکان دەگێڕن و بەرد لەزیندووەکان دەگرن، هەڵەبجە سەرباری ئەوەی بەتابلۆیەک کراوە بە پایتەختی ئاشتی مەزاری شەهیدەکانی لەبەردی مەرمەر دروستکراوەو سەر شەقامەکانی قورولیتە دایپۆشیون، هەموو ساڵێک پارەیەکی زۆر بۆیادی مردووەکان بەهەدەر دەدەن و زیندووەکانیش دەدەنە بەردەستریژی گوللە تەنها لەبەرئەوەی داوای ئاووکارەبا دەکەن ! پەیکەری عومەری خاوەر لەدەروازەی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دانراوە بەڵام خانوەکەی نەکراوە بەمۆزەخانە.

سەرباری هەموو ئەوانەش هێشتا دەبینم لەچیرۆکی خەزاڵدا دەیەوێت سۆزی خوێنەر بەوە بجوڵێنێت کە ڕەشتاڵەکان و زرتەبۆزەکان ئابروی کچەکانمانیان بردووەو سەمایان پێدەکەن و لاقەیان دەکەن، بەڵام من وای بۆ دەچم میللەتێک هاونیشتمانیەکان ئەگەر بە دۆزینەوەی مەمکەمژەو تۆپێکی منداڵان لەگۆری بەکۆمەڵدا ویژدانی نەجوڵا هەموو ژنانی نیشتمان بەرن بۆ یانەی شەوانەکانی وڵاتانی عەرەبی نەک ناجوڵێن وناخرۆشرێن، بەڵکو مێشێکیشیان میوان نابێت . هیوادارم ئەم ڕۆمانەش خوێنەری هەبێت و ئەنفال و شەنگال بەسبێت و ئیدی کوردەکانیش لەوە تێبگەن چیدی بەدوعاو پارانەوەو کروزانەوە پارێزبەندیان بۆ دروست نابێت ئەگەر خۆیان بۆخۆیانی دروست نەکەن، ژنانی کۆبانێ ئەگەر خۆیان نەبونایە ئێستا بەهەزارانیان لەبازارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی فرۆشرابوون، بەڵام دەبێت بپرسین دەبێت چەند پیاوی شەهوانی وهەوەسباز بەدەستی ئەم ژنانە دیلکرابن و مامەڵەیەکی ئینسانیان لەگەڵدا کرابێت ؟ گرنگە ئەوە بزانین ئەوەی نەیهێشت کۆبانێ بکەوێ هەرلولەی تفەنگەکان نەبوون، بەڵکو ئەو عەقڵ وئیرادەیە بوو کە لەپشت تفەنگەکانەوە بوو.

ئازاد عەتا حەمەجان

عەرەبەکان دەهاتن، مەروماڵاتەکەیان بەهەرزان لێمان دەکڕێ



ئازاد عەتا حەمەجان
لەدایکبووی ١٩٧٨
گوندی کۆڵەجۆ
دیمانە : عومەر محەمەد
٢٠١٦/١١/٤ – کەلار کاتژمێر ١٠ی شەو.

هەر لەمندالییەوە لەگوندی کۆڵەجۆ بووە، زۆر لەهاوڕێکانی ئەنفالکراون، یەکێک لەهاوڕێکانی هیچ کەسێکیان لە ژیاندا نەماون و ئێستاش شوێن خانووەکانیان بە جۆڵی لەگۆڵەجۆ ماونەتەوە . ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ لەگەڵ هاوڕێی بەڕێزم سمکۆسابیر، سەردانی کاک (سەباح نەجمەدین)مان کرد، دوای ئەوەی لەگەڵ سەباح نەجمەدین پیکەوە چایەکمان خواردەوە

ئەگەر بکرێت لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین ؟

ئازاد عەتا حەمەجان عەتا

لەدایکبووی ساڵی چەندیت ؟

من ساڵی ١٩٧٨ لەدایکبووم .

لە چ گوندێک دادەنیشتن ؟

لە گوندی کۆڵەجۆی حاجی حەمەجان

هەر لەویش لەدایکبووی یان بارتان کردبووە ئەو گوندە ؟

ڕێککەوتین لەسەر کاتی دیاریکردنی ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانە

ئازاد عەتاش هەر بەهۆی شوانیەوە لەتاوانی ئەنفال ڕزگار بووە. پێش ئەم دیدارە ساڵی ٢٠١١ من و ئازاد جارێکی تر لە گوندی کۆڵەجۆ چاومان بەیەکتری کەوتبوو، هەندێک زانیاری سەرەتایم لەبارەیەوە یاداشت کردبوو، بەڵام سەیربوو دوای دیدارە ڤیدیویەکەمان سەرلەنوێ یەکتریمان ناسییەوە، بەلام کەگەرامەوە بۆ سلێمانی و بە ئەرشیفەکەمدا چوومەوە، ئەو کەمە زانیاریەشم بەدەست هێنایەوە، بەلام لەبەرئەوەی هیچ گۆرانکاریەک یاخود لەگەڵ ئەوەی ئەمجارە کردبوومان پێچەوانە نەبوون هەر پشتم بەزانیارییە نوێکانم بەست .

ئازاد عەتا لەدیدارەکەماندا گوتی : گوندەکەمان نزیکەی ٣٣ماڵ بوو، خەڵکەکەی بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەریک بوون، بەزۆریش خەڵکەکە پشتیان بە ئاژەڵداری بەستبوو، خەڵک مەڕدار بوو، بەڵام ئەنفال هات و هەموو شتێکی وێرانکرد، تەنها لە ماڵی خۆمان ٩ کەسمان ئەنفالکراوەو هەر خۆم ماوم . ئێستاش وا پێمان ئێژن تاقانەی ئەنفال، بەڵام من داوای لێبوردنم لێکدرو داوام لێکرد پەلە نەکات لەگیرانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی داوام لێکرد دیدارەکەمان بە پرسیارو وەلام بێت و ئەویش قایل بوو ، سەرئەنجام بە هێمنی ئە دیدارەمان ئەنجامدا .

نانا هەر لەوێ بووین .

چەند ماڵ بوون گوندەکەتان ؟

٣٣ سی و سێ ماڵ بووین.

قوتابخانەی تێدا بوو ؟

بەڵێ لەوپەری گوندەکەوە بوو .

تۆ چویتە قوتابخانە ؟

بەڵێ هەتا چواری سەرەتایم خوێند

بۆچی هەرهەتا چوار ؟ خۆت ئارەزووت نەبوو بخوێنی ؟

با ئارەزووم بوو بەڵام ئەنفالەکەی هات بەسەرداو نەمتوانی .

ئەی بەچی ژیانتان بەریوە دەچوو خەڵک کاسبیان چی بوو ؟

بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەریک بوون، بەژۆریش خەڵکەکە پشتیان بە ئاژەڵداری بەستبوو، خەڵک مەڕدار بوو، بەڵام ئەنفال هات و هەموو شتێکی وێرانکرد، تەنها لە ماڵی خۆمان ٩ کەسمان ئەنفالکراوەو هەر خۆم ماوم . ئێستاش وا پێمان ئێژن تاقانەی ئەنفال .

نازانی چی رۆژێک بوو ئەنفال گەیشتە سەر گوندەکەتان ؟

با رۆژی ١٣ی نیسان بوو ١٩٨٨/٤/١٣ بوو .

ئەوهێزەی هاتن چی بوون جاش بوون یان جەیش ؟

هەردوکی جەیش وجاش هاتن، بەلام ئێمە خۆمان رۆیشتین بۆ ملەسورە هەرئەو رۆژە رۆیشتین بۆ ملەسورە ئیتر رۆژی دوایی ١٩٨٨/٤/١٤ ئەوە بوو خەڵکەکەیان هەمووی برد بۆ قۆرەتوو.

ماڵی خۆتان چەند سەرخیزان بوون ؟

ئێمە ١٠ سەرخێزان بووین ئیستا هەر خۆم ماوم (٩)کەسمان ئەنفالکراوە. شەش خوشک و رایەکم و دایکم و باوکم کەسیان نەمان .

تۆ لەخوشک وبراکانت گەورەتر بووی ؟

تەنها خوشکێکیانم (ئاواز) لەمن گەورەتر بوو ئەو موالیدی ٧٦ بوو، ئەوانی تر هەموویان لەخۆم بچوکتربوون .

کەس هەبوو لەگەڵ دایک وبووک و خوشک وبراکانت گیرابێتەوەو بۆی گێرایتەوە ؟

بەڵێ زۆر بوون ئەوانەی لەنوگرەسەلمان و دوبز هاتنەوە باسیان کرد، کەهەتا تۆپزاوا بەیەکەوە بوون ئیتر لەوێ خەڵکەکەیان لەیەکتری جیاکردووەتەوەو یەکتریان نەبینیوەتەوە.

ئەی تۆ چۆن رزگار بوویت تۆش هەر بەهۆی ئەوەی بەدیار ئاژەڵ ومەرومالاتەوە بوویت ؟

بەڵێ من و دوو ئامۆزای ترم لای مەڕ بووین، ئیتر ئەوانیان بردو ئێمەش رانەکەمان هێنا بۆ کەلار لەوێ هەرزان فرۆشمان کرد .

بەکێتان فرشت ؟

فرۆشتمانە عەرەب لەوێ دەهاتن لای گردە گۆزینە، عەرەبەکان دەهاتن مەرەکانیان دەکری .

واتا عەرەبەکان دەیانزانی کوردەکان مەرومالاتەکانیان هەرزان فرۆش دەکەن و ئەوانیش دەهاتن بەهەرزان لێیان دەکڕین ؟

بەڵێ ڕێک ئاوا بوو ئەوان دەهاتن بەهەرزان مالاتەکانمانیان دەکری .

ئامۆزاکانت ناویان چی بوو ؟

سەمەدو نەجات .

ئەوان دەربازبوون و تاقانەن وەک خۆت ؟

نا ئەوان تاقانەی ئەنفال نین .

بابیرم نەچێتەوە کولەجۆ چەند تاقانەی تێدایە ؟

سێ کەسمان بەتەنیا ماوێنەتەوە من و تەیمور ئەوەی وا لەگۆری بەکۆمەڵ دەرچوو، لەگەڵ کازم فەتاح .

ئەی ئیتر لەکەلار چیتان کرد ؟

چووینە ماڵی مامەم و ئامۆزایەکم ئەوان گرتمیانە خۆو هەتا ساڵی ١٩٩٥ لای ئەوان بووم.

نای مامەت و ئامۆزاکەت ناویانم بڵێ ناویان چی بوو ؟

مامەم ئەنوەر حەمەجان و ئامۆزاکەشم عەلی ڕۆستەم.

بەزۆری لەلای کامیان دەژیایت ؟

من لە سێ ماڵ ژیاوم، بێجگە لەو دوانەی وابۆتم باسکرد مامەیەکی دایکیشم بوو ناوی محەمەد فەتاحە ئەوان ماڵیان لەعەربەت بوو بەزۆری لەو سێ ماڵە ژیاوم .

بە ئاسایی پێم بڵێ منیش هەروەکو تۆ ژیاوم منیش هەر ماڵی مامێکم گەورەیان کردوم جیاوازیەکەمان تەنها ئەوەیە باوکی ئەنفال نەبووە دەنا منیش وەکو تۆژیاوم ، پێمبڵێ ناخۆشترین حاڵەتت چی بوو لەسەرماڵان ؟

هەمووی هەرناخۆشی بوو هەمیشە بێتاقەت بووم .

هەتا کەی چاوەروانی کەسوکارەکەت کرد ؟

هەتا ٢٠٠٣ هەر چاوەروانی هاتنەوەیان بووم .

لە رزگاری دیاردەیەک هەبوو زوو زوو دەیانگوت ئەنفالەکان هاتنەوە زۆرجار سایەق جێبەکان بۆ

بـازارگەرمی خۆیـان و بەفیتـی پیـاوانی بەعـس ئەوەیان دەکرد ئەوەت لەبیرە ؟

بەڵـێ ئـاڵە بیـرمە چەنـدین جارواییـان لەخەڵـک دەکرد دەیانگوت ئەنفالەکان هاتنەوە بەڵام درۆیان دەکرد . ئەوە بۆ ئێمە زۆر زۆر ناخۆش بوو .

ئەو مـاوەیەی کەلەمـاڵی مامەکانـت بـووی چـی کاریگت دەکرد ؟

لەوێ هیچم نەدەکرد، بەڵام لە عەربەت کرێکـاری و حەمـاڵیم دەکرد بلۆک وچیمەنتۆم دادەگرت.

ئەوە گۆرانکـاریەک بـووە لە ژیـانی تـۆدا، لەشوانیەوە بۆکرێکـاری ؟ ئەو گۆرانکـاریە چـۆن بوو بەلاتەوە ؟

راسـتیەکەی خـۆش نەبـوو بـۆمن هەرشـوانیەکەم بەلاوە خۆشتر بوو.

ساڵی چەند هاوسەرگیریت کرد ؟

ساڵی ١٩٩٥ هاوسەرگیریم کرد

خێزانەکەت ناوی چیە ؟ خزمی خۆتە یان کەسێکی دورە ؟

خێـزانەکەم گەلاوێـژ رەشـید محمـود، خزمـی خۆمانەو هەر خەڵکی دێکەی خۆشمانە.

چەند منداڵتان هەیە ؟

پێنج منداڵمان هەیە .

چەندیان کچ و چەندیان کوڕن ؟

سێ کوڕو دوو کچ.

ناویان چیە ؟

کورەکـان سـەرچل و سـەرخێڵ و مـحەمەد، کچەکانیش پەرژین و هاوژین .

هیچیانت بەناوی خوشک وبراکانت ناو نەناوە ؟

نا دڵم و نەهات و چاوم بەرایی نەدا .

لەگەڵ هاوژینەکەت بەختەوەریت ؟ یان کێشەتان هەیە ؟

نا زۆر باشین و هیچ کێشەیەکمان نیە.

وتمان کوڵەجۆ سێ تاقـانەی ئەنفـالی هەیە ئەی چەند ماڵی تێدایە هیچ کەسێکیان دەرنەچووبێت و کەسیان نەمابێ ؟

سێ ماڵ هەن لە کوڵەجۆ کەسیان نەماوە .

کێ و کێن دەزانی ؟

مـال عوسـمان سـاڵح و ئومێـد حەمەجـان و حەمەسـاڵح حمەکەریـم ئەوانە کەسـیان نەگەراوەتەوەو کەسیان نەماوە .

لەو سێ ماله چەند منداڵیان هاوتەمەن وهاوڕێی تۆ بوون ؟

منداڵەکان ئومێد هاوتەمەن بووین بەڵام هینەکانتر منداڵ بوون لەتەمەنی منداِ نەبوون .

ناویان لەبیرماوە ؟

ئا لەبیرمە

ناویان چی بوو ؟

ئومید حەمە جان تەها، ئەوە خـۆی خێزانەکەشی تاوسـی نـاوبوو، منداڵەکانیشـی ئاسـۆو نەبەزو ئاری وسەربەست .ئەوانە بوون .

ئێستا شوێن خانووەکانیان ماوە ؟

بەڵێ شوێن کەلاوەکەیان ماوەو بەس .

ئەی هەمـوو ئەنفالکراوەکـانی گونـدەکەتان ژمارەیان چەند کەسە ؟

١٣٣ کەسی ئەنفالکراوە .

قەت بیرت لەوە دەکردەوە کە دەبێت چەند کەس وەک تۆ بەتەنیا مابێتەوە؟

بەڵێ بیرم لێدەکردەوە .

ئەی بۆچی نەدەگەران بەدواياناداو بیاندۆزنەوە ؟

بـاچۆن گەریـاوین بەشـوێنیاندا هەر لەگەڵ کـاک سەباح نەجمەدین دەگەراین بەدواياندا.

قەت بیرتان لەوە کردووەتەوە کە جارێک هەموو تاقانەکـان کـۆببنەوەو پـێکەوە گەشـتێک بـکەن هەلـبەتە بە پـارەی خۆتـان، نەک چـاوەروانی حکومەت بن یان هی رێکخراوێک ئەوەتان بۆبکات .

نا بیرمان لێنەکردووەتەوە.

ئەی وەها کارێک بۆ نمونە پێکەوە گەشتێک بکەن بۆ سەرتەکی بەمۆ یان بۆ بێخاڵ و لەوێ باشتر یەکتری بناسن و هەرلەوێشدا پەیمانێک ببەستن کەئیتر ئێوە خوشک و برای یەکتری بـن و هـیچ هێزێک نەتوانێت لەیەکتریتان جیابکاتەوە.

بیرمان لێنەکردووەتەوە بەڵام بەخـوا ئەوەشتێکی باشە

تۆ هەستت بەبێکەسی کردووەو وتووشتە ئەنفـال بـۆمن واتـای مەینەتـی و بێکەسـی زۆربەی

تاقانەکان ئەوەندەی من دواندومن دەڵێن لەکاتی دروست بوونی کێشەیەکدا من هەست بەبێکەسی خۆم دەکەم .

وایە هەستی پیدەکەین .

ئەی ئەگەر وەهـــا پەیمانێـــک ببەســـتن لەو سەدوحەفتا تاقانەیە خۆ دەتوانن بەلای کەمەوە حەوت کەستان ببنە خوشک وبرای یەکتری و لەخۆشی وناخۆشی یەکتردا ئاگاتان لە یەکتری بێت و پشتی یەکتری بگرن ؟ ئەوسا نەک هەست بە بێکەسی ناکەیت سەیر دەکەیت کۆمەڵێک خوشک وبرات لەپشتە .

بەخوا راستەو کارێکی باشە .

خێر بۆ ئەنفالکراوەکانت دەکەی ؟

بەڵێ بۆهەر نۆیان قۆچم کردووە.

ئایا قەت لە موچەی ئەنفالکراوانت لەو داهاتە نالێم کە بەدەستی دەهێنی، بەڵکو لەو موچەیەی کەسوکارە ئەنفالکراوەکانت، یارمەتی کەسوکاری ئەنفالی پێدەدەیت لەکاتی پێداویستیدا بۆنمونە خوێنـــدکارێک بەهـــۆی هەژاریەوە نەتوانێـــت بخوێنێت ؟

بەڵـــێ بێگومـــان کردووشـــمە . هەمـــوو ســـاڵێک مەولودیان بۆ دەکەم و قۆچیان بۆ دەکەم

ببورە کاک ئازاد دەزانی من مەبەستم چیە ؟ بـــانمونەت بـــۆ بهێـــنمەوە ژنێـــک هەیە دایکـــی چوارکـــوڕی ئەنفـــالکراوە، پیاوێـــک هەیە لە دەربەندیخان کاک محەمەد شەمێرانی وەک خۆتان تاقانەی ئەنفالە، دەگەڕێن ئەگەر بزانن قوتابیەک مەرجـــیش نـــیە کەســـوکاری ئەنفـــالکراوان بێت خوێنـــدکارێک پێویســـتی بەهاوکـــاریە ئەوان لەومـــوچەیەی کەســـوکارە ئەنفالکراوەکانیـــان هاوکاری دەکەن، من باسی مولـودو قـۆچ کـردن نـاکەم دیـارە ئەوەش هەرخێـرەو ئەمەشـیان هەر خێـــرە . مەبەســـتم ئەوەیە ئایـــا بیـــرت لەوە کردووەتەوە ؟

ڕاستە .

زۆربەی ئەوکەسانەی کە وەک بەرێزتان بەتەنیا دەربـــاز بـــوون، پێتخۆشـــە کـــۆببنەوەو پـــێکەوە ڕێکخراوێک دروست بکەن و لەخۆشی وناخۆشی یەکتریدا بەشداری بکەن . ؟

ئەی چۆن زۆرم پێخۆشە کارێکی باشە .

لە کۆتایی نزیـک بـووێنەوە و مـن پرسیارەکانم کۆتاییان دێت ئایا شتێکت هەیە، باسی بکەیت ؟

نا هیچ شتێک نیە .

بۆنمـونە چـاوەروانی پرسـیارێکت کردبـێ و مـن نەمکردبێ یان عەقڵم پێی نەشکابێت و تۆ ئارەزوو بکەیت باسی بکەیت ؟

نـا هەمـووی بـاش بـوو سوپاست دەکەم بـۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەت .

ئەم دیدارە بـۆ تەلەفزیـون نـیە بەڵام لە کتێبێک یاخود لەگۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاو دەبێتەوە ئایا قایلیت بەوەی لێرە وتووتە بلاو ببێتەوە ؟

دەستتخۆش بێت بەڵێ بابڵاوببێتەوە.

ناوی ئەنفالکراوەکانی ئەم خانەوادیە .

1.	عەتا حەمەجان تەها	لە دایک بووی ١٩٥٤
2.	کەتان عەلی فەتاح	لە دایک بووی ١٩٥٥
3.	ئاواز	لە دایکبووی : ١٩٧٦
4.	بەناز	لە دایکبوی : ١٩٧٩
5.	گیلاس	لە دایکبووی : ١٩٨٢
6.	ڕێواس	لە دایکبووی : ١٩٨٠
7.	پەیمان	لە دایکبووی : ١٩٨٣
8.	نیشتمان	لە دایکبووی : ١٩٨٥
	نەوزاد	لە داکبووی : ١٩٨٧

ویستی کوردانی عێراق لە دەوڵەتانی دونیا: جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٨ بە فەرمی بناسێنن

صۆفیا باربرانی
ئامادەو وەگێڕانی: عومەر عەبدولکەریم
omerteno@yahoo.com

٢٦ ساڵ لەمەوبەرسەدام حوسێن کۆمەڵکوژییەکی لە دژی کوردستان ئەنجامدا، کە بە شالاوی ئەنفال ناو دەبردرێت. تاوەکو ئەمڕۆش هیچ کام لەوڵاتانی جیهان جگە لە خودی عێراق ئەم کۆمەڵکوژییەیان بەشێوەیەکی فەرمی بەجینۆ ساید نەناساندووە.

سەدام بە شێوەیەکی سیستماتیک لە مانگی شوبات تاوەکو مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ساڵی ، لە کۆتا مانگەکانی جەنگی عێراق– ئێران، ئەو جەنگەی لە سەرۆکی عێراق پشتیوانییەکی زۆری وڵاتانی عەرەبی هەبوو، زیاتر لە (١٠٠) سەد هەزار کوردی عێراقی کوشت. لە مانگی مارسی ١٩٨٨ سەدام فەرمانی بۆمبارانکردنی کیمیایی هەڵەبجە دەرکرد، ئەو شالاوەی، کەبووە هۆی مردنی پێنج هەزار کوردی عێراقی.

بەشێک لە فراوانترین پرۆسە سەربازییەکانی عێراق لە دژی کوردەکان لە ١٤ی ئەپریلی ١٩٨٨ ئەنجام درا، لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستا بە رۆژی یادکردنەوەی فەرمی قوربانیانی ئەنفال ئەناسرێت.

پشتگیریی لەئاستی پەرلەمانیدا

کۆمەڵکوژیی ئەنفال لەلایەن پارلەمانەکانی بەریتانیا، سوید، نەرویج، کۆریای باشور، بە شێوەیەکی فەرمی ناسێندراوە، بەڵام جگە لە دەوڵەتی عێراق هیچ کام لە وڵاتانە ئەو ڕووداوەی بە جینۆساید نەناساندووە. ئەم بابەتە مۆڵەتی ئەوە بە زۆرێک لە دەوڵەتانی تر ئەدات لە پێشهاتە مافی و یاساییەکان،پشتیوانی دارایی و تەقەمەنی لە ڕیژیمی سەدامی حسێن لەو کاتە دیاریکراوەداکردووە خۆیان لابدەن.

کوردانی عێراق بە شێوەیەکی دیارو ئاشکرا، ڕەخنە لە بەریتانیا ئەگرن، چونکە ئەم وڵاتە



یەکێک بووە لە پشتیوانانی فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بەڕژێمی سەدام لە دەیەی هەشتاکاندا.

بەیان سامی عەدولرەحمان، نوێنەری باڵای دەوڵەتی ناوچەیی کوردستان لە بەریتانیا ئەڵێت:"ئەوەی، کە بەریتانیا وەکو داکۆکیکاری پاراستنی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری دونیاو ئەو کیشوەرەی، کە بۆ ئازادکردنی کوردستان کۆمەک و هاوکاری کردووە، شالاوی ئەنفال بە جینۆسایاند ناناسێنێ، بەڕاستی نا ئومێدکەرەو بێ هیوامان ئەکات"

نەدیم زەهاوی،نوێنەری کورد، کە ساڵی ٢٠١٢ بۆ بە قەرمی ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال لە پەرلەمانی بەریتانیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە واژووی کۆکردووە، ئەڵێت :"ئەگەر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کۆمەڵکوژی سیستماتیکی کوردەکان بەدەستی ڕژێمی سەدام بە جینۆساید بناسێنن،لە راستیدا هاوکاری و کۆمەکیان کردووە بۆ ئەوەی دادپەروەرییەکی کەم بۆ ئەو خەڵکەی، کە لە کاتی ڕژێمی سەدامدا ڕەنج و ئازارێکی زۆریان هەڵگرتووە، بەرقەرار بێت."

ڕەهەندی ڕاستەقینەی پشتیوانییە چەک و تەقەمەنییەکانی دەوڵەتی مارگارێت هیلدا تاتچەر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا Margaret Hilda)

(Thatcherلە ڕێژیمی سەدام حسێن، لەساڵی ٢٠١١ ئاشکرا بوو، ئەو کاتەی، کە بەشێک لە بەڵگە نامە نهێنییەکانی دەوڵەتی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٨١ کەوتە بەر دەستی ڕایگشتی. ئەم بەڵگەنامانە ئەوە پیشان ئەدەن، کە تاتچەر بە ڕێکەوتنامەکان، بۆفرۆشتنو پێدانی چەکو تەقەمەنی لەگەڵ عێراقدا ڕێککەوتووەو چاویشی تەنانەت لەسەر فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بەشی تایبەتی بەریتانیا لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن داخستووە. لە ڕاستیدا ناوبراو عێراقی وەکو بازارێکی بەهێزی سودمەند بۆ پیشەسازی و بەرهەمهێنانی چە ک و تەقەمەنی بەریتانیا زانیووە.

تا کۆتاییەکانی دەیەی هەشتا ، بەغداد بارودخانەیەکی گەورەی چەک و تەقەمەنی بۆ خۆی دروستکرد، بەشێویەک، کە ئەیتوانی هاوکات هەم بەردەوام بێت لەجەنگ لەگەڵ ئێران و، وە پرۆسەی ئەنفالیش لە دژی کوردەکان دەست پێ بکات.

زەهاوی ئەڵێت:"بەداخەوە دەوڵەتانی سەرتاسەری دونیا چاویان لەسەر تاوانەکانی سەدا حوسێن لەدژی کوردەکان داخستووە."

پشتگیری ماف و یاسایی

کۆمەڵکوژی سیستماتیکی و ئامانجداری کوردەکانی عێراق، بە پێی کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە جینۆ ساید، بەوردی لە ژێر پێناسەی (جینۆساید یان ڕەگەزکوژی) هاتووە، بەڵام دەوڵەتی ئێستای بەریتانیا ئەڵێت، پێدانی جینۆساید بە ڕووداوەکانی وەکو ئەنفال کارێکە، پێویستە لە دادگایاساییەکان بەدواداچوونی بۆ بکرێت، نەک لە لایەن ناوەندە سیاسیەکانەوە.

جۆن میچێل یاریدەدەری کۆنسولگەری بەریتانیا لە دەوڵەتی ناوچەیی کوردستانی عێراق ئەڵێت:"لە بەریتانیاهەموومان ئەوەمان قبوڵە، کە شاڵاوی ئەنفالی سەدام حسێن، تاوانێکی گەورەو ترسناک بووە و هەموشمان ڕەنج و ئازارو نەهامەتییەکانی کوردەکانمان لەبەرچاوە، بەڵام بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدێک، تەنها کارێکە، کە ناوەندێکی دادوەری ئەتوانێ یەکلایی بکاتەوە. ئەم کارە لەئەستۆی دەوڵەتێک نییە، بڵێ چ شتێک تاوان بووەو چ شتێک نەبووە. تاکو ئێستاش هیچ دادگایەکی نێودەوڵەتی حوکمی ئەوەی نەداوە، کە ئەنفال، جینۆساید بووە."

هیو میچێل ڕۆبێرتسۆن (Hugh Michael Robertson)وەزیری بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش لە یەکێک لە بڵاوکراوەکاندا نووسیویەتی:"لەهەمان ئەو کاتەی، کە ئێمە بە بەردەوامی ڕق لێبونەوەی خۆمان لە لەبەرانبەر هێرشەکانی سەدام حوسێن بۆ سەر کوردەکانی عێراق ڕادەگەیەنین، بەڵام دەوڵەتان دەسەڵاتی بڕیاردانیان لەبارەی مەسەلەیەکی یاسایی ئاڵۆزی وەکو جینۆساید نییە. ئەمە بڕیارێکە ئەبێ لە لایەن پێکهاتە دادوەرییەکانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت."

بەڵام زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی کورد، دژی ئەم لێدوانانەن. بەیان سامی عەبدولڕەحمان ئەڵێت:"زۆر دووڕە، کە ئێستا ٢٦ ساڵ بەسەر تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا تێپەڕیوە، کە ئاراستەیەکی دادوەری نێودەوڵەتی بۆ بەدواداچوون بەو کەیسەدا پێک بهێنرێت."

گاڤریەل مایرۆن(Gavriel Mairone) ، دامەزرێنەرو بەڕێوبەری دەزگای یاسایی–MM) LAW LLC)لەبەرگری لە مافی قوربانیەکانی جینۆساید دەکات و دەڵێت:"ئەگەر دەوڵەتێک ڕووداوێک بە فەرمی بە جینۆساید بناسێنێ، ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەو دەوڵەتە لە ڕووی یاساییەوە بەرپرس و وەڵامدەرەوەی ئەو هەنگاوانەی ڕابردووی، کە ناویەتی، نییە، بەڵام ئەگەر لە دژی یەک دەوڵەت سکاڵا کرابێ،ئەوا ئەوبابەتە لە داگا زۆر لاواز ئەبێت ئیتر ناتوانێ بە ئاسانی نکۆڵی لەوە بکات، کە ئەو ڕووداوە جینۆساید بووە."

لەپشت ئەو وشەیەوە چ واتایەک هەیە؟

وا دەر ئەکەوێت باس و مشت و مڕی تایبەت بە جینۆسایدو ناسینی ڕووداوێک، ئەچێتە مەیدانی واتاناسیشەوە، بەڵام لە دیدی زۆرێک لە کوردەکانەوە، ڕاگەیاندنی فەرمی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ وەکو جینۆساید، ئەتوانێ ئازاری

ڕۆحـــی ئەوان لە ئاســـتی تـــاک و لە ئاســـتی کۆمەڵیشدا تا ڕادەیەک ساڕێژ بکات.
فەلاح مستەفا، بەرپرســـــــی فەرمـــــــانگەی پەیوەنـــدییەکانی دەرەوەی هەرێمـــی کوردســـتان ئەڵێت:" هەندێک لە خەڵکی ڕەنگە وابیر بکەنەوە بـابەتەکە پەیوەنـدی بە سـزاو پـارە وەرگـرتنەوە هەبـــێ، بەڵام لە دیـــدی ئـــێمەوە ئەم بـــابەتە (ڕاگەیانـدنی فەرمـی جینۆسـاید) گرنگـی هەیە، چونکە ئەتـوانێ ببێتە لەمپەر لەبەردەم دووبـارە نەبـــوونەوەی ڕوداوگەلێکـــی وەهـــادا. ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی هاوپەیمان بن و مـۆڵەت نەدەن ڕووداوەکانی لەم چەشنە دووبارە ڕوو بـدەنەوە، ئەمەش بۆ ئێمەی کوردەکانیش ئەبێتە جۆرێک لە ساڕێژ بوونی برین و ئازاری ڕۆحی و ئەخلاقیش."

سەرچاوە: الجزیرە

ئەو گوندانەی ئەنفال نەیروخاندن ؟

عومەر محەمەد

هەرچـی ڕاست دەبێتەوە دەڵێت لە کـاتی ئەنفالـدا لە سەرانسـەری کوردستاندا، تـاقە یەک گونـد بە پێـوە نەمـایەوە، هەمـووی لەگەڵ زەوی تەختکـران، بەڵام ئەمە هەر گۆترەکـاری و ڕەڵێـدانی ئەوکەسـانەیە کە بەدواداچوونیـان بـۆ ئەنفـال نەکـردووە و لە گیرفـانی خۆیـان و لە نێوکتێبـان قسـان دەردەهێـنن کتێبـیش ڕەنگەکەسانێک نوسیبێتیان کە هیچ خۆیان پێوەماندونەکردبێ و ئەوانیش گۆترە کاریـان لە بەدواداچـون پـێ باشتر بووبێت. دەنا هەر بۆ نمونە، لە هەندێک ناوچە کە ئەنفال تەواوی گوندەکانی ڕوخاندبوون بەڵام یەک دوو گوندێک هەرمابوون ئەوانیش لەبەر دوو هۆ :

یەکەم : ئەو گوندانەی لەنەخشەی عێراقدا نەبوون:

بۆ نمونە گونـدی ئۆمەربـل سـەرباری ئەوەی هەمیشـە سـوپا لێـوی لێدەکرۆشت، چ پـێش ئەنفـال و چ دوای ئەنفـالیش، شـەری گەوەڕەی تێـداکرابوو، کەچـی مـاوەیەکی زۆر لە دوای ئەنفـالی گەرمیـان ئەو گونـدە ڕوخێندرا.

دووەم ئەوگوندانەی هەموو خەڵکەکەیان جاش بوون :

بـۆ نمونە گونـدی بێتـواتە کە جێگـای نیشـتەجێی (ئەنـوەر بەگ)ی سـەرۆک جـاش بـوو، ئەو کەسـایەتیەکی دەسترۆیشتووی لای حکومەت بوو . بۆیە گوندی بێتواتە وەک خۆی مایەوەو نەڕوخا .

بەهەمان شێوە گوندی چەرمەگـا، لە نـاوچەی سـورداش کە جێگـای نیشـتەجێی عـومەری حمەعەلـی سـەرۆک جاش بـوو، ئەویـش دەسترۆیشـتووی لای حکـومەت بـوو. چەرمەگـا کەهەتـا ئێسـتاش وەک خـۆی مـاوەتەوە دەکەوێتە تەنها کیلۆمەترێک دامێنی کۆمەڵگای زۆرە ملێی پیرەمەگروونەوە.

(شـایەنی باسـە گونـدی مەرزان هەر ئـاوەدان بـوو، چـونکە زۆربەی گونـدەکانی هێـزی خەیلانـی و هەمـوو گوندەکانی هێزی سورچیش لە دەشتی هەریرلە پەلامارەکانی ئەنفالدا تێک نەدرا بوون و خەڵکەکەیان هەر لە شوێنی خۆیـان بـوون، بەڵام هەمـوو گونـدەکانی تـری هـۆزی هەرووتـی و هـۆزی خۆشـناو ڕاگـوێزرا بـوون، بێگومان ئەو جیاوازیکردنەش بێ هۆ نەبوو) بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوانیش جاش بـوون و دەسترۆیشـتووی لای حکومەت بوون .

برانە ئاڕێزعەبدوڵا ڕێگای یاخییان بەشی ١١ . چاپی دووەم

چیرۆکی سێ کچی ئێزیدی

فەلاح مرادخان



(لەمیا حجی بەشار)ی تەمەن ١٩ ساڵ خەڵکی گوندی کۆچۆیەو ماوەی (٢٠) مانگ لەبن دەستی چەکدارانی دەولەتی ئیسلامیداماوەتەوە، لە ناوەڕاستی مانگی ئەپریلی ٢٠١٦ لەگەڵ دوو هاوڕێی لەشاری حەویجە لە دەستی داعش هەڵدێن بەرەو مەخمور، هەروا چەند مەتریکیان مابوونازادبێن، بەڵام هاوڕێکەی (کاسرین ئەلیساس مراد) ی تەمەن ٢٠ ساڵ مینێکی پێدادەتەقێتەوەوخۆی وکچێکی دیکە بەناوی ئەلماس تەمەن ١٨ ساڵ گیان لەدەست دەدەن، کاسرین برازای نادیەمرادە کە چیرۆکی مەینەتی کچانی ئێزدی بە جیهان ناساند و لەئێستادا بالۆێزی ناشتیە لە ئەتەوەیەکگرتووەکان و کاندیدە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ.

لەمیا لە تەقینەوەی ئەو مینەدا بە سەختی بریندارببو، بەناخەوە هەردوو چاووی لەدەستدا، هەرچەندە ئێستا نەشتەرگەری بۆکراوە بەڵام هێشتا هەر پێویستی بەهاوکاری هەیە، لەمیا و برایەکی تەمەن ١٢ ساڵی تاقە دەرباز بوون لە خێزانەکەیان هیشتا ژمارەیەکی زۆری کەس و کاری چارەنوسیان نادیارەو دوای کۆتایی هاتنیشیان لەموسڵ بێ سۆراغ ماونەتەوە، جیی ئاماژەیە دانیشتوانی گوندی کۆچۆ روبەروی گەورەترین تاوان بونەوە بە دەستی چەکدارەکانی داعش. بەشێوەیەک ئێستا ئەم گوندە بوەتە سومبولی جینوسایدی ئێزدیەکان .لە ٢٣-٤-٢٠١٦ تیمی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی (ساراو بەسمە) هاوکاری لەمیایان کرد بۆ دەرهێنانی تەسکەرەو جنسیە بەهیوای ئەوەی دەرفەتی هەبێت بروات بۆ ئەلمانیا بۆچارەسەر، بەڵام لەمیا زۆر پێویستی بەهاوکاری و دڵنەوایی زیاتر

کچانی ئەنفالکراوی کورد لە سعودیە دۆزرانەوە وتنان درۆیە.

بەڵگەیەک دەڵێت بە مصر فرۆشراون وتنان درۆیەو بەڵگەکە ساختەیە .

کچانی کوردی (ئێزدی) بە ناشکراو بەپێشچاوی دنیاوە فرۆشران و کران بەکەنیزەک، ئەمەو درۆکانی ئێوەیان بە درۆخستنەوەو راستیەکانی وەک ڤیلکەی پاککراو خستە بەردەستان .. ئێستا ناوێرن بڵێن درۆیە، بەو پەری بێ غیرەتیەوە دەڵێن ئینجا دەسەڵاتمان چیبە؟
دەسەڵاتتان لەبە، ئەرجی گەواد وشێخە داوێن پیسەکانیان لەبە سوک وترۆ بکەن. نەگەر وانان نەکرد فشەفشی شەرف و کوردایەتی مەکەن ..بیرتان چوو لەسەر نیگایەک سەدان کچتان کوشت و لەسەر خۆشەویستی هەزاران نافرەتتان ربسواکرد.

ئامێزی جەلادو ترسی ویسام

عومەر محەمەد



عندما يقبض الوحش على فريسته - الأنفال ١٩٨٨ - كوردستان

ئەم وێنەیەی تاوانبار لیوارکنی هێزی تایبەت (ليوارکن – قوات الخاصة) "بارق عەبدولا حاج حنطه" لەگەڵ ئەم منداڵەدا چەند ساڵێکە هەواڵی ناراستی لەبارەوە بڵاو دەکرێتەوە. ئەگەرچی چەندین جار لە ژێر نوسینی چەندین هاوڕێ وکەسانی تردا کۆمێنتم نوسیوەو بۆم رون کردووەتەوە، کە ئەم منداڵەی لە باوەشی تاوانباری ئەنفال (بارق حاج حنطة)دایە ئەنفال نەکراوە، بەڵام بەداخەوە سودێکی ئەوتۆی نەبووە. بایەخی ئەم راستکردنەوەیە ئەوەیە میدیاو میدیاکاری بێباکی کوردی لەو خەوە راچڵەکێت کە هێشتا ئامادەن هەوال وچیرۆکی ناراست دەرخواردی خەڵک بدەن و پەلە بکەن لەوەی کێ یەکەمجار هەواڵێک بڵاودەکاتەوە نەک کێ راست دەبێژێ .

فەرموون بابزانین چەند کەس دێن ودەڵێن داوای لێبوردن دەکەین چونکە هەڵەمان کردووە، کام ئەکاونت ودەزگای میدیایی داوای لێبوردن لە هاوڕێ وخوێنەروبیسەروبینەرەکانی دەکات ؟ بەداخەوە پێناچێت .

ئەو منداڵە کوردێکی خەڵکی گوندی هەرمۆتەی مەسیحی نشینی نزیک شاری کۆیەیەو دراوسێی ماڵی دلێر شەمعون بوون ناوی (ویسام پۆلس یەلدام) ئەوسا منداڵێکی ٢ ساڵان بووە کە بارق بە هێلی کۆپتەرێک لە گوندی هەرمۆتە دابەزیووەو لەماڵی دلێر شەمعون لەسەر کورسییەکی ئەلەمنیوم وبەلاستیکی لووڵەیی تەندراو دانیشتووە، لەوکاتەدا کەدادەنیشێت چاوی بە ویسام دەکەوێت ودەیگرێتە باوەشی و داوا لە تیمی راگەیاندنی لێواکەی دەکات وێنەیەکی لەگەڵ ئەم منداڵەدا بگرن .

دلێر شەمعون لەو یەکەیەدا سەرباز بووە کە بارق حاج حنتە پێشەوای بووە، لەبەرئەوەی دلێر کارەباچی بووە، زیاتر لەسەربازێکی ئاسایی بارقی بینیوە، ئەوسا بارەگای لیوا لە شاری کەلار بووە و بارق عەبدوڵاش سەرقاڵی ئەنفالی سێ بووە، بەهۆی بەرتیلدانەوە (کە کرینی تاپرێکی ڕاوبووە) لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ دلێری (نقل) کردووە و گواستراوەتەوە بۆ ئامریەی یەکی کۆیە، کە سەربازگەیەک بوو لەهەرمۆتەی نزیک شاری کۆیە. تەنها کیلۆمەترێک لەماڵی دلێرەوە دوربووە، دلێر ئێستاش هەر لەگوندی هەرمۆتە دەژی و هێشتا لەگەڵ پۆلس یەلدام هەر دراوسێن بەڵام بەداخەوە ویسام لەتەمەنی ١١ ساڵیدا بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوو ئێستا لەگۆرستانی هەرمۆتە نێژراوە.

ئەو منداڵەی لەباوەشی (بارق)دایە خەڵکی گوندی هەرمۆتەیەو دراوسێی ماڵی دلێر شەمعون بوون، لە ڕۆژی(١٨)ی ئایاردا ئەو شاری کۆیە گەمارۆ درابوو، سەربازەکانی بارق مالەوماڵ بەدوای خەڵکی گوندەکاندا دەگەران کە لەتاریکی شەودا خۆیان گەیاندبووە ماڵی خزمەکانیان لەناوشاری کۆیە، ئەو ڕۆژە بارق لەو گوندە دادەبەزێ پاسەوانەکانی ئاگاداری دەکەن کە ماڵی دلێر

شەمعون لەم گوندەیە، ئەویش دەچێتە مااڵیان و لە بەردەرگاکەیان دادەنیشێ و ئەو منداڵە دێتەلایان ئەویش دەیگرێتە باوەش و وێنەیەک دەگرن، دوای هەفتەیەک دەچنەوە بۆ شاری کەرکوک لەوێ سێ رۆژ مۆڵەت دەداتە دلێر شەمعون ئەم وێنەیەو هەندێک وێنەی تر کەلەگەڵ جاشەکان گرتبووی دەداتەوە بە دلێرو پێی دەڵێت ئەم وێنانە بدەرەوە بە خاوەنەکانیان.

رێکارێ مزوری یەکێکە لەکەسە چالاکەکانی بواری جینۆساید، رۆژی ٢٠١٤/١/٢١ دەچێتە گوندی هەرمۆتەو دیدارێک لەگەڵ دلێر شەمعون ساز دەکات و دەینێرێ بۆگۆڤاری ئەنفالستان. هەر ئەو رۆژە رێکاری مزوری دەچێتە ماڵی ئەو منداڵەی وا لە وێنەکەدا لە باوەشی بارقی جەلاددایە، تەماشا دەکات ئەو وێنەیە هەر بەدیواری ماڵەکەیانەوەیە، کاتێک رێکارێ مزوری دەپرسێ ئایا نازانن ئەم ئەفسەرە تاوانبارە بەئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان، دایکی منداڵەکە دەڵێت : بەڵێ دەزانین، بەڵام لەبەرخاتری کورەکەمان کە لەتەمەنی ١١ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە گیانی لەدەستداوە وێنەکەمان بەدیواری ماڵمانەوە هێشتووەتەوە.

بەهیوام بەس بێت و هیچی تر ئەم وێنەیە وەک منداڵێکی ئەنفالکراوبڵاونەکرێتەوە، بەبروای من چیرۆکەکان لە تەموومژدا بمێننەوە،باشترە لەوەی قسەی ناراستییان بۆداتاشین، چونکە یەک درۆی گەورە کۆی دۆسێکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە .

تکایە بۆ زانیاری زیاتر بروانە رێکاری مزوری – دیدار لەگەڵ دلێر شەمعون – گۆڤاری ئەنفالستان (١١– ١٢) لاپەرە ٢٢٩ یان براوانە ماڵپەری ئەنفالستان ٢٠ی نیسانی

http://www.anfalistan.com/?p=٢٠١٦٢٥٦٤

پۆزش



دوای ئەوەی چیرۆکی وێنەی (ویسام پۆلس یەڵدام) ئەومنداڵەی کە لە باوەشی تاوانباری ئەنفال لیوا ڕکن بارق عەبدوڵا حاج حنتە دایە لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاومانکردەوە، کاک دلێر شەمعون لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا نیگەرانی دەربڕێ لەوەی ناوی زڕێندراوەو بە مراسلی بارق ناومان بردووە، لەراستیدا من پشتم بە دیدارێکی کاک رێکار مزوری بەستبوو، کە لەگەڵ کاک دلێر شەمعون ئەنجامی دابوو، بەڵام بەداخەوە لەوێدا بەهەڵەداچووم کە ناوی بەرێزیم، بە (مراسیل) چێشتلێنەری بارقی تاوانبار هێناوە، دەنا کاک دلێر شەمعون سەربازێکی ئاسایی بووەوکاری چاککردنەوەی کارەبا بووە نەک چێشتلێنەر،ئەگەرچی من کاری چێشتلێنەری بەرز دەنرخێنم و بەکاری مرۆڤە سەربەرزەکانی دەزانم، بەڵام لەبەرئەوەی بووەتە مایەی نیگەرانی لێرەوە داوای لێبوردنی لێدەکەم و سوپاسی دەکەم کە زانیاری زیاتری پێدام لەراستکردنەوەی چیرۆکی ئەو وێنەیەی بەهەڵە قسەی لەبارەوە دەکرا . بەهیوام کاک دلێر ئەم پۆزشەم بەسنگ فراوانی لێ وەربگرێت .

تۆمەتباران و مافی قوربانیان و ئەرکی داواکاری گشتی ئەنفالستان



هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
سەرۆکایەتی داواکاری گشتی
فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Justice/ Presidency of the public prosecutors

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
رئاسة الأدعاء العام
دائرة الادعاء العام السليمانية

ژمارە/ ٦٩٤
ڕێکەوت/ ٢٠١١/٧/٥

کارگێڕی وخۆیەتی

بۆ /بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی
ب/ بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال

ئاماژە بە نوسراوی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ژمارە (٧٢٢/٥)لە بەرواری (٢٠١١/٦/٢٧) وەهەردوو نوسراوی وەزارەتی شەهیدان وئەنفال کراوان بە ژمارە (٥٨٠) لە (٢٠١١/١/٣٠) و ژمارە (٦٩٤٧) لە (٢٠١٠/١٠/٢٦) وە نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٢٦١) لە (٢٠١١/٤/٢٥) وە نوسراوی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٩٤٣/١/٣) لە (٢٠١١/٥/٥) ، کە هەموویان جەخت دەکەنەوەلەسەر جێ بە جێ کردنی بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال کە ژمارەیان (٢٥٨) تۆمەتبارە هەروەك لە لیستی هاوپێچ ناویان هاتووە ، کە بڕیاری دەستگیرکردنیان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە دەرچووە بە نوسراوی ژمارە (رس/٨٣/١٠) لە (٢٠١٠/٨/١١) وەلەبەر ئەوەی ئەو تاوانە بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە (١٣ی) ساڵی (٢٠٠٨) بە تاوانی جینوسایدو وتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وتاوانی جەنگ ناسێنراوە ، وە بەهەمان شێوە پەرلەمانی عیراقیش بەو شێوە ناساندوویەتی ، وەبەمەستی راپیچ کردنی سەرجەم ئەو تۆمەتبارانەی کە بەڵگەیان لەسەرە لەسەر بەشداری کردنی لەو تاوانە بۆ بەردەم دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقی ، وەلەبەر تێپەر بوونی ماوەیەکی زۆر لەسەر بڕیاری دەستگیرکردنیان وجێ بە جێ نەکردنی ، وەلەبەر ئەوەی زۆر بەی ئەو تۆمەتبارانە لە کوردستان نیشتە جێن ، بۆیە لەبەر ئەوەی ئەو تاوانە مافی گشتی تیدایە وبەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پیمان دراوە بەپێ ی بەندی (١/چوارەم) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ی ساڵی (١٩٧٩) ی هەموار کراو ، سەبارەت بە چاودێری کردنی بڕیار وسزا یاسایی یەکان بە پێ ی بنەماکانی یاسا ،وپشت بەست بە بەندی (٢/یەکەم) وبەندی (٥) لە هەمان یاسا کە مافی چاودێری کردنی سەرجەم کاری ئێکۆلەر وەئەندامانی بەرزەفتی دادوەری پێمان داوە سەبارەت بە جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی دادگا.
داواکارین لە بەڕێزتان کە هەستن بە جێ بە جێ کردنی بڕیاری دەستگیرکردنی هەر تۆمەتبارێك کە ناوی لەو لیستەدا هاتووە ، ئاگادارکردنەوەمان لە ئەنجام .

لەگەڵ ڕێزدا.....

داواکاری گشتی
فرهاد حاتم حسین
بەڕێوەبەری فەرمانگە

هاوپێچ/
_ لیستی ناوی سەرجەم تۆمەتباران کە ژمارەیان (258) تۆمەتبارە .
_ئەو نوسراوا ەنەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردوە.

وێنەیەك بۆ/
_ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە (722/5) لە (2011/6/27)/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
_بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای (سلێمانی _گەرمیان) بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە ، تکایە .
_ لیژنەی تۆمارکردنی داوا بە مافی گشتی / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
_ دۆسیەی یاسا .
_ دۆسیەی نوسراوە دەرچووەکان .

Suleimanya- ashty
Phone٣٢٩٠٢٥٤
ddawakare@yahoo.com
هەرێمی کوردستان – سلێمانی – ئاشتی
٣٢٩٠٢٥٤

ڕۆژی ٥–٧–٢٠١١داواکاری گشتی نوسراوێکی ئاراستەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال ئاماژە بەنوسراوی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ژمارە "٧٢٢/٥" بەرواری ٢٧–٦–٢٠١١، و هەردوو نوسراوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە ژمارە "٥٨٠" لە ٣٠–١–٢٠١١و ژمارە "٦٩٤٧ " لە بەرواری ٢٦–١٠–٢٠١٠ و نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە "٤٢٦١" لە ٢٥–٤–٢٠١١و نوسراوی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە "٩٤٣/١/٣" لە ٥–٥–٢٠١١، کە هەموویان جەخت دەکەنەوە لەسەرجێبەجێکردنی بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال و ژمارەیان "٢٥٨" تۆمەتبارە.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی داواکاری گشتی دادوەر فەرهاد حاتم لەو ڕێکەوتەی سەرەوەدا بە فەرمی نامەی گشتاندوە و ئاراستەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی کردوەو داوا دەکات ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر بکرێن. بەڵام بەداخەوە نەک بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە، بەڵکو تۆزی لێنیشتوەو هەرکاتێکیش کەسوکاری ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتووانی ئەو تاوانە، داوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران بکەن، کۆمەڵێک بەڵێنی جۆراو جۆریان پێدەدرێ و خۆیان لە جێبەجێکردنی دەدزنەوەو دوای ماوەیەک دیسان لەبیردەچێتەوە.

ئەوەی لەم دۆسێیەدا بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێ، دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستانە، کە بە پشت بەستن بە بڕیارێکی ساڵی ١٩٩١ی بەرەی کوردستانی پاساو بۆ دەست گیرنەکردنی ئەم تۆمەتبارانە دەهێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەم بڕیارەی بەرەی کوردستانی هیچ بنەمایەکی یاسایی نیەو لێخۆشبوونەکە سیاسیە نەک یاسایی، مافی کەسوکاری ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتووان تەواورەوایە. فەرموو بۆ بینینی وێنەی بڕیارەکەی فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی و نامەی دەستگیرکرنی بەشێک لە تۆمەتبارو داوا کراوانە و بەشێک لە نوسراوە فەرمییەکان،تەماشای ئەم بەڵگەنامەیە بکە.

جیاوازی نێوان کوردوجوو

تاهیر رەحیم – ئەڵمانیا



ئێمەوجوولەکە جیاوازیمان زۆرە. ئایین وزمان و مێژوو،کولتوور باسناکەم . بەڵکو جیاوازی لەسایکلۆجیا،جیاوازی لە ئیرادە بۆ بەدواداچوون لە بەرامبەر کۆمەڵکوژیەکانی هۆلۆکۆست و ئەنفال و هەڵبجە. کورد زۆر کەمتەرخەمە بەرامبەر بە قوربانیەکانی . بەڵام جولەکە ئیرادەیەکی بەهێز. تواناییان لەسەر لاشەی قوربانیەکانی کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆست تاوانباران لەهەموو دونیا بەداگا بگەیەنێن و بەسزای رەوای خۆیان بگەن. توانیان جەخت لەسەر وڵاتی تاوانبار بکەن و ئەڵمانیا دان بەتاوانەکەدا بنێت و داوای لێبوردن بکا. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەموو ساڵێک لەیادی هۆلۆکۆست داوای لێبوردن لە جوولەکە بکەن، لەپای ئەوتاوانا شەرمەزاری دەربڕن. جوولەکە تاوەکو ئێستا قەرەبووی کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆست وەردەگرن. گەرچی زیاتر لە شەست ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێپەڕیوە. تواناییان لە زۆر لە شارەکانی ئەڵمانیا پەیکەر و ناویی قوربانیەکانی هۆلۆکۆست دابنێنن. کەچی ئێمەی کورد تا ئێستا نەمان توانیوە لە کوردستان مۆنۆمێنتێکی شایستە بە ئەنفال دروستبکەین . جولەکە توانی دەوڵەت لەسەر لاشەی قوربانیەکانی دامەزرێنێت. جولەکە توانیان هەموو کەلوپەلی قوربانیەکان کۆبکەنەوە، دەیەها مۆزخانەی پێبکاتەوە، تەنانەت هەندێک لەو مۆزەخانانە بریتیە لە کوچک و پیالە و نامە ی قوربانیاکان . وەکو مۆزەخانەی هۆلۆکۆست لە بەرلین،کەچی کورد هێشتا کەلوپەلی قوربانیەکانی بەکار دەهێنێت بۆ ژیانی رۆژانەی خۆی.

جوولەکە تاوەکو ئێستا بەردەوامن لە دادگایی کردنی تاوانابران . تاوەکو ماوەیەک پێش ئێستاش تاوانبارێکی هۆلۆکۆست بەناوی جۆن دیمیانوک * هاتووچۆی دادگایان پێدەکرد و بەزییان پێدا نەهاتەوە، کە تەمەنی زیاتر لە ٩١ ساڵ بوو، تاوەکو لە ١٧،٣،٢٠١٢ مرد*.. کەچی سەرکردەی کورد، بۆ تاوانبارانی هەڵبجە دەرمانی دەنارد. تەنانەت تاکە فڕۆکەوان تاریق رەمەزان کەوەکو شایەتحاڵێکی کیمیاوی بارانی هەڵبجە دەستگیرکارابوو. ئازدیانکرد بەڵام جوولەکە لە دوورەترین وڵاتەوە تاوانبارانیان رادەستی دادگای ئیسرائیل کرد. جوولەکە هەر بەسزای تاوانبارانی هۆلۆکۆستەوە نەوەستا، بەڵکو بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی قودسی عەربی، جوولەکە دەیەوێت داوای قەرەبوو بۆ کۆمەڵکوژی بەنی قورەزیە بکات، زیاتر ١٤٣٠ ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێپەڕیوە، کە بەدەستی موسڵمانەکان ئەنجامدراوە.. سەرەتا لە وڵاتی سعودیەوە دەستپێدەکات داوای ١٠٠ ملیار دۆلار دەکات. دوایش نیازی وایە لە هەموو وڵاتە ئیسلامیەکانی تر داوای قەرەبووبکات.

کەچی کورد لە مێژوودا دەیەها کۆمەڵکوژی بەرامبەری کراوە. هەندێکیان یادیش ناکرێتەوە.گەر یادی هەندێکشیان بکەن، یادەکە بچووکدەکەنەوە دەیکەنە یادێکی حزبی .

جوولەکە کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆست، ژمارەکەی زیاتر بە شەش ملیۆن پێناسە کردووە. بەپێی زۆر لە سەرچاوەکان ژمارەکەی زۆر لەوە کەمترە، کەچی کورد ژمارەی ئەنفالی بە ١٨٢ هەزار کەس پێناسە کراوە، بەڵام لە راستیدا قوربانیەکان زۆر لەوە زیاترن . لە کاتی پرۆسەی ئەنفال زیاتر لە چوارهەزار گوند وێران کرا. هەندێک لەوانە شارۆچکەی گەورەبوون وەکو قادر کەرەم ، نەوجول، ئاغجەلەر، شوان.. کە بەهەزارەها خەڵکی تێدا دەژیا. گەر هەر گوندێک سەد کەسشی تێدا ئەنفالکرابێت هەرچەندە هەندێک گوند و شارۆچکە بەتەوای ئەنفالکران. ئەوە ژمارەکەی زۆر لەوە زیاتر دەردەجێت . واتا ئێمەی کورد بە پێچەوانەی جوولەکەوە بەدەستی خۆمان ژمارەو زیانەکانی قوربانیەکان کەمدەکەین.

لێرەوە بۆمان دردەکەوێت ئیرادەی جولەکەو کورد چەند جیاوازە، بەداخەوە کورد لە ئاستی قورابانییەکانی خۆیدا نییە؟

http://www.stern.de/panorama/nach-urteil-im-holocaust-prozess-verurteilter-demjanjuk-kommt-auf-freien-fuss-١٦٨٤١٩٤.html--

http://www.bild.de/news/inland/john-demjanjuk/ist-tot-٢٣١٩٧١٢٦.bild.html

کارەکتەرێکی فیلمی هەزارویەک سێو کۆچی دوایی کرد

ئەنفالستان

(دولبەر مەجید فارس) خەڵکی دێی (عەزیز قادر)ی سەر بەناحێی سەرقەڵای کفریە، دڵنیام ئەم وێنەیە بەبینەرانی فیلم و خوێنەرانی ماڵپەڕەکان نامۆنیە، لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە خەڵکێکی زۆر بەر روخساری کەوتوون،بەڵام زۆر بەکەمی ئاگاداری خەم وچیرۆکی ئەون، تەنانەت زۆرجار ئەم وێنەیە لەلایەن خەڵکانی تەرەوە بەکارهێنراوە بێ ئەوەی بزانن وێنەگرەکەی کێیە ! سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ لەگوندی عەزیز قادر بۆیەکەمجار دولبەر خۆی لەبەرانبەر کامێرادا بینیەوە وێنەکە ئەوینی شەریفی گرتوویەتی .



دولبەر لە پێناسی باری کەسێتیدا ناوێکی کوردی زۆر جوانی هەیە (دڵاران) بەڵام خزم وکەسوکار هەر پێیانگوتووە دلبەر لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٧)بوو، پێش ئەنفال دایک و باوکی هەر لەگوندی عەزیز قادر کۆچی دواییان کردووەو لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری نەکردبوو هەر لەگەڵ براکانی دەژیا، بەڵام لەپەلاماری ئەنفالدا براو برازاکانی و زۆربەی کەسوکارەکەی ئەنفالکران، بۆیە لەدوای ئەنفالکردنی براکانی هەتا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد، لەلای برازایەکی بەناوی (حەسەن مەحمود) دەژیا. براکانی ئەحمەدو مەحمودو محەمەد ئەنفالکران و رەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کران، ئەحمەد هەر لەنوگرەسەلمان مردوو، محمودو محەمدیش دوای گەڕانەوەیان لە نوگرە سەلمان لیرە مردن. محەمەد هەموو منداڵەکانی ئەنفالکراون تەنها یەک کوری ماوە بەناوی جەلال، مەحمودیش هاوژین و منداڵەکانی ئەنفالکراون بەم ناوانە (زوبێدە محەمەد عەزیز – هاوسەری) کورەکانی (عەلی و حوسێن) کچەکانیشی (سوعاد و سەرگول وکافیە). مەحمود تەنها یەک کوری ماوە بەناوی (حەسەن) ئەویش سەعید جافی موستەشار دالدەی دابوو .

ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٩ لەگەڵ تیمی فیلمسازی (فیلمی هەزارو یەک سێو) لەگەڵ هونەرمەندی سینەماکار تەهاکەریمی گەیشتینە گوندی عەزیز قادر، لەوێ چاومان بە دولبەر مەجید کەوت، وەک لەوێنەکەدا دیارە سێوێکی سوری دەبەدەستەوەیە و لەبەرانبەر کامێرامانەکە وەستاوە، ئەم ژنە ئەگەر خانەوەنی هیچ سەرمایەو سەروەریەک نەبووبێ خاوەنی ئەو سەرمایەیە کە بەشداری لە فیلمی هەزارو یەک سێودا دا دەکات کە گوزارشتە لە تاوانێکی کۆمەڵکوژی و سااڵنێکی زۆر دولبەرو هەزاران ئینسانی لەچاوەڕوانیدا هێشتبووەوە. دولبەرمەجید لە روخساریدا هەزاران خەم بەدیدەکران،ئەم ئینسانە خاوەنی هەڵوێستێکی زۆرتایبەت بوو، ئەو موچەی براکانی ڕەتکردەوەو ئامادە نەبوو وەریبگرێت، ئەوە لەکاتێکدا بوو کەوا ماڵێکی نەبوو تێدا بژێت بەڵکو زۆر پێویستی پێی بوو، بەداخەوە دوای ملمالنێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٥ کۆچی دوایی کردو بۆ هەتا هەتایە، ماڵئاوایی لەم دنیا نا عەدالەت و نابەرانبەرە کرد.

چیمەن قادر: دادوەرەکە لێمان تێنەگەیشتبوو، گوتی ئەگەر وابێت دایکی تاوانی کردووە دەبێت سزابدرێت



دیدار : عومەر محەمەد
شوێن: سلێمانی
کات: ٤ی عەسر
ڕۆژی:٢٠١٦/١/٣١ دووشەمە

قەیرانی دارایی گەیشتبووە لوتکە، من بۆخۆم پێنج مانگ ونیوە مووچەم وەرنەگرتووە، ڕۆژی ٨ی شوباتی ٢٠١٦ زەنگی تەلەفۆنی محمود حەمیدم بۆهات، داوای کرد دایک و باوکی " کوردستان" لە کۆیەوە هاتوون بۆ سلێمانی و ئێستا میوانی منن، ئەگەر بتوانیت بێیت و دیداریان لەگەڵدا ساز بکەیت کارێکی باش دەبێت، من لەو ماوەیەدا زۆر سەرقاڵی پرسەی ئازیزان بووم، مانگێک بەسەر پرسەی پورم خەدیجە قادر" خوشکی" باوکمدا تێپەڕی بوو، هەروا چەند ڕۆژێکیش بەسەر پرسەی پورە حەبێم خوشکی دایکم تێپەڕی بوو، کە (شازادی شیخ سەید گوڵ) کوچی کردوو دوورۆژ لە پرسەکەیدا ئامادە بووم، بەهۆیەوە نەمتوانی بەشداری پرسەی کۆچی دوایی حاجی عەبدوڵای باوکی هونەرمەند جەمال حەسەن، بکەم ئەو ڕۆژەی مەحمود زەنگی بۆکردم دەبوو بچم قەرەبووی دواکەوتنم بکەمەوەو بۆ سەرەخۆشی بچم بۆماڵەوەیان، لەبەر ئەوە دەبوو کەمێک وادەی دیدارەکە دوابخەم کەچی لەماڵی جەمال حەسەن هاتمە دەرەوەو زەنگم بۆکراو هەواڵی کۆچی دوایی کاک واحید حەمە سوریان پێگەیاندم کاک واحید پیاوێکی بەڕێزو خۆشەویست بوو، هەم هاوڕێ و هاوتەمەنی باوکم بوو، هەم خزمێکی نزیک و لەچەند سەرەوە تێکەڵ بووین .. ئەم پێشەکیە ئامانجێتی کۆسپ و تەگەرەکانی دیدارێک لەوەها بارودۆخێکدا بخاتە ڕوو، دەبوو لە نێوان بەشداری کردنم لە مەراسیمی ناشتنی کاک واحیدو ئەم دیدارەدا یەکێکیان هەڵبژێرم، سەرئەنجام چووم بۆ ئەنجامدانێ دیدارەکەم، لەگەڵ قادرو چیمەن و هەرچۆنێک بوو دیدارەکەمان ئەنجامداو ئیوارە گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

ئەم خانەوادەیەی گوندی کانی ڕەش بێئەوەی بەردەست هێزەکانی جاش وسوپا کەوتبن، کەچی باجی خۆیانداو کچە دووسااڵنەکەیان بەناوی (کوردستان) لە پەلاماری ئەنفالی چواردا لە دەستدا، کچەکەیان هەروا دوو ساڵێک دەبوو لە بارودۆخێکی دژوارو لەبن نێڵەی ئاگری جەنگ و نەڕەی کۆپتەرە مەرگهێنەکانی بەعسدا، لەگوندێکی دەشتی کۆیەدا لە گوێی زێی بچوکدا چاوی بەدنیا هەڵهێنابوو، کە پەلاماری ئەنفالی قۆناغی چوارەم لە ناوچەی قەڵاسیوکەو دەشتی کۆیە دەستی پێکرد، قادرو چیمەن دایک وباوکی "کوردستان " لە گوندی (کانی ڕەش) نیشتەجێ بوون، گوندی کانی ڕەش هەروا ٢٥ ماڵێک دەبوون، بەکاروباری کشتوکاڵ وئاژەڵداریییەوە خەریک بوون، ژیانی خۆیان پێدابین دەکرد، قادر بەتەواوی نازانێ چەند کەس لەو گوندە ئەنفالکراون، بەڵام بەبڕوای ئەو ژمارەی ئەنفالکراوەکانی گوند نزیکەی ٨٥ کەسن ئەگەر زیاتر نەبن کەمترنین، لەوانە ٢٥ کەسیان کەبەڕەی سێ برابوون لە گوندی (کانی کوردە)ی نزیکیانەوە هاتبوون لە گوندی کانی ڕەش نیشتەجێ ببوون.





كە ئەنفال گەيشتە ناوچەكەيان هێشتا گوندى كانى ڕەش لە بەرگزنگى خۆرەتاو چاوەروانى شنەى شەماڵى فێنكى مانگى ئايار بوو، گوندنشينەكان سەرقاڵى كاروبارى كشتوكاڵ بوون، ئەوان بەزۆرى توتن ولۆكە(پەمو)يان دەچاندو ژيانى گوندنشينەكان بە ئاژەڵدارى و بەرهەمهێنانى توتن بەڕێوە دەچوو، بەڵام تەماتەو بامێ و لۆبياشيان بۆ خواردنى ڕۆژانەى خۆيان دەچاند. قادر دەڵێت : لە پێشئەوەى ئێمە ئەنفال بكرێين كە پێشمەرگەى گەرميان دەهاتنە ناوچەكەمان هەواڵى ناخۆشيان پێدەداين، بەڵام ئێمە گوێمان پێنەدەداو لەراستيدا ئێمە بێ دەرەتان و دەروازە مابووينەوە، هەناسەيەكى قوڵى هەڵكێشاو بەدەنگێكى نزم گوتى: نزيک بوونەوەى چەكمە ڕەش وپۆستاڵ لەپێ و جاشەكان، گەيشتە گوندى كانى ڕەش و ئەوەى ناشێ بەخەڵكيان كرد، لەدزى وتاڵانى بەڵام باش بوو هەموو خەڵكەكە بەردەستيان نەكەوتن و بەهەر دەردى سەرييەک بوو، رزگارمان بوو، كۆمەڵێک خانەوادەى خەلكى گوند پيكەوە رويشتن ولەگوندى" بانە گولان " ڕەنگە جوانتربێت بڵێين بانى گوڵان، لەنزيک (ڕەزى بەبيل) كەوتنە تاڵوكەوەو جاش وجەيش چواردەوريان گرتن و گەمارۆياندان،لەوكاتەدا چيمەن حاميد هەڵدێراو لە بەرزييەكەوە كەوتە خوارێ، كوردستانى تەمەن دوو ساڵيش بەسەر سەردا كەوت، بەڵام هيچ نەگريان، چيمەن بۆ سەلامەتى خۆيان وئەوخەڵكەى خۆيان شاردبووەوە، دەستى خستەسەردەمى كوردستان، بۆيە واى كرد هەتا دەنگى دەرنەيات وئاشكرا نەبن، بەڵام كاتێک ئاشكرابوون و دەستى لەسەر دەمى كچەكەى لابرد، ئەو دەمێک بوو هەناسەى لەبەر بڕابوو، ئەوكچەى ناوى كوردستان بوو، بۆ هەتاهەتايە بێدەنگ ببوو. ئيدى هەر لەوێ كوردستانى ناسكيان خستە ژێرگڵ و لە چاڵيكدا لە ناوەڕێ بەبيلى بەجلوبەرگەكانيەوە ناشتيان. تەواو جێگەى تێرامانە، كوردستان نە لەتۆمارى بارى كەسێتيدا تۆمارکرابوو نە لەتۆمارى ناوى ئەنفالكراواندا ناونوسكراوەو نەوەک مرۆڤێک !

بۆبەدواداچوونى چيرۆكى مەرگى منداڵێک بەناوى كوردستان، كە واگەيشتە گۆڤارى ئەنفالستان، كەوا لەكاتى پەلامارى ئەنفالدا كۆمەڵێک خانەوادە لەلايەن سوپاى عێراقەوە گەمارۆدراون، لەوكاتەدا كوردستان دەگرى بۆيە بۆئەوەى ئاشكرا نەبن و ژيانى خەڵكەكە زياتر نەكەونە مەترسييەوە دايكى كوردستان دەست دەخاتە سەردەمى بۆئەوەى دەنگى دەرنەچێت بەڵام كاتێک دەستى لادەبات كچەكە گيانى تێدانەماوەو خنكاوە بۆ ساغكردنەوەى ئەم چيرۆكە ئەمرۆ لەگەڵ دايک وباوكى كوردستان ئەم ديمانەيەمان سازكرد.

سەرەتا كامتان دەتەوێ قسەم بۆبكەن ؟

چيمەن : باقادر قسەى بكات

قادر : بۆ ئەمن قسەى بكەم ؟ ئەدى تۆ بۆ قسەى ناكەى ؟

باشە فەرموو من قسان دەكەم

زۆر باشە کەواتە ناوی سیانیت چییە ؟

قادر حەمەد

تەمەنت چەندە ؟

من موالیدم ٦٦ بەڵام رەنگە ئەوەش هەر راست نەبێت و پێدەچێت گەورەتر بم.

هەر لەگوندی کانی رەش لە دایک بووی ؟

نەخێر پێش ئەوەی من لە دایک بم، مامان لە گوندی قەسرۆک بووە، قەسرۆک لەوبەری زێی بچوکە. ئەوانیش زۆر کەسیان ئەنفالکراوە.

لەو ئەنفالکراوانەی قەسرۆک کەسیان خزمت نین؟

بەڵێ خزمانی تێدایە، بەڵام خزمی نزیک نین، بۆ نمونە مامێ حاجی عومەر خزمن ئەو پورزای باوکمە، خێزانەکەی و کەسوکاری ئەنفالکراون، مامێ حاجی حوسێن ئەویش کوڕو منداڵەکانی ئەنفالکراون، خەڵکی تریش زۆر هەیە، بەڵام ئێستا ناوەکانیانم لەبیرنیە.

هەتا تەمەنی چەند لەگوندی قەسرۆک مایتەوە؟

هەتا ساڵی ١٩٧١ لەگوندی قەسرۆک ماوێنەتەوە دواتر چوێنەتە کانی ڕەش تا کاتی ئەنفالەکە.

لەقەسرۆک بەچیەوە سەرقاڵ بوون؟

بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵبووین.

هۆی چیبوو هاتنە کانی ڕەش ؟

ئێمە باوک و باپیرمان خەڵکی گوندی کانی ڕەش بووە ئەوکاتە ناوی داربەڕوو بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٠ەکان ئاغا گوندەکەی داگیرکردوە ناوەکەی گۆڕیوە بۆ کانی ڕەش. هەتا ساڵی ١٩٧٠ خەڵکی گوندەکەی ئێمە لەگەڵ مامێ باوکم ئاغایان دەرکردوە گەڕاونەتەوە گوندی کانی ڕەش.

واتا تۆ ستەم و زۆرداری ئاغایانت بیردێت؟

بەڵێ من منداڵبووم هەروەک گوتم من گەورەترم لەو موالیدەی خۆم لەوانەیە دەوری ١٩٦٢ بم، بەڕاستی ستەمی ئاغام بەبیردێت کە داگیرکەربوون مووڵکیان لەخەڵک سەندوە خەڵکیان چەوسانۆتەوە بەوەی فەلاحەتیان پێکردون و بۆخۆیان بەرهەمەکەیان خواردوە بەشێکی کەمیان داوە بە جوتیارەکە.

بەبیرت نایا ئاغا زوڵمێکی گەورەی کردبێ کەهەرگیز لەبیرت نەچێتەوە وەک کوشتنی خەڵکی دێیەکەتان یان شتی تر؟

وەک ئەوەی بۆخۆم دیبێتم نەخێر بەڵام بیستومە کەزەلامی کوشتوە لەسەرئەوەی داوای بەشە خەرمانی لێ کردبێت ئەویش نەیداوە. ئەوکاتەی لەگوندەکەی ئێمە خەڵی دەرکردوە پیاوێک هەبوو بەناوی کوێخا عەولا (عبدالله) کەهەوڵی داوە لەگوندەکە نەڕوات بەڵام ئاغا تەقەی لێکردوە بریداری کردوە بە بریندداری ڕایان کردوە گوندەکەیان بۆ ئاغا چۆڵا کردوە. ئەوانەم بەبیردێت و لەبیرم ناچن هەروەک چۆن ئێمە ئەنفالکراین هەرگیزیش لە بیرم ناچێتەوە.

لەقەسرۆک و کانی ڕەش چ جۆرە کشتوکاڵێکتان دەکرد؟

لەقەسرۆک زۆرتر پەم و توتن کراوە، لەکانی ڕەش زۆرتر توتن و لۆبیا کراوە.

پێش ئەنفال لەو ناوچەیەی ئێوە چ تیپێکی پێشمەرگەی لێبوو؟

تیپی ٩٣ ی کۆیەی لێبوو کە بەزۆری رابەری سەید برام سەرتیپ بوو. هەرچەندە خەڵکی تریشی لێبوو وەک شێخ شەماڵ لەسەردەمێکدا ئەویش سەرتیپ بوو پیاوێکی زۆر باش و خۆشەویست بوو.

شەماڵی باخ دەڵێێت؟ گوندەکەیان لەودیو تاسلوجەوەیە.

بەڵێ خەڵکی ناوچەی سلێمانی بوو من گوندەکەی نازانم.

واتا ئێوە لێیان ڕازی بوون؟

بەڵێ خەڵک لێیان ڕازی بوون ئەوانیش لەگەڵ خەڵک زۆرباش بوون، بەرگریان لە ناوچەکە دەکرد و خەڵکیش پاڵپشتیان بوون.

پێش ئەنفال گوندەکەتان شەڕی تێدابووە؟

هیچ شەڕێکی تێدا نەبووە.

چەند جار سوتاوە؟

تەنها لەکاتی ئەنفال سوتێنراوە، بەڵام ئەگەر هێزی حکومەت هاتبێت پێش ناوچەکەی ئێمە شەڕکراوەو بەرگری کراوە بۆیە نەگەیشتۆتە گوندەکەی ئێمە.

پێش ئەوەی ئەنفال بگاتە ناوچەی کۆیە نەتان دەزانی لەگەرمیان و لەقەرەداخ و لە سەرگەڵ و گوندەکانیان دەڕوخێنرێت و خەڵکەکەی دەگرن؟

بەڵێ دەمانزای پێشمەرگەکانی ناوچەی گەرمیان دەهاتن و میوانی ئێمە دەبوونز باسی ئەوەیان دەکرد کە گوندەکانیان ڕوخێنراوەو کەس و کارەکانیان گیراون باسی ئەوەشیان دەکرد کە ئاگادار بوون تا سنوری ئوردونیان بردوون من لە پێشمەرگەی گەرمیانەوە ئەوەم بیستز ئەوەشیان دەومت کە ئایا ئیچوە چۆن دەتوانن لێرە بژین ئێوە سەر بە چ خەڵک و کەسێکن. ئێمەش تەنها سەر بەخوابوین و پشتمان بەخۆمان و ئەو ئەو تیپە بوو کە لەوێ بوو کەبەرگری لە ناوچەکەمان بکات. بەڵام هیچ باوەڕیشمان نەدەکرد حکومەتی بەعس ئەو هەڵسوکەوتە لەگەڵ خەڵک بکات؟

واتا هیچ پێشبینی و باوەڕتان نەدەکرد ئەوە ڕوبدات؟

نەخێر چونکە جار هەبووە شەڕبووە و خەڵک گیراوە بەڵام بەوشێوەیە نەبووە بۆیە چاوەڕێی ئەو کارەساتەمان نەدەکرد. ئێمە هیچ جێیەکمان نەبوو بۆی بڕۆین لەشارەکانیش نەمان دەزانی حکومەت چیمان لێدەکات. خەڵکی ئێمە ناسراوبوین لەلای حکومەت کە خەڵکێکی چەکدارین و دژی حکومەتین بەتایبەتی خێزان و بنەماڵەی ئێمە کەلە جاش و موستەشارەکانیش قاچاخ بووین وە لەحومەتیش زیاتر بەڵام لە جاشەکان مەترسی گەورەمان هەبوو.

لەگەڵ هەموو جاشەکان یان جاشێک بەتایبەتی هەبوو؟

بەڵێ بەتایبەتی قاسم ئاغا کە چاودێری ئێمەی دەکرد کە یەکێک بگرێت لە بنەماڵەی ئێمەو بیداتە دەست حکومەت.

لەسەرچی قاسم ئاغا شتێکی تایبەتی هەبوو لەگەڵ ئێوە؟

لەبەرئەوەی خەڵکێک بووین دچی حکومەت بوین.

هیچ کێشەی عەشایەری و شەخسیتان نەبوو یان تەنها کێشەکە سیاسی بوو؟

نەخێر هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کەسدا نەبوو تەنها کێشەکە سیاسی بوو چونکە هەر کەسێک بنەماڵە بوایەو ناسراو بوایەو دژی حکومەت بوایە ئەوان زۆرتر دژیان بوون.

کاک قادر ئەوکاتەی ئەو پێشمەرگە گەرمیانیەی ئەوەی پێ ووتن ئێوە هیچ بیرێکتان لەخۆتان نەکردەوە؟

نەخێر چونکە حکومەت چەند جارێکی تر هاتبوو بەڵام ئەو کارە دڕندانەیەی نەکردبوو ، بۆ نمونە مالێ خاڵی خێزانەکەم جیرانی ئێمە بوون وتیان حکومەت هێزی هێناوەتە تەق تەق و کۆیە و دوکان و ناوچەی ئاغجەلەر و مەنتیقەی شێخ بزێنی لە هەردوو لاوە، کە ئەو هەوالانەمان بیست وتمان خۆمان بەلاوە دەنێین تا هێزەکە دەگەڕێتەوە وتمان هێزەکە لەوانەیە دوو ڕۆژی پێدەچێت و دەگەڕێتەوە .

کاک قادر ئەوکاتە ئەنفالی سەرگەڵو و قەرەداغ و گەرمییانیش تەواوببو گەیشتبوە گۆپتەپە و عەسکەر دوای ئەوانە پەلاماری ئێوەی داوە بۆ ئێوە مشوری خۆتان نەخواردوە ؟

ڕاستی چاوەڕێی ئەو شتەمان نەدەکرد بەسەرمان بێت پاشان ناوچەی گەرمیان ئەوەنە لێمانەوە نزیک نەبوو ڕاستە ئەوەمان دەزانی و پێشمەرگە دەهاتن و دەیان گوت خەڵکی ئێمە ئەنفالکراوە، ناوچەی ئاخجەلەر و گۆپتەپەو پێی دەڵێن قەرا سێوکەو لەوێوە دێتەوە بەری شێخ وزێنی دەشتی کۆیە هەموو ئەو ناوچانە ئەنفال نەکرابون و هێزی بۆ نەهاتبوو کە چۆڵ بکرێت هەمووی ئاوەدان بوو هەروەک چاو لێکەری مابوێنەوە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێک هەبوو مشوری خۆی خواردبوو بەمانگێک پێشتر ڕۆیشتبوو لەگەڵ ئەوەش دا ئێمە خەڵکی شار نەبووین بۆمان بەبوو بچین بۆشار چونکە ئێمە قاچاخ بوین. کەهێزیش هات ئێمە ئاگادار بووین بەڵام باوەڕمان نەدەکرد ئەو ئەنفالە بۆ زیندە بەچاڵکردنمان بێت.

پێشمەرگە ڕێگریان نەدەکرد لە ڕۆیشتنتان؟

ئێمە هیچ تاقیکردنەوەیەکی ڕۆیشتنمان نەکرد تا ڕێگریمان لێبکرێت، بەڵام ئەو خەڵکەی کەڕۆیشتن زۆربەیان پێشمەرگە گێڕایانەوە دەیانگوت با ناوچەکە چۆڵ نەبێت . زۆرکەس قسەیان بۆخۆم کردوە کە پێشمەرگە گێڕاویانەتەوە.

مەلا شاخی لەکتێبەکەی نوسیویەتی کەباس لەوە دەکات کە ڕێگەی بەخەڵک داوە بڕوات بەڵام بەرپرسەکانی پێشمەرگە ئەویان سزاداوە لەسەر ئەوەی ڕێگەی داوە خەڵک بڕوات؟؟

بەڵێ ئەوەی کاک مەلا گوتویەتی ڕاستەو تەواو خەڵک هەیە گێڕاویانەتەوەو دوایش ئەنفال کراوە یان هەندێکیان ماون باس لەوە دەکەن کە ڕێگریان لێکراوە بڕۆن.

دەبوایە زوتر ئەو پرسیارەم بکردایە ئێوە لەگەڵ چیمەن خان سالّی چەند هاوسەرگیریتان کرد؟

سالّی ١٩٨١

واتا تا کاتی ئەنفال ٧ سالّ پێکەوە بوون؟

بەڵێ

چەند منداڵتان هەبوو؟

سێ منالّ، هەرسێکیان کچ بوون.

ناویان چی بوو؟

چیەمەن و دیمەن لەگەڵ کوردستان کە لەکاتی ئەنفالەکە گیانی لەدەست داوە.

تەنیان چەند بوو؟

چیمەن ١٩٨٢ ، دیمەنی ١٩٨٤ ، کوردستان١٩٨٦ بوو بەڵام کەسیان نفوسیان نەبوو چونکە ئێمە لای مەلا مارەمان بڕا و لای دادوەر نەمان کردبوو.

بۆچی نەچوونە لای دادوەر و گرێبەستی هاوسەرگیریتان دەر نەکرد؟

چونکە ئێمە لەشار قاچاخ بوین لەسەر دەشی لەکۆیە دادوەر هەبوو بۆیە تەنها لای مەلا مارەمان بڕا.

چەند کەس لە دێیەکەی ئێوە لە لای مەلا هاوسەرگیری کردبوو چونکە جگە مەسەلەی سیاسی ئەوە وەک دابونەریت وابوو کە نەدەچونە لای دادوەر؟ چەند کەس گرێبەستی هاوسەرگیریان نەبوو ئەنفالکران و نەگەڕانەوە؟

زۆربەی خەڵکی ئەوکاتە وابوو کەسم پێ ناشک نایا کە لەوکاتەدا گرێبەستی هاوسەرگیری هەبوبێت. خوشکێکی خۆم کە مێردەکەی و بیست و پیچنج پیاو ئەنفالکران زۆربەیان خێزاندار بوون زۆربەیا گرێبەستی هاوسەرگیریان نەبوو.

مێردەکەی ناوی چی بوو؟

نەجیب سالّح، خوشکەکەم یەک منداڵی کوڕی هەبوو ئەویش کە گەیشتە شار گیانی لەدەست دا وە گرێبەستی هاوسەرگیری نەبوو بەڵام لەسالّەکانی ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٤ بوو کە دەزگای شەهیدان محامی بۆگرتن و نفوسیان بۆ دەرکردن.

ئەوە بۆ تۆمارکردن بوو وەک ئەنفال بۆ موچە بەڵام کەس هەبوە کە هەموو خێزانەکە ئەنفالکرابێت و کەس نەبێت تۆماریان بکات و هیچ شتێکی یاساییان نەبێت؟

بەڵێ بۆ نمونە مەلا عوبێدی خالّی خێزانم کە ئەنفالکراون لەگەڵ ژن و دوو منداڵ هیچیان تۆمار نەکراون تەنها خوشکێکی مەلا عوبێد ماوە کە ئەویش موچەی براکەی وەردەگرێت.

واتا منداڵەکانی تۆمار نەکراون و ناوەکانیان فەوتاوە؟

بەڵێ، ئەگەر زانیاریەکی ترت بەمێ کاک مەلا شاخی هاتوە پرسیاری کردوە کە چەند کەس ئەنفالکراوە ٨٦ کەس بووە، منیش خۆم ژماردومە ٨٦ کەس ئەنفالکراوە بەڵام هەمویان خەڵکی کانی رەش نین.

چەند کەس لە گوندەکەی ئێوە ئەنفالکراوە جگە لە خەڵکی دەورو بەری گوندەکەتان؟

ناتوانم بە دڵنیایی پێت بڵێم چەندکەسی گوندەکەی ئێمە ئەنفالکراوە بەڵام نزیکەی٥٠ بۆ ٦٠ کەس دەبوون باقیەکەی خەڵکی دەوروبەر بوون .

چەند کەسی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر هاتبوون بۆ ئەوێ؟

سێ مالّی خەڵکی گوندی کانی کوردە هاتبوون هەرسێکیان برا بوون کە خێزانێکی زۆریان هەبوو نزیکەی ٢٥ کەس دەبوون، تەنها یەک برایان دەرچوو ئەویش ئەو ڕۆژە لەوێ نەبوو کەناوی مەلا عبدالرحمانی ناوە

ئێستا لەکوێ دادەنیشێت ؟

ئێستا لەکۆیە دادەنیشێت پیاوێکی زۆر مەغدوەرە چەنکە هەموو خێزانەکەی ئەنفالکراوە بە ژن و منداڵەکانی خۆیەوە.

چەند کەس لە ئەنفالکراوانی گوندی کانی ڕەش خزمی تۆ بوون؟

مالّی ئامۆزایەکی باوکم کە خێزانەکەی و چوار کوڕو کچێکی ئەنفال کرا بەلّام خۆی دەرچوو کەناوی مام فارس بوو. وەک شێتی لێهاتبوو دوای ماوەیەک هەواڵی وەرگرت ووتیان لەئەنفال چەند منداڵێک لە ئێڤا بەربۆتەوە لەلای کەرکوک و ئەو ناوچانە بوو. چوو لەوێ منداڵێکی کوری هێنا ووتی ئەوە منداڵی منە دوو شایەتی برد و ئەوانیش وتیان منداڵی ئەوە. منداڵەکەش بچوک بوو قسەی نەدەکرد ناوی عەداڵەت بوو ئیتر نەمان زانی منداڵی ئەوە یان نا بەس خۆی دەیزانی. دوای دوو ساڵ لەئەنفال باوکی وەفاتی کرد، ئێستا عەداڵەت لەژیاندا ماوە لای ئامۆزایەکێتی بەلّام نەفسیەن تەواو نیە، موچەی ئەنفالانەی هەیە ئامۆزاکەی سەرپەرشتی دەکات و لای ئەو دەژی.

چۆن زانی ئەو منداڵە منداڵی ئەوە؟

من ناتوانم هیچ بڕیارێک بەم بەلّام نازانم ئەو چۆن قەناعەتی کردوە کە ئەو منداڵە منداڵی خۆی بێت.

چۆن پێان وتبو کە ئەوە منداڵی ئەوە؟

دەی پرسی و سەرگەردانانە، دەگەڕا دەیگوت: دەبێت ئەنفالەکان چیان لێهاتبێت خێزانەکەم چیان لێهاتبێت، ئەی چی بکەم ؟ بۆکوێ بچم ؟ چۆن بژیم.

ئەو سێ خیزانەی کەباست کردن گوتت هەمویان تیاچون و یەک بنەماڵەبوون ئێستا کەسیان موچەخۆریان هەیە؟

بەڵێ بنەماڵەی مام سابیر بوو، ئاواز کە کچی شوکور بوو براگەورەی ئەو سێ برایە بوو ئێستا مووچەی هەیە، دوو خوشکیان هەیە یەکیان مووچەی رەزا ئەوی تریان مووچەی عوبێد وەردەگرێت.

ئەگەر باسی خۆتان بکەین چۆن تۆ و چیمەن خان و منداڵەکان ڕزگارتان بووە لە شاڵاوی ئەنفال چۆن دەرباز بوون ؟ لەکوێ خۆتان شاردەوە؟ کە هێز هات رۆژی یەکەم حکومەت نەگەیشە ناوچەی ئێمە

بەرواری کەی بوو کە هێزەات بۆ ئەنفالکردنی ناوچەکەی ئێوە؟

١٩٨٨/٥/٥ بوو ، ڕۆژی یەکەم ئێمە خۆمان شاردەوە هەرکەس و لەشوێنێک خۆی حەشاردابوو بەلّام هێز نەگەیشتە ناوچەی ئێمە، ڕۆژی دووەم نیوەڕۆ دەوری سەعات یەک بوو هێز گەیشتە هەموو ناوچەکان. ئێمە لە گلّناغاج پێنج دەقیقە بچیتە خوارەوە لە دەمزێی کانی ڕەش بووین. تەختایەکی لێبوو لە گلّناغاج هێز و دەبابەیەکی زۆری لێبوو کۆپتەریشی لێ نیشتبۆوە دەوری سەعات چواری عەسر بوو. ئێمە لەدەمزێ خۆمان شاردبۆوە خەڵکێکی زۆری لێبوو لە دەوری سەد مەترێکەوە پیاوێک هە بوو ناوی غازی مام کەریم بوو خەڵکی گوندی گۆمەشین بوو لەو نزیکانە کۆمەڵێک مەڕی لێبوو کابرایەک لە نزیکیان وەستابوو کاک غازی بانگی کرد وایدەزانی شوانە گوتی ئەوە چی دەکەی لەو دەشتە ئاوا ڕاوەستاویت ئەو هەموو جەیش و جاشە نابینیت؟ کابرا کە گوێی لەدەنگی بوو بە عەرەبی بانەگە کرد گوتی وەرە ئێرە ئەوکاتە زانیمان کە کابرا عەسکەرە ئەو خەڵکەی کە گوێی لەدەنگە عەسکەرەکە بوو هەمووی خۆی مات کرد. گوتمان تازە حسابمان ڕۆی چونکە زۆر نزیک بوو وە ئەو هەموو جەیش و کۆپتەرانەمان بینی بوو تەنها خەڵک دوعای دەکرد زوو شەودابێت بەڵکو بتوانین بەلایەکدا دەربازببین. پیاوێکی تر دوسەدو پەنجا مەتر دەکەوتە خوار خۆمانەوە ناوی کوێخا عوسمانی گۆمە شین بوو لەسەر عەرزو خانوی خۆی بوو دە دەقە دوای بانگکردنی ئەوپیاوە من هەستامە سەرپێ کوێخا عوسمان لەگەڵ دووسێ عەسکەر و جاش دا وەستابوو لای خانوەکەی . کاک سەعدی مام سمایلی لەو نزیکانە ماڵ و منداڵەکەی خۆی خستبوە کونە تەیارەکەوە و خۆشی بەدیاریەوە دانیشتبوو لەناو پارچە پاقلەیک. دوای هەموو ئەوشتانە مام سەعدی بە خێرای خۆی گەیاندە لای ئێمە ووتی ماڵم وێران بوو هەموو ماڵ و منداڵەکەم گیران گوتمان ئەی تۆ گوتی کەهاتن من خۆم شاردەوە لەناو پاقلەکان ئێمە زۆر نزیک بووین لەوانەوە بەلام ئەجەلمان نەهاتبوو ئێمەیان نەدۆزیەوە. بەلّام ماڵی کوێخا عوسمان بە خۆیی و منداڵەوە

گیـــران و ئیتـــر ئەوەی لە نـــاوچەیە دۆزرایەوە گرتیانن بە تراکتۆری کاک عوسمان و سەیارەی خۆیـــان هەمویانیـــان بـــرد کەخەڵکێکـــی زۆریـــان گرتبـــوو دەوری ســـەعات پێـــنج بـــوو ئەوە یەکەم چـرکەی ئەنفـال بـوو لە نـاوچەی ئـێمە. کوێخـا عوسـمان سـێ کـوڕی لەگەڵ ئـێمە بـوون بەڵام کە بینیـان دایـک و بـاوک و خوشـکەکانیان گیـران ئەوانـیش بەس دەگریـان و نەیـان ئەتـوانی هـیچ بـــکەن و هەرزەکـــار بـــوون. ئەوڕۆژە هەر ئەوەندەگیران، ئیتر کات درەنگ بوو خەریک بـوو ڕۆژ ئاوادەبوو ئێمەش کۆببوینەوە کە چی بکەین و چـۆن دەربـاز بـین. ئەو خـاڵانەی کـاک مەحمـودی ئـامۆزام یادیـان بەخێـر گوتیـان ئـێمە لێـرە دەمێنینـەوە ئـێمەش پێمـان گـوتن ئێـرە شـوێنێکی خراپەو ئێمە لێرە دەڕۆین خۆمان دەربـاز دەکەیـن ئەوان گوتیان ئێمە لێرە دەمێنینەوە.

ئێوە چۆن دەربازتان بوو؟

کاتژمێر نۆی شەو بوو بڕیارماندا بڕۆین دیدار لەگەڵ چیمەن

چیمەن خان ئەگەر بتوانیت لەبـارەی بریـارەکەی دادوەرەوە قسەم بۆ بکەیت

بەڵێ ئەوە دەزانی چن بوو، دادوەر بـانگی کـردین بـۆ وەفاتنـامەکەی ئـێمەش شـایەتمان بردبـوو، کەحـاکم لێـی پرسـی ئەومنـدالە چـۆن مـردووە، شایەتەکە وتی : بەڵـێ ئەو منـدالە دایکـی دەستی لەسەر دەمـی دانـاوە هەتـا مـردووە، لەبەرئەوەی هێـزی سـوپایان لـێ نزیـک بـووەتەوە بـۆئەوەی ئاشکرا نەبن.

ئەی دادوەر چی ووت ؟

دادوەر گوتی : ئەگەر وابێت دایکی تاوانی کردووە.

ئەی دوایی دادوەر چۆن گەیشتە ئەو بـروایەی کە دایکی تاوانبار نیە ؟

دوایی من گوتم : لەبەرئەوە بووە کە هێزی جەیش وجاش چواردەوری گرتووین وبەسەرماندا هاتوون و بـۆئەوەی ئاشکرانەبین دەستم خستبووە سـەر دەمـی منـدالەکەم بـۆئەوەی دەنگـی دەرنەیـات و ئاشکرابین، پێشـتریش پێمگوتبـوو خۆمنـدالەکەم لەوکاتەیـدا نەمـردووە، بـۆ شـەوەکەی مـرد. ئاوابوو .

شایەتەکە کێ بوو ؟ ناوی چی یە ؟

شایەتەکە برای خۆم بوو، ناوی محەمەدە

ئەی ئەو لەکوێیە دەتوانین ببینین ؟

ئەو لەژیاندا نەماوە مردووە .

ئێستا تۆ دەتەوێ چی بڵێیت کوردستان بەوە مرد کە تۆدەستت خستبووە سەردەمی یـان لەبرسـان ولەبەر بەدخۆراکی ؟

قادر هاتە قسەو نەیهێشت چیمەن وەڵام بـداتەوە، گوتی : بەیارمەتی، بامن بـۆت رونبکەمەوە، یـادی ئەنفـال بـوو لەکـۆیە مـن بۆخـۆم لەیـادەکە دانیشـتبووم، کاک رابەری سـەید بـرایم، هەسـتا قسەی کرد، باسی ئەم روداوەی ئـێمەی کـرد، ئەو نەیدەزانی(کوردسـتان) کچـمە، وتـی (لەکـاتی ئەنفالدا لەوچەمەی بەرانبەر گوندی گڵناغاج، کە جەیش وجاش چەند خانەوادەیەکیان گەمارۆداوە، لەوکـاتەدا منـدالێک گریـاوە، دایکەکە دەسـتی خستووەتە سـەر دەمـی منـدالەکەو خنکـاوە) مـن ئەوکاتەی هەڵنەستام پێی بڵـێم ئەومنـدالە نـاوی کوردستانەو کچی منە، ئەگەر ئەم چاوپێکەوتنەش لە تەلەفزیـۆن بلاوکـرایەوە بـابزانی کـاتی خـۆی کـاک رابەریـش هەروای گێرایەوە، منـدالەکە بەوە مرد کە دایکی دوجار دەستی خستووەتە سـەردەمی و جـارێکیش هەڵـدێران و ئەزیەتـی بوو، هۆکـاری مردنەکەی ئەوەبـوو. بەدڵنیـایی بەیەکێکیـان مـرد یان هەڵدێرانەکە یان لەبن دەستی دایکی خنکـاوە. بەڵام لەبەرئەوە بـــــوو کەوا عەســـــکەرەکان بەسـەرماندا هـاتن وزۆر لێمـان نزیـک ببـوونەوە دایکیشـی دەسـتی خسـتبووە سـەردەمی بـۆئەوەی ئاشـــکرا نەبـــین، هەروا ســـەعاتێک دوای ئەوە منداڵەکە گیانی لەدەستدا.

کاتەکەی شەوبوو یان رۆژ ؟

شەوبوو دوای کاتژمێر ١٢ی شەوبوو .

کەواتە چیمەن خان تۆش باسی ئەوەم بۆ بکە کە دادوەر ویستوویەتی بەتۆمەتی کوشتنی منداڵەکەت سزات بدات ؟

بەڵـــێ، ئـــێمە دەمانویســـت وەفاتنـــامەی بـــۆ دەربهێنین، دادوەر داوای شایەتی کرد، ئێمەش کە شـایەتمان بـردن لەوانەی کەلەگەڵمـان بـوون، لە خۆشـاردنەوەو لەکـاتی مـردن و ناشـتنیدا هـاتن

شایەتیان بۆداین، حاکم پرسیاری لێکردن کاک چەتۆ خوا عافوی بکات ئەویش ئێستا لەژیاندا نەماوە، چیمان بەسەرهاتبوو ئاوا بۆ حاکمی گێرایەوە، بەڵام کە گوتی: جەنابی حاکم بۆئەوەی ئاشکرانەبین دایکی دەستی خستە سەردەمی کوردستان و بەهۆی ئەوە خنکاو مرد. ئیتر حاکم لێمان تورە بوو، گوتی ئەم دۆسێیەی رادەگرم، کەواتە دایکی تاوانباربۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەی زیاتری لەبارەوە بکرێ، ئێ منداڵەکە قەبریشی نەمابوو، دوای ساڵی ١٩٩١ کە چوێنەوە شوێنی ڕوداوەکەو شوێنی ناشتنەکەی، قەبرەکەی هیچ شوێنەوارێکی نەمابوو، ئینجا نازانم خەڵک دەری هێنابێتەوە وای زانیبێ ئەوە شوێنە کە هەلکەندراوەو داپۆشراوەتەوە چەکی تێداشاردرابێتەوە و دوایی بەخراپی دایانپۆشیبێتەوەو چەقەڵ وسەگ لاشەکەیان خواردبێ ئەوەیان نازنین، ئێنجا نازانم ئەوەی دادوەریش کە تۆ دەپرسی ئاوابوو .

ئێستا کوردستان وەک ئەنفالکراوێک لە تۆماری بەرێوەبەرایەتی شەهیدان وئەنفالکراوان ناوی نوسراوە ؟

بەڵێ ناوی نوسراوە، بەڵام ئەوەش چیرۆکێکی زۆر دوورودرێژە، لەپێشەوە لە بیرم نەبوو، ئەگەر مەجاڵ هەبێت ئێستا بۆت باس دەکەم.

بەڵێ فەرموو باسی بکە .

جارێکیان ڕێکخراوێک، هاتن بۆ گوندەکەمان، ناوی ئەنفالکراویان دەنوسی، خزم وکەسوکار لێیان خربوونەوە گوتیان چیتان دەوێ گوتیان ناوی ئەنفالان دەنوسین و یارمەتی کەسوکاریان دەدەین.

ناوی ڕێکخراوەکە چی بوو ؟

بەخوای ئەوەیان نازانم

ئەی یارمەتییەکەیان چی بوو ؟

یارمەتیەکەچ بوو؟ ئەوکاتە بۆ ئێمە زۆر باش بوو، بۆ نمونە هەر خانەوادەیەک کە ئەنفالیان هەبووایە، مانگایەکیان بەگوڵکەوە دەدایە، یان ٥-٦ بزنیان دەدانێ، یەکێک لەوانەی یارمەتی درا (سەوزە)[35] بوو، کە هاوسەری مەحمودی ئامۆزامە، واریێکەوت دوو کەسی وەک جەنابت بوون، بۆ ئەومەبەستەی هاتنە گوندی ئێمە، لەبەرئەوەی ماڵەکەمان لەسەر ڕێگاو لەدەم زێیە بوو، بارانیش دەباری یەکەمجار لایاندایە ماڵی ئێمە، دوای ئەوەی بەخێرهاتنمان کردن، ئینجا گوتیان کاکە دەتوانی ئیشێکمان بۆبکەی ؟ وتم فەرموون ئیشی چی وچۆن ؟ وتیان لەم گوندەی ئێوە چەندکەس ئەنفال بوون کام ماڵە ئەنفالیان هەیە بۆمان بانگ بکە، منیش وتم بەسەرچاو هەستام ئەوانەی ئەنفالیان هەبوو، هەموویانم بانگکردو هێنامن بۆ ماڵی خۆمان. کەچی لەناو هەموویاندا ناوی منداڵەکەی منیان بە ئەنفال نەنوسی .

بۆ نەیان نوسی ؟

گوتیان لەبەرئەوەی کچە، ئەگەر کوربوایە دەمان نوسی .

ئەگەر زیاتر بۆم ڕونبکەیتەوە ؟

گوتم کاکە منیش منداڵێکم لەئەنفالدا مردووە، ئەوانیش گوتیان کچ بوو یان کور بوو ؟ گوتم کچ بوو، ئەی ئەوە نیە هەیە خوشکی ئەنفالەو هەیە برای ئەنفالە دەینوسن ؟ وتیان داوای لێبوردن دەکەین ناتوانین یارمەتیت بدەین، لەبەرئەوەی تۆ کچت مردووە، ئەگەر کوڕبوایە دەمانوسی چونکە کور دەتوانێ باوکی بەخێو بکات، بەڵام کچ ناتوانێ . ئینجا نازانم بۆ وایان گووت ؟ هیچ سەرم لە نیازو قسەیان دەرنەچوو !

ئێستاش هەرناوی ڕێکخراوەکەت بیرنەکەوتەوە ؟

نا وەڵاهی بیرم نیە چونکە کچەکەمیان نەنوسی .

باشە بەڵام هەرکاتێک بیرت کەوتەوە ئەگەر بەتەلەفۆنیش بێت پێمباشە ناوی ئەو ڕێکخراوە بزانم

باشە بەسەرچاو هەر بیرم بکەوێتەوە پێت دەڵێم .

بابگەڕێینەوە بۆلای چیمەن خان

فەرموو

35 مەبەستی سەوزە عەبدولرحمانی گوندی گردخەبەر تاقانە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی لەم ژمارەیەدا باسێکی لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە .

چیمەن خان لە دوای کوردستان چەند منداڵی ترتان بوون ؟

ئێستا چوارم هەن

لە دوای کوردستان لەدایک بوون ؟

بەڵێ

ئەی هیچیانت بەناوی ئەوەوە ناونەناوەتەوە ؟

نا، ناوم نەناوە .

بۆچی ؟

وەڵاهی دڵم نەهات .

دەزانم ئێستا تۆ بێتاقەتی بەوەی رەنگە هەموو کەس بەتەنگ ئەوەوە نەیات کەکچەکەی تۆش لەئەنفالدا مردووە، رەنگە هەموو خەڵک هەرئەوانە بەئەنفال بزانن کە براوان بۆ نوگرەسەلمان، یاخود لەوێ مردوون یان لەو بیابانەی بەکۆمەڵکوژراون ئایا تۆ هەست بەوەی دەکەی ؟

ئەرێوەڵا راست دەکەی کەس، کەس هەستم پێناکات .

ئەی وەک دایکی ئەنفالکراوێک یان دایکێک کە منداڵەکەی لەئەنفالدا مردووە، حەزدەکەی خەڵک چۆن تەماشای ئەنفال وکەسوکارەکانیان بکەن تۆ چ قسەیەکت هەیە حەزبکەی هەموو کەس گوێت لێبگرێت ؟

بێدەنگی ....بەسەر راوەشاندنەوە (بڵێم چی ؟)

سوپاستان دەکەم من هیچم نەماوە ئەگەر ئێوە قسەی ترتان مابێت؟

قادر ناوەڵا ئێمەش هیچمان نەماوە سوپاسی تۆدەکەین

ئەی تۆ چیمەن خانم

وەڵا نازانم . هیچ نەماوە باسی بکەین

سوپاس بۆئێوە.



بەڵگەنامەی ژمارە ٢٣

نوسراوی ژمارە (6755) لە ریکەوتی (1988\8\28) لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی بلدەی هەولێر بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر ڕوانەکراوە کە تیدا نوسراوە"بابەت/ناردنی تەرمی تێکدەر" تەرمی تێکدەری کوژراو کە ناو ونیشانی دیار نیە بۆتان ڕەوانە دەکەین، تکایە ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت و بە مەبەستی ناشتنی لە لایەن شارەوانی و بەهیچ جۆرێک تەرمەکە تسلیمی هیچ کەسێک نەکرێت و ناگادارمان بکەنەوە لەگەڵ ڕێزماندا...

لەم بەڵگەنامەیە لە خاتوو عەدالەت عومەر صالح وەرگیراوە

هەڵوەستەیەك لە گوندی قەیتول، زانست و خوێندن بەر لە ئەنفال

ن/ محەمەد قەیتولی



ماموستا ئەحمەد و قوتابیەکانی قەیتول لەسەیران سالی ١٩٨٥

ماموستا و قوتابیەکان تا چاڵەکانی مەرگ هاوسەفەری یەکتربوون، کورد ئەو نەتەوە خراپەکارو تێکدەرە نیە کە دوژمنانی لێرەو لەوێ تۆمەتی تێکدەرو شاخاوی و شتی لەوجۆرەی دەخەنە پاڵ ، بەڵکو گەلێکی زانستخواز بووە و قەڵەمی بەچەکێکی کاریگەر و گرنگ زانیوە بۆ بەرگریکردن لە خۆی و خاک و ماڵەوە و بەرەو پێشبردنی خۆی .

نەتەوەی کورد لەگەڵ گەشەکردنی ژیاندا هەوڵی داوە زانست و خوێندن پێشکەوێ ، چەندین کەسی دڵسۆز لە پێناوی خوێندن و زانست و زمانی دایک دا تێکۆشاونو شەونخونییان کێشاوەو خەباتیان بۆکردووەو گیانی خۆیان لە پێناویدا کردوەتە قوربانی، ڕۆژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام لە هەوڵی لە ناودان و سڕینەوەی زمان و داب و نەریت و کەلتوری کوردا بوونە، ڕۆژێمی بەعس بەردەوام ڕێگری کردوە لەبەرەو پێشبردنی ئاستی هۆشیاری گوندەکانی کوردستان، زۆربەی گوندەکانی کوردستان پێش تاوانی ئەنفال خوێندنگەی لێ نەبووە و منداڵەکان لە خوێندن بێبەش بوونە یاخود ڕێگایەکی دووریان بڕیوە بەپێ بۆ گوندیک کە قوتابخانەی لێ بووە تا لە خوێندن و زانست و پێشکەوتن دانەبڕێن، بەرلە ئەنفال ئەو گوندانەی خوێندنگایان تێدا بووە حکومەت ماموستاکانی گواستەوەو خوێندنی تێدا قەدەغەکرد.

گوندی (قەیتول)ی گەرمیان لە سەروەختی پەلاماری ئەنفالدا چوار ماموستا گیانی خۆیان کردە قوربانی لەپێناو زانست و خوێندن و نیشتیمانەکەیاندا ، ئەو ماموستایانە ملکەچی بریارەکەی حکومەت نەبوونو خوێندنگاکانیان بەجێ نەهێشت بەڵکو هەر لەقەیتول مانەوەوەو هەتا دوا هەناسە دەرگای خوێندنگەکەیان دانەخست.

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٥٩) قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندی (قەیتول) دامەزراوەو یەکەم ساڵی خوێندن (١٠١) خوێندکاری هەبووە، حکومەتی بەعس لە ساڵی (١٩٨٥) قوتابخانەی لە گوندی (قەیتول) داخست و ماموستاکان گواستراندەوە بۆ کەرکوک و قوتابیەکان بەگەروی پڕگریانەوە گەڕانەوە ماڵەوە، بەڵام هەر ئەوکاتە چەند ماموستایەکی دڵسۆز بەرەنگاری ئەو سیاسەتەی حکومەت بوونەوەو خەندەیان گەڕانەوە سەر لێوی منداڵانی دێ و نەیان هێشت چرای زانست بکوژێتەوە دەرگای قوتابخانەیان کردەوەو بوونە ماموستا کە ئەوسا پێیان دگوترا ماموستای شۆڕش ، ئیتر خوێندن بەردەوام بوو هەتا شاڵاوی ئەنفال نەک هەر خوێندن بەڵکو هەموو واتاکانی ژیانی پێچایەوە. پێش ئەنفالیش چەندینجار گوندەکە و قوتابخانە کە کەوتونەتە بۆمباران وهێرشی بێ ڕەحمانەی فڕۆکەکانی بەعس بەڵام بۆ تەنها

ساتێکیش لەبەردەم ئەو هەرەشانەدا دەرگای خوێندن دانەخرا.

بەداخەوە هەتا دەهات دەسەلاتدارانی بەعس دڵڕەقتردەبوون و دەستبەرداری ستەمکاری نەبوون هەتا لە میانەی پەلاماری ئەنفال و سیاسەتی پاکتاوکردنی گوندەکان لە بەرە بەیانی رۆژی ١٩٨٨/٤/٩ حکومەتی بەعس بەهێزێکی زۆرو چەکی پێشکەوتووی جەنگیەوە هێرشی سەربازی کردە سەر گوندی قەیتول، دوای کاتژمێرێک شەڕو بەرگری کردن لەگەڵ هێزێکی ناهاوسەنگی پێشمەرگەو بەرگریدا هێزەکانی سوپا ئامانجیان پێکاو گەیشتنە ناو گوندەکەو دەستیان کرد بە وێرانکردنو تاڵانی و سەرئەنجام ماڵ بە ماڵی دێ و قوتابخانە و مزگەوتەکەیان روخاندو لەگەڵ خاکدا یەکسانیان کرد، لەو بەرەنگارییشەدا (٣) پێشمەرگە شەهید بوون، یەکێک لە شەهیدەکان مامۆستا (عبدالواحید عبدالله محمد ناسراو بە مامۆستا وریا) بەڕێوبەری قوتابخانەی (قەیتول) بوو.

هەر ئەو رۆژە خەڵکێکی زۆری گوندی قەیتول کە ژمارەیان (١٥١) مرۆڤی بێتاوان بوو لە ژن و منداڵ و پیاو گیران و ئەنفالکران لەناویاندا (٣) مامۆستای قوتابخانەکەی گوندی قەیتول بەناوەکانی (١- مامۆستا ئەحمەد ڕەشید ئەمین قەیتولی ٢- مامۆستا سەرچڵ کەریم حسێن ٣- مامۆستا فەوزی لەتیف) لەگەڵ چەند قوتابیەک هەبوون ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی گوند گیران و ئەنفالکران، و بەرەو چاڵەکانی مەرگ بران بۆ بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق ، هەتا ئێستاش لەی بیابان پەنجەکانیان هەڵدەوەرێنی و دەس لەملانی یەکترن لە چاڵە لمەکانی بیابان، مامۆستا شەهیدەکانیش گیانیان کردە قوربانی لە پێناو خوێندن و زانست و نیشتیماندا ، بێ خەم بنوون ئێوە وانەی دەم منالانی گوندن ئەمڕۆ.



عەبدولواحید عەبدوڵا ناسراو بە مامۆستا (وریا)



فەوزی لەتیف مامۆستا



سەرچڵ کەریم حسێن مامۆستا



ئەحمەد ڕەشید ئەمین مامۆستا

ویّنە و یادگاریی ئەنفالکراوان
ئەنفالستان



میژووی ئەم ویّنەیە دەگەڕیّتەوە بۆ ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو، واتا پێش پەلاماری ئەنفالی گەرمیان، لە گوندی سۆفی ڕەزای بناری گل سەربە ناحیّی قادرکەرەم لەپشت ماڵی شیّخ شوکر گیراوە، بەڵام وەرزی ساڵەکە نادیارە کەسەکان خزمی یەکترن، لەناویاندا دووکەسیان ئەنفالکراون..

لای ڕاستەوە، ئەنفالکراو (کامیل شیّخ ڕە شید) لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٨ کامیل لە ساڵی ١٩٧٨ بووەتە پێشمەرگەی هەرێمی (٥)ی قەرەداغ هەتاکو ساڵی ١٩٨١ لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ ئەنفالکراوە. باوکی پێنج کورو چوار کچە، ئەوانیش ئەنفالکرابوون و لە سەربازگەی دوبز دەستبەسەر بوون .

دووەهەمیان ناوی ئامانجە کە بەسەردان چووە بۆگوندی سۆفی ڕەزا. بەڵام زانیاریمان دەربارەی دەستنەکەوت بەهیواین لە ژیاندا مابێت.

سێهەم لەلای ڕاستەوە ئەنفالکراو (یوسف شیّخ شکور– موالیدی ١٩٥٣) ئامۆزای کامیل شیّخ ڕەشیدە. دووجار هاوسەرگیری کردووە، هێشتا باوکی دوو کچ بوو، کە خیزانەکەی کۆچی کرد، لەساڵی ١٩٧٨ جارێکی تر هاوسەرگیری کردەوە بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییەش چوارکچی تربووە، هاوسەرو ماندالّەکانی یوسفیش وەک هاوسەرو منداڵەکانی کامیل شیّخ ڕەشید، ئەنفالکران و لە سەربازگەی دوبز بۆماوەی شەش مانگ دەستبەسەر بوون، لەبەندیخانەی دوبز کچیکی تری لە دایک بوو ناویان لێنا کەنار، واتا ژمارەی کچەکانی بوونە حەوت، بەڵام کچە بچووکەکەی (کەنار) لە چوارەمین ساڵی تەمەنیدا لەکاتێکدا کەلەگەڵ منداڵانی هاوڕێیدا لەبەردەرگا یاری دەکرد، لەپڕ دڵی لەلێدان وەستاومرد.

چوارەم لوقمان شیخ عبدول عەزیز. لەژیاندا ماوە

پێنجەم: منداڵەکە پیشتیوان عدنان خیرولّا لە ژیان ماوە

قادر کامیل شیّخ ڕەشید دەڵێت :

باوکم ومامەم لەگەڵ ئێمەدا گیران بەڵام هەر لە تۆپزاوا، وەک هەموو پیاوانی تر لەژن ومندالّەکانیان جیاکرانەوەو جارێکی تر نەبینرانەوە،باپیرەشم دوای شەش مانگ بە هیلاکی لە نوگرەسەلمان گەرایەوە ناومان. ئێمەش(دایکم و براو خوشکەکانم لە تۆپزاوا سواری سەیارەیان کردین و بردیانین بۆ دوبزو نزیەکەی پێنج مانگ لە سەربازگەکەی شارۆچکەی دوبز دەستبەسەربووین دواتر لە دەوروبەری ٢٠ی مانگی ئابدا بوو بردیانین بۆ تکریت و لەوێ ئامادەکراین بۆ گواستنەوە بارانکردن، ڕۆژی ٥ی مانگی ئەیلول ئێوارەکەی هەرچی پارەو ئاڵتون و کاتژمێرو شتی بەنرخ بوو لێیان سەندین و ڕۆژی دواتر، واتا ٦ی ئەیلول بەخت یاوەرمان بوو لە کۆتا ساتەکانی ژیانماندا بروسکەیەکیان پێگەیشت (هەموو کردەکان بووەستێنن) . هەربۆیە دوای دوو ڕۆژ ٩/٨ هێنایانینەوە بۆناحیّی عەربەتی نزیک شاری سلێمانی، لەوێ جارێکی تر سەیارەیان هێناو سواریان کردینەوە بۆ چەمچەماڵ و ئازادکراین .

دوای ئەوەی باپیرەم گەرایەوە ناومان دەیگێرایەوە (هەموو ڕۆژێک خەڵک دەمردن، من دەم شۆردن و دواتر لەپشتی قەڵای نوگرەسەلمانەوە دەخرانە ژێر (لم) قومەوە، بەڵام هەر زوو سەگە ڕەشەکانی ئەو نزیکانە دەریان دەهێنانەوەو لاشەکانیانی دەخوارد)

سوپاس بۆ: **قادر کامیل کوڕی ئەنفالکراوکامیل شێخ ڕەشید کەزانیاری پیداین .**

وێنەی ئەنفالکراوان



مێژووی وێنەکە ٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨، کەواتە دوو مانگ پێش ئەنفالی گەرمیان و ٢٠ ڕۆژ پێش دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمی ئەنفال، کە لە ١٩٨٨/٢/٢٢ دەستی پێکرد.

کەسەکان بریتین :

١- لای ڕاستەوە غەریب شێخ ڕەشید، بۆ شەهیدی سەرکردە سیروان تاڵەبانی ئەوکاتەی گیراو ئەنفالکرا پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان و ڕابەر سیاسی تیپەکە بوو.

٢ خەیرووڵا شێخ مەجید، پێش ئەنفال جارێکی تر زیندانی کراوەو لە بەندیخانەی ئەبوغرێب بووەو لە ساڵی ١٩٨٢ ئازادکراوەو چووەتە ناوچە ئازاد کراوەکان و درێژەی بەخەباتی سیاسی داوەو سەرپەرشتی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردووە لە سنوری تیپی ٥١گەرمیان.

٣ عومەر شێخ ڕەشید پێشمەرگە بووەو فەرماندەی کەرت بووە.

ئەم سێ کەسەی لە وێنەکەدا بەتەنیشت یەکەوە ڕاوەستاون، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی سەنگاو لە پەلاماری سێی ئەنفالدا گیران و ئەنفالکران .

لەدوای ئەنفال لێبوردەیی

ئەنفال لەچاو هەموو ئەوتاوانانەی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کراون، تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە هەم لەروی قەوارەی زیانەکان و هەم لە روی جوگرافیاو هەم وەک نیازو دەرئەنجامیش جیاوازە لەهەموو ئەو تاوانانەی کە دەوڵەتی عێراق بەدرێژایی مێژووی ستەمکاری لە ساتەوەختی دامەزراندنیەوە ئەنجامیداون.

تاوانەکانی بەعس بەرامبەر بەکورد زۆر وجیاوازن، ئەنفال لەناویاندا تاوانێکی هێجگار گەورەیە. بۆیە هەرکاتێک باس لە ئەنفال دەکەین، باس لەستەمکارییەکی روت یان تاوانێکی ئاسایی ناکەین، بەڵکو باس لە تاوانێکی تایبەت و جێنۆسایدێک دەکەین، کە سنوری ناوخۆیی بەزاندووەو ترازاوەتە ناو کێشەی نێودەوڵەتییەوە، بکەروکارەکتەری وڵاتانی ترو نەتەوەی جیاواز تیایدا گومان لێکراوتۆمەتبارن، ئەم تاوانە هێندە گەورەو بەرفراوانە تەنانەت لەکۆمەڵکوژیشدا کورت نابێتەوە ! تاوانی جەنگ، تاوانی دژە مرۆڤایەتی، تاوانی گەورە، پیسکردنی ژینگە – ئیکۆساید، شیواندنی کلتورو سرینەوەی ناسنامەو گۆڕینی ناسنامە، هەموویان لە ئەنفالدا کۆبوونەتەوە، هێرشی بەعسیەکان بۆسەر گوندنشینەکان و کوشتنیان بە دەستەجەمعی و روخاندنی گوندەکانیان و بەتاڵانبردنی سەروەت وسامانیان وێنەگشتیەکەی ئەم تاوانەن بەڵام هێشتا دیویکی تری ماوە لێی بروانین، هێشتا وردەکارییەکانی ئەوتاوانە ماوە رۆبچینەناوییەوە. ئێمە لێرەدا باس لە شێوازی پەلاماردان و وێرانکاری و بەکارهێنانی گازو تونديژی ناکەین، بەڵکو هەڵوەستە لەسەر دوای ئەنفال دەکەین وەک تاوانێکی نا ئاسایی کە بە کاریکی جینۆسایدی ناودەبەین و باس لە هەستانەوەو گەراندنەوەی شکۆی قوربانیەکانی دەکەین .

سەیرە ئەنفال راینەچڵەکاندووین

دەبوو کورد لەدوای ئەنفالەوە کەدەرفەتی حوکمرانی خۆی بۆرەخسا فۆرمێکی تەواو جیاوازی لە حکومەتەکانی عێراق هەبووایە، لەروی پاراستنی مافی مرۆڤ و پاراستنی شکۆی ئینسانی کوردی ئەولەوێتیان هەبوایە ئێستا دەبینین، کە هاواری کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال هاواری ستەملێکراوانە بۆ دادپەروەری نەک بۆ موچەو ئیمتیازات وەک ئەوەی لەمیدیای کوردیدا بەدیدی دەکرێت، ئەگەرچی باشکردنی ژیانی کەسوکاری قوربانیان و بەجێماوەکانی ئەنفال، مافێکی رەوای خۆیانە و پێویستە ژیانێکی شایستەیان هەبێت، بەبێ ئەوەی بکرێتە منەت بەسەریانەوە، بە قەرەبوکردنەوەی ئەوزیانانەی کە لێیان کەوتووە لە شوێنی ژیانی پێوشوتریان لە گوندو ناوچەکانیان، ئەمەش بەپلەی یەکەم ئەرکی دەوڵەتی عێراقە، بەڵام لە پێش ئەمانەوە ئەوان دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بەتایبەتی ئەوانەی کە دەستیان لەو تاوانەدا هەبووەو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا ناویان هاتووە، خواستیانە ئەوەش مافێکی سەرەتایی ئەو خەڵکەیەو ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر تاکێکی کوردستانە پشتیوانیان بێت.

بەڵام ئەفسوس نەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم پرسەدا جدی بوون و نە داموودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت چ لە هەرێمی کوردستان یان لە بەغدا، ئەم داخوازییە رەواو گرنگەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیان بەهەند نەگرتووە، لەوەش خراپتر ئەوەی وێنەی هەرێمی کوردستانی ناشرین کردووە ئەوەیە بە ئاشکرا ڕێزی جەلادیان خستووەتە سەروی یاساوەو مافی قوربانیان پێشێلکردووە. ئەمەش زەقترین دیاردەی دزێوی هەرێمی کوردستان و عێراقە، جا بە مەبەست بووبێت یان بێ مەبەست بووەتە هۆی نیگەرانی خەڵک و حکومەتیش لە هەرێم و لەناوەند چارەسەرێکی ریشەیی و هەمیشەییان نیە.

لەم نوسینەدا دەمەوێ تەنها لەسەر لایەنێکی ئەو پێشێلکارییەی حکومەت بووەستم، کە نەبوونی هۆشیاری لێپرسینەوەیە لە تۆمەتباران و

گومانلێکراوان کە دەبوو لەدوای روخانی ڕێژیمی بەعس وپێکهێنانی حکومەتی کاتی ئەوسای عێراقەوە عەدالەتی ئینتقالیان پەیرەو کردبایە . ئەوسا دەیتوانی ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ لە ئاشتەوایی نیشتمانی ودادپەروەری و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکاندا بگێڕێت وڕەنگە نەهەرێم و نەناوەندیش بەم دۆخەی ئێستا نەگەیشتنایەو ڕووسوربونایە لە ئەزموونی دەوڵەتداریدا .

لەدوای هەر ئالۆزی وپێشێلکارییەک یاخود لەدوای روخاندنی ڕژێمە دکتاتۆرییەکان، یەکەمین پێداویستی قۆناغی گواستنەوەی دادپەروەری (عەدالەتی ئینتقالی) بێت، کە باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەکردنی کێشە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان کە لەسۆنگەی سیاسەتی دڵڕەقانەی ڕێژیمەوە هاتوونەتە ئاراوە، بێگومان لەم قۆناغەدا کە بەهۆی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤەوە شیرازەی کۆمەڵگا لێکترازاوە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئاسان نین بۆئەوەی هەنگاو بۆ قۆناغی پێکەوە ژیان و ئاشتی و دیموکراسی بندرێت، بەڵام گەڕانەوەی ماف بۆ مافخوراوەکان لە ڕێگەی خستنەڕوی ئەو چارەسەریانەی کە (سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ عەدالەتی ئینتقالی) داینا‌وە، دەبنە هۆکاری هێوربوونەوەو سەرکەوتن بەسەر بەربەست و ئاستەنگەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی دادگاو سەروەری یاساوە مسۆگەر دەبێت . بەڵام ئامادە نەبوونی حزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ تێگەیشتن لەم قۆناغە، دۆخەکەی خراپترکردو مافخوراوانی بەبێ مافی هێشتەوەو قۆناغی چارەسەری نەچووە پێشەوەو کۆمەڵگە لە نائومێدیدا مایەوە . بەو حاڵەشەوە هێشتا دەتوانین هەنگاوێکی لەوچەشنە بهاوین من بۆئەو مەبەستەو لەپێناو چارەسەرکردنی مافی کەسوکاری بێسەروشوێنکراوان لەسەروی هەموویانەوە ئەنفالکراوەکان ئەم چەند خاڵە بەپێویست دەزانم، بەهیوام کەڵکی لێوەرگیرێت و کاربۆ جێبەجێکردن پراکتیزەکردنیان بکرێت.

گرنگی عەدالەتی ئینتقالی و زەمینەی لێبوردەیی

یەکێکە لە گرنگترین بایەخەکانی دادوەری بەدیهێنانی هێورکردنەوەی دۆخی سایکۆلۆژی زیانلێکەوتوان و کەسوکاری قوربانیەکانە، هیچ کۆمەلگایەک ناتوانێ کلتوری لێبوردەیی بەرهەم بهێنێ هەتا دادپەروەری پەرچەمی کۆمەلگا نەبێت، ئەو کاتە زیانلێکەوتوان دەتوانن لێبوردن بن کە هەست بکەن وەک هاوڵاتی شکۆی پارێزراوبێت. لەبەر ئەوەی لەکاتی جەنگ و جینۆسایددا تاوان روودەداو کاریگەری تاوان و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بە تەنها لە سەر نوخبەیەک یان گروپێکی دیاری کراو نیەو تەنها ئەو کەسانەش زیان مەند نابن کە ڕاستەوخۆ دەبنە ئامانج و دەبنە قوربانی، بەڵکو کاریگەری جەنگ وجینۆساید دەکەوێتە سەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەوانەشەوە کە نەبوونە ئامانج و هەژاری مادّی خۆیان بوون، بۆیە ئەرکی حکومەتی تازە دامەزراو یان جێگەرەوەی دەوڵەت و حکومەتی پێشووە، بە قۆناغی دادپەروەری ڕاگوزەریدا تێپەڕێ و هەموو پێشێلکاریەکان تۆمار بکات و تاوتوێیان بکات و دوای لێکۆڵینەوە هەواڵەی دادگایان بکات، دادگاش بەئەرکی خۆی هەستێت و بەپێی یاسا ماف بۆ قوربانیان و زیان لێکەوتوان بگێڕێتەوەو تاوانکاران سزا بدات، لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا دەبێت سزای تاوانکاران بەجۆرێک بێت کە ببنە پەندوعیبرەت بەمەبەستی ئەوەی زەمینەی دوبارەبوونەوەیان بۆ نەسازێتەوە، بەڵکو زەمینەی لێبوردەیی بسازێنن و تۆوی ئومێدو خۆشەویستی بچێنن . لەبنەڕەتەوە قۆناغی دادی ڕاگوزەری و سزای تاوانبارانیش بۆ بەدیهێنانی لێبوردەییە ئەم ئامانجەش بەبێ ریفۆرم و چاکسازی لەو دامودەزگایانەدا کە دەستیان لەو پێشێلکاریانەدا هەبوە نایەتەدی .

لە ئەنجامی هەر پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤدا، دەبێت دادگاو ڕێکخراوەکان کارایانە بەئەرکی خۆیان هەستن و مافی کەسی ستەملێکراو بگێڕنەوە، چونکە ئەوەش مافێکی سەرەتایی قوربانیەکانە داوا بکەن. ڕاستیەکان ئاشکرا بکرێن تاوانباران سزابدرێن و زیانلێکەوتوەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

کەڵەکەبونی ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە چارەسەر نەکراوە دەبێتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و نەمانی متمانە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و دامودەزگاکانی حکومەت، بەمەش ئەمن و ئاسایش وپەرەپێدان یان پەکیان دەکەوێت یان خاو

دەبنەوە، ئەوە جگەلەوەی دماودەزگا یاساییەکانی وڵات دەخاتە ژێر پرسیارەوە و وڵات روبەڕووی تووندوتیژی جوراوجۆر دەکاتەوە.

کاریگەرییەکان

هەموو وڵاتیک لەدوای جەنگ یەکەم هەنگاوی گرنگ کەدەبێت بیهاوێت، گەرانەوەی شکۆیە بۆ قوربانی و بژاردنەوەی زەرەرو زیانی هاوڵاتیانە کە ئەمەش بە رێگای عەدالەتی ئینتیقالی قۆناغی راگوزەری دادپەروەریی دەکرێت، بۆئەوەی ئەوانەی زیانیان پێگەیشتووە لە رێگای یاساوە قەرەبوو بکرێنەوەو دادگا هاوکاریان بێت بۆ گەرانەوەی ماف بۆیان، ئەوانەشی تۆمەتبارن بانگهێشتی بەردەم دادگا بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات و ئەگەر تاوانیان ئەنجامدابوو سزای خۆیان وەربگرن، ئەمە لانی کەمی مافی قوربانیەکانی و مافی گشتیە بەسەریانەوە، لە تاوانی ئەنفالیشدا کەسوکاری ئەنفالکراوان زیاتر لەهەر کەسێک پیویستیان بە قۆناغی راگوزەری دادوەرییە، بەتایبەتی ئەوانەی کەسوکارێکی زۆریان لەدەستداوە یان بێسەروشوێنن ئەمەیان تایبەتمەندییە بەڵام بۆ کۆی هاوڵاتیانی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان تەنانەت ئەوانەشی ئەنفال ڕاستەوخۆ زیانی گیانی پێنەگەیاندوون، هەرشایانی قەرەبووکردنەوەن چونکە بەلای کەمەوە زیانی ماڵییان بەرکەوتووە. بەگشتی خەڵکی کوردستان. پێویستیان بە مامەڵەیەکی تایبەت هەیە، تەنانەت جیاواز لەوانەش کە لە دەرەوەی ئەنفال زەرەرمەندی دەستی دەوڵەت و بەعس بوون.

هەڵبەتە لەوەها حاڵێکدا دادگاکان و سیستمی عەدالەتی ئینتیقالی رێگەو زەمینەش بۆ ئەوە خۆش ناکات کەسوکاری قوربانیەکان بخاتە بان هاوڵاتیانی کوردستانەوە. بەپێچەوانەوە کەسوکاری ئەنفالیش دەبێت رێزی هەموو ئەوکەسانە بپارێزن کە بێ زیان دەرچوون. چونکە گەڕاندنەوەی ماف و شکۆی ڕزگاربووانی جینۆسایدە دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی. گرنگی ئەم یاساو دادپەروەرییە تەنها سودی مادی نیە بەڵکو مەعنەویشە چونکە کۆسپ لەبەردەم دەوڵەت و گروپەکان دادەنێت هەتاجارێکی دی دوبارە نەبنەوە .

"عەدالەتی ئینتقالی" قۆناغی دادپەروەری راگوزەری

بریتیە لە قۆناغێکی دادوەری کە تیایدیا رێوشوێنی یاسایی و دادوەری ،مەدەنی، ڕێکخراوەیی ، ڕۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەشیوەی جیاواز بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، ئامانجەکەش رون ئاشکرایە بۆ گەرانەوەی ماف وشکۆی قوربانیان وزیان لێکەوتووانە، هەموو هەوڵەکانیش بۆدواداچونی بەڵگەی یاسایی و دۆسێی قەزایی دەبن کە لیژنەکانی بە دواداچون و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێی هەڵدەستن، لەم قۆناغەدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید ئەرکی زۆریان دەکەوێتە ئەستۆ لە هاوکاری دادگاکاندا، هەر لە پیدانی بەڵگەو دۆکێومێنت و گرفت و داخوازییەکانی کەسوکاری قوربانیەکان و زیانلێکەوتووان کەدەتوانن هەوڵی زیاتر بدەن بۆ چەسپاندنی دادوەری و سەروەری یاساو قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوان بە رێگایەکی یاسایی و تەندروست.

بێگومان کاری عەدالەتی ئینتقالی لەمەندەدا کورت نابێتەوە بەڵکو هەر لەم قۆناغەدا ریفۆرمی سیاسی وئیداریش لەو دامودەزگایانەدا دەکات کە پیشتر دەستیان هەبووە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا. چونکە قۆناغەکە واتا گواستنەوەی دادپەروەری (عەدالەتی ئینتقالی) بەواتایەکی تر لێپرسینەوە لە تۆمەتباران و سزادانی تاوانباران و قەرەبوکردنەوەی قوربانیەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان لەرێگەی دادگاکانەوە.

هەر لەم قۆناغەدا بەلای کەمەوە دان بە مافی قوربانیەکاندا دەنرێت، ئەوەش دەبێتە بەردی بناغەی متمانەو گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ هەر هاوڵاتیەک کە هەست بکات شکۆی شکێندراوە، بەپێچەوانەوە بروا متمانە بە یاسا دروست نابێت لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەت و دام ودەزگا ئیداریەکان بەدگومانی وبێمتمانەیی دروست دەبێ و کۆمەڵگەیەکی نادیموکراسی دەبێتەوە ئەمری واقع.

ئامانجەکانی عەدالەتی ئینتقالی چین؟

ئامانجی سەرەکی عەدالەتی ئینتقالی بریتیە لە (دابینکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی.)

دوابەدوای هەر پێشێلکرنێکی مافەکانی مرۆڤ، راستەوخۆ دامودەزگا دادوەریەکانی وڵات لە لایە هاوڵاتیانەوە دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە، بۆیە ئەو گروپ و پیکهاتانەی کە مافەکانیان پێشێل کراوە بیر لە تۆڵەکردنەوە دەکەن.

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی عەدالەتی ئینتقالی بریتیە لە ریفۆرم و چاکسازی لەو دامودەزگایانەی کە تۆمەتبارن بە پێشێلکارییەکان، بە تایبەتی سوپاو دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس. بەمجۆرە ڕێگری دەکرێت لە ئەگەری دوبارە بونەوەی ئەو پێشێلکاریانە لە داهاتودا.

ستراتیژی و شێوازەکانی عەدالەتی ئینتقالی چین؟

لەو جێگایانەی کە پرەنسیپەکانی عەدالەتی ئینتقالییان تێدا پراکتیزە کراوە، مەرامەکان بریتین بون لە کۆمەڵێک ئامانج وەک ڕاگرتنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەرابردودا ڕویانداوە، دەست نیشانکردن و سزادانی ئەو کەسانەی مافی مرۆڤیان پێشێل کردوە، قەرەبوکردنەوەی قوربانیەکان، ڕێگرتن لە پێشێل کارییەکان لە داهاتوودا، بەرقەرارکردنی ئاشتی هەمیشەیی، کارکردن بۆئاشتەوایی لە سەر ئاستی تاکەکەس و نیشتمان.

لە پێناوی جێبەجێکردنی پرەنیسپەکانی عەدالەتی ئینتقالی کۆمەڵێک ستراتیژی هەیە دەگیرێتەبەر لەوانە:

سکالا لە دادگاکاندا: کە خۆی دەبینێتەوە لە لێکۆڵینەوەی قەزائی لەو کەسانەی کە هەستاون بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، یان گومان دەکرێت دەستیان هەبوبێت لەو تاوانانەدا. بۆ یەکەمجار لە دادگاکانی نورمبرگ ئەو نازایانەی دادگایی کرد کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا دەستیان هەبوو لە کوشتنی جولەکەکاندا، هەندێجار ئەو دادگایانە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی یان هەرێمی دەکرێت وەک دادگایی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان لە سیرالیۆن.

لیژنەی بەدواداچوون: بریتیە لەو دەستانەی کە سەربە دەزگای دادوەری نین، بەڵام لێکۆڵینەوە دەکەن لە پێشێلکاریانەی کە دەرحەق بە مافی مرۆڤ کراوە و هەڵدەستن بە ئامادەکردنی راپۆرت و پێشنیاز بۆ چارەسەر کردنی پێشێلکاریەکان و کارکردن بۆ ئاشتەوایی و قەرەبوکردنەوە زیانلێکەوتوەکان و بە زیندوو هێشتەنوەی یادەوەری قوربانیەکان و خستنەڕووی پێشنیار بۆ دوبارەنەبونەوەی پێشێلکارییەکان لە داهاتودا.

قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوەکان: ئەمیان ئەرکی حکومەتەکانە، بریتیە لە قەرەبوکردنەوەی مادی و مەعنەوی ئەو کەسانەی لە رابوردودا مافەکانیان پێشێلکراوە، زۆرجار لە ڕێگەی پێدانی چەندین قەرەبوی مادیەوە دەکرێت، وەک جۆن لە هەرێمی کوردستاندا موچە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بڕاوەتەوەو خانو زەویان پێدراوە. هەندێجار قەرەبوی مەعنەوی ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی پێدانی نوسراوی فەرمی کە تێدا داوای لێخۆش بون کرابێت.

ریفۆرم و چاکسازی:

لەم قۆناغەدا هەنگاوێکی تر زۆر پیویستە ئەویش چاکسازی و ریفۆرمە لەدادگاکان و دواتریش لەو دامودەزگایانەی کە دەوڵەت پشتی پێبەستوون و ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەتاوانەکەدا وەکو (سوپاو پۆلیس و ئەمن و هەواڵگری و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان) پاککردنەوەیان لە خەڵکانی گەندەڵ و ناشارەزا، ئەگەر پێویست بوو لەلایەن پەرلەمانەوە یاسای نوێ و دەردەکرێت یان بەپێی هەلومەرجی نوێ هەمواردەکرێنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو ئەرکانەی لەسەرەوە باسمان کردن هێشتا ئەرکی تریش لەپێشن وەک :

- بە دیکۆمێنت کردنی چیرۆکی قوربانیەکان و نوسراوەکانی بەعس و وێنە چ فۆتۆبن یان جولاو کە پەیوەندیان بە روداوەکەوە هەیە، کۆکردنەوەی کەلوپەل و جل وبەرگ و تەنانەت خشل و پارەی قوربانیەکان و هەڵگرتنیان لە مۆزەخانەی تایبەتدا.
- دروستکردنی مۆنیمێنتی تایبەت و پەیکەری سومبلی لەو شوێنانەی پێویستن و شایانن . هاوکات ناونانی شەقام و قوتابخانەو

باخچەو دامەزراوە گشتیەکان. بەڵام ئەمە دەبێت لەهەموو ڕۆتینێک دوربخرێتەوەو بەدوربێت لە هەستی لەکۆڵخۆکردنەوە، بە پێچەوانەوە دەبێت شێوەیەک ئەو تاوانە بە یاد بهێنیتەوە.

- جێکردنەوەیان لەپرۆگرامەکانی خوێندندا بۆهەر لەسەرەتاییەوە هەتا زانکۆکان.
- بەدواداچوون و ساغکردنەوەی ڕاستیەکان بەتایبەتی ئەو کارەکتەرانەی ساختەن و دەرفەتیان قۆستووەتەوەو خۆیان کردووەتە شایەتحاڵ.

بەداخەوە لە عێراق و کوردستان عەدالەتی ڕاگوزەری دادپەروەری نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکی و هەرلەسەرەتاوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و بروانەبوونی دەسەڵاتدارانی عێراق و کوردستان بەسەروەری یاسا نەهاتەدی.

زوڵم لەتاقانەیەکی ئەنفال ، بۆ سەرجەم ریزخراوەکانی ئەنفال



تاقانەی ئەنفال سەوزە مەحمود حوسێن

عومەرمحەمەد

ئەگەر ئەو ستەمکارییە سەری گرت ئێوەش بارەگاکانتان داخەن و چیتر بەناوی ئەنفالەوە هیچ مەڵێن، چونکە تاقانەیەکی ئەنفال دەستدرێژی بکرێتە سەرو مافەکانی پێشێل بکرێن، بون ونەبونی ئێوە هیچ بەهایەکی نامێنێ، بەهیوام قایمقیمێتی چەمچەماڵ و ناحێی ئاغجەلەرو بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ و بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ وئاودێری سلێمانی بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسیەیەدا بکەن و ئەوەش لەبەرچاوبگرن کە سەوزە تاقەدەربازبووی خانەوادەکەیەتی .

سەوزە مەحمود حوسێن قادر لە دایکبوی ساڵی ١٩٧٠ یەو تاقە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی لەتاوانی ئەنفالدا.

سەوزە دانیشتوی گوندی گردخەبەری سەربەناحێی ئاغجەلەر بووەو ئێستا لەکۆیە نیشتەجێیە، لەپەلاماری ئەنفالی چواردا کە ناوچەی قەڵاسێوکەو دەشتی کۆیەو ناوشوان وشێخ بزێنیشی گرتەوە، خەڵکێکی زۆری تیدا ئەنفالکرا، خانەوادەی مەحمود حوسێن کە بریتی بوون لە ١٥ سەر خێزان جگەلە سەوزە هەموویان ئەنفاکران کە بریتی بوون لە : (دایکی خونچە عومەرو باوکی مەحمود حوسێن قادرو هەر شەش براکەی بەناوەکانی نادرو کەمال و ناسرو ناسیح و سەیفەدین و کامەران، خوشکەکانی بەناوەکانی فاتمەو لیمۆ، زوبیدەو ڕەوشەن) وهەرسێک خاڵەکانی ئەنفالکراون، جێگەی ئاماژەیە پێش ئەنفالیش خوشکێکی تری سەوزە بەناوی (تەنکە) بە بۆردومانی کۆپتەرەکانی ڕیژیم گیانی لەدەستداوە .

پوختەی مەبەست :

لە سەروەختی ڕیژیمی بەعس بە یاسای ژمارە (٩٠)ی چاککردنی زەوی وزاری کشتوکاڵی (قانون الاصلاح الزراعی) دەبوو زەوی بۆ ئەوکەسە بێت کەدەیکێلیت و لەوسۆنگەیەوە پارچەیەک زەوی دراوەتە هەریەک لە جوتیارەکانی گوندی گرد خەبەر، باوکی سەوزەش وەک هەرگوندنشینێک بەشی خۆی وەرگرێت، بەڵام بەهەر هۆیەکەوە بووە بریارەکە لەوناوچەیە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، خۆشبەختانە لەسەرەتای هەشتاکانەوە کەئەو ناوچانە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تەواوی یاساکەی جێبەجێکردووەو خەڵکئ گردخەبەر هەریەکەو پارچەیەک زەوی کشتوکاڵییان وەرگرتووە. باوکی سەوزەش بەشی خۆی بەبڕیاری شۆڕش وەرگرتووە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە دیسان ئاغای ناوچەکە لەهەوڵدایە زەوییەکانی بگەڕێنێتەوە بن دەستی خۆی، سەرباری ئەوەی قایمقایمێتی چەمچەماڵ و بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ و ناحێی ئاغجەلەر پشتیوانیان لە

سەوزەکردووەو زەوییەکەیان بۆگێراوەتەوە، بەڵام دیسانەوە ئاغا سکاڵای کردووەتەوە.. ئەفسوس ئەمجارە لەبەڕێوەبەرایەتی چەمچەماڵ بەزارەکی بەسەوزەی تاقانە دەربازبووی ئەنفالیان وتووە، کەوا لەبەرئەوەی تۆ براو باوکت نەماوە ئەو زەویە نادەینەوە بەتۆو ناشیدەینەوە بەکۆنە ئاغاکە !بەڵام سەوزە ئەوە بەراست نازانێ وپێیوایە ئاغا پشتی قایمەو دواجار مافی ئەم دەخۆن و زەویەکە بۆ ئەو دەگێڕنەوە نەک بۆحکومەت . بەهیوام ئەمجارەش یاساو دەسەڵاتدارانی ناوچەکە پشتیوانی لەسەوزەی تاقانەی ئەنفال بکەن .

داعش چەکی کیمیایی بەکارهێناوە

ڕێکارێ مزویری



١٣ی ئابی ٢٠١٥ لە بەرزاییەکانی سولتان عەبدولای میحوەری گویژ، داعش بەتۆپی کیمیایی پێشمەرگەیان بۆمبارانکرد، لە ئەنجامدا ١٤ پێشمەرگە بریندار بوون، کە هەموویان لە هۆزی مزوری باڵا بوون. لە ڕۆژی ٢٠١٦/٢/١٣ چەکدارانی داعش لە دەوروبەری شەنگال ودۆمیز ناوەندی قەزای شەنگالیان بە کاتویشای کیمیایی بۆردومانکرد جاری یەکەم (٣٠) پێشمەرگەو لە جاری دووەمیشدا ١٠٠ پێشمەرگە بریندار بوون. لە ٢٠١٦/٣/١٣ لە (حەلەب)ی ڕۆژئاوای کوردستانیش جەبهەتولنوسرە لەگەرەکی شێخ مەقسودی کوردنشین، بۆمبارانی کیمایی کرد و بەهۆیەوە ٩٠ کەسی مەدەنی گیانیان لەدەست داو پینج سەدکەسی تریش بریندار بوون.

لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/٧ چوار پێشمەرگە بەناوەکانی جەعفەر عومەر کەریم لەگەڵ سێ کوڕی خۆیدا بەهاوەنی کیمیایی بریندار بوون، سەرئەنجام جەعفەر عومەر شەهید بوو لەگۆرستانێکی کەسنەزان بەخاک سپێردرا.

لەڕۆژی ٢٠١٦/٤/٢٠ داعش لە میحوەری گویژ– مەخمور چەکی کیمایی بەکارهێنایەوەو لە ئەنجامدا ٤ پێشمەرگە بریندار بوون. بەپێی زانیارییەکانی ئەنفالستان لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/٧ دیسانەوە لەلایەن بەرەی نوسرەوە گەرەکی شێخ مەقسود گازبارانکراو بەهۆیەوە ٢٠ گەریلای یەپەگە گیانیان لەدەستدا کە لەناویاندا فەرماندەیەکی خەڵکی شاری سلێمانی هەبوو بەناوی بروسک جەمال سابیر ناسراو بەهەڤاڵ باکور .

ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی تەپەسپی-ناوچەی گەرمیان

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی :
سیروان سلێمان ئەحمەد – ڕۆژگاری



گوندی تەپەسپی پێش تاوانی ئەنفال (٧١) ماڵی تێدا ژیاوە، جگە لە خەڵکی گوندەکە چەندین ماڵی تری پێشمەرگەو سەربازی هەڵاتووی بۆ هاتووە و بەمەبەستی خۆپاراستنیان لە ڕژێمی بەعس لەوێ نیشتەجێ بوون، لەساڵی (١٩٨٨) گوندی تەپەسپی وەک باقی گوندەکانی تری کوردستان بەر پەلاماری ئەنفال کەوتووە.

لەپەلاماری ئەنفالدا خەڵکی گوندی تەپەسپی زەرەری گیانی وماڵی زۆریان بەرکەوت، جگەلەوەی خانووەکانیان لەگەڵ زەوی تەختکران وماڵ و سامانیان تاڵانکرا، خەڵکەکەشیان گرت و ئەنفالیانکردن کە ژمارەیان (١٠٢) سەدوووکەس بووەو هەتا ئێستاش بێ سەرو شوێنن.

خوێنەری بەڕێز: ئەم ئامارەی بەردەستت هەموو ئەوکەسە ئەنفالکروانەی گوندەکەمانن کە بەردەستم کەوتوون و یاداشتم کردوون، زۆر دواوای لێبوردنیش لەوکەس و خانەوادە سەربەرزانە دەکەم ئەگەر ناوم نەنوسیبێت و یان لەبیرم چوو بێت، بێگومان ئەوەش بە ئەنقەست نەبووە بەڵکو لەبەرئەوەبووە کە زانیاریم لەبارەیانەوە نەبووە.

لەناویاندا (١) شەهیدی سەنگەر و (١) شەهیدی دەستی تیرۆر و (٢) شەهیدی هاوڵاتی هەیە کە (مین) یان پێدا تەقیوەتەوە.

ئەومالانەی کە سەربازی هەڵاتووبوون و لە گوندی تەپەسپی نیشتەجێ بوون نزیکەی (٤٠) ماڵێک دەبوون، بەداخەوە زۆربەیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و هەندیکیان شەهید بوون، هەندیکیشیان لانەوازبوون وئێستا گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێی خۆیان.

نوسینەوەی ناوی ئەنفالکراوان بۆ بەدیکۆمێنتکردن و لە یادنەکردنی ناویانەلە مێژووی نەتەوەکەماندا.

	ناوی قوربانیانی ئەنفالکراوەکان	پەیوەندی خزمایەتی	تێبینی
١	عزیز حمەامین عزیز قیتولی	سەرۆک خێزان	خێزانی
٢	ملک حسین عزیز قیتولی	کوڕی	کچی
٣	نجات عزیز حمەامین	کوڕی	کوڕی
٤	ئاسکە عزیز حمەامین	کوڕی	خێزاندار
٥	صالح عزیز حمەامین	سەرۆک خێزان	خێزانی
٦	محمد عزیز جمەامین	کچی	سەرۆک خێزان
٧	سیامند عزیز حمەامین	خێزانی	کوڕی
٨	رحمە عزیز	کوڕی	برازایی
٩	برهان محمد داود محمد	برازایی	برازایی
١٠	یازی	سەڵت	سەڵت
١١	زیبا محمد داود محمد	سەرۆک خێزان	خێزانی
١٢	علی رشید رۆستم	کچی	کوڕی
١٣	حلاو عزیز فارس	کوڕی	سەرۆک خێزان
١٤	سیوان علی رشید	کوڕی	سەرۆک خێزان
١٥	کاروان علی رشید	خێزانی	کچی
١٦	ئارەزوو کریم رشید رۆستم	کچی	کچی
١٧	ژیان کریم رشید ڕۆستم	کوڕی	سەرۆک خێزان
١٨	بفراو کریم رشید رۆستم	سەڵت	سەڵت
١٩	عاصی رشید رۆستم	سەرۆک خێزان	خێزانی
٢٠	محمد رشید رۆستم	کوڕی	کوڕی
٢١	عزیز رشید رۆستم	کوڕی	کچی
٢٢	ندیمە حمید قادر	کچی	سەرۆک خێزان
٢٣	شونم عزیز رشید رۆستم	خێزانی	کوڕی
٢٤	سرکوت عزیز رشید رۆستم	کچی	کوڕی
٢٥	سنگەر عزیز رشید رۆستم	کچی	خێزاندار
٢٦	رۆستم حمەشریف	خێزاندار	کچی
٢٧	محمود رۆستم حمەشریف	سەرۆک خێزان	سەرۆک خێزان
٢٨	رشید رۆستم حمەشریف	خێزانی	کوڕی
٢٩	رحمە مجید ناصر	کوڕی	کوڕی
٣٠	جیران رشید رۆستم	کوڕی	کوڕی
٣١	سیران رشید رۆستم	سەرۆک خێزان	خێزانی
٣٢	فوزیە رشید رۆستم	کچی	کوڕی
٣٣	فرید ون رشید رۆستم	کوڕی	کوڕی
٣٤	محمد تۆفیق محمود مولان	سەڵت	سەڵت

٣٥	علی حمەامین	سەرۆک خێزان	کوڕی
٣٦	کریم حمەامین	کچی	سەرۆک خێزان
٣٧	قادر حمەامین	سەرۆک خێزان	سەرۆک خێزان
٣٨	لیلی احمد مستەفا	خێزانی	کوڕی
٣٩	دلیر قادر حمەامین	کوڕی	کوڕی
٤٠	مریوان قادر حمەامین	خێزاندار	خێزاندار
٤١	گرمیان قادرحمەامین	کچی	کچی
٤٢	خیاڵ قادر حمەامین	کچی	کچی
٤٣	بێخاڵ قادر حمەامین	کچی	سەرۆک خێزان
٤٤	حمید صالح تۆفیق	خێزانی	خێزاندار
٤٥	سعدە علی	کچی	کچی
٤٦	هەژار حمید صالح	کوڕی	بوکی
٤٧	سمیرە حمید صالح	سەرۆک خێزان	خێزانی
٤٨	هاوکار حمید صالح	کچی	کچی
٤٩	ڕۆژگار حمید صالح	کچی	کوڕی
٥٠	فریدە رشید ڕۆستم	سەرۆک خێزان	کچی
٥١	سەلمە علی سمین	کچی	کوڕی
٥٢	شیرین حمەامین امین	سەرۆک خێزان	خێزانی
٥٣	علی سمین بارام	کوڕی	کچی
٥٤	رشید علی سمین	کوڕی	کوڕی
٥٥	عائیشە عبدالرزاق	کوڕی	خێزاندار
٥٦	محمد رشید علی	سەرۆک خێزان	خێزانی
٥٧	احمد رشید علی	کچی	سەرۆک خێزان
٥٨	ڕێبوار رشید علی	خێزانی	کوڕی
٥٩	هاوکار رشید علی	کوڕی	برازایی
٦٠	بختیار رشید علی	برازایی	برازایی
٦١	نجم الدین رشید ڕۆستم	سەڵت	سەڵت
٦٢	غریبە حمەامین امین	سەرۆک خێزان	خێزانی
٦٣	سروە نجم الدین رشید	کچی	کوڕی
٦٤	لەتیف نجم الدین رشید	کوڕی	سەرۆک خێزان
٦٥	ئارام نجم الدین رشید	کوڕی	سەرۆک خێزان
٦٦	بیستون نجم الدین رشید	خێزانی	کچی
٦٧	بکر احمد منصور	کچی	کچی
٦٨	چنار محمد منصور	کوڕی	سەرۆک خێزان
٦٩	عمر احمد منصور	سەڵت	سەڵت

٧٠	هونر عمر احمد	سەرۆک خێزان	خێزانی
٧١	شنۆ عمر احمد	کوڕی	کوڕی
٧٢	محمود منصور محمد	کوڕی	کچی
٧٣	مستەفا منصور محمد	کچی	سەرۆک خێزان
٧٤	خورشید رۆستم حمه شریف	خێزانی	کوڕی
٧٥	نەورۆز کامل عباس	کچی	کوڕی
٧٦	شاخەوان خورشید رۆستم	کچی	خێزاندار
٧٧	گرمیان خورشید رۆستم	خێزاندار	کچی
٧٨	سیوان خورشید رۆستم	سەرۆک خێزان	سەرۆک خێزان
٧٩	رعده حمەامین عزیز قیتولی	خێزانی	کوڕی
٨٠	امنه قادر احمد کاکه رەش	کوڕی	کوڕی
٨١	مریم محی الدین رشید	کوڕی	کوڕی
٨٢	شۆخان محی الدین رشید	سەرۆک خێزان	خێزانی
٨٣	پەیمان محی الدین رشید	کچی	کوڕی
٨٤	نیهایەت محی الدین رشید	کوڕی	کوڕی
٨٥	شیما محی الدین رشید	سەڵت	سەڵت
٨٦	ابراهیم علی امین	سەرۆک خێزان	کوڕی
٨٧	عائیشه صالح قادر	کچی	سەرۆک خێزان
٨٨	رحمه رشید محی الدین	سەرۆک خێزان	سەرۆک خێزان
٨٩	شکره علی امین	خێزانی	کوڕی
٩٠	نسرین علی امین	کوڕی	کوڕی
٩١	نجم الدین علی امین	خێزاندار	خێزاندار
٩٢	ناسکه تەیب صالح	کچی	کچی
٩٣	یاسین رشید احمد زایەر	کچی	کچی
٩٤	ڕازیه عزیز محمد	کچی	سەرۆک خێزان
٩٥	رمزیه یاسین رشید	خێزانی	خێزاندار
٩٦	سارا یاسین ڕشید	کچی	کچی
٩٧	کوێستان یاسین ڕشید	کوڕی	بوکی
٩٨	تحسین یاسین رشید	سەرۆک خێزان	خێزانی
٩٩	عوسمان احمد منصور	کچی	کچی
١٠٠	نیگار عوسمان احمد	کچی	کوڕی
١٠١	کوێستان عوسمان احمد	سەرۆک خێزان	کچی
١٠٢	کامران عوسمان احمد	کچی	کوڕی

ناوی شەهیدەکانی گوندی تەپەسپی

ژمارە	ناوی شەهید	جۆری شەهیدبونی	تێبینی
١	سلێمان احمد عزیز امین (مام سلێمان تەپەسپی)	شەهیدی سەنگەر	لە ١٩٨٨/٤/٨لە گوندی هومەرمل لەشالاوی ئەنفال شەهید کرا.
٢	سەلام محمد تۆفیقمحمود مولان	شەهیدی دەستی تیرۆر	لەقەزایی دوز خورماتوو بەهۆی تەقینەوە شەهید دەکرێت.
٣	جمعه محمود منصور محمد	شەهیدی مین	لەساڵی(١٩٩٢)لەناحیەی صمود بەهۆی پاشماوەی لوغم و تەقەمنی ڕژێمی بەعسەوە شەهید بوو.
٤	جەلال محەمەد مەنسورمحمەد	شەهیدی مین	لەساڵی(١٩٩٢)لەناحیەی صمود بەهۆی پاشماوەی لوغم و تەقەمنی ڕژێمی بەعسەوە هید بووە.

ئەومالانەی لەشوێنەکانی ترەوە هاتبوون بۆ (گوندی تەپەسپی) تاڕۆژی ئەنفالە بەدناوەکەی ساڵی(١٩٨٨) لەوێ بوون بەخۆیان مالّ ومندالّیان، زۆربەیان ئەنفال بوون و هەندیکیان شەهید بوون.

ژمارە	ناوی مالّەکان(سەرۆک خێزان) جگە لەژن و منداڵ	هۆی هاتنیان
١	ئازاد فەریق	شەهید بوو. بەڵام مالّی باوکی لە ژیاندا ماون.
٢	و مالّی باوکی	هارب
٣	مام فخرالدین	کادری ڕێکخستنی کۆمەڵە/ اعدام،مالّ ومندالّی ئەنفالکراوە.
٤	(محمد محی الدین(سید محمد	شەهید بوو
٥	عەلی کوڵەجۆی	پێشمەرگە
٦	نعیمەت زەنگاباتی	کادری کۆمەڵایەتی
٧	غازی قوبه	کادری ڕێکخستنی کۆمەڵە/ شەهید بوو.
٨	مەلا ئەحمەد کەلاری	کادیری ڕێکخستنی شۆڕشگێران/ شەهید بوو، ژن و منداڵەکانی ئەنفال بوون.
٩	مەلا عرفان کوڵەجۆی	کادری ڕێکخستن/ شەهید بوو.
١٠	مام فایق زەنگاباتی	بەهۆی کورەکەیانەوە هارب بوون.
١١	مام حەمید زەنگاباتی	پێشمەرگە
١٢	تحسین حەمید زەنگاباتی	پێشمەرگە
١٣	جاسم کوڵەجۆی	هارب بوو لە گوندی تازەدێ شەهید بوو.
١٤	محمد زەنگاباتی	شەهید بوو
١٥	محمود زەنگاباتی	پێشمەرگە
١٦	بکر کەمالّەیی	پێشمەرگە دواتر ئەنفالکرا.
١٧	علی قۆز کفری	هارب دواتر ئەنفالکرا.
١٨	شبیب زەرداوی	پێشمەرگە
١٩	ڕێبوار قەڵەبڵاغی	پێشمەرگە

٢٠	حسن لینین	پێشمەرگە دواتر شەهید بوو.
٢١	احمد زەرداوی	هارب
٢٢	ڕۆستم حسن بابا کفری	هارب
٢٣	عمرحمه صالح کفری/عومەر مەلا	ئەنفالکران
٢٤	(ستار قادر فارس /کوڕەکەی بەناوی(هەژار	هارب
٢٥	وەستا محمد کرکوک	هارب
٢٦	محمود و احمد و لقمان برای وەستا محمد کرکوک	هارب
٢٧	مام ستار کەرکوکی/ئامۆزای یاسین مام رشید	لەساڵی ١٩٨٧ لە گوندی هۆمەربل شەهید بوو.
٢٨	مەلا کریم توکن	شەهید بوو.
٢٩	کریم ئەوبەریی	پێشمەرگە بوو.
٣٠	علی رحیم هاره	پێشمەرگە بوو.
٣١	ڕحمان سەرسپی	هارب
٣٢	مام صالح زەرداوی	پێشمەرگە بوو.
٣٣	صمد هۆمەربل هۆمەربلی	پێشمەرگە بوو



بسم الله الرحمن الرحيم / مديرية امن محافظة السليمانية
العدد /ش٣/ص ٨٤٢٦
التاريخ ١٩٨٦/٦/٢
الى/كافة المديريات // امن جم جمال //
م/معلومات

يرجى تزويدنا بالهويه الكامله وما مسجل لديكم من معلومات عن المدعو حمزه اسماعيل حيث تشير المعلومات بانه عام/١٩٦٨ يحمل مع زمرة الاغتيالات [حزب البارت] –
واعلامنا بالسرعه رجاءً .

ع/مدير امن محافظة السليمانية

نسخه منه الى/

ق.ص/ليبان ما مسجل لديكم عن المذكور واعلامنا رجاءً .

بەڵگەنامە

بەناوی خودای گەورەو هیچەبان

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی

ژمارە/ش٣/گ ٨٤٢٦

بەروار :١٩٨٦/٦/٢

بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان // // ئاسایشی چەمچەماڵ

ب/زانیاری

تکایە زانیاری تەواومان بدەنێ دەربارەی ناسنامەی ئەوکەسەی کەلاتان تۆمارە لە بارەی ناوبراو حمزە اسماعیل بەجۆرێک کە زانیارییەکان باسی ئەوە بکات لە ساڵی/١٩٦٨ئیش ئەکات لەگەڵ کۆمەڵەی بکوژەکان(حزبی بارت)– ئاگادارکردنەوەمان بەخێرایی تکایە...

نوسخەیەک لێی بۆ/

ق.ص/ بۆ ڕوون کردنەوەی لەبارەی ئەوەی کەباسکراوە وە ئاگادارکردنەوەمان تکایە

دانەیەک بۆ / ٧٣٦٣ – ٦/٣

ئ/ بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی



تەها عەزیز محەمەد سالّح :

لە جەژنەکاندا زۆر بێتاقەت دەبم

نیشتەجێی پێش روداو: پیازەجار– ناحیێ تیلەکۆ– کفری
نیشتەجێی ئێستا : رزگاری.
رۆژی دیمانە : ٢٠١٦/١١/٤ کاتژمێر ٩ی شەو
شوێنی دیمانە : کەلار
دیمانە ساز : عومەر محەمەد

ئەو ئێوارەیەی دیمانەم لەگەڵ عەتا محەمەد داکرد، زۆر جەنجاڵ بووم سەرەتا دودڵ بووم لەوەی لەکارەکەم سەرکەوتووبم، سەرباری جەنجالیشم ئازاری دانم پەرێشانی کردبووم و بەناچاری چارەکێک پێش دەست پێکردنی دیدارەکەمان پەنام بردە بەر دەرمانی قۆڵتارین . بەڵام کە تەها هاتە بەردەمی کامێراکە هەر پێدەکەنی وترسم لەوەدا نەما کە هیچ ترسێکی لەکامێرا هەبێت، بەدەم دامەزراندنی کامێراکەمەوە ئەوەم بۆ رونکردەوە کەوا منیش ژیانی منداڵێم وەک هەریەکێک لەتاقانەکان بووەو باوکم لەشەڕی ناوخۆدا کوژراوەو منیش مانّی مامم بەخێویان کردووم . ئیدی روخۆشی و دەم بەپێکەنینی تەها هانیدام بە گیانێکی ئارامەوە بچمە ناو دیمانەکەوە، سەرەتا بەخێرهاتنم کردو داوام لێکرد کە لە خۆناساندنیەوە بچینە ناو دیمانەکەمانەوە، ئەوەشم بۆ رونکردەوە دیمانەکە بۆ تەلەفزیون نیەو بۆ ئامادەکردنی کتێبێکە دەربارەی تاقانەکان . تەها هەر بەسروشتی خۆی بە پیکەنین وروی خۆشەوە رەزامەندی دەربری و وتی: فەرموو چۆنت پێخۆشە ئاوا دەکەین .

بالە ناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین، ناوی سیانیت چییە ؟

تەهاعەزیز محەمەد سالّح

تەمەنت چەندە ؟

من لە دایکبووی ١٩٧٥م لە گوندی پیازەجار لەدایکبووم .

خوێندەواریت هەیە کاک تەها ؟

نا هیچ خوێندەواریم نیە .

بۆچی خوێندەواریت نیە؟ ئایا لە گوندەکەتان قوتابخانەی نەبوو ؟

با قوتابخانە هەبوو، بەڵام من منداڵ بووم کاتێکیش ویستم بچم بۆ قوتابخانە، مامۆستاکان لە گوندەکەمان نەماو حکومەت نەیهێشت بێنەوە بۆ گوندەکەمان لەبەرئەوەی قەدەغەی کرد.

گوندەکەتان چەند ماڵ دەبوون ؟ سەربەچ ناحێیەک بوو ؟

بەخوا دەوری ١٥ بۆ ٢٠ ماڵ دەبوون. سەربە تیلەکۆ بووین.

بەچییەوە سەرقاڵ بوون بژێوی ژیانتان لەسەرچی بوو ؟

بم وجۆو ئەو جۆرەشتانە دەژیاین . ژیانێکی سەخت وناخۆشمان بەسەر دەبرد.

بۆچی ژیانتان ناخۆش بوو مەبەستت چیە لەوە ؟

ئەی ژیانی لادێ وەک ئێستا نەبوو قوربەسەری و چەرمەسەری بوو.

کەی جەیش وجاش گەیشتە سەرتان و ئەنفال گەیشتە لای ئێوە ؟

بەوخوایە ئەوکاتە من منداڵ بووم هیچم بیرنایە هی ئەنفالەکە .

بۆچی منداڵ بووی ئەوکاتە تەمەنت ١٣ ساڵان بووە ؟

ئەی وایە سیانزەساڵان بووم بەڵام لەبیرم نایات .

چەند کەس لەخانەوادەکەتان ئەنفالکراون ؟

٥ سەرخێزانمان ئەنفالکراوە بەخۆمەوە شەش سەرخێزان بووین من دەرباز بووم و پێنجەکەی تریشمان ئەنفالکران دایکم و سێ براو خوشکێکم ئەنفالکراون،

ئەی باوکت ؟

باوکم لە ناعوردا خنکا.

بۆچی لە پیازە جار ناعور هەبوو ؟

بەڵێ جادەکە کریا بۆ تیلەکۆ ناعوریێکیان دانابوو باوکم کەوتە ناوییەوە خنکا .

ڕوداوی مردنی باوکت سااڵی چەند بوو ؟

ساڵێک پێش ئەنفال بوو، ئیتر من و سێ براو دایکم و خوشکێکم ماینەوە ئەوە ئەوانیش ئەنفالکریان و ئێستا هەر خۆم ماومەتەوە .

ئەگەر ئەزیەت نەبێت ناوی ئەنفالکراوەکانتانم پێبڵێ ؟

دایکم ناوی ڕەیحان حمە سەعید عەبدول، عەتا و داراو حەسەن و خوشکەکەشم ئافتاو.[36]

ئەی چۆن گیران ؟ سوپا گرتنی یان جاش ؟

دایکم وبراکانم وخوشکەکەم ڕۆیشتن بۆ ملەسورە، لەوێ چوبوونە ماڵی مامەیەکی دایکم، ئیتر لەگەڵ ئەو خەڵکە ئەوانیش ئەنفالکران و تێداچوون .

ئەو مامەی دایکت وا ماڵیان لەملەسورە بوو ناوی چی بوو ؟

ناوی حەمەساڵحی بیبشێلی .

ئەو ماڵە خۆشیان ئەنفالکران ؟

بەڵێ ئەوانیش گشتی ئەنفالکرا.

ئەی خۆت چۆن دەربازبوویت ؟

من لەگەڵ مامم حاجی حەمەومین لەگەڵ ئاژەڵدا بووین،ڕانەکانمان هێنا بۆصمودو ئیتر لەوێ خۆمان شاردەوە.

باشە بۆچی ئەوەی لەگەڵ مەروئاژەڵدا بوو نەدەگیران ؟

نازانم بۆچی ئەوانەیان نەدەگرت، بەڵام ئێمە عەسکەر گرتیانین، باش بوو مامم وەرقەیەکی پێبوو هی ئەرزە بوو کە لەصمود وەری گرتبوو، وتی من خەڵک صمودم و ئەمەش کوڕی خۆمە. لەبەر ئەوە ئەفسەرەکە وتی : مادام خەڵک صمودی مەرەکانت بەرنە ئەو بەری جادەکە ئێرە مەمنوعە ئیتر عەسکەرەکان نەیانگرتین و وتیان بڕۆن . ئێمە بەهۆی ئەو وەرەقەیەو بەهۆی مەڕەکانەوە نەگیراین .

ئەی دوای ئەوە چیتان کرد ؟

مەڕەکانمان هەرزان فرۆشکردو خۆمان شاردەوە .

ئەی کەوەرەقەی صمودی هەبوو بۆچی مەرەکانتان فرۆشت ؟

ئاخر مامم وتی : مادام خەڵک ئەگرن وئەنفالی دەکەن باتۆش نەفەوتێی لەبەرئەوە مەرەکانی بۆ فرۆشتم .

وتت خۆمان شاردەوە لەکوێ خۆتان شاردەوە ؟

من ئیتر هەر لەماڵی مامم دەژیام و خۆم پەنادا هەتا ئەوکاتەی بوومە خاوەن ژن وماڵی خۆم هەر لەماڵ ئەو مامم دەژیام .

ساڵی چەند هاوسەرگیریت کرد ؟

دوای وەی ئەو سەدامە روخا ئینجا ژنم هاورد، لە ساڵی ٢٠٠٣ ژنم هاورد . هەتا ئەوکاتە هەر لەماڵی ئەو مامەمدا بووم .

هەتا کەی چاوەروانی دایکت وخوشک وبراکانت کرد ؟

هەتا سەدام روخا هەر چاوەروان بووم . ئیتر کە ئەو روخاو نەهاتنەوە ئیتر لەچاوەروانیش کەوتم .

واتا تۆ هەتا لە چاوەروانی نەکەوتی هاوسەرگیریت نەکرد ؟

نا نەمهاورد هەر وتم بەشکو ئەمە خوایە بێنەوە، کەزانیم ئیتر نایەنەوەو نەماون ئینجا ژنم هاورد.

خۆت بیرت لەوە کردەوە ماڵ پێکەوەبنێی یان مامەت وتی ؟

بەخوا خۆشم بیرم لێکردەوەو مامەشم گوتی ئیتر چاوەروانی ئەوان مەبە ژنێک بێنەو بۆخۆت دابنیشە . منیش هەروام پێباش بوو.

هاوسەرەکەت خزمی خۆتە ؟

نا خزمم نیە من تەرخانیم و ئەو باشکیە. ئامۆزام بوو بڵێم نەمبوو بەڵام تەبیعەتم نەدەچووە سەریان چونکە من لەگەڵیاندا گەورە ببووم وەک خوشکم وابوون . بۆیە لەخزمەکان خۆم نەمهێنا .

گونجاون بەیەکەوە ؟

لە خوابەزیاد بێت عەیبمان نیەو کیشە لەنێوانماندا نیە .

---

36 لە دیدارەکەدا تەها دەڵێت موالیدەکانیان نازانم بەڵام لە کتێبەکەی ئیسماعیل هەناریدا موالیدەکانیان نوسراوەو من موالیدی ئەنفالکراوان و منداڵەکانیانم لە کتیبی تاقانەکانی جینۆساید وەرگرتووە . هەرچەندە ناوی عەتای برای تێدانیەو ناوی باوکیان هەیە لەکاتێکدا باوکیان ئەنفال نەکراوە بەڵکو ساڵێک پێش ئەنفال مردووە .

منداڵتان هەیە ؟

بەڵێ سێ منداڵم هەیە دوو خزمەتکاری تۆو کچێکم هەیە ؟

بۆچی ئەوەی کوربێت دەبێت خزمەتکاربێت ؟

بە پێکەنینەوە دەی بێژم چی بەڵێ دوو کوروکچێکم هەیە .

ناوەکانیانم پێبڵێ ؟

ئاکام و مانی و نیگار .

تەمەن دریژبن و لەئامێزی خۆتاندا گەورەبن بەڵام مانی واتای چی ؟

بەو قورئانە نازانم .

باشە گەورەکەیان تەمەنی چەندە ؟

بەوقورعانە ئێستا نازانم چونکە خوێندەواریم نیە من ئەوشتانە نازانم.

لەجی کاتێکدا هەست بەدڵتەنگی دەکەی ؟

مـن بە زۆری لە جەژنەکانـدا هەست بە دڵتەنگـی دەکەم .

ئێستەش هەروایت یان ئەوساتانەی ماڵ ومنداڵت نەبوو ؟

ئێستەو ئەوکاتەش ئێستەش جارجار بێتاقەتی دام دەگرێ بەزۆری لەشەواندا.

ئەی چی دەکەی کە بێتاقەت دەبیت ؟

هەلدەستم جگەرەیەک دەکێشم وئەگەر زوو بێت تەلەفۆن بۆ کاک سەباح دەکەم دڵم باش دەبێت.

زۆر لەتاقانەکان قسەیان بۆکردووم هەموشیان موسوڵمانن بەڵام حەزناکەن جەژن بێت.

بەخوا من زۆر بێتاقەت دەبم، لەبەرئەوەی دەبین خەڵک خوشک وبـراو کەسوکاریان دێن بۆلایان هەربـۆیە حەزنـاکەم جەژن بێـت، بەلام لەبەر خـاتری منـداڵەکانم دەری نـابڕم ولەدڵـی خۆمـدا دەیهەڵمەوە.

کاک تەها زۆربەی ئەو خوشک وبرایـانەی وەک بەرێـزت تەنیـا بـوون وبەهـۆی ئەنفـالەوە کەسـوکاریان لەدەسـتداوەو خۆیـان تاقەبـاڵ مـاونەتەوە هەست بەبێکەسـی دەکەن بەتـایبەتی لەکاتی کێشەدا .

بەڵێ ئەرێ بەخوا بیکەسین .

بەڵام بـۆچی بیرتـان لەوە نەکـردووتەوە کە هەرخۆتان ئەو کۆمەڵەکەسەی وا ئەنفال تەنیـای کردوون ببنە خوشک وبراوکەسی یەکتری ؟ ئایا ئەوە باشترنیە ؟

با زۆر باشە واللە بیرمـان لێنەکردووەتەوە بەڵام ئەگەر ببێ شتێکی باشە .

ئەی بۆ بیری لێناکەنەوە ؟

جا واللە بڵێم چی ؟ شتێکی باشە ئەگەر وابێت .

ببـورە بامەبەسـتەکەم رونتـر بـکەمەوە ئەگەر رێکخراوێـک یـان کەسـێکی وەک کـاک سـەباح تەلەفـۆن بـۆ هەمووییـان دەکـات و لە شـوێنێک کۆیان دەکاتەوەو دەڵێت : باهەموومان بەیەکەوە نانێک بخۆین یان سەیرانێک بکەین بۆ سەرتەکی بەمـۆ لەوێ پەیمـانێکیش دەبەسـتین کە ئیتـر براوخوشک وپشت وپەنای یەکتری بین ؟

بەوخـوایە دایـمە بیـر دەکەمەوە دەڵـێم خـۆزگە رۆژێـک هەموومـان پـێکەوە کۆدەبـووینەوەو بەیەکەوە سـەیرانێکمان دەکـرد یـان دەردەچـووین بەملاوئەولادا .

دەی کەوایە بابیری لێبکەینەوە .

بەخوا برا هام لەگەڵتا کارێکی باشە.

بەڵام لەسەر حساب وگیرفانی خۆتان چاوەروانی حکومەت و رێکخراوەکان مەبن .

کـورە ئائـا بەپـارەی گیرفـانی خۆمـان خۆشـە . بەخـوا ئەوە شـتێکی خۆشـە جـاری واهەیە لەگەڵ کاک سەباح دەچوین بۆ هەولیر ئەمـلاو ئەولا زۆر خۆش بوو .

کاک تەها منداڵەکانت بەچیرۆکی ژیانی تۆ دەزانن ؟

بەڵێ دەیزانن بەتـایبەتی کەنیشکەکەمان گەورەیە .

باشترە کە گەورەبوون بۆیـان بـاس بکەیـت . بـا هەموو نەوەکانمان میژوی باب وباپیرانیان بزانن . بە بروای تۆش باشترنیە بیزانن ؟

بێگومـان باشـترە بۆیـان بـاس دەکەم . هەمـوو جارێک کەنیشکەکەمان دەپرسێ باوە مامەم کوانێ دایەلـێم و بـاوەلێم کـوانێ ؟ منـیش دەلـێم ئەوان ئەنفالکراون و بۆیان دەگێرمەوە .

تۆ پێتخۆشە یادی ئەنفال بکرێتەوە ؟

بەڵێ پێمخۆشە ئەی چۆن .

پێتخۆشە چۆن یادی ئەنفال بکەینەوە ؟

بەخوا بیـژم چـۆن بێت حـورمەت لە کەسـوکاری ئەنفال بگیرێت. هەر بـۆ مەسـەلەی نەتەوەییمـان باشە.

پێتچۆنە لەیادی ئەنفالدا هەموو خـوێن رشـتنێک رابگـرین ؟ لەو رۆژەدا هـیچ ئـاژەڵ وپەلەوەرێـک سەر نەبردرێت ؟ تەنانەت لە چێشتخانەکانیشدا گۆشت نەخورێت ؟

ئەی لەوە باشـــتر هەیە والـــلە زۆر جـــوانە لەبەرئەوەی منداڵ زۆر لەبرسان مـردن مـن نەنکـم دایکـی دایکیشـم ئەنفـال بـوو، لە نوگرەسـەلمان گەرایەوە بـــۆی دەگێـــرایناوە کەچەنـــدین منـــداڵ لەبرسان مردوون .

ببورە نەنکت ناوی چییە ؟

ناوی پیرۆز حەمە سەعید.

خەڵکی کوێ بوو ؟

خەڵکـی سـەرچەمی قەرەداغ بـوو ئـاخر مـن دایکـم قەراغیە ئەو بۆی دەگیرایناوە .

بیـرورات بەرانـبەر تاوانبـارانی ئەنفـال چیـیە سزابدرێن یان لێیان ببورین ؟

مـن حەزدەکەم ئەوەی جاش وموستەشـارە دادگـایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن.

تۆ داوای دادگایی کردنیان دەکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدانیت پەلامـار بـدرێن و لەتـۆڵەی کەسـیدا بکوژرێن ؟

نانا من داوای دادگایی کردنیان دەکەم .

کاک تەها من هیچم نەماوە ئەگەر بەریزت شتێکت هەبێت بیڵییت یان شتێک کەمن نەم پرسی بێت و خۆت پێت باشبێت بیڵێیت ؟

منـــیش هـــیچم نـــیە زۆر زۆر سوپاســـت دەکەم ومەمنونم .

نا هەموو خەڵک قەرزداری ئێوەیە.

زرسوپاس و زۆر بەخێربێیت پێمـانخۆش بـوو ئەم چاوپێکەوتنە.

ئەنفالکراوەکان بریتین لە:

1. رەیحان حەمە سەعید لەدایکبووی : ١٩٥٢
2. ئەفتاوعەزیز لە دایکبووی ١٩٧٤
3. دارا عەزیز لە دایکبووی ١٩٨٣
4. حەسەن لە دایکبووی ١٩٨٥
5. عەتا عەزیز لەدایکبووی نادیارە.

سوپاس گوزاری دزان .

ئەنفـال ئەو پرسـەیە وای لێکـردووم، لەبـری گریـان بیـر لە ئاسـودەیی بکەمەوە بیـر لەرابـوردوو ئایندەی گەلەکەم بـکەمەوە، لەبـری تـۆڵە بیـر لەرێگـای لێبـوردەیی بـکەمەوە، چـونکە جنێـودان بە تـاریکی هـیچ ئازایەتیەکی تێدانیە، بەڵکو باشـترین چـارە ئەوەیە کە لەبەرانـبەر تاریکیـدا مۆمێک هەڵـبکەین، ئەوەی مـن لەبارەی کۆمەڵکوژی ئەنفالەوە دەیزانم، تاوانێکە هیچـی لە هۆڵۆکۆسـتی جولەکەکـان وجینۆسـایدی ئەرمەن کەمتر نیە، بەڵکو لە ئەنجامدا بریـنەکەی لەهی ئەوان قوڵترە. بەتایبەتیش کاتێک دەبینـین جـولەکە دەرفەتە رەخساوەکانیان لەدەست نەداو خۆیـان لەسـەر بنیاتنـایەوە، سـەرئەنجام چـوونە نـاومێژووەوە بـوون بەو هێزەی دنیا حسابیان بـۆ دەکـاو لەسـۆنگەیەوە تۆمەتبـارانی تـاوانی هۆڵۆکۆست هەتـا ئێستاش خۆیـان بە چەندین شێوە شوناس وناسنامەی خۆیان دەگـۆڕن و خۆیـان لە دەزگـای مۆسـادو جولەکەکـان دەشـارنەوە، یەکێک لەوانە ئەدۆلف بوو کە دوای ئەوەی لە سێ وڵات جێگـۆرکێی کـردو سـێ جـار ناسـنامەی خـۆی گـۆڕی بەڵام لەدەست (سیمۆن وایزنتـاڵ) رزگـاری نەبـوو، هەر دۆزرایەوەو سزادرا! کەچـی تۆمەتبـارانی ئەنفـال لە ناودام ودەزگا ئەمنی وهەواڵگرییەکانی کوردستان . پلەوپایەیان پێدراوە .

بڕوام وایە هەر میللەتێک مێژووی نوسـراوی خـۆی نەبـێ و یـادەوەری نەبێت هەر لە پەراوێـزدا دەمێنێـتەوەو ناتوانێ چێژی ئازادی و دادپەروەری بکات. بۆیە بە ناچاری چێژ لە کۆیلایەتی خۆی دەبینێ و بە دەستکەوتە بچوکەکان سەرسام و شاگەشکە دەبێت . من ئێستا دۆخی کورد بەتایبەتی لەباشور لەو بارە خراپەدا دەبینم، کاتێک گـایەکی لێـدەدزن بە گـوڵمە گۆشـتێک لە گـا دزراوەکەی خـۆی خەنـی دەکەن و دەیـخەنە سـەرچۆکان وسوپاسگوزاری دزان دەبێت.

دەوڵەتیان دەوێ، بەڵام باسی جینۆساید ناکەن !

عومەر محەمەد – ٢ی تەموزی ٢٠١٤ – سلێمانی



ئەم وتارەم ساڵی ٢٠١٤ مانگێک بەرلەهێرشی داعش بۆسەر شەنگال نوسیوە، ئەوسا لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕی هاوڵاتی و ماڵپەڕی ئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە، لە ئێستادا بڵاوکردنەوەی بە پێویست دەزانم، جارێکی تر بڵاوی بکەمەوە، بەڵای کەمەوە بۆئەوەی کەسیش تۆمەتبارم نەکات بە خائین و لایەنگری دەوڵەتی عێراق کە نەئەوساو نەئێستاو نەداهاتووش بەشایانی ئەوەی نازانم مرۆڤ لەسایەی یاساو دەستورەکەیدا بژی و سەرۆکە تۆتالیتارەکانی هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لە بنەماکانی مافی مرۆڤەوە دورن .

سەیرە! میللەتێک زیاد لە جارێک جینۆسایدکرابێ و ئەم دۆسیێیە گرنگە نەکاتە ئارگۆمێنتی ئازادیی و سەربەخۆیی! کەچی لەبەرانبەردا سیاسیەکانی قسەی بێ بنەما بهێننە پێشی و دۆسیێی جینۆساید فەرامۆش بکەن؟! کاتێک ڕۆشنبیران وسیاسەتمەدارانی کورد دەبینم ولە قسەونوسین ولێدوانە کانیان ورد دەبمەوە تەواو نائومێد دەبم، سەرم سوڕدەمێنێ لەو بێئاگاییەی لەمەڕ مافی مرۆڤ و قەرەبووی جینۆسایدوکۆمەڵکوژی کورد هەیانە؟ ئاخر ئەگەر هەرلەسەرەتای ڕاپەڕینەوە بەتایبەتی لەکاتی دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا هۆشیاری بەرانبەر پەیمانە نێودەوڵەتیەکانیان هەبوایە و دۆسیێی جینۆساید بەهەند بگیرایە، ئێستا ململانێکان لە عێراقدا لە ئاستێکی تردا دەبوون و کوردیش سەنگێکی ترو پێگەیەکی گرنگتری دەبوو . دەنا کازم سەیادی چۆن جورئەتی دەکرد لە گرنگترین ناوەندی دەوڵەتدا بڵێت سەرتان پان دەکەمەوە ؟! ئەو شەکرە دژ بەهەرنەتەوەیەکی تر بشکێندرایە بەتایبەتی لەناوهۆڵی پەرلەمان ئیستا دنیایان لێ پرکردبوون . کەچی ئەفسوس دەبینم قسە گەلیکی ناپێویست لەمەرسەربەخۆیی ودەوڵەت دەهێنرێنە پێشەوە، کەچی عەجایەب ئەوەی پێویستە بکرێت و بوترێت فەرامۆشی دەکەن ! ئاخر ناشێت تۆخەیاڵی دروستکردنی دەوڵەت وسەربەخۆیت هەبێت و دۆسیێی جینۆساید فەرامۆش بکەیت، جینۆسایدیش چۆن ؟ زیاد لە جارێک و سەلمێنراو لەدادگا ! من کە هەرگیز بەو وەهمە بە پیر دەوڵەتەوە ناچم کە ئازادیم بۆ دێنێ، بەڵکو دڵنیام لەو ڕاستیەی کە هەرگیز دەوڵەتی کوردی ئازادی بۆ هاوڵاتی کورد ناهێنێ، بەدڵنیاییەوە کورد فریشتە نیەو نابێتە شتێکی جیاواز هەروەک دەوڵەتەکانی دراوسێ دەبێتەوە بەشێک لەسەرکوت ئەودەوڵەتانەی هەرگیز نەیانتوانیوە ئازادی بۆ هاوڵاتیەکانیان دابین بکەن، بەڵام دەوڵەت بۆ کورد پێویستە لەبەرئەوەی لە پەلامارى قڕکردن و جینۆساید بپارێزی. کورت و کرمانج من هیچ خۆشخەیاڵیەکەم بە دەوڵەتی کوردی نیە کوردستانم بۆ بکات بە بەهەشت و هاوڵاتیەکانی لە یەکسانی و داد پەروەریدا خەنی بکات، بەڵام ئومێدی ئەوەم پێی هەیە لەو ملهوڕییە ترسناکانە بپارێزێ کە نەک بەدزییەوە بەڵکو بە ئاشکراو بە پێشچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە جینۆسایدیان کرد و گازی کیمیایان لەدژی بەکارهێنا و ئێستاش لەدوای ڕوخانی حکومەتە دکتاتۆرەکەی سەدام حوسێن دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژیان و کەرامەتی و باس لە جینۆساید کردنەوەی دەکەن، بێگومان ئەمەش نەک هەر لەلایەن گروپە توندرەو یاخیەکانیانەوە، بگرە لەلایەن زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی عەرەب وشاعیرو

سیاسەتمەدارانیشیانەوە لەلایەن پەرلەمانتارانیشیانەوە کە تازەترینیان لە ناوهۆڵی پەرلەمان و بەپێشچاوی کامیراوە بوو ! دەڵێن و وتویانە (بەنەوتی کەرکوک دەتان سوتێنین، سەرتان پان دەکەینەوە) لەپاش ئەوەش بە ئاشکرا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مالیکی لە رۆژی ٣ی تەموزی ٢٠١٤ ووتی باسکردن و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان قبولکراونیەو ئاژاوە دەخاتە ناوچەکەوە، ئەم قسە هەڕەشە ئامێزانەی مالکی زیاد لە وەڵامێکی پێویستە مەگەر ئێستا ناوچەکە لەسایەی دەسەڵاتی بەرێزیاندا بێ ئاژاوەیە ؟ هەتا جورئەتی وەها قسەیەک بکەیت ؟ مەگەر پێشتر کە کورد بە ناسەربەخۆی لەگەڵتاندا ژیاوە هیچ رێزێکی لێگیراوە ؟ ئەگەر سەدام و ڕێژیمەکانی پێشوو کۆمەڵکوژیانکردووە ئێوە هیچ هەستان بە بەرپرسیارێتی کردووە و دەسەڵاتی ئێوە داوای لێبوردنی لێکردون و هیچ قەرەبووەیەکی مادی و مەعنەوی کردووەتەوە ؟

هەموو لایەک چ خۆمان و چ دەسەڵاتدارانی عێراق باش دەزانین کە کورد بە تۆپزی بەعێراقەوە لکێندراوە و ئەگەر ریفراندۆم و هەڵبژاردنی ئارەزومەندانە هەبێت ئەوا کورد لەگەڵ عێراق ناژی، ئەوەندەی لەناو خەڵکدام و تێگەیشتووم ئەوە رای زۆربەی دانیشتوانی کوردستانە و مەگەر بەدەگمەن دەنا پێموانیە کورد مەیلی ئەوەی هەبێ لەگەڵ بەرێزتانداو لە عێراقێکدا بژی کە هیچ مافێکی هاوڵاتی بوونی پارێزراونەبووە و هیچ بەهایەکی ئینسانی بۆ کورد قایل نەبوون، ئەمەش قسەی گیرفان و رملێدان نیە بەڵکو راستیەو ریفراندۆمی ساڵی ٢٠٠٥ سەلمێنەری ئەم راستییەیەو نزیکەی لەسەداسەدی خەڵکی کوردستان دەنگیان بەسەربەخۆیی دا ئەمەش لەکاتێکدا بوو، سەرکردەی حزبەکانیش یەکێتی خاکی عێراقیان دەویست نەک جیابوونەوە!.

رەنگە هەرلەبنەرەتەوە دەستەواژەی یان تێگەیشتنی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق تێگەیشتنێکی نا تەواو نالۆژیکیش بێت لە راستیدا باشتر دەبێت ئەگەر عێراق دەستبەرداری کوردستان بێت و لێی جیابێتەوە، چونکە لە بنەرەتەوە ئەگەر بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان نەبوایە شتێک نەبوو لەم ناوچەیە بە ناوی عێراق، واتا عێراق نەپێش کوردستان هەبووە و نەخراویشتە سەر کوردستان، بەڵکو کوردستان وڵاتێکی گەورەی دابەشکراوە و بە زۆرەملێ عێراقیان دروستکردووە بەشی باشوری کوردستانیان پێوەلکاندوە. بە کورتی کوردستان بەشێک نیە لە نەخشەی ولاتانی عەرەبی و بەشێک نیە لە عێراق هەتا لێی جودابێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق و ئیستاش هەمیشە نوێنەرایەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی کوردووە و هەموو ئەو پێکهاتانەی تری بەچاوی سوک و دور لە بەهای هاوڵاتێتی تەماشاکردووە. خاکی کوردستانی وەک بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی بینیوە، هەڵبەت ئەوەشی بە زەبری هێزو سەرکوتانەوە بووە، تاوانی گەورەیان ئەنجامداوەو ستەمکاریی دەوڵەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان سنوری تاوانی ئاساییان بەزاندوەو ترازاونتەتە ناو تاوانی نێودەوڵەتییەوە(تاوانی کۆمەڵکوژی، تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی) ئەمانە کارنامەی حکومەتەکانی عێراق و رەفتاری هەمیشەیی دەوڵەت و حزبە شۆڤێنیەکانی ناوچەکە بوون، هەمیشە بەشێکی زۆری داهاتی ولاتی بۆ سوپاو دەزگا سەرکوتکەرەکانی خەرج کردووە، هەربۆیەشە خاوەنی سوپای پرچەک بووەو ئەفسەروجەنگاوەری دڵرەق و توندرەفتاری بەرهەمهێناوە، لەبری پاراستنی نیشتمان وێرانی کردووەو لەبری پاریزەری هاونیشتمان زەبروزەنگی بەکارهێناوەو بۆهەر نارەزایەتیەکیش سوپای وەک ماشێنیکی سەرکوت و خوێن رشتن خستوەتە گەڕو پەلاماری درندانەی خەڵکیانداوە، چەندین جار کوردیان خستووەتە هەلومەرجی ترسناک و لێواری پاکتاوی یەکجارییەوە، گازی کیمیاییان بەسەرداکردووە، سیاسەتی تەعریب و سرینەوەی ناسنامەو دەستبەردارنبوون لە ناسنامەی نەتەوەییان لەگەڵیدا پیداکردووە، ئەنفالیان کردووە، ٦ دۆسێی بەفەرمی لە دادای بالای تاوانەکان بەتاوانی جینۆساید یەکلایی کراونەتەوە. ئیتر کورد متمانە بەچی عێراق و بەکێی و بە کوێی عێراق بکات ؟عێراقێک نەسیاسەتمەدارەکانی و نەرۆشنبیرەکانی و

نەکەســـــایەتیە کۆمەڵایەتیەکـــــانی شـــــەرم لەو جینۆســـایدە ترســـناکانە نەکەن دەرهەق بەکـــورد ئەنجامدراون ئیدی پێکەوە ژیان چ واتایەکی هەیە ؟ سەرکردایەتی حزبەکانی کوردستان، ئەگەر دۆسێی جینۆساید وەک تـاوانی دەوڵەتـی عێراق نـابینن و هەرکێشـەی دارایـی وگرفتـی نەوت و غـاز ببیـنن، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقدا تەنها کێشەی بودجەو نەوت و داراییـان هەیە، باشـتر وایە خۆیـان بـبن بەعێراقی ودەستبەرداری کورد ببن و چیتر مامەڵە بە دۆسێ سیاسـیەکەیەوە نەکەن، میللەتێک کە تەنهـا لەپەلامارەکـانی ئەنفالـدا بە سـەدان هەزار مرۆڤـی لەبیابانەکـانی خـواروی عێـراق کۆمەڵکـوژکراون و هێشتا حکومەتەکەی مالکی ئەرکی ئەوەی نەکێشاوە تەرمەکانیـان بگێـرێتەوە بـۆ کوردسـتان . کەواتە کێشەکەی سیاسیە و پێویستی بەچارەسەری سیاسی هەیە.

٢٠١٤/٧/٢ – سلێمانی

سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەرپرسە لە رووداوەكانی خورماتوو.

ئەنفالستان

ئەوەی حەشدی شەعبی لە خورماتوو ئەنجامیداوە، بە هەمـــوو پێوانەیەک، تـــاوانی جەنـــگ و دژە مرۆڤـایەتین، ئەگەر خەڵکـی خورماتوو، سـەیارەو ئامێری گواستنەوەیان لەبەردەستدا نەبوایە بێگومان قەوارەی تاوانەکە گەورەترو ژمارەی کوژراوەکانیـان زیـاتر و دەسـتدرێژی سێکسـیش زیـاتر دەبـوون، ئەوەی لێـرەدا پێویسـتە سـەرنجی بـدەین ئەوەیە عێراق هێشتا قەرزداری ئەنفال وهەڵەبجەیە، کەچـی تاوانی خورماتووشی ئەنجامدا.

هێزەکانی حەشدی شەعبی میلیشیایەکی مەزهەبیەو گوزارشـت لەهەمـــوو عێراقیەکـــان نـــاکەن، بە پێچەوانەوە ئەو هێـزە هێندەی نمایندەی ئێـران و ئاخونـدەکانی عێـراقن، دەهێنـدە دژایەتیـان لەگەڵ گروپەکانی تری عێراق هەیە، بەتـایبەتیش دژایەتـی خۆیان بۆ کوردو سوننەی عەرەب ناشارنەوە، بـۆیە تاوانەکـانی ئەم میلیشـیایە لە گروپێکـی مەزهەبیـدا کـورت نـابێتەوە بەڵکـو پەڵەیەکە بە نـاوچەوانی دەوڵەت وحکـومەتی عێـراقەوە. لەبەرئەوەی بەلای کەمەوە حەشد بەهۆی زۆریانەوە شیعەکانی عێراق لەپەرلەمـــان ڕەســـمییەتیان پێـــداوە، ئەوهێـــزە بەتەنیشت سوپای عێراقەوە یـاخود لە پێشیانەوە لەشکرکێشی دەکات، ئەوانیش بە فەرمـانی سـەرۆک وەزیـران حەیـدەر عەبـادی دەجـوڵێن کە هاوکـات فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە.

بێگومان تاوانی هەرە گەورەش لە ئەستۆی حەشد و ئەو چەتـرە مەزهەبیـیەیە بـۆ ئەم جـۆرە ڕەفتـارە کۆکوژییانە دابینکراوە، بـا تەنـانەت پاساویش بـۆ ئەوە بهێنێـتەوە گـوایە ئەم حەشـدە پەیوەنـدیی ڕاستەوخۆی بە فەتـوای جیهـادی کەفـائیەوە نیـیە، یان گوایە ڕەفتاری ئەم گروپ و ئەو گروپی حەشد، لاساری و لەڕێ دەرچوونە.

ئێستا دەبێت جامیعەی عەرەبی وەڵامی ئەو پرسیارە بـدەنە داخـۆ کوردەکـان تاوانیـان چیـیە لە نێـوان ململانێـی سـوننەو شـیعەدا ؟ هەرچـی سـوننەکانن بانگەشـەی سـەربرینی کـوردو شـیعە و هەرچـی شیعەکانیشـن بانگەشـەی کوشـتنی کـوردو سـوننە دەکەن ؟ تـــاوانی ئەنجامـــدراو لەلایەن داعـــش لە شـەنگال و حەشد لە خورمـاتوو، هـیچ نـیە جگەلە سـەرچاوەی بیـری نەتەوە پەرسـتی و دەمـارگیری مەزهەبی و پاساوی حکومەتی ناوەندیش هەرچییەک بێت، هیچ لەو ڕاستیە کەم ناکـاتەوە کە هەموویـان لەیەک بیـری تەسـکی نەتەوەیـی ومەزهەبـیەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەش پەڵەیەکی ڕەشە بەتەوێڵـی دەوڵەتـی عێـراقەوە کە لە عێراقـی دوای سـەدامی دیکتـاتۆرو حزبی بەعس، نەیـانتوانی دەسـەڵاتێکی باشـتر لەویـان هەبێـت و نەیـانتوانی حکومەتێـک دابمەزرێنن کە هەموو پێکهاتەکان لێی بەهەرمەنـدبن و شکۆو بەهای هاوڵاتی خۆیان ببینن.

ئەنفال و یادەوەری ڕوخاندنی گوندەکەمان

سمکۆ سابیر شەریف



ئەو ڕۆژەی بەعـــس بەبەرچـــاوی خـــۆمەوە، خاپووری کرد.!

لە بیرمە، ٨/٥/ ١٩٨٨ کات پێش نیوەڕۆ بوو، موشـــیر کە هاوگونـــدی و هـــاوڕێی منـــاڵێو قوتابخـــانەم بـــوو، بەپەلە لەگونـــد گەڕابـــۆیەوە بۆشـــاری هەولێـــر، هـــات بـــۆلامو بە پەشـــۆکاوی پێیگـــووتم؛ هەســـتە خەریکـــی چیـــت؟ حـــاری و چ و خوێندنی چی ؟ جەیشو جاش گەیشتنە مەلا عومەرو گونـــدەکەمانیان ڕوخانـــد. جەیـــش وجـــاش لە مەلابانگـــدانەوە گەمـــارۆی گوندیانـــداوە!.ئەو هەواڵە بۆمن چاوەڕوان نەکراو بـــوو، مانگێک زیـــاتر بـــوو، نۆغەرانو قەرەیاتاغو قەڵاتە سۆران. کەسێ گونـــدی نزیک یەکتری بوون، لە ناوچەی شەمامک ، تەخت کرابـــوون، بڕیـــاری تەختکـــردنو ڕوخانـــدنی مەلاعومەریش لەگەڵ ئەو گوندانەدا بوو، بەڵام خاڵم عەبدولڕەحمان عەلـی کە موختـاری گونـدەکە بـوو، لەگەڵ چەند کەسێکی تـر هەوڵیـان دابـوو بـۆئەوەی ڕوخـــانی گونـــدەکە ڕابگـــرن و نەهێڵـــێن بەدەردی گوندەکانی تر بچێت. بۆیە بەحەپەساوی بەموشیرم گـوت: بەچـاوی خـۆت دیتـت، یـان گوێـت لێبـووە.؟ ئەوداماوە، بە هەناسە ساردی گـووتی: کـاکە باسـی چـــی دەکەی، دەبابەکـــان ئەوەنـــدە زۆر بـــوون، نەمتـوانی بیـانژمێرم ،ئەوە باسـی جەیـشو جـاش هەرمەکە، هەموو جەیشو جاشی عێراق لەوێن ؟.

مـن ئەو کـات خوێندکاری قۆنـاغی سێی ناوەنـدی بووم،لەقوتابخـانەی قەندیلی کـوڕان،کە دەکەوێتـە گەڕەکـــی ئیســـکانی شـــاری هەولێـــر، ســـەرقاڵی سەعیکردن بووم بۆتاقیکردنەوەکـانی کۆتـایی ساڵ کە پێیـــدەڵێن(بەکالۆریا).دوای گەیشـتنی هـاوڕێکەم خۆم ئامادەکردو بەپەلە لەگەڕەکی شۆڕشەوە چوومە گەڕەکی عارەبان،کەگەراجی خەبات،ئاسکی کەڵەکـی لـێ بـوو، لەتەنیشت مزگەوتـی شـێخی چـۆلی، کە گەیشـــتمە گەراجەکە، بەســـواری پاســـێکی یـــانزە نەفەری کە پێیـــان دەگـــووت؛(راف)،هەروا جـــێگەی یـانزە نەفەری دەگرت،هەندێک جـاریش شـۆفێرەکە نەفەرێکی زیاتری هەڵدەگرتو دەیخستە سەر پـارچە پلێتێـــک کەلەنـــاوەوە مەکیـــنەی ســـەیارەکەی داپۆشیبوو، مەکینەکە لەتەنیشت شوفێرەکە بـوو، جا لەبەرئەوەی مەکینەکە زۆر زوو گەرم دەبـوو،کەم کەس دەبـوو،بەو شـوێنە رازی ببێـت. چـونکە ئەو کەسـە لەشـەرما زوو لەبەر گەرمـی شـوێنەکە خـۆی بەرزدەکردەوە،دیـار بـوو گەرمیـیەکە نـاڕەحەتی دەکـرد. دوای زیـاتر لەنیـو کـاتژمێر ئەو ڕێگـایەی هەولێربـۆ قەزای خەبـات کە دەکەوێـتە نێـوان پارێزگـای هەولێـرو موسڵ ،تەواوبـوو، بەڵام چـۆن تەواو بوونێـک،ئەو ڕێگـایە نەدەبڕایەوە،کۆتـایی نەدەهات. تالەئاسکی کەڵەک،نزیک دەبـومەوە دڵـم خێراتر لێیدەدا،ترسی زیاترم لێدەنیشت.پەشۆکاوی بەروخسارمەوە زیاتردەبوو.ئـاخر گونـدێک نـزیکەی نۆسالّ ژیانم تێدا گوزەراندووە،خۆشی و ناخۆشیو تاڵوسـوێریوچەندین بەدبەختیمـان لەو گونـدە بینیوە.بەشـێکی زۆری منـاڵیشـم هەرلەو گونـدە بردۆتەســـەر. جـــگەلەوەی تادەهـــات ژمـــارەی دانیشتوانەکەشـی زیـاتر بـوو،نزیکەی ١٥٠مـاڵیش دەبوو، هەروەها سروشتەکەی چەندین تایبەتمەندی هەبوو؛بۆنمونە،نزیـک قەزای خەبـات بـوو.پێگە جوگرافیەکەشـی زۆرلەبـار بـوو بۆکشـتوکاڵو

ناوچەیەکی ئاوەدان بوو، هەمیشە سەوزبوو، تەنها یەک کیلۆمەترو نیویش لەزێی گەورە دووربوو، هەروەها لەگەورەترین شوێنی گەشتیاری نزیک بوو کەدارستانەکەی ئاسکی کەڵەک بوولەسەر زێی گەورە .بەتایبەتیش لەنەورۆزی هەموو ساڵێک هەرچۆنێک بووایە، دەبوایە ئەو رۆژە لەگوندەوە خۆمان بگەیەنینە غاباتەکەی کەڵەک، چونکە لەهەموو لایێکەوە، بەتایبەتیش شاری هەولێرو موسڵ بەرەو ئەو غاباتە دەهاتن ..ئەودارستانە، کەبەغابات ناسرابوو، تەمەنی لەسەرووی ٣٠ ساڵ زیاترەبوو.هەمووئەو یادەوەرییانەی باسمکرد تائێستا لەگەڵمدا دەژین.لەڕێگە بەدەم خەیاڵو بیرکردنەوە لەو چەند ساڵەی کە لەو گوندەژیابووم. خۆشیو ناخۆشییەکان وەک شریتێکی سینەمایی ڕەشو سپی بەبەرچاوم تێدەپەڕی.ئێمە ئەگەرچی پێشتر لەگوندی (نۆغەران) بووینو دواتر بەهۆی باوکمەوە نۆغەرانمان جێهێشتبوو هاتبووین بۆمەلاعومەر.چونکە باوکم لەفەرمانگەیەکی کشتوکاڵی قەزای خەبات دامەزرابوو.ڕۆژانە لەنۆغەرانەوە بەسواری ئەسپ دەچوو بۆدەوامو ڕۆژانەش دەگەڕایەوەنۆغەرانو ئەو هاتوچۆکردنەش لەچوار وەرزی ساڵدا زۆر شەکەتو هیلاکی دەکرد.بۆیە ماڵەکەمان گواستەوە بۆمەلاعومەر. کەمانڵی باپیرەم لەو گوندە بوون، ئەوانیش خانوێکیان بۆ ئێمە دۆزییەوە بەسەدو پەنجا دیناری ئەو سەردەمە.بۆیە ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بوو، بۆئەوەی باربکەین وئەو بڕیارەبدەین.ئەو گواستنەوەیە بۆمن زۆر خۆش بوو، چونکە بەمنانڵیش هەموو ساڵێک دوای تەواوبوونی وەزری خوێندن لەو چەند مانگەی پشووی ساڵ، زۆربەی ڕۆژەکانم لەمەلاعومەر دەگوزەراند، نێوان مەلاعومەرو نۆغەران نزیکەی چل کیلۆمەترێک دەبوو، کاتێکیش باوکم بەسەردانی دەچوولەگەڵی دەڕۆیشتموئەو کاتەی لەوێشبومایە، ئەوە ناچاردەبووم خۆم بشارمەوە تاباوکم دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی من نەگەڕێمە وە نۆغەرانو لەمەلاعومەر بمێنمەوە، بەڵام هەندێک جارئە کارەم سەری نەدەگرتو جارجارەش لێدانێکی باشم دەخواردوبەدەم گریانەوە سواری کەرەشین دەبووموەدواتر کەئەسپیشمان کڕی، منو باوکم بەئەسپ دەگەڕایەنەوە بەرەو نۆغەران. ئەویادەوەرییانە ئێستاش لەزهنی من ماونو بەئاسانی لەبیرناکرێن .بابێمەوە سەرباسەکەم؛ من ڕێگادەبڕم بەرەو ماڵوتەواونابێت، پێموایە هەرناگەمەوە گوندەکەم، هەرچۆنێک بوو پیکابێکی فەلاحی هاتو بەپەلە سەرکەوتم، ڕێگای قەزای خەبات بەرەو گوندەکە، دە خولەک زیاترنەبوو.بەڵام ترسو دڵەراوکێ ی منوئەوەی ئەو رۆژە ئاسایی نەبوو، ببوو بەرۆژی حەشر وەک باسی دەکەن، هەر ئۆتۆمبێلەو بەرەو گوند دەچێتو ئەو ناوەش لەبەر سوپاو جاشو ئەو هەموو تانک و زرپۆشو ئیڤایە، شەڵەژاوی خەڵکیش لەو لاوە بوەستێت.دواجار گەیشتمە گوندو لەیەکەم دیمەندا، دایکوباوکو خوشکوبراکانم خەریکی بارکردنی ماڵەکەبوون، خۆشبەختانە هەموو کەلوپەلەکانیان لەنێو خانوەکەدەرهێنابوو.بۆئەوەی نەکەوێتە ژێر دارو پەردووی خانوەکە، ئەوەی بەلامەوە سەیربوو، سایەق شۆفەڵەکان، کەدەیانزانی خانوەکە کەلوپەلی تێدانەما، یەکسەر بەسەریەیکان دا دەڕوخاندو هەرشۆفەڵی چەند سەربازێک لەلای وەستابوونو چاودێری ڕوخانەکەیان دەکرد.خوشکوبراکانم، هەموویان دەموچاویان تۆزاوی بوو، دایکم منی بینی دەستی کرد بەگریان، ئەوانی تریش کز کز سەیرێکیان کردمو دەستییان کردەوە بەماڵ بارکردنوگەڕان بەدوای شتێک کەنەکەوتۆتە بەرچاویان، یان لەبیریاچووە بیخەنە پیکابەکەوە.

حەوشەکەی ئێمە بیرێکی شەش مەترو نیوی لێهەڵکەندرابوو، سەری بەپارچە تەنەکەیەک داپۆشرابوو.شۆفەلێک نەیزانیبوو.ئەوە بیرە، بۆیە دەکەوێتە ناوبیرەکەو تایەیەکی گیردەبێتو دواتر شۆفەلێکی تر دێت بۆئەوەی دەریبێنێت.ئەو کارەیان ماوەیەک دەخایەنێت، ئەوەش لەقازانجی ئێمەدا بوو.هەموو کەلوپەلەکانمان بەئاسانی دەرهێنا، کەهەموو ماڵەکەمان بەیەک پیکاب بارکرد.لەهەموو لایێکی گوندەکەش دەنگی تەقینەوە دەهات، ئەو دیمەنانەشم وەکو خۆی

لەبیرماون، بەتایبەتیش کەگەیشتمە گوندەکە قوتابخانەکەیان تەقاندەوە، سەقفەکەی چووە ئاسمان، لەگەڵ هاتنە خوارەوەی سەقفەکە، وەک دیمەنی فلمێکی سینەمایی دەهاتە پێشچاووم.بەڕاستی جوڵەیەکی زۆر سەیربوو.دواتر مزگەوتەکەیان تەقاندەوە بوو بەدەنگە دەنگ، بیستم لەکاتی تەقاندنەوەی مزگەوتەکە، سەربازێک زۆر نزیک بووەو پارچەی بەردو ئاسنی بەرکەوتووەو گیانی لەدەستداوە.ئەو رۆژە، گوندەکە هەموو جۆرە کەسێکی تێدا بەدیدەکرا، کەسانێک بۆهاوکاری خزمو کەسوکارەکانیان



هاتبوونەگوندەکە، خەڵکی گوند، جاشو سەرباز، تیمی تایبەت.ئەوەندەی لەبیرم مابێت گوتیان جاشەکانی سێ فەوج بەشداربیان لەو هەڵمەتەدا کردووە.چونکە پێش ئەوەی گوندەکە بڕوخێنن، لەمەلابانگدانەوە پشتێنەیەکیان بەدەوری گوندەکە دروستکردبوو.زۆرترین چەکدار کەلەناو گوندەکە دەبیندرا، جاش بووونو جلی کوردییان لەبەردابوو.!ئەو رۆژە زۆر بەزەییم بەحاڵی خۆماندا دەهاتەوە، ئێمە بەسروشت خێزانێکی هەژاربووین، سەیری روخساری لادێ نشینانەی خوشکو براکانم، دایکە فەقیرحاڵوبەسەرزمانەکەم کەلەژیانیدا دووجار شاری نەبینیبوو.سەریان سوڕمابوو، تامالەکەشمان خستە پیکابەمەوە، نەماندەزانی بۆکوێ بچین، خێزانێک خاوەنی چەند مناڵێکی وردوو شیرەخۆرەبێت.بۆدەبێت سوپای بەعس بەو شێوەیە مناڵی لێ وێران بکاتو لەزێدی خۆی دەریپەڕێنێت؟ئێمەخاوەنی مناڵێکی سادەو هەژارانەبووین، لەگەڵ سندوقێکی دارینە، بەرمیلەکانی نەوتو ئاوو قاپو قاچاغ نەبوایە، شتێکی ئەوتۆمان نەبوو، شایانی ئەوەبێت بۆشوێنێکی تر بیگوازیتەوە، بەڵام هەرئەوەندەمان هەبوو من لەشاردەژیام بارودۆخم لەوان باشتربوو، ئەوەش بەهۆی ئەوەی، ساڵێک بوو گەڕابومەوە بۆخوێندنو پاش دابڕانێکی سێ ساڵ لەخوێندن لەپۆلی سێیەمی ناوەندی بووم. جێگەو ژیانی من خۆش بوو، بەڵام بەزەییم بەمناڵەوە دەهاتەوە، کەئەبێت ژیانی ئەوان چۆن بێتو چۆن ئەتوانن لەقەزای خەباتو ئۆردوگای زۆرە ملێ دەتوانن بژین؟!هەموو ئەو بیرکردنەوانە زۆرئازاریان دەدام .بۆئەو رۆژەی مالەکەمان بۆقەزای خەبات گواستەوەوئیتر ژیانی گوند کۆتایی هات.روخانی ئەو گوندە، بەلامەوە زۆر جێگەی پرسیاربوو، کەبۆچی گوندەکەی ئێمە دەروخێتو هەردوو گوندی چەمەدووبزو سفەییە کەمەلاعومەر کەتۆتە نێوانیان، کەس دەستی بۆنابات‌وئەو گوندەی ئێمە بەو شێوەیە دەیروخێنن‌و لەگەڵ زەوی تەختی دەکەن.؟ حاجی مەحمودی داماو کەمالەکەی لەسەرووی ئێمەبوو، زۆر لەسایەقی شۆفەڵەکە پاڕابۆیەوەکەخانوێکی بچکۆلانەی بۆ بهێڵنەوەو هەمووی نەڕوخێنن، بەڵام ئەفسەرێکی عەرەب بەدەم جوێنو سوکایەتییەوە، شەقێکیش لەو سایەق شۆفەڵەدەداتو خۆی شۆفەڵە لێدەخوڕێتو هەموو خانوەکان وەکو یەک تەخت دەکات.مەلاعومەر٥- ٦ کیلۆمەتر لەقەزای خەباتەوە دوورە، کەوتۆتە سەرڕێگای خەبات- گوێڕو کەوتۆتە نێوان گوندی (سفەیە) و گوندی (چەمەدووبز). گوندی سفەیەی کاکەییەکان لەڕێگەی شێخ مەزهەر کاکەیی زوو فریای خۆیان کەوتنو نەیانهێشت گوندەکەیان

بڕوخێنـــــدرێت، چەمەدووبزیش بەهـــــۆی ئەوەی نزیکتربوون لەقەزای خەباتو هەموویان چەکداری ڕیـــژیم بـــوونو بەڕەوام دژایەتـــی پێشـــمەرگەیان دەکـــرد، کەوتنە دەڕەوەی بەرنـــامەو پلانـــی بەعـــس بۆروخانـــدنی، کەچی مەلاعـــومەر بەهەمـــان شـێوەی چەمەدووبز، چەکداربوونو تەنانەت چەند سەنگەرو ڕەبایەیەکیـــــــان بەدەوری گونـــــــدەکەدا دروستکردبوو، شـــــەوانەش ئێشـــک گـــری تێـــدا دەکراو، تەنانەت هەندێک جاریش بۆسـەو کەمینیـان بۆپێشمەرگەش دەنـایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گوندەکە چەندکەســـــێکی پێشـــــمەرگەبوو، کەلەناوچەکە هاتوچۆیان دەکردو چالاکیشیان هەبـوو، هەروەها ئەو ســـەردەمە چەنـــد مەفرەزەیەکـــی پـــارتی زۆر هـــاتوچۆی گونـــدەکەیان دەکـــردو زۆر جـــاریش دەناســـرانەوە، بەتایبەتیش زۆر جـــار ئۆتـــۆمبیلی مەدەنـــی هاووڵاتیانیـــان دەبرد، بـــۆیە بەخراپـــی ئەو هەواڵە گەیشـــتە دەزگـــا هەواڵگرییەکـــانی قەزای خەباتو پلانی ڕوخاندنەکەیان بۆئاسان بوو.چەند جارێکیش مەفرەزی پێشمەرگە دەهاتن بـۆ دەروبەری گوندەکەو ئاشکرادەبوونو ئەو زانیارییانەش وەکو خـــۆی دەگەیشـــتەی دائیـــرەی ئەمنـــی ڕیـــژیم لەخەبـــات.من لەســـەرەتادا باســـی ئەوەم بـــۆکردن کەخـــــاڵۆم عەبـــــدوڵڕەحمان عەلـــــی ڕەسوڵ، ناســـراوبەدەرۆیش عەبـــد، کەدەبیســـتن گونـــــــــــــــــــــــــــدەکانی مەلاعومەر، نۆغەران، قەڵاتەسۆران، قەریاتاغ ئەمـری ڕوخـــــانی بۆدەرچووە، کەســـــێک لەتکریـــــت دەدۆزنەوە، بێگومان ئەو کەسە نـاوی ئەبـو محەمەد بـــووە لەئەفســـەرە باڵاکـــانی ســـوپاری بەعـــس بووەوهاوکـــات خزمـــی نزیکـــی ســـەدام وئـــاوەڵزاوای عەلـــی حەســـەن مەجیـــد(عەلی کیمیـــاوی) بـــووەو نیشـــتەجێی تکریـــت بووە.لەدانیشـــتنێکدائەو زانیاریـــانەم لەدەرۆیـــش عەبـــد وەرگرتوبـــۆمی گیـــرایەوەکەدوای ئەوەی ڕوخـــانی گونـــدەکانی کوردســـتان بـــوو بەئەمـــری واقیـــعو ئـــێمەش لەگەڵ پیاوماقوڵانی گوندەکەی خۆمـان کۆبـوێنەوە لەمـاڵی حـــــاجی خەلیل، کەپیـــــاوێکی ڕیـــــش ســـــپی گونـــــــدەکەبوو.دوای تـــــــاوتوێکردنی دۆخەکە، بڕیارماندواوەفـدێک پێکبهێنـین، کەســێکمان دۆزیـــیەوەکە ئەفســـەرێک دەناســـێتو لەبنەمـــاڵەی ســـەدامەو تکریتییە. دوای چەنـد ڕۆژێـک وەفـدێکمان دروستکردکەخۆشـــم تێیـــدابووم، ئەگەر هەڵەنەبـــم ، سەرەتای مـانگی چواربوو، کـاتەکەی کـاتژمێر ١١ی پـــێش نیـــوەڕۆ بـــوو ، گەیشـــتنیە تکریـــت ولەگەڵ دووکەس لەداروو دەســـەکەی بنەمـــاڵەی ســـەددام بەناوەکـــانی ئەبوشـــەیماو ئەبـــو مـــحەمەد دانیشـــتین، لەیەکەم ســـەعاتدا هەســـتمان کـــرد زۆر حەزیـــان لەبەرتیـــلو پـــارە وەرگـــرتن هەبوو، بـــۆیە پێمواببو ئەوە کـــارەکە بـــۆئێمە ئاســـانتر دەکـــات.ئەو دوو پـــــلە داڕە بەعســـــیە، پێیانگووتین بەپەلە بگەڕێنەوەبۆگوندەکەتانو لیستێک دروووستبکەن لەو هاووڵاتییـــــانەی کەخەڵکـــــی ڕەســـــەنی گونـــدەکەن، هەروەها ئەو هاووڵاتیـــانەی بەمـــدووایە هـــاتونەتە گونـــدی مەلاعـــومەر، لەگەڵ ئامـــادەکردنی چوار هەزاردینارو دوو دەمانچەی چواردە خۆری ناو پاکەت.دیارە مەبەستی ئەوەبووئەو هاووڵاتیانەی کە ڕوخـــانی گونـــدەکانیان لەدەشـــتی قەراچو شـــەمامک کەدەکەوێـــتە خـــواروی پارێزگـــای هەولێر، بەهـــۆی خزمایەتیو ناسیاوی پەنا بۆمەلاعـومەر دێنن، بـۆیە چەنـدین مـاڵ ڕویـانکردە مەلاعـومەرو چـاوەڕێ ی دۆخەکەیـان دەکرد، چەنـدین کەسیش کەتائێستاش لەگونـدەکە مـاونەتەوەو دوای ئاوەدانکردنەوەشـی لەســـاڵی ١٩٩٢– ١٩٩٣ لەگەڵ خەڵکـــی پێشـــووی گونـــــدەکە جـــــاڕێکی تـــــریش گەڕانەوە مەلاعـــومەر.دەڕوێش عەبـــد دڕێـــژەی بەباســـەکەیداو گـــووتی:ئەو ڕۆژە بەدڵێکـــی خۆشـــەوە گەڕایـــنەوە بۆگونـــــــــدو بەپەلە لیســـــــــتێکمان دروستکردودووهەزاردینـاریشمان لەگەڵ خۆمان بـرد، کە دووهەزاریمـــــــان بەو دوو ئەفەســـــــــەرە پلەدارەودیاربووئەوانیش لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردبوو ،چـونکە پێشتر داوای چـوارهەزار دیناریـان کردبووهەروەها داوای ئەوەشیان کرد کەدەبێت جگە لەچـوار هەزار دینـارەکە، دوو دەمـانچەی تـازەی چواردەخۆرمـان بەدیـاری بـۆببێنن.ئێمە لەخۆشـیی نەڕوخـانی گونـدەکە، ئەو داواکاریانەمـان بەلاوە ئاسایی بوو.چونکە هەموو شتێک بەپارەو بەواسیتە کـردن دەچێـتە پێشـەوە.ئێوارە گەڕایـنەوە بۆگونـدو جـــاڕێکی تـــر دانیشـــتینەوە بۆتـــاوتوێکردنو

داواکارییەکانی ئەبو محەمەدو ئەبو شەیما.دواتر زانیاریمان پێگەیشت کە ئەبو شەیماو ئەبو محەمەد لەتکریتەوە دەگەنە لای پارێزگاری هەولێرو پێیڕادەگەیەنن کەئەوان نامەی عەلی حەسەن مەجیدیان هێناوە،بۆئەوەی مەلاعومەر لەو لیستە دەربهێنێدرێتوجیابکرێتەوە.بۆیە سەرەتا ئەو کارەمان سەری گرتو،روخانەکەی راگیرا.چونکە رۆژی ١٩٨٨/٤/٥دەبوایە مەلاعومەرو قەرەیاتاغو قەڵاتەسۆرانو نۆغەران بەیەکەوە تەخت بکرێت.بەڵام روخاندنی مەلاعومەر دواخراو بەوشێوەیە لەو سێ گوندەی تر جیاکرایەوە.بۆیە روخانی ئەو گوندانەنزیکەی چل رۆژ پێش مەلاعومەربوون.بۆیە ئەو ماوەیە لەیەکەم هەولێیاندا تاسێ رۆژ ئەوان ناوە ناوە دیاری باشو چەوریان بۆ دەبردنو دەمیان چەوردەکردن.دەرۆیش لەدرێژەی باسەکەیدا،دەڵێت:دوای تێپەڕینی چەند رۆژێک کێشەودەمەقالەو گومان کەوتە نێوان چەند ریش سپێکی گوندەکەو وەفدەکەو بەبیانوی ئەوەی پارەدیارنەماوە.بۆیە ئەو وەفدە هەڵدەوەشێتەوەوکەسێک دەمێنێتەوە بەناوی حاجی حەسەن،ئەویش دەچێت بۆتکریتو دوو هەزار دینار دەبات بۆ ئەبومحەمەد، ئەویش پرسیاری من (عەبدولڕەحمان) دەکات کە بۆچی بەڵێنی شتی بە ئێمەداوەو دیارنییە،ئێمە نەمانهێشت ئەو گوندە بڕوخێت،حاجی حەسەنیش بە ئەسپایی دەست دەخاتە نێو باخەڵیو دوو هەزارەکە دەخاتە ژێر سەرینێکی دیوەخانەکەو هیچ نالێیت.ئەبو محەمەد ئەوە ئەبینێت کەحاجی حەسەن پارەی خستە ژێر سەرینەکە،دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕێتو بەتورەیی پارەکە هەڵدەگرێتو بەرەو دەموچاوی فڕێدەداتو پێشیدەڵێت؛پارەکەت هەڵبگرەو ئێرە بەجێبێڵەوجارێکی تر نەییتەوە بەمناوە.پێشی دەڵێت:کوا دەمانچەکەتان؟؟!! ئێوارە حاجی دەگەڕێتەوەو رووداوەکە وەکو خۆی دەگێڕێتەوەکەچی بەسەرهات!ئیتر هەولەکان بەو شێوە کۆتایی دێتو پاش تێپەڕبوونی سێ رۆژ بڕیاردەدرێت گوندەکە بڕوخێندرێت. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چل رۆژ لەشکستەکانی هەولەکان،بەعسییەکان پەشیمان بونەوەو لەخەباتەوەدائیرەی ئەمنی خەبات ئاگاداری خەڵکی گوندەکە دەکاتەوە کەرۆژی ١٩٨٨/٥/٨ گوندی مەلاعومەر دەروخێندرێتو لەگەڵ زەوی تەخت کراوخەڵکەکەشی بەناچاری رووبانکردە شاری هەولێرو خەباتو ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی سنووری هەولێر.دوای بیستوشەشە ساڵ بەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال تێدەپەڕێت،کەگوندەکەی منیش یەکێکە لەوچوار هەزار گوندەی بەرشاڵاوەکانی بەعس کەوت لەئەنفالی پێنجو شەشو حەوت،کەسنوری پارێزگای هەولێری گرتەوە،هێشتا ئەو گونده لەرووی خزمەتگوزراییەوە بێبەشکراوەو ئاوی خواردنەوەی تەندروست نییەو نەخۆشخانەو کۆمەڵێک پێداویستی تری هەیە کەسەرەتایینو حزبیش ناعەدالەتی لەکۆمەڵێک پرسدا دەکاتو ئەو مرۆیانەی کە ئەندامی حزبەکە نەبن،ئیدی مرۆڤی پلە دووەو بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.!



چاپکراوی نوێ

هەناسەی شەیتان، کتێبێکی قەبارە بچوکە دەربارەی گازبارانی هەڵەبجەیە و خوێندنەوەیەکی چڕوپڕە دەر بارەی کتێبە بە ناو بانگەکەی یوسف هێڵتەر مانە دەربارەی کارێکی ژەهراوی ئەمریکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە . لەناوەرۆکی کتێبەکەیدا نوسەر خوێندنەوەیەکی وردی بۆ ناوەرۆکی کتێبەکەی هەیڵتەرمان کردووەو ئەو کەلێنانەشی پڕکردووەتەوە کە هێڵتەر مان پەی پێ نەبردوون یان بە هەڵە یاداشتی کردوون و نوسەر هەڵەکانی راستکردووەتەوە .

مەرگی حەمە ئامۆزا و تیرامان لە ئەنفال

ئەنفالستان



تاوانی ئەنفال تەنها ئەوەنیە کەلەبارەیەوە دەیزانین، بەڵکو چیرۆکێکی گەورەیەو سەدان هەزار چیرۆکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، تەنها ئەو کۆمەڵکوژیەش نیە کە بەگشتی دەیزانین بەڵکو هەروا کەمێک تێ بفکرین وچاو وردکەینەوە بە هەزاران چیرۆکی تراژیدی تێدایە، من لێرەدا تەنها مەرگی پیاوێکی گەرمیانی دەخەمە بەردیدە کە پێش منیش هاوڕێ پێشرەو لە پێگەی خۆی باسێکی کردووە ئەویش مەرگی (محمد ئەمین)ە کە بە حەمە ئامۆزاناسراوە.

ئەویش گەرمیانیەکی گوندنشین بوو، خەڵکی ئاوایی –گوند– دێی "قوم پەلک"ە ئەو گوندە سەر بەناوچەی داوێ یە کە عەشیرەتی داودەی لێ نیشتەجێ بوون و لەپەلاماری ئەنفالدا خەڵکێکی زۆریان ئەنفالکرا، حەمە ئامۆزا پیاوێکی بێدەنگ و کاسبی مالّی خۆی بوو، بەڵام بێهەڵوێست نەبوو بەڵکو دڵسۆزی ژینگەو نیشتمان و هاوکاری خەڵک بوو، چیرۆکی مردنی ئەم پیاوە تەواو جێگەی تێڕامانە، ئەو لەگەڵ چەند کەسێکی تری گوندەکەیان، هەرچۆنێک بووە توانیویانە خۆیان لە ئەنفال دەربازبکەن و لەو جەوەڵانەی ناوچەکەیاندا خۆیان بشارنەوە، بەڵام مانگێک و چەند رۆژێک لە دوای پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا، کە لە٢٠ی نیسان کۆتایی هات، لەرۆژی ٣١ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ حەمە ئامۆزاو کۆمەڵێک پیاوی ترماوەی دوو سەعاتە رێگایەک لە ئاوایەکەی خۆیان دوردەکەونەوە و لە شوێنێکدا کە بە چەمی چەچان ناسراوە خۆیان شاردبووەوە، بەڵام لەلایەن جاشەکانەوە شوێنیان ئاشکرا دەبێ و دەچنە سەریان. لەبەرە بەیانێکی زووداً هەڵدەکوتنە سەریان وئەوانیش پێدەزانن و ڕادەکەن، هەتا نێوەرۆ هەر بەدوایانەوەدەبن، بەڵام ناتوانن بیانگرن و بیاندۆزنەوە، لە نزیکی تاوێرکەوە کەشوێنێکە دەکەوێتە بەشی خواروی ئاوایەکەیان، دەتوانن بە تەواوی خۆیان لە جاشەکان بدزنەوەو خۆیان ونبکەن، دڵخۆش بوون کە لە جاشەکان دەربازیان بوو، بەڵام هەرئەو رۆژە بە هۆی زۆر ماندووبون و راکردنەوە ئازارێکی زۆر لەناو سکیدا پەیدا دەبێت و بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە ئەفسوس هەر ئەو شەوە بەدەم ئازارەوە گیان لەدەستدەدات.

ئەوکەسانەی لەگەڵیدابوون دەست وبرد لەشاردنەوەی دەکەن و لە گۆرستانی ئیمان محەمەد کە گۆرستانی گوندەکەی خۆیان و هی گوندی (رەزا)شە بەخاکی دەسپێرن و لەوێ دەینێژن.

ئێستا هەقە بپرسین

ئایا ئەم مەرگە خراوەتە ناو ئاماری ئەنفالکراوانەوە ؟ ئایا هیچ پاساوێک هەیە هەتا ڕێگربێت لەوەی ئەم پیاوە قوربانیەکی ئەنفالە ؟ ئایا مەرجە ئەنفالکراوەکان تەنها لە بیابان و نوگرەسەلمان مردبن، ئایا مەرجە مەرگی ئەنفالکراوێک لە کۆمەڵکوژی و لە بیاباندا بووبێت



؟ ئەی حەمەی ئامۆزاو هاومەرگەکانی تری ئەی ؟ ئەوانەی لەبناری چیاکان و لەناو دۆڵەکاندا لەسەرما ڕەقبوونەوەو لەبن هەرەس و هەرەشەی بەفردا مردن؟ ئەی ئەوانەی ئاوی چۆم و ڕوبارکان لولیدان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت تەرمەکانیان نەدۆزرایەوە و جارێکی تر سۆراخیان نەزانرا ؟

مەرگی تاقانەیەک

عومەرمحەمەد

٢٠١٧/٥/٢٤ چوار شەممە سلێمانی



عەبدولکەریم قادر فەتاح

خەڵکی (مەسۆیی – سەنگاو–١٩٣٩ ٢٤ی ئایاری ٢٠١٧) ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ خاتوو (لەیلا حەمە ئەمین) هاوسەرگیری کردووە، بوونە دایک وباوکی (٥) منداڵ، ئەوان هەژاری مانگی خۆیان و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بژێویان دابین دەکرد، لەپەلامارى ئەنفالدا وەک تەواوی خەڵکی ناوچەکە کەوتنە بەر پەلاماری سوپاو هاوژینەکەی و هەرپێنج منداڵەکانیان گیران و ئەنفال کران و جارێکی تر چاویان بەیەکتری نەکەوتەوە.

ناوی هاوژین ومنداڵەکانی عەبدولکەریم قادر .

١ – لەیلا حەمە ئەمین سەعید–موالدی ١٩٥٤

٢– ڕەحیم عەبدولکەریم موالید ١٩٧٥

٣– فاتمە عەبدولکەریم موالید ١٩٧٧

٤– تەڵعەت عەبدولکەریم موالید ١٩٧٨

٥– پشتیوان عەبدولکەریم موالید ١٩٨٧

٦– تەڵا عەبدولکەریم موالیدی نادیارە، بەڵام پێدەچێت دواهەمین منداڵی بێت .

هاوکات، خوشک وبرایەکیشی بەناوەکانی (کاکی وفەیمە) بەمنداڵەکانیانەوە گیراون وئەنفالکراون.

ئەفسوس

لەپرۆسەی هاوسەرگیری دووەمدا هیچ منداڵێکیان نەبوو بۆیە هەتا دواچرکەساتەکانی ژیانی هەرچاوەڕوان بوو، بەڵام بەتاقانەیی مایەوە .

ئەم پیاوە ماوەی ١٥ ساڵ بەتەنیا ژیاو لە ساڵی ١٩٨٨ هەتا ساڵی ٢٠٠٣ هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەو سۆراخی هاوژین ومنداڵ و خوشک و براکانی بوو، ئینجا بۆئەوەی بەتەنیاو بێداڵدەو سەرگەردان دەمێنێتەوەو هەر شەوەی لەماڵێک ڕۆژنەکاتەوە، بەڵای کەمەوە بە ئومێدی ئەوەی ببێتەوە بەباوک، هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (کەیوان ئەحمەد خەلیفە) کردەوەو لەگەرەکی ئەنفالی شاری کفری نیشتەجێ بوون، بەڵام بەداخەوە ئاواتەکەیان نەهاتە دی و هیچ منداڵێک نەهاتە ژیانیانەوە هەتا ڕۆژی ٢٤ی ئایاری ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردو چاوەکانی بۆ هەتاهەتایە لێک نا، بەهیوای منداڵ بوو بەڵام ئەم تاقانەیەی ئەنفال جارێکی تر وەک باوک خۆی نەدیتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە بەمەرگی مام عەبدولکەریمەوە ژمارەی تاقانە کۆچکردووەکان گەیشتنە (٦) کەس.

هەفتەیەک پێش مردنی ئەم تاقانەیە (تاقانەیەکی تر بەناوی حەسەن حاجی عەلی کە لەبەرەی دوو دایک بەتەنیا ماوە) تەلەفۆنی بۆکردم، گوتی تاقانەیەک لە نەخۆشخانەی شۆرشە بەڵکو فریای بکەوی نەکا بمرێت، وتیشی : بۆیە ئەمەت پێدەڵێم چونکە تۆ لەقرچەی گەرما دەگەیتە گەرمیان و گوندی ئۆمەربل وجوامێراغا،بەڵکو هەرچۆنێک بێت کاتێک برەخسێنی بۆ سەردانی چونکە باوەرناکەم چیدی بژی .

وێرای سوپاسم بۆ کاک حەسەن، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی ئەو ئەرکە بەجێ بگەینم و بەر لەمردنی سەردانی مام عەبدولکەریم بکەم . ئیدی ئەوەش بووە خەمێکی ترو دەرفەتێکی لەدەست چووی من.

*** ناوی هاوژین ومنداڵەکانیم لە کتیبی تاقانەکانی جینۆسایدـ ئیسماعیل هەناری ٢٠١٦ ل٢٥٥ و وێنەکەی لەلاپەڕەی کاک سەباح نەجمەدینی تاقانەی ئەنفال وەرگیراوە .**


OMER MUHAMAD

یادی ئەنفال تەواو بوو، بەڵام من قسەم ماوە

عومەر محەمەد

٢٠١٦/٤/٢٤ – سلێمانی

یادی ئەنفال تەواو بوو، بەڵام من هێستا قسەم زۆرە بۆ وتن، تەواو جێگەی تێرامانە هێشتا راگەیاندنی کوردی لەو بروایەدایە کە نوسەران و بەناو چالاکانی ئەنفال گرنگترن لە قوربانیەکان بۆئەوەی بیهێننە سەرشاشەو روپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکانیان، هێشتا پێیانوایە (عارف قوربانی و عەدالەت عومەرو لەتیف فاتح فەرەج و من) باشتر قسە دەکەین، لە (عوزێر یان فەرەج یاخود هاشم) لەکاتێکدا ئەوان دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفالن..! ڕەنگە زۆر دەزگای ڕاگەیاندن ئەو شاهیدیەم بۆ بدەن کاتێک ویستویانە میواندارێم بکەن پێموتوون باشترە قوربانیەک دەربازبوویەکی گۆڕی بەکۆمەڵ یاخود دەربازبوویەکی تۆپزاواو نوگرەسەلمان و قەڵای نزارکێ بانگ بکەن هەتا قسەتان بۆبکات، ئەوان باشترو پرزانیاری ترن و لەباری سایکۆلۆژیەوە بۆ ئەوان و لەباری ئەخلاقیشەوە بۆ ئیوە تەندروستترە.

نازانم چۆن بەرپرسان و وەزیرو راوێژکارو ئەوانی دی ماف بەخۆیان دەدەن، لە بەردەم قوربانیانی ئەنفال وتار لەمەر ئەنفال بۆ ئەوانە بخوێننەوە، کە خۆیان ئەنفالدیدەو دەربازبووی کۆمەڵکوژی ئەنفالن، بۆیە دەڵێم دەیخوێننەوە چونکە زۆرجار بۆیان دەنوسرێت و ئەوان تەنها ئەرکی گواستنەوەیان لەنەردەم مایک وکامێراکان لەئەستۆ نراوە، ئاخر بروا بکەن زۆر ئەستەمە وەزیرێک یان گزیرێک بێت و باسی ئەنفال بۆکەسانێک بکات، کە خۆیان ئازارەکەیان چەشتووەو خۆیان کارەکتەری ئەو تاوانە بوون ! ئاخر هەتا فەرەجی تۆپخانە وەستابێ کوا قسەکردن بۆمن هاتووە باسی ئەنفال بکەم ؟ با بەشیک لەژیانی خۆشم بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەمەر ئەو تاوانە تەرخان کردبێت، ئەوە ئەرکی منە، بەڵام مافی قسەکردن لە پێشەوە هی ئەوە نەک هی من .

گۆڤاری ئەنفالستان لەوەشدا هەنگاوێکی باشی ناوە کە دیداری لەگەڵ ئەوکەسانەدا کردووە کە راگەیاندنکاری کوردی هێشتا پەی پێنەبردوون ونەیدۆزیونەتەوە یان نایەوێ بیاندۆزێتەوە، بەزۆری ئەو کەسانەی دواندووە کە خوێندەواریان نیەو ناتوانن چیرۆکەکانیان بنوسنەوە بەڵام دەتوانن بیگێرنەوە، ئەنفالستان بەپێی توانا دواندوونی ودیدارەکانی لەدەنگەوە گواستووەتەوە بۆسەرکاغەزو بڵاوی کردوونەتەوە . ئەمەش سەرباری کۆسپ وئاڵۆزییەکەی کێشەیەکی تری بۆناوێنەتەوە، بەڵای کەمەوە هەندێک خۆ بەرۆشنبیر زانی لێکدووێنەتە نەیار، لەبەرئەوەی ئەنفالستان نەبووەتە مینبەرو مەیدانی قسەکردنی ئەوان .

زۆر نیگەرانم کاتێک دەزگایەکی راگەیاندن دەپرسێت، کێ دەربارەی ئەنفال باشە بانگی بکەین بۆ ستۆدیۆ ؟ بەراستی عەیبە راگەیاندنکارو نوسەر هەبێت هێشتا عەقڵی وابێت تەیمور گرنگترە لە زمناکۆ (عەلی هەلەبجەیی) یان پێیوابێت عوزێر گرنگترە لە رەمەزان ؟ لەکاتێکدا هەردوکیان لەناو خوێن و گۆڕی بەکۆمەڵی بیابانەکانی رومادی ولەیەک کۆمەڵکوژی رزگاریان بووە..! ئاخر ئەوە نیشانەی ئەوەیە دەزگاکانی راگەیاندن هێشتا هێندەی بێگانەیەک دەربارەی ئەنفال نازانن، زۆر نیگەرانم لەوڵاتێکدا کە نیوەی ئەنفالکراوە، ماوەی ٢٤ ساڵە هەر چەند دەموو چاوێک لە شاشەوە دەردەکەون لە قوربانی ولە چالاکوان ؟ ئاخر ئەمە چ ئیتیکێکی ڕۆژنامەوانیە، پیاوێک یان ژنێک کە لە تۆپزاوا یان نوگرەسەلمان گەراوەتەوە ٢٤ ساڵە لەشاشە دەردەکەوێ، بەڵام سەدان گەراوەی نوگرەسەلمان وتۆپزاوا بۆجارێکیش بەسەر نەکرابنەوە .

ئەمە چ کۆڵەوارییەکی میدیای کوردییە چالاکوانێک ڕۆژنامەنوسێک بێنێتە سەرشاشەو بەو پەری لەخۆڕابینیەوە بڵێت : (لە قۆناغی هەشتەمی ئەنفالدا، هەشت هەزار پیاوی بارزانی گیران و جینۆساید کران) ئاخر هەی سەلامەت بن، هەشت هەزاری پیاوی بارزانی پێنج ساڵی ڕەبەق لەپێش تاوانی ئەنفال گیران و کۆمەڵکوژکران ئەوە چ زانیاری بەخشینێکە ؟

تێبینی : بۆهەر دیاردەو هەڵەیەکی میدیا بەڵگەم هەیە، بەڵام پێمباش نەبوو ناوی هیچ دەزگایەک بهێنم

ئەنفالی خورماتو

ئەنفالستان

لەیەکەم سەردانمان بۆ ناوچەی داوده و ناحیێ زینانە کە زۆربەی ئاوارەکانی خورماتوی لێ نیشتەجێ ببوونەوە، وێنەی تاوانەکەمان زیاتر لاروون بووەوە، هەر لەو سەردانەماندا چاومان بە بەرپرسانی پێشتری ئەوشارە کەوت، ئەوان گوتیان نزیکەی ٦٠ ماڵ سوتێنراون وهەندێکیان بە دینامێت تەقێندراونەتەوە، شەلال عەبدول قایمقامی دوزخورماتوو بەشێک لە ئاماری پێشێلکاری و تاڵانییەکانی خورماتووی بەزارەکی بۆ باسکردین، ئەو گوتی : لە قەزای دوزخورماتوو نزیکەی ٥٠ خانووی هاووڵاتیان تەقێنراوەتەوە و زیاتر لە ٤٠٠ خانووی دیکەش سوتێنراوە و سەدان خانووش تاڵانکراون. بەڵام ئەو باسی لەهیچ حاڵەتێکی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان نەکرد.

بەڵام جەختی کردەوە ئەوەی لەخورماتوو رویداوە لەلایەن گروپە چەکدار و تۆندرەوەکانەوە ڕووبەڕووی ویرانکارییەکی زۆر بووەتەوە، نەک سوپای عێراق.

پێشتر لەکەمپی سورداش هاوڵاتییەکی ئاوارەی خورماتوو قسەی بۆکردم و گوتی : خورماتوو تەواو بوو، زیاتر لە هەزار خانوو کۆگا و بینای بازرگانی تاڵانکراوە و هەمووشی لەلایەن چەکدار و گروپە تۆندرەوەکانەوە ئەنجامدراوە و تەنانەت باڵەخانەشیان تەقاندووەتەوە." من ئەوسا ئەوەم بە زیادەڕۆیی و دڵگەرمی لێکدایەوە، بەڵام هەر لەو یەکتربینینەماندا کە بەرپرسانی تری حزبی مەڵبەندی حەمرینیش دانیشتبوون شەلال عەبدول هەمان قسەی کابرای کردەوەو جەختی لە راستیان کردەوەو گوتی من بەرپرسم لەم زانیاریانە . هەتا ئەو ڕۆژە حەوت شەهید و حەوت کەسی بێسەروشوێنیان تۆمارکردبوو، کە بەهۆی هێرش بۆسەر دوزخوماتوو شەهیدببوون یان گیرابوون و چارەنووسیان نادیاربوو.

بەپێی تێگەیشتن و شارەزاییمان ئەوەی لە خورماتوو رویداوە بەهەر پاساوێک کرابن، تاوانی جەنگ ودژەمرۆڤایەتین کە لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی وهاوکارەکانیان دژ بە هاوڵاتیانی دوزخورماتوئەنجامیانداوە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی دەست ئەنفالستان کەوتووە، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕایگەیاندووە، "دوای ڕوداوەکانی ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ ی کەرکوک و دوزخورماتوو، حەشدی شەعبی لەناوچەکانی دووزخورماتوو دەیان پێشیلکاری و تاوانیان بەرامبەر هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە ئەنجام داوە بەهۆی جیاوازی نەتەوەیی و تائیفی و مەزهەبی"

ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی مانگی ٢٠١٧ هێزە عێراقییەکان لە



ئۆپراسیۆنێکدا پارێزگای کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیان کۆنترۆڵکرد و هێزەکانی پێشمەرگەش لەو ناوچانە کشانەوە و لە چەند ناوچەیەکیشدا شەڕو پێکدادان لەنێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا ڕوویدا.

چواردە ساڵی ڕەبەق چاوەڕوانی و تەنیایی

ئامادەکردنی: عومەر محەمەد

)



نوری عەبدوڵڕەحمان
لە دایکبووی: ١٩٣٦
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێش ئەنفال : گوندی جەلەمۆرد –ناحیێ ئاغجەلەر– قەزای چەمچەماڵ .
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا : ناحیێ ئاغجەلەر– قەزای چەمچەماڵ .

هەرچەندە مام نوری تاقانە دەربازبووی ئەنفال نەبوو، بەڵکو هەتا ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ هاوسەری دەژیان، بەڵام لەو بەروارەوە ئەویش خۆی بە تاقانەی ئەنفال دەزانی، ئەم پیاوەش یەکێک بووە لەو خانەوادانەی گوندی جەلەمۆرد کە لەپەلاماری قۆناغی چوارەمدا لە ئایاری ساڵی ١٩٨٨ هەموو خانەوادەکەیان پێکەوە لە چەمی بابە ڕوشە گیران و ڕەوانەی چەمچەماڵ و بنکەی سەرەکی تۆپزاوا کران. لەوێ منداڵەکانیان لێ جیاکردنەوەو خۆی و هاوژینەکەی بە ناوی مەلەک ڕەسوڵ ڕەوانەی قەڵا نەفرەتیەکەی نوگرە سەلمان کران، کە لە باشوری پارێزگای سەماوەیە، مام نوریش وەک هەمووان ماوەی شەش مانگ ئازاریان چەشتووە. لەدیدارێکیدا لەگەڵ خاتوو عەدالەت عومەر چیرۆکی خۆیان و برسی کردن و تەنانەت دەستدرێژی سێکسیش بۆسەر ژنان و کچان دەگێڕێتەوە [37]دوای لێبوردنە گشتیەکە خۆی و هاوژینی ئازادکران. بەداخەوە ساڵی ١٩٩٤ مەلەک ڕەسوڵی هاوژین وهاوخەمی بەمەراقی کێ وکوڕو کەسوکاریەوە کۆچی دوایی کرد.

دوای مەرگی مەلەک مام نوری ماوەی ١٤ ساڵ بەتەنها ژیانی بەسەر برد، ساڵی ٢٠١٤ ئەویش کۆچی دوایی کردو ماڵئاوایی لەژیانێک کرد کە خەباتی زۆری بۆ جوانکردنی کرد بەڵام جگەلە مەینەتی هیچی بەو نەبەخشی. خانەوادە ئەنفالکراوەکەی مام نوری جگەلە خۆی و مەلەکی هاوژینی منداڵەکانیان بریتی بوون لە :

کوڕەکەی بەناوی عادل و هەردوو کچەکەی بەناوەکانی سەوزەو خەرامان) هاوکات کورەزایەکی و بوکەکەی بەناوی هەیبەت محەمەد فەتاح و خوشکێکی ژنەکەی بەناوی فاتمە لەگەڵدا گیران و جارێکی تر نەبینرانەوە.

مایەی تێڕامانە کە ئەم پیاوە ئازار چەشتووەی گوندی جەلەمۆرد لە ساڵانی حەفتاکاندا پێشمەرگەی شۆڕشە چەکداریەکەی ئەیلول بووە. ئەندامی لقی یەکی شوان بووە. هەمیشە بەهۆی جموجۆڵی سیاسی و بەهۆی بیروڕای کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و شێوەی ڕێکخستنی لە حزبە کوردستانیەکان. چاودێری کراوەو چەندینجار لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراوەو دەست بەسەرکراوەو ئەشکەنجە دراوەو زیندانی کراوە. خۆی و سێ برای تری بەردەوام پێشمەرگە بوون و هەمیشە لە بەرەی ئازادی و بەرژەوەندیەکانی خەڵکدا بوون..لەپێش ئەنفالدا ئەنجومەنی گوندی جەلەمۆرد بووەو خەڵکی گوند هەڵیان بژاردبوو. کەچی لە دوای مردنی هاوژینەکەی ساڵانێکی زۆر لەشاری هەولێر بەتەنیا دەژیا، بەڵام چۆن ژیانێک ! بێکەس وتەنیا لە ناو کۆگایەکی گازوڕۆنی موەلیدەی کارەبادا دەخەوت.

مام نوری یەکێکە لەو شایەتحاڵانەی چووەتە دەرەوەی وڵات و لەوڵاتی ئوردن شایەتی لەسەر تاوانی ئەنفالداوەو شێوازی ئەشکەنجەدان و مردن

[37] بڕوانە عەدالەت عومەر– لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە – دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان – ٢٠١٥ لاپەرە لاپەرە ١٨٧.

لەبرسێتی لە نوگرەسەلمانی گێراوەتەوە دەڵێت لەوێ پێمگوتن: (لە نوگرەسەلمان دوو عەرەبانەی شکاوی لێ بوو، عەرەبانەی دەستی یەک تایە، ئەو کەسانەی لەبرسان دەمردن لەسەر ئەو عەربانە دایان دەنا، جار هەبوو بەیانیان کە هەڵدەستاین ٦ مەیتیان تێدەکرد هێندێکیان ئەوندە مابوونەوە بۆگەن ببوون، زۆرجارمەیتەکان بەردەبونەوە، خاکەنازێک و (بالّتە) پاچێکی شکاومان لەلابوو قەبرمان پێ هەڵدەکەند، خۆڵەکەش زۆر رەق بوو هەڵنەدەکەندرا ئەوە ناشتن نەبوو، فرێدان بوو، چونکە تۆزێک خۆڵمان دەکرد بە سەریاندا و دوای ئێمە سەگ مەیتەکانی دەخوارد. چونکە سەگی بەرەڵای زۆر لێ بوو[38].

مام نوری لە قسەکانی بەردەوام بوو دەڵێت "نوگرەسەلمان دۆزخ بوودەتگووت رۆژی حشرە، لەنوگرەسەلمان زۆرمان برسی و تینوو بووچونکە لەماوەی شەوو رۆژێکدا هیچیان نەدەداینێ، کابرایەک (حمەصدقی) ناوبوو خەڵکی (دارئیختیار)[39] بوو، هاواری کردووتی: نانمان بدەنێ وا لە برسان مردین، هاتن زۆریان لێدا ئەمە تەنها لەبەرئەوەی داوای نان و ئاوی کرد، لە نوگرەسەلمان لەسەر قاپیەکانی نووسرابوو (ویل) واتا دۆزەخ، ناو قاعەکان زۆرپیس بوون، بەسەدان کەس لە ناو قاعەکاندا بوون، هەموو شتێک قاتی بوو سەرباری ئەوەش جێگای خەوتنمان نەبوو لەسەر لاتەنیشت دەخەوتین، لەسەر ئەرزی رەق دەخەوتین، ژەمی سەمونێک لەگەڵ یەک تۆز ئاو لە قوتووی ژەنگاویدا، ئەو شەش مانگە دەممان لە هیچ چێشتێک نەدا جگەلە سەمونو ئاو، سێ مانگ بووگیرابووین جارێک وتیان شوتیتان بۆدێنین، ناردیان بۆسەماوە شوتی بهێنن، شوتیان هێنا هەر قاعەو دووکەسیان بانگکرد تاکودابەشی بکەن بەسەرماندا، شەو رۆژێک ئەو پیاوانەیان هێناوبرد، شوتیەکان بۆگەنیان کردبوو، یەکی قاژێکیان داینێ زۆر کەس هەرنەی خوارد فرێیاندا منیش فرێمدا زۆر پیس بوو."

لە درێژەی گێرانەوەکەیدا نوری عەبدولرەحمان باسی مردنی ژنێک دەکاو دەڵێت: یەکێک لە وانەی کە مردن ئافرەتێک بووناوی (فاتمە محەمەد) بوو فاتمە خەڵکی (ئاغجەلەر) و ئامۆزای خێزانەکەم بوو، رۆژێک تێنویەتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو بەبێ ئێزنی حەجاج وشەمخی چوو لەحەوشەکەدا ئاو بهێنێت، لەوێ لەناو حەوشە گەورەکە تەنکەرێکیان دانا بوو، بەحساب ئاویان بۆ ئێمە داناوە، هەر ئەوەندەی خۆش بوو تا دەستی برد بۆ ئاوەکە، پۆلیسێک بەهەموو تینی خۆی شیشێکی کێشابوو بە پشتیداو هەتا هێنامانە ژورەوە مرد. عەدالەت عومەر لە کەوانەیەکدا ئەم قسەیە پشتراست دەکاتەوەو نوسیوێتی (بۆ زانیاری یەکێک لە بەڵگەنامەکانی مردن لە نوگرە سەلمان بەناوی فاتمە محمد)ە.)[40]

تێبینی : بەسوپاسەوە بەشێک لە زانیاریەکانم لە زاری برازایەکی مام نوری بەناوی کاروان ئەحمەد وەرگیراون

[38] لەدیدارێکی گۆڤاری ئەنفالستاندا عەلی عارف هەمان شت دەڵێت (پاچێکی شکاویان دابووینێ نەمان دەتوانی ئەو زەویە رەقەی پێهەڵبکەنین و قەبریکی باش بۆ مردووەکانمان ئامادەبکەین .

[39] دار ئیختیار گوندێکی ناوچەی قەلاسێوکەیەو سەربە ناحێی ئاغجەلەرەو دەکەوێتە سنوری ناوچەی قۆناغی چارەمی ئەنفالەوە و مام نوریش خەڵکی هەمان ناوچەیە .

[40] بروانە ئەنفالستان ژمارە (٩) عەدالەت عومەر بەڵگەنامەکانی مردن لاپەرە ١٧٦–١٧٧

وێنەی زەماوەندی دووگەنجی ئەنفالکراو



وێنەکە ئاهەنگی هاوسەرگیری حەیدەر رەزاو سەوزەی کچی مام نوریيە کەوا هەر ماوەی ساڵێک بەسەر ئاهەنگەکەیاندا تێپەڕی بوو کەوا ئەنفال هات و وەک هەموو گوندنشینەکان ماڵی لێ شێواندن

ئەمەیە عێراق

عێراق بۆیە جێگەی ڕێز نیە چونکە بەدرێژایی مێژوو شوێنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بووە، هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی تێداکراوە، (لێدان و قسەی سوک، کوشتن بە شێوازی جیاواز، چەندین شێوازی ئەشکەنجەدان (نینۆک هەڵکێشان لە زیندانەکاندا، لوتبڕین– گوێبڕین– خەساندن– لە کێشەو دوبەرەکێی کۆمەڵایەتی وکێشەی عەشایەریدا، ڕاکێشانی تەرمی نەیار بەدوای سەیارەدا، چ دەوڵەت هی نەیارانی حزب و دەوڵەت چ نەیارانی دەوڵەت هی پیاوانی دەوڵەت، سوتاندنی تەرم وشاردنەوەی بەبێ ئەوەی ڕادەستی کەسوکاری بکەنەوە، هەڵواسینی تەرمی قوربانیان لەشارێ و شوێنە گشتییەکاندا – فراندنی ژن و کچ وەک دەستکەوتی جەنگ لە سەردەمی ئەنفال و دوای ئەنفال، بەتایبەتیش لە شەنگال، کۆیلە فرۆشتن – بەزیندوویی کوڵاندن– چاو دەرهێنان– خنکاندن لە پێستی گادا– بتڵ پێ هەڵگرتن– تواندنەوە لەحەوزی تێزابدا– لاقەکردن ... هتد)رووبان دابێت. چۆن ئەم دوو هاوکێشە ئاڵۆزەی شارستانیبوون و وەحشیگەرییە لێکبدرێتەوە و وەڵامێکی پڕاوپڕیش بدرێتە وەرگرەکەی، دیارە ئەوە مەگەر هەر تۆێژەرانی بەتوانای بوارەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی لەڕێگای شیکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە وەڵامیان بدەنەوە.

لیستی ناوی ئەنفال کراوانی گوندی توکن / ناحیەی سەرقەڵا / قەزای کفری / ئیدارەی گەرمیان" کە لە شالاوی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دا گیراون.

نامادەکردنی نامارەکە لەلایەن :

حەمەڕەشید توکنی وئەنوەرحەمەلاو کراوە

ژمارە	ناوی ئەنفالکراو	تەمەن	ڕەگەز	ژمارەی ئەنفالکراو	تێبینی
١	عەلی سەعید مەعروف ڕەسوڵ	١٩٤٩	نێر	٦	
٢	سەعدە محەمەد ئەمین	١٩٤٩	مێ		
٣	نسار عەلی سەعید مەعروف	١٩٧٢	مێ		
٤	شێر عەلی سەعید مەعروف	١٩٧٥	مێ		
٥	ئاواز عەلی سەعید مەعروف	١٩٧٩	مێ		
٦	بەناز عەلی سەعید مەعروف	١٩٨٢	مێ		
٧	حەسەن عەلی سەعید مەعروف	١٩٦٤	نێر	٥	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
٨	ئەبیبە ڕەشید کەریم	١٩٦٧	مێ		
٩	پەیمان حەسەن عەلی سەعید	١٩٨٤	مێ		
١٠	ژیان حەسەن عەلی سەعید	١٩٨٥	مێ		
١١	ئاپان حەسەن عەلی سەعید	١٩٨٧	نێر		
١٢	سروە عەزیز عەلی سەعید	١٩٨٤	مێ	١	تەنها ئەم منالە ئەنفال بووە
١٣	عوسمان سەعید مەعروف ڕەسوڵ	١٩٥٧	نێر	٥	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
١٤	مەحتاب عبدولمەجید حەمید	١٩٦٠	مێ		
١٥	سوعاد عوسمان سەعید مەعروف	١٩٨٠	مێ		
١٦	سنور عوسمان سەعید مەعروف	١٩٨٣	مێ		
١٧	سوهام عوسمان سەعید مەعروف	١٩٨٥	مێ		
١٨	وەزیرە صابر ڕشید فدعم	١٩٦٠	مێ	٤	
١٩	محەمەد ئەبوبەکر سەعید مەعروف	١٩٨٢	نێر		

٢٠	سالار ئەبوبەکر سەعید مەعروف	١٩٨٥	نێر		
٢١	جوانە ئەبوبەکر سەعید مەعروف	١٩٨٧	مێ		
٢٢	عومەر سەعید مەعروف ڕەسوڵ	١٩٤٨	نێر	٢	
٢٣	هاوژین عومەر سەعید مەعروف	١٩٨٧	مێ		
٢٤	حمەخان غەریب مەعروف ڕەسوڵ	١٩٥٠	نێر	١٠	ئەم خێزانە تەنها یەک کەسی دەرچووە بەناوی (برهان حمەخان غریب)
٢٥	جیهان فارس فەرەج	١٩٥٢	مێ		
٢٦	مەلیحە حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٢	مێ		
٢٧	ئیکرام حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٣	نێر		
٢٨	حیدر حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٤	نێر		
٢٩	کنعان حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٥	نێر		
٣٠	واحیدە حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٦	مێ		
٣١	اسکندر حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٧	نێر		
٣٢	یوسف حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٨	نێر		
٣٣	لوقمان حمەخان غریب مەعروف	١٩٧٩	نێر		
٣٤	شعریە ئەحمەد غریب مەعروف	١٩٦٧	مێ	١	
٣٥	غریبە وەلی حەسەن	١٩٥٠	مێ	٧	حمەلاوحمەکریم//لەپاش گەرانەوەی لە نوگرەسەلمان کۆچی دوایی کردووە.لە سالی ١٩٩٢
٣٦	لەتیف حمەلاو حمە کەریم	١٩٦٩	نێر		
٣٧	نەسرین حمەلاو حمە کەریم	١٩٧٣	مێ		
٣٨	جەمیلە حمەلاو حمە کەریم	١٩٧٤	مێ		

٣٩	یاوەر حمەلاو حمە کەریم	١٩٨٤	نێر		لەم خێزانە تەنها یەک کەسیان ماوە بە ناوی // ئەنوەر حمەلاوحمە کریم
٤٠	چیمەن حمەلاو حمە کەریم	١٩٨٥	مێ		
٤١	شیلان حمەلاو حمە کەریم	١٩٨٦	مێ		
٤٢	فارس عەزیز حەمید	١٩٤٨	نێر	١	
٤٣	ناسیح حەمید شلال	١٩٥٧	نێر	٤	
٤٤	غزالە کامیل ڕەحیم	١٩٦٠	مێ		
٤٥	دڵشاد ناسیح حەمید	١٩٨٥	نێر		
٤٦	کاروان ناسیح حەمید	١٩٨٦	نێر		
٤٧	عیسمت عبدالکەریم	١٩٥٠	مێ	٨	ئەم خێزانە تەنها کوڕێکیان دەرچووە بەناوی (ریبوار ناصح حید)
٤٨	عەلی صابر محەمەد	١٩٧١	نێر		
٤٩	ئەدیبە صابر محەمەد	١٩٧٢	مێ		
٥٠	ڕەحیم صابر محەمەد	١٩٧٦	نێر		
٥١	کەریم صابر محەمەد	١٩٧٧	نێر		
٥٢	ڕیبوار صابر محەمەد	١٩٧٩	نێر		
٥٣	شکیبە صابر محەمەد	١٩٨٤	مێ		
٥٤	نجم الدین صابر محەمەد	١٩٨١	نێر		
٥٥	ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد	١٩٧٦	نێر	٣	
٥٦	حەسەن محەمەد ئەحمەد	١٩٨٠	نێر		
٥٧	پەیمان ئیبراهیم محەمەد	١٩٨٧	مێ		
٥٨	عەزیز محەمەد حیدە ر	١٩٦٤	نێر	١	
٥٩	خەرامان ئەمین حەمید	١٩٦٢	مێ	١١	
٦٠	حمەجان کاکە ئەمین	١٩٥٢	نێر		
٦١	بهیە ستار جەبار	١٩٥٥	مێ		
٦٢	کامەران حمەجان کاکە ئەمین	١٩٧٠	نێر		
٦٣	سە رگول حمەجان کاکە ئەمین	١٩٧٥	مێ		

٦٤	روناک حمەجان کاکە ئەمین	١٩٧٧	مێ	
٦٥	فەریق حمەجان کاکە ئەمین	١٩٧٩	نێر	
٦٦	سامان حمەجان کاکە ئەمین	١٩٨٠	نێر	
٦٧	رفیق حمەجان کاکە ئەمین	١٩٨١	نێر	
٦٨	ناسکە حمەجان کاکە ئەمین	١٩٨٢	مێ	
٦٩	کاوە حمەجان کاکە ئەمین	١٩٨٤	نێر	
٧٠	حسین عەزیز محمود	١٩٦٠	نێر	٥
٧١	ادیبە حەمید خانە	١٩٦٤	مێ	
٧٢	تانیا حسین عەزیز	١٩٨٤	مێ	
٧٣	کاوە حسین عەزیز	١٩٨٥	نێر	
٧٤	تابان حسین عەزیز	١٩٨٦	مێ	
٧٥	نە وڕۆز کاکل نامیق	١٩٥٠	مێ	٧
٧٦	ئەحمەد محەمەد حەمید	١٩٦٦	نێر	
٧٧	ڕەحیم محەمەد حەمید	١٩٧٠	نێر	
٧٨	خدیجە محەمەد حەمید	١٩٨١	مێ	
٧٩	مەنیجە محەمەد حەمید	١٩٨٢	مێ	
٨٠	عادل محەمەد حەمید	١٩٨٥	نێر	
٨١	بەهار ئەحمەد حەمید	١٩٦٩	مێ	
٨٢	خورشیدە عارف	١٩٣٠	مێ	٦
٨٣	حسین ئەحمەد محەمەد	١٩٧٠	نێر	
٨٤	حەسیبە ئەحمەد عەزیز	١٩٦٢	نێر	
٨٥	شۆڕش عبدالکەریم ئەحمەد	١٩٨٣	نێر	
٨٦	شەهریار عبدالکەریم ئەحمەد	١٩٨٦	مێ	
٨٧	شەرمین عبدلکەریم ئەحمەد	١٩٨٧	مێ	
٨٨	مەحسە حەمید محەمەد	١٩٦٨	مێ	٩
٨٩	ئەشمیل حەمید محەمەد	١٩٧٠	مێ	
٩٠	سەعید حەمید محەمەد	١٩٧٩	نێر	
٩١	سەرگوڵ حەسەن ئەمین	١٩٦٥	مێ	
٩٢	بیشرە و محمود حەمید	١٩٨٢	نێر	
٩٣	کاروان محمود حەمید	١٩٨٣	نێر	
٩٤	هە ورامان محمود حەمید	١٩٨٦	نێر	
٩٥	ئافتاو محەمەد حەمید	١٩٨٢	مێ	
٩٦	ئە رکان حەمید محەمەد	١٩٨٥	نێر	
٩٧	ئەسرین صابر قادر	١٩٦٦	مێ	٦
٩٨	ئەرمین عەزیز مجید		مێ	
٩٩	شە رمین عەزیز مجید		مێ	
١٠٠	پروین عەزیز مجید		نێر	
١٠١	ئئەمینە مجید حەمید	١٩٦٩	مێ	
١٠٢	محەمەد عەزیز مجید	١٩٨٧	نێر	
١٠٣	عاسمە ئەحمەد یارە	١٩٤٥	مێ	٧
١٠٤	حەپسە حمە صالح ئەحمەد	١٩٧١	مێ	
١٠٥	ڕەشید حمەصالح ئەحمەد	١٩٧٤	نێر	
١٠٦	سە ردار حمە صالح ئەحمەد	١٩٧٥	نێر	
١٠٧	سامان حمەصالح ئەحمەد	١٩٧٨	نێر	
١٠٨	لوقمان حمەصالح ئەحمەد	١٩٨٠	نێر	
١٠٩	ئەبات حمەصالح ئەحمەد	١٩٨٣	مێ	
١١٠	خاوە ر حەسەن خلیل	١٩٤٢	مێ	٥
١١١	عبدالله جەمیل صالح	١٩٦٠	نێر	
١١٢	سوبیە جەمیل صالح	١٩٦٨	مێ	
١١٣	رعدە جەمیل صالح	١٩٧٠	مێ	

١١٤	فاروق جەمیل صالح	١٩٧٤	نێر	
١١٥	ئەحمەد حمەلاو ئەحمەد	١٩٥٢	نێر	٦
١١٦	زبیدە قادر عەزیز	١٩٥٥	مێ	
١١٧	بشتیوان ئەحمەد حمەلاو	١٩٨١	نێر	
١١٨	سیروان ئەحمەد حمەلاو	١٩٨١	نێر	
١١٩	سۆران ئەحمەد حمەلاو	١٩٨٥	نێر	
١٢٠	هیوا ئەحمەد حمەلاو	١٩٨٧	نێر	
١٢١	عادل حمەلاو ئەحمەد	١٩٥٥	نێر	٤
١٢٢	جەمیلە ئەحمەد قادر	١٩٥٩	مێ	
١٢٣	دڵشاد عادل حمەلاو	١٩٨٤	نێر	
١٢٤	هیرو عادل حمەلاو	١٩٨٦	مێ	
١٢٥	جمال حمەلاو ئەحمەد	١٩٥٧	نێر	٣
١٢٦	حەسیبە ئیبراهیم غفور	١٩٦٤	نێر	
١٢٧	سیروان جمال حمەلاو	١٩٨٥	نێر	
١٢٨	جاهیدە فە رە ج	١٩٥٩	مێ	٣
١٢٩	ڕێزان کەریم عبدالله	١٩٨٣	مێ	
١٣٠	تابان کەریم عبدالله	١٩٨٥	مێ	
١٣١	ساجیدە محەمەد سەمین	١٩٦٠	مێ	٢
١٣٢	ڤیان عاسی حەسەن	١٩٨٠	مێ	
١٣٤	دلبە ر عەزیز ئەمین	١٩٦٩	مێ	٢
١٣٥	فرود عەزیز ئەمین	١٩٧٥	نێر	
١٣٦	زینەب صابر	١٩٥٥	مێ	١
١٣٧	پەروین صالح حسین	١٩٨٤	مێ	٢
١٣٨	شرین صالح حسین	١٩٨٦	مێ	
١٣٩	عبدالرحمان حسین صالح	١٩٤٣	نێر	٧

١٤٠	بسیە صالح محەمەد	١٩٤٥	مێ	
١٤١	غەزالە عبدالرحمان حسین	١٩٧٢	مێ	
١٤٢	حەیدەر عبدالرحمان حسین	١٩٧٦	نێر	
١٤٣	یوسف عبدالرحمان حسین	١٩٧٨	نێر	
١٤٤	سیروان عبدالرحمان حسین	١٩٧٩	نێر	
١٤٥	شیلان عبدالرحمان حسین	١٩٨٢	مێ	
١٤٦	حبیبە حەمید سەعید	١٩٤٠	مێ	٦
١٤٧	حەسەن ئەحمەد حسین	١٩٦٤	نێر	
١٤٨	عباس ئەحمەد حسین	١٩٦٦	نێر	
١٤٩	عەزیز ئەحمەد حسین	١٩٦٩	نێر	
١٥٠	حەسیب ئەحمەد حسین	١٩٧٠	نێر	
١٥١	فکریە ئەحمەد حسین	١٩٧٢	مێ	
١٥٢	رسمیە ناوخاس ئەحمەد	١٩٤٨	مێ	١٠
١٥٣	ئیسماعیل محەمەد حسین	١٩٧٠	نێر	
١٥٤	منیجە محەمەد حسین	١٩٧١	مێ	
١٥٥	کامران محەمەد حسین	١٩٨٣	نێر	
١٥٦	میقداد محەمەد حسین	١٩٧٥	نێر	
١٥٧	سە ردار محەمەد حسین	١٩٧٤	نێر	
١٥٨	سمیعە محەمەد حسین	١٩٧٦	مێ	
١٥٩	گوران محەمەد حسین	١٩٧٧	نێر	
١٦٠	دە وران محەمەد حسین	١٩٧٨	نێر	
١٦١	شادیە محەمەد حسین	١٩٧٩	مێ	
١٦٢	فاتیح وە هاب محەمەد	١٩٦٢	نێر	١
١٦٣	مریم رشید سەعید	١٩٣٥	مێ	٨
١٦٤	عبدالله سەمین جەبار	١٩٥٧	نێر	

١٦٥	بە دریە عەزیز حەسەن	١٩٦٠	نێر	
١٦٦	محەمەد عبدالله سەمین	١٩٨٠	نێر	
١٦٧	قەدریە عبدالله سەمین	١٩٨٢	نێر	
١٦٨	عومەر عبدالله سەمین	١٩٨٤	نێر	
١٦٩	نە رمین عبدالله سەمین	١٩٨٥	مێ	
١٧٠	ئاکو عبدالله سەمین	١٩٨٧	نێر	
١٧١	ئەمین سەمین جەبار	١٩٥٩	نێر	٦
١٧٢	فە ریدە رشید محەمەد	١٩٦١	مێ	
١٧٣	ناسکە ئەمین سەمین	١٩٨٤	نێر	
١٧٤	ئاکو ئەمین سەمین	١٩٨٥	نێر	
١٧٥	ئەحمەد ئەمین سەمین	١٩٨٧	نێر	
١٧٦	شەهید ئەمین سەمین	١٩٨٨	نێر	
١٧٧	دلبەر رزا خدر	١٩٧٠	مێ	٢
١٧٨	هونەر کەریم سەمین	١٩٨٧	نێر	
١٧٩	سەمەن محەمەد سەعید	١٩٣٤	مێ	٤
١٨٠	حلاوە وەهاب حکیم	١٩٤٥	مێ	
١٨١	ئەحمەد ستار جەبار	١٩٥٧	نێر	
١٨٢	ئەمینە ستار جەبار	١٩٥٩	نێر	
١٨٣	ئیبراهیم حەسەن سلیمان	١٩٣٠	نێر	٤
١٨٤	شعریە صابر جەبار	١٩٧٨	مێ	
١٨٥	هیدایت صابر جەبار	١٩٨٠	نێر	
١٨٦	زینەب صابرجەبار	١٩٨١	مێ	
١٨٧	شوقیە صابرجەبار	١٩٦٩	مێ	٢

١٨٨	ئارام ئیبراهیم ستار	١٩٨٨	نێر		
١٨٩	عارف حەمید محەمەد	١٩٥٧	نێر	٦	
١٩٠	سبریە صالح حەمید	١٩٥٩	مێ		
١٩١	هەرمی عارف حەمید محەمەد	١٩٨٠	مێ		
١٩٢	سلام عارف حەمید محەمەد	١٩٨٤	نێر		
١٩٣	تە نک عارف حەمید محەمەد	١٩٨٦	مێ		
١٩٤	اکرەم عارف حەمید محەمەد	١٩٨٧	نێر		
١٩٥	محەمەد حەمید مجید	١٩٢٦	نێر	٤	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
١٩٦	ئەسرین صالح مجید	١٩٦٧	مێ		
١٩٧	بشتیوان محەمەد حەمید مجید	١٩٨٦	نێر		
١٩٨	بیستون محەمەد حەمید مجید	١٩٨٨	نێر		
١٩٩	حەمیدمجید ئەحمەد	١٩٣٢	نێر	٣	
٢٠٠	زارا حەمید مجید	١٩٦١	مێ		ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
٢٠١	کویستان حەمید مجید	١٩٧٥	مێ		
٢٠٢	شوکریە حەمید سەعید	١٩٤٧	مێ	٦	
٢٠٣	گولالە عەلی قادر	١٩٦٨	مێ		ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
٢٠٤	عومەر عەلی قادر	١٩٦٩	نێر		
٢٠٥	عوسمان عەلی قادر	١٩٧١	نێر		
٢٠٦	اکبر عەلی قادر	١٩٧٨	نێر		
٢٠٧	منیرە عەلی قادر	١٩٨٢	مێ		
٢٠٨	نوری سەعید ئەحمەد	١٩٥٠	نێر	٦	
٢٠٩	فاتمە محەمەد ئەحمەد	١٩٦٤	مێ		
٢١٠	هونەر نوری سەعید	١٩٨٦	نێر		
٢١١	حەسەن سەعید ئەحمەد	١٩٦٤	نێر		
٢١٢	حسین سەعید ئەحمەد	١٩٦٧	نێر		

٢١٣	نەسرین سەعید ئەحمەد	١٩٦٩	مێ		
٢١٤	ریژاو محەمەد عەزیز	١٩٦٠	مێ	٤	
٢١٥	عەلی محەمەد عەزیز	١٩٦٧	نێر		
٢١٦	سیامند محەمەد عەزیز	١٩٦٨	نێر		
٢١٧	منیرە محەمەد عەزیز	١٩٧٣	مێ		
٢١٨	فتاح محەمەد عەزیز	١٩٥٦	نێر	٥	
٢١٩	ماهی سەعید عبدالقادر	١٩٦٥	مێ		
٢٢٠	سەرتیپ فتاح محەمەد عەزیز	١٩٨١	نێر		
٢٢١	سیروان فتاح محەمەد عەزیز	١٩٨٢	نێر		
٢٢٢	سە رکە وت فتاح محەمەد عەزیز	١٩٨٥	نێر		
٢٢٣	سەعید محەمەد عەزیز	١٩٦٣	نێر	٤	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە ماهی سعید / لە کاتی شالاوی ئەنفال دوو گیان بووە
٢٢٤	گە وهەر روستەم محەمەد	١٩٦٥	مێ		
٢٢٥	روبار سەعید محەمەد عەزیز	١٩٨٢	مێ		
٢٢٦	جیگر سەعید محەمەد عەزیز	١٩٨٥	نێر		
٢٢٧	حسین محەمەد سلیمان	١٩٦٧	نێر	٢	
٢٢٨	عوسمان محەمەد سلیمان	١٩٧١	نێر		
٢٢٩	نەهیە ئەحمەد صالح	١٩٦٠	مێ	١	
٢٣٠	شە وکە ت محەمەد ئەحمەد	١٩٤٥	نێر	٤	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە گەوهر روستم // لە کاتی شالاوی ئەنفال دوو گیان بووە
٢٣١	ئئەمینە فرە ج عەزیز	١٩٦٧	مێ		
٢٣٢	رشید عەلی صابر	١٩٨٨	نێر		
٢٣٣	حبیبە صابر ئەحمەد	١٩٦٨	مێ		
٢٣٤	محەمەد ڕەحیم محەمەد	١٩٥٦	نێر	٧	
٢٣٥	محمود ڕەحیم محەمەد	١٩٥٧	نێر		

٢٣٥	لتيف صالح غفور	١٩٦٤	نێر		
٢٣٦	يادگار لتيف صالح غفور	١٩٨٦	نێر		
٢٣٧	ئەحمەد صالح غفور	١٩٧١	نێر		
٢٣٨	شكور غفور حەميد	١٩٥٦	نێر		
٢٣٩	محەمەد شكور غفور	١٩٧٢	نێر		
٢٤٠	محەمەد خورشيد مجيد	١٩٥٥	نێر	٥	
٢٤١	قدريه صالح مجيد	١٩٥٩	مێ		
٢٤٢	نازم محەمەد خورشيد	١٩٨٣	نێر		
٢٤٣	سيوان محەمەد خورشيد	١٩٨٤	نێر		
٢٤٤	محمود محەمەد خورشيد	١٩٨٧	نێر		
٢٤٥	خليل خورشيد مجيد	١٩٦٢	نێر	٦	ئەم خێزانە كەسی دەرنەچووە
٢٤٦	ريحان عەلی مجيد	١٩٦٥	مێ		
٢٤٧	حەسيبە خليل خورشيد مجيد	١٩٨٠	مێ		
٢٤٨	ئيبراهيم خليل خورشيد مجيد	١٩٨٢	نێر		
٢٤٩	ئيسماعيل خليل خورشيد مجيد	١٩٨٤	نێر		
٢٥٠	شيلان خليل خورشيد مجيد	١٩٨٦	مێ		
٢٥١	ستار ئەحمەد قادر	١٩٥٠	نێر	١	
٢٥٢	ئيبراهيم ئەحمەد قادر	١٩٥٧	نێر	٥	ئەم خێزانە كەسی دەرنەچووە
٢٥٣	ئەمينە حملاو ئەحمەد	١٩٦٤	مێ		
٢٥٤	دلسوز ئيبراهيم ئەحمەد قادر	١٩٨٤	مێ		
٢٥٥	لە ولاو ئيبراهيم ئەحمەد قادر	١٩٨٦	مێ		
٢٥٦	نە رمين ئيبراهيم ئەحمەد قادر	١٩٨٨	مێ		
٢٥٧	خورشيده ئەمين عەلی	١٩٥٧	نێر	٨	ئەم خێزانە كەسی دەرنەچووە
٢٥٨	فاخر محەمەد ستار جەبار	١٩٧٢	نێر		
٢٥٩	ئاكۆ محەمەد ستار جەبار	١٩٧٩	نێر		

٢٦٠	شمال محەمەد ستار جەبار	١٩٨٠	مێ		
٢٦١	سلیم محەمەد ستار جەبار	١٩٨٢	نێر		
٢٦٢	شیما محەمەد ستار جەبار	١٩٨٢	مێ		
٢٦٣	کەریم محەمەد ستار جەبار	١٩٨٤	نێر		
٢٦٤	جەمیلە محەمەد ستار جەبار	١٩٨٥	مێ		
٢٦٥	جەبار سەعید ئەحمەد	١٩٥٦	نێر	٦	
٢٦٦	حلاوە حەمید محەمەد	١٩٥٩	مێ		
٢٦٧	کاروان جەبار سەعید ئەحمەد	١٩٨٠	نێر		
٢٦٨	گەرمیان جەبار سەعید ئەحمەد	١٩٨٢	نێر		
٢٦٩	کویستان جەبار سەعید ئەحمەد	١٩٨٤	مێ		
٢٧٠	کارزان جەبار سەعید ئەحمەد	١٩٨٧	نێر		
٢٧١	ڕەحیم سەعید ئەحمەد	١٩٦٣	نێر	٣	
٢٧٢	حکیم سەعید ئەحمەد	١٩٦٧	نێر		
٢٧٣	فایق سەعید ئەحمەد	١٩٧١	نێر		
٢٧٤	عاسی سەعید ئەحمەد	١٩٥٢	نێر	٥	
٢٧٥	گە لاویز حەسەن ئەمین	١٩٦٥	مێ		ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
٢٧٦	دلسوز عاسی سەعید ئەحمەد	١٩٨٣	مێ		
٢٧٧	ریباز عاسی سەعید ئەحمەد	١٩٨٥	نێر		
٢٧٨	ئاشتی عاسی سەعید ئەحمەد	١٩٨٨	مێ		
٢٧٩	هیدایت سەعید ئەحمەد	١٩٤٦	نێر	٩	
٢٨٠	غزیمە حەمید ئەحمەد	١٩٤٩	مێ		
٢٨١	عزە دین هیدایت سەعید ئەحمەد	١٩٧١	نێر		ئاشتی عاسی // لە بەندیخانە لە دایک بووە کورد لە پەری مردنەوە هیوا لە ئاشتی نابرێت
٢٨٢	جیران هیدایت سەعید ئەحمەد	١٩٧٣	مێ		
٢٨٣	گە لاویز هیدایت سەعید	١٩٧٥	مێ		

	ئەحمەد				
٢٨٤	محەمەد هیدایت سەعید ئەحمەد	١٩٧٩	نێر		
٢٨٥	نجیب هیدایت سەعید ئەحمەد	١٩٨١	نێر		
٢٨٦	کویستان هیدایت سەعید ئەحمەد	١٩٨٣	مێ		
٢٨٧	شیما هیدایت سەعید ئەحمەد	١٩٨٥	مێ		
٢٨٨	اختە ر محمود ئەحمەد	١٩٦٥	مێ	٣	
٢٨٩	ئاکو جلال سەعید	١٩٨٦	نێر		
٢٩٠	ئاسو جلال سەعید	١٩٨٨	نێر		
٢٩١	ستار محمود ئەحمەد	١٩٥٧	نێر	٤	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
٢٩٢	فریاد ستار محمود ئەحمەد	١٩٨٣	نێر		
٢٩٣	هیمن ستار محمود ئەحمەد	١٩٨٤	نێر		
٢٩٤	ئەحمەد ستار محمود ئەحمەد	١٩٨٦	نێر		
٢٩٥	فواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٤٨	نێر	٦	
٢٩٦	نعیمە حسین صالح	١٩٥٠	مێ		
٢٩٧	فایق فواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٧٣	نێر		
٢٩٨	نەوزاد فواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٧٥	نێر		
٢٩٩	هەنارە فواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٧٧	مێ		
٣٠٠	مهدی فواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٨٠	نێر		
٣٠١	جهاد فواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٦٥	نێر	٥	
٣٠٢	محبوبە جواد ناوخاس	١٩٦٧	مێ		
٣٠٣	کاروان جهاد فواد ناوخاس	١٩٨٣	نێر		
٣٠٤	هند جهاد فواد ناوخاس	١٩٨٥	مێ		
٣٠٥	نەوال جهاد فواد ناوخاس	١٩٨٧	مێ		
٣٠٦	فاتمە ئیبراهیم محەمەد	١٩٤٩	مێ	٩	

٣٠٧	نەخشە جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٦٩	مێ		ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە
٣٠٨	نجیبە جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٧٨	مێ		
٣٠٩	عمبەر جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٧٩	مێ		
٣١٠	دلیان جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٨٠	نێر		
٣١١	هیمن جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٨١	نێر		
٣١٢	حبیبە نوری زوراب	١٩٦٤	مێ		
٣١٣	سیروان جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٨٣	نێر		
٣١٤	پشتیوان جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٨٤	نێر		
٣١٥	فاتیح جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٦٤	نێر	٤	
٣١٦	غریبە سەعید ناوخاس	١٩٦٧	نێر		
٣١٧	تاوس فاتیح جواد ناوخاس	١٩٨٤	مێ		
٣١٨	بە ناز فاتیح جواد ناوخاس	١٩٨٥	مێ		
٣١٩	هاشم جواد ناوخاس ئەحمەد	١٩٦٨	نێر	٢	
٣٢٠	زەکیە محەمەد ئیبراهیم	١٩٧١	مێ		
٣٢١	نەسرین وەلی غیدان	١٩٧١	مێ	١	
٣٢٢	بدریە عوسمان گە نجە	١٩٥٠	مێ	٥	
٣٢٣	حسین عەلی مجید	١٩٦٨	نێر		
٣٢٤	ئازاد عەلی مجید	١٩٧٤	نێر		
٣٢٥	نجیبە عەلی مجید	١٩٧٨	مێ		
٣٢٦	جەمیلە عەلی مجید	١٩٨٠	مێ		
٣٢٧	فتحیە کەریم رشید	١٩٤٢	مێ	٥	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە غریبە سعید ناوخاس // لە کاتی شالاوی ئەنفال دوو گیان بووە
٣٢٨	غزیمە جلال جەوهەر	١٩٧٠	مێ		
٣٢٩	شنو جلال جەوهەر	١٩٨٣	مێ		
٣٣٠	جوانە جلال جەوهەر	١٩٨٤	مێ		

٣٣١	سالار جلال جەوهەر	١٩٨٦	نێر		
٣٣٢	حیات مجید عەزیز	١٩٦٣	مێ	٤	ئەم خێزانە کەسی دەرنەچووە لە کاتی شالاوی ئەفال دوو گیان بووە
٣٣٣	نبات هلال جلال جوهەر	١٩٨٣	نێر		
٣٣٤	بناز هلال جلال جوهەر	١٩٨٥	مێ		
٣٣٥	دڵشاد هلال جلال جوهەر	١٩٨٧	نێر		
٣٣٦	زبیده جوهر ئیبراهیم	١٩٣٢	مێ	٥	
٣٣٧	صالح محەمەد جوهەر	١٩٦٨	نێر		
٣٣٨	رعنا محەمەد کەریم	١٩٦٩	مێ		
٣٣٩	فرهاد صالح محەمەد جەوهەر	١٩٨٧	نێر		
٣٤٠	ئاسکە محەمەد جوهەر	١٩٦٧	مێ		
٣٤١	ئەحمەد جوهەر ئیبراهیم	١٩٤٢	نێر	٧ ژمارەی ئەنفالکراو	
٣٤٢	نسیمە مجید عەزیز	١٩٥٠	مێ		
٣٤٣	تاریق ئەحمەد جوهەر ئیبراهیم	١٩٧٦	نێر		
٣٤٤	ئاوات ئەحمەد جوهەر ئیبراهیم	١٩٧٨	مێ		
٣٤٦	فەریق ئەحمەد جوهەر ئیبراهیم	١٩٧٩	نێر		
٣٤٦	سەرحد ئەحمەد جوهەر ئیبراهیم	١٩٨٠	نێر		
٣٤٧	گەلاویز ئەحمەد جوهەر ئیبراهیم	١٩٨٤	مێ		

گرنگ : راپۆرتێکی ڕێکخراوی سەنتەری دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ (D.H.R.D) دەربارەی خورماتوو.

ئەنفالستان : لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرو گەرانەوەی سوپای عێراق بەپشتیوانی حەشدی شەعبی جگەلە گۆڕانکارییە سیاسیەکان، کۆمەڵێک رووداوی نەخوازراوو تاوانی گەورەش ڕویاندا، یەکێک لەوشارانەی خەڵکە مەدەنیەکەی زیانی گیانی ومادّی زۆریان بەرکەوت شاری خورماتوو بوو، سەنتەری دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئەو رووداوانە راپۆرتێکی گرنگیان ئامادەکردووە بەتایبەتی دەربارەی رووداوەکانی شاری خورماتوو ئەو دەستدرێژیانەی هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی کردوویانەتە سەر هاوڵاتیانی کوردو سونەی ئەو شارە. ئەو ڕاپۆرتە جێگەی بایەخ پێدانی گۆڤاری ئەنفالستانە.

دەقی راپۆرتەکە :

سەنتەری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ/DHRD ڕاپۆرتی تایبەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە دژی ئەو خێزانانەی کە بە هۆی ڕوداوەکانی ئەم دووایە لە تووز خورماتو هەڵاتون و ئێستا لە کەمپی ئاوارەکانی ناوچەی گەرمیان و دەوربەری دەژین

پێشەکی:

لە بەرواری ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، هێزەکانی حکومەتی عێراق و ژمارەیەک لە هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر خەڵکی مەدەنی شارۆچکەی تووز خورماتوو. شایانی باسە ئەم ڕوداوە دواترینە لە دوای ئەوەی عێراق سااڵنێکی زۆر لە ناو شەڕ و پێکدادانی بەردەوامدا تێوەگلا بوو. لە دوای ئەو هەموو مەینەتیەی خەڵکی عێراق کە بە دەست تونددڕەوترین گروپی تیرۆریستی جیهانی، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ، (داعش) بە سەریدا هات، زۆربەی زۆری گروپە چەکدارەکانی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشتر شان بە شانی یەکتر لە دژی هێزەکانی داعش دەجەنگان و لە خزمەتکردن و پاراستنی گیان ومادّ و کەرامەتی خەڵکی عێراقدا شەو و ڕۆژ لە ئامادە باشیدا بوون بۆ گێڕانەوەی ئەو شوێنانەی کە پێشتر لە لایەن داعشەوە داگیر کرابون. سەرەڕای بوونی هێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەو وڵاتانەی تر کە لە ناوچەکەدان کە وەک هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی ڕۆڵی ڕاوێژکاری دەبینن و هەروەها بە چەک و هێزی ئاسمانی هاریکاری پێشکەش بەو هێزانەی عێراق دەکەن کە ئاماژەیان پێدرا. بەڵام بە داخەوە، لە کاتێکدا کە هێشتا خەڵکی مەدەنی عێراقی بە بەردەوامی دەنااڵێنن بە دەست دەرەنجامەکانی ئەو شەڕەوە. ئەمە سەرەڕای لەدەستدانی گیانی هەزاران کەس و بە کۆمەڵ ئاوارەبوونی سەدانی تر لە خەڵکی شارەکانی وەک فەلوجە و سەنجار و ناوچەکانی موسڵ کە دوچاری ماڵ وێرانی و ڕوخانی خانو و موڵکیان هاتون. جگە لەوەش کە هێشتا چارەنووسی کوردانی ئێزیدی ڕفێنراو بە دەستی هێزەکانی داعش ناڕوونە.

دوا بە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم کە لە بەرواری ٢٥ ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دا لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدرا و لە لایەن حکومەتی بەغدا و وڵاتانی دراوسێ و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دژایەتی کرا، لەو ساتەوە گرژی کەوتە پەیوەندییەکانی نێوان

هەولێر و بەغداوە. هەروەها لە پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراودا، هێزە عێراقی و کوردییەکان واتە ئەو دوو هێزەی کە پێشتر دەست لە دەست جەنگی داعشیان دەکرد، ئەمڕۆکە پەلاماری یەک دەدەن و لە دژی یەکتر دەجەنگن. بە پێی ڕاپۆرتێکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق UNAMI و ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، لەم ڕوداوانەی دوایدا، لە بەرەبەیانییەکی زووی بەروارێ ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا، ٣٥،٠٠٠ خەڵکی مەدەنی لە شارۆچکەی تووز خورماتو هەڵاتوون . هەروەها بە پێی ڕاپۆرتەکانی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی و کاروباری مرۆیی UNOCHA و (IOM)، ژمارەی ئاوارەکانی ئەم دواییەی ناکۆکیەکان و شەڕەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بریتی بوون لە (١٤١٣٦) خێزانی ئاوارە. بەشێک لەو ئاوارانە لە سنوری ناوچەی گەرمیان نیشتەجێ بوون کە ژمارەکەیان دەگاتە (٦١٧٤) خێزان. بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕاستەوخۆ لە ناحیەی نەوجول لە بەرواری (٢٩ ئۆکتوبەری ٢٠١٧) لە لایەن DHRDیەوە وەرگیراوە، نزیکەی (١٨٤٨) خێزان لە ناحیەی نەوجول و گوندەکانی دەوروبەری نێشتەجێ بوون.

سروشتی ئەو هێرشانەی ئاماژەیان پێدرا و هەموو هێرشەکانی پێشوتریش، بریتی بوون لە شەڕی تایەفەگەری و ئەو کەسانەش کە هێرشیان کراوەتە سەر و بونەتە قوربانی، لە ڕەچەڵەکدا کورد و موسوڵمانی سوننە مەزهەب بوون و لە لایەن ئەو هێزانەوە هێرش کراوەتە سەریان کە عەرەب و تورکمانی موسوڵمانی شیعە مەزهەبن.

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ DHRD /

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤDHRD /، ڕێکخراوێکی ناحکومی و ناوخۆیی و پارێزەری مافەکانی مرۆڤە و لە ساڵی ٢٠٠٢ دا لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە و ژمارەیەکی بەرفراوان پرۆگرامی لە بواری پاراستنی یاسایی ئەنجامداوە بە جەختکردنەوە لەسەر بوارەکانی وەک چاودێریکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و بەهاناوە چوونی ڕزگاربوانی چەندین جۆر کارەساتی قەیرانـاوی کە لە ناوچەکەدا ڕوویداوە. لە میانەی کارەکانیدا، ڕێکخراو خزمەتگوزاری یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ ئەو کەسانە دابین کردووە کە بوونەتە قوربانی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئەمە سەرەڕای سازدانی بەرنامەی بەرگریکردن لە چاکسازی یاسایی و بەرگریکردن لە ئەو کەسانەی ڕوبەڕووی ئەشکەنجە دەبنەوە و هەروەها ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکانی ناو کەمپەکانی پەنابەر و ئاوارە نشین، و بەڕێوەبەرایەتییەکانی گرتن و گواستنەوە و بەندیخانەکان.

بەدواداچوونی ڕێکخراوی DHRD بۆ ئەو کەسانەی بە هۆی ڕوداوەکانی ئەم دواییە ئاوارە بوون:

دوابەدوای ڕوداوەکان و ئاوارەبوونی خەڵکەکە، ڕێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ سەردانی هەندێ ناوچەی کرد کە ئاوارە عێراقیەکانی تێدا نیشتەجێن و بە شێوەیەکی ناهەموار ژیان دەگوزەرێنن. لەو سەردانەدا توانیمان لە نزیکەوە لەگەڵ چەند تاکێک لەو کەسانە چاوپێکەوتن ئەنجام بدەین کە بە هۆیەوە هەلی ئەوە ڕەخسا بۆ کەسەکان کە چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان بگێڕنەوە. لە چاوپێکەوتنەکاندا قسەمان لەگەڵ چەند کەس و خێزانێک کرد و توانیان بە بەڵگەوە چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە و هەندێ لەو چیرۆکانەش لەسەر زاری کەسانی تر جارێکی تر وتراونەتەوە.

ڕێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەستاوە بە نوسینی ئەم ڕاپۆرتە لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئێمە، میدیا ناوخۆیی و جیهانییەکان نەیانتوانیوە ڕوداوەکان وەک پێویست بخەنە ڕوو و ڕیپۆرتی ئەو تۆندوتیژییانە بکەن کە دوچاری ئەو کەسانە بوونەتەوە و لە ڕوداوەکانی ئەم دواییەدا ئاوارەبوون. ئێمە پێمان وایە، ئەرک و لێپرسراوێتی سەرشانی ئێمەیە کە ڕاپۆرتێک ئامادە بکەین دەربارەی ئەو تراژیدیایەی ڕوبەڕوی

کەسانی ئاوارە بۆتەوە بۆ ئەوەی دواتر ئەم زانیارییانە پێشکەش بە ڕێکخراو و میدیا نێودەوڵەتییەکان بکەین. هیواخوازین لە ڕێگەی ئەم ڕاپۆرتەوە بتوانین خەڵکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان هان بدەین کە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەنجامدانی تویژینەوە و ناساندنی ڕوداوەکان وەک خۆی و بە شێوازێکی بابەتییانە و بە بێ ئەوەی کاریگەری گرژی و جیاخوازییەکانی بار و دۆخی سیاسی ئەمڕۆکەی تێدا ڕەنگ بداتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیواخوازین ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بە هانای ئەو ئاوارانەوە بچن کە هەر وەک ئاوارەکانی تری پێش خۆیان لە ناوچەکەدا هەموو موڵک و ماڵیان لەدەست داوە و ترسیان لە گەڕانەوە هەیە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

لەم ڕاپۆرتەدا، لە پێناو پاراستنی ژیانی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا ئەنجامداوە، ڕێکخراوی DHRD ناو و ناسنامە و شوێنی ئەو کەسانەی سڕیوەتەوە .

بەشی یەکەم – ئاوارەبوون

وڵاتی عێراق مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە شەڕ و گرژی و پێکدادانداا. هەروەها ئەم کارەساتی ئاوارە بوونەی کە لەم دواییەدا ڕوویدا و بە هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی کورد لە ناوچەکانی تووز خورماتو ئاوارە بوون و پێشتریش ئەو کەسانە لە کاتی شاڵاوی ئەنفالدا بە دەستی ڕژێمی پێشوی بەعس ئاوارە کرا بوون. حکومەتی پێشوی ڕژێمی حیزبی بەعس کە سەدام حسێن ڕابەرایەتی دەکرد تاوانی جینۆسایدو و لە ناو بردنی بە کۆمەڵی لە دژی کوردەکان ئەنجامدا وەک بەشێک لە شاڵاوی ئەنفال کە تیایدا هێزە سەربازییەکانی ئەو کاتەی عێراق هەزاران گوندیان خاپوور کرد و هەر لەو شاڵاوانەدا سەدان هەزار کەس کوژران یاخود ئاوارە بوون. زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی ئەنفال کرا بوون، هەمان خێزانن کە دانیشتوی شاری تووز خورماتون و لەم ڕوداوانەی ئەم دواییەی شارۆچکەکەدا جارێکی تر ئاوار بوونەتەوە. هێرشەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقی ئەوەندە لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراو بوو، دانیشتوانی شارەکە بە جۆرێک سەریان لێ شێوا و شپرزە بوون نەیان ئەزانی چی بکەن. زۆربەی خەڵکەکە وەسفی ئەم کارەساتەیان بە شاڵاوی "ئەنفالێکی تر" دەکرد کە جارێکی تر بەسەریاندا هاتووە و لە دەرەئەنجامدا خەڵکەکەی توشی ترۆمای دەروونی و ترس و تۆقاندن کردووە. ئەو کەسانەی کە ڕێکخراوی DHRD چاوپێکەتنی لەگەڵ ئەنجامدان، باسیان لەوە دەکرد کە لە شاڵاوی ئەمجارەدا ناپاکییان بەرامبەر کراوە ئەویش بە هۆی بێدەنگی و کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و میدیا و ئاژانسە جیهانیەکان کە هەتاکو ئێستا هیچ ڕاگەیاندراوێک یاخود بەیاننامەیەکیان لە سەر ئەو هێرشانە بڵاو نەکردۆتەوە. هاوکات هۆکاری ئەم تراژیدیایە وەک ئەوەی کە لەسەر زاری ئاوارەکان وەرگیراوە، بە هۆی جیاوازیی نەتەوەیی و تایەفەگەریی بووە کە وادەکات ئەو کەسانە بە هیچ شێوازێک نەتوانن بیر لە گەڕانەوە بکەنەوە بۆ زێدی خۆیان، چونکە هەتاکو ئێستا کێشەکان وەک خۆیان ماونەتەوە و هیچ گرەنتیەک نییە بۆ دوبارە نەبونەوەی کارەساتی لەو جۆرە.

ئەو کەسانەی ئاوارەبوون ئێستا لە بار و دۆخی زۆر دژواردا ژیان دەگوزەرێنن و بێبەشن لە سەرجەم پێداویستەیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان و خزمەتگوزاریەکانی وەک نەبوونی خۆراک و ڕاخەر و نوێن و جل و بەرگ و پێداویستییەکانی پاکو خاوێنی و ژیانی ڕۆژانە. ئەو نموونانەی لای خوارەوە ئاماژەن بۆ ئەو نەهامەتییەی بەسەر ژیانی ئەو خێزانانەدا هاتووە لە دەرەنجامی شەڕ و پێکدادان و ئاوارەبوونەوە:

سێ ماڵ کە لەیەک خانووی کرێ نشین نیشتەجێ بوون لە شارۆچکەی (صمود) ی سەر بە ناحیەی ڕزگاری. دایکی یەکێک لە خێزانەکان کە لە هەمان خانوودا ژیانیان دەگوزەراند بەم شێوەیە باسی ئاوارە بوون و بارودۆخی خۆیانی کرد و گوتی،

"من دایکی چوار کوڕم و مێردەکەم ئەنفالە و ئێستا کوڕەکانم گەورە بوون و ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە. لە کاتی شەڕەکەدا پارچە هاوەن بەرجەستەم کەوتوو و دەست و سەر و پشتم

بریندار بوو ئەمە لە کاتێکدا کە لە هەوڵی خۆڕزگاربونماندا بووین و لە ناکاودا پارچە هاوەن بەرجەستەم کەوت و دوچاری خوێن بەربوونێکی زۆر هاتم. هەرچۆنێک بێت خۆمان گەیاندە شوێنێکی ئارام و ڕاستەوخۆ گەیەنرامە نەخوشخانە و نەشتەرگەریم بۆ ئەنجامدرا. هەتاکو ئێستاش وەک دەبینین دەستم باش نەبووە و دووبارە دەبێت سەرلەنوێ گەچم بۆ تێبگیرێتەوە".

هەروەها گوتی، هەتاکو ئێستا هیچ ڕێکخراو و لایەنێک لە ئێمەی نەپرسیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە باری داراییمان خراپە بەڵام بە لامانەوە پەسەندکراو نیە و زۆر ئاستەمە بە ئاوارە هەژمار بکرێین و لەناو کەمپی ئاوارەکان نیشتەجێ ببین، لە کاتێکدا کە ئەو کەمپانەی ناوچەی گەرمیان لە بنەڕەتدا بۆ عەرەبە ئاوارەکانی باشوری عێراق دروستکراون"

ئەو ئاوارانەی لە دەرەوەی کەمپەکاندا دەژین بێبەشن لە سەرجەم پێداویستەیەکانی ژیانی ڕۆژانە و خزمەتگوزاریەکانی وەک نەبوونی ئاگر و غاز بۆ ئامادەکردنی خواردن، نەبوونی ئاوی گەرم، کەمی پێداویستیەکانی کچان و ژنان و کەمی یاخود نەبوونی شیر و دایبی بۆ منداڵانی کۆرپەلە، هەروەها لێ نەپرسینەوەی ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خانەوادەی ئەنفال کە بەداخەوە بۆ جاری دووەم ڕوبەڕویماڵ وێرانی و ئاوارەبوون و بریندار بونەتەوە ئەمە سەرەڕای ناجێگیری و ناڕەحەتی بەردەوامی باری دەرونی ئەو کەسانە.

ژنێک کە تەمەنی لە نێوان (٤٥–٥٠ ساڵ) بوو وە خەڵکی تووز خورماتو بوو و نیشتەجێی یەکێک لە قوتابخانەکانی ناحیەی نەوجول بوو، ئەم چیرۆکەی لای خوارەوە گێڕاۆیەوە و گوتی:

"من و میردەکەم و ١٠ منداڵەکەم ماوەی ١٣ ڕۆژە لە ناو ئەم قوتابخانەیەدا نیشتەجێین، ڕۆژی شەڕەکە کاتژمێر یەکی شەو بوو کاتێک کە هەڵهاتین و تەنها فریای ئەوە کەوتین ناسنامەکانمان هەڵبگرین و هەڵبێین. هیچ شتێکمان پێ نەبوو لە کاتی هەڵهاتنمان هەر بۆیە کاتێک گەیشتینە ناحیەی نەوجول و لە ناو ئەم خوێندنگەیە نیشتەجێ بووین، لە لایەن ژمارەیەک خەڵک و ڕێکخراوەوە هەندێک پێداویستیمان بۆ دابینکرا وەک نوێن و خواردن و هەندێکی تر لە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە. شەش لە منداڵەکانم کە لە شوێنی خۆمان دەیانخوێند ئێستا و دوای هەڵاتن، لە خوێندن دابڕاون. کچێکم خوێندکاری پۆلی دووی زانکۆ بوو، کچێکی ترم خوێندکاری ئامادەیی بوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ماڵ و خانوەکەمان بە جێهێشتووە بە بێ ئەوەی بزانین چی بەسەرهاتووە، چونکە بیستومانە کە کۆمەڵێک ماڵی زۆر تاڵان کراون یان سوتێنراون و تەقێنراونەتەوە، بەڵام نازانین ماڵەکەی ئێمە چی بەسەرهاتووە ".

زۆربەی زۆری ئەو ئاوارانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدرا ئاماژەیان بەوەدا کە هەست دەکەن جارێکی تر ئەنفالکراونەتەوە و بگرە ئەنفالی ئەمجارەیان بە هۆی بێدەنگی و کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و میدیا و نێوەندە جیهانیەکان لە ئاست ئەو تراژیدیایەدا، هاوکات هۆکاری ئەم تراژیدیایە بە پێی ئەوەی لەسەر زاری ئاوارەکان وەرگیراوە بریتییە لە جیاوازی نەتەوەیی و تایەفەگەریی کە وایکردووە بە هیچ شێوازێک نەتوانن بیر لەگەڕانەوە بکەنەوە بۆ زێدی خۆیان. وەک خویان ئاماژەیان پێدا،

"ئێمە ناوێرین بگەڕێینەوە بۆ زێدی خۆمان، چۆن بتوانین بگەڕێنەوە لە کاتێکدا هیچ هاریکارییەکمان نیە کە گرەنتی سەلامەتی ژیانمان بدات و گرەنتی بدات کە جارێکی دیکە کێچ و ژنەکانمان ڕوبەڕوی پەلاماردان و لاقە کردن نابنەوە".

بەشی دووەم – تۆندوتیژی سێکسی و لاقە کردن

هەمیشە خەڵکانی سیڤیل دەکرێنە سوتماکی سەرەکی جەنگەکان و بەو هۆیەوە ژنان و کچان دەکەونە بەر مەترسی لاقەکردن و توند و تیژی سێکسی. بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی بەرفراوان ژنان و کچانی عێراق دەناڵێنن بە دەست لاقە کردن

و دەستدرێژی سێکسی کە بە هۆی شەڕ و گرژییەکانەوە ڕووبەدەن کە ساڵانێکی زۆرە لە ناوچەکەدا دەگوزەرێن، لە ناویشیاندا، بازرگانیکردن بە سێکسەوە، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و دەستدرێژی سێکسی کە لە لایەن چەکدارەکانی ناو شەڕەکان لە دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژنێک دوچاری لا قەکردن دەبێتەوە، لە ناو کۆمەڵگەدا وەکو کەسێک تێی دەڕوانن کە ئابڕوی خۆی لەدەست دابێت، هەر بۆیە ئەو ژنانە لە لایەن خێزان و کۆمەڵگەوە ڕەت دەکرێنەوە و کاردانەوەی نەرێنی تری بە دوادا دێت وەکو "کوشتن بە ناوی شەرەفەوە". هەروەها ئەو ژنانە دوچاری کۆمەڵێک کێشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی دەبنەوە کە لە دەرەنجامی توندوتیژی سێکسی کە بەسەریاندا هاتووە ڕوو دەدەن. ئەو ژنانەی کە دەبنە ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە خۆیان بکوژن وە یاخود لایەن خێزانەکانیانەوە فشاریان بخرێتە سەر بۆ خۆکوشتن .

ئەمەی لای خوارەوە چیرۆکی ئەو کەیسانە دەگێڕێتەوە کە دوچاری تونددوتیژی دەرونی بونەتەوە و لە سەر زاری هەندێ لەو کەسانە وەرگیراوە کە لە ڕوداوەکانی ئەم دواییەی شارۆچکەی تووز خورماتو هەڵاتون و ئێستا ئاوارەی نیشتەجێی ناوچەکانی گەرمیانن:

١.ژنێک تەمەنی نزیکەی (٦٠) ساڵ بوو، نیشتەجێی یەکێک لە کەمپەکان بوو باسی لەم ڕوداوە کرد و گوتی:

"خێزانێک دەناسم کە خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچ بوون و لە ناو تووز خورماتو ناسراو بوون، لە کاتی ڕودانی شەڕەکە لە لایەن چەکدارانی هێزی حەشدی شەعبی لەبەر چاوی باوکیان سەرەتا دەستیان بردووە بۆ جەستەی هەردوو کچەکەی و پاشان هەردوکیان لاقە کراون بە بەرچاوی باوکیانەوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی باوکیان دڵی لە لێدان بوەستێت و بمرێت".

٢.ژنێک کە لە هەمان کەمپ نیشتەجێ بوو گوتی،

"لەم کەمپەدا کە ئێستا ئێمەی تێدا نیشتەجێین، دوو خێزانمان لەگەڵدا بوو، لە بەرواری ٢٦ ی ئۆکتوبەری ٢٠١٧ بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ تووز خورماتو، بەداخەوە دواتر بیستمان کە لەلایەن حشدی شەعبیەوە تەعدا کراوەتە سەر ژن و پیاوی ئەو دوو خێزانە و دواتریش وێنەی ڤیدیۆییان گیراوە بەڵام ئێستا نازانین چارەنوسیان چییە".

٣.ژنێک کە خەڵکی تووز خورماتو بوو و تەمەنی لە نێوان (٤٥–٥٠ ساڵ بوو)، گوتی،

"بیستومە کە ژنێک ڕووبەڕووی لاقەکردن بۆەتەوە و دەرئەنجام خۆی سووتاندووە و مردووە. دوو ژنی تریش کە ئاڵتوونیان پێوە بووە، لێیان دراوە و بە زۆر ئاڵتونەکانیان لێسەندراوە. هەروەها چیرۆکێکی تریشم بیستووە دەربارەی خێزانێک کە پێکهاتبوون لە ژن و مێرد و کچەکەیان و لە کاتی هەڵهاتندا لە لایەن حەشدی شەعبی تورکمانەوە دەستدرێژی کرابووە سەر ژنەکە و کچەکە و لاقە کرابوون، هەر بۆیە دەرەنجام باوکەکە لەگەڵ ژن و کچەکەیدا بە ئوتومبیلەکەیانەوە خۆیان هەڵدابووە ناو مەشروعی ئاوەکەی تووز خورماتو و گیانیان لەدەست دا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەڵێن ئەو خەڵکانەی دەرەنگ هەڵهاتوون ڕووبەڕووی سوکایەتی پێکردن و دەستدرێژی کردن بوونەتەوە لە سەر دەستی حەشدی شەعبی".

٤.یەکێک لە نیشتەجێبوانی کەمپێک کە ژنێکە تەمەنی نزیکەی (٥٠) ساڵ دەبوو، سەبارەت بە چیرۆکی لاقە کردن بەم شێوەیە باسی لە ڕوداوێک کرد و گوتی،

"ئێمە دراوسێیەکمان هەبوو کە ژنێکی گەنجە و وەک ئەوەی کە بیستوومانە چەکدار چونەتە ناو ماڵەکەی و ویستویانە دەستدرێژی بکەنە سەری، بەڵام هاواری زۆری کردووە و خەڵک چونە بە هانایەوە".

٥.پیاوێک کە خەڵکی تووز خورماتوە و کەسێکی ناسراوە لەو دەڤەرەدا، بەم شێوەیە باسی بارودۆخی کچان و ژنانی ئەو شارۆچکەیەی کرد و گوتی،

" چەندین چیرۆکی تووندوتیژی ڕوویداوە لە تووز خورماتودا و هەروەها لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە کەسێک ئاگاداری کردوومەتەوە کە ئافرەتێک بێوەژن بووە و لە لایەن حەشدی شەعبیەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری و لە کاتی ئێستادا ئەو ژنە باری دەروونی زۆر خراپ و ناجێگیرە، بەڵام لە ترسی قسە و باسی کۆمەڵگە ناوێرێت ڕاستەوخۆ ڕیپۆرتی چیرۆکی تووندوتیژیەکەی بکات، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی فەیسبوکەوە وێنەی کچان و ژنانی تووز خورماتو بڵاوکراوەتەوە کە کاتێک چەکدارەکان چوونەتە ناو ماڵەکانەوە وێنەی ئەلبومی ماڵەکانیان گرتۆتەوە و لە فەیسبوک دایان ناوە و بڵاو کراونەتەوە ".

هاوکات لەگەڵ ئەم کارەساتانەدا، ژمارەیەک هاوڵاتی سڤیل (کە بە هۆی نەبوونی ئاماری فەرمیەوە ناتوانرێت جەخت لە سەر ژمارەیان بکەینەوە) کوژراون یاخود بێسەر و شوێن بوون یاخود ڕوبەڕوی ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و بریندار‌بوون بوونەتەوە. ئەمە جگە لە زیانە ماڵییەکان لە تاڵانکردن و سوتاندنی ماڵ و حاڵی دەیان خێزان. ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو ماڵ و خانووی ئاوارەکان سوتێنراون و تاڵان کراون و کرداری شێواندن و سوتاندنی لاشەی مردووەکان کە لە کاتی شەڕەکەدا ئەنجا دراوە، کە هەریەک لەو تاوانانە پێویستی بە ئاماری تەواو و بەدواداچوونی تایبەت هەیە .

بەشی سێیەم – مەترسیەکان بە هۆی ئاوارەبوونی دریژخایەنەوە

ڕێکخراوی DHRD نیگەرانی ئەو مەترسییانەیە کە ڕەنگە ڕوبەڕوی ئەو کەسانە بێتەوە کە بە هۆی ڕوداوەکانی ئەم دوایەی ناوچەکە ئاوارە بوون ئەگەر بێتو چارەسەرێک لە سەر ئاستی ئەمنی و سیاسی بۆ کێشەکان نەدۆزرێتەوە بە جۆرێک کە ئەو خێزانانە بتوانن بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی زۆری ماڵ و دوکان و بازاڕی شارۆچکەی تووز خورماتو سوتێنراون یاخود تاڵان کراون کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بە سەر لە نوێ بونیادنانەوە و دروستکردنەوە هەیە .

بێبەشبوون لەخوێندن و کاریگەرییە دەرونیەکانی ئەم بەشە کۆمەڵێک منداڵ و گەنج دەگرێتە خۆی کە ناچار بوون بە شێوەیەکی کتوپڕ واز لە خوێندن بهێنن و ڕەنگە نەتوانن جارێکی تر بگەڕێنەوە و ئەو قۆناغەی خوێندنیان تەواو بکەن کە بە جێیان هێشتووە. ئەمەش مەترسی دواکەوتنی ئەو منداڵانە لە خوێندن دروست دەکات کە ڕەنگە دواتر بیانگەیەنێتە ئاستێک کەمتەرخەمی بکەن بەرامبەر خوێندنی خۆیان ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر بە ئاوارەیی بمێننەوە ڕەنگە ئەو منداڵانە دوچاری هاوسەرگیریی پێشوەخت ببنەوە. ئەمەی لای خوارەوە ئەو چیرۆکانەن کە لەسەر زاری کۆمەڵێک ئاوارەی نیشتەجێی گەرمیان ڕیپۆرت کراون:

کچێکی تەمەن ١٦ گوتی،

" من کچێکم و خوێندکاری قۆناغی چواری ئامادەیم، لە کاتی ئیستادا بێبەشم لە خوێندن و ناتوانم بەردەوام بم لە خوێندنەکەم، چونکە لەم شوێنەدا خوێندن بە زمانی عەرەبیە و من هەست بە ئەمن و ئاسایش ناکەم ئەگەر بڕۆم لەو قوتابخانەیەدا بخوێنم، هەر بۆیە لە کاتی ئیستادا باری دەرونیم زۆر خراپە و بەردەوام دڵم تەنگە، گریانێکی زۆرم هەیە و نائومێدم، خواردنم زۆر کەم بۆتەوە و تەنانەت کێشم زۆر دابەزیوە، خەوم زۆر کەمە تەنانەت ناتوانم بخەوم و چاوەکانم دابخەم چونکە دیمەنی ڕوداوەکان و دەنگی گولەو هاوەن لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە. لە کاتی ئێستادا نامەوێ بڕۆم بۆ ئەو قوتابخانەیە کە تاکە قوتابخانەیە لە کەمپەکەدا هەیە هەرچەندە دەرگای قوتابخانەکە داخراوە بە هۆی نەبوونی مامۆستاوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر کراوە بوایە من هەر نەدەچووم بۆ ئەو قوتابخانەیە چونکە هەست بە ترس دەکەم".

پیاوکی تەمەن ٢٠ ساڵ گوتی،

" پێش ئەوەی ئاوارە ببین، خۆم و هاوسەرەکەم هەردووکمان خوێندکار بووین. خۆم لە پەیمانگە

دەمخوێند و ئێستا دابڕاوم و دواهەمین ساڵی خوێندنمە، ژنەکەشم خوێندکاری زانکۆ بوو ئەویش ئێستا دابڕاوە، هەر بۆیە وا هەست دەکەین ئەمسالّی خوێندنمان فەوتاوە و لەو بڕوایەدا نین بتوانین بگەڕێینەوە بۆ خوێندن".

ژنێکی نیشتەجێی ناو یەکێک لە کەمپەکان گوتی، " من دایکێکم خاوەنی سێ کچ و یەک کوڕم، کچێکم لە قۆناغی سێی سەرەتایی و کچەکەی ترم لە قۆناغی دووی سەرەتاییە و لە کاتی ئێستادا بێبەشن لە خوێندن، هەموو ڕۆژێک لێم دەپرسن و دەڵێن کەی دەگەڕێینەوە بۆ قوتابخانە؟ بۆچی منداڵانی دیکە دەڕۆن بۆ قوتابخانە و ئێمە ناتوانین؟ لە هەمان کاتدا هەر چوار منداڵەکەم دووچاری میز بەخۆداکردن بوون لە شەواندا، نازانم چۆن چارەسەریان بکەم لەم بارودۆخەدا و لە ژیانی ئاوارەییدا کە پێداویستیەکانی ژیانمان بەپێی پێویست بەردەست نیە، ئاوی گەرم نیە و لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەموو ڕۆژێک جلەکانیان و جێگەکەیان بۆ بشۆم، ئایا لەم شوێنەدا چۆن بتوانم چارەسەری کێشەکەیان بکەم؟"

ژنێکی ترگوتی: من دایکێکم خاوەنی سێ منداڵم، هەر یەک ڕۆژی ئەم دۆخەی ئێستا بە یەک ساڵ لێم تێدەپەڕێت، ساڵی پار کچە گەورەکەم برد بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی لە پۆلی یەکی سەرەتایی وەربگیرێت بەڵام بەداخەوە وەریان نەگرت، بۆ خوێندنی ئەمساڵ دووبارە بردم و وەرگیرا بەڵام بەداخەوە شەڕەکە ڕویدا و نەیتوانی دەست بکات بە خوێندن. گەورەترین کێشەی من لە کاتی ئێستادا بێبەشبوونی کچەکەمە لە خوێندن، ڕاستە قوتابخانە بوونی هەیە لە ناو کەمپەکە بەڵام قوتابخانەکە تێکەڵە (کچ و کوڕ) و خوێندن بەزمانی عەرەبیە و کچەکەی منیش شەرمنە ناوێرم داخڵی بکەم لەم قوتابخانەیە و دەترسم کچەکەم پارێزراو نەبێت".

کچێک گوتی: "من کچێکم خوێندکاری قۆناغی یەکی ناوەندیم بەڵام هەتاکو نەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم تووز خورماتو ئامادە نیم بخوێنم".

لەکاتی دروست بوونی ڕوداوەکاندا و دواتر لەدوای نەمانی هەڕەشە بۆ سەر ژیانی ئاوارەکان، لە دەرئەنجامدا نیشانە دەرونیەکان دەردەکەون، وەک هەستی توڕەیی و تووشبوون بە خەمۆکی و دڵەڕاوکێی تونند و تێنەگەیشتن لەو هەستانەی کە هەیەتی، بیری خۆکوژی و ئەگەری خۆکوشتن و هەست کردن بەوەی خیانەتلێکراو و زوڵم لێکراوە، سەرباری ئەمانەش فریاگوزاری دەرونی سەرەتایی لە شوێنی نیشتەجێی ئێستایاندا دەست ناکەوێت.

لە کۆتاییدا، ئەم ڕاپۆرتە هەڵسەنگاندنێکە بۆ بار و دۆخی ئەو کەسانەی ئاوارە بوون و پێمان باشە تیشک بخەینە سەر ئەو ڕاستییەی کە پێداویستییەکانیان زۆر لەوانە گەورەتر و زیاترن کە لەم ڕپۆرتەدا نوسراوە. هەر بۆیە داواکارین لە ڕێکخراوەکانی تر و دام ودەزگا حکومییەکان و لە ناویشیاندا ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و جیهانییەکان کە سەردانی ئەو شوێنانە بکەن و بۆ ئەوەی بتوانن لە نزیکەوە پێداویستییەکانی ئەو ئاوارانە دیاری بکەن و دواتریش دەست بکەن بە دابین کردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆیان.

پەراوێز..

عێراق: بەڵگەی نوێ لە بارەی ئەو هێرشە هەڕەمەکییانەی کە بە هۆیەوە هەزاران کەس ناچار کران شارۆچکەی تووز خورماتو جێبهێڵن، ئەمە سەرەڕای تاڵانکردن و سوتاندنی ماڵ و موڵکی ئەو کەسانە. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ٢٤ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧.

), ٢٠١٧, ٢٤Amnesty International (Oct. https://www.amnesty.org/en/latest/news/ /iraq-fresh-evidence-that-tens-of-١٠/٢٠١٧ thousands-forced-to-flee-tuz-khurmatu-amid-indiscriminate-attacks-lootings-and-arson/.



ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان – دادپەروەری بنەمایەکی سەرەکییە بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی تووندووتیژیی سێکسی دەست داعش بەمەبەستی بنیاتنانەوەی ژیانیان

نەتەوە یەکگرتووەکان – جنێف (٢١ی ئابی ٢٠١٧) – ڕاپۆرتێکی نەتەوەیەکگرتووەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە حوکومەتی عێراق بەئاگابێت لە فەراهەمبوونی چاودێری و پاراستن و دادپەروەری بۆهەزاران ژن و کچی بەجێماوی دەست لاقەکردن و جۆرەکانی تری تووندوتیژی سێکسی لەلایەن داعشەوە، وە هەروەها ئەو منداڵانەی لە دەرەنجامی ئەم جۆرە تووندوتیژییەوە لە دایکبوون ڕووبەرووی جیاکاری و هەراسانکردن نابنەوە.

ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆهاریکاریکردنی عێراق (یونامی) و ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بەوەدەکات: "ژنان و کچانی ژێردەستی داعش، بەتایبەتی ژنانی یەزیدی و کەمایەتییەکانی تر، قوربانی دەست پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی بوون." قوربانیان ڕووبەرووی لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسی و وەدەرنانی بەزۆرەملێ و ڕفاندن و زەوتکردنی سەربەستی و کۆیلایەتی و گوڕینی ئایینی بە زۆرەملێ و مامەڵەی دڵڕەقانەو نامرۆییانە و بەسوک سەرنجدانانە بوونەتەوە.

زەید ڕەعد ئەلحوسێین، کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕایگەیاند: "ڕوشاندنە جەستەیی و عەقڵی و سۆزداریەکانی دەست داعش لەدەرەوەی تێگەشتن. قوربانیان پێویستیان بە دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان بنیاتبنێنەوە".

لەژێر ڕۆشناییی یاسا نێوخۆیی و یاسای مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی، حوکومەتی عێراقی پابەندە بەوەی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە بۆ گشت قوربانیان فەراهەم دەکرێت. ئەم پابەندبوونە بریتییە لە لێپرسینەوە لە بەرپرسیاریەتی تۆمەتبارە پێشێلکارەکان لەڕێگەی دادگاییکردنی سەربەخۆیانە و بێلایەنانە کە لە چوارچێوەی لەبەرچاوگرتنی جیاوازی جێندەری ئەنجامبدرێت بۆئەوەی ئازاری قوربانیان بەردەوامی نەبێت.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات حوکومەتی عێراقی و حوکومەتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی ئەرێنییان ناوە بۆ بەرەودان بە مافەکانی ژنان و منداڵان و لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی قوربانیانی دەست داعش. هەرچەندە سیستمی دادپەروەری تاوانکاری بەشێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتوونییە لە فەراهەمکردنی پاراستنی گونجاوی قوربانیان. چەند گۆڕانکارییەکی یاسایی و دامەزراوەیی پێویستن هەروەک ڕاپۆرتەکە باسی لێوەدەکات، بۆ ئاسانکاریکردنی فەراهەمکردنی دادپەروەری و چاودێری و پاراستنی قوربانیان لەم پرۆسانە.

ژان کوبیس، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق رایگەیاند: "پێویستە هەنگاوی تر بنرێن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەشداریی و هاتنەپێشی ژنان و کچان لە کۆتاییهێنان بە ململانێ و بنیاتنانی ئاشتی لە داهاتوو و پاڵپشتیکردن و ئاسانکریکردن بۆ بەشداریکردنێکی تەواو و یەکسانخواز لە ژیانی گشتی و سیاسیی لە عێراقی دوای داعش."

سەرەڕای هەوڵەکانی حوکومەت بۆ کەمکردنەوەی مەینەتیی قوربانیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئاستەنگەکان هەر بوونیان هەیە. ڕاپۆرتەکە جەخت لەوەدەکاتەوە کە دەبێت ژنان و کچان دەستیان بە پێداویستی و پاڵپشتیی گونجاوی پزیشکی و سایکۆلۆژی و دارایی و گوزەران و جۆرەکانیتری پێداویستی بگات.

هەروەها ڕاپۆرتەکە نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت لە ڕێککەوتنە خێڵەکییەکان لەلایەن نوێنەرانی خێڵەکانەوە لە ژمارەیەک پارێزگا، ئەم

ڕێککەوتنـــانە ئەو بەنـــدانە لەخۆدەگرێـــت کە ڕێگەدەدات بە دەرکردنی زۆرەملێی ئەو خێزانـانەی پەیوەنـدییان بە داعشـــەوە هەبـــووە و مولـــک و مالّیشیان وەکو قەرەبوو دەدرێتە قوربانیان.

بارودۆخی سەدان منداڵی لەدایکبووی ئەو ژنـانەی ژێردەسەڵاتی داعش بـێ بڕوانـامەی لەدایکبـوونن یان ئەوانەی داعش دۆکیومێنتی بۆ دروستکردوون و لەلایەن حوکـــومەتی عێـــراق و هەرێمـــی کوردستانەوە قبوڵنـاکرێن، کێشـەیەکی گەورەیە. ناونووسکردنی لەدایکبـوون پێویستی بە دایـک و بـاوکە بـۆئەوەی بەڵگەی هاوسـەرگیری پێشکەش بـــکەن و دوو شـــایەتیش دەبێـــت لەدایکبـــوونی منداڵەکە پشتڕاستبکاتەوە – لەم حـاڵەتەش ئەمە کارێکی قورسە بۆ دۆخی ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان مردوون یان بزربوون؛ ئەوانەی ناسنامەی باوکەکانیـــان نەزانـــراوە؛ کە منـــداڵەکە بەهـــۆی پەڵەی شەرمەزاریـیەوە فرێدراوە یـان بـۆ ئەوانەی لە کەمپەکانەوە دەژین کە هـیچ ئۆفیسێکی بـاری کەسێتی یان دادگا کاری لێناکات.

کۆمسیاری باڵا هەروەهـا جەختـی لەوەکردەوە کە "ئەو منداڵانەی لەژێردەسەڵاتی داعش لەدایکبـوون هەمـــان مـــافی یاســـاییان هەیە وەکـــو هەر هاوواڵتییەکی تری عێراقی، حوکومەتیش دەبێت لەوە دڵنیابێتەوە کە ڕووبەرووی پەراوێزخستن و پێشێلکاری نـابنەوە، هـیچ ئاماژەیەکی جیاکـاری لەسـەر بڕوانـامەی لەدایکبوونیـان نەبێت کە ئەو منـداڵانە لەڕێگەی هاوسـەرگیری یـان باوکیـان پەیوەنـدی بە داعشـەوە هەبـووە، لە دایکبـوون. وەنابێت ناونووس نەکرێن و مەترسی نەبـوون بە هاووڵاتی و ترسی بەکارهێنان و بازرگانیکردنیـان لەســەر بێـت."ڕاپـۆرتەکە کۆمەڵێـک پێشـنیاز دەخاتەبەردەســـت وەکـــو دەستگەیشـــتن بە دادپەروەری؛ پاڵپشـــتیی و چـــاودێریکردنی قوربانیان؛ خزمەتگوزاری زانیاری و ڕاوێژکاری بۆ یەکخســـتنەوەی خێزانەکـــان و گرنگیـــی ناونووسکردنی لەدایکبوون.

ڕاپـــۆرتەکە لە مـــاڵپەڕی ئەنفالســـتان یـــاخود لەماڵپەڕی نەتەوە یەک گرتووەکاندا لەم لینکەی خـــــــــــــوارەوەدایە :

http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&id=7799:2017-08-22-07-18-27&Itemid=674&lang=ku



مۆنۆمێنتی ئاوشفیتس-کەلوپەلی بەجێماوی قوربانیەکانی هۆڵۆکۆست

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی دۆخی خورماتوو بەغدای ئاگادارکردەوە

ئەنفالستان: لەدوای رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆنەرو هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی چەندین راپۆرتی گرنگ ئامادەکران، لەم ژمارەیەدا ئەم راپۆرتەی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەند دەکات و بەگرنگی پێدانەوە بڵاوی دەکاتەوە :

دەقی راپۆرتەکە:

تاوانی جەنگ ودژەمرۆڤایەتی لە خورماتوو

دەرهەق بە دانیشتوانە کوردەکەی ئەنجامدران، ئەگەرچی دۆسێی خورماتوو بەتەواوی پشتگوێ خراوە بەڵام تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوەی دەربارەی دۆخی خورماتوو ئەنجامداوەو راپۆرتێکی دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە خورماتوو ئامادەکردووە بۆ ئەو مەبەستەش نێردەیەکیان بۆ دووەمجار سەردانی ئەو شارە دەکاتەوە.

ئەگەرچی یۆنامی داوای لە حکومەتی بەغدا کردووە کە دەستبەجێ تووندوتیژی بۆسەر کورد و تورکمان لەو شارە رابگیرێت. بەڵام هەتا ئێستا خەڵکی خورماتوو هەرلە ناوچەی ئاوەسپی و ناحێی زینانەو شارەکانی کەلارو کفری دەژین و رۆژگاری ئاوارەیی بەرێدەکەین .

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی) رایگەیاند، بڕیارە نێردەیەکی دیکەی یۆنامی لە چەند رۆژی داهاتوودا سەردانی چەند ناوچەیەکی دیکەی ئەو شارە بکات، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو ناوچانەی کە بەگوێرەی راپۆرتی ئاوارەکانی ئەو شارە پێشێلکاری تێدا کراوە.

یۆنامی نیگەرانی خۆی دەربارەی "هێرشە هەڕەمەکییەکانی" ئەم دواییە دەردەبڕێت کە بوونەتە هۆی "کەوتنەوەی زیانی گەورە بە کەوتنەوەی قوربانی مەدەنیشەوە."

دەقی راگەیێندراوەکەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق:

یۆنامی لێکۆڵینەوە دەربارەی راپۆرتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە خورماتوو دەکات

رۆژی ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ تیمێکی نوسینگەی مافی مرۆڤی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عیراق (یۆنامی) لە بەرواری ٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧دا سەردانی خورماتوویان لە پارێزگای سەلاحەدین کرد بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو راپۆرتانەی کە باس لە رووخاندنی سزائاسای مولکی دانیشتووانی ئەو شارە دەکات. ئەوانەی کە بەهۆی پێکدادانەکان لەو ناوچەیە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە ئاوارەبوون و هەروەها راپۆرتی تۆقاندن وەک رێگرییەک لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر مالّ و حاڵی خۆیان بە سەلامەتی.

ئەو سەردانە لە دەرنجامی دووبارەبوونەوەی ئە راپۆرتانە و راپۆرتی دیکە دێت کە هاووڵاتییانی مەدەنی بە شێوەی جیاکاری کراونەتە ئامانج و وەدەرنانی بەزۆر و رووخاندنی موڵک لە پێش ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ بەشێوەیەکی بەرچاویش لە دوای ئەو بەرواره، کە یۆنامیش لە بەروارى ١٩ی تشرینی یەکەمدا لە راگەیاندراوێکیدا ئاماژەی پێکردبوو لەنێوان چەند بابەتی تریشدا. لەو راگەیاندراوە و لە کورتە راپۆرتەکەی بەڕێز یان کوبیش، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک لە بەرواری ٢٢ی تشرینی دووەمدا هاتووە، کە بەگوێرەی راپۆرتەکان بەلانی کەم ١٥٠ خانووی تورکمان و کوردان سوتێندراون و راپۆرتی دیکەش دەربارەی کردەی تووندوتیژی خراونەتەڕوو. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی دەربارەی پێکدادانەکان لەو شارە دەربڕی کە بوونەتە هۆی کەوتنەوەی قوربانی و شەپۆلێکی تری ئاوارەبوون بەتایبەتی لەنێو دانیشتووە کوردەکان.

لە میانەی سەردانەکەی خورماتوو لە هەفتەی رابردوودا، تیمەکەی یۆنامی سەردانی چەندان ناوچەی شارەکەیان کردووە و کۆبوونەوەیان لەگەڵ ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ئەو شارە ئەنجامداوە. بەهەمان شێوە کارمەندانی یۆنامی لە هەولێریش چاویان کەوتووە بە ژمارەیەک لە

نوێنەرانی ئاوارەکانی خورماتوو و گوێیان بۆ کارەساتەکانیان لەژێر رکێفی ئەو هێرشانە گرتووە. وابڕیارە نێردەیەکی دیکەی یۆنامی بۆ شاری خورماتوو لە چەند رۆژی داهاتوودا سەردانی چەند ناوچەیەکی دیکەی ئەو شارە بکەن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو ناوچانەی کە بەگوێرەی راپۆرتی ئاوارەکانی ئەو شارە پێشێلکاری تێدا کراوە.

هەروەها یۆنامی نیگەرانی خۆی دەربارەی هێرشە هەڕەمەکییەکانی ئەم دواییە دەردەبڕێت کە بوونەتە هۆی کەوتنەوەی زیانی گەورە بە کەوتنەوەی قوربانی مەدەنیشەوە لەنێو کۆمەڵگەی تورکمانی ئەو شارە و پاشانیش بە کردەی تۆڵەسەندنەوە ئەو هێرشانە وەڵامدراونەتەوە. یۆنامی داوا

نەتەوە یەکگرتووەکان، دۆسێی ئێزدیەکانی بەجینۆساید ناساند



سێ (٣) ساڵ بەرلە ئێستا، کوردانی ئێزدی کە لەدەشتی موسڵ و بە زۆریش لەقەزای شەنگالدا دەژیان، بەدرندانەترین شێوە لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە پەلاماردران و کرانە ئامانجی کوشتارێکی سیستماتیکی ترسناک. لە دوای تاوانی ئەنفالەوە پەلاماردانی شەنگال و گوندەکانی دەوروبەری گەورەترین تاوانە کە لە عێراق ئەنجامدرابێ و کۆمەڵکوژیی لێکەوتووەتەوە دژ بە کوردەکان. ئەگەرچی ژمارەی قوربانیەکانی تاوانی ئەنفال زۆرترو تاوانەکە گەورەتر بوو، لەسەر دەستی بەعس ئەنجامدرا بەڵام بە پێچەوانەی شەنگالەوە هێشتا بەجینۆساید نەناسێندراوە، ئەگەرچی سەروەختی ئەنجامدانی تاوانەکان تەواو جیاوازن بەڵام لەچاو کۆی ئەو تاوانە جینۆسایدیانەی ترکۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان بەکاتێکی کەم لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بەتاوانی "جینۆساید" ناسێندرا. هاوکات نادییە موراد کە کچە ئێزدییەکی خەڵکی گوندی کۆچۆی ئێزدی نشینە و لەبن دەستی داعش رزگاری بووە، شەرەفی ئەندامێتی بااڵوێزی ئاشتی لەنەتەوە یەکگرتووەکان. رەنگە ئەمەو بەفەرمی ناسینی تاوانەکە، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گرنگترین دەستکەوت بێت نەک هەر بۆ ئێزدییەکان بەڵکو بۆ کۆمەڵگای کوردیش.

دوای ئەوەی پارێزگای موسڵ کەوتە دەست چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، زۆری نەبرد هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان و رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و دەوروبەری، ناوچەیەکی فراوانیان داگیرکرد کە شوێنی نیشتەجێبوونی سەدان هەزار کەسی ئێزیدی بوو، لەم هێرشەیاندا هەزاران ئینسانیان بە پیروگەنجەوە دەستگیرکرد، دەکات دەستبەجێ ئەو کارانە رابگیرێن کە مەترسی دەخەنە سەر ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگەی کوردی و تورکمانی و دانیشتووانی ئەو ناوچەیە.

بەهەمان شێوەش، یۆنامی داوا لە حکومەتی عێراق دەکات بۆ گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێک بۆ کۆتاییهێنان بە تووندوتیژییەکان و پێشێلکاری لە دژی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی یاسا و هێنانەدی هێمنی و سەقامگیری لە خورماتوو و ئاسانکاری بکات بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و گێڕانەوەی بارودۆخی ئاسایی ئەو شارە.

هەرلەجێدا پیاوەکانی ئەم شارەیان بە کۆمەڵ کوشت و ژن و منداڵەکانیان دەستبەسەرکردو دواتر کڕێن و فرۆشتنیان پێوەکردن.
لەهەنگاوی یەکەمیاندا منداڵەکانیان لە دایکیان جیاکردەوە و بەفتوای ئەمیرو دادوەرەکانی خەلافەت دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی ئێزیدییان حەڵاڵکرد. ئەم تاوانە دەنگدانەوەیەکی ناوخۆیی وجیهانی لێکەوتەوەو بە گەورەترین تاوان و کارەساتبارترین رووداوەکانی سەدەی ٢١ هاتە ناو مێژووەوە، وەک چۆن ئەنفالیش بە تاوانی سەدە چووە مێژووەوە .
لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٥ قەزای شەنگال بە هێزوتوانی گەریلاو پێشمەرگە ئازاد کرایەوە ئەگەرچی لەو پرۆسەیەدا کۆمەڵێک کەسی دیلکراو پرکێشیان کردو توانیان خۆیان لە ژێر دەستی داعش رزگار بکەن، بەڵام هەرگیز دوای رزگارکردنی شاری موسڵ و رەقەش کە پایتەختی داعش بوون، لە عێراق و سوریا نەتوانرا هەموو ئێزدییەکان رزگار بکرێن، بەڵام هەر زوو چەند شاهید حاڵێکی گرنگ پەیدابوون کە قسە بۆ رێکخراوەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن بکەن و شایەتی لەمەڕ تاوانەکەو چیرۆکەکانی شنگال و کۆچۆ بدەن. لەوانە ٨ پیاوی ئێزدی کەلە کۆمەڵکوژییەکەی کۆچۆ رزگاریان ببوو، لەگەڵ چەند ژنێک کە بەشێوازی جیاواز رزگاریان بوو، لەگەڵ دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵ، کە هەموویان پێکەوە بوونە شایەت وبەڵگەی تاوانەکەو ئازارێکی قووڵ. سەرباری ئەوەی کە چەندین کەس رزگاریان بووە بەڵام هێشتا ئاماریکی وردی دەربازبوان و قوربانیان لە بەردەستدا نییە، بەڵام هەمیشە باس دەکرێت کە هەتا ئێستاش بە هەزاران ئێزیدی لە دەستی داعشدا ماون. لەکۆی هەموو ئەو راپۆرت و بەدواداچونانەی بۆ ئەم دۆسییە لەئاراداین ئێمە پشتمان بە راپۆرتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەستووە کە دواتر رێکخراوەکە تاوانەکەی بە جێنۆساید ناساند . ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێنیتەوە راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە :

کۆمەڵکوژی، کۆیلایەتی سێکسی و جێگۆڕکێی سیستماتیک

لە مانگی جونەی ئەمساڵ،کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە نەتەوەیەکگرتووەکان بە راگەیاندنی ئەوەی، کە داعش لە دژی ئێزیدیەکان لە عێراق وسوریا کۆمەڵکوژی کردووە، لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەدا کە داعش بە ئامانجی لەناوبردنی ئەم کەمینە ئایینیە، دەستی داوەتە بێ رەحمانەترینی تاوانەکان بۆ نمونە کوشتار، ئەشکەنجە، کۆیلایەتی سێکسی. راپۆرتەکە جەختی لەوەش کردۆتەوە، کە ئامانجی داعش لەو پەلامارو کردەیەدا "لەناوبردنی یەکجاری" ئێزیدیەکان بووە.
هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا پێشئەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، راپۆرتەکەی ئامادە بکات، پەرلەمان، وەزارەتی دەرەوەو بەرپرسانی سیاسی هەندێک لەوڵاتانی جیهان، ئەم تاوانەو کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکانیان لە عێراق پشتڕاست کردبووەوە، بەڵام راپۆرتی کۆمیسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان، هێزێکی زیاتری لەوانە هەیە چونکە هێشتا بااڵترین مەرجەعی یاساییە،کە تاوەکو ئێستا تاوانەکەی وەک جینۆساید ناوبردووەو بەفەرمی ساغی کردووەتەوە ئەوەی لەدژی ئێزدییەکان ئەنجامدراوە تاوانێکی سیستماتیک وجێنۆسایدە.

هەرلەبەر رۆشنایی ئەم ڕاپۆرتەی کۆمیسیونی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بوو کە دەوڵەتی کەنەدا کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکانی لە ساڵی ٢٠١٤ بە جینۆساید ناساند. پێشتر وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مارسی ٢٠١٦ کوشتاری کەمینە ئایینیەکانی عێراق وسوریای لە لایەن داعشەوە بە"تاوانی دژی مرۆڤایەتی و پاکتاوکردنی رەگەزی" باسکردبوو، ئەگەرچی تاوانی دژی مرۆڤایەتیش هەر پایەکانی تاوانی جینۆساید پێکدەهێنێ بەڵام هێشتا ئەمریکا بەفەرمی نەناسیوە .
لە دیسەمبەری ٢٠١٥ زیاتر لە ٦٠ ئەندام پەرلەمانتاری بەریتانیا، داوایان لە سەرۆک

وەزیرانی ئەم وڵاتە کرد، کە نەتەوەیەکگرتووەکان بخاتە ژێر گوشارەوە تا کوشتارو ئەشکەنجەی کەمینە ئایینیەکانی سوریا و عێراق لە لایەن داعشەوە وەک"جینۆسایدو تاوانی جەنگی"بناسێندرێت.

پشکۆ شەمسی، یەکێک لە توێژەرانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لە نووسینی راپۆرتەکەدا بەشداری کردووە، دەڵێت: گروپی لێکۆڵینەوەکەمان لە رۆژی یەکەمی هێرشی داعش بۆ سەرشنگال چۆنیەتی کوشتاری بەکۆمەڵ، رەوتی بەدیل گرتنەکان و شێوەی گواستنەوەیانی بۆ سوریا خستبووە ژێر چاودێرییەوە. هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێک بەڵگەمان دەست کەوت کە نیشانی دەدا، ئەمە هێرشێکی ئاسایی لە چەشنی هێرش بۆ سەر موسڵ یان پێشێلکارییەکی سادەی مافی مرۆڤ نییە.

شەمسی دەڵێت: بەرەبەرە زانیمان، کە داعش پیاوانی ئێزیدی بەکۆمەڵ لەناودەبات، منداڵەکان لە بنەماڵەکانیان جیادەکاتەوە ومنداڵانی کورِ دوای ئەوەی کە ئایینەکەیان گۆڕی، رەوانەی بەرەکانی شەڕدەکرد، دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان و دوای گواستنەوەی سیستماتیکیان بۆ سوریا، وەک کۆیلەی سێکسی دەیانخستنە بازاری کڕین و فرۆشتنەوە.

بە پێی کۆنوانسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان، جینۆسایدبە بە کۆمەڵێک تاوانی تونددوتیژئامێز بەدژی نەتەوە، ڕەگەز، گروپێکی مەزهەبی دەگوترێ،کە نیاز ونییەتی لەناوبردنی یەکجاری یان بەشێکیان بەڕێوەدەچێت.

شەمسی لەم بارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت: جینۆسایدبابەتێکی هەستیاری یاساییە، ئێمە لێکۆڵینەوەکانمان لە حەلەب و حەسەکەی سوریا تا ناوچەکانی دیکەی عێراق دریژە پێدا. زانیمان کە داعش سیستمێکی دیاریکراوی دەستدرێژی سێکسی و کۆیلەداری دامەزراندووە.

ئەندامانی داعش بۆ کڕین و فرۆشتنی ژنانی ئێزیدی، پەیڕەوی کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێنی پێناسەکراو دەکەن. ناوی ژنان تۆمار دەکرێت و لە ڕووی یاساییەوە بارێ کەسێتی تایبەتیان دەبێ، ئەمەش لە بابەتی جینۆسایدە گەلێک گرنگە. تاوتوێ کردنی شنگال وەک پرس وبابەتێکی جینۆسایدە لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە نزیک بە ساڵێکی خایاند.

راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان،هەنگاوی یەکەم

لە دوای پەیماننامەی نێونەتەوەیی ساڵی ١٩٤٨ ەوە کە کۆمەڵەی گەلان هێنایە ئاراوە (جینۆساید) لە یاسای نێودەوڵەتیدا پرسێکی هەستیار و ئاڵۆزوکێشە لەسەرە، وەک گەورەترین تاوان دەناسێندرێ، کە رەنگە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت. زۆرێەک لە جینۆسایدەکان بۆ نموونە جینۆسایدە لە ساڵی ١٩٩٤ چەندین ساڵ دوای رووداوەکە لە دادگا نێودەوڵەتییەکان بەدواداچوونی بۆکرا.

بە پێی کۆنوانسیۆنی پێشگرتن بە جینۆسایدە، بەدواداچوون بۆ ئەم تاوانە و هەروەها تاوان لە دژی مرۆڤایەتی شمولی تێپەڕی کات ناکات و ڕێکەوتی رووداوانی ئەم تاوانانە هیچ گۆڕانکارییەک لە سزا پێک ناهێنێت.

پێراگەیشتن و بەدواداچوون بۆبەرپرسایەتی جینۆسایدەکانی مێژوو،دوای ئەوە دێت کە لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەفەرمی ناسێندرا. بەردەوام لە هەنگاوی یەکەم راپۆرتێک سەبارەت بە دۆخەکە ئامادە کراوە،ئێستا ڕەنگی لایەنی ئامادەکاری راپۆرتەکە بۆنموونە،کەیسی شنگال راستەوخۆ خودی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت یان دامەزراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ وکۆمیسیۆنە تایبەتەکانی نێودەوڵەتی.

بەگوتەی ئەم توێژەرەی نەتەوەیەکگرتووەکان، خستنەرووی داواکاری بۆ بەدواداچوونی جینۆسایدی ئێزیدیەکان لە لایەن دادگای لاهاوە بەستراوەتەوە بە تۆمارکردنی سکاڵا لە لایەن وڵاتانی سوریا وعێراق، لە دژی داعش، بەڵام "رێککەوتنی رۆم"کە پایە و بنەمای کاری دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکانە تاوەکو ئێستا لە لایەن ئەم دوو وڵاتەوە واژۆنەکراوە. لە وەها هەلومەرجیکدا لێژنە نیودەوڵەتیەکان یان وڵاتانی دیکە کە رێککەوتنەکەیان واژۆکردووە

دەتـــوانن بە ڕێگـــای ئەنجـــومەنی ئاسایشـــی نەتەوەیەکگرتووەکان سکاڵای خۆیان تۆمار بکەن. کارەساتی شنگال لە کاتێکدا پێ دەنێتە سێیەمین ســاڵی خــۆی، کە زۆرێــک لە ئێزیــدیەکان، بە تایبەت ژنان لە ژێر دەستی داعشدان. لێکۆڵەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان داوایان لە وڵاتــانی زلهێزی جیهان کردووە تــا لانــی کەم بــۆ رزگــاررردنی ٣٢٠٠ کەس لەم ژنانە هەوڵی زیاتر بدەن.

زۆریەک لە ئێزیــدیەکان، کەســوکارو ئەنــدامانی بنەماڵەکەیــان لە دەســت داوەرەنــگە لە ئیســتادا گرنگتــرین داواکــاری ئەوان هەڵــدانەوەی گــۆڕە بە کۆمەڵەکــان و ئاشکرابوون و ناسینی ناســنامەی قوربانیان بێت.

عێراق ناتوانێ دادگایی تاوانباران بکات

ســەرباری ئەوەی عێــراق شکۆی دەوڵەتــی هەیەو ئەنــدامی نەتەوەیەکگرتووەکــانە بەڵام هێشــتا لەتوانایدا نــیە دادگــایی تۆمەتبــارانی جێنۆســاید بکــات. لەم بارەیەشــەوە نوســینگەی نــوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکـــان بـــۆ مافەکـــانی مرۆڤ،رایدەگەیەنێت، عێراق ناتوانێت، دادگایی ڕێکخراوی داعش بکات لەســەر ئەو تاوانــانەی کە لەوڵاتەکەیــدا و لە موسڵ ئەنجــامی داوە، بــۆیە دەبێــت ڕێگەیەکــی تربــدۆزێتەوە یەکێــک لەو ڕێگایـــانەش پەنـــابردنە بۆدادگـــای تـــاوانی نێــودەوڵەتی. نوســینگەی نــوێنەرایەتییەکە، لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت، دووهەزارو ٥٢١ کەس لەشــەڕی موسڵ–دا کــوژراون و ٧٤١ کەس لە ســێدارەدراون "زۆربەی قوربانییەکــان لە ئەنجــامی هێرشــەکانی داعــش–ەوە کــوژراون ."ئامــاژە بەوەکــراوە، دادگاکــانی عێراق تایبەتمەندییان نیە لەتــاوانی نێودەوڵەتیدا وەکو کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، هەروەها دادوەرەکان و لێکــۆڵەرەوانی پــۆلیس لەتوانایانــدا نــیە لێکۆڵینەوەیەکی باش بکەن و تۆمەتەکان ئاڕاستە بکەن، دادگایی ئەو کەسانە بکەن کە پەیوەندییان بەم جۆرە تاوانانەوە هەیە" .

بەپێــی ڕاپــۆرتەکە، یاســای عێراقــی ڕێوشــوێنی یاســـایی تێـــدانییە بـــۆ دادگـــاییکردنێکی دادپەروەرانە"ڕازیبــوون لەســەر دادگــای تــاوانی نێودەوڵەتی "لاهای"و دۆزینەوەی ڕێگای دیکە بــۆ دەســتەبەرکردنی ســزادانی ئەو کەســانەی کە لەو تاوانــانەدا بەشــدار بــوون، هەمــوو کــۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێغەم دەکات لەوەی عێراق بەجددی دەیەوێت ئەو کەســانە ســزای خۆیــان وەربگــرن لەبەرامبەر ئەوتاوانانەی ئەنجامیان داوە."

نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕاپۆرتەکەیدا پشتی بە وتەی شـــاهیدەکان بەســـتووە، ســـەبارەت بە کردەوەکانی داعش.

جنێـــف (٢١ی ئـــابی ٢٠١٧) – ڕاپـــۆرتێکی نەتەوەیەکگرتووەکــان جەخت لەوە دەکــاتەوە کە پێویســتە حوکـــومەتی عێـــراق بەئاگابێـــت لە فەراهەمبوونی چاودێری و پاراستن و دادپەروەری بۆهەزاران ژن و کچی بەجێماوی دەست لاقەکردن و جۆرەکــانی تــری تونــدوتیژی سێکســی لەلایەن داعشـــەوە، وە هەروەهـــا ئەو منـــدالانەی لە دەرەنجامی ئەم جۆرە تۆندوتیژییەوە لە دایکبوون ڕووبەرووی جیاکاری و هەراسانکردن نابنەوە.

ڕاپـــۆرتی نێـــردەی نەتەوەیەکگرتووەکـــان بۆهاریکــاریکردنی عێــراق (یونــامی) و ئۆفیســی مافەکــانی مرۆڤــی نەتەوەیەکگرتووەکــان ئامــاژە بەوەدەکات: "ژنــان و کچــانی ژێردەســتی داعش، بەتایبەتی ژنانی یەزیدی و کەمایەتییەکــانی تــر، قوربــانی دەست پێشــێلکاریی مافەکــانی مــرۆڤ و یاســای مرۆیــی نێــونەتەوەیی بــوون." قوربانیــان ڕووبەرووی لاقەکــردن و دەســتدرێژی سێکســی و وەدەرنــانی بەزۆرەملــێ و ڕفانــدن و زەوتکردنــی سەربەســتی و کــۆیلایەتی و گــوڕینی ئــایینی بە زۆرەملــێ و مــامەڵەی دڵڕەقــانەو نامرۆییــانە و بەسوک سەرنجدانانە بوونەتەوە.

زەیــد ڕەعــد ئەلحوســێین، کۆمســیاری بــاڵای نەتەوەیەکگرتووەکــان بــۆ مافەکــانی مــرۆڤ، ڕایگەیانــد: "ڕوشــاندنە جەســتەیی و عەقڵــی و ســـۆزداریەکانی دەســـت داعـــش لەدەرەوەی تێگەشتنن. قوربانیان پێویستیان بە دادپەروەری و



قەرەبووکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و مندالەکانیان بنیاتبنێنەوە".

لەژێر ڕۆشنایی یاسا نێوخۆیی و یاسای مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی، حوکومەتی عێراقی پابەندە بەوەی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە بۆ گشت قوربانیان فەراهەم دەکرێت. ئەم پابەندبوونە بریتییە لە لێپرسینەوە لە بەرپرسیاریەتی تۆمەتبارە پێشێلکارەکان لەڕێگەی دادگاییکردنی سەربەخۆیانە و بێلایەنانە کە لە چوارچێوەی لەبەرچاوگرتنی جیاوازی جێندەری ئەنجامبدرێت بۆئەوەی ئازاری قوربانیان بەردەوامی نەبێت .

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات حوکومەتی عێراقی و حوکومەتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی ئەرێنییان ناوە بۆ بەرەودان بە مافەکانی ژنان و منداڵان و لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی قوربانیانی دەست داعش. هەرچەندە سیستمی دادپەروەری تاوانکاری بەشێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتوونییە لە فەراهەمکردنی پاراستنی گونجاوی قوربانیان. چەند گۆڕانکارییەکی یاسایی و دامەزراوەیی پێویستن هەروەک ڕاپۆرتەکە باسی لێوەدەکات، بۆ ئاسانکاریکردنی فەراهەمکردنی دادپەروەری و چاودێری و پاراستنی قوربانیان لەم پرۆسانە.

ژان کوبیس، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆعێراق رایگەیاند: "پێویستە هەنگاوی تربنرێن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەشداریی و هاتنەپێشی ژنان و کچان لە کۆتایهێنان بە ململانێ و بنیاتنانی ئاشتی لە داهاتوو و پاڵپشتیکردن و ئاسانکاریکردن بۆ بەشداریکردنێکی تەواو و یەکسانخواز لە ژیانی گشتی و سیاسیی لە عێراقی دوای داعش."

سەرەڕای هەوڵەکانی حوکومەت بۆ کەمکردنەوەی مەینەتی قوربانیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئاستەنگەکان هەر بوونیان هەیە. ڕاپۆرتەکە جەخت لەوەدەکاتەوە کە دەبێت ژنان و کچان دەستیان بە پێداویستی و پاڵپشتیی گونجاوی پزیشکی و سایکۆلۆژی و دارایی و گوزەران و جۆرەکانیتری پێداویستی بگات.

هەروەها ڕاپۆرتەکە نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت لە ڕێککەوتنە خێڵەکییەکان لەلایەن نوێنەرانی خێڵەکانەوە لە ژمارەیەک پارێزگا، ئەم ڕێککەوتنانە ئەو بەندانە لەخۆدەگرێت کە ڕێگەدەدات بەدەرکردنی زۆرەملێی ئەو خێزانانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە و مواڵک و ماڵیشیان وەکو قەرەبوو دەدرێتە قوربانیان.

بارودۆخی سەدان منداڵی لەدایکبووی ئەو ژنانەی ژێردەستەڵاتی داعش بێ بڕوانامەی لەدایکبوونن یان ئەوانەی داعش دۆکیومێنتی بۆ دروستکردوون و لەلایەن حوکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە قبوڵناکرێن، کێشەیەکی گەورەیە. ناونووسکردنی لەدایکبوون پێویستی بە دایک و باوکە بۆئەوەی بەڵگەی هاوسەرگیری پێشکەش بکەن و دوو شایەتیش دەبێت لەدایکبوونی منداڵەکە پشتڕاستبکاتەوە – لەم حاڵەتەش ئەمە کارێکی قورسە بۆ دۆخی ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان مردوون یان بزربوون؛ ئەوانەی ناسنامەی

باوکەکانیان نەزانراوە؛ کە منداڵەکە بەهۆی پەڵەی شەرمەزاریەوە فڕێدراوە یان بۆ ئەوانەی لە کەمپەکانەوە دەژین کە هیچ ئۆفیسێکی باری کەسێتی یان دادگا کاری لێناکات.

کۆمسیاری باڵا هەروەها جەختی لەوەکردەوە کە "ئەو منداڵانەی لەژێردەسەڵاتی داعش لەدایکبوون هەمان مافی یاساییان هەیە وەکو هەر هاوڵاتییەکی تری عێراقی، حوکومەتیش دەبێت لەوە دڵنیابێتەوە کە ڕووبەرووی پەراوێزخستن و پێشێلکاری نابنەوە، هیچ ئاماژەیەکی جیاکاری لەسەر بڕوانامەی لەدایکبوونیان نەبێت کە ئەو منداڵانە لەڕێگەی هاوسەرگیری یان باوکیان پەیوەندی بە داعشەوە هەبووە، لە دایکبوون. وەنابێت ناونووس نەکرێن و مەترسی نەبوون بە هاوڵاتی و ترسی بەکارهێنان و بازرگانیکردنیان لەسەر بێت." ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک پێشنیاز دەخاتەبەردەست وەکو دەستگەیشتن بە دادپەروەری؛ پاڵپشتیی و چاودێریکردنی قوربانیان؛ خزمەتگوزاری زانیاری و ڕاوێژکاری بۆ یەکخستنەوەی خێزانەکان و گرنگیی ناونووسکردنی لەدایکبوون.

ڕاپۆرتەکە لێرە بخوێنەوە :

http://www.uniraq.org/images/humanrights/UNAMI_OHCHR_Rprt_Victi_KU.pdf۲۰۱۷msofSexualViolenceAug



بەڵگەنامە

بۆ هەموو جێگرایەتیەکان

ژمارە/٦٠٠٤

لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەڵەبجە/ش٣ ١٩٨٧/١٠/٦

نوسراوی سەرپەرشتیاری نوسینگەی ڕێکخستنی باکور- مەکتەبی سکرتاریەت

5866لە 1987/9/17ن

هیچ زیادی مەکەن

ئەو گوندانەی کە لە باری ئاسایشەوە قەدەغە کراونین، بەبێ ڕەزامەندی هاوڕێی تێکۆشەر بەڕێز علی حسن مجید بەرپرسی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور، بێجگە لەوگوندانەی کەلێیەوە تەقە لەکاروانە سەربازییەکانمان دەکرێت،یان تێکدەران بەکاری دەهێنن بۆبەریەککەوتنی دامەزراوە حکومیەکان و بەرەنگاری دەوڵەت دەبنەوە .

بۆبەنواداچون وەهاماهانگی لیژنە فەرعیەکان کەپەیوەندیدارە بەوبابەتەوە..

دوای بەدواچوون ئەوەی کەپێویستە بکرێت .

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەڵەبجە

٨٧/١٠/٧/٤١٠٥

٨٧/١٠/٨

بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان

رەفیق سابیر



*سەرەتایەک بۆ گەیشتن بە عەدالەت و راستی

داعش تەنیا لایەنێکی ئەنجامدەری ئەم تاوانەیە، لایەنەکانی تردادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئاشکرایان بکات

رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس (کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون) لەناکاو لە شەنگاڵ کشانەوە و سەدان هەزار منداڵ و ژن و کەسانی مەدەنییان بۆ داعش بەجێ هێشت. سەرەنجام کارەساتە مەزنەکە، جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان، دەستی پێ کرد، کە گەورەترین تاوانی سەدەی بیستویەکەمە. ئەو رۆژە رەشە میری ئێزیدییەکان، بەڕێز میر تەحسین، بە هاوارێکی خەمناکانە و پڕژانەوە وتی:

ئێمە فرۆشراین

ئەم رستە کورتە دوو وشەییە، کە زایەڵەکەی بە دنیادا بڵاو بۆوە، دەیان پرسیاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، کە تا ئێستا بێ وەڵام ماونەتەوە: چۆن ئەو سەدان هەزار ئێزیدییە فرۆشران؟ بۆچی و بە چ نرخێک و لەپێناو چ دەستکەوتێک و بە قازانجی کێ فرۆشران؟ ئایا ئەو دەوڵەت و هێز و لایەنانەی لە پلاندانان و فرۆشتن و کڕینی ئەواندا بەشدارن کێن؟ بە چ ئامانجێک ئەم تاوانەیان ئەنجام دا؟

نزیکەی دوو ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە گەورەیەدا تێپەڕی کەچی هێشتا لێکۆڵینەوە لەم کارەساتە نەکراوە، تا هەقیقەت و هۆکاری راستەقینەی کارەساتەکە بۆ خەڵک و دنیا روون بکرێتەوە! هەروا هیچ کام لەو فەرماندە سەربازی و ئەمنی و حکومی و حیزبییانەی بەرپرسی ئەو ناوچەیە بوون و ئێزیدییەکانیان بەجێ هێشت، نە رەوانەی دادگا کراون، نە لەلایەن لێژنەی سەربەخۆوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە. ئەم تاوانە سروشتێکی جیهانیی هەیە و بە تاوانێک دژی تەواوی مرۆڤایەتی دادەندرێت و بریتێکی گەورەی خستۆتە جەستەی مرۆڤایەتییەوە. بۆیە دەسەڵاتیکی لۆکاڵی ناتوانێت تاسەر هۆکار و حەقیقەتی ئەم تاوانە لە میللەت و لە جیهان بشارێتەوە. ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان هاتۆتە دەست بۆ ئەوەی داکۆکی لە حەق و داد و ماف و کەرامەتی دەیان هەزاران کچ و ژن و منداڵ و سەدان هەزار قوربانی بکات، کە تا ئێستا بەپێی کولتوور و نەریتی کۆنی عەرەبی و شەریعەتی جەنگەڵ، لە بازارەکانی عێراق و تورکیا و هەندێ وڵاتی کەنداودا وەک کۆیلە و کەنیزە دەفرۆشرێن. نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای لێکۆڵینەوە لە سروشت و ناوەرۆکی تاوانەکە، کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزیدییەکانی وەک جینۆساید ناسی. لە هەمان کاتدا داوای لە ئەنجومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتی کرد کە کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان رەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە هاگ بکات، بۆ ئەوەی ئەم دادگایە لەم تاوانە مەزنە بکۆڵێتەوە.

جینۆسایدی ئێزیدییەکان ئەوەندەی کارەساتی ئەنفال گەورەیە. هەردوو کارەسات جارێک بە ناوی عروبە و جارێکی دی بەناوی خوا و ئیسلامەوە لەلایەن هێزی عەرەبی سوننەوە ئەنجام دراون. بەڵام ئەوەی کارەساتی ئێزیدییەکان گەورەتر دەکات و بڕینەکەی بۆ کورد قوڵتر و پڕژانتر

دەکات ئەوەیە، کە پێشمەرگە لەبری ئەوەی، وەک پیشەی دەیان ساڵەی خۆی، بەرگری لە گەلەکەیان بکەن و ژیان و خاک و کەرامەتییان بپارێزن، ئەوانیان بۆ ڕەحمەتی داعش بەجێ هێشت و تەنانەت تاکە سەعاتێک بەرگرییان لێ نەکردن. ڕاپۆرتەکە، لەم بارەیەوە، بە زەقی ئاماژە بە کەمتەرخەمی و هەڵاتنی هێزی پێشمەرگە، لە شەنگاڵ، دەکات. لە ڕاپۆرتەکەدا، کە نزیکەی چل لاپەڕەیە، نووسراوە :

(ڕۆژی ٣ی ئاب ٢٠١٤ کاتێک چەکدارانی –داعش– بەرەو شەنگاڵ چوون و ڕووبەڕووی هیچ بەرگرییەک نەبوونەوە. ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە جێیەکانی خۆیان چۆڵ کرد و لە بەرامبەر پێشڕەویی داعشدا، بەبێ هیچ بەرگرییەک کە شایەنی باسکردن بێت، کشانەوە و زۆربەی ناوچەکانی شەنگاڵیان بەجێ هێشت. دانیشتوانی ناوچەکە لە بڕیاری کشانەوەی پێشمەرگە ئاگادار نەکرانەوە، هەروا هیچ بڕیارێک بۆ دەربازکردنی خەڵکی مەدەنی لە ناوچەکە نەدرا و زۆربەی گوندەکان ئاگاداری تێکچوونی باری ئەمنیی ناوچەکە نەبوون).

کەچی لە بەرامبەر ئەمەدا، ڕاپۆرتەکە باس لە جوامێریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یە پە گە) دەکات، کە لەگەڵ خۆبەخشانی ئێزدی بەرەنگاری هێرشەکەی داعش بوونەوە و توانییان لە سوریاوە ڕێڕەوێک بکەنەوە و خەڵکی گەمارۆدراوی ئێزیدی، لە چیای شەنگاڵ بپارێزن و بەرەو ناوچەیەکی ئارام دەربازیان بکەن.

ڕاپۆرتەکە بەوردی کۆکوژیی ئێزیدییەکان باس دەکات، جیهان و مرۆڤایەتی لە گەورەیی و سامناکیی ئەم تاوانە ئاگادار دەکاتەوە، داواش دەکات هێزە نێودەوڵەتییەکان ئەو ٣٢٠٠ ژن و منداڵەی، کە هێشتا لەلای داعش ڕاگیراون، ڕزگار بکەن . هەروا ڕاپۆرتەکە داوا لە ئەنجومەنی ئاساییش دەکات کە ئەم کەیسە ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لە هاگ، بکات، تا ئەوان لەم تاوانە بکۆڵنەوە، سەرانی داعش و هەموو ئەو لایەنانەی دەستیان لە پلاندانان و کۆمەککردن بەم تاوانە هەیە ڕاپێچی بەردەم دادگایان بکەن. چونکە داعش تەنیا لایەنێکی ئەنجامدەری ئەم تاوانەیە، لایەن و ئەکتەرە سەرەکییەکانی پشت پەردە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئاشکرایان بکات.

٢– ئەم بڕیارە گرنگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بردنی ئەم کەیسە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە زۆر لایەنەوە پڕبایەخە و شایەنی ئەوەیە لە ڕووی قانوونی، سیاسییەوە بە فراوانی باس بکرێت. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێک لەو لایەنانە دەکەم:

یەکەم: کەیسی جینۆسایدی ئێزدییەکان، لە ڕووداوێکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و عیراقەوە، دەگۆڕێت بە کەیسێکی جیهانی. واتا لەدەست دەسەڵاتی خۆماڵی دەردەهێندرێت و دەدرێتە دادگایەکی جیهانی، کە خۆی بەدوای هەقیقەتی مەسەلەکە دەکەوێت.

تاوانی جینۆساید، لە هەر وڵاتێکدا ڕوبدات بە تاوان بەرامبەری تەواوی مرۆڤایەتی دادەندێت. بۆیە ئەرکی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگا و داگا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە کە داکۆکی لەم کەیسە بکەن، بەرپرسانی ئەم تاوانە ڕەوانەی دادگا بکەن و بە سزای خۆیانیان بگەیەنن. لەم بیست ساڵەی دواییدا دەیان سەرۆکدەوڵەت و گەورەبەرپرسی سیاسی و سەربازی چەندان وڵات، تومەتی کۆمەڵکوژی و تاوانی شەڕیان دراوەتە پاڵ، بەشێکیان لە دادگای نێودەوڵەتیدا، دادگایی کراون و سزا دراون، بەشێکی تریشیان لە وڵاتانی خۆیاندا، بە چاودێریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، دادگایی کراون، ئەو دەوڵەتانەش بە قانوون ناچارکراون کە بڕیاری دادگا جێ بەجێ بکەن. بۆ نموونە سەرۆکی پێشووی یۆگۆسلاڤیا سلوبۆدان میلۆسۆڤیچ و چەند بەرپرسێکی سەربازی و سیاسیی ئەو وڵاتە، بەپرسانی جینۆسایدی ڕواندا، کەمبۆچیا و سیرالیۆن...تاد.

دووەم: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە دیاردەی داعش دەکۆڵێتەوە و ئەو هێز دەوڵەت و لایەنانە ئاشکرا دەکات کە کۆمەکی سەربازی و ئابووریی

داعشیان کردووە، ڕێگایان بۆخۆش کردووە کە بگاتە عێراق و کوردستان و ئەم تاوانە ئەنجام بدات. هەروا ڕەنگە دادگا وەڵامی ئەم پرسیارەی دەست بکەوێت کە بۆچی داعش بەگژ کورددا کرا؟ چۆن و بە کام مەبەست و ئامانج پەلاماری شەنگاڵی دا؟ دادگا دەبێت لە ڕێی بینینی بەرپرسانی حکومەت لە شەنگاڵ ئەو فەرماندە سەربازی و ئەمنیانەی لە شەنگاڵ بەرپرس بوون، وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت کە بۆچی ئەو هێزە پڕچەک زەبەڵاحەی (پێشمەرگە) کە بەهەزاران بوون، هەڵاتن و داکۆکییان لە خەڵک نەکرد، یان تەنانەت خەڵکە مەدەنییەکەیان ئاگادار نەکردەوە تا ناوچەکە بەجێ بهێڵن، وەک لە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕوونی باس کراوە؟ ئایا بەرگرینەکردن و بەجێهێشتنی خەڵکی مەدەنیی شەنگاڵ بڕیاری خودی ئەو بەرپرسانەی شەنگاڵ بووە، یان ئەوان بەبڕیاری سەرووی خۆیان شەنگاڵیان بەجێ هێشتووە؟ هەروا دادگا دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەم تاوانە گەورەیە، کە بەرامبەر ئێزیدییەکان و کورد و مرۆڤایەتیی کراوە، لە چوارچێوەی پلانێکی سیاسی_موخابەراتیی کۆمەڵێک دەوڵەت و لایەنی ناوچەییدا بووە، یان نا؟ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەم کەیسەی بۆ ڕەوانە بکرێت، دەتوانێت، دوای لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن، وەڵامی ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری تریش بداتەوە، ئەو کەس و لایەنە بەرپرسانەی لەم تاوانە گەورەیەدا بەشداربوون، لە هەر پۆست و پلەیەکدا، بن. بهێنێتە بەردەم دادگا و سزایان بدات.

سێیەم: قوربانیانی ئێزیدی دەبێت لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە قەرەبوو بکرێنە. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئەو دەوڵەت و لایەنانەی دەستیان لەم کوشتارەدا هەبووە، یان کۆمەکیان بە داعش کردووە، ناچار بکات قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکەنەوە .

چوارەم: ئیزدییەکان دەتوانن، بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدی تر، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن کە خۆیان، لەژێر چاودێری و پارێزگاریی ئەواندا، ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و چیتر بندەستی هیچ هێز و لایەنی تر نەبن، چونکە دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێم (پارتی) نەیانتوانی لە تەنگانە و کاتی لێقەوماندا، بۆ تاکە دەقیقەیەک بەرگریان لێ بکەن، لە جیاتیان ڕوو بەڕووی ئەم کوشتارەیان کردنەوە. بەمەش بۆ خەڵکی ئێزیدی و دنیایان سەلماند، کە ئەوان شایەنی ئەوە نین حوکمڕانی ئێزیدییەکان بکەن . دانانی کوکۆژیی ئێزیدییەکان، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە جینۆسایدە، دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێزیدییەکان و هەموو کورد، هەروا بە قازانجی داد و عەدالەتە لە جیهاندا. بۆیە پێویستە یاساناسان و ڕێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی کورد، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بەتەنگ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەوە بن و پشتگیری و کۆمەکی پارێزەرانی ئەم کەیسە جیهانییە بکەن، ڕێگەنەدەن ئەنجومەنی ئاساییش، بە هەر بیانوو و بەهانەیەک بێت، ئەم کەیسە ڕابگرێت و ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نەکات. لە هەمان کاتدا پێویستە بە ڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە چاو لە ڕەنج و ماندووبوونی یاساناسی جیهانی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ خاتوو ئەمەل کلونی، هاوسەری ئەکتەری ناسراوی سینەما جۆرج کلونی بکرێت، کە خۆی کردۆتە خاوەنی ئەم مەسەلەیە و لە نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهاندا داکۆکی لێ دەکات. ئەم خانمە پسپۆری یاسای نێودەوڵەتییە و تا ئێستا، وەک پارێزەر، داکۆکی لە کۆمەڵێک کەیسی گەورەی جیهانی کردووە، لەوانە کەیسی داهێنەری ویکیلیس جولیان ئەسانج و سەرۆکوەزیری پێشووتری ئۆکراینا خاتوو تیمۆشینکا .

هیوادارم دادگای تاوانی جیهانی بتوانێت، لەڕێی دەرخستنی ڕاست وسزادانی تاوانبارانی ئەم جینۆسایدەوە، داد وماف بۆقوربانیان وحورمەت بۆ عەدالەت ومرۆڤایەتی و ژیان بگێڕێتەوە.

٢٠١٦-٦-٢١

دایکێك تەرمی کوڕەکەی دەشوات

ئامادەکردنی :سمکۆ سابیر



چەند جارێک سەردانی سنووری ناحیەی خان و ئاواییەکانی دەوروبەریم کردووە، بەهاری ئەمسالّ لەگەلّ چەند هاوڕێیەکی ئازیز بۆ سالّیادی داستانی شەڕی (بۆروژێن) کەبەداستانی زەنگنەش نا و دەبڕێت،بانگکرابووین بۆگوندی سپی سەری خان ڕۆستەم ئاغا کە ئێستا ناوەندی ناحیەی ئاوەسپی یە .

شەڕی بۆروژێن لەڕۆژی ١٩٨١/٣/٩ لەنێوان پۆلێک لەپێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و سوپای عێراق ڕوویدا و لەئاکام و لەشەڕێکی نابەرامبەردا ٢٢پێشمەرگە شەهید بوون کەزۆربەیان خەلّکی ناوچەکە بوون وزیانێکی زۆریشیان لەدووژمن داوەو بەدەیان کەسیان لێکوشتوون و بریندارکردوون .وەک لەسەرچاوەکانی پێشتر باس لەداستانەکە کراوە کە ٣٥ سالّ بەرلە ئێستا لە ناوچەی زە نگەنە لە دوای شەڕێکی ٩ سەعاتی بە هاوکاری هەزاران سە ربازوو جاش و چلّکاوخۆر ونیشتیمان فرۆشەکان ٨ کۆپتەری شەڕکەر پَیشمەرگە قارەمانەکانی حزب کۆپتەرێکیان پێکاو ژمارەیەکی زۆرجاش و سە ربازیشیان ڕەوانەی دۆزەخ کرد..بۆیە کەمجاربوو لە مَیژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا لەدوای نیوە ڕۆژ بە ڕۆژی ڕووناک جیا لەخەباتی پارتیزانی شە ڕێکی بەوشێوە لەدژی ڕێژیمی بەعس بەڕپابکرێت .دوای تەواو بوونی شەڕەکە یەکێک لە شەهیدەکان خەلّکی گوندی سپی سەر دەبێت بەناوی جیهان ڕەشید ،بێگومان سپی سەر شەهیدی تریشی هەبوو،کەیەکێکیان شەهید عەبدولعەزیزەو لەگەلّ پێنج شەهیدی تر،واتە لەو شەڕەدا حەوت لەشەهیدەکان خەلّکی سپی سەرن.کەتەرمی شەهید جیهان دەگاتەوە ئاوایی، ئامینە کەریم ئاغا میر دایکی شەهیدەکە،دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک بەدیار تەرمەکەوە دادەنیشێت و دواتر بەخەلّکەکە دەلّێت من تەرمی کوڕە شەهیدەکەم دەشۆرم و تکاشتان لێدەکەم ڕێگریم لێنەکەن،هەرچەندە وەک نەریت نەدەبوو ئامینە ئەم کارە بکات ئەگەرکوڕیشی بێت بەلاّم دایکی ئەم شەهیدە بڕیارەکەی خۆی دەباتە سەر و بەدەستی خۆی تەرمی کوڕەکەی دەشوات و کفنەکەشی دەپۆشێت ئینجا تەرمەکە ڕادەستی خەلّکەکە دەکات.



ڕۆحی شەهیدانی ئەم داستانی زەنگنە(بۆروژێن) شاد بێت .سلاّو لە ڕۆحی ئامینە خان ئەم ژنە قارەمانەی ناوچەی زەنگنەو گوندی سپی سەربێگومان مێژووی میللەتەی ئێمە پڕە لەهەزاران سەروەری مەزن و گەورە بەلاّم بەداخەوە زۆر بەدەگمەن وەکو پێویست مێژوومان ئاوڕی لێداونەتەوە و لەیادەورەریماندا جێگەیان بۆ تەرخان نەکراوە .

نەتەوەیەکگرتووەکان، دەڵێت تاوانی جینۆسایدە ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت: پێشمەرگەوتنە

عومەر محەمەد

٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٦



لە نوێترین هەوڵیدا کۆمیسیونی باڵای مافی مرۆڤی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەگای سەرەکی-ژنێف- ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٦ تاوانەکانی داعش لە دژی ئێزدیەکان بەجینۆسایدو تاوانی دژی مرۆڤایەتی وتاوانی جەنگ دەناسێنێ کەچی چنار سەعد عەبدوڵا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو تاوانە بەدەستکەوت وپێشکەوتنی ئێزدیەکان دەزانێ[41] !

بەرلەوەی قسە لە دنیابینی چنار سەعد بکەم، گرنگە هەڵوەستەیەک لەسەر کوردو میدیاکەی بکەم، زۆر سەیرە ! ئەو ڕاپۆرتە گرنگە نەبووتە هەواڵی گەرمی میدیای کوردی و کۆمەڵگەش ڕاناچڵەکێنێ، بەڵام قسەکانی "چنارسەعد" بەهۆی پارتی بوونیەوە، دەبێتە جێگەی باس وتانە لێدان،تانەکانیش هێندەی لە بەرئەوەیە کە پارتیە هێندە لە سەر چنارسەعد نین وەک ئەکادیمیست و کۆمەڵناسێک،لەکاتێکدا قسەکانی هێندەی شایانی ڕەتکردنەوەن هێندە شایانی خوێندنەوە نین ! بەڵای کەمەوە من وای دەبینم، چونکە ئەمە یەکەمینجاری هەڵەکردنی نیە کە بەعینوانی کۆمەڵناس و دکتۆرا بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا قسەدەکات، لەرابوردوشدا دنیابینی ئەو بۆ سیاسەتکردن و تاوانەکانی جینۆساید هەروا بووە، من بۆخۆم شاهیدم کە لەکۆبوونەوەیەکدا لە قونسوڵی ئەلمانیا ڕۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ ستیڤان باتلەر لەگەڵ ٣٠ کەسایەتی کوردستانی باشوردا، لەناو هەمووواندا چنار سەعد تاکە کەس بوو کە پشتیوانی ستیڤان باتلەر بوو، ئەو بەتەنیا ڕای وابوو (ئەلمانیا بەرپرسیارێتی یاسایی ناکەوێتە ئەستۆ)[42] ! دواتر گۆڤاری ئەنفالستان بابەتێکی (بەناونیشانی بەرپرسیارێتی ئەڵمانیاو بۆچونی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان) بڵاوکردەوە کە فەلاح مرادخان وەک ئامادەبوویەکی کۆبوونەوەکە نوسیبووی.

هەر لەسەردەمی وەزارەتەکەی ئەودابوو لافیتەیەکی بەڕێوەبەرایەتیەکی شەهیدان بۆیادی ئەنفال هەڵواسرابوو لەسەری نوسرابوو (بەرزوپیرۆز بێت ٤/١٤ ڕۆژی جینۆسایدکردنی گەلی کورد..!). لەیەکەمین کۆنفرانسی وەزارەتەکەیدا بۆماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان ساڵی ٢٠٠٦ هەڵەیەکی کردو ووتی (چۆن جیاوازی نیە لە نێوان شەهیدێکی سەنگەرو شەهیدێک کە بەسودفە لە جێگەیەک تەیارە لێیدابێ وشەهید بووبێ ؟) ئیدی ئەمە وا لێکدرایەوە مەبەستی شەهیدانی کیمیابارانە، بەڵام قسەکەی (کەمو زۆرپەیوەندی بەشەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە نەبوو) ئەوسا من ئەم دەربرینە بەهەڵەیەکی زمانەوانی تێگەیشتم و بە وتارێک داکۆکیم لێکرد، بەڵام دیارە من هەڵەبووم.

لە نوێترین قسەیدا کە لەماڵپەڕی بەشی ئینگلیزی ڕوداو بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراوتەوە چنار سەعد دەڵێت، ئەوکارەسات و ماڵ وێرانییەی داعش بەسەر ئێزدییەکانیداهێنا،بۆ ئێزدییەکان بووەتە دەستکەوت ومایەی پێشکەوتن،دەنا ئەگەر داعش نەبوایە، کێ نادیە مورادی دەناسی؟ ئەم

41 بڕوانە ئەم لینکەی ڕوداو بۆ دەقی قسەکانی: http://rudaw.net/english/kurdistan/19062016

42 بڕوانە فەلاح مرادخان – گۆڤاری ئەنفالستان- ژمارە (٨) ل ٢٠٠ .

کـــــورتبیینە بەهـــــیچ کۆمەڵناســـــێک ناشـــــاردرێتەوە، هەروەک دەبینـــــین لەرونکردنەوەکەشیدا نەیتـوانی تەمـومژ لەسـەر قسـەکانی لابەرێـت کە بەتەواوی پێـیەوە دیـارە دەرکەوتنی نادیە موردی پێ قوت ناچێ و ئەوەندە مـاف بە قوربانیەکـان نـازانێ بچـنە دەرەوەی هەرێـم، دەربرینـی (داعـش نەبـوایە کـێ نـادیەی دەناسـی ؟) زۆر عەیـبە بـۆ سۆسـۆلۆژیک، ئـاخر ئەوە جیـــاوازە لەگەڵ ئەوەی بڵێیـــت : داعـــش ویستی ئابروی ژنانی ئێزدی بشکێنێ بەڵام نادییە ئابروی هەمـوو پیرۆزییەکـانی شـۆڤێنیزمی بـرد!.. بەخەبـــاتی مەدەنـــی دەســـتی تیـــرۆرو داعشـــی کـــورتکردەوە، بەداخەوە دەربـــرینەکەی لێـــدانە لەکەسایەتی نـادیەموردو خەبـاتی ژنـانی ئێـزدی هەربۆیە لێدان لە نادییە دەخاتە پێش هەواڵی بە جینۆسایدناساندنی دۆسێی ئیزدیەکانەوە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە. چونکە دڵخۆشی ناکات، چنـار سـەعد عەبـدوڵا، کە لەسـەر لسـتی پـارتی دیموکراتی کوردستان پۆستی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی پێدرابوو، لە لەکەنـاڵی ڕوداودا دەڵێـت: کارەسـات و مـاڵ وێرانییـەکانی داعـش، بـووەتە دەسـتکەوت بـۆ ئێزدییـەکان بـە تایبـەتی بـۆ ژنـان،چونکە پێشـتر ئێزدیەکـان کۆمـــەڵێکی داخراوبـــوون و ئێســـتا دوای ئـــەو نەهامەتییـــەی داعـــش بەســـەریدا هێنـــاون، ئازادییـەکی زیـاتر بـۆ ژنـانی ئێـزدی هاتوەتـە کایەوە و تێکـەڵی خـەڵکانی جیـاوازتر و کۆمـەڵی جیاواز تربـوون! پێشـتر ژنیـان دەکوشت وئێستا نـایکوژن، وەک بڵێـی داخـران وژن کـوژی تەنهـا خەسڵەتی ئێزدیەکان بووبێت و لە دوای ڕاپەڕینـی ئازاری ١٩٩١ هوە ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە هەرێمـی کوردستانی عەیبدار نەکرد بێت ؟ ! ئەگەر دیـوێکی قسـەکانی راسـتبن ئەوا لەو دیوەیـانەوە تەواو ناڕاستن کەوا لەدوای ڕاپەرین وبەتایبەتی لەکاتی وەزارەتەکەیـدا دەبـوو دەرگـا بـۆ ژنـان وکچـان وکـوڕانی ئەنفـالیش بکـرایەتەوە بەپـێچەوانەی ئامانجەکانی بەعسیزمەوە وەک نادییە موراد ڕۆڵ بگێـڕن، هەروەک ئاشـکرایە ئەو تـۆزە رۆڵەش کەهەیە ئەگەر بەرپرسانی حکومەت وحـزب دژیـان نەبـووبن ئەوا دۆسـت وهاوکاریـان نەبـوون، باشـترین نمـونەش دادگـایی کردنـی (خەزرەجـی وفرانس ڤان ئانراتە)، خۆئەگەر نـادییە مـوراديش هەرچاوی لەدەرگای وەزارەتەکـانەوە بـوایە هەتـا ئێسـتا لەکەمپـی خـانکێ دەبـوو خەریکـی نزاوپارانەوە بێت.

بـە وتـەی چنـار سـەعد : ڕەنگـە لـە داهاتودا، ناکۆکی و پێکدادانی ترسناک لـە نێوان گەنج و پیر و ژنـان وپیـاوان لـەناو ئێزدییەکانـدا سـەرهەڵبدات بـەو هۆیـەی کـە ژنـانی ئێـزدی نایانـەوێت ئـەوهێزە لـە دەست بـدەن کـە ئێستا بـەهۆی هێرشـەکانی داعشـەوە بەدەسـتیانهێناوە، ئەم بۆچـوونە زۆر هەژارانەیە چـونکە هێزێـک کەژنـانی شـەنگال بەدەسـتیان هێنـاوە بەهـۆی داعشـەوە نـیە، بەڵکـو بەهـۆی فرێـدانی ئەو عەقڵیەتە پیاوسـالارییە کە وادنیـا دەبینێ تەنهـا نێرەکان دەتوانن مێیەکان بپارێزن، بەراست ئەوە بەهۆی داعشەوە بوو یان بەهـۆی ئەو ئیرادەیەوە بوو کە لە کۆبانێ و ڕۆژئاواوە هـات کە نەک هەر ئومێدو شکۆی بۆ ژنانی شـەنگال گێرایەوە بەڵکو دنیای سەرسام کرد ! ئەوەی چنـار سـەعد دەیڵێت گورزێکی سیاسیە بـۆ ئێزدییەکـانی دادەوەشێنێ، بەڵام هەرگیـز ئامـانج نـاپێکێ، چـونکە ئەوان تێگەیشـتن ژیـان لەخەبـات وبەرەنگـاری فاشـیزم دایە نەک لەشـەری نیوخانەوادەکـان، دەنـا ئەگەر دنیابینی سیاسەتمەداری کورد وەک ئەوە بوایە کە لەکۆبانێ بینیمـان لە دوای تـاوانی ئەنفـال وەهـا ئیـرادەیەک وای لەکـورد دەکـرد لەسـەرپێی خـۆی بووەستێ و جارێکی تر پلە دوویی لەعێراقدا قبوڵ نەکـاتەوە، وای لێـدەکرد هەرگیـز کـورد بیـر لەشـەری نـاوخۆ نەکـاتەوە ئەوسـا تـاوانی شـەنگالیش روی نەدەدا پەلامـاریش بـدرایە ژنـان هاوشانی پیاوان لەدژی داعش دەجەنگان نەک مل بەکـۆیلەیەتی سێکسـی بـدەن وپیـاوان لەبەرەی جەنگ هەڵبێن .

سـەیرە ! نوسـینەکەی چنـار سـەعد لەکاتێکدایـە کەوا دەرگـای گەورە بەسـەر دۆسـێی ئێزدییەکاندا کراوەتەوە، بەتایبەتیش ڕۆژی پێنج شـەمە ٢٠١٦/٦/١٦لە بارەگـای سـەرەکی نەتەوە

یەکگرتووەکان – ژنێف – لێژنەی لێکۆلینەوەی سەر بەکۆمسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوەکە، ڕایگەیاند تاوانەکانی داعش دژ بە ئێزیدیەکان جینۆسایدە، ئەم دانپێدانە هەرگیز بۆ ئەنفال لەئارادا نەبوو، لەکاتێکدا دەشێت کلیلێک بێت بۆ دۆسێی ئەنفالیش، لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە: داعش ئامانجی کۆمەڵکوژی و لە ناوبردنی ئەوگروپە نەتەوەیی و ئاینیە چوارسەدهەزار کەسیە بووە، هەتا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری لێکوشتون، هەرسێ تاوانی دژە مرۆڤایەتی و جەنگ و جینۆسایدی لە دژی ژنان و منداڵان و پیاوانی ئێزدی ئەنجامداوەو لە ڕۆژی داگیرکردنی شنگالەوە هەتا ئێستا تاوانەکان بەردەوامن.

سەیرە ئەو باس لە نیازی وێرانکاریانەی داعش ناکات کە هەتا ئێستا لەهەوڵی لەناو بردنی ئێزیدییەکاندایە، لەکوشتارو بەندەکردن و دەستدرێژی سێکسی و فرۆشتنی ژنان و کچان، کۆچی زۆرەملێ و بە سوک تەماشاکردنیان. ئەم کردەوانەی داعش هەرپەرچەکرداری دژە داعشی دروست ناکات بەڵکو دەرهاوێشتە و کاریگەری زۆر خراپ ومەترسیداریشی لێدەکەوێتەوە نەک هەر لەسەرئەو گروپە نەتەوەیی و ئایینیە بەڵکو لەسەر کۆی کۆمەڵگای کوردی. تاوانەکانی داعش دژ بەئێزیدیەکان بەتایبەتیش دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان و کچانی ئێزدی، دوای داگیرکردنی شەنگال ئەگەر بەوریایی وئیرادەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ هەتا یەک تاقە کەس لەدژی جەهل وتوندرەفتاری دێنێتە مەیدان سەدکەس بەچۆکدا دەهێنێ. مەینەتی ئێزدییەکان لە ناوکەمپەکاندا شاهیدی هەزاران هەزار چیرۆکی نامرۆڤانەن ئیدی ئەگەر ئەوە حاڵی ئێزدییەکان بێت ئەو دەستکەوت وپێشکەوتنانە چین کەوا وەزیری پێشوی ئەنفالکراوان و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەیانبینێ و مرۆڤایەتی نایانبینێ ؟ ! دەنا کەسێک کۆمەڵناسیش نەبێت تەنها چیرۆکی سەعاتێک دیل بوونی مرۆڤێک بەسە لەبن دەستی داعشدا بۆئەوەی تێبگات پێشەکەوتن وستەم جیاوازیان چیە، تەنها سەردانێکی کەمپەکان بەسە بۆ ئەوەی شەرم لەسیاسەت وشەرانگێزی مرۆڤ و چاوچنۆکی بکات چ جای پاگەندەی دیموکراسی ومافی مرۆڤ، کە بریار بوو دوای ئەنفال کورد بە دیموکراسی و سەلامەتی بژی نەک بەربەرییەکان ژن وکچانی دیل بکەن وکرین وفرۆشتنیان پێوە بکەن .

ئەوەی چنار سەعد لە بارەی ئێزدییەکان وتوویەتی، تاوانەکانی داعش نین، بەڵکو کۆمەڵێک دەربرینی تۆپکڵدارن دژی ئێزدیەکان، کاردانەوەی دوو حاڵەتی دەرونی وسیاسیە، یەکەمیان دەرکەوتنی نادیە موراد وەک ژن و وەک ئینسانێکی (نا پارتی) دووهەمیان دەرچونی ڕاپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە لەگەڵ مەزاجی سیاسی چناردا نایەتەوە، چونکە ڕاپۆرتەکە شکستی هێزی پێشمەرگەی نەشاردووەتەوە.

بەتایبەتیش کە دەبینێ نادیە بەتەنیا بااڵ، دەتوانێ دۆسێی شەنگال بجوڵێنێ، بەڵام چنارسەعد لە میانەی ٤ ساڵ کاری وەزیریدا، نەیتوانی گەشتێکی سەرکەووتووش بۆ ناساندنی دۆسێی ئەنفال بکات، ئێستا دەرکەوت ئەوەی بە "نادیە موراد" کرا بە وەزیرەکانی هەرێم نەکرا، نادیە ناسنامەی خۆی پیشانی ئەکادیمیستەکانی دوای ئەنفال وشەنگالدا، دەرکەوت بەرپرسانی هەرێم وەک خۆیان نایکەن پێشیان خۆشنیە کەسی تر بێکات، ئەگەر وانەبوایە بە خەڵاتی نۆبڵ بۆ نادیە موراد دڵخۆش و هاوکار دەبوون،نەک ڤیان دەخیلی بۆ بکەنە ئەڵتەرناتیڤ وکۆسپ بخەنە ڕێگەی. ئەمانەو ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە سەرچاوەی نیگەرانییەکن کە وەزیری پێشووی ئەنفال نەیتوانیوە بیانشارێتەوە، بۆیە هەرچۆنێک بێت چنار سەعد ناتوانێ خۆشی قایل بکات، چ جای دنیای دەرەوەی هەرێم !

چەند جوان دەژیاین کەوا سیاسیەکان و ئەکادیمیستەکان، لەبری هەڵپەی پۆست وسامان هێندە لەژیانی خەڵکەوە نزیک بوونایەو لەدوای ئەنفال دەیان نادییەموردای باشترو کاریگەرترمان هەبوایە چەند جوانە ئەو گەورەییە بنوێنن وبڵێن (نادیە موراد) لە ئێمە شکۆمەندترە،چونکە لەهەموومان چالاکترە !

لە یادی دوابریاری دادگای باڵای تاوانەکاندا لە دۆسیێی ئەنفال

عومەرمحەمەد

٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٦ – سلێمانی

٢٦ی حوزەیران نۆساڵ بە سەر بریاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا تێدەپەڕێت، لەم رۆژە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دوابریاری خۆی لەمەر دۆسیێی ئەنفال و تۆمەتباران و تاوانبارانی ئەو تاوانە بڵاوکردەوە، کە تیایدا تاوانی ئەنفالی وەک تاوانی جینۆساید یەکلایی کردەوە، بەبەندەکانی ١١ی (تایبەت بەجینۆساید)و بەندی ١٢ی (تایبەت بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی)و بەندی ١٣ی (تایبەت بەتاوانی جەنگ) کە هەرسێک بەندەکە لەدادگای نێودەوڵەتیەوە خواستراببوون تارادەیەک بۆ کورد بەسود بوون.

بۆهەریەک لە تاوانباران " عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نوسینگەی باکوری حزبی بەعس، لیوا رکن سولتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەک، حوسێن رەشید محەمەد تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەوالگری گشتیی سەربازی) بۆ هەریەکەیان چەندین سزای دیاری کرد هەرلە بەندکردنەوە هەتا بە سزای لەسێدارەدان دەگات.

جێگەی باسە یەکەمین دانیشتنی دۆسیێی ئەنفال لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ دابوو، بەپێی رەوتی روداوەکانی ناو دادگا ٦١ دانیشتنی پێویست بوو هەتا دادگایی کردنەکە بگاتە ئەنجامی کۆتایی سەرئەنجام لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ دادگا دەقی بریارەکانی لەکەناڵاکانی ڕاگەیاندنەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەشکرد، گرنگترین دەستکەوت بۆ کورد ئەوەبوو کە تاوانی ئەنفال بەبریاری دادگای باڵای تاوانەکان بەجینۆساید یەکلایی کرایەوە. هەرئەو رۆژە جگەلە خوێندنەوەی سزای تاوانباران و ئازادکردنی ئەو تۆمەتبارانەی بەڵگەی پێویست لەبەردەست نەبوو بۆیە دادگا بریاری بێ تاوانی لەبارەیانەوە دا کە دیارترینیان بەرپرسی کاروباری باکوری نوسینگەی ڕێکخستنی باکور و پارێزگاری ئەوسای موسڵ (تاهیرتوفیق ئەلعانی) بوو، هاوکات ناوی دەیان تۆمەتباری تر خرانە ڕوو کە ژمارەیان (٤٢٣) کەس بوو لە کوردو عەرەب وتورکمان لە سەرئاستی عیراق،کە بریتی بوون لە ئەفسەرو موستەشارو فرۆکەوان وکەسانی سەربە سوپاو هەوالگری، لەناویاندا (٢٥٨) کەسیان لە نەتەوەی کوردن.

ئەفسوس هەتا ئیستا هیچ کام لەو تۆمەتبارانەی دادگا داوای کردوون دەسگیرنەکراون، یان راستترە بڵێین رادەستی دادگا نەکراون چونکە زۆربەیان لە عێراقد پلەوپایەی حزبی و دەوڵەتیان هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە تۆمەتبارانی ئەنفال نابێت هیچ پاریزبەندییەکی (سیاسی وئایینی وکۆمەڵایەتی) و تەنانەت هیچ پاریزبەندییەکی ناوخۆیی ونێودەوڵەتی نایانگرێتەوە ! کەچی ئەم تۆمەتبارانەی جینۆسایدکردنی کورد بێ گوێدانە یاساو مافی قوربانیەکان پێگەو پلەو پۆستیان لەناو حزب و دامودەزگای حکومەتدا هەیە !

لەلایەکی تریشەوە حکومەتی عیراق بە ئەرکی سیاسی وئەخلاقی خۆی هەڵنەستاوەو ڕێزی لە بریاری دادگاکەو مافی قوربانیەکان نەگرتووە، نە قەرەبووی مادی و مەعنەوی کەسوکاری قوربانیانی کردووەتەوە،نەروفاتی قوربانیەکانی هەڵداوەتەوەو نە گرنگی بەدادپەروەری وژیانی هاولاتیانی عیراقیش داوە وەک پابەندیەک بەڕێزی قوربانیانی جینۆسایدە. ئەمە لەکاتێکدایە دەبوو، هەم عێراقیەکانی دوای جەنگ وجینۆسایدە ڕێزلێگیراو بوونایەو هەم کورد وەک گروپی جینۆسایدە داوای لێبوردنی لێبکرایەو قەرەبوو بکرایەتەوە .

ئەنفالستان مەکرەو بیخوێنەرەوە، ڕێز لەهەستی قوربانیەکانی بگرەو هەرگیز دڵپاکیان بەکەم مەگرە.

هەڵەبجە دوای بیست ساڵان : کوردستان وەک مەڵبەندی جێنۆساید

ئەمیر حەسەن پور
زانستگای تۆرانتۆ ، کانادا

ئەم بابەتە لەماڵپەڕی دەنگەکان وەرگیراوە لە ١٥ی ئازاری ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە، وەک ڕێزێک بۆمەرگی نوسەر ئەنفالستان دوبارە بڵاوی دەکاتەوە



بیست ساڵی پێ نەچوو... هەوەڵ ساڵڕۆژی کوشتاری هەڵەبجە، بێبڕیاردان، بێدەنگدانی پارلمان، و بێ یە کەدەنگی، وە ک ڕۆژی نەتەوەیی شینگێڕان داڕژا. بەڵام هە لە بجە زۆر زوو بوو بە گۆڕە پانی خەبات و ململانی لە نێو نەتەوەدا و لەنێوان نەتەوەو هێزی دی. من لێرەدا باسی مێژووی کۆکوژی هەڵەبجە و ئەنفال ناکەم. دوای بیست ساڵان، هەڵەبجە و ئەنفال نە بڕاونەتەوە و دەکرێ بڵێین بەشێوەی دی درێژەیان هەیەو لە داهاتووشدا دواییان نایا. ئە گەربمانەوێ باسی ئێستەوداهاتووی ئەنفال بکەین،ئەوپرسیارە دێتە گۆڕێ: ئەوبارووددۆخەی جێنۆساید وەرێدەخا کۆتایی هاتوە یان هێشتا بەردەوامە؟

1-کوردستان وە ک "مەڵبەندی جێنۆساید :"

مارک لێڤین، مێژوونووسی جێنۆساید، دە لێ عە نە دۆلی ڕۆژهەڵات، کە هەرمەنستان و کوردستان و مێژۆپۆتامی دەگرێتەوە، لە ساڵی ١٨٧٨ بەولاوە کرا بە "مەڵبەندی جێنۆساید". لە و ساڵە دا، دەوڵەتی عوسمانی دەستی کرد بە قەڵاچۆی گەلانی هەرمەنی و ئاشۆری و لە ساڵانی ١٩١٥ هەتا ١٩٢٣ ئەو دوو گەلەیان بە قڕان کرد. لە ساڵی ١٩١٧ دا، دەوڵەتی عوسمانی، لە جەنگەی هاندانی کورد لە دژی گەلانی ئاشۆری و هەرمەنی، دەستی کرد بە ڕاگوێزتنی کوردان بۆ دەرەوەی کوردستان. کە دەوڵەتی عوسمانی هە لوە شاوە (١٩١٨) و دەوڵەتی عێراق لە ژێر چاوە دێری ئینگلستاندا دامەزرا (١٩٣٢–١٩١٨)، لە کۆماری تورکییە جێنوسایدی کوردان درێژەی پێدرا و لە کوردستانی عێراق، لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا، لە پێشدا لە ١٩٦٣ و دوایە لە ساڵانی ١٩٦٨ هەتا ٢٠٠٣ دا، مەڵبەندی جێنۆساید چالاک بۆوە و گەلی کورد و ئاشۆری بە کوشتار، وێرانکردنی گوندەکان، ڕاگوێزتن، زمانکوژی، و کولتورکوژی وەبەرلێشاوی جێنۆسایدکەوتن. لە ئێران (بەتایبەتی لە حکومەتی ڕەزا شا دا) و سووریە ش (بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٦٠ بەولاوە) پڕۆژەی جێنۆساید لە ئارادا بووە.

مارک لێڤین دە لێ جینۆساید لەو ناوچەدا قاعیدەیە نەک ئیستیسنا. ڕاست بوونی ئەو بۆچوونە لە تەجرەبەی گەلانی ناوچە (کورد،هەرمەنی و ئاشۆری) دەردەکەوێ. لە و چوار وڵاتانە دا،

"جینایەتی شەڕی" "جینایەتی دژی بەشەرییەت" و جێنۆساید بەشێک لە ئامرازی دەکار هێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتیین. دەوڵەت زۆر بە ئاسایی سوپای بۆ کوشتار و وێرانکردن دەکارهێناوە و پابەندی هیچ قانوونێک، چ ناوخۆیی چ نێونەتەوەیی، نە بووە. کانگای جێنۆساید لە ناوچەدا ناسیۆنالیسمە. لە تورکییە، ناسیۆنالیسمی تورک (تورکایە تی "کومیتەی ئیتحاد و تە رە قی" پێش ١٩١٩ و تورکایەتی مستەفا کەماڵ دوای ١٩٢٣)، لە عێراق و سووریە، ناسیۆنالیسمی عەرەب (بەتایبەتی بەعسێتی)، و لە ئێران، ناسیۆنالیسمی فارس (بەتایبەتی چە شنی پە هلە وی) سە رچاوەی جێنۆساید و جینایەتی شەڕی و جینایەتی دژی بەشەرییەت بوون. لە سیاسەت و ئیدە ئۆلۆژی ناسیۆنالیسمی دەوڵەتی ئەو ولاتانە دا، داوای بە رابە ری کردن وە ک بە رنامەی جیابوونە وە و بەش بەشکردنی نەتەوەو ولاتەکەی چاوی لێدەکرێ و سزای ئەو "تاوانانە" ش کۆکوژییە.

2-گۆڕانی بارودۆخی جێنۆساید؟

لە تورکییە و سووریە و ئێران، بارودۆخی وەڕێخستنی جێنۆساید و جینایەتی شەڕی بەردەوامە. تەنیا لە عێراق، سێ ساڵ دوای هە لە بجە و ئەنفال، گۆڕانێکی بە رچاو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی پێکهات: لە پێشدا، دوای شەڕی ١٩٩١ ی ئەمریکا لەدژی سەدام، بەشێک لە کوردستانی عێراق لەدەستی دەوڵەتی بەغدا هاتەدەرو حکومەتی هە رێمی کوردستان پێکهات. شەڕی دووە می ئەمریکا لە ٢٠٠٣، ریژیمی بەعسی لابرد و ریژیمێکی دی لەجێگەی دانا. نوێنەرانی قوربانییەکانی ئەنفال (رابەرایەتی کورد و شیعە) جێگەی قوربانیکەریان (ریژیمی بەعس) گرتەوە. لەروانگەتدا، وێدەچێ ئەو بارودۆخەی کە جێنۆساید پێکدێنێ چی دی لەئاردا نەماوە.

ئەو ریژیمەی ئێستە لەبەغدا دەسەڵاتی هەیە، بەپێچەوانەی ریژیمی بەعس یەک دەست نییە؛ دەسەلاتی دەوڵەتی بەگوێرەی قەومییەت (عەرەب و کورد)، دین (ئیسلام، مە سیحی)، و مەزهەب (شیعە و سونە) دابەشکراوە. ئەوە دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەییکی بەرابەر یان دێمۆکراتی نییە. راستییەکەی ئەوەیە کە ناسیۆنالیسمی عەرەب هێشتا بە سەر دەوڵەتی بەغدا دا زاڵە. ڕابەرایەتی شیعە بە کردەوە و بەقسە ئەوەی سەلماندووە کە لە ئاست کێشەی کورد جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بەعس نییە. یەکدەنگی یان وێکچوونی ئەو دوو بەرەی ناسیۆنالیسمی عەرەب لە سیاسەتی ڕابەرایەتی شیعە سەبارەت بە کێشەی کەرکوک، فێدرالیسم، نەوت، سنوورەکانی کوردستان، یان محاکەمەی سەدام و دەستە وەیارە کەی باش روون بۆتەوە. با ئە نجومەنی وەزیران لە بەغدا بە بۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی کۆکوژی، شەش ملیۆن دۆلار تەرخانی ئاوە دانکردنەوەی هەڵەبجە بکا، با لە سە رانسە ری عێراق بەیادی کۆکوژی بۆ ماوەی یەک خولەک ماتەمگێڕی بکرێ – ئەوانە و زۆر کاری وا ریژیمی ئێستە لە ریژیمی پێشوو تەواو هەڵنابڕن.

تاقیکردنەوەی راستەقینە کاتێک دێ کە حکومەت دەسەڵاتی تە واو (سیاسی، عەسکەری، ئیداری، و ئابووری) بەسەر بەغدا و بەشی عەرەبی عێراقدا پەیدا بکا، وە ک حکومەتێک سەقامبگرێ، و لەسەرپێی خۆی راوەستێ. ئەگەر شتێکی وا پێکبێ، دەستوور و قانوون و پەیمان وبەڵێنی هیچکام ناتوانێ پێش بە بەرژەوەندی بەشی زۆرینەی ریژیم بگرێ؛ تەنانەت بوونی فراکسیۆنێکی کورد لەحکومەتدا ناتوانێ پێشی زەبرو زەنگی زۆرینە (ناسیۆنالیستی جۆراوجۆری عەرەب، هەم ئیسلامی و هەم سکوولار) بگرێ. بیانووی پاراستنی "نیشتمانی عەرەبی" لە گەڵ بیانووی پاراستنی یە کێتی "ئومەتی ئیسلام" تێکدە هاڵێ و مەکینەی جێنۆساید وە کارد کەوێ.

3-بارودۆخی ناوچەیی و ناونەتەوەیی

لە بیست ساڵی رابردوو دا، هەم زانیاری و وشیاری سەبارەت بە جێنۆساید و هەم تێکۆشان بۆ بەربەرەکانیکردن و دادگایی کردنی پە رەی ئە ستاندووە بەڵام لە هەمان کاتدا جینۆساید، جینایەتی شەڕی و جینایەتی دژی بەشە ریە ت بە ربڵاوتر بووە — لە ئورووپا (لە ناوچەی بالکان)، ئە فریقا (لە چەند ولات)، ئاسیا (فلستین، تورکییە، عێراق، ئەفغانستان...)، و ئەمریکای ناوەندی و باشوور (لەچەند وڵات). لە رۆژهەڵاتی ناوە راست هیچ ریژیمێک نییە کە لە ئەو جینایەتانە بپرینگێتەوە.

لە رادەی ناونەتەوەییدا، لەگەڵ ئەوەشدا چەند هەنگاو بەرە و پێشەوە هەڵگیراوە لەهەمان کاتدا پاشە کشە دەکرێ. بۆ وێنە، کاتێک لە ساڵی ١٩٦٣ کۆماری سۆسیالیستی مە غۆلستان و یەکێتی سۆڤێت بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووە کانیان ڕاگەیاند کە دەوڵەتی عێراق خەریکی جێنۆسایدی گەلی کوردە و داوایان کرد، کە بەپێی کۆنوانسیۆنی جێنۆساید باسی بکرێ وکۆتایی بە و جینایەتە بدرێ، ئەو داخوازییە بەبیانووی جۆراوجۆر بەر پەرچدرایەوە. یەکێک لەوبیانوانە ئەوە بوو، کە نەتەوەیەکگرتووەکان مێکانیسمێکی بۆ بەرێوەبردنی (تنفیذ) کۆنوانسیۆنی جێنۆساید نییە. چل ساڵ دوایە، کە ئەمریکا ریژیمی بەعسی رووخاند مێکانیسمی محاکەمە کردنی تاوانبارانی جێنۆساید پێکهاتبوو. "دادگای جینایی نێونەتەوەیی" لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بۆ محاکەمە کردنی ئەو جینایەتانە دەستی بەکارکرد، بەڵام کەریژیمی بەعس رووخا، رێگە نەدرا بەمحاکەمەیەکی رێک وپێک و رۆشنگەرانە. سەرباقی بەدەست بوونی دنیایێک بەڵگەو لە بەردەست بوونی تاوانبارەکان، رێگەیان گرت بە روونبوونەوەی گشت لایەنی ئەو جینایەتانە. ئەمریکا بەرهەڵستی سەرەکی بوو. محاکەمەیەکی راستەقینەو رێک وپێک پێوەندی واشنگتن و بەعس دەردەخا، ئەویش پێوەندییەکی بەرین لەهاتنەسەرکاری بەعس لە ١٩٦٣را بگرە هەتا ساڵانی ١٩٧٤ بەولاوە. محاکەمەی سەدام لە جیاتی ئەوەی لە خزمەتی خەباتی گەلانی ناوچە لە دژی جێنۆساید و جینایەتی شەڕی دابێ، کرا بە گە مەیێکی سیاسی بۆ ئەوەی یارمەتی بدا بە چارە سە رکردنی گێرە وکێشە کانی بووش و دەستە ودەیارە کەی — لە هە ڵبژاردنەوەی ڕابگرە هەتا ناڕەزایی ناوخۆیی و ناونەتەوەیی سەبارەت بە ئاکامی شەڕی عێراق. هە روە ها دەوڵەتانی ناوچە ش، تەنانەت ئەوانەی دژی سەدام بوون، وە ک ئەمریکا، نایانە وێ محاکەمەیە کی راستە قینە بکرێ لە بە رئەوەی (ئە لف) کارنامەی خۆیان لە سەدام باشتر نییە و دەترسێن تووشی چارە نووسیکی وا ببن؛ (ب) محاکەمەیە کی وا زانیاریی هاووڵاتییان سەبارەت بە ئەو جینایەتانە بە رین تردەکا و وشیارتریان دەکا وهانیان دە دا بۆ بەربەرەکانی کردنی دەوڵەتی جینۆسایدکە ر تەنانەت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان؛ (ج) مافی هاووڵاتییان بۆ دادگایی کردنی دەسەڵاتداران دە سە لمێنێ؛ (د) پێشینە دادە مە زرینێ و رێگە پێشاندە دا بە هاووڵاتییان بۆ ئەوەی ئەو مافە دابین بکە ن؛ (ە) دەسەڵاتی دەوڵەت کز دەکا لەبەرئەوەی جینۆساید جینایەتێکی نێونەتەوەییە و محاکەمە کردنی تاوانبارانیش دەکرێ لە هە ر وڵاتێک بەرێوەبچێ.

4- کوردایە تی و ئەنفال

ئەگەر جێنۆسایدی گەلی کورد و هەرمەنی و ئاشۆری بەرهەمی ناسیۆنالیسمە (ناسیۆنالیسمی تورک و عەرەب و فارس)، بۆچوونی باو سەبارەت بە جێنۆساید و بەرنامەی بەربەرەکانی کردنیشی لە کوردستاندا و (لە نێو هەرمەنی و ئاشۆری دا) بۆچوونی ناسیۆنالیستییە. جیهانبینی ناسیۆنالیستی مەودای خەبات لە دژی جێنۆساید بەرتەنگ دەکا و رێگەنادا ئەو جینایەتانە بنە بڕبن. کوردایەتی وای دادەنێ کە هەرچی عەرەب و تورک و فارسە دوژمنی کوردە. ناسیونالیستی هەرمەنی و ئاشۆریش پێیان

وایە هەرچی تورک و کوردە دوژمنی ئەبەدی ئەوانن. ناسیونالیستی یەهوودی (بەتایبەت سەهیوونیستە کان) پێیان وایە جوولەکە "گەلێکی هەڵبژێردراو"ە و گشت گەلی دی زوڵمیان لێدەکەن. تەنانەت تێزی "تاقانەیی هۆلۆکاست"یان ساز کردووە بۆ ئەوەی جێنۆسایدی جوولە کان لە گشت جێنۆسایدی تر جوێ بکە نە وە؛ دە لێن هیچ گەلێک بە لای وای بە سە ر نە هاتوە؛ نێوی مەزهەبی "هۆلۆکاست"یان لە و جێنۆسایدە ناوە، و باسی وەی ناکە ن کە ریژیمی نازی خە لکی رۆما و تەنانەت ئە لمانیشی کوشتار دەکرد. ئەو سیاسەتە ناسیۆنالیستییە ئینکاری جێنۆسایدی هەرمەنیان دەکا لە بە ر ئەوەی کە پێی وایە دان نان بە ئەو جێنۆسایدە قورسایی هۆلۆکاست کەم دەکاتەوە. ئەو بۆچونە سەبارەت بە جێنۆساید، هەم لە سە هیونیسم دا و هەم لە کوردایە تی دا، مە بە ستێکی سیاسی هەیە. باسکردنی جێنۆساید، بیرکردنەوەی، و مێژوونووسینە کەی گشتی لە خزمەت سیاسەتی نەتەوە ڕۆنان دایە نە ک لە خزمەت بنە بڕکردنی جێنۆساید. لە سە هیونیسم دا، یادی هۆلۆکاست بۆ پاکانە کردنی سیاسەتی داگیرکردنی فلستین و جێنۆسایدی فلستینییە کان کە لکی لێوە ردە گیرێ. دەوڵەتی ئیسرائیل دانی نەناوە بەجێنۆسایدی گەلی هەرمەنی. وا هەیە ناسیۆنالیستی هەرمەنی دان نانێ بە جێنۆسایدی ئاشۆرییە کان بۆ ئەوەی لە بایە خی جێنۆسایدی خۆیان کەم نە بێتەوە. بۆچوونێکی باوی تر ئەوەیە کە جێنۆساید و ئەو چە شنە جیناییەتانە بەرهەمی "دەوڵەتی دیکتاتۆری"ن. ئەو بۆچوونە لە باری تیۆرییە وە زۆر کزە لەبەرئەوەی دیکتاتۆری و دیمۆکراسی لێک جوێ دەکاتەوە و بە دژی یە کتریان لە قە لە م دە دا، و ئەوە نابینێ کە تا کاتێکی دەسەلات (ئابووری، کۆمە لایە تی، سیاسی) لە کۆمە لگە دا بە شێوەیێکی نابە رابە ر دابەش کراوە، هیچ دەسەلاتێکی دەوڵەتی ناتوانێ بۆ گشت لایە نێک دیمۆکراتی بێ. لە کردە وە ش دا، ئەوەی بە دەوڵەتی دیمۆکراتی دادە نێن کارنامەیێکی خاوێنی نییە. بۆ وێنە، دەوڵەتی ئەمریکا، کە خۆی بە ریژیمی هەرە دێمۆکراتی دنیا دادە نێ، لە دەست تێوە دانی جێنۆساید و جیناییەتی شەڕی و جیناییەتی دژی بەشەرییەت لە زۆربەی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان لە پێشترە. ئەگەر ریژیمی بەعس هە ر لە چوارچێوەی عێراق ئەو جیناییەتانەی دەکرد، دەوڵەتی ئەمریکا لە سە رانسە ری دنیایە دەیکا. جێنۆسایدی ئەمریکا لە پێشدا بە کوشتاری گەلە بوومییە کان دەستی پێکرد و لە سە دەی بیست دا جیناییەتی شەڕی بە بە رینایی دنیا دریژەی پێدرا (بۆ وێنە بۆردمانی هیرۆشیما و ناگازاکی بە چە کی ئە تۆمی؛ بۆردمانی ویە تنام بە چە کی کیمیاوی؛ ئە شکنجەی زیندانیان لە ئەبووغریب و گوانتانامۆبەی؛ رفاندن و راگویزتن و زیندانی کردنی ئەوانەی بەشەڕکە ری دژی خۆی دادە نێ). جا سەیر نییە کە ئەمریکا سی و شە ش سالّی پێچوو هەتا کۆنوانسیۆنی جینۆسایدی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەند بکا و کاتێکیش پەسەندی کرد ئەوە ندەی شە رت ومە رج بۆ دانا کە گەلانی بوومی ئەمریکا و گەلانی تری دنیا نە توانن ئەو دەوڵەتە بە تاوانی جێنۆساید محاکەمە بکە ن. کاتێکی نەتەوە یەکگرتووە کان دوای چەند سالّ حە ول دان بۆ دامە زراندنی "دادگای جینایی نێونەتەوەیی"، لە سالّی ١٩٩٨ دا قانوونی دامە زراندنی ئەو دادگایەی بۆ دەنگ دان ئامادەکرد، ١٢٠ دەوڵەت پەسەندیان کرد، ٢١ دەوڵەت دەنگیان نە دا، و تەنیا ٧ دەوڵەت دژایە تییان کرد – ئەمریکا، عێراق، ئیسرائیل، لیبی، چین، و قەتەر.

یە کێک لە تایبە تێتییە کانی ئەو سێ جیناییەتە (جێنۆساید، جیناییەتی شەڕی، جیناییەتی دژی بەشەرییەت) ئەوەیە کە ئەگەر ئامانجیان فە وتاندنی یە ک گەل یان کۆمە لێکی تایبە تی بێ، وە ک جێنایە ت لە دژی تە واوی بەشە ر لە قە لە م دەدرێن و بەربەرەکانی کردنیان ئە رکی سە ر شانی هە ر ئینسانێکە.

هه روه ها، بێدەنگی کردن و ئینکاری جێنۆساید وه ک دریـــژه پێـــدان و بەشـــداریکردنه له و جینـایەته. کـاتێکی ئەمریکـا بێدەنگی دەکـا لە وێرانکردنـی چەنـد هه زار گونـد لە کوردسـتانی عێـراق و تـورکییه و کـاتێکی پاکتـاوی قه ومـی گەلـی فلسـتین و جینـایەتی شـەڕی ئیسـرائیل پەسەند دەکا، ئه رکی گشت ئینسـانێکه ئەمریکـا وه ک بەشداری ئەو جینایەته چاولێبکا.

٥ –داهاتووی مەڵبەندی جێنۆساید

ئاخۆ دەکرێ "مەڵبەنـدی جێنۆسـاید" بکەیـن بە "مەڵبەندی رزگار لە جێنۆساید"؟ بە بڕوای من جێنۆساید و مەڵبەندی جێنۆسـاید تـا زە مانێـک کە ناسیۆنالیسـم لە ئـارادابێ و دەسـەڵاتی سیاسی و ئـابووری بە گوێرەی نەتەوە و رە گـە ز و قەومیـیەت و دیـن دابەشکرابێ بە ردە وام دە مێنێ. خەباتی سە رە کی دە بێ بۆ تێکدانی ئەو بارودۆخە بێ کە جێنۆساید پێکدێنێ بەڵام خەبـات بۆ تێکدانی ئەو بارودۆخـە ئەوە ناگـەیێنێ کە لە چوارچێوەی باری باودا ناتوانین هیچ هه نگاوێک هه ڵبگرین. خەبـات لە دژی جێنۆسـاید پێویستی بە زانیاری و وشیاری سەبارەت بە و جینـایەتە هەیە. ئێسـتە زانیـارێکی زۆر سـەبارەت بە ئەو سێ جینایەتانە لە بە ر دەست دایە کە پێویستە فێری بین و لە پە رە پێدانیدا بەشداری بکەیـن. ئەوە ندەی کوردسـتان ئامـانجی تیـری جێنۆسـاید بووە، دە با تا ئێستا زانیـارێکی قـوڵ و بە رین سـەبارەت بە ئەو دیـــاردەیە پێکهاتبـــا. بەڵام زانیاری و ئاگایی سەبارەت بە ئەو جینایەتانە لە تە جرە بە کەی وە دوا کەوتووە.

چەمکـی جێنۆسـاید دوای دامـە زرانـی نەتەوەیە گکرتـووە کـان و حـە ولـدان بـۆ پەسـەندکردنی کۆنوانسیۆنی جێنۆساید (١٩٤٨–١٩٤٥) کەوتە سەر زاران. پێشئەوەی نەتەوەیە گکرتـووە کـان ئەو بە ڵـگەیە پەسـند بکـا، ئەو دە مـی پێشنووسـەکەی راوێژی لێدەکرا، بەدرخانییە کـان لەیادداشتێک بۆ نەتەوەیە گکرتووەکان بەشێک لە پێشنووسێکی ئەو بەلگەیان گێراوە و باسی جێنۆسـایدی گەلـی کوردیـان کـرد. بەڵام ئەو دەسـتپێکە وشـیاری و چـــالاکی بە دوا دا نە هـــات. لە ســـاڵی ١٩٦٣ کە کۆماری سۆسیالیستی مـە غوولستان و یە کێتـی سـۆڤیت باسـی جێنۆسـایدی گەلـی کوردیـان لە نەتەوەیە گگرتـووە کـان هێنـا گـۆڕێ، دیسـان وشەی جێنۆسـاید کەوتە سە ر زاران بەڵام باسـی جێنۆسـاید نەبـوو بە بەشـێک لە کوولتـووری سیاسی کورد و وڵاتانی ناوچە. لەگەڵ ئەوشدا، نـووری درسـیمی لە ١٩٥٢ دا، مێـژووی کوشـتاری درسـیمی نووسـیبۆوە و بە پەرتـورکی لە شـامێ بـڵاوی کـردە وە، باسـی جێنۆسـایدی کـورد لە تـورکییە بەشـێوەیێکی مێژوویـی و لێکـۆڵینەوەیی هەوەڵ جـار لە خەبـاتی ئیسـماییل بێشـکچی دا دەست پێدەکا (کتێبی تونجە لی قانونو (١٩٣٥) و دە رسـیم ژێنۆسـیدی، ئیسـتانبوول، ١٩٩٠). لە کوردســتانی عێـــراق، لەگەڵ ئەو شـــدا لە ١٩٩١ بەولاوە ئـازادی لیکـۆڵینە وە هە بـووە هێشـتا بەرهەمـی بە پێـز و پێویست بـۆ کـاری چـالاکی و زانیاری لە بە ر دەست دانیـیە و هێشتا لێکـۆڵینە وە و لێکـــدانە وە ســـنوورە کـــانی هەوەڵ لیکـۆڵینەوەی ئەنفـالی نە بە زانـدووە (کتێبـی جینۆساید لە عێراقدا و پە لاماری ئەنفال بۆ سە ر کورد لێکۆڵینەوەی "ڕێکخراوی مـافی مـرۆڤ"، بە ئینگلیســی ١٩٩٣؛ کـــوردییە کەی چـــاپی ١٩٩٩). گۆڤاری ئەنفال، کە وادیارە تەنیـا یە ک ژمـارەی دە رچووە، لەبێسەرەوبەرییدا کەم وێنەیە.

ئەو کورتە مێژوویە بۆیە ساغ دە کەمـە وە و دەیگێڕمە وە کە بڵێم کوردایە تـی توانـای خەبـات بۆ بـنە بڕکردنـی جێنۆسـایدی نیـیە. لەگەڵ ئەوە شـدا نـوێنە رایە تـی کـورد لە پڕۆسـەی دانـانی دەستووری عێراق دا حە ولیدا دەوڵەتی ناوەنـدی دە سە لاتی جێنۆساید و جینایەتی شەری نەبێ، لە وە شـدا زۆر سـەرنەکەوت و بە بەرژەوەنـدی ئەمریکا لەگەڵ ناسیۆنالیستە شیعەکان سازشی کرد. دیارە قـانوون، هەرچەنـدیش بەراشکاوی و بە تێروتەسـەلی ڕێ لە ئەو جینایەتـانە بگـرێ، ناتوانێ بنە بڕیـان بکـا. دەوڵەت، ئەگەر ویسـتی جێنۆساید بکا، لە دەستوور و قانوونی نـاوخۆیی و نێـونەتەوەیی نـــاپرینگێتەوە و پێشـێلیاندەکا.

سەرباقی ئەوەی، قانوون مەیدانێکی خەبات لە دژی ئەو جینایەتانەیە.
ئەگەر جێنۆساید جینایەتێکی نێونەتەوەییە، بەربەرەکانی کردنیشی دەبێ نێونەتەوەیی بێ. لە مەڵبەندی جینۆساید دا سێ گەل تە رتوتونا کراون — هەرمەنی و ئاشۆری و کورد. جێنۆسایدی هەرمەنی، جێنۆسایدی کوردە و جێنۆسایدی کورد، جێنۆسایدی ئاشۆرییە. کوردێکی بیەوێ بەراستی لەدژی ئەو جینایەتانە خەبات بکا پێویستە دان بنێ بە بەشداریکردنی بەشێک لەڕابەرایەتی کورد، لەجێنۆسایدی هەرمەنی و ئاشۆریدا و ئەو ڕابەرایەتییە وەک دەستە و دەیارەی جینۆساید چاو لێبکا و مە حکوومی بکا. بەڵام سیاسەت و کردە وەی نێو نەتەوەیی تەنیا بە هاوکاری و هاوپشتی ئەو سێ قوربانییە پێک نایا. کوردێک یان هەرمەنییێک کە دژایە تی جێنۆسایدی گەلی فلستین و گەلانی تر نەکا، ناتوانێ لە خەباتی خۆی دا سە ربکەوێ. تەنیا بەشۆڕشی گەلانی دنیا لە دژی ئەو جینایەتانە دەکرێ دەسەڵاتداران چاوترسێن بکرێن و سیستێمی جیهانی جێنۆساید پاشە کشەی پێبکرێ. لە و قسانە دا وا دەردەکەوێ کە خەبات بۆ بنە بڕکردنی جێنۆساید خەباتێکی ئالۆزە و زۆر لایە نی هەیە – سیاسی، ئیدە ئۆلۆژی، کوولتووری، قانوونی... من باسی وە م کرد کە سیاسەت و ئیدە ئۆلۆژی ناسیۆنالیستی ڕێگە نادا بە خەباتێکی وا کە جێنۆساید بنە بڕ بکا، ئەوە ش لەبەرئەوەی کە پێگەی جێنۆساید نەتەوە و ناسیۆنالیسمە. بەڵام تاقە کە س بە هیچ سیاسەت و ئیدە ئۆلۆژییێک لە حیم نە کراوە. دیارە کە سێکی ڕێبازی ناسیۆنالیستی هە بێ دە توانێ خەباتی بێوچان لە دژی جێنۆساید بکا. با مێژووی جێنۆسایدی هەرمەنی بگێڕمە وە. سە د سالّ لە وەی پێش، برایانی بە درخان، کە بەشی هەرە بە هێزی چینی دەرەبەگ بوون و لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیسمی تازە سە رهەڵێناویان بەرێوە دەبرد، بە تونڈی ڕە خنەیان گرت لە بەشداریکردنی سە رۆک عە شیرەت و دەرەبەگی کورد لە کوشتاری هەرمەنی. هە شتا سالّ دوایە، یلماز گونەی، هونە رمە ندی چەپ، چەند ڕۆشنبیری تورکی هاندا بۆ ئەوەی تورکییە کۆکوژی هەرمەنیان وە ک جێنۆساید بەرەسمییەت بناسێ.

لە تورکییە، کە ناسیۆنالیسمی کەمالیستی تە واو بەڕە وی هەیە و دەوڵەت هاندەری دوژمنایە تی تورک و کوردە، یە سیم ئوستائوغلو لە فیلمی سە فە ر بە رە و خۆرەتاو (٢٠٠٠) دا، وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و زە بروزە نگی "میت"ی لە قاو داوە، ودە لێ کورد و تورک دە توانن پێکە وە بژین. وردە وردە ڕۆشنبیران، جارێ زۆرتر لەبەرەی چەپ، جێنۆسایدی هەرمەنی و سە رکوتکردنی کوردان مە حکووم دەکەن.

پێویستە لە نیزامی پە روە ردە دا، بە رنامەی دراساتی جینۆساید و دوو جینایەتە کەی تر دامە زرێ و لایە نە جۆراوجۆرە کانیان لێکبدرێتەوە؛ ئەوانەی بۆ حکومەت کار دەکەن دە بێ سەبارەت بە و جینایەتانە دە رس بدرێن... من تا ئێستا باسی وە م نە کردووە کە ژیانی پاشماوەی هەڵەبجە و ئەنفال دوای شازدە سال حکومەتی کورد چۆنە؟ هە روە ها دەکرێ بپرسین، باری ژیان و مافە کانی ئاشۆرییە کان لە ژێر ئالای کورد دا چۆنە؟

دەبوو ئێستا هەڵەبجە، بەکردەوە پایتەختی ئاشتی بێت، نەک بەتابلۆیەک بکرێتە پارێزگاو لە ناوەڕۆکیشدا قەزایەکی فەرامۆشکراو .

ویّنەکانی عەجاج جەللادە تۆقیّنەرەکەی نوگرەسەلمان

ڕاپۆرتی فەرمان عەبدولڕەحمان

بەرلەوەی کاک فەرمان عەبدولڕەحمان ئەم ڕاپۆرتەگرنگە بڵاوبکاتەوە،ڕۆژێک تەلەفۆنێکی بۆکردم، دوای هەواڵپرسین ووتی: کارێکی زۆر گرنگم پێت هەیە، هەر زونیازی یەکتر بینینەکەی ئاشکرا کردوو، وتی دوو وێنەم هێناوە، چەند شایەتحاڵێک دەڵێن ئەوانە وێنەی (عجاج) جەلادە مەترسیدارەکەی نوگرەسەلمانن، منیش نامەوێت بکەومە هەڵەوەو دەمەوێت هاوکاریم بکەیت، هەرئەوکاتە ئامادەییم نیشاندا بەوەی هاوکارت دەبم لەساغ کردنەوەی ڕاستی وێنەکان، ڕۆژێک هاتە مااڵەوەو وێنکانی پێشاندام و سەرنجی خۆم لەبارەیەوە خستەڕوو، دواتر ناوو ژمارە تەلەفۆنی چەند شایەتحاڵێکی گرنگیشم پێداو دڵنیام کرد لەوەی ئەم شایەتحاڵانە ڕوبەرو عەجاجیان بینیوەو کەسانی وریاو وردو بەدیقەتن و بەئاسانی دەتوانن بۆت ساغ بکەنەوە. بەسوپاسەوە ئەوانیش هاوکاریی کاک فەرمانیان کردبوو بەهەموو لایەک و هەوڵی ماندونەناسانەی ڕۆژنامە نوس فەرمان عەبدورەحمان هەموومان توانیمان لە ڕوخساری دزێوی ئەو جەلادە وردبینەوە کە لەمێژبوو، ئەنفالکراوەکان بۆیان باس دەکردین و هەریەکەمان وێنەی درندەیەکمان لەزەیندا چەسپا بوو، جێگەی خۆیەتی ساڵی ٢٠٠٦ زانیم کەوێنەی ئەم تاوانبارە لەلای کەسێکی شاری چەمچەماڵ هەیە، دوای ئەوەی ژمارە تەلەفۆنەکەیم چنگ کەوت زۆر هەوڵم لەگەڵیدا پێمبدات بەداخەوە ئامادە نەبوو، نەبیدات بەمن و نەخۆشی بڵاوی کردنەوە. خۆشبەختانە کاک فەرمان ئەم کەلێنەشی پرکردەوە.



دەقی ڕاپۆرتەکەی فەرمان عەبدوڵڕەحمان

لەماڵپەڕی ڕۆداو وەرگیراوە

عەجاج یەکەم وێستگەی گەشتەکەمان کە بەدواداچوونێکە بۆ جەللادەکەی نوگرەسەلمان، لە شاری بەسرەوە دەستپێدەکات. لەوێ بە ڕێکەوت زانیاریمان لە چەند کەسێک وەرگرت کە عەجاج تکریتیی جەللادە دڵڕەقەکەی نوگرە سەلمان، دوو وێنەی لای کەسێک هەیە.

ساڵی (١٩٨٨) لەهەڵمەتێکی سەربازیی گەورەو پلان بۆ داڕێژراوی ڕێژیمی بەعسدا، بە هەشت قۆناغ پرۆسەی ئەنفالی کورد دەستپێکرد. بەپێی گێڕانەوەی ئەوانەی لەو پرۆسەی پاکتاوە ڕزگاریان بووە، سەرجەم ئەوانەی کە لە ئەنفالدا دەستگیرکران، لە قۆناغی دواتردا لە یەکدی جیاکراونەتەوە، گەنجەکان لەلایەک و ئافرەت و منداڵ و پیر و بەتەمەنەکانیش لە لایەکی دیکە. گەنجەکان بە پاس بەرەو چاڵەکانی مەرگ ڕەوانە کراون، ئەوانی دیکەش بەرەو زیندانی ترسناکی نوگرە سەلمان لە هەرە باشووری عێراق لەسەر سنووری عێراق و سعودیە گواستراونەتەوە.

ئەو هەزاران ئەنفالدیدەیەی لە زیندانی نوگرە سەلمان دەستبەسەر بوون، ڕۆژانە لەلایەن جەللادێکەوە ئەشکەنجە دەدران کە دۆزەخی زیندانی

نوگرە سەلمانی تالّتر و بەسوێتر کردبوو. ئەو جەللادە ناوی عەجاج تکریتی بوو کە لەسەر زمانی ئەنفالدیدەکانەوە بە حەجاج ناوی دەبرێ و سەرپەرشتیاری زیندانی نوگرە سەلمان بووە، وێنەی ئەو جەللادە تەنیا لە نێو یادەوەریی ئەنفالدیدەکاندا هەیە، بەڵام ئێمە لەو بەدواداچوونەماندا دەمانەوێ تاکە فۆتۆی ئەو جەللادە بدۆزینەوە کە بە سەدان کەس بەرگەی کێبڵەکانی ئەویان نەگرت و هەر لە نوگرە سەلمان گیانیان سپارد.

لەکاتی ئەو بەدواداچوونەماندا، لە بەسرە بە رێکەوت زانیاری ئەوەمان لە چەند کەسێک وەرگرت کە عەجاج تکریتی دوو وێنەی لای کەسێک هەیە. بەپێی قسەی سەرچاوەکەمان، ئەو کەسە خزمی یەکێک لەوانەیە کە لەگەڵ عەجاج لە سالّانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو پێکەوە لە یەکێک لە سەربازگەکانی ڕیژیمی بەعسدا سەرقاڵی راهێنانی سەربازین.

لە یەکێک لە کافێکانی شاری بەسرە ئەبو عەدنان دەبینم، ئەو کەسەی فۆتۆکانی لایە. لەبارەی چۆنێتی دەسکەوتنی فۆتۆکانەوە گوتی "لە ڕێگەی ناسیاوێکمەوە لە بەغدا کە کاتی خۆی لەگەڵ عەجاج راهێنانی سەربازییان کردووە، فۆتۆکانم دەستکەوت."

لەسەر میّزی کافێکە لە شاری بەسرە لە فۆتۆکان ورد دەبمەوە، دوو وێنەی ڕەشوسپین کە پێدەچێ لە سەرەتای سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا گیرابن.

لە وێنەی یەکەمدا ئەو کەسەی پێمان گوتراوە کە ئەوە عەجاجە، کەسێکی کەڵەگەتی سمێڵ فشە کە دەموچاوێکی پانی هەیە و ماریّک بە زیندوویی دەخوات، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا کە دەمیان سووڕە بە خوێنی مار، وا دەردەکەون سەرقاڵی راهێنانی سەربازین. لە وێنەی دووەمیشدا کەرووێشکێک بە زیندوویی کەوڵ دەکات. لە چاوانی عەجاجدا دڕندەیی و دڵڕەقی دەبینرێ.

بەڵام هێشتا ناتوانم بیسەلمێنم ئەم وێنەیە خودی عەجاج تکریتیە، دەگەڕێمەوە شاری سلێمانی و دەچمە لای عومەر محەممەد کە سالانێکی درێژە سەرقاڵی تاوێژینەوە و دۆکیۆمێنتکردنی رووداوەکانی ئەنفالە. وێنەیەکی خەملێنراوی عەجاجی لە خەیاڵدایە، شێوە و سیمای لە وەسفی ئەو ئەنفالدیدانەوە وەرگرتووە کە عەجاجیان بینیوە.

عومەر محەممەد کە وێنەکانی بینی، گوتی "ناتوانم بڵێم ئەمە سەد لە سەد عەجاج تکریتیە، بەڵام بەپێی ئەو وەسفانەی کە شایەتحاڵەکانی ئەنفال بۆیان باسکردووم، هەر کە وێنەکەم بینی وام هەست نەکرد کەسێکی غەریب دەبینم."

بەڵام هێشتا پێویستم بە گەڕانی زیاترە. دەبێ بچمە شارۆچکەی سەلمان، دروستتر بۆ نێو زیندانەکەی نوگرە سەلمان. هەم بۆ ساخکردنەوەی شوناسی وێنەکە و هەم بۆ بینین و ئەزموونکردنی ئەو ئازارانەی کە ئەنفالدیدەکان لەوێ چەشتوویانە. شارۆچکەی سەلمان نزیکەی سێ کاژێر لە سەماوەوە دوورە، لەوێ پێیانگوتین بەبێ مەفرەزەی پۆلیس ناتوانین ئەو ڕێگایە ببڕین، چونکە نوگرە سەلمان شوێنێکی چەپەک و دوورە دەستە.

بە بیابانێکی وشک و کاکی بە کاکیدا تێپەڕین، بە درێژایی سێ کاژێر هیچ ئاوەدانییەکمان نەبینی. کاتێک لە قەزای سەلمان تێدەپەڕی، بە بەرزاییەکەوە پاشماوەی زیندانی نوگرە سەلمان دەبینی. دەگەینە نێو زیندانەکە. بە دروستی 29 ساڵ لەمەوبەر نێو حەوشە و هۆڵ و ژوورەکانی زیندانەکە جمەی دەهات لەو کوردانەی لە شالاوەکانی ئەنفالدا دەستگیرکرابوون. ئێستاش هەست بەو ئازار و نالّە و حەسرەتانە دەکەی کە بە دیوار و عەردی بەندیخانەکەوە وا هەست دەکەی بەجێماون. ئەوەشی ئەم زیندانەی ترسناکتر و بەسوێتر کردبوو ڕەفتارە دڵڕەق و تونەدەکانی عەجاج و دارودەستەکەی بوو.

لەنێو یەکێک لە هۆڵی زیندانەکەدا ئێستاش شوێنەواری ئەو نووسینانە ماوە کە بە کوردی لەسەریان هەڵکۆڵدراوە، عەزاب شمەری دەبینین کە دانیشتووی شارۆچکەی سەلمانە و دەڵێ خۆی عەجاجی لە نزیکەوە بینیوە، ئەو دەمەی عەجاجی بینیوە تەمەنی 10 سالان بووە، بەهۆی دەستگیڕی

و شت فرۆشتنەوە زیاتر لە جارێک عەجاجی بینیوە. عەزاب گوتی "منداڵ بووین لە حیللەوە خواردنەوەی گازیمان دەهێنا بۆ ئێرە. عەجاج و زیندانییەکانیشم زیاتر لە چەند جارێک بینیوە، زیندانییەکان کورد بوون."

کاتێک وێنەکەمان پیشانی عەزاب دا، یەکسەر پەنجەی خستە سەر ئەو کەسەی کە لە وێنەکەدا پێمانگوترابوو عەجاج تکریتییە. عەزاب گوتی "ئەو سمێڵ فشە خۆیەتی عەجاجە، لاندکرۆزەرێکی سپی و سوپەرێکی مۆدیل ٨٥ی سووری هەبوو." بەڵام ساخکردنەوەی وێنەکە ئەستەمە ئەگەر قسەی ئەو کەسانە وەرنەگرین کە لە زیندانی نوگرە سەلمان بوون. ئەو گەرمیانیانەی لە نوگرە سەلمان بوون، زۆربەیان ئەو کەسە بە تەمەنانە بوون کە لە تۆپزاوا لە گەنجەکان جیاکرابوونەوە، بەڵام ئێستا ئەوانەی لە ژیاندا ماون یادەوەرییان کۆمەکی ئەوە ناکات عەجاج تکریتی بناسنەوە.

رەنگە باشترین کەس وێنەکانی ئەو جەلالەدە بناسنەوە، ئەو هەڵەبجەییانە بن کە لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاوارەی ئێران بوون و دواتر بەهۆی لێخۆشبوونێکی گشتیی ڕێژیمی بەعسەوە گەڕانەوە و دواتر بۆ ماوەی چوار مانگ و (١٠) ڕۆژ لە زیندانی نوگرە سەلمان دەستبەسەر بوون.

دەچمە هەڵەبجەی شەهید و لەوێ پێنج لەو شایەتحاڵانە دەبینم: سەلمان، عومەر، محەممەد، عەلی و سدیق. ئەوان کە لە نوگرە سەلمان بوون، لە هەڕەتی لاوێتیدا بوون، هەر پێنجیشیان لە نزیکەوە عەجاجیان بینیوە.

هەموویان پێش ئەوەی وێنەکە ببینن وەسفێکی دروستی روخسار و سیمای عەجاج و ڕەفتارە



بێبەزەییەکانی ئەویان بۆ کردین، وەسفەکان زۆر نزیک بوون لە کەسێتیی نێو وێنەکان. کاتێکیش یەک یەک وێنەکانیان بینی، بەبێ ئەوەی ئاگاداری یەکدی بن، هەمان کەسی سمێڵ فش و دەموچاو پانیان دیاری کرد کە عەجاج تکریتییە. ئەوان دڵنیا بوون لەوەی کە ئەو کەسەی ناو وێنەکە عەجاج تکریتیە، هەمان ئەو جەلالەدە دڵڕەقەی کە ئەشکەنجەی ئەنفالدیدەکانی داوە لە زیندانی نوگرە سەلمان.

تێبینی :

چیرۆکی وێنەکان کاتی مەشقی سەربازییە کە تیایدا دەردەکەوێت عەجاج ماریک دەخوات، لەکۆمێنتێکدا کە بۆمالپەڕی ئەنفالستان نوسراوە دەڵێت : حەجاج هاوکارو پاسەوانی ملازم موحسین بووە، کە ئەویش درندەیەک بوو لە سەرەتای هەشتاکاندا خەڵکی سلێمانی ئازار دەدا.

کوردو ئەنفال وئەفراندن

عومەر محەمەد
٢٠١٧/٣/٩ سلێمانی

هۆکارەکانی نائافراندنی شاکاری ئەدەبی و سینەمایی لەمەر تاوانێکی گەورەی وەک ئەنفال مایەی تێڕامانێکی قوڵە، ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە بەتەنیشت لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بۆ ئەم تراژیدیایە، هونەریش ڕۆڵی خۆی ببینێت و وەک تاوان و تراژیدیاکانی تری هاوشێوەکانی مرۆڤایەتی بۆ نمونە تاوانی هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەنەکان بەراورد بکرێت و داهێنانی ئەدەبی و هونەری لەبارەیەوە بکرێت .

دوای ٢٩ ساڵ لە تێپەڕینی تاوانی ئەنفال و ٢٥ ساڵی بەناو (ئازادی) و دەسەڵاتی خۆبەڕێوە بەرێتی هێشتا ئەنفال نەبووەتە خەم و پرسێکی نەتەوەیی چ جای ئەوەی بکرێتە پرسێکی نێودەوڵەتی ! ئەم پرسە بۆ هەموو تاکێکی کورد؟ وەک یەکە هەموومان لێی بەرپرسیارین، بەداخەوە هەتا ئەمڕۆ گوتاری ئێمە دەربارەی ئەنفال ناچێتە خانەی چالاکبوونمانەوە، ئەگەر چالاکی وەک پرۆسەیەکی ڕۆشنبیری باس بکەین نەک وەک جوڵەیەکی ئەبستراکت، ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا، کەمە کارێک کرابێ ئەوا هێندەی گێرانەوەیەکی کرچ وکاڵ و بێ دیقەت بووە (لەزمانی قوربانیەوە) هێندە کارێک نەبووە نەک دەرەوەی خۆمان بەڵکو خۆشمان ڕاچڵەکێنێ . تەنانەت ڕێگەمان نەداوە قوربانیەکان وەک خۆیان بدوێن بەڵکو هەوڵماندواوە بەخواست وبۆ خواستی ئێمە بدوێن !

هەر لەسۆنگەی ئەو بێ دەربەستیەوەیە، کە ئێمە نەک نەبووینە خاوەنی یادەوەری بگرە نەبوونە خاوەنی ڕۆژێکیش بۆ یادەوەری، راستە هەموو ساڵێک لەهەڵەبجە یادی ٣/١٦ دەکرێتەوە بەڵام خۆ ئەو یادەوەرییە نەیتوانیوە بەلای کەمەوە بەرپرسانی هەڵەبجە لەرۆتینات دابماڵێ وبیانکات بەکەسانێکی نمونەیی! تەنانەت هەڵەبجەی نەکردووەتە شاری ئاشتی بەڵکو تابلۆیەکی بۆدروستکراوە بەناوی پایتەختی ئاشتی، ١٤ی نیسان هێشتا نەبووەتە یادەوەری سەراسەری بۆیە لە مانگی ئازارو نیساندا هەر ڕۆژەی لە شوێنێک یادی ئەنفال دەکرێتەوە.

هێندەی تێبینیم کردووە خاڵێک زۆر جێگەی تێڕامانمە، هەتا ئێستا تاوانی ئەنفال بڕینێکە بە جەستەو ڕۆحی کوردەوە نەک بە جەستەی مرۆڤایەتیەوە ؟! نازانم بۆ وایە ئایا ئەمە کەمکاری خۆمانە یان خوێنساردی ئەوانی دی، زۆر جار لەخۆم دەپرسم مەگەر ئێمە بەشێک نین لەمرۆڤایەتی ؟! پرسیارەکەم سیاسی نیە هێندەی ئینسانیە ئەگەرچی دۆسێی ئەنفال بۆخۆی وەک (جینۆسایدوتاوانی نێودەوڵەتی) کێشەیەکی سیاسی یاخود دەرئەنجامی ململانێی سیاسیە، کەچی ئەفسوس لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەش نابێتە کێشەیەکی نەتەوەیی ! ئەوەیان کەمتەرخەمییەکەو سەرباری ڕێگرییەکان و لێکدابرانیش راستەوخۆ یەخەی ڕۆشنبیرانی کورد دەگرێت، بەتایبەتی هونەری سینەما یاخود سینەماکاران، ئەرکیانە لەڕێگەی فیلمەکانیانەوە کارێک بکەن بەلای کەمەوە هەموو کوردێک ئەوەندەی پێویستە زانیاری دەربارەی ئەنفال بدەنێ. من زۆر دەترسم ئەم بێباکیە ببێتە نەخۆشییەک و وەک دەردەدارێک ساڵانێکی درێژ هەتا مردن پێمانەوە بێ و لەگەڵیدا رابێین و لەگەڵ ئازارەکانیدا هەڵبکەین .

بەهیوام کردنەوەی بەشی فیلم سازی لە کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی، بەردێک بۆ بناغەی ئاپارتمانی ئەو خەونە ئینسانی ونەتەوەییە دابنێ، چونکە سینەما دەتوانێ زیاتر لەکۆی هونەرەکانی تر ببێتەزمانی قوربانیەکانی ئەنفال، ئەو گرێیانەی لە نێوچیرۆکی قوربانیەکانداهەن، هەڵگری توخمی ژیانێکی تەواو جیاوازن لە ئێستا، ئەو ڕەگەزەگرنگانەی هەوێنی لێبوردەیی وپێکەوە ژیانن، سینەماکار دەتوانێ وەک سامانێکی بەهادار بەهی خۆی بزانێ، ئایدیاو

چیرۆکی گەورەیان لێهەڵبهێنجێ، ئەگەر هەتا ئێستا سینەماکاری کورد بەهۆی کەم ئەزموونیەوە تەنها ئازارەکانی پیشاندابین ئەوا لەمەودوا دەتوانێ قارەمانەکانمان بۆبدۆزێتەوە، دەتوانێت (کوبرای حەمید پورو کەریمەی ئال ئەعێشم) بکاتە هەوێنی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان، رەنگە لێم بپرسن ئەم دوو مرۆڤە کێن وچ کارە بوون ؟ با پێتان بڵێم ئەو مرۆڤانە کێ بوون (کەریمە فالح) ژنە مامۆستایەکی لەچک بەسەرە ئێستاش لە پاریزگای سەماوە دەژی، ئەو ژنەیە کە بە (قاموس) فەرهەنگێکی کوردی عەرەبی خەریک بوو، تەیموری منداڵی فێری زمانی عەرەبی دەکرد، کاتێک تەیمور لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ ڕزگاری ببوو، گەیشتبووە بن دەواری ماڵە مەڕداریکی عەرەب، ئەوماڵە دەوارنشینە ماڵی سالح ئال ئەعێشم بوو، واتا ماڵی مامی کەریمە فالح بەڵام لە چیرۆکی ڕزگاربوونی تەیموردا هێندەی بەشان وباڵی پیاوەکانیاندا هەڵگوت سەد هێندە ڕۆڵی ژنە ئازاکانیان فەرامۆشکرد. قەڵەمەکانی کورد هێندەی نێرانە باسی تەیموریان کرد هێندە پەیامە ئینسانیەکانیان فەرامۆش کرد، خۆزگە تەیمور هەر کەریمە پەروەردەی کردبا نەک لێرە ببێتە ڕاوچی و تفەنگ چی، کوبرای حەمیدپور ئەو ژنە قارەمانە بوو، کە لە شاری مەشهەدی وڵاتی ئێران (زمناکۆ هەڵەبجەیی) پەروەردەکردو ماوەی ١٩ ساڵ وەک دایکێکی میهرەبان ئامێزی بۆگرتەوە. خۆزگە هەموو کەس وەک من زمناکۆی دەناسی ئاشنای دیدە ئینسانیەکەی دەبوو، وەنەبێ ئەم ئازایەتی ومیهرەبانیە هەر لەوانیدی وەشابێتەوەو کوردەکان کە ببوونە نێچیری ئەنفال وگازی خەردەل لەو ئازایەتی و میهرەبانیە خاڵی بن، نا نەخێر من شاهیدی زۆر قارەمانی کوردم، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بەیەکێکیان دەدەم بۆ هەوێنی ئاشتی ولێبوردەیی، ئەویش چیرۆکی حاجی ڕەحمانی نارنجەڵەو سەربازێکی عێراقیە بەناوی (خالد عەبدولکەریم عەلوان نەجەفی) .

کاتێک لە ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ هەلەبجە کیمیابارانکرا ماڵی حاجی ڕەحمان هەموویان بریندار گازی کیمیایی بوون و زۆربەی ئەندامانی خانەوادەکەیان بەهۆی کیمیابارانەوە بینایییان لە دەستدا بوو. لەو کاتەدا کە سوپای عێراق شکابوو خالد عەبدولکەریم عەلوان چەکەکەی فرێدابوو، وەک سەربازێکی هەڵاتوو لەجەنگ بە (خاترالله خاترلله ساعدونی) خۆی بە حەوشەی ماڵی حاجی ڕەحماندا کردبوو، حاجی ڕەحمان بەوپەری میهرەبانیەوە لەبری تۆڵە ئامێزی بۆکردەوەو دەستێک جلی کوردی دایەو وەک کوڕێکی خۆی لەگەڵ ماڵ ومنداڵەکەی خۆیدا بردی بۆ بیارەو لەوێشەوە بۆکەمپی ئاوارەکانی ئێران، لەوێ کاتێک کەوتە بەر سوسەی سیخورەکانی ئیتلاعات، حاجی ڕەحمان دیسانەوە فریای کەوتبوو، گوتبووی (ئەم کوڕەم هەرلەمنداڵییەوە سکماک بێ زمانەو ناتوانێ قسە بکات) چیرۆکەکە درێژەو لێرە دەبڕینمەوە بەڵام دەمەوێ سەرنجی رۆشنبیرو سینەماکاری کورد ڕابکێشم چونکە ئەگەر بخوازێ دەتوانێ بەفریا بکەوێ و هەتا (خالید عەبدولکەریم) لە ژیانداماوەو وەک حاجی ڕەحمان دنیای بەجێنەهێشتووە هەوێنی فیلمێکی جوان و بایەخدارە بۆ ئاشتی ولێبوردەیی.

بە هیوام لە داهاتوودا بەشی فیلمسازی زانکۆی سلێمانی داهێنەری باش بەرهەمبهێنێ و بتوانێ پێشەنگایەتی بکات لەو تراژیدیایەدا و بەدیقەتەوە ڕەگەزەکانی ئازایەتی و خەونە جوانەکانی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە، چونکە ترژیدیای ئەنفال بەتایبەتی و ئەوانیدی بەگشتی دەتوانن هەوێنی هەزاران شاکاربن، بۆیە چاوم لە سینەماکارە چونکە وای بۆدەچم هیچ کام لە بەشەکانی تری هونەرو ئەدەب لەسەردەمی جیهانگیریدا ناتوانن وەک سینەما سنورەکان ببڕن، ئەگەر چیرۆکەکان کاریگەرییان بەسەر ئەدەبی کوردیشەوە هەبێت، ئەوا ناتوانن سنوری ناوماڵی کوردی ببەزێنن بەلای کەمەوە ناتوانن سنوری کوردستانی گەورە تێپەڕێنن بەڵام سینەما بەئاسانی دەتوانێ بچێتە بەردیدەی ئەوانی دی .

پرسیار، لە دڵشاد گەرمیانی



عومەرمحەمەد

٣ی ئەیلولی ٢٠١٤ سلێمانی

لەوەتای داعش هیرشی کرووەتە سەرکوردستان کوردانی ئێزدی بوونە یەکەمین قوربانی ئەو هێرشانەو شکست – تاکتیکی – پاشەکشەی پێشمەرگە، ئیزدییەکان هەر پیاوەکانیان نەکوژران بەڵکو ژنەکانیشیان وەک کەنزەک و دیلی جەنگ مامەڵەیان لەتەکدا کرا، دەرهەق ئەم پرسە گرنگە بێدەنگییەکی مەرسیدار یاخود کورد لەبەردەم دەرگایەکی داخراو راوەستاوە، دلشاد گەرمیانی ئەمە دوجارە لە راگەیاندنەکان دەلیت: ئەگەرئەمیری کۆمەلی ئیسلامی قایل بێت ئامادەم بچم پێشمەرگە دیلەکان بهێنمەوەکەچی دەرهەق بەو ژنانەی وەک دیلی جەنگ براون و لەوێ بێریزییان پێدەکرێت وشەیەک لەزاری نەهاتووەتەدەرەوە، دلشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەلی ئیسلامیی کوردستان، ئامادەیە لەگەڵ کۆمەڵێک مەلای بێلایەن بڕواتە موسڵ بۆ هێنانەوەی پێشمەرگە بەدیلگیراوەکانی لای داعش ئەمەش قسەی من نیە بەڵکو قسەی خۆیەتی هەروەک پێشتریش بە مالپەڕی ئاوێنەی راگەیاندبوو، دیسانەوە لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی خەندان دەڵێت: بە رەزامەندیی ئەمیری کۆمەڵ و حزبەکەم پێشمەرگەکانی لای داعش دەهێنمەوەو بەبێ رەزامەندیی ئەمیری کۆمەڵ پێشمەرگە بەدیلگیراوەکانی لای داعش ناهێنێتەوە. لە هەنگاوی یەکەم بە مامۆستا عەلی باپیرم وتووە جەنابیان بەکارێکی خێرو باشی دەزانێت، ئەگەر ڕازیش نەبن ناچم ناکرێت ئەمیرم بێت و مخالفی بم." گەرمیانی دەڵێت چی پێویست بکات دەیکەم، خەریکین ئیشی بۆ دەکەین و هەرکاتێک ئەنجامی هەبوو، ڕایدەگەیەنین." بەڵام هەرگیز بەدەمیدا نەهاتووە پێموایە بەدەمیشیدا نایات بڵێت دەچم ژنانی ئێزدی دەهێنمەوە !! کچانی بەدیلگیراوی ئێزدیی کە چەند حاڵەتێکیان لەدەستی داعش هەلاتوون، تیایاندایە ئامادەبووە بیکوژن بەڵام ئامادەی زەواجی نیکاح نەبووە، کەچی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان کە بەناوی پاراستنی شەرەفەوە خەڵک سەرکۆنەدەکەن و لەوەش خراپتر ژنان دەکوژن و سالانی پێشتر تێزابیان بەقاچی ژناندا دەکرد، گوایە ژنانی سفور ئادابی گشتی دەشێوێنن.. لەو دەستدرێژییە نائەخلاقیانەی داعش بیدەنگن ! ئەوان ئەگەر بەتەنگ شەرەفەوەن فەرموون لایەنی پێشێلکاری شەرەف ئیسلامی سیاسیە نەک لایەنی تر، کەچی دلشاد گەرمیانی ئامادەییە بچێت پێشمەرگە دیلەکان بهێنێتەوە کەهێشتا ڕوون نییە ئامانجی لە (کارەخێروچاکەیە) چیە! کەچی باسی ئەم ژنانە ناکات ؟! تۆبڵێی لەبەر ژن بونیان بێت یان لەبەر ئێزدی بوونیان یاخود لەبەر هەردوکیان؟

وەرگرین یان ببەخشین

دووقسە بۆ کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو وئەوانی تریش

عومەرمحەمەد

٢٠١٧/٣/١٤ سلێمانی

ویستم لە بارەی خەڵاتی ڕێزلێنانەکەی هەڵەبجە بێدەنگی هەڵبژێرم، بەڵام دوای ئەوەی دۆستان و هاوڕێیانم بەسەر سوڕمانەوە پەیوەنیان کردو هەندێکیان لەدوروڵاتەوە خەمیان بوو، پرسیان داخۆ بۆمنی تێدانیم و هەندێک نارەزایەتی نوسەرانم لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک خوێندەوە، منیش پێمباشە دوو قسە بۆ کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەو نوسەرانەش بکەم کە گللەییان لە کۆمەڵەکە هەیە .

بەشبەحاڵی خۆم ئەو شایەتیەیان بۆ دەدەم و سوپاسیان دەکەم کە بەنامەی تایبەتی ئاگاداری نامەکەیان بۆ ناردم، تیایدا داوایان کردبوو هەرچی نوسین و کتێب وگۆڤارێکم هەیە لەماوەی ئەوەندە ڕۆژدا بۆیان بنوسم و بۆیان بنێرم (بۆکاری پێویست) ،بەڵام من وەڵامم نەدانەوە ! چونکە تێگەیشتم مەبەستەکە چیە، هەرچەندە ڕونیان نەکردبووەوە کە (کارە پیویستەکەیان) چیە و ئەم زانیارییانەیان بۆچییە! بەڵام زانیم بۆ خەڵات بەخشینە. ئاخر خۆ من بۆ خەڵات نانوسم، بەڵکو بۆیە دەنوسم کە خەڵک بابەتەکانم بخوێنێتەوە، جا ئەگەر بزانم (کۆمەڵەیەکی تایبەت بە جینۆساید) هەتا ئێستا نەیزانیبێ من چیم کردووەو چیم نوسیووە؟ ئیدی بۆچی خەڵاتی لێوەربگرم ؟ بۆچی گللەییم لە خەڵکێک هەبێت کە گرنگی بەو زانیارییانە نادات و نوسین و زانیاری لەبارەی ئەنفال وکیمیابارانەوە بۆ گرنگ نیە ! من ئەوە بەسوک تەماشاکردنی خۆم دەزانم بە ئیمایلێک کارەکانم ڕێزبکەم و پێیان بڵێم ئەوە کاری چەند ساڵی منە بەبێ ئەوەی بزانم بۆچی لێم داوادەکەن ! پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵەیەک نەزانێ من چیم نوسیوەو چۆن نوسیومەو هەتا ئێستا ئاگای لەپەڕێی ڕەنج وماندووبوونم نەبێ، حاڵی حازر کتێبەکەم لە بارەی گازباران و مەینەتی میللەتەکەمەوە ئێواران لەسەر شاشەی تەلەفزیون و لەهەندێک ماڵپەر پەخش بکرێت و ئەو ئاگای لێی نەبێ، ئیدی خەڵاتی ڕێزلێنانەکەی چ بەهایەکی دەبێ ؟ ئەرکی کۆمەڵەی قوربانیانە لە خۆی بپرسێت کارەکانی ئەو نوسەرە چەندن وچۆنن هەتا شایانی ڕێزلێنانی ئەوان بێت ؟ بۆکۆمەڵەی قوربانیان ئەرکێتی بزانێ کێ چی لەبارەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە نوسیوەو چۆنی نوسیوە .

دڵنیام کەسانێک نەک هەر بەدەنگ وەها بانگەوازێکەوە دەچن، بەڵکو زۆر بەمەمنونییەوە تەلەفۆنیشیان بۆ دەکەن ورەنگە خەڵکیشیان بەگژەوە بنێن ڕوگیریشیان بکەن هەتا ناوی بخرێتە ناو لستی ریزلێنراوانەوە . بەڵام دەبێت دڵنیاش بن لەوەی هەموو کەس قایل نابێت بەو شێوەیە بەدەم بانگەوازیانەوە بچێت و پێویستی بێت بەوەها ڕێزلێنانێکیش نیە .

قسەی دووەمم بۆ ئەو نوسەرانەیە کە گللەیی لە کۆمەڵەکە یان خەڵات بەخشەکە دەکەن، بە بڕوای من ئەوەیان ناهەقییە، تەنها ئەوکاتە هەقی گللەییان هەیە کە بۆ خەڵات و ناوبانگ بنوسن و وەڵامی بانگەوازەکەیان دابێتەوەو کۆمەڵەکە بەئەنقەست فەرامۆشیان کردبێ. ئەو کەلەسەر بنەمای بانگەواز خەڵات ببەخشێ کەواتە (هاتن بۆهەمووانە) و ئەوە خۆتی ئاگات لێ نەبووەو دواکەوتوویت.

دواقسەم بۆ هەموو لایەکە، خەڵاتی چی دەبەخشن وخەڵاتی چی وەردەگرن کە لە دوای ئەنفال و کیمیاباران هەرێمی کوردستان نەبووبێتە ئامێزێکی گەرم بۆ کەسوکاری قوربانیەکان و نەبووبێتە وێنەیەکی جوان کە هەموومان وەک یەک ڕێزلێگیراوبین و وەک یەک شانازی پیوە بکەین ؟ خەڵاتی چی دەبەخشن وخەڵاتی چی وەردەگرن کە جەلادەکان هەزارجار لە قوربانیەکان شکۆدارترن .

ئەمسالّیش یادی هەلّەبجە ناکریّتەوە

عومەر محەمەد– ٢٠١٧/٣/١٥ سلیّمانی

(٢٥) سالّە لە ڕوکەشدا یادی قوربانیانی تاوانی کیمیابارانی هەلّەبجەو تاوانی ئەنفال دەکریّتەوە، بەلاّم لە ڕاستیدا هەتا ئیّستا یادیّکی بەرهەمداری قوربانیانی ئەو تاوانە نەکراوەتەوە، لیّرەدا نامەوێ بێڕێزی بە هەستی هیچ بەڕێزێک بکەم کە بەهەموو هەستێکییەوە بەشداری یادەکان دەکات، تەنانەت هەوڵی ئەوکەسانەش بەکەم ناگرم کە یادەکان دەکەنەوە، یان بەرهەمی ئەدەبی وهونەرییان هەیە، بەلاّم روئیاو دنیابینیان بۆ یادەوەری کورت وکەم مەودایە، هەربۆیە یادەکان لە ڕۆژێکدا دەرگایان لەسەردەکرێتەوەو ڕۆژانی دوایی دادەخرێن هەتا سالّی داهاتوو، ئەگەر وانیە دەستکەوتەکانی یادەوەریمان لە دوای ڕاپەڕین و دەسەلاّتی خۆمالّی چین ؟ چیمان لە یادەوەریەکان بەرهەم هێناوەو چی ناشرینیەکی لێداماڵیوین ؟ کام هەلّوەستەی بەکورد کردووە، چ پابەندییەکی ئەخلاقی بۆ دروست کردوین، بۆچی یادەوەری نەیتوانیوە لە شەرانگێزی دامان بمالّێ و لە خەیالّی شەڕی ناوخۆ بە تالّی نەکردوێنەتەوە. ؟ بۆچی یادەوەری هەلەبجەو ئەنفال هەلّوەستەی بە ئەحزابی کوردی نەکردووەو وای لێنەکردووە شەڕێ ناوخۆ بکاتە هێڵی سورو چیدی پشت بە سیاسەتی بەکاربردنی دراوسێکانی نەبەستێ ؟ بۆچی حزبە دەسەلاّتدارەکان دەستبەرداری ئێران و تورک نابن و لەسەر پێی خۆیان ناوەستن ؟ کام پەیماننامەی حزبەکان وەک ریزلێنانێک بۆ قوربانیان و وەک نیازپاکیەک لە هەلّەبجە بەستراوەو لە سێبەری ئەو یادانەدا پابەندی کردوون بەبەرژەوەندی گشتی خەلّکەوە ؟

لەبری ئەوەی یادەکان بکەینە ڕۆژانی (حەرام کردنی درۆ) بە پێچەوانەوە پڕن لە دروشم و بەلّێنی جێبەجێ نەکراوی دەسەلاّتداران و سیاسی و ڕۆشنبیرو چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەلّگەی مەدەنی، بەلایەنی کەمەوە هی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەجینۆساید، دەنا کوان ڕێکخراوەکان ؟ کوا کاری پێکەوەیی وهەماهەنگی؟ تەنانەت نەیانتوانیوە بۆمان ساغ بکەنەوە لەهەلّەبجە چەند دەستگیراندار، چەند دوکاندار، چەند پینە دۆزو چەند کلاّش چن بەگازی خەردەل خنکان، چەند هونەرمەندی شێوەکارو چەندمەقام بێژو دەنگ خۆش لەهەلّەبجە شەهید بوون؟ بەلاّم چەند سەفەری ئەوروپایان کردووە! بێ ئەوەی یەک دەستکەوتی ئەو سەفەرانەش باسکرابن . بەداخەوە لە بری ئەوەی ئەو یادەوەرییانە بکەین بە هەوێنی بەرهەمهێنانی پالّەوان بوون بەڕۆژی کوشتن و ئەتککردنی پالّەوانەکان !پالّەوانی یادەوەرییەکان.

هەموومان بینیومانە لە دەروازەی مۆنۆمێنتەکەی هەلّەبجە لەسەر تابلۆیەک بەدرشتی نوسراوە: (**هاتنە ژورەوە بۆ بەعسیەکان قەدەغەیە**) ! ئەمە چ درۆیەکی گەورەیە، نەدەتوانن تابلۆکە لابەرن و نەدەتوانن ڕێگە لە کۆنە بەعسیەکان بگرن ! کەس دەتوانێ نکۆلّی ئەوە بکات کە لە ناوچالاکوانانی ئەو بوارەدا دزهەیە، دزی پوڵ و دزی ئایدیاو چیرۆک و دزی وشە. ؟ ئەی ئەگەر یادەوەری قوربانیەکان هێندە مۆرالّی پێ دروست نەکردبن ئیدی ئەوەی دەوتریّت چ درۆیەکی گەورەیە بەناوی یادەوەرییەوە دەکریّت !

لە بری ئەوەی ئەو یادانە بکەینە ڕۆژی بەدەستهێنانی ئازادی کراونەتە ڕۆژێک بۆ وتاری ئەو کەسانەی ئازادی دەکوژن، ئەوانەی یاوەرو هاوسەفەری تۆمەتباران و گومانلێکراوانن و دێن لە ریزی پێشەوە لەسەر قەنەفەی شەرەف دادەنیشن . لەبری ئەوەی گوێ لەقوربانیەکان بگرن و بزانن چۆن چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە ئەوان قسەیان بۆ دەکەن، لەبری ئەوەی ڕۆژی یادەوەری بکریّتە ڕۆژی بەخۆداچوونەوە دەکریّتە ڕۆژی بەهەدەردانی سامانی گشتی ئیدی یادی قوربانیانی جینۆساید چۆن ئاوا دەکریّتەوەو لە کوێی دنیا ئاوا بێباک بوون بەرانبەر یادەوەری . بەداخەوە لە ئێستاوە دیارە کە ئەمسالیش یادی قوربانیانی کیمیابارانی هەلّەبجە ناکریّتەوە .

شاڵاوەکانی ئەنفالی هەشتەم (ئەنفالی کۆتایی)

(خاتمة الانفال)

٢٥ی ئاب تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە ڕاپۆرتێکی شیکاریی و بەڵگەنامەکانی ڕێژیمی بەعس ([1])

عەدالەت عومەر سالح



وەستانی شەڕی عێراق ، ئێران پاڵپشتێکی گەورە بوو بۆ عێراق، هاوکات ورەو تواناکانی هێزی سوپای بۆ رادەیەکی زۆر بەرزکردەوە، سەرکردایەتی ڕێژیمی عێراق بەپەلەبوو بۆ تەواو کردنی پرۆسەی ئەنفالو کۆتایی پێهێنانی، ئەنفالی کۆتایی بە سەرکردایەتی لیواروکن سۆلتان هاشم سەرۆکی فەیلەقی یەک، فرماندەیی لیوا روکن یونس محەمەد ئالزەرب فرماندەی فەیلەقی پێنج، لیوا ڕۆکن کامل ساجت فەرماندەی فەیلەقی دوو، بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریقی یەکەمی روکن عەدنان خەیرواڵلا وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکوری حیزبی بەعس، سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئەرکانی سوپا، فەریقی روکن نزار عەبدولکریم خەزرجی یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیونەکان و فەریق حوسین ڕەشیدمحەمەد تکریتی، جێبەجێ کرا، لە(شیکردنەوەی عەملیاتی ئەنفالی کۆتایی) کەراپۆرتێکی شیکاری (لیوا روکن یونس محمد الزرب) فەرماندەی فەیلەقی پێنج لەچەشنی (ئەو پەڕێ نهێنی و تایبەت) بە ژمارە (ح٢ \٢٤٢٢) لە (٢٥ ک. ١. ١٩٨٨) بۆ فەرماندەیی گشتیی سوپای ناردووە لەم ڕاپۆرتەدا جگە لەوەی ئاماژە بە هەموو ئەو نوسراوو ڕاگەیاندنانەی لە عەملیاتی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت دەرکراوە دەدات بە تێرو تەسەلی باس لە ئەنفالی کۆتایی دەکات ، هەروەها جێگای جێگربوونی قیادەی فەیلەقەکان و هێزەکانی بەرگری نیشتمانی لە ناوچەکە تیدا دیاری کراوە، ڕاپۆرتەکە زیاتر لە ٦٠ لاپەرە بەخۆوە دەگرێت کە یەکێک لە گرنگترین بەڵگەنامەکان بوو هۆی ناساندنی ئەنفال بە جیهانی ساید لەبەر ئەو هۆیەی لەسەرەوە باسمان کرد ئەویش وەستانی شەری نیوان عێراق و ئێران و بەردەوامی ڕژیم لە کۆمەڵکوژی گەلی کوردستان و شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "المجید چەندین کۆبۆنەوەی گرنگی پیش دەست پێکردنی ئەنفالی کۆتایی ئەنجام داوە ئەمەش دەگرێتەوە بۆ بە دەست نەهێنانی سەرکەوتن لە لە عەملیاتی ئەنفالی ٥و٦و٧ "لە ڕۆژی ٧ ئابی ٨٨ لە کەرکوک عەلی حەسەن ئەلمەجید لەیەکێک لەکۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسی نهێنی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور و جێگری فەرماندەیی گشتیی سۆپا وبەڕێوەبەرانی عسکری سەبارەت بە دانانی پلان و ڕێوشوێنی پیویست بۆ ئەنجامدانی عەملیاتی ئەنفالی بادینان لە ڕوی عسکری و ئابووری و ستراتیژی ئەنجامدا کە لە نووسراوی ئەو پەری نهێنی ژمارە ١٠٢٤ لە ١٩٨٨\٨\٨ لە فەرماندەیی گشتیی سوپا دەرچووە ئاماژەی پێدراوە، هەروەها لە کۆبۆنەوەی ڕۆژی ١٩٨٨\٨\١٤ لە فەرماندەیی گشتیی هێزکانی چەکدار بە ئامادە

بوونی جێگری فەرماندەیی گشتیی سۆپا لەگەڵ وبەرێوەبەرانی جوولەی عسکری و هێزەکانی ئەرزی وئاسمانی بە مەبەستی دارشتنی پلانێ داهاتووی عەمەلیاتی ئەنفال لەگەڵ چۆنیەتی دانانی هێزەکانی فەیلەق لە ناوچەکە دا کە بریاردرا، فەیلەقی یەک لە ناوچەی بالیسان و سماقۆلیات وفەیلەقی پێنجەم لە ناوچەی زێوە شکان – زاخۆ لە کەرتی بادینان جێگر ببن بە مەبەستی دەستپێکردنی ئەنفالی هەشتەم کە لە نوسراوی (ئەو پەری نهێنی و تایبەت)ژمارە ١٠٧٦لە١٩٨٨\٨\١٦ کە فەرماندەیی گشتیی سۆپا دەرچووە ئاماژەی پێدراوە و رۆژی ٨٨\٨\٢٥ بۆ دەست پێ کردنی هێرشی کیمیایی بە نوسراوی ئەو پەری نهینی و تایبەت ژمارە١١٢٢ لە١٩٨٨\٨\٢١ کە هەر لە فەرماندەیی گشتیی سۆپا بۆ لایەنی پەیوەندار نێردراوە هەروەها لە دانیشتنی رۆژی ٨\٢٦ ٨٨ بە ئامادەبوونی بەرێوەبەری جوولەی عسکری لە بارەگای قیادەی فەیلەقی یەکەم لە کەرکوک رۆژی ٨٨\٨\٢٨ دانرا بۆ هێرش کردن لە کات و ساتی دیاری کراوی خۆیدا لە کۆتایی ئەم لایەرەیەدا ئاماژە بە نووسراوی ئەو پەری نهینی و تایبەت کە لە نوسینگەی رێکخستنی باکوور و فەرماندەیی گشتیی سوپا دەرچووە دەدات بە ژمارە١١٧٥ لە ١٩٨٨\٨\٢٧ کە باس لە کۆبۆنەوەی رۆژی ٨٨\٨\١٧ لە کەرکوک دەکات بۆ بە بیر هێنانەوەی توجیهاتی سەرەکی وەک گۆشار خستنە سەر تیکەران بۆ لە ناو بردنیان بە بەکار هێنانی هەموو جۆرە چەکێک ،هەروەها دەلێت" زیاترین سود لە هێزکانی جاش و مستشارەکان لە ناوچەکەدا وەربگیرێت بۆ شکست پێهێنانی یەکجارەکی تێکەران،بۆیە پێویستە لە هەموو لایەک هێرش بکرێتە سەریان و ئابلۆقە بدرین" ، لە بەشێکی تری راپۆرتەکەدا هاتووە" ناوچەی بادینان کە ناوچەیەکی شاخاوی باکورەو سەنگەرو قەڵای مەحکەمی KDPی مەسعود بارزانییە، لە هەمانکاتدا بەفەرمانی خودی سەدام حوسێن کوردی بادینان دوا مۆڵەتیان درایە کە بگەڕێنەوە بۆریزی نیشتمانی، تێکەران لەو ناوچەیە ئەگەر خۆ بەدەستەوە بدەن ئەوە بەربەزەیی دەکەون.



005343

شایەنی باسە یاداشتێک لەلایەن ئەمنی سلێمانی لە١١ی تەمووزی ١٩٨٨دا دەرچوو بوو کە چەسپاندنی ئەم سیاستە نوێیەی ڕێژیمی دەردەخست سەبارەت بەخۆبەبەدستەدانی تێکەران، بۆ ئەم مەبەستەش ئەلمەجید چەند خاڵێکی راگەیاند بوو کە ئەمانەبوون :

١– ئەو تێکەرەی خۆی بەدەستەوە دەداتو چەکەکەی دەهێنێتەوەو ئەوەی کەلەو ناوچانە دەگەڕێتەوە کەتائێستا پرۆسەیئەنفال نەیگرتووتەوە لەهەموو تاوانێک دەبەخشرێ، بەوتاوانانەشەوە کەلەئەنجامی کەمتەرخەمی وهەڵاتنەوە لەخزمەتی سەربازی بەرپا کراون .

٢– ئەو تێکەرەی بێ چەک لەو ناوچانە دەگەڕێتەوە کەوا عەمەلیاتی ئەنفال نەیگرتوونەتەوە لەتاوانی چوونەپاڵا تێکەرانو کەم تەرەخەمیو هەڵاتن دەبەخشرێت.

٣– نابێ هیچ تەگەرەیەک بخرێتە ڕێی ناونووسین کردن لەفەوجەکانی بەرگری نیشتمانیدا.

لەراستییدا هەموو ئەو بەڵێنانەی کەوا ڕیژیم لەسەرەتای ئەنفالەوەدابووی بۆ خۆ بەدەستدانەوە، هیچیان جێبەجێ نەکرانو ڕێزیان لێنەگیرا، تەنانەت زۆر لەهاوڵاتیان کەبەو

پەیمانو بەڵێنانە باوەڕیان هێناو خۆیاندا بەدەست ، چارەنووسێکی شوم ڕوبانی تێکردو شونبزرکران.

هەر بە پێی بەڵگەنامەکان سنوری شاڵاوی ئەنفالی بادینان لەڕۆژئاواوە لەزاخۆوە تائامێدی دربژبۆوە، لەباشورو ڕۆژهەلاتیشەوە شێخانو ئاکرێی گرتەوە بە تایبەتی (کانی ماسی، بیگوفا ، باتوفە، دێرەلۆک ، سەرسنگ ، زاخۆ ، ئەتسووش ، شیروان مازن، ئاکرێ و دینارتێ)بەهەزاران کەس لەهاوڵاتیان لەترسی کیمیاباران و بێسەرو شوێنکردن ئاوارەو دەربەدەر بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەم شاڵاوەش جگە لەفەیلەقی پێنجەم کە بنکە و فەرماندەییەکەی لەشاری هەولێر بوو قیادە فەیلەقەکانی(١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧)هەروەها تیکرای تیپەکانی بشداریان کردوە (١٨–٢٠) بوون، قیادەی هێزەکانی (٣٨ و ٤٢ و ٢٩ ، ٣٥ ، ٤١، ٤٥)هەروەها (هێزی بەرگری نیشتیمانی٥) هەروەها فەیلەقەکانی سێو شەشو حەوت لەباشوری عێراقەوە گوازرانەوە بۆ ئەوێ بشداری لە شاڵاوەدا بکەن. ئەم ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی KDP دابوو، سروشتی جوگرافی سەختی ناوچەکە پێداویستی لۆجستیکی ئاڵۆزو کردبوو کەمەرجە دابین بێت بۆ سوپایەکی نیزامی، بەڵام پەلاماری دژ بە KDP لەهەندێ سەرەوە پتەوترو داریژراوترو راستەوخۆ تر بوو لەوەی کەبۆ تێکشانی PUK لەپێشوو سازکرا.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالی کۆتایی زۆر لە کوردەکانی ئاشووریی و مەسیحیە کاسۆلیکەکان وەک کوردە موسڵمانەکان دەسگیر و بێ سەر شوێن کران، لە شاڵاوەدا گوندە ئاشوورییەکان وەک بەڵاڤ لە ناحیەی بەروارێ باڵا و مێزێ لە سەرسەنگ و گوندی کۆسە لە دۆسکی هاوکات لەگەڵ گوندەکانی کوردەموسلمانەکانی دراوسێیان بێ جیاوازی سوتان و بەر بلدوزەر دران و خاپورکران، هەندێک لە خەڵکی ئەم ناوچانە کە مەجالی دەربازبوونیان هەبوو لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان هەڵاتن و پەنایان بردە بەر چیاکان سەدانیشیان پێکەوە بەرو تورکیا ڕۆیشتن کە تا لێبوردنە گشتییەکەی ٦ی ئەیلول هەر لە تورکیا مانەوە.([٢])


005314

بەر لەدەستپێکردنی هێرشەکان هەموو ئەو یەکەو فیرقانەی سوپا لەنزیک شاری دهۆک کەوتەخۆ ئامادەکردنو چەند شوێنێکی بەبۆمبی هێشویی بۆردومانکرد، لەوانەش گوندی سپینداری قەدپاڵی چیای گارە کەچەند کەسێکی لێ کوشت، لەئێوارەیەکی درەنگی ٢٤ی ئابدا بارەگای هێزی KDPگای لەزێوەشکان کەلقی یەکی لێ بوو ([٣]) بەریەکەم هێرشی کیمیایی کەوتو (١٠) پێشمەرگە کوژران، بۆ بەیانیش ٢٥ی ئاب، فرۆکە جەنگییەکانی ڕیژیم لەیەک کاتدا چەند هێرشێکی جیاجیایان دەستپێکردو بەخەستی ناوچەکەیان بۆردومانکرد، شایەت عەیانێک کەلەوناوچەیدابووە دەڵێت: لەهەمان شەودا کاتژمێر ٢ی بەرەبەیان ١٩٨٨/٨/٢٦–٢٥ دوانزە فرۆکەی ستونی هێرشی کردە سەر ئەوناوچانەو

ئامانجەکانیان بۆردمانکرد، مەبەستی سەرەکی ڕێژیم لەو بۆردومانەدا بڵاو کردنەوەو چاندنی ترسو دڵەراوکێ بوو لەنێو خەڵکیدا هەروەها ترسی ئەوەش هەبوو کەوا ڕێژیم چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت، هەروەک پێشووتر لەهەلەبجەو قەرەداخو بالیسان بەکارهاتبوون، لەم شەوەدا خێزانە هەڵاتوەکان ئەوەندە زۆربوون تەنانەت ڕێگا بەدی نەدەکرا)([٤])، هەروەکو چۆن لەقۆناغو شاڵاوەکانی پێشووی ئەنفال چەکی کیمیایی دژی هاوڵاتیان بەکارهێنرا، بەهەمان شێوە لەدوا ئەنفالیشدا ئەم چەکە کۆکوژییە بەکارهات کەزەرەرو زیانێکی گیانی زۆری لێ کەوتەوە، گوندی برجینی ناحیەی زاوێتە لە٢٥ی ئابدا کەوتەبەر چەکی کیمیایی کەلەلایەن هەشت فڕۆکەوە بۆمبارانکرا ئەوانەی بۆردومانەکەیان بینیوە دەگێڕنەوە کە بۆمبەکان گەواڵو دووکەڵی ئێجگار گەورەیان لێ بەرزبۆوە، یەکەمجار سپیو ڕەش بوون پاشان زەرد هەڵگەڕانو بەشێوەیەکی ستوونی پەنجا شەست یارد لەئاسماندا بەرزبوونەوە ئەوجا دووکەڵەکە بەناو دۆڵەکەدا بڵاوبووەوەو دواجار نزم بۆوەو بەناو گوندەکەدا تێپەڕیو کەوتینە بۆن کردنی گازەکە. سەبارەت بەبۆنەکەش وا دەگێڕنەوە کە لەسەرتادا زۆر خۆش بووە، بۆنی سێووشتی شیرینی لێ دەهات، بەڵام زۆری پێ نەچووکە تاڵا بوەو کاری کردەسەر دەمو چاوو پێستمان لەناکاو هەناسەشمان سواربوو، چەند میلێک لەباکوری برجینیەوە، گوندی (تلاکرد) بەهەمان شێوە لەلایەن فڕۆکەکانی عێراق کیمیابارانکراو چەند کەسێک تیایدا بونە قوربانی و کوژران، هەروەها هەردوو گوندی (سپێندارۆکەو بەرکەڤرێ) کە لەیەکتر نزکین لەلایەن دووفڕۆکەوە بەخەستی کیمیابارنکران، لەئەنجامدا چواردەپشمەرگەو هاوڵاتییەکی مەدەنی کوژران، بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی (٥٠) پەنجا گوند بەر خەستترین هێرشی کیمیایی کەوتن وەک (وەرمێلێ، بلێجانێی بانێ، باوەرکا کەڤری، مێرگەتوی، هەڤنێکا، بیرۆزانا، دریژشێ، مێزێ، سپیندار، خەلیفۆ، گەرگەش، گارەگۆ، گۆرە، زێوەشکان، بەلوتی،گیزێ، زارکێ، ڕەزیکێ،


005311

سارتکێ،ماردێنیا، شێرانە، یەکمالە، سواری، ئاڤۆکو چەند گوندێکی تر).

دیارە بەسەدان کەس لەئەنجامی ئەو هێرشانەی کەبەچەکی کیمیایی کرانە سەر گوندنشینەکان گیانیان لەدەستدا، زۆری ئەو قوربانیانەش دەگەڕێتەوە بۆهۆی ئەوەی کە هەردووگازی خەردەلو دەمارەگازی سیانید تێکەڵ کرابن، هەروەها هەندێک لە پسپۆران وای بۆ دەچن کەوا لەوانەیە دەمارەگاز (غاز الاعصاب) GB کە بەگازی سارینش دەناسرێت لەو هێرشانەدا بەکارهاتبێت.

خەڵکی دەڤەرەکە بەرەو ڕێگای بێگوڤاوکانی ماسی هەڵاتن، تاکاتژمێر ٢ی شەوی ٢٥-١٩٨٨/٨/٢٦ توانیان دەربازبن، بەڵام دواتر سوپای عێراقی ئەو ناوچانەی داگیرکردو ڕێگای دەربازبوونی گرتن، باشترین شت کە هێزی پێشمەرگەی KDPکردی ئەو زنجیرە شەڕە بوو کە تیایدا هەوڵیان دەدا کۆسپ و تەگەرە بخەنەبەر پێشڕەوی سوپاوخاوی بکەنەوە، بەڵام فڕۆکەکانی ڕیژیم لە دوای پێشمەرگەکان بوو ناچاریان کردن کەئەوناوچانە بەجێبێڵن لەکۆتایی ڕۆژی ٢٦ی ئاب شەڕ کۆتایی پێهات، بەڵام ناوچەی بادینان بەتەواوی لەبەرەبەیانی ٢٨ی ئاب داگیرکرا. لەئەنجامدا دەیان هەزار خەڵکی مەدەنی



ئـــاوارەو دەربەدەری تورکیـــابوون ئەوانـــی تریـــان لەمـــاڵەوە دەســـگیرکران، یـــان پـــاش مـــاوەیەکی کەم خۆیان بەدەستەوەداو دواتـــریش شـــوبنزر کـــران.(هەر لە٢٦ی مانگـــدا ئەوخەڵـــکە لەســـەر ســـنووری تورکیـا گیرسـایەوە، دەسەڵاتدارانی تـورک سـەرەتا نەیانهێشـت خەڵکە کە بچـنە نـاو ســـنووری تورکیـــا، بەڵام دواتـــر ناچـــار بـــوون کە ڕێگایـــان بدەن، نزیکەی(٦٥–٨٠) هەزار کەس توانیـان بچـنە نـاو تورکیـاوە، ئەویـش دوای ئەوەی خەڵـکەکە فشـارێکی زۆریـان خسـتە سـەر جەنـدرمەو سـەربازەکانی تـورک کەبـووە هـۆی ئەوەی لێـرەوڵەوێ چەندپێکـدادانێکیش لەنێوانیانـدا روبدات،خەڵکەکە ترسی ئەوەشی هەبووکە ڕێژیمی تورکیـا تەسلیم بەعێراقیـان بکـاتەوە، دواتـر لەو کەمپـانەی کە بۆیـان دروسـتکرا نیشـتەجێکران، هەروەهـا خەڵکـی کوردسـتانی باکوریـارمەتییەکی زۆری خەڵـــکە ئاوارەبووەکانیـــان داو زۆر لەمەینەتـــیو خەمەکانیـــان روانـــدنەوە) ([٥]). ئەوانەی خۆیان دا دەست وسوپا یان دەسگیرکران، زۆربەیـان بەرەو چارەنوسـێکی نادیـار ڕۆیشـتن، سەبارەت بەشونبزرکردنی خەڵکی بادینـان بەزۆری ڕەگەزی نێـرینە دەگـرێتەوە، بەڵام لەنـاوچەی دۆسکی لەگونـدی کۆرفێـل ئەفسـەرێک (٣٥) سـیو پێـنج کەسـی لەژنو منـداڵا وپیـاو گـوللە بـاران کرد،ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراق کە پلەکەی کۆلـــۆنێلە (عەقیـــد) بەMEW)ی ڕاگەیانـــدوە کەفەرمانیـــان بـــۆ هـــات هەرچـــی پێشـــمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کەخۆبەدەستەوە دەدەن، هەروەهـــا ئەو جوتیـــارە مەدەنیـــانەش کەلەناوچەی قەدەغەکراودا بـوون هەر بەپێشمەرگە دانرابـــوون واتە تەواوی پیـــاوە تەمەن (١٥تـــا٦٠) سـاڵیەکان، ئەم فەرمـانە تائاسـتی فیرقەکـان بەنوسـراوی ڕەسـمی دابەزی بـوو ئەفسـەرە پـلە نزمەکـانیش بەزار (شـەفەوی) ئاگـادارکرابوونەوە، ئەم فەرمـــانە بەڵگەیەکـــی حاشـــا هەڵنەگـــرە لەســـەرحوکمی قەرەقوشـــی ڕێژیمـــی عێـــراقو ئەنجامدانی سیاسەتی قرکردنی (جینۆساید) گەلـی کـورد. گوللەبـارانکردنی گیراوەکـان لەئەنفـالی بادینـــان بەشـــێوەیەکی بەر چـــاوو ئاشـــکرا ئەنجامدراوە، ئەوەتە تاوانی لەو شێوەیە لەگوندی کوریمێ ڕوویداوە دوای ئەوەی خەڵکەکە خۆی داوەتە دەسـت سـوپاوە (٣٣) سـیو سـێ پیـاوو کـوڕی هەرزەکـــار کەتەمەنیـــان لەنێـــوان (١٣–٤٣) سـاڵیدابووە لەلایەن ئەفسـەرێکی سـوپاوە کەوا پێدەچێت دوای قسەکردن بەئـامێری (لاسلکی هـۆکی تۆکی) فەرمانی پێدراوە گوللە بارانیـان بکـات، بەم جـۆرە ئەفسـەرەکە لەوجێگـایەدا ٢٧ کەسـیان لـێ گوللەبـاران دەکـات شـەش کەسـیان بەناوەکـانی ئەبـابکرعەلی سـەعید، عەبـدالقهار خەلیـل، عەبدالکریم نایف حەسەن، هاشم محەمەد ڕەشید، صـدقی عەبـدالقادر فەتـاح، فەتـاح عەبـدالقادر

فەتاح، بە بریندارى دەربازدەبن و دواتریەکێکیان بەناوى فەتاح عەبدالقادر فەتاح دوبارە ئەنفال دەکرێتەوە. کە بەپێى وتەى شاید حاڵێک کە بۆ گۆڤارى ئەنفالستان دواوە لە قەڵاى نزارکىٔ بە بلوک کوژاروە. دەربازبووانى تاوانى گوندى کوریمێ لەو ١٣ کەسن کە لە شاڵاوەکانى ئەنفال و گۆرە بەکۆمەڵەکان رزگاریان بووەو بە دەبازبووانى گۆرێ بەکۆمەڵ ناوزەد دەکرێن. لەگوندى مێرگەتوو (مێرگەتى)بەهەمان شێوە دواى ئەوەى خەڵکە کە دەسگیر دەکرێت ژنو پیاو لەیەکترى جودا دەکرێنەوە دواتر ئەو پیاوانەى کەتەمەنیان لە ژوور پازدەساڵى دابووە دەسبەجێ گوللە بارانکران. لە چاوپێکەوتنێک کە میدل ئیست ووچ لەگەڵ قەشەیەکى ئاشوورىى ئەنجامیداوە دەڵێت "کەوا لیستێکى ٢٥٠ کەسى کۆکردووتەوەلە ماوەى ئەنفال و پاش ئەنفال بێسەروشوینکران"، هەروەها لە چاوپێکەوتنى لەگەڵ دەدوانزە کەس نیشتەجێ کۆمەڵگاکانى بەحرکە و جێژنیکان ئەنجامیداوە سەرجەم ناوى ٩٨ کەسى کەوتوتە لا کە بێسەر شوێن کراون ئەم لیستە بریتى بوو لە ٦٤ مەسیحى (٢٥ پیاو، ١٨ ئافرەت، ١٢ منداڵ) ،کە لەخوار تەمەنى ١٦ ساڵى دابوون و ٩ کەس کە تۆخم و تەمەنیان دیارنەبوو، لەگەڵ ٣٤ کەسى ئێزیدى کە (٤ پیاو، ٩ ئافرەت، ٢١ منداڵ) ، زۆربەى ئەوانەى فەوتاوەن منداڵى خوار یەکساڵ بوون و بە تەمەنترین کەسیش ئافرەتێکى ٨٥ ساڵ بووە. لەلایەرەى ٥٦ى راپۆرتەکەدا هاتووە، ١٣٥٥٣ کەس دەستگیرکراون بەم شێوەى خوارەوە: ٨٠٣ کەس ئەو تێکدەرانەى دەستگیر کراون ٧٣٧ کەس ئەو تێکدەرانەى خۆیان بەدەستەوەداوە

١٤٨٩ پیاو
٣٣٧٣ ژن
٦٩٦٤ منداڵ
بە تێبینى نوسراوە:

١٨٧ ژن و پیاو و منداڵ کە تاکو ئامادەکردنى ئەم راپۆرتە لێک جیانەکراینەوە، جگەلەو کەسانەى لە کاتى دەستگیرکردن و پەلامارداندا دەستبەجێ کوژراون هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە. دواتر بەپێى راپۆرتەکە لەگەڵ کیمیابارانکردنى گوندى برجینى ژمارەى قوربانیان بۆ ١٤٤٧٣ هەڵکشاوە. بەم جۆرە ئەنفالى بادینان لە ٦/ ئەیلولى ١٩٨٨ کۆتایهات، هەرلە ٦ ى ئەیلولیش پێژیمى بەعس پاش کۆمەڵکوژى و ماڵوێرانى خەڵکەکە جارێ لێبوردنى گشتیدا.ئەم شاڵاوە کوردستانى وێرانکردو ژێرخانى ئابوریشى لەبنەوە هەڵتەکاندا.

پەراوێزەکان

.بەڵگەنامە فەرمییەکان و راپۆرتى شیکارى ئەنفالى کۆتایى کەراپۆرتێکى شیکارى (لیوا روکن یونس محمد الزرب) فەرماندەى فەیلەقى پێنج [١]
لەچەشنى (ئەو پەڕێ نهێنى و تایبەت) بە ژمارە (ح٢\٢٤٢٢) لە (٢٥ ک. ١. ١٩٨٨) بۆ فەرماندەیى گشتیى سوپاى ناردووە.

[٢].پ.د.ک لەکوردستاندا چوارلقى هەبوو کە کاروبارى سیاسى و سەربازیشیان لەئەستۆ گرتبوو، زێوە شکان بارەگاى لقى یەکى لێ بوو،لقى دوو بنکەکەى لەدۆڵى سماقوولێ بوو وعەمەلیاتى پارێزگاى هەولێرى لەئەستۆ گرتبوو، لقى سێ لەگوندى جافەرانى قەرەداخەوە کاروبارى KDP لەپارێزگاى کەرکوک دا بەرێوە دەبرد، لقى چوارىش لەناوچەى چوارتابوو بەرپرس، پارێزگاى سلێمانى بوو، جگە لە چەندلقێکى تر کەلەدەرەوەى کوردستان بوو، هەروەها KDP هەندێ هێزى تایبەتیشى هەبوو وەک هێزى بارزان لەرایات ناحیەى مێرگەسۆر بروانە MEW لاپەرە (٤٣٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێبارى،واشنتۆن دى. سى، ٧ى حوزیرانى ١٩٩٣
) MEW. لاپەرە (٣٩٦ [٣]
رچا زبیر زیبارى، الانفال والرحله الشاقه، مطبعه هاوار، دهۆک ١٩٩٥، ص ٨).[٤]
.عەلى بەندى، ئەنفالکرنا بەهدینان، چ(١) چاپخانەى خەبات، دهوک، ٢٠٠١، لاپەرە(٦٧)[٥]
ئەنفالستان . ژمارە ١٠ ژمارە ١١ و ١٢ .

کۆپی ڕایت (Copy Rights) تاوانە

یەکێک لەوانەکانمان لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی هونەر بەشی فیمسازی (Terminology– زاراوەکان) (پاراستنی دەق) یاخود پاراستنی خاوەندارێتی نوسەر (copy Rights کۆپی ڕایت) بوو، لەکاتی شیکردنەوەی ئەو وانەیدا کە مامۆستاکەمان هونەرمەند (ئاوات عوسمان) باسی دەکردو هەموو جارێکیش جەختی لەسەر دەکردەوەو دەیگوت : باسی ئێرە (کوردستان) ناکەم بەداخەوە ئێمە لیرە ئەو یاسایەمان نیە، هەشبێ کاری پێ ناکرێت. لەوکاتەدا من بە خەیاڵ لەوانەکە دەڕۆیشتمە دەرەوەو دەکۆڵام و کەس ئاگای لە دەردی من نەبوو، کە چەندە بێ ویژدانانە بابەتەکانم دەدزن، بیرۆکەکانم بۆخۆیان دەبەن و خۆیانی پێوەبادەدەن و بێشەرمانە بەدەمیشمەوە پێدەکەنن، مامۆستاش هێندە بە جوانی دەیگوت : نەچن بابەتی خەڵک کۆپی بکەن و بیکەن بەهی خۆتان، بەخوا یەک تاکە دێرهی خۆت نەبێت و ئاماژە بەسەرچاوەو خاوەنەکەی نەکەی پێی دەزانم و لە دەرسی مندا دەرناچیت .

د. دڵشاد مستەفا و مامۆستا ئاوات نامیق ئاغاش لەوانەکانی دیبەیت ئەکادیمی (گفتوگۆی زانستی) (debate Academe) و وانەی ڕێنوێنی (Direct) چەند جارێک وەک پابەندی ئەخلاقی و نوسینی ئەکادیمی وزانستی خوێندکارەکانیان ئەگادار دەکردەوە لەو بەدرەفتارییەو هەمیشە جەختیان لەوە دەکردەوە. کە بە ئیرادەو بەئەخلاق بین چونکە، هێنانی تاکە دێرێک بەبێ ئاماژەی سەرچاوەو خاوەندارێتی بەدزی وگزی لەسەرتان حساب دەکەین. کەچی دوێنێ شەو لەگەرانێکی گوگڵیدا چیم بینی بابەتێکی خۆم کە بەحساب وەک تۆیژینەوە داومە بە خاوەن دەزگایەک و لەکۆنفرانسێکدا بەبەرچاوی سەدان کەسەوە پێشکەشم کردووەو دواتریش لەماڵپەڕی ئەنفالستاندا بڵاوم کردووەتەوە، کەچی کابرا هەستاوە بەو پەڕی بێویژدانیەوە بەبێ ئەوەی ناوی من وەک خاوەنی ئەو نوسینە بهێنێ کە بەڕەد بەئامادەکراوی بۆم ناردووە، نەمافی من ونە متمانەی خۆی بەلاوە گرنگ بووە، لە کۆی (٩٥٤٦) وشە کە بەڕەد بۆم ناردووە گوایە لەکتێبێکدا بڵاوی دەکاتەوە، بابەتەکەی منی کورت کردووەتەوە بۆ (٥٤٧٧) وشە گوایە ئامادەی کردووە ! بەڵام خۆشبەختانە دزییەکەی ئەوەندە ئاشکرایە بەهەڵەی ئیملاییەکانی خۆشمەوە داینا‌ونەتەوە .

ئەمە نەریتە دزێوە ئەگەر بۆکەسانێک لەبواری هونەروئەدەب ونوسیندا زۆر عەیب وتاوان بێت هەقە بۆ ئەوکەسانەی لەبواری ئەنفالدا کاردەکەن و بەم دزی وفزییە بوونەتە خاوەنی چەندین کتێب هەقە سزاکەی قورستر و دوجار تاوان بێت، جارێک وەک دەستدرێژی کردن بۆسەر مافی خەڵک وجارێکیش وەک بێ ڕێزی بەئەنفالکراون .



ڕۆژی ٢٨ی ئاب ١٩٨٨ لەئەنفالی ناوچەی بادینانداء هەموو پیاوانی گوندی کورێمێ و ٩ پیاوی خەڵکی چەلکی کۆکرانەوەو لەخوار گوندەکەدا گوللە باران کران .

ئەم وێنەیە لەگوندی کورێمێ گیراوە ئەو پیاوەی کەلای بەبن باڵەوەیە خەلیل محەمەد عەبدوڵایە، موالیدی ١٩٣٥ خەڵکی گوندی کورێمێیە.

خەلیل لەکۆمەڵکوژییەکەی ڕۆژی ٢٨/٨/١٩٨٨ ی ئەنفالی ناوچەی بادینان خۆی براکانی وکورەکانی شەهیدبوون و کورێکیشی بەبرینداری دەربازبوو.

دانیشتووەکە "ئەبابکر عەلی سەعید"ە کەلەو کۆمەڵکوژییەدا بەبرینداری دەربازی بوو، ڕاوەستاوەکە "شەعبان حسێن" موالیدی ١٩٧١ لەکۆمەڵکوژییەکەدا شەهید بوو.



دووا ماچی نازم

ئامادەکردنی :سمکۆ سابیر

نازم مەنسوور رەحیم– گوندی قەوالّی – داوێ، لەملەسوورە کۆکرانەوەو بردیانن بۆ قۆرەتوو، چەند شەوێک لەوێ دەمێنێنەوەو رەوانەی تۆبزاوا دەکرێن . خالّۆ حەکیم ئەم چیرۆکە تراژیدییەمان لەبارەی نازم بۆدەگێڕێتەوە:

" لەرۆژی ١٤/٤ /١٩٨٨ خەلّکێکی زۆر لەملەسوورە کۆکرابوونەوە،من ئەوکات مالّم لەشاری کفری بوو بۆ هەوالّپرسینی ناحیەی سەرقەلّا، چونکە خزمەکانم لەگوندی قەوالّی و قەلّاچەرمەلّە بوون، بەپشتی ناحیەی سەرقەلّادا رۆیشتم ، بەلّام جموجۆلّ هەروا ئاسان نەبوو، جاش و سوپا ناوچەکەیان تەنی بوو.

کاتژمێر ٩ی بەیانی لەپشت گوندی وەلی هەیەرکۆمەلّە خەلّکێکی زۆری ئاوارەیەکان کۆکرابوونەوە پێدەچوو لەملەسوورە رایانکردبێت و بەرەو ناحیەی سەرقەلّاهاتبن دەیانویست خۆیان رزگار بکەن، بەلّام سوپاو جاش ناوچەکەی تەنیبوو خەلّکەکە نەیانتوانی بگەنە ناو ناحیەکەو هەموویان دەستگیرکرابوون.



من لەدوورەوە نازمم ناسییەوە، ئەو کورە خوشکە زای خێزانەکەم بوو، تەمەنی ١٧–١٨ سالّ دەبوو، کراسێکی لەبەرو شەروالّێکی لەپێدا دابوو لەگەلّ کۆمەلّێک ئافرەتی تر کەهەموویان لەلایەن جاش و سوپاوە دەستگیر کرابوون و رێگەیان نەدەدا بڕۆن،لەیەک شوێن هەموو لایەکیان لێگیرابوو .ئەم دیمەنەم بینی ئاگری تێبەردام کە جاشێکی کورد دەستی بەسەرداگرتبوون،کە گەیشتم دوای کەمێک داوام لەجاشەکە کرد رێگەم پێبدات بڕۆم بۆ لای ئەم خزمەی خۆم و تەنها دوو ماچی لێبکەم بەلّام جاشەکە رێگەی پێنەدام و خۆشی لێتووڕەکردم ،بەلّام جاشەکە ئەوناوەی بەجێهێشت، ئینجا چوومەوە نزیکی خەلّکەکەو ئەمجارەیان داوام لەسەر بازێکی عەرەب کرد، کە رێگەم پێبدات تەنها دوو ماچی نازم بکەم، هەر بەعەرەبی پێمگوت : ئەویش رێگەی پێدام ووتی برۆ نەلّام زوو بگەڕێیتەوە، منیش چومە لای نزام و لەجیاتی دوو ماچ چوار ماچم کرد و بەجێمهێشت.

زۆر گریام ئەویش زۆر گریا، کەگەیشتینە یەکتری هیچ کام لەئێمە قسەمان نەکرد تەنها گریاین ,بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی هیچ کەسێک لەکەسوکارەکەی لەگەلّدا نەبوو، بریا بەیەکەوە بوونایە چونکە هەموویان ئەنفال کراون."

حەکیم ئەوەشی وت کە نازم جگە لەدایکی بەناوی (خەیریە عیسا حەسەن) و باوکی بەناوی (مەنسوور رەحیم جادر) برایەکیشی بەناوی یادگار ئەنفال کراوە لەگەلّ چوار خوشکی بەناوەکانی: چیمەن . شەونم .ئاواز و کەژاڵ، تەنها خوشک و برایەکی بەناوی (هەرمێ و رزگار) رزگار بوون، بەچاوی فرمێسکەوە نازمم بەجێهێشت و ئەوە دووا بینین بوو ئیتر رۆیشت و نەگەڕایەوە.

ئەو دیمەنە زۆر کاری تێکردم، کە گەڕامەوە بۆ مالّ ئیتر دەستمکرد بەشیعر نوسین لەبارەی ئەنفالەوە. تامانگی دووی ١٩٨٩ نزیکەی سێ هەزارو سێ سەد دێڕ شیعرم بۆ ئەنفال و نەهامەتییەکانی ئەم میللەتە نوسیوە بەتایبەتی ئەنفال تا دەگاتە نوگرە سەلمان و باسکردنی سەگەڕەش،بەلّام بەداخەوە لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەمووی لەناوچوون.

وێنەی دووەم، دایک و باوکی نازمن لەگەلّ یادگاری برا بچووکیدا کەئەویش ئەنفالکراوە.

لەیادی ئەنفالدا شەرمەزاریيەکانمان دەچنینەوە

باوکی لۆڤان

زۆرن ئەوانەی لە سایەی دیکتاتۆریدا بە ئومێدی ئازادی ودیموکراسیەوە بەدەم گازەوە مردن یاخود ئەنفالکران و لە بیابابانەکانی عێراقدا مردن، کەچی ئێمە لە (کوردستانی ئازاد)و لە سایەی (دەسەڵاتی دیموکراسیدا..!) بەبێ ئومێدی دەژین و بەدڵساردیەوە یادیان دەکەینەوە .

درۆزنەکانی سیاسەت هەرزوو بەهاریان هێنایە چۆکان و بەخۆشخەیاڵیەکی کوشندەوە بەرەو پیری بانگەشەی دیموکراسی و بەسەر چونی دنیای دکتاتۆرەکانەوە چوون، بانگەشەی بازاری ئازادیان لە پرسی چارەنوسی ئەنفالکراوان گرنگتربوو، لەبری ئەوەی بەدوای (حصانە) پارێزبەندییەوە بێت بۆکوردی جینۆسایدکراو،ئاخر لە دنیای دکتاتۆرەکاندا جینۆسایدی (فەیلیەکان و بارزانیەکان و گازبارانی هەڵەبجە و لە دنیای دیموکراتەکان و گڵۆبالیزەیشنیشدا جینۆسایدی ئێزدیەکان وشەنگال بەشی کورد بوو..!

بۆیە هەر کاتێک بمانەوێ گوزارشت لە مێژومان بکەین جگە لە چیرۆکی تراژیدی و وێنەی قوربانیەکان هیچمان نیە بەجیهانی بڵێین. ؟ بەڵام ئەفسوس ..! لە سایەی دەسەڵاتی خۆمالێیدا لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا لەمەشدا فەشەلمان هێناو لەنائومێدی زیاترمان نەچنیەوە. لەشەری ناخۆدا هەموو ئومێدێک کوژراو لە شەرمەزاری زیاتر بۆ کوردی مەینەتبار نەمایەوە .

من لە خستنە ڕوی بەڵگەنامەکانی ئەنفال و گازباراندا ناخوازم ئازارتان بدەم بەڵکو دەمەوێ لە مەترسییەک ئاگادارتان بکەمەوە، چونکە بیرکردنەوەو ڕاچەنینێکمان پێویستە ئەگەر دادپەروەری بەدی نەهێنن ژیان وەک رابوردو لە مەترسیدایە.

دەبێت چالاکوانانی ئەنفال هێزوتوانای لێبوردەیی بن،دەزانم هەندێک دۆسێی ئەنفالیان خستووەتە خزمەتی خۆیانەوە و توانای بیرکردنەوە لە کەسوکاری قوربانیان زەوت دەکەن و پڕیان دەکەن لە ڕق و دڵپیسی و تۆڕەیی، بەڵام بێ ئومێدیش نیم لەوەی کەسانێک هەن، خۆیان خستووەتە خزمەتیانەوەو بەدوای خۆشەویستی مرۆڤەوەن.

ئەمرۆ هاواری قوربانیەکان بۆ دادپەروەری و ژیانێکی شەرەفمەندانەیە، نەک بۆموچەو پارە، بایکۆتکردنی یادی ئەنفال واتای گەورە لەخۆدەگرێ و سیاسی کورد لێی تێناگات، هاواری دایکان بۆ بەهاناوە هاتنی ستەم لێکراوانە. بۆ دڵی هەلاهەلای ئەو کچ وکوڕە عاشقانە یە کە دکتاتۆریەت دڵی شکاندون ودیموکراسیەت ئاشتی نەکردونەتەوە، ئێمەش هەر بۆئەوە دەنوسین ولێکۆڵینەوە دەکەین چونکە لە ژیان رازی نین، بەدوای ژیانێکی تردا دەگەڕێین، کە سەرۆک وسەرکردەکان جەلاد لە قوربانییان لەلا بەرێزتر نەبێ. کەس خۆی لە سەروی یاساوە نەبینێ و چیدی شکۆمەندی قوربانیان و هاوڵاتیان پێشێل نەکەن.. ئەگەرنا،ناچارین بڵێین هێشتا بەعسیزم و ئەنفال بەردەوامن. ئەمەش لەشەرمەزاریی زیاترمان پێنابەخشێ .

کوڕەزاکەی زیتۆ

عومەر محەمەد

(کوڕەزاکەی زیتۆ) ڕۆمانێکی جوان و گرنگی نوسەر (حەمە فەریق حەسەن)ە، کەوا مێژووی کورد لە دیوە ئالۆزەکەیدا پیشان دەدات، باسی مەرگی دەستەجەمعی دەکات، بەڵام پاڵەوان لە مەیداندا دەهێڵێتەوە، سروشتێک کە ژیان تیایدا ئەستەمەو بوونی مرۆڤ تیایدا یاساغە، پاڵەوان بەرەنگاری سروشت و سەختی جیاو تۆفانی بەفر دەبێتەوە، گەڵای دارەکان دەخوا بەڵام نابەزێت و خۆی ڕادەستی ژیانی ناو کۆمەڵگا زۆرە ملێکان ناکات، خۆی ڕادەستی "هۆریەل" ناکات . نوسەر زمانی بەرەنگاری لە ئاستەقوڵەکەیدا بەکار دەهێنێت و خۆی لەهەر دروشمێکی باو دەپارێزیت. لە پێکەوە گرێدانی دیمەنەکاندا سەرکەوتووانە دەمانباتەوە نێومێژووی خۆمان یادەوەری دەبێتە ئاوێنەی ژیانی بەر لەپەلامار، بەڵام بۆ یەک چرکەش بەرەو نائومێدیمان نابات. بەبێ ئەوەی ناوی ئەنفال بهێنێ خوێنەر بەرونی ئەنفال دەبینێ بەڵام سەرکەوتنی نوسەر لەوەدایە نە باسی بەعس دەکات و نە باسی تۆپزاواو نوگرەسەلمان "کە مێدیای کوردی باسکردنیانی بێ بایەخ کردووە" ئەو بە جۆرێک ئەنفالمان بۆ ناگێرێتەوە مرۆڤ خۆی لە گوێگرتن و بیستنی بدزێتەوە، بەجۆرێک وێنەی لالە وەیسەو ئالانمان پیشان دەدات خوێنەر ئارەزوی گوێگرتنیان لێدەکات و قەست دەکات لەگەڵیاندا بژیایەو شەرەفی خۆبەدەستەوە نەدانی بەرکەوتبا. نوسەر زەمەنی دیاری نەکردووە، بەڵکو هەموو مێژووی کوردی وەک زەمەنی ئەنفال نیشانداوە، باسی سەدام و عەلی کیمیایی ناکات، ئەمەش سەرکەوتنی نوسەرە کە مێژووی ستەمکاری وئەنفال وکۆمەڵکوژی لە زەمەنێکی دیاریکراوو لە چەند کەسێکدا کورتناکاتەوە. ئاخر یەکێک لە کارەساتەکانی دنیابینی ئێمە سادەکردنەوەی مێژووە بۆ ڕواڵەت، گچکە کردنەوەی تاوانە گەورەکانە بۆ وێنەیەکی گشتی بێ گیان وبێ وردەکاری، سادەکردنەوەی تاوانی "جێنۆساید" بۆ ڕوداوی سادە و ناوبردنی بەکارەسات !



کورتکردنەوەی تاوانی کۆمەلکوژی لە چەند سەرکردەو فەرماندەیەکدا وەک ئەوەی هەموو ئەنفالکراوان، بەدەستی عەلی حەسەن مەجید کوژرابن و هەر ئەو بەتەنێ لێیان بەرپرسیاربێت، نەک ئەو لەشکرەی لەبەردەستیدا ئامادەی هەموو تاوانێک بوون، ئەو هۆریەلەیلەپەلاماردا پێشلەشکر بوون و لە دوای ئەنفالیش بن بەردەکان بەدوای هەر زیندەوەرێکدا دەگەران لە گوندە چۆڵکراوەکان بەجێمابێ . حەمە فەریق زۆر بەسادەیی قوڵبووەتەوە ناو ڕوداوەکان، سەلیقەیەکی لە ڕادەبەدەری لە سادەیی پیشانداوە، بەڵام قۆڵ ڕوانیوێتی و وردبووەتەوە، بۆیە خوێنەر ناخاتە ناو فەزای بیرکردنەوەیەکی سادەوە، ئەو تەنها چیرۆکێک ناگێرێتەوە بەڵکو فکری خوێنەر دەجوڵێنێ، وای لێدەکات یادەوەری بکاتە چەکێک بۆ بەرەنگاربوونەوە.

ئاخ ئەگەر دەمزانی بەنیازی وەها ڕۆمانێک زۆر دیمەنی گرنگ و کارەکتەری گرنگ هەبوون، دەمخستە بەردەستی و دەکرا سودیان لێ ببینێ و لە نێو ڕۆمانەکەدا جێگەو پێگەیەکی گرنگیان هەبێت. چونکە ئەو قوڵبوونەوەیە لەلام گەلێک بەهادارە، بەدیدی من نەبوونی ڕۆمانی وەک

"کورەزاکەی زیتۆ" دەربارەی تاوانە گەورەکان و کۆمەڵکوژییە زۆرەکانی رابوردوی ئێمە هۆیەکی گەورەی نەبوونی فیلم و سیناریۆی کوردیشە. جوانی ئەم ڕۆمانە تەنها لە چنینی وشەو دیمەنەکانیدا نیە، بەڵکو لەو ڕکێشیەدایە کە نوسەر دەیەوێت دەستکاری واقع بکات و بیگۆڕێت، چ واقعێک وڵاتێکی بێ ئاوادەنێ و تەنها کەسێکی دەربازبووی دەڤەری هەواره کۆن !

ڕۆمانەکە لەبەردەم تەنها پرسیارێک رامان ناگرێت، بەڵکو دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێک تێرامانی قوڵ و کۆمەڵێک پرسیار کە دەبێت ئەمرۆبێت یان سبەی وەڵامیان بدەینەوە، چۆن دەبێت ناوی داگیرکاران لەمندالەکانمان بنێین ؟ ئەوە ئەگەر پێش ئەنفال بووە خۆ بەلای کەمەوە لەدوای ئەنفال نابێت منداڵەکانمان بەناوی جەلادەکانەوە ناوبنێین، لاوێک کە هێشتا تەمەنی منداڵی تێنەپەڕاندووە، روداوەکان فرێی دەدەنە دەرەوەی زیندەگییەوەو دەیکات بە هاوڕێی گورزەو مەل وبانْدەکان کە هەرچۆنێک بووە دەرفەتی رزگار بوونیان بۆ ڕەخساوە، ڕەنگە بڵێن جا کوا ئەنفال چۆلەکەو بانْدەکانی لەبەین بردۆ؟ خۆ ئەوان سامانێک نەبوون بەتاڵان ببرێن! ئەم تێگەیشتنە تەواو کورتبینانەیە بۆ ئەنفال، چونکە ژمارەی ئەو مەل وبانْدەو ئاژەڵانەی بەگازی کیمیایی لەپەل و پۆکەوتن و مندارباوونەوە کەم نەبوون، تاوانیشیان هەر ئەوە بوو لەهەرێمێک هێلانەیان کردبوو، کە هی کوردەکان بوو، بەڵام کە کامێرا نەبێت بۆ دۆکێومێنتکردنیان و کاتێک نەبووبێ بۆ بینینی مەرگی بەکۆمەڵ و ئامارکردنیان، هەردەبێت باسکردنیان بکرێتە مەسەلەیەکی لاوەکی .

ئالان کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ رابوردوو لەنێوخەیاڵان ڕۆدەچێت : (بیرم لای بەیانیانی ئەو کوێستانە بوو، وەختێ بە ورینگە ورینگی کێژی مەشکەژێن بەئاگادەهاتم. بیرم لای خاڵی شینی کوتراوی نێوان مەمکۆڵانی کچە جاف بوو، وەختێ بە چەپکە گوڵی حەوت ڕەنگی ئەو کێوانەوە، دەگەڕانەوە. بیرم لە ژنی تەل بە سەری، ڕەندومەندی گەردن زەرد، دەکردەوە. ئەو ژنانەی لە شەرما چاویان هەڵنایە. بیرم لە ژنی بۆنخۆشی خۆش دیمەن، چەناگە کوتراوی سەر و سوورەت جوانی شان بە سرکەیی دەکردەوە، وەختێ ئەوان، لەگەڵ سۆزەی بەیانیدا لە زۆزان، لەبن ڕەشماڵ دەردەهاتن و بەشوێن یەکدا بەو چیاو ڕکانەدا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان، ئەوان خەزێمی زیویان لە کەپوو بوو، خەزێم پرشەپرش بە تیشکی هەتاوی چێشتەنگاو دەبریسکانەوە. هەیانبوو بە سواری گای بەڵەک و زەرد و ڕەشەوە دەلەنگان، بازنگی ڕەنگاوڕەنگیان لە مەچەک بوو. شل هەیاسەی زیویان لە کەمەری باریکیان بەستبوو، خرینگەی پاوانەی زیویان دەهات، وەختێ ئەوان پاژنەیان دەخێواندە تەنگەی گای ژێریان. بەشوێن ئەواندا گەماڵی گوێ بڕاوی تیسکن، بۆر، ڕەش و زەردی ژێرسک سپی، خیرا بە چیادا دادەگەڕان. ورده بەرد و گڵمتکیان بەشوێن خۆیاندا خلدەکردەوە. ئەو ژنانە بە تریفەی چاویان، بە تیشکدانەوەی خشڵیان، ئەو کوێستانەیان دەنەخشاند. ئەو ژنانە ڕەنگ و ڕوویان لە نێرگس، دەنگیان ئەفسوون و لەرینەوەی مێینەی چیایی تێدابوو) ئەفسوس ئەوانە هیچیان لە کۆنە هەوارو چیا نەماون، ئەوەی ماوە تەنها گوڵی ڕەنگاوڕەنگە، ئەومەل وبانْدانەن کە لەگازی خەردەل قوتاریان بووە، سەرکەوتنی نوسەر لێرەدا زۆر بایەخدارە کە ئەنفال بیابانەوە باس ناکات بەڵکو لەچیاوە باسی بیابان دەکات، وێنەی ئەم وێرانەیە لە خۆزگەیەکی لالە وەسیەدا دەبینین کە لە زیندانە دۆزەخییەکەی بیابانەوە هەیبووە و بۆ ئالانی دەگێڕێتەوە (من خۆزیاو بریام بوو، بەو دەنگە ئەفسوونییە، یەکێک لەوان، هۆرەیەکی ژنانەم بۆ بچڕێ، بە سەدای ئەو هۆرەیە، چی دەرە و ئەشکەوت لەو ناوەدا هەن دەنگبدەنەوە! ئەو دەمانە ئیتر من هێزی پێم نەبوو لێیان دووربکەومەوە. لە زیندانی ئەو بیابانە، من بیرم لە تروکە و زریوە زریوی شەوانەی، ئەستێرەی ئەو زۆزانانە دەکردەوە. بیرم لە جریوە جریوی وردەمەلی تێکەڵاو دەکردەوە. بیرم لای باعەباعی کاریلە و بۆنی غەیبندەی گوڵی ئەو دۆڵانە بوو. بیرم لای سمکۆڵان و حیلە و کۆڕەی ئەسپان بوو. لەوێ، لە زیندان، بیرم لە

تافی جحێڵیی خۆم دەکردەوە، وەختایێ سپ و ساغ و ئازاد بووم، بەو کوێستانانەوە کوڕێنیم دەکرد و بە سەمای درەختی لقوپۆ چڕی ژێر سروەی شەماڵ مەست بووم. گوێم بە کناچەی پۆڕی ناو مێرگ و گوێ چەم دەزرنگایەوە. من لە زینەدان دەستبەسەر بووم، بەڵام لە خەون و خەیاڵی خۆمدا، جارێک بەسەر پشتی وڵاخی بەرزەوە، ئەم عەردەم تەی دەکرد، جارێک لەسەر هەوای بەستەی بە جۆش و خرۆشی ئەو شایەرانەی، کە دەنگیان وەک زەنگوڵە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، لە گەڕی ڕەشبەڵەکدا، لە دەستی چاو مەستێکی خۆشڕووڕا دەهەژام. لە زینەدان دەستبەسەر بووم، بەڵام خۆ خەیاڵ بە هیچ ملهوڕێک دەستبەسەر ناکرێ ئالان گیان. من لەو بیابانە دەموشکە، کە ڕووباری دونیای بەردەیتە سەر تینوێتیی ناشکێنێ، مەیلم لێبوو، بۆ حاڵی بێحاڵی ئەو حەشاماتە، بە نەوایەکی غەمگین، تاوێک هۆرە بچڕم، بەڵام نەمدەتوانی. دەزانی بۆ باوانەکەی باوکم؟ چونکە زارم پڕی لمە سوورە دەبوو، ئەگەر هۆرەم چڕیبا) ! خوێنەری بەڕێز دیقەتبدە چەند بەجوانی ئازدی لەخەیاڵدا جێدەکاتەوە " خۆ خەیاڵ بە هیچ ملهوڕێک دەستبەسەر ناکرێ ئالان گیان" چەند جوانە ئەم گێرانەوەیە لەوەش جوانتر تیفکرینە لە ئازادی! ئاخر خۆ هەموومان باش دەزانین چیرۆکمان زۆرە بەڵام گرفتی گەورەمان ئەوەیە نازانین چیرۆکەکان بگێڕینەوە، نوسەری کورد هەر چیرۆکی قوربانیەکانی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو زۆڕیشیانی خەسارکردووە، وەک نەیهێشتووە قوربانی چیرۆکی خۆی بەزمان و سادەیی خۆی بگێڕێتەوە نەشیزانیوە بیگێڕیتەوە . بەڵام قوربانی لەم ڕۆمانەدا تەنها حیکایەخوان نیە، تەنها چیرۆک ناگێڕێتەوە بەڵکو ژیانیش بنیات دەنێتەوەو وێرانەش ئاوەدان دەکاتەوە، ئەوەتا لالە وەیسە هاتووەتەوە بۆ کۆنە هەوارو مێوەکانی دەبڕێ و ڕەزەکەی نوێ دەکاتەوە بەبێ ئەوەی ئەمە بۆخۆی بکات !

نوسەر زۆر بە وریایی مامەلە لەگەڵ ئەو چیاو پێدەشت وکێڵگەو ڕەزانە دەکات کە ژیان تیایدا یاساغە، لالە وەیسە کە دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی حەمە عەلی ئامۆزای پێیدەڵێت: بۆکۆێ دەچیت ئیستا لەبەرنەبوونی زینەدەگی هەر درندە زۆر بوون، بەڵام ئەم بەرەنگار دەبێتەوەو دەیەوێت دوای ئەوەی میوەکانی بڕی ئیدی هەر لەوێ لە زێدی خۆی بمرێت ونەگەڕێتەوە بۆشار راستیەکەی نەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان، وردی نوسەر لەوەدایە لالە وەیسە لەبری تەوەراس یاخود لەبری داس مشار دەهێنێ بۆ برین وهەڵپاچینی لقی مێوەکان رەنگە بڵێن مشار؟ بەڵێ مشار بۆئەوەی دەنگی تەورو تەوەراس لە چیا دەنگ نەداتەوە هۆریەل وسەرباز گوێیان لێبێت وبێن و بیگرن و بیبەنەوە بۆبیابان بمرێت !

شێوازی سادەیی لای حەمە فەریق، بێ مەبەست نیە، بەڵکو ئەو بەسادەیی لەچیرۆکانت نزیک دەکاتەوەو بە هێواشی دەتباتە قوڵایی ڕوداوەکانەوە، لە گەراندا دەتخاتە بەردەم چیرۆکی نوێ نەک خۆی بێت چیرۆکت بۆ بگێڕێتەوە، ئالان کاتێک دەچێتە خزمەتی وەستا رەجەب هەر چەکی نوێی جەنگی چنگ ناکەوێ بەڵکو هاوەڵیش پەیدا دەکات، سەنگۆ خونچە ژن ومێردی دوای روداون، ئەوانیش وەک ئالان خۆراگربوون و نەبەزیون، نوسەر ئەم ئازایەتیەی تەنها بەبالای پیاودا نەبڕیوە، بەڵکو ژنانیشی کردووەتە قارەمانی بەرەنگاری ومل نەدان، هاوسەرگیری سەنگۆ خونچە چیرۆکێکی هەتا بڵێی سروشتی و دامڵراوە لەهەموو داب ونەریتێکی باو بەڵام هەتا بڵێی سادەو جوان و پرکێشییە، ئەوانیش وەک ئالان چیرۆکی تەنیایی وهاوڕێی جەنگەڵ وچیایان هەیە، چیرۆکی تەنیایی دوای روداوی ئەنفالیان هەیە، ژیان لەچۆڵەوانیدا ! نەیکردوونەتە دڕندە بەڵکو گێراونێتیە ناو سروشتی راستەقینەی مرۆڤ، جوت بوونیان بووەتە پێداویستی مانەوەو بەرەنگاری ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، بەبێ مەلاودادگاو ڕێورەسمی هاوسەرگیری پێکدێن . چما کەس ماوە هەتا پرسیان پێ بکەن ؟! ئەوان پێکەوە بەروت وقوتی بەناو دارگێلاسەکاندا دەگەران، بەرهەمی پێکەوە بوونیان کچێکە ناویان ناوە تەنیا.

سێ چیرۆکی نەنوسراوەی ئەنفال

سمکۆ سابیر

٩ی شوباتی ٢٠١٧ – گەرمیان



دوای ئەوەی بەڕێکەوت ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، خۆی گووتی :ئەگەر بەقسەی من دەکەیت هەر بە عەلی قەڵەو بانگم بکە، چونکە ئەم ناوە بڕاوەتە بااڵم و شانازیشی پێوە دەکەم .دواتر ئەوەی زۆر خۆشحاڵی کردم ،دەرکەوت ماڵی کاک عەڵی زۆر لەخۆمانەوە نزیکەو لەهەمان گەڕەکی شاری کەلارین، بەکوردییەکەی دراوسێ دەرچوین، ئەمە وای کرد زوو زوویەکتری ببینین .ئەم پیاوە وەک کەسوکاری ئەنفال ،باوکی محەمەد زۆراو لەنوگرە سەلمان کۆچی کردووە و دایکیشی گورجیە غێدان حەمە جان دوای شەش مانگ کەهاتەوە نیوە گیان وباری تەندروستی زۆرخراپ بووە.خەڵکی گوندی زینانەی ناوچەی داویەیە.کاک عەلی چەندین چیرۆکی دەگمەن و ناوازە و تراژیدی سەبارەت بەتاوانی ئەنفال لایە، بەاڵم ئەم سێ چیرۆکە بەاڵمەوە زۆر گرنگ بوو بینوسمەوە.هەوڵدەدم لەڕۆژانی ئایندەدا چیرۆکەکانی تریش بنووسمەوە.

چیرۆکی یەکەم:



ئەو ژنەی پیاڵەیەکی شوشە و لێفەیەکی لەگەرمیانەوە برد بۆ نوگرە سەلمان ودوای شەش مانگ لەگەڵ خۆی هێنایینییەوە بۆ گەرمیان.کاک عەلی بەمشێوەیە ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە :

پێشتر لەماڵەوە لێفە و جل و نوێن دروست دەکران بەپێی پێویستی وتوانای خۆمان. ئەم لێفەیەش دروستکراوی خوشکێم بوو بەناوی (ناجی) یەوە.بەداخەوە ئەویش ئەنفالکراوە.لەشاڵاوی ئەنفال کاتێک خەڵکی زینانە گوندەکەیان چۆڵکردو بەرەو ملە سوورە رۆیشتن، کەلوپەلێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو.واتە کۆمەڵێک شتیان لەگەڵ خۆیان بردووە,لەهەرشوێنێک بارگەیان خستبێت کەمێک لەو کەلوپەلانە جێماون .چونکە سەرەتا بەمەکینە رۆیشتوون و پاشان بەپیادە و دواتر بەبەندکراوی گواستراونەتەوە.دوا کەلوپەلی هەموو ماڵەکەمان، ئەم لێفەی لێماوەتەوە و دایک وباوکم لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆتۆبزاواو پاشان نوگرە سەلمان .کاتێک لەتۆبزاوا ژن و منااڵ گەنج لەیەکتری جیادەکرێنەوە، دایک وباوکیشم دەکەونە بەریەک وەجبەو دەبرێن بۆنوگرە سەلمان .دایکم جگە لەلێفەکە پیاڵەیەکی شوشەی سادە لەگەڵ خۆی دەباتە نوگرە سەلمان، دایک وباوکم سودێکی زۆریان لەو لێفەیە بینیوە، چونکەبەندیخانەیەکە بەگشتی خزمەتگوزاریی تێدانەبووە و هیچ

کەلوپەلێکیان لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە پێنەدراوە.بەڵام کەباوکم بەرلەئازاد کردنی دایکم لەنوگرە سەلمان بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات و لەوێ دەنێژرێت،لێفەکە دەکەوێتە لای دایکم ئەویش هەمیشە پێیوابووە بۆنی هاوسەرەکەی پێوەیە،بۆیەدوای ئازاد کردنیان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتەوە بۆ گەرمیان،ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە تائێستا پیاڵەکەو لێفەکە لەلای خۆم پاڕێزراوە و لەخۆشەویستی ئەم یادگارییانە،لەماڵەکەی خۆمدا لەنهۆمی دووەم مۆزەخانەیەکی سادەو بچووکم کردووەتەوەو ئەم کەل و پەلانەشم تێدا پاراستووە .

چیرۆکی دووەم: (تەماتە)



کاک عەلی لەگێڕانەوەی چیرۆکێکی تردا دەڵێت:دوای ئەوەی دایکم لەنوگرە سەلمان ئازاد کرا،هەمیشە نەخۆش بوو،کاریگەری نوگرە سەلمان هێشتا بەسەریەوە مابوو.بەو هۆیەوە چاوی لەدەستدا.کەهاتەوە هەستماندەکرد هەرخواردنێک تەماتەی تێدا بێت دەستی بۆنابات و نایخوات.کاتێکیش چاوەکانی لەدەستدا هەوڵمان دەدا بەهەر شێوەیەک بێت تەماتە بخوات بەڵام کەدەمانخستە بەردەستی هەستی پێدەکردو نەیدەخوارد.کاک عەلی دەڵێت:نێوانی منو دایکم زۆر خۆش بوو هەمیشە گاڵتەم لەگەڵ دەکردو دەمگوت هەردەبێت تەماتە بخۆیت .زۆرم لێکرد و چەند جارێک هەوڵم دا سوودی نەبوو.لەپڕێکا دەستی کرد بەگریان و گووتی :چۆن من لەدوای باوکت تەماتە بخۆم ،ئیتر ئەو کاتە وازم لێبهێناو گوتم باکەمێک هێوربێتەوە ئینجا پرسیاری لێدەکەم و بزانم هۆی چیە کەتەماتە ناخوات .پاشان بەیەکەوە دانیشتین وپرسیارم لێکرد؛کەبۆچی تەماتە ناخوات،دایکیشم بەگریانەوە گووتی کوڕم زەحمەتە دوای باوکت تەماتە بخۆم ،ناتوانم ،چونکە باوکت لەسەرە مەرگدا بووگووتی گورجی تەماتەیەکم بۆپەیدا بکە ئەمرم ،منیش دەستمبرد بۆناو کەواو سەڵتەکەی تەنها پێنج دیناری لوول دراووم تێدا دۆزییەوە،بردم بۆ ناو هۆڵەکان بۆتەماتە کڕین،ماوەیەک لەناو خەڵکەکە گەڕام هەرچۆنێک بێت تەماتەیەکم پەیداکرد،بەپەلە گەڕامەوە بینیم ،دەوری باوکت قەرەباڵغە و باوکت مردووە.بەداخەوە باوکت بەر لەمردن نەگەیشتە ئەوەی تەماتەکە بخوات.ئێستا کوڕەکەم تێگەیشتی من بۆ ناتوانم تەماتە بخۆم ..!

چیرۆکی سێیەم:

ساڵی ١٩٩٢ بەکری برام دوای ئەنفالبوونی ژن ومناڵەکانی،هاوسەرگیری دووەمی کرد.ئەو کاتە ئێمە سێ برا،عەلی و بەکرو عومەر هەرسێ برا بەیەکەوە دەژیاین.هێشتا من و عومەری برام هاوسەرگیریمان نەکردبوو،براژنەکەم واتە هاوسەری بەکری برام کەلوپەلەکانی دایکمی دەرکردبووبۆ ئەوەی بیانشۆرێت .براژنەکەم بانگی کردم و گوتی عەلی ئەو کراسەی دایکت شتێکی تێدایە نامەوێت دەستکاری بکەم حەز ئەکەم خۆتان دەستکاری بکەن. کەڕۆیشتم گووتی لەناو سوخمەکەی دایکتدا شتێک بەدەزوو بەقایمی دووراوەتەوە.ئیتر دوودڵم وئەترسم بیخەمە ناو ئاو و شتێکی تێدابێت ودواتر خەمی بۆبخۆین.کەسەیرم کرد بەدەزوویەکی سپی قایمتر لە دەزووی ئاسایی دروومان دووراوەتەوە.هەرچۆنێک بوو وردە وردە دەستمان بردو دەزووەکە بکەینەوە،دواتر بەکری براشم هات وبینی و دەستی کرد بەگریان و لە ژورەکە ڕۆیشتە دەرەوە یەکسەر بەدوایدا ڕۆیشتم

بینیم بەکری برام لەژورەکەی خۆی بەکوڵ دەگری ولەسەر دەم پالکەوتووە و زۆر بێتاقەت بووە.بەشێوەیەک دەگریا لەناخەوە دەسوتا .دوای هێور بوونەوەی براکەم. ئینجاپرسیارم لێکردکە هۆکاری ئەو گریانەی چیبووە،؟ئەویش گووتی:ئەو گیرفانەی دایکم دروستی کردووە کەلو پەلی منالەکانی منە،(واتە ئەو منالانەی ئەنفالکراون)پێشتر من کردبوومەوە بینیم شتو مەکی منالەکانی منە،ئیتر وەک خۆی دووریمەوە و دامخستەوە.هەموویان کەرەستەی یاری منالانەبوون و بریتی بوون لە تایەی ئۆتۆمبیلی بچووک سێ قۆچەی بێجامەی منداڵەکان وچەند پارچە یارییەکی رەنگاو رەنگی منالان کە قەبارەیان زۆر بچووک بوون کەهی منالەکان بوو دیار بوو لێیان کەوتبوو،ئەویش لای خۆی پاراستبوونی.

دایکم بەحسابی خۆی لەشوێنێکی قایم بۆی هەڵگرتوون بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ خۆی لەنوگرە سەلمان ئەم شتانەی لای خۆی پاراست و کەگەڕایەوە گرێی فەقیانەکەی نەکردەوە بەو هیوایەی ئەگەر رۆژێک لەڕۆژان ئەو منالانە لەئەنفال هاتنەوە ئەو شتانەیان پێبداتەوە وبڵێ ئەوە شتەکانتان...کاک عەلی سەبارەت بەکەرەستەی منالەکان دەڵێت:بەداخەوە ماوەیەک لای خۆم هەڵمگرتن وەک یادگاری بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە نەمزانی چی لێهات و لێم ونبوون.

ناوی منالەکانی براکەی

1. **سروە**
2. **شلێر**
3. **ئارام.**
4. **دایکیان بە ناوی (جوەیدە ئیبراهیم حەمید)**

لەگەڵ کەسێکی تر ژن بە ژنیان کردبوو لەشەوێکدا بەکری برای و زاواکەیان بەیەکەوە لەشەڕی جوندئەلئیسلام لە٢٠٠١/١١/٤ شەهیدبوون.





کەریم عەلی قادر – گوندی جەلەمۆرد:

پێنج کوڕو دوو کچم ئەنفالکراون.ناوێرم باسی تۆمەتبارانی ئەنفال بکەم

سمکۆ سابیر

ڕۆژ ٢٠١٦/٥/١٠

کات: ١٢ی نیوەڕۆ

شوێن: گوندی جەلەمۆرد

فۆتۆ. ئەنفالستان



کەریم عەلی قادری گوندی جەلەمۆرد.سەبارەت بە مێژووی گوندەکەی دەڵێت: هەزار ساڵە گوندەکەمان ئاوەدان و ژیانی تێدابووە. ناوەکەشی لەوە هاتوە کەمۆردی هەیە،جەلەکەش لە جەلیلەوە هاتووە کەپێدەچێت لەسەر دەستی ئەوجەلیل ناوە مۆردەکە روابێت،دواتر بووە بەجەلەمۆرد. ئەم پیاوە لەخانەوادەکەی تەنیا خۆی و هاوسەرەکەی و کچێکی لەشاڵاوەکانی ئەنفال رزگاری بووە بەناوی (مریەم) دوو کچو پێنج کوڕی ئەنفال کراون. کچەکەشی ئێستاش لەژیاندایە و لەگوندی جەلەمۆر هاوسەرگیری کردووە . هاوسەرەکەشی لەژیاندایە.سەبارەت بەشاڵاوی ئەنفال ،مام کەریم دەڵێت: ئێمە نزیکەی بیست و پێنج خێزان بووین لە چل لولە دەستگیرکراین،دواتر گوازرایینەوە بۆ گوندی تورکمان باخ و لەوێ هەرچۆنێک بێت هاوسەرەکەم و کچێکی کەتازە لەدایکبوو،لەڕێگەی جاشێکەوە رزگارمکردن و نەمهێشت ئەنفال بکرێن.بەڵام خۆمان گوازرایینەوە بۆ دووبەش ،بەشێکی بۆتەقتەقو بەشێکی تریشی بۆچەمچەماڵو دواتر بۆ تۆبزاوای کەرکوک وبەتۆبزاواش ژنو منااڵکانیان لەیەکتری جیاکردەوە،ئیتر نەمانبینینەوە .ئێمەش کەهەموومان بەتەمەنو پیرەکان بووین گوازرایینەوە بۆ نوگرە سەلمان و تالێبوردنی گشتی،بۆماوەی شەش مانگ لەنوگرە سەلمان بووین. سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانو گوزەرانیان لەماوەی ئەم شەش مانگەدا دەڵێت: ڕۆژانە نزیکەی ١٠– ١٢ کەسمان لێدەمرد،دوای ئەوەی مردووەکانمان دەخستە ژێر کەمێک لەمەوە،گەلە سەگێک هەبوون زۆربەیان ڕەش بوون،لمی سەر لاشەکەیان لادەبردو لاشەکانیان دەخوارد.ئێمە لەپەنجەرەیەکەوە سەیرمان دەکرد،پشتمان بۆ یەکتری دادەناو بەباشی دەمانبینی کە سەگ هەموو لاشەکان دەخۆن .دەیان حاڵەتی لەو جۆرەم بینی .حەوت بۆهەشت کەسی جەلەمۆرد لەوێ مردن .جگە لەوەش زیاتر لە دووسەد کەسم بینیوە کەبەمردوویی سەگ خواردویەتی .ڕۆژێک پیاوێک پێیگووتم ئەو سەمونەی وەریدەگرێت،خوێ ی تێبگە ئەگینا دەمرێت.بۆیە هەتا ئازاد کراین،من خوێم دەکردە ناو سەمونەکەمەوە. کوڕەکانی مام کەریم بریتی بوون لە: حەوێز،عەباس .قادر,موسا،وەلی.کچەکانیش : سەلمە.نەورۆز.مام کەریم ،دەڵێت: خانووی ئەنفالانەمان بۆکراوە,بەڵام گلەیی لەچۆنیەتی موچەپێدان و ئیمتیازات هەیە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و دەڵێت: ئێمە لەبەر ئەوەی تەنها دوو سەرخێزان بووین،موچەکە کەمیش بوو بەڵام بەشی دەکردین،بەڵام ئێستا چۆن دەبێت ئێمە ٥–٦ مانگ بەوشێوەیە موچەمان پێبدەن،بەو شێوەیەبێت هەربەشمان ناکات و ژیان

و گوزەرانمان سەخت تر دەکات.سەبارەت بە داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوان بۆ دادگایی کردنی ئەوجاش و موستەشارانەی دەستتیان لە ئەنفالدا هەیە،مام کەریم دەڵێت: ئەوپیاوەی ئێمەی رادەستی حکومەت کرد ئێستا لەژیاندا نەماوەو مردووە،من خۆشم تەنیام وکەسک نییە و بێکەسم ئەوانییش کەسوکاریان زۆرە. بۆیە من دەرەقەتی ئەوان نایەم و نەهیچ دەڵێم ونەکێشەش بۆخۆم دروست دەکەم.(تکای لێکردم کەباسیان نەکەم). ئەم پیاوە گلەیی لەکەمی خزمەتگوزاری گوندەکەی کرد کە نەقوتابخانەی تێدایەو نەدکتۆریش لە نەخۆشخانەکە دەوام دەکات .رێگاکەشیان خراپەو بڕیاروابوو لەگوندی گڵناغاجەوە قیرتاو بکرێت بەڵام نەکرا.مام کەریم هیوای خواست موچەکەی بۆ باشبکرێت و رێزی زیاتر لەکەسوکاری ئەنفال بگیرێت و روفاتی ئازیزانیشمان بۆبگەڕێتەوە.ئەم پیاوە خۆی و هاوسەرەکەی لەماڵێکی چۆڵدا بەیەکەوە دەژینو مریەمی کچیان جارجار سەردانیان دکات کە لە جێگەی پێنج براو دوو خوشکی، کە لمی بیابان لولی دان و ئیدی جارێکی تر نەگەڕانەوە. ئەم ئاهێک بۆدایک و باوکی دەگێڕیتەوە.

دارگوێزێك دەیان ساڵە لەبەرامبەر پەلامارەکانی بەعس خۆی راگرتووە.!



ئامادەکردنی سمکۆ سابیر

دۆڵی مەلەکان

رۆژ ٢٠١٦/٥/١٢

لەکاتی گەڕانەوەمان لەدۆڵی مەلەکان، کاک واحێد خەلیفانی، کەبەدرێژایی رۆژەکە یاوەرم بوو بۆ ناحیەی بالیسانو گوندی شێخ وەسانان، باسی داریکی زۆر بەتەمەنی بۆکردم لەگوندی (کەندۆران) کە لەکاتی کیمیابارانکردنی ٣١/٧/ ١٩٨٨ بەر کیمیاوی کەوتووە و لایەکی سوتاوەو وشک بووە بەڵام خۆشبەختانە هێشتا سەوزە و گەشە دەکات و لەناو نەچووە.داوام لێکرد کەگەیشتینە دارەکە بوەستێت و لەبیری نەچێت،لەکاتی گەڕانەوەمان چەند جارێک ئەوەم لەکاک واحێد دووبارە کردەوە کەئایا لەدار گوێزەکەتێنەپەڕیوە،ئەویش بەجۆرێک لەدڵنیابوونەوە،ئەڕێ نانا،هێشتا ماومانە،خۆ هیچ رێگەی ترمان نییە بۆگەڕانەوەمان،تەنها ئەوێ نەبێت،ئیتر بەس ئەوەندە دووبارەی بکەیتەوە. دوای ماوەیەکی کەم، گەیشتینە دارەکەو لەئۆتۆمبێڵ دابەزین،هەمان وەسف بوو کەبۆم باسکرابوو،بەڕێکەوت کەسێکی بەتەمەنی دۆڵی مەلەکان لەوێ تیپەڕی ودوای خۆناساندن، داوامانلێکرد چی لەسەر ئەو دارە خۆڕاگرە دەزانیت بۆمانی باس بکە.پیاوەکە ناوی عەلی حەمەدەمین بوو خەڵکی مەلەکان بوو بەو شێوەیە باسی ئەو دارەی بۆکردینو گووتی: لەساڵی ١٩٧٤ەوە ئەو دارەم بینیوە زۆر گەورەبووە وساڵانە بەرێکی زۆری هەبووە(خۆیان گوتەنی ؛(گوێزانی داوە). بەلایەنی کەمەوە دارەکە تەمەنی ١٣٠ بۆ ١٥٠ ساڵ دەبێت. بەڵام بەداخەوە لەکاتی کیمیابارانەکەی ١٩٨٨ لایەکی وشک بوو،کاک عەلی باسی ئەوەشی بۆکردین .بەدرێژایی رێگەی نێوان کەندۆران تاناو مەلەکان بەهیچ شێوەیەک هەتاوت بەرنەدەکەوت بەڵام چەکی کیمیایی هەمووی لەناو بردو وشکی کردن،یا نیوەی دارەکانی سوتاند.لەڕوبەڕووبونەوەی بەعس و کردەوە نامرۆڤانەکانی هەر مرۆڤەکان رووبەڕووی نەبوونەوە،بەڵکوو ژینگەش بەرگەی پەلامارەکانی ئەو ڕێژیمەیان گرتو ئامادەنەبوون کوردستان چۆڵبکەن .ئەوان سەدان و هەزاران ساڵە لەسەر هەرکانی و ئاوێکی ئەو شاخانە هاوڕێ و دۆستی ئێمەنو هەرلەگەڵ ئێمەش دەمێننەوە.

دارخورماکانی ناوچەی داوێ

ئامادەکردنی: سمکۆ سابیر



بەمەبەستی تەواوکردنی دیمانەی مام حەمیدی سەید جەژنی کە بەهۆی شالاوەکانی ئەنفال ،ڕەوانەی نوگرە سەلمان کرابوو، لەزستانی ئەمسالدا لەرۆژێکنی سارد و باراناویدا لە لەگەڵ کاک عەلی قەڵەو مام حەمیدو و کوڕێکی مام حەمید ڕۆیشتین بۆ هەزار کانی ،لەکاتی بەڕێکەوتنمان لەگوندی سەیدی جەژنی بەرەو هەزار کانی کە تەنها ١٢-١٥ خولەک ماوەی ڕێگاکەیە،کاک عەلی و مام حەمید یەکتریان ناسی و ئەوەی دڵی کاک عەلی خۆشکرد شایەتیدانی مام حەمید بوو سەبارەت بەمردنی محەمەد زۆراو لەنوگرە سەلمان کەدەکاتە باوکی عەلی قەڵەو. بۆکاک عەلی خۆشی و ناخۆشی تێدابوو لەلایەک مام حەمید باسی چۆنیەتی مردنی باوکی بۆ کردو لەلایەکی تریش بریتی ٢٩ ساڵەی کولایەوە, چونکە مردنی باوکی عەلی قەڵەولەنوگرە سەلمان چیرۆکێکی تراژیدی لەپشتەوەیەوە لەشوێنی تر نوسراوەتەوە .کەگەیشتینە هەزار کانی کەشێکی ساردبوو نم نم باران دەباری و مام حەمید بردمانیە سەر شوێنی کەلاوەکەی خۆیان کە بەر لەشالاوی ئەنفال لەسەید جەژنیەوە هاتبوون بۆ هەزار کانی و خۆیان وتەنی خانویەکیان بەبەرد دروست کردبوو،دوای تەواو بوونی بەشی کۆتایی دیمانەکەی مام حەمید,وەک تێبینییەک کاک عەلی باسی ئەوەی کرد کە هاوشێوەی هەزار کانی بەعس هیچ دارخورمایەکی لەداویە نەبڕیوە یا نەیسوتاندووە، ئەوەش بۆ من گرنگ بوو بۆ ئەوەی لەڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە چەند زانیارییەکمان دەست بکەوێت لەسەر دارخورماکانی داویە.ئیتر بەدوا دۆاچوونم بۆ کردو گەیشتینە ئەوەی لەناوچەی داویە بەتایبەتی دەیان و سەدان دار خورما هەبوون کەحکومەت لەکاتی ئەنفال دەستی بۆ نەبردوون و وەک پیرۆزییەک سەیری کردووە بەپێچەوانەوە بەسەدان و هەزاران باخی تری لەگەڵ زەوی تەخت کردووەو سوتاندوویەتی.

سمایل حاجی عەباس خەڵکی گوندی گەرمکی داویەیە دەڵێت: ١٥ دارخورما هەبوو لەگوندی گەرمک، تەنها لەحەوشەکەی ئێمە نزیکەی هەشت دارهەبوو، لەماڵەکانی تریش حەوت بۆ هەشت دارخورمای تر هەبوون ئەوانیش بەسەر سێ بۆ چوار ماڵی تر دابەشبوون سەید لوتفەللا.لەحەوشەکەی حاجی وەلی چەند دارخورمایەک هەبوو .ماڵی سەید قادر بەهەمان شێوە دارخورمایان هەبوو.سمایل ئەوەشی وت :وەک ئەوەی من لەگەورەکانی پێش خۆم بیستوومە لەساڵی سییەکان بۆ چلەکانی سەدەی رابردوو ئەم دارخورمایانە هێندراون بۆ گەرمک بەڵام بەدەست نیشانکراوی مێژوویان دیارنییە. دواتر لەدرێژەی بەدوا داچوونی زیاتر دەرکەوت ئەم دارە لە لەناو ماڵەکانی باشتەپە وارانی هەبووە.لە ئاوایی چەچان و قومپەڵک وئاواییەکانی دەوربەری هەبووە . سمایل دەڵێت :ئێمە لەدوای ساڵی ١٩٩١ کە گەڕاینەوە تەنها دوو دارخورما لەشوێنی

خۆمان تەنها دوو دارخورما مابووەوە .لەزۆربەی گوندەکانی داویە دارخورما هەیە پێدەچێت ئەو دارخورمایانەی کەلەدوای ئەنفال نەماوون خەڵکەکە لەداخا یا پێشمەرگەی پارتیزان سوتاندبیان یان بڕیبیانەوە .حەمە رەشید تووکنی پێشمەرگەی دێرین وپارتیزانی دوای ئەنفال جەخت لەوە دەکاتەوە کەدەیان گوندو ئاوایی گەرمیان بەتایبەتیش گوندەکانی داویە دارخورمای هەبووە و ئەوانیش وەکو پارنیزان هیچ لەو دارانەیان نەبڕیوەتەوە.باسی لەوەشکرد رۆژێک سەردانێکی گوندی گەرمکمان کردو تەنها چەند دارخورمایەکی لێمابوو لەیەکێک لەدارخورماکان یەک فەردە خورمامان لێکردەوە ئاواییەکەمان بەجێهێشت. جێگەی ئاماژەیە:جگە لەناوچەی داویە، لەناوچەی زەنگنە و بنەی جاف و بناری گل دارخورما لەئاواییەکان بوونی هەبووە بۆنمونە لەناوچەی زەنگنە لەگوندی عەلیان دارخورما هەبووە و تائێستاش ماوەتەوە هەروەها لەگوندی هەزار کانی گوندەکەی شێخ حسێنی هەزارکانی تائێستا دارخورمای لێماوە لەم چەند مانگەی رابردوو یەکێک لەدارخورماکان بەهۆی نەخۆشییەوە وشکبووە .ئامانجی من لەم چەند دێرەدا بەبیر هێنانەوەی کولتوور و ئایدیای حزبی بەعسە سەبارەت بەکورد، بەعس بۆماوەی حەوت مانگ لەشالاوەکانی ئەنفال هەموو شتێکی روخاند، سووتاند، خاپور و وێرانکرد، کەچی نەیهێشت دارخورماکانی کەبەعس وەک رەمزی عروبە و داڕێکی پیرۆز سەیر دەکات، بکەون و لەناو بچن، شەڕی بەعس شەڕی پیرۆزی خۆی بوو بەسەر پیرۆزییەکانی تر لەنەتەوەکانی تر .بەعس دارخورماکانی بۆیە بەپێوە هێشتەوە بۆ ئەوەی پێمانبڵێت ئەوەی وەک بەعس لەعێراقێکی عروبە بیر نەکاتەوە جێگەی نابێتەوە .بەداخەوە کولتووری دوای بەعسیش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە کەپێمان وابێت بەعس نەماوەو ئیدی نەتەوەو نەتەوایەتیمان ترسی و هەڕەشەی لەسەر نییە .

هاواری زامێکی تەڕ

لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا زۆرجار چیرۆکی پێشمەرگەیەکی بریندارم کەرتی (٥)ی تیپی (٥١)ی گەرمیانیان بۆ گێڕاومەتەوەو هەندێکیش لەبارەیانەوە نوسیوە، لەوانە حسێن سۆران لەکتێبەکەیدا ئەنفال وجەنگاوەرانی سارانشین، مەلاتەحسین گەرمیانی، لە دەستنوسێکدا بۆی رەوانە کردووم، پێشمەرگەی پارتیزانی دوای حەمەرەشید توکنی و دواکەسیش پێشمەرگەی پارتیزان، جەمال وارانی، هەموویان باسی سەختی رۆژگاری ئەنفال و رۆژی حەشرێک دەکەن، کە کورد بێکەسترین میللەت بووە لەو حەشرەدا، ئەوپێشمەرگەیە دوای ئەوەی بریندار دەبێ و توانای رۆیشتنی نامێنێ و هاورێ و هاوسەنگەرەکانیشی لەو تەنگانەیەدا تفەنگەکانی خۆیان لێ بووە بەبار، ئیدی چۆن بتوانن، بریندارێک هەڵبگرن کەکەس نازانێ لەکوێ دەتوانن، بیگەیەنن لای فریاد رەسێک ! مەلا تەحسین گەرمیانی دەڵێت : خەلیل هاواری دەکرد فیشەکێکی پێوەبنێن و بیکوژن بەس بەتەنیا بەجێی مەهێڵن، جەمال وارانی دەڵێت بریندارەکان تەسلیم بوونەوە، ئەوبریندارەش کەلەگەڵماندا بوون زۆر وەزعیان خراپ بوو، لەهەموویان خراپتر خەلیل بوو، زۆرهەوڵمان لەگەڵ دکتۆرەکەماندا دەرزییەکی لێبدات و گیانی دەربچێت و چیدی بەوعەزابەوە نەمێنێتەوە، چونکە نەماندەتوانی هیچی بۆ بکەین هیچمان پێنەدەکرا، هیچ نەبوو بۆی بکەین، دکتۆرەکە رازی نەبوو، ئەویش هاواری دەکرد کەوا فیشەکێکی پیوە بنێین وبیکوژین، بەڵام چۆن ئەوە دەکرا ؟ هاوسەنگەری خۆت بکوژی . بەڕاستی دەتوانم بڵێم ئەنفال رۆژی حەشر بوو، مەلا تەحسین دەڵێت : دواجار لەسەر بەردێک دایاننا و بەتانیەک وهەندێک نایلۆنیان تێوەپێچاو کەمێک نانەرەقیان لەنزیکیەوە داناو بەجێیانهێشت، تفەنگەکەشی هەرلەتەنیشتەوە بوو، هەتا دوریش کەوتینەوە دەنگی هاوارونالەی هەردەهاتە گوێمان بەڵام کەتەواو دورکەوتینەوە گوێم لەدەنگی فیشەکێک بوو تەقی و ئیدی گوێم لەدەنگی ئەویش نەما .

بەداخەوە زۆر هەوڵمدا ناوی سیانی ئەم پێشمەرگەیەو وێنەیەکیم دەست بکەوێت هەر چنگمان نەکەوت .

ئەنفالی گوندی گەرمك، ئامارو چیرۆکی قوربانی

ئامادەکردنی :سمکۆ سابیر

٢٠١٦ گەرمیان



گوندی گەرمک یەکێکە لە گوندەکانی گەرمیان لەسەرسنوری عەشیرەتی داودەو بناری گل ،دەکەوێتە رۆژهەڵاتی قەزای خورماتووە وە بەنزیکەی ٣٥ کیلۆمەتر.بەر شاڵاوەکانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨زیاتر لە١٢٠ ماڵ بووە.ئەم گوندە پێشتر سەربەناحیەی نەوجول ولەئێستاش لەڕووی ئیدارییەوە سەربەناحیەی زینانەیە وچیای مازووخ بەدرێژایی نزیکەی ٣٥-٤٥ کیلۆمەترباڵی کێشاوە بەسەر سنووری گەرمک دا لەباکورەوە،سرووشتێکی بەرزو نزمی هەیە،چەندین کانیاوی جوانو سازگاری تێدایە،وەک: کانی سارد،کانی کوڕانە،کانی چەم باخ،کانی خرکەنان،کانی کوچکینە،کانی بەڵەگە. هاوێنەهەواری (خۆرنەوەزان) دەکەوێتە رۆژهەڵاتی گوندەکە،خۆرنەوەزان شوێنێک بووە،زۆر حەشارگەی تێدابوو کە پێشمەرگە پارتیزانەکانی سەردەمی شاڵاوی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨خۆیان تێدا حەشارداوە.جگە لەبەرهەمی گەنمو جۆ لەڕووی باخو باخداریەوە،پێش ئەنفال گرنگی پێدراوە،ئەوەش بەهۆی ئەوەی چەمی ئاوە سپی بەبەردەم گوندە تێدەپەڕێت. لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە نێوان عەشیرەتی داودەو گوندی قەوالێو بناری گلەوە.سەید عەدنان گەرمکی سەبارەت بە مێژووی دروستبوونو ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندە دەڵێت:بەپێی سەرچاوەکان هەندێ لەنەوەکانی پیرحدری شاهۆ هاتونەتە باشووری کوردستانووەچەو نەوەیان لێکەوتۆتەوە،دابەش بوون بەسەر چەند ناوچەو شوێنێک.هۆزو تیرەی گەرمک لەگەرمیاندا کەبەنەسەب سەیدن ئەچنەوە سەر پیر مەحمودی کوڕی گەورەی پیرخدری شاهۆ کەنۆ کوڕی هەبووە.سەید دەرویش لەگەڵ سێ برازاکەی ناوەکانیشیان بریتین لە:(شێخ قولی،شێخ عەلی،وشێخ وەلی)هەرسێکیان برابوونە لەساڵی ١٢٠٠کۆچیدا هاتونەتە گوندی گەرمک و لەو گوندەدا جێگیربوون.لەو کاتەدا (قشڵاخ) بووە بەڵام لەو کاتەوە بە(سەیدەکانی گەرمکی گەرمیان) ناسراون.تاوەکو ئێستا نەوەیان لەژیاندا ماوەوبنەماڵەکەیان بەسەر شارەکانی خورماتوو،کەلار،کفری،کەرکوکو سلێمانی وبەغداد دابەش بوون .ئەوەی جێگەی داخە سەرباری زۆری ژمارەی قوربانییەکانو گرنگی ناوچەکە تاوەکو ئێستا کارەبای نیشتیمانی لەلایەن ئیدارەی گەرمیانو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆئەو گوندە دابین نەکراوە.تەنها خانویەکی ٦ پۆلی تێدا دروستکراوە بەڵام هاتوچۆکردن لەهەموو ڕێگاکانەوە بۆ گوندی گەرمک سەختو دژوارە.بۆیە پێویست دەکات لەم ڕووەشەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکرێت.ئەمە جگە لەوەی سرووشتی گوندەکە کەوتۆتە سەر ئاوەسپی کەچی ئاوی خواردنەوەیان وەکو پێویست پاک نییەوبنکەی تەندروستی نییە.لەڕووی کشتوکاڵیش ئەو ناوچە گرنکە لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری نەکراون لەکاتێکدا بەهەزاران دۆنم زەوی بەراوو دەیمیان هەیە.

گوندی گەرمک وەک زۆرێک لەگوندەکانی گەرمیان لانکەی شۆڕشەکانوخەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردبووە،تاوایلێهاتووە بەرلەئەنفال بەدەیان ماڵە پێشمەرگەوسەربازی هەڵاتوو لەو گوندەدا گیرساونەتەوە.ئەمەش بەهۆی ئەوەی جێگەیەکی شیاو بووە بۆ خۆ حەشاردانو دووركەوتنەوە لەمەترسیی ڕیژیمی بەعسو سیخوڕەکانی.گوندی گەرمک خاوەنی ٢٨٩ئەنفالە و ١٥ شەهیدی سەنگەرو ٨ شەهیدی تیرۆروجەنگی داعشی هەیە.هاوڵاتی ئەو گوندە هیواخوازن رۆژێکدابێت ئاوڕێکی جددیان لێبدرێتەوە لەلایەن

حکومەتی هەرێمو دەزگا پەیوەندیدارو خزمەتگوزارییەکان .سەید عەدنان گەرمکی ژمارەیەک کەسوکاری ئەنفالە و زۆربەی ئەنفالکراوانی ئەم گوندەش خزم و کەسوکاری ئەون، بەم شێوە باش لە چۆنیەتی ئەنفال کردنی گوندەکەی بۆ ئەنفالستان دەکات : لە رۆژی٧/٤/ ١٩٨٨فەوجی (٦٥) ی هێزی تایبەتی سوپای عێراقی کە عەمید روکن بارق حنتە ئامر لیوای بوو هێرشیان کردە سەر ناوچەکە بە پاڵپشتی تانک و زریپۆش وسوپاوجاشە خۆفرۆشەکان ، دێ بە دێ دانیشتوانەکەیان دەستگیر دەکرد و خانووەکانیانیان دەڕووخاند و خاپوریان دەکرد کە زیاترلە٤٠ گوند دەبوو ، بەڵام دێی گەرمکی سیدەکان لەبەر تۆبۆگرافیای سەختی بە هێزی ئاسمانی بۆی دابەزین و خەڵکی گەرمکیان بە هەلیکۆپتەر دەگواستەوە بۆ قەزای دووزخورماتوو لە وانە ٢٨٩ کەسوکارمان لە سەیدەکانی گەرمک، وە ١٨٣ کەسی تر لە دانیشتوانی گەرمک کە پێک هاتوو بوون لە ماڵە پێشمەرگەو ماڵە هێزی پشتگیرییەکان و زۆر لەو کەسانە سەریان دانەنواندبوو بۆ رژیم لە بەر ئەوەی سەربازی رژێی بەعس نەکەن و نەبن بە جاش و فەوجی خەفیفە بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن.گەرمک گوندێکی شیاو بوو بۆ دانیشتوان و دوژمن بە ئاسانی زەفەری پێنەدبرد. لە گوندەکەدا، سەرەتا نزیکەی(٥٠٠) کەس دەسگیرکران لەوانەی لە گەرمک مابوونەوە ، دواتر پیاوەکانیان برد بۆ ناوشاری خورماتوو لە خوێندنگەی(ناوەندی الرشید) کۆکرابونەوەوە ئافرەتەکانیان برد بۆ (مەرکەز ئەلشەباب– ناوەندی گەنجان)لە پاش مانەوەیان لەوجێگایەدابۆشەوورۆژێک لەپاشانداگوێزرانەوە بو تکریت لە بارەگای (جیش الشعبی) لە دووریانی ناحیەی (عەلەم) و قەزای دۆر کە لە دەرروازەی شاری تکریتە .لەوێ زیندانیکران ، لە تکریت منداڵانیان لەدایکیان جیاکردەوەو،ژن و پیاویش بە جیا،هەر لەوێدا زۆر کەسیان گوللەباران کرد، لەوانەی بە شەو دەیانبردن و نەدەهاتنەوە،لەوێ ئامۆزایەکی باوکم بە ناوی سەید ئیسماعیل سەید جەلال لە گەڵ ٣سێ لەکورەکانیدا شەو گوللە باران کراون بە هۆی ئەوەی هاوکاری تەواوی هێزی پێشمەرگەیان کردوە و ناسراو بوونە لە ناوچەکەدا،جگە لەخۆشیان سەرجەم خیزانەکانیان ئەنفال کراون کەژمارەیان"١٨"کەس بوون.

ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی گەرمک بەو شێوەیەیە:

ز	ناوی تەواو	تەمەن	تێبینی
١	ناسیح رەشید عەلی جەلال	١٩٦٩	
٢	خورشید رەشید عەلی جەلال	١٩٧١	
٣	خەڵەف رەشید عەلی جەلال	١٩٧٤	
٤	مەلیحە رەشید عەلی جەلال	١٩٧٨	. لەنوگرە سەلمان شەهیدبووە
٥	دڵپاک رەشید عەلی جەلال	١٩٨٧	. لەنوگرە سەلمان شەهیدبووە
٦	خورشید حەمید ئەحمەدجەبار	١٩٥٣	
٧	حەیدر حەمید ئەحمدجەبار		
٨	هۆشیار عومەر حەمید ئەحمد		
٩	میقداد ئەحمد کەریم		
١٠	عائیشە نوری ستار		
١١	شوکور عوبێد محەمەد		
١٢	رەئوف شوکور عوبێد		
١٣	سنجار ئەحمد جەبار		
١٤	مەعروف شوکور عوبێد	١٩٧٠	
١٥	نەوزاد شوکور عوبید		

١٦	نوری شوکور عوبێد	١٩٦٨	
١٧	حەبیب عوبێد محەمەد	١٩٤٨	
١٨	سنجار حەمید ئەحمد جەبار		
١٩	داخل حەسەن عەلی محەمەد	١٩٦٥	
٢٠	عادل حەسەن عەلی محەمەد		
٢١	سەمیرە حسێن مەحمود خدر	١٩٦٣	وارسی عەدنان حسێن/ سەید عەدنان
٢٢	خورشید رەشید حسێن	١٩٧١	
٢٣	ئارام خورشید رەشید حسێن	١٩٨٨	لە بەندیخانە لەدایک بووە و لە نوگرە سەلمان مردووە
٢٤	حەکیم سدیق لوتف ئەڵڵا		
٢٥	هەنارە حەمید ئەحمد جەبار		
٢٦	جەواد حەکیم سدیق لوتف ئەڵڵا		
٢٧	سیامەند حەکیم سدیق لوتف ئەڵڵا		
٢٨	ژیان حەکیم سدیق لوتف ئەللا		
٢٩	بەیان حەکیم سدیق لوتف ئەللا		
٣٠	عومەر سالّح وەهاب ئەفەندی	١٩٧١	
٣١	عەتیە سالّح وەهاب ئەفەندی		
٣٢	شوکور محەمەد حەمید		
٣٣	سەفەر محەمەد حەمید		
٣٤	بەهار محەمەد حەمید		
٣٥	کەژاڵ سەفەر محەمەد		
٣٦	نەرمین عەلی وەلی		
٣٧	مەجیدئیبراهیم وەلی		
٣٨	زیمە ئیبراهیم وەلی		
٣٩	جوانە ابراهیم ولی		
٤٠	خانم محەمەد کەریم		
٤١	ستار ئیبراهیم وەلی		
٤٢	نەجمە جومعە حسێن		
٤٣	خالید ستار ئیبراهیم		
٤٤	جوانە ستار ئیبراهیم		
٤٥	سابیر غەریب قادر		
٤٦	تالّیب سابیر غەریب قادر	١٩٧٢	
٤٧	بورهان سابیر غەریب قادر		
٤٨	فەرهاد خەیرولّا ئیبراهیم کاکە		
٤٩	نادیە حەمە جان		دایکی فرهاد خەیرولّا گەرمکی نییە
٥٠	جەبار محەمەد ئیبراهیم		
٥١	فاتیح حەمید ئیبراهیم		
٥٢	نوری مەحمود کاکە		

٥٣	ڕەسمیە مەحمود کاکە		
٥٤	محەمەد مەحمود کاکە		
٥٥	نەعیمە محەمەد		
٥٦	وەفا محەمەد مەحمود		
٥٧	پایزە محەمەد مەحمود		
٥٨	حەکیم محەمەد مەحمود		
٥٩	حەیات محەمەد مەحمود		
٦٠	سالّح ستار		
٦١	گولّچین لوتفەللا		. لەنوگرە سەلمان شەهیدبووە
٦٢	مەجید نوری ستار		
٦٣	بورهان نوری ستار		
٦٤	مەجید بورهان نوری		
٦٥	قانع بورهان نوری		
٦٦	ئامینە بورهان نوری		
٦٧	سەمیعە بورهان نوری		
٦٨	عەلی مەجید نوری		
٦٩	سەعید نوری ستار		
٧٠	چنار حەمید محەمەد		
٧١	فەرمان سەعید نوری		
٧٢	شیرین سەعید نوری		
٧٣	ڕەعد مەحمود دەرویش	١٩٦٥	
٧٥	لوقمان سالّح کاکە ئیبراهیم		
٧٦	باقی سالّح کاکە ئیبراهیم		
٧٧	قاسم سالّح کاکە ئیبراهیم		
٧٨	نەزیرە عەلی ئەحمەد		خیزانی سید قاسم گەرمکی نیە
٧٩	رزگار قاسم سالّح کاکە		
٨٠	گەلاوێژ قاسم سالّح کاکە		
٨١	محەمەد قاسم سالّح کاکە		
٨٢	ئیبراهیم قاسم سالّح کاکە		
٨٣	محەمەد عەلی محەمەد		
٨٤	کیژە ڕەحیم ئەحمەد		
٨٥	عەبدولواحێد مەجید مەحمود		
٨٦	کاروان عەبدولواحێد مەجید		
٨٧	جەمیلە قادر		
٨٨	میقداد ئەحمد کەریم		
٨٩	سابیر ئیبراهیم وەلی		
٩٠	حەبیبە محەمەد جەبار		
٩١	ڕەشید سابیر ئیبراهیم		

٩٢	ناسک سابیر ئیبراهیم		
٩٣	حەسەن ئیبراهیم وەلی		
٩٤	ئالّتون محەمەد رەشید		
٩٥	وەلید حەسەن ئیبراهیم		
٩٦	خالید حەسەن ئیبراهیم		
٩٧	کەمالّ محەمەد رەشید		
٩٨	جەمالّ محەمەد رەشید		
٩٩	دورسن لوتفەللّا جاسم		. لەنوگرە سەلمان شەهیدبووە
١٠٠	ئەنور سالّح وەهاب ئەفەندی	١٩٦٨	
١٠١	فاتیح ئەحمەد فەرەج		
١٠٢	ئەکبەر سالّح وەهاب ئەفەندی	١٩٦٢	
١٠٣	زوهریە ئەحمەد عەزیز رەزا		
١٠٤	ئەسکەندەر سالّح وەهاب ئەفەندی		
١٠٥	محەمەد ئەکبەر سالّح وەهاب		
١٠٦	ئیسماعیل عەلی مەحمود		
١٠٧	نەزیرە حەسەن ئەحمەد		
١٠٨	نەریمان ئیسماعیل ئەحمەد		
١٠٩	عەلی ئیسماعیل ئەحمەد		
١١٠	هیوا ئیسماعیل ئەحمەد		
١١١	ژیان ئیسماعیل ئەحمەد		
١١٢	ئەحمەد عەلی محەمەد		
١١٣	یەعقوب عەلی ئەحمەد		
١١٤	بیلال ئەحمەد عەلی		
١١٥	رەزا رەحیم ئەحمەد		
١١٦	جەیران محەمەد ئیبراهیم		
١١٧	ڕێزان ئەمین سەمین		
١١٨	بەرزان ئەمین سەمین		
١١٩	کەتان ئەمین سەمین		
١٢٠	جوانە ئەمین سەمین		
١٢١	محەمەد ئەمین سەمین		
١٢٢	کەریم عەبدوللاوەلی محەمەد		
١٢٣	عەبدوللّا وەلی محەمەد عەبدوللّا	١٩٥٣	
١٢٤	دینە مەجید محەمەد		
١٢٥	عەبدولنەبی عەبدوللّا وەلی	١٩٨٠	
١٢٦	عەبدولڕەحمان عەبدوللّا وەلی	١٩٨٣	
١٢٧	نەسرین قاسم سالّح کاکە ئیبراهیم		
١٢٨	گولّسان عەبدوللّا وەلی محەمەد		
١٢٩	عەدنان وەلی محەمەد عەبدوللا	١٩٦٥	

١٣٠	خورشید مجید محەمەد		
١٣١	سەباح خورشید مەجید		
١٣٢	بەدیعە محەمەد ئەمین		
١٣٣	سوهەیلە خورشید مەجید		
١٣٤	خەولە خورشید مەجید		
١٣٥	جەلال خورشید مەجید		
١٣٦	جەبار خورشید مەجید		
١٣٧	بەهجت کەریم محەمەد	١٩٥٢	
١٣٨	زینە مەجید محەمەد		
١٣٩	ئیکرام کەریم رەحیم	١٩٥٤	
١٤٠	جەمیل نوری مستەفا	١٩٥٢	
١٤١	یاسین نوری مستەفا		
١٤٢	ڕێبوار یاسین نوری		
١٤٣	کامیل نوری مستەفا		
١٤٤	ڕێزان قاسم عەبدوڵڕەحمان		
١٤٥	چنار سابیر سەمین		
١٤٦	بەختیار یاسین نوری		
١٤٧	رزگار جەمیل نوری		
١٤٨	نەسرین جەمیل نوری		
١٤٩	جاسم ئیبراهیم نوری مستەفا		
١٥٠	خاوەر سدیق لوتفەللا		
١٥١	ئەبوبەکر جاسم ابراهیم		
١٥٢	موحسین ئیبراهیم مستەفا		
١٥٣	هەرمێ سابیر سەمین		
١٥٤	بێستون موحسین ئیبراهیم		
١٥٥	محەمەد جاسم ئیبراهیم		
١٥٦	غەریب جاسم ئیبراهیم		
١٥٧	مەجید ئیبراهیم مستەف		
١٥٨	تاهیر سابیر سەمین	١٩٥٤	
١٥٩	بەدریە قادر سەمین		
١٦٠	تەحسین تاهیرسابیر		
١٦١	تەها تاهیر سابیر		
١٦٢	جوانە تاهیر سابیر		
١٦٣	پەیمان تاهیر سابیر		
١٦٤	شوکور سابیر سمین		
١٦٥	رسمیە أحمد سەمین		
١٦٦	پشتیوان شوکور سابیر		
١٦٧	کاروان شوکور سابیر		

١٦٨	كارزان شوكور سابير		
١٦٩	باهير سابير سەمين		
١٧٠	ئەحمەد عەزيز رەزا		
١٧١	فەتحيە عەلى جەلال		
١٧٢	حەكيمە ئەحمد عەزيز		
١٧٣	ئازاد ئەحمد عەزيز		
١٧٤	عيماد ئەحمەد عەزيز		
١٧٥	محەمەد ئەحمەد عەزيز		
١٧٦	نەجات ئەحمەد عەزيز		
١٧٧	پاكيزە ئەحمەد عەزيز رەزا		
١٧٨	خەولە ئەحمەد عەزيز رەزا		
١٧٩	تاريق ئەحمد عەزيز رەزا		
١٨٠	هەديە سالّح وەهاب ئەفەندى		
١٨١	فەرهاد تاريق ئەحمەد		
١٨٢	مەحمود حسێن مەحمود		
١٨٣	عەبدوڵلا مەحمود حسێن		
١٨٤	گوڵستان وەلى محەمەد		
١٨٥	ئەستێرە حەميد حسين		
١٨٦	رەشيد ئەحمەد كاكە		
١٨٧	ماهيە حەسەن مەحمودخدر		
١٨٨	باشە وەهاب ئەفەندى	١٩٤٨	
١٨٩	كاميل ئيبراهيم كاكە ئيبراهيم	١٩٤١	
١٩٠	نورى كاميل ئيبراهيم	١٩٦٨	پێشمەرگەبوو
١٩١	عەزيمە كاميل ئيبراهيم كاكە		
١٩٢	ژيان كاميل ئيبراهيم كاكە		
١٩٣	ئەحمەد ئيسماعيل ئەحمەد		
١٩٤	لاولاو حەسەن ئەحمەد محەمەد		
١٩٥	نەزميە حەسەن ئەحمەد		
١٩٦	سەبريە محەمەد عەزيز		
١٩٧	ئەحمەد حەسەن محەمەد		
١٩٨	عەبدوللا حەسەن محەمەد		
١٩٩	نەسرين حەسەن محەمەد		
٢٠٠	هەناره حەسەن ئەحمەد		
٢٠١	عاسى محەمەد رەزا		
٢٠٢	خيريە نورى ستار رەزا		
٢٠٣	سعاد عاصى محمد رەزا		
٢٠٤	نسرين عاصى محمد رەزا		
٢٠٥	ئازاد عاسى محەمەد		

٢٠٦	غازی ئەحمەد محەمەد		
٢٠٧	حەمید حسێن مەحمود		
٢٠٨	خانم محەمەد کەریم		
٢٠٩	ستار ئیبراهیم		
٢١٠	نەجمە جومعە حەسەن		
٢١١	خالید ستار ئیبراهیم		
٢١٢	جوانە ستار ئیبراهیم		
٢١٣	ئەسمەر ستار ئیبراهیم		
٢١٤	رەسمیە بابا ئەحمەد		
٢١٥	شەرمە بابا ئەحمەد		
٢١٦	نوری ئەحمەد بابا		
٢١٧	قادر نوری ئەحمەد		
٢١٨	نادر نوری ئەحمەد		
٢١٩	نەسرین نوری ئەحمەد		
٢٢٠	غازی نوری ئەحمەد		
٢٢١	جەیران یاسین سەمین		
٢٢٢	فەرهاد عەبدوللا مستەفا		
٢٢٣	محەمەد عەبدوللا مستەفا		
٢٢٤	شیرین عەبدوللا مستەفا		
٢٢٥	نازدار عەبدوللا مستەفا		
٢٢٦	حەمەجان مەجید ئیبراهیم		
٢٢٧	لەیلێ محەمەد ئیبراهیم		
٢٢٨	ئیبراهیم حەمەجان مەجید		
٢٢٩	سیروان حمەجان مجید		
٢٣٠	گۆران حەمەجان مجید		
٢٣١	فکریە حەمەجان مجید		
٢٣٢	جەوهەر مستەفا کاکل		
٢٣٣	عەزیز جەوهەر مستەفا		
٢٣٤	محەمەد جەوهەر مستەفا		
٢٣٥	نامق مستەفا کاکل		
٢٣٦	محەمەد حەمید زرین		
٢٣٧	سابیر محەمەد حەمید		
٢٣٨	تاهیر محەمەد حەمید		
٢٣٩	لەیلا عەواد ئەحمەد		
٢٤٠	محەمەد تاهیر محەمەد		
٢٤١	حەمەخان مەجید ئیبراهیم		
٢٤٢	نەزیرە رەشید محەمەد		
٢٤٣	سامان حەمەخان مەجید		

٢٤٤	وەزیرە حەمەخان مەجید		
٢٤٥	وەلی حەمەخان مەجید		
٢٤٦	خالید حەمەخان مەجید		
٢٤٧	عەلی شەریف زرین		
٢٤٨	سەیران محەمەد حەمید		
٢٤٩	حسێن عەلی شەریف		
٢٥٠	ئەحمەد عەلی شەریف		
٢٥١	عوسمان عەلی شەریف		
٢٥٢	سەیران محەمەد حەمید		
٢٥٣	حەیدر عوسمان عەلی		
٢٥٤	حسێن عوسمان عەلی		
٢٥٥	نەریمان عوسمان عەلی		
٢٥٦	محەمەد عوسمان عەلی		
٢٥٧	کەسران عوسمان عەلی		
٢٥٨	سامان عوسمان عەلی		
٢٥٩	بەختیار عوسمان عەلی		
٢٦٠	ژیان عوسمان عەلی		
٢٦١	قادر عەلی شەریف		
٢٦٢	ئەسمەر عوسمان عەلی		
٢٦٣	بەناز قادر عەلی		
٢٦٤	نادر قادر عەلی		
٢٦٥	عەبدوللا قادر عەلی		
٢٦٦	بابا عەلی شەریف		
٢٦٧	نەعیمە رەشید		
٢٦٨	پەروین بابا عەلی		
٢٦٩	هەفتاو بابا عەلی		
٢٧٠	محەمەد بابا عەلی		
٢٧١	ئەحمەد کەریم دەرویش		لە ئەنفالی دوراجیدا ناوی هەیە بەڵام گەرمکیە
٢٧٢	محەمەد کەریم دەرویش		لە ئەنفالی دوراجیدا ناوی هەیە بەڵام گەرمکیە
٢٧٣	ئیسماعیل جەلال خدر غەنی		لە ئەنفالی وارانی خواروداید بەڵام گەرمکیە
٢٧٤	نوری ئیسماعیل جەلال خدرغەنی		=
٢٧٥	عەزەدین اسماعیل خدر غەنی	١٩٥٢	=
٢٧٦	نەسرەدین ئیسماعیل خدرغەنی	١٩٥٣	=
٢٧٧	سەباح نوری ئیسماعیل خدر		=
٢٧٨	ژیان عەزەدین ئیسماعیل خدر	١٩٧٩	=
٢٧٩	سەڵاح عزەلدین ئیسماعیل خدر	١٩٨٠	=
٢٨٠	پەخشان عزەدین ئیسماعیل خدر	١٩٨١	=
٢٨١	پەیمان عزەدین ئیسماعیل خدر	١٩٨٢	=

٢٨٢	بەیان عزەدین ئیسماعیل خدر	١٩٨٣	=
٢٨٣	ئامینە فاتیح رەحیم نەوجولی		خێزانی عزەدین ئیسماعیل
٢٨٤	منداڵێکی موحسین ئیبراهیم مستەف لە نێوان گرتن و کوشتندا لەدایکبوو	١٩٨٨	
٢٨٥	کوڕێکی بچووکی تاریق ئەحمەد عەزیز لەنێوان گرتنی دایکی و کوشتنی خۆی و دایکی لەدایک بوو	١٩٨٨	
٢٨٦ ٢٨٧	دوو کوری دووانەی بچوکی تاهیر سابیر لە کاتی گرتنی دایکیاندا لە دایک بوو	١٩٨٨	
٢٨٨ ٢٨٩	دووکچی دووانەی بچوکی قاسم سالح کاکە لە کاتی گرتنی زیندانی لەدایکبوون	١٩٨٨	تێبینی

تێبینی : ئەم ڕاپۆرتە بەهاوکاری سەید عەدنان گەرمکی ئامادەکراوە



یادی دامەزراندن یان شکۆی شکاوی سوپا

هەروا چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ یادی دامەزراندنی سوپای عێراق، سێ ڕۆژی تربای بای لە ساڵی ٢٠١٧ دەکەین ولە شەشەم ڕۆژی ساڵی نوێدا بە یادی دامەزراندنی سوپای نەگریسی عێراق دەگەین . (٦ی کانون) یادی دامەزراندنی سوپای عێراقە، ئەو سوپایەی بەفشۆڵی دامەزراو بە درۆو هاشوهوش شکۆدارکراوە. دەنا ئەفسەرو سەربازانی شکاوترین بونەوەری بەردەم سەرۆک بوون، بۆیە شکۆی خۆیان لە شکاندنی شکۆی هاوڵاتیانی کوردا بینیوە.

شانازییەکانی ئەم سوپایە بریتیین لە ئەنفال وگازباران، سەرکوتکردنی نەیارانی، سەرۆک و بەعس ودەوڵەت. سەرکەوتنەکانی بەسەرگەلانی عێراق و بەتایبەتی بەسەرکوردەکاندا بووە.. دەنا

-لەجەنگی عەرەب - ئیسرائیلدا دۆڕاوە.

-لەجەنگی ئێراندا، دۆڕا.

-لەجەنگی کەنداودا دۆڕا.

بەڵام دۆڕانی لەشەری کوردا لەهەموویان ئابروبەرتر بوو! چونکە توانی بۆماوەیەکی کاتی جەنگ بەرێتەوە، بەڵام بۆهەتاهەتایە ئەخلاقی دۆراندو ئابرومەندی لەعێراق و عروبەش سەندەوە، ئەوسەرکەوتنەکاتیەش نەک هەر کوردەکانی لەناو نەبرد بەڵکو سەرئەنجام بووە هۆی ڕاپەرین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. کەبەداخەوە لە ئێستادا سیاسەتی حزبەکان شکستیان پێهیناوە.

گەشتێك بۆ گوندی وارانی خواروو

ئامادەکردنی: سمکۆ سابیر،جومعەکەریم محەمەد



گوندی وارانی خواروو دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەی داودەی سەربەناحیەی نەوجول لە قەزای خورماتوو.

ئەوگوندە لە لای ژوورەوە گوندی وارانی ژوور و گوندی گەرمکە، لەلای خۆرهەڵات و خۆرهەلاتی باشور گوندی زینانەی گەورەو زینانەی بچوکە، لای باشوریشی گوندی چەوری ولفتی ئأغا،لای خۆرئاواشەوە دەشتی لفتی ئاغاوگوندی ئۆمەرسۆفییە.

گوندی وارانی خواروودەکەوێتە سەر چەمی ئاوەسپی .شوێنێکی دڵگیرو لەڕوی گەشتوگوزارو هەڵکەوتەی جوگرافییەوە تایبەتمەندییەکی گونجاوی بۆکۆمەڵێک بوار هەیە.

مێژووی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر، دانیشتوانەکەی بە بەخێوکردنی مەروماڵات و کشتوکاڵکردن بەتایبەتیش(گەنم و جۆ)خەریکبوونو ئێستاش هەربەم شێوەن.

لە گەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ و هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگەوسوپای عێراقدا، تەواوی ناوچەی داودە بووبە ناوچەیەکی رزگار کراو. هێزی حکومەتی تێدا دەرپەڕێندرا.چەندین جاریش ڕیژیمی بەعس هێرشی سەربازی کردۆتە سەر ئەم ناوچەیەو لە لایەن هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەبەخۆێن وقوربانی بەرپەرچ دراوەتەوە،بە دەیان جاریش تۆپباران و هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر هەموو گوندەکانی ناوچەکەو چەندین بریندارۆشەهیدی لێکەوتۆتەوە،لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی بەدناوی ئەنفالی سێ ،ناوچەی داودە زۆربەخەستی وچڕی دەکەوێتە بەر ئەم شاڵاوە،هێرشی سوپای عێراق و جاش لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ دەستی پێکرد،ئەو هێرشە چەند ڕۆژێکی خایەند،دەرئەنجام ناوچەی داودە دەکەوێتە ژێر دەستی ڕیژیمی بەعسو ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەش بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەون،

گوندی وارانی خوار وەکو تەواوی گوندەکانی تری کوردستان بێ بەش نەبووە لە پەلاماری درندانەکەی ڕیژیمی بەعس و پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال،

دانیشتوانی ئەم گوندە کە هەمویان خزمی یەکەن و چەند مالێکی تریش نزیک لە خەڵکی وارانی جێنشینی ئەم گوندەئەبن.

١٣١ کەسی خەڵکی ڕەسەنی گوندی وارانی خواروو بەر شالاوی ئەنفال دەکەون لە گەڵ چەند مالێکی تر کەدانیشتوی ئەم گوندە دەبن،

حاجی حەمەی سمایل سیمبۆلی ئەنفالی ناوچەی داودە لەگوندی وارانی خواروو

یەکێک لەو بنەماڵانەی بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەون و کەسیان نامێنی،کورد وەتەنی شوێن هەواریان نامێنی و کەسیان لێبەجێ نامێنی

ئەم پیاوە خاوەن دیوەخان و کەسایەتیەکی گەورەی گوندی وارانی و گوندەکانی دەورو بەر و ناوچەی داودە بووە. حاجی حەمەی سمایل هەشت کور و سێ کچ و دووژنی هەبووە،
کوڕەکانی (١- فازیل – ٢ - سالّح – ٣ - ئەبوبەکر – ٤ - شکور –ەعوبێد – ٦ - عارف – ٧- جەبار – ٨- مارف)
کچەکانیش بریتین لە:
١ –گەلاوێژ
٢ - فکریە
٣ - نەعیمە
ژنەکانی حاجی محەمەدسمایل
١ –فەهیمە
٢ –کامیلە
١ - فازیل کورە گەورەی بووەو خێزان داربووە ، ژنەکەی ناوی (کافییە) بووە (٧) منالی هەبووە بە ناوەکانی (فرود، محەمەد ،ئەحمەد ، پشتیوان ، سارا ، زارا ، مهاباد)
٢ - سالّح خێزانداربووە ، ناوی هاوژینەکەی (لەمیعە) (٧) منالّی هەبووە بەناوەکانی(مەهدی ، رێژاو ، هەفتاو ، بەفراو)
٣ - ئەبوبەکر ژنداربووە،ناوی هاوژینەکەی (بەیان)
باقی کورەکانی ژنیان نەبووە
بەگشتی ٣١ کەسی ئەم بنەمالّەی حاجی حەمەی سمایل لەوارانی خواروو ئەنفال بوون
حاجی محەمەد سمایل خۆشی ئەکەویتەبەرشالّاوی ئەنفال دەکەوێتولە زیندانی نوگرە سەلمان دەبێت،بەلّام دوای ئازاد کردنی بەشێک لەزیندانییەکانی نوگرە سەلمان لە هەمان سالّدا ئازاد دەبیت و ئەگەڕێتەوە بۆ شاری خورماتوو، کاتێکیش ئەگەڕێتەوە ئەزانی کەکەسی نەماوە، هەموو منالّەکانی شەهید کراون . بەتەواوەتی نائۆمید ئەبێت، خۆی چەندینجار ئەیگوت کاتێ لە زیندانی تکریت بووین منالّەکانم لام بوون، شەوانە ئەمنەکان ئەهاتن ئەکەوتنە ناو گەنجەکان لە ژن و پیاو و دە یان کەسیان ئەبرد و ئیتر نەئەگەڕانەوە بۆ لامان، هەموو منالّەکانی خۆمیان لە بەر چاوی خۆم برد، ئیتر نەیانم بینیەوە.ئەو قوربانییەی دەستی ڕیژیمی بەعس کاتی گەڕایەوە بۆ خورماتوو تەنها خۆی و ژنە گەورەکەی مابۆیەوە ئەویش ئەوەندە پیر بوو لە دەست و پێ کەوتبوو ،
حاجی محمد بەرگەی ئەو ئازاری دابڕانی منالّەکانی نەگرت،ڕۆژ بە ڕۆژ خەفەت و بیرکردنی منالّەکانی و سەختی ئەو ڕۆژەی کە بەسەر گەلی کوردا هاتبوو بەرەولاوازیو کزی ئەچوو، شەوێک دوای نوێژی شێوان سەر ئەخاتە سەر سەرین و بەدەم پەژارەوە خەیالّی منالّەکانی و کەسوکارەکەی کەتائەو ساتە هیچ هەوالّێکوسۆراخێکیان نازانێت، خەوی لێ ئەکەوێت ، بۆ بەیانی کاتی ڕۆژ ئەبێتەوە حاجی محمد سمایل هەوارگەو بارگەی خۆی بۆ یەکجاری گواستەوە بۆ لای کەسوکارومنالّەکانی وکۆچی دوایکردووە،حاجی ڕۆیشت بۆ دیداری فازیل و سالّح و ئەبوبەکرو عوبیدو عارفو مارف و جەبار، رویشت تاوەکو کچە بێنازەکانی لە بیابانەکانی خواروی عێراق چی تر بێ ناز و تەنها نەبن، با ئیتر ئێواران سەگە ڕەشەکەی نوگرە سەلمان پەلاماریان نەداتوگۆڕە بێنازەکانیان لەژێرلمی ئەو بیابانە دەرنەهێنێتوبەوشێوە درندانەیە لاشەکانیان نەخوات.

ناوی ئەنفالکراوانی گوندی وارانی خواروو، ناحیەی نەوجول، قەزای کفری				
ز	ناوی سیانی	تەمەن	ڕەگەز	شوێنی ئەنفالکردن
١	محەمەدفەتاح قادر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢	تریفە جەوهەر قادر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣	ئەرکان محەمە فەتاح		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤	بەیان محەمەد فەتاح		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥	ئەحمەد محەمەد فەتاح		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦	حەبیبە فەتاح قادر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧	سەعید فەتاح قادر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨	سەرگوڵ ئیبراهیم محیّدین		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩	کەمال فەتاح قادر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠	تاهیرجەوهەر قادر	١٩٥٥	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١	مەلەک تاهیر جەوهەر	١٩٧٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢	کاروان تاهیر جەوهەر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣	قادر جەوهەر قادر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٤	ئیکرام فەتاح قادر	١٩٥٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٥	سەمیعە قادر جەوهەر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٦	ئارام قادر جەوهەر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٧	سەرچڵ قادر جەوهەر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٨	موحسین قادرجەوهەر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٩	هەدیە محەمەد ئیبراهیم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٠	ڕەوشەن محەمەد ئیبراهیم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢١	سامان موحسین جەوهەر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٢	قەدیفە موحسین جەوهەر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٣	گەرمیان موحسین جەوهەر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٤	لەمیعە موحسین جەوهەر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٥	کوێستان موحسین جەوهەر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٦	ئەمیرە قادرجەوهەر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٧	پێشکەوت موسین جەوهەر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٨	ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٢٩	شەهاب ئیبراهیم ئەحمەد		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٠	کەریم فەتاح بابا		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣١	عەزیمە جوامێر قادر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٢	عەزیز کەریم فەتاح	١٩٥٣	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٣	شەوقیە کەریم فەتاح	١٩٥٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٤	هەرمێ کەریم فەتاح	١٩٦٠	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٥	شکور کەریم فەتاح	١٩٧٦	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو

٣٦	خاوەر حەمید عەلی	١٩٥٥	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٧	گەوهەر عەزیز کەریم	١٩٧٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٨	باقی عەزیز کەریم	١٩٧٩	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٣٩	محەمەد عەزیز کەریم	١٩٨١	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٠	مەجید جوامێرقادر	١٩٣٠	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤١	حەمید مەجید جوامێر	١٩٦٦	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٢	بەهرۆز مەجید جوامێر	١٩٧٠	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٣	شیرین مەجید جوامێر	١٩٧٢	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٤	سارا مەجید جوامێر	١٩٧٤	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٥	زارا مەجید جوامێر	١٩٧٤	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٦	ئاسکە عەلی خالد	١٩٤٠	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٧	زیاد کەریم ئیبراهیم	١٩٥١	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٨	نەجیبە فەریق قادر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٤٩	ژیان زیاد کەریم	١٩٨١	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٠	محەمەد زیاد کەریم	١٩٨٤	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥١	جومعە زیاد کەریم	١٩٨٠	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٢	بەیان زیاد کەریم	١٩٨٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٣	ئامینە سەعید ساڵح	١٩٣٩	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٤	فەیزوللا کەریم ئیبراهیم	١٩٦٩	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٥	فەتاح کەریم ئیبراهیم	١٩٧٠	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٦	شلێر کەریم ئیبراهیم	١٩٧٧	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٧	ڕێزان کەریم ئیبراهیم	١٩٨٠	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٨	محەمەد ئیسماعیل عەباس		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٥٩	کامیلە دەرویش ئیبراهیم	١٩٤٥	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٠	ئەبوبەکر محەمەد ئیسماعیل	١٩٥٢	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦١	شوکر محەمەد ئیسماعیل	١٩٥٥	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٢	عوبێد محەمەد ئیسماعیل	١٩٦٣	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٣	عارف محەمەد ئیسماعیل	١٩٦٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٤	جەبار محەمەد ئیسماعیل	١٩٧٥	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٥	مارف محەمەد ئیسماعیل	١٩٧٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٦	گەلاوێژ محەمەد ئیسماعیل		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٧	فکریە محەمەد ئیسماعیل	١٩٧٦	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٨	نەعیمە محەمەد ئیسماعیل		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٦٩	ساڵح محەمەد ئیسماعیل	١٩٥٩	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٠	لەمیعە عەلی موزەفەر		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧١	مەهدی محەمەد ئیسماعیل		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٢	ئافتاو ساڵح محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٣	ڕێژاو ساڵح محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو

٧٤	بەفراو سالّح محەمەد	١٩٥٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٥	ئەمیرە سالّح محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٦	سەمیرە سالّح محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٧	سەمیعە سالّح محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٨	سروە سالّح محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٧٩	فازیل محەمەد ئیسماعیل	١٩٥٥	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٠	کافیە رەشید خورشید	١٩٥٣	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨١	فازیل محەمەد		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٢	محەمەد فازیل قادر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٣	ئەحمەد فازیلّ محەمەد	١٩٧٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٤	پشتیوان فازیلّ محەمەد	١٩٨٤	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٥	سارا فازیلّ محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٦	مەهاباد فازیلّ محەمەد	١٩٨٠	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٧	زارا فازیلّ محەمەد	١٩٧٤	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٨	نەرمین فازیلّ محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٨٩	ئەحمەد محەمەد خورشید	١٩٣٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٠	نازدار ڕەشید خورشید	١٩٤٥	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩١	شەهاب ئەحمەد محەمەد	١٩٦٥	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٢	سەرکەوت ئەحمەد محەمەد	١٩٦٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٣	پرشنگ ئەحمەد محەمەد	١٩٧٢	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٤	محەمەد ئەحمەد محەمەد	١٩٧٤	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٥	پەخشان ئەحمەد محەمەد	١٩٧٦	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٦	زارا سەعید عەلی	١٩٧٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٧	محەمەد عەلی خالید	١٩٤٤	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٨	خورشیدە جوامێر قادر	١٩٤٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
٩٩	شەبەق محەمەد عەلی	١٩٦٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٠	جوانە محەمەد عەلی	١٩٧٢	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠١	ژیان محەمەد عەلی	١٩٧٤	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٢	سەرگوڵ محەمەد عەلی	١٩٧٦	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٣	فکریە سالّح موسا	١٩٢٤	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٤	محەمەد حەمید مەجید	١٩٦٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٥	حەسەن محەمەد حەمید		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٦	نەوزارد محەمەد حەمید	١٩٧٠	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٧	چیمەن محەمەد حەمید	١٩٧٤	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٨	محەمەد ئەحمەد حارس	١٩٥٣	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٠٩	ئیبراهیم ئەحمەد حارس	١٩٥٧	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٠	بەدریە ئەحمەد حارس	١٩٦٠	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١١	هونەر محەمەد ئەحمەد		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو

١١٢	محەمەد حەمید کەریم	١٩٦٨	نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٣	پرشنگ کەریم ئەحمەد	١٩٦٥	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٤	ئیسماعیل جەلال خدر		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٥	درسن لوتفوللا جاسم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٦	نوری ئیسماعیل جەلال		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٧	سەباح ئیسماعیل جەلال		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٨	عیزەدین ئیسماعیل جەلال		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١١٩	گولاڵە فاتیح ڕەحیم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٠	سەلاح عیزەدین ئیسماعیل		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢١	ژیان عیزەدین ئیسماعیل		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٢	پەخشان عیزەدین ئیسماعیل	١٩٦٩	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٣	بەیان عیزەدین ئیسماعیل	١٩٦٧	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٤	پەیمان عیزەدین ئیسماعیل	١٩٦٨	مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٥	وەردە محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٦	نەشمیە غێدان		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٧	کامەران محەمەد کەریم		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٨	سامان محەمەد کەریم		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٢٩	ڕەمەزان محەمەد کەریم		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٠	سیروان محەمەد کەریم		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣١	مەنیج محەمەد کەریم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٢	ڕووبار محەمەد کەریم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٣	شلێر محەمەد کەریم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٤	گەلاوێژ محەمەد کەریم		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٥	هاشم سەعید عەلی		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٦	چنار ئەحمەد محەمەد		مێ	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٧	کاروان هاشم سەعید		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٨	ڕەحمان عەلی عەباس		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٣٩	لوقمان عەلی عەباس		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو
١٤٠	ئیبراهیم عەلی ڕۆستەم		نێر	ملەسورە_ قۆرەتوو

ناوی شەهیدەکانی وارانی خواروو

١- تاریق محەمەد عەلی
٢- نادر مەجید جوامێر
٣- نەوزاد محەمەد حەمید
٤- شەهاب ئەحمەد محەمەد
٥- ڕەحمان عەلی عەباس
٦- قادر جەوهەر کەریم
٧- بابا حوسێن

ئەنفال و یادەوەریی

لێکۆڵینەوە

سمکۆ سابیر

چوارەم کۆنفراسی زانستیی نێو دەوڵەتی زانکۆی گەرمیان . ٢-٣/٧/٢٠١٧ لە کەلار



سەرنج :
ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لەلێکۆڵینەوەیەکی درێژتر ،بەمەبەستی بەشداریکردن لەچوارەم کۆنفراسی زانستیی نێو دەوڵەتی زانکۆی گەرمیان ، کورت کراوەتەوە ، کە بەناونیشانی:تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد و لێکەوتەکانی لەڕۆژانی ٢-٣ /٧/٢٠١٧لەشاری کەلار بەڕێوەدەچێت .

ئەو کۆمەڵگایانەی مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ تونددووتیژیدا هەیە ، یادەوەرییەکی لاوازتریان لەکۆمەڵگاکانی دیکە هەیە.

بەختیار عەلی

ناوەڕۆک

بەشی یەکەم:

یادەوەریی

پێناسەکانی یادەوەریی

یادەوەریی چەمک و ناساندن

گرنگیی یادەوەریی بۆداڕشتنەوەی شوناسی نەتەوەیی

یادەوەریی لەمێژووی گەلاندا

یادەوەریی و تاکەکانی کۆمەڵگە

جۆرەکانی یادەوەریی

بەشی دووەم:

– ئەنفال لەیادەوەریی کوردیدا

باسی یەکەم:چەردەیەک لەبارەی ئەنفال وجینۆسایدی کوردەوە.

باسی دووەم:یادەوەریی ئەنفال وڕەنگدانەوەی لەسەرناسنامەی نەتەوەیی

بەشی سێیەم:

*ڕەهەندەکانی یادەوەریی ئەنفال وکایەکانی کۆمەڵگەی کوردی

*یادەوەریی ئەنفال وکارلەسەرکردنی لەلایەن میدیای کوردییەوە.

*یادەوەریی ئەنفال وڕەوتی ئایینی لەکوردستان

*ڕۆڵی زانکۆو ناوەندە مەعریفییەکان لەیادەوەریی ئەنفالدا

بەشی چوارەم:

* ئەنفال لەیادەوەری جیهاندا

باسی یەکەم :ئەنفال لەیادەوەریی عەرەب وگەلانی دراوسێدا

باسی دووەم:گرنگی بەجیهانیکردنی یادەوەریی ئەنفال

بەشی پێنجەم:

دیکۆمێنت ویادەوەریی

وێنەو یادەوەریی
راسپاردە
ئەنجام

بەشی یەکەم :

یادەوەریی

ئەو توانا مرۆییەیە کە لەڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت زانیاریی و وێنە و دەنگ و رووداوەکان بەبیر بهێنێتەوە، کەڕۆژانە بەسەریدا تێپەڕ دەبن.بێگومان ئەم توانایەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، چونکە لەبنەڕەتەوە کردارەکە مێشک ئەنجامی دەدات (١).

مرۆڤ فێرنابێت ئەگەر لەزەینی، یاخود لە مێشکی خۆیدا ئەزموون وزانیارییە دوور، یان نزیکەکانی خۆی تۆمار نەکات، ئەگەر هیچ لەوانە لەمێشکیدا نەمێنێت، توانای جیاکردنەوەی رووداوەکانی نابێت ولەپەریشانیدا سەری لێدەشێوێت (٢).

پێناسەکانی یادەوەریی

١- یادەوەریی و مێژوو و تۆمارکردنی رابردووە، گواستنەوەی بۆ ئایندە

د.محەمەد سەنعەتی (٣)

٢- یادەوەریی ، بە یادهاتنەوەی تاک دادەندرێت ،کەتەنها لەڕێگەی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا گەڵاڵە دەبێت ،بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکە باوەی کەوای دەبینێ کەیادەوەریی و کرداری بیرهاتنەوە کردارێکی بایلۆجی تاکە کەسی تەواو .

مۆریس هاڵبواکس (٤)

٣- یادەوەریی واتە موعجیزەی بچووک کاتێک کە رووداوێکی دیاریکراومان بیر دەکەوێتەوە .ئەم موعجیزەیە بەردەوام بەژیانی ئێمەدا تێپەڕ دەبێت تارووداوێکی رابردوومان بەبیر دێنێتەوە.

پۆڵ ریکۆر . (٥)

٤- یادەوەریی راستەوخۆ دەمانبات بۆ مێژوو، چونکە لەهەناوی خۆیدا مێژووی هەڵگرتووە.بەبێ یادەوەریش زانستێک بەناوی (مێژوو) بوونی نەدەبوو.

پۆڵ ریکۆر.(٦)

٥- یادەوەریی یەکێکە لەو کردە سەرەکییە ئەقڵیانەی کەتاک لەگشت هەڵوێستێکی رووبەڕوودا ئەنجامی دەدات، چونکە واتا ئەو عەنبارکراوەی کەدەتوانرێ لەهەڵوێستە هاوشێوەکاندا بەکاربێت.

٦- یادەوەریی یەکێکە لەتوانا زۆر و زەبەندەکانی مێشک، کەهۆشمەندیی و زیرەکی لێپێکدێت، ئەو مرۆڤەی توانای تێگەیشتن ،راڤەکردن، پێکەوە گرێدان، هەڵێنجان، خەیاڵو داهێنانی هەیە، خاوەن یادەوەرییەکی باشە.

سایکۆلۆژیای پەروەردەیی.(٧)

د.قاسم هادی(٨)

٧- یادەوەریی کرداریک نییە تەنها پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە، ئاژەڵیش یادەوەریی هەیە، بۆنمونە رۆژی پێشتر خواردنێکت بەئاژەڵێک دابێت، بۆ رۆژی دواتر بەئارامی و نەرمی لێت نزیکدەبێتەوە . ئەنەس شەکەک .(٩)

٨- یادەوەریی دەرخکردن و پاراستن و بیر هاتنەوە و گێڕانەوەی شارەزاییەکانی رابردووە. ئەنەس شەکەک(١٠) .

٩- یادەوەریی رووداوەکانی رابردوو بەرهەم ناهێنێتەوە، بەڵکو بۆچوون و تێڕوانینی خەڵک بەرامبەر بەو رووداوە دەردەخات .

التاریخ والزاکرە .محمد حبیدە(١١) .

١٠- فەرهەنگی فری دیکشنەری بەم شێوەیە پێناسەی میمۆری یان یادگە ئەکات و دەڵَيَت: بریتی یە لە فاکەڵتی یان ناوەندی هزری بۆ مانەوەو پارستن و وەبیرهێنانەوی ئەزموونی رابردوو.(١٢)

http://www.thefreedictionary.com

یادەوەریی چەمک و ناساندن

چەمکی یادەوەری دەگەڕێتەوە بۆ ئالیەت و زەمەنی رابردوو، و بەبیر هێنانەوەی ئەو رابردووە

و ئەو ڕێچکانەی ڕۆڵی ئەو چەمکە دەبینن لەڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە .

بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٧٨بیر لەقسەکردن لەسەر یادەوەری کرایەوە،وەکو بابەتێکی مێژوویی .لەو ساڵەدا مێژوونووسی فەڕەنسی (پیر نورا) لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی (یادەوەری دەستەجەمعی) یان کۆ یادەوەری لەدووتوێی کتێبی (مێژووی نوێ) و لەژێر چاودێری (جاک لۆگۆف) بڵاوکردەوە.دوای ئەویش چەندین لێکۆڵینەوەو تێزی جیاواز پشت بەستوو بەچەمکە سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای یادەوەریی کەهەر بەو چەشنەی زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی (مۆریس هالبۆکس) بنچینەکەی بۆدارشتبوو،بڵاوکرایەوە.وەگرنگترینیان(مێژوو و یادەوەری)جاک لۆگۆف و (شوێنەکانی یادەوەری) بوو کەچەند لێکۆڵەرێک لەژێر چاودێری (پیر نورا) ئەنجامیان دابوو، وە (یادەوەری و مێژوو و بیرچوونەوە) ی فەیلەسووفی فەرەنسی پۆڵ ڕیکۆر بوون (١٣). ئەگەرچی سەدەی بیستەم بەتەواوی ماناکەی،سەدەی تۆندوتیژی و کاولکاری بوو،بەڵام لەهەمانکاتدا مۆدێلێک لەبۆنە و یادکردنەوەی بۆنەکان هاتەئاراوە،بەشێک لە یادەوەرییەکان بۆ بەبیرهێنانەوەی ئەم مێژووە پڕ ئازارە بوو،بەڵام بەئامانجی لەبیرکردنی ئازارەکان و هێنانەکایەی یادەوەرییەکی هاوسەنگ لەنێوان تاکەکان بێتە کایەوە(١٤).

لەیادەوەریدا تەنها بەبیر هێنانەوەی رووداوەکان نییە،بەڵکودەکرێت لێبوردە بیت و کەسانێک ببوریت کە ئازاریان داویت،بۆئەوەی بەویژدانێکی ئاسوودەوە ئازارەکان لەبیربکەیت ولەمێژوویەکی ماندوو، سەخت و پڕ لەئازار دەربچیت وهاوکات وانەیەکی ئەخلاقی گەورە پێشکەش بکەیت لە لێبوردەیی.

گرنگی یادەوەریی بۆدارشتنەوەی شوناسی نەتەوەیی

کورد بەهیچ شێوەیەک هەوڵی نەداوەکو پێویست ئەنفال بەرێتە دەرەوەی خۆی،بەدەستی خۆی ئەم دۆسیە گرنگەی فەرامۆش و پشتگوێ خست.لەهیچ بۆنەو دانوستانێکدا ئەنفالی نەکردە مەرج و فشار و لەسەر مێزێک دایبنێت.بەدرێژایی ١٤ ساڵی رابردوو هەر کەسێک بەمەبەستی وەرگرتنی پۆست رووبکردبێتە بەغدا هێندەی وەک عێراقییەک خۆی نیشانداوە،هێندە لەخەمی کورد و دۆسیەکانی نەتەوەکەی خۆی نەبووە،هەستی نەکردووە ئەوە بەرهەمی خوێن و قوربانی ئەوانە ئەوی گەیاندۆتە ئەم شوێنە.ئەم بێباکی و خەمساردییە لەزۆربەیان ڕەنگیداوەتەوە.

هەموو ئەو کەسانەی کراون بەنوێنەری هەرێم لەوڵاتان هێندەی لەخەم و هەوڵی ئەوەدابوون ژیانی خۆیان باش وبەختەوەربکەن هێندە لەخەمی رابردوو و ئێستای میللەتەکەیان نەبوون .

ئەمە ئەگەر کاری سیاسییەکان بێت،کاری هونەرمەندو ئەدیب و شاعیر و نوسەرەکانیش لەمان باشتر نەبوون،بۆنموونە:ئەگەر سەیری گەلی ئەرمەن بکەین،بەدەیان و سەدان شێوازی هونەری گوزارشت لە کۆمەڵکوژی ئەرمەن دەکەن .هونەرمەندە گەورەو ناسراوەکانیان هیچ نەماوە بۆ ئەو مێژووە نەیکەن، کۆمەڵکوژییەکە هەمیشە لەژیانیان ڕەنگدەداتەوە،بەگشتی هونەرو سیاسەت وکۆی کایەکانی کۆمەڵگە لەخزمەتی دۆسیەکەیاندایە .

جولەکەکان تەنانەت لەکاتی نانخواردنیش ئاماژە بەهۆلۆکۆست دەکەن، جگە لەمەش لەبواری کاری ڕێکخراوەیی و هونەری شانۆو سینەماو ئەدەب ڕەنگیداوەتەوە،لەبواری دیکۆمێنتیش کەم ڕێگا ماوە نەیگرنەبەر. بەڵام کورد ئەمەی بۆئەنفال و بۆهیچ دۆسیەیەکی تری تاوانەکان و جینۆساید نەکردووە لەکوردستان. تەنانەت ئەو سروود و گۆرانیانەی بۆ ئەنفال ودۆسیەکانی تری جینۆساید دەوترین زۆریان بەخراپترین شێوە ئەنجام دەدرێن،لاوازن لەهەموو ڕوێکەوە، وەکو کورد دەقی ناوازەمان کەمە،چەند کەسێک ک بەپەنجەی دەستەکان دەژمێردرێن،وەک شێرکۆ بێکەس و جەمال غەمبار بۆ ئەنفال و ڕەفیق سابیر بۆ هەڵەبجە .ڕەنگەبەرهەمی تر هەبن ،کەبێگومان هەن و نوسراون بەڵام جگە لە گۆرستانی چراکانی شیرکۆ بێکەس بەگشتی کۆی بەرهەم و نوسینەکان

زۆر لاوازن و لەئاستی گەورەیی دۆسیەکان نییە(١٥).

یادەوەریی لەمێژووی گەلاندا.

یادەوەریی لەمێژووی گەلاندا جۆرێک لەپیرۆزی وەر گرتووە، مەرجی سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئێستایان بۆ یادەوەریی و ڕێزگرتن لەم مێژووە دەگەڕێنەوە، ئەزموون و سوودی زۆریان لەشکت و ڕابردووی پڕ لەستەم ورۆژە سەختەکان وەرگرتووە، جەنگ و مالوێرانیەکان، ڕووداوە سروشتییەکان .نەخۆشی و کۆمەڵکوژییەکان هەریەکەو بەجۆرێک لە یادەوەریی گەلانی دونیادا بوونی هەیە، ئەرمەنەکان دوای سەد ساڵ گەیشتن بەوەی کۆمەڵکوژی گەلەکەیان کەلەسەر دەستی تورکەکان ئەنجامدراوە، بەفەرمیی وەک جینۆساید بیناسێنن،ماوەی سەد ساڵە گۆرانی بەباڵای قوربانییەکانی خۆیان دەڵێنەوە کۆڵیان نەدا.جولەکەکان لەسەر ئاستی دونیا زۆرترین کاریان بۆ بەیادەوەریی کردنی هۆلۆکۆست ئەنجامداوە، تەنانەت لەدەیان وڵات قەدەغە کراوە کەبڵێیت؛هۆلۆکۆست جینۆساید نییە. ژاپۆنییەکان تائێستا بۆمبارانکردنی هیرۆشیماو ناکازاکی لەیادەوەرییاندا دەزرنگێتەوە، دوای ئەم تاوانە،بڕیاریاندا بەجۆرێکی تر بجەنگن بۆ سەرکەوتنێکی گەورەتر.بێگومان لەیەک کاتدا هەم ڕووداوەکەیان خستە یادەوەریی جیهانییەو هەم سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ ئاستێکی باشترو شایستەتر. زۆر بەداخەوە مێژووی گەلی کورد،شارستانیەتی ناوچەکە لەزۆربەی وڵاتانی ناوچەکە کۆنترو ڕەسەنترە،بەڵام ئێمە لەیادەوەریی جیهانی پێگەیەکی لاوازمان هەیە،شەرمنین ،بێباک و کەمتەرخەمین لەئاست بەیادەوەریی کردنی کۆست و تاوانەکانی کەبەسەر میللەتی ئێمەدا هاتووە،تاڕادەیەک تاوانی هەڵەبجە لەچەند وڵاتێک لەڕووی مرۆییەوە ناسراوە،بەڵام سەرباری ئەم تاوانە گەورەیە هێشتا نەبۆتە بەشێک لەیادەوەریی جیهانی .ئەنفالیش وەک دۆسیەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم مەبەستە چەند کارێکی کەمی بۆکراوە،دەبوو تاوانێکی وەک ئەنفال لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی یادەوەرییەکی باشتری هەبوایە،جیهان دوو ڕوو نەبوایە لەئاست ئەنفالدا،دەبوو دوای ناسینی ئەنفال وەک جینۆساید لەدوای ساڵی ٢٠٠٧لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، جیهانیش مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆسیەیە بەجۆرێکی تر بووایە.ئەگەر چەند نمونەیەک وەربگرین لەشۆڕشی گەلان کەتائێستا سەرباری ئەنجامەکانی شۆڕشەکە بەڵام وەک یادەوەریی ماوەتەوە.شۆڕشی فەڕەنسا ١٧٨٩–١٧٩٩(٨).شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ی ڕوسیا کەلینین ڕابەرایەتی دەکرد بەماویەکی کەم لەیادەوەریدا جیهاندا پێگەی خۆی گرت و بوو بەڕوداوێکی جیهانی (١٦) .هەروەها جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی ،١٩١٤– ١٩١٨. ١٩٣٩– ١٩٤٥ .لەگەڵ چەندین ڕووداو و شۆڕشی جیهان کەلەیادەوەریی جیهاندا ماونەتەوەو دەمێننەوە.

جۆرەکانی یادەوەریی

بەختیار عەلی لەدیمانەیەکدا پێیوایە لەکولتووری ئێمەدا سێ جۆر یادەوەریی بوونی هەیە :

یەکەم : یادەوەریی ئایینی ئەو بەشەیە لە یادەوەریی کەلتووری دینی و ڕەمزەکانی دەپارێزێت،بەحوکمی ئەوەی ئەنفال هەڵگری هەندێک ڕەهەندی دینیشە،ئەو بەشە لەپرسی ئەنفالدا چالاک نەبوو.ئەوەی ئەنفالی پاراستووەوهەڵیگرتووە یادەوەریی ناسیۆنالیستی ئێمەیە،کێشەکە ئەوەیە ڕەهەندە ئینسانییەکانی ئەم یادەوەرییە ناسیۆنالیستە زۆر لاوازە هاوکات ئەم یادەوەرییە باس لە کوشتن و قڕانکردن دەکات بۆ دەستکەوتێکی حیزبی وسیاسی دەگەڕێت .ئیدی قوڵکردنەوەی ڕەهەندە ئینسانیەکانی بۆ گرنگ نییە(١٧).

دووەم: یادەوەریی نەتەوەیی

بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی گەلی کورد، نەورۆز و سەری ساڵی کوردی .یادەوەریی دۆسیەکانی تاوان و کۆمەڵکوژییەکان .ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان .زۆر جێگەی داخە ساڵانێکە بەمەبەست کار لەسەر کاڵکردنەوەی ئەم بۆنە نەتەوەییانە دەکرێت و گەیشتۆتە ئاستێک کە هەوڵی حەرامکردنی دراوە .ئەبێت لەوە کارەسات ترچی بێت،گەنجێکی کەسوکار ئەنفال لەئێستادا

لەڕیزەکانی داعش تەقە لەمیللەتەکەی خۆی بکات و پێیوابێت ئەرکێکی پیرۆز و شەرعییە.
سێیەم: یادەوەریی گشتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی (یادەوەریی و کۆ یادەوەریی) (١٨)
چەندین خاڵی هاوبەشی نێوان گەلی کوردو چەندین نەتەوەی تری جینۆساید کراوادا هەن، بەڵام ئەوە کورتە نەیتوانیوە لەیادەوەریی جیهانیدا پشکێکی باشتری هەبێت.کورد گۆبێبیستی دەیان بۆنەی جۆراو بووە کە وەک یادەوەریی جیهانیی تەماشاکراوە، بەڵام زۆر کەمن ئەو وڵات و نەتەوانەی یادەوەریی کوردیان وەک خۆی وەرگرتبێت و لەهیچ رووێکەوە وەک پێویست کاریان لەسەر کردبێت .. ئەگەر نمونەیەک وەربگرین لە یادەوەریی جیهانی ،ئێمە لەهەموو ساتێکماندا چ لەبواری پڕۆگرامی پەروەردەیی ،چی لەڕۆژانە هەواڵ وباسی میدیا جیهانیەکان و بەمیدیای کوردییەوە، باس لەڕوداوە جیهانیەکان دەکات و بووە بەبەشێک لە یادەوەریی ئێمەو، جێگەی گرتووە، بەڵام بەپێچەوانەوە کورد هەرچەندە دۆسیەو پرسەکانی لەگەلانی تر گەورەترو و گرنگ تر بووە کەچی نەمانتوانیوە لەو یادەوەرییە جیهانیەدا پێگە وجێگە بگرین .

بەشی دووەم:

ئەنفال لەیادەوەریی کوردیدا

ئەنفال لەیادەوەریی کوردیدا پرسێکی ناجێگیرە، کۆمەڵگەیەکی دابەشبووڵە ڕووی سیاسی ،جوگرافی ،ئایدەلۆژیی کاریکردۆتە سەر پرسی یادەوەریی دۆسیە و پرسە جیاوازەکان.هێشتا کۆمەڵگەی کوردی نەیتوانیوە ئەنفال لەنێو خودی خۆیدا بناسێنێت، نەیتوانیوە بیکاتە بە یادەوەرییەکی لۆکاڵی گشتی ،تاوەکو تاکەکانی لەیادەوەرییاندا هەستی پێبکەن، زۆرێک لەکۆمەڵگەی کوردی پێیوایە ئەنفال تەنها پرسێک وئازارێکی ناوچەییەو هیچی تر، چونکە ئێمە نەمانتوانیوە لەیادکردنەوەی ساڵانەی ئەم تاوانەو کۆی تاوانەکانی تر، ئەنفال وەک خۆی بناسێن، چونکە لەبنەڕەتدا کاری جددی دەکرێت بۆ ئەوەی ئەنفال لەیادەورەیدا کاڵتر بێتەوە.وەک بۆچوونی ئەو پێرژنەی کەسوکاری ئەنفال لە چەمچەماڵ وتی: ئەم یادکردنەوانە بۆزیندووهێشتنەوە نین، بەڵکو بۆ لەبیر بردنەوەن .لەسەر ئاستی کوردستانیش ئەنفال نەبووەتە خەمی گشتی ،نەبۆتە باسێکی هەمیشەیی .بەڵکو تەنها لەسات و کاتێکی جیاواز یادی دەکرێتەوە .زۆربەی گەلی کورد تەنها ناوی ئەنفالی بیستووە، بەڵام بەچەند دێرێک ناتوانێ گوزارشت لەتاوانەکە بکات .یان دارشتنێک لەسەر تاوانی ئەنفال بنوسێت . دەبێت دامەزراوەیەکی راستەقینەی نیشتیمانی ،نەک حیزبی بەم کارە گرنگە هەڵبستێتو ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە.یادەوەریی خاڵیمان پڕبکاتەوە.هەموومان تائێستا بەشێکی زۆری چیرۆک وسروودەکانی سەردەمی منداڵیمان لەبیر ماوە، ئەی چۆن دەبێت تاوانێکی وەک ئەنفال بەو قەبارەوە لەبیر بکرێت و پێگەیەکی شیاوی نەبێت لەیادەوەریماندا .سەنتەری دیکیۆمێنتەری ساڵانە بەرهەمەکانی خۆی نمایش بکات و شتی نوێ بخاتە بیرو هزری تاکەکانەوە.شیکاری نوێ بکات ،خوێندنەوەی بۆ ناسین و ناساندنی ئەنفال بکات.شرۆڤەی جددی هەبێت لەم بوارەدا.لەیەک کاتدا قسەی جددی هەبێت لەسەر کۆی ئەو پرسانەی پەیوەندی چیرۆک و حیکایەتە فەرامۆشکراوەکان هەیە و ئیتر نەهێڵێت کەمتەرخەمییەکان بەردەوام بن لە بواری پەروەردەو فێرکردنیش لەکۆی قۆناغە جیاوازەکانیدا ئەم مێژووەی تێدا هەڵبگیرێت و بکرێت بەپڕۆگرام



.یادکردنەوەی نیشتیمانی سەرتاسەری بۆ تاوان و کۆمەڵکوژیی لە کوردستان پێویستییەکە ، بۆ ئەوەی چیتریادەکان تەنها لەناوچەیەکەوە قەتیس نەکرێت، تاناوچەیەک یادی ئازارو مەینەتییەکانی خۆی بکاتەوە، ئەو ئازارە هەر بەلۆکاڵی و ناوچەیی دەمێنێتەوە، خەمی ناوچەیەک و جوگرافیایەکی تایبەت دەبێت، لەکاتێکدا ئازارەکە هی هەموو میللەتەکەیە، بەجیاوازی پێکهاتەکانی.

باسی یەکەم:چەردەیەک لەبارەی ئەنفال وجینۆسایدی کوردەوە.

بەدرێژایی مێژووی ئێمە، لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری شەرانگێزی مرۆڤایەتی ،کورد پەلامار دراوە، جینۆساید و کۆمەڵکوژ کراوە، هەموو فۆرمەکانی کوشتن و لەناوبردنی بەسەردا تاقیکراوەتەوە، هەرجارە و بیانوویەک پاساوێک بۆ لەناوبردنی هێندراوەتەوە .بەتایبەتی ئەگەر بەکورتی چاوێک بە رووداوەکانی سەدەی بیستدا بگێڕین، گەلی کورد نەک تەنها لەباشووری کوردستان، بەڵکو لەهەموو پارچە داگیرکراوەکان، دووچاری کۆمەڵکوژیی و قڕکردن و تاوانی گەورە بووەتەوە.لەباشووری کوردستاندا جینۆسایدی کوردانی فەیلی ، بارزانییەکان، تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و تاوانی ئەنفال ، نمونەی درندەیی ڕێژیمی بەعس بوون، ئەمە جگە لەپرۆسەی بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێیی لەئاستی هەموو پارێزگانی هەرێمی کوردستان پیادەکراوە .بەعس خراپترین و ترسناکترین جۆری چەکی لەم پەلامارانە بەکارهێناوە، بەتایبەتی چەکە کۆکوژەکان، کەبەلایەنی کەم زیاتر لە ٤٠ جاری بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان بەکارهێناوە. .ئەگەر بۆ مێژووی کۆنیش بگەڕێینەوە، شەڕی چاڵدێرانی ١٥١٤ی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان بەڵگەیەکی تر بۆ چەوساندنەوەی کورد لەقۆناغێکی تردا.لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بەتایبەتیش دوای هاتنە دەسەڵاتی بەعسییەکان لەساڵی ١٩٦٨–٢٠٠٣ وەبەتایبەتی تریش کاتێک سەدام حسێن لە ١٩٧٩– ٢٠٠٣ دەسەڵاتی ڕەهای کەوتە دەست، گەلی کورد لەباشووری کوردستان هەوڵی دا کۆی ئامانجەکانی حزبی بەعس کەلەساڵی ١٩٤٧ دامەزرابوو، بیهێنێتە دی لەسەر سڕینەوەی نەتەوەکانی تر بۆ قازانجی عەرەبی سوونە، کە کارە شەڕگێزەکانی بەپەلامارو گرتنی کوەیت لەساڵی ١٩٩٠ تەواو بوو(١٩) .چونکە تێڕوانینی حزبی بەعس ئەوەبوو بۆ کورد، کەکوردیش وەک هەموو کەمە نەتەوایەتییەکانی تری وڵاتانی عەرەبی ، لەقۆناغێکی مێژوودا لەسەر خاکی عەرەب گیرساوەتەوە، هەرتاقمێک یان نەتەوەیەک لەگەڵ حزبی بەعس نەبێت بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی ،ئەوا لەدیدی بەعسەوە بەدوژمنی خاک و نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دەدرێت (٢٠) .دەیان ساڵ پێش شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦٣ شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ مەحمودی نەمرو شێخ سەعیدی پیران و شەهید قازی محەمەد داوای سەربەخۆییان دەکرد، چونکە کورد لەهەموو پارچەکان کۆمەڵکوژو جینۆساید کراوە، بۆیە لەهەوڵی کیانێکی سەربەخۆدابووە بۆ ئەوەی رزگاری بێت لەدەست ئەو هەموو جەورو ستەمەی بەردەوام لێیکراوە(٢١) . سەدەی رابردوو بەدیاری کراوی سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ تاکۆتایی ئەو دەیە تاوانی جینۆساید لەزیاد جارێک دژ بەگەلی کوردستان ئەنجامدراوە، ئەو پرۆسەی کورد کوژییە پێکەوە گرێدانی مەرگی نەتەوەیەک بوو، لەدەقەری بادینانەوە بۆ دەقەری گەرمیان ، خەڵکی بەجۆرێک کەوتنە بەرپەلاماری سوپا کەمەرگی دەستەجەمعی نەتەوەیەک ئامانجی بوو، بەبێ ئەوەی نەکۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیونەجیهانی ئیسلامی عەرەبی بەئەرکی خۆیان هەڵبستن ، بێ ئەوەی پەیماننامە نێو نەتەوەییەکان کەبۆ قەدەغەکردنی ئەو تاوانە هەبوون، بەفریادی کورد بکەونورێگە لەملهوڕییەکانی دەوڵەتی عێراقوحزبی بەعس بگرن (٢٢).

باسی دووەم:یادەوەریی ئەنفال وڕەنگدانەوەی لەسەرناسنامەی نەتەوەیی

ئەگەر ناسنامەی هەموو میللەتێک بریتی بێت لەکۆی ئەو پێکهاتە مێژوویی و کولتووریی وتایبەتمەندییەی کەهەر نەتەوەیەک هەیەتی

(٢٣)،ئەوا نەتەوەی کورد زۆر تایبەتمەندی هەیە تابیکات بەناسنامەی خۆی و شانازی پێوەبکات .بەڵام بەداخەوە سیاسەت و کولتووری کورد نەیتوانیوە ئەنفال بکات بە ناسنامەی نەتەوەیی ،دەیتوانی سااڵنە لەیادی ئەنفالدا بەچەندین فۆرم و ڕێگا ئەنفال بکرێت بەناسنامەی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە،لەڕێگەی کوردبوون و ئەو خەسڵەت وپێکهاتە هاوبەشانەی کۆمەڵگەو تاکەکانی ، ئەنفال بکرێت بەناسنامەی تاکەکان بەبێ جیاوازی و شوناسێکی نەتەوەیی پێببەخشین.بەداخەوە وەک بەختیار عەلی دەڵێت:کولتوور و ڕۆشنبیرو سیاسەتی کوردی لەتوانایدا نییە هەڵگری یادەوەریی ئەو کۆست و تاوانانە بێت.لەتوانیدا نییە ببێت بەنوێنەری ئەم دۆسیە نەتەوەییانە .کوردبوونی ئێمە بەس بوو بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانمان هەبێت بۆ داکۆکی کردنمان لەخۆمان لەرابردوو و ئێستا و داهاتوومان.ئەقڵی سیاسی نەیتوانی کورداپەتی بکات بەناسنامەو لەهەموو سەفەرێکی بیخاتە توێی جانتا دبلۆماسیەکەیەوە .بۆیە ئەگەر ئێمە بەدوای ناسنامەی خۆماندا بگەڕێین پێویستمان بەبڕیارێکی دەستە جەمعیە .ئینجا بەوردی کار لەسەر رابردوو بکرێتو هەموو شتێک زیندوو بکەینەوە تەنانەت یادەوەریی قوربانیەکانیش بەجۆرێک بێت کەفاکتەرێک بێت بۆ زیندووبوونەوەو ژیاندۆستی و پەرەپێدانی بیری لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیان

بەشی سێیەم :

باسی یەکەم : یادەوەریی ئەنفال وکارکردنی لەلایەن میدیای کوردییەوە .

لە ڕووی میدیاییەوە چۆن کار لەسەر پرسی یادەوەریی ئەنفال و جینۆساید بکرێت:

بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا میدیای کوردی پەیامی بۆ ناوخۆ بووە و نەیتوانیوە لە ئاستی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ئەنفالدا پەیام بە زمانە زیندووەکانی جیهان بگەیەنێت و لە ناوخۆشدا کارێکی ڕووکارییانەی کردووە و قوۆل نەبووەتەوە بۆ بنج و بناوانی پرسەکانی پەیوەست بە تاوانەکانەوە و توانا و سەلیقەی بەدواداچوون و دۆزینەوەی چیرۆکە ئینسانییەکانی نەبووە.

دەکرێت شێوازی کاری میدیای لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: تەنیا لە بۆنە و یادەکاندا بە پیشاندانەوەی وێنەدووبارەکان و بڵاوکردنەوەی تۆماری دەنگی و لاواندنەوە و شیعر کارکردن لەسەر بزواندنی هەستی خەڵک کار کراوە و لە ڕووی لۆژیکی و مەعریفییەوە کارێکی ئەوتۆ نەکراوە لانیکەم نەوەی نوێ لە قەبارەی ئەو تاوانانە تێ بگات و بزانێت نەتەوەکەی و خەڵکەکەی لە رابردووی نزیکدا ڕووبەڕووی چ مەرگەساتێک بوونەتەوە.

دووەم: جگە لە سازکردنی چەند بەرنامەیەکی سەرپێیانە تا ئێستا دۆکیۆمێنتاری و بەرنامەی فرە ڕەهەند و قوڵی ئەوتۆ پێشکەش نەکراوون کە ماهییەتی تاوانەکان ڕوونبکەنەوە.

سێیەم: هێشتا نەتوانراوە رایگشتی لە بارەی بە سزاگەیاندنی تاوانباران و مستەشارە راکردووەکان لە یاسا یەکبخرێت بە جۆرێک خەڵک بە گشتی داوای سزادانی هەموو ئەوانە بکات کە تێوەگلاوون لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەدا و ئەو کەسانە لە کۆمەڵگەدا جێیان نەبێتەوە و تەنانەت وایان لێبکرێت کە لانیکەم پەشیمانی دەربڕن و داوای لێبوردن بکەن، دیارترین نموونەیان قاسم ئاغای کۆیە بوو، کە تا ئێستاش بەرگری لەوە دەکات کە ئەنجامیداوە و پەشیمان نییە لەو تاوانانە و هێشتا سەدام حوسێن بە رابەر و سەرکردەی خۆی دەزانێت.

چوارەم: بۆ دنیای دەرەوە تا ئێستا میدیای ئێمە نەیتوانیوە وەبەرهێنان لەو بوارە بکات و لە ڕێی بەرنامە و بابەتە میدیاییەکانییەوە کارێک بکات لانیکەم وەرگرانی وڵاتانی دراوسێمان لە قەبارەی تاوانەکان و مێژوویان و چیرۆکی ئەو هەزاران ئینسانە کورد تێبگەن کە بێ تاوان ڕاپێچی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کران.

پێنجەم: تا ئێستا میدیای کوردی نەیتوانیوە ببێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ میدیای جیهانی و هیچ داتا و چیرۆک و ڕاپۆرت و زانیاریەکی ئەوتۆی

نەخستووەتە ڕوو کە میدیای جیهانی بتوانێت پشتی پێ ببەستێت(٢٥) .

شەشەم: هێشتا میدیای کوردی نەیتوانیوە لە قاڵبی حیکایەتخوانی دەربازی بێت و کار بۆ ئەوە بکات وەک ئەرمەنەکان و جووەکان، پرسەکانی ئەنفال و جینۆسایدە باباتە ناوەندە میدیاییەکانی جیهان و کار بۆ ئەوە بکرێت چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە سپۆنسەری دەیان بەرنامە و فیلمی دۆکیۆمێنتاری و کورتە فیلم و فیلمی درێژی سینەمایی بکرێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پەردە لە ڕووی ستەملێکراوی نەتەوەیەک لابدرێت و ڕایگشتی وڵاتانی جیهان و نێودەوڵەتی لە قازانجی دۆزی نیشتیمانی کورد بجوڵێندرێت (٢٦).

باسی دووەم یادەوەریی ئەنفال وڕەوتی ئایینی لەکوردستان

جێگەی داخە لەدوای ساڵی ١٩٩٢ و دروستکردنی یەکەم پەیکەری دامەزراوەیی لەهەرێمی کوردستان، کەدامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، گوتاری کوردی نەیتوانی گوتاری ئایینی لەکوردستان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت لەپرسی ئەنفالدا، بۆ ئەوەی ڕەوتی ئایینی لەکوردستان لەچوارچێوەو سیاقی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەرنەچێت و لەخزمەتی دۆزەکەیدا بمێنێتەوە.میللەتی کورد باجێکی قورسیدا بەم کارە، چونکە لەهەناوی ڕەوتی ئایینی لەکوردستان، بیری تۆندوتیژی سەری هەڵدا کەدوواجار بوو بەمایەی سەرئێشەو گرفتی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی هاوواڵتیان.کاتێک دەبینین کەسێکی کەسوکار ئەنفال لەگوندەکەیدا سەدان کەس ئەنفال کراوە بەڵام ئەو لەجێگەی ئەوەی داکۆکیکار بێت لەدۆسیەکەی خۆی و ڕێز لەقوربانیانی خۆی بگرێت، ریزەکانی داعش هەڵدەبژێرێت.کۆمەڵگەی ئێمە خۆی لەزۆر شت خەواندووە دەیەوێت هەموو شتێکی بێتە بەردەست، لەو پرسەشدا هەروایکردووە، خۆی هەوڵی ئەوەی نەدا گوتاری ئایینی بخاتە ژێر رکێفی خۆی و بەئاراستەیەکی باش و گونجاو بەکاری بێنێت، لەئێستاشدا مەترسیەکان قوڵتر دەبنەوە، ئەم گوتارە ئایینییە ترسناکە تادێت رابردوومان لێدەکات بەوەهم ودەیەوێت ئەنفالیش لەیادەوەریی میللەتدا کاڵ بکاتەوە.گوتاری ئایینی لەکوردستان باش هەست بەوە دەکات کەبەشێک لە هۆکارەکانی ئەنفالکردنی کورد بۆ گوتارە ئاینییەکە دەگەڕێتەوە بۆیە هەوڵدەدەن خۆیان بێدەنگ بکەن و هەست وجوڵە لەخۆیان دەبڕن .نایانەوێت بەگژ زۆر شتدا بچنەوە کەقازانجی ئەوانی تێدا نییە، ئەگینا دەبوو هەرهیچ نەبێت فتوای ئەوە بدەن هەر وڵاتێک لە١٩٨٨ کچ و ژنی لەئەنفال وەک غەنیمە وەرگرتبێت ئەگەر چارەنووسیان ئاشکرا نەکات، تاوانبارو گوناهبار دەبێت لەگەڵ زۆر لایەنی تر.

باسی سێیەم:ڕۆڵی زانکۆو ناوەندە مەعریفییەکان لەیادەوەریی ئەنفالدا

گومانی تێدا نییە بەگشتی زانکۆکانی کوردستان لەمەڕ تاوان و کۆمەڵکوژییەکان کەمتەرخەم و هەژارن، کەمزانیاری و بێباکن.زانکۆ وەک گرنگترین دامەزراوەی مەعریفی وئەکادیمی دەتوانێت کۆمەڵێک کێشەی ڕابردوو چارەسەر بکات، ئەویش لەڕێگەی سەنتەرێکی دیکیۆمێنتەری کارا، بەهۆی تیم و ستاڤێکی شارەزا لەناوچەکە چیڕۆکە دابەشبووەکان کۆبکەنەوە، حیکایەتە پەرتەوازەکان لەیەکتری بدەنەوە، دیکۆمێنتێکی باش لەناوچەکە هەیە دەستی بۆبەرن و هەوڵی ئەوەبدەن لەڕێگەی داتابەیس و ئەرشیفکردنەوە تۆماربکرێنو دواتر لەساڵیادەکان نمایش بکرێن ، بەمشێوەیە دەتوانن سنووری کلاسیکی یادکردنەوە بگۆڕدرێت بۆ هەنگاوێکی باشتر و گرنگتر بۆ بەیادەوەریکردنی ئەنفال .ساڵیادەکانیش جیاواز دەبن و رزگارمان دەبێت لەم فۆرمە یادکردنەوەیە کەهیچ بەرهەمێکی نییە.بۆنموونە :زانکۆیەکی وەکو گەرمیان دەتوانێت لەرشێگەی سەنتەرێکی جینۆسایدەوە زۆرترین کار بکات بۆ ئەنفال، هێشتا بەسەدان و هەزاران چیڕۆک هەیە تۆمارنەکراون، لەئەرشیفی ئەنفالدا نین.بەمجۆرە کارانەدەتوانین لەڕێگەی بوونی ناسنامەیەکەوە بەرگری لەئەنفال بکەین، زۆر ڕەمز هەن کەدەبێت تۆماربکرێن و قسەی جددیان لەسەر بکرێتە، پیرژنێکی کەسوکار ئەنفال، کەسی نەماوە، بۆ ئەوەی بەتەنیا نەبێت

چەند دانە قازێکی کڕیوە، قازەکانی بەناوی منالەکانیەوە ناوە، پیاوێکی تر هاوسەرومندالەکەی ئەنفال کراوە، لەهاوسەرگیری دووەمدا ناوی هەمان منداڵی لەمندالەکانی ناوە، ئەوە زیندووبوونەوەیە ، خۆراگرییە، بەردەواميیە بەژیان، بەچۆک دانەدان بەرامبەر بەو بیرەی کەئەنفالیکردین، ئەم هەموو چیرۆکانە شایەنی ئەوەن کاریان لەسەر بکرێت، چونکەی نموونەی گرنگی یادەوەریی زیندووی خانەوادەکانی ئەنفالن.هەروەهانمونەی بەرز راگرتنی شکۆی مرۆڤە، وانەیەکی گرنگن بۆ کۆمەڵگەو بەزیندوویی هێشتنەوەی ئەم یادەوەرییە لەبیری خانەوادەیەکدا .بۆیە دەبێت ئەو یادەوەرییە بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی تر.بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگە ئیرادەی بەرزو بەهێز بێت و بڕوای بەوە بێت کەدەبێت خۆڕاگرو پتەو بێت(٢٧) .

بەشی چوارەم:

ئەنفال لەیادەوەریی جیهاندا

بەو پێیەی ئەنفال تاوانێکی نێودەوڵەتیە دەتوانین یادەوەریەکەش بخەینە ساحەی نێودەوڵەتیەوە بەهەمانگی لەگەڵ نەتەوە جینۆسایدکراوەکان، لە فرۆشتنی نەوتدا، لە کاری لۆبی و دبلۆماسیەتدا، بەتایبەتی کوردانی ئەورووپاو ئەمریکا دەتوانن رۆلی گرنگ وکاریگەر بگێڕن، هاوشیوەی ئەوەی ناوەندی چاک لە سەرەتای ٢٠٠٠ ەکان دەستی دابووەیە، بەڵام بەدیوێکی زانستی وئەکادیمیدا(٢٨) ،

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، تاوانی ئەنفال،وەک تاوانێکی نێو دەوڵەتی وهەموو جۆرەکانی جینۆسایدی بەسەردا جێبەجێکراوە، تائێستا لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی وەک دۆسیەیەکی جینۆساید مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت،ئەمەش وایکردووە ئەنفال بێبەش بێت لەیادەوەریی جیهانی ،چەند وڵاتێک لەسەر ئاستی پەرلەمانەکانیان کەلەپەنجەی یەک دەستدا تێپەڕنابن،بەفەرمیی ئەنفالیان وەک جینۆساید ناساندووە وئەم لایەنەش تائێستا مشتومڕی زۆری لەسەرە.لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق کەبەفەرمی ئەنفالی وەک جینۆساید ناسیوە،هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی لە٢٠٠٧ داویەتی سەبارەت بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال لەدنیای دەرەوەی خۆیدا بەجینۆساید بناسرێت.حکومەتی هەرێمیش دەیان هێندە کەمتەرخەمە لەئاستیدا.

باسی یەکەم :ئەنفال لەیادەوەریی عەرەب وگەلانی دراوسێدا

رەنگە هۆکاری لاوازیی یادەوەریی ئەنفال لەیادەوەریی نەتەوەی عەرەب و گەلانی دراوسێدا،زۆر هۆکاری هەبێت،بەڵام ئێمە لێرە تەنها کار لەسەر دوو رەهەندی دەکەین،رەهەندی ئایینی ،بەو پێیەی ڕیژیمی بەعس ئاییینی بەکار هێنا بۆ کۆمەڵکوژیی و جێبەجێکردنی شاڵاوەکە،بەمەش بەعس توانی بەیەک هەنگاو چەند ئامانجێکی ترسناک بەدەست بهێنێت.هاوکات بەشداربوونی وڵاتانی عەرەبی لەپرۆسەی ئەنفالدا بەهاوکاری لۆجستی و سەربازیی و دارایی .ئەمەش فۆرمێکە لەڕەویەتیدان بەئەنجامدانی تاوانەکەو سەلماندنی بەشداربیان لەتاوانەکە .رەهەندێکی ترئەوەیە؛بیری شۆڤێنی و مەزهەبی لای عەرەب هێندە ترسناکە،وەک میشێل عەفلەق راشکاوانە هەموو نەتەوە بچووکەکانی بەخزمەتکاری نەتەوەی عەرەب لەقەڵمداوە و لەفەرهەنگ و کولتووری بەعس بێ پێگەبووە .ئەم بیرە شۆڤێنییە تەنها عێراقی نەگرتۆتەوە،ئەوەتا دوای بیست و نۆ ساڵ لەئەنجامدانی تاوانەکە،هێشتا بیری شۆڤێنی عەرەب زاڵەو لەهەموو لایەکەوە دژ بەخەون و دەستکەوت و داخوازییەکانی گەلی کوردن.کەم وڵاتی عەرەبی هەیە لەئەنفالدا کچ و ژنی کوردی نەکڕیبێت،یاوەکو غەنیمە وەری نەگرتبێت،چەندین بەڵگەی ڕوونیش لەمبارەیەوە هەیەو سەلمێنراوە .ئەوە جگە لەوەی لەشارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقیش ژنانی ئەنفالکراوی کورد وەک غەنیمەی جەنگ دراون بەئەفسەرەکانی سوپای عێراق و دارو دەستەکەیان .

باسی دووەم:گرنگی بەجیهانیکردنی یادەوەریی ئەنفال

هەتا نەبین بەبەشێک لەیادەوەریی جیهانی ،نابین بەبەشێک لەکۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ،هەتا دۆسیەگرنگەکانی رابردووی میللەتی ئێمە وەکو



جێنۆساید نەناسرێت و مامەڵەیەکی فەرمیی دوور لەبەزەیی لەگەڵدا نەکرێت،ئایندەمان مەترسی و هەرەشەی لەسەرە.نەک لەلایەن وڵاتانی دراوسێیەوە،بگرە لەلایەن هێزە نێوخۆیی و شۆڤێنییەکانی نەتەوەی عەرەبەوە .یان هەر نەتەوەیەکی ترەوە.ئەبێت دان بەو راستیەدا بنێن کەلەئێستادا هیچ ئومێدێک،هیوایەک .لەئارادا نییە بەلایەنی کەمەوە بۆ هەوڵدان لەم نێوەندەدا.دامەزراوەیەک نییە کاربکات بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بخاتە یادەوەریی جیهانییەوە،نەخشە رێگاکانی ونن،دیار نین و نابیندرێن.

بۆنموونە؛ئەگەردۆسێی ئەنفال وهەڵەبجە ببێتە یادەوەرییەکی سەرتاسەری لەکوردستاندا، ئەوا دەتوانێ سنوری ناوخۆش ببڕێت و لەسەر ئاستی دنیاش رەنگ بداتەوە، بەلای کەمەوە یەکێک لە رەگەزەکانی یادەوەریی بۆنمونە (لێبوردەیی) لەجیهاندا جێکەوتە ببێت.

بەشی پێنجەم:

دیکۆمێنت ویادەوەریی

زۆر وێنەو چیرۆک و حیکایەتی کاریگەرو تراژیدی ئامێز هەبوون،کەکاری لەسەر بکرێت،بۆ ئەوەی لەیەک کاتدا ئەنفال لەیادەوەریی خۆمان و ئەوانی دیکەدا بەزیندوویی بمێنێتەوە،ئەوەش لەبەر ئەوەنا کەڕێگەی تۆڵە بگرێنە بەرو هەمان توندو تیژی بەعس بکەین بەڕەفتاری خۆمان و نەوەکانی ئایندەمان،بۆ ئەوەی لەیادەوەریی ئێمە بۆ قوربانیان هەرهیچ نەبێت یادیان بەرز رابگیرێت،چونکە ئەوان دوواجار قوربانین و قوربانیش شایانی رێزگرتن و هاوکات کەسوکارەکانیشیان بەهەمان ئەندازە شایانی رێزو خۆشەویستی و ژیانێکی شکۆمەندن.

لەڕێگەی وێنەوە چەند گوزراشتێک دەخەینەڕوو کەدەبوو لەڕێگەی ئەم دیکۆمێنتە گرنگە کاری گەورەو بەنرخی لەسەر بکرایە،بۆ ئەوەی لەیادەوەریی کوردی و جیهانی پێگەیەکی شیاوتر و بەشکۆتری هەبووایە.



وێنەی یەکەم شێخ حوسێنی هەزارکانی

وێنەی دووەم :

جل و بەرگی گوندنشینانی هەزارکانییە. ئەو



گوندەی شێخ حسێن تێیدا ژیاوە،رۆژانە شوانە عەرەبەکان شەقی تێهەڵدەدەن ..لەهەموو کوردستان تاکە گوندێکیشە کەئاوەدان نەکرابێتەوە..... هەرهیچ نەبوایە دەبوو وەک گەرمیانییەکان هەریەکەو وێنەیەکمان لەماڵەکانی

خۆمان هەڵبواسیبوایە..بۆیەرستن نا،بەڵکو بۆ ئەوەی لەیادەوەریماندا بمێنێتەوە .

وێنەی مریەم سالّەح کەرەم عەبدوڵڕەحمان .

ئەگەر چی ئێمە پێشتر بوخچەکەی مریەم مان بیستبوو کەتامرد چاوەڕێ ی دەستگیرانەکەی خۆی



کردو ئامادە نەبوو بەوەی کەدەستگیرانەکەی لەژیاندا نەماوەو ئێتر ناگەڕێتەوە،بۆیە هەمیشە بوخچەکەی لەتەنیشت خۆی دانابوو .بەو هیوایەی بەدەستگرانەکەی شاد بێتەوە. زۆرن ئەوانەی وەکو مریەم بوخچەی دیاری کەسانی ئازیزو خۆشەویستیان تائێستا و دوای ٢٩ ساڵ هەڵگرتووە.

وێنەیەکی تر :مریەم لەکاتی مارەبڕینی.

وێنەیەکی تر : جل و بەرگەکانی مریەم بەشێکی لەئەمنە سورەکە پارێزراوە،بەشێکی لەئێستادا لای منە.ئەم وێنەیە بەکامێرای خۆم گیراوە.

وێنەی چوارەم :
فەیمە سپێ سەر. هاوسەری ئەنفالکراوە. ئەم ژنە چەند ساڵێک لەبەر لەئەنفال هاوسەرگیری دەکات، تائێستا بوخچەکەی پاراستووە و ساڵی یەک جاریش جلەکان لەبەر دەکات وەک یادەوەریی بۆ هاوسەرە ئەنفالکراوەکەی ..ساڵی١٩٨٤ هاوسەرگیری کردوە و فەیمە تەنها کچێکی هەیە بەناوی کوردستان ئەو جلانەی ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن هاوسەرەکەیەوە حسێن ئەحمەد سەمین لەکوڵەجۆی زەنگاباد کڕاوە، فەیمە لەکاتی ئەنفالدا منالّێکی ساوا کەتازە لەدایکبووە ناوی ناوە کۆچەر بەناچاری لەشێوێکدا بەجێیدەهێڵێت،خۆی گوتەنی تائێستا نازانی منالّەی لەبرسا مردووە ،یا سەربازەکان بردوویانە،یا ئاژەڵی کێوی خواردوویانە
وێنەیەکی تری فەهیمە سپی سەری . لەکاتی پۆشینی دیاری هاوسەرکەی
وێنەی پێنجەم : گوندی باشتەپە: ناوچەی داویە. خورماتوو. لەئێستادا سەر بە ناحیەی زینانەیە .منالّێک ناوی ئەنفالکراوانی خانەوادەکەی لەسەر دیواری مزگەتی گوندەکە تۆمارکردووە.دوای ئەوەی مزگەوتەکە دروست دەکرێت،هێشتا دیواری مزگەوتە تەڕە،منداڵەکە داوای لەکەسوکاری خۆی کردووە کەژمارەی ئەنفالکراوانی پێبدەن .بەپەلە وەریدەگرێت و لەسەر دیوارەکە دەینوسێت .
وێنەی ژمارە شەش . میمکە شەوکەتی قەڵاچەرمەڵە،
میمکە شەوکەتی قەڵاچەرمەڵە،لەنوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە،:هیچ کەسێکی لەخانەوادەکەی ژیاندا نەماوە،لەئێستادا لەلای برازایەکی دەژیت،ئەمەش کۆشک و تەلارەکەیەتی . ئەمە وەک پۆستێکی سەربەخۆ لەفەیسبووک مانگێگ بەر لەئێستا بڵاوکراوەتەوە یەکێک لەو کۆمێنتانەی بۆ میمکە شەوکەت نوسرابوو:ئەڕێ ژیانی ئێستای هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ نوگرەسەلمان ...میمکە شەوکەت هەتا خەوی لێدەکەوێت،خۆی گووتەنی:تاچاوم شەکەت دەبێت،سەیری وێنەی کوڕەکەم دەکەم و ئینجا دەخەوم.
وێنەی شەشەم : مەلا رەحیمی سەرقەڵا !
چیرۆکە فەرامۆشکراوەکانی پارتیزانەکانی گەرمیان لەنێوان مەرگ و ژیان،سەرکەوتن و شکست،بەردەوامیی و رووخان .ئیرادەو بێهیوایی
مەلا رەحیمی سەرقەڵا زیاد لەچیرۆک و ئازارێکی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە . بەڵام پێیینازانین.
– ساڵانێکە دوای بیستنی چیرۆکەکەی نەبات کەلەدووبز تاکە نەعلێکی سەوزی خستە دەمی منالّەکەی تاگیانی سپارد،چونکە منالّەکە خەیارێکی بینی بەدەست سەربازێکەوە .



– مەلا رەحیمی سەرقەڵا ساڵانە بەپێ لەکەلارەوە بەرەو گۆڕستانی دێبنە دەکەوێتەڕی و جارێک بەدەوری گۆڕستانەکە دەسوڕێتەوە وهەربەپێش دەگەڕێتەوە بۆکەلار.

– مەلا رەحیمی سەرقەڵا دەیان چیرۆکی دوای ئەنفال و سەردەمیی پارتیزانی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە .

وێنەیەکی تری پێشمەرگەو پارتیزانێکی دوای ئەنفال . بەناوی حەمە رەشید توکنی .

وێنەی سێیەم : گوندی سەر رەش . گەرمیان .١٩٨٥. لەلای ئەم وێنەیە یەکێکە لەو وێنانەی لەکاتی ڕاستەوە: سامان عەبدولکەریم . سەبریە عەبدولکەریم. لیمۆ تۆمارکردنی رۆژانی سەردەمی پارتیزانی عەبدولکەریم .کامیل عەبدولقادر.هەموویان ئەنفالکراون

پێشمەرگایەتی . نزیکەی ١٥ کاتژمێر دیمانەی لەگەڵدا کراوە.

وێنەویادەوەریی

چینییەکان ٣٠٠٠ ساڵ وتویانە هەر وێنەیەک بەقەد سەدان وشەیە، بەڵام گومانی تێدا نییە لەئێستادا کاریگەری وشە بەقەد هەزاران وشەیە.بەتایبەتی لەدۆسیەیەکی وەکو ئەنفال . زۆر جار وێنەیەک دۆسیەیەکی گەورەی جیهانی دروست دەکات .. بەداخەوە بەختیار عەلی وتەنی :ئێمە دیکۆمێنتەکانمان تەنها بۆ ئەوە دەوێت بۆ ئەوەی بڵێین دەبینن بەعس چی بەئێمە کردووە لەکاتێکدا دەکرێت بینای یادەوەریی لەسەر ئەو بەڵگەنامە فەرامۆشکراوانە بینا بکەین .هاوکات رێز گرتنە لەقوربانی و کەسوکارەکانیان ئەگەر کەسێکیان لەژیاندا مابێت ..

وێنەی یەکەم: گوندی تەپەسەوز

بنەماڵەیەک بەر لەئەنفال لەگوندی تەپە سەوز – کفری ١٩٨٦ جگە لە سێ کەس ، هەموویان ئەنفالکراون . کورد بەدەستی خۆی کولتووری



خۆی وێران دەکات.

وێنەی دووەم:

. گونەدی عەلیانی گەورە. ١٩٨٨لەلای راستەوە:حەمدیە فەرەج سەعید ١٩٤٥.منالّەکە نەناسراوە.پیرۆز خەڵکی ئۆمەرمل هاوسەرو منالّەکانی ئەنفال کراون وخۆشی لەنوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە.عومەر عەلی حەمید ١٩٧٧ ئەنفالکراوە.

ڕاسپاردەکان

١– کارکردن لەبواری ئەنفال لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن بەپێی ئاست بخوێندرێت.

٢– سەنتەرە تەقلیدییەکان نەهێڵدرێن وسەنتەری نیشتیمانی کارا بکرێت.

٣–گەڕانەوە بۆ پرۆسەی ڕاستەقینە لەبواری بەدیکۆمێنت کردنی وردەکارییەکانی ئەنفال ،نەک وتار نووسین و پەخشان .

٤– نابێت رێگە بدرێت بازرگانی بەدۆسیەی ئەنفالەوە بکرێ . بۆ سوودی خۆیان بەکاری بهێنن . ئەوانەشی هەتا ئێستا وایان کردووەو بەبەڵگە لەسەریان ساغ بووەتەوە ریگەنەدرێن لە کەنالەکانی میدیاو سمینارو کۆنفرانسەکاندا قسەبکەن . هەرچییان لەسەر ساغ بووەوە بەیاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

٥- دەزگایەکی سەرەکی وسەرتاسەری نیشتیمانی وچەندین دەزگای بچوکی سەربەو دەزگایە بۆ یادەوەریی بۆ کۆی دۆسیەکانی جینۆساید لەکوردستان پێکبهێندرێت.کەهەوڵ بدات کۆی رووداو و زانیارییەکان یاداشت بکات .

٦- یادکردنەوەی تاوانی ئەنفال بەمشێوە کلاسیکی یە ڕێگەی لێبگیرێت و ببێتە هۆکاری بنیاتنانەوە و لێبوردەیی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان.

٧- هەر لێبوردنێکی گشتی دەربکرێت بخرێتە ڕۆژی دۆسیەیەکی جینۆساید لەکوردستان.

ئەنجام :

لەکۆتاییدا دەگەین بەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی یادەوەرییەوە زۆر لاوازە و هەر ئەمەش وایکردوە تاوان و کۆمەڵکوژییەکان بەسەریدا چەند بارە ببنەوە ، نەدەبوایە دوای ئەنفال، شەنگال جینۆساید و کۆمەڵکوژ بکرێت، نەدەبوو هێزەکان لەدوای ئەنفالەوە بەرژەوەندی خۆیان بخەنە پێش میللەت و بێوەفابن بەرامبەر بەخۆێنی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان.نەدەبوو ڕۆژێک لەڕۆژان ببینین سوکایەتی بەخەڵکی کوردستان بکرێت، بەتایبەتی دروستکردنی قەیرانی سیاسیی دەستکردو گوماناوی .لەگەڵ ئەم راستییەشدا ئەگەر میللەتێک بڕوای بەچاکسازیی و هەڵسانەوە هەبێت، ئینگلیز گووتەنی: هیچ کاتێک درەنگ نییە بۆ ئەوەی کارێک ئەنجام بدەیت.

سەرچاوەکان

١- پێگەی ئەلکترۆنی ئەنتەرنێت، www.almawdud.com

٢- التزكر والنسيان د.قاسم هادى العوادى ١٩٨٨ل ٣٤

٣- سايتى خاگرات.و/ لەفارسیەوە عومەر عەبدولکەریم

٤- مۆریس هالبواکس توێژینەوەی هەورامان فەریق زانکۆی تاران ٢٠١٧

٥- الزاكره .التاريخ. النسيان پۆل ريكۆر .و/ د. جۆرج زيناتى ٢٠٠٩ ل ٣٩

٦- هەمان سەرچاوە ل ٥٩

٧- سایکۆلۆژی پەروەردەیی ،تیۆروپیادەکردنی سەرەکی ن/ دکتۆر عەبدولڕەحمان عەدەس،دکتۆر یوسف ئەلقتامی و/سەلاح سەعدی ٢٠١٣ ل ٣٦٥

٨- التزكر والنسيان د.قاسم هادى العوادى ١٩٨٨ل ٦٤-٦٨

٩- ماهى الزاكره، انس شكك ،٢٠١٠ ل ٧

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو

١١- التاريخ والزاكره .د.محمد حبيده ،ئەنتەرنێت .پێگەی ئەلکترۆنی ئەنتەرنێت .ئینبن خەلدوون

١٢- ئە نتەرنێت www. the freedicttion. Com

١٣- التاريخ والزاكره .د.محمد حبيده ،ئەنتەرنێت .پێگەی ئەلکترۆنی ئەنتەرنێت .ئینبن خەلدوون

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٥- دیمانەیەکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەکە لەگەڵ نووسەر ئاوات محەمەد ٢٠١٧/٦/٢٣

١٦- شۆڕشەکانی جیهان .ئا/و شێرزاد هەینی هەولێر ٢٠١٣ ل ١٨٥

١٧- گفتوگۆ لەسەر خوانێکی خوێنین ،کۆڕامانێک لەئەنفال حەمە کاکەڕەش،٢٠٠٧ل ٩

١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩

١٩- ئەنفال،کوردو دەوڵەتی عێراق .شۆڕش حاجی ج٣،٢٠٠٣،ل ٢٤

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوول ٢٣

٢١- هەمان سەرچاوە ٢٤

٢٢- دیدێکی نوێ بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید .عومەر محەمەد .سلێمانی،٢٠١٤ ،ل ٣٥

٢٣- الهويه الوگنيه والهويه د. عباس الجراری .ئەنتەرنێت

٢٤- دیمانەیەکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەکە لەگەڵ دیمانەیەکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەکە لەگەڵ نووسەر ئاوات محەمەد٢٠١٧/٦/٢٣

٢٥- دیمانەیەکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەکە لەگەڵ میدیاکار ئەرسەلان رەحمان
٢٧- دیمانەیەکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەکە لەگەڵ دیمانەیەکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەکە لەگەڵ نووسەر ٢٠١٧/٦/٢٣ ئاوات محەمەد٢٠١٧/٦/٢٣
٢٨- مالپەڕی ناوەندی چاک

پاشکۆی وێنەکانی ئەم باسە


وێنەی ژمارە (١)


وێنەی ژمارە (٢)


وێنەی ژمارە (٣)


وێنەی ژمارە (٤)


وێنەی ژمارە (٦)


وێنەی ژمارە (٥)

ئەحمەد مەحمود – بنەکەی خەپەکوێر:

دوای ئەنفالکردنی ژنو منالّەکانم، نزیکەی سێ ساڵ بەنهێنی لە قوتابخانەیەك ژیانم بەسەر بردووە.



دیمانەکراو: ئەحمەد مەحمود فەتاح
دیمانە : سمکۆ سابیر
شوێنی دیمانە: مالّی دیمانەکراو .
شوێنی بەر لەئەنفال: گوندی بنەکەی خەفەکوێر(خەپەکوێر) ناحیەی سەرقەڵا
شوێنی دانیشتن: قەزای کفری ،گەڕەکی رزگاری (ئەنفالەکان)
رۆژ:٢٠١٦/١١/٢١
کات:٢/٥٠ خولەکی دوای نێوەڕۆ

لەشاری کفری بەدوای دۆکێومێنتی ئەنفالەوە بووم، لەگەڵ جەلال محەمەد ئەمین هاوکارو یاوەرم بوو، سەرلەبەیانیەکەی لە شاری کەلارەوە بەڕێکەوتین بۆ شاری کفری.

هەرکە گەیشتین دەستمان کرد بە سەردانو دیدارەکانمان، جەلال دۆستایەتی لەگەڵ لالە ئەحمەد هەبووە،بەتایبەتی وەک خۆی باسی کرد هاوڕێی باوکی بووە، دوای ئەوەی مالّەکەمان دۆزییەوە کەلەگەڕەکی رزگاری (ئەنفالەکان) بوو.دوای پشوویەکی کورت ئەم دیدارەمان لەگەڵ لالە ئەحمەد مەحمود ئەنجامدا.

ئەگەر خۆتان بناسێنن

ناوم ئەحمەد مەحمود فەتاح محەمەد رۆستەمە لەگوندی باوەخۆشێن لەقەرەداغ لەدایکبووم .ئێستاتەمەنم لەحەفتا ساڵ زیاتر دەبێت .بەڵام لەبیرم نییە و موالیدەکەم راست نەنوسراوە .لەسەردەمی بەریتانییەکان بوو کاتێک لەعێراق بوون،ئەوکات ئێمە لەباوەخۆشێنی قەرەداغ هاتین بۆگەرمیان بۆ گوندی سەید جەژنی، من منالّ بووم ئەوەم لەبیرە کەسوپای بەریتانیا هاتن بۆ ناوچەکە.

چەند ساڵ لەگوندی سەید جەژنی مانەوە .؟

نزیکەی دەساڵ لەسەید جەژنی ماینەوە و دواتر بەهۆی هەژاری گواستمانەوە بۆ گوندی بەکرە شەل چونکە لەیەکترییەوە نزیک بوون .

کەلەگوندی سەید جەژنی بوویت تەمەنت چەند ساڵ دەبوو.؟

تەمەنم دە بۆ یانزە ساڵ دەبوو

لەو سەردەمەدا هەوڵت نەداوە خۆت فێری خوێندن و نووسین بکەیت.

بەداخەوە قوتابخانەو مەکتەبی لێنەبوو.حوجرەی فەقێش زۆر کەم بوو .زیاتر لە دە ئاوایی, یەک شوێنی خوێندنی ئایینی لێبوو، ئەگەر کەسێک بیویستبایە دەرسی ئایینی و قورئان بخوێنێت .پێموایە تەنها لەئۆمەربل و کانی ماران هەبووە، ئەگینا نەلە فەتاح ئۆمەرو نە لەبەکرە شەل و سەید جەژنی ونەلە گۆبان بوونی نەبووە .

ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە. ؟

ساڵەکەی نازانم بەڵام شۆڕشەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو . ساڵێک دوای ئەوە ژنم هێناوە.

واتە ساڵی ١٩٥٨– ١٩٥٩.

چونکە عەبدولسەلام عارف بووە حکومەت لەعێراق و عەبدولکەریم قاسمی شەهید کرد.کەئەو بووە حکومەت ئێمە رامانکرد بۆ گامەخەڵ .کۆڕە

گەورەکەم تەمەنی هەر هەشت بۆ نۆ مانگێک دەبوو.
تا ساڵی چەند لەگامەخەڵ مانەوە .؟
تاحکومەتی عێراق خانوەکیانیان لێڕوخاندین .وابزانم ساڵێک بەر لەئەنفال بوو .واتە ساڵی ١٩٨٧ .
ئینجا بارمانکرد بۆ گوندی بنەکەی خەپە کوێر . وابزانم کەمتر لەساڵێک ئەنفال دەستی پێکرد. رۆژێکی ناخۆش بوو. حکومەت بەچەکی کیمیایی ئەیدا لەپێشمەرگە.ئەیدا لەئاواییەکان .دەستییان لەکورد نەدەپاراست. کاتێک کۆپتەر دەهات شەڕیش نەبوایە خەڵکی دەکوشت .
هیچ پەلامارو دەستدرێژییەکی حکومەتت لەبیر ماوە بەرلەئەنفال .؟
ئەوەم لەبیرماوە،هەرکەسێک لەئاوایی بهاتایەتە سەر جادە قیرەکە جاش و جەیش ئەیانکوشت و دەیانگوت ئەوە محەڕەمەوحەرامە لەئێوە.کابرایەک ناوی رەشید خەسرەو ناسراو بەمامە رەشە،خەڵکی سەید جەژنی بوو بۆ نوێژی جەژن پەلەی کردبوو بگاتە جەماعەت و لەنزیک سەرقەڵا گرتیان و پێیانگووت:تۆ لەئەرزی محەڕەمەوە هاتوویت.مامە ڕەشە کچێکیشی لەگەڵدابووە،کچەکەیان لێدوورخستبووە و دەستڕێژی گوللەیان لێکردو شەهیدیان کردبوو .
چۆن هەستتان بەشاڵاوی ئەنفال کرد .؟
خەڵکی لە گوندەکانی ژورەوە دەهاتن بۆ بنەکە و دەیانگووت حکومەت گوندەکان دەڕۆخێنێت. بەتۆپ و کیمیایی و تەیارە لێماندەدات . کاتێک زانیمان لەئاوایی شێخ حەمید و لەلای گەرمیانەوە . تەماشامانکرد لەرێگەی ئیمام وەکاشەو تیلەکۆوە گەمارۆدراوین و بەناچاری گوندەکەمان بەجێهێشت ,کۆپتەرو دەبابەو جەیش و جاش دەوریان داوین .لەکاتێکدا یەک تەقە لەناوچەکە بەرامبەر بەحکومەت نەکرابوو. ئەوەی مەکینەی هەبوو بۆخۆی هێنایی و دواتر هەموو خەڵکەکە دەستگیرکراو هەمووی ئەنفال کرا.
کاتێک سوپا و جاش لەبنەکە نزیک بووەوە هیچ بەرگرییەک نەکرا لەلایەن خەڵک پێشمەرگەوە .
نەخێر هیچ بەرگرییەک نەکراو تەقەیەکیش لەحکومەت نەکرا.خەڵکەکە لەترسا خۆی رادەستی حکومەت کرد.چونکە دەیانگووت سوپا دەمانکوژێت ،باخۆمان قورتاربکەین .بەڵام نەمانزانی حکومەت زیاتر دەمانکوژێت و بەم دەردەمان دەبات .ئاواییەکانی داویە بۆ خورماتوو رۆیشتن ئاواییەکانی و جاف و زەنگنەو تیرەکانی تر بۆ مەلە سوورە رۆیشتن و لەوێ کۆکرانەوە .من و براکەم چواردە سەر خێزانمان ئەنفالکراوە .برایەکەم بەناوی حەسەن،هێزی پشتگیری بوو.موالیدی ١٩٥٥ بوو لەگەڵ شەش منالّی، سێ کوڕرو سێ کچی ئەنفال کران.منالّەکانی عەلی .محەمەد . عومەر.کچەکانی .سێوە. سەرگوڵ .وابزانم کچەکەی تر جوانەی ناوبوو، بەدرووستی ناوەکەیم لەبیر نییە چونکە زۆر منالّ بوو بەباوەشی دایکییەوە بوو کاتێک ئەنفال کران.بەمشێوە ئەم حکومەتە زاڵمە کوردستانیان وێران و کاولکردو هەرچی کەوتە بەردەستی ئەنفالیکردو کۆمەڵکوژ کران .
هۆکارەکەی چی بوو تۆ بەرشاڵاوی ئەنفال نەکەوتیت .
کاتێک گەیشتینە مەلە سوورە تۆکە سەر چەنێک زۆرە،ئەوەندە خەڵکی لێبوو.سەیارەی گەورەو درێژ وەستاوە حەشاماتێکە کەس وەکەس نییە،خەڵکێکی زۆر کۆکرابونەوە. هەمووی ژن و منالّ و پیاوی پیر، مەگەر ئەو خوایە بزانێت چ کارەساتێک بوو .کاتێک خەڵکەکە دەگەیشتە مەلە سوورە. مەلەیەک بوو لەو دیوو مەلەکە حکومەت وەستابوو چاوەڕێ ی خەڵکی دەکرد.سەربازەکان قوڵی ژنیان دەگرت و فڕێیان دەدایە ناو سەیارەکە (جۆری سەیارەکە (نقل بری) بەگوتەی دیمانەکرا) واتە: لۆری باڵەهەڵگری درێژ ،ئەمەم چۆن زانی و هەستم پێکرد. کوڕە بچوکەکەم ناوی قادر بوو سێ مانگای لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. گووتی باوە ئێمە دەڕۆین بۆ کەلار،چاوەڕێتان دەکەین, دادەنیشین تا ئێوە دەگەنەلای ئێمە.خەڵک نازانێت حکومەت وایلێدەکات .من خۆم بەمانگاکانەوە خەریک کردو بەرەو کەلار رۆیشتم .بەو شێوەیە ئەنفال نەکرام.شەوم بەسەرداهات هاتمە لای بەرزاییەکەی

نزیک گوندی حەسیرەوە بەدرێژایی چەندین کیلۆمەتر سەربازو جاش خەڵکیان دەستگیر کردووە و بەدیان مەکینە دەبینم بەخەڵکەکەوە گیراون .دیمەنەکانم لەبەر چاوو بوو هێشتا خۆر مابوو.منیش زۆر نزیکبووم و هاوارم بۆخواکردو گووتم خوایە بەخوا دنیا زۆرخراپ بووە .ئەوسا زانیم وەزعەکە خراپە،چونکە نەیانهێشت خەڵکەکە بڕوات .خۆر ئاوابوو ،خەڵکەکەیان گواستەوە و رۆیشتن .

لەئاوایی بۆ دواجار لەگەڵ منالەکان لەیەکتری جیابوونەوە بڕیاری چیتاندا .؟

ئێمە مەکینەو عەرەبانەی خۆمان هەبوو،منالەکان گوتیان باوە ئێمە دەچین بۆ کەلارو تۆش هێواش هێواش مانگاکان بێنەو ئێمە لەوێ چاوەڕێت دەکەین.ئەوان هاتن بۆ ملەسورەو شەوێکیش لەملەسوورە مانەوە کەس نەیدەزانی بەو شێوەیە حکومەت و جاش خەڵک دەگرن و ئەنفال دەکرێن.هەتا خەڵک گەیشتە قۆرەتووش هەر هیوای هەبوو کەئازاد دەکرێت .ئێمە لەشەڕو خراپەکاری نەگیراین.هەموومان کاسب و فەقیری مالی خۆمان بووین .نەسەربازێکی بەعەس کوژراو،نەپێشمەرگەیەکیش تەقەی کردووە .ئەی حکومەتە ئەو خەڵکە بۆ والێدەکەیت، ئەمە ئیسلامەتییە,نەخێر قەت ئیسلامەتی نییە.منالی ساوا.ژنی داماو .پیاوی پیر،ئەمانە چییان کردبوو .تاوانیان چی بوو بەم دەردە بران .

نەتزانی منالەکانت لەکوێ دەستگیرکران .؟

بەڵێ دوای ئەوەی پیرەکان دەنکە دەنکە لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە،پێیانگووتم وەختێک ئێمەیان بردە مەیدان،(دیارە لەناوی (مەیدان) مەبەستییان قەڵاکەی قۆرەتووی ئەو بەر روباری سیروانە.زۆربەی گوندنشین و ئەوانەی کەسوکاریان ئەنفالکراوە،بەقەڵای قۆرەتوو دەڵێن :مەیدان) .گوتیان کاتێک خەڵکەیان هێنایە ئەوێ ژنیان جیاکردۆتەوەو گەنج و پیریشیان لەیەکتری جیاکردۆتەوە .دوای جیاکردنەوە بەجیا خەڵکەکەیان بەسەیارەی گەورە گەورە بۆ تۆبزاوای کەرکووک گواستەوە و ئیتر سۆراغیان نەما.

چەند منالت ئەنفال کراوە و ناوەکیانیان چیین .؟

سێ کوڕی عازەب و سێ کەنیشک (کچ) لەگەڵ دایکیان ئەنفالکراون .

ناوەکانیان :

هاوسەرەکەم ناوی نەجمە مەجید براهیم خەڵکی گوندی بەلەگە بوو.وەختی زەمانەی مەلیکی هاوسەرگیریمان کردبوو.

فەتاح کوڕە گەورەکەم بوو.ئەنوەر .قادر.لەدوای فەتاح لە دایک بوون ؟

کەنیشکەکانیش :

سەبیحە گەورەکەیان بوو. سەعدیە ناوەڕاستینە بوو . هەرە بچوکەکەشیان لەیلای ناو بوو.

کەواتە تۆ حەوت کەست ئەنفالکراوە.؟

بەڵێ من حەوت کەسم ئەنفالکراوە .هەموو ناسنامەکانیشیان ماون و لای خۆم پاراستوومن .بارانیش دەباری بەڵام پاڵتاوێکم لەبەر بوو،هەرچۆنێک بوو نەمهێشت ناسنامەکان تەڕبن. ئەوانەی لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە و کەباسی ئەو شوێنەیان بۆت کرد گەیشتیتە یەقین کە منالەکانی تۆش وەک خەڵکەکەی تر ئەنفالکران و لەژیاندا نەماون .؟

منالەکانی ئێمە و خەڵکی گوندی فەتاح ئۆمەر لەگەڵ خەڵکی چەندین ئاوایی تر یەکەمجار براون بۆ گوللەبارانیان کردوون .تۆبزاوا نا ،نوگرە سەلمانیش نا.ئائا بیرمکەوتەوە لەسەماوە گوللەباران کراون .ئەوەی من بیستوومە ژنەکانیان لەوێ گوللەباران کرد بەس بۆ کوڕەکان زانیاریم نییە نازانم چییان لێکردون .کەس خەبەر و هەواڵێکی بۆ نەهێناوم .بۆگەنج و کوڕەکانیش ئەڵێن بەشەو براون و کەس نازانێت چارەنووسیان چییەو چییان بەسەرهاتووە .

دوای ئەنفالکردنی منالەکانت هیچ هەوڵێکت نەدا منالەکانت دەرباز بکەیت لەلیواکە یان لەقۆرەتوو.؟

من کەسم نەبوو،زۆر بێکەس بووم .هەرکەسێک وەرەقەیەکی حکومەتی هەبوایە یا لەڕێگەی موستەشارێکەوە هەوڵێکیان بۆ بدرایە ئەیانتوانی شتێک بکەن .منیش وەک ئەو هەزاران کەسە،بێکەس بووین و کەسمان نەبوو،تەنها خوامان هەبوو.ئەم هەموو خەڵکە لەلایەن

حکـــومەتەوە بـــراو بەخـــۆڕایی و غەدر فەوتـــان بێئەوەی گوناە و تاوانێکیان کردبێت .لەچ یاساو حەدیسێکدا بەخۆرایی ئیسلام بگریت و بیکوژیت . منالّەکانت تەمەنیان چەند بوو .

کچێکم خەریک بوو پێدەگەیی . کورێکیشم هێزی پشتگیری پێشمەرگەبوو سەربەیەکێتی بوو. بەگشتی زۆربەیـــان تەمەنیـــان گەورەبـــوو .تەنهـــا کـــچە بچوکەکەم نەبێت .

کەمنالّەکانت ئەنفال کران و بێکەس مایتەوە،چۆن ژیانی تەنیایت گوزەراند .؟

قسەکەت جوانە،ئێستا ئەم هەمـوو ئـازارەی دوای منالّەکانم چەشتوومە بۆت باس دەکەم.کاتێ من رۆیشتم و شەو رێگەم لێتێکچوو.باران دەباری لەو دەشتی حەسیرە نەمزانی ئێرە کوێیە.روومکردە (جەوەڵ) شاخەکەی عەولاقوت .شەو کەوتمە ئەم ناوە.تەنها سێ مانگاشم لایە.پاشان چووم بۆ گردە گـۆزینە خـوا مـاڵ ئـاوەدان بکـات لەگەڵ مـاڵی ئێوە.پیـــاوەکە نـــاوی حەســـەنی دیـــوانە عەلـــی بوو.بۆماوەی سێ مانگ لەوێ بـووم نەیانهێشت بچمە دەرەوە .گوتیـان نەوەک حکومەت بتگرێت و بەبۆنەی ئەنفالەوە کێشەتان بۆ دروووست بکات. ئیتـر ئەوان باخیـان هەبـوو.هەرلەو بـاخە کـاتم بەسەر دەبرد.

ئەم پیاوەی دڵدەی دایت خزمتـان بـوو یـان تەنهـا ناسیاوتان بووە. .؟

نەخێر ئەم پیـاوە خزمـی خێزانەکەم بـوون و جگە لەوەش ماوەیەک هاوسێ ی یەکتر بووین .

دوای ئەم سێ مانگە واتە ناوەڕاستی مـانگی حەوت خۆت ئاشکرا کرد.؟

بەڵێ راستە. من کاتی خـۆی فەرمـانبەری حکومەت بـووم لەقوتابخـانە و کـارگوزرابووم لەنـاحیەی ســەرقەلا .بەهـۆی ئەوەی منالّەکـانم لەعەسکەری رایـــانکردبوو منـــیش گەرامەوە بۆلایـــان و وازم لەدەوامەکەم هێنـــا ولەبـــنەکە دانیشـــتم .ئەگەر حکومەت بیگرتبامایە دەیکوشتم .بافەرمـانبەریش بومایە مادام کورم پێشمەرگەو هێزی پشتگیری بـوو بەسە بۆ ئەوەی حکومەت بمانکوژێت. ئیتر کەوتـمە پەلەقاژەو نەمزانی چیبکەم منالّم هەمووی ئەنفـالە و خۆشـم تەنیـا مـاومەتەوە و کەسـم نەمـاوە .هەرچەندە ئەو کەسەی دالّدەی دام زۆر دەپـاڕایەوە و دەیگـوت توخـوا لەمـالّەکەی مـن مەڕۆدەرەوە باوەک منالّەکانت نەفەوتێیت .تـۆ هیچت نەمـاوە گشـتیت فەوتـاوە .ئیتـر رۆیشـتم بـۆ بەعقـوبە و دواترگەڕامەوە بۆ شاری کفری و ناحیەی سەرقەلا . ئەو کاتەی روتکردە بەعقوبە شوێنێکی تـرت نەبـوو جگە لەم مالّەی پێشتر خۆتت تێیدا حەشار دابوو. نەخێر هیچ شوێنێکم نەبوو.بەنیازبووم بگەڕێمەوە بـۆ سـەر وەزیـفەکەم و بەڵکـو شـوێنێکم دەسـت بکەوێت و تێیـدا بـژیم و نەمـرم لەبرسـان . ئیتـر رۆیشـتم بۆبەعقـوبەو یەک وشـە عەرەبـی نـازانم .بەهـیچ شـێوەیەک نـاوێرم باسـی مـاڵ و منـاڵو ئەنفالکردینان بکەم .زۆریش دەترسـام . دوو سێ ئافرەت دانیشتبوون دیار بوون کورد بوون و لێیـان پرســـیم بـــۆچی هاتوویـــت . منـــیش گـــووتم لەقوتابخانەیەک کارگوزار بوومە،حکومەت زەوی پێـداوم بـیکەم بەخـانوو،بەڕێوبەرەکە رەزامەنـد نەبووە خانوەکەم بکەم بەناچاری وازم لەدەوامەکە هێنـــاوە و چـــووم خـــانوەکەم تەواو کـــردووە و ئێستاش هـاتووم بگەڕێمەوە بـۆ سـەر دەوامەکەم . کچەکانیش خەڵکی خـانەقین بـوون زۆر یارمەتیـان دام و منیـــان بـــرد بـــۆلای بەڕێـــوەبەرەکە .بەڕێـوبەرەکەش کەوەزعـی منـی زانـی کەکـوردم گووتی مادام کـوردە قەت نـاتوانین دایبمەزرێنـین و جـارێکی تـر بگەڕێتـەوە سـەر وەزیـفەکەی .بەڵام بەکـچەکەی گوتبـوو بـابگەڕێتەوە بـۆ سـەرقەڵا و نوسـراوێکی پشـتگیریم بـۆ بهێنێـت .گەڕامەوە بـۆ سـەرقەڵا و بەڕێـوبەرەکە پشـتگیری بـۆکردم کەمـن پێشتر لای ئەوان دەوامـم کردووە،ناشـزانێت کەسـم نەمـاوە و هەمـووی ئەنفـال کـراوە . دوای ئەوەی دەستبەکاربووم ئیتر ئەوە شوێنی هەمیشـەیم بـوو لەســـەرقەڵا.رۆژێک بەڕێـــوبەری قوتابخـــانەکە تورکمـان بـوو زۆر دەترسـا لەحکومەت،لێیپرسـم ئەرێ تۆ دەبینم بەردەوام لێرەیت،ئەی مالّت،ئەی منالّت لەکوێن ؟منیش راشکاوانە پێمگوت من درۆ نـازانم بەخـوا هـیچ کەسێکم نەمـاوە .تەنهـا خـۆم بەسـەڵتی مـاوم .سـێ کـچ و کـێ کـوڕو دایکیـان ئەنفالکراون.

بەڕێوبەرەکە ناوی چیبوو

.ناوی کەماڵ بوو .تورکمان بوو.ئیتر کەباسەکەم تەواو کرد زۆر ترساو گووتی: ئەی قوڕ بکەم لەسەرم . تۆ منااڵ هەمووی ئەنفال . ئینجا حکومەت لەبەر تۆ من عیدام دەکات .ئەی قوڕ بەسەرم ئیتر لەوێش شوێنم نەماو جێگەم لەق بوو.بۆ کوێ بڕۆم .هیچ گوندێک نەماوە و وەزع یەکجار ناخۆش و سەختە.بەناچاری هاتم بۆکفری .کابرایەک ئەناسم ناوی حوسێن بوو، بەحوسێنی حاجی رەئوف ناسرابوو.پێشتر بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو لەناحیەی سەرقەڵا.کەئاوایەکان روخێندران ئەویش گەڕایەوە بۆ کفری .کەگەیشتمە لای مامۆستا حوسێن هەموو شتێکم وەک خۆی بۆباسکردو هەموو شتێکم ئاشکرا کرد.ئەویش گووتی: لەوهەموو منااڵەو کەسوکارەت تەنها تۆ ماویت و تۆش ئەوە ژیانتە. من هەرچیم لەدەست بێت هاوکاریت دەکەم و پشتگیریت دەکەم .هاوکاری کردم و رزگاریکردم .هەتا راپەڕین من لەناو ئەو مەکتەبە بووم .کەڕاپەڕینیش بەرپا کرا ئیتر بۆهەتا هەتایە رزگارم بوولەم هەموو ترس و تۆقینەی من بۆماوەی سێ ساڵ تێیدا ژیاوم .ئێستاش من زۆر مەمنونی ئەم پیاوەم و هەتا مردن خۆم بەقەرزاری ئەو دەزانم .

لەماوەی ئەم سێ ساڵەی تۆ بەتەنیا مایتەوە،هیچ خزم و ناسیاوێکت سەردانی نەکردیت .؟

تەنیا یەک کەس هەبوو خزم و قەومم بوو سەردانی دەکردم .ماڵی لەسلێمانی بوو ئەگینا هەموو خزم و کەسوکارم ئەنفال کراون .بەرلەڕاپەڕینیش نەدەوێرام لەقوتابخانە دەربچم و خۆم بەکەس نیشانە بدەم .شەو رۆژ لەوێ دەمامەوە .ماڵی ئاوا بێت بەڕێوبەرەکە ژورێکی پێدابووم ئیتر هەرلەو ژووره ژیانم بەسەر دەبرد .

کەس نەیدەزانی شوێنم کوێیە ئەوەشی بیناسیبام هەر نەیدەدۆزیمەوە . چونکە قەت دەرنەدەچووم .چونکە بەڕۆژ(فەڕاش) کارگوزار بووم بەشەویش پاسەوانی قوتابخانەکە .تەنها یەک موچەشم وەردەگرت بەاڵم لەبەر ناچاری دوو ئیشم وەیەکەوە دەکرد.ئیتر زەمانی سەدام بوو هیچ دەسەاڵتێکم نەبوو .مانگانەکەشم تەنها سی دینار بوو.وردە وردە زیادیکرد و تاڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ موچەکەم گەیشتە سەدو سی دینار .دوای راپەڕینیش زیادی کردو وەزعم کەمێک باشبوو.

لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ چیت کردو چۆن بەشداریتان لەو ڕاپەڕینەدا کرد .؟

لەکاتی راپەڕین زۆر دڵخۆش بووم و زۆر سوپاسگوزاری خوای گەورەم کرد.بەچەک بەشداریم نەکرد بەاڵم زۆر یارمەتی پێشمەرگەم دەدا. خۆزگە چاوم باش بوایە. بەبەڵگەو شایەتەوە دەیسەلمێنم بەقەد بیست پێشمەرگەی ئێستا خۆم بەئازاو بەدەسەاڵت دەزانم .بۆماوەی دوو هەفتە زیاتر لەگەڵ پێشمەرگە دژی هێزەکانی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی شەڕمان کردو نەمانهێشت خورماتوو بگرێت هەتا راکردنەکەی ئێران بەرگریمان کرد.پێشمەرگەیەکی زۆریش لەم ناوچەیە بریندارو شەهید بوو.خەڵکێکی زۆر دەستگیرکرا.رۆژانە پێنج بۆ شەش شەهیدمان دەناشت .

ساڵی چەند بۆدووەم جار هاوسەرگیریت کردووە؟

لە ٢/٢ /١٩٩٠ ژنی دووەمم هێنا.ژنی دووەمم ناوی تەمینە کەریم جەبار بوو،ئەو کاتە شەڕەکەی کوێت بوو عێراق پەالماری کوەیتی دابوو.دواتر لەساڵی ١٩٩١ رامانکرد بۆ ئێران .هەر هەردوکمان بووین .پێشمەرگەش نەما .کشایەوە .بەرەو ئێران رۆیشتین .دوای ساڵێک گەڕاینەوە بۆ گەرمیان و هاوسەرەکەم دووگیان بوو.پاش ماوەیەک لەگەڕانەوەمان هاوسەرەکەم کوڕێکی بووناومان لێنا دڵشاد،دڵشاد پێی گرت و بەهۆی سەرماو سۆڵەی زستان زۆر ئازاری بینی و بووە هۆی مردنی وخۆشم و منااڵەکەم بەتەنیا ماینەوە ..کوڕەکەشم گەورەکردو گەیشتە تەمەنی هەژدە ساڵی ئەویش کۆچی دوایی کرد.

هۆکاری مردنەکەی چی بوو.؟

بەداخەوە نەخۆش کەوت و کۆچی دوایی کرد.

جۆری نەخۆشیەکەی چیبوو .؟

چەندین جار بردمان بۆ الی دکتۆرو چارەسەرمان بۆ وەرگرت .ئینجا بردمان بۆ سلێمانی و گۆشتەکەیان زەرع کردو هەرچەندە ئەو کاتە دونیا ناخۆش بوو بەاڵم ناردیان بۆ بەغداو ئەنجامەکەی هاتەوە و گوتیان خوێن نەڕۆیشتووە بۆ سییەکانی و تەقاندویەتی .

دڵشاد هاوسەرگیری نەکردبوو.؟
نەخێر تازە تەمەنی دەگەیشتە هەژدە ساڵی و هێشتا بەقیسەمەتی نەبووهاوسەرگیری بکات.هەر مەبەستم ئەوەبوو خوێندنی ئامادەیی تەواو بکات ئینجا ژنی بۆبێنم .
ئەی جاری سێیەم کەی هاوسەرگیریت کردووە .؟
دوای حەوت بۆهەشت مانگ کە هاوسەری دووەمم کۆچی دوایی کردبوو لەدەوربەری ساڵی ١٩٩٣دا ژنی سێیەم هێنا ناوی فاتیمە خورشید عەباسە. ژنی سێیەمم دڵشادی گەورەکرد.زیاتر ژنی سێیەمم لەبەر خاتری دڵشادی کوڕم تەمەنی تەنها شەش ساڵان بوو و بەهەتیوی مابووەوە و کەسی نەبوو.بۆیە ئەم بڕیارەمدا .
لەژنی سێیەم چەند منداڵت هەیە و ناویان چییە .؟
کوڕە گەورەکەم ناوی محەمەدە و کچەکەشم ناوی مهابادە .
قەت خەونت بەمنداڵەئەنفالکراوەکانت بینیوە .؟
بەڵێ هەموویان دێنە خەونم و هیچ جیاوازییەکم نەکردووە لەنێوانیان .هەموویانم خۆش دەوێت و هەموو سەرەمانگێکیش لەکاتی وەرگرتنی هەرموچەیەک خێرێک بۆ ڕۆحی ئەوان دەکەم .هەمیشە لەخەیاڵمن و هەرئەوەشە زوو زوو دێنە خەونم .
ئەم موچەیەی کەوەریدەگرن بەناوی ئەنفالانە،بەشی ژیانتان دەکات .؟
هەرچۆنێک بێت بەشیکردووین و هیچ کەسابەت و کارێکیشم نەکردووە،هەموو سەرچاوەی ژیانمان هەر موچەی ئەنفالکراوان بووە . من تەندروستیم باش نییە و ناشتوانم هیچ کارێک بکەم .لەسەردەمی شەڕی عێراق و ئێرانەوە هیچ کارو کەسابەتێکم نەکردووە .بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەم قەیرانەوە موچەکە بەشمان ناکات . دوو مانگ جارێک موچە بێت چۆن بەشمان دەکات .جاری واهەیە سێ مانگ جارێک وەریدەگرین . گرانییە،هەموو شتێک گرانبووە .لەماڵەوە چوار کەسین و هیچ کەسێکی ئیشکەرم نییە.ئەمە حاڵی ئێمەیەو ئەگەر مانگانە موچەکەمان پێنەدەین بارودۆخمان زۆر خراپ دەبێت.من مانگی نۆسەد هەزار وەردەگرم بەڵام بەدوو مانگ جارێک موچەکە دەبێت بەنیوە و بەشمان ناکات .



وەکو کەسوکاری ئەنفال دوای تێپەڕبوونی ٢٩ ساڵ بەسەر تاوانەکە، دەبێت چی بکرێت بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان .؟
ئێمە هەرچیمان بۆبکەن ئەوە دیارە و بەرچاوە.بەڵام پێمانخۆشە حکومەتەکە بۆخەڵک و هی خەڵک بێت.دزی لەخەڵکی خۆی نەکات و گەندەڵی بەرامبەر بەمیللەتی خۆی نەکات و دادپەروەر بێت .تامام جەلال نەخۆش نەکەوت هەموو موچەیەک لەکاتی خۆیدا دەهات .چونکە نەمبینیوە هیچ حکومەتێک موچە لەخەڵک ببڕێت تائەم تەمەنە کەنزیکەی ٩٠ ساڵ تەمەنمە.شتی لەوجۆرەم نەبینیوە .
ئەی سەبارەت بەبەشداری موستەشارو جاشەکان لەتاوانی ئەنفال چیدەڵێیت.؟
(بەئاخێکی قوڵەوە) ئەگەر جاش و مستەشارەکان نەبونایە لەئەنفال حکومەت نەیدەتوانی یەک بستیش بێتە پێشەوە و خەڵک ئەنفال بکات.هەمووی جاش بوو دەکەوتە پێش جەیش و ڕێگای بۆخۆش دەکردن.بەبەرچاوی خۆمەوە دۆڵ بەدۆڵ یاڵ بەیاڵ دەکەوتنە پێش سوپای بەعس و پێشمەرگەیان بۆ ئاشکرا دەکرد و خەڵکیان ئەنفال دەکرد.جاش هۆکار بوو بۆئەوەی زۆرترین خەڵک ئەنفال بکرێت .ئێمە لەکاتی ئەنفالدا شەو هاتینە کاکەبراو پاشان هاتین بۆ مەلە سوورە.بینیمان مستەشارو جاش حکومەتی هێنایە سەر ئەم خەڵکە.خەڵک فەوتا .هەمووی جاش بوو ئەم کارەی بۆ دووژمن ئاسانکرد.
بەڕای ئێوە جاش و موستەشارەکان شایانی ئەوەن دادگایی بکرێن .؟





ئەریوەللا هەقوایە پاکیان گوللەباران بکرێن. هەر موستەشاریک دەستی لەئەنفالکردن هەبێت، هەقوایە رادەستی دادگای بکەن و ماف وهەقی ئەم خەڵکەی لێوەربگرنەوە. بەتایبەتی ئەو مەلا کافرانەی لەکەرکووک دەیانگووت کورد بکوژن ئیسلام نییە بائەنفال بکرێت .لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف مەلاکانیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی دژی کورد فوتوایەک بدەن بۆ حەڵاڵکردنی خوێنی کورد بەڵام مەلایەک گوتی: من نایەمە کۆبونەوەکە و بڕیاری لەمجۆرەش قبوڵناکەم .وەک باسیدەکەن لەسەر ئەم هەڵوێستە، سەلام عارف مەلاکەی گوللەباران کردووە .شەرمەزار بن ئەو مەلایانەی کاتی ئەنفال رۆیشتن بۆ لای عەلی حەسەن مەجید و گوتیان ئەنفال حەڵاڵەو حەقە.ئێستا ئەوانە بدۆزنەوە و سزایان بدەن.هەرچەندە لەوانەیە دەنکە دەنکەیان لەژیاندا بێت .

هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازین . ئێوە کەسوکاری ئەنفال هەمیشە سەربەرزن .

ئێمەش زۆر مەمنونی ئێوەین و دەستتان خۆش بێت. بەخێر بێن بۆ کفری .



چیرۆکی گەردۆ

ئامادەکردنی سمکۆ سابیر
گوندی شێخ وەسان
رۆژی ٢٠١٦/٥/١٢
کات: ٢ی پاش نیوەڕۆ

فەقێ شێخ وەسانی پێشمەرگەی دێرینی تیپی ٨٣ ی هەورێ .سەبارەت چۆنیەتی کیمیابارانکردن و گیان لە دەستدانی ئەم دایک و کوڕە، بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:لە١٩٨٨/٧/٣١ بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەرناوچەکە هاتبوو، ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک پەلاماری خەڵکی ناوچەکەکەی دەدا .بەئەرکم زانی سەردانی ئەو خانەوادەیە بکەم کە لە کونە سیخووربوون لە تەنیشت بالیسان، خەڵک هەموویان بالیسانیان بەجێهێشتبوو، ئەوان لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی تر مابوون جگە لەو سێ چوار خێزانە کەسی تری لێنەمابوو. سەردانم کردن و چایەکم لەگەڵ خواردنەوە. بەدەم چا خواردنەوەیە گەمەو گاڵتەیەکی زۆرم لەگەڵ کوڕەکەیان کرد، ناوی (گەردۆ) بوو،وەک لەوێنەکەدا دیارە لەباوەشی دایکیەتی . دوای کاتژمێرێک بەجێمهێشتن و سواری ئێستەرەکەم بووم ڕۆیشتم،بەڵام تەنها سەد مەترێک لێیان دوورکەوتمەوە، دووفڕۆکەی ڕیژیم هاتن بەگاز بۆمبابارانیان کرد. من ئەو کاتە نەمزانی چییان بەسەر هاتووە و بارودۆخیان چۆنە، هیچ کەرەستەیەکی فریاگوزاریی پزیشکیشم نەبوو بەفریایان بکەوم ،بۆیە ڕۆژی دواتر گەڕامەوە شوێنی کیمیابارانەکە،کەدەکاتە ١٩٨٨/٨/١ کەگەیشتمە شوێنەکە دڵم داخورپا، چی ببینم! دیمەنێکی تراژیدی کیمیایی هەموو شتێکی کوشتبوو، یان بریندار بوون، پەلەوەری وەکو بولبوولو تفتیلکو گوێدرێژێکیش چاوی کوێربوو ،هەرلەشوێنی خۆی دەخولایەوە. کەمێکی تر لەوشوێنە گەڕام،بینیم ژنێک لەسەر پشت کەوتبوو، هەموو لەشی شین هەڵگەڕابوو، بەتایبەتی دەموچاوی تەواو شین هەڵگەڕابوو. ژنێکی تر کچێکی منداڵێکی لەباوەش گرتبوو، هەردووکیان توند ئامێزیان بەیەکتری داکردبوو.بەیەکەوە ڕەق ببونەوە. ئەوانیش خەڵکی بالیسان بوون ژنەکە خێزانی جەعفەربوو. کەمێکی تر ڕۆیشتم جەعفەریش گیانی لەدەستدابوو. لەملاتر پیاوێکی تریش گیانی لەدەستدابوو. شەو کۆمەڵێک کەس هاتین گۆڕمان بۆ هەڵکەندنو دوو دوو لە گۆڕێکدا بەخاکمان سپاردن. ژمارەی شەهیدەکان پێنج بوونو ئەوانی تر بریندار بوون و ناوچەکەیان جێهێشتبوو .

فەقێ دەڵێت : ئەو ژنەی منداڵەکەی لەباوەشیدابوو،هەربەو شێوەیە بەخاکمان سپاردو ئێستاش هەربەو شێوە ماوەتەوە . سەبارەت بەهۆکاری دۆزینەوەی ئەو حەشارگەیە لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە دەڵێت: دووهۆکار هەن بۆ ئاشکرابوونیان،یەکەمیان سوڕانەوەی بەردەوامی فڕۆکە سیخوڕییەکانی ڕیژیم وبون بەسەر ناوچەکەوە،چەندین جار ئەو فڕۆکانە کە لەشێوەی فڕۆکە تایبەتییەکانی بواری کشتووکاڵ بوون، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەمانبینینو هەستمان پێدەکردن. دووەمیشیان ئەو کەسانەی سیخوڕی ڕیژیمی بەعس بوونو خەڵکی ناوچەکەبوون زانیاریان لەسەر پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە کۆدەکردەوەو لەکاتی سەردانیکردینان بۆشار شوێنەکانیان ئاشکرا دەکردین .

عەزیز عەبدوللا- گوندی سەرڕەش

چۆن ئەنفال نەکرام

دیدار/ سمکۆ سابیر
مالّی دیمانەکراو: ناحیەی رزگاری – گەرمیان

مێژوو: ٢٠١٧/٥/٣١
کات: نۆ و نیوی شەو

عەزیز عەبدوللا حسێن لەکاتی ئەنفال شوانی مەڕومالّانی خۆیان بووە لەڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ بەنیازی دەربازکردنی مەڕەکانیان لەگەڵ باوکی بەرەو صەودی جاران و رزگاری ئێستا بەڕێکەوتن نەهامەتی عەزیز زۆر تراژیدییە بەڵام لێرەدا تەنها چیرۆکی دەربازبوونی خۆی دەگێڕینەوە

عەزیز دەڵێت : لەکاتی ئەنفال من تەمەنم نزیکەی چوارده سالان دەبوو، لە دایکبووی ١٩٧٤ م .لەگوندی سەر رەش نیشتەجێبووین، بەگەورەیی خرابوومە بەر خوێندن لەپۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم ،مامۆستاکەم ناوی سالّەح بوو، خەڵکی شاری خانەقین بوو. تاوەکو سالّی ١٩٨٦ لە قوتابخانەبووم بەڵام دواتر وازم هێنا. چەند رۆژێک بەر لەئەنفال گوندی سەر رەشمان بەجێهێشت . پێش ٤/١٤ لەخێزانەکەم دابڕام ،ئەشکەوتێک هەبوو لە نێوان گوندەکەمان و گوندی سەیبیە خان،ئەشکەوتی دێوەکەی مەحمود قولەیان پێدەگووت. لەوێوە کەوتینە ڕێ بۆ گوندی سەیبیە خان .دواتر سەرکەوتین بۆ گوندی گامەخەڵ . لە گامەخەڵ شتی زۆر ناخۆشم بینی، رۆژێکی ناخۆش بوو، یەکەم شت کەچام پێبکەوێت،جاشەکان بوون. هەرچیان دەست بکەوتایە بەتاڵانی دەیانبرد،بەچاوی خۆم بینینم کەرووشکی زۆری گوندەکەیان گرتبوو .مامەم عەلی لەگەڵ ئێمەدابوو، پێشتر سەربازیی کردبوو،پێیوتین پەرۆیەکی سپی بپێچنە قامێشێک و بەرزی بکەنەوە و مەترسن، ئێتر بەم شێوەیە بەرەو گامەخەڵ ڕۆیشتین . ئەم ناوە هەمووی جاش و سوپا بوو، بەڵام جاشەکان زۆر بەخراپی و ناڕێکی



دەجوڵانەوە و هەر خەریکی تاڵان کردن بوون . دواتر بەرەو گوندی ژاڵان ڕۆیشتین . شەو لەو گوندە ماینەوە،بۆ بەیانیەکەی کەوتینە ڕێ بۆ گوندی کوڵەجۆ، دوو شەویان سێ شەو لەوێ ماینەوە، سوپا و جاش لەئێمە تێپەڕین بەرەو ژوور. بەڵام کە گەڕانەوە خەڵکەکەی گوندی کوڵەجۆیان کۆکردەوە. من خەریکی مەڕەکان بووم و چومە دەرەوەی ئاوایی کامیلم لەگەڵدا بوو، میمزام بوو، کامیل پێشمەرگەش بوو بەڵام لەگەڵ منـدا مابووەوە،گوێدر ێژێکی پێبوو بە گوێدرێژەکە بەرەو لای خەڵکەکەو کەسوکارەکەی ڕۆیشت و پێیگوتم تۆش وەرە لەگەڵ من، من نەڕۆیشتم ،ئێتر ئەوە دووا ڕۆژ و دووا جار بوو کە بیانبینم .

تەنها ئەم دوو شەوە بەیەکەوە بووین و دواتر کەسم نەبینیەوە .من بۆ دواجارەمەو بەیان خوشکەکانم کەل وپەل و خواردنیان بۆ پێچامەوە وخستمە هەگبەی گوێدرێژەکەم، ئێتر کوڵەجۆم بەجێهێشت و لێیان دابڕام بەیەکجاری، شەوەکەی کە گەڕامەوە بۆ کوڵەجۆ وامزانی خەڵکی لێماوە، بەڵام تاقە یەک کەسی تێدا نەمابوو، چۆڵ وهۆڵ بوو،لەبیرمە ڕۆژی ١٤/ ٤ ئەو ڕۆژەی دوا ڕۆژ بوو بۆ ئەوەی خەڵکەکە خۆیان بگەیەنن گوندی ملە

سووڕە، ئەو شەوەش لەکۆڵەجۆ مامەوە، پیاوێکیش لەگەڵمندا مایەوە ناوی ئەحمەد سالّەح خەسرەوی پێدەڵێن، خۆمان بە قارەمان بانگی دەکەین .هەندێک لەو خەڵکانەی ترسیان لەحکومەت هەبوو یان سەربازی هەڵاتوو بوون، وەک حاجی مەحمود باوکی عوسمانی حاجی مەحمود و کوڕەکانی : مامۆستا عەلی و عومەرو سەلام والی تاقانەی ئەنفال لەکۆڵەجۆوە تێپەڕین. خۆیان رادەستی حکومەت نەکربووەوە، سەلام بانگی قارەمانی کرد وتی عەزیز لای تۆیە، وتی بەڵێ ،وتی پێبێژە خاڵۆم عەبدوللا بەدوایدا دەگەڕێ . ئیتر بۆ بەیانیەکەی باوکم منی دۆزییەوە .شەوێکیش بەتەنیا مامەوە لەکۆڵەجۆ هەستێ:ی زۆر ناخۆش بوو ،من رۆژی پێشتر هەموو کەسوکارەکەم لێرە بەبەجێ هێشت و هەر بۆ هەمان شوێن هاتمەوە کەسی تێدا نەمابوو، دیوەخانێکی درێژ ،لەم سەر بۆ ئەو سەر یەک تاقە کەسی تێدا نەمابوو، تەنها هەندێک کەل و پەلی تێدا بوو لەگەڵ خۆیان نەیانبردوو .جگە لەوەش کە گەڕامەوە کۆڵەجۆ لەبەر دوکەڵی ئاگر دیار نەبوو، هەرچی خانووە سوتابوو، یا رووخابوو، بەدەگمەن خانوێک بەپێوە مابوو .هەموو کارەکەش بەدەستی جاش ئەنجامدرابوو، باوکیشم بۆ بەیانی دۆزییەوە، دیار باوکم لەناو خەڵکەکە دابوو ،بەڵام رۆیشتبوو بۆ لای ئامرەکە وتبوی کوڕێکم لەو هەردەیە ئەڕۆم ئەیهێنمەوە بۆ ئەوەی خۆی رادەست بکات، ئەوانیش رێگەیان پێدابوو، ئەو زانیارییەی بەئێمەش گەیشتبوو لەسەر خەڵکەکە، دوو کەس لەملە سوورە خۆیان رزگار کردبوو، وتیان فەتاح بەگ خەڵکەکەی کۆکردبۆوە، بەپێچوانەی ئامری سوپاکە کەتبووی من نازانم چارەنووسی ئێوە بەکوێ دەکات و بۆ کوێتان دەبەن، بەڵاک فەتاح بەگ وتبووی لەو بەری سیروانەوە خێمەتان بۆ هەڵدراوەو ئۆردوگاتان بۆ دروست دەکەن و هەلی کارتان دەست دەکەوێت و بۆخۆتان بەخۆشی دەژین، دواتر باوکم بەبیانووی من هاتبوو بۆ دەورووبەری کولّەجۆ.لەنێوان پیازە جاڕ و کولّەجۆ لەچەمەکە منی دۆزییەوە.دوای ئەوە لە کولّەجۆوە بەشەو بەرەو گوندی عارفە رەش هاتین، شەوێک لەعرافە رەش ماینەوە، پیاوێکی خزممان لەعارفە رەش هەبوو پێیاندەوت قادر مستەفا بەقالە مچە ناسرابوو، لەگەڵ پیاوێکی تر بەیەکەوە بوون، قالە مچە منی نەناسی وتم خاڵۆ ئێوە چیدەکەن، وتی خەریکی راوکردنم ،ئیتر من بردم بۆ چەمەکە بۆلای باوکم ، باوکم پێیوت بمانگەیەنێتەشوێنێکی سەلامەت چەند سەر مەڕت گەرەک بێت ئەتدەینێ ،بەڵام لەبنەڕەتدا ئەوانیش بۆ رزگارکردنی برایەکیان هاتبوون کەناوی حاجی حسێن بوو، بۆ ئەوەی نەهێڵن بکەوێتە دەست سوپاو جاشەوەو ئەنفال نەکرێت ،ئیتر لەگەڵ ئەوان رێک کەوتین بە ١٨ سەر مەڕ دەستنیشانی مەڕەکانیشمان کرد . بەو مەرجەی بگەینە ئۆردوگای سموود، ناحیەی رزگاری ئێستا ،ئیتر کەوتینە ڕێ و لەبەرزاییەکانی سەرووی کارێزەی حەمە کەیفە کەوتینە بۆسەی ڕەبایەکی سوپاوە، چەند بزنێک رۆیشتنە ناو کیلّگەی مینی دەوروبەری ڕەبایەکەو بووە گرم و تەپ و تۆز لەو ناوە بەرز بووەوە، من رامکرد ،بەڵام باوکمیان دەستگیرکرد ،لەگەڵ رانەکە بردیان بۆ سریەی سوپا ،خۆشم رامکرد بۆ ناو کەندێک ،رۆژەکە وابزانم ١٧/ ٤ بوو.لەکەندەکە خۆم شاردەوە .هەرچەندە سەربازەکان زۆر گەڕان بەڵام من واخۆمشاردەوە کەنەمدۆزنەوە، سێبەری سەربازەکانم ئەبینی بەسەر سەرمەوە دەهات و دەچوو، ئیتر وازیان لێهێنام و رۆیشتن .دوای ماوەیەک خۆم بێدەنگ کرد و ئینجا گلّۆپێکم کردە نیشانە لەسموود و دەستمکرد بەڕاکردن، پێلّاوێکی ئەدیداسم لەپێدابوو لەترسا دامکەندو بەدەستمەوە گرت ،لەترسی ئەوەی نەوەک لەپێم دابکەندرێ ،ئیتر بەرەو گلّۆپەکە کەوتمە ڕێ ،کەگەیشتم لەدەرگای مالّێکمدا دەرگای مالّەکەیان رەنگی شین بوو، مالّەکە لەبنەڕەتدا خەلّکی گوندی شێخ لەنگەر بوون، بەوردی باسی دۆخەکەم بۆ کردن کەچیم بەسەر هاتووە، چۆن کەسوکارەکەم هەمووی گیراون و چۆن باوکیشم ئەمشەو کەوتە بۆ سەی سوپاوە، پیاوەکە زۆر خەفەتی بۆ خواردم ،زۆر بەرێزیشەوە پێشوازی لێکردم، ئیتر پیاوەکە پرسیاری لێکردم کە کێ ئناسیت لەسموود، منیش

وتم ،مالّی ئەحمەد کاکە براو مالّی فەریق و مالّی حەمە کەیفەو چەند مالێکی ترم پێوت،ئەویش وتی هەموو ئەوانەی تۆباسیان دەکەیت لێمانەوە نزیکن و تۆ بەسەر ئەواندا بازتداوە،شەو دۆڵمەیەکی ساردیان بۆ هێنام و خواردم و شەو لەهەیوانەکە خەوتم .بارانیش تێیکرد،بۆبەیانیەکەی پێیوتم کاکە بۆ کوێ بتبەم ،وتم هەر بۆ ئەم مالّانەی تۆ پێیئەزانیت ،ئیتر بردمی بۆ لای مام فەریق ،دیارە مام فەریق ئامر سریەی جاش بوو،لەو خزمانەی ترم باشتر دەستی دەڕۆیشت،کەگەیشتمە مالّیان لەدواوە شەروالّەکەم گرت و ئاوڕی دایەوە و ناسیمی و وتی ئەوە لەکوێوە هاتیت و چۆن گەیشتیتە ئێرە،ئیتر دوای چاک و چۆنی و وتی ئەی باوکت،ئیتر هەمویم بۆ باسکرد،وتی خالّۆمیان گرت،مەبەستی باوکم بوو،وتم بەڵێ سوپا گرتی ،ئیتر وردە وردە بۆ لای سوپاکە رۆیشتین، بینیمان باوکم لەلای ئاژەڵەکانەو سەربازێکیش لەلایەتی و باوکمیان نارد بۆ سریەکەی ئەو بەر،بەڕێکەوت کەباوکم دەستگیر دەکەن،کوڕێک لەوێ دەبێت ناوی ئایدن دەبێت،ئەم ئایدنە کاتی خۆی لەسالّی ١٩٨١–١٩٨٢لەسەربازی رایکردبوو لەمالّی ئێمە خۆی حەشار دابوو،ئیتر باوکمی ناسیبووەوە .کەباوکمی بینیبوو دەستی گرتبوو بۆ ناو خێمەکەو هێلکەو رۆنێکی بۆ کردبوو،دوای ئەوە هەوڵی دابوو لەگەڵ ئامرەکەو هەشتا سەر مەڕو بزنی بۆ باوکم گەڕاندبووەوە .لەکۆی ٣٠٠ مەڕو بزن،ئەوانی تریشیان بار کردو بردیان .ئەم ئاژەڵانە تەنها هی خۆمان نەبوو هی مالّی سەلام والیشی تێدا بوو بەهۆی خزمایەتییەوە کەوتە لی ئێمەوە .بەبەرچاوی ئێمەوە ئیڤایان هێناو ئاژەڵەکیانیان بار کرد و بردیان .بەم شێوەیە من و باوکم دەرچووین و ئەنفال نەکراین .باوکیشم بەهۆی ئایدنەوە رزگاری بوو .ئایدن زۆر باش فریای کەوت .ئەگینا چارەنووسی لەخەڵکە ئەنفالکراوەکە باشتر نەدەبوو .هەرچەندە هاو تەمەنی باوکم بران بۆ نوگرە سەلمان بەڵام خۆشبەختانە بەمشێوەیە هەردووکمان رزگارمان بوو بەڵام کەسوکارەکەم هەموویان ئەنفالکران .بەداخەوە دوا ئەنفال پێمانوابوو ئێمەی کەسوکاری ئەنفال زۆر رێزمان لێدەگیرێت،ئەم بۆشاییە گەورەمان بۆ پڕدەکەنەوە،بۆشایی نەمانی کەسوکارو خزم و دۆست،چونکە گوندەکەی ئێمە بۆ هەموو لایەک وەک چێشتخانە و پەناگەبوو بۆ هەموو لایەک ،بەڵام بەپێچەوانەوە زۆرێک لەو کەسانەی لەگوندەکەی ئێمە،لەمالّەکەی ئێمە رێزی لێگیراوە و خزمەتی کراوە،تەنانەت گەیشتە ئەوەی سوکایەتیشمان پێبکەن،زۆربەیان ئامادە نەبوون بۆ یەک جار و بۆ یەک ژەمە خواردن دەرگامان بۆ بکەنەوەو سفرەیەکمان بۆ بڕازێننەوە .من قەت ئەو ماوەیەم لەبیر ناچێت کەبەبێ مالّ و بەبێ کەسی ژیاوم ،تەنها خۆم و باوکم بووین، باوکیشم نەخۆش بوو،ئەو رۆژەی ئاژەڵەکانمان وەرگرتەوە یەکەم ئێوارە چووین بۆ مالّی مام جەمالّ ئەلکە،خەڵکی گوندی کاریزەی حەمە کەیفەیە،ئاژەڵەکانمان کردە حەوشەی ئەوان و خۆشمان لەمالّی ئەوان ماینەوە،دوای ئەوە بۆ بەیانییەکەی ئاژەڵەکانمان فرۆشت ودامانە هەزارو حەوت سەد دینار، وەک تالّانی بەنرخێکی زۆرکەم فرۆشتمان، چارمان نەبوو .هەزار دینارەکەشی بۆخۆمان مایەوە، من لەوەش چاوم بەیەک دیناری نەکەوت، هەر نازانم چی لێهات. بۆ دووەم ئێوارە چووین بۆمالّێکی خزم ئێمە پێیدەڵێن کاکەم نوری ،میمزامە .مالّی لەکەلار بوو .خستمیە ناو جێبێکەوە بۆ ماوەی پازدە رۆژ لەمالّی ئەوان بووم،دوای ئەوە هەر چەند رۆژ یەک لە مالّی خزمێک دەماینەوە، بۆماوەی هەشت مانگ بەمشێوەیە ژیام. هەتا دایکم و گەڵاوێژی خوشکم کە تەمەنی پێنج ساڵان بوو،لەنوگرە سەلمان ئازاد کران وگەڕانەوە. ماوەی سێ بۆ چوار رۆژی ترلەلای خزمەکان ماینەوە ئیتر خانوویەکمان بەکرێ گرت لەگەرەکی شاکەل لە ئۆردوگای سمود، من و دایکم و کەسێکی خزمێکمان بەناوی محەمەد عەزیز، برای براژنەکەم، بەنهێنی رۆیشتین بۆ گوندی سەر رەش بۆ ئەوەی هەندێک لەو کەلوپەلانە بێنینەوە کە جێمانهێشت بوو،دەمەو بەیان دوای کاتژمێر سێ لەجادەی قیر پەرینەوە لە سنووری گوندی تورانەوە لە نێوان رەبایەکان دەرچووین، چوارگوێ درێژمان بردو

بەرەو سەر رەش کەوتینەرێ ،کە گەیشتین چەند پێشمەرگەیەکی پارتیزانمان بینی، کاک عوسمانی حاجی مەحمود و چەند پێشمەرگەیەک بوون، یەکەم پێشمەرگەکە هاتە سەر ڕێگەمان عوسمانی مەلاجەمیل بوو، ئێستاش لەژیاندا ماوە، پێشمەرگەکە بەتۆرەییەوە پێیگوتین،خۆراک نەبەن، ئێمەی نارد بۆ لای بەرپرسەکەیان، کە چۆنە چەمەکە دوو عوسمانمان بینی کاک عوسمانی حاجی مەحمود و عوسمان تلیشانی، بەگشتی نزیکەی هەشت پێشمەرگە دەبوون، سێ عوسمانیان تێدابوو، دایکم کاک عوسمانی دەناسی دەستی کردە ملی و بەگەرمی چاک و چۆنی لەگەڵ کرد،کاک عوسمانی حاجی مەحمود وتی میمی کەلوپەلتان نەماوە لەو کەڵۆزەی لای خۆتانەوە، بۆکوێ دەچن .! ئێمە هەندێک لەو کەلوپەلانەمان کۆکردۆتەوە، کەمێکی لێبەبن بۆ پێویستی خۆتان،ئیتر پێویست ناکات بڕۆن بۆناو کەڵۆزەکە، شتێکی وای لێنەماوە. ئێمەش هەندێک شرەمان لەگوێدرێژەکان بارکرد، لەڕاستیدا کەلوپەلەکان تەنها هی خۆمان نەبوو، بەڵکو هی خەڵکیشی تێدابوو، هەمووی کۆنە و شڕبوو هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو، کە گوندەکەشم بینی زۆربەی خانوەکان یا سوتابوو،یا تەخت کرابوو، دیمەنێکی زۆر ترسناکی هەبوو، مرۆڤ دڵ و جگەری دەهاتە دەرەوە کەئەم دیمەنانەی دەبینی ،دوای سوتاندنی خانوەکان ئینجا بەشۆفەڵ تەخت کرابوون، دوو شەو لەوێ ماینەوە،کەلوپەلەکە بەکەڵمان هات و سودمان لێبینی. دایکم لەو سەفەرە زۆر ئازابوو هەرچەندە لەنوگرە سەلمان گەڕابوویەوە، هێزی لێبڕابوو بەڵام گوێی پێنەدەدا ،کەلەنوگرە سەلمان گەڕایەوە گیانی هەمووی ئەسپێ بوو ،هێشتا خۆی نەگرتبۆوە زۆر هیلاک و بێهێز بوو .بەڵام ئەم سەفەرەی کرد لەگەڵ ئێمە.بەتایبەتیش مەترسی لەسەر ژیانمان هەبوو،حکومەت ناوی نابوو ناوچە قەدەغەکراوەکان و کەسیش بۆی نەبوو هاتوچۆی تێدا بکات و لەم ناوچانە نزیک بێتەوە .خەڵک زۆر دەستگیر کراو کۆپتەریش خەڵکی زۆری کوشت .ئیتر دوای ماوەیەکی تر خانویەکی ترمان بەکرێ گرت لەخانووی یەکەم باشتر بوو ،ئینجا خۆشم دەستمکردە ئیشکردن لەکێڵگەیەکی پەلەوەری (دەواجن) لەکولّەجۆی زەنگاباد لەنزیک تەپەی کەلّان .خەڵک لە سەدو پەنجا دینار لەو شوێنانە کاری دەکرد بەڵام من بە هەشتا دینار ئیشم دەکرد .لەبەر ئەوەی من منداڵ بووم نەمدەتوانی هەموو کارێک بکەم .دواتر ڕێگەی بەغدام گرت بۆ ئیشکردن هەتا نزیک ڕاپەرین لەبەغدا کارمدەکردو بەر لە ڕاپەڕین موالیدەکەم لەوە نزیک بوویەوە کەبەرگی سەربازیی لەبەربکەم ،ئیتر گەڕامەوە بۆ سموود .باوکیشم بەهۆی ئەوەی جگەری سووتابوو لەئەنفال و خەمی دەخوارد نەیدەتوانی هیچ کارێک بکات و دەست بۆ هیچ شتێک ببات.هەتا ڕاپەڕین خانەوادە چەند کەسیەکەی ئێمە کەتەنها چوار کەسمان مابوویەوە بەمشێوەیە ژیاوین .دوای نزیکەی سی ساڵ تێپەڕین بەسەر تاوانێکی وەک ئەنفال هێشتا بەناوی خوێنی شەهیدو ئەنفالکراوانەوە درۆ دەکرێت،بەرپرسەکان زۆرترین درۆ دەکەن لە١٤/ ٤ و ڕۆژانی دوایی ،بۆ مێژوو جارێکیان بەهۆی ئەوەی بەرپرسی پاسەوانەکانی کاک عوسمانی حاجی مەحمود بووم زۆر جار لەنزیکەوە کاک نەوشێروان مستەفام بینیوە،ساڵێک لەڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی داواملێکرد کەبەشداری لەیادی ئەنفالی ئەمساڵدا بکات،ئەمە دوای دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان بوو،وەڵامی دامەوەو وتی :من ناتوانم بەشداری یادی ئەنفال بکەم،چونکە ناتوانم درۆ بکەم لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال .زۆرێک لەبەرپرسەکان درۆ لەگەڵ کەسوکاری ئەنفال دەکەن .شوێن نەما ئیمزای لێکۆنەکەینەوە لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان بۆ لێپێچینەوە لەتۆمەتبارانی ئەنفال ،کەبریتی بوون لەجاش و موستەشارەکان،بەڵام هەر بەدرۆ ئێمەیان دەخستە ڕێ و کارەیان جێبەجێنەکرد .ڕێکخراوەکانیش لەسەرەتادا جێگەی دڵخۆشی بوو،بەڵام لەکۆتایی لەئامانجە گشتییەکانی خۆی لایداو لەسەر ئەو بەرنامەیە نەما کەدەبوو لەسەری بڕوات و لانەدات .ئێمە تازە قۆناغی شین و واوەیلامان تێپەڕاند ،بەڵام بەهیچ دڵخۆش نین



چونکە بەرپرسان تادەگەیتە لایان دەبێت بەدەیان پرسگەت بۆ دادەنێن لەکاتێکدا ئەوان لەسەر خوێنی شەهیدان و ئەنفالکراوان دانیشتوون و ئەم دەسەلاتە بەرنادەن .رۆژێ لەرۆژان نەمبینی ڕێز لەو سیانزە کەسە ئەنفالکراوەم بگرن .هەموو ساڵێک داواکانمان بەرز دەکەینەوە، یەکەم خاڵ ؛ لێپێچینەوەیە لەگەڵ جاش و موستەشارەکان دووەم داواکاریش هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوانە بەڵام کەس گوێمان پێنادات، وەزیریش کەدێت بۆ یادی ئەنفال وەک ئامر لیوایەک دێت ، یان ئەفسەرێک کاتێک قسە لەگەڵ سەربازێک دەکات تووڕەو تۆند ،گوێ لەکەس ناگرێت وەکو پێویست .وەزیری وام نەبینیوە بەمشێوە قسە لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالدا بکات ،زۆر خەفەت دەخۆم کەسوکارەکەم لەپێناو هیچدا ڕۆیشتن، وەک ئەوەی ئاو بردبێتنی، یەک کەسوکاری ئەنفالم پێبڵێ لەجێگەیەکی باش دەسەلاتی هەبێت، ئەوە جەمال وارانی لەبەرەکانی جەنگ لەپێش پێشەوەی سەنگەربوون، یان وەهابی تاقانەی ئەنفال ،کە لە قەرەتەپە چەندین جار لەمردن گەڕاوەتەوە .بەداخەوە تەیمووریش بەباشی پەروەردە نەکرا، هەتا ئەنجامەکەی بەمشێوەیە کەوتەوە .

باوکم لە٢٠٠١ و دایکیشم لە ٢٠١١ کۆچی دوایی کرد .

* عەبدوللا حسێن سەلیم . هاوسەرەکەی گورجی مەجید ٨ مانگ لەنوگرە سەلمان بووە و گەڕاوەتەوە کۆچی دوایی کردووە .

* محەمەد عەبدوللا حسێن هاوسەرەکەی " ئەختەر جەبار

منالەکان : کوڕەکان: خەبات محەمەد عەبدوللا: سەنگەر محەمەد عەبدوللا. ڕێبوار محەمەد عەبدوللا

- تەلیعە عەبدوللا حسێن . مەلیحە عەبدوللا حسێن . قەدریە عەبدوللا حسێن . ئازاد عەبدوللا حسێن . نەجات عەبدوللا حسێن . بورهان عەبدوللا حسێن . عەینە عەبدوللا حسێن .
- عەلی حسێن سەلیم (مامە) ی عەزیز . خۆی و هاوسەرەکەی ئامینە مەجید .

کوڕەکانی: جەلال عەلی حسێن . ڕێبوار عەلی حسێن .کچەکانی : نەشمیل عەلی حسێن . نەسرین عەلی حسێن .



ناهیە ئەحمەد سەعید- گوندی کانی ماران

هاوڕێیەکانی منداڵیم هەمووی ئەنفالکراون

دیمانە: سمکۆ سابیر

شوێن : گوندی کانی ماران

ناحیەی سەرقەڵا

کات: پێنج و سێ خولەکی ئێوارە

ڕۆژ : ٩/ ٣/ ٢٠١٧

هاوکاران :محەمەد سابیر.محەمەد عومەر

چەند مانگێک لەگەڵ بەڕێزان محەمەد سابیرو مامۆستا محەمەد عومەر بەرنامەمان دانابوو سەردانی گوندی کانی ماڕانی سەربە ناحیەی سەرقەڵا بکەین،ڕۆژی ٩ی ئازاری ساڵی ٢٠١٧ لەگەڵ مامۆستا محەمەد عومەر، سەردانی گوندەکەمان کردو بێجگەلەم دیدارە چەند دیدارێکی ترمان ئەنجامدا.

ناهیە ئەحمەد ماوەی چەند مانگێک لەبەندیخانەی دووبز دەستبەسەر بووەو دوای لێبوردنەگشتیەکەی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ ئازاد بووەو گەڕاوەتەوە سەرهەواری خاڵی، لەم دیمانەیەدا باس لەتراژیدیای ئەنفال و ئەشکەنجەی دوبزو ڕۆژانی ناوکۆمەڵگا زۆرەملێکان دەکات.

ناوی سیانیت چییە ؟

ناهیە ئەحمەد سەعید ئەحمەد بەسوەیبەش ناسراوم.

ساڵی چەند لەدایک بووییت؟

نازانم بەڵام لەمامۆستا عومەری برام منالترم.

هەرلەگوندی کانی ماران لە دایکبووم .

کانی ماران بەر لەئەنفال چەند ماڵ دەبوو.؟

بەبڕوای من لەسەد ماڵ کەمتر نەبوو،لەوانەیە سەد ماڵ زیاتر بێت

هەتاکەی لەم ئاواییە ژیاویت

هەتا شوم کردو دوو منالیشم بوو، ئیتر سالی ١٩٨٨ بەرشالاوی ئەنفال کەوتین.

نەچویتە بەر خوێندن

نەخێر هەرچەندە دێیەکەمان قوتابخانەی تێدابوو، بەڵام نەخراومە، بەرخوێندن، عومەر برامیان نارد مەکتەب و منیش خرامە بەرئاژەڵ وبووم بەشوان .

هاوڕێیەکانی منالیت، کێ بوون ؟

بەداخەوە گشتیان ئەنفالکراون،بنەماڵەی حەمە حەسەن،عەینەوبەهارەوبێگەرد وبەهیە، برازاکانم رزگارو بەیان، زۆری ترناویانم بیر نەماوە .

لەمانە کامەیان زۆر هاوڕێت بوو ؟

گەلاوێژو روخۆش وعاسم ئەمانە هەم هاوڕێ وهەم ئامۆزاشم بوون،هەموویان ئەنفال کران .روخۆش خوشکی حەسەنە وا لەنوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە، بەتایبەتی رزگاری برازامم زۆر خۆشویستووە.

ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە؟

ساڵ نازانم بەڵام دوو ساڵ بەرلەئەنفالەکە بوو، لەگەڵ عەدنان کە خاڵۆزاو میمزای یەکتری بووین هاوسەرگیریمان کرد، دوو منالیشمان بوو بەناوەکانی گەرمیان و کۆچەر.گەرمیان گەورەکەیان بوو.کۆچەریش کچ بووتەمەنی تەنها پێنج مانگ دەبوو لەکاتی ئەنفال .

بەرلە ئەنفال چیت لەبیرە؟

لەساڵی ١٩٨٧ کانی ماران روخاو بارمانکرد بۆ گوندی هەزارکانی، ئاوایی شێخیشیان پێدەوت .

چەند ماڵی هەزار کانی ڕۆیشتن بۆهەزارکانی ؟

ئێمە چوارماڵ، لەکانی مارانەوە ڕۆیشتین بۆ ئەوێ، ماڵی محەمەد سەعید، عەباس و مەحمود سەعید، ماڵی ئەکبەرحەمەی سلێمان،لەگەڵ ماڵی فەتاح محەمەد سەعید، شەش مانگ بەرلەئەنفال ڕۆیشتین، لەمانگی زستاندا ڕۆیشتین و لەبەهاردا خانومان دروست کردو زۆری پێنەچوو ئەنفال ڕوویداو هەموو شتێکمان بەجێهێشت. پێشئەوەی

بار بکەین هەمیشە لە ژێر تۆپباران دابووین کانی ماران روخا، دوای روخانەکەش گەڕاینەوە خانوومان درووستکردەوە، حەشارگەشمان دروست کردبوو بەڵام سودی نەبوو، جاری وابوو تۆپ لەسەر حەشارگەکە دەتەقییەوە.ئیترکانی مارانمان بەجێهێشت و رۆیشتین بۆئاوایی شێخ .

چۆن لەهەزار کانی بەیەکجاری دەرچوون؟

لەهەزارکانی دەرچووین،وتیان لەئۆمەربلەوە سوپاو جاش دێت بۆ ئێرە، ئیتر رۆیشتین بۆکانی عوبێدو هەوارەقولّە، ئینجا وتیان لەزەردەوە سوپادێت، بەناچاری رۆیشتین بۆگوندی ملەسوورە، ئێمە چوارخێزان پێکەوە بووین رووماڵکردەوە کانی عوبێد،چەمێکی قوڵی تێدایە شەوێک لەوێ ماینەوە شەوەکەی وتیان مام سلێمان لەتەپەسپی شەهید بووە. دواترهاتینەوە بۆهەزار کانی هێشتا ماڵی شێخ لەهەزارکانی مابوون لەگەڵ چەند دەرۆێشێک. شەڕ دەستی پێکرد،بەردەوام گوێمان لەدەنگی تۆپ و تەیارە بوو،دونیا ناخۆش بوو،کەس نەیدەزانی چی رووەدات و چارەنوسمان بەکوێ دەگات ! ئیتر شێخ حسێن خەڵکەکەی هەزار کانی کۆکردەوە و هەمووی بردە مەزارگەکەو دەستی کرد بەپاڕانەوە لەخواو قورئان خوێندن. خەڵکەکەش لە خوا دەپاڕانەوە کەلەم نەهامەتییە رزگاریان بکات .فرۆکەش بەردەوام بەسەرسەرماندا دەسوڕانەو دەڕۆیشتن بۆبنەکەو بۆردومانی دەکردو دەگەڕایەوە، بۆ ئۆمەربل وتوکن و چوارشاخ. ژن و منداڵ هاواروقیژەیان بوو،زۆر دەترسایین .

دواجار لەهەزار کانی دەرچوون رووتان کردە کوێ ؟

ئێمە چوار ماڵ لەناو مەکینەکەی ماڵی خەرزوم بووین،جێگەمان نەبوو.فاتیمە ژنی عەباس ئامۆزام بوو،لەسەردەرگاکە سواربووبو،دووگیانیش بوو کەوتە خوارەوەو دەستی شکا،ئیتر چارمان نەبوو،چیبکەین رۆژەکەی رەشبوو، زۆربووین و مەکینەکەش لاربوویەوە و گشتمان بەلادا هاتین .ئیتر رۆیشتین بۆملە سوورەوسێ شەوی لێماینەوە،باران و رەشەبایەک بوو، فاتیمە بەمشێوەیە بەدەستی شکاوەوە ئەنفال بوو .

ئەو سێ شەوەی ملەسوورەتان چۆ بەسەر برد؟

زۆر ناخۆش دەژیاین، چوار خێزان لەناو گەوەڕی ئاژەڵ بووین، گەوەڕەکە هی ماڵی حاجی رەفعەتی ملەسورە بوو، بەناچاری تێیدا ماینەوە .چەندین منداڵم بینی لەناو ئاخوڕ خەواندبوویان .

لەملە سوورەوە چۆن بردیانن بۆ قۆرەتوو .؟

هەر بەمەکینەکەی خۆمان براین بۆ قۆرەتوو وەکو پێشتر هەموومان لەناو یەک مەکینەدا بووین .ئەو سێ رۆژەی لەوێ بووین جاش وجەیش و تەیارە دەورمانیان گرتبوو،ئەتوت رۆژی حەشرە،بەیانی کەوتینە ڕێ بۆ قۆرەتوو،دەمەو خۆرئاوا گەیشتینە قۆرەتوو، ئەوەی مەکینەی خۆشی پێنەبووایە دەیانخستە ناو ئیڤای عەسکەری، کەگەیشتینە قۆرەتوو بینایەکە دووقات بوو،ئاومان دەست نەکەوت ،زۆر ناخۆش بوو،ماڵی براکانیشم لەوێ بوون .بەس لەوێ بینیانم .هەرچی خزم و ناسیاو بوو لەقۆرەتوو بینیم ،ئیتر ئەمە دواجار بوو نەمبینینەوە .

ئەو چەند شەوەی لەقۆرەتوو بوون چۆن گوزەراندتان.؟

خەڵکێکی زۆری تێدابوو، کەس بەکەس نەبوو، ئاوی نەبوو،شوێنەکە زۆر پیس بوو، دەوروبەرمان هەموویی پیسی بوو، دووسێ شەو بەمشێوەیە ماینەوە .باش بوو ئێمە خواردنی خۆمانمان پێبوو ئەوەی خواردنی لانەبوو لەبرسا پەرێشان بوون دواتر خەڵکی خێرخواز خۆراک و خواردنیان بۆ خەڵکەکە هێنا .

باسی شێخ حسێنت کرد لەقۆرەتوونەتبینی ؟

نەخێر نەمبینی، خەڵکێکی زۆر گیرابوون، کەس بەکەس نەبوو. بەڵام ژن و منداڵەکەیم لەتۆبزاوا بینی، یادی بەخێر دادە زەینەبی خوشکی کاک حسێنم بینی، باران بوو بەبڵندگۆ دەیانقیراندو دەیانگوت هیچ شتێک لەگەڵ خۆتان مەبەنە قاعەکە هەموو شتێکی لێیە، وەکو ئاژەڵ بەجارێ نزیکەی پێنج سەد کەسیان دەخستە ناوقاعەکەوە، نەتدەزانی کەی شەوەو کەی رۆژە. بێ کارەباو بێ ئاو بارانیش بەردەوام دەباری .دادە زەینەب بانگی کردین وتی سوەیبە بەمن و سوەیبەیەکی تری وت بەردەمم بگرن باسەربازەکان نەمبینن دەست بە ئاو

دەگەیەنم، دوایی هەریەکەو بۆ قاعەیەک دابەشکراین و یەکتریمان نەبینییەوە .

لەنزیکەوە شێخت دەناسی .؟

بەڵێ چەندین جار هاتۆتە ماڵمانەوە، گەرمیانی کوڕم نەخۆش بوو دووجار بەنهێنی لەساڵی ١٩٨٧ هێنامان بۆ گوندی تازەدێ حکومەت بیگرتینانە گوللەبارانی دەکردین و حساب پێشمەرگەی بۆ دەکردین .بۆیە بەئاشکرا نەدەویراین بڕۆین بۆناو شار و هاتوچۆی ئاسایی بکەین بەتایبەتی بۆ ناحیەی سەرقەڵا.بۆیە گەڕاندمانەوە بۆ ماڵی شێخ و ئیتر بەرەو باشی ڕۆیشت و لەنەخۆشیەکە ڕزگاری بوو.

منداڵەکانت لەقۆزەتوو وەزعیان چۆن بوو .؟

کۆچەر منداڵ تر بوو بەباوەشمەوەبوو، بەڵام گەرمیان وەزعی زۆر خراپ بوو، شیری خۆمم دەدا بەکۆچەر .

ناخۆشترین شت لەتۆبزاوا چی بوو کەبەچاوی خۆت بینیوتە.؟

تۆبزاوا هەموو شتێ:ی زەلیلی بوو، دۆزەخێک بوو بۆخۆی ،گەرمیانی کوڕم دەگریاو دەیگوت دایە بالێرە بڕۆین، جاری واش هەبوو دەیوت دایە میز دەکەم بۆ سەر پەنجەرەکە بەرزم دەکردەوە، شوێنێکی زۆر پیس بوو ،جلی خوێناوی تێدابوو، دەتت شوێنی ئازاردان و کوشتنی خەڵکە.هەرچی کەلوپەلی پیاوەکان هەبوو لەسەر یەکتری هەڵدرابوویەوە، ئیتر گەیشتینە قەناعەت و وتمان ئیتر پیاومان نەماوە .سویچی مەکینەو تەزبیح و چەقۆ و جل و بەرگ و هەموو کەلوپەلەکانیان لێوەرگیرابوو، لەسەر یەکتری هەڵدرابوویەوە .بەسەدان مشکی و جامانەو کڵاوو جلی کوردی لەسەر یەکتری هەڵدرابوویەوە .هەرپیاوێک تەنها کراسێک و شەروالێکیان لەبەرمابوو .

کەبردیانن بۆ دووبز بە ئۆتۆمبیلی سەربازی گوازرانەوە ؟

جۆری سەیارەکە زۆر سەیر بوو ،بچوک بوو لەدواوە دوو دەرگای هەبوو لەناوەوە تەنها جێگەی ١٢ کەسی تێدا دەبوویەوە، بەڵام چوار خێزان لەناو یەک سەیارە جێگەیان کردینەوە .نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠ کەس دەبووین، دوو پەنجەرەی بچوکی تێدابوو، وابزانم ڕەنگەکەی سوور بوویا ڕەساسی ،دڵنیانیم .

کەگەیشتنە دووبز ناویان نوسین .یان یەکسەر بردیانن بۆ ناو هۆڵەکان .؟

لەتۆبزاوا چێشتەنگاو کەوتینە ڕێ، بۆ خۆرئاوا گەیشتنیە دووبز، ئێمەیان وەستاند پیاوێک دیار بوو جەیشی شەعبی بوو، قسەی بۆ کردین، وتی پێش ئێوە پیاوەکانی بارزانی تێدابووە، کەگەیشتین دیار بوو بەرلەئێمە خەڵکی تری تێدابوو، خواردنیان وەکو خۆی بەجێهێشتبوو، شتەکان وەکو خۆی مابویەوە، کەگەیشتین باران بەخوڕ دەباری ،ئاو دەهاتە ناو قاعەکان، شوێنێکی وشکم شک نەدەبرد بۆ ئەوەی منداڵەکانی لەسەر دابنێم هەر لەباوەشم بوون .هیچیشمان لانەبوو لەسەری دابنیشین .

بەبەراورد لەگەڵ تۆبزاوا ژیانی دووبز چۆن بوو.؟

زۆر سەخت و ناخۆش بوو، منداڵەکانیشم بچووک بوون، کۆچەر تەمەنی تەنها پێنج مانگ بوو، گەرمیانیش زۆربێتاقەت بوو هەردەگریاو بەردەوام نەخۆش دەکەوت، گەرمیان دوو ساڵان کەمتر بوو، هەرداوای باوکی دەکرد دەیوت بڕۆین بۆلای عەدە، بە عەدنانی باوکی دەوت عەدە، ئێستاش هەر بەمناوە بانگی باوکی دەکات.زۆر دەگریاو تەلبەندی بەندیخانەی دەگرت و دەیقیژاند دەیوت بابڕۆین، منیش دەموت کوڕم بۆکوێ بڕۆین .بەردەوام داوای تەماتەو خەیاری دەکرد .سەمونەکەم پێدەدا فڕێیدەداو نەیدەخوارد .

ئێوە لەمانگی ڕەمەزاندا ئەنفالکران، بەهۆی ئەم مانگەوە هیچ بەزەییەکیان بەرامبەر ئێوە نەدەنواند؟

هەبوو ڕۆژووی دەگرت، بەژنێکم وت ڕۆژی چی دەگری خوا ئێمەی خستۆتە شوێنێکەوە ڕۆژی چی بگرین، بەچی بگرین .نەئاو هەبێت نەنانت هەبێت ئیتر بەچی ڕۆژووبگرین .ئێمە بەردەوام بەڕۆژوو بووین .

ئێوە بڕە پارەیەکتان پێبوو ؟.

نەخێر ئێمە هیچ پارەمان پێنەبوو. هەرچی هەمانبوو لای خەسوو و خەزورم بوو، ئەوان بۆ

نوگرەسەلمان بران، خەسوشم بڕە پارەیەکی لابوو لە ئێمەی شاردبوویەوەو نەیدا بەئێمە. ئێمەش نەمانزانی پارەی پێیە ئەگینا بەهەر جۆرێک بوایە پارەکەمان لێیدەسەند.کاتێک ئازاد کراین بینیمان پارەکەی دەرهێناوداویەتی بەخەزورەم، خەسوم میمک بوو خوشکی باوکم بوو ، لەدووبزبش بڕێک پارەی خەرج کرد بەڵام هەردەیوت پارەم پێنەماوە هەرچی لامبوو خەرجمکردووە،ئیتر بەمشێوە پارەکەی هێنایەوە.



چۆن شتەکانی خۆتان دەشاردەوە ؟

تۆش وەکو برام وایت،ئێمە لەژێرەوە جلی پیاوانەمان لەبەر کردبوو گیرفانی هەبوو،لەگەڵ ئەوەش گیرفانمان بۆجلەکانی ژێرەوەمان کردبوو،پارەو ناسنامەمان تێدا دەشاردەوە .چونکە هەرچیەکیان دەستبکەوتبا ،یان دەیانبرد یابەبەرچاوتەوە دەیاندڕاند .بۆیە بیرمان لەو بیرۆکە کردەوە .

لەدووبز زیاتر پێویستتان بەچ شتێک هەبوو؟

من جلم بۆمنالەکان پێبوو بەڵام من خۆم هیچم بۆخۆم پێنەبوو،بەڵام خەسووم دوو کراسی بۆکچەکانی هێنابوو ،لەئاوایی زۆر داوام لێکردبوو پێینەدەدام تا لەبەندیخانە لێموەرگرت و پێموت زۆر داوام لێتکرد ئێستا پێمیدەدەیت ،وتی لێتی دەسەنمەوە.منیش پێموت تازە ناتوانی لێمی بسەنیتەوە .

مامەڵەی سەربازەکانی دووبز چۆن بوو لەگەڵتان؟

رەش پێستەکان زۆر خراپ بوون،بەڵام خەڵکی باشیش هەبوو بەتایبەتی کوردەکان دەسەڵاتیان بوایە هاوکاریان دەکردین. دوو کەسی تێدابوو بەناوی مام مەحمود ومام نوری .گوایە برای مام نوری لەلایەن پێشمەرگەوە کوژراوە کە دەهات دەبوایە هەموو هۆڵەکان منداڵەکانی خۆمان لە ترسا بشارینەوە .نەوەک ئازاریان بدات زۆر ترسناک بوو، کەسێکی زۆرداربوو .هەرمنداڵێکی لە دەروەی هۆڵەکە ببینیایە شەقی مام نوری دەخوارد ئەوەندە رقی لەکورد بوو.بەڵام کوردەکان بۆ ئێمە باش بوون لەترسی دەستدرێژی کردنە سەر ئێمە پێیان دەوتین ئەگەر کەسێک بەنیازی خراپ هاتە ناوتانەوە، ئاگادارمان بکەنەوە .ئێمە ترسمان لە عەرەبەکان بوو ،رقیان لێمان بوو.

کەست بینی بمرێت ؟

منداڵ زۆرمردن، لەدووڕەوە لای باخەکان و نزیک ئاوەکە، گۆڕستانەکە دیار بوو هەرکەسێک بمردایە جەیش شەعبییەکان دەیانبرد بۆئەوێ و دەیاننناشت .جارێکیان کەسێکی تریش پیرەژنێک بوو خەڵکی هەوارە بەرزە بوو زۆر لەڕوو لاواز ببوو،لەوێ مرد .ژنێکی تریش ناوی سەعدە بووخەڵکی تووکن بوو هەشت نۆ منداڵی هەبوو منداڵێکی مرد.ژنێکی تریش ناوی مەلەک بوو خەڵکی تیلەکۆ بووبەشەو و رۆژێک سێ منداڵی مرد .هەموو پارانەوەیەکم ئەوەبوو دەموت بەس بڕۆینەوە بۆ ناوچە و وەتەنی خۆمان منداڵەکانیشم بمرن ئاساییە .

چۆن ئازاد کران و گەڕانەوە بۆ گەرمیان

ئێمە دووا هۆڵ بووین کە ناویان نوسین و ئازاد کراین، کەس نەیدەزانی ئەم ناو نوسینە بۆ ئازاد کردنمانە،خۆشبەختانە ئەنفال نەکراین، بەڵام ئەوەندەمان ئازار بینی هیچی لەئەنفالکردنی ئەو خەڵکە کەمتر نەبوو.چونکە هەموو رۆژێک مردنێکمان دەبینی ..

حاجی ئەنوەرسلێمان ڕەسوڵ – گوندی عەسکەر

قوربـــانییەکی گازبـــاران و ژینگەپارێزێکی نمونەیی



دیمانە: سمکۆ سابیر
گوندی عەسکەر، ناحیەی ئاغجەلەر
ڕۆژ:٢٠١٦/٥/٣
فۆتۆ: سمکۆ
وێنەی یەکەم: حاجی ئەنوەر
وێنەی دووەم: (هاشم محەمەدڕەشید دەربازبووی کۆمەڵکوژی ئەنفال ، سمکۆسابیر، حاجی ئەنوەر)

ئەمە بۆ دووهەمین جارە کە ئەنفالستان ئەم پیاوە بەسەر دەکاتەوە، جاری یەکەم لەژمارە (٧)دا ناسێندراوەو ئەم جارەش لەم ژمارە (١٣)دا بەسەری دەکەینەوە .

ڕۆژی ٣-٥-٢٠١٣ بەمەبەستی بەشداریکردن لەبیست و هەشت ساڵەی کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە، لەگەڵ کاک عومەر محەمەد سەرنوسەری ئەنفالستان و کاک هاشم محەمەد دەربازبووی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال، لەسلێمانییەوە بەرەوگۆپتەپە کەوتینە ڕێ.جگە لەئێمە، چەند کەسێکیش لە بەڕێوبەرایەتی گشتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوانی سلێمانی یاوەربوون بۆ ئەم یادە.نزیک بووینەوە لە گۆپتەپە ، لەڕێگەی کاک عومەر محەمەدەوە زانیمان کە وەفدی بەڕێوبەرایەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی سلێمانی بەرەو گوندی عەسکەر ڕۆیشتوون ، ئێمەش بەرەو عەسکەر کەوتینە ڕێ.دواتر هەموومان بەیەکەوە تاجە گوڵینەیەکیان لەسەر پەیکەری ڕەمزی ئەنفالو کیمیاباران داناو گەڕاینەوە بۆ گوندی گۆپتەپە. لەڕێگەدا کاک عومەر باسی پیاوێکی بۆکردین کە وێڕای ئەوەی بریندارێ چەکی کیمیاوییە و خوشکێکی بەناوی گورجی ئەنفالکراوە، لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆی بەهەزاران نەمامی لەگوندەکە و دەوروبەری چاندووە. بۆیە دوای تەواو بوونی یادەکە، خۆشبەختانە گەڕاینەوە گوندەکە و چاومان بەو پیاوە جوانە کەوت وئەو دیمانە کورتەمان لەگەڵ ئەنجام داوە .

سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە، پێمان خۆشە خۆتان بناسێنن.

سەرەتا بەگەرمی بەخێر هاتنتان دەکەم ، ناوم ئەنوەر سلێمان ڕەسوڵە لەساڵی ١٩٥٣ گوندی عەسکەر لەدایکبووم.

ئەگەر سەبارەت بەمێژووی ئەم گوندە زانیاریتان هەبێت کەبۆیەکەم کەی جار دروستکراوە ؟

لەڕاستیدا ئەم گوندە زۆر زۆر کۆنەو ئاسان نییە مێژووەکەی بزاندرێت.چونکە نزیکەی ١٠ گۆڕستانی کۆنی تێدایەو پێشتر جولەکەکان لەو گوندەدا

دوای سێ شاڵاوەکەی ئەنفال.ئەنفال ئەو ناوچەیەشی گرتەوە،ئێوە چۆن هەستتان پێکرد کەشاڵاوێکی لەو جۆرە بەڕێوە .؟

بێگومان بەشێوەیەک لەشێوەکان لەڕادیۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بیستوومانە،دەمانزانی ئەو ڕیژیمە هەرچی دەستی بۆبەرێت کاولو وێرانی دەکات.ئەو کات پەیوەندی هێندە پێشکەوتوو نەبوو وەک ئێستا،بۆیە یان لەڕێگەی رادیۆوە دەبوو،یان دەماو دەم باسی دەکرا,خەڵک ئەوەی بیستبوو ئەم شاڵاوەی بەعس ،وێرانکەرە.بەڵام کەس بەبیری نەدەهات بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەستی حکومەت و خۆیان تەسلیم بکەن .بەڵام شاڵاوەکە زۆر خەست و گەورەبوو بەناچاری خۆیان رادەستی ڕیژیم کردو خەڵکێکی زۆر ئەنفال کرا و بەرکیمیاباران کەوت.

لەکاتی شاڵاوی ئەنفالدا ڕیژیم بۆ یەکەم جار چۆن پەلاماری ئەم ناوچەیەی داوە.؟

چەند رۆژێک پێشتر،واتە لەسەرەتای مانگی پێنج سوپایەکی زۆرو بێشومار گەیشتبووە ناوچەکە بۆ پەلاماردان.بەڵام کەس نەیدەزانی لە رۆژی ٣-٥-١٩٨٨ ڕیژیم بەوە شێوە درندانە کیمیاباران عەسکەرو گۆپتەپە دەکات.ئەو خەڵکە هەموو کاسب و فەقیری مالّی خۆی بوو،ئەوەی چاوەڕێینەدەکرد .

رۆژی پێش کیمیابارانەکە،ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی لەگوندەکەبوون ،چەند خێزان بوون ئایا کەس گوندەکەی جێهێشتبوو .؟

بێگومان رۆژی پێشتر لەبەر نزیکبوونەوەی مەترسی تاڕادەیەک گوندەکە چۆڵکرا ، چونکە لەساڵی ١٩٨٤- ١٩٨٥ ڕیژیم گوندەکەی سوتاندبووین لەپایزە وە تاوەرزی بەهار دوومالّی تێدامابۆیەوە،ئەویش منو مالّی زاوایەکم بوو، بۆیەخەڵک ئێرەی جێهێشتبوو. ،دواتر من و چەند مالّێکی کەم لەگوندەکە مابوینەوە و ئێرەمان بەجێنەهێشت.رۆژی کیمیابارانەکەش ئێرەم بەجێنەهێشت.بەڵام خەڵکێکی زۆر خۆشبەختانە گوندەکەیان بەجێهێشت .ئەو کات نزیکەی ٧٠- ٨٠ مالّ دەبوو.

ئەو رۆژی ئەم ناوچەیە کیمیاباران کرا چیتان لەبیرماوەو چیتان بەسەرهات ؟

دەمەو ئێوارەبوو،ئەم ناوچەیە بەخەستی کیمیایی لێدرا،گوندەکە لەکۆی ٨٠- ٩٠ مالّ تەنها نزیکەی ٣٠ مالّی تێدامابۆیەوە .رۆژێکی ناخۆش بوو،کەس بەکەس نەبوو،کەس فریای کەس نەدەکەوت .بەداخەوە مەگەر زۆر بەوردی دابنیشم و بیژمێرم ئەگینا نازانم کام لەخەڵکی ئاوایی رۆژی کیمیابارانەکە لەگوند مابونەوە .هەرهاوارو بێدادی خەڵک بوو.کەس بەبیری نەدەهات ڕیژیمێک هێندە بێویژدان بێت، خەڵکی بێدیفاعو مەدەنی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەو شێوە قەتڵو عام بکات .

ئێوەش لەو کیمیابارانکردنە بەرکەوتنو بیندارببوون ،چیتان بەسەرهاتو چۆن بریندارببوون و ئایا هیچ چارەسەرێکی بەپەلەتان بۆکرا .؟

دوای بریندارببوونمان بەناچاری رووماندکرد چەمی ڕێزان و چەمی قەڵاتێ ،هەبوو چاوی نەیدەبینی،من هیچم نەدەبینی ،تەنگەنەفەس بووم بەزەحمەت هەناسەم بۆدەهات، نەتدەوێرا سەیری رۆشنایی بکەیت،چاوت ئازاری پێدەگەیشت و هەموو دونیا دەبوو بەبریسکە لەبەرچاوت.

چەند کەس شەهید بوون .؟



بەتەواوی نـــــــازانم چەنـــــــــدکەس شەهیدبوون، بەڵام چەند کەسێک لەو رۆژەدا هەر ونبـــوونو تائێســـتاش گۆڕەکەیـــــــــان نەدۆزراوەتەوە.لەوانە فـــاتمی جـــومعە کـــوێر. کەیەکێکە لەو ونبـــووانە. کەس دەســـــــتی بەو نـــاوچەیە نەدەگەیشـــت تەنها جاش هـاتوونە ئەو ناوچانە.چونـدین خێـزان لێرە لەنـاوچوون بەهـۆی ســـــــــەختی بریندەکانیان,هەنـدێک لەوانە زانـراوە کەبەرچەکـی کیمیـایی کەوتـوونو بریندارببوون.بەڵام سەرباری ئەوانە ونبووم_____ان هەیە و چارەنووســـــــیان دیـارنییە.رووڕنیش نیـیە کەبەرچەکـی کیمیـاوی کەوتبن.

دوای ئەوەی ماوەیەک لەچەمی ڕێزان مانەوە،دواتر چۆن خۆتان ڕزگارکرد و ڕووتان لەکوێ کرد؟

دوای مـاوەیەک لەچەمـی ڕێـزانەوە بەرەو چەمـی قەڵاتـێ و ئینجـا بـۆ ناوژمـارەیەک پێشـمەرگە کەلەنـاوچەکە مـابوونەوە، بەڵام لەوێـش کێشـەی خۆراکو پێداویستی هەبوو، بـۆیە هەرچۆنێک بێت شەوێک بەنهێنی خۆمان کردە ناو تەکیە.من هێشتا چـاوم هەرنەیـدەبینی.لەڕێگەی بیـرین پێچێـک هەرچەنـدە لە جەیش شـەعبی بـوو بەڵام پیـاوێکی زۆر باش بوو، گوتی ئەو دەرزییانە لەناو سـەموون دەشارمەوە بۆئەوەی هاوکاری خەڵکی بریندارببکەم ،دەرزیـی لێـدام و کەمێـک باشـتربووم .دواتـر بـارودۆخم زۆر خـراپ بـوو ،دووچـاری تەنـگە نەفەسی بـووم و بەو نەخۆشیەش خۆمان تەسلیم بەڕێـژیم کـردەوەو یەکسـەر بەرگـی سـەربازییان لەبەرکردین .بەڵام بەهۆی ئەوەی بەردەوام نەخۆش بـووم ڕەوانەی نەخۆشـخانەی ڕەشـیدیان کـردم لەبەغدا .دکتۆرەکە پێیگووتم دوای ١٠ ساڵ تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبیت، بەڵام مـن دوای هەشت ســاڵ تووشــی نەخۆشــی شــێرپەنجەبووم‌وماوە بۆماوەی ١٣ ساڵە لەبەغدا چارەسـەرم وەردەگرت .بەڵام ئێستا هەرکاتێک بـاری تەندروستیم تێک بچێـت لەنەخۆشـخانەی هیـوا لەشـاری سـلێمانی چارەسەر وەردەگرم .

دوای کیمیابارانکردنی عەسکەر بـۆیەکەم جـار کەی گەڕانەوە گوندەکە.؟

بۆزانیاریتـان دووسـێ جـاری تـر گونـدەکەی ئـێمە تەخـت کـراوەو سـوتێنراوە، بەڵام دوای ڕوخـانی ڕێژیمـی بەعـس دەستمان کـرد بەئـاوەدانکردنەوەی عەسکەرو وردە وردە هاتینەوە. ئێستاش نـزیکەی ٧٠ ماڵی تێدایەو وەک سـاڵی ١٩٨٨ ئاوەدانە.ئێستا بـــاخ وەرزێکـــی باشـــی تێـــدایە.تارادەیەک خزمەتگوزاری تێدایە.

کاک عومەر محەمەد لەڕێگە باسی تۆی بـۆکردم کەخەریکی سـەوزکردنەوەی ناوچەکەیت، یەکسـەر شـێخ حسـێنی هەزار کـانیم بەبیرهـاتەوە. کەلەئەنفالی گەرمیان لێبوردنی بۆدەردەچێت بەڵام ئەو رازی نابێـت خەڵـکەکە بەجێبهێڵێـت.ئەو هەڵوێستەی ئێـوەش شـایانی بەپـاڵەوان کـردنە لەئەنفال .ئێوە چـۆن بیرتـان لەپرۆژەیەکی ئـاوا جوانو گرنگ کردەوە.؟

بێگومان شێخ حسێن پیاوێکی مەردوباش بووە بۆیە ئەوبڕیارەی داوە. سەبارەت بەو بیـرۆکەیە رۆژێـک

لەگوندەکە پرسەیەک هەبوو، بەیانییەکەی زوو لەخەوم هەڵسابووم ، دەروبەری گۆڕستانەکەم لەهەنگاو(شەقاو) پێواو نزیکەی ٧٠٠–٨٠٠ شەقاو دەبوو، بەبرایەکی خۆم گووت دەوری ئەو ناوەم بۆبگرە .کەتەلبەندی کرد ئینجا بیرێکی ئاوم لێداو هەرلەسەرئەرکی خۆم کەلوپەلی پێویستم هێناو دەستمکرد بەجێبەجێکردنی .دوای تەواو بونی دەوروبەری گۆڕستانەکە ، گەرد بەرانم دەستپێکرد، ئینجا دەستمکرد بەچاندنی نەماو لەقۆنگرەی جولەکە.پاشان گردی نەورۆزمان دەستپێکردو پاشان دەستمکرد بە چاندنی نەمام لەوبەرو لەمبەری رێگای عەسکەر تا رێگای سەرەکی کە زیاتر لە هەشت کیلۆمەتردەبێت .بەهەزاران نەمانی لێ چاندراوەو بەبەردەوامیش ئاو دەدرێت و خزمەتی دەکرێت.

ئەم پڕۆژەیە گەورە زۆر سەختە و پێویستی بەسەرچاوەی دارایی باش هەیە، لەمڕووەوە کەس هاوکارتانە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان .؟

لەڕاستیدا خۆم موچەم هەیەو کوڕەکانیش هاوکاریکم دەکەن و لەناحیەی ئاغجەلەریش کارئاسانیمان بۆ دەکەن ودەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکەن. بەڵام بڕی پارەکە لەسەر حسابی خۆم بووە.پێشتر لەڕێگەی بەڕێوبەری ناحیە چوار کارمەندی شارەوانیم بۆ دندرابوو.بەڵام دوای ماوەیەک ئەویشیان برد.ئێستا بۆ ئاوەدانو پەروەردەکردنی ئەو نەمامانەکرێکاریان بۆدەگرم و نایەڵم بەهۆی بێئاوییەوە وشک و بێئاوبن.

ئەی رێکخراوەکانی بواری ژینگە و ژینگەپارێزی **تاچەند ئاگایان لەکارەکەی ئێوەو رێزیان لێدەگرتووە .؟**



گۆڕستانێکی دێرین لەگوندی عەسکەر ..... photo: anfalistan

ئەوی راستی بێت لەمانگەکانی بەهار دێنو سەلامێکم لێدەکەنو ئیدی نایانبینمەوە.(بەپێکەنینەوە)

پێتوایە تاسەر دەتوانیت لەپڕۆژەو کارێکی ئاوا سەخت بەردەوام ببیت، کەبەتەنیا چەندین هەزار نەمام ئاو بدەیت و خزمەتیان بکەیت، .؟

لایەنی کەم تاخۆم لەژیاندا بمێنم نایەڵم ئەو نەمامانە وشک ببن و لەناوبچن .هیچ کاتێکیش پەشیمان نیم لەو کارەی کە دڵسۆزانە دەستم داوەتێ.بەڵام خۆزگە خەڵک هۆشیاری پێویستی دەبوو بۆ ئەوەی زۆرترین زەوی گوندی عەسکەر سەوزبکەین و نەماوی لێبچێنین. بەڵام لەمڕووەوە هەندێک جار هاوکارم نابن .بەداخەوە زۆر شوێنی تر هەبوو بیکەم بەدارستان بەڵام دەستی هاوکارییان بۆ درێژنەکردم .

لەماوەی ئەو هەشت ساڵەی کارکردن لەو پڕۆژەیە ئەو بڕە پارەیەی خەرجتان کردووە چەند دەبێت.؟

دەتوانم بڵێم لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا وێڕای کارکردنی بەردەوامی خۆم لەوانەیە نزیکەی سەدو پەنجا ملیۆن دینارم خەرج کردبێت .

هیوای سەرکەوتن بۆ مام ئەنوەر دەخوازین و تەمەن درێژ بن

منیش سوپاسی ئێوە دەکەم کەلەگەرمیانەوە هاتوون بۆیادی کیمیابارانکردنی گوندەکەمان هەرچەندە عەسکەر لەم یادەدا زۆر فەرامۆشکراوە .

ئیسماعیل رەشید – گوندی سپی سەر

چوار برای شەهیدوئەنفالن و لە خانووی کرێدایە.

سمکۆ سابیر
گوندی سپی سەر
رۆژ: ٢٣–٤–٢٠١٦

لەگەشتێکماندا بۆناوچەی ئاوەسپی سەردانی گوندی سپی سەرمان کرد، کە ئیستا چەند مالێکی تێدا نیشتەجێبوون. لە گۆڕستانی ئەوگوندەدا، شەهیدانی داستانی گوندی مەلا ئۆمەر نێژراون کە بەشەڕی (بۆروژێن)ناسراوە،تیایدا ٢٢ پێشمەرگەی حزبی شیوعی لەروبەرووبوونەوەیەکدا لەگەڵ سوپای ڕێژیمی بەعس لەساڵی ١٩٨١ شەهید دەبن .*

خەڵکی گوندەکە باسی ئیسماعیل رەشیدیان بۆکردین، کە سەرباری ئەوەی خوێنی بۆ نیشتمان داوە بەڵام لەنیشتمان خانوویەکی نییە تیایدا بژی ! ئیسماعیل دوو برای شەهیدە و دووبراشی ئەنفالکراون، کەچی بەهۆی کەمدەرامەتیو نەداریەوە خۆی و هاوسەرەکەی تەمەنیان هەڵکشاوە لە سپی سەر دەژین.

ئەوان پێشتر لەناحیەی رزگاری بوون وکرێچیبوونو نەیانتوانیوە کرێ بدەن. داوامان کرد بیدوێنین،بانگیان کردو هاتەلامان. لالە ئیسماعیل پیاوێکی ماندوو تەمەن هەڵکشاوە، بەڵام بەگوڕو وریایە لەگفتوگۆکەماندا باسی کرد کەبە زەحمەت ژیان بەسەر دەبات .

لالە ئیسماعیل رەشید عەلی لەساڵی ١٩٤٧ لەگوندی سپی سەری ناوچەی ئاوە سپی لە دایکبووە.بەرلە شاڵاوی ئەنفال مالّی لە گەڕەکی ئیمام محەمەدی قەزای کفری بووە. بەڵام بەعسیەکان ئەم گەڕەکەیان ڕوخاندو خەڵکەکەشی بەزۆر ڕاپێچی ئۆردوگای (سمود)کردووە. سەبارەت بەمێژووی گوندی سپی سەرلالە ئیسماعیل دەڵێت: نازانم ئەم گوندەکەی دروست بووە، بەڵام بەڵایەنی کەم تەمەنی ئەم گوندە لە ٢٠٠ ساڵ کەمترنییە، سەرباری نەهامەتیو پەلامارو شەڕو ناخۆشییەکان، بەردەوام ژیانی تێدابووە...



وتیشی کاتێک ئەنفال دەستی پێکرد لەگەرمیان، ئێمە خۆمان حەشاردابوو لەئۆردوگای سمود، چونکە هەڵاتووی سەربازی (هارب) بووم،لەنێو مالّەکەی خۆمدا چالێکم هەڵکەند بۆ خۆشاردنەوە،چونکەبەعس بەبچوکترین بیانوو لەناوی دەبردین.بۆیە تەنها ئەوەمان بۆکرا کە لەدووڕەوە سەیربکەین و هیچ دەسەڵاتێکیشمان نەبوولەسەر چارەنووسی ئەوان.

دوو لەبراکانم لەگوندی سپی سەرئەنفالکران بەناوەکانی (ئەمین و نوری). تەواوی هاووڵاتیانی گوندی سپی سەر بەیەکەوە بەرەو قادرکەرەم دەڕۆن و بەناچاری خۆیان رادەستی ڕێژیم دەکەن کە ژمارەیان ٨٠ کەس دەبوو. سەبارەت بە هۆکاری گەڕانەوەی بۆ گوندەکە لالە ئیسماعیل گووتی: من بەم تەمەنە گەڕاومەتەوە بۆ ئاوایی ،هەرچەندە هیچ لەکوڕەکانم لەگەڵمدا نین،تەنها خۆمو هاوسەرەکەم کە ئەویش پیربووەو ناتوانێ هەموو کارێک بکات. من لەخانووی کرێدا دەژیام و موچەکەشم زۆر کەمە،٤٥٠هەزار بەشی ژیانو پارەی کرێی خانوو ناکات. بۆیە خانوەکەمان رادەستی خاوەنەکەی کردەوەو وەک دەیبینین لەنێو ئەو خانوە شڕەدا دەژین ودەیگوزەرێنین.

بە سوپاسەوە ئەم گەشتەم لەگەڵ هاوڕیان (محەمەد سابیر. جەلال هەزارکانی . مەحمود ناسر،ساڵەح هەلاج) بوو.

نوێترین وێنەی (کەیوان هەڵەبجەیی)

ئەنفالستان :



کەیوان حەمەئەمین **سالّح کوڕی خانەوادەیەکی هەڵەبجەییەو لەدوای کیمیابارانەکەوە لە وڵاتی نەمسا دەژی.**

باوکی لە هەڵەبجە بەمینەی خازە ناسراوە، سالّی ٢٠١٠ مینەی خازەش وەک بریندارێکی چەکی کیمیایی کۆچی دوایی کرد.

رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هەموو ئەندامانی خێزانەکەی مینەی خازە بەگاز بریندار ببوون، وەک باس دەکەن " **سەڵتەنە حسین**"ی دایکیان ئێوارەی پێشتر، کۆچی دوایی کردووەو کورەکەشی بەناوی کاوە ئەوە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت : دایکم هەمان ئێوارەی کیمیابارانەکە بەگاز شەهیدبووە. لە ناو تەمومژی گازو شڵەژان و هات وهاواردا کەیوانی ١١ سالان لەخانەوادەکەی دابڕاو وەک زۆر منداڵی تر بە ونبوو یان بەشەهید ئەژمارکرا، بەڵام دوای ١٨ ساڵ لەوڵاتی نەمسا لەلای پرۆفیسۆر فرالینکە گیردهارد Fralinger Gerdhard هەوالّی بووەوەو دەرکەوت کە لەژیاندا ماوە. ساڵی ٢٠٠٦ پرۆفیسۆرفرالینکە گێردهارد کە بەمەبەستی شایەتیدان لەسەر تاوانی گازباران هات بۆکوردستان،ماوەی چەند رۆژێک لەگەڵ ستافێکی گۆڤاری ئەنفالستان و ناوەندی چاکدامایەوە، رۆژی دووەمدا سەردانی شاری هەڵەبجەی کردو لەوێ هەوالّی خانەوادەی کەیوانی پرسی، بەڵام کەس نەبوو، چاوساغیمان بکات بۆئەو ماڵە ئەمەش خۆی لەخۆیدا تراژیدیا بوو، چونکە پرۆفیسۆر فرالینکە هەوالّی کەیوانی پێبوو، ئەو وەک منداڵێکی بریندارى کیمیایی لەژێر چاودێری ئەم دکتۆرەدا بوو لەنەمسا، بەداخەوە هیچ زانیارییەکمان دەست نەکەوت بەڵام لەوە تراژیدیتر ئەوە بوو، کە کەیوان هاتەوە بۆ هەڵەبجە ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ خوشک وبراکانیدا مایەوە، بەڵام



چۆن مانەوەیەک ئەوەش هەرتراژیدیایەک بوو بۆخی چونکە لەبری پێک شاد بوونەوە پتر ڕۆڵی کەڕو لاڵیان دەبینی هەر بەئاماژە لەگەڵ خوشک وبراکانی دەدوان و هیچ لەیەک تێنەگەیشتن. لەماوەی ئەوهەفتەیەدا کەس نەبووە وەرگێر لەنێوانیاندا بۆیە کەیوان بەدڵشکاوی گەرایەوە بۆنەمساو هەتا ئێستاش کوردێکی بریندار وغەریبی ئەو وڵاتەیە. ئەم وێنانە تازە گەیشتوونەتە ئەنفالستان، وێنەی یەکەم کاتی چارەسەرکردنێتی لەنەخۆشخانە وێنەی دووەم پێدەچێت وێنەی کەیوان بێت لەگەڵ ناسح زندی کە لەئێرانەوە گەیاندبوویە وێنان، یاخود وێنەی کەیوانە لەگەڵ پرۆفیسۆر فرالینکەو هاوسەرەکەی وکەیوانیشیان لەگەڵدایە، وێنەکان لەرێگەی کاوەی برای کەیوانەوە بەئەنفالستان گەیشتوون بەڵام هیچ زانیارییەکیان لەگەڵدا نەبوو.

بە سوپاسەوە : هەردوو وێنەکە لەلایەن برای کەیوان بەناوی کاوە گەیشتوەتە گۆڤاری ئەم ژمارەیەی گۆڤاری ئەنفالستان .

ئای نیشتمان، تۆچەندە دەردت گرانە
ئێمە لەسەرتۆ ئاوامان لێدەکرێ، دەکوژرێین و شاربەدەرو وڵات بەدەر دەکرێین.
کەچی هەرچی وپەرچی و خۆفرۆشەکان، کە هەرکات بخوازن و بۆیان بلوێ، هەراجت دەکەن و دەتفرۆشن، هەرئەوانیش لە ئامێزی تۆدا خەریکی ژیانێکی شاهانەن .

ناداد پەروەری میدیا لە ڕۆمانّی مافی قوربانیانی ئەنفالدا

عومەرمحەمەد
لێکۆڵینەوە

- **تەوەرەکان**
- **تەوەری یەکەم :**
- ١- پێشەکی
- ٢- ئامانج
- ٣- خستنە روی کەموکوڕییەکان
- **تەوەری دووەم:**

1- چەند نمونەیەک لە تایتڵی ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکان.
2- بازرگانی و ساختەکاری

سێ نمونەی سەلمێندراو
1- فەرمان عەلی
2- روشیدی جاف
3- د. سلام موئید

- **تەوەری سێهەم**
- فەرامۆشکرنی قارەمانەکان
- ١- شێخ حسێنی هەزارکانی
- ٢- لەنارنجەڵەوە بۆ نەجەف

تەوەری چوارەم
ناداد پەروەری لە ڕومانّدا
1- گللەییەکانی عارف
2- چیرۆکی بوخچەکان

ئەم باسە لە کۆنفرانسی جێنۆساید لەکۆلێژی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان ڕۆژی ٢٠١٧/٧/٢ پێشکەش کراوە.

پێشەکی :

پەیمانی لۆزان مافی کوردی دابین نەکرد، بەڵکو بووە مایەی کێشەی قوڵ بۆ کورد و ئەو دەوڵەتانەش کە کوردستانیان خرایەسەر، دەوڵەتەکان لە سۆنگەی دیدی رەگەزپەرستانەیانەوە هەمیشە کێشەکەیان وەک کێشەی کورد بینیوە، نەک هی وڵاتەکانی خۆیان ! بۆیە تا دێت قەیرانەکان قوڵ دەبنەوەو سنوری ناوخۆ دەبەزێنن، مەترسیدارترین دەرئەنجامی ئەو کێشەیەو بەدبینی جەنگی خوێناوی نێوان ئێران وعێراق بوو، کە ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ و شکستی بزوتنەوە چەکداریەکەی کورد، ناوەرۆکی ڕێکەوتنەکە بریتی بوو لەوەی ئێران چیدی پشتیوانی مەلامستەفا نەکاو لەبەرانبەریشدا عێراق دەست لە نیوەی دورگەی عەرەب هەڵگرێ، بەڵام کێشەکە نەبرایەوەو سەری کێشا بۆجەنگێکی درێژخایەن.

ڕاستە لە میانەی جەنگەکەدا هێزە ئۆپزسیونەکانی کوردی عێراق بوونە هاوپەیمانی ئێران و کوردستانی باشوریش، بووە مەیدانی جەنگی هەردوو وڵات، بەڵام ئەوە نابێتە پاساو بۆ عێراق لە ناو تەپ وتۆزی جەنگدا شاری هەڵەبجەی گاز بارانکردو خەیاڵی لە مێژینەی (جینۆسایدی کورد) بەتۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی لە تاوانی ئەنفالدا جێبەجێ کرد، ئەنفال وهەڵەبجە تاوانی سەدەی بیستەم بوون، بەڵام سەدەیەکی تریش کاریگەرییە سیاسی وکۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی بەزەقی دەمێننەوە،لەو تاوانەدا میدیای بەعس ڕۆڵێکی فاشیانەی لە هاندانی جەلادو ڕەشکردنی قوربانیدا بینی و سوپای عێراق بە پشتیوانی گاز، جەنگی بردەوە، بەڵام ئەخلاقی دۆڕاند.! دەبوو ئەمە لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ەوە ببێتە پەند بۆ میدیای کوردی. چونکە ئەرکی میدیای دوای جەنگ، پشتیوانی کردنی بەعەدالەتی ئینتیقالی و ڕێکخستنەوەی وڵات و گەڕانەوەی شکۆیە بۆ دادگاکان بەمەبەستی دادگایی کردنی تاوانباران، هەتا وەک ئامرازێکی کاریگەر ڕۆڵی هەبێت لەهەستانەوەو بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەو گەڕانەوەی شکۆ بۆ هاوڵاتیان . بەڵام ئەفسوس نەک ئەوەی نەکرد بەڵکو زۆرجار هەتا ئاستێکی مەترسیدار پێچەوانە جوڵاوەتەوە .

ئامانج

ئامانجی ئەم بابەتە ئامارو چۆنێتی کۆمەڵکوژیەکە نی یە، بەڵکو ڕۆڵی میدیای پاش جەنگ و چیرۆکی قوربانیەکانە کە ئێستاش حکومەت و کۆمەڵگە پێوەی گیرۆدەن، تیشک خستنە سەر ڕۆڵی خراپی میدیاو نا دادپەروەری و بێباکی لەرومالدا. هەتا میدیا ئەرکی گەڕانەوەی شکۆی قوربانی لەئەستۆ بنێت وچیدی دەست وپێ سپی نەمێنێتەوەو بەنەشارەزایی رومالی چیرۆکی قوربانیەکانی ئەو تاوانە نەکات. چونکە حیکمەتی میدیای دوای جەنگ لەوەدایە، ئومێد بەخشبێ و قوربانی لەناو تراژیدیادا نەهێڵێتەوەو هەڵیستێنێتەوە سەرپێ کە بەداخەوە هەتا ئێستا میدیای کوردی لەم بوارەدا کورتی هێناوە .

چەند نمونەیەک لەتایتڵی ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکان .

هەتا ئیشتاش میدیای کوشندە تاوانی گەورەی جینۆساید لە ناموسی کەسەکاندا کورت دەکاتەوەو قارەمانەکان و شایەتحاڵە زیرەکەکان فەرامۆش دەکات، وەک دەبینین، شاشەکان پردەکات لە وێنەی ترسناک و ئێسکەکانی ناوگۆری بەکۆمەڵ بەمەش جەنگێکی سایکۆلۆژی لەگەڵ قوربانیەکاندا بەڕیاکردووەو بەلای کەمەوە منداڵان دەتۆقێنێ . مانشیت وهەواڵی تەمومژاوی لە پێناوی فرۆشتندا بڵاودەکاتەوەو بێباکە لە بێ ئومێد بوونی خەڵک . باسەرنج بدەینە چەند تایتڵێکی میدیایی:

1- ژنانی کورد لە مەلهاکانی مصرن ! ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٢٧٩)

2- قێزم لەو کەسانە دەبێتەوە کەکار بۆ دۆسێی ئەنفال دەکەن ماڵپەڕی ناوێنە هەمان بابەت لە ستونێکی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە بەداخەوە ژمارەو ڕێکەوتی ڕۆژنامەکەم دەست نەکەوت .

3- جاشەکان لە دادگا نێودەوڵەتیەکان دەدرێنە دادگا ! ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٥٠) ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٠ (لەکاتێکدا هەموو کەسێکی شارەزا لە یاسا دەزانێت ئەمە درۆیەکی گەورەیە لەگەڵ خوێنەردا دەکرێت، چونکە دادگای نێودەوڵەتی بۆ

دادگایی کردنی جاش دانەمەزراوە بەڵکولە دۆسێی نێوان وڵاتان دەکۆڵێتەوە).

4- شایەتحاڵەکانی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکان لاوازن و نازانن قسە بکەن !
ڕۆژنامەی هەواڵ ٢٣٧ ٢٩ی ئاب ٢٠٠٦ .
هەروەها رادیو نەوا ٣٠ ئابی ٢٠٠٦ .

5- منیان نەبرد بەڵام ژنێکی دەمخواریان بردووە بۆ دادگا، نازانێ قسە بکات (ڕادیۆنەوا-٢٠٠٦/٨/٣٠)

میدیا وەک مینبەرێک بۆ بازرگانی و ساختەکارانی دۆسێی ئەنفال

میدیا بووەتە مینبەریبازرگان و ساختەکاران، کە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا سڵ لەهیچ ناکەنەوە. بێگومان هیچ دەزگایەکی میدیایی نیە هەڵەی پێدا تێنەپەڕێ بەڵام میدیای کوردی لەدوای دەرکەوتنی راستیش ئامادەی پۆزش هێنانەوەنییە.

دوو چیرۆک بۆ نمونە باس دەکەین :

(١)

ڕۆژنامەنوس فەرمان عەلی : چیرۆکێکی ساختەی لەبارەی ١٨ کچە ئەنفالکراوەکەوە داتاشی و هەفەنامەی میدیا ژمارە (٢٦٧) بە مانشێتێکی گەورەو کەرامەت شکێن بلاوی کردووەتەوە .

(٢)

روشدی سەعید جاف خاوەنی کۆمپانیای عادل ئەلموتەحیدە، لە هەڵای راگەیاندن ودرامای نیران صدیقەی کەنالی (CBC)ی قۆستەوەو هەوڵیدا بازرگانی بە دۆسێی (١٨) کچ و ژنی ئەنفالکراوی کوردەوە بکات، چەند گرتەیەکی ڤیدۆیی ساختەکردو دوای گرێبەستی نێوانیان پیشانی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوانی دا، بەڵام سەرئەنجام دەرکەوت راست نیە .

بەداخەوە نەمیدیا پۆزشی هێنایەوەو نە حکومەتلێپرسینەوەیان لەم بڕیارە کرد، هەڵبەت لە ناو میدیای کوردیدا نمونەی تر زۆرن، کە لە پێناوی پارەو ناوبانگدا چیرۆکی بێ بنەمایان بڵاوکردووەتەوەو گورزی کوشندەیان لە دۆسێکەو مافی قوربانیەکان داوە.

فەرامۆشکردنی قارەمانەکان

(حاجی ڕەحمانی نارنجەڵە) جوتیارێکی گوندی نارنجەڵەی ناوچەی هەورامانە ساڵی ١٩٧٦ ڕاگوێزران بۆ ناحیێ سیروان لە ١٩٨٨/٣/١٦ هەموو خانەوادەکەی بەرچەکی کیمیایی کەوتن و بریندار بوون، تەنانەت زۆربەی منداڵەکانی بینایی لەدەستدا، لەوکاتەدا کە سوپای عێراق شکستی هێنا، سەربازێکی عیراقی بەناوی (خالید عبدالکریم علوان) چەکەکەی فڕێداو خۆی بەماڵی حاجی ڕەحماندا کردو (خاتر الله خاترالله) داوای هاوکاری لێکرد حاجی نەک بیری لە تۆڵەکردنەوە نەکردەوە بەڵکو دەستیک جلی کوردی لەبەرکردو کردی بەکوڕی خۆی و لەگەڵ خۆیدا گەیاندیە کەمپەکانی ئێران و دوایی گەڕانەوە بۆ عێراق، ئێستاش خالید لەنەجەف دەژی ئەمە پەندێکی گەورەیە بۆ لێبوردەیی و ئاشتی نێوان نەتەوەکان و ڕەتکردنەوەی بەکردەوەی فاشیزمە ئەم چیرۆکە هەم ڕێزگرتنێکی بەکردەوەی قوربانیەکانمانە و هەم شانازییەکی گەورەیە بۆ هەموومان. کەچی عەجایەب ! میدیا بایەخی پێنەدا. ؟!

چەند جوانە لە ڕۆژی ١٦/٣ دا هەموو تەلەفزیونەکان پێکەوە خالید بخەنە سەرشاشەکانیان و چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە.

بروانە ئەنفالستان ژمارە ١١

شێخ حوسێنی هەزارکانی

شێخ حسێنی هەزارکانی پیاوێکی ناسراوی گەرمیان بوو، خۆی و هەردو ژنەکەی و ١٠ کوروکچی ئەنفالکران، پێش پەلاماری ئەنفال، هەندێک سەرۆک جاش هەوڵیان لەگەڵدا کە گوندەکەی بەجێبهێڵێت و بچێت لەکەلار دابنیشێت بەڵام ئەو داواکەی ڕەتکردنەوە، کە دەستگیرکران و گەیەنرانە قەڵای قۆرەتوو، هەر ئەو دۆستانەی هەوالەکەیان گەیاندە عزەت دوری، دوری بۆخۆی چووەتەلای سەدام و داوای ئازادکردنی کردووە، سەدام بروسکەی کردبوو بۆ پیشەوای فیرقەی ٢١ کە شیخ حوسێن ومنداڵەکانی ئازاد بکەن، بەڵام شێخ حوسێن مەرجی هەبوو، گوتبووی هەموو ئەوخەڵکەی لە قەڵای قۆرەتوو گیراون، ئازاد

بکرێت، تەنانەت ئەفسەرەکە پێی گوتبوو ئەوە ئەمری سەرۆک سەدامەو دەبێت ئازادت بکەین و ئێرە بەجێ بهێڵیت، خۆت و هەردو ژنەکەت ومندااڵەکانت سواری سەیارەیەک دەکەم و دەتانبەم بۆکەالر، بەاڵم شێخ وتبوی سەدام ئەمری بەئێوە کردووەو منیش ئەمر بەخۆم دەکەم مردن وژیانم لەگەڵ ئەم خەڵکەیە .

ئەوان مەرجەکەیان قبوڵ نەکردو ئەمیش بە بریارەکەی سەدام قایل نەبوو، بۆیە خۆی و هەردووهاوژین ومندااڵەکانی هەموونفالکران . کەچی میدیا ئەم قارەمانەشی فەرامۆش کردووەو ئەگەر باسی بهێنن پێشەوە باسی دیوەخان و تەکیەو دەرویشەکانی دەکەب، نەکهەڵویستە بەرزەکەی.!

لەوە کوشندەتر کەنالی پر بینەری (ڕوداو) لێرەوە چووبوون بۆئەردەن هەتا " شێخ جەعفەر بەرزنجی" تۆمەتباری ئەنفال قسە لە ڕۆڵی ئازایانەو نیشتمانپەروەری ئەم مرۆڤە بەهەڵویستەیان بۆ بکات !

ئەمەو دەیان نمونەی ترلە میدیای کوردیدا بەرچاو دەکەون و دوای دەرکەوتنی راستیەکانیش ئامادەی پۆزش نین .

ناداد پەروەری لە رومااڵدا

لێرەدا گللەیی و قسە بەهادارەکەی عارفی گوندی کلێسە پێویستە،کە لەدیدارێکی نێوانماندا گوتی: ئێمە بەهای چیسی پەتاتەمان نیە، چونکە سااڵی جارێک یادی ئەنفال دەکرێتەوەو تەنها دوو دەقە مافی قسەکردنمان پێدەدەن، بەاڵم چیسی پەتاتە هەموو سەری سەعاتێک پێنج دەقە لەسەر شاشەیە.

چیرۆکی بوخچەکان

مریەم وفریا دوو کەنیشکی گوندی تیلەکۆی گەرمیان وئامۆزای یەکترین،بە دابونەریتی کۆمەاڵیەتی ژن بە ژنیان پێکراوە. مریەم بۆ ئەنوەرو فریاش بۆ کەریم، بەرلە پەالماری ئەنفال مەالی گوند لەمایسی سااڵی ١٩٨٧ ڕەوایی بە ڕێکەوتنی دەستگیرانەکانداو شیرینیان خواردەوە. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ بریاری گەمارۆی سەرگوندەکان، لەاڵیەن نوسینگەی باکوری حزبی بەعسەوە کە هاتوچۆ لەشارەوە بۆگوندو بەپێچەوانەوە قەدەغە بوو.

مریەم سااڵح لە دایکبووی سااڵی ١٩٦٩ سااڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد.

فریا سابیر کەریم لەدایکبووی سااڵی ١٩٦٨.

لەدۆخێکی تەواو ئااڵۆزدا، بە زەحمەتێکی زۆرجلی بووکێنیەکانیان گەیەنرایەوە گوندی تیلەکۆ. باوکی فریا دەڵێت : بەنیاز بووین ئەم (هەفتەنا،ئەوی تر) زەماوەند بکەین"

بەهاری سااڵی ١٩٨٨ تیلەکۆ کەوتە بەرپەالماری ئەنفال،ئەنوەرو کەریمیش لەگەڵ گوندنشینەکاندا گیران و ئەنفالکران و ئێستا جارێکی ترنەبینرانەوە،(فریاومریەم) بەرێکەوت ڕزگاریان بوو، ئێدی خەونی دەستگیرانەکان هەرلەدااڵندا مایەوە و هەرگیز نەگەیشتە ئاکام و چیرۆکی بوخچەکەی مریەم درەنگانێک گەیشتەناو میدیای کوردی.

فریاو مریەم کە سااڵنێکی زۆر چاوەڕوانی دەستگیرانەکانیان بووم. زۆر دڵخۆش بوون بە ڕاپەڕین، بەاڵم هەر چاوەڕوانی بوو، سااڵی ٢٠٠٣ کە پەیکەرەکانی دیکتاتۆر روخان جارێکی تر ئومێدیان پەیدابووەوە، بەاڵم هەر زوو هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ ئومێدەکانی کوشتن و کۆتایی بە چاوەڕوانی هێناو بە دڵشکاوی بوخچەکانیان وا پێچایەوە کە بۆ هەتا ئەبەد نەیکەنەوەو لە دوای ئامۆزاکانیان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی دی نەکەن.

(فریا)یش وەکو (مریەم) هەتا سااڵی ٢٠٠٦ جلەکانی بووکێنیەکەی وەک یادگارییەکی بەنرخ لەالی خۆی پاراست، بەاڵم کاتێک نەخۆشی و هەژاری تەنگی پێێهەڵچنی، ناچار بەشێک لە جلی بووکێنیەکەی بۆخەرجی نەشتەرگەری جەستەی فرۆشت!

یاسای ماف وئیمتیازی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان، هیچ برگەیەکی تێدانیە بۆ مافی کەسانی هاوشێوەی ئەم دوو مرۆڤە. بەاڵم میدیا لێی بێئاگایە . گرفت چی یە؟ لەبەرئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیریان لەدادگادا نیەو مەالیەک

پێکی هێناون هیچ ماف وئیمتیازێکی ئەنفالکراوان نایانگرێتەوە.

بەڵام میدیا نادات پەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون یەکێکیانی کردووە بەئەستیرەو ئەوی دی فەرامۆش کردووە. کەچی لە چیرۆکدا یەکسانن .

دەرئەنجام :

بە گەرانێکی کەم بەناو میدیادا (بینراو بیستراو نوسراو) دا دەیان تایتڵ لە (هەژاری نوسین، کەرامەتشکاندنی ئاگایانەو نائاگایانە، بەقارەمانکردنی جەلادو بێبەهاکردنی قوربانی، بەکەل وپەلکردنی قوربانی و بێ بەهاکردنی ئینسان تا دەگاتە پەلاماردانی فاشیانەی مافی ئەوی دی) هەموو ئەمانە لە میدیای کوردیدا بە زەقی بەرچاو دەکەون . کەلێرە بەدواوە نمونەیان لە دەخەمە ڕوو، لەم سەرەتایەوە چەند خاڵێک دەکەمە دەروازە :

1. میدیای کوردی ڕۆڵیکی خراپی بینی لە ناساندنی دۆسێی ئەنفالدا، خواستی دادپەروەری لە ئیمتیازو مەوچەدا کورتکردەوە.
2. لە خستنەروی چیرۆکەکانی ئەنفالدا، هێندەی سۆز بووەتە بنەما، بەو ئەندازەیە لە لۆژیکی هەستانەوە دورکەوتووەتەوە، لە جەنگی دژی داعشیشدا نەیتوانی ئەم تێگەیشتنەی راستبکاتەوە، بەڵکو بەناراستەوخۆ بووەوە بە مینبەری داعش. پێشاندانەوەی قوربانیەکان وەک زەلیل و دوبارە پیشاندانەوەیان هەمان ئەو وێنانەی داعش بە دیجیتاڵ دەیگرتن، بەمەبەستی جەنگێکی دەرونی وشکستپێهێنان بەڵاوی دەکردنەوە، کەچی میدیای کوردی لە تویتەرو تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە دەیخستەوە سەر شاشەی تیڤیەکان و ڕوپەری مالپەرو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ! بێ ئاگا لەوەی ئەم وێنانە هەتا کەسێک رادەچڵەکێنن بۆ بەرەنگاری سەدکەس بەچۆکدا دەهێنن.
3. لەدروستکردنی یادەوەری دەستەجەمعیدا کەم تەرخەم بووە، کەچی ئاستی تێگەیشتنی هەرمیللەتێک بەوەدا دەردەکەوێ کە تاچەند یادەوەری تیایدا بالای کردووە..؟
4. میدیای کوردی ڕۆنەچووەتە ناو دۆسێی جینۆسایدەوە،بەڵکو بە خوێنساردی و بێباکییەوە بەلایدا گوزەری کردووە، بۆیە هەرگیز لەوەشی نەپرسیوەتەوە کەوا دۆسێی ئەنفال لەبری دەستکەوتی سەراسەری کراوەتە کەلوپەلو کارتی بەرژەوەندی تایبەتی.
5. میدیای حزبی بۆ بەرژەوەندی حزبومیدیای ئۆپزسیون و ئەهلیش لەدژی دەسەلات بەکاریان هێناوە.

شێواندی میژووی ئەنفال وستەم لەقوربانی وشایەتحاڵەکانی

بۆ هیچ نوسەرێک ڕەوانیە، بە بێباکیەوە چیرۆک داتاشێ، قارەمانی ساختە دروست بکات و لەسەر حسابی قوربانیانی ئەنفال وماندووبوونی ئەوانی دی،خۆی پێبگەیەنێ . ڕەوانیە بە خوێن ساردی و بێباکانە دەربارەی تاوانی ئەنفال ودادگایی کردن و سزادانی تاوانباران و بەشداری کردنی شایەتحاڵەکانی دۆسێی ئەنفال بنوسێ و زانیاری هەڵەیان پێبدات. دەزگاکانی ڕاگەیاندن شکست دەخۆن کاتێک بەبێ فلتەر بەهەموو چیرۆکێک قایل بن، چونکە دورنیە هەندێکیان دروستکراوبن.

بەداخەوە ڕوبداوە کە لەناو ناومیدیای کوردیدا کارەکتەرە ڕاستەقینەو کاریگەرەکانیش، قسەکانیان، ڕەگەز و تەمەنیان،بە شێواوی خراوەتە بەرچاوی خوێنەران. بەبێ ئەوەی لە دوای دەرکەوتنی راستیەکان ئامادەی پۆزش بووبن.

ڕۆژنامەی هەولێرو هاوڵاتی و ئاوێنەو کوردستانی نوێ و مالپەڕی جینۆسایدکورد، هەڵەی کوشندەیان بەسەردا تێپەڕیوە:

مالپەڕی جینۆسایدکورد کە بەحساب تایبەتمەندە سەدان هەڵەی زەقی تێپەڕاندوە، میژوی دەستپێکی ئەنفالی شێواندووە ؟ ڕۆڵی کارەکتەرەکان و ناوی

خۆیان و باوک وباپیریان شێوێندراون، ناوی شوێنە گرنگەکانی روداوەکە (تۆپزاوا، عالیاوا، بابەڕوشە) شێوێندراون، کار گەیشتووەتە ئەو ئاستەی رەگەزی ژن وپیاو تێکەڵکراون، ژمارەو ریزبەندی شکاتکاری ئاشکرا، خراوەتە شوێنی ئەوانەی ناویان پارێزراوە ! شێواندنی مێژووی ڕوداوەکان، شێواندنی ناوی گوندو ناوچە و چیاکان هەڵەی زۆرو زەقی چەند بارەی ناو ئەم ماڵپەرەن ئەمەش ئاسایی نیە بەڵکو تەواو کوشندەیە .

(لە بارەی ئەم ماڵپەرەو کاتێبەکانی سەرنوسەرەکەی لەلاپەرەکانی دواتردا باسی تایبەت وسەربەخۆ دەخەمە روو.)

سەرچاوەکان :

1. ماڵپەڕی ئاوێنە رۆژی http://www.awene.com/DirejeyGoshe.aspx?Jimare=827
2. ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٥٠) رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٠
3. (ماڵپەرو رۆژنامەی ئاوێنە، ماڵپەری سبەی، ماڵپەری پێنوسەکان، لڤین)
4. ڕۆژنامەو ماڵپەڕی هەواڵ بەنمونە هاوکات .
5. ڕادیۆ نەوا٣٠ /٢٠٠٦/٨ (بۆ ماوەی نزیکەی هەفتەیەک ئەم قسەکەرامەتشکێنانەی لێدایەوە)
6. رۆژنامەی میدیا ژمارە (٢٧٩) ٢٠٠٦/٤/١٨
7. گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٧. ٨. ٩. ١١)
8. بروانە ئەنفالستان ژمارە ١١ دیدار لەگەڵ رۆژنامە نوس ئەرسەلان رەحمان
9. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٤٠٢١) رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٦ ل٥
10. رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٤٠١٩) رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٣
11. فیلمی دۆکۆمێنتاری (عەڵقەی بوکێنیم) دەرهێنانی محەمەد سەید .

ئەگەر ئەم بەڵگەیە راست بێت؟!

ئەگەر ئەم بەڵگەیە راست بێت، من تەنها یەک پرسیار لە بارزانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی و هەموو ئەندامانی پارتەکەی بەپلەبڵندو پلەنزمیانەوە دەکەم .. بەرلەوەی پرسیارەکەم بکەم ئەوەش دەڵێم کە گومان هەلنەگرە بارزانی وسەرکردەکانی تری کورد، پرسەنامەی لەم شیوەیان بۆ زۆر سەرکردەی عێراق و بەعسیان ناردووە ..

بەڵام ئایا عزەت دوریش پرسەنامەی بۆمەرگی کەسە نزیکەکانی بارزانی و سەرکردایەتی کورد ناردووە؟ بەش بەحاڵی خۆم باوەرناکەم نەعزت دوری و نە هیچ بەرپرسێکی عێراقی سەردەمی بەعس پرسەنامەیان بۆ هیچ یەکێک لەو سەرکردە کوردانە ناردبێت .. خۆئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین کەوا من بەهەڵەداچووم و ناردوویانە، بەڵام لەکۆمەڵکوژی بارزانیەکان نەیان ناردووە، تۆبڵیی لەکۆمەلکوژییەشدا، کە هەرخۆیان بکوژیان بوون، پرسەنامەیان ئاراستەی مسعود بارزانی کردبێت ؟!


بسم الله الرحمن الرحيم

سيادة الأخ الكريم الاستاذ عزة ابراهيم المحترم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

ببالغ الأسى تلقيت نبأ وفاة والدتكم الفاضلة، وبهذه المناسبة الأليمة أبعث لكم احر التعازي ونشارككم الحزن وأرجو الله تعالى أن يتغمد المغفورة لها بواسع رحمته ويسكنها فسيح جناته . وأن يلهمكم الصبر والسلوان .

إنا لله وإنا اليه راجعون .

بحاجة على مواصلتكم عن طريق الاستخبارات

أخوكم

مسعود البارزاني

١٩٩٢/٤/١٦

سەرنوسەر

بەڵگەکە لەکوردپیدیا وەرگیراوە

http://www.kurdipedia.org/...


چاپکراوی نوێ

بیرەوەری پێشمەرگەیەک

بەپێتوسی پێشمەرگەیەک نوسراوە، سوپاس بۆ عەبدولکەریم مەولود دانەیەکی پێشکەشی کردین.

بیادەوەری پێشمەرگەیەک هەرەبەتنها زەحمەتی پێشمەرگە هەژارەکان، شەرو رۆیشتن و خۆراکی کەم و رەنجی زۆر، سەرماو گەرماو دەشت وچیا، نوکتەو قسەی خۆش، برینداربوون و شەهید بوون، کوشتن و کوژران. ئاگێرێتەوە بەڵکو باسێکی زۆریشی دەربارەی تاوانی ئەنفال تێدایە، خوێندنەوەی تام وچێژێکی زۆر تایبەتی هەیە، بەتایبەتی بۆکەسانێک ئاگاداری ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو رۆژگارانە بووبێت . دڵداری دکتۆر حەمیدو شەهیدبوونی و خۆکوشتنی پەخشانی هاوژینی چیرۆکێکی زۆر بەتازەیە .

لەمەرو کتێبەکدا گێرانەوەی ئەنفالی چواردە ئەنفالکردنی خەڵکە هەژارو دڵنیاکەکەی ناوچەی قەڵاسێرکەو شێخ بزینی لەبناری خاڵخاڵان خۆشاردنەوەو بەچێمانی کەل وپەلی ئەو حەشامانەی ئەنفال بردبێ وجارێکی تر ئەبینرانەوە . من بۆخۆم کاتێکی زۆرم بەدوای ئەنجێنی وچیرۆکەکانی ئەنفالدا تەرخان کردووە، چەندین شایەتحاڵی وریاو راستەوخۆی تاوانەکەم دۆزیوەتەوە هیچیان وەک ئەم پێشمەرگەیە (عاسی حوسێن مەحمود) زانیاریان پێ نەبەخشیوم. خۆزگە مەمرو پێشمەرگەیەک بیرەوەری خۆی دەنوسی یەوە .



کتێبی تاقانەکانی جینۆسایدی

نووسەرو رۆژنامەنووس (ئیسماعیل هەنارەیی)کە ماوەی دوو ساڵە سەرقاڵی نووسینی کتێبێکی تاقانەکانی جینۆسایدە خۆشبەختانە کارەگرنگەکەی کەوتە بەردیدەی خوێنەران و کتێبەکە لەچاپ دەرچوو، بۆ ئەنجامدانی کارەکەی رۆژنامەنوس سەرانسەری کوردستان گەڕاوەو سەری بەماڵی تاقانەکاندا کردووەو دیمانەی لەگەڵدا سازکردوون، ئامارێکی گشتی بۆ کردوون ولە کتیبەکەیدا خراوەتەوە روو. بێگومان کارەکە لەرادەبەدەرگرنگە، بەڵام بێکەم و کوڕی نیە، گرنگیەکەش تەنها لەوەدانیە کەوا قەبارەی کتێبەکە (٧٠٠)لاپەڕەیەو تیایدا ئامارێکی تەواوی تاقانەکانی جینۆسایدی کردووە (ئەنفال ، کیمیابارانی هەڵەبجە، جینۆسایدی بارزانیەکان). بەڵکو لەوەدایە نیازو خواستی تاقانەکان و ژمارەی کەسە لەدەست چووەکانیشی تیدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەگەرچی پێشتریش کاری باش لەبارەی تاقانەکانەوە کراوەو هیچ کام لەوکارانەی پێشتر لە سودبەدەرنین بەڵام گرنگی کتیبەکەی هەنارەیی لەوەدایە کەوا یەکەمین هەوڵی نوسراوە کە تاقانەکان لە ناوکتێبێکدا کۆبکرێنەوە.

کەم وکوری کتێبەکە لەکەمتەرخەمی نوسەرەکەیدا نیە، بەڵکو لەگەورەیی تاوانەکەدایە کە بەداخەوە کورد هێشتا پەی پێ نەبردووە، تەنانەت خودی تاقانەکانیش هەستیان بەگەورەیی و پێگەی خۆیان لە دوای ئەنفال نەکردووە، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کتێبەکە ئەوەیە کە سەرجەم تاقانەکانی کوردستان، لە سەربنەمای، یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بە تاقانەکان کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، پۆلێنکراون، چونکە یاساکە کەموموری زۆری تیدایە، هەرگیز بەقەد هیچ یەکێک لەو کارانەی پێشترو نوسەری کتێبەکە بەدواداچونی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بۆ نەکراوە هەر بۆیە یاساکەش عەیبدارەو پرەلە کەلێن و کەموکوری کەواتە یاساکە لەکتێبەکە گرنگترو گەورەترنیە هەتا شایانی پشت پێ بەستن بێت .

بەراستی کارێکی گرنگ دەبوو، کەوا لەبری (دەزگای خێرخوازی بارزانی) خودی تاقانەکان لە موچەی ئەنفالکراوەکانیان ئەم ئەرکەیان بگرتایەتە ئەستۆ. هەڵبەت دەزگای خێرخوازی بارزانی و هەردەزگایەکی تریش ئەرکیانەو لەچاپدانەکەشیان جیگەی دەستخۆشی و پێزانینە، بەڵام لەروی واتاو نەبەزینەوە هەم بۆکتێبەکەو هەم بۆ خودی تاقانەکانیش واجوانتر دەبوو.

بەپێی ئاماری ناوکتێبەکەی هەنارەیی لە هەرێمی کوردستان (169) تاقانەی جینۆسایدی ئەنفالو کیمیابارانی هەن، بەداخەوە لەناویاندا پێنج کەسیان لە ژیاندا نەماون، ١٦٥ کەسیان موسوڵمان و سێ کەسیشیان مەسیحین. خۆشبەختانە ئێستا زۆرینەی تاقانە دەربازبووەکان هاوسەرگیریان کردووەو دایک وباوکن و لەتەنیایی وبێکەسی رزگاریان بووە. ئەوەی جێگەی رەخنەیە لەحکومەت وکۆمەڵگاو تاقانەکانیش زۆربەیان پێشمەرگەن کەدەبوو ئەوانە هەرگیز لەچەک و چەکداری نزیک نەبوونایە.

ماڵپەرو پەیجی ئەنفالستان
٢٠١٧/١٠/١١ – سلیمانی

شێواندی میژووی ئەنفال وستەم لەقوربانی وشایەتحاڵەکانی

عومەر محەمەد


13
TERM
شێواندنی میژووی ئەنفال و ستەم لە قوربانی و شایەتحاڵەکانی

عەجایەب ! ژمارە (٦٦٤٥)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٥ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کتێبێکی کاک تەها سلێمانی بەناوی جینۆسایدی کورد تاوانی ئەنفال بە (١٧)بەش لە ژێر ناونیشانی (**قۆناغەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال**)دا بڵاوکردوەتەوە. کەچی بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن، کۆی نوسینەکە پڕە لەهەڵەی زەق و شێواندنی میژوی ئەنفال ! هەر لە ناوی قوربانی و ناوی گوندو میژوی پەلامارەکانەوە عەیبداڕە هەتا بە هەڵەی چاپ و شێواندنی قسەی شایەتحاڵ و هەڵەی تێگەیشتن و شێواندنی هەموو میژووی ئەنفال دەگات ! ئەوەی باسی دەکەم لە کوردستانی نوێدا دڕێژەیان هەبووە لە ٢٠١٥/٤/٢٧ ژمارە ٦٦٦٤ دا کۆتایی هاتووە.

منیش لە ژمارە(٧٦٨٣)ی هەمان ڕۆژنامە ریکەوتی ٢٠١٧/٢/١ دەستم کردووە بەراستکردنەوەی هەڵەکان و بە حەوت بەش هەموو کتێبەکەو نوسینەکانی ناو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێم شیکارکردووەو هەڵەکانم بۆ راستکردووەتەوە.

کەچی عەجایەب ! نوسەر نەک هەر بێدەنگ بووە، بەڵکو لەهەمان ڕۆژنامەدا هەمان ئەو هەڵانەیان لە چەند مانگێکی دوای ڕەخنەکانی من جارێکی تربڵاو کردووەتەوە، ئەمجارەیان لەیادی ئەنفالدا لە پاشکۆیەکی هەمان ڕۆژنامەدا واتا لە ژمارە (٧٣٤٠) ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ٢٠١٧ هەمان ئەو هەڵانەیان بەبێ دەستکاری جارێکی تر بڵاوکردووەتەوە ! خۆئەگەر واشیان ویستبێ، من ئەمە بە سوکایەتی بە هەوڵ و زانیارییەکانی خۆم نازانم،هەرگیز وای لێک نادەمەوە کە کوردستانی نوێ و نوسەرەکەی دان بەزانیارییەکانی منـدا نانێن، بەڵکو وای لێکدەدەمەوە کەوا بە ئەنقەست جەخت لە هەڵەکانی خۆیان دەکەنەوەو وەک ڕێز لە ڕەخنەگر ناگرن ڕێز لە قوربانیانی ئەنفال و لە خوێنەرو لە قەڵەمی خۆشیان ناگرن، ئاماژەیەکی ڕونە کە بێباکن لەوەی چی دەرخواردی خوێنەرەکانیان دەدەن، بێباکن لە ڕۆحی ئەو هەموو قوربانیەی ئەنفال، بۆیە بەو بێباکیەشەوە لەبارەیەوە دەنوسن، دەنا کێ دەتوانێ ئاوا نکۆڵی لە میژووی دەستێکی ئەنفال بکات !؟ ئەوانەی لە بەرەی جەنگدا بوون باش دەزانن (٢٣ شوباتی ساڵی ١٩٨٨) کۆتایی پەلاماری ئەنفالی قۆناغی یەکەم نەبووە، بەڵکو دەستێکی ئەو پەلامارەبوو، ئەمە شێواندنێکی نابەرپرسیارانەو نکۆڵی کردنە لە تێکۆشانی ئەو پێشمەرگانەی لە دوای ٢٣ی شوبات لە دۆڵی جافایەتی و شارباژێر لەگیانبازیدا بوون، سوکایەتیشە بەوانەی شەهید بوون.

نازانم کوردستانی نوێ بۆچی لە سۆنگەی چیـیەوە سورە لەسەر ئەوەی یەکەمین پەلاماری سەربازی ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ بووە و ٢٣ی شوباتی هەمان ساڵ کۆتایی هاتووە ؟! ئەوان بیانەوێ یان

نا ئەوە چەواشەکردنی خەڵک و شێواندنی مێژووی ئەنفاڵە، ئەگەر (٩)ی شووبات یەکەم رۆژی دەستپێکردنی یەکەم پەلاماری ئەنفال بووبێت، ئەوا کۆتاییەکەی ٢٣ی مانگی شوبات نەبوو بەڵکو ١٨ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ کۆتایی ئەو قۆناغەیە، دەی فەرموون ئەوە بەیانی کۆتایی قۆناغی یەکەم بە واژۆی سوڵتان هاشم و ئەوە رۆژنامەکانی هاوکاری و ئەلسورەو ئەلجمهوری و ئەلعراق و میدیای ئەوسای بەعس، پێموایە پێویست بەدانانی بەیانی کۆتایی ئەو قۆناغە ناکات چونکە هەر کوردستانی نوێ بۆخۆی زیاد لە جارێک بلاوی کردووەتەوە.

مێژوی ئەنفالی قۆناغی چواریش لەو پاشکۆیەی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا هەر هەڵەیە، ئەویش لە ٨ی ئایار کۆتایی نەهاتووە بەڵکو لە ١٨ی ئایار کۆتایی هات.

کتێبێک دەربارەی گەورەترین تاوانی سەدەی بیستەم نوسرابێت هەق نیە ئەو هەموو هەڵەیەی تێدابێ، نوسین بەم ئاستە خراپەیەوە بەلای کەمەوە دژی میتۆدو زانستیی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەیە، ئەگەرنا کوا شایانی ئەوەیە شاربەشار بیگێڕیت و کۆڕی بۆ بگریت و بەنرخی ١٥٠٠٠ پانزە هەزار دینار بەخوێنەری بفرۆشیتەوەو بە ریکلامی حزب و بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان و هەڵەبجە بەسەر خەڵکدا ساغی بکەیتەوە ؟ ئەم بەرپرسیارێتیە بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری وگەرمیان دەبێت هەڵیبگرن و وەڵامی ئەم کەمتەرخەمیەش بدەنەوە ! چونکە ئەمە ستەمکاریە بەتایبەتی ئەگەر ئەو کتێبە دەربارەی تاوانی ئەنفال بێت و قوربانیەکانی لە بیابانەکان دەست وپەنجەیان هەڵوەریین و حکومەتی هەرێمیش موچەی کەسوکاری بڕیین ؟ لەوەش خراپتر هەر ئەم بابەتە پڕلەهەڵەوپەڵەیە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەش بەش بڵاوکرابنەوەو پاداشتی نوسینیان لەهەق وەرگیرابێ ! بەراستی مرۆڤ بونەوەرێکی تەماحکارو ئاڵۆزە، بەراستی نیگەرانم لەو ستەمە گەورەیەی قەڵەم بەدەستانی میللەتەکەم.

کۆی قسەکانم ڕەخنەو ڕاستکردنەوەی کتێبێکن کە بەرلەچاپکردنی لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٥ دا بەحەڤدە بەش لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا لەژێر ناونیشانی (**قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال**) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەفسوس..! چاپکردنی نەدڵخۆشی کردم و نە باری شانمی سوک کرد، بەڵکو ئەرکێکی تری بۆ زیادکردم و نەمتوانی ڕاستکردنەوەی هەڵە زۆرەکانی فەرامۆش بکەم.

ئەنفال وبەرپرسیارێتی

یەکێک لەئەرکە هەستیارەکانی نوسەر بەرپرسیارێتیە لە گواستنەوەی سەرچاوەکانی نوسین، ئەوانەی سودی لێوەرگرتوون، چونکە پرۆسەی نوسین بەبێ سەرچاوە کارێکی مەحاڵەو هەرگیز نابێتە جێگەی متمانەی خوێنەرەکانی، بۆیە هەر نوسەرێکیش کە دەنوسێ و سود لەسەرچاوەی جیاواز وەردەگرێت، ئەرکێتی بەرپرسیارانە مامەڵەیان لەتەکدا بکات وبە ئەمانەتەوە بیانگوازێتەوە ناو کتێبەکەی، ئەگەر وای نەکرد، هەم لەکارەکەی سەرکەوتوو نابێت و هەم متمانەی خوێنەران لەدەست دەدات و هەم ئەوانەش لێی دەرنجێن کە خاوەنی سەرچاوەکانن. ئەمە بۆ هەموو بوارێکی نوسین ڕاستە. بەڵام من وای دەبینم ئەوانەی لە بواری ئەنفالدا دەنوسن، ئەم بەرپرسیارێتیەیان زیاتر دەکەوێتە ئەستۆ، بۆچی لەئەنفالدا ؟ لەبەرئەوەی ئەنفال دۆسێی سەدەیە و گەورەترین تاوانە کە هەتا ئێستا کەمی لەبارەوە نوسراوە، لەناو ئەم دۆسێیەدا ئەگەر کەسانێک بیانەوێت بنوسن، بایی ئەوەندە بابەت و چیرۆک ودۆکێومێنت لەبەردەستن کە هەرکەسێک بیەوێت چەندین کتێبیان لەبارەوە بنوسێت. بەداخەوە ئەوەندە کارە کەمەشی کە لەبارەی ئەنفالەوە کراوە زۆربەیان لەیەک دەچن و هەندێکیان کۆپی پەیستی یەکترین، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان نیشان دەدات کە هەندێک نوسەری کورد

بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەنفالدا نەکردووە، بەپێچەوانە نابەرپرسیارێتی گەیشتووەتە ئاستی بازرگانی کردن بە دۆسێکەوە.
بەرلەوەی کتێبەکانی بەچاپ بگەیەنێ وئەم بابەتەیان تێدا بڵاوبکاتەوە تەها سلێمان بە (١٧)بەش لە ژێر ناونیشانی (قۆناغەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال)دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردەوە. بەشی یەکەمی لە ژمارە ٦٦٤٥ لەمەڕ قۆناغەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال لەڕۆژی ٢٠١٥/٤/٥ بڵاوکراوەتەوەو دوابەشی لە٢٠١٥/٤/٢٧ ژمارە ٦٦٦٤ داکۆتایی هاتووە. ئەوەی کەمن زیاتر بەگرنگی پێدانەوە لەسەری دەوەستم تەنها بەشی پێنجەمە کە تایبەتە بەقسەی (شایەت و سکاڵاکارەکان) کە هەر لەکوردستانی نوێ ژمارە ٦٦٥٠ ڕۆژی ١٠ی نیسانی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوەو لەژمارە ٦٦٦٠ ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠١٥ لە چواردەهەمین بەشیدا کۆتایی هاتووە، بەشەکانی تری هەتا حەڤدە دریژەیان هەیە. بەڵامەوە سەیرە و نازانم بۆچی ژمارەکان هەتا ٥٣ ڕۆیشتوون ودیسانەوە دەگەڕێنەوە سەر یەکەم ودووەم ؟!!

(جینۆسایدی کورد– تاوانی ئەنفال – ئامار، دۆکێومێنت، زانیاری) ناوی کتێبێکی قەبارە گەورەیە کە کاک تەها سلێمان نوسیوێتی و ساڵی ٢٠١٥ (ساڵی ٢٠١٦شی لەسەرە)و ئیدارەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرگێکی جوان و لە دوتوێی ٥٣٤ لاپەرەدا چاپی کردوە.

جێگەی خۆیەتی لەسەرەتاوە سوپاسی بکەم کەوا، بە واژۆی خۆی دانەیەکی پێشەکەش کردم و بە دیاری بۆی ناردم، بەڵام ئەفسوس دیارییەکەی ئەم نیگەرانییەی لێکەوتەوە، هەرلەیەکەم چاوپێداخشاندا چەند هەڵەیەکم تێدا بینی، ئینجا پۆستی مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیانم بیرکەوتەوە کە لە دوای دەرچوونی کتێبەکە لەبارەیەوە نوسیبووی و لە پێگەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەربارەی کتێبەکەی نوسیبوو، هەتا کتێبەکەم بەدەست نەگەیشتبوو، دڵخۆش بووم بەوەی کەوا کاک تەها سلێمان کارێکی نایاب و ناوازەی کردووە، چونکە مامۆستاکەی زانکۆ بەکارێکی بڵندو ناوازەو لەئاستێکی بەرزی ئەکادیمی و زانستیدا نرخاندبووی، هەر بەوەندە نەوەستابوو، بەڵکو نوسەرەکەشی بۆ ئاستی (نوسەرانی ئەرمەنی ئاچۆکا ترۆجیان) و(ساڵح ئیسماعیل میلۆقیچ)ی بۆسنی هەڵکێشابوو! بەڵام ئەفسوس وانەبوو .

هەرچەندە کاتێک کتێبەکە، گەیشتە دەستم من لە دۆخێکدا بووم هیچ بوارم نەبوو لەچاوخشاندنێکی سەرپێی زیاتری بیخوێنمەوە، بەڵام ئەفسوس ! کتێبەکە بە ئەندازەی جوانی بەرگەکەی لە دیزاین و ڕەنگ و زەوقی هونەری، لەناوەوە هێندە پڕخەوشە وعەیبدارە بە کۆمەڵێک هەڵە! خۆزگە وا نەدەبوو، خۆزگە ڕەنجێکی زیاتری بدایەو ماندوبوونی بەهەدەر نەچووبایە، لەبری ئەوە دەستخۆشیم بۆ بنوسیایەو منیش ئەرکێکی ترم بۆ زیاد نەبوایە، لەبری ئەم نوسینە منیش سەرقاڵی کتێبەکانم بوومایە.

زۆربەی بابەتەکانی ناو ئەم کتێبەی لەسەرەوە باسمان کرد، لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٥ دا، لەلاپەڕە (٧) (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)دا بە ناونیشانی (قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەفسوس..! بەهەمان ئەو هەڵانەوە لەم ڕۆژنامەیەو زۆر شوێنی تریشدا چاپ وبڵاوکراونەتەوە بەهەر حاڵ نوسەر لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵی کەمەوە لەڵای من وا کەوتەوە و باری شانمی سوک نەکرد، بەڵکو

لەکاتێکدا ئەرکی راستکردنەوەو بەدواداچونیم گرتە ئەستۆی خۆم، کە بەهیچ جۆرێک بۆمن گونجاو نەبوو، بەڵێ کتێبەکەی ئەرکێکی تری بۆ زیادکردم و نەمتوانی ڕاستکردنەوەی هەڵە زۆرەکانی فەرامۆش بکەم. بۆیە ئەوەی ئێستا دەیخەمە بەردیدەتان کەمێکن لەو ڕەخنانەی من کە لە کتێبەکەیدا دەستنیشمانم کردوون. لەبەرئەوەی پێشتر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە منیش وەک نەریتێکی ڕۆژنامەوانی، پێمباش بوو هەرلێرەوە ڕەخنەکانم بڵاوبکەمەوە و ئەوەندەی تاقەتیشم بەسەریدا دەشکێت هەڵەکانی بۆ ڕاست بکەمەوە ڕاستترە بڵێم : ئەوەی من بەڕاستیان دەزانم بیانخەمە شوێنی ئەوانەی ناڕاستن، سوپاسم بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە دەستپێشخەریان لەبڵاوکردنەوەیدا کرد .

کەچی عەجایەب ! هەمان ڕۆژنامەو هەمان نوسەر، هەمان ئەو هەڵانەیان لەچەند مانگێکی دوای ڕەخنەکانی من لەیادی ئەنفالدا لە پاشکۆیەکی هەمان ڕۆژنامەدا واتا لە ژمارە (٧٣٤٠) ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ٢٠١٧ هەمان ئەو هەڵانەیان بەبێ دەستکاری بڵاوکردووەتەوە ! من ئەمە بە سوکایەتی بە هەوڵ و زانیارییەکانی خۆم نازانم، هەرگیز وای لێکنادەمەوە کە کوردستانی نوێ و نوسەرەکەی دان بەزانیارییەکانی منداناێن بەڵکو وای لێکدەدەمەوە کەوا ڕێز لە خوێنەر وقەڵەمی خۆیان ناگرن وبێباکن لەوەی چی دەرخوارد دەدەن، بێباکن لە ڕۆحی ئەو هەموو قوربانیەی ئەنفال، بۆیە بێباکانەش ناراستی لەبارەوە دەنوسن، دەنا نکۆڵی کردن لەوەی دەستپێکی ئەنفال ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ نەبووە، نکۆڵی کردنە لە تێکۆشانی ئەو پێشمەرگانەی لە دوای ٢٣ی شوبات لەگیانبازیدا شەهیدبوون. کوردستانی نوێ سورە لەسەر ئەوەی یەکەمین پەلاماری سەربازی ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ بووەو ٢٣ی شوباتی هەمان ساڵ کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەوە چەواشەکردنی خەڵک و شێواندنی مێژووی ئەنفالە دەستپێکردنەکەی هەر ڕۆژێک بووبێت، کۆتاییەکەی ١٨ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ نەک ٢٣ی شوبات. ئەوە بەیانی کۆتایی قۆناغی یەکەم بە واژۆی سوڵتان هاشم و ئەوە ڕۆژنامەکانی هاوکاری و ئەلسورەو ئەلجمهوری و ئەلعراق و میدیای بەعس، کە کوردستانی نوێ بۆخۆی زیاد لە جارێک بڵاوی کردووەتەوە . ! دیسانەوە ئەنفالی چوار لە ٨ی ئایار کۆتایی نەهاتووە بەڵکو لە ١٨ی ئایار کۆتایی هات .

کتێبەکە پێکهاتووە لە: ٥٣٤ لاپەڕەی قەبارە گەورەو لەبەرگ و دیزاینێکی نایاب و جواندا کۆکراوەتەوە، بەڵام لەناوەڕۆک وێرانەو پڕە لە هەڵەو کەموورپی، دوو پێشەکی و چەند بابەتێکی گشتی لەمەڕ حزبی بەعس و ئەنفال و ئاین، کورتەیەک لە مێژوی جینۆسایدی لەخۆگرتووە (ئەنفال و ئاین، بابەتێکی ناوکتبەکەیەو لەچاپدا دوبارە بووەتەوە) هەروەها بڕیارە هەستیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش و نوسینگەی باکوری حزبی بەعس بڕیاری (١٦٠) و بڕیاری (٤٠٠٨) و قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال (هەر هەشت قۆناغەکە)و ماوەی گشتی ئەنجامدانی تاوانەکە و بەشێک لەو گوندانەی بەر پەلامارەکانی ئەنفال کەوتوون. لەگەڵ ژمارەی کۆمەڵکوژکراوانی (٤٢) گوند لەئەنفالدا، هێرشە کیمیاییە پێزانراوەکان لەکوردستانی عێراقدا لە ساڵانی ١٩٨٧–١٩٨٨ بەشێکن لەناوەڕۆکی کتێبەکە، دواتر خشتەیەکی ئۆردوگا زۆرە ملێکان و چەند لاپەڕەیەکیشی بۆ خەملاندنی گشتی زیانی تاوانی ئەنفال تەرخان کردووە، ناوو دۆسێی تۆمەتبارو تاوانبارەکان، ناوو تەمەن و شوێنی نیشتەجێ بوون و (ئیفادە)ی شایەتحاڵ و سکاڵاکارەکانی دۆسیەی ئەنفال لە دادگا، دەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتی و ناوی تۆمەتبارو تاوانباران لەگەڵ

ووتەی بەشێک لە تۆمەتبارەکان لەو کتێبەدا جێگەیان بۆکراوەتەوە، بێجگەلە بەشی شایەتحاڵەکان لە دادگا، بەجیاواز چەند لاپەرەیەکی تری بۆ شایەتحاڵەکان داناوە بەڵام بەناونیشانێکی جیاوازەوە (شایەتحاڵ بەدیار تاوانی ئەنفاڵەوە) لەگەڵ چەندین ئامار و بەڵگەنامە و وێنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بەڵگەو وێنە زۆرترین قەبارەی کتێبەکەی داگیرکردووە. بەداخەوە ! لەناو ئەم بەشانەی کتێبەکەیدا هەڵەی زۆرو شێواندنی مەترسیدار هەن، من هەوڵدەدەم لە لاپەرەکانی دواتردا تیشکیان بخەمە سەر.

سەیرە کۆی ئەم کتێبە لە شوێنی تر وەرگیراوە، بە زۆریش لە دۆسێی داگای باڵای تاوانەکان و کۆنوسی دانیشتنەکانی ناو دادگاکە وەرگیراون، کەچی لەبری ئەوەی وەک وەرگێڕ یان ئامادەکار ناوی خۆی بخاتە سەرکتێبەکەی، وەک نوسەر ناوی لەسەر بەرگی کتێبەکە دانراوە. ئەوەی مایەی سەرنجە لەم کتێبەدا ناونیشانەکەیەتی (جینۆسائدی کورد بە قەبارەیەکی گەورەو "تاوانی ئەنفال" بە قەبارەیەکی بچوکتر لەژێریدا هاتووەو دیسان بە قەبارەیەکی بچوکتریش نوسراوە (نوسین، دۆکێومێنت، زانیاری) بەڵام لەڕاستیدا نەنوسینێکی قایلکارە و نە دۆکێومێنتەکانیش وەک خۆیان مامەڵەیان لەتەکدا کراوە، ئیدی کە ئەم دوو ڕەگەزە ناتەواو بوون، ئەی زانیاری چ واتایەکی بۆ دەمێنێتەوە؟ کتێبێک زمانی نوسین (ڕێنوس)ەکەی هەڵە بێت (ڕێنوس، زمانەوانی، ناوی کەسەکان و گوندو ناوچەکان و چیاکان، لەسەروی هەمووشیانەوە مێژووی رووداوەکان) دۆکێومێنتەکانیش بەهەمان شێوە (شێواندنی ناوی شایەتحاڵەکان و بەهەڵە وەرگێرانی دەقی کۆنوسەکان کە بەزمانی عەرەبی نوسراون و زۆر جار بە پێچەوانەی واتاکەیەوە وەرگێڕدرابنە سەر زمانی کوردی) ئیدی چ بەهایەکیان دەمێنێ و چ زانیاریەک دەبەخشنە خوێنەران ؟!

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ وای کرد ؟

با ئەو نیگەرانیەش نەشارمەوە لەوەی کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەرگای بۆ وەها بابەتێکی گرنگ بەڵام (بە شێوێندراوی) کرووەتەوە! نازانم چۆن ئەو هەموو هەڵەیە بەلاپەڕەکانیدا تێپەڕیون ؟! خۆ ئەگەر تەنها لەژمارەیەکیشدا بوایە بەهەر حاڵ بەڵام لە حەڤدە ژمارەدا ئەم هەموو هەڵەیە بڕۆن و کەس نەبێت بڵێت نا ئەمە کاری کردن نیە ! ئەمە تەواو جێگەی نیگەرانیە، نازانم چۆن دەزگاکانی ڕاگەیاندن یان ڕۆژنامەیەکی وەکو کوردستانی نوێ، بەبێ ئەوەی نوسەر پابەبەند بکەن بە بنەماکانی نوسین، ئایا بەڕاستی ڕەوایە دەزگاکانی چاپ وبڵاو کردنەوە نوسەر یان ڕۆژنامەنوس ناچارنەکەن کە بەنوسینەکانیدا بچێتەوە ؟ بەلای کەمەوە هەڵەبڕیان بۆ بکات و بنەماکانی ڕێنوس وزمانیش لەبەرچاوبگرێت، ئەگەر بگەڕینەوە سەر بابەتەکانی نوسەر (نە لە ڕۆژنامەکەدا و نە لە کتێبەکەشیدا) ڕەچاوی ڕەگەزەکانی نوسینی نەکردووە و زۆرترین هەڵەی چاپ و زمانەوانی بە دیدەکرێن. ئاخر نوسەر بەهەر زمانێک دەنوسێت مەرجە شارەزای زمانەکەی بێت ئەوەی ئێمە لەسەری دەوەستین لەم بابەتەدا زمان نیە بەڵام نوسینەکە کێشەی زمانیشی هەیە، لەبەر ئەوەی بەزمانی کوردی نوسراوە دەبوو لانی کەمی ڕێنوسی ڕەچاو بکردایە، هەروەک لەبارەی زمانی کوردییەوە حەمە فەریق حەسەنی چیرۆکنوس دەنوسێت : " **وا دیارە لەڕووی زمانەوە، تاکی کورد لە دونیادا بێ وێنەیە. ئەو لە ڕشتەکانی ئەندازە، جوگرافیا، فیزیک و چی و چیدا، خاوەنی بڕوانامەی باڵایە، کەچی ناتوانێت نامەیەکی ئاسایی بە کوردییەکی ڕەوان بنووسێت. دەشێ بڵێین، لە دوای ڕاپەڕینەوە زمانی کوردی لە جوانی بەتاڵ بووەتەوە !**" ئەوەی مامۆستا حەمە فەریق دەیڵێت، بەتەواوی بەسەر نوسینەکەی ئەو بەریزەدا چەسپاوە، چونکە

هەربەراستی لە جوانی بەتاڵکراوە، هەر مامۆستا حەمەفەریق لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا دەڵێت : هەر زمانیشە کار لە هزر دەکات. دەگونجێت بڵێین، ئێمە وەک گەلێک، ئەوەتاین لەنێو زمانی کوردیدا. هەر گەلێکیش بە وشەگەلی زمانی خۆی وێنەی سەردەم و دەوروبەری خۆی و جیهان دەکێشێت. تۆ هەر دیاردەیەک بگریت، زمان بە شێوازی خۆی گوزارشتی لێ دەکات و وێنەی دەکێشێت. بەو واتایەی ئێمە بە کوردی دونیا دەبینین. چونکە ئێمە بە کوردی بیردەکەینەوە. ئەو وشانەی، وا ئێمە ڕۆژانە بەکاریاندێنین، بەرهەمی کولتوور و خدەی گەلێکە، کە تۆ هەروا بە ئاسانی نازانی لە کۆنیدا بۆ کام چەرخ لە چەرخەیلی مێژوو دەگەڕێتەوە."

بروانە حەمە فەریق حەسەن – مالپەڕی روداو لاپەڕەی ئەدەب وکەلتور ڕێکەوتی ٢٦ی ئایاری ٢٠١٧.جا بریا هەر بەوەندە ببڕایەتەوە، بەداخەوە بەهۆی هەڵە جەوهەرییەکانیەوە کتێبەکە وا کەوتە بەردەستی خوێنەران، کە زیانی لە سودی زیاتر بێ،چونکە نوسین ئەگەر (ڕێزی بۆ خوێنەر) نەبوو، بەڵای کەمەوە دردۆنگی و بێمتمانەیی بەنوسین، دڵ کرمێ بوون بە کاری ڕۆژنامەوانی، لێدەکەوێتەوەو کوشتنی کاتی ئێمەومانانیش بەڕاستکردنەوەی هەڵەکانی لەولاوە بووەستێ.

هیچ ڕەوانیە، مرۆڤ بنوسێ و ڕێز بۆ خوێنەرەکانی دادەنێ ، ڕستەی ناتەواو و زانیاری هەڵەیان پێبدات، بەهەر حاڵ ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر دۆسێی ئەنفالە تاوانێک کە لەسەدەی ڕابوردودا کۆمەڵکوژی و تاوانی دژە مرۆڤایەتی لێکەوتەوە، بۆیە بۆ هیچ نوسەرێک ڕەوانیە ئاوا دەربارەی تاوانی ئەنفال و دادگایی کردن و سزادانی تاوانباران و بەشداری کردنی شایەتحاڵەکانی دۆسێی ئەنفال لە دادگا بنوسێ، یاخود ئاوا بەبێ فلتەر قسەکانیان، ڕەگەز و تەمەنیان بشێوێندرێت و بە هەڵە بخرێنە بەرچاوی خوێنەران، هەڵە لەوە کوشندەتر دەبێت چیبێت، مێژوی دەستپێکی ئەنفال بشێوێنی ؟ شایەتحاڵێکی پیاو پیشەکەی بەژنی ماڵ بنوسیت! شایەتحاڵ هەیە ناوی باوکی و هەشە ناوی باپیری شێوێندراوە، تەنانەت هەڵەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ژمارە و ریزبەندی شکاتکاری ئاشکرا، خراوەتە شوێنی شکاتکارانی تر، بەتایبەتی ئەوانەی کە ناویان لە دادگا پارێزراوە ! ئەمەیان کارەساتە یان شێواندنی مێژووی ڕوداوەکان، شێواندنی ناوی گوندو ناوچەکان و ناوی چیاکان هەڵەی زۆرو زەقی ناو کتێبەکەن و پێشتریش لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بەهەمان هەڵەکانیەوە تێ پەڕیون. کە دواتر دەیانخەمە ڕوو.

بەڵام چەندە نیگەرانیشبم ناتوانم، ماندووبونی کاک تەها سلێمان لەبەرچاو نەگرم، چونکە هەرچۆنێک بێت ناچارین دان بەخۆماندا بگرین، بەتایبەتی کە لەمەڕ تاوانی ئەنفال گفتوگۆ دەکەین، هەقە ئینسانی میهرەبان و دڵفراوان بین،چونکە ئێمە ئینسانین و نابێت لە کاردانەوەدا تەنانەت لەگەڵ تاوانبارانی ئەنفالیشدا درندانە مامەڵە بکەین، من دەزانم تەها سلێمان ویستویەتی کارێک بکات هەموومان پێی بڵێین دەستخۆش، بەڵام بە بروای من هێندەی پەلەی چاپکردنی کتێبی بووە هێندە بە تەنگ پوختی کارەکەیەوە نەبووە، ئەمەش تەنها گرفتی تەها سلێمان نیە بەڵکو زۆرن پەلەدەکەن و دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە یەکەم دەست پێشخەربوون و یەکەم کەس بوون ، بەهەرحاڵ مادام کاری کردووە جابا هەڵەشی کردبێ، ئیدی شایانی ئەوەیە بەرێزەوە هەڵەکانی ڕاست بکرێنەوە،چونکە لە بنەڕەتەوە ئامانج لەکۆی دۆسێی ئەنفالدا بنیاتنانەوەیە نەک شکاندن و بێ بایەخ کرنی ئەوی دی، خۆ بەدەست من بێت ئەوەی دەربارەی ئەنفال دەنوسێت، مەرجی بەسەردا دەسەپێنم (راستگۆ، زمان شیرین، دەستپاک، وریاو بەدیقەت)بێت. بەدڵنیاییەوە لەو

شـوێنەدا کە ڕەق وتونـد دەردەکەوم لەهەمووکـات زیاتر لەگەڵ تەها میهرەبانم، چونکە مەبەستمە پێی بڵێم بنوسە بەڵام تکایە (پەلەمەکە).

بۆچی نوسەر سەرکەوتوو نەبوو ؟

چەند هۆکارێک هەن، بەڵام من تەنها سێ هۆکار بە هۆی سەرنەکەوتنی کارەکەی دەزانم

یەکەم : ئاشنایەتی لەگەڵ زۆربەی شایەتحاڵەکاندا نەبووە و کەمترین زانیاریشی لەبارەیانەوە هەیە. ئەمانەو نوسەر لەبەرئەوەی عەرەبی زانێکی باش نەبـووە و دەسـتی بـۆ بـابەتێکی زۆر هەسـتیار بـردووە، هەرچـی نەیـزانیەوە نـاوە عەرەبـیەکەی دانـاوەتەوە بەبـێ ئەوەی بیانخـاتە کەوانەوە یـان پەراوێزێکیان بۆ دابنـێ، لەوانە هەندێکیان وشـەی سادە و ساکارن بـۆ نمـونە (جبـل – لەبەرانـبەردا نوسـیوێتی جەوەڵ کەڕاسـتییەکەی چیـا یـان شـاخ ڕاستە، چونکە جەوەڵیش هەمان وشە عەرەبیەکەیە کـوردێنراوە، لەگەڵ ئەوەشـدا جەوەڵ لەگەرمیـان بەو گردو تەپۆڵکـانە دەوتـرێ نەک بەچیـای بەرز، وشەی (ثم) کە بەواتای سیر دێت نوسیوێتی (سـەم) ئەمەی لەدوو شـوێن دوبـارە کـردووەتەوە، ئەوەش لەبەرئەوە بووە کەنەیزانیـوە (ثـم) چـیەو بەواتـای چـی دێـت . یـاخود لەبـری بۆمبـاران نوسـیوێتی (قەسف) کە مەبەستی (قصف)ە لە زمانی عەرەبیدا .

دووەم : دەیتوانی لە بری نوسین، (وەرگێران یـان ئامادەکار)ی لەسـەر کتێبەکەی نوسیبایە، چـونکە کۆی بابەتەکە نوسینی خۆی نیە، بەڵکـو هەمـووی نوسین و بابەتی کەسانی تـرن و لەوان وەرگیـراوە بە ئامارەکانیشـــــەوە، دۆســـــێی شـــــکاتکارو سکاڵاکارەکان و تۆمەتباران و قۆناغەکـانی ئەنفـال هەمـــووی لە زمـــانی عەرەبـــی وەرگیـــراوە، بەڵام ئامـاژە بەنـاوی وەرگێڕ نەکـراوە . دەنـا ڕوونە کە زۆربەی بـابەتەکەی لە کتێـبەکەی دادوەر مـحەمەد عورێبی و مافناس بەهزاد عەلی ئادەم (قرار محکمة الانفـــال– وثیقـــة قانونیه،سیاســـیة تاریخیـــة) وەرگرتووە، یان لەو فایلانەی کۆنوسەکانی دادگای وەرگرتـوون، هەندێکیشی لە دەرسیم دیبەگەیـی و کەسـانی تـر وەرگیـراون، ئەو دەیتـوانی پشـوو درێژبێت و لەگەڵ عەرەبی زانێکی بـاش هەموویـان وەربگێـرایە و بەهەمـان قەبـارە و دیـزاین چـاپ وبڵاویان بکردایەتەوە، نەک هەمان هەڵە زەقەکانی ناو بەڵگەنامەکانی دادگاو کتێبی (قرار محکمة) کت ومت وەک خۆی و بگرە بەهەڵەی زیاترەوە بهێنێ و لەگەڵ کۆمەڵێـک ئامـارو بەڵـگەو (وێـنەی زۆر بڵاوکـراوە)ی نـاو مـاڵپەڕو پەیجەکـان تێکەڵیـان بکات، زۆر لەوەش خراپتر بڵاویان بکاتەوە، کە لە چـاپە عەرەبـیەکەدا بڵاوکـراوەتەوە، بەڵای کەمەوە بـۆ خـۆی باشـتر دەبـوو کە ئەمـانە بزانـێ، ئەوە ڕاستە، کە کتێبەکە (قرار محکمة الانفال– وثیقة قانونیه،سیاسـیة تاریخیـة) دۆسـێی گرنگـی لە خۆگرتـووە، بەڵام دەبـوو بزانێـت ، کە ئەویـش عەیبدارە بە شێواندنی مێژووی ڕوداوەکـان و نـاوی شایەت و سکاڵاکارەکان، عەیبدارە بە هەڵەی چـاپ و بێباکی لە نوسینەوەی کۆنوسی دادگاو چاپکردن، ئەمەش زیـان بەدۆسـێکە دەگەیەنـێ، بەڵای کەمەوە گومـان دەخـاتە سـەر ئەوانەش کەڕاسـت و بـێ خەوشـن . بەداخەوە کتێـبەکەی خۆشـی عەیبـدارە بەتێ تریناجاندنی بابەتی هەمە جۆر کە پێشتر هەر نوسـەر خـۆی لە کتێبەکـانی پێشـتریدا بەو هەمـوو هەڵە زەقانەوە بـڵاوی کـردوونەتەوە، عەیبـدارە بە بڵاوکردنەوەی ئەو ئامارانەی لەماڵپەڕوگۆڤارەکاندا بڵاوکـراونەتەوەو ئەوانـیش بەدەرنـین لە هەڵە و کەموکـوڕی، ئـاخر ئەمە لە پـای چـی ؟ ئەگەر هەر بۆئەوەبێت ژمارەی کتێبەکانت زیـاد بـکەی پێمـوایە زیانیان لەقازانجیا گەلێک زۆرترە !

سێیەم : پەلەی کردووە لە چاپکردنی، لەکاتێکدا پیشتر هەمان بابەتی لە کتێبی ترو لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بڵاوکردووەتەوە، کەچی تەنها گوێی لەو کەسانە گرتووە کە پێیان گووتووە دەست خۆش ، بەڵام هەموو ئەوانەشی بەهەند نەگرتووە کە پێیان گوتووە پەلەت کردووە .

لەبەر ئەم هۆکارانە دەڵێم، ئەفسوس ..! نوسەری کتێبی (**جینۆسایدی کورد تاوانی ئەنفال**) لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە.

هیوادارم ڕەخنەکانم سودێکیان بۆی هەبێت، نەک وەک هەوڵێک بۆ شکاندن وەری بگرێت، بەڵای کەمەوە ئەوەی لەبەرچاو بێت کەمنیش شەونخونیم بەدیار هەزاران وشەوە کێشاوە کە ئەو بەهەڵە نوسیونی ومن ئەرکی ڕاستکردنەوەیانم گرتووەتە ئەستۆ، بە دڵنیاییەوە ئەگەر کتێبەکەی کاک تەها لەمەڕ ئەنفال نەنوسرابا ئەوا ناچار نەدەبووم خۆمی پێوە ماندوبکەم و کاتی گرنگی خۆمی پێببەخشم، بەڵام لە دۆسێی ئەنفال و بەرانبەر قوربانیەکانی هەمیشە خۆم بەبەرپرسیار دەزانم و ناتوانم بێدەنگ بم، بۆیە هەمیشە بە قسە ڕەق تۆمەتبار دەکرێم،چونکە ناتوانم، بەبێ وردبوونەوەو خوێندنەوەی کتێبەکەی لە کۆمێنتێکدا بڵێم دەستخۆش، ناکرێت لەبەر خاتری هاوڕێیەتی و خزمایەتی و دۆستایەتی و حزبایەتی چاو لەڕاستیەکان بنوقێنین و بەخراپیش هەربڵێین باش. بەڵای کەمەوە من ناتوانم پشت بکەمە ئەو هەموو ئەنفالکراوانەو نەوەکانیان و خوێندەواران و فێڵ لە هەست و ویژدانی خۆم بکەم و ڕاستیەکان نەڵێم.. بەتایبەتی لەمەڕ ئەنفال وەک شەڕم بەکەس نەفرۆشتووە، ڕەحمم بەکەسیش نەکردووەو بەنیازیش نیم لە داهاتوودا بیکەم . بەڵام ئەوەی مافی من نیە بێریزی کردنە بەوکەسانەی ڕەخنەیان لێدەگرم .

خۆزگەیەک

خۆزگە لەبەرانبەر دۆسێی ئەنفالدا بەر پرسیارانە مامەڵەمان دەکرد و وەک ئێستا نەدەبووین، زۆر دەمێکە وتوومە لەدەیان دیدارو کۆروسیمناردا دوبارەم کردووەتەوە، گرنگترین ڕێزگرتن لە ئەنفالکراوان ڕاستگۆییە، سەد ساڵ لەگومانداا ڕابووەستین باشترە لەوەی یەک درۆ بە ناوی ئەنفالەوە بکەین، سەد گومانلێکراو بەبەر چاومانەوە بسوڕێنەوە باشترە لەوەی یەک تاقە کەس بەناهەق نەک هەر سزابدەین .تەنانەت تۆمەتباریشی بکەین، بمرین لەبرسان جوانترە لەوەی بازرگانی بە ئەنفالەوە بکەین . ئەم خۆزگەیەم بۆ گشتە نەک بۆ تەنیا کەسێکی دیاری کراو.

لە ماڵپەڕێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانداا نوسەر لێدوانی داوەو دەڵێت ئەم هەوڵەمان جیاواز لە هەوڵەکانی ترە لە لێدوانەکەیدا هاتووە: نووسەرو لێکۆڵەر "تەها سلێمان" لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی pukpb وتی": دووساڵە کار لەم کتێبەکەدا دەکەین، پێشمان وایە یەکێکە لەو هەوڵانەی کە جیاواز لە هەوڵەکانی تر، هەوڵی داوە هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال بە دۆسیەی تاوانەکە لە دادگای باڵای تاوانەی عێراق و کۆمەڵێک دۆکۆکێۆمێنتی تریش پشت ڕاست بکاتەوە." [43] بریا وابوایەو ئەم کارەی لە چۆنایەتیدا جیاواز بوایە .

بریا ئەم نوسەرە بەڕێزەش هێندە پەلەی نەکردایەو تەواوی نوسینەکەی بخستایەتە ژێر وردبینی

43 بروانەدرێژەی لێداوانەکەی نوسەری کتێبەکە ماڵپەڕەکە لەم لینکەدا
http://www.pukpb.org/kurdi/cgblog/5126/123/.html

خۆیەوە ، چونکە دەسالّی تر ڕابووەستایە، بەڵام دەهەڵە لە کتێبەکەیدا کەمبوونایە، مرۆڤ خاوەنی یەک ڕستەی جوان بێت زۆر باشترە لەوەی خاوەنی (١٠) کتێبی پڕ لە هەڵەبێت. بەتایبەتی لە مەڕ دۆسێی ئەنفال، خاوەنی یەک کتێب بوایە بەڵام شاکارێکی بخستایەتە بەردەستمان و شانازیمان بە قەڵەمیەوە بکردایە، ئاخر بەڕاستی ستەمێکی گەورەیە لە کتێبێکی قەوارە گەورەدا زۆرترین هەڵەو کەمترین ڕاستی تێدابێت! باشە من دەپرسم ئەگەر لە ناو (١٣٢) وشە (١٩) وشە هەڵەبن، لە پێنج لاپەرەدا نزیکەی ١٠٠ هەڵەی جۆراوجۆر هەبن! ئەی دەبێت لەکۆی کتێبەکەدا چەندی هەڵەبێ و چەندی بەڕاست مابێتەوە ؟ بە ڕاستی ئەمە ستەمێکی گەورەیە لە نوسین و لە خوێنەرو لە ئەنفالکراوان و کەسوکاریان و لە داهاتی گشتی ئەم میللەتە !

با ئەوەش بڵێم، ڕەنگە کەس وەک کاک تەها شانسی ئەوەی نەبێ کەوا عەرەبی زانێکی باوەڕپێکراوی وەک (خالید سلێمان)ی لێوە نزیکە، چ وەک کەسایەتیەک کە لە ڕابوردودا گرنگی بە دۆسێی ئەنفالداوە و چ وەک برایەک کە دەتوانن پێکەوە گفتوگۆ لەو بارەیەوە بکەن، خۆزگە هەردووک برا پێکەوە ئەم پڕۆژە گرنگەیان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەگەیاندە ئەنجام.

خۆزگەیەک

خۆزگە لەبەرانبەر دۆسێی ئەنفالدا بەر پرسیارانە مامەڵەمان دەکرد و وەک ئێستا نەدەبووین، زۆر دەمێکە وتوومە لەدیان دیدارو کۆروسیمناردا دوبارەم کردووەتەوە، گرنگترین ڕێزگرتن لە ئەنفالکراوان ڕاستگۆییە، سەد ساڵ لەگومانداندا ڕابووەستین باشترە لەوەی یەک درۆ بە ناوی ئەنفالەوە بکەین، سەد گومانێکراو بەبەر چاومانەوە بسوڕینەوە باشترە لەوەی یەک تاقە کەس بەناهەق نەک هەر سزابدەین .تەنانەت تۆمەتباریشی بکەین، بمرین لەبرسان جوانترە لەوەی بازرگانی بە ئەنفالەوە بکەین . ئەم خۆزگەیەم بۆ گشتە نەک بۆ تەنیا کەسێکی دیاری کراو.

لە ماڵپەڕێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا نوسەر لێدوانی داوەو دەڵێت ئەم هەوڵەمان جیاواز لە هەوڵەکانی تر لە لێدوانەکەیدا هاتووە: نووسەرو لێکۆڵەر "تەها سلێمان" لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی pukpb وتی": دووساڵە کار لەم کتێبەکەدا دەکەین، پێشمان وایە یەکێکە لەو هەوڵانەی کە جیاواز لە هەوڵەکانی تر، هەوڵی داوە هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال بە دۆسیەی تاوانەکە لە دادگای باڵای تاوانەی عێراق و کۆمەڵێک دۆکۆکێۆمێنتی تریش پشت راست بکاتەوە." [44] بریا وابوایەو ئەم کارەی لە چۆنایەتیدا جیاواز بوایە .

بریا ئەم نوسەرە بەرێزەش هێندە پەلەی نەکردایەو تەواوی نوسینەکەی بخستایەتە ژێر وردبینی خۆیەوە، چونکە دەسالّی تر ڕابووەستایە، بەڵام دەهەڵە لە کتێبەکەیدا کەمبوونایە، مرۆڤ خاوەنی یەک ڕستەی جوان بێت زۆر باشترە لەوەی خاوەنی (١٠) کتێبی پڕ لە هەڵەبێت. بەتایبەتی لە مەڕ دۆسێی ئەنفال، خاوەنی یەک کتێب بوایە بەڵام شاکارێکی بخستایەتە بەردەستمان و شانازیمان بە قەڵەمیەوە بکردایە، ئاخر بەڕاستی ستەمێکی گەورەیە لە کتێبێکی قەوارە گەورەدا زۆرترین هەڵەو کەمترین ڕاستی تێدابێت! باشە من دەپرسم

44 بروانەدرێژەی لێداوانەکەی نوسەری کتێبەکە ماڵپەڕەکە لەم لینکەدا
http://www.pukpb.org/kurdi/cgblog/5126/123/.html

ئەگەر لە ناو (١٣٢) وشە (١٩) وشە هەڵەبن، لە پێنج لاپەرەدا نزیکەی ١٠٠ هەڵەی جۆراوجۆر هەبن! ئەی دەبێت لەکوێی کتێبەکەدا چەندی هەڵەبێ و چەندی بەڕاست مابێتەوە ؟ بە ڕاستی ئەمە ستەمێکی گەورەیە لە نوسین و لە خوێنەرو لە ئەنفالکراوان و کەسوکاریان و لە داهاتی گشتی ئەم میللەتە !

با ئەوەش بڵێم، ڕەنگە کەس وەک کاک تەها شانسی ئەوەی نەبێ کەوا عەرەبی زانێکی باوەڕپێکراوی وەک (خالید سلێمان)ی لێوە نزیکە، چ وەک کەسایەتیەک کە لە ڕابوردودا گرنگی بە دۆسێی ئەنفالداوە و چ وەک برایەک کە دەتوانن پێکەوە گفتوگۆ لەو بارەیەوە بکەن، خۆزگە هەردووک برا پێکەوە ئەم پڕۆژە گرنگەیان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەگەیاندە ئەنجام.

نوسراوەکانی دادگاش هەڵەیان تێدایە !

ستەمێکی تر لەعاسی مستەفا! بەشبەحاڵی خۆم ئاوای دەبینم عەیبە چالاکوان ولێکۆڵیارو ئەنفالناس بێت و گرنگترین کەسایەتی و گەورەترین قوربانی و زیندوترین شایەتحاڵی ئەنفال بەتایبەتی کەسێکی ناسراوی وەک (عاسی مستەفا ئەحمەد) و ئەوانی دی وەک خۆی نەناسی و لە بەرانبەر بونیان بێدیقەت بێت. عاسی مستەفا ئەحمەد کە خاوەنی چیرۆکێکی زۆرتایبەتەو ماوەیەکی زۆریش بووە جێگەی سەرنجی میدیا جیهانیەکان، زۆر عەیبە بۆ ئێمەی کورد وەک خۆی نەیناسین . بەڕاستی ئەو پیاوە هەردەڵێی بۆ ئەوەهاتووەتە ژیانەوە کە دۆست ودوژمن ستەمی لێبکەن! ئەو کەسەربازی ڕێژیمێک بوو، کەچی هەر ئەو ڕێژیمەش مااڵی وێرانکردووە، عاسی مستەفا لە دوای ٩ ساڵی دیلێتی بەسەر هەواری خاڵیدا هاتەوە، هەموو قەرەبوو سەبورییەکەی ئەوەبوو لە دادگای ئەنفال بەشداربووە، کەچی دادگاکەش لە کۆنوس و ئەرشیفی دانیشتنەکانیدا ناوو مێژوی ئازاد بوون و گەڕانەوەی بۆ عێراق، عاسی شێواندووە!

عاسی مستەفا کلیلی دەرگای دایە دەستم.



کاتێکی زۆر بەسەر دیارییەکەیدا تێپەڕی بوو، هیشتا کتێبەکەی کاک تەها هەر لەریزبەندا بوو، زۆری مابو نۆرەی خوێندنەوەی بگاتێ، چونکە درەنگ چووە ناو ڕیزبەندی ئەو کتێبانەی دامناون بیانخوێنمەوە، بەاڵم ئەو خۆی سەپاندو ناچاری کردم نۆرە بڕی بکەم و دەست بەخوێندنەوەی بکەم و بەو نۆرە بڕییە قایل بم. دەنا هێشتا نۆرەی خوێندنەوەی کتێبەکەی نەهاتبوو، ئەی بۆ ئەمەم کرد ؟ لەبەرئەوەی کاتێک (سێرچ) گەڕانم بۆ بابەتێک لەگوگڵی دەکرد (ماڵپەڕی کوردستانی نوێ) هاتە بەرچاوم، بابەتێک دەربارەی قۆناغەکانی ئەنفال و سکاڵاکارانی دۆسێی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان، سەرنجی ڕاکێشام، ماوەیەک بەناو دێرەکانیدا ڕۆیشتم بابەتەکە نوسەری بواری ئەنفال (تەها سلێمان) ئامادەی کردبوو. بەاڵم ئەوەی منی ڕاگرت و زۆریش ئازاریدام هەڵەی ناوی باپیری عاسی مستەفا ئەحمەدو مێژووی گەڕانەوەی بوو بۆ نیشتمان، ئاخر عاسی نابێت بشێوێندرێ، لەدوای (٩) ساڵ دیلێتی، لە دۆسێی عاسیدا نەک هەر ناوی باپیری هەڵە بوو، بەڵکو ڕۆژی ئازادبوونیشی شێوێندرابوو. بۆیە بە نیازی ئەوەی ئەم هەڵانە لە کتێبەکەشیدا تێنەپەڕیبن، بەپەلە هەستام و چووم کتێبەکەی کاک (تەها سلێمان)م دۆزیەوەو لە کتێبخانەکەم دەرمکرد، هیوام خواست ئەم هەڵە زەقانەی چاک کرابنەوەو ئەو بەرگە جوانەی

کەتێبەکەی بەو ناوەرۆکە پڕ لەهەڵانە عەیبدار نەبووبێ، بەڵام ئەفسوس ! هیواکەم نەهاتەدی و کت ومت بەهەمان هەڵەکانیەوە لە کتێبەکەشدا چاپ بوون و کارە تاقەت پروکێنەکەی بەهەدەر چووە.

ئاخر نوسەری بواری ئەنفال زۆر کەمن بۆیە ئارەزوو دەکەم ئەو کەمانەش کارجوان و باش و پوخت بن، خۆزگە لەبری ئەم شەن و کەوکردنەی بۆ خەرمانی هەڵەکانی ئەو کتێبە دەیکەم، ئاهێکم پێدا بهاتبایەو ئۆخەیم بکردایە لەوەی کە دۆسێی ئەنفال و سکالاکارانی لە دادگای باڵای تاوانەکان کرایە کتێب و چاپ و بڵاوبووەتەوە و خەمێکمان لەکۆڵ بووەتەوە،چونکە من زۆر هاوارم کرد و پێشنیارم کرد بۆ وەزارەتی شەهیدان بەوکارە هەستن و دۆسێکانی دادگا بەسێ زمان چاپ وبڵاوبکەنەوە، بەڵام بەداخەوە هەرگوتیان لەبەرنامەماندایەو هیچ دیار نەبوو، هەر گوتیان دەیکەین و نەیانکردو کەمتەرخەمیان نواند. کاک تەهاش بەو کەمتەرخەمی یەوە دەستی بۆ بردووەو بەرپرسیارێتی لەئەستۆی نەناوە بریا ئەویش هەر نەیکردباو لەشوێنی خۆی بایە زۆر باشتر بوو ! .

جیاوازی فۆرم وناوەرۆک

پێشتر ئاماژەم پێکردوە، کە کتێبەکە هەتا بڵێی بەرگ و دیزاینێکی جوانی هەیە، بەڵام ئەفسوس ناوەرۆک وێرانەو نوسەر هیچ ڕێزێکی بۆ خوێنەرو بۆ جوانی بەرگەکەی نەهێشتووەتەوە، چونکە لە ناوەوەڕا وێرانی کردووە، بەبێ بە دواداچون و بەبێ شەن و کەوکردن، هەرچی بەردەست کەوتووە خزاندویەتیە ناوی و بەبێ پێداچوونەوەو بژارکردن بڵاوی کردووەتەوە، دەیان هەڵەی زەق و ناراست و دەیان ناوو ڕێکەوتی شێوێندراو لەکتێبەکانی کاک تەها سڵێماندا چاپکراون، دیسانەوە هەمان ئەو بابەتانەی هێناوەتەوە بەهەمان هەڵەکانی پێشوویانەوە لەم کتێبەشدا بڵاوی کردووەتەوە، ئیدی نەهەڵەبڕی و نە بەدواداچوونی بۆ ڕاستی و ناڕاستی ئەو زەخیرە بایەخدارە کردووە کە بەردەستی کەوتوون، لەو بڕوایەدام ئەگەر تەنها هەندێک سەرچاوەی بخوێندایەتەوە، کە پێشتر بڵاوکراونەتەوە و باسیان لەم شایەتحاڵانە کردووە کەم ئەم باسی کردوون، بەڵای کەمەوە توشی ئەو هەڵە کوشندانە نە دەبوو. قۆناغی شاڵاوەکان و ئیفادەی سکاڵاکارو شایەتحاڵەکان هەروەک چۆن لە کۆنوسی ڕۆژانەی دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا بە بێباکی و بە کەموکوڕی و بەزمانی عەرەبی و زۆریان بەهەڵە یاداشتکراون، ئەویش لێرەدا بە هەمان شێوە بە زمانی کوردی لەم کتێبەشدا چاپی کردوون،(هەڵەکان، لە ناوی کەسەکەکان و (ڕێکەوت و ڕێنوس و زمانەوانی) کت ومت وەک خۆی بڵاوی کردووەتەوە. سەیرە ! هەندێک جار لەدەقە عەرەبیەکەدا ناوو ڕوداوەکان ڕاستن، کەچی ئەم بەهەڵە نوسیونی و شێواندنی ڕێکەوتی (ڕوداوو ڕێکەوت) و هەڵەی (ڕێنوس و زمانەوانی) شێواندنی ناوی شایەتحاڵ و گۆڕینی پیشەو ڕەگەزیان، زۆرترین هەڵەی ئەم کتێبەو (کتێبەکانی) تری ئەو بەڕێزەن ! کەچی لەسەر بەرگی کتێبەکەی هەر بۆ ڕازاندنەوە نوسیوێتی (نوسین، دۆکیۆمێنت،زانیاری) ئەوەش زۆر ناکۆک و ناتەبایە لەگەڵ ناوەرۆکی کتێبەکە. ئاخر تۆی نوسەر ڕێکەوتت هەڵەبێ و ڕستەسازیت هەڵەبێ و زمانەوانیت لە ئاستێکی لاوازدابێت و ناوی شوێن وکەسایەتیەکانت هەڵەبن، ناوی گوندو چیاو شوێنی ڕوداوەکانت هەڵە نوسیبن، ئیدی نە دۆکیۆمێنتت باوەر دار دەبێ و نە نوسین و زانیاریش !

ئەگەر چاوپۆشی لە هەڵەکانی نوسەر لە هەندێک ناوی گوندو شایەتحاڵدا بکەین، کە بەسەریدا تێپەڕیون، ئەوا بە هیچ کلۆجێک ڕەوانیە،

شـێواندنی ڕاسـتیەکان و ئـاوەژوو کـردنەوەی زانیاریەکان، دەربـارەی قسـەی شاهیدحاڵ و نـاوی کەسایەتیە دیارەکان جا چ جەلادبن یان قوربانی بە هەڵە تێـپەڕن، بێگومـان ئەم قسـانە لەخـۆمەوە ناکەم، بەڵکو لە لەلایەڕەکانی داهـاتوودا بەڵگەی زۆر دەخەمە بەردەسـت و بەداخەوە بە شـێواندنی زیاتر دەگەین، بۆنمونە : دکتـۆر فـایەق گـوڵپی لە شـایەتیدانەکەیدا لە دەقە عەرەبـیـەکەدا دەڵێـت: (گـوتم لە ژێـر زەمینەکـان (**وەرنە**) دەرەوە لەبەر ئەوەی چەکـی کیمیـایی بەکارهـاتووە) بەڵام ئەم قسـەیە تەواو بە پـێچەوانەوە وەرگێـردراوەتە سـەر زمانی کوردی، نوسراوە داوام کرد لە ژێرزەمینەکان (**نەیەنە**) دەرەوە! ئەم جـــۆرە وەرگێـــرانە تەواو کارەسـاتە، دیسـان لە شـایەتیدانی شـایەتحاڵێکی (پارێزراودا) بەزمانی عەرەبی هاتووە : سـاڵی ١٩٨١ وەک پزیشک لە خەستەخانەی خەتـێ دەستبەکار بـــووم، بەڵام لەوەرگێـــرانە کـــوردیەکەدا (١٩٨١) کـــراوەتە ســـاڵی ١٩٧١. (لەلایەرەکـــانی دواتـــردا شـایەتی دانـی ئەم پزیشـکە وەهەڵەکـانی نوسـەر دەخەمەڕوو).

لە پێشتر باسی کارەکتەرو کەسایەتیەکی دیاری وەک (عاسی مستەفا ئەحمەد)م کرد، لە خوارەوەش بەبەڵگەوە هەڵەکان دەخەمەڕو، بۆچی هێدە لەسەر عاسی مستەفا دەوەستم؟ لەبەرئەوەی ئەم پیـاوە لە نـــاو تـــاوانی ئەنفالـــدا کـــارەکتەرێکی گرنـــگ و قوربـــانیەکی دووســـەرەیەو خـــاوەنی چیرۆکێکـــی زۆرتـــایبەتە، دۆسـێیەکەی سـنوری چەمچەمـــاڵ و کوردسـتان و عێراقـی بڕیـوەو زۆر لە میـدیاکانی جیهـــان چیرۆکـــی ئەم دیـــلە ئێرانییەیـــان بڵاوکـــردووەتەوە. عاســـی ئـــارگۆمێنتێکی زۆر تـــایبەتە، هـــیچ ڕەوانـــیە کوردێـــک کە خـــۆی بە نوسەرێکی شارەزای بواری ئەنفال لەوەش سەیرتر (گەرمیـــانی) لە دوای دەیانجـــار بڵاوبـــونەوەی چیرۆکـی (عاسـی مسـتەفا) هێشـتا نەزانـی نـاوی سیانی و ناوی گوندەکەی چییە ! هەرلەسـاڵی ١٩٩١ ەوە هەتا ساڵی ٢٠١٦ بە چەندین زمان چیرۆکی ئەم پیـاوەو ئەنفـالکردنی خـانەوادەکەی بڵاوبکـرێتەوەو لەدوای هەموویـانەوە بێـت و نـاوو مێـژوی عاسـی بەهەڵە یاداشت بکـات . هـیچ ڕەوانـیە نـاوە دیـارو ناســـراوەکانی هێزەکـــانی ســـوپا کە ئەنفالیـــان ئەنجامداوە بەهەڵە بنوسرێن و لە کتێبێکی سـەرنج ڕاکێش و لە بەرگێکی جواندا، کە ناوی جینۆسایدی کوردی لەسـەربێت چـاپ وبـڵاو بکـرێنەوەو بخـرێنە بەردەسـتی نەوەی داهـاتوو. ئەمە کـاری کـردن نـیە بەڵکو وێرانکردنی مێژووە .

یەک تایتڵ بۆهەمووان !؟

پـێش چـاپکردنی کتێـبەکەی (جینۆسـایدی کـورد تـاوانی ئەنفـال) تەهـا سلێمان بە (١٧)بەش لەژێـر ناونیشـانی (قۆناغەکـانی شـاڵاوی ئەنفـال)دا لە (ڕۆژنامەی کوردستانی نـوێ)دا دۆسـێکانی دادگـاو هێزەکـانی سـوپاو قسـەی شایەتەکانیشـی لە ژێـر هەمان ناونیشاندا چـاپ وبڵاوکـردووەتەوە. بەشـی یەکەمـــی لە ژمـــارە ٦٦٤٥ لەمەڕ قۆناغەکـــانی شـــاڵاوەکانی ئەنفـــال لە ژمـــارە (٦٦٤٥) ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٥ بڵاوکـراوەتەوەو دوابەشیشـی لە ژمـارە (٦٦٦٤)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٧ دا کۆتـــایی هـــاتووە. ئەوەی کەمن زیاتر بە نیگەرانـیەوە بەڵام بە گرنگی پێدانەوە لەسەری دەوەستم بەشی پێنجەمیـانە کە تایبەتە بە (ئیفادە)ی سکاڵاکاران و شایەتحاڵەکانی دادگا، نازانم بۆچی ئەوانیش لەژێر هەمان تایتڵـدا (قۆناغەکـانی شـاڵاوی ئەنفـال) بڵاوکـراوەتەوە؟!

بـڕوانە ڕۆژنـامەی کوردسـتانی نـوێ ژمـارە ٦٦٥٠ ڕۆژی ١٠ی نیسـانی ٢٠١٥ و لەژمـارە ٦٦٦٠ ڕۆژی ٢٢ی نیسـانی ٢٠١٥ لە چوارەدەمین بەشیدا کۆتایی هاتووە.

بێگومـان هەمـوو بـابەتەکە، لەبـن یەک تایتڵـدا گونجـاو نەبـوو، وەک لە ڕۆژنـامەی کوردسـتانی نوێـدا لە ژێـر یەک تایتـڵ (قۆناغەکـانی شـاڵاوی

ئەنفال)دا بڵاوی کردووەتەوە؟ چونکە ئەوە تێکەڵکردنە دەنا ئیفادەی شایەتحاڵەکان لە دادگادا چ پەیوەندیان بە قۆناغەکانی شالاوە سەربازیەکانەوە هەیە؟ ئایا باشتر نەبوو لەبەشی پێنجەمەوە هەتا بەشی چواردەهەمین بنوسرێت (**دانیشتنەکانی دادگا، یان قسەی شایەتحاڵەکانی ئەنفال لە دادگا**) یان هەر شتێکی گونجاوتر؟

دواتر، کە چەند بەش و بابەتێکیانم خوێندەوە هەستم کرد ڕاستکردنەوەی ئەو هەموو هەڵەیە کاتێکی زۆری پێویستە، کورد دەڵێت (پوشکە لەکا نابژێردرێت) ئەوساش هەم سەرقاڵی و هەم باری تەندروستیم یاریدەدەر نەبوون لەکاتی خۆیدا هەڵەکانی ڕاست بکەمەوە، بۆیە دواکەوتن بۆ ئەم کاتە قەیراناویە.

بێگومان پێشئەوەی لە کارەکەی (تەها) نیگەران بم، نیگەران بووم لە دادەوەرانی دۆسێی تاوانی ئەنفال، لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق. کە بەو ئەندازەیە وتەی شایەتحاڵەکانیان بێ بەها نوسیوەتەوەو مافی ئەوخەڵکە ستەملێکراوەیان فەرامۆش کردووە، بەتایبەتیش هەڵەکردن لە ناوی کەسەکان و شوێنی نیشتەجێ بوون و ڕێکەوتی ڕوداوەکان. بەڵام وا ئەوان نەیان کرد، خۆئەرکی نوسەر بوو مادام دەستی بۆ دۆسێکە بردووە، هەموو ئەو هەڵانە ڕاست بکاتەوە کە بە کۆنوسەکانی دادگادا تێپەڕیوون، نەک بەبێ بە دواداچوون و بەبێ دیقەت وەک خۆی بە هەموو هەڵەکانەوە بەخۆنواندنەوە چاپ و بڵاویان بکاتەوە، ڕەنگە بڵێن هیچ کارێک بەبێ هەڵە نابێت، ئەوە ڕاستە بەڵام ئەنفال تایبەتمەندێتی هەیەو نابێت نوسەر بێت و ڕاستی بشوێنێ و لەزەینی خەڵکی ئەنفالکراوی کوردا بیان چەسپێنێ، ئاخر کتێب دەبێتە مێژوو نەوەی نوێ دەستیان بەشایەتحاڵەکاندا ناگاو کتێبەکان دەخوێننەوە، هەق نیە کەس ئاوا کتێبان چاپ وبڵاوبکاتەوە، بەلامەوە زۆر ئەستەمە کەسێک شارەزای ئەنفال بێت و بەرانبەر دۆسێی ئەنفال ئەوەندە بێ باک بێت، زۆر ئەستەمە کەسێک نوسەری بواری ئەنفال بێت و شارەزای مێژوی دەستپێکی ئەنفال نەبێت.

سوربوون لەسەر هەڵە.

هێشتا ئەم نوسینانەم لەمەڕ هەڵەکانی بڵاونەکردبووە، کە تەها ڕۆژی ٢٠١٧/١/٢٠ تەلەفۆنێکی بۆکردم، داوای کرد باسێک لەکۆنفرانسێکدا پێشکەش بکەم، کە بەنیازە لەزانکۆی گەرمیان ئامادەی بکات، لەو پەیوەندییەدا پێگوت کتێبەکەت هەڵەی زۆری تێدایە چۆنە باسەکەم لەمەڕ کتێبەکەی خۆت بێت، ئەو قایل نەبوو، سەرباری ئەوەش جەختی دەکردەوە کەمن هەڵەم و ئەو پشتی بە زانیاریەکانی دادگا بەستووە، بەڵام من ئاگادارم کردەوە کە دادگاکەش هەڵەی زۆریان کردووە. ئەفسوس دوای پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەشمان، کاک تەها هەرسور بوو لەسەرئەوەی هەڵەی نەکردووە و پشتی بەدۆسێی دادگاکە بەستووە! منیش پێمگوت کاکە گیان هێندە پشت بەدادگاکە مەبەستە بەڵکو دەبوو دادگاکە پشتی بە شارەزایی ئەو یان ئێمەو مانان ببەستایە. نەک هەر ئەوە بگرە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم نوسینەش کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە زنجیرە بڵاوکرایەوە، دیسانەوە کەوتەوە نوسین و لەسەر هەڵەو شێواندن بەردەوام بوو، سەیر لەوەدابوو هەمان ئەو هەڵانەی هەرلەکوردستانی نوێ دوبارە کردبوونەوە بۆنمونە لە پاشکۆیەکدا کە بۆ یادی ئەنفال بلاویان کردبووەوە بەهەمان شێوە نوسیبوویان دەستپێکی پەلاماری ئەنفال ٩ی شوبات بووەو ٢٣ی شوبات کۆتایی هاتووە، راستیەکەشی هەر ئەوەیە کە ٢٢ دەستی پێکردووەو ١٩ی ئازار

کۆتایی هاتووە. ئیدی ئەمەیان بە عینادی زانی نەک سوربوون لەسەر راستی زانیاری.

بابزانین دادگای باڵای تاوانەکان چەندە بێ دیقەت بووەو تەها سڵیمانیش چ لە ڕێگەی کوردستانی نوێ و چ لە کتێبەکەیدا، چۆن ستەمیان لە مێژووی ڕوداوەکان و ناوی کارەکتەرە گرنگەکانی ناو ڕوداوەکە بۆنمونە " عاسی مستەفا ئەحمەد"و هەندێک لەشایەتحاڵەکانی ترکردووە ؟

بۆئەوەی هەموو کەس بزانن دادگاکەش چەندە بەلامووبالاتی و خوێنساردیەوە مامەڵەی لەگەڵ مافی شایەتحاڵەکان و مێژووی ڕوداوەکەدا کردووە ! بەڵی کەمەوە وەرگێڕ و یاداشت نوسی باشی بۆدابین نەکردوون . بەهەر حاڵ ئەوەی ڕویدا رویدا بۆیە وەک بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی ناچارم هەڵەکانیان ڕاست بکەمەوە :

لەبەرئەوەی لە کتێبەکەیدا ئەستەمە بتوانین هەموو هەڵەکانی (ڕێنوس و زمانەوانی) دەستنیشان بکەین، بە پێویستم زانی بە کورتی و پوختی هەندێک لە هەڵە یاسایی و زمانەوانی و تەنانەت ئەمنیەکان، کە زۆر دوبارە بوونەتەوە بخەمە بەرچاوان .

هەڵەی یاسایی :

لە کتێبەکەدا هەستم بەچێگۆڕکێیەک کرد، دواتر دەستم کرد بەپشکنین و گەران بەدوای راستیدا، هەتا گەیشتمە راستی و دڵنیا بووم لەوەی نوسەر بەهەڵەدا چووە، کەمن تاڕادەیەک بە پێشێلکاری یاسایی تێدەگەم، کەوا دەرهەق بە شایەتحاڵەکان بەرچاو کراون، ژمارەی (ئیفادە) شایەتحاڵ و سکاڵاکارانی ناو دادگاکە گۆڕدراون، واتا ناوی سیانی شایەتحاڵێکی خستووەتە شوێنی شایەتحاڵێکی تر، بەتایبەتی ئەوانەی ناویان پارێزراوەو بە هیما (ژمارە)یان بۆدانراوە، بەمەش دووجار پێشێلکاری کراوە، جارێک بەوەی ئیفادەی کەسێکی ئاشکرای بەناوی ئاشکراو سیانی خستووەتە شوێنی کەسێک کە بەنهێنی شایەتی داوە، جارێکیش بەوەی ژمارەی کەسێکی پارێزراوی بۆ ئەوکەسانە داناوە کە بەئاشکرا لەبەردەم دادوەرو لەبەردەم میداکاندا وێنەو ناویان بڵاوکراوەتەوە !

هەڵە زەقەکانی دی :

یەکەم : لە چەند شوێنێکدا مێژووی ڕوداوەکانی شێواندووە، گرنگترینیان (مێژووی دەستپێکردنی پەلاماری سەربازیی ئەنفالی یەکەم وکۆتایی هاتنی. بەڵی نوسەرەوە (٩-١٩٨٨/٢ دەستی پێکردووەو ١٩٨٨/٢/٢٣ کۆتایی هاتووە..! ئەمە هەڵەیەکی زەقە کورد گوتەنی کاری کردن نییە (لە خوارەوە زیاتر ڕونیان دەکەمەوە).

دووەم : ناوو تەنانەت ڕەگەزی شایەتحاڵی گۆریوە، بۆ نمونە بۆ شایەتحالێکی پیاو، نوسیوێتی پیشە ژنی ماڵ .!

سێیەم : لە هەندێک شوێندا وەرگێڕانەکەی تەواو بە پێچەوانەی واتاوە بووە. وەک " هاتمە دەرەوە نەهاتمە دەرەوە" لەدرێژەدا نمونە دەخەمەڕوو.

چوارەم : ناوی گوندو ناوچەو چیاکان، مەگەر چۆنها دەنا هەموویان بەهەڵە نوسراون . بەڵی کەمەوە لە (١٠٠) ناو (٩٦)یان هەڵەن و تەنها (٤) یان ڕاستن، دواتر هەمووپانم راستکردووەتەوەو لێرەدا جارێکی تر ناوەراستەکانیان لە دامێنی ئەم نوسینەدا بڵاودەکەمەوە.

پێنجەم : تۆپزاوا، کە بووەتە ناوێکی دیار لە دۆسێی ئەنفال و مێژوویی کوردو یادەوەری کورداندا، بەداخەوە بۆ یەکجاریش لە کتێبەکەیدا ناوی بەڕاستی نەنوسراوە ! بەڵکو بە (تۆپزاوە) نوسراوە. ڕاستی ناوەکە (تۆپزاوا) یە.

شەشەم : ناوی (بابە ڕوشە)، کە ئێستا بووەتە سومبل و ناوی مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوانی ناوچەیەک و لە گوندی جەلەمۆرد دروستکراوە، بۆیەکجاریش بەڕاستی ناوی نەنوسراوە، بەڵکو بەهەڵە نوسراوە (چەمی بابەڕەشە).

حەوتەم : لە زۆربەی کاتدا بۆمبارانی فڕۆکەی بەتۆپباران نوسیوە، کە ئەوەش هەڵەیەکی زەقی

زمانەوانیەو بێ توانایی دەربڕین و گوزارشت لە پێناوی ئامانجەکە دەردەخات.

هەشتەم : کاری وەرگێرانی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە ئاستێکی زۆر لاوازدایەو بۆیە لە گەیاندنی مەبەستەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە. دەنا کوردو عەرەب دەزانن کە فرۆکە تۆپ ناهاوێژێ بەڵکو ڕۆکێت و بۆمب فڕێ دەداتە خوارەوە.

نۆهەم : هەندێک بابەت دوبارەبوونەتەوە. واتا هەریەکەیان زیادلەجارێک چاپکراونەتەوە.

دەهەم : لەکۆی کتێبەکەدا وشەی (ڕۆشت) لە جیاتی ڕۆیشت بەکارهاتووە، لەبری گەیشت، وشەی (گەشت) دانراوە.

یانزەهەم : لەخستنەڕوی شایەتحاڵەکاندا سەرکەوتوو نەبووە، واتا نەیتوانیوە لە فۆرمێکی شایەستەداپێشکەشی خوێنەریان بکات، ئەگەرچی لە کتێبەکەیدا بەهزار عەلی ئادەم فۆرمێکی باشی خستووەتەڕوو لە پێشکەکش کردنی شایەتحاڵ وسکاڵاکارەکاندا، واتا ژمارەو تەمەن و پیشەو شوێنی نیشتەجێ بوونی جیاکردووەتەوەو لەسەریەک هێڵ تێکەڵ بەشایەتی دانەکەی نەکردوون، بەڵام ئەو بەڕێزە سودی لەو فۆرمەش وەرنەگرتووەو کارەکەی لەکۆڵ خۆی کردووەتەوە، دەنا چ بەهزاد عەلی ئادەم و چ کۆنوسی دادگاکە نەخشەسازییان فەرامۆش نەکردووە.

من لێرەدا بەوەندە دەستبەرداری دەبم ولە ئایندەدا لە کتێبێکدا هەموو هەڵەکانی بەبەڵگەوە دەخەمەرو هەڵەکانی ڕاست دەکەمەوە، وەک چۆن بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا ڕاستم کردبوونەوە، ئەمەش تەنها لەپێناوی مێژووی میللەتەکەمدا دەکەم، ئەگەرچی نوسەر هیچ ڕێزێکی لەم هەوڵەی من نەناوە بەڵکو لەبری ئەوەی کتێبەکەی لەبازارو کتێبخانەکان بکێشێتەوە، خۆی تورەکردو وەک ئەوەی من لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیدا ستەمم لێکردبێت . بەڵام من گوێم بە زیوربون و خۆتورەکردنی ئەو نەداو هەتا ئێستاش بەردەوامم لە ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەک کە دەیبینم .

(قزلر) نیە (قزڵوو)ە

ڕاستکردنەوەی ناوی ئەو گوندانەی بەڕپەلاماری ئەنفال کەوتوون، بەڵام نوسەری بواری ئەنفال تەها سلێمان. لەکاتێبەکانیدا بەهەڵە ناوەکانی نوسیون وبەبێ ئەوەی بەخۆی زانیبێ یان ویستبێتی شێواندونی.

لە پێشەکی ئەو بەشەیدا کە تایبەتە بە ئاماری گوندەکان لەکتێبەکەیدا نوسیوێتی : (***ژێدەرو سەرچاوەی جیا جیا ژمارەو سنووری جوگرافی گوندە بەرکەوتوەکانی هەشت قۆناغەکەی تاوان وپەلاماری ئەنفالیان تۆمارکردوەو باسکراوە، لە هەمویان داپیانراوتر لیستێکی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کە ئەویش پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستوە .***) ئەوەی ناوکەوانەکە قسەی کاک تەها سلێمانە، وەک دەردەکەوێ لێرەدا بەهەموو هەڵەکانیەوە دادگا دەکاتە سەنتەری هەموو هەموو ڕاستیەکان ! بەداخەوە ئەمە لە کاتێکدایە کەوا دادگاکەش هەڵەی کردووە، نەک هەموو گوندەکان کەبەر پرۆسەی ئەنفال کەوتوون، بەڵکو ئەوانەش کە لە کۆنوسەکانیدا یاداشت ودۆکۆمێنتی کردون بەهەڵە ناوەکانی نوسیون، ئەگەر نەڵێم هەموویان ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان بەهەڵەو شێواوی ناویان لەبەڵگەونوسراوەکانی دادگادا هاتووەو هەر بەو هەڵەو کەموو کوڕیانەشی یەوە لە کتێبێکدا بەناوی (قرار محکمة الانفال لە پێشکەش کردنی دادوەر محمەد عوریبی و ئامادەکردنی مافناس بەهزاد عەلی ئادەم بڵاوکراونەتەوە ! کاک تەها سلێمانیش بەهەمان هەڵەکانیەوە بڵاوی کردوونەتەوە.

سەیرە .. ! هەرچەندە سێ سەرنجی خستووەتە ڕوو، گوایە ناوی گوندەکانی ڕاستکردوونەتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچی وای بۆ ڕاستنەکراوەتەوە هەروەک نوسیوێتی : (***لێرەدا سێ سەرنجی ورد هەیە دەبێت باس***

بکرێت، یەکەمیان ئەوەیە زۆربەی ناوی گوندەکان بە هەڵە تۆمارکراوەو ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین راستیان بکەینەوەو بە هەڵە دایان نەنێینەوە. دووەمیش ئەوەیە ریزبەندی شارۆچکەو گوندەکان چۆن لە دادگاو بەڵگەنامەکان دانراوە، ئێمە وەک خۆیان دایان دەنێینەوە، سێیەم هەندێ گوند ناویان نەهاتوەو ئێمەش زیادمان کردوە، ئەمەش لە بەر ئەوەی ئەگەر کەسێک ویستی راستی و دروستی ئەم زانیاریەو بەڵگەنامەکانی دادگا بەراورد بکات، بۆ ئەوەی تووشی بەدگومانی نەبێت و زووتر راستیەکەی بۆ دەربکەوێ .) ئەوەی ناوکەوانەکە پێشەکی نوسەربوو بۆ ئاماری گوندەکان – بروانە کتێبەکە – جینۆسایدی کورد تاوانی ئەنفال– لاپەرە ٨٣

جابریا وابوایەو ناوی گوندەکانی ڕاست بکردایەتەوە بەڵام بەداخەوە هەندێک ناوی گوندەکان لەکۆنوسی دادگاکاندا راست نوسراون بەڵام کاک تەها شێواندوونی وەک ناوی (مالومە) کەچی کاک تەها کردوویەتی بە مالمۆ بەهەرحاڵ من لێرەدا بەئەرکی خۆمم زانیوەو لەم خشتەیەدا هەم ناوەهەڵەکانم وەک خۆی داناوەتەوە وهەم ئەوناوانەش کە راستمکردونەتەوە، بەهیوام سودی بۆ هەموولایەک هەبێت وهاوکاریەکیش بێت بۆ کارەکانی داهاتووی نوسەر.

زنجیرە	هەڵە	ڕاستکردنەوە	ناوچەی گوندەکە
١	زندان	زینانە	سەنگاو
٢	ئەلیادە	ئالیاوا	قادرکەرەم
٣	مالمۆ	مالومە	شارباژێر
٤	جرقە	بوونی نیە	قیرچە هەیە لە قادرکەرم
٥	دارشا	دەراش	بالیسان
٦	سەرچاوە	سەروچاوە	رانیە
٧	هەولێر	هەولێر	پارێزگای هەولێر
٨	دەرەشت	پێدەچێت دەراش بێت	بالیسان
٩	داربەرولا	داربەروڵە – داربەڕو	تەقتەق – کۆیە، لەخوار سلێمانیش داربەرو هەیە.
١٠	سیدەر	سێدەر	بنگرد
١١	قەرەست	قەرەسرد	چیایەکی بەناوبانگە پشت قەزای دوکان
١٢	دولمازال	دۆڵ مازەڵێ	بنگرد
١٣	قرانکو	قەرانگوێ	بنگرد
١٤	جەوەڵ بنەل	چیای پڵنگان	بنگرد
١٥	دولی مازلی	دۆڵ مازەڵێ	بنگرد
١٦	سۆنیا	سونێ	پشتی قەڵادزێ
١٧	ئاجار	هاجەرە– یان ئاجەرە	
١٨	وەلا	ئەوڵا– عەوڵا	
١٩	بەسەسیم	بەستەستێن	رانیە– قەڵادزە
٢٠	قرانکۆی	قەرانگوێ	بنگرد
٢١	لاغلۆ	وڵاغلو–یان وڵاخلو	شارباژێر
٢٢	بالغ	باڵخ	شارباژێر

٢٣	سەرمود	سەرمۆرد	سورداش
٢٤	دەشتی واکری	ئەگەر (دەشتی تلێ) یان دەشتی خانێ نەبێت، ئەو ناوە بوونی نیە	ئالان
٢٥	قام پاشا	قەڵەم پاشا	بنگرد
٢٦	گۆمە زل	گۆمە زەڵ	بنگرد
٢٧	جالاهۆ	چاڵاوا	سورداش
٢٨	قەڕانکۆ	قەرانگوێ	
٢٩	هۆمەرقووم	هۆمەر قەوم	سورداش
٣٠	دوولوی	دۆڵەبی	بنگرد
٣١	سۆنییە	سونێ	قەڵاتدزێ
٣٢	بەراوەل	بەراوگەل	گەرمیان
٣٣	چامەخل	گامەخەڵ	گەرمیان – سەرقەڵا
٣٤	کانیسان	پێدەچێت کانی سارد بێت	قەرەداغ – دەربەندیخان
٣٥	باریکا	باریکە	عەربەت
٣٦	حسێوی	مەسۆیی	قەرەداغ– سێوسینان
٣٧	دیوانە	دێوانە	سێوسێنان
٣٨	هەسیڵ	ئەستێڵ	سێوسێنان
٣٩	حەجیە	بۆم ساغ نەکرایەوە	قەرەداغ
٤٠	تۆپزاوە	تۆپزاوا	کەرکوک
٤١	مام بارام	محە بارام	قادرکەرەم
٤٢	قەدەتوون	قایتەوەن	قادرکەرەم
٤٣	قەڵاقۆچاخڵی	قەڵاقۆچاڵی	تیلەکۆ
٤٤	جقیجە	جوقلیچە	ئاغجەلەر
٤٥	بابە رەشە	بابە ڕوشە	ئاغجەلەر–جەلەمۆرد
٤٦	ئافجەلەر	ئاغجەلەر	ئاغجەلەر
٤٧	قزلر	قزڵو[45]	ئاغجەلەر
٤٨	جوخلیجە	دیسانەوە (جوقلیجە)یە	ئاغجەلەر
٤٩	گوب تەبە	گۆپتەپە	ئاغجەلەر
٥٠	سێوسێوە	سوسێ	سورداش
٥١	بنکە	بنەکە	قادرکەرەم
٥٢	باریوولە	پاریوڵە	گەرمیان

[45] نوسەر تەها سلێمان ناوی ئەم دوو گوندە(قزلر و قزڵو)ی تێکەڵ کردووە، چونکە کاتێک شایەتحاڵی دادگا د. فایەق گوڵپی لەبەردەم دادوەر باسی کیمیابارانی گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر دەکات دەڵێت : من لەگوندی (قزڵوو) بووم، فرۆکەکان دەسوڕانەوە. بەڵام کاک تەها سلێمان گوندی قزڵووی لەگەڵ گوندی (قزلەر) لێی تێکەڵ بوون، لەکتێکدا قزلەر لە ناوچەی ناوچەی دۆڵەڕووتەو زۆر دورە لە گۆپتەپەو عەسکەرەوە، بەڵام قزڵوو لە ناوچەکەدایەو لەوبەری ئاوی زێی بچوکە بەرانبەر گوندی گۆپتەپە.

٥٣	بهرام بگ	بارام بەگ	قادرکەرەم
٥٤	هەلەکان	مەلەکان	دۆڵی مەلەکان
٥٥	پەنگول	پونگەڵە	دەربەندیخان
٥٦	محمود پەریزە	مەحمود پەریزاد	قادرکەرەم
٥٧	چەمی سورخاو	چەم سورخاو	قادرکەرەم
٥٨	گول بان	بان گۆل	قادرکەرەم
٥٩	گۆلەمەو	گۆلەمە	قادرکەرەم
٦٠	یاخمەسەر	یاخسەمر	سورداش
٦١	سەرگەڵەو	سەرگەڵو	سورداش
٦٢	مولان	مەولان	سورداش
٦٣	پۆجیلاخ	قۆجەبڵاخ	سورداش
٦٤	دەرزی	زەرزی	سورداش
٦٥	سابور	سابوراوا	سورداش
٦٦	لرکاوە	ڕکاوا	دوکان
٦٧	دولّکان	دوو لکان	سورداش
٦٨	حاجی قا	رەنگە حاجی تان بێت	سورداش
٦٩	پیرمەوەنی	پیرەمۆنی	تیلەکۆ
٧٠	گلنجاغ	گڵناغاج	ئاغجەلەر
٧١	هەیدەربەن	هەیدەربەگ	ئاغجەلەر
٧٢	داوەقوتە	دارەقوتە	ئاغجەلەر
٧٣	ماملیش	ماملیسێ	ئاغجەلەر
٧٤	گڕگڕ	گەڕگەڕ	کۆیە
٧٥	قازی بەگیان	قازبەگیان	کۆیە
٧٦	تەکەلتول	تەکەڵتوو	کۆیە
٧٧	ئیلاالله	ئیلەڵا	کۆیە
٧٨	تیمدرۆک	تیمارۆک	کۆیە
٧٩	قۆرەبەرازە	قوڕەبەرازە	کۆیە
٨٠	ئالیا سور	ئەلیاسە سور	کۆیە
٨١	مخرەس	موخەرەس	کۆیە
٨٢	ئیلینجاخ	ئیلینجاغ	کۆیە
٨٣	سینان	سێنان	کۆیە
٨٤	هەواران	هەواوان	کۆیە
٨٥	کۆمەگومبەت	ئۆمەرگومبەت	کۆیە
٨٦	شێواشان	شیوەشان	کۆیە
٨٧	کلکەسماق	کەڵکە سماق	کۆیە
٨٨	ئاوەدلوک	ئاودەلۆک	کۆیە
٨٩	بازئاغا	بایزاغا	کۆیە
٩٠	ئێرەگین	نێرەگین	کۆیە

٩١	یارمچە	یارەمیش	کۆیە
٩٢	قامیشە	قەمیشە	کۆیە

ئەو کەسانەی بەهەڵە ناویان لە کتێبەکەدا نوسراوە

زنجیرە	ناوی هەڵە	ناوی کەسەکە بەراستی	شوێنی دانیشتن
١	عەولە	عەولا	بالیسان
٢	عەبد ئەل رمدن	عەبدالرحمن –فەقێ	بالیسان
٣	هائیشە	عائیشە– یان ئایشێ	گوندی سێدەر
٤	خنجە	خونچە – عەبدولرەعمان	گوندی گەلالە
٥	سۆزە	سەوزە – عەبدولرەحمان	سەرمۆرد
٦	عوبێد غیدان	غێدان عوبێد	سێوسێنان
٧	هەرێ	هەردی (هەردی حەسەن)	سێوسێنان
٨	شمسە	شەمسە	سلێمانی
٩	سالّەح	سالّح یان صالح	قادرکەرەم

ناوی نەو هێزانەی بەهەڵە نوسراون

زنجیرە	ناوی هێز بەهەڵە	ناوەکە بەراستی	تێبینی
١	هێزی زولفە قادر	هێزی زولفەقار	قوات الذولفقار
٢	هێزی ئەل زەفادع	هێزی زەفادع	قوات الضفادع
٣	فیرقەی زەمینی	تیپی پیادە	فرقة الشاة –ف مش

سوپاس بۆ :

- بۆ کاک زامدار ئەحمەد کۆیی رۆژنامەنوس، کە زۆربەی ناوی گوندەکانی کۆیە ئەو بۆی ڕاستکردمەوە.
- مامۆستا هێمن عەبدوڵا گۆپتەپەیی، کە یارمەتیدام لە ڕاستکردنەوەی ناوی هەندێک لە گوندەکانی سنورەکەیان.

ڕاستکردنەوەی شێواندنی ناوی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال



عومەر محەمەد

لە ماڵپەرەکەیدا جینۆساید کوردو هەروەها کتێبەکەشیدا بەناوی جینۆسایدی گەلی کورد (پشکنین، ئامارو زانیاری، دیکۆمێنت) نوسەری بواری ئەنفال، (تەها سلێمان) کەوتووەتە هەڵەی زۆر گەورەو زەقەوە.

ئەم کورتە نوسینەم , تەنها راستکردنەوەی ئەو بەشەی کتێبەکەیەتی کە لەسەر ماڵپەرەکەشی بەهەمان هەڵە زەقەکانیەوە دەربارەی دەربازبوانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان دایناوە. بەچەندین بەڵگەش دەیسەلمێنم کە سەرجەمی بابەتەکەی لەو باسە دەرهێناوە کەمن بە ۆرد بۆم ناردووە هەتا لە گۆڤارو ماڵپەڕەکەی بڵاوی بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو هیچ رێزێکی لەهەوڵ وماندوبوون و خاوەندارێتی من وەرنەگرتووەو بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام بۆ چەواشەکردن و رێونی دەستکاری کردووەو لەو دەستکارییەشدا سەری لێشێواوەو هەموو دۆسێکانی تێکەڵکردوون و بەتەواوی دەستی ئاشکرا کردووە.

گەڕانەوە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە، تایتڵی پێشەکی و دەروازەی ئەو بەشەیە، کە بۆ دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ نوسیوێتی، بەڵام چۆن پێشەکی و نوسینێک ؟! نەک هەر دۆسێکانیان بەڵکو ناوەکانیشیانی شێواندەوەو هەموویانی تێکەڵ کردوون، ئەمەشی بۆ رێونی کردووە بەڵام خۆشبەختانە سەرکەوتوونەبووە.

بابزانین تەها چ پەندێکی داوە :

ناوی خوازراوی ئەم دەربازبووی بردووە بۆ ئەو دەربازبوو، چیرۆکی ئەم دەربازبووی لەژێر ناوی ئەو دەربازبودا بڵاوکردووەتەوە، ناوی باوکی دەربازبوویەکی کردووەتە ناوی خودی دەربازبووەکە، ناوی راستەقینەی دەربازبوویەکی کردووەتە ناوی خوازراوی دەربازبوویەکی تر، ناوی دوانیانی هەرنەبردووەو فەرامۆشی کردووە لەوەش سەیرتر ئەوانەی میدڵ ئێست ۆچ نەیبینون ئەم ناوی خوازراوی بۆداناوە .!

زەقترین هەڵەکانی بریتین لەمانەی خوارەوە:

1 – عوزێر کە ناسراوترین دەربازبووی کۆمەڵکوژی ئەنفالە، هەم لەماڵپەرەکەیدا (جینۆسایدکورد) و هەم لە کتێبەکەشیدا ناوی ئەم شایەتحاڵە گرنگە شێوێندراوە و بەهەڵە نوسراوە (وەهاب). ناوی ڕاستەقینەی خۆی (عەزیز وەهاب محەمەد سڵێمان)ە عوزێر ئەو ناوەیەکە لە کتێبەکەی مێدیل ئێست ۆچدا، یوست هێڵتەرمان لەبەرسەلامەتی ژیانی بەسەرهاتەکەی بەناوی خوازراو بڵاوکراوەتەوەو ناوی (عوزێر)ی بۆداناوە. لە کتێبەکەیاندا (جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد) ئاوا نوسراوە (بەسەرهاتی عوزێر). عارف قوربانیش بەهەمان ناو دیدارەکەی لەگەڵ عوزێردا کردووەو لە کتێبێکدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. بۆخۆشم هەرچیم لەبارەوە نوسیبێ هەربەناوی (عوزێر) ناویم هێناوەو لەبەر ئەوە ناوی راستەقینەیم فەرامۆش کردووە. لە مێژە (عوزێر) بووەتە ناوێکی سومبلی و ناسراوی ناوکۆمەڵگەی کوردی، بۆیە هیچ ڕەوا نیە کەسانێک لەبارەی ئەنفالەوە بنوسن و ناوی کەسایەتیە رەمزییەکانی دۆسێی ئەنفال نەناسن، یان لەبارەیانەوە بنوسن و نەک دۆسێکانیان بەڵکو ناویان تێکەڵ بکەن و لێکیان جیا نەکەنەوە، کەچی بەداخەوە کاک تەها سلێمان، ناوی رەمزی و راستەقینەی عوزێری فەرامۆش کردووەو بە (وەهاب) ناوی هێناوە، ئاخر سەلامەت بیت

(وەهاب) ناوی باوکێتی نەک هی خۆی ! بەو شێوەیە سەردێری بەسەرهاتەکەی کردووە بە (وەهاب محەمەد سلێمان) (عوزێر) . یەکێک شارەزا نەبێت عوزێرو وەهابی بۆلێک جیاناکرێتەوە.

2- (محەمە عەلی ئەحمەد) ناسراوە بەحەمە عەلی عالیان، لە کتێبەکەی میدڵ ئێست وەچدا ئەوسا لەبەر سەلامەتی ژیانی ئەو دەربازبووە ناوی (محەمەد)ی بۆ داناوەو بەناوی (بەسەرهاتی محەمەد) بڵاویان کردووە. بەش بەحاڵی خۆم هەمیشە بە ناوی (حەمە عەلی عالیان) لەبارەیەوە نوسیومە. کەچی کاک تەها ناوی ئەم دەربازبووەشی شێواندووەو (هاشم)ی بەناوی خوازراوی حەمە عەلی عالیان زانیوە ! ئەم بەدحاڵی بوونە لەکاتێکدایە کە (هاشم) ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی نەک خوازراو! سەیر لەوەدایە (هاشم محەمەد رەشید) دەربازبوی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ یە و لەکتێبەکەی میدل ئیست وەچدا هەر باس نەکراوە، نەبە ناوی خوازراو نەبە ناوی راستی خۆی ناوی نەهاتووە.

3- فەرەج محەمەد یاخود فەرەجی تۆپخانە لە کتێبەکەی میدڵ ئێست وەچدا بە (مستەفا) ناوی هاتووە، کەچی کاک تەها سڵێمان هەستی پێنەکردووە، بۆیە ناوە خوازراوەکەی بۆ دانەناوە.

4- هاشم محەمەد رەشید (مستەفا) نیە بەڵکو هاشم ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی، بۆیە منیش دیدارەکەم لەگەڵیدا لەکتێبێکدا هەر بەناوی (هاشم) بڵاوکردووەتەوە، بەکاک تەهای بەرێز دەڵێم مستەفا کاک فەرەجە. کە ناسراوە بەفەرەجی تۆپخانە.

5- ئەنوەر تەیارلە دایکبوی (١٩٥٤)ە نەک ١٩٤٥ناوی گوندەکەی چەم سورخاوە،نەک (چەمی سورخای).

ئەمانە کۆمەڵێک هەڵەی زەقن لەو بەشەی کتێبەکەیدا کە پێمباش بوو ڕاستیان بکەمەوە، سەیر لەوەدایە کۆی ئەم زانیاریانەی لەژمارە (٨)ی گۆڤاری ئەنفالستان وەرگرتووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکات، وتا لاپەرە (٨٥ هەتا ١٠٦) کە دەکاتە (٢٠) لاپەرەی کتێبەکەی هەمووی لە گۆڤاری ئەنفالستان وەرگیراوە کە بۆ دەربازبوانی گۆرە بەکۆمەڵەکانم ئەنجامداوە، هەموو جیاوازیەکەی نێوان ئەم بەشەی کتێبەکەی کاک تەها سلێمان لەگەڵ ئەوەی لەئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە تەنها ئەو کەمە دەستکاریانەیە کە هەڵەی تێداکردوون و لەسەرەوە راستمکردنەوە. بڕوانە (جینۆسایدی گەلی کورد – پشکنین.. ئامارو زانیاری.. دیکۆمێنت.

بەڵام نازانم بۆچی ناوی چوار لە دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵی هەڵاوردووەو ناوی هیچ کامیان (ئەبابەکرعەلی و سدقی عەبدلقادرو فەتاح عەبدولقادرو بەنگین مستەفا)ی نەهێناوە ؟

شەشەم: هاشم مەحمەد رەشید "مستەفا"
لە ساڵی 1963 لە شاری سلێمانی لە دایك بوە، لە ساڵی 1981 کە شەڕی سەختی نێوان عێراق و ئێران دەستی پێکرد، " مستەفا" فیرار دەبێت و دەچێتە گووندی "کوریمێ" لە بادینان، هۆکاری چونیشی بۆ ئەوێ ئەوەبوە ماڵی خاڵی لەوێ بوە. ڕێکخراوی میدڵ ئیست ووچ چیرۆکی مستەفای بەم شێوەیە دیکۆمێنت کردووو دەنوسێ" سێ ئۆتۆمبێلەکەی تر، لە گەڵ هەمان کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی "عوزێر" کە لە کەرکوکەوە دەرچووبوون، و چەند سەد مەترێك لە سەرەوە وەستان، لەم نزمایەوە کە عوزێر لە پەنجەرەکەی شۆفێرەکەوە بەدیدەکردن و لەوێدا پرۆسەی لە سێدارەدانەکە بە شێوەیەکی بەرزەفتر بەرێوە دەچوو، کات خۆر ئاوابوو، کە گاردەکان بە پەلە هاتن و دەرگای پشتەوەی ئەو ئۆتۆمبێلەیان کردەوە، کە مستەفای

پێنجەم: وەهاب مەحمەد سلێمان " عوزێر"
دانیشتووی گوندی تەرجیلی شارۆچکەی لەیلانی سەربەپارێزگای کەرکوکەو لەوێش لەدایك بوە، لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، تەمەنی "25" ساڵ بوە، وەك سەربازێکی هەڵاتوو، لە گوندی خدر ڕەیحانی سەربە شارۆچکەی قادر کەرەم کە دەکەوێتە سنووری قەزای چەمچەماڵ گیرسابوەوە. لە 10ی نیسانی 1988 وەك هەزاران کەسی تر ئەنفال کراوە بە دەستی جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە، دوای چەند کاتژمێرێك ڕادەستی دەزگای ئەمنی دەکەن و دواتر بە کاروانێك زیلی سەربازی لە قادر کەرەمەوە ڕەوای لیوای سەربازی چەمچەماڵ دەکرێن. لە 14ی نیسانی 1988 لە گەڵ هەزاران کەسی تر خۆیان لە تۆپزاوە دەبینەوە. لە 16ی نیسان بەرەو شوێنی کۆمەڵکوژی بە ڕێدەخرێن، لە کاتی سەرخستنیان بۆ نێو ئۆتۆمبێلەکان "عوزێر" "375" سێسەدو هەفتاو پێنجەمین ناو بوە.

كتێبى قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيه،سياسية تاريخية

عومەر محەمەد



كتێبى قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيه،سياسية تاريخية لە پێشكەش كردنى دادوەرمحەمەد عوريبى و ئامادەكردنى مافناس بەهزاد عەلى ئادەمەو پاريزگارى دهۆك بەزمانى عەرەبى چاپ وبڵاوى كردووەتەوە، بەداخەوە پڕێتى لە هەڵەى زەق و چەواشەكردنى مێژوى ئەنفال .. زۆربەى ناوەكانى (الحسن) بە (الحكسن) نوسراون، يەكێك لە هەڵە زەقەكانى ناوكۆنوسەكانى دادگادا كە باسى نوسراوێكى ئيستخبارات لەمەر بەكارهێنانى چەكى كيميايى لە (٦) شوێنى كوردستان دەكات، بەڵام بەشێوەيەكى گاڵتەجارِى مێژووى شێواندووەو نوسيوێتى (١٩٩٧/٥/٧) ئەم ناوچانە بەچەكى تايبەت بۆمبارانكراون . ئەگەرچى من باش دەزانم ئەوە هەڵەى چاپە ئەوەش دەزانم كە نوسراوەكەى ئيستخبارات هێمای ژمارە (٦٦٥٥٧٥) بۆدانراوەو كاتى لێدانەكەى رۆژى ٥/٧ى (ساڵى ١٩٨٧). نەك ساڵى (١٩٩٧)، ئەوەى باشە ئەم هەڵەيەى كۆنوسەكە لەكتێبەكەدا چاككراوەو تێنەپەڕيووە، بەڵام بەداخەوە لە لاپەڕە ٥٢١ دا ديسان دادوەر محمەد عوريبى و مافناس بەهزاد عەلى ئادەم لە كتێبەكەياندا هەڵەيەكى ترى هاوشێوەيان كردووەو ساڵى (١٩٩٧)يان بۆ دۆسێى ئەنفال و كيميابارانى بەكارهێنانى (عتاد الخاص) دوبارە كردووەتەوە، سەبارەت بە بەكارهێنانى چەكى تايبەت لە پرۆسەى ئەنفالدا بەڕێوەبەرى هەواڵگرى سەربازى تۆمەتبار (صابر عبدالعزيز الدوري) لە بەردەم دادگاو لە وەڵامى دادوەردا دەڵێت : (بەڵێ ئيستخبارات راپۆرتى لە مەڕ دۆخى باش وخراپى پرۆسەى ئەنفال و زيانەكانەوە بەرزكردووەتەوەو ئينجا هەرچيمان چنگ كەوتبێ بەرزمان كردووەتەوە بۆ سەرۆكايەتى) ئەم قسانەى تۆمەتبار كە دواتر بە چەند تاوانێک سزادرا لە كتێبى قرار محكمة الانفالدا بڵاوكراوەتەوە كە پاريزگاى دهۆک بەزمانى عەرەبى چاپ وبڵاوى كردووەتەوە بەڵام لەوكتێبەشدا ديسانەوە رێكەوتەكەى بەهەڵەى چاپ تۆماركراوەو لەبرى رۆژى ١٩٨٧/٣/٢٥ نوسراوە ١٩٩٧/٣/٢٥ ! (**بروانە كتێبى قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيه،سياسية تاريخية- ٢٠١٤ الصفحة ٥٢١**)

يەكێكى تر لە هەڵەكانى ناو ئەو كتێبە كە بريتيە لە كۆنوسى دانيشتنەكانى دادگاى باڵاى تاوانەكان لەمەڕ تاوانى ئەنفال، شێواندنى ناوى گرنگترين شاياتحاڵى دادگايە ئەويش (عاسى مستەفا ئەحمەد)ە، هەڵەكانى ئەم كتێبەش، ناوى باپيرى

عاسی و سال و ڕۆژی گەڕانەوەی بەهەڵە تۆمارکراون، لە دوای هەشت ساڵ لەدیلێتی عاسی مستەفا، ناوی باوکی کراوە بە ئیمداد. ئەو پیاوە خاوەنی چیرۆکێکی زۆرتایبەتەو ماوەیەکی زۆر بووە جێگەی سەرنجی میدیا جیهانیەکان، زۆر عەیبە بۆ دادگاکەو بۆ ئێمەی کورد بهێڵێن مێژوومان ئاوا بشێوێندرێت. عاسی مستەفا لە ١٩٨٨/٨/٢٤ لە ئێران نەگەڕاوەتە وەک لەکتێبەکەی دادوەر محمەد عوریبیدا هاتووە، بەڵکو لە ١٩٩٠/٨/٢٤ گەڕاوەتەوە بۆعێراق. بڕوانە (قرار محكمة الانفال– وثيقة قانونيه،سياسية تاريخية– ٢٠١٤ ص١٣٣)

ئەو پیاوە هەردەڵێی بۆ ئەوەهاتووەتە ژیانەوە کە دۆست ودوژمن ستەمی لێبکەن! ئەو کە سەربازێکی یەدەگی بەرەی جەنگی قادسیەو لە کاتی ئەنفالدا لەبەرەی (ڕیزیم)دا بوو، کەچی هەر ڕیژیم ماڵی وێرانکردووە، لە دوای ٨ ساڵی دیلێتی بەسەرهەواری خاڵیدا هاتەوە بۆ نیشتمان، هەموو پاداشت و سەبوریەکەی ئەوە بوو لە دادگای ئەنفال بەشداربووە،کەچی دادگاکەش لەکۆنوس و ئەرشیفی دانیشتنەکانیدا ناوو مێژوی ئازادبوون و گەڕانەوەی بۆ عێراق، شێواندووە!

ئەمە چەند نمونەیەکی زۆر کەمی هەڵەوپەڵەکانی ناو کۆنوسەکانی دادگان کە خستوومەتە ڕوو پێموایە ئەمەندە بەس بێت. کەدڵنیام پڕ پڕن لەم هەڵانە.

چەکدارێکی داعش:

چوار کچی پاکیزەی یەزیدی ببون بەبەشێك لەموچەکەم! بۆ شەوێك بە ٣٠٠دۆلاردەمفرۆشتن"

وەرگیڕانی لەئینگلیزییەوە : ڕەگەز کەمال حەمەعەلی

بەبۆنەی ساڵڕۆژی تاوانە تراژیدیاکەی سەرکوردانی ئێزیدی و ڕادەستکردنی شەنگال پێمباش بوو ئەم بابەتەی دەیلی تێلیگرام وەربگیڕمە سەر زمانی کوردی کە باس لە مامەڵەی چەکدارێکی داعش دەکات لەگەڵ چوار کچی پاکیزەی ئێزیدی دا..محمد ئەحمەد چەکدارێکی داعشە تەمەنی ٤٠ساڵە، لەکاتی چواردەورەگرتنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە ناوچەی شەنگال کە بە دەیان ژن و پیاو و منداڵ لەناویدا خۆیان حەشاردابوو لەهاوینی ٢٠١٤، ناوبراو دەڵێت: "کاتێ لەناو هۆڵی قوتابخانەکە تەقەم لییان کرد ١٠ بۆ ١٢ پیاوم لێکوشتن و لەناویاندا منداڵ هەبوون، پاشان ئەمیرەکەمان فەرمانی پێدام کە کچە هەرە جوانەکان لەگەڵ خۆیان بگوازنەوە بۆ موصڵ " . چەکدارەکەی داعش بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "لەوێ کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرا وەکو کۆیلە وە لەنیوان ئەمیرەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا"

هەروەها "ئەو ٤ کچانە تەمەنیان لە ٢٢–٣٠ ساڵ بوو، ببوون بەبەشێک لەموچەکەم چونکە خۆم تەنها ٦٠هەزار دیناری عێراقی موچەم بوو بەلام هەریەکێکیانم بە ٢٠٠ دۆلار دەفرۆشت بە چەکدارێکی تری داعش بەمەرجی گەڕاندنەوە"

ناوبراو دەڵێت: "چوار کچەکەم لە خانوویەکی دورەدەست دانابوون، هەرشەوەو بەجیا لەگەڵ یەکێکیان سێکسم دەکرد، ئەوکاتەی کە بەدەستم هێنان پاکیزەبوون وە هێندە جوان بوون ناتوانریت وەسف بکرێن"

لەئێستادا ئەم چەکدارەی داعش پەشیمانەو داوای لێبوردنی کردووە لەکوردانی ئیزیدی لە دادگا بەلام زۆر درەنگەو سزای خۆی وەردەگرێت و لەئێستادا بەهەزاران چەکدار و گومانلێکراوی داعش دەستگیرکراون و لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

سەرچاوە:

١ –دەیلی تێلیگرام

٢ –مۆنتریال گازەتی

کەندێناوە سەرەتای تەعریب و سەرەتای دەستپێکردنەوەشی

شێرکۆ کرمانج



هەر جارێک پرسیاری تەمەنو ڕۆژی لە دایکبوونی خۆم بکردایە، دایکم دەیگوت کوڕم ئەتوتەقریبەن چار مانگانبووی لە زگم کە حەرەس قەومی و عەسکەر هاتن گابەرەکەو چەندین گوندی دیکەیان لە کەندێناوە سوتاند. بابت لەگەڵ تەواوی خەڵکی گابەرەکەو ئەو گوندانەی کە سوتێندران بردرانو لە موسەیب لەودیوی بەغدای زیندانیکران. ئەو ڕۆژی خوا ئەتوی دا مە بابتو خەڵکەکە لە زیندان بەربوون. ئەو وەختی ئەمە لە هەولێرێ بووین چونکە حکومەت پاش گرتنی پیاوەکان ژنەکانیان دەرکرد لە گوندەکان. دایکم ئێستاش ئاوا چیرۆکی لەدایکبوونی من دەگێڕێتەوە کە لەڕاستیدا تەنیا چیرۆکی لەدایکبوونی منداڵێک نییە بەڵکو چیرۆکی هەوڵی زیندەبەچاڵکردنی گەلێکیشە لەڕێگەی تەعریبو ڕاگواستن. سوتاندنی ئەو گوندانەی دایکم باسی دەکردن لە کەندێناوە لە ١٩٦٣ دا کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ٣٠ گوند لە ٧٠ گوندی ناوچەکە دەکرێت بەسەرەتای تەعریبکردنی سیستەماتیکانەی ناوچە کوردستانیەکان لە باشوری کوردستان دابنرێت. هەندێک نوسەرو تۆێژەر پڕۆسەی تەعریبکردنی کوردستان دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی کاتێک یاسین هاشمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە ١٩٣٦ دا ئاسانکاریی زۆری پێشکەش بە خێڵە عەرەبەکانی دیوی ڕۆژئاوای زێی دیجلە کرد تاوەکو بێن لە دیوی ڕۆژهەڵاتی دیجلە لە ناوچەی حەویجە پێگەدانێن، ئەویش بە لێدانو ڕاکێشانی کەناڵێکی ئاو تاوەکو عەرەبەکان لە دەوروبەری کەناڵەکە بەروبومەکانیان بچێنو نیشتەجێبن. بەڵام ئەم هەوڵانە زۆر سیستەماتیک نەبوون چونکە خێڵە کوردییە نیمچە ڕەوەندەکانیش ئازادکرابوون کە کەڵک لەم پڕۆژەیە وەرگرن بەس کوردەکان تەنانەت بەپیر بانگەوازی هەندێک لە ڕوناکبیری کوردیشەوە نەچون بۆ نیشتەجێبوون لەو ناوچانە.

مەبەست ئەوەیە کە پێش هاتنی ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ سەر حوکم لە ١٩٦٣ هاتنی عەرەب بۆ کوردستان زیاتر بەشێوەی گەشەیەکی سروشتی بووە لەوەی سیاسەتێکی تەعریبی سیستەماتیکی لەپشت بووبێت. بەڵام لەوکات بەدواوە تەعریبکردن شێوازێکی سیستەماتیکانە بەخۆیەوە دەبینێتو لەئاکامیدا لەنێوان ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ نزیکەی ٣٦ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، واتە ٤٢%، ی خاکی کوردستان، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەر سیاسەتەکانی تەعریب کەوتووە. ناوچەی کەندێناوە لەم هەڵمەتە سیستەماتیکییە پشکی شێری بەرکەوتوە. یەکەم هەوڵی تەعریبکردنی ناوچەکە لە ١٩٦٣ دا لەسەر دەستی حەرەس قەومییەکانو ناسیونالیستە عەرەبەکان

لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف ئەنجامدراوە، کە وەک گوتم نزیکەی ٣٠ گوندی گرتەوە. دووەم هەوڵ لە ١٩٧٥ دا لەسەر دەستی بەعسییەکان لەسەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر جێبەجێکرا. تەنیا ئەو گوندانەی گرتەوە کە ئەوکات نەوتیان تێدا دۆزرابۆوە کە ژمارەیان ٢٩ گوند بوو. سێیەم هەوڵ لە ١٩٨٧ لەسەر دەستی بەعسییەکان لەسەردەمی



سەدام حوسێن وەگەڕخرا کە تەواوی گوندەکانی کەندێناوەی گرتەوە .

لە دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣ دا خەڵکی تەواوی گوندەکانی کەندێناوە بەشێوەیەکی پچڕپچڕو بەژمارە کەم گەڕاونەتەوە گوندەکانی خۆیانو بەگشتیش خەریکی ئاژەڵداریو کشتوکاڵن. لەدوای شکستی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵ لێرەو لەوێ قسە لەسەر گەڕانەوەی عەرەبەکان بۆ ناوچەی کەندێناوە کراوەو دەکرێت، بەتایبەتی ئەو گوندانەی کە لە ١٩٧٥ەوە عەرەبیان تێدا نیشتەجێکرابوو. لە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ ی کانونی دووەم، گروپێکی گەورە لەو عەرەبانەی کاتیخۆی لەناوچەکە نیشتەجێکرابوون بە پاڵپشتیی پۆلیسی ئیتیحادی عێراقی و بەڕەزامەندی پارێزگاری کەرکوک هاتونەتە گوندی پەلکانە، یەکێک لە گوندە تەعریبکراوەکانی کەندێناوە. لەوێ هەندێک مافیان داگیرکردوەو هەڕەشەیان لە خەڵکەکەش کردوە کە دەبێت گوندەکە جێبهێڵن .

ئێستا هەوڵەکان بەردەوامن بۆ شکستپێهێنانی هەوڵی دووبارە تەعریبکردنەوەی ناوچەکە لەژێر سایەی حکومەتەکەی عەبادی. لەو پەیوەندە واچاکە هەڵوەستە لەسەر هەندێک پرس بکرێتو هەندێک ڕاستیی بخرێنەڕوو، لەوانە: یەکەم، حکومەتی مەرکەزی عێراق دەیەوێت خۆی لەم هەوڵە نەبان بکاتو بیخاتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی پارێزگای کەرکوک وەک ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی تەعریب بەشێک نییە لە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی. ئەم قسانەی حکومەتی مەرکەزی بە سەرکردایەتی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەڕاستییەوە دوورن چونکە دوای شکستی ئۆکتۆبەر ئەوە بۆ چەند مانگێک دەچێت هەوڵی ئێجگار چڕو بەرفراوان دراوەو دەدرێت بۆ دووبارە تەعریبکردنەوەی تەواوی ناوچە کوردییەکان بەتایبەتی ناو شاری کەرکوک. نمونەی ئەم هەوڵانە دانی پسولەی خۆراک (البطاقة الغذائية) و پسولەی نیشتەجێبوون (بطاقة السكن) بە بە سەدان عەرەبی هاتوو (عرب النازحين) لەناو شاری کەرکوک. مەترسی ئەم کارە لەوەدایە کە پسولەی خۆراک و پسولەی نیشتەجێبوون لە هەڵبژاردنەکان بنەمای سەرەکین بۆ مافی دەنگدان لە هەموو شوێنێک، ئەمەش بە دڵنیاییەوە هاوکێشە سیاسییەکان و کورسییە براوەکان لە هەڵبژاردنی داهاتودا بە قازانجی هێزە عەرەبییەکان و بە دژی هێزە کوردییەکان دەگۆڕێت. هەر لە بنەڕەتیشدا پڕۆسەی

تەعریب، بەکۆن و بە نوێیەوە، بۆ ئەم مەبەستە داڕێژراوە .

دووەم، ئەم هەوڵانە ناکرێت و نابێت لەلایەن گەلی کوردستانەوە قەبوڵبکرێت چونکە دژی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی مرۆڤیشە بەگشتی. کوردستانیان دەبێت ئەم هەوڵانەی لایەنە عێراقییەکان بەکەن بە سەرەتایەک بۆ زیندوکردنەوەی ماددەی ١٤٠ لە دەستوری عێراق کە بە ڕوون ئاشکرا پێداگری لەسەر نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب دەکاتو میکانیزمی ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکانو گێڕانەوەی کوردو تورکمانە دەرپەڕێندراوەکانی دیاریکردوە. بۆیە دەستور دەبێت بکرێت بە بنەما بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی ئەم ناوچانە ئەگەرنا هەمیشە هەڵگیرسانەوەی شەڕی نەتەوەیی لە عێراق لەنێوان کوردو عەرەبدا بەزیندویی دەمێنێتەوە، کە بەدڵنیایشەوە مالوێرانی بۆ نەتەوەکانی عێراق بەدوای خۆیدا دێنێت.

سێیەم، کوردستانیان دەبێت ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم پرسە پرسێکی سیاسییەو ناکرێت لەڕێگەی دادگاوە چارەسەربکرێت. مەبەست ئەوەیە ناکرێت پرسی خاوەنداریێتی لەم ناوچانە لەسەر ئەساسی وەرگرتنی قەرەبۆ یان وەرنەگرتنی قەرەبۆ یەکلاییبکرێتەوە چونکە خەڵکی ئەم ناوچانە تەنیا لەسەر ئەساسی کوردبوونیان دەرکراون نەک هۆکارێکی دیکە. قەرەبۆکردنەکەش بەزۆرەملێ بووە. خۆ ئەگەر هۆکاری ئەمنی، ستراتیجی یان تەندروستیو ژینگەیی لەپشت چۆڵکردنی گوندەکان بووە ئەی بۆ عەرەب هێنراون بۆ ناوچەکە. حکومەتی مەرکەزی عێراق لەسەردەمی بەعس بڕیارێکی ڕەگەزپەرستانەی داوەو دەبێت بەگەڕانەوە بۆ دەستوری ٢٠٠٥ ی عێراق ئەم بڕیارانە هەڵوەشێنرێنەوەو ماددەی ١٤٠ یش بکرێت بە میکانیزمێک بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخە شێوێنراوەکە.

چوارەم، ئەم پرسە تەنیا کێشەو ململانێی گوندنشینە کوردەکانی ناوچەکەو عەرەبە هاوردەکان نیە تا لە میانی ململانێ لەسەر خاک (نزاعات الأرض) لە نێوان دوو کەس یان چەند کەسێک یەکلاییبکرێتەوە. ئەمە کێشەی گەلی کوردستانە لە عێراق، کە ڕووبەڕووی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی و تەعریبو ڕاگواستنو چۆڵکردن بۆتەوە. ئەم پرسانە دەبێت لەنێوان حکومەتی مەرکەزیو نوێنەرانی کورد چ لە بەغدا چ لە حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی دەستوری عێراق یەکلاییبکرێنەوە . ناکرێت ئەو ئارگیومێنتە قەبوڵبکرێت کە گوایە زەوییەکانی ئەم ناوچانە کاتیخۆی لەسەر وەزارەتی دارایی عێراق تاپۆکراونو بگوترێت کوردنشینەکانی ئەم ناوچاوانە چیدیکە مافی داواکردنی ئەم زەوییانەیان نیە چونکە وەک گوتم ئەمە بڕیارێکی دەمارگیریی و ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی عێراق بووەو مەبەستێکی سیاسیی دژە-کوردی لەپشت بووە، بۆیە دەبێت لەو چوارچێوە سیاسییەدا ببینرێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لە کۆی ئەم قسانە دەکرێت بگوترێت وەک چۆن سەرەتاکانی تەعریبکردنی کوردستان کاتیخۆی لە کەندێناوە دەستپێکرد واپێدەچێت سەرەتاکانی دووبارە دەستپێکردنەوەی تەعریب هەر لەو ناوچەیە دەستپێبکاتەوە، وەک ئاماژەکان ئێستا دەرکەوتون. بۆیە ئەم هەوڵە نابێت وەک کردەیەکی چەند کەسی، یان هەڵەیەک، یان پرسێکی لاوەکی تەماشابکرێت. ئەم هەوڵە لە کەندێناوە سەربگرێت درێژدەکرێتەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیو عێراق سازدەکەنەوە بۆ شەڕێکی دیکەی خوێناوی، ئەمجارە نەتەوەیی، کە لە قازانجی هیچ کەسو لایەنێکدا نیە.

هەردووک وێنەکە ، گوندی گابەرەکەی کەندیناوان، بە سوپاسەوە نوسەر ناردونی ، یەکەمیان گوندی گابەرەکەیە ساڵێک پێش ڕوخاندنی لە ئەنفالدا- ساڵی ١٩٨٧ و دووهەمیان دوای ئاوەدانکردنەوەیەتی ساڵی ٢٠٠٣ .

چیرۆکی وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال
زانکۆی گەرمیان- کۆلێژی پەروەردە
کۆنفرانسی جینۆساید

چیرۆکی وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال

هێمن عەبدوڵا

ی تەموزی ٢٠١٧ ٣-٢

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابوردو، حاجی کاکەوڵا، دەبێتە وێنەگر(فۆتۆگرافەر) دوکانێکی وێنەگری لە ئاغجەلەر دەکاتەوە کە ئەوسا شارەدێیەک بوو نزیکەی ٦٠گوند لە سنوری کارگێری دابوون، خەڵکی گوندەکان بۆ وێنەی (معاملات) دێنە لای بۆ وێنەگرتن، ئەمە جگەلەوەی کە بەشێکی زۆر لە گوندە دوورەدەستەکان، حاجی عبدلله وێنەگر خۆی و کامێرا شەمسیەکەی، دوای بڕینی رێیەکی دوور بە پێی و بە سواری وڵاخ دەچێت بۆ گوندەکان و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و وێنەی سەرجەم خەڵکی گوندەکە دەگرێت و خێزان بە خێزان بە وردەکارییەکی زۆرەوە لە ناو فایل و زەرفی جیاوازدا هەڵیان دەگرێت کە هەر کات ئەو کەسانە لە ساڵانی دواتریشدا چوبێتنەوە بۆ وێنە گرتن کاکە وڵا نێگەتیڤی وێنەکانی خستۆتەوە ناو هەمان فایل، کە ئەمەش کارێکی زۆر وردەکارانە و لە دیدێکی ئەرشیفیانەوە دروست بووە، ئەمە جگە لەوەی دوای ئەوەی وێنەی یەکە یەکەی ئەندامانی خێزانەکە دەگرێت، دواتر وێنەیەکی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەش پێکەوە دەگرێت.

حاجی کاکەوڵا کییە ؟

حاجی عبدالله تا ساڵی ١٩٩١خەریکی پێشەی وێنەگری بووە.

بەڵام بەداخەوە ! لە کۆڕەوە ملیۆنیەکەدا بۆ ئەبەد حاجی عبدالله ون بوو، وەک ئەنفالکراوەکان جارێکی تر نەبینرایەوە و هیچ سۆراخێکی نەما.. بەڵام لە دوای خۆی نزیکەی11هەزار نێگەتیڤ وێنەی بۆ بەجێهێشتووین کە بۆ مێژووی میللەتێکی ئەنفالکراو زۆر گرنگن. ئەو کاتە جگە لە کەسانێکی کەم وەک مامۆستا جەمالی برای حاجی عبدلله دەزانن کە ئەوە چ گەوهەرێکە بەجێماوە، هیچ کەسێکی تر گرنگی پێنادات لەم شوێن بۆئەو شوێن لەم دوکانی وێنەگری بۆ ئەو دوکانی وێنەگرتن، ئەم وێنەو نێگەتیڤانە هەڵدەگرێت .



سەرەداوی دۆزینەوە:

لەڕێگەی هاوڕێیم، جەوهەرکانی هەنجیری، هەوالّی دەستکەوتنی وێنەکانم پێگەیشت، دەست وبردم کردو خۆم گەیاندە تەکیەی کاکەمەند بۆلای وێنەگری عیماد کە تەوای فیلمەکانی لەلابوو، بەسوپاسەوە ئەوانەی گوندەکانی (گۆپتەپەو جەلەمۆرد)ی پێدام،هەر ئەو رۆژە وەک مژدەیەکی خۆش سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانم ئاگادارکردو گەیشتمە سلێمانی گفتوگۆمان لەبارەی دۆکیۆمێنتکردنیان کرد، سەرەتا بیرمان لەوە



کردەوە لەموختەبەر بیناشۆینەوە، بەڵام کە زانیمان پارەیەکی زۆر داوا دەکەن. وازمان لەو خەیاڵە هێناو بیرمان لەرێگەی ترکردەوە، هەتا بە هاوکاری رێکخراوی وادی ئەڵمانی دەستم بەکارکرد، پاشئەوەی کۆمپیتەرو سکانەر و تێچووی چاپکردنیان گرتە ئەستۆ لە ماوەی ٦ مانگی تاقەتپروکێندا بە زەحمەتێکی زۆر کارەکەم هێنایە بەرهەم و لە یادی ٢٧ی ساڵەی تاوانی ئەنفال وکیمیابارانی گۆپتەدا هەر بەهاوکاری رێکخراوی وادی ٢٧ وێنەمان چاپکردو لە پێشانگایەکدا نمایشمان کرد. دواتر چەند پێشانگایەکی تری بەدواداهات وکارەکە سەری کێشا بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکۆمێنتاری لەبارەی گرنگی کارەکەوە . بەڵام لەمیانەی کارکردنمدا زانیم ، زۆربەی خاوەنی وێنەکان ئەنفالکران دواتر دەستم کرد بەگەڕانەوەی وێنەی ئەو ئەنفالکراوانەی کە کەسوکاریان مابوون و دەناسرانەوە. بۆکەسوکارەکانیان ئەوەی جیگەی ئاماژەیە زۆرینەی وێنەکان لای خودی خێزانەکانیش نەبوون واتا دوای تێپەڕ بوونی چارەکە سەدەیەک دەبووە یەکەم بەرکەوتنی وێنەی ئەنفالکراون و خیزانەکانیان ... ئەمەش مەگەر هەر لەلای کورد بێبەها بێت.

چیرۆکی وێنەی حەبیبە حسێن، هاوژینی جەلیل مستەفا تاهیر – گۆپتەپە

حبیبە حسێن تاهیر لە دایک بووی ساڵی 1966 هاوسەری جەلیل مستەفایە، یەکیکەلەو 21 خانەوادەیەی کە تاکە دەربازبووی خێزانەکانیانن لە تاوانی ئەنفالی 4 لە گوندی گۆپتەپە.



جەلیل مستەفا، هاوسەری لە ژیانداماوەو خێزانی پیکهێناوەتەوە جێگەی سەرنجە کە ئیستاش تاکیک پێلاوی یەکیک لەمنداڵەکانی لەلای خۆی هەڵگرتووە ..لەکاتی بینینەوەی وێنەی هاوژینی گوتی: "ئاخ ئەوە سەردەمی خۆشەویستیمان بوو"،بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستم کەوتوون ئەم وێنەیە کاتێک هاوسەرگیریان کردووە بە مەبەستی گرێبەستی هاوسەرگیری لەلای حاجی عبداللەی وێنەگر گیراوە.

ناوی منداله ئەنفالکراوەکانی

ژیان جەلیل مستەفا

ڤیان جەلیل مستەفا

نیان جەلیل مستەفا





چیرۆکی وێنە– زرار مجید

زرارمجید حەمان لەدایک بووی ساڵی 1969 وێنەکەی لەساڵی 1984 لەناحیەی ئاغجلەر لەوێنەگری حاجی عبدللەگیراوە ،لە سالی 1988 دوای ئەوەی خێزانەکەی ڕەوانە ناحیەی تەکیە دەکات بەنیازی ئەوەی ئازادبن و بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەون، بەڵام بۆ خۆی لەگوندی گۆپتەپە دەمینیتەوە.

دوادیداری ئەوخیزانە ئەوکاتە دەبیت کە لەگوندی گۆپتەپە لیک جیادەبنەوەو بۆ ئەبەدی بەیەکتر ناگەنەوە، شایانی باسە کاتێک زرار مجید لەساڵی 1988ئەنفال دەکرێت غەزاڵ عبدللە ی هاوسەری دووگیان دەبیت بە شاهۆی کوڕییەوە کە ئیستا تاقانە کوری دایک و باوکی ئەنفالکراویەتی لەکاتی بینینەوەی وێنەکەی باوکیدا شاهۆ زرار مجید وتی: هیچ هەستێکم بۆی نیە، چونکە من کاتیک لەسکی دایکمدا بووم، دایکم بەمنەوە دوو گیان بووەو وەک دەڵێت سکی ٧ مانگان بووە، کە باوکم ئەنفالکراوە تەنانەت وێنەکەشی یەکەم جارە ئەبینم سۆزوهەستی باوکایەتیم نەبینیوە"





وێنەی مەرگ وژیان – تریفەو عەلی



عەلی وتریفە بەمندالّی



عەلی سالی ٢٠١٥

تریفە نەوزاد مەجید ١٩٧٧ – گۆپتەپە.
لە خانەوادەکەیان، کەسیان دەربازنەبوون.
ناوی خانەوادەی تریفە :
نەوزاد مەجید حسن ١٩٥٢ (باوکی).
توبا یوسف ئەحمەد ١٩٥٧ دایکی
تارا نەوزاد ١٩٧٩ خوشکی
ئاکۆ نەوزاد ١٩٨٢ برای
شێرکۆنەوزاد ١٩٨٧ برای
شکۆنەوزاد (مندالّ) برای
وەک لەوێنەکەدا دیارە عەلی محەمەد برزۆ لە دایکبووی ١٩٧٧ هاوسێ وهاوتەمەنی تریفە. پێش پەلاماری ئەنفال وێنەکەیان پێکەوەگرتووە **چیرۆکی وێنەکە.**









دایک وباوکی تریفەو عەلی بەمەبەستی وێنەگرتنیان بۆ قوتابخانە، دەیانبەن بۆ ناحیەی ئاغجلەر بۆلای حاجی عبداللەی وێنەگر، کاتێک وێنەی تایبەتی بۆهەر یەکێکیان دەگرن، باوکی علی داوا لە باوکی تریفە دەکات: (تریفەوعلی) بۆ یادگاری وێنەیەک پێکەوە بگرن، علی زۆر بەئازارەوە چیرۆکی ئەم وێنەیەی بۆمن گێڕایەوە.
وتی: (کاتێک ویستویانە وێنەکەمان بۆبگرن تریفە بە باوکی ووت "من حەزناکەم لەگەڵ کوڕوێنە بگرم) سەرنج ..! ئەگەر بەوردی سەرنجی چاوە ماتەکانی تریفە بدەین وبڕوانین، قسەکانی علی پشتراست دەکاتەوە، عەلی بەبینینەوەی وێنەکە دوو هەستی دەربڕێ :
یەکەم: دڵخۆش بوو، کە دوای چارەکە سەدەیەک بە وێنەیەکی مندالّی خۆی شاد دەبێتەوە.
دووەم : زۆر دڵتەنگ بوو کەلەوێنەکەدا تریفەی هاوسێ و هاوتەمەنی خۆی بینیەوە کە خۆی و هەموو خانەوادەکەی ئەنفالکراون . هەرزوو زوو ئەوقسەیەی دەکردوە کەدەیگوت تریفەوتویەتی حەزناکەم لەگەڵ کوڕ وێنەبگرم .

چیرۆکی برا تاقانەکان!



ئەمیر علی ئەحمد لە دایک بووی ساڵی 1959 تەوای خانەوادەکەی ئەنفالکراون لەگوندی گۆپتەپە دایک وباوکی چونەتەنوگرەسەلمان ،بەهۆی ئەوەی تەمەنی دایک وباوکی گەورەبوون دوای ماوەیەک لەنوگرەسەلمان ئازادکران وگەڕانەوە بۆگۆپتەپە باوکی کۆچی دوای کردوە ودایکیشی تائێستا لەژیانداماوە.

ناوی هاوژین و منداڵەکانی	موالید
تەمین جوهرکەریم	1957
هەوارئەمیر علی	1975
ئاکۆئەمیر علی	1976
نەهرۆئەمیر علی	1979
سەردار ئەمیر علی	1981

ئەمیر علی یەکیکە لە24خانەوادەیەی لەگوندی گۆپتەپەی شەهیدان تەواوی خیزانەکەی ئەنفالکراون..

کە دەڵێین ئەنفال چیرۆکی سەیرو سەرسوڕهێنەری تێدایە، چیرۆکی براکان یەکێکە لەوان ئەم پیاوە جگەلە خۆی سێ برای تری هەر بەتەنیا ماونەتەوە، واتا براکان خۆیان دەربازبوون و هاوژین و منداڵەکانیان ئەنفالکراون .



چیرۆکی نەسرین موتەلیب – جەلەمۆرد

نەسرین موتەلیب، کچیکی ئەنفالکراوە لەگەڵ دایک و خوشکێکی لەگوندی جەلەمۆردی بناری خاڵخاڵان، تائیستاش باوکی پێڵاوەکانی هەڵگرتووە و نەیهێشتووە وونبن، کاتێک وێنەکەیم بە گەورەی و بەشێوەی رەش وسپی و بە هەمان کوالێتی ئەوکاتەی وێنەکەم بۆبردەوەو پیشانم دا، موتەلیب دوای وردبوونەوەیەکی زۆر گوتی "کچی من ئەوەندە ناشیرین نەبوو، ئەوکات دەت وت مانگە "واتا ئەنفال وای کردووە باوک کچ وکوڕی خۆی نەناسێتەوە" .

خۆزگە هەموویان ئاوا پێکەوە دەگەڕانەوە

هێمن عەبدوڵا



چیرۆکی کەریم و ئەفرۆز – گوندی جەلەمۆرد

ئەم دایک و باوکە پێنج کوڕیان ئەنفالکراوە بەناوەکانی (عەلی و عەباس و موساو قادرو ئەحمەد) بەڵام هیچ وێنەو پێناسێکی کورەکانیان نەمابوو، کاتێک ئەم وێنانەیان چنگ کەوتەوە، چیرۆکی دۆزینەوەی وێنەکانیش لەدایک بوو.

شادبوونەوەی چاوی کەریم وئەفرۆس بە روخساری (٥) پێنج کوڕی ئەنفالکراویان چەندە خۆش بوو دووهێندە مایەی نیگەرانی بوو بۆمن کە دوای ٢٧ سال لەتاوانی ئەنفال، وێنەی ئازیزانیان چنگک دەکەوێتەوە .

(کەریم و ئەفرۆز) کە ئێستا هەردوکیان تەمەنیان هەڵکشاوە، لەتاوانی ئەنفالدا لەگوندی جەلەمۆرد پێنج کوریان گیران و بەرپەلاماری ئەنفال کەوتن، کورەکانیان رۆیشتن و جارێکی تر نەبینرانەوە.

ئێستا ئەوەی بووەتە مایەی سەبوری دڵی ئەو دوو پیرە چاو لەڕێگایەی کە سااڵنێکی زۆرە چاوەروانی شەکەتی کردون، ئەوەی کەمێک دەیان حەسینیتەوە، تەنها دەربازبوونی کچەکەیانە کە لە ئەنفال دەربازبووە، کچەش هاوسەرگیری کردووە و مام کەریم وپورە ئەفرۆزیش پێکەوە لەگوندی جەلەمۆرد دەژین .

خەمی ئەم دوو پیرەمێردو پیرەژنە زۆر قورسە هەمیشە لەدااڵغەو بیرکردنەوەی کورەکانیاندان بەڵام کاتێک لە بۆنەکاندا کچ وکچە زاکانی دێنەوە بۆاڵیان و سەر سفرەکەیان قەرەباڵغ و ئاوەدان دەکەنەوە زۆر ئاسودە دەبن.

لەمیانەی کارکردنمدا کاتێک وێنەو عەکسەکانی (حاجی عبدالله)م سکان دەکردنەوە، وێنەی هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی مام کەریمم دۆزیەوە و لەپێشانگایەکدا وێنەی یەکێک لە کورەکانیم نمایش کرد، لە سەرەتاوە بەدوای چیرۆکەکەدا رۆیشتم و چوومە گوندی جەلەمۆرد و وێنەی تەواوی منداڵەکانیانم شۆردەوەو بۆم بردنەوە.. وای لەو چرکە ساتە ! لەو هەموو سۆزو تێڕامانەی ئەو دوو مرۆڤە، لەوهەموو خەم و ئازارەی ناخیان ؟ ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو هیچ ئاسەوارێکی کورە ئەنفالکراوەکانی نەمابوو ئەوان کاتێک گیرابوون هەموو شتێکیان لە ئەلبومی وێنەو پێناسەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. یاخود هەمووشتێک لەگەڵ خۆیان ئەنفالکرابوون، بەڵام یەکەم چرکەی بەرکەوتی مام کەریم لەگەڵ وێنە هەر پێنج کوڕەکەیدا ئاخێکی قوڵی هەڵکێشاو وتی"خۆزگە ئاوا هەموویان بەیەکەوەدەگەڕانەوە"دیدارەکەم بەردەوام بوو پورە ئەفرۆز لەناکاو خۆی کر بەژووردا وبەبینی وێنەی منداڵەکانی فرمێسک بە چاوانی داهاتە خوارەوەو هاتەلامەوەو دانیشت یەکەیەکە وێنەی کوڕەکانی ناسیەوە، نازانم بۆچی زیاتر لەهەموویان بۆکوڕە هەرە بچووکەکەی زۆر بەداخ بوو؟! سویی کاکە علی هیشتا دەت وت چەند رۆژێکە لە دایکی دابڕاوە، بەڵام مام کەریم نزیکی ٢٧ سال تێپەڕی بوو وێنەی کوڕەکانی خۆی زۆربە باشی نە دەناسیەوە دواجار وتی" ئەوە ندەهاتونەتە خەوم لێم تێکەڵ دەبن نازانم کامیان علی وکامیان و کامیان عەباس

وکامیان موسایە؟ ئەوانەش هەروا نازانم کامیان قادرو کامیان محمد)ە ئەی کاکە ئەوە عومرێکی درێژە هەر چاوەروانی کوێری کردین.

*خاڵی هەرە سەرنجڕاکێش لەم چیرۆکەدا ئەوەبوو پورە ئەفرۆز وتی وەرە لەگەڵمدا بۆئەو شوێنەی کە وێنەکەی من وعلی لێگیراوە نزیک مزگەوتەکە، پێکەوە چوین و تەماشای هەمان ئەو شوێنەمان کرد کە کاتی خۆی حاجی کاکەوڵای وێنەگر وێنەکەی خۆی وعەلی لێگرتووە.





کەریم و ئەفرۆس بە گەنجی



وێنەی کەریم و ئەفرۆز و کوڕەکانیان بەر لەئاوانی ئەنفال - شوێن کوندی جەلەمێرد- وێنەگر حاجی کاکەوڵای ئاغجەلەر



فیلمی دۆکیۆمێنتاری

سەبارەت بەم وێنانەی حاجی کاکە وڵاو دۆزینەوەو کارکردن تایبدا دەرهێنەر هەوراز محەمەد فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری نایابی دروستکردووە، لەو فیلمەدا دایک وباوک وکەسوکاریان قسەی بایەخدار دەکەن، جەلیل لەگوندی گۆپتەپە دەڵێت : (ئێستاش پێڵاوی منداڵەکانم هەڵگرتووە) مام کەریم و ئەفرۆز بەشداری دەکەن و بە دەم جگەرە کێشانەوە کەریم کە جلوبەرگی ڕەشی پۆشیوە بە تەواوی کورەکانی ناناسێتەوە، دەڵێت : ئەمەیان وابزانم عەباسە، لە گرتەیەکی تردا دەڵێت : ئێستا ئاوا بهاتنایەوە زۆر باش بوو.

چیرۆکی وێنەی ئەحمد کەریم گوندی قزڵو- دەشتی کۆیە



ئەحمەد کەریم ئەو منداڵەیە کە لە پێشەوە لە وێنەکەدا دیارە چەپڵە لیدەدات، کراسێکی سپی لەبەردایە و سەرشانەکانی سورە، قاچەکانی ڕاکێشاوە، ئەحمەد خەڵکی گوندی قزلووی سەر بە ناحیەی ئاشتی قەزای کۆیە.

ئەم وێنەیەم چۆن دەست کەوت ؟

ڕێکەوتێکی گرنگ بوو، لەکاتی کارکردنم دا هاوڕێم سدیق کە دانیشتووی گوندی قزلووە، واتا هەمان گوندەکەی باوکی ئەحمد فلمێکی 36ی کۆنی بۆ هێنام و لە کاتی سکانکردنی وێنەکاندا دراوسێکەم (هەڕێم فەتاح) وێنەی ئاهەنگێکی پێشمەرگەی یەکێتی بێنی کە سالێ ١٩٨٤ لە گوندی قزلوو کرابوو، هەڕێم باسی ئەم وێنەکۆنانەی بۆ خەزوری واتا باوکی ئەحمەد کرد بوو، ئەویش بۆسۆراخی واینەی منداڵەکانی بە زوویی هاتەلام و وێنەکانم پیشاندا



سەیربوو ! لە یەکەم بەرکەوتنی وێنەکاندا وتی ئەوە ئەحمدی کوڕمە .. ئاهێکی هەڵکێشاو ئینجا گوتی : ئەمانەت لەکوێ بوون ؟!! چەند ساڵە بەدوای وێنەیەکدا دەگەڕێم سەبوریم بداتێ ؟ کەریم مەولود هەموو خانەوادەکەی ئەنفالکراوەو دوای ئەنفال خێزانی پێک هێناوەتەوە لەم کارەدا ئەوەی بۆمن شانازیە ئەویە لەئیستادا زۆرێک لەخانەوادەی ئەنفالکراوان وێنەی کۆنم بۆدەهێنن و دەڵێن لای تۆ قیمەتیان هەیە ئەگە بشمرین و پاریزراودەبن..

تێبینی وێنەکە لەساڵی 1984 لەئاهەنگی کۆمەڵی ڕەنجدەران لەگوندی قزلوو گیراوە

سوپاس بۆ

زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردە کەدەرفەتیان دام بۆ پێشکەشکردنی ئەم باسە .

عومەر محەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان

ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی

مامۆستا عیمادی وێنەگر

جەوهەر کانی هەنجیری .

کە بێدەنگین، بێ هەست نین

دەبێت بڵێین ئەفسوس !

ئەم داخە ئەم ئەفسوسە بۆچی ؟

گۆڤاری ئەنفالستان بەبێ بەرانبەر دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەران و لەسەر بەرگی پێشەوەی نوسراوە "ئەنفالستان بۆفرۆشتن نیە"، هەرسێک کارەکتەرە سەرەکیەکەی دەرچوونی ئەم گۆڤارە بە رەنج و شەونخونی و پارەو سەیارەو تەلەفۆنی خۆمان لەگەڕانی بەردەوامداین.

هێشتا هەربەدوای چیرۆک و بەڵگەنامەکانی ئەنفالەوەین، زۆرکەسمان بەسەرکردووەتەوەو زۆر چیرۆکی نەبیستراومان کردە بیستراو، هەندێکیشمان هێشتووەتەوە بۆ کات وساتی خۆی.

بەڵام ئەفسوس کەسانێک رێزلەرەنج و ماندوبوونمان ناگرن ..! رێز لەخۆیان و خوێنەریش ناگرن، دەچن بابەتەکانمان کۆپی دەکەن و بەبێ چاوڕوویەوە بەناوی خۆیانەوە چاپ وبڵاوی دەکەنەوە ! ئاخرا کاتێک زانیاری لەمەر ئەنفال و جینۆساید دەوەشێنین وبڵاوی دەکەینەوە، ئەگەر نەک بە پارەو پول وسەیارەو تەلەفۆنی خۆمان تەنانەت ئەگەر بە هاوکاری حکومەت و رێکخراوەکان و کۆمپانیاکانیش بوایە خاوەندارێتی کارەکان هەرهی ئێمەن نەک هی کەسانێکی تر ! کاتێک زانیاریە بەدەستهاتووەکان بڵاودەکەینەوەو بەبێ بەرانبەر خستومانەتە بەردەستی خوێنەران خۆ ئەوەیان مافی خۆمانە بابەتەکانمان پارێزراوبێت ولەکاتی سودوەرگرتن لە زانیارییەکانمان خاوەندارێتیمان بپارێزن.

بەداخەوە کەسانێک هەن، بەبێ رێزگرتن لە خۆیان و لەمافی خەڵک و پرەنسیپی نوسین و وەشاندن، لەبری ئەوەی سود لە زانیارییەکان وەربگرن، نابەرپرسیارانە زانیارییەکانمان (نوسین و وێنە)کانمان دەبەن و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە ! بەمەش زیان بەخۆشیان و بە ئێمەش دەگەیەنن. ئاخر پەلاماردانی مالّی خەڵک لە (نوسین، وێنە، بیرۆکە، بەڵگەنامەو زانیاری بەدەستهاتوو) چ رێزێک بۆخوێنەر و نوسین و بۆ ئەنفالکراوان و بۆ ئازادی دەهێڵێتەوە ؟.



با هەتا ئێرەبێ و بەس بێت!

لێرەوە رای دەگەیەنین کە چیدی چاو پۆشی لەکەس ناکەین کە پەلاماری نوسین و وێنەو بیرۆکەکانمان بداو ببیات بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، ئیدی ناوی هەرکەسێک ئاشکرا دەکەین لەپێشەوە لەسەری دەنوسین و ئەگەر بێ سود بوو لەدادگاکانیش سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین، چیدی قایل نابین خەڵکانێک بچنە بەردەم قاپی کۆمپانیاکان و وەزارەتەکان و پارە وەرگرن و بە نوسین و دۆکۆمێنت و وێنەی ئێمە کتێبی قەبارە گەورە دەربکەن .. نازانین بۆچی بابەتەکانی ئێمە دەبەن بەبێ ئەوەی ناومان بهێنن ؟ ئەگەر شەرم لە ناوهێنانی خاوەنەکانیان دەکەن، ئەوا دزین شەرمە نەک دیاری کردنی سەرچاوە، ئەوەی دەنوسێت ئەرکێکی یاسایی و ئەخلاقی لەسەر شانە ئەویش بەرپرسیارێتی نوسین و پاراستنی مافی خەڵکە و دەبێت سەرچاوە دیاری بکرێت.

رایدەگەیەنین کە بێدەنگیمان نیشانەی بێ هەستیمان نیە .. تکایە وەک رێز لە رەنج و ماندوو بوونمان ناگرن رێز لە خۆتان بگرن ئەوەی نوسیومانەو بڵاومان کردووەتەوە بە رەنج و خەرج کردنی داهاتی خۆمان کۆمانکردووەوەتەو بەبێ بەرانبەر دەیبەخشینە خوێنەران، ئامانجمان زانیاری بەخشینە بە بە میللەتێک کە هەموو دنیا ستەمی لێکردووە، ناشێت چیتر لە خەڵکانێک بێدەنگ بین کەوا بێ ویژدانانەو نابەرپرسیارانە بیان بات ولە کتێبی خۆیاندا بڵاویان بکەنەوە. بەڵێ (وەک بێدەنگ بووین بێ هەست نەبووین).

عومەر محەمەد – سمکۆ سابیر– هێمن عەبدوڵا

گریمان هەڵەبجەیی نەبوو خۆ مرۆڤە

ئەنفالستان نامەیەکی مریەم بلاوەکاتەوە

نەدایک، نەباب، نەبرا، نەخوشک، نەبنەماڵە، نەکەس و کار، نەمال وحاڵ و نەخانوو، نەملکودارایي، نەهەناسەودڵخۆشی، نەناو، نەناسنامە، نەدەتوانم لەهەڵەبجە دانیشم، نە دەتوانم سەفەربکەم، نەچارە نووسم دیارە، نەباوەرم ماوە، نەدڵم خۆشە، نەبڕوام ماوە، نەجوانیم، نەسەبرم هەیە، نەئارام هیچ شتیتر، نەکەس وەڵامم دەداتەوە، نەکەس بەدواداچوون دەکات، نەڕێگای مانەوەم هەیە، نەدەتوانم لە ئێران بژیم، نەکەسم هەیە کەپێمدڵخوش بێت و لێرەدانیشم، نەبەهیچ دڵخۆش دەبم، نەدایکم دەوێت، نەباب، من مافی ژیانم لەفیلیپیني وبنگلادشي وهندییەک کەمترە کە لەکوردستان دەژین. ئەوانە ئیقامەیان هەیەو کەس تعلیقیان لێنادات، ناویان دیارە... من نازانم لەجیاتی صدام حسین وعلي کیمیاوی وجاشەکان وهەموو تاوانبارانی دونیا، دەبێت مانگي جارێک بڕۆم بۆ دادگای سلێمانی دادگایی بکرێم ؟! ئاخر بۆ؟ هەڵە لەکەسي ترەوە بوو، پارەچووە گیرفانی کەسانی ترەوە، موچەومعاش بۆمالّی کەسی تر دەچێت، بەرژەوەندی بۆ کەساني تربوو، هە ندێک کەسانی تر بەخەڵکی هەڵەبجەوبنەماڵە منداڵەونبووکان خیانەتیان کردوو ئێستا بۆخویان بەوهەموو روقایمیەوە دادەنیشن و هەمووش بەرانبەریان بێدەنگ دادەنیشن. ئەگەر یەکجار لەساڵی ١٩٨٨ لەهەڵەبجە بەدەستی جەنابی صدام حوسێن ئاوارەو مالّوێران و دەربەدەر بووم بەڵام دوای ٢٧ ساڵ چاوەروانی کەهاتم قوربەسەرم، کەهاتمەوە بۆ وڵاتی خۆم بەدوای چارەنوسی خۆمدا دەگەڕێم ئێستا دەبینم من روژي هەزارجارجینوساید دەبم. ئااخ. سەیرکەن هەموو جیهان من دەناسێت. لەگوگل لەیوتیوب لەهەرشوێني ناوەکانی من، دیسان دوبارەی دەکەمەوە بۆ ناوەکاني من بگەڕێ (سرچ بکە) سەدان لاپرەو وێنەو ڤیدیۆ دێت... ڕێزم هەیە بین نیم بەڵام ئیمانم نەماوە... ئااخ لەلیژنەی منداڵە ونبووکان، ئااخ لەوەزیری شەهیدان



وبەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی سلێمانی... ئااخ لەسەنتەری مایکروجین و دکتورفەرهاد بەرزنجي .. ئاخ لەهاونازبوون و نەبوونم...ئاااخ لەمحکمەی سلێمانی.... ئاااخ لەبەرپرسەکان و مافی مرۆڤ و وپەرلەمانتاران و دەستەی خانمان و چالاکوانانی مەدەنی. ئاااخ لەمن کەهێشتا نەمردوم، لەداخی ئەوان کچێک بەتەنیا لە وڵاتی خۆی غەریب وبێ هیوا، ئەمشەو لەناخی دڵمەوە گریام، لەگەورە هەتا بچوک ئەوانیش هەواڵە بەخودای گەورە دەکەم، خودا لەوە زیاتر شەرمەزاریان بکات ٣ ساڵە گیرم خواردووە، نەدەتوانم بڕۆم نەدەتوانم لە شوێنێک بژیم، لەبن ئاسمان و لەسەر زەوی سەرگەردانم. ئیتر بەم زوانە سەبوریم تەواو دەبێت، چاوەڕێی داوەرودادگای سلێمانی و بێ دەنگی ئەوان دادەنیشم، لەوانەیە بەم زوانە صبرم تەواو بێت. ئیتر بەس خوا ڕەحم بکات.

ئەمە دەقی نامەکەی مریەم باروتچیانە، کە لەئەکاونتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوی کردووەتەوەو نوسینەکەی خۆی کە لەروی ڕێنوسەوە بۆ بڵاوکردنەوە نەدەشیا لە ئەرشیڤی ئەنفالستانیش پارێزراوە. تەنها یەک نیوەدێری لێ لابراوە کەباسی ١٦ ئۆکتۆبەردەکات ولایەنێک بەخیانەتکار ناودەبات، ئەمەش بۆ ئەنفالستان دەبێتە لایەنداری و نەگونجاوە چونکە رای ئێمە جیاوازەو ئەوەی لەکەرکوک رویدا خیانەتی یەکێتی وپارتی بوو نەک هی تەنها لایەکیان .

شوێنەوارێکی مێژووی ئەنفالیشتان کرد بەزبڵ خانەیە !

ئیدریس عەبدوڵڵا ئومەرگومەتی.

٢٠١٨/١/٥ – کۆیە



وەک لە وێنەکەدا دیارە شوێنەوارێکی مێژوی ئەنفال نەک هەر فەرامۆشکراوە بەڵکو کراوەتە زبڵدان ! شوێنەکە سەربازگەی قەڵاتەیە، کە لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ بەشێوەیەکی کاتی کرابووە، شوێنی کۆکردنەوەی ئەو گوندنشینانەی دەگیران و بەشێوەیەکی کاتی لەم سەربازگەیە کۆدەکرانەوەو دواتر رەوانەی تۆپزاوا دەکران پەلاماری سەربازی دەشتی کۆیەش دەکەوێتە میانەی قۆناغی چواری ئەنفالەوە، ئەم شوێنە لای خەڵکی ناوچەکە بەتایبەت ناوچەی شوان و شێخ بزێنی و گوندەکانی ئەم بەرو ئەوبەری زێی بچوک سەر بەناحییەی تەق تەق و کۆمەڵگای قەرەناو، ڕابردوویەکی تاڵ و پرلەتاوان و کارەساتباری هەیە، چونکە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا کەلە 23شوباتی 1988 دەستی پێکردو بەهەشت قۆناغ سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، لە قۆناغی چوارەمیدا ناوچەی دۆڵی زێی بچوکی گرتەوە، کە لە ڕۆژی ٣ی ئایار بە گازبارانی گۆپتەپەو عەسکەر دەستی پێکردو هەتا ڕۆژی ١٨ی ئایاری خایاند، لەم شاڵاوەدا. زۆربەی گوندەکانی ئەم بەرو ئەوبەری کەنار زێی بچوک بەر پەلاماری جاش وسوپا کەوتن و هەموو خەڵکەکەی گیران و گوندەکانی سوتماک بوون و خەڵکەکەی بەتراکتۆرو ئیڤاکان گوێزرانەوە بۆ ئەم سەربازگەیە، کەبە سەربازگەی عقید محمدیش ناسراوە . زۆر جێگای داخەوە ئاستی بێباکی و خوێن ساردی دەسەڵاتی کوردی بگاتە ئەم ئاستە لەسوکایەتی کردن بە یادەوەری بەتایبەت لایەنە پەیوەندیدارەکانی سنوری ناحێکانی تەق تەق و ناحیەی شوان و کۆمەڵگای قەرەناو، کەبە بەرچاوی ئەوانەوە، ئەم شوێنە کراوەتە شوێنی فڕێدانی خاشاک و پاشەڕۆو پیسی،ئەم لەبری ئەوەی وەک مۆنۆمێنت و شوێنەواری مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدابکرێ.

دەبێت هەموومان ئەوراستیە بزانین کە هەرمیللەتێک یادەوەری نەبێ و مێژوو لەیادبکات ئامادەیە مێژوو دوبارە بکاتەوە، ئاخرا کوا ڕەوایە کورد خاوەن حکومەت و دەسەڵاتی خۆجێیەتی بێت و ئاوا بێڕێزی بە ڕابردوو مێژووی خۆی بکات ؟ لێرەوە بە دەسەڵاتداران و لایەنی پەیوەندیدار دەڵێم من لەبەر خاتری پیرۆزی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکان و کەسوکارەکانیان، ئەم شوێنەوارە بەکۆڵی خۆم پاک دەکەمەوە و خاشاک و پیسەکەی بەعارەبانەی دەستی فڕێدەدەم، چونکە ئێوە سەیارەی خۆڵەکانتان و شۆفڵەکانتان بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارناکەن جا نازانم گازوایلتان نیە یان هەرناتانەوێ و ناتوانن ئەم شوێنە مێژوویە کە شوێنی ئاهونالەی مرۆڤ وزریکەوگریانی سەدان منداڵی ئەنفالکراوە پاکی بکەنەوە؟!

چالاکییەکانی گروپی ئەنفالستان



گروپی ئەنفالستان کەپێکدێن لە سەرنوسەرو جێگران و هاوکارانی ئەم گۆڤاری ئەنفالستان، وەک نەریتێکی تایبەتی خۆیان، لەکۆروکنفرانسەکانی تایبەت بە تاوانەکانی جینۆساید، پێکەوە باسەکانیان پێشکەش بەهەر ناوەندێکی زانستی و زانکۆکان و رێکخراوەکان دەکەن و هەرجارەی سێ باسی زانستی یاخود مەیدانی پێکەوە لە بەشێک یاخود لە پانێڵێکدا پێشکەش دەکەن و ئەگەرچی هەریەکەیان باسی سەربەخۆی خۆیان دەبێت، بەڵام پێکەوە یەکێتیەکی میتۆدی دەدەن بەدەستەوەو هەرسێک باسەکە لەخاڵێکدا یەک دەگرێتەوەو یەک ئامانج دەپێکن .



یەکەم : وەک پراکتیک یەکەم ئەزموونی ئەم گروپە لە بەشی کۆمەڵناسی فاکەڵتیی ئاداب زانکۆی سۆران بوو، کە رۆژی ٢٦ی نیسانی ٢٠١٧ یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەناونیشانی "تاوانەکانی جینۆساید و شاڵاوەکانی ئەنفال" بەست. ئەگەرچی لەم کۆنفرانسەدا بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ماموستا هێمن عەبدوڵا نەیتوانی ئامادەبێت، بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی وادەی کۆنفرانسەکەشەوە بەرچاو رون نەبووین دەنا دەبوو خاتوو عەدالەت عومەر لە ریزبەندی گروپەکەدا بوایە، چونکە بەریزی هەمیشە وەک ستافێکی ئەنفالستان پێگەو شوێنی خۆی هەیە، بەڵام بەداخەوە لەم کۆنفرانسەدا ئەوە دەستەبەر نەبوو، سەرباری ئەوەش کارەکە بەپێشکەش کردنی دوو باسی سەرنوسەرو جێگری سەرنوسەر (عومەر محەمەدو سمکۆسابیر) و دواتریش کات بەخشین بەدەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ گروپەکە توانی سەرکەوتوانە کارەکەی ئەنجام بدات .

دووەم : لەچوارەمین کۆنفرانسی زانستی خۆیدا زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردەدا گروپەکە بەسێ باسی سەربەخۆ بەشداریان کرد، بەناونیشانەکانی (ناداپەروەری میدیا لە رومالّی قوربانیانی ئەنفالدا) لەلایەن سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان، چیرۆکی–وێنە نەبینراوەکانی–ئەنفال) لەلایەن ماموّستا هێمن عەبدوڵا گۆپتەپیی و باسی سێهەم " ئەنفال و یادەوەری" لەلایەن سمکۆ سابیر شەریف بەسەرکەوتوویی پێشکەشکران.

زانکۆی سۆران بەشی کۆمەڵناسی فاکەڵتیی ئادابی، یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەناونیشانی "تاوانەکانی جینۆسایدو و شالاوەکانی ئەنفال" بەست.







ئەنفالستان- سۆران : رۆژی ٢٠١٧/٤/٢٦ بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سۆران یەکەمین کۆنفرانسی بۆ لێکۆڵینەوەو تۆیژینەوەی تاوانی جینۆسایدو ئەنفال بەڕێوەبرد، کە لەمیانەی چوار پانێڵدا دوانزە بابەتی زانستی دەربارەی تاوانی ئەنفال وجینۆساید پێشکەشکران، تۆیژەران پێکهاتبوون لە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان و کەسانی شارەزا لە بوارەکانی جینۆساید و کیمیابارانی گەلی کورد.لەناویاندا هەریەک لە سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان و جێگری سەرنوسەر تۆیژینەوەیان پێشکەشکرد، بەناونیشانانەی خوارەوە:

1 - **باسێکی عومەرمحەمەد بەناونیشانی : جەنگ وجینۆسایدو میدیای کوشندە.**

2 - **باسێکی ج. سەرنوسەر بەناونیشانی : جینۆسایدی (زرگۆشەکان لاپەرەیەکی تر لە سرینەوەی شوناس) پێشکەش کران و جێگەی پەسەندی ئامادەبوانی کۆنفرانس بوو .**

جێگەی ئاماژەیە هەریەک لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال (حاجی فەرەجی تۆپخانەو هاشم محەمەد رەشید) بەشداربوون و ئەوانیش بانگهێشتکرانەسەر مینبەری کۆنفرانس و هەریەکەیان بەکورتی لەبارەی چیرۆکی رزگاربوونیانەوە قسەیان بۆ ئامادەبوان کردو لەلایەن ئامادەبوان و بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکەوە پێشوازی گەرمیان لێکرا .

ڕێزلێنان

بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی وەک ڕێزلێنانێک لەبواری لێکۆڵینەوەو هاوکاری کردنی چەند فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری، خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشی یە (عومەر محەمەد) سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان.



ئەنفالستان – چەمچەماڵ : ڕۆژی ١١ ی نیسانی ٢٠١٧ بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە هونەرمەندانو وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیریو هونەری سلێمانی و قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ و ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرایەتی فەرمانگە حکومییەکان، بە سپۆنسەری ڕێکخراوی (ڕێباز فاوندەیشن) بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی ڤیستفاڵی سینەمای جینۆساید سازکراو هەر ئەمڕۆ دەستی بەیەکەمین برگەی کارەکانی کرد. لەیەکەم ڕۆژی خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان عومەر محەمەد و محەمەد سەید دەرهێنەرو فیلمساز .

ئەنفالستان سوپاس وپێزانینی گۆپتەپەی پێ بەخشرا.

ئەنفالستان – گۆپتەپەی شەهیدان : ڕۆژی ٣ی ئایاری ٢٠١٧ لە میانەی ٢٩ هەمین سالیادی تاوانی گازبارانکردنی گوندی گۆپتەپەو عەسکەرو ئەنفالکردنی ناوچەی قەڵاسێوکەدا سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوانی گوندی گۆپتەپەی پێبەخشراو لە دوا بڕگەی مەراسیمەکەدا هەر بەناوی (عومەری ئەنفالستان) بانگکرایە سەر سەکۆی پێشکەشکردن و بەربەرچاوی ئامادەبوان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە عومەر محەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان.



لەلایەن کاک هاوڕاز حاکم ڕێبوار کوڕی فەرماندەو پێشمەرگەی ئەنفالکراو حاکم ڕێبوار پێشوازی کراو لەلایەن کاک بیلال کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان خەڵاتەکەی پێبەخشرا.

لەبەرانبەردا سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان وێرای سوپاس و بەرزنرخاندنی خەڵاتەکەی گوندی گۆپتەپە. بەڵێنی بەردەوامی و هاوخەمی بۆ کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان دووپاتکردەوە .

کۆڕبەندی هەڵەبجە، بۆ منالّە ونبووەکانی هەڵەبجە

ئەنفالستان– هەڵەبجە : لە سالّڕۆژی جیهانی منالانی ونبوودا لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/٢٥ یەکەم کۆڕبەندی منالّە ونبووەکانی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە پارێزگای هەلەبجەساکرا. ئەم کۆڕبەندە لەلایەن زانکۆی ئەمریکی و زانکۆی هەڵەبجە و ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، لەژیر دروشمی " بەگەڕانەوەی ونبووەکان بەشێک لەزامەکانمان سارێژ دەبێت بەڕێوەچوو.

کۆڕبەندەکە لە چوار دیبەیت پێک هاتبوو، لەکات ژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی دەستی پێ کرد، کاتژمێر ٥ ئێوارە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

سەرەتا پارێزگاری هەڵەبجە وتارێکی پێشکەش کردودواتر لیژنەی ئامادەکاری کۆڕبەندوکۆمەلەی قوربانیان وتاریان خوێندەوە ئینجا دیبەیتەکان پێشکەشکران.

کۆڕبەندی یەکەم: بەناوی (ئازاری ونبووەکان لەزاری خۆیانەوە) بەڕێوەچوو . کە بریتی بوون لە م بەڕێزانە (زمناکۆ هەلەبجەیی، مریەم – هاوناز – چیا کە ٣ منالّی ونبوی هەلەبجە گەراونەتەوە بۆ ناو کەسوکاریان بەسەرهاتی خۆیان گێرایەوە.

کۆڕبەندی دووەم: بەناونیشانی (ڕێگا بەرەو دۆزینەوەی منالّە ونبووەکان) بۆ هەریەک لە (دکتۆر فەرهاد بەرزنجی /مامۆستای زانکۆ وپسپۆڕی بواری DNA ،تریڤۆر ولیەم نوێنەری ونبووانی نێو دەولەتی ICMP ،عەلی عوسمان سەرۆکی لیژنەی منالّە ونبووەکانی هەلەبجە، فاروق زەواره بەرپرسی مانگی سوری شاری پاوە لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا)

هەرلەمیانەی کۆڕبەندەکەدا باخچەیەک بەناوی "باخچەی پەپولە ونبووەکان " لەگەرەکی کیمیابارانی شاری هەلەبجەی شەهیدان کرایەوە.

کۆڕبەندی سێیەم: لەژێر ناونیشانی (گرفتە یاساییەکانی ونبووان) بۆ هەریەک لە (د. فەرهاد حاتەم داواکاری گشتی و پسپۆڕی یاسا لەبواری



جینۆساید، مامۆستا ئاواره حسین پسپۆڕ لەبواری جینۆساید– مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە، فاروق حمە توفیق عارف دادنوسی یەکەم لەهەڵەبجە)

کۆڕبەندی چوارەم: لە ژێر ناونیشانی (بەهاناوە چونی بێ سەرو شوێنکراوەکان لە گوفتارەوە بۆ کردار بۆ بەڕێزان " بۆ هەریەک لە بەڕێزان تەها سڵێمان سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوەی بۆ جینۆساید و ئەنفال، عەدالەت عومەر نوسەرو لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید و ئەنفال، عومەر محەمەد سەرنوسەری سالّنامەی ئەنفال، مامۆستا محەمەد حمەسالّح توفیق نوسەرو لێکۆڵەر لەبواری جینۆساید وئەنفال . بەڕێوەچوون.



جێگەی ئاماژەیە لە میانەی هەریەک لەم کۆربەندانەشدا گفتوگۆ وسەرنج و تیبینی ئامادەبووان هەبوون.

دوا بەش وکۆتایی کۆربەندەکش بریتی بوو لە راسپاردەکان کە لەلایەن د. سەروەر عەبدولرەحمان خوێنرانەوە .

زانکۆی هەڵەبجە، یەکەمین کۆنفرانسی زاستی جینۆساید، لە پارێگای هەڵەبجە



ئەنفالستان – هەڵەبجە

یەک شەممە ٢٠١٦/٨/٢٨ زانکۆی هەڵەبجە /بەشی یاسا، یەکەمین کۆنفراسی زاستی خۆی لەژێر ناونیشانی (تاوانەکانی جینۆساید، لەکوردستان–عیراق، سەرەتایەک بۆ بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی) بەست بەرنامەکانی کۆنفرانس لە کاتژمێری ٩,٣٠ سەرلەبەیانی دستی پێکردو هەتا کاتژمێر ٥ی ئێوارە دریژەیان هەبوو سەرەتای کردنەوەی کۆنفرانس بە سرودی ئەی دێرینی کورد "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد، ئینجا وتاری سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لەلایەن "دکتۆر هێمن عبدالله" خوێندرایەوە دوای ئەویش وتاری سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە پرۆفیسۆری یاریدەدەر "دکتۆر خەسرەوعەبدوڵا" خوێندرایەوە دوا وتار وەزیری خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی دکتۆر یوسف گۆران پێشکەشی ئامادەبوانی کرد. هەرلەم سەرەتایەدا فیچەرێک پێشکەشکرا کە تاوانەکانی جینۆسایدی دژبەگەلی کوردستانی تێدا کۆکرابووەوە.

بڕگەکانی کۆنفرانس:

کاتژمێری ١٠,١٠ دەخولەک یەکەم پانێڵ، لەژێر ناونیشانی (ڕەهەندە جیاوازەکانی جینۆسایدی گەلی کورد) لەلایەن چوار توێژەرەوە پێشکەشکرا.

بەرێوەبەری پانێڵ دکتۆر هێمن عەبدولا، توێژەرەکانی ناساند.

باسی یەکەم : (بەناونیشانی ڕۆڵی دیپلۆماسیەتی کوردی لەناساندن وبە نێودەوڵەتی کردنی دۆسێکانی جینۆسایدی گەلی کورد لەلایەن پ.ی. د ڕێبوار کەریم مەحمود)

باسی دووەم : (چۆنیەتی ناساندنی دۆسێی جینۆسایدی شەنگال، بەدادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی لەلایەن م.ی ئاوارە حسێن ئەحمەد).

باسی سێیەم: (ڕۆڵی لیژنەی مافی مرۆڤ لەناساندنی دۆسێی جینۆسایدی شەنگال و لابردنی ئاستەنگەکانی) لەلایەن سۆران عومەر سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ پەرلەمانی کوردستان.

باسی چوارەم: (لە نێوان جینۆسایدی فیکری وجینۆسایدی فیزیکیدا) لەلایەن م.ی موحسن ئەدیب پاشان دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ ئامادەبوان و وەڵام دانەوەی پرسیار و ڕونکردنەوەکانیان.

دانیشتنی دووەم : پێشکەش کردن و گفتوگۆکردنی سێ توژینەوە : لەلایەن م.ی سەعدی حسن بارام بەرێوە دەبرا:

باسی یەکەم (کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان لەمێژوودا) لەلایەن پ.ی.د سەروەر عبدالرحمن عومەر

باسی دووەم (الاسس الفکریه لجرائم الابادة الجماعیه المرتکبه چد اقلیم کوردستان –العراق ،

دراسه تحليليه لجرائم العهد البعثي) لەلایەن م.(عبدالرحمن کەریم دەروێش)

باسی سێیەم (کاریگەری کیمیا بارانی هەڵەبجە لەسەر ڕەوشی مرۆیی خەلکی شارەکە) لەلایەن م.ی عادل سدیق عەلی

دانیشتنی دووەم:

پێشکەش کردن و گفتوگۆی سێ تۆژینەوە، بەڕێوەبەری دانیشتن (م.ی ئالان حمە سەعید سالح):

باسی یەکەم: (خوێندنەوەیەک بۆ هەڕەشەو نیازەکانی کور لەژێر پەردەی لامەرکەزی و ئۆتۆنمی بەعسدا ١٩٦٣–١٩٨٨) لەلایەن م.د لوقمان عبەدولا محمەد خەیالی(

باسی دووەم: (بەکار نەهێنانی دۆسێی جینۆساید لەپراکتیزە نەکردنی مافی چارەی خۆنوسینی کورد–عیراق) لە ئامەدەکردنی هەردوو مامۆستای یاریدەدەر (قارەمان محمەد حسن و زانا توفیق کاکە مین) پێشکەش کردنی م.ی قارەمان محمەد.

باسی سێیەم: (کاریگەریە تەندروستی و کۆمەلایەتیە درێژ خایەنەکانی چەکی کیمیایی لەسەر ژنانی بەر کەوتوو لەسنوری پارێزگای هەلەبجە) لەلایەن تۆژەر ئیراد مەنوجەر سان ئەحمەد

دانیشتنی سێیەم:

پێشکەش کردن و گفتوگۆی دوو تۆژینەوە، بەڕێوەبردنی م.ی مەهدی ئەبو بەکر

باسی یەکەم: (جینۆسایدی کورد وەک بنەمایەک بۆسەربەخۆیی کوردستان) لەلایەن م.ی ئاوارە حسێن ئەحمەد

باسی دووەم : (ڕەهەندە شوێنەواریەکانی جینۆسایدی هەلەبجە) لەلایەن تۆژەر هاوار نەجمەدین هەواس.

پاش ئەوەی هەموو باسەکان گوفتوگۆیان لەبارەوەکرا، دواتر بڕوانامە بەخشرایە تۆژەران. کۆتا بڕگەی کۆنفرانسەکەش بریتی بوو لە خوێندنەوەی راسپاردەکان مامۆستای یاریدەدەر (ڕێزان سەعید حمە شەریف) خوێندییەوە.

جێگەی ئاماژەیە خاڵی هەرەگرنگی کۆنفرانس ئەوە بوو کە لەمیانەی وتارەکەیدا سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە مژدەی کردنەوەی سەنتەری جینۆسایدی لە زانکۆی هەڵەبجە، بەئامادەبوانی کۆفرانس راگەیاندو ووتی لە پاشەڕۆژدا وەک سەنتەرێک ئەرکی خۆی دەبینێ لە بە دۆکیومێنت کردنی بەڵگەنامەکانی جینۆسایدی هەلەبجە وسەرجەم دۆسێەکانی تری جینۆسایدی گەلی کورد. ئەوە هەنگاوێکی گرنگ بوو.

خاڵی لاوازی کۆنفرانسەکە نەبوونی زانیاری بوو لەمەر تاوانەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ، بۆنمونە هەمان رۆژ ٢٨ی ئاب هاوکات لەگەڵ کۆنفرانسەکەدا یادی ئەنفال وکۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ بوو، بەڵام زانکۆی ناوبراوو ئامادەکارانی لەو یادەوەرییە گرنگە بێ ئاگابوون وتەنانەت بە دێرێکیش ئاماژەیان پێنەکردبوو، لەکاتێکدا یەکێک لەدەربازبوانی ئەو کۆمەڵکوژیە لەکۆنفرانسەکە میوان بوو، کەچی سەرباری ئاگادارکرانەوە لە بوونی وەها میوانێکی گرنگ هەر گرنگیان پێنەداو تەنانەت بەخێرهاتنێکیان نەکرد !



لە کاتێکدا ئەم دەربازبوانە لە کۆنفرانسێکی زانکۆی سۆراندا جگەلەوەی بەخێرهاتنی تایبەتکران، بواری ٥ خولەک قسەکردنیان بۆ ڕەخساندن و ڕێزلێنانی تایبەتیشیان پێ بەخشین .


كۆڕبەندی هەڵەبجە بۆ منداڵە ونبووەكان
«بەگەڕانەوەی ونبووەكان بە شێک لە زامەكانمان ساڕێژدەبێت»





پێشانگای فۆتۆگرافی بە ناونیشانی

بۆ ئەوەی هەمیشە لە یادەوەریماندا زیندوبن.

بەهاوکاری بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی و تاقانەی ئەنفال) وەهاب ئەحمەد (پێشانگایەکی دۆکیۆمێنتەری بۆ بەڕێز (سمکۆ سابیر) چالاک لە بواری ئەنفال وجینۆساید دەکاتەوە.

رۆژ : / / ٢٠١٧

کات: ٤ ی ئێوارە

شوێن: هۆڵی تەوار لەشاری سلێمانی ،تەنیشت پارکی ئازادی

هاتنتان رێزگرتنە لەقوربانیانی ئەنفال و جینۆساید لەکوردستان

ئەنفال، تاوانێکی نێودەوڵەتی فرە رەهەندە.کاری دۆکیۆمێنتەری پێویستییەکی ئەم دۆسێیەیەو سستی نواندن زیانی زۆری لێداوین و لەداهاتووشدا زیاتر کاریگەریەکانی دەردەکەوێت. فەرامۆش کردنی هەر دۆسێیەیەک لەدۆسێیەکانی جینۆساید لەکوردستان، بەرلەهەموو شتێک، بێڕێزی دەبێت بە قوربانییان، بۆیە هەوڵی ڕاستەقینە لەم پێناوەدا شایانی پشتیوانی دەستخۆشییە..

جێگەی داخە ماوەی ٢٩ ساڵە لە ڕووی دۆکیۆمێنتکردنەوە نەمانتوانیووە وەک پێویست کار لەناو دۆسییەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان بکەین، بەتایبەتیش تاوانی ئەنفال. چەندە کاری باش کرابێت، هێشتا کارەکان بەبەراورد بەگەورەیی تاوانەکە،



شایانی ڕەخنەگرتن و تانە لێدانبوون .بەهیوام ئەم هەوڵە بچووکە، کارێک بێت بۆ بەهاوبەشی کردنی یادەوەریمان، بۆ ئەوەی ئەم تەوارە مەزنانەی گەرمیان لە یادەوەری ئێمەدا هەمیشە بەزیندوویی بمێننەوە.

هەرچەندە هەر وێنەیەک ، تەوارێک، چێڕۆکێکی لەسەر نوسراوە، بەڵای منەوە هێشتا، هەریەکە و هەڵگری دەیان حیکایەت و چیڕۆکێکی نەوتراو و نەنوسراوەن



...جگە لەمەش تا لێیان ڕابمێنین، لە هەرسەرنجێکدا دەرفەتی ئەوەمان پێدەبەخشێت کە بەعسیزم باشتر بناسین و فۆرمێکی تری تاوان لەنێو ئەم مێژووە سامناکەدا بدۆزینەوە .

لەم بەشەدا چەند وێنەیەک دابندرێت

سمکۆ سابیر شەریف

ساڵی ١٩٧٢ لەدایکبووە .

دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە.

زیاتر لە پانزە ساڵە خۆبەخشانە لەبواری ئەنفال و جینۆساید کاردەکات.

جێگری سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانە,

لەچەندین کۆنگرە و کۆنفراس لە بواری ئەنفال و جینۆساید بەشداریکردووە و، باس وتووێژینەوەی پێشکەشکردووە. ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیشتوون(جینۆسایدی زەرگۆشەکان، لاپەرەیەکی تر لەسرینەوەی شوناس – لێکۆڵینەوە. ڕەنگدانەوەی پرسی ئەنفال لەمیدیای کوردیدا. لێکۆڵینەوە. ئەنفال وتێگەیشتنە جیاوازەکان – کۆدیدار)

پێشانگاکانی:

خاوەنی هەشت پێشانگای دۆکیۆمێنتەرییە لەبواری ئەنفال .لەشارەکانی کوردستان. بەتایبەتی :سلێمانی ،گەرمیان، هەڵەبجە، لە دەرەوەی کوردستانیش کاری دۆکیۆمێنتەری نمایش کراوە.

لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکان لە بواری ئەنفال و جینۆساید بابەتی بڵاوکردۆتەوە.

لە ئێستادا چەندین بەرهەمی ئامادەیە بۆ چاپ سەبارەت بەئەنفال و جینۆساید لەکوردستان .

*سوپاس وپێزانین بۆ هەموو ئەم بەڕێزانە دەکات کە هاوکارییان کردووە.بەتایبەتی کەسوکاری تەوارە ئەنفالکراوەکان .

سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ هەموو ئەوبەرێزانەی هەتا ئەم ژمارەیە کۆمەکی دارایی گۆڤارەکەیان کردووەتە ئەرک وخەمی هەمیشەیی خۆیان و هەموو ساڵێک بەبێ ئەوەی داوایان لێکرابێت، بڕێکی دیاریکراویان بۆ دەرچوونی (ئەنفالستان) دیاری کردوە و خەمی ئەوان بووەتە سەرچاوەی دارایی گۆڤارەکە.

سوپاس بۆهەموو ئەو بەریزانەی بۆ ئەم ژمارەیەش کۆمەکیان بەخشی، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو کۆمەکەکانیان ببەخشنە ئاوارەکانی خورماتوو، یاخود ببەخشنە خەڵکی لێقەوماوی بومەلەرزەکان، لەگەڵ ئەوەی بانگەوازیشمان بڵاوکردەوە، بەڵام هەندێک لەو بەرێزانە کۆمەکەکانیان هەر ناردووە، لێرەدا ناوی ئەو بەرێزانە بڵاودەکەینەوە کە کۆمەکەکانیان گەیشتووە، هەروەها ناوی ئەو بەرێزانەش کە داوایان کرد کۆمەک بکەن و لێمان وەرنەگرتن و پێمانباش بوو ببەخشنە خەڵکێکی لێقەوماو کە خۆیان دیاری دەکەن .

ناوی کۆمەک بەخشانی گۆڤاری ئەنفالستان بۆ ژمارە (13)

کەرمیان : خورماتوو. کەڵار

ژ	ناوی سیانی	بڕی کۆمەک
١	قوتابخانەی ئانای ئەهلی	دۆلار ١٠٠
٢	رزگار حەمەئەمین کەلاری	سەدوپەنجاهەزار
٣	دڵسۆز ئەحمەد کەلاری	سەدوپەنجاهەزار
٤	د.فەرهاد قادر کەریم	سەد هەزار
٥	عەلی محەمەد وەلی	پێنج هەزار
٦	مەلا کەریم حاجی محەمەد	پێنج هەزار
٧	عەلی عەزیزمحسن	پێنج هەزار
٨	سەڵاح عەزیز محسن	پێنج هەزار
٩	شاهۆ عەلی عەزیز	پێنج هەزار
١٠	ئەحمەد خالد عەزیز	پێنج هەزار
١١	هیوا خالد عەزیز	پێنج هەزار
١٢	دەرباز سەڵاح عەزیز	پێنج هەزار
١٣	محەمەد سەلاح عەزیز	پێنج هەزار
١٤	جاسم محەمەد عەزیز	پێنج هەزار
١٥	محەمەد محسن عەزیز	پێنج هەزار
١٦	سەباح محسن عەزیز	پێنج هەزار
١٧	د.کامل جەمیل مەجید	پێنج هەزار
١٨	حاکم ئەیاد مەحموود	پێنج هەزار
١٩	نەقیب شەماڵ عەبدوللا	سێ هەزار
٢٠	تاریق محەمەد خەلیل	سێ هەزار
٢١	عەبدوللا سەتوان حەمید	سێ هەزار
٢٢	عاشق کامل ئەحمەد	سێ هەزار
٢٣	کەریم محەمەد حسێن	سێ هەزار
٢٤	زانا ئەحمەد عەلی	سێ هەزار
٢٥	حسێن ئەنوەر زێنعابدین	سێ هەزار
٢٦	محەمەد حەسەن حسێن	سێ هەزار
٢٧	جومعە خورشید رەشید	سێ هەزار
٢٨	محەمەد ستار سالّەح	سێ هەزار
٢٩	محەمەد سالّەح قادر	سێ هەزار
٣٠	حسێن تەها گۆمەیی	سێ هەزار
٣١	عیماد خورشید جومعە	سێ هەزار
٣٢	زیوەر ئەحسان عەزیز	سێ هەزار
٣٣	مەجید حەمید وەلی	سێ هەزار
٣٤	کاوە عادل حەسەن	سێ هەزار

ناوی کۆمەک بەخشانی گۆڤاری ئەنفالستان بۆ ژمارە (13)

کەرمیان : خورماتوو، کەلار

٣٥	شەعبان عەزیز محەمەد	سێ هەزار
٣٦	نوری ئیبراهیم سەعید	سێ هەزار
٣٧	سالار عەلی ئەحمەد	سێ هەزار
٣٨	شێرکۆ عەزیزکەرەم	سێ هەزار
٣٩	دلێر رەحیم عەبدولقادر	سێ هەزار
٤٠	حاکم ئەحمەد محامی	سێ هەزار
٤١	رەشید فوئاد حسێن	سێ هەزار
٤٢	حاجی نازم عەبدولکوریم	سێ هەزار
٤٣	کوردۆ مەحمود سادق	سێ هەزار
٤٤	بەختیار عەلی محەمەد	سێ هەزار
٤٥	بورهان وەهاب غەفوور	دوو هەزار
٤٦	سیڤەر فایەق ئیبراهیم	دوو هەزار
٤٧	عەبدولسەمەد غەفورئەحمەد	دوو هەزار
٤٨	سامان محەمەد ئەحمەد	دوو هەزار
٤٩	ناجیحە ئەحمەد عەباس	دوو هەزار
٥٠	عەبدولکەریم محەمەد عەلی	دوو هەزار
٥١	وەحیدە ئیبراهیم عەلی	دوو هەزار
٥٢	خانزاد عەبدولقادر ئەحمەد	دوو هەزار
٥٣	دیمەن محەمەد ئیبراهیم	دوو هەزار
٥٤	جەلال محەمەد حسێن	دوو هەزار
٥٥	هێمن عادل محەمەد	دوو هەزار
٥٦	رەحیم محەمەد حسێن	دوو هەزار
٥٧	جابر خدر ئەحمەد	دوو هەزار
٥٨	جەلیل حاجی حەسەن لەکی	دوو هەزار
٥٩	ئاسیا عەلی ئەحمەد	دوو هەزار
٦٠	تالیب عاسی عەبدول	دوو هەزار
٦١	کامەران شامل سەمین	دوو هەزار
٦٢	عومەر ئەحمەد رەحیم	دوو هەزار
٦٣	عەبدوللا عەباس حەلاق	دوو هەزار
٦٤	محەمەد نەجیب عومەر	دوو هەزار
٦٥	جەبار فەرەج غێدان	دوو هەزار

ئاگاداری بۆ کۆمەک بەخشانی گۆڤاری ئەنفالستان

هەروەک لە ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ بڵاومان کردەوە لیژنەشەوە دوپاتی دەکەینەوە. لە ئێستادا بۆهەموو کۆمەک بەخشە بەڕێزەکانی گۆڤاری ئەنفالستان، چ ئەوانەی کۆمەکەکانیان گەیشتووە یان دەیانەوێت بیگەیەنن بەباشی دەزانین کە کۆمەکەکانتان بدەنە ئاوارەکانی خۆرماتوو، لێقەوماوانی بومەلەرزەکە چ لە دەربەندیخان بێت یان هی رۆژهەڵات، ئەوانەشی کۆمەکەکانیان گەیشتووە، ئامادەین بۆیان بگێڕینەوە یان لە وەکالەتی خۆیانەوە بیگەیەنینە ئەو کەسانەی پێویستیان بە هاوکارییە.

چونکە لە ئێستا کەدەبینین لێقەوماوان سەرمایانەو برسییانە، بەپێویستی نازانین ئەو برە پارەیە لە هەقی چاپکردنی گۆڤارەکە بدەین، بەڵکو دەتوانین بە پیدی ئێف بڵاوی بکەینەوە، بەو پارەیە بەتانیەک و قوتوویەک شیر بکڕدرێت و منداڵێک تێربکات و گەرم بکاتەوە باشترە.

١٢ ساڵی تەواوە بەخشندەیی ئێوە (گۆڤار)ەکەی بەپێوە راگرتووە، مەهێڵن مرۆڤە لێقەوماوەکانیش بکەون.

ناوی کۆمەک بەخشانی ئەوروپا هەرچەند تەنها بری ١٠٠$ی کاک بەختیار شەممەیی گەیشتووتە دەستمان ئەوانی ترمان وەرنەگرتووە، بەڵام وەک ڕێزلێنانێک بۆموبادەرەکانیان بەمافی خۆیانمانزانی ناویان بڵاوبکەینەوە .		
زنجیرە	ناوی کۆمەک بەخش	بری بەخشین
١	بەختیار شەممەیی	$١٠٠
٢	نەریمان ئاغالی	
٣	ماموستا بەختیار کەریم	$٢٠٠
٤	ئەمیر قادر	٢٥ هەزار
٥	پەروین محمەد	٢٥ هەزار
٦	هەنگاو ئەمیر	٢٥ هەزار
٧	سۆلین ئەمیر	٢٥ هەزار
٨	هاوبیر خالد	٢٥ هەزار
٩	بەتول	٢٥ هەزار
١٠	شەنگە هاوبیر	٢٥ هەزار
١١	شەیدا هاوبیر	٢٥ هەزار
١٢	ماموستا حەمە فەریق حەسەن	٢٥ یۆرۆ



میوانی ژمارە

هونەرمەند دڵشاد مستەفا

سایکۆلۆژی کاراکتەری کورددا لە دۆخی تاوانەکە و دوای تاوانەکە ومەینەتیەکانی قوربانی، پرسیارکردنە لەسەر ئەو نیگەرانییە ڕۆحییەی ئەوکاراکتەرە هەستی پێدەکات و ئەوکرۆشتنە ناوەکییەی دایدەڕمێنێ . دواتر هونەر وەک فاکتەری قەرەبوویەکی ویژدانی ڕاڤەکراوە کە دەتوانێت هاوکاری قوربانی بکات بۆجارێکی دی بنیاتنانەوی ناخ و خود لەسەر بنەمایەکی دروست.

لە دایکبووی ١٩٧١ سلێمانی

بڕوانامە:

بەکالۆریوسی هونەری شانۆ لە کۆلێژی هونەر زانکۆی بەغدا.

ماستەری فیلمسازی زانکۆی ویلز بریتانیا ، دکتۆرا فیلمسازی زانکۆی سالفۆرد بریتانیا . نامەی دکتۆراو پڕۆژەی کۆتایی بەناوی (دۆزینەوەی فۆرمێکی سینەمایی و پەیوەندی لەگەڵ دەنگە شاراوەکانی جیۆسایدی کورد ساڵی ١٩٨٨) .

لەم پڕۆژەیەدا کارلەسەر یادەوەری قوربانی و ڕزگاربووەکان کراوە، کەچۆن لەڕێی چیرۆک و گێڕانەوەوە یادەوەری تاک بگۆڕێت بۆ کۆ یادەوەریی، دواتر لەڕێی دۆزینەوەی فۆرمێکی سینەماییەوە ئەم کۆ یادەوەرییە کوردییە بگۆڕدرێت بە یادەوەرییەکی گەردوونی، هەر وەک چۆن جولەکەکان ئەو پڕۆسەیەیان بەسەرکەوتویی بۆهۆلۆکۆست ئەنجامدا. گەڕانێکی وردە بەنێو دۆخی ڕۆحی و

بۆچی سینەما ؟

هونەرمەند دەڵێت : "ئەم دۆخە پێویستی بە گوتارێکی عەقڵانی بە هێز هەیە تا توندوتیژی لەداوای ڕەوای گۆڕانکاری جیا بکاتەوە ... دەربازێک لەم مالۆێرانییە بمانباتە دەرەوە..لە دۆخی توندوتیژیدا هەمیشە خەڵکی سڤیل قوربانییە گەورەکە دەدات" هەلبەتە گەورەترین کۆمەڵکوژیش لەیەکەم هەنگاوی پێشێلکاری مافی مرۆڤەوە دەست پێدەکات .

بێگومان لەدوای ئەنفال کورد وەک پێکهاتەیەکی شەکەت و بریندار، بەچەکی مۆدێرن وبەگاز، ماندوو بەدەست زمانی زبرو بەکەم بینراو، کاتێک بەپێشچاوی جیهانەوە لە کوێستان وبناری چیاکانەوە مرۆڤەکانی دەبڕێن و بەکۆمەڵ دەکوژرێن وتەرمی گەنج وپیرو منداڵە بەریئەکانی فرێدەدرێنە ناو چاڵەکانی مەرگ و بەلمی بیابان دادەپۆشرێن، لەهەمووکات زیاتر پێویستی بە لێبوردەیی و خۆشەویستی هەیە.

لە پێشەوە ئەرکی دەوڵەتی عێراق بوو، داوای لێبوردن لەکوردوڵە هەموو عێراقیەکان بکات بۆئەوەی جارێکی تر بەم تاوانە دزێوە ئابروشکاونەبێتەوە . بەڵام ئەفسوس عێراق بەم ئەرکە ئەخلاقی و یاساییە هەڵنەستا.

ئینجا دەبوو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەم ئەرکە هەستابان و پارێزبەندییەکیان بۆئەم کوردە دروستکردبا، لەبەرهیچ نا تەنها لەبەرشکۆی مرۆڤایەتی چونکە کورد بەشی هەموو زیندەوەرێکی سەر ڕوی زەمین لێی کوژراوەو لێی خنکاوەو لێی شوێنبزرکراوە .

ئەگەر لەدنیای دکتاتۆرەکاندا کورد شکۆی شکابوو، مافی بوو لە دنیای دیموکراسی و جیهانگیریدا ئاشت بکرێتەوەو ژیانی پارێزراوبێت بۆیە دەبێت هەموومان بەزمانی جیاواز، پرسیارێک بکەین مادام لەبەرانبەر ئەنفال بێدەنگ بوون شەنگال بۆ ؟ بۆیە مادام سیاسیەکان نایانەوێت ئەرکی ئێمەیە بە هونەر لەپێشیانەوە بە سینەما وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە .

ANFALISTAN

An annual magazine about genocide and Anfal



لەکاتێکدا دەستوپەنجەی ئازیزانمان لەبیابان تێکەڵ بەلم بوون و تۆمەتبارانی

ئەنفال بەبەر چاومانەوە تەراتێنیانە، کەچی دادگای بالآی تاوانەکان هەڵدەوەشێتەوە !